م - س / 2
زنجیره: 251

هەواڵنامەی کتێب

بعد ستين عاما

سيرة حياة و ذكريات جلال طالباني

هەوالنامەی کتێب

پێشکەشە بەو مێژوونووس و نووسەرانەی مێژوو، کە بە ڕاست و دروستی و سەداقەتەوە، مێژوو وەکوو خۆی دەگێڕنەوە.

جەلال تاڵەبانی*

* لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا سەبارەت بە کتێبەکە، لە نووسینگەی مام جەلال لە تاران، مامۆستا نازم دەباغ، ئەمەی لەسەر زاری مام جەلالەوە گێڕایەوە.

میژووی هاوچەرخی عێراق- کوردستان

دوای شە ست ساڵ

ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی

ڕۆمانەی کتێب

بە ڕکی یەکەم

1966-1933

عێرفان قانعی فەرد

٢٠١٣

هەواڵنامەی کتێب

Oraffa ,Beirut, Lebenon - ۲۰۱۳ موسسه العرفا بيروت- لبنان

A hardcover Persian edition of this book was published in 2009 by ELM publishing house, Tehran, Iran.
Jalal Talebani, a life and memoires. Copyrights @ 2013 by Erfan Qaneei Fard
All rights reserved. Printed in the Iran. No part of this book may be used or reproduced in manner whatsovever whitout written permission except in the case of brief quotations embodied in critical articles and reviews. For information address ELM publishing house, Tehran, Iran.

Jalal Talabani , 1933
After 60 Years, a life and memoires, Oral History of Kurdistan, Iran. 1st Vol. / 1933-1966
Written by by Erfan Qaneei Fard
All translations of this book was published under suppervision of PUK, Kurdistan, Iraq.
Dr. Kamal Fowad الاتحاد الوطني الكوردستاني
First Kurdish edition published 2013

التاريخ المعاصر لكرد العراق
اسم الكتاب : بعد ستين عاما ؛ سيرة حياة و ذكريات جلال طالباني
حقوق الطبع محفوظة للكاتب (عرفان قانعي فرد)
موسسه العرفا للطباعه و النشر- بيروت، لبنان
التنضيد: ليلا عارف عمري / تصحيح الحروف: صلاح سلار- سنكر سلار

۳۰, ۰۰۰ *IR.D*

ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە هەموو گەل و وڵاتەکەم
کە هەوڵ دەدەن بۆ ناسینەوە و تێگەیشتن لە مێژوو و ناسنامەی خۆیان.

نووسەر

هە نگاوی تازە هە لنان،
گوتنی ووتەیەکی نوێ ،
ئە وە یە کە خەڵکی نەزان و نە خوێندە وار
لێی دە ترسیت !

دیستویفسکی

هەوڵنامەی کتێب

ناوەرۆك

چەند خاڵێك سەبارەت بە كتێبەكە/ د. كەمال فوئاد / ١٣
پێشەكی بۆ چاپی ئینگلیزی/ جۆناتان رەندڵ / ١٧
پێشەكیی نووسەر / ١٩
پووداوە گرنگەكان تا ساڵی ١٩٦٦ /٣٧

**

هەواڵنامەی کتێب

بەشی یەكەم: لەدایكبوون لە خانەقای شێخ (١٩٣٣– ١٩٣٩) / ٤٧

شاری كۆیە و بنەماڵەی تاڵەبانی، پەیمانی تورکیا و عێراق و ئێران، جەنگی جیهانیی دووەم، لێشاوی نازیزم (هیتلەر)، پەیمانی سەعدئاباد، یەكەم كودەتای سەربازیی عێراق، شۆڕشی فەلەستین، ڕاپەڕینی ئاشووریيەكان، جموجوڵەكانی شێخ ئەحمەدی بارزان، عەشیرەتە كوردەكان، ڕاپەڕینی كوردەكانی دیاربەكر، بزووتنەوەی شیعەكانی نەجەف، قۆناغی مەلیك فەیسەڵی یەكەم، كودەتای بەكر سیدقی، هاتنەپێشەوەی نووری سەعید، ڕۆژگارەكانی مەلیك غازی و ڕەشید عالی گەیلانی، دامەزرانی حیزبی شیوعیی عێراق، چالاكیی سیاسیی كۆمەڵەی دارکەر، حیزبی هیوا.

بەشی دووەم: تێپەڕبوون لە قوتابخانەی یەكەم (١٩٤٠–١٩٤٧) / ١١٧

كودەتای ڕەشید عالی گەیلانی، دوورخستنەوەی شێخ مەحمود، هاتنی ئینگلیزەكان و ڕووسەكان بۆ كوردستانی ئێران، هاتنە سەر دەسەڵاتی موحەمەد ڕەزا پەهلەوی، جوواڵنەوەی چەكداریی لە بارزان،

گەیشتنی ڕادیۆ بۆ کۆیە، پشێویی و قاتوقڕی لە کوردستان، سەرکێشیی نووری سەعید بۆ کوردستان، دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژ-ک)، هێرشی حکومەتی عێراق بۆ کوردستان، هەڵاتنی بارزانی لە سلێمانییەوە بۆ بارزان، هەڵبژاردنی وەزیرێکی کورد لە کابینەی نووری سەعید، جوواڵانەوەی چەکداریی دووەمی بارزانی، پەیمانی سەر سنووری کوردەکان، ئیحسان نووری پاشا لە ڕووسیا، چوونی قازی موحەمەد بۆ ناو ڕیزی ژ.ک، سەفەری قازی موحەمەد بۆ باکۆ، ناردنی نامەی قازی موحەمەد بۆ ئیبراهیم ئەحمەد، بانگەشتی بارزانی بۆ بەغدا بە مەبەستی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ناوەند، پشتگیریی سەرەتایی هیوا لە بارزانی، پێکهێنانی دەستەی ئەفسەرانی ئازاد (لە لایەن بارزانییەوە)، هێرشی ئاسمانیی ئینگلیزەکان بۆ سەر بارزان، هاتنی بارزانییەکان بۆ ئێران، چوونی مام جەلال بۆ قوتابخانەی سەرەتایی کۆی سەنجەق، دامەزراندنی ئەنجومەنی قوتابیان KPX، ڕاگەیاندنی کۆماری مەهاباد، دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد، خواستی مام جەلال بۆ پارتی، پیلانڕێژیی بەریتانیا و ڕووخانی کۆماری مەهاباد و لەسێدارەدانی قازی موحەمەد، جەنگی بارزانییەکان لەگەڵ سوپای حکومەتی ئێران، دەستگیرکردنی شێخ ئەحمەد، پەڕینەوەی بارزانی و هاوەڵەکانی لە ئاوی ئاراس و پەنابەربوون لە ڕووسیا، لەسێدارەدانی چوار ئەفسەری کورد لە عێراق، دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی چالاکیی حیزبی لە کوردستان و...هتد.

هەوالنامەی کتێب

بەشی سێیەم: گەڕان بەدوای ئەندێشەیەکی تردا (١٩٤٨– ١٩٥٤) / ٣٤٣

دەستپێکی چالاکیی سیاسیی مام جەلال و چوونە ناو پارتی، ڕکابەریی پارتی و شیوعی لە کوردستانی عێراق، تێڕوانینی مام جەلال بۆ سۆڤیەت و پەرەستنی مۆسکۆ، بە ڕەسمی بەئەندامبوونی مام جەلال لە پارتی و بوونە سۆفیی بارزانی، چالاکیی حیزبی و گەیشتن بە قۆناغی ناوەندی، خۆپیشاندان دژ بە ڕێکەوتنامەی بەریتانیا و عێراق لە پۆرت ماوس، هەڵوەشانەوەی کابینەی سالح جەبر و یەکەم پریشکی دیموکراسی، دەرکەوتنی کەشوهەوایەکی تری دیموکراسی، بەشداریی مام جەلال لە کۆنفرانسی یەکێتی قوتابیان و خوێندکارانی عێراق (سەباع)، دەستگیرکردنی مام جەلال بە هۆی چالاکیی سیاسییەوە، سەرەتای داڕووخانی دیموکراسی لە عێراق، ڕۆیشتن بۆ زانکۆی داد لە بەغدا، گۆڕینی ناوی پارتی دیموکراتی کورد بە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، جیابوونەوەی هەمزە عەبدوللای سکرتێری حیزب و هاتنی ئیبراهیم ئەحمەد، خۆمالێکردنی نەوتی ئێران و ڕووخانی دەوڵەتی موسەدیق، شۆڕشی میسر، چالاکییەکانی ئیخوانموسلمین، گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٥٣، تاج لەسەرکردنی مەلیک فەیسەڵی ٢، مردنی ستالین، چالاکیی حیزبی تودەی

ئێران له کوردستان، دەرکەوتنی قاسملوو، یەکێتیی لاوانی کوردستان، گۆڕانکاریی سیاسی له سووریا، پێکهاتەی عەشیرەیی له کوردستان و... هتد.

بەشی چوارەم: هیوای سۆڤ له بارەگای پیر (١٩٥٥– ١٩٥٧)/ ٤١٥

پەیمانی بەغدا و تورکیا، لێپرسراوێتیی مام جەلال له دامەزراندنی مەکتەبی سیاسیی پارتی له بەغدا، بەشداریکردن له فستیڤاڵی خوێندکاران له وارشۆ و ئاشنایەتی لەگەڵ نازم حیکمەت، سەفەری مام جەلال بۆ چین و مۆسکۆ و گەڕان بۆ دۆزینەوەی بارزانی، گەڕانەوەی مام جەلال له مۆسکو و ڕۆژگارە سەختەکانی له سووریا، کۆچی دوایی شێخ مەحموودی بەرزنجەیی، ئەوێنداریی تاڵەبانی بەرانبەر ئەندێشەی ماوتسی تۆنگ، دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی له سووریا، گاندی و سەربەخۆیی هیندستان و پاکستان، عەبدولناسر و خۆمالێکردنی کەناڵی سوێس، پەنابەریی سیاسیی مام جەلال له سووریا، سەفەری دووبارەی مام جەلال بۆ سۆڤیەت و دیداری یەکەم لەگەڵ بارزانی، گەڕانەوەی نهێنیی مام جەلال بۆ کوردستان، وەدەرنانی له کۆلێژی ماف له زانکۆی بەغدا، یەکێتیی میسر و سووریا (پێکهێنانی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی).

بەشی پێنجەم: چیرۆک له ڕەشەبای ڕووداودا (١٩٥٨– ١٩٦٠) / ٥٠٣

گەڕانەوە ی مام جەلال له مۆسکۆ و کاریگەریی لەناو حیزبدا، بەدواداگەڕانی شیوعییەکان له هێزەکانی حکومەتەوە، ڕاگەیاندنی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی، کۆبوونەوەی عەبدولناسر و خرۆشۆڤ، گەشەسەندنی پان عەرەبیزم له ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کودەتای ٢٨ی تەممووزی ١٩٥٨ی عەبدولکەریم قاسم، تیرۆری خێزانی پاشایی و نووری سەعید، نیگەرانیی شا و پێشبینیی ڕووخانی حکومەتەکەی له لایەن CIA، چوونە ناوەوەی سوپای ئەمریکا بۆ ئوردن و لوبنان، سەردانی گرووپە کوردییەکان بۆ لای عەبدولکەریم قاسم و پشتوانی له کودەتاکەی، لێشاوی لەسێدارەدانی هێزە خەباتکارەکان و کوشتنی نەیاران، دزەکردنی ساواکی ئێران له عێراق و ڕۆڵی عەقید عیسا پژمان، گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق و پێشوازیی کوردەکان، دەستپێکردنی هاریکاریی بارزانی و قاسم و حکومەتی ناوەندی، سەر نەکەوتنی کودەتای شەواف له موسڵ، چوونی ئایزنهاوەر بۆ ئێران، سەردەمی خزمەتی سەبازی مام جەلال و پلەی ئەفسەری تانک، گەڕانەوەی ڕەشید عالی لەئاوارەیی، تێکۆشانی پرجوشی شیوعییەکان، جیبەجیکردنی چاکسازی زەوییەکشتوکاڵییەکان، گەشەسەندنی کمۆنیزمی چینی له کوردستان،

تیرۆری بی ئەنجامی قاسم بەبەشداریی سەدام حوسەین، باشبوونی باردۆخی سیاسی کوردەکان، سەرهەڵدانی ناتەبایی لەنێوان کورد و تورکمان لە کەرکوک، دەرکردنی هەمزە عەبدوللا و دانانی ئیبراهیم ئەحمەد، سەفەری بارزانی بۆ کرملین، سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان بارزانی و قاسم، دەرکردنی قاسملو لە کوردستانی عێراق، دەرکەوتنی حکومەتی سەربازیی، چالاکی سیاسی مام جەلال بە نەهێنی، ڕۆژنامەوانی مام جەلال و سەفەر بۆ بۆلگاریا و...

بەشی شەشەم: دواڕۆژی بارەگای ڕاستی (١٩٦١– ١٩٦٣) /٦٦٩

شۆڕشی چەکدارانەی کوردەکان لە ئەیلولی ١٩٦١، جوواڵانەوەی چەکداریی عەشیرە تەکان، زیادبوونی دەسەاڵتی بارزانی لە گۆڕەپانی سیاسی، بۆردومانی کوردستان، کەلکەڵەی داگیرکردنی کوێت لەلایەن قاسمەوە، نەوتی عێراق، هەڕەشەی ئەمریکا، بارزانی و تیرۆری نەیارەکانی، دەستگیری ئیبراهیم ئەحمەد، سەرهەڵدانی کێشەی ناو حزب، نامەگورینەوەی بارزانی لەگەڵ لەندەن و ڕووسیا و میسر، دەستپێکردنی گفتوگۆی بارزانی لەگەڵ حکومەت، سەفەری مام جەلال بۆ میسر و جەزائیر و دیدار لەگەڵ عەبدولناسر و بن بیللا، سەفەری مام جەلال بۆ ئەورووپا، وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامە ناوداڕەکانی جیهان، کۆنفرانسی خوێندکاران لە ئەڵمانیا، سەردانی مەکتەب حوسێن، پرووپاگەندەی دیداری مام جەلال لەگەڵ شیمۆن پێرێز لە پاریس، ڕاگەیاندنی پشتگیریی چیکۆسلۆڤاکیا و ئەڵمانیای ڕۆژهەاڵت لە چەکدارکردنی کوردەکان، پەیوەندیی بەعس و پارتی، ڕووخانی قاسم و لەسێدارەدانی لە شووباتی ١٩٦٣، لێبوردنی گشتی لە لایەن عەبدولسەلام عارفەوە، چوونە ناوەوەی ساواک و چەیوەندی لەگەڵ پەیوەندیی کوردەکان، چالاکیی ساواک بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان، دیداری کامەران بەدرخان لەگەڵ شای ئێران، دامەزراندنی ڕادیۆی کوردی لە ماوەت، بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەی پارتی لە لایەن ساواکی ئێرانەوە، پشتگیریی کاتیی مەنگۆلیا لە شۆڕشی کوردەکان و... هتد.

بەشی حەوتەم: پەیمان لەگەڵ ئیبراهیم لەناو بڵێسەی ناگردا (١٩٦٤– ١٩٦٦) / ٨٩٩

ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنی بارزانی و حکومەتی ناوەند، ناڕەزایی مەکتەبی سیاسی، ناکۆکیی نێوان مەکتەبی سیاسی و سەرۆکایەتیی حیزب، ڕۆڵی کوردەکانی سووریا و ئێران و کوردەکانی دەرەوەی وڵات، کۆنفرانسی ماوەت دژی بارزانی لە ٤ی نیسانی ١٩٦٤، پەالماری سەربازیی لوقمان بارزانی بۆ سەر مەکتەبی سیاسی(دەستپێکردنی نەریتی براکوژیی لەناو کورددا)، ئینشیقاقی ناو پارتی و هۆکارەکانی

لە یەک دابڕان، داننانی مام جەلال بە هەڵەی گەورە لە ژیاندا (نەمانی پەیوەندیی لەگەڵ بارزانی)، هەڵاتن بۆ ئێران و نیشتەجێبوون لە هەمەدان، سەفەری پاکڕەوان بۆ کوردستانی عێراق و دیدار لەگەڵ بارزانی، هاتوچۆی تەیموری بەختیار بۆ کوردستان، کۆبوونەوەی مام جەلال لەگەڵ تەیموری بەختیار، پشتگیریی جاف بۆ دەربازبوونی مام جەلال لە ئێران، دیداری عەبدوسەلام و شا، جێگیربوونی ئیبراهیم ئەحمەد لە تاران و پەیوەندیی نزیک لەگەڵ ساواکی ئێرانی، گەڕانەوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە هەمەدانەوە بۆ کوردستانی عێراق، تێرۆری زیندانییە سیاسییەکان لە لایەن بارزانییەوە، ناشکرابوونی پیلانی تێرۆری مام جەلال لە لایەن ئیدریسەوە، دەستپێکردنی دووبارەی جەنگ و بۆردومان و سەرکوتکردنی کوردستان، سەفەری مام جەلال بۆ ئەورووپا و کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی، دروستبوونی پەیوەندیی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ حکومەتی بەغدا، کوژرانی عەبدوسەلام عارف، قاسملو و پەرەدانی بیری سۆشیال دیموکراسی لە کوردستان و... هتد.

■ پاشکۆکان / ١٠٦٩

■ سەرچاوەکان / ١٠٧٥

■ وێنەکان

هەواڵنامەی کتێب

چەند خاڵێك سەبارەت بەم كتێبە

ناوەڕۆكی ئەم پەرتووكە، سەبارەت بە ژیان و بیرەوەرییەكانی مام جەلال تاڵەبانییە، كە بێگومان پۆڵی ئەو لە مێژووی هاوچەرخی كوردستان و عێراقی نوێدا، وەك كەسایەتییەكی بەئەزموون و هەڵكەوتوو لە مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، دیار و جێگەی گرنگی پێدانە.

لە ساڵی ١٩٣٣وە –ساڵی لەدایكبوونی مام جەلال– تاكو ئەمڕۆ، دەتوانین بڵێین كە جیهان ٧٥ ساڵ مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی تێپەڕاندووە، كە بێگومان ئەم هەوراز و نشێوانە كاریگەرییان لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و كورد هەبووە. گومان لەوەدا نییە كە خوێندونەوەی ژیانی جەلال تاڵەبانی و بیرەوەرییەكانی، بەبێ لەچاوگرتنی ئەم هەوراز و نشیوانە مەحاڵە.

سەبارەت بەم كتێبە تۆێژینەوەییە، خستنەڕووی چەند خاڵێكی گرنگ خراپ نییە:

* چەقی سەرەتایی و بنەڕەتیی كتێبەكە، پرسیارەكانی نووسەرە لە جەلال تاڵەبانی كە لە تەمەنی ٧ساڵییەوە تا سەردەمی سەرۆكایەتیی كۆمار دەگرێتەوە، واتە ١٩٤٠_ ٢٠٠٥ لەخۆدەگرێت.

*بێجگە لە مەبەستی سەرەوە، واتە ژیانی تایبەتی و پیشەیی مام جەلال، لە گێڕانەوە و وەڵامەكانی، لە ڕووانگەیەكی كورت و مێژووییەوە، كورتەیەكی مێژووی هاوچەرخی كوردستان و ڕووداوە گرنگ و بەرچاوەكانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەگێڕدرێتەوە.

*ئەم پرۆژە تۆێژینەوەییە شیكارییەی ژیان و بیرەوەرییەكانی مام جەلال، بێجگە لە سەرچاوە و بەڵگەی بەردەست و ڕەسمی، لە ٣ جۆر گێڕانەوە و ڕووانگەی جیاواز سوودی وەرگرتووە، كە لە نووسینەوەی مێژووی نوێ بە شێوەی زارەكی، كارێكی باوە.

له تێڕوانینی ١٤٩ کەس له هاوڕێیان، کەسوکار و خزمان، دۆست و نەیارە حیزبییەکان.
ڕووانگەی ۹۱ کەسایەتیی سیاسیی بەناوبانگی جیهانیی هاوچەرخ.
ڕووانگەی ۱۸۹ ڕووناکبیر، مامۆستایانی زانکۆ و ڕۆژنامەنووسان.

بەرگی یەکی ئەم پڕۆژەیە لە سەرەتای ٢٠٠٦ تا کۆتایی ٢٠٠٨ ی خایاندووە و لە ١٧ وڵاتی جیهاندا کاری لەسەر کراوە. (ئێران، عێراق، سووریا، تورکیا، ڕووسیا، لوبنان، کوێت، میسر، ئوستڕالیا، چیک، سویسرا، سوید، هۆڵەندا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەریتانیا و ئەمریکا.

* جێی ئاماژەیە لەم پەرتووکەدا نووسەر بە ڕەچاوی بنچینە و سەربەخۆیی زانستی لەسەر بناغەی سەرچاوە زارەکی و نووسراوەکان و بنەماکانی توێژینەوەیی کردووە و هیچ ئەنجام و تیۆرییەکی هەڵنەهێناوە.

نووسەر بە تەواوی سەربەخۆیی لە کار و ئاڕاستەیی لە نووسین و لێکۆڵینەوەدا هەبووە. تەنها پڕۆسەی چاپی کتێبەکە بە بەڕێز مام جەلال و چاودێرانی پڕۆژەکە ڕاگەیەندراوە و بچووکترین دەستوەردانیان لە بواری لێکۆڵینەوە و شێوازی نووسینەوەی نووسەردا نەبووە.

وتەی خەڵکانی جیاواز لەگەڵ بوونی سنووردارییی تایبەت، لە چەند جێگایەکی کتێبەکەدا هاتووە. بۆ ڕاستی و ناڕاستیی بابەتەکان، هەندێك جار پەنا براوە بۆ ئەرشیفی بەڵگە و دۆکیۆمێنتی مێژووی و حیزبی، یان سەرچاوەی یەکەمی بڵاوکراوەکە.

*لە کۆتایی کتێبەکەدا ئاماژە کراوە بەو سەرچاوانەی کە سوودیان لێ وەرگیراوە، بە زمانەکانی عەرەبی، کوردی، فارسی، ئینگلیزی و فەرەنسی.

هەروەها لە سەرەتای ئەم کتێبەدا، ڕوداوە گرنگەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستان و عێراق تا ساڵی ١٩٦٦، بە شێوەی پەراوێز باسکراون.

وەرگێڕان و ناوەڕۆکی کتێبەکە، لە هەموو زمانەکاندا وەکوو یەك وایە و وەرگێڕانی هیچ زمانێك لەویتر کەمتر یان زیاتر نییە.

*هەموو کاسێتە دەنگی و ڕەنگییەکان و وێنەی کەسانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کراو، لە ئەرشیڤی ناوەندەکانی چاپ، نووسینگەی تایبەتی سکرتێری مام جەلال و مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی عێراقدا، پارێزراون.

وتووێژە زارەکییەکان کە لەم بەرگەدا سوودیان لێ وەرگیراوە، زیاتر کەسایەتییە ناوخۆیی و ئیقلیمییەکان بوون.

پێویستە ئەوەش ڕوونبکەینەوە کە وتەی زۆر کەسی دیکە سەبارەت بەو مەبەستانە، لەم نووسراوەدا، بە هۆی دووپاتبوونەوە یان بە هۆی ئەوە کە دوور لە ڕاستی بوون، نەنووسراونەتەوە.

وتەی زۆر کەسی دیکەش، بە تایبەت کەسایەتییە ناودار و نێونەتەوەییەکان لە بواری سیاسەتدا، لە بەرگی ٢ دا سوودسان لێ وەرگیراوە. ئەم کتێبە لە ٢ بەرگدا نووسراوە، کە بەرگی دووەم بیرەوەری و ڕووداوەکانی ١٩٦٧–٢٠٠٥ دەگێڕێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

دکتۆر کەمال فوئاد

پێشەکی بۆ چاپی ئینگلیزی

دەزانم کە ژیانێکی پڕ لە ڕووداو و بەسەرهاتی جیاوازم هەبووە. ٤٠ ساڵ ڕۆژنامەنووسێکی سەرگەردان و ئاوارە بووم. ڕۆژانێك دەبدەبەی پەیامنێرێکی بیانی، کە خێرا تێپەڕی و لە من دوورکەوتەوە، دەورانێك کە بە سەدەی بیستەم دەناسرێت. بەڵام بە بەراورد لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، ژیانی من تەنیا وەك لاپەڕەیەکە کە نرخێکی نییە و لەبیر دەکرێت لەناو پەڕەی ڕۆژنامەکاندا. ڕاپۆرتنووسێکی ئەمریکیی خۆشبەخت کە لەبارەی کوردەکان و کوردستانەوە دەنووسێت، ئەویش لە سەردەمی ناخۆش و ڕکابەریی نایەکسان بۆ بەدەستهێنانی پلەو دەسەڵات. لەڕاستیدا پێویست نییە کە بگەڕێینەوە بۆ ڕابوردوو، بۆ نیو سەدە هەڵبدەینەوە تا لە ترسی بێ باوەڕی بە هێڵی تێری ژیان و بیرکردنەوەی جەلال تاڵەبانی و کاریگەریی ئەو لە ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق و لەڕاستیدا هەموو عێراق، بەسەربەرین.

مام جەلال کەسێکە کە بە شێوەیەکی زۆر گرنگ و ستایشخواز، کەسێکی بە توانایە، ئەو تەنیا لە دەوری میزی نانخواردن کە ئیشتیهای باشی هەیە، بە توانا نییە، بەڵکو ئەو خۆی ناخی ئەفسانەیەکە. هەورزا و نشێوەکانی ژیانی ئەو، بڕیارەکانی لەو بارەدا هەندێك جار بۆ کوردەکان توانای تێگەیشتنیان ئاسان نەبووە. بیرمەندی و لێهاتوییەکانی لەبارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، بەڕاستی ئەوی کردە ئەو کەسایەتییە جیهانییەی کە گەورەتر لە خۆی دەربکەوێت. کوردەکان ژێر و بنی سیاستە زیرەکانەکانی دەزانن. لە تەمەنی گەنجێتییەوە و کەوتنە سەر پێی، لە قوتابخانەی نەتەوەگەری و کێبرکێ لەگەڵ بارزانی، کە سەرچاوەی سەرەکیی ئەو بەهۆی بە ناسیۆنالیستکردنی کوردی بووە، هێڵی گۆڕاوی ئەو لەگەڵ ڕژێمی سەدام و دواتر ئێران و دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانی، ئەو کارەساتانەی کە دواتر بەسەریدا هاتوون و پەیوەندییە ئاڵۆز و قسەهەڵگرەکانی نێوانی لەگەڵ مەسعوود بارزانی....

بەڵام ئایا کوردزمانێك پێش ۲۰۰۳، دەیتوانی ئەو ناواتەی هەبێت کە ڕۆژێك مام جەلال لەسەر کورسیی سەرۆك کۆماری عێراق دابنیشێت و ئەو بەژەوەندییانە بەدەستبهێنێت، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام، کە لە لایەن ئەمریکاوە کۆتایی پێهێنرا، توانایەکی لەو شێوەیە لە خۆی نیشان بدات؟ ئایا کەسێك دەیتوانی باوەڕ بەوە بکات کە دەتوانێت بە ئاسانی بە فارسی و ئینگلیزی و عەرەبی قسە بکات و زانیارییەکانی ئەو سەبارەت بە قورئان و کتێبە ئاسمانییەکانی تر لە زۆر کەس زیاتر بێ؟

بەڕاستی کەس دەتوانێ باوەڕ بەوە بکات کە ئەو لەبەر خاتری بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی، زۆرجار نەك هەر لە دوژمنەکانی خۆشدەبوو، بەڵکو ئامادەی کارکردن بوو لەگەڵیان؟ ئایا ئێستا ئەو کە شۆڕشگێڕێکی مونافسی بارزانی بووە، بە باشترین کەسایەتیی عێراق گەیشتووە، تواناکانی گەیاندووەتە ئەوپەڕی؟ ئەگەرچی لەگەڵ بوونی ئەم هەموو، هێشتا بەشەکانی مێژووی نوێ لەگەڵ یەکتر تێکەڵ دەبنەوە.

کتێبەکەی عرفان قانعی فەردیش سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە بۆ دیسان ناسینەوەی هەموو بەشە ئالۆزەکانی ئەم مێژووە.

جۆناتان ڕەندڵ

نووسەری کتێبی (بەم ڕیسواییە چیت دەستکەوت).

هەوالنامەی کتێب

پێشەکی

پێشەکیی هەر کتێبێک، دەتوانێت ببێتە دەردەدڵی نووسەرەکەی، بەڵام ئەم پێشەکییە قەیرانی فیکریی ژیانی خۆمە، کە بۆچی لەگەڵ ئەم کارە دەستەویەخە بووم؟ کارێک کە دەستی کەسی دیکەم نەگرتبوو، بۆی دەبوو لە لایەن کەسێکی دیکەیشەوە بنووسرێتەوە.

هەژاری کتێب

نواندنی ڕاستییەکانی ژیانی هەرکەسێک و گێڕانەوەی بێ ڕق و ئەوین، لە هەوراز و نشێو و ئاڵۆزییە ئاشکرا و پێچ و پەناکانی ژیانی مرۆڤێک، کە کارێکی بەکجار ئەستەم و دژوارە، بە تایبەت ئەگەر ئەو لە ژیاندا بێت و بەوپەڕی چالاکییەوە ببینرێت. هەروەها زۆرێک لە دۆستان و نەیارانی لە ڕاست و چەپیدا ئامادەبن، ئەویش نەک تەنیا بەپێی وتەی خۆی، بەڵکوو بە سەردان لە ئەرشیفە شپرزەکان و هەڵدانەوەی هەزاران لاپەڕە لە ئەرشیفی میژووی هاوچەرخی کورد، لە تاران تا واشنتۆن و گوێ هەڵخستن بۆ وتەی نزیکەی ٥٠٠ کەس لە دۆست و نەیار و ڕەخنەگر و لایەنگر و زانا و کەسانی ئاسایی، تا ڕەنگە بتوانی بە شێوەیەکی ستاندارد بنەماکانی ژیاننامەنووسینەوە ڕەچاو بکەیت. هەروەها دوورکەوتنەوە لە سازکردنی دیمەنی تۆندڕەوی ئەهریمەنییانە، تا بتوانی ڕووی ڕاستەقینەی تاڵەبانی و کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەی کوردیی، وەک خۆی بنەخشێنی. نە جەلال تاڵەبانی وەک مرۆڤێکی پیرۆز و بێ کەموکوڕیی پیشان بدەیت، نە وەک مرۆڤێکی ئیبلیسی و ناپاک، نە درۆ و ناڕاستی و لادەریی لە حەقیقەتەکاندا بکەیت، نە فریودان وستایش، نە دەمکوتان لە بوهتان و بەکەمگرتنی، نە لەبەر خاتری جوواڵاندنی هەستی هەمووان و نە بە مەبەستێکی سیاسییانە، بەڵکو ژیانی ئەو چۆنە، بە قەڵەمێکی ڕاستگۆیانە و وەکو خۆی بنووسرێتەوە و گوێهەڵنەخستن بۆ هەر ڕەخنەیەکی بێسەروبەرە.

هەستان بە گێڕانەوەی ژیانی مرۆڤێکی وەکو جەلال تاڵەبانی، کە ناوی لە ڕیزی کەسانێکی وێنەی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی، شێخ عەبدولقادری نەهری، سمایل ئاغای سمکۆ، شێخ سەعیدی پیران،

شێخ مەحموودی حەفید، ئەمیر بەدرخان، قازی موحەمەد، ئیحسان نووری پاشا، کامەران بەدرخان، عەبدولڕەحمان قاسملوو و هەر کەڵەپیاوێکی گەورەدایە، کە گۆشەیەکی مێژووی کوردستان پێکدەهێنێ. لەوانەیە کەسێك هەرا و هۆریایەك بنێتەوە تا زیاتر دەربارەی بکۆڵێتەوە، بەڵام سەودای نووسین لە بارەی ئەو، بە ساکاریی بە دی نەهات و ماوەیەکی زۆر لە نێوانی بوون و نەبوون، زانین و نەزانیندا هەنگاوم هەڵهێناوە، تا سەربەخۆ بمێنمەوە و لە چوارچێوەی دید و تێڕوانینی فیکرییەوە بە شێوەیەکی شیاو و لەبار، نەك بە ڕەهایی، نەکەومە ژێر کاریگەری دەوروبەر و بەرژەوەندیی کەس و خۆم و ئەوانی تریش کارم لێ نەکات. ناشزانم خوێنەری ئەم بەرهەمە لە کۆتاییدا ئەم مەبەستە پشتڕاست دەکاتەوە، یان پێچەوانەکەی.

بێ هیچ زیادەڕۆیی و فریودانێك، زیاد لە نیو سەدەیە جەلال تاڵەبانی لە نێو کورددا بە کەسایەتییەکی کاریگەر و سیاسەتوانێکی دێرین و بە ئەزموون و هۆشیار ناوبانگی دەرکردووە و خاوەنی نفوزێکی زۆرە لە تەواوی ژیانی خۆیدا، چ لەو کاتەوە کە پێشمەرگە بووە، یان ئەو کاتەی بە نوێنەرایەتیی بارزانی ڕۆیشتووەتە میسر و گفتوگۆی لەگەڵ جەمال عەبدولناسردا ئەنجام داوە. لەو کاتەوە نیو سەدەیە خەبات و تێکۆشان و شێوەی کار و چالاکیی سیاسیی بۆ خۆی داڕشتووە. بە شاهیدیی مێژوو، تاڵەبانی چ ئەو کاتەی لە تاق لاویدا لە چیاکان لەژاو خێمە پڕ بەفرەکان تەمەنی تێپەڕ دەکرد، چ ئێستا بەفری بەسالاچوویی لەسەر سەری بەستەڵەکی بەستووە، ڕۆنیشتووەتە سەر کورسیی سەرۆکایەتیی کۆمار، بۆ ساتێکیش ئۆقرەی نەگرتووە و لە بزاو و لێوەشاوەیی و بەرەوپێشچوون نەوەستاوە. نووسین سەبارەت بە کەسێکی ئاوا، ئاسان نییە و بڕوام بەوە نییە کە لە کتێبخانە و گەڕان و پشکنین لەناو سەرچاوەکاندا، شووناسی ڕاستییەکانی ئەو دەربهێنیت، تەنانەت کەسانی دەوروبەری و هاوڕێیانی سیاسی و بگرە دوژمنانیشی، ناتوانن لە ناسینەوەی ئەودا یارمەتیت بدەن. هەرچەندە کە ئەو بە نموونەی تاقەت و گەشبینیی لەڕادەبەدەر ناسراوە، بەڵام بەڕاستی پشکنین لە کلاڤەی ئاڵۆزی لایەنە نهێنییەکانی ژیان و کاری ئەو، سەبری ئەیوب و سەدان جار کەوتن و هەستانەوە و وەدەرنان و هەرگیز ئاومێدنەبوونی دەوێ.

***

یەکەم شتێك کە لەبارەی تاڵەبانییەوە لە مێشکمدا جێگیر بووە، دەگەڕێتەوە بۆ ۲۵ سالّ لەمەو پێش، کە لە گەرماوگەرمی جەنگی ئێران و عێراقدا لە تەلەفزیۆندا بینیم. باش لە بیرمە گەلێ جار شارەکانی ولاتم لە لایەن فڕۆکە جەنگییەکانی عێراقەوە بۆردمان دەکران و هەموو ڕۆژێك دڵی جەماوەری نیشتمانم

دەکەوتە لەرزین. ڕۆژ نەبوو دەنگی شیوەن و گریان و ماتەم، بە گوێی من و وەچەی من نەگات. بەڕاستی چەشتنی ترس لە مردن و ئاوارەیی لە سەردەمی منداڵیدا ناحەزە. جەنگێك کە لەو کاتەدا واتا و هۆکارەکەی بۆ من ڕوون نەبوو. لە بیرمە جارجار لەگەڵ خانەوادەکەمدا پەنامان دەبردە دامێنی چیاکان و گوندەکانی دەوری سنە و مەریوان، بە هیوای ئەوە کە دوور بین لە بۆردمانی فڕۆکەکانی عێراق و بتوانین ئۆقرە بگرین. ئێستاش ئەو دەنگانە لە مێشکمدا پەنگ دەخواتەوە کە هەموو شەوێك لەگەڵ دراوسێکانماندا کە سەیارەکانیان لە کەنار شەقامەکاندا ڕاگرتبوو، کۆڵێك بۆچوون و لێکدانەوەمان دەبیست و دەنگی گۆرینی میلی ڕادیۆکەی باوەگەورەم (میرزا تاهیر) و باوکم، کە ئەڵبەت هەر کامیان گوێیان بۆ ئیزگەیەك و زمانێك و هەواڵێکی جیا ڕادەدەیرا، هیچ کامیان بۆچوون و ڕووانگەی ئەوی دیکەی پەسەند نەدەکرد، بەڵام هەردوو بۆچوونەکان لەگوێمدا دەزرنگانەوە.

لە نێوان باس خواسەکاندا، چالاکیی کوردەکانی عێراق دەهاتە ئاراوە کە لەگەڵ دوژمنێکی وەکو سەدام حسێن دەجەنگان. لە گوندەکانی کوردستان لەسەر سنووری نێوان ئێران و عێراق، خەڵکی دەیانتوانی ئازادانە کەناڵی تەلەفزیۆنیی عێراق ببینن. گەڵێ جار بە بینینی ڕووخساری سەدام حسێن، تووشی ترس و دڵەڕاوکە دەبوون و تەنانەت کەمێکیش کە لە زمانی عەرەبی تێنەدەگەیشت، لە شێوازی ئاخاوتن و جووڵانەوەی سەدام، هەزاران واتای لێکدەدایەوە. تەنەنانەت بەیانییەکەی کەسانێك سێ بە سێ تەڵاقیان دەخوارد کە سەدام وەهای کرد و وەهای وت. ڕۆژگار ڕۆیی و تێپەڕی، تا ڕووداوەکان هاتنە پێشەوە و لە ساڵی ١٩٨٨دا کارەساتی کۆمەڵکوژیی کورد لە هەڵەبجە ڕووی دا. لەو ڕۆژانەدا من هۆگری ڕۆژنامەکانی (اطلاعات و کیهان و دواتریش سلام) بووبووم، کە باوکم عەسران لە بنەهەنگڵیدا دەیهێنانەوە. ڕوونکردنەوەکانی ئەو ڕۆژنامانەم بە حەز و تاسەوە دەخوێندەوە، تەنانەت ئەگەر لە هەندێك وشەیش تێگەیشتبام. زۆر جار لە کۆڕی پیاوە بە تەمەنەکانی بنەماڵەدا دادەنیشتم و گوێم هەڵدەخست بۆ قسەکانی ئەوان، بە بێ ئەوەی لێیان تێبگەم، هەڵمەدەگرتن و لە قوتابخانە بە ناوی خۆمەوە بۆ هاوپۆلەکانم هەڵدەڕشتن. چەند ساڵ دوای ئەو بیرەوەرییە تاڵ و دڵتەزێنانە، کاتێك لە بەهاری ساڵی ١٩٩١دا جەلال تاڵەبانی، یان بە وتەی ئێمەی کورد، مام جەلال، سەردانی سەدام حسێنی کرد و لە ئامێزی گرت و ماچی کرد، بۆ من و هاوتەمەنەکانم ئەم کارە پیشاندەری ڕێزلێنان بوو، بەڵام کاتێك سیمای ئەم کارە لە شاشەی تەلەفزیۆندا بڵاوبووەوە، دەنگی نەفرینکردنی باوەگەورەم (میرزا تاهیر) بیدەنگیی ژوورەکەی تێکشکاند و توانج و تەشەری ئاراستەی تاڵەبانی کرد و دروودی نارد بۆ ڕۆحی مستەفای بارزانی. من دیسان نە لەو توانجانەی کە ئاراستەی تاڵەبانی کران، تێگەیشتم و نە لەو دروودانەش بۆ ڕۆحی بارزانی.

تا ئەوەی کە هاوینی ساڵی ١٩٩٦ هات و ئەو کات لە زانکۆ، خوێندکاری ئەدەبیاتی ئینگلیزی بووم. لە کاتی بێکاریی و پشوودا، لە فێرگەیەکی زمانی ئینگلیزیدا وانەم دەوتەوە. لە بەرەبەیانێکی هاویندا هەر لە ڕێگەی ئەو فێرگەوە، بە ناوی وەرگێڕ، لە نووسینگەی ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور (MSF) وە سەرم دەرهێنا و لەگەڵ ئەواندا بەرەو ئۆردووگای هەزاران ئاوارەی کوردی عێراقی لە شارەکانی سەردەشت و مەریوان و پاوە و کرماشان و..هتد، وەڕێکەوتم. سەیری حاڵ و ژیانیانم دەکرد. ئەوەی لە سەردەمی مندااڵی و الویمدا بیستبووم، بە چاوی خۆم بینیم لە دۆخێکی چ پڕ لە داخ و پەژارەدا ژیان دەگوزەرێنن، لە نێو ئەو چادرانەدا کە مانگی سوور پێی بەخشیبوون. ئەوان قوربانییانی شەڕی براکوژیی بوون، کە مەک داوێڵ، لەباتیی دیموکراسی، ناوی نا شەڕی خێڵەکیی نوێ. خەڵکانێک کە لە کۆت و زنجیری دیکتاتۆریی سەدام بە ڕواڵەت ڕزگاریان بووبوو، بەاڵم لەسەر نیشتمانی باووباپیرانیان، شەڕی کورد دژی کورد و بێسوود و نالەباریان دەبینی کە خوێنی لەبەر دەڕۆیی.

هەرچەندە لە دیمانەکەم لەگەڵ مەسعوود بارزانی، ئەو وتی کە پێی خۆشە لەم کتێبەدا ئەو ڕووداوە (٣١ی ئاب ١٩٩٦)، بسڕمەوە و هەر باسی لێوە نەکەم، بۆ ئەوەی نەوەی نوێ بەو پەرێشانییانە نەزانێت. بەاڵم من چی بکەم لە ئاوێنەی مێژوودا، ڕووخساری هەر میللەتێک خەمبار و غەمگین دەبینرێت و بەرەوڕوومان پیشان دەداتەوە، ئامۆژگاریی دڵۆڤانانەی ئەوانی ترسوودێکی نییە. شەڕی تووندوتیژانە کە تەنیا بۆ مانەوە و پاڵدانەوە لەسەر کورسیی دەسەاڵت بوو، هیچی تر. لەجیاتی ئاشتەوایی، تاڵەبانی داوای کۆمەکی لە ئێران کرد و بارزانییش پەنای بردە بەر هێزی پیادەی ڕژێم و بە تانکەکانی سەدام ڕووبەڕوویان بووەوە و لە هیچ کارێک سڵی نەکردەوە. ئەگەرچی خەڵک پەنابردنە بەر دوژمنیان بە تاوان زانی، ئەو کردی و ڕیسوایی مێژووی بە حەوت ئاو لە ڕووخساریدا شۆردەوە. ئا لەو سەروبەندەدا، ئێوارەیەکی دڵڕفێن، ڕیزی سەدان سەیارەم بینی کە لەو ناوەدا بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد: مامە! مامە! حەیران و سەرگەردان بووبووم لە مانای ئەو کاریزمایە و لێهاتوویی و هەیمەنەی ئەو لەناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و سڕینەوەی بیرۆکەی عەوامانەی کۆمەڵگە. لە دەوامی خوێندندا زۆر بەپەلە بووم و لە نەرویج و بەریتانیا و لە ڕشتەی پڕ لە ئاڵۆزیی زمانناسیش، ماندوو بووبووم و گوزەرانی ژیانیشم زۆر ئەستەم بوو، بۆیە لە هەلێک دەگەڕام کە هەم دیسان لە کاری زانکۆدا بمێنمەوە و هەم پشوویەک بێ و هەم لەو سەرلێشێواوییەیش ڕزگارم ببێ. هەر نووسینێکم بڵاودەکردەوە، یان وەرگێڕانێکم تەواو دەکرد، الم گرنگ نەبوو ڕاستە، یان هەڵەی تێدایە، چوون هەوڵدان بۆ پەیداکردنی نان، ناچاری ئەوەی کردبووم. یەکێک لەو کتێبانەی لە کوردییەوە وەرمگێڕایە سەر زمانی فارسی، کتێبی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد بوو، ئەگەرچی بەر لە ٣٢ ساڵ محەمەدی قازی وەریگێڕابووە سەر زمانی فارسی. بۆیە ئەمجارە بڕیارم دا بەردەوام بم لەسەر خوێندن، بەاڵم لە بەشی مێژووی

سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەڵبەتە هاندان و پشتگیریی خوالێخۆشبوو (موهەندیس بەهادین ئەدەب) ڕێخۆشکەربوو. سەرەتا لە ساڵی ٢٠٠٤ لە ئوستراليا چوومە زانکۆی (مەك واری)، پاشان لەگەڵ پرۆفیسۆر (وینسن) مامۆستای مێژوو لە زانکۆی مەك واری و (نینا بریج) سەرۆکی حیزبی دیمکوراتی ئوستراليا و مامۆستای زانستەسیاسییەکان لە زانکۆی سیدنی، ڕاوێژم کرد و بڕیارم دا لە بەشی دکتۆرای لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەبارەت بە کێشەی کوردەکان لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا، دربژە بە خوێندن بدەم. هەموو ئەو ساڵە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی (مێژووی هاوچەرخی ئێران) بووم و تەنانەت لەگەڵ زۆر کەسایەتیی ناوداری ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات ڕووبەڕوو دانیشتم، وەکوو: ئەبولحەسەن بەنی سەدر، ئەردەشیر زاهیدی، داریوش هومایۆن، ئەحمەد مەدەنی، ڕەزا پەهلەوی و... هتد. مەبەستی دیدارەکانم لەگەڵ ئەوان لایەنی فیکرییان نەبوو، بەڵکوو تەنیا بەردەوامی بوو بۆ دەستخستنی زانیارییەکان. هەروەها وتووێژم لەگەڵ کوردەکان دەستپێکرد، لەوانە: سارمەدینی سادق وەزیری، عەبدوڵڵای حەسەنزادە، موزەفەر پەرتوما، محەمەد موکری، شێخ عیزەدین حسەینی و جەلال تاڵەبانی و... هتد. ئەو ڕۆژە دانیشتنم لەگەڵ مام جەلال هەبوو کە بووبووە کاندیدی سەرۆکایەتیی کۆمار. ڕەنگە ئەمە بۆ من وەک کەوتنێکی پڕ لە شانازیی بووبێت. ئەڵبەت ئیبراهیم یونسی و ئەبولحەسەنی بەنی سەدر و دواتریش برایانی بەڕێز و دادوەری بەناوبانگ، یەحیا و سارمەدینی سادق وەزیری، لەو کەسانە بوون کە بەڕانبەریان دانیشتم و وەڵامی پرسیارەکانیان دامەوە، بە بێ هیچ مەبەستێك هۆگری ئەوانم.

هەرچەندە هێدی هێدی هەنگاوم بۆ دامەزراوەکانی دەرەوە دەنا و دەستم دەبرد بۆ هێڵی سوور، لەو ڕووەوە بۆ یەکەمجار ڕووبەڕووی هەنگاوەکانم بۆ گەیشتن بە ئاواتەکەم بوومەوە، بەڵام ڕۆژگار مەبەستێکی دیکەی بۆ من سازکردبوو. بە هۆی گیروگرفتی تایبەتی و دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی وتەی ئەم کەسانەوە، نەمتوانی بەردەوام بم لەسەر خوێندن. لەسەر بابەتی هەستیاری (کوردەکان لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا) لەگەڵ دادگای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران کەوتمە کێشەوە، کە قەت بیرم لێ نەکردبووەوە. یەك ساڵی ڕەبەق لە تەمەنی شیرینم بە خەمباریەوە بەسەر برد و کاری من لە پشتی ئاسك بەسترابوو، کە بۆ بەندە گەلێك زەحمەت بوو. نەزرم کرد کە بگەڕێمەوە و چارەی ئەرك و فرمانەکانم بکەم، وەلێ بە گەشتنەوەم ڕووبەڕووی لێپرسینەوە و بگرە و بەردەی دادگا بوومەوە. بە وتەی نووسەری ئێرانی، (میوانی ئەوان بووم). ئەڵبەت ڕەنگە بە ڕاستی ئەوان نەیانزانیبێت کە کاری ڕاستەقینەی من چییە، (زماناسی) یان (مێژووی هاوچەرخ)؟ هەرچەندە هەواڵدەرە بێ بەڵگەکان، زۆڵەکورد بوون، خەیاڵیان کردبوو و لەسەریان نووسیبووم. چێشتێکیان بۆ لێنابووم کە دوو قات ڕۆنی بەسەرەوە بوو, تا پشتی من بدەن لە زەوی و سەری خۆیان بگەیەننە لووتکەی شاخی ئوحد. هەندێك

هاوزمانی خۆم که چاویان پێم هەڵنەدەهات، لای کوردەکان منیان بە پیاوی بەرپرسانی ئێران ناودەبرد و لای بەرپرسانی ئەمنییش دەیانوت پیاوی (CIA)یە و تەنانەت مامۆستایەکی مێژووی هاوزمانم گومانی بۆ دروستبووبوو لەسەر من. بەو شێوەیە هەوڵیان دا تا ئەو دەنگوباسانە بڵاوببنەوە لەسەر من و ناوم بزڕێت و سومعەم بشکێنن. ئەوەی لەسەر دڵم قورسبوو، ئەو بۆچوونە بوو کە لای ڕۆشنبیران دروستیان کردبوو، کە هەموویشی بێسەروبەرە بوو. دوای شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە و تێگەیاندنێکی زۆر، بە یارمەتیی چەند ڕێشسپیەک، لەوانە بەرپرسی ڕۆژنامەی ئێتلاعات (حاجی مەحموود دوعایی)، لەم کێشەیە لەگەڵ کاربەدەستانی ئاسایشی ئێران، ڕزگار بووم. پاشان لە تاران بە هەوڵێکی زۆر توانیم ماوەیەک دەرس بڵێمەوە و وەرگێڕان دەستپێبکەم و (نەبمە میوانی ئاغایان). شانبەشانی ئەمە، لە هاوینی ساڵی ۲۰۰۵دا کتێبی بەناوبانگی (معمای ایران) مەتەڵۆکەی ئێرانی لە نووسینی (کێنت پۆلاک)م وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی و پێشترێش نووسەر و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە ئەمریکاییەکەم لێ ئاگادار کردبووەوە. پاشان دەستمکرد بە وەرگێڕانی کتێبی (انقلاب ناممکن) شۆڕشی نەگونجاو، کە بەرهەمێکی نوێخوازیی (چارڵز کۆرزمان)ی مامۆستای مێژوو بوو لە زانکۆی (کارۆلینای باکوور)، هەر لەو ڕۆژانەشدا لەسەر بانگهێشتنی (چارڵز کۆرزمان) لە بەهاری ۲۰۰٦دا بە هەزار خەون و خەیاڵەوە چوومە ئەمەریکا. ئەگەرچی ئەو دوو بەرهەمە تاکوو ئێستاش بە شێوازی فەرمی لە ئێراندا بڵاونەبوونەتەوە و وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی بە هیچ شێوەیەک مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی پێ نەدان، بەڵام جارجار لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا چەند بەشێکی چاپ دەکرێن و بڵاودەبنەوە.

لە ماوەی کورتی مانەوەم لە شارلووت و زانکۆی کارۆلینای باکووری بەهۆی پرۆفیسۆر کۆرزمانەوە، سووربووم لەسەر بەردەوامیی خوێندن لە مێژووی هاوچەرخدا. خۆم لەو باوەڕەدا بووم کە بە هۆی زاڵبوونم بەسەر زمانە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەکوو: کوردی، فارسی و عەرەبی، دەتوانم باشتر دەوام بکەم. لە سەرەتاوە پرۆفیسۆر کۆرزمان دەیویست هانم بدات کە مێژووی کۆمەڵایەتیی ئێران بخوێنم و لێکۆڵینەوەم لەسەر (ئیسلاحخوازانی ئێران و لایەنە بەهێزەکانی) ئامادە بکەم، منیش پەیوەندیی دۆستانەی زۆرم لەگەڵ ئەواندا هەبوو، جارجارێکیش لەگەڵ بەڕێزان مەهدی کەروبی، محەمەدی خاتەمی، هاشم ئاغاجەری، موحسین کەدیوەر، عەتا موهاجیرانی و محەمەد موعین، گفتوگۆم کردبوو، بەڵام نووسینی تێزێک لەوبارەیەوە ئاسان نەبوو، هەروەها شتەکەشم زۆر بە دڵ نەبوو، لە لایەکی ترەوە ئەزموونە تاڵەکەیشم لە بیر نەبردبووەوە. من بە دوای شتێکی ترەوە بووم، دووبارە یادگارییەکانی ئوسترالیا زیندووبوونەوە و ڕۆژگاری هاوشێوەی ئەو دووبارە بوونەوە. پاش ئەوەی لەگەڵ ۲ دکتۆری ئێرانی ڕاوێژم کرد، بڕیارم دا لە کتێبخانەکاندا لێکۆڵینەوە دەستپێبکەم، تاوەکوو بزانم باشتر وایە چ بابەتێک بۆ تێزەکەم هەڵبژێرم و مێشکم لەو ئالۆزییە ڕزگار بکەم. لە

واشنتۆن، هەموو ڕۆژێك دەچوومە کتێبخانەی کۆنگرەی نەتەوایەتی و بەرهەمەکانم تاوتوێ دەکرد. جارجاریش سەردانی کەسایەتییە سیاسییەکانم دەکرد، وەکوو: سیناتۆر جۆن مەکین و مایکڵ لیدین و ... هتد. گفتوگۆی عەسرانەی زانکۆ، یان ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی هەندێ کارناسی سیاسیی ئێرانی، وەکوو (نادر ئینتیسار) پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ئالاباما، دەروازەیەکی باشی بۆ من کردەوە کە (مێژووی هاوچەرخی کوردەکانی عێراق) هەڵبژێرم و تا ڕادەیەك لە گێژاوی خولانەوە بە ناو بەرهەمەکاندا ڕزگارم ببێت.

لەسەر ئەم بابەتە، زۆر کەسایەتیی وەکوو: مەك داوێڵ، جۆناتان ڕەندڵ، ڕۆزفێڵت، ئیگلتۆن، گانتەر، کۆهی کەمالی، وادی جوەیدە، کریس کۆچێرا و دەیان کەسی دیکەش، لێکۆڵینەوەیان پێشکەش کردبوو. هەمیشە ئەو پرسیارە بە مێشکمدا دەهات و دەچوو: دەبێت من چ کارێکی نوێ هەڵبژێرم؟ لە یادمە ڕۆژی ١٣ بەدەری نەورۆزی ئێرانی، واتە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٦ز، لە پڕ شتێك هاتە مێشکمەوە، ئەویش بریتیبوو لە دەستکردن بە لێکۆڵینەوە لە ژیان و ڕۆڵی جەلال تاڵەبانی. لە خۆشیی ئەم دۆزینەوەیە پێم عەرزنەدەکەوت. چوومە ناو کۆڕی ئێرانییەکان لە پارکێکی نزیك لە مریلاند کە بۆ ئاهەنگی نەورۆز کۆبووبوونەوە. لە خۆشیی ئەو بیرۆکە تازەیە کە هاتبووە مێشکمەوە، لەگەڵ کچان و لاوان، تێر هەڵپەڕیم. کاتێك لەناو کۆڕەکەدا باسی پلانەکەم کرد، دۆستانی وەکوو دکتۆر میهرداد مەشایخی و ئاشنایانم لێم کەوتنە گومانەوە کە ڕەنگە مێشکم تێکچووبێ و شێت بووبێتم. زۆرجار لە نیگایاندا ئەم پەیامەم دەخوێندنەوە: مرۆڤی ژیر وەدوی کاری سەیر و سەمەرە ناکەوێ. دوای ماوەیەك چوومە لای مامۆستایەکی زانکۆ بە ناوی (مایك) کە بڕیار وابوو لای ئەو دردێژە بە خوێندنی زانکۆکەم بدەم، بە هەندێ دەماربەرزییەوە، بیرۆکەکەم لا دەربڕی. لە سەرەتاوە، لەژێر چاویلکەکەیەوە تیشکی نیگایەك منی سڵەماندەوە کە پڕ بوو لە واتا و ڕەنگە ئەم مانایە ببێکێ (مێشکی تێکچووە). پاشان بەوپەڕی ڕێزەوە لە ژوورەکەی دەری کردم، گوتی: فەرموو بڕۆرە دەرەوە! بەڵام لە چاوپێکەوتنی دواتردا زۆر پێم داگرت، ئەویش وتی: کوڕی خۆم، چۆن جەلال تاڵەبانی لە کتێبێکدا جێی دەبێتەوە؟! بەڵام سەری شەیدا و بێ ئازارمی بینی و وازی لێ هێنام و وتی: شێتی! بێگومان دەتەوێ لە جەرگەی واشنتۆنیشەوە بچی بۆ عێراق!؟ منیش خێرا وتم: سەرەتا دەچم بۆ ئێران. کاتێك سوورمبوونی منی شەیدای بینی، تەنیا ئاواتی سەرکەوتنی بۆ خواستم کە بەڵکو توێژینەوەکەم دەربارەی جەلال تاڵەبانی تەواو بکەم و سەرئەنجام بتوانم تێزەکەم دەربارەی مێژووی هاوچەرخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەواو بکەم.

***

به یەکەم بلیت، سەرەتا لە واشنتۆنەوە ڕۆیشتم بۆ تاران، بەڵام دیسان گیرۆدەی بەزمەکەی جاران بوومەوە، بەڵام ئەم جارەیان بە شێوازی فەرمی و بە ڕێزێکی زۆرترەوە، بۆ ماوەی ۹ مانگ گەشتی دەرەوەی ئێرانم لێ یاساغ کرا و خرامە ژێر فەرمانی مانەوەی زۆرەملێ. با لێرەدا ئەم ڕاستییە ئاشکرا بکەم: بێئەزموونیی تاقی لاوی و پەلەی خۆڕایی گەنجانە، بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر (ئێرانییەکانی بەر لە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران)، هۆکاری ڕاستەقینەی گومان و دڵگرانیی کاربەدەستانی ئاسایشی ئێران بوو، کە دەیانویست بنەڕەتی مەبەستەکە هەڵدەنەوە. لە لایەکی ترەوە هیچ نیازێک بە بڵاوکردنەوەی ئەو وتارانە لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران نەبوو. بەڵام لە لایەکی ترەوە بوو بە سەبەبی خێر و بووە هۆی ئەوە کە بەخۆڕاچوونەوەیەکی باش لە شێوەی کارەکانمدا بکەم. هەم کۆیرەڕێگاکانی بەردەم ژیانم زۆر پێ سانا نەبێت و جارێکی دیکە بەبێ بیرکردنەوە قسە نەکەم.

لەو کاتەدا کە لە ئێران مامەوە، دەرفەتێک ڕەخسا کە بە هێوری بچمە ناو ناوەندی میژووییو و بەڵگەکانی ئێران، هەروەها لەگەڵ چەند کەسایەتیی وەکوو: هاشمی ڕەفسەنجانی، عەلی ئەکبەر ولایەتی، مەهدی کەروبی، محەمەدی خاتەمی، موحسین ڕەزایی، ئەحمەد تەوەکولی، ئیبراهیم یەزدی و جەعفەر سەحراوەردی و ...هتد، دیسان کۆببمەوە و بە هێمنی بەردەوام بم، تاکوو هەم بە جوانی تیشک بخەمە سەر مەبەستەکان، هەم ئەو دوودڵییانە بسڕمەوە و کەلێنی هەڵفڕین بۆ ئاسمانی بێستوور ببینمەوە. پاش ۹ مانگ هەوڵدان و هاتوچۆ و باسوخواسکردن، دیسان سەفەر و کۆبوونەوەکانم دەستی پێکردەوە، بەڵام ئەمجارەیان مەیدانی چالاکییەکانم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. ڕۆژێک لە تورکیا، ڕۆژی دوایی لە سعوودیە، کۆتایی حەفتەش لە عێراق و ڕۆژێکی دیکە لە سووریا و ئێوارەکەشی لە لوبنان. لەڕاستیدا نووسینەوەی یەکەم لاپەڕەکانی کتێبەکەم لە تاران و بە بێ ئاوڕدانەوە لە ڕووداوەکانی ۹ مانگی پێشوو، دەستپێکرد. پاشان لاپەڕەکانی دیکە لە هۆتێل و فڕۆکە و ناو فڕۆکە و کتێبخانەکان. زیادەڕۆییم نەکردووە ئەگەر بڵێم دەیان جار دەقی نووسراوەکانم دەخوێندەوە و دەمگۆڕین. هەموو ڕۆژێک و ساتناساتێک، کەسایەتییە کوردییەکان لە بەر چاومدا ڕێچکەیان دەبەست. لە مێشکمدا هەندێک جار دەمهێنا و دەمبرد و جاری واش هەبوو بە دوای ونبوویەکدا دەگەڕام. بێگومان مێژووی هاوچەرخی عێراقم لە زاری سەدان کورد و غەیری کورد و کاربەدەستی فەرمی و نافەرمی بیستبوو. زۆر جار بەناچاری بۆ بینینی کەسێک، بەرەو ولاتێکی چووم و هیچم دەستنەکەوتووە، دوایی بێ دڵەڕاکێ و بێ وچان بەرەو ولاتێکی تر وەڕێکەوتووم. پەیوەستکردنی ئەڵقەکانی زنجیری چالاکی و تێگەیشتن لە ژیانی پڕ لە ڕووداوی سەیر و سەرسوڕهێنەری جەلال تاڵەبانی، شتێکی سانا و بێ گرێ و گۆڵ نەبوو. وەک شاعیری ئێرانی، ئەبو سەعید ئەبولخەیر، لە شیعرێکیدا، کە ئەمە دەقاودەقی ماناکەیەتی، دەڵێت

(دەستی هەموو ئەهلی کەشف و یارانی شهوود نەدەگەشتنە دامێنی ئیدراکی تۆ). بەڵام بە هەرحاڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد و ژیانی جەلال تاڵەبانی، بەشێك لە فیکر و خەیاڵمیان داگیر کردبوو.

زۆر جار سەرسام دەبووم و دەمویست لە نیوەی ڕێگەدا واز لە کارەکانم بهێنم، هۆکەیشی جیاوازی و کێشەکان، یان لەمپەڕی گەورە لەسەر ڕێی نەدۆزینەوەی بەڵگەیەك، یان هەرا و زۆریی ڕووداوەکان بوون، یان بەهۆی زۆر قسە و کردەوەوە کە تووڕە و زوێریان دەکردم. بەڵام لەم نێوەندەدا، یەکێك لە هاوەڵە نزیکەکانی مام، دکتۆر کەمال فوئاد، کە هاوڕێی بە ئەمەگی منە، زۆر هانی دام بەردەوام بم. بە واتایەکی تر، هاندەر و پاڵپشت و گوێگری دەردەدڵەکانم بوو و بەردی بنچینەی ئەم کتێبەم بوو. ئەگەر ڕۆژێك بەسەرهاتەکانی سەردەمی نووسینەوەی ئەم کتێبە بنووسمەوە، مەسنەوییەکی٧٠ (من)ی لێ دەردەچێت. لە ئاکامی ئەو هەمووە دڵەڕاوکێی و بە پەرۆش بوونە، ماوەیەك نەخۆش کەوتم و مێشك و بیرم تووشی پەرۆشی بوون.

هەر لەو ڕۆژانەدا کە تاڵەبانی هاتبووە ئێران، بە حەز و تاسەوە، بۆ بینینی ئەو، چوومە کۆشکی سەعدئابادی تاران ـ ئەو کۆشکەی کە ٢٧ سالّ لەمەوبەش، محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی، دواین شای ئێران، بۆ هەمیشەیی چۆڵی کرد. ئینتزاماتی ئێرانی، دوای پرس و جۆیەکی زۆر، بەڵام هەر نەیهێشت بچمە ژوورەوە، پاشان یاداشتێکم نووسی و ناردم بۆ تاڵەبانی.

پێشتر وامدەزانی کە دەکرێ لە کتێبخانەیەکدا دانیشم و بە پشکنینی کتێب و نووسراو و بەڵگەنامە، ژیان و چالاکی و دەسەڵاتی تاڵەبانی لە سەردەمی پێشمەرگایەتییەوە تا سەرۆکایەتیی کۆمار، بنووسمەوە، چونکە لەو باوەڕەدا بووم کە کەسایەتییەکی ناسراوی وەکوو ئەو، لە لایەلای بەڵگە و کتێب و نووسراوە ڕیزکراوەکاندا دەدۆزرێتەوە.

تا لە بەهاری سالّی ١٣٨٦ی ئێرانی (٢٠٠٧ی ز) بە هاوکاریی تۆێنەری مام جەلال، ماموستا نازم ، چوومە عێراق بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لەگەڵ خەڵکی کوردستانی عێراق سەبارەت بەو، تۆێژینەوە دەستپێبکەم. بەر لە ڕۆیشتنم بۆ عێراق، بە هۆی ئەو هەموو دۆکیۆمێنتەی خوێندبوومەوە، پێموابوو تاڵەبانی باش دەناسم، بەڵام بە گەیشتنم بە عێراق و پاش ئەو دیدارە جۆراوجۆرانەی لە شار و ناوەند و ناوچەکان ئەنجاممدان، هەزاران بەسەرهاتم دەربارەی ئەو بیست. تێگەیشتم ئامادەکارییەکانی من تا چ ڕادەیەك کەموکورتی و لاوازییان هەیە و ڕوانینی من تەنیا لە دەلاقەی چاوانمەوە بووە، بۆیەڕەتی ئەو مەبەستە، تەنانەت بە یارمەتیی خۆیشی هەڵنادرێتەوە. هەرچی زۆرتر کتێبخانەکانم دەپشکنی، زۆرتر

ئاگادار دەبوومەوە لە کزی و کەموکورتیی زانیارییەکانم. لە سەفەرەکەمدا بۆ عێراق، زۆر دڵشاد بووم لەوەی کە بە ئاسانی کوردی و عەرەبی دەخوێنمەوە. ڕەنگە شانسی من زیاتر لەوەدا بووبێت کە زۆربەی ئەو بەڵگانە ڕێیان نەکەوتبووە دەرەوەی عێراق. هەرچەندە پاش شکستی سەدام حسێن، بەڵگەنامەکان ئاخنرانە ناو گێنو و حەوت تەن گێنویان، بێ ڕەچاوکردنی ستانداردی بەڵگە پاراستن، لێ پڕ کرا و بە خەسار چوون. ئیدی خاترجەم بووم کە تاڵەبانی بە بەڵگەنامە و کتێبخوێندنەوە ناناسرێت و ژیانی ئاشکرا نابێت، هەرچەندە پێشتر گومانم وابوو کە بە دانیشتن لەناو بەڵگەنامەکان و خوێندنەوەی نووسراو و لێکۆڵینەوەکان، دەتوانم ژیان و کار و ڕەنجی تاڵەبانی لە سەردەمی پێشمەرگایەتییەوە تا دانیشتنی لەسەر کورسیی سەرۆکایەتیی کۆمار، بنووسمەوە. ئاخر لە سەرەتاوە تێڕوانینم وابوو کە کەسێکی وێنەی ئەو، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، تەواوی ژیانی بە بەڵگەنامەوە پارێزراوە و بە ئاسانی دەکرێت شیکاری و لێکۆڵینەوەی بۆ بکەم. سەرەنجام لە ناوەڕاستی هاویندا و دوای سوڕانێکی زۆر لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی عێراق، وەکوو میوانی تایبەت ڕێم کەوتە ناو کۆشکی سەرۆکایەتیی کۆمار لە بەغدا، تاکوو لە درەنگانێکی شەودا چاوم بە مام جەلال تاڵەبانی بکەوێ. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ساڵ و نیوێك لە کارەکەم تێپەڕ بووبوو! ساڵ و نیوێك تڕی لە ڕووداو و هەوراز و نشێو. ئەو ڕۆژەی کە گەیشتمە بەغدا، یاداشتێکی کورتم نووسی:

« گەیشتوومەتە ناحەزترین شاری جیهانی عەرەب. عەسری ئەمڕۆ گەیشتوومەتە بەغدا، باژێرێك لە جیهانی عەرەب کە گەنجینەی بابلییەکانی دارماون. کاتێك فڕۆکەکە لەسەر باندی فڕگەی بەغدا دەنیشتەوە، لە دوورەوە کۆشکی نیوەڕووخاوی سەدام دەبیندرا کە وەکوو پیرێژنە فێڵبازەکەی چیرۆکەکان خۆی دەنواند. سەفەر بۆ بەغدا لەم پشێوییەدا، ئەزموونێکی دڵهەژێنە، سەفەرە بۆ جەرگەی ناتەبایی و دووبەرەکی و جیاوازی. شارێکی ناشیرین بە بێ جوانی و جوولە، شاری لەسێدارەدان و هەڵواسینی مرۆڤ، بۆمب و تیرۆر. شارێك کە دوای هاتنی ئەمریکاییەکان، بە قاڵبی چیمەنتۆ دابڕ دابڕ کراوە و هەموو شەقام و کوچە و گەڕەکەکانی، بەربەست کراوە. لە نێوان بلۆکە ترسهێنەرەکانیدا، سەیارە سەربازییەکان هاتوچۆ دەکەن، یاخود ڕاوەستاون. سەربازانی سەرتاپا چەکدار چاودێریی دەکەن و هەندێکیان لە تاو گەرمای پڕووکێنەری بەغدا، لەژێر سێبەری زرێپۆشەکاندا، بەشێك لە جلوبەرگەکانیان دامالیوە و پشوو دەدەن.

بەغدا، ئەو شارەی کە دوای گۆڕانی هەر حکومەتێك، سەدان و بگرە هەزاران قوربانیی داوە. لە هەموو گۆڕانکارییەکانیدا کوشتار و خوێنڕشتن و ترس و تۆقاندن لە دڵی جەماوەریدا جێگیربووە. هەموو حوکمڕانەکان تەرمی لەت لەت و خوێناویی ئەوی پێش خۆیان بینیوە و بە

تۆپزی دەسەلاتیان بەدەستخستووە. مەلیك فەیسەڵ، نووری سەعید، ژەنەرال عەبدولکەریم قاسم، عەبدولسەلام عارف، ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و پاشان سەدام. هەموویان جۆگەلەی خوێنیان وەڕێ خست بە کەلکەڵەی داگیرکردنی دەسەلات، بە پەلە هەوڵیان دەدا پێش یەکتر بکەون. بەغدا شاری درەندەیی و ترس و پەژارە، ترسێك کە بە درێژایی مێژوو سەدان جار دووپاتبووەتەوە. شاری ئەو حاکم و دەسەلاتدارانەی کە یان خەڵکیان هەڵواسی، یان گوللەبارانیان کردن. شاری خۆداگرتن بۆ کوشتن و پیلانگێڕیی و شاری ئاشتیی کەمدەوام. شاری نێوان دوو ڕووباری نامۆی دیجلە و فورات. شارێکی ماندووی بێ ڕۆح و بێ ڕابوردوویەکی ئارام. شاری هەڵاتن و دەستدرێژی و داگیرکردن و زاڵبوون. شارێکی خاڵی لە هێمنی و تەبایی و یەککەوتن، کە ئیتر ئازادی واتایەکی تێیدا نییە. شارێك کە دەڵێن سەردەمێك شکۆ و خەلافەتی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام ئەمڕۆ لە بەر چاوی هەموو دنیادا لووتکەی ڕق و قین و ترس نمایش دەکات. وەك دەڵێن: بەغدا بە پێچەوانەی سەردەمی دێرین، مێژوو و شووناسی خۆی ونکردووە. بەغدا، شاری ئەوین و شکۆمەندیی لە لاپەڕەکانی مێژوودا، هەژار کەوتووە و هیچی بە یادگار بۆ نەماوەتەوە بێجگە لە خشت و خۆڵ، هەر چەند (تیری تژاردین) لە کتێبی (سەد ملیۆن عەرەب)دا لە ساڵی ١٩٧٥، عێراق بە وڵاتێکی دابڕاو و لێکترازاو دەناسێنێ و بەغدا بە شێتترین پایتەختی وڵاتانی عەرەبی ناو دەبات.

عێراق ئەو وڵاتەیە کە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە، هیچکات پیاوان و بێریارانی خۆی بەڕێوەیان نەبردووە. لە نۆکەرانی بەریتانیاوە وەك: نووری سەعید و عارف و تا بەعس. هەر لە سەرەتاوە ئینگلیزەکان بۆ ٣ لایەن دابەشیان کرد: کورد و سوننە و شیعە. ڕەنگە خولیای چەرچڵ هاتبێتە دی. ئەو عێراقەی کە هەر ڕۆژەی نەخشەیەکی نادیار بۆ گەلەکەی دەکێشرێ. تا ماوەیەك لەمەو پێش سەدام دیکتاتۆرانە حوکمڕانیی دەکرد و هەڕەشەی دەکرد. نەزانێکی درندۆنگ و دێوانە و بێئاگا لە دەسەلات، کە بە بێ سەرنجدان لە نهێنییەکانی مێژوو، سەرەنجام گۆڕێکی ئەوتۆیشی بێ نەبەخشرا. میراتی دەسەلاتی ئەو، وڵاتێکی شێواو و شپرزە و بێ ئۆقرە، کە دار و دیواری، شایەتی دەدەن لە هەژاری و داماوی. جەماوەرێکی چارەڕەش، کە لە دۆخێکی بێ بەزەییانەدا و بە ڕوانگەیەکی پڕ لە شك و دوودڵی، سەیری خاوەنانی دەسەلات دەکات. ئەو دەسەلاتدارانەی کە بۆ پاراستنی هێز و بارودۆخیان، باس لە ژیان دەکەن. ئایا دەرفەتێك بۆ گەیشتن بەو ڕاستییانە دەردەکەوێ؟ جەماوەرێك کە بێزارە لە شەڕ و فیشەك و تاراندن و ئابلۆقە و دوورەپەرێزیی و تووندڕۆیی، بەڵام دڵی داوەتە دەست سەبووری و تاقەت، کە چارەیەکی بێجگە لەوە نییە. جەماوەرێك کە لە بێنە و بەرە و لیقەوماویدا، هیوای بە کازیوەی بەرەبەیانێکە تا لە پەرێشانی دەربازی ببێ. سەیر ئەوەیە لەسەر دەریایەکی نەوتیش دانیشتوون!

بەڵام لەناو سکی ئەم شارەدا، کە هەر چرکەیەکی ژیانی ئەشکەنجە و گۆمی خوێنە، لاوانی شار تا درەنگانێکی شەو، لە بازاڕ و کۆڵانەکاندا بە بێ سڵەمینەوە لە هەڕەشە و مەرگ و هەڵواسین، لە گێژەڵووکەی چوونە ئامێزی فریشتەیەکی جوانی و ڕەندیدان، تا بۆ ساتێك بڵێسەی جەستەی گرگتوویان هێور بکەنەوە. ڕەنگە ئەمە جوانترین نیشانەی ژیان لە بەغدا بێ: دڵداری و ڕەندیی لەناو شارێکی بێ ڕۆح و بێنەوا. زۆر دەمێکە دیمەنە گرژ و ڕەشەکان، سێبەریان خستووەتە سەر سیمای ئەم وڵاتە زەنگینە، ئەوین و ئەویندارییە هانی مانەوە لەم کیانەیە. یان لەوانەیە هەستێك بێ بۆ ئەو زارۆکانە کە لە کوچە و کۆڵاندا سەرگەرمی یارین و جارجار، شکۆلاتێکی خۆڕایی لە سەربازەکانی هەندەران وەربگرن. شارێك کە دەندەی چەرخی ئاوەدانی و سازکردنەوەی قرتاوە، یان ژەنگی هێناوە. داخەکەم بۆ ئەوە کە ناتوانم ئێوارەیەك لە لێواری دجلە و فورات و ژێر دارەکانیان، کە بە هەزاران دارخورما نەخشاون، هەندێ پیاسە بکەم. جار بە جار دەنگی گوللەیەك، یان دەرکەوتنی ئامبۆلانسێك بێدەنگیی شار تێکدەشکێنێ. بە داخەوە ئەمەیە ڕاستییەکانی ناو شاری بەغدا، کە ڕۆژگارێك بە بووکی وڵاتانی عەرەب بەناوبانگبوو.

ڕۆژی پاش گەیشتنم بە بەغدا، دکتۆر فوئاد مەعسووم، لە لایەن مام جەلالەوە هات بۆ لام و وتی: ئامادەبە بۆ دیدارەکەت لە سەعات ١١ی شەو. ئەو پیاوێکی زۆر بەڕێز و مۆنەدەب و بە هەیبەت بوو، کە هەر خۆیشی هاندەرێکی گەورەی لێکۆڵینەوەکەم بوو. ئەو شەوە لە حەوشەی سەرۆکایەتیی کۆمار، تا کۆتایی کۆبوونەوەی تاڵەبانی و تاریق هاشمی، هەندێك پیاسەم کرد. ڕەنگە بڵێم تاکە شوێنی بەغدابوو کە بە ئارامی پیاسەی تێدا بکەیت و لە نێوان دارخورماکاندا هەوای پاك هەڵبمژیت. سەعات یازدەی شەو، بۆ دیدارەکەم ڕۆیشتم بۆ لای تاڵەبانی، بینیم لە ڕاپەوەکەدا دانیشتووە و چاوەڕوانی میوانەکەی دەکات. لەم پیرە سیاسەتمەدارەدا ئەوەم بینی، کە ئەو دیداری وەزیر و گزیر وەکو یەك سەیر دەکات و خۆی بە فەرمانبەرێك دەزانێت کە ڕێز لە هەموو مرۆڤێك بگرێت. ئەوم لە چاکەت و پانتۆلێکی ڕەساسیدا بینی، کە گوایە ڕەنگی پەسەندیش لای ئەو هەر ئەو ڕەنگەیە. تەوقەی گەرم و بەخێرهێنانی گەرمتر و وشە و دەستەواژەی ڕێزدارانە و نیگا و قسەکردنی خەندەبارانە بوو. لەگەڵ بەسالاچوونیدا، چەشنێك لە بەخۆدانازین و خۆشبینیی تێدا بەدی دەکەیت. بە جۆرێك دەدوێت، لە چلەپۆپەی ئەدەب و حورمەتدا و بە سادەیی و دەنگێکی بڵند. غروور و لووتبەرزی لەودا نابینیت، چونکە دەزانێت هەموومان میوانی مێژووین. بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، تورکی و ئینگلیزی دەدوێ، ناوبەناو بە فارسییش قسە دەکات، دەڵێن پێنج زمان دەزانێت. ئەڵبەتە بۆ ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ، بێ زمانی بەسە. پیرێك، کە ئەزموونی چەندان ساڵ سەفەر و غوربەت و دەربەدەری و هەوراز و نشێو و ئاوارەیی هەیە. هەرچەندە تا سەردەمێ کە مستەفا بارزانی دیار و چالاك بوو، مام جەلال لەبەر ئەو نەیارە کۆنەخوازە دەرنەکەوتبوو، بەڵام پاش هاتنەسەر حوکمی ژەنەرال ئەحمەد

حەسەن ئەلبەکر و گفتوگۆ ڕواڵەتییەکەیان لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا، ئیدی ئەو بوو بە هاوشانی سیاسییە پلەبەرزەکان. ئەوکاتەی کە خۆی بوو بە ڕابەری بەشێک لە کوردەکان، چاودێریی هەندێک لە بەرخودانی کوردانی دژ بە ستەمی سەدام کرد. سەردەمێک حکومەتی عێراقی ڕێگەی بە هیچ نوێنەرێکی کورد نەدەدا بچێتە نێو ئەو کۆشکەوە و بە شێوەیەکی فەرمی پێشوازییان لێ نەدەکردن و لە کۆمەڵگەدا جێگەیەکیان پێ ڕەوا نەدەبینین. لە پێناوی کۆنترۆڵکردنی حوکمکردنی کوردستان، خوێنیان دەڕشتن. بەڵام ئێستا پاش پێنج ساڵ، چەرخی ڕۆژگار شتێکی دیکەی بۆ ئامادە کردوون. ماوەیەکە حکومەتی سەدام تێکشکاوە، یاخود باشتر بڵێم: مردووە. لە ژووری سەرۆکایەتیی کۆمار، کوردێک لەسەر کورسیی سەرۆکی کۆمار دانیشتووە، دەتوانیت تا نیوەشەو لەگەڵی گفتوگۆ بکەیت و گوێ بۆ قسەکانت بگرێت. لە دیدارمدا لەگەڵ بیل کلینتۆن، بیرمە کە وتی (تاڵەبانی خاڵی هاوسەنگی سیاسەتی عێراقە). چەند جوان ستایشی ئەوی کرد، ئەو پیرە دیموکراتە!

بەڵام لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا، واتە: خوێندنەوەی کتێب، دڵاوایی و گەشبینی، پشکنین و گەڕان و دەمەتەقێ، خوویەکی زۆر سەیر کە من لەتاڵەبانیم دی، دڵفراوانی و توانای ئەو بوو لە بواری جۆراوجۆردا. لە ماتماتیک و ئانالیزەوە بگرە هەتا مێژووی چین. پێشتر ئاشنایەتیم بە بیری کراوە و هۆشیارانەی ئەو هەبوو، پێی وتبووم کە داهاتووی ئەم ناوچەیە بەستراوەتەوە بە هەبوونی دیموکراسی و فدرالیزم و ئازادی مرۆڤ، بە بێ ئازادی و دیموکراسی، دادپەروەریی لەم کۆمەڵگایانەدا ئەستەمە بێتە دی. ئەمرۆ ئیتر کەس ناتوانێ بەردی جیاوازیی ئایین و ڕەگەز لە سنگی خۆی بدات، ئەمە نیشانەی دواکەوتوویی و نەزانییە. یاسای مرۆڤایەتی، مافی هاوبەشی هەموو نەتەوەکانە. ئێمە دەبێ ڕێز لەم مافە بگرین و ڕێز لە پێشخستنی گفتوگۆ و پەیوەندیی ئازاد و سەربەخۆ و هێمنانە بگرین، کە مسۆگەری ئاسایشی کۆمەڵگەن. هەموو کۆمەڵگاکان دەبێ کەرامەت و پێناسە و مافی خۆیان هەبێ و پەیوەندیی مرۆڤانە لە نێوانیاندا پەرە بستێنێ، چونکە سەربەخۆیی و یەکێتی ئامانجی ئێمەیە. ئەوە زۆر گێلانەیە کە کەسێک بیەوێ گەلێک، یان زمانێک، یان ڕەگەز و ئایینێک دووربخاتەوە. پێکەوەژیان و هاودڵی، دەتوانێ لووتکەی مرۆڤایەتی بێ. پاش ئەو دیدارانەی ئەنجاممان دەدا، هەردووکمان نەماندەزانی کە دیداری داهاتوو کەی و لە کوێ ساز دەکرێت. لە کۆتایی شەودا، هەرچەندە ماندووش بوو لە دیدار و کۆبوونەوەکان، دەچوومە لای مام جەلال بۆ تۆمارکردنی بیرەوەرییەکانی. گەڵێ جار ساز بوو، لەگەڵمدا لە مەیدانی مێژوودا ململانێی دەکرد و جاری وایش هەبوو شەکەت و ماندوو، جگەرەیەکی دەکێشا و لە سەرقاڵیی ئیشەکانیدا پشوویەکی دەدا، تا وەڵامی پرسیارەکانی من بداتەوە. منیش چەند جار بە قسەکانیدا دەچوومەوە و دەمهێنا و دەمبرد، پاشان تێدەگەیشتم کە دەبێ زۆربەی بەڵگەکانی کونجی کتێبخانەکان کە دیومن و خوێندوومنەوە، فرییان

بدەم و زۆرتر جەخت بکەمە سەر سەرچاوەکانی ناوچەکە و وتەکانی خۆی. جارجاریش دەکەوتمەوە بیری پرۆفیسۆر مایك! پرۆژێك لەناو فرۆکەدا لەگەڵ تاڵەبانی لە بەغداوە بەرەو سلێمانی دەگەڕاینەوە، پێیوتم: پێم خۆشە هەڵەکانم بنووسی و ڕەخنەگرتنیش لەسەر من لە بیر نەکەی. لە گوتن و نووسینی بیرەوەریدا دەبێ ڕاستبێژ بیت و ئنجا دەبێ مێژوو داوەریی بکات. دوای نەمانی من، بەوە مێژووەکە ڕاستییەکان ئاشکرا دەکات. ئازادیی قەڵەم و دەربڕین و بیرکردنەوە، مافی هەر مرۆڤێکە و هیچ غولامێکی دەسەلات بۆی نییە ئەم مافانە پێشێل بکات. غولامەکان دەڕۆن و خاوەنەکان دەمێننەوە و ڕەخنە و نەفرەت و تەشەر دەدەن و خاوەنی پێنووسیش بڵقی سەر ئاوە و دەڕوات. بەڕاستی دەبێ دان بەوەدا بنێم کە مەسعوود بارزانیش ئەم وتەیەی درکاند و من لێم بیست کە گوتی: ڕاستییەکان بنووسە و ترست لە کەس نەبێت.

دواتر، ڕۆژنامەنووسێکی ئێرانی پێی وتم: تۆ مێژوونووسی، بەڵام ئەو دەرفەتەی بۆ تۆ هەڵکەوتووە، وەکوو پەیوەندیی نێوان حەسەنەین هەیکەل و جەمال عەبدولناسر وایە. تاڵەبانی یەکێکە گەورەپیاوانی سیاسەتی کورد و عەرەب. بەڵام گوێم بە قسەکانی نەدا و بەبێ ئەوەی بکەومە ناو خەیاڵی خاو و خۆ بە گەورە زانین، تەنیا بیرم لەوە دەکردەوە کتێبەکە تەواو بکەم. سێ ساڵ گەڕان بۆ بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە، دەرفەتێکی بەنرخ بوو بۆ من کە مێژووی گەلەکەم بنووسمەوە و پاشان بگەڕێمەوە بۆ زانکۆکەم.

***

بەر لە کۆتایی وتەکانم، بە پێویستم زانی خاڵێکی سەرنجڕاکێش بۆ خوێنەرانی بەڕێز ڕوونبکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە لەم کتێبەدا بێجگە لەم سەرەتایە نەبێ، تەنانەت من وشەیەکم لە خۆمەوە نەنووسیوە و هەموو ئەمانە تەنیا نووسینەوەی بەڵگە و ئەسنادە، بە ڕەچاوکردنی ئەمانەتەوە. ئەوەی نووسیومە، وتەی ئەو کەسانەیە کە چوومەتە لایان. لەم بەرهەمەدا و هەروەها لە پرسیارەکانمدا، ڕوو لە کەسانی جۆراوجۆر، چ بەمەبێ کە دۆستانە پێویستیی ناسینی شێوازی سەرکەوتن و بیر و شکست و هۆکارەکانی تاڵەبانی وەکوو سەرۆکێکی کورد، بنوێنم، چ گرنگیی ناسینی باشتری خاڵە لاوازەکانی جیهانی دەوروبەری ئەو و پیلانەکانی دوژمنەکانی ئاشکرا بکەم، لە هەر دوو حاڵەتدا ئەوەی خستوومەتە بەر دەستی خوێنەر، پێم خۆشە لە پێناوی بیرکردنەوەیەکی قوڵ و بۆ ناسینی ئەو ڕێبازە بێ، کە مرۆڤی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا بە عەقڵییەتی مرۆڤانەوە شوێنگیریی کردووە. لەوانەیە ئەم کتێبە هەنگاوێکی بچووك بێ لە پێناوی ناسینی باشتری مرۆڤێکی ڕۆژهەڵاتی و شێوازی کردەوەکانی

دەوروبەری، کە چ بیەوێ و چ نەیەوێ، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بااڵی کێشاوە بەسەر وڵاتی باپیرانی و شێوەی کرداریی و کۆمەاڵیەتی و سیاسی و کولتووریی کوردەکان و هاوار دەکات کە لە دڵی جیهانی سێیەمدا کوردیش توانای هەیە سەرۆککۆمار پێشکەشی گۆڕەپانی ڕکابەریی سیاسی بکات.

لەم بەرهەمەدا بە بێ ئەوەی بزاوێکی ئااڵڤ بێنمە ئاراوە، یان لە ڕووداوە زەقەکان سڵبکەمەوە، هەوڵم داوە مەودای دوورودرێژی واتا و ناوەڕۆکی سەرۆکێکی کورد لەگەڵ سەرۆکێکی مۆدێرن، لە دوو وڵاتی جۆراوجۆردا بنووسمەوە. لەم بەرهەمەدا، باس لە ژیانی هۆگرێکی ژیان، چاالکی، وریایی، ئەویندارییسروشت و گۆڕانکاریی، پیری سیاسەت و دەسەاڵت، اڵیەنگری خوێندن و نووسین، دەکرێ. باس لە کەسێك کە لە بناغەوە و بە شێوەی سروشتی، بەتوانایە. ئەوەی کە نە واتای ماندوویی دەزانێ و نە لە هیوا بڕاویدایە. باوەڕ بەخۆبوونی هەر لە گەشەدایە، باوەڕ بە ویستەکانیشی، هەر لە تێکۆشانی خۆیدایە. ڕێبازی عەقڵ و ئاوەزی ئەو، بەرهەمی ئەزموونی ڕاستەوخۆ و ناسین و تێگەیشتنی ئەمڕۆیی ئەوە. فکری ئەو زاتە اڵپەڕەیەکی سپی و ساکار نییە و نەبووە. خوو و خدە و بوونی ئەو لە بیر و جووڵەدا کورتبووەتەوە. لە سەرەتای اڵویدا، بە پەڵە و بێ ڕاوەستان، هەنگاوی ناوەتە ڕەوتێك کە لە ئەنجامدا هەموو تەمەنی خۆی پێشکەشی ئەو ڕێبازە کردووە. دەسەاڵتدارێك کە ناسینەوەی لە سەرەتاوە ساکار دەنوێنێ، بەاڵم ڕاستی و پێناسەیەکی ئافراندووە کە بناغەی لەسەر وڵاتێك جێگیر کراوە و لە گزنگی تیشکی دەوروبەریدا نرخێکی دوواڵیەنەی پێ دراوە و لە سروشتی دەروونی ئەودا ڕووناکبینی و گەشبینی و هیوا ڕیشەی داکوتاوە، لە کتێبخانەکەیشیدا کتێبدۆستی نەریت و باوە.

ڕەنگە بۆ دەربازبوون لە ڕەخنە، بۆ دژنەوەستانەوە لە دۆڵی قووڵی نێوان بیر و کردەوەدا، سەیری ئاکامی کردارەکە دەکات، بۆیە ژیانی تژی لە قەیران و کێشەیە، هەر بۆیە چوونە مەیدانی گفتوگۆ لەگەڵ ئەودا بەڕاستی ئەستەمە. خووی ئەو ئەوەیە کە هەوڵ دەدات لە ژووری هەر گفتوگۆیەکدا سەرکەوتوو بێتە دەر. هێزی زانست و توانای بەربەرەکانێ هەردەم لەگەڵیدایە و تا بۆی بکرێ ناوەڕۆکی ئااڵوگۆڕ لە مێشکیدا دەبزوێنێ. جا وەرە گوێگرێکی گەنج کە چەرخی گەردوون پااڵی پێوە ناوە و خستوویەتییە مەیدانی بەربەرەکانێ و لە زەبری بەگورجی بەرانبەرەکەی بێ ئاگایە، چۆن بێ یەك و دوو ئامبازی دەبێ و زۆرانێکی هەستبزوێن و لە هەمان کاتدا خنکێنەر. ڕووبەڕووبوونەوەیەك پڕ لە تێکۆشان بۆ ڕەواندنەوەی گومانەکان و دنەدان بۆ کۆڵینەوەی زۆر لە مەیدانەکان. پرسیار و لێدوان لە کۆڕی پیران. ئێستاش بەرهەمی تێکۆشان و ملمالنێی مێشکی من و ئەو، ئەم کتێبەیە. ئەوەی لە دەاڵقە و بۆچوون و گومان و ڕووهەڵماڵاوی دەستم کەوتووە، ئەوەیە کە بۆ قاڵشتنی (قوتووی ڕەش) و (دۆزەرەوەی نهێنی)ی ژیانی ئەو، بەپێی توانای خۆم هەوڵم داوە، بەاڵم هێشتا نەمناسیوە و ڕەنگە

باشتره بڵێم به جێگەی (دۆزینەوەی نهێنی و ڕاستی) تەنیا به پێنووسی ڕاستی، شەقڵی پێی ئەوم لە ڕەوتی پڕ لە هەراوهوریای مێژووی هاوچەرخدا شوێنگیریی کردووە. ئەمە و داوایەکی زۆرتر لەوە، بێجگە لە شێتی و درۆی ئاشکرا نەبێ، چی دیکە نییە. پەنام بردە لای سەدان کەس و هەمووانم خستە ئەڵقەی کۆڕی ئەم زیکرەوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە نهێنیی بیروباوەڕ و کەسایەتیی ئەو. گەڵێ جار خۆدوورخستنەوە و هەندێك جاریش لێکۆڵینەوە و تاووتوێی ئەستەم بوو. هەندێ جار دوور لە بیر و ئەندێشە، هێرشهێنان، زۆر جاریش پشتڕاستکردن و جاری وایش بوو دەربڕینی دڵەندی و بەستنی سنووری ناسین، هێشتا شك و دڕدۆنگیم هەیە و بیرم سەقامگیر نەبووە لەوەی کە نووسیومە. هێشتا لە زۆر بوارەوە زرینگەی بێئاگایی لە گوێمدا پەنگ دەخواتەوە و لەوانەیە تارمایی و پەچڕانێك لە ئاسۆی نووسراوەکانمدا بە دی بکرێ، کە بە ئابەدڵی پاڵی پێوە ناوم بۆ مەیدانی کێشە، چونکە بە داخێکی گرانەوە لە نێوان نزیکان و دەوروبەری ئەو، بە دەگمەن کەسێك هەڵدەکەوێ کە خۆی لایەنگری ناسین و تێکۆشەری شایانی ناسین و هەڵسەنگاندن بێ.

****

هەوڵنامەی کتێب

ئیتر هێدی هێدی، بەر لە هاتنی ساڵی نوێی خوڕانی - نەورۆزی ۲۰۰۹ــ کۆبوونەوەکانم لەگەڵ کەسایەتییەکانی دیکە کۆتایی دێت و بەرگی یەکەمی ئەم پەرهەمە لە دایك دەبێ. جا ئەگەر تەمەن بەردەوام بێ و لەژێر تیشکی دڵاوایی پەروەردگاردا نامەیەکی تر و ساڵێکی تر و لە ڕێچکەی تەمەن بەردەوام دەبم. بەڵام ئێستا کتێبێك سەبارەت بە سیاسەتمەداری بەناوبانگی کورد پێشکەشی هەموان دەکەم، بە بێ خۆبەزلزانی و خۆبەکەمزانی، تەنیا ترسم لە بڵاوکردنەوەیەتی و دڵەڕاوکێ هەموو گیانمی گرتووەتەوە، چونکە گێڕانەوەی مێژووی کۆنەوڵاتێکی وەکوو کوردستان، ئەستەمە. شادمانم پاش دوو ساڵ و نیو لە پێداگریی و دڵەڕاوکێی و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کەسانێك کە خۆیان لە هەموو کوردێك بە کوردتر دەزانی، کە کارێکی قورسە، کارەکانم سەرخست و کۆتاییم پێهێنا. لێرەدا کارەکانم بە ئەنجام گەشیت و بە ئەمانەتەوە ڕای هەموو کەسەکانم گواستەوە و کۆتاییم بەم دەفتەرە هێنا و چیرۆکی بێ قەراری ئەم دڵە شەیدایە مایەوە. لەوانەیە شەرمەزاری و زووخاوی بۆ بمێنێتەوە ڕەنگە ڕووڕەشی بۆ خەڵووز بمێنێتەوە و بەس، کە وایدەزانی ئەم زستانە بێ بەهارە.

لەوانەیە مێژوو بێبەزەیی بێت، بەڵام ڕەخنگران و توێژەران بێبەزەییترن. ئەمڕۆ لە هەر گۆشەیەکی ئەم دنیایەدا لەوانەیە دانەیەك لەم کتێبە پەیدا بکەن. منیش دووبارە ئاداب و تەرتیبێك تەنیای تەنیا لە گۆشەیەکی ئەم جیهانە بێسنوورەدا بگەڕێمەوە بۆ پۆلەکەم و لە خزمەت مامۆستاکەمدا لەسەر چۆك

دابنیشم. بەڵام تەنیا لە بیروەریيەکانمدا عێراق و کورد و کوردستان ماونتەوە و کۆتا کاریش بەرانبەر بە تاڵەبانی نیشانەی ئەدەب و نرخاندن بە پێویست دەزانم. هەروەها لێرەدا پێویستە سوپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی چەند کەسێك بکەم کە بەوپەڕی دڵاوایی و دڵسۆزییەوە متمانەیان پێ کردم و یارمەتییان دام و هانیان دام و ڕێزیان لێ گرتم، ئەوانیش: پرۆفیسۆر نادر ئینتیسار، پرۆفیسۆر چاڵەر، حاجی مەحموود دوعایی، دکتۆر کەمال فوئاد، دکتۆر نووری تاڵەبانی، ماموستا نازم دباغ،عەبدولڕەزاق کۆیی، سەلاح ڕەشید، دکتۆر کەریم ڕەئوف، عادل موراد، عەدنان موفتی و سەدان کەسی دیکە لە ئێران و کوردستان و ئەورووپا و ئەمەریکا، کە هەرکامیان لە کەلێنێکەوە بە ڕەخنە و ڕێنمایی و چارەسەری گرفتەکان و هێنان و بردن و ئەرشیو و میوانداریی کوردانە، یارمەتییان دام. هەروەها دایك و باوکم، کە دوعای خێری ئەوان نەبێت، بوونی من هیچ نییە کە هەم.

عیرفان قانعی فەرد

بۆستۆن - پایزی ٢٠٠٨.

هەوالنامەی کتێب

پووداوه گرنگەکان تا ساڵی ١٩٦٦

١ـ سەرەتای ١٩٣٣ ناڕەزایەتیی شیعەکانی عێراق.

٢ـ ١٢ی ئازاری ١٩٣٣ پەیمانی تورکیا و عێراق و ئێران.

٣ـ ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٣٣، دیداری فەرمیی فەیسەڵی یەکەم و بەریتانییەکان.

٤ـ گرتن و ڕاگوێزی بارزانییەکان.

٥ـ مانگی نیسانی ١٩٣٣، لەدایکبوون لە کۆیە ـ کەلکان.

٦ـ مانگی ئایاری ١٩٣٣، یاداشتی ڕابەری ئاشوورییەکان بۆ حکومەت.

٧ـ ١١ی ئابی ١٩٣٣، کۆمەڵکوژیی ئاشوورییەکان (بەکر سیدقی).

٨ـ گەڕانەوەی فەیسەڵ لە سویسراوە بۆ عێراق.

٩ـ ٢٧ی ئابی ١٩٣٣، دیداری ئەمیرغازی لە موسڵ.

١٠ـ ٨ی ئەیلوولی ١٩٣٣، کۆچی دوایی مەلیک فەیسەڵ لە ـ بێرن (سویسرا).

١١ـ جێنشینی غازی.

١٢ـ ٢٠ی ئەیلوول، هاوسەرگیریی عەلی شا لەگەڵ ئامۆزاکەیدا.

١٣ـ ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٣٤، هاوسەرگیریی فەرمیی غازی.

١٤ـ دەستپێکردنی شەپۆلی نازیزم ـ هیتلەر.

١٥ـ ١٩٣٤، دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق.

١٦ـ دەستپێکردنی پڕۆسەی بەعەرەبکردنی کەرکووک.

١٧ـ ١٤ی تەموزی ١٩٣٤، دەستپێکردنی فراماسۆنێریی لە عێراق.

١٨ـ ڕاپەڕینی کوردەکانی دیاربەکر ـ تورکیا.

١٩ـ مانگی ئایاری ١٩٣٤، ڕاگەیەندراوی عێراق سەبارەت بە گەڕاندنەوەی کوێت.

کتێبخانەی ئەمەن

٢٠- بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراق.

٢١- ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٣٥، راکێشانی بۆریی نەوتی عێراق.

٢٢- کانوونی دووەمی ١٩٣٥، راپەڕینی شیعەکان لە نەجەف.

٢٣- ١٤ی شووباتی ١٩٣٥، کۆچی دوایی پاشای حیجاز لە بەغدا.

٢٤- ٢٧ی ئازاری ١٩٣٧، کۆچی دوایی شاژنی دایک.

٢٥- ٢ی ئایاری ١٩٣٥، لەدایکبوونی شازادەی غازی، فەیسەڵی دووەم.

٢٦- مانگی ئایاری ١٩٣٥، یەکەم کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق.

٧٧- ئابی ١٩٣٥، سەفەری نووری سەعید بۆ ئێران.

٢٨- راپەڕینی هۆزە کوردەکان.

٢٩- ٧ ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥، راپەڕینی کوردە ئێزدییەکانی عێراق.

٣٠- ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥، پەیمانی سەعدئاباد.

٣١- ١٥ی نیسانی ١٩٣٦، شۆڕشی فەلەستین.

٣٢- ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٣٦، یەکەم کودەتای سەربازیی عێراق - بەکر سیدقی.

٣٣- ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٦، کودەتای حیکمەت سلێمان و ژەنەرال بەکر سیدقی، تیرۆرکردنی (جەعفەر عەسکەری).

٣٤- ٨ یان ١١ی ئابی ١٩٣٧، تیرۆرکردنی بەکر سیدقی، سەرۆک وەزیران و فەرماندەی هێزی ئاسمانی.

٣٥- ئەیلوولی ١٩٣٧، دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر.

٣٦- راپەڕینی کوردەکانی دەرسیم - تورکیا.

٣٧- ١٩٣٨، دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ- ک) - مەهاباد.

٣٨- ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٨، کودەتای ژنەرالە سەربازییەکانی عێراق.

٣٩- ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٣٩، تیرۆرکردنی وەزیری دارایی (رۆستەم حەیدەر).

٤٠- ٨ی نیسانی ١٩٣٩، کوژرانی مەلیک غازی لە کاتی شۆفێرییدا.

٤١- سەرەتای ئەیلوولی ١٩٣٩، جەنگی جیهانیی دووەم.

٤٢- دامەزراندنی پارتی هیوا - رەفیق حیلمی.

٤٣- ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٣٩، دامەزراندنی بەشی کوردیی رادیۆی عێراق.

٤٤- ٣١ی ئازاری ١٩٤٠، سەرۆک وەزیریی رەشید عالی گەیلانی.

٤٥- کانوونی دووەمی ١٩٤١، دەست لە کار هەڵگرتنی گەیلانی و سەرۆک وەزیریی تەها هاشمی.

٤٦- ٣ی نیسانی ١٩٤١، کودەتای رەشید عالی گەیلانی.

٤٧- ١٨ی نیسانی ١٩٤١، داگیرکردنی بەندەری بەسرە لە لایەن هێزەکانی بەریتانیاوە.

هەوالنامەی کتێب

٤٨ـ ٣٠ی ئایاری ١٩٤١، هەلاتنی رەشید عالی گەلانی بۆ ئێران.

٤٩ـ حوزەیرانی ١٩٤١، هاتن و چالاکیی ئەلمانییەکان لە ئێران.

٥٠ـ دوورخستنەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی.

٥١ـ ٢٥ی ئابی ١٩٤١، وازهێنانی رەزاخانی پەهلەوی لە دەسەلات بە هۆی فشاری بەریتانیا و رووسیاوە.

٥٢ـ ٢٩ی ئابی ١٩٤١، هاتنی ئینگلیز و رووسەکان بۆ کوردستانی ئێران.

٥٣ـ راپەڕینی چەکدارانەی بارزانییەکان.

٥٤ـ تشرینی یەکەمی ١٩٤١، دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (تودە) و چالاکیی فەهد لە عێراق.

٥٥ـ کۆتایی ١٩٤١، بانگهێشتکردنی قازی محەمەد بۆ بەشداریی لە کۆنفرانسی باکۆ.

٥٦ـ ئەیلوولی ١٩٤١، قاتوقڕیی و پشێوی لە کوردستانی ئێران.

٥٧ـ ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٤٢، ڕێککەوتنی ئێران و ڕووسیا و بەریتانیا.

٥٨ـ ئازاری ١٩٤٢، لەشکرکێشیی نووری سەعید بۆ سەر کوردستانی عێراق.

٥٩ـ ٢ی ئابی ١٩٤٢، هاوپەیمانیی ترۆمەن و ستالین.

٦٠ـ پێشنیازی پارتی هیوا بۆ بارزانی، بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەت.

٦١ـ ١٦ی ئەیلوولی ١٩٤٢، دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ ـ ک).

٦٢ـ لایەنگریی ئەلمانییەکان لە لایەن کوردەکانەوە.

٦٣ـ نیسانی ١٩٤٣، هاتنی ئەمریکییەکان بۆ ئێران.

٦٤ـ ١٢ـ١٣ تەموز، هەلاتنی بارزانی لە سلێمانی و گەڕانەوەی بۆ بارزان.

٦٥ـ ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣، هێرشی سەربازیی حکومەتی عێراق بۆ سەر کوردستان.

٦٦ـ پێشکەشکردنی نامەیەکی حیزبی هیوا بە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا.

٦٧ـ تشرینی دووەمی ١٩٤٣، داواکاریی بارزانی لە حکومەتی عێراق.

٦٨ـ ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣، دەستنیشانکردنی وەزیرێکی کورد لە کابینەکەی نووری سەعید.

٦٩ـ راپەڕینی شێخ خەزعەل لە خوزستانی ئێران.

٧٠ـ راپەڕینی چەکدارانەی بارزان.

٧١ـ ناردنی نامەیەک لە لایەن نووری سەعیدەوە بۆ مەلا مستەفا بە دەستی شێخ ئەحمەد.

٧٢ـ ترسی بەریتانییەکان لە جیابوونەوەی عێراق و ناردنی ماجید مستەفا.

٧٣ـ پەیوەندیی بارزانی لەگەڵ کوردستانی تورکیا.

٧٤ـ ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣، کۆبوونەوەی ستالین و ڕۆزڤێلت و چەرچڵ لە تاران.

٧٥ـ نیسانی ١٩٤٤، کزبوونی دەسەلاتی پارتی هیوا.

۷۶ـ مانگی ئایاری ۱۹٤٤، سەردانی نووری سەعید بۆ کوردستان.

۷۷ـ بانگهێشتی بارزانی بۆ وتووێژ لەگەڵ حکومەت.

۷۸ـ حوزەیرانی ۱۹٤٤، کابینەی حەمدی پاچەچی.

۷۹ـ ئابی ۱۹٤٤، رێکەوتنی نوێنەرانی کورد لە عێراق و ئێران و تورکیا، پەیمانی سێ سنوور.

۸۰ـ چوونی ئیحسان نووری پاشا بۆ ڕووسیا و گەڕانەوەی بۆ ئێران و دەستگیرکردنی.

۸۱ـ تشرینی یەکەمی ۱۹٤٤، پەیوەستبوونی قازی موحەمەد بە کۆمەڵەی (ژ ـ ک)ـەوە.

۸۲ـ ناردنی نامەی قازی محەمەد بۆ ئیبراهیم ئەحمەد.

۸۳ـ سەرەتای ۱۹٤٥، ناردنی نامەیەک لە لایەن بارزانییەوە بۆ لەندەن و بەغدا.

۸٤ـ ۸/ ۱/ ۱۹٤٥، ناردنی نامەیەک لە لایەن ڕەفیق حیلمییەوە بۆ بارزانی و پشتگیری لەو.

۸٥ـ مارتی ۱۹٤٥، ناردنی نامەیەک لە لایەن پارتی هیواوە بۆ باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا.

۸٦ـ ٥ی مارتی ۱۹٤٥، هێرشی حکومەت بۆ سەر بارزانییەکان.

۸۷ـ کاردانەوەی فەهد بەرانبەر مافی کوردەکان.

۸۸ـ چالاکیی حیزبەکانی نیشتمانی دیموکراتی و ئەحرار و ئیستقلال و... لە عێراق.

۸۹ـ ۱۰ی حوزەیرانی ۱۹٤٥، چالاکیی لقی سەربازیی هیوا، گرووپی ئەفسەرانی ئازاد، بە سەرۆکایەتیی مستەفا.

۹۰ـ هەڵوەشاندنەوەی حیزبی هیوا.

۹۱ـ ئابی ۱۹٤٥، وتووێژی ئەفسەری بەریتانی (میجەر مۆر) لەگەڵ بارزانی.

۹۲ـ ۱۰ی ئابی ۱۹٤٥، ڕاپەڕینی بارزانییەکان ـ پەیوەندیی مەلا مستەفا لەگەڵ ئەدمۆنز نوێنەری لەندەن.

۹۳ـ ۲۱ی ئەیلوولی ۱۹٤٥، وەرگیرانی عێراق لە نەتەوەیەکگرتووەکان.

۹٤ـ هێرشی هێزی ئاسمانیی بەریتانیا بۆ سەر بارزانی.

۹٥ـ ۱۳ی تشرینی یەکەمی ۱۹٤٥، ڕاگەیاندنی فەرمیی حکومەت سەبارەت بە هەڵاتنی بارزانی بۆ ئێران.

۹٦ـ کانوونی یەکەمی ۱۹٤٥، کۆبوونەوەی قازی محەمەد لەگەڵ باقرۆف لە باکۆ.

۹۷ـ ۱۹٤٦، دەستپێکردنی جەنگی سارد لە ئاستی جیهانیدا.

۹۸ـ ۲۲ی کانوونی دووەمی ۱۹٤٦، ڕاگەیاندنی کۆماری مەهاباد.

۹۹ـ کانوونی دووەمی ۱۹٤٦، پشتگیریی سەربازیی ئەمەریکا و چین.

۱۰۰ـ ۲۹ی کانوونی دووەمی ۱۹٤٦، ناردنی یاداشتێک لە لایەن ڕزگارییەوە بۆ باڵیۆزخانە و وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا.

۱۰۱ـ کۆبوونەوەی قەدری جەمیل پاشا ـ خۆیبوون، تورکیا ـ لەگەڵ قازی محەمەد.

هەوالنامەی کێتب

١٠٢ـ ١٩ی شووباتی ١٩٤٦، سەفەری ئەحمەد قەوام بۆ ڕووسیا.

١٠٣ـ ٤ی نیسانی ١٩٤٦، ڕێكەوتنامەی نەوتی لە نێوان ئێران و ڕووسیا.

١٠٤ـ ناردنی یاداشنامەیەك لە لایەن ڕزگارییەوە بۆ نەتەوەیەكگرتووەكان.

١٠٥ـ ٢٠ی ئایاری ١٩٤٦، چوونەدەرەوەی سۆڤیەت لە ئێران.

١٠٦ـ تەموزی ١٩٤٦، مانگرتنی ٥٠٠٠ كرێكاری شەریكەی نەوتی كەركووك لە عێراق.

١٠٧ـ ١٦ی ئابی ١٩٤٦، كۆنگرەی یەكەمی پارتی ـ دامەزرانی پارتی دیموكراتی كورد.

١٠٨ـ ڕاگەیاندنی سەرۆكایەتیی مەلا مستەفا و سكرتێری گشتیی هەمزە عەبدوللا ـ بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی ڕزگاری.

١٠٩ـ دامەزراندنی ئەنجومەنی قوتابیان (KPX) و پەیوەستبوونی تاڵەبانی پێیەوە.

١١٠ـ سەردانی جێگری بەشی سەربازیی باڵیۆزخانەی ئەمەریكا لە تاران، بۆ مەهاباد و بینینی قازی محەمەد.

١١١ـ ١٧ی ئەیلوولی ١٩٤٦، بەیاننامەی پارتی و واژۆی مەلا مستەفا بۆ بانگەوازی خەڵك بۆ بەرخۆدان.

١١٢ـ سەردانی قەوام سەلتەنە بۆ لای قازی موحەمەد.

١١٣ـ ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦، هێرشی سەربازیی ئێران بۆ سەر كۆماری ئازەربایجان و كوردستان.

١١٤ـ ١٢ی كانوونی یەكەمی ١٩٤٦، چوونی سەربازی ئێران بۆ ناو شاری تەبرێز.

١١٥ـ ١٧ی كانوونی یەكەمی ١٩٤٦، پێشوازیی قازی موحەمەد لە سەربازی ئێران ـ ڕووخانی كۆماری مەهاباد.

١١٦ـ كۆتایی ١٩٤٦، دەستپێكردنی چالاكیی ڕادیۆی كوردیی باكۆ.

١١٧ـ ١٥ی كانوونی یەكەمی ١٩٤٦، شەڕی بارزانییەكان دژی سەربازی ئێران لە نەغەدە.

١١٨ـ مارتی ١٩٤٧، دامەزرانی دادگای سەربازیی و گرتنی قازی موحەمەد و سەیفی قازی.

١١٩ـ كۆبوونەوەی هێزە چەكدارەكانی ئێران و عێراق بۆ چارەسەریی كێشەی بارزانییەكان.

١٢٠ـ گەڕانەوەی بارزانییەكان بۆ عێراق.

١٢١ـ ١٤ی مارتی ١٩٤٧، ئامادەیی توركیا و عێراق و ئێران بۆ پاراستنی ئاسایشی سنوورەكانیان.

١٢٢ـ ٣٠ مارتی ١٩٤٧، لەسێدارەدانی قازی محەمەد و سەیفی قازی.

١٢٣ـ دەستگیركردنی شێخ ئەحمەدی بارزان.

١٢٤ـ نیسانی ١٩٤٧، گەڕانەوەی بارزانی و ٥٠٠ چەكدار بۆ سەر سنوور.

١٢٥ـ ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧، بارزانی و تێپەڕبوون لە چەمی ئاراس و ڕێككەوتن بەرەو ڕووسیا.

١٢٦ـ ١٩ی تەموزی ١٩٤٧، لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرەكە لە لایەن حكومەتی سالح جەبر ـ عێراق.

۱۲۷ـ ۱۵ی ئابی ۱۹٤۷، ڕاپەڕینی جەواهیر لال نەهرۆ لە هیندستان.

۱۲۸ـ کۆتایی ۱۹٤۷، ئازادیی ئیبراهیم ئەحمەد و هەندێ لە ئەندامانی پارتی لە بەندیخانە.

۱۲۹ـ کاریگەریی ئیبراهیم ئەحمەد و مەیلی جەلال تاڵەبانی بەرەو ڕووانگەی چەپ.

۱۳۰ـ ۱٤ی نیسانی ۱۹٤۸، کۆنفرانسی سەباع لە بەغدا.

۱۳۱ـ ئاشنایەتیی تاڵەبانی لەگەڵ جەواهیریی شاعیری عەرەب.

۱۳۲ ـ ۱۰ی ئایاری ۱۹٤۸، دامەزراندنی ئیسرائیل.

۱۳۳ـ سەرەتای تشرینی یەکەمی ۱۹٤۹، کۆماری گەلی چین ـ ماو.

۱۳٤ـ ۲۲ی کانوونی یەکەمی ۱۹۵۰، کۆچی دوایی پایەبەرز شاژنی دایک، دایکی فەیسەڵی دووەم لە بەغدا.

۱۳۵ـ ۱۹۵۱، چوونی بۆ ناو ڕیزەکانی پارتی ـ لە کۆیە.

۱۳٦ـ ۲۰ی تەموزی ۱۹۵۱، کۆچی دوایی شا عەبدوڵڵای ئەردەن.

۱۳۷ـ دەستگیرکردنی تاڵەبانی و ڕۆیشتنی بۆ کەرکووک.

۱۳۸ـ ۱۹۵۳، وەرگیرانی تاڵەبانی لە زانکۆی واد ـ ئەندامێتی لە کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە بەغدا.

۱۳۹ـ کانوونی دووەمی ۱۹۵۳، ئەندامێتیی مەکتەبی سیاسی (کۆمیتەی مەرکەزی حیزب).

۱٤۰ـ ۱۹۵۳، مردنی ستالین ـ کاری ڕۆژنامەوانیی تاڵەبانی.

۱٤۱ـ ۱۹۵٤، هەڵبژاردنی تاڵەبانی بە سکرتێری ئەنجومەنی خوێندکارانی زانکۆ.

۱٤۲ـ ۱۹۵۵، پەیمانی وارشۆ لە هیندستان و سەردانی چین.

۱٤۳ـ ۱۹ی تشرینی دووەمی ۱۹۵٦، پێکدادانی ئیسرائیل و میسر، دەستتێوەردانی فەرەنسا و بەریتانیا.

۱٤٤ـ ۲۲ی تشرینی دووەمی ۱۹۵۵، پەیمانی بەغدا.

۱٤۵ـ ۱۹۷۵، سەفەری تاڵەبانی بۆ چین و ڕووسیا و چاوپێکەوتنی بارزانی.

۱٤٦ـ تاڵەبانی لە بەندیخانەی بەغدا.

۱٤۷ـ دامەزرانی ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە.

۱٤۸ـ ۱ی کانوونی دووەمی ۱۹۵۸، قەدەغەکردنی حیزبی کۆمۆنیست لە میسر.

۱٤۹ـ ۱ی شووباتی ۱۹۵۸، ڕاگەیاندنی یەکێتیی سووریا و میسر.

۱۵۰ـ ۲۸ی نیسانی ۱۹۵۸، سەفەری عەبدولناسر بۆ مۆسکۆ.

۱۵۱ـ ۱٤ی تەموزی ۱۹۵۸، کودەتای ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم و کۆژرانی مەلیک فەیسەڵ.

۱۵۲ـ ۱۵ی تەموزی ۱۹۵۸، چوونی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ بەیروت.

۱۵۳ـ سەردانی بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد بۆ لای عەبدولناسر، بەر لە گەڕانەوەی.

١٥٤ـ پشتگریی سەرەكیی ژەنەرالّ عەبدولكەریم قاسم لە مستەفا بارزانی.

١٥٥ـ ٢٧ی ئابی ١٩٥٨، دیداری كوردەكان لەگەلّ قاسم بە سەرۆكایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد.

١٥٦ـ ١١ی ئەیلوولی ١٩٥٨، گەڕانەوەی گەیلانی بۆ عێراق.

١٥٧ـ ١٥ی تشرینی یەكەمی ١٩٥٨، پێدانی مۆڵەتی گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق.

١٥٨ـ ٣٠ی تشرینی یەكەمی ١٩٥٨، گەیشتنەوەی بارزانی بۆ بەغدا.

١٥٩ـ چالاكیی تالّەبانی و سەرنووسەری رۆژنامەی كوردستان.

١٦٠ـ سەرەتای دەستپێكردنی لەسێدارەدانی شۆڕشگێڕان و لەناوبردنی نەیاران.

١٦١ـ كۆنترۆڵی هۆزەكان لە لایەن مەلا مستەفاوە.

١٦٢ـ كۆبوونەوەی میشێل عەفلەق و ئیبراهیم ئەحمەد.

١٦٣ـ ٥ی مارتی ١٩٥٩، ڕێكەوتنامەی سەربازیی نێوان ئێران و ئەمەریكا.

١٦٤ـ ١٩٥٩، تەواوكردنی خوێندنی تالّەبانی لە زانستگای داد و سەربازیی.

١٦٥ـ تالّەبانی، وەرگێڕی مەلا مستەفا بارزانی ـ پارێزەری دادگا.

١٦٦ـ مارتی ١٩٥٩، پەیوەندیی ژەنەرالّ عەبدولكەریم قاسم لەگەلّ هۆزەكانی هەركی و سوورچی، دژی بارزانی.

١٦٧ـ ٨ی مارتی ١٩٥٩، كودەتای شەواف لە موسڵ.

١٦٨ـ نیسانی ١٩٥٩، ڕاپەڕینی برادۆست و پشدەرییەكان.

١٦٩ـ ١٦ی نیسانی ١٩٥٩، گەڕانەوەی بنەماڵەی بارزانییەكان لە مسكۆوە بۆ بەندەری بەسرە.

١٧٠ـ ٢٦ی تەمووزی ١٩٥٩، كودەتای كوبا.

١٧١ـ تەمووزی ١٩٥٩، كۆبوونەوەی چەپەكان لە كەركووك.

١٧٢ـ ١٩٥٩، چاكسازی و دابەشكردنی زەوی.

١٧٣ـ تشرینی یەكەمی ١٩٥٩، كۆنگرەی چواری پارتی و درەكردنی هەمزە عەبدوللاّ و دانانی ئیبراهیم ئەحمەد.

١٧٤ـ ٧ی تشرینی یەكەمی ١٩٥٩، پیلانی تەقەكردن لە عەبدولكەریم قاسم بە بەشداریی سەدام حسێن.

١٧٥ـ سەردانی ئەمانوللاّخانی ئەردەلاّن بۆ لای قاسم لە نەخۆشخانە، وەك نوێنەری ئێران.

١٧٦ـ ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠، سەفەری بارزانی بۆ مسكۆ.

١٧٧ـ ١٩٦٠ بولگاریا.

١٧٨ـ جیاوازیی ڕووانگەی تالّەبانی و بارزانی بۆ كرملین و ڕووسیا.

١٧٩ـ ١٩٦١، یارمەتیدانی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ڕێكخستنی هێزی پێشمەرگە.

كتێبخانەی گەلاوێژ

۱۸۰- شووباتی ۱۹٦۱، شەقلاوە، تیرۆری میران و گرتنی ئیبراهیم ئەحمەد.

۱۸۱- سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان تاڵەبانی و قاسم و داخستنی ڕۆژنامەی خەبات.

۱۸۲- ۱۳ی کانوونی دووەمی ۱۹٦۱، گەڕانەوەی بارزانی بۆ بەغدا.

۱۸۳- ۲۰ی کانوونی دووەمی ۱۹٦۱، هەڵبژاردنی کەنەدی بە سەرۆکی ئەمریکا.

۱۸٤- ٤ی ئازاری ۱۹٦۱، بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان.

۱۸۵- ۲۱ی ئازاری ۱۹٦۱، بەشداریی باڵیۆزی ئێران لە ئاهەنگی نەورۆزی پارتی.

۱۸٦- ۱۱ی ئەیلوول ۱۹٦۱، ڕاپەڕینی بێ بەرنامەی کوردەکان دژی قاسم.

۱۸۷- پەیوەندیی مەلا مستەفا بە نامە و نووسراو لەگەڵ لەندەن، بۆ سەودا لەگەڵ ئەو وڵاتە.

۱۸۸- بێ باوەڕیی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق بە پارتی.

۱۸۹- ۱۹٦۲ هەڵاتنی ئەفسەرانی کورد لە سوپا.

۱۹۰- پەیدابوونی جاشی لایەنگری حکومەت.

۱۹۱- کانوونی یەکەمی ۱۹٦۲ و کانوونی دووەمی ۱۹٦۳، یاداشتی تاڵەبانی بۆ ناسیۆنالیستەکان.

۱۹۲- کانوونی دووەمی ۱۹٦۳، پەیامی ناسر و بن بیللا بۆ بارزانی و ئاشتی لەگەڵ حکومەت.

۱۹۳- ۸ی شووباتی ۱۹٦۳، کودەتای عارف.

۱۹٤- ۹ی شووباتی ۱۹٦۳، گوللەبارانکردنی قاسم.

۱۹۵- ۲۱ی شووباتی ۱۹٦۳، گەشتی میسر وەک نوێنەری دیپلۆماتی بارزانی.

۱۹٦- دیداری تاڵەبانی لەگەڵ شا حسێن و بن بیللا.

۱۹۷- نیسانی ۱۹٦۳، ڕێکەوتنی عێراق - میسر - سووریا.

۱۹۸- ۱۷ی نیسانی ۱۹٦۳، ڕاگەیاندنی داخوازییەکانی کورد لە حکومەت.

۱۹۹- ۹ی حوزەیرانی ۱۹٦۳، دەستپێکردنی جەنگ.

۲۰۰- ۱۸ی حوزەیرانی ۱۹٦۳، تەقینەوەی بۆرییە نەوتییەکانی کەرکوک.

۲۰۱- ۲ی تەمووزی ۱۹٦۳، پشتگیریی وڵاتی مەنگۆلیا لە کوردەکان.

۲۰۲- ئەیلوولی ۱۹٦۳، کاولکردنی سەدان گوندی کوردستان.

۲۰۳- سەفەری تاڵەبانی بۆ پاریس و کۆنفرانسی هەوالّی.

۲۰٤- گفتوگۆی تاڵەبانی لەگەڵ لۆمۆند و ئۆمانیتە.

۲۰۵- پێشنیازی پێکهێنانی کۆماری فیدرالّی عەرەب.

۲۰٦- کۆبوونەوەی کۆیە، ئامادەیی بۆ وتووێژ لەگەڵ بەغدا.

۲۰۷- ڕۆڵی ساواکی ئێران و سەرهەنگ عیسا پژمان.

۲۰۸- بارزانی و هەڕەشەی ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم سەبارەت بە شەڕی چەکداری.

هەولێر کتێب

٢٠٩ـ حوزەيرانى ١٩٦٣، بانگكردنى شێخ ئەحمەد بۆ بەغدا.

٢١٠ـ دژايەتيى تالەبانى و ئيبراهيم ئەحمەد لەگەڵ بارزانى.

٢١١ـ سەفەرى تالەبانى بۆ ميسر و جەزائير.

٢١٢ـ پەيوەندى و ديمانە لەگەڵ شا حسێن لە ئوردن و جەمال عەبدولناسر لە ميسر.

٢١٣ـ كارتێكردن و نموونە وەرگرتن لە جەمال عەبدولناسر.

٢١٤ـ ١٨ى تشرينى دووەمى ١٩٦٣، هەڵوەشاندنەوەى حكومەتى بەعس.

٢١٥ـ ١٤ى كانوونى دووەمى ١٩٦٤، كۆنفرانسى ئەعراب لە قاهيرە.

٢١٦ـ ١٠ى كانوونى دووەمى ١٩٦٤، راگەياندنى رێككەوتنى بارزانى و حكومەتى بەعس.

٢١٧ـ ٢٨ى شووبات، بەشدارى لە كۆنفرانس و بەدگومانيى بارزانى.

٢١٨ـ ئاشتەوايى بارزانى لەگەڵ عارف و دژايەتى ئيبراهيم ئەحمەد و جەلال تالەبانى.

٢١٩ـ ئازارى ١٩٦٤، رێكەوتننامەى ماوەت.

٢٢٠ـ تەمووزى ١٩٦٤، بانگهێشتى عەباس مامەند ئاغاى ئاكۆ لە ڕانيە.

٢٢١ـ ٤ى نيسانى ١٩٦٤، راگەياندنى مەكتەبى سياسى لە ماوەت.

٢٢٢ـ ١٤ى نيسانى ١٩٦٤، راگەياندنى حيزبى كۆمۆنيست و پێويستيى ئۆتۆنۆمى بۆ كوردەكان.

٢٢٣ـ ١٩ى نيسانى ١٩٦٤، بلاوبوونەوەى رێكەوتننامەى ئەلموشير و بارانى.

٢٢٤ـ ١ى تەمووزى ١٩٦٤، ئەنجامدانى كۆنگرەى بارزانى و هەڵوەشاندنەوەى مەكتەبى سياسيى پێشوو.

٢٢٥ـ ٢٤ى ئابى ١٩٦٤، كۆبوونەوەى نوێنەرى عارف لەگەڵ كوردەكان.

٢٢٦ـ سەفەر بۆ هەمەدان و تاران لەگەڵ ئيبراهيم ئەحمەد.

٢٢٧ـ گەشتى نەمسا، بەريتانيا، فەرەنسا، ئەڵمانيا.

٢٢٨ـ جەنگى عارف و بارزانى.

٢٢٩ـ ١١ى تشرينى دووەمى ١٩٦٥، ناردنى نامەى بارزانى بۆ عەبدولناسر و تاهير يەحيا.

٢٣٠ـ نيسانى ١٩٦٥، ناردنى نامەى عەبدولناسر بۆ ئاگريەست.

٢٣١ـ ٤ى نيسانى ١٩٦٥، هێرشى حكومەت بۆ سەر كوردەكان.

٢٣٢ـ ٢٠ى ئايارى ١٩٦٥، كۆنفرانسى خەبەرين لە لەندەن.

٢٣٣ـ ٣ى حوزەيرانى ١٩٦٥، كۆنفرانسى خەبەرين لە ڤيينا.

٢٣٤ـ سەفەرى پاريس و كۆچى دوايى دايكى تالەبانى.

٢٣٥ـ ئابى ١٩٦٥، گەڕانەوە بۆ لاى بارزانى.

٢٣٦ـ ١٩٦٥، فنلەندا، كۆنگرەى هەماهەنگى لەگەڵ ڤێتنام.

۲۳۷ـ پەیوەندیی بارزانی لەگەڵ هۆزەکانی کوردستان.

۲۳۸ـ پایزی ۱۹٦۵، عەبدولڕەحمان بەزاز.

۲۳۹ـ ۲۹ی کانوونی یەکەمی ۱۹٦۵، بۆمبارانی کوردستان.

۲٤۰ـ پایزی ۱۹٦۵، کۆبوونەوەی عارف و بارزانی.

۲٤۱ـ ۲۳ی شووباتی ۱۹٦٦، قەیرانی ناو حیزبی بەعس.

۲٤۲ـ ۱۳ی نیسانی ۱۹٦٦، مردنی عەبدولسەلام عارف.

۲٤۳ـ ۱۹٦٦، سەفەر بۆ تاران.

۲٤٤ـ کانوونی دووەمی ۱۹٦٦، هەوڵی تیرۆرکردنی تاڵەبانی بە سەرپەرشتیی ئیدریس بارزانی.

۲٤۵ـ ۲۸ی کانوونی دووەمی ۱۹٦٦، هەڵاتنی تاڵەبانی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بارزانی.

۲٤٦ـ ۱۹٦٦، دامەزراندنی پەیوەندیی لەگەڵ حکومەت.

۲٤۷ـ شۆڕشی فەرهەنگیی چین.

۲٤۸ـ ۲۹ی حوزەیرانی ۱۹٦٦، ڕاگەیاندنی ئاگربەست.

۲٤۹ـ جیابوونەوەی مەکتەبی سیاسی لە بارزانی و ڕۆیشتنیان بۆ بەغدا.

۲۵۰ـ ئایاری ۱۹٦٦، دووبارە دەستپێکردنەوەی جەنگ.

۲۵۱ـ ۲۳ی ئایاری ۱۹۵۱، تۆپبارانکردنی سنوورەکانی ئێران لە لایەن عێراقەوە.

۲۵۲ـ دەستپێکردنی پەیوەندیی بارزانی و ئیسرائیل.

۲۵۳ـ تێزی پاراستنی سۆسیالیزم لە سمیناری سۆسیالیست لە جەزائیر و بەشداریی تاڵەبانی.

۲۵٤ـ دیمانەی تاڵەبانی و حافز ئەسەد.

■ درێژەی ڕووداوە مێژووییەکان لە بەرگی دووەمدا بڵاودەبێتەوە.

هەوڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

١

لەدایکبوون لە خانەقای شێخ
١٩٣٣-١٩٤٠

شاری کۆیە[١]، سەر بە پارێزگای هەولێرە.[٢] خاوەنی چەندان گردی بەرزە و نزیکە لە شاری هەولێرەوە. بەڵام هەندێ کەس لەو باوەڕەدان کە ناوی ئەم شارە، پێش هاتنی هێزەکانی ئیسلام بۆ ئەو ناوچەیە، لە وشەی (کوشار) وەرگیراوە کە بە واتای (کێو، چیا، کۆسار، کوێستان) یان بە واتای (کۆبوونەوە و لەسەر یەک هەڵچنین و کۆگا) لێکی دەدەنەوە. هەندێ کەسیش وا بۆی دەچن کە ئەم وشەیەلە (کوھ) یان (کوهە)ی فارسی وەرگیراوە، بە مانای (تەپۆلکە، بەرزایی، کۆگا و لووتکەی شاخ) دێت. (کوی) لە زمانی پەهلەویدا بە (گەڕەکێک لە شار، کۆڵان، ڕێگەی پان و بەرین، ڕەوت) ماناکەی لێکدراوەتەوە. کۆیە، یەکێک لە شارەکانی کۆنی کوردەکانە کە بەر لە سلێمانی بە شار ناسراوە.

(تاڵەبان) یاخود (طالبان)[٣]، ناوی گوندێکە کە لە ڕووی ناسناو یان ناوی بنەماڵەوە هەڵبژاردراوە. ئەو گوندە لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بەشێک لە کەرکوک بووە. ڕەنگە پرسیار بکرێت بۆچی ناوی ئەو گوندە لە دوو وشە پێکهاتووە (تاڵ + بان)؟ لە واقیعدا بەشی یەکەمی وشەکە (تاڵ، تاڵوو)، ناوی دارێکە بە زۆریی لەم گوندە دەبیندرێ و لە بەرزاییدایە و بەم بۆنەیەوە، لە زمانی کوردیدا پێی دەڵێن (بەرز، بەرزایی)، کە بە واتای (میچ، سەربان) یان (بەرزترین شوێنی خانوو) دێت[٤].

گرنگیی شاری کۆیە، ڕەنگە زۆرتر بە بۆنەی ناونیشان و مێژووی ئەو شارەوە بێت[٥]. بۆ نموونە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا، میرەکانی بابان و سۆران، تا ساڵەکانی ١٧٣٠ لە شاری کۆیە بەڕێوەبەر بوون و حوکمیان بەدەستەوە بووە. لەو سەردەمەدا لەشکرێک هێزی

چەکداری بنەماڵەی بابان و دواتریش سۆران، پارێزگاریی ئەو ناوچەیان کردووە و تەنانەت هەندێ کەس ئەو شارەیان بە ناوەندی دەسەڵاتی کوردیی و لەژێر چاودێریی پاشای بەغدایان زانیوە. هەڵبەت گەلێك جار لەسەر کێشەی دەسەڵاتی زۆرتر لە کۆیە، شەڕ و بەربەرەکانێ لە نێوان میرەکان، وەك بابان، سەری هەڵداوە. بۆ نموونە: موحەمەد پاشای بابان، برای خۆی (ئەحمەد پاشای بابان) کە حاکمی کۆیە بووە، گرتووە. هەروەها لە نێوان بنەماڵەی سۆرانیش، کارەساتی وا ڕوویداوە، تاکو شەڕ دژی میر موحەمەد پاشای ڕەواندز هەڵگیرساوە.

لە کۆیە، سیستمی بەڕێوەبەرایەتی و چەکداریی و دادوەریی، زووتر لە شارەکانی دیکەی کوردستان دامەزراوە و تەنانەت فەرمانگەی گومرگ و دارایی، لەو شارەدا بە خێرایی کراونەتەوە. لە سەرهەڵدانی شەڕی عوسمانی و ڕووسیا لە ساڵی ۱۸۷۷، عوسمانییەکان داوایان لە مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە کرد بۆ بووە کە هێز، یان هۆزی ناوچەییان بۆ دابین بکات، تا بۆ پشتیوانییان سەرباز بنێرێت بۆشداریی شەڕەکە بکەن. هەروەها جەلیزادە لەلایەن عوسمانییەکانەوە بە مەبەستی وتوێژ لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، دەنێردرێ بۆ ئێران، کە ناسرەدین شای قاجارپش ئەنگوستیلە، یان کلکەوانەیەکی خۆیی پێشکەش دەکات. مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە بە هۆی پاڵپشتیی عوسمانییەکانەوە[۶]، دەیتوانی لە بەغدا پلەی فتوادان وەربگرێت، بەڵام هەر لە شاری کۆیە مایەوە.[۷]

شاری کۆیە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا، بە هۆی بوونی قەیسەریی و بازاڕی گەورەوە، ناوچەیەکی بازرگانیی گرنگ بوو. هەروەها بە هۆی مزگەوت و خانەقا و هاتوچۆی خوێندکارە ئایینییە سوننەکانەوە، بووبووە شارێکی پڕ لە سەودا و بازرگانی، کە جاری وا هەبوو لە ڕۆژێکدا پتر لە ۲۰۰ بار کەلوپەل بە ئەسپ و چوارپێ دێکە دەهاتە ناو شار و دەفرۆشرا، یان لەگەڵ شتی تر ئالوگۆڕ دەکرا، وەکوو تووتن و کەتیرە و ئامێری دەستکرد و قوماش و پێستە و پەنیر و گوێز و برنج و چێو و ... هتد، بەرەو بەغدا یان حەڵەب دەگوێزرانەوە. لە شارەکانی سەردەشت و مەهاباد و تەبرێزەوە، کاروانەکان دەهاتن و بازرگانەکانی موسڵ و سلێمانی، لە کۆیە سەودایان دەکرد. گەلێك جار بە هۆی جەنگی

جیهانیی یەکەمەوە دۆخی نالەباری ئابووری چێ دەبوو، بەڵام باج و خەراجیان لە بازرگانەکان وەردەگرت بۆئەوەی قەرەبووی ئەو دۆخە ئابوورییە نالەبارە بکاتەوە. ئەگەر باج نەدرایە بە فەرماندە تورکەکان، وەکوو حەیوان و میوە و ...هتد، لە خان یان ئاغا کوردەکان وەردەگیرا، کە زۆر جار ئەمە دەبووە هۆی بەرهەڵستیی خەڵک و دەرفەتێك بوو بۆ ئاغاکانی ناوچە کە زۆرتر لە جاران خەڵک بچەوسێننەوە. جاری وا هەبوو مالّ و سامانی خەڵکیان بە تاڵان دەبرد و ئەگەر کەسێك بەرهەڵستیی بکردایە، دەیانکوشت. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٠٠ کاروانێکی حاجییە فارسەکانی ئێران لە نزیکی شاری کەرکووك کە ٢٠٠ کەس بوون، کوژران.[٨]

زۆرێك لە خەڵکی شاری کۆیە، لە شەڕەکانی عوسمانیدا کوژراون و بەو هۆیەوە، پیرەمێردەکان ناچار بوون کاری سەخت بکەن. بەرە بەرە بارودۆخی شارەکە تووشی ئاڵۆزی بوو، گرانی و قاتوقڕییەکی سەرسووڕهێنەر هاتە پێشەوە، بەڵام چەند ڕیشسپییەکی خاوەن ناو و دەسەڵاتی وەکوو (حەمە ئاغا)[٩] و (مەلای گەورە)[١٠]، خەڵکیان لە برسێتی و مردنی حەتمی ڕزگار کرد. لەو سەردەمەدا دۆخی ئابووری وەها شێرزە بووبوو کە کابرایەك[٥] کچەکەی گۆڕیبووەوە بە ١٦ کیلۆ گەنم و زۆربەی ژنان دەیانویست بۆ نانێك، شوو بە هەموو کەسێك بکەن. وشکەساڵی وا باڵی ڕەشی بەسەر شارەکەدا کێشابوو، لە کووچە و کۆڵانەکاندا تەرمی خەڵك کەوتبوو کە لە برسێتیدا مردبوون[١١]. دۆخەکە ئەوەندە نالەبار بوو، زۆرێك لە خەڵکی لەتاو برسێتی و خراپیی گوزەرانیان، شاریان بەجێشتبوو[١٢]. عوسمانییەکان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خۆیاندا، بایەخێکی وایان بە کورد نەدەدا، یان دەرفەتی ئەوەیان بە خەڵکی کوردستان نەدەدا کە شوێن خوێندن و نووسین و زانست و فێربوون بکەون. هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کە خەڵك بخەنە ژێر کاری ئەستەم و بیانچەوسێننەوە و خەریکی بەخۆڕایی داگیرکردن و زۆرگیری بوون. بە هیچ شێوەیەك نەیاندەویست خەڵك بەئاگا و وریا بن، لە ئاگابوون و گەشەی بیری خەڵك زۆر دەترسان. تەنانەت بانگەشەیان دەکرد کە چاپ و بڵاوکردنەوەی پەرتووك و کتێب حەرامە و کفرە، بەم شێوەیە خەڵکیان بە دواکەوتوویی و نەزانی هێشتبووەوە. هەتا سەردەمی بوون بە والیی بەغدای، ئەم دۆخە نالەبارە بەردەوام بوو. هەڵبەت ئەو، هەندێ ئاڵوگۆڕی بەدیهێنا و

هەروەها لە سەرەتاوە هەولّیان ئەوە بوو کە بە زۆر خەلّك فێری زمان و ئەدەبی تورکی بکەن. لە لایەکی دیکەوە هەندێ لە مەلاکان و ئاغاکانی کۆیە، بەرانبەر کرانەوەی مەکتەب و خوێندگە و کتێبخانە لەناو شاردا، هەستیان بە مەترسی دەکرد و بە نابەدڵی سەیری ئەم کارەیان دەکرد، چونکە خەلّك لە پەرەپێدانی هەڵیتوپەڵیت و قسەی پڕوپووچ بە ناوی دینەوە و هەوڵدان بۆ گۆڕینی مێشك و بیروڕایان بە دەستی بازرگانانی دین، ئاگادار دەبووبوونەوە، بەوەش بەرژەوەندیی مادیی مەلاکان و ئاغاکان دەکەوتە مەترسییەوە.[۱۳]

زۆربەی فەقێکان بە ناچاری لە مزگەوتەکانی کوردستاندا دەرسیان دەخوێند.[۱۴] لە شاری کۆیە بە دەستووری عەبدوڵڵا پاشای بابان، مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد سازکرا و دەیان کەسی وەکوو (حاجی قادری کۆیی[۱۵] و حاجی عەبدوڵڵا و شێخ ڕەزا تاڵەبانی و... هتد، لەو شارەدا دەستیانکرد بە خوێندن و پەروەردە و فێربوون. یەکێك لە بەناوبانگترین مزگەوتەکانی کۆیە، مزگەوتی حاجی بەکر ئاغا بوو، لە ساڵی ۱۸۴۳ دروسکرا. ئەگەرچی بەشێك لە مەلاکان قورئان و زمانی فارسییان بە خوێندکارەکانیان دەگوتەوە و کەمتر گرنگییان بە زمانی کوردی دەدا و پەیوەست دەبوون پێیەوە. دواتر و لە ساڵی ۱۸۹۶دا، ۱۰ مزگەوتی دیکە لەم شارەدا دروستکران. دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە دانانی بەردی بناغەی یەکەم قوتابخانەی کۆیە، لە ساڵی ۱۸۵۵دا بوو، کە ئەڵبەت نەیارەکان، دوای ماوەیەك، بەرەو داخرانیانب برد. پاشان لە ساڵی ۱۹۰۰دا، قوتابخانەی سەرەتایی لە شاری کۆیە کرایەوە، بەڵام ئەویش دوای ماوەیەك داخرا، بەڵام هەندێ لە خوێندکارەکان کە شەیدا و ئەویندارێ خوێندن بوون، چوونە شارەکانی موسڵ و ئەستەنبوڵ. لە ساڵی ۱۹۰۸وە (مەلا موحەمەدی جەلیزادە) دەستی کرد بە هۆشیارکردنەوەی خەلّك. مەلا موحەمەد وەك کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر، یان خاوەن بیرێکی کراوە و نوێخواز، دژایەتیی بیروباوەڕی دواکەوتوو و وشکی شێخەکانی دەکرد. لە نیوەڕۆی ۱۵ی تشرینی دووەمی ساڵی ۱۹۱۸دا، شێخ مەحموودی بەرزنجەیی[۱۶]، مانگێك پێش هاتنی ئینگلیزەکان بۆ شاری کۆیە، حکومەتی کوردیی لە سلێمانی[۱۷] پێکهێنا و پەیامی بۆ هەموو هۆز و سەرۆك هۆز و کەسایەتییە کوردییەکان نارد و داوای کرد پشتگیریی لێ بکەن. لە کۆیە، عوبەیدوڵڵا ئاغای حەوێزی ئەو پەیامەی وەرگرت.

دوای شکستی عوسمانییەکان، بەریتانیا بە تەواویی دەستی گرت بەسەر ویلایەتی کوردستان لە عێراقدا. شاری کۆیەیش بە هۆی هێرش و پەلاماری ئینگلیزەکانەوە، سەرلەنوێ شێوا و ئاڵۆز بوو و گرانییەکی زۆر گەورە بەسەر ئەو شارەدا سەپابوو. لەم ناوەناوەدا سوپای عوسمانی تێکشکابوو و شاری کۆیە شڵەژابوو و ئاسایش و ئەمنییەت بە تەواوی نەمابوو. تەنانەت شەڕێکی خوێناوی لە نێوان هۆزی بلّباس و عەشیرەتی عەبدوڵڵا ئاغای حەوێزی ڕووی دا. لەم بارودۆخەدا بوو کە ئینگلیزەکان هاتنە ناو شاری کۆیە و خەڵک بەهۆی ئەو دۆخە نالەبارەوە کە تەنگی پێ هەڵچنیبوون، لە عوسمانییەکان بێزار بوون، چوون بۆ پێشوازی کردن لە سوپای بەریتانیا. کاپیتان (های) لە بارودۆخی خەڵکەکە ئاگادار بوو و لە ١٥ کانوونی یەکەمی ١٩١٨دا گەیشتە ناو شاری کۆیە و مەلا موحەمەدی جەلیزادە بە ناوی خەڵکەوە بەخێرهاتنی لێ کرد. جەماوەری شارەکە بە هاتنی ئینگلیزەکان خۆشحاڵ و ڕەزامەند دەهاتنە بەر چاو، چونکە لە ڕووانگەی ئەوانەوە، بارودۆخەکە باشتر لە سەردەمی عوسمانییەکان بوو. خەڵک بە کاپیتانیان دەگوت: "ئەگەر مانگێک درەنگتر بهاتیتایە، هەموو شارمان چۆڵ دەکرد و هەزاران کەسیش لە برسێتیدا دەمردن".[١٨]

بەڵام دواتر، ساڵی ١٩٢٠ بوو کە ئینگلیزەکان بۆ ماوەیەک شاری کۆیەیان چۆڵ کرد و ئیدی لەو شارەدا تا ماوەیەک، کەسێک بە ناوی میر یان حاکمەوە نەبوو. هەندێک لە جەماوەری شارەکە، ئەنجومەنێکیان پێکهێنا و مەلای گەورەیش بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری شارەکە، بەرپرسیارێتیی ئەنجومەنەکەی لەئەستۆ گرت. عەبدوڵڵا ئاغای حەوێزیش ئەندامی ئەنجومەنی شار بوو و وەک کەسێکی جێگەی متمانەی شێخ مەحموود دەهاتە بەرچاو، ڕەنگە بوون بە ئەندامیشی هەوڵێک بووبێت بۆ دوورکەوتنەوەی سوپای بەریتانیا لە شارەکە.

لە حوزەیرانی ١٩٢٢، عەلی شەفیق، فەرماندەیەکی عوسمانیی ناسراو بە ئۆزدەمیر، هاتە ناوچەی ڕەواندز و بە تێکۆشان و چالاکی دژی ئینگلیزەکان، سەودا و کەڵکەڵەی سەرۆکایەتیی کاروباری ویلایەتی موسڵی لە میشکدا بوو. توانیبووی سەرنجی هەندێ لە

کوردەکانیش[۱۹] بەرەو لای خۆی ڕابکێشێ. لە ساڵی ۱۹۲۲دا، گوشاری هێزەکانی ئۆزدەمیر، هێزەکانی بەریتانیای ناچار بە پاشەکشە کرد. ئەمە دۆخێکی دروستکرد کە تورکەکان دیسان بەبێ هێرش بێنەوە سەر شاری کۆیە و خەڵك لە گیرەوکێشەی ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی هێزی بەریتانیا، یان تورك، یان هەر هێزێکی دیکە، ڕەنگی ئۆقرە و ڕامان و ئاسوودەیی نەبینن.

لەڕاستیدا ئینگلیزەکان هێشتا بە تەواوی لە شاری کۆیەدا سەقامگیر نەبووبوون کە بەشێك لە خەڵکەکە بە ئاوات و تاسەی دەوڵەتی ئیسلامی و دەسەڵاتی ئایینییەوە بوون. هەر ئەمە وای کردبوو کە بەشێك لە خەڵکی ساویلکە و نەخوێندەوار و پێداگری کۆیە، پێیان خۆش بێت پشتگیریی عوسمانییەکان بکەن و داوا لە ئۆزدەمیر بکەن هێزی تورك ڕەوانەی کۆیە بکات. ئەم دۆخە نادیار و داپۆشراوە، ئینگلیزەکانی سڵەماندبووەوە و پەشۆکاندبوونی. بە فرۆکە ئاگادارینامەیەکیان بە زمانی فارسی لە ناوچەکە بڵاوکردبووەوە و هەڕەشەی هێرشی چەکداریان لە عوسمانییەکان کردبوو، بەڵام تورکەکان گوێیان نەدایە هەڕەشەی ئینگلیزەکان. بەم بۆنەوە لە ساڵی ۱۹۲۲دا ئینگلیزەکان لەجیاتیی هێرشی چەکداریی دژی تورکەکان، شاری کۆیەیان بە فرۆکە بۆردمان کرد. جەماوەری کۆیە بە ناچاری سەر لە بەیانی کە هێشتا ڕۆژ نەبووبووەوە، شاریان چۆڵ دەکرد و شەوانە دەگەڕانەوە ناو ماڵەکانیان، بەڵام هەندێك جار کە دەهاتنەوە، ئیدی مانڵ نەمابوو و بۆردمان کاولی کردبوو. ئەم بۆردمانە حەوت ڕۆژی خایاند.

لە ۱ی تشرینی یەکەمی ۱۹۲۲، هێرشی ئینگلیزەکان دەستی پێکرد و توانییان تورکەکان و یاخییەکانی شارەکانی کۆیە و قەڵادزێ و ڕانیە ڕاوبنێن، بەم جۆرە جارێکی دیکە ئینگلیزەکان گەڕانەوە ناو شاری کۆیە و دیسان دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت. لەم کات و ساتەدا جەمیل ئاغای حەویزی وەکوو فەرمانداری دادوەریی کۆیە هەڵبژێردرا.[۲۰]

لە ساڵی ۱۹۱۲ (کۆمەڵەی هیڤی[۲۱]) وەك ڕێکخراوێکی سیاسی و ڕۆشنبیریی خوێندکاران و لاوانی کورد، لە ناوەندێکی کشتوکاڵ بە ناوی (خەلق ئالی) لە ئەستەنبوڵ دامەزرا. پاش سەردەمی عوسمانییەکان، کۆیە وردە وردە بوو بە مەکۆی هاتوچوو و چالاکیی

کولتووریی– هونەریی ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی کورد[٢٢]. لە کۆیەدا هەموو جۆرە ئایین و ڕێبازێک[٢٣] هەبوو. دەتوانین بڵێین کە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، جۆرێک لە بۆشایی سیاسی یان کەموکوڕیی سیاسی– بەڕێوبەرایەتیی لە ناوچەدا دروستکرد، بەڵام دەرفەتێک بۆ گەلی کورد ڕەخسا کە بزاڤی ئازادیخوازانە و نیشتمانی یان نەتوایەتیی کورد، گەشەدار بکات و شێخ مەحموودیش بە باشی بەهرەی لەو دەرفەتە وەرگرت. جەماوەری کۆیە بە ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دڵشاد و بەکەیف بوون، بەڵام بە پێچەوانەوە، هەر لەو کاتەدا دژ بوون بە دامەزراندنی حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢٠دا، خوازیاری ئەوە بوون کە کوردەکان بە پێی پەیماننامەی (سێڤر) سەربەخۆ بن. ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩٢١دا بە مەبەستی هەڵبژاردنی مەلیک فەیسەڵ، وەک تاکەکەس لەناو هەڵبژاردندا، دەنگدان و ڕاپرسییەکیان ساز کرد تاکوو سەنگی ئەم کارەیان قورستر بکەن و ڕەوایی بدەن بە مەلیک، بەڵام خەڵکی کۆیە نەیاری مەلیک فەیسەڵ بوون و خەڵکی سلێمانیش لەو دەنگدان و ڕاپرسییەدا بەشداریان نەکرد. زۆربەی جەماوەر خوازیاری دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیی بوون. تەنانەت مەلای گەورەیش لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئەفسەرەکانی بەریتانیا، واتە لە هاوینی ١٩٢٠، ئەم قسەیەی هێنایە ئاراوە و لە نامەیەکیشدا دیسان تیشکی خستە سەر ئەو مەبەستە. هەندێ لە سەرۆک هۆزەکانی کوردستان، بە پێچەوانەی ئەوەوە، پاڵپشتی مەلیک و حکومەت بوون و لەئاکامدا فەیسەڵ، بوو بە شای عێراق، بەڵام بە ڕەگەز عێراقی نەبوو. ئەڵبەت لە مێژووی هاوچەرخدا، لە هەندێک لە ناوچەکان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو مەوزوعە دووپاتکرایەوە و دەگوترا کەسێکی ناشارەزا، یان بێ بناغەیان لەسەر کورسیی سەرۆکی داناوە کە وڵات بەڕێوەببات![٢٤]

هەرچەندە هاتنی مەلیک فەیسەڵ بۆ سەر کورسیی دەسەڵات لە ساڵی ١٩٢١دا، بوو بە هۆی ئەوەی شیعەکانی عێراق بکەونە ژێر ڕکێفی بنەماڵەی هاشمی سوننە کە لە بنەڕەتدا خەڵکی مەککە بوون، بەڵام مەلیک خۆی، سیاسەتێکی هێمنانە و نەرمی بەرانبەر بە ئەوان هەبوو، لە تەواوی کابینە و دەوڵەتەکانی خۆیدا، شوێنی تایبەتی بۆ تەرخان کردبوون، کە بەشدار بن لە دەسەڵاتدا. موحەمەد ئەلسەدر، فازڵ جەمالی و سالح جەبر، کە کاتی خۆی سەرۆک

وەزیرانی عێراق بوون، هەموویان شیعە بوون. هاوکات لەگەڵ ئەو بەشداربیە بالاّ و بەرینە، شیعەکان لە سەردەمی دەسەلاّتی سوننەکان، لەناو حکومەتدا، وەکوو سەردەمی نووری سەعید و نائیب ئەلسەلتەنەی عەبدوللاّ، تا ئینقلابی ۱۹۵۸ی عەبدولکەریم قاسم، لە سیاسەتەکانی ناوخۆی عێراقدا، لە پەراوێزدا بوون. شیعەکان لە سوپای عێراقیشدا و لە کودەتا جۆراوجۆرەکاندا، دژی کاربەدەستانی سڤیل، ڕۆڵێکی وایان نەبوو.

بەریتانیا و عێراق، لە کۆتا ڕۆژەکانی ساڵی ۱۹۲۲، واتە ۲۲ی کانوونی یەکەم، دانیان بەوەدا نا کە گەلی کورد بۆی هەیە لە سنووورەکانی عێراقدا، دەوڵەتی سەربەخۆ پێکبهێنێت. خەڵکی کۆیەش بەم هەڵوێستە ڕەزامەند بوون و حاجی قادری کۆیی، شاعیری نەتەوەیی کورد، لە پەرەپێدانی ئەم ئایدۆلۆژیا و بیرە نەتەوایەتی و نیشتمانییەدا، دەورێکی بەرچاوی هەبوو، هەروەها مەلا موحەمەد جەلیزادەیش لەم مەبەستەدا کاریگەریی زۆری هەبوو. یەکەم نیشانەی دژایەتی بەرانبەر سیاسەتی تورکەکان، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران[۲۵] لە ساڵی ۱۹۲۵دا بوو، کە هەڵسانەوەیەک بوو دژی دەوڵەتی سێکولاری تورک. شێخ لە بانگەوازێکدا داوای لە هەموو موسڵمانە تورکەکان کرد کە بۆ هێنانەوەی سیستمی خەلافەتی بۆ ناو حکومەت، یارمەتیی بدەن و لەم جولاّنەوە و ڕاپەڕینەدا بەشدار بن.[۲۶] هەرچەندە تورکەکان و ئینگلیزەکان، سوودیان لە هۆزەکانی کورد، بۆ جولاّندنی ناکۆکی و دروستکردنی نائارامی لە ناوچە کوردییەکاندا، وەردەگرت. مەلاکان (یان پیرەکان)ی ئەو ناوچەیە، بۆ ڕاپەڕین دژی هێزەکانی ناوچەکە، ژمارەیەک لە کوردەکانیان ئامادە دەکرد. یەکەمین شێوەی ئەوە لە مانگی ئایاری ۱۹۱۹دا لە ناوچەی باشووری کوردستان دەرکەوت، کە لەژێر دەسەلاّتی بەریتانیادا بوو، ئەویش جاڕدان بوو بۆ جەنگ. شێخ مەحموود، کەمێک بەر لەوەی وەک حاکم و والیی سلێمانی هەڵبژێردرێت، فەرمانی دەستگیرکردنی دیبلۆمات و ئەفسەرە سەربازییەکانی ئینگلیزی دەرکرد و بە هاوکاری هۆزە ئێرانییەکانی لایەنگری، دوای ئەوەی ناوچەکەی کۆنترۆڵ کرد، شێوە حکومەتێکی سەربازیی دامەزراند و خۆی ناونا شای کوردستان. هۆزە ئێرانی و عێراقییەکانی لایەنگری[۲۷] ئەو، وەک: هەمەوەند، بەسەرپەرشتیی کەریمی فەتاح بەگ، بەشێک لە جافەکانی جەباری و هۆزی شوان و ...

هتد، هاوکارییان کرد، تاکو ئەو، وەك کەسایەتییەکی سەرکەوتوو لە دژایەتیکردنی ئینگلیز بێتە پێشەوە.[٢٨]

سەرئەنجام، شێخ مەحموود لە دەربەندی بازیان[٢٩]، لە ناوچەی سلێمانی، لە حوزەیرانی ١٩١٩دا، دەستگیرکرا و دوورخرایەوە بۆ هیندستان. بەڵام لە ساڵی ١٩٢٢ کە گەڕایەوە بۆ کوردستان، ڕۆحییەتی دژەئینگلیزی[٣٠] لە خۆیدا پاراستبوو. بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەوە، شێخ سەعیدی پیران دەیزانی کە چی دەوێت و سەرباری بوونی بەرنامەیەکی شیاو و عەمەلی بۆ بەجێهێنانی داواکانی خۆی، لێهاتوویی قەناعەتپێکردنی خەڵکی تری هەبوو، کە کۆمەڵە ئامادەگییەك و خاڵی چاك بوون، بەڵام مەرجی تەواو نەبوون. ئەویش وەك ساڵەکانی سەرەتای چالاکییەکانی شێخ مەحموود، داوای یەکگرتنی کوردە موسڵمانەکانی دەکرد. شێخ سەعید، لە کانوونی دووەمی ١٩٢٥، سیکۆلاریزمی لە سیاسەتەکانی کەمالیستیدا ڕەتکردەوە و مەحکومی کرد، بە ڕەتکراوەی حیساب کرد و خۆی بە ئەمیری موجاهیدان[٣١] دانا. ١٥ تا ٢٠ هەزار کوردی لەژێر ڕەچەمی خۆیدا کۆکردەوە. هەرچەندە لە ساڵی ١٩١٩ ـ ١٩٢٠ لە سەرەتاترین ساڵەکانی کەمالیستەکان، شیعە تورکمانەکان پشتیوانی لە بزووتنەوەی مستەفا کەمال دەکەن، لە دوای چەندان ساڵ لە ستەم و سەرکەوتکردنی سوڵتانە سوننەکان، بەرەو بزووتنەوە نامەزهەبییەکان ڕاکێشران، کە پەیمانی دادپەروەرییان بەوان دەدا، کوردە شیعەکان لە بەشداریکردنی شەڕ لە دژی ڕووسەکان ڕێگرییان کرد و لە ساڵی ١٩٢١، بە ئومێدی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، دەستیان بە ڕاپەڕین کرد، بەڵام کوردە سوننییەکان لە شوێنی خۆیان نەجوڵان. ئەم دژبەیەکییە لە ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدیش لە ساڵی ١٩٢٥دا بەرچاو دەکەوێت. هۆزە کوردە شیعەکان باوەڕیان وابوو کە بزووتنەوەی ناوبراو، سوننی مەزهەبە و لە خزمەتی سوڵتان و خەلیفەدایە و لە عوسمانییەکان بەجێماوە و ڕقیان لێی بوو. هەندێ لە هۆزەکانی کورد، تا ئەوەندە چوونە پێشەوە، کە لە پشتەوە هێرشیان کردە سەر هێزەکەی شێخ سەعید. لە بەرانبەردا لە ساڵی ١٩٣٧، هۆزە کوردە سوننییەکان، لە ڕاپەڕینی سەید ڕەزا لە بەشی شیعەنشین، بەشداریان نەکرد و ئەم ڕاپەڕینە بە تووندوتیژییەکی سەرسوڕهێنەرانە لە لایەن تورکەکانەوە سەرکوت کرا، ئیتر کوردەکانی

تورکیا تاکو ۵۰ سالّ دوای ئەوە دەستیان بۆ چەک نەبرد. حکومەتی کەمال ئەتاتورک راپەڕینەکەی شێخ سەعیدی لە ۱۵ی نیسان سەرکوت کرد. ناوبراو هەرچەندە هەوڵی دەدا ڕابکات بۆ ئێران، بەڵام بەخت یاوەری نەبوو و لە ۲۷ی نیسان دەستگیر کرا و لە ۲۹ی حوزەیرانی هەمان ساڵدا لە سێدارە درا. تا ئێستا دەرنەکەوتووە کە ئایا لە لایەن هێزەکانی ئەمنییەتی ئێرانەوە پەیامێکی وەرگرتووە کە ڕێگای ئەم وڵاتە بگرێتە بەر یان نا، ئایا پەیوەندیی ڕەزاشای پەهلەوی لەگەڵ ئەتاتورک چ چارەنووسێکی تاڵی تری بۆ ئەو دەژمارد.[۳۲]

زۆرینەی کوردەکان لە تشرینی یەکەمی ۱۹۲۷، سەرلەنوێ مەوزوعی سەربەخۆیی کوردستانیان بە دروستکردنی خۆیبوون[۳۵] وروژاند و ئیحسان نووری پاشا[۳۳] وەک سەرکردەی سوپای نەتەوەیی کوردستان[۳۴] ناسرا. لە ساڵی ۱۹۲۷دا، چالاکەکانی کوردی تورکیا، دەیانویست لەگەڵ ئازادیخوازان و ڕێکۆشەرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی پەیوەندییان هەبێت. ئەم کۆبوونەوە بە بەشداریی کەسایەتییە ناسراوەکان و سەرانی هۆزەکانی کوردستان، لە ۲ی تشرینی یەکەمی ۱۹۲۷، لە بیحەمدونی لوبنان، لە ماڵی فاهان پاپازیان (لە سەرۆکەکانی پارتی تاشناقی ئەرمەنی) کرا، کە ئیحسان نووری پاشا و عەلیڕەزا پیرانی کوڕی شێخ سەعیدی پیران، نەیانتوانی لەو کۆبوونەوەدا بەشداریی بکەن، بەڵام پێکهێنانی پارتی (خۆیبوون)یان ڕاگەیاند کرد. بڕیاریان دا کە لەگەڵ کوردەکانی ئێران و عێراق و سووریا، پەیوەندیی دۆستانە دابمەزرێنن و بەرپرسایەتییان دا بە ئیحسان نووری پاشا، وەک سەرکردەی سوپای نەتەوەیی کوردستان، سەرۆکایەتیی گشتیی هێزەکانی ڕاپەڕین لە چیای ئاگری[۳۶] ئارارات[۳۷] بگرێتە ئەستۆ. ئەم کەسانە، لە حوزەیرانی ۱۹۳۰، لە حەڵەب، دیسان کۆبوونەوە، کە ئەگەر شۆڕش لە تورکیا سەرچاوەی گرت، لە سنورەکانی سووریا و تورکیاوە هێرش بکەن و بڕۆنە ناو شۆڕشەوە. بەڵام لەو کۆبوونەوەدا داوا کرا کە لە ئاگری دووربکەونەوە، چونکە لەژێر ئاگری چەکدارەکانی تورکدا بوو. ئەوان بڕیاریان دا کە لە شەوی ۳ لەسەر ٤ی ئابی ۱۹۳۰دا، لە ٦ لاوە هێرش بکەنە سەر سوپای تورک و پلانەکەیان دەسپێبکەن و وڵاتی فەرەنساشیان لەم پلانە ئاگادارکردەوە. سەرانی هۆزە کوردەکان بڕیاری یارمەتی و هاوکارییان دا، بەڵام لە کاتی جێبەجێکردنی پلانەکە، پەشیمانبوونەوە و

وەفایان نەبوو. ئەڵبەت کوردەکانی سووریا هاتن بۆ یارمەتی و ئەرکی خۆیان بەجێ هێنا. جگە لەوەیش، ڕێگەی ئاسنی قیتاریشیان لەناو برد، بەڵام زۆربەی سەرکردە و بەرپرسانی (خۆیبوون)، وەکوو: جەلادەت بەدرخان[٣٨]، ئەکرەم و قەدری جەمیل پاشا و... هتد، گەڕانەوە بۆ سووریا. لەڕاستیدا فەرەنسا بۆ ئەوەی لە سنوور دووریانبخاتەوە، هەموویانی ڕاگوێز کرد بۆ دیمەشق. خۆیبوون بە یارمەتیی بەشێك لە هێزەکانی ناو وڵاتانی ئەوروپا کە کاریگەرییەکی باشیان هەبوو، بواری بۆ تێکۆشانی چەکداریی کوردەکان ڕەخساند، بەڵام فەرەنسا کە دژی تورکەکان و سیاسەتی کەمالیزم بوو، یارمەتیی خۆیبوونی نەدا.

تورکیا، ڕاپەڕینی ئاراراتی بە یارمەتیی ١٠ هەزار کەس لە هێزی چەکدار، لە حوزەیرانی ١٩٣٠دا، دامرکاندەوە و وەزعەکەی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئێران و سووریایش کە سنووری هاوبەشیان لەگەڵ شاخی ئاگری هەبوو، لەم بابەتەدا هاوکاریی تورکیایان کرد. ڕاپەڕینی ئاگری سەری نەگرت و بەرانبەر سوپای تورکیا شکستی هێنا. سەمەری ئەم جوڵانەوەیە، کوژرانی هەزاران کەس کاولبوونی ساددان گوند بوو. ئیحسان نووری پاشایش بەرەو ئێران دەرباز بوو. لە ئێران، لەژێر چاودێریی ئیدارەی (ساواك)دا بوو، بەڵام لەگەڵ زۆربەی تێکۆشەرانی سیاسیی کوردستانی ئێران، کە هەندێکیان دانیشتووی تاران بوون، پەیوەندی و هاتوچۆی هەبوو، کە سارمەدین سادق وەزیری، یەکێك لەوانە بوو.[٣٩]

پاش ڕاپەڕینی ئیحسان نووری پاشا، سیاسەتی تورکیا، سووربوو لەسەر ئەساسی کەمالیزم. لە لایەك دەستی کرد بە دەرکردنی بە کۆمەڵی گوندنشینانی کورد و ڕاگوێزانی شێخ و ئاغا کوردەکان، لە لایەکی ترەوە ڕاکێشانی زۆرەملێی گەنجە کوردەکان بۆ سوپای تورکیا. بەم جۆرە، سێهەمین ڕاپەڕینی کوردستان، لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٢٠، لە لایەن شێخ ڕەزا لە دەرسیم[٤٠] (تونجەلیی کۆن) دەستی پێکرد. تا کۆتایی ساڵی ١٩٣٨ بەردەوام بوو، کە دوایی لە لایەن سوپای تورکیاوە تێکشکێندرا. بەر لە جەنگی جیهانیی دووەم، لە ساڵانی ١٩٢٤ تا ١٩٣٠، هەوڵ و تێکۆشانێك هەبوو کە تورکیا دێمۆکراتیزە بکرێت و سیستمی فرەحیزبی لەو وڵاتەدا دامەزرێ، بەڵام ئەم پلانە دوای ماوەیەك ڕاوەستا و تورکیا تا ناوەڕاستی ساڵانی ٤٠، هەر خاوەنی سیستمی تاکەحیزبی بوو.

كەمال ئەتاتورك لە سالّی ١٩٣٣ لە تورکیا، فەرمانڕەوایی دەکرد و حیزب ملت[٤١] ئیشوکاری سیاسیی خۆی هەبوو. بارزانییەکان چەند بزاڤ و چالاکیی پەرشوبلاّوی چەکدارانەیان هەبوو، کە بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕاپەڕینی عەبدولسەلام بارزانی لە سەردەمی عوسمانییەکاندا و لە سالاّنی ١٩١٣–١٩١٤ و هەر بەو شێوەیە مایەوە. نفوزی شێخەکان لە بارزان، خالّێکی گرنگی سەدەی ١٩یە، کە بە یەکەم شێخی بارزان، تاجەدین بارزانی، دەستپێدەکات. دوای لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە سالّی ١٩١٤ لە لایەن بەرپرسانی تورکەوە، بڕا ١٨ سالاّنەکەی کە ناوی شێخ ئەحمەد بوو، کۆنترۆڵ و بەرپرسیارێتی و دەسەلاّتی سیاسی و مەزهەبیی هۆزەکەی گرتە دەست و لە لاوێتییەوە گەیشت بە پلەی شێخایەتی. ئەو وەها بەرچاو دەکەوت کە سیاسەتێکی نوێی هەیە. لە سالّی ١٩٢٧دا دەیویست پێشنیازی دامەزراوەیەک بکات کە مەسیحییەکان و ئیسلامەکان و یەهودییەکان تێیدا یەکبگرن و پێکهاتەیەکی مەزهەبی لە هەموو خەلّکی کوردستان دروستبکەن. مەلا عەبدولڕەحمان، لە لایەنگرە پێداگر و تونددەکانی ئەو بوو. پلەی خوایەتی و پیرۆزی و ئیلاهیبوونی شێخ ئەحمەدی ڕاگەیاند، گوایە شێخ خوایە و ئەویش پێغەمبەرێتی، بەلاّم عەبدولڕەحمان لە لایەن موحەمەد سدیق بارزانیی برای شێخ ئەحمەدەوە، کوژرا، بەلاّم بەردەوام بڕوای ئەو لەسەر پیرۆزی و ڕبوبیەتی شێخ ئەحمەد، لەناو خەلّکیدا بلاّودەبووەوە، کە دەتوت بۆ پشتپێبەستن لە ویلایەتی گشتیی ڕابەری، بە پیرۆز ڕاگرتنی پیرۆزە تاکو خەلّکی خوراق نەخوێندەواریان بەوە دەترساند، کە کەمترین ڕەخنە، بە سووکایەتیکردن بە خودا وەربگیرێت و سروشتییشە ئەم خالّە یەکێك بێت لە ئامازەکانی دواکەوتوویی هەندێك لە کۆمەلّگاکانی سەدەکانی دوایی.

شێخ ئەحمەدی بارزانی، هیچ کاتێك نەیتوانی یارمەتیی هۆزە کوردەکانی تر، لە بەرانبەر هێزەکانی بەریتانیا و عێراق بەدەستبهێنێ، چونکە ئەو نەیاری پلانەکەی لەندەنی بەهاری سالّی ١٩٣٢ بوو، کە دەیوست مەسیحییە ئاشوورییەکان، کە لە تورکیا دەرکرابوون، یان ئەوێیان چۆلکردبوو، لە ناوچەکانی عەشیرەی بارزان نیشتەجێ بکات.

لە سەرەتای سالّی ١٩٣٠، کە حکومەتی ناوەندی عێراق دەیویست دەسەلاّتی خۆی بەسەر ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان و بارزانداسەپێنێ و پەرەی پێ بدات و بەرەنگاری بارزانییەکان ببێتەوە، راپەڕینی شێخ ئەحمەدی بارزانی[٤٢] دەستی پێکرد. بێگومان مستەفایش، برای گەنجتری ئەحمەد، دەوری هەبوو، بەلاّم شێخ ئەحمەد برای گەورە بوو و سەرۆکایەتیی جوڵانەوەکەی لە ئەستۆ بوو. هەر لە هەمان سالّدا لە سلێمانی، شۆڕشێکی هاوشێوە دەستی پێکرد، کە کوردەکان پێیان دەگوت راپەڕینی ٦ی ئەیلوول[٤٣] و زۆر کەسیش بریندار بوون و کوژران. کاتێک خۆپیشاندانی خەڵک دەستی پێکرد، هێزەکانی بەریتانیا و دەسەلاّتدارانی عێراقیی ئەو سەردەمە، تەقەیان لە خەڵک کرد. ئەو چالاکییانەی خەڵکی سلێمانی، کە بە شەڕی (بەردەرکی سەرا) بەناوبانگە، زۆرتر ئامانجی ئازادی، سەربەستی و سەربەخۆیی کوردستانی دەپێکا. لەو کاتەدا دروشمی وەکوو: برایەتی و دۆستیی عەرەب و کورد، یەکێتیی کرێکارانی کورد و عەرەب، زۆر بە جیدی نەهاتبوونە بەر باس و قسە، ڕەنگە هەر دروشمی وایش لەگۆڕێ نەبووبێت، زیاتر دروشمەکان لەسەر ئازادی و ئۆتۆنۆمیی کوردستان بوون و جوڵانەوەی ڕۆژانەیش لەژێر کاریگەریی ڕاپەڕینەکان و بزووتنەوەکانی پێشووی کوردستاندا بوون. پاشان بیروبۆچوونی پێشکەوتووخواز و چەپ هاتنە گۆڕەپانی سیاسییەوە.[٤٤]

لەو زەمەنەدا ڕێکخراوە سیاسییەکانی خەڵک، شێوازێکی دیکەیان گرتە بەر و کۆتایی هات بە بزووتنەوەکەی بارزان، چونکە لە لایەن حکومەتەوە سەرۆک و کەسایەتییەکانی بارزانی گیران و ڕاگوێزکران بۆ سلێمانی. تەنانەت زەوییەکیان پێدرابوو کە کشتوکاڵ بکەن. لەڕاستیدا وەکوو دیل و ئەسیر وابوون. تا سالّی ١٩٤٣ ئەم دۆخە بەردەوام بوو و پاشان مستەفا بارزانی لە ناڕەزایی و بێ خەبەریی بەرپرسەکانی حکومەت، سوود وەربگرێت و توانی خۆی دەباز بکات و دیسان خۆی بگەیەنێتەوە بارزان. ئەڵبەت ڕاپەڕینەکانی ٦ی ئەیلوولی سلێمانی و شێخ مەحمود[٤٥] و بارزان، کاریگەریی و کاردانەوەیەکی زۆری لەسەر بزواندنی هەستی نەتەوەپەرەستیی جەماوەری شارەکانی کۆیە و هەولێر و ناوچەکانی تری کوردستان هەبوو.

له سالّی ۱۹۳۰دا، ئینگلیزەکان داوایان له کەسایەتی و سەرۆك خێلّەکانی کوردستان کرد که داخوازنامەیەك بنووسن و هەموو خەلّك واژۆی بکەن، له باری سیاسییەوە، خوازیاری ماق ڕەوای خۆیان بن و ناوچەیەکی سەربەخۆ پێکبهێنن. مەبەستی ئینگلیزەکان لەم بەزمە، ئەوە بوو که حکومەتی عێراق بە جیدی چاوترسێن بکەن، که ئەگەر هاتوو بە پەیماننامەی ۱۹۳۰یەوە پابەند نەبێت، ئەوا کێشەی کوردەکانیان لێ قوولّتر و گەورەتر دەکەن.[٤٦]

له سەرەتای مانگی ئەیلوولی ۱۹۳۰، بە بەشداریی شێخ قادر و چەند کەسایەتیی دیکەی ناوچەکانی کوردەواری، له مالّی تۆفیق وەهبی[٤٧] له سلێمانی، کۆبوونەوەیەکیان ڕێکخست و باسی ئەوە هاتە ئاراوە که دەبێت له پەیماننامەی عێراق و لەندەن، باسی کێشەی کورد بکرێ و ڕێگەچارەیەکی دروست و ژیرانەی بۆ بدۆزرێتەوە. له سالّانی ۳۰دا، زۆربەی گەنجە خوێندەوارەکان، بە تایبەت ئەوانەی لە زانکۆی ئەفسەریی و کۆلێژی سەلّتەنەتی دەرچووبوون، چوونە ناو سوپای عێراق. لە نێوان ئەوانیشدا ژمارەیەك ئەفسەری کورد دەبینران. هۆگریی کوردەکان و عێراقییەکان بە سوپاوە لەوەدا بوو که ئەویندارێ پیشەی سەربازیی و پلەی ئەفسەریی بوون. بە تایبەت بوون بە ئەندامی عێراق لە نەتەوەیەکگرتووەکان له سالّی ۱۹۳۲دا، کاردانەوە و هاندانێك بوو بۆ ئەوانە کە لە ژیانی ئاساییدا سەرکەوتووتر بن و باشتر بڕۆنەپێش.[٤٨]

سالّی ۱۹۳۲، کاتێك دەسەلّات و سەربەستی بەریتانیا لە عێراقدا بە شێوەیەکی فەرمی کۆتایی هات، لەئەمری واقیعدا دوای شکستی دەولّەتانی یەکگرتوو بەهۆی قەرارێ بەرپرسانیەوە عێراق کەو تەژێر ڕکێفی بەریتانیا و فەیسەلّی کوڕی شەریفی حوسەین لەلایەن دەولّەتی ئینگلیزەوە بوو بە پاشای عێراق. له کۆتاییدا عێراق بە یارمەتیی لەندەن، سەربەخۆیی گشتیی وەرگرت و بوو بە ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان. بەلّام لەم نێوەندەدا بەشێکی کەمی بیروڕای گشتی خەلّکی عێراق، دلّمەند بوون لەوەی که ولّاتەکەیان هێشتا لە ژێر ڕکێف و دەسەلّاتی بەریتانیادایە. هۆکاری ئەم بۆچوونەشیان ئەوە بوو که کۆمپانیا نەوتییەکانی بەریتانیا هێشتا بە تەواوی دەسەلّاتیان بەسەر نەوتی عێراقدا مابوو و ڕەنگە بندەستیی ئێستای زۆرتر له جاری جاران بووبێت. لەڕاستیدا عێراق له سەرەتاوە، هەبوونی

خـۆی وەکـوو وڵاتێکـی سـەربەخۆ، بـە لێڵـی و گومانـەوە دەسـتپێکرد. هۆکـاری ئـەم دووددڵییەش، کاربەدەستانی ئینگلزیی بـوون، کـە وەکـوو جـاران، پۆسـتە گرنگەکانیان – لەدوای سەربەخۆیی عێراق – یش، هەر بەدەستەوە بوو. هێشتا ئەفسەرانی بەریتانیا فێرگە سەربازییەکانیان لە عێراق بەڕێوەدەبرد و کۆنترۆڵی کۆمپانیـا نەوتییـەکانی (حەبانیـە[٤٩] و شوعەیبە[٥٠]) یان بە دەستەوە بوو. کۆمپانیاکانی ئینگلیز لـە زۆربـەی بەشـە ئابووریـیـەکانی عێراقدا خاوەنی دەسـەڵات بـوون و کاریگـەرییان لەسـەر شـا و وەزیرەکـانیش هـەر وەکـوو جاری جاران بەردەوام بوو. ڕێکخراوە گرنگەکانی حکومەت، وەکوو ئامێرێك، لـەژێر دەسـتی خاوەنانی دەسەڵات و دەوروبەرەکانیاندا بـوون. ئـەم مەبەسـتە کاتێـك ئاشـکرا بـوو کـە لـە ماوەی سالانی ١٩٣٢ تا ١٩٤١، ژمارەی ئەندامانی سوپای عێراق لە ١٢٠٠٠ کەسـەوە گەیشتە ٤٣٠٠٠ کەس. کاربەدەستانی سەربازیی، یاریزانانی ڕاسـتەقینەی نـاو گۆڕەپـانی سیاسـەتی عێراق بوون.[٥١]

عێراق، وەکو وڵاتێکـی تازەدامـەزراو و تازەدروسـتکراو، جیاوازییـەکی زۆری لەگـەڵ ئێـران و تورکیا هەبوو، تەنانەت لە کێشەی کوردەکانیشدا، ژمـاری کـوردی عێراقـی زیـاتر لـە ئـەوان بوون. لە لایەکەوە زۆرینەی عەرەبەکانی عێـراق شـیعە بـوون و زۆربـەی کوردەکـانی عێـراق سوننە بوون و ئەمیر فەیسەڵ و دامودەزگای حکومەتیش سوننە بوون، کەوایە بـۆ کـۆنترۆڵ و پاراستنی هاوسەنگیی نێوان شیعە و سوننە لە عێراقدا، بوونی کوردەکـان پێویسـت بـوو. کوردەکـان دوای سـاڵی ١٩٣١، بـە کەمبوونـەوەی دەسـەڵاتی بـەریتانیا، هێـشتا خوازیـاری پاراستنی ماف کورد بوون. ئـەم هۆکـارە بـۆ کوردەکـانی عێـراق، وەکـوو دەرفـەتێکی بـاش ڕەخسابوو، بەڵام بۆ کوردەکانی ئێران و تورکیا، هەڵێکی وا پێش نەهاتبوو کـە بیقۆزنـەوە. بەم شێوەیە کوردەکانی عێراق، هـەر لـە سـەرەتاوە هەندێ مـاف ڕۆشـنبیری و کولتـووریی وەکوو (ڕۆژنامە، خوێندن، نووسین بە زمـانی کـوردی، دادگـا، دامودەزگـای دەوڵـەت، مـاف ئەندامێتی لە پەرلەمان و وەزارەت و پۆسته گرنگەکانی حکومەت)یان بەدەستهێنا، بەڵام لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، واتە لە تورکیا و ئێران و سووریا، لـەو سـەردەمەدا، شـتێکی ئەوتۆ نەبوو.[٥٢]

مەلیك فەیسەڵ خوازیاری پەیوەندیی باش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا بوو. پاش ناردنی چەند تەلەگراف لە نێوان ئەو و شای ئێران، لە ۲۲ی نیسانی ۱۹۳۲ چوو بۆ تاران، تا سەبارەت بە کێشەی ئەروەندروود یان شەتولعەرەب، یەك بکەون. لە ڕۆژی ۲ی مانگی ئایاری ۱۹۳۲، بەیاننامەی فەرمیی هەر دوو وڵات، لە تاران و بەغدا بڵاوبووەوە و بڕیار درا لە بەهاری ساڵی دواتر، ڕەزاشای ئێران، سەردانی وڵاتی پاشایەتیی عێراق بکات، بەڵام بە هۆی مردنی مەلیك فەیسەڵەوە[۵۳]، ئەم سەردانەی شا سەری نەگرت. پاش مردنی ئەو، ڕووداوی زۆر لە سنوورەکانی هەر دوو وڵاتدا سەری هەڵدا. لە ۲۹ ی تشرینی دووەمی ۱۹۳٤، دەوڵەتی عێراق ئەو ڕووداوانەی سەر سنووری کردە بیانوویەك و لە نەتەوەیەکگرتووەکان سکاڵای لەسەر ئێران تومار کرد.[۵٤]

هەڵبەت مەلیك فەیسەڵ لە سەردانەکەی بۆ تاران، سەبارەت بە دەسەڵاتی هاوبەشی هەر دوو لایەن لە ئەروەندروود (شەتولعەرەب)، بەڵێنی یارمەتیی دا، بەڵام دوایی بە سەرهەڵدانی جەنگی جیهانیی دووەم و پاشان لاچوونی ڕەزاشا لە سەڵتەنەت، جارێکی تر دۆزینەوەی چارەسر بۆ کێشەی ئەروەندروود پەکی کەوت. ئەڵبەت لەو ماوەیەدا ئێران خوازیاری ئەوە بوو کە ئەم کێشەیە بچێتە دادگای نێونەتەوەیی لاهای، ڕاسپاردەی دادگای لاهایش ئەوە بوو کە ئەوان باوەڕیان وایە باشترە ئەم کێشە سنوورییە بە هێمنی چارەسەر بکرێت.[۵۵]

لە نێوان جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەمدا، زیاتر لە ۸ ڕاپەڕینی جۆراوجۆر و جیاواز و پەرشوبڵاو، لە هەر چوار پارچەی کوردستان ڕووی دا. شێخ مەحموود لە سلێمانی (۱۹۱۹–۱۹۳۲)، سمکۆ (۱۹۲۰–۱۹۳۰)، شێخ سەعیدی پیران لە توکیا (۱۹۲۵)، ئاگری داخ (۱۹۳٤–۱۹٤٦)، شێخ ئەحمەدی بارزانی (۱۹۳۱–۱۹۳٤)، جەعفەر سوڵتان (۱۹۳۱–۱۹۳۲)، کوردەکانی دیاربەکر (۱۹۳٤)، کوردەکانی دەرسیم (۱۹۳۷). لە ئێراندا ڕەنگە شۆڕشی سمکۆ لە هەموویان بەرچاوتر بێ، کە سمکۆ شانبەشانی هێزەکانی ڕووسیا، تورکەکانی لە کوردستان ڕاونا. دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر و چوونە دەرەوەی سوپای ڕووسیا لە ئێران، چەکێکی زۆر بۆ کوردەکان بەجێما و هێزە چەکدارەکانی دەوڵەت، توانا و دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان لە کوردستاندا نەبوو و سمکۆ ڕێبەرایەتیی بە دەستەوە بوو. کۆتایی و نەبوونی

دەسەڵاتی ڕووسیا، بووبووە هۆی بزاڤ و مانەوەی سمکۆ لە ناوچەکەدا و لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٢٠ تا ١٩٣٠، سمکۆ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ جۆرێک لە پەیوەندیی دامەزراندبوو.

بۆ نموونە: سمکۆ، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ شێخ موحەمەدی خیابانی، سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراسیی ئازەربایجانی ئێران، هەبوو. سمکۆ سەربازە تورکەکانی ناوچەی مەراغە و میاندواوی ناچار کرد کە کوردستان بەجێ بهێڵن و بڕۆن. لە ناوچەی مەهابادیش هێرشی کردە سەر سوپای ئێران و شکاندی. سمکۆ لە پاییزی ساڵی ١٩٢٢دا، ناوی خۆی بە (شا)ی کوردستان ڕاگەیاند و زۆر گەشبین بوو بە پەیماننامەی (سێڤر). دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٣٠ حکومەتی شای ئێران داوای گفتوگۆی لەگەڵ سمکۆ کرد و ئەویش پێمل بەم کارە بوو، بەڵام بە بۆنەی سیاسەت یان بڕیاری حکومەتی ناوەندی ئێرانەوە، لە کاتی گەڕانەوە لە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ناوەنددا، لەوتە ناو بۆسەیەک کە حکومەتی ئێران بۆی نایەوە و بە فیشەکێک کوژرا. لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ، لە چیرۆکە میژووییەکاندا، بەس دەگوترێت کە سمکۆ پیاوێکی یاخی و چەتە و جەردە بووە، کەچی ئەوەک خەڵکێکی تر دوای ڕێبازی ئەو بکەون.[٥٦] لە سەردەمی شای پەهلەویی ئێران، موحەمەد خانی کانی سانانی، مەحموود خانی دزڵی، حەسەن خانی ڕەزاو و حەمەڕەشی خانی بانە[٥٧]، هەموویان دەوری یاخیبوویان دەبینی. بە هۆی ئەوەی لەسەر بناغەی هۆزایەتی و عەشیرەتی بوون، هیچ یەکەیان ڕێباز و بنەڕەتێکی دروست و ڕێک و سیاسییان نەبوو. لە سەرەتاوە ڕەزاشا، دەستی کرد بە پتەوکردن و بەهێزکردنی سوپاکەی، پاشان سەرکوتکردنی ئەو شۆڕشانەی دەستپێکرد کە یان بۆ سەربەخۆیی بوون، یان لە پێناوی ئازادی و ڕزگاریی لە بیانییەکان خەباتیان دەکرد. هەر یەکەیان بە هۆکارێک لە دژی دەوڵەتی ناوەند دەجەنگان. بۆ نموونە: سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی کۆڵۆنێڵ موحەمەد تەقی خانی پسیان لە خۆراسان، میرزا کوچک خانی جەنگەڵی لە باکووری ئێران و سمکۆ لە کوردستان.[٥٨]

ساڵی ١٩٣٣ گەیشت و ماوەیەکی زۆر بەسەر ڕاپەڕینەکەی سمایيل ئاغای سمکۆ و جەعفەر سوڵتاندا لە ناوچەی هەورامان تێپەڕ بووبوو، کە لە چیاکانی باکوور، واتە لە بارزان، ئاگری

راپەڕین دیسانەوە هەڵگیرسا. بە هۆی سەرکوتکردنی خەباتکاران لە لایەن هێزی ئاسمانیی سەڵتەنەتی عێراقەوە، ١٣٦٥ خانوو لە ٧٩ گوندی کوردستان کاول بوون. لە کوردستانی تورکیا، بەتایبەت دیاربەکر، شێوازی سەرکوتکردن پۆلیسی بوو[٥٩].

ساڵی ١٩٣٣ بوو کە هێرش کرایە سەر بارزان و شێخ ئەحمەد، گەنجەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان، کە پاراستنی دیاردە و ناونیشانی کوردیان پێ خۆش بوو، ئەویان بە نموونەی شاردراوەی خەبات و شۆڕش دەزانی. حکومەتیش ویستی سوود لە ئایینیبوونی جەماوەر وەربگرێت، لە سەرەتادا بارزانیی تاوانبار کرد بە هەڵگەڕانەوە لە ئایین، بەڵام جەماوەر حەزیان بەو ناوزڕاندنە نەبوو و هیچ کاتێک ئەوەیان پشتڕاست نەکردەوە. بارزانییەکان لە ١٢ی ئازاری ١٩٣٣، دوای واژۆکردنی پەیمانی نێوان تورکیا و عێراق و ئێران، بەر لێخۆشبوون کەوتن، بەڵام کاتێک گەڕانەوە، دەستگیرکران و پاشان ڕەوانەی سلێمانی کران. لە نەورۆزی ساڵی ١٩٣٣، لە شاری هەولێر، حسێن حوزنی موکریانی داوای لە خەڵک و بە تایبەت گەنجان کرد، کە ئاهەنگی نەورۆز بگێڕن، چونکە لەو کاتەدا حکومەتی شای عێراق، ئەو ئاهەنگەی قەدەغە کردبوو و هەر کەسێک لەسەر ئەو ئاهەنگە پێی دابگرتایە، دەیانخستە بەندیخانەوە. ئاگرکردنەوەش بە تاوان دەهاتە هەژمار و کەسێک ئەو کارەی بکردایە، بە ئاگرپەرەست ناویان دەبرد.

شای عێراق، بە ئارەزووی خۆی و بە بێ لەبەرچاوگرتنی شیاوی، کەسێکی دادەنا لە شوێنێک و بە کەسێکی دی پلەو پایەکی دەدا، ئەو شێوازە هەر وا مایەوە. ناجی شەوکەت[٦٠]، لە ٣ی تشرینی دووەمی ١٩٣٢، بوو بە سەرۆک وەزیران و دواتر لە ٢٠ی ئازاری ١٩٣٣ دا پۆستەکەی خۆی بەخشی بە ڕەشید عالی گەیلانی[٦١] و بوو بە سەرۆک وەزیران.[٦٢] نیسانی ١٩٣٣ دێت و ١٤ ساڵ و نیو لە کۆتایی شەڕ تێپەڕ بووە، ئەگەر ئەم ساتە کورتە لەگەڵ سەردەمە دوورودرێژەکانی تر هەڵسەنگێنین، دەبینین ئەمە کاتێکی زۆر کورت دێتە بەر چاو، بەڵام هەر ئەم ماوە کورتە، پڕە لە کارەسات و ڕووداوی زۆر. گەلێک ئەستەمە کە سەبارەت بەم هەموو ڕووداوە، کە وەکوو ئەڵقەکانی زنجیرێک پێکەوە بەستراون و یەک لە دوای یەک هاتوونەتە پێشەوە، بۆچوونێکی ڕاست و دروست دەربڕی. ڕەنگە نەکرێت بە

وردی و بە تەواوی، یان بە سەربەخۆیی و بە بێلایەنییەك کە لەسەر ویستی مێژوو بێت، داوەریی بەرانبەر ئەو سەردەمە بکەی، چونکە لەوانەیە سەبارەت بە زۆرینەی ڕووداوەکان وەها هۆگریی کرابێت کە زۆر لە ڕووداوە بچووکەکان لە بیر بچێتەوە، یا نەیەتەبەر چاو. وەکوو ئەوە وایە تۆ لەناو دارستانێکی چڕوپڕدا ڕاوەستابیت، یان لە نێوان دارەکاندا ون ببیت و نەتوانی خودی دارستانەکە بە جوانی و ڕێکی ببینی. گرفتێکی تر ئەوەیە، ڕەنگە ئێمە نەزانین چۆن ڕووداوەکان و لە چ بارستاییەکدا هەڵسەنگێنین و بۆ ئەم مەبەستە پارسەنگمان چی بێ؟ دیارە شێوازی ڕوانینی ئێمە زۆر گرنگە و ئاکامی ڕوانگەکانی ئێمە دەبەسترێتەوە بەم مەبەستەوە. ڕەنگە ڕووداوێك بە لای ئێمەوە، یان لە لایەنیکەوە زۆر گرنگ بنوێنێ، بەڵام ئەگەر لە سووچێکی ترەوە سەیری بکەین، زۆر بەهادار نەبێ.[٦٣]

لە ساڵی ١٩٤٣، کاتێك بارزانی لە ڕاگوێزخانەی سلێمانی بوو، سوپای عێراق هەموو بارزانییەکانی چەك کرد و کاتێك مستەفا بارزانی خۆی و دوو کەسی دیکە بە ناوەکانی مەمەند مەسیح و میرزا ڕەشۆ، بە ٣ چەکی ئینگلیزییەوە هەڵاتن و خۆیان گەیاندە بارزان، هەڵیان کوتایە سەر بنکەی ژاندارمریی شاندەر و هەموو ئەندامانی ئەو بنکەیان چەك کرد و ١٣ چەکیان دەست کەوت. بە شوێن ئەوەدا پەیوەندییان کرد بە حکومەتی عێراقەوە لە خاکی بارزان. لەو کات و ساتەدا، جەماوەر کاردانەوەیەکیان نەبوو، تەنیا سەیریان دەکرد و ئەو جوڵانەوە و هەڵاتنەیان بە نەترسی لە قەڵەم دەدا. پاشان بە ٧ چەکدارەوە بنکە و بازگەی (حەرزوك)ی کە ٥٠٠ جەندرمەی تێدا بوو، چەك کرد. دواجار لە ناوچەکانی مێرگەسوور و ڕەواندوز و... ئەم ڕووداوە دووپات بووەوە. مستەفا دواین جار کە لە شێخ ئەحمەد جیادەبێتەوە، دەچێتە ناو خاکی بارزان. ڕوودەکاتەوە دەوڵەتی عێراق و داوای لێخۆشبوونی گشتی و لێخۆشبوون لە کردەوەکانی دەکات، هەروەها هەموو چەکەکانی دەداتەوە بە دەوڵەت و دەڕواتە بەردەم سوپای عێراق و خۆی تەسلیم دەکات، بەڵام دەوڵەتی عێراق پێملی ئەم داخوازییە نەبوو و داوای لە بارزانی کرد بە بێ مەرج خۆی بە دەستەوە بدات.[٦٤]

بەریتانیا لە چەند پارچەبوونی عێراق زۆر دەترسا و بەردەوام داوای جیدییان لە نووری سەعید[۶۵] ئەوە بوو کە لەگەڵ مستەفا بارزانی وتووێژ بکات، تا ڕازی ببێت بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە کێشەی کورد چارەسەر بکات. نووری سەعیدیش وەفدێکی بە سەرۆکایەتیی ماجید مستەفا[۶۶]، وەزیری ناوخۆ، کە کورد بوو، ڕەوانەی کوردستان کرد، تاکوو لەگەڵ بارزانی وتووێژ بکات. لە ماوەی وتووێژەکاندا، ئەو دەوڵەتەی عێراق ڕووخا و کاتێک (حەمدی پاچەچی[۶۷]) دەسەڵاتی گرتە دەست و بوو بە سەرۆک وەزیران، کۆتایی بە وتووێژەکان لەگەڵ کورد هات. مەلیک فەیسەڵ[۶۸] لە ۱۵ی ئازاری ۱۹۳۳دا گوتی: حکومەتی عێراق، حکومەتێکی عەرەبیی سوننییە. هەوڵی زۆرم داوە کە بەم شێوەیە دابمەزرێ و دەبێ جەماوەرەکەمان بۆ ئەم سیستمە پەروەردە بکەین، تا ڕابێن و بە سانایی لەگەڵ ئەم سیستمەدا بسازێن، زۆر گرنگە تەنیا وەکوو عێراقییەک بیربکەنەوە.[۶۹]

لە شاری کەرکووک، بە بۆنەی چەندهۆیەکی تایبەتەوە، ۳ کونسوڵگەریی ئەمەریکا، بەریتانیا و تورکیا، دامەزرابوون و بە باشی بە بارودۆخی شارەکە ئاشنا بوون و هەموویان دەیانزانی لەناو شاردا چی بە چییە. کەسانێکیان هەبوون کە بە ڕۆژ بارودۆخی شارەکەیان پێ ڕادەگەیاندن، لە کار و بارودۆخی عەرەب و تورکەکان بێ ئاگا نەبوون. ئەوان بەوە ڕەزامەند نەبوون کە سیمای کوردیی لە شارەکەدا بەدی بکرێ و بپارێزرێت، بەڵکوو چاوەڕوانی سیمایەکی نەتەوایەتییان لەو شارە دەکرد. لە نێوان لایەنگرانی ناسنامەی عەرەب و نەتەوەخوازەکانی عێراقدا، جۆرێک لە ململانێ بوونی هەبوو، کە سیاسەتی دەرەوە و ناوەوەی عێراقی ڕووبەڕووی دژایەتی دەکردەوە. لەم بگرەوبەردەیەدا، مەلیک فەیسەڵ داوای وازهێنانی نوری سەعیدی کرد، تاکو لە شوێنی ئەو (شەوکەت) وەک سەرۆک وەزیران هەڵبژێردرێت. پەرلەمانی نوێی عێراقی هەڵبژێردراو و زۆربەی لایەنگرانی حکومەت، بە تایبەت نوری سەعید، چوونە ناو پەرلەمانەوە و ئەوانیش پاش ماوەیەک شەوکەتیان ناچار کرد کە دەست لە کار بکێشێتەوە و فەیسەڵیش ڕەشید عالی گەیلانیی لە جێگای ئەو دانا.[۷۰]

لە مانگی ئایاری ١٩٣٣، ڕەشید عالی گەیلانی، سەرۆکی حیزبی (الأخاء الوطني، برایانی نیشتمانی[٧١])، کە خوازیاری هەڵواشاندنەوەی ڕێکەوتننامەی ١٩٣٠ لە نێوان عێراق و بەریتانیا و لایەنگرێکی تۆخی ئەڵمانیا بوو، پۆستی سەرۆکایەتیی عێراقی بەدەستهێنا[٧٢]. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ئەو، لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی یەکەمی عێراق، واتە عەبدولڕەحمان قادر گەیلانی[٧٣]، دۆستایەتی و هاتوچووی هەبوو. بێجگە لە ئەڵمانیا، لە لایەن موفتیی ئۆرشەلیمیشەوە[٧٤] پشتگیری دەکرا.

دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، پلانێکیان دانا بۆ عەشیرەتە کۆچەرییەکانی ناوچەکانی کوردستان. کوردەکان لەو باوەڕەدا بوون کە مەبەستی ڕاستەقینەی ئەم کارە لە لایەن حکومەتەوە، ڕەچاوکردنی ماف و بەرژەوەندیی نەتەوەیی عەرەبەکان بوو تا کوردەکان. لە ئاماری عێراقدا، لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٢٤ـ١٩٢٢، ڕێژەی عەرەبەکان لە کەرکووک ١٩٪ بوو، لە ساڵی ١٩٥٧دا گەیشتە ٢٨,٢٪ و ساڵی ١٩٧٧، بەرزبووەوە بۆ ٤٤,٤٪. ئامانجی دەوڵەت لەم پلانە، زۆرتر باری سیاسی - کۆمەڵایەتی بوو. بە بیانووی دامەزراندنی کۆمپانیای نەوت، لە ساڵی ١٩٢٧دا زۆر بنەماڵەی عەرەب و خەڵکانی تری کۆچ پێکرد بۆ کەرکووک، تا بەناوی دامەزراندنی ڕێکخراوە نەوتییەکانەوە لەو شارەدا نیشتەجێ ببن. هەروەها لە ساڵەکانی ١٩٣٤ـ١٩٣٦، بە بیانووی دامەزراندنی پڕۆژەی ئاودێریی، ٢٧٠٠٠ عەرەبیان لە ناوچەکانی (جبور و ابولحمدان و... هتد) هێنایە کەرکووک، بە مەبەستی تەعریب (بەعەرەبکردن)ی ئەو ناوچەیە. بێگومان سیاسەتی نیشتەجێکردنی عەرەبەکان لە کەرکووک، لە سەردەمی حکومەتی (مەلیک غازی و ڕۆژانی دەسەڵاتی سەرۆک وەزیرانیی یاسین هاشمی)، بووبوو بە کاری فەرمی و سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندی عێراق، بە ناوی پڕۆژەی (اراض الوحدات الاستثمایة)وە، ٢٠٠٠٠ بنەماڵەی عەرەبیان لە ناوچەی تازەدامەزراوی کەرکووکدا نیشتەجێ کرد.[٧٥]

لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٣، ئەندامێکی حکومەت، کتێبێکی بڵاوکردەوە کە ناوەڕۆکەکەی دژی ئایین بوو و لەڕاستیدا لە بازنەی دژایەتیی سیستمی پاشایەتیدا بوو. ئەمە بووە هۆی خۆپیشاندان لە زۆرێک لە ناوچە شیعەنشینەکاندا. بەڵام کاتێک کارەساتی ئاشوورییەکان پێش هات، مەترسیی ئەوان لە نەبوونی ئۆتۆنۆمی لە داهاتوودا بوو، کە نەبنە خاوەنی. لە

مانگی ئایاری سالّی ۱۹۳۳، مارشەمعوون[۷۶]، سەرۆکی ئاشوورییەکان، بۆ گفتوگۆ لەگەلّ حکومەتدا، چوو بۆ بەغدا، بەلاّم ئەو گفتوگۆیە بە ئاکام نەگەیشت، کاربەدەستانی بەغدا دەستگیریان کرد و خستیانە بەندیخانەوە. ئەم شوێنەوارە، پیشاندەری مەترسییەک بوو بۆ ئاشوورییەکان و زۆربەی هێزەچەکدارەکانیان کە هەولّیان دەدا لە مانگی تەموزدا بەرەو سووریا خۆیان دەرباز بکەن.

بەکر سدقی، خوازیاری چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بوو، بەلاّم لە ٥ی ئابی سالّی ۱۹۳۳دا، هاوکات لەگەلّ سەربەخۆیی عێراق، لە نێوان ئاشوورییەکان و سوپای عێراق، شەڕێک ڕووی دا. لەو ڕوودواوە دلّتەزێنەدا، نزیکەی ۳۰۰ کەس لە ئاشوورییەکان کوژران. دەستەیەک لە چەکدارەکانی سوپای عێراق، پەلاماری گوندێکی ئاشوورییەکانیان دا لە باکووری ئەو ولاّتە، لەو شەڕەدا دەیان سەربازی عێراقی لەناوچوون. ئەم ڕوودواوە دلّتەزێنە هەموو لایەکی هەژاند و بەشێکی گەورەی ڕایگشتی، پالّیشتی بە تاوان سەپرکردنی ئەم کارەساتە بوون، بەلاّم لە ئاکامدا تاوانباران تەنانەت یەک کەسیشیان سزا نەدران. پاشان بەشێکی زۆری ئاشوورییەکان، بە ناچاری لە عێراق هەلاّتن و پەنایان بۆ سووریا برد. هەندێ لە هۆزە کوردەکانیش کەلّکیان لەو دەرفەتە وەرگرت و لە پالّ حکومەتدا، ئەوانیش چەند گوندێکی وێرانبووی ئاشوورییە دەربەدەربووەکانیان داگیرکرد. لە سالّی ۱۹۳۳دا، دەسەلاّت و کاریگەریی ئەنجومەنی خاوەنانی زەوی، بە پێچەوانەی یاسای حکومەتەوە پەرەی سەند.[۷۷]

(سێر هێمفری فرانسیس)ی بالّیۆزی بەریتانیا لە عێراق، هەموو ڕێگاکانی بەردەم هەولّ و چالاکیی بالّیۆزی ئەلّمانیا (فریتز گروبا)ی داخست، کە هەولّی ئەوەی دەدا دەولّەتانی ئەوروپایی کوشتن و بڕینی ئاشوورییەکان شەرمەزار بکەن و داوای بە سزا گەیاندنی تاوانباران بکەن. لە ساڵانی ۳۰ دا، ڕوودواوانێکی زۆر گەورە سەریان هەلّدا، کە هەر یەکەیان بە شێوەیەک کاریگەریی لەسەر کوردستان هەبووە.

لە ڕوودواوی کوشتنی ئاشوورییەکاندا، هێزە چەکدارەکانی کوردیش هاوکاریی سوپای عێراقیان کردووە. ئەلّبەت لەوانەیە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی ئاشوورییەکان لە ناوچەی

کوردستاندا سوودی هەبووبێت، چونکە ئەگەر ئەو بزاڤە سەربکەوتایە (لە ڕووانگەی ئەوانەوە) لەوانەبوو ڕووالەتی گشتیی کوردستان گۆڕانکاریی بە خۆیەوە بدیبایە. بەم بۆنەوە بەکر سدقی، سەرکردەی سەربازیی عێراق وەک کوشندەی ڕاستەقینەی کوشتاری ئاشوورییەکان ناوبانگی دەرکردبوو، بەڵام بەکر سدقی، دەستووری سەرکوتکردنی ئەو ڕاپەڕینەی نەدابوو، لەڕاستیدا ئەنجومەنی وەزیران، بە سەرۆکایەتیی ڕەشید عالی گەیلانی، بە زۆرینەی دەنگ، ئەم بڕیارەی دابوو، کە هێزی چەکدار بڕۆن و ئاگرەکە بکوژێننەوە. لەو کاتەدا کوردێک بە ناوی (جەلال بابان[٧٨])، وەزیری بەرگریی عێراق بوو. هۆکاری ئایینی لەم ڕووداوەدا ڕۆڵێکی باڵای بینی، چونکە ئاشوورییەکان، مەسیحی بوون و زۆربەی جەماوەری عێراق، وەکوو شەڕی ئایینیی مەسیحی و موسڵمان سەیری کێشەکەیان دەکرد. بەکر سدقی بەڕەبەرە گۆڕانکاریی لەو بارودۆخەدا کرد و گرووپێکی پێکهێنا کە بە گرووپی (بەکر سدقی) ناوبانگی دەرکردبوو. ئەو هەندێ لە ئەفسەرەکانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە، کە بەشێکیان ئەفسەرانی گەنجی کورد بوون و بە تازەیی خوێندنیان تەواو کردبوو، لەو گرووپەدا چالاک بوون. لە لایەکی تردەوە کوردەکان لەناو سوپای عێراقدا بوون، بەڵام بە گشتی شێوەی هاریکاریی و چالاکییەکانیان بە دڵ نەبوو.[٧٩]

لە حوزەیرانی ١٩٣٣ تا تەموزی ١٩٣٥، چەندان جار پەیوەندیی کورد و عەرەب لە عێراقدا تێکچووە، بێ ئەوەی ڕێگەچارەیەکی دادپەروەرانە و ژیرانە بدۆزرێتەوە. پەیوەندییەکان هەر بەو جۆرە مانەوە و ئەگەری ئەوە هەبوو لە هەر لایەکەوە ڕووداوی جۆراوجۆر سەرهەڵبدات. لە ئەیلوولی ١٩٣٣دا، مەلیك فەیسەڵ کوتووپڕ جەڵتەی دڵ لێی دا و لە شاری (بێرن[٨٠])ی وڵاتی سویسرا، دوای هەفتەیەک لە چاودێریی پزیشکی، گیانی لەدەست دا و کوڕە گەورەکەی، واتە مەلیك غازی[٨١]، کە لەو کاتەدا تەمەنی ٢١ ساڵ بوو، جێگەی ئەوی گرتەوە و لەسەر تەختی پاشایەتیی بنەماڵەی هاشمی[٨٢] دانیشت. چەند ساڵ دوای ئەوە، هەر ئەو سیاسەتەی ئینگلیز، لە ئێران، سەبارەت بە ڕەزا شا دووپاتکرایەوە و کوڕەکەی، واتە موحەمەد ڕەزاشا، لە جێگەی باوکی دانیشت. مەلیك غازی[٨٣]، ڕەشید عالی گەیلانیی لە سەرۆکایەتی لابرد و ئەو پۆستەی دا بە (جەمیل مەدفعی[٨٤])، کە بە لایەنگری بەریتانیا ناسرابوو. ئەو کەسەی کە ساڵێك لەوەو پێش، بە ناوبژیکردنی بەریتانیا لەگەڵ سعودییەکان

ـ خەنیمی بنەماڵەی هاشمی– یەکگەوت[۸۵]. لەو کاتەدا سنووری باشووری عێراق هێمنتر بووبووەوە و هۆزە خێمەتنشینەکان کەوتنە ژێر کۆنترۆڵەوە. لە کاتێکدا غازیی تەمەن ۲۱ ساڵ، جێگەی باوکی پڕکردەوە، کەمترین هۆگریی بۆ سیاسەت نەبوو، هەروەها هیچ بەرنامەیەکی بۆ سەقامگیریی وڵات و پتەوکردنی هێزەکانی عێراق نەبوو. غازی، کەسایەتییەکی نەتەوەیی عەرەبی و جوان بوو، کە ناوبانگی بە نەتەوەپەرەستی دەرکردبوو، بەڵام توانا و دەسەڵاتی وەکوو باوکی نەبوو.[۸۶]

لە لایەکی ترەوە، نادر شا[۸۷]، لە تشرینی دووەمی ۱۹۳۳دا لە ئەفغانستان، خۆی وەکوو شای ئەو وڵاتە ڕاگەیاند، تا وەک لایەنێک و ڕووانگەتێکی تر لە چوارچێوەی شاکانی ناوچەکەدا بناسرێت. زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئیتر لەژێر کۆنترۆڵی ئەوروپییەکاندا نەبوون و زۆرتر لە باری سیاسییەوە لەو وڵاتانەدا دەستیان دەڕۆیشت. بەرەبەرە وڵاتانی ناوچەکە، وەک: تورکیا، عەرەبستانی سعودیە، میسر، سووریا، عێراق، ئوردن و... هتد، سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێنا، بەڵام دەستوەردانی ئەوروپییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کاریگەریی زۆری لەسەر نەخشەی سیاسی دانا، کە ئاکامەکەی دروستبوونی وڵاتانی نوێ بوو. ئەو ناوچەیە لە ماوەی ٦٠ ساڵی ڕابوردوودا، بوو بە گۆڕەپانی کێشە و ئاڵۆزیی[۸۸]. هەر لەو سەردەمەدا، ئەمەریکا بە سەرۆکایەتیی فرانکلین ڕوزڤێڵت[۸۹]، تووشی قەیرانێکی شکستهێنەر بووبوو، هیتلەر[۹۰] لە ئەڵمانیا سەرۆکایەتیی گرتە دەست. پەرەسەندنی نازیزم[۹۱] لە ۱۹۳۳دا، دەسپێکی شەپۆلێکی بە تەوژمی کۆچبەریی بوو و هیتلەر بوو بە سەرۆک. لە ۳۰ی کانوونی دووەم، یەکەم دەوڵەتی پێکهێنا[۹۲]. نەیارەکانی کۆڕابوون و ئەڵمانیا بووبووە ماشینێکی جەنگی کە ڕوئیا و دروشمی نازییەکان – وەکوو: یەک گەل، یەک وڵات، یەک سەرۆک– بهێنێتە دی. هیتلەر، نەیارانی خۆی لە سێدارە دابوو و پلەی پێشەوایی ئەڵمانیای بەدەستهێنابوو. لە واقیعدا دەسپێکی کاری هیتلەر بەو شێوەیە بوو کە هەناسەی بەربەستکراوی جەماوەرێکی شکستخواردوو و پڕ لە خاڵی لاوازی گرێدراو لە سییەکانی ئەو گەلەدا ئازاد بوو. دەنگی ئەو، دەنگی چەندان ملیۆن ئەڵمانیی دڵمەند و سووککراو بوو. لەم ڕووەوە، لە ماوەی چەند ساڵێکدا، توانیی هێزی لێکترازاو و بێروباوەڕی لێکپچڕاو کۆبکاتەوە و حیزبی نازی دروستبکات. مۆسۆلۆنی، لە ئیتالیا، ڕێبەرایەتیی

فاشیزمی دەکرد و لە ژاپۆنیش، ئیمپراتۆر (هیرۆهیتۆ)، شۆڤێنیزم[٩٣]. ولاتانی ئیسپانیا و فەرەنسا و ئیتالیا، تووشی قەیران بووبوون و ولاتانی ڕۆژهەلاتی ئەوروپا[٩٤]، گیرۆدەی پشێویی و ململانێ بووبوون. لە ڕووسیا، ستالین[٩٥] پاش لابردنی نەیارەکانی، لە هەوڵی گەشەپێدانی ئابووری و پیشەسازییدا بوو و هاوکات لەگەڵ ئەوەش، کەمال ئەتاتورک[٩٦] لە تورکیا، هەر ئەو ڕەوتەی دەپێوا.[٩٧]

ئایاری ١٩٣٣، کە حاجی موخبرولسەلتەنەی هیدایەت، دەوڵەتی خۆی ڕاگەیاند لە ئێراندا و ئێران لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە بۆ ٣٠ ساڵی دیکە، ڕێکەوتنامەی نەوتیی (دارسی) لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی بەریتانیا، گرێبداتەوە. لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئەفریقایش، بەریتانیا و فەرەنسا، سیاسەتی کۆلۆنیالیزمیی[٩٨] خۆیان پەیڕەو دەکرد. لە جەزائیر، تونس، میسر، فەلەستین، سووریا، لوبنان، ئوردن و تورکیا، گۆڕانکاریی سیاسیی بەرچاو ڕووی دا.[٩٩] بەڵام هەر لەو کاتەدا، سعودیە، لە ڕیزی هەژارترین ولاتانی جیهاندا بوو. لە ئێراندا، ڕەزاشا[١٠٠] لەوپەڕی دەسەڵاتدا بوو. لە هیندستان گاندی[١٠١] وازی لە سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نەتەوایەتیی هیند[١٠٢] هێنا، بەڵام وەکوو پاڵپشتێکی کاریگەر و بەهێز، بۆ بڕیارەکانی کۆنگرە، مایەوە و وازی نەهێنا. لەو سەردەمەدا بواریک ڕەخسا بۆ ڕزگاریی کۆلۆنییەکان لە کۆتوبەندی ولاتانی سەردەست، کە بزاڤێکی سەیر و تەکاندەر بوو. لە ماوەیەکی کورتی ٢٠ ساڵیدا، ژمارەیەکی زۆری کۆلۆنییەکان، زنجیری ژێردەستەیی ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی وەکوو (فەرەنسا و بەریتانیا)یان پساند.[١٠٣]

ولاتانی تازەدامەزراو، لە ئاسیا و ئەفریقا سەریان هەڵهێنا و نەخشەی سیاسیی جیهانیان گۆڕی. جەنگی جیهانیی دووەم و ئەو پشێوییانەی لێرە و لەوێ سەریان هەڵدا، پارسەنگی حکومەتە ناوەندییەکانی ولاتانی کۆلۆنیالیستی لە ولاتانی ژێردەستە، سووککرا و بوو بە مایەی دڵگەرمیی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی ئەو ولاتانە، بۆ ئەوەی کردار و بزاڤی خۆیان بەهێزتر بکەن.[١٠٤] لە ساڵی ١٩٣٤دا، پارتی کۆمۆنیستی عێراق –کە کۆنترین ڕێکخراوی سیاسی لە عێراقدا بوو– پێکهات. پەیوەندیی بەریتانیا و ڕووسیا، تا ئەو کاتە باش بوو. لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەو حیزبەدا ڕووبەڕوونەدەبوونەوە و نەرمییان دەنواند، بەڵام بە یەکەم

زەختی بەریتانیا و ئەمەریکا، چالاکیی ئەو حیزبە قەدەغە کرا. جەماوەر پێش ئەوە، نەیاندەویست، یاخود ئامادەیان بەوە نەکردبوو کە خوازیاری یەکگرتنی کرێکاران و چالاکانن لە نێوان گەلانی عێراق، کورد و عەرەب و تورك و ... هتد، یان خاوەنی بیرۆکەی کۆمۆنیستی بن. لە واقیعدا ئەو بیروبۆچوون و جولانەوانە، تا ئەو سەردەمە، لە عێراقدا گەشەیان نەکردبوو. بەڵام لە ساڵی ۱۹۳۰ بەدواوە، جۆرێك ڕەوتی تازە بۆ بزاڤی سیاسی و کۆمەڵگا و چالاکیی حیزبی بەدی هات. لە ساڵی ۱۹۳۵دا، حیزبی شیوعی دروستکرا و ڕۆژنامەی (مانشیت)، وەك ئۆرگانی حیزبی، بڵاوبووەوە و یەکێك لە دروشمەکانی سەربەخۆیی کوردستان بوو.[۱۰۵]

لە عێراق لۆژەکانی (loge) فراماسۆنێریی[۱۰۶] یان فەرامۆشخانە (کە دێرینەیەکی کۆنی بوو) زۆرتر پەیڕەوی لۆژی گەورەی ئینگلیز بوون[۱۰۷] و هەروەها ئەم لۆژانە لە ژێر چاوەدێریی ئەنجومەنی برایەتی[۱۰۸] کە ناوەندەکەی لە بەغدا بوو، چالاکییان دەنواند. ئەنجومەنەکانی کۆمەڵایەتیی ئاشکرایشیان دروستکردبوو. لە ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٣٤دا، لە لایەن ئەفسەرانی ئینگلیزەوە، مەکۆی برایەتی پێکهات[۱۰۹] ئەم مەکۆیە دوابەدوای هێرشی بەریتانیا بۆ سەر عێراق، هاتبوو. ئەمانە لە وڵاتانی دیکەی عەرەبیش، وەکوو میسر و فەلەستین و ئوردن، چالاك بوون، هەرچەندە لە سووریا و لوبنان پێیان دەگوترا کۆمەڵەی کفر و بێدینی و بە گەورەترین هۆی لەناوبردنی دین هەژمار دەکرا. لە کۆتاییدا حکومەتی لوبنان، وەکوو حکومەتە عەرەبییەکانی دیکە، لەژێر فشاری بیروڕای گشتیدا، ناچار بوو ئەم لۆژانە دابخات. ئەوان لۆژەکانیان بە لەدایکبووی سەردەمی سەرمایەداریی[۱۱۰] و سازکراوی دەستی ئەوان دەزانی.

ڕەزا شای پەهلەویی، لە ڕۆژی شەممە، ٢ی حوزەیرانی ١٩٣٤، سەردانی تورکیای کرد، بە مەبەستی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال ئەتاتورکی سەرۆك کۆمار و عیسمەت ئینۆنۆی[۱۱۱] سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتەی تورکیا. کاتێك کە ئەتاتورك سیستمی کۆماریی ڕاگەیاند، ڕەزاشا شمشێرێکی بە جەواهیر مۆرکراوی بە دیاری نارد بۆ ئەتاتورك، کە سەرهەنگ (کوپاڵ) بردی بۆ ئەنقەرە بۆی، ئەتاتورك زۆر دڵخۆش بوو و شمشێرەکەی ماچ کرد و

پاشان نامەیەکی سوپاسگوزاریی بۆ شا نارد. لەو چاوپێکەوتنەدا ئەتاتورک[١١٢] زۆر ڕێزی شای ئێرانی گرت. کاتێك ڕەزاشا هاتبووەوە ئێران، پلانی ئاڵوگۆڕ و لابردنی سەرپۆش و حیجابی ژنانی دانا. ئەڵبەت لە کوردستان هاوکات لەگەڵ تاران، ڕۆژی چوارشەممە، ٧ی ژانوییەی ١٩٣٦، لە ناوەندی پەروەردەی مامۆستایانی کوردستان، پلانی لابردنی سەرپۆش و حیجابی ژنان بەڕێوەچوو. خەڵکی عەوام و سەرجادە، بەڵێی قسەی مەلاکان، ڕەوشت و ڕێوشوێنی جۆراوجۆریان هەبوو. ڕەزاشا لە ڕۆژی سێشەممە، ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٥، لە ڕێگەی وەزارەتی ناوخۆوە، نامەیەکی نهێنیی نارد بۆ سنە، کە چەمکی لابردنی سەرپۆشی ئافرەتان، شێلگیرانە و بە نەرمی جێبەجێ بکەن، بەڵام زۆر وردبینانە و بە هێمنی بچنە پێش. ڕەزاشا کاتی خۆی لە کوردستان ژیابوو و ڕەوشت و ئاکار و خووی کوردی دەناسی. لە ڕۆژی شەممە، ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٣٥، هەواڵێك گەیشتووە لە ئاڵوگۆڕی جلوبەرگی ژنان لە کوردستان کە لە سەرەتای ئەم پلانەوە، کڵاو و جلوبەرگی ژنانە زۆر کەمە و کاربەدەستانی حکومەت لە کوردستان بە تەلگراف ئیزنی خواستووە هەر بە جلوبەرگی کوردیی، چارشێو و عاباکانیان لادەن و بەرەبەرە جلوبەرگی تایبەتی ئامادە بکەن و هاوڕەنگی ژنانی دیکە ببن. ئەگەر ئیزن هەیە، تا ماوەیەکی دیکە جلوبەرگ و کڵاوی کوردیی خۆیان ڕابگرن و ئافرەتان بە جلوبەرگی کوردییەوە، واز لە عەبا بهێنن، تاکو وردە وردە بە ئامادەکردنی کڵاو و جلوبەرگەوە خەریك ببن، هەموو ئافرەتان بۆ قبوڵکردنی ئەم کارە بانگهێشتکران. ئەڵبەتە پێشوازیکردنی ئافرەتان و کچان لەم پێشنیازە مۆدێرنەی ڕەزاشا، لە سنە و شارەکانی باشووری کوردستان، لە شوێنەکانی وەکو مهاباد لە کوردستانی باکووری ئێران، باشتر بوو. ڕەزاشا چارەسەری دەردی وڵاتی لە لابردنی سەرپۆش و عەبادا دەبینییەوە، تاکو گەشەکردنی بیر و سڕینەوەی خورافیات و بەرەودان بە دیموکراسی.

هەرچەندە ڕەزاشا لە گۆڕانکاری لە جلوبەرگدا لە ئێران، لەگەڵ ڕۆحانییەکاندا پەیوەندیی نەبوو و بە زۆری ڕۆحانییەکانی وەك کەسانێکی دواکەوتوو و کۆنەپەرست سەیردەکرد. لەو ڕۆژانەدا کوردەکانی ئێران، یەکەم شاهێدی دیاری ڕۆژئاوایی ڕەزاشا بوون، کە لە تورکیا، بە فشاری حکومەتی تورك، هەموو ڕۆژنامە کوردییەکان داخرابوون و چالاکیی سیاسی و

کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کوردیی قەدەغە کرابوو، ئەوپەڕی گوشار و توندوتیژی دژی کوردەکان بەکاردەبرا. لەو ناوچەیە، هەندێ ڕاپەڕینی خۆبەخۆیی ڕوویان دا. بەپێی دەستووری کەمال ئەتاتورک، هەزاران کورد کوژران و سەدان گوند کاول کران و هەزاران کورد ڕاگوێزی ناوچەکانی دیکە کران و تورکەکانیان خستە جێگەی ئەوان. ڕەزاشا دەیویست لاسایی مستەفا کەمال بکاتەوە و خەڵکی وڵاتەکەی یەک جۆر و بەرانبەر بکات، بەم بۆنەوە سەدان کەسایەتیی کوردی خستە بەندیخانەوە، یان لە کوردستان دووری خستنەوە و زمان و فەرهەنگی کوردیی قەدەغە کرد، ڕایگەیاند کە زمانی کوردی شێوەزارێکی فارسییە و زمانێکی سەربەخۆ نییە. لەو کاتەدا تەنانەت ڕۆژنامەیەکی کوردییش نەبوو.[۱۱۳]

لەو کاتەشدا بە نەبوونی مەلیک فەیسەڵ، گەشەی سیاسی لە عێراقدا ئەستەمتر بووبوو. ژمارەیەک لە وەزیرانی تێکۆشەر و بەتوانا و پاشماوەی سەردەمی عوسمانی، وڵاتەکەیان بەڕێوە دەبرد، کە نموونەی هەرە بەرچاویان (نووری سەعید) بوو. مرۆڤێکی شارەزا و لێهاتوو بوو. بەڵام دیموکراسیی پەرلەمانی نەیتوانی لە عێراق ڕەگ دابکوتێ و پارتە سیاسییە بەهێزەکان، بە هیچ جۆرێک گەشەیان نەسەند. هەڵبژاردنەکان بە تەواویی لەژێر دەسەڵاتی خاوەن بەرژەوەندییە کەسییەکان و چینی خۆپارێزدا بوو. بە شێوازی سەیروسەمەرە خەڵکیان لەسەر کورسیی دەسەڵات دادەنا و بیروباوەڕێک بە هەڵبژاردنی ئازادانە نەبوو. لەم ڕووەوە، ئێران و عێراق و تورکیا وەک یەک وابوون. پەژارە و دڵەڕاوزەی سەرۆکەکان، تەنیا ترسی لەدەستدانی بەرژەوەندی و کورسییەکانی خۆیان بوو. بەڵام ناوبەناو، شانۆی هەڵبژاردنیان بەڕێوەدەبرد. چەندان کابینەی لاواز و کۆنەپەرەست و پاوانخواز، یەک لە دوای یەک دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت و کردەوەی سیاسەتوانان، پاڵنەری ئەو عەشیرەت و هۆزانە بوو کە هیچکاتێ نەدەکەوتنەژێر ڕکێفی حکومەت و سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا. یەکێتیی ڕۆشنبیرانی ڕیفۆرمخوازی چینی ناوەندی کۆمەڵگا و ئەفسەرانی گەنج و نەتەوەپەرەستی سوپا، کە لایەنگیریی ئەتاتورکیان دەکرد، دژی سیاسییە کۆنەخوازەکان بوون. ساڵی ۱۹۲۷، لە کەکووک، نەوت لە ئاستێکی بازرگانیی گەورەدا دۆزرایەوە. بە دەسپێکردنی بەرهەمهێنانی ئەو نەوتە لە ساڵی ۱۹۳٤دا، ئاودێری و

پەیوەندی و خزمەتی گشتی، پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە بینی. گەشە و پەرەگرتنی سەرچاوەکانی ولّات دەستی پێکردبوو. رۆژنامەکانی عێراق، وەکوو (الاخاء) لە مانگی ئایاری ١٩٣٤ و رۆژنامەی (الثغر) لە ئابی ١٩٣٤ دا، رایانگەیاند کە کوێت بەشێکە لە پارێزگای بەسرە[١١٤] و خوازیاری ئەوە بوون کە بگەڕێتەوە سەر عێراق.[١١٥]

لە لایەکی دیکەوە لە عێراق، مانگی کانوونی دووەمی ١٩٣٥، لە ناوچەی فورات، هەندێ هۆزی شیعە لە نەجەف، بە ڕێبەرایەتی و سەرۆکایەتیی ئایەتوللّا موحەمەد کاشف ئەلقیتاع[١١٦]، ڕاپەڕین. لە ئازاری ١٩٣٥، لە لایەن تەها ئەلهاشمی، بۆ یاسین هاشمییەوە،[١١٧] ڕاپەڕینەکە سەرکوت و کۆنترۆڵ کرا. مامۆستایانی ئایینیی نەجەف، سەبارەت بەو ڕووداوە دەنگی ناڕەزایەتییان هەڵنەبڕی، تەنیا داوای توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیان لە مافی شیعەکان کرد. هەرچەندە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٣٥، نەبوونە هۆی ڕاپەڕینی هۆزە شیعەکان لە دژی حکومەت، بەڵام زۆربەی جوڵانەوەکان و بزووتنەوەکان، پەیوەندییان بەو شێخانەوە هەبوو کە لە ناوچە شیعەنشینەکاندا دەستیان دەڕۆیشت و خاوەن دەسەڵات بوون. دەستەیەک لە ڕۆشنبیرەکان کە پێشینەی جۆراجۆریان هەبوو، ڕۆژنامەی (الاهالي)یان، لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٢ بڵاوکردەوە، کە لایەنگری ناسیۆنالیزمی عەرەب بوو و زۆر جار کێشەکانی ناوخۆی عێراقیان شیکاریی دەکرد.

لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٣٥، یەکەمین کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق پێکهات. بەڵام لە کۆتایی ئەو ساڵەدا، زۆرینەی ئەندامانی دەستگیر کران و کەوتنە بەندیخانە و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکانیان قەدەغە کرا. عەرەبە ناسیۆنالیستەکان، لە ساڵی ١٩٣٥، حکومەتی بەغدایان گرتە دەست. لەو بارودۆخەدا، دیسان حیزب دەستی کرد بە چاکسازی لە سیستمی کۆمیتەی ناوەندی و کەسانێکی وەکو (جعفر ابوالتمن و کامیل جادرچی و حکمت سلیمان[١١٨])یان هەڵبژارد، بەڵام هیچ بزاڤ و تێکۆشانێکیان بۆ ڕاپەڕینی جەماوەر نەکرد. بەو جۆرەی کە زۆربەی ناوچەکان تووشی قەیران بووبوون، کوردستان و عێراقیش شڵەژابوون. بۆ نموونە، دەتوانین ئاماژە بە ڕاپەڕینی کوردە ئێزیدییەکان بکەین، کە لە باشووری کوردستان سەری هەڵدا. لە ناوچەی کوردە ئێزیدییەکان، لە ١٢ی ژوەنی

۱۹۳۵، حکومەتی عێراق (یاسای بەرگریی مەدەنی)ی پەسەند کرد. تێیدا هاتبوو کە هەموو عێراقییەک بە بێ ڕەچاوکردنی بیروباوەڕ و نەتەوە و ئایین و... هتد، دەبێت خزمەتی سەربازی بکەن، بەڵام ئێزیدییەکان، داوایان لە کەسایەتییە ئایینییەکان کرد کە ڕێگەیەکی ساناتر بۆ ئێزیدییەکان لەبەرچاو بگرن، بەڵام بەرپرسانی ئەو کاتەی عێراق، وەڵامی ئەو داخوازییەیان نەدایەوە. پەیوەندیی نێوان حکومەت و ئێزیدییەکان زۆر شێوابوو و دیسانەوە دژی حکومەت ڕاپەڕین. حکومەتی عێراقی، لە ڕۆژی ۵ تشرینی یەکەمی ۱۹۳۵، هێزێکی چەکداری بە سەرۆکایەتیی فەرماندەیەکی کورد، بە ناوی (حسێن فەوزی) ڕەوانەی باشووری کوردستان کرد بە مەبەستی سەرکوتکردنیان. لە هێرشەکەدا سەرکەوتوو بوو و شکستی بە ئێزیدییەکان هێنا. سەرۆکی ئێزیدییەکان (داوود الداوود) دەربازی سووریا بوو. لەو هێرشەدا (بەکر سدقی)ش بەشداریی کردبوو. دواترا حکومەت ۷ کەسی لە کوردە ئێزیدییەکان لە سێدارە دا. ئەگەرچی جموجۆڵی ئێزیدییەکانی کوردستان چڕبووبووەوە، لە تشرینی یەکەمی ۱۹۳۵دا سەدان کەسیان کوژران و سجن کران، دەیان گوندیان کاول کرا و ئاگریان تێ بەردرا.[۱۱۹]

لە لایەکی ترەوە لە عێراق، بارزانییەکانیش ڕاپەڕینیان کرد، کە تا سەرەتای ساڵی ۱۹۳٦ی خایاند. ئەڵبەت لە ئابی ۱۹۳۵ ڕاپەڕینی هۆزە کوردەکان لە باکووری عێراق، گیروگرفتی زۆری بۆ حکومەتی ناوەند سازکرد، بەڵام دوای ساڵی ۱۹۳٦ ئەو ناوچە کەوتەوە ژێر کۆنترۆڵی حکومەت. ساڵی ۱۹۳۵ (جەعفەر عەسکری[۱۲۰]) دیسانەوە بوو بە سەرۆک وەزیرانی عێراق[۱۲۱] و یاسین هاشمی هاتەوە سەر حوکم. ساڵی ۱۹۳۵ موحەمەد ئەمین زەکی بەگ، کتێبێکی نووسی بە ناوی (دوو هەوڵی بێ سوود[۱۲۲])، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە خۆی وەزیری کاروباری زانیاریی عێراق بوو. لەو پەرتووکەدا نووسیبووی کە عەرەب و کورد لە عێراقدا دەبێ هاوبەش بن. نموونەی زۆری هێنابووەوە کە لە مەیدانی دەسەڵاتدا، ئاوڕێکی ئەوتۆ لە کورد نەدراوەتە، تەنیا لەسەر کاغەز ئاماژە بە مافەکانی کراوە. کاتێك نوسخەیەك لەو کتێبە نێردرا بۆ وەزارەتی ناوخۆی عێراق، بڕیار درا کە بڵاونەکرێتەوە، چونکە لەو کاتەدا دەوڵەتی عێراق وای پێشان دەدا لە عێراقدا، کورد وەک عەرەب، لە هەموو مافێك

سوودمەندە. هۆکاری ڕێگریی لە بڵابوونەوەی ئەم کتێبە و ترس و سامی حکومەت، ئەوە بوو کە ناوەڕۆکی کتێبەکە شوێنەواری خراپ لەسەر پەیوەندیی کورد و عەرب جێبهێڵێ.

دوای ڕاسپاردەکەی دادگای لاهای کە داوای کردبوو لە ڕێگەیەکی هێمنانەوە، کێشەی سەر سنووری ئێران و عێراق چارەسەر بکرێ، نووری سەعیدی وەزیری دەرەوەی عێراق، ڕۆیشت بۆ ئێران، تاکو لە ماوەی ٢٠ ڕۆژدا، نوێنەرانی هەر دوو وڵاتی پادشایی، گفتوگۆ بکەن، بەڵام بە ئاکامێکی ئەوتۆ نەگەیشتن. وەفدە هاوڕێکەی نووری سەعید، بریتیبوون لە: وەزیری دادی عێراق، سەرۆکی بەندەری بەسرە کە ئینگلیز بوو. لە ٥ی ئابی ١٩٣٥، گەیشتنە تاران. ئەوان لە کاتێکدا چوون بۆ ئێران کە ئەڵمانیا لە هەوڵی (دۆخی بنەڕەتی[١٢٣])دا بوو و چالاکیی دیپلۆماتیکیی بەرفراوانی دەستپێکردبوو بۆ تەشەنە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەت لە ئێران و عێراقدا، کە دەستی ئینگلیزەکان لەوێ ئاوەڵا بوو، هەروەها لە چیکوسلۆڤاکیا و نەمسا، کێشەیەکی زۆری بۆ سیاسەتی ئەوروپیی بەریتانیا سازکردبوو. نووری سەعید زۆر بە جیدی لێنەنگریی لە بەریتانیا و ئاوێزبوون بەو وڵاتەی دەکرد. لە کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران[١٢٤]، کاتێک فەرماندە بەریتانییەکە، وارد، دژی مافی ئێران لە دەسەڵاتی هاوبەشی لە شەتولعەرەب ڕاوەستا، نووری سەعید پشتگیریی لێ کرد. وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە یاداشتێکدا، لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٦، ڕایگەیاند کە ئێران ڕێگەی دەریایی زۆری هەیە، بەڵام عێراق ڕێگەیەکی دیکەی نییە.[١٢٥] کاریگەری و توانا و دەسەڵاتی ئەڵمانیا لە ئێران و تورکیای عوسمانی و پێشینەی جەنگی جیهانیی یەکەم، بوونە هۆی ئەوەی لەندەن فشار بخاتە سەر ئێران و عوسمانی کە کێشەکانیان چارەسەر بکەن. لەندەن هەوڵی دەدا وڵاتانی ئێران و تورکیا و ئەفغانستان کە لە ساڵانی ١٩٢٦ و ١٩٢٨ پەیمانی دۆستییان لەگەڵ ڕووسیا واژۆ کردبوو، لە پەیمانێکی سەربازیدا لە یەک نزیکبکاتەوە، بۆ ئەوەی بەر بە دەسەڵاتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرێت. لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥، پەیمانی (سەعدئاباد) هاتە ئاراوە، کە ئەو مەبەستەی دەپێکا. هەر لەو کاتەدا بوو کە لە ئیتالیا، مۆسۆلۆنی[١٢٦] دوای داگیرکردنی ئەسیوپیا لە ١٩٣٥، هەڕەشەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرد. پاش ساڵێک، لە ساڵی ١٩٣٦، کودەتایەکی سەربازی لە سوپای عێراقدا ڕووی دا کە بە یارمەتیی فڕۆکەکانی

بەریتانیا سەرکوت کرا. لەڕاستیدا کودەتای ۱۹ی تشرینی یەکەمی ۱۹۳٦، کوردەکان ڕۆڵی ڕاستەقینەیان تێیدا هەبوو و حکومەتی یاسین هاشمیی لە دەسەڵات خست. لە ساڵی ۱۹۳٦، یاسین هاشمی دیسان دەرکەوتەوە، بەڵام ئەمجارەیان بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە ڕەخنەگرەکانی وەکوو (الاهالی)ی بۆ ماوەیەک داخست. پێیوابوو ڕەنگە لەم ڕیگایەوە، ناڕەزاییەکانی بەغدا کۆنترۆڵ بکات و بەرهەڵستیی گشتی لە بەغدا بخاتە تەژیر ڕکێفی خۆیەوە. لە تشرینی یەکەمی ۱۹۳٦دا، تەها هاشمی سەردانی تورکیای کرد و عێراقی بەجێهێشت، بەکر سدقیی لە جێگەی خۆی دانا، بەڵام حیکمەت سلێمان و دارودەستەکەی لە ڕۆژنامەی (الاهالی)، هێزەکانی ڕیفۆرمی نەتەوەییان کۆنترۆڵ و ڕێبەرایەتی دەکرد. شا- کە پەیوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ پان عەرەبەکان نەبوو- داوای لە سلێمان کرد کە دەوڵەت دروست بکات و چەند کەسێکی شیعەش ڕێیان کەوتە ناو ئەو کابینەیەوە.

لە ۲۹ی تشرینی یەکەم، ژەنەرالی کورد لەناو سوپای عێراقدا، بەکر سدقی[۱۲۷]، لە ڕێگەی کودەتایەکەوە دەسەڵاتی بەغدای گرتەدەست. بەکر سدقی بە بۆنەی دەسەڵاتی سەربازییەوە، حیکمەت سلێمانی[۱۲۸] بۆ پۆستی سەرۆکایەتی دیاریکرد و خۆیشی بوو بە سەرکردەی هێزە چەکدارەکانی عێراق. ئەمە یەکەمین کودەتای ناو سوپای عێراقی بوو کە کوردەکان دەوری باشیان تێدا گێڕا. کەین و بەین و پەیوەندیی نێوان (سلێمان حیکمەت) و ژەنەرال (بەکر سدیقی)، دەوری سیاسیی گرووپەکانی پێکهێنا و هۆی دروستبوونی کودەتاکە بوو.[۱۲۹]

ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرە کوردەکان، لەو کودەتا سەرکەوتووەی ژەنەرال بەکر سدقی لەناو سوپای عێراقدا، بەشداریان کردبوو. هەندێکیان، بە تایبەت لە لەشکری ۱ی سوپای عێراق، دەوری بەرچاویان لەم کارەدا هەبوو. زۆرینەی ئەفسەر و پلەدارانی وەکوو (بەهادین نووری، سەعدی مستەفا، ئەمین سری، بەکر سدقی، ڕەییس عەلی غالب و... هتد) بەشداریان کردبوو. لە هەندێ شوێنی دیکەدا، ئەفسەرە کوردەکان، بە تایبەت ڕەشید جەودەت، لە ئۆردووگای سەربازیی (الوشاش)، لە گفتوگۆیەکدا گوتی: دەسەڵات و حوکمی عەرەب لە عێراقدا کۆتایی هاتووە و دەبێ کوردەکان خۆیان ئامادە بکەن بۆ بەدەستهێنانی

مافەکانیان. گروبا، باڵیۆزی ئەو کاتەی ئەڵمانیا لە عێراق، دەڵێت: (کاتێك بەکر سدقی منی ئاگادارکردەوە، کە بە نهێنی لەگەڵ منـدا دیدار و وتووێـژێکی ڕێخست. گـوتی دەیـەوێ لـە کوردستان شۆڕشێك بەڕپا بکات. گوتی من کوردم و ئامانجم پێکهێنانی دەوڵەتی کوردییە و دەمەوێ هەموو کوردەکانی عێراق و ئێران و تورکیا لە دەوری یەك کۆبکەمەوە، پاشان ئـەو دەوڵەتە کوردییە بەرانبەر وڵاتانی دراوسێ خەبات و شـۆڕش بکـات. بـەم بۆنـەوە دەمـەوێ خـۆم خـەبات و ڕاپەڕینەکـە ڕێکبخـەم). ئەڵبـەت بـەکر سـدقی بـە یارمـەتیی باڵیۆزخانـەی ئـەڵمانیا لـە بەغـدا، داوای لـە (هـاینس[١٣٠])، کـە پـسپۆڕێکی ئاڵمـانی بـوو، کـرد، بـە نـاوی (پـسپۆڕی زەوی)یـەوە بێتـە بەغـدا، تـا لـە حاڵـەتی دروسـتبوونی دەوڵـەتی کوردیـدا، لـە چۆنێتیی مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ڕووبەڕووبوونەوەیاندا، یارمەتیی بدات.[١٣١]

لەو کاتەدا، سووریاش لەژێر سەرپەرشتیی دەوڵەتی فەرەنسادا بوو، تەنیا حیزبی گـەل[١٣٢] و حیزبـی کۆمۆنیـست[١٣٣] لـەو وڵاتـەدا چـالاکیان هـەبوو. هـەر لـەو سـاڵەدا کۆمـاری لوبنـان ڕاگەیەندرا. عێراق بەشێوەیەکی فەرمی، سیاسەتی فەرەنسای لـە سـووریا تاوانبـار کـرد و دەورێکی چالاکی لە گفتوگۆ سـەبارەت بـە کێشـەی فەلەسـتینەکان و یەهودییـەکان گێـڕا. شۆڕشـی ١٥ی نیـسانی ١٩٣٦ی فەلەسـتین، گـەورەترین شۆڕشـە لـە مێـژووی نـوێ و هاوچەرخی فەلەستیندا، کـە گرووپێـك لـە لایـەنگرانی (شـێخ عیـززەدەین قەسـام[١٣٤]) و بـە سەرۆکایەتیی (شێخ فەرحان سەعدی[١٣٥])، بە کوشتنی ٢ جوولەکە دەستی پێکرد.[١٣٦] پـاش ئەو ڕووداوانە، کارەسات و بەسەرهاتی جۆراوجۆر هاتەنەپێش، کە بوونە هـۆی کەوتنـەوەی توندوتیژی لە نێوان هەر دوو لایـەنی عـەرەب و جوولەکـە. لـە ٢٠ی نیسانی هـەمان سـاڵدا، فەلەستینییەکان مانگرتنێکیان ڕێکخست و ڕووانگەی (اخوان المسلمین) بەرانبەر بە کێشەی فەلەستین، بە ڕاپەڕینی گەورەی خەڵکی فەلەسـتین لـە سـاڵەکانی ١٩٣٦ تـا ١٩٣٩، ڕوونـتر بووەوە. ئەم ڕێکخراوە بانگەشەیەکی گشتیی لە میسر دەستپێکرد بۆ پشتگری لـە کێشـەی فەلەستین، کۆمیتەیەکی پێکهێنا بۆ پشتگری لـە فەلەسـتین و پڕۆژەیـەکی بـۆ یارمەتیـدانی دانیشتووانی ئـەو وڵاتـە و شۆڕشـەکەیان بـەڕێوەبرد. کۆمـەڵی نێونەتـەوەیی، ئامـادەکردنی پلانی دابەشکردنی فەلەستینی پەسـەند کرد و پاشـان چـەمکی دژایـەتیی زانایـانی ئـایینی بەرانبـەر دابەشـکردنی فەلەسـتین، هاتـە گـۆڕێ. یەکـەم بەربـەرەکانێ لـە لایـەن زانایـانی

جیهانیی ئیسلام و عەرەبەوە بوو و لەڕاستیدا ئالاهەڵگری ئەم بزاڤە، مامۆستایانی ئایینیی ئێران و عێراق بوون.[۱۳۷] دوابەدوای گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا و پێکهاتنی بواری سیستمی دوولایەنەی جیهانی، بەریتانیا و پاشان ئەمەریکا، سیاسەتی بەربەستکردنی کۆمۆنیزمیان گرتەبەر.[۱۳۸]

بەپێی پرۆگرامی ستراتژیی لەندەن، سیاسەتی نزیکبوونەوە لە ولاتانی ناوچە داڕێژرا. دوای چەند ڕۆژ دانوستان لە نێوان ئێران و عێراقدا، لە کۆتاییدا لە ساڵی ۱۹۳۷ و بە نێوانگیریی بەریتانیا، ڕێکەوتننامەی نێوان ئێران و عێراق و تورکیا و ئەفغانستان واژۆ کرا. ئەم ڕێکەوتنە کە بە پەیمانی سەعدئاباد بەناوبانگە، زەمینەیەکی وای سازکرد کە بە شێوەیەکی کاتی کێشەکانی هەر دوو ولات چارەسەر بێن، وەکوو کێشەی شەتولعەرەب (ئەروەندروود). لە درێژەی وتووێژە تایبەتییەکانی ئێران و عێراق، جارێکی دیکە بەریتانیا، ئێرانی ناچار کرد وازبهێنێ لە داواکەی سەبارەت بە خاوەندارێتیی نیوەی ڕۆژهەلاتی شەتولعەرەب. هەروەها دەستی عێراق ئاوەلاتر بێ، چونکە عێراق ژێردەستەی بەریتانیا بوو و کاروباری ئەو ولاتە بە دەستی ئینگلیزەکانەوە بوو.

لە ۸ ی تەموزی ۱۹۳۷، پەیمانی دەستدرێژینەکردنی سەعدئاباد، لە لایەن ٤ وەزیری دەرەوەی دەوڵەتانی ئێران، عێراق، تورکیا و ئەفغانستانەوە، لە کۆشکی سەعدئاباد، واژۆ کرا. گرووپێك دەڵێن ئەم پەیمانە دۆستایەتییەی نێوان ٤ ولاتانی ئێران، عێراق، تورکیا و ئەفغانستان، لە ماڵی مەلیك غازی واژۆ کرا. بەڵام هەرچۆنێك بووبێت، لە ساڵی ۱۹۳۷، ئێران و تورکیا و عێراق، پەیمانی سەعدئابادیان بە ڕووالەت بۆ هاوەنگیی سیاسەتی بەرگریی واژۆکردبوو. ئەگەرچی ئەم پەیمانە بە تایبەتی، سەرنجی دەدایە ڕاپەڕینەکانی سەر سنوور لە لایەن کوردەکانەوە. ئەوە ڕوون و ئاشکرا بوو کە ڕێگرتن لە خەباتی شۆڕشگێڕانی کورد، لە نێوان دەسەلاتدارانی ئێران و عێراق و تورکیا، وەکوو باسێکی ڕاستەقینە هاتبووە ئاراوە. یەکێك لە ئامانجەکانی ئەو پەیمانە کە ئێران و عێراق و تورکیا لەسەری سووربوون، سەرکوتکردنی هاوبەشی (کوردە چەکدارەکان) لە ناوچەکەدا بوو. ئێران لەو دۆخە زیاتر سوودمەند بوو. بە نزیکبوونەوەی نووری سەعید لە ئینگلیزەکان و

ولاتانی هاوپەیمان، ئێران نەیدەتوانی بە ویستەکانی بگات.[١٣٩] یاسای زەوی وزاری ئێران و عێراق لە پەیمانی ١٩٣٧دا و بەرنامەی (تالوێگ[١٤٠]) بووە هۆی خۆپیشاندان لە بەغدا و بەسرە لە دژی ئەو پەیمانە. حکومەتیش لە دەلاقەی چاوەوە سەیری عەرەبەکانی خوزستانی دەکرد و ئەوانی بە عەرەبەکانی جیهانی عەرەب دەزانی. بەکر سدقی، لە ١١ی ئابی ١٩٣٧، بە هۆی پیلانێکی ئینگلیزەکانەوە کوژرا. لە کاتی ڕۆیشتن بۆ تورکیا، لە فڕۆکەخانەی موسڵ، کەوتە بەر دەستڕێژی سەربازێکی کورد و کوژرا. پاشان نووری سەعید بووەوە بە سەرۆکی عێراق. نووری سەعید خۆپارێزێکی لایەنگری لەندەن بوو. خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز بوو، بەوپەڕی شارەزایی سیاسییەوە، توانیبووی تا ٢٠ ساڵ دوای ئەوە، دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بەدەستەوە بگرێ. ئەگەرچی بە شکستی کاتیی بەریتانیا لە ئیتالیا، دەوڵەتی ڕەشید عالی گەیلانی هاتە سەر حوکم، بەڵام لەو ماوە کورتەدا، کێشەی سەرسنووری ئێران و عێراق چارەسەر نەکرا. دوای دروستبوونی دەوڵەتی نووری سەعید، ڕێژەیەکی گەورە لە هێزە چەکدارەکانی بەریتانیا، چوونە عێراق و لەوێ نیشتەجێ بوون.[١٤١]

هەوڵدەمی کتێب

کاتێک سدقی دەیویست بچێت بۆ تورکیا و لە مانۆڕێکی سەربازیی ئەڵمانیا بەشداریی بکات، ٥ جار هەوڵ درا بۆ تێرۆرکردنی. لە کاتی کودەتای بەکر سدقی، پەیمانی سەعدئاباد لە تاراندا واژۆ کرا کە لەڕاستیدا دژی بەرژەوەندیی کوردەکان بوو. لە کاتی سەفەری بەکر سدقی لە کەرکووکەوە بۆ موسڵ، چەند کەسایەتییەکی کوردی لەگەڵیدا بوو، وەکوو: خدر بەگ ئەحمەد پاشا دزەیی، نوێنەری هەولێر لە پەرلەمانی عێراق، حسێن فەوزی، فوئاد عەلی، نورەدین مەحموود، موحەمەد تۆفیق عارف و چەند کەسێکی دیکەی سەربازیی. (فایەق تۆفیق)ی پارێزەری دادگا، لە ڕێگەی کەرکووک، چەند جارێک سەیارەکەی بەکری ڕاوەستان و هەندێ زانیاریی ئاسایشیی دایە کە بە سەلامەتی بگاتە ئەو شوێنە، بەڵام عاقیبەت بە دەستی سەربازێکی کورد و هاوزمانی خۆی، کوژرا. هەندێ لە ئەفسەرانی گەنجی زانکۆی ئەفسەریی و سەربازانی دیکە لە بنکە سەربازییەکاندا، هەر کە هەواڵی مردنی سدقییان بیست، ویستیان خۆیان بکوژن. هەرچەندە هەندێک لە ئەفسەرانی کورد، بە دڵمەندییەوە سەیری ژەنەراڵ سدقییان دەکرد، بەڵام دواجار فەرماندە عەبدولعەزیز یامولکی و موحەمەد خورشید فەهمی سەعید، دەستیان لە تیرۆری ژەنەراڵ سدقیدا هەبوو. لەو

سەردەمەدا کە چەکدارەکانی عێراق لە بەرەی دەسەڵاتدا بوون، شوێنگەیەک بۆ چالاکیی سیاسی نەمابوو. بەڵام هەر لەو بارودۆخەدا، لە سلێمانی، گرووپێک بە ناوی (برایەتی[۱۴۲]) دامەزرا، کە ئامانجی ئەم گرووپە، پشتگیریی لە چالاکیی سیاسیی کورد بوو.

تا ساڵی ۱۹۴۳، چالاکیی ئەو گرووپە لە چوارچێوەی سلێمانیدا بوو. ئەفسەرانی وەکوو (نووری ئەحمەد تەها و ئیسماعیل حەقی شاوەیس) لەو گرووپەدا ئەندام بوون. ئەم خەباتە کە ١٠ مانگ زیاتری نەخایاند، هەر بەو شێوەیەی کە بە کودەتایەکی سەربازی و کوشتن دەستی پێکرد، کۆتایی هات. هۆکاری شکستەکەی ئەوە بوو کە دارودەستەی چاکساز، لابران و سوپا لێکترازا و خەڵک بە کاربەدەستانی تازەدا نامۆ بوون. ئەم کودەتایە ڕووداوێکی گرنگ بوو، چونکە بوو بە سەرەتایەک و مێژوویەک بۆ کودەتاکانی دواتر لە جیهانی عەربدا. ئەگەرچی شکستی هێنابوو، بەڵام سوپای عێراق باوەڕی بە خۆی هەبوو و چێژی دەستێوەردان لە ژیانی ئەو وڵاتەی چەشتبوو و ئەو تاقمەی کە بەکر سدقی لە دەسەڵات خستبوو، لە ژێرەوە کابینەی پێکهێنابوو و هەروەها دەیتوانی کابینەیەک لە دەسەڵات بخات. ئەو گرووپە کە دواجار ناوبانگی بە گرووپی ٧ دەرکرد.[۱۴۳]

هەر لەو ساڵەدا[۱۴۴] لە جیهانی عەرەبیدا دەنگوباسێکی دیکە هەبوو. لە میسردا، سوڵتان فوئادی یەکەم[۱۴۵] کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی (فاروق)، جێگەی ئەوی گرتەوە و گۆڕانکارییەکی نوێ لە میسردا دەستی پێکرد. لە میسر، فاروق، شای گەنج و خۆشەویستی خەڵک، کە پاش سەردەمێکی جێنشینیی سەڵتەنەت -ئەنجومەنی سەڵتەنەت- لە تەموزی ١٩٣٧دا تاجی کردە سەر، بارودۆخی سیاسیی بە تەواوی گرتە دەست.[۱۴۶] لە ساڵی ١٩٣٧ بزاڤی کوردیی، دژی حکومەتی تورکیا لە ناوچەی دەرسیم سەری هەڵدا. کۆمەڵەی (دارکەر[۱۴۷]) لە مانگی ٩ ی ساڵی ١٩٣٧، یەکەم کۆبوونەوەی لە ماڵی بورهان جاف کرد و بە شوێن ئەوەدا، لە شارەکانی دیکەیش دەستی پێکرد. بەپێی بەڵگەکان، ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیران و گەنجان و خوێندەوارانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا. دواجار لە پەیکەری ئەم کۆمەڵەیەوە بوو کە حیزبی (هیوا[۱۴۸]) دروست بوو و چەندان چالاکوان و ڕۆشنبیری کورد لە کەرکووک و شارەکانی دیکە، هاتنە ڕیزی ئەم حیزبەوە. ڕەفیق حیلمی سەرپەرشتیی

حیزبەکەی گرتە ئەستۆ و گەنجیك بە ناوی (دڵدار[١٤٩])، کە شاعیری شیعری (ئەی ڕەقیب)ە، بوو بە سکرتێر.

بزووتنەوەی کوردیی لە سەردەمی ئینگلیزەکاندا و لە ساڵانی ٣٠ دا، گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام لە ساڵەکانی ١٩٣٦ تا ١٩٣٨، بزاڤەکە بە سەرۆکایەتیی (دڵدار) دەستی پێکرا، کە بە شێوازی ئیتالیاییەکان، کۆمەڵەی (دارکەر)یان دامەزراند. لە ماوەی ٢ ساڵدا جەماوەرێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی سوپایش دەیانویست بچنە ڕیزی ئەوان. دواجار داوایان لە ڕەفیق حیلمی کرد کە سەرۆکایەتیی ئەم بزووتنەوەیە لە ئەستۆ بگرێت، ئەویش پێمل بەم کارە بوو، بەڵام مەرجێکی دانا، ئەویش ئەوە بوو کە پارتی هیوا دابمەزرێ، چونکە لەوەو پێش حیزبێك هەر بەو ناوە، یان (هێڤی)، لە تورکیادا هەبوو. ئەو داخوازییە وەرگیرا و ناوی هیوا هەڵبژاردرا و دیسان دڵدار سکرتێریی پێ سپێردرا. لەڕاستیدا ڕەفیق حیلمی ڕابەر و سەرۆکی ڕۆحیی هیوا بوو. ئەڵبەت هەندێ کەس لەو باوەڕەدان کە (دارکەر) و (هیوا)لە شاری کەرکووك دامەزراون، بەڵام حیزبی هیوا توانیی ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی کوردی ناوهێزە چەکدارەکانی عێراق بەرەو لای خۆی ڕابکێشێ. تەنانەت لەناو لەشکری سەربازیی عێراق لە کەرکووك، ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی کورد لەگەڵ هیوا بوون. بەڵام دەستەیەك لەو باوەڕەدان کە کۆمەڵەی دارکەر لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٨، ناوەکەی گۆڕدرا و کرا بە هیوا، بەڵام هەر لەسەر ستراتژیی نەتەوەیی کوردی کاری دەکرد. دەستەیەکی دیکە لەو باوەڕەدان کە هەر لەو ساڵەدا (هیوا) خۆی دامەزراوە، چونکە (دارکەر) ئیتر نەیدەتوانی وەڵامدەرەوەی ویستەکانی کۆمەڵگا بێ و ڕەفیق حیلمی هەڵبژێردرا.

لە ساڵی ١٩٣٩، بزاڤی کوردەکان، بووە هۆی پێکهاتنی ڕێکخراوە نەتەوەپەرستییەکانی کورد لە ناوچەکەدا. وەکوو هیوا، کە لە نێوان ڕۆشنبیرانی شارەکانی کوردستاندا پێشوازیی لێ کرا. لە کوردستانی ئێرانیش کۆمەڵەی (ژ _ ك) لە ساڵی ١٩٣٨ لە مەهاباد پێکهات. هەندێك کەس لەو باوەڕەدان کە لە چەند شارێکی دیکەی کوردستان لقی دروستکردووە و بە شێوەی نهێنی چالاکیی دەستپێکردووە. بەڵام کۆمەڵێکی تر دەڵێن کە بە هۆی

بارودۆخی پۆلیسیی ڕەزاشاوە لە کوردستان، نەیتوانیوە پەرەبسێنێت. لەو ماوەیەدا، پارتی زۆر و جۆراجۆری وەک: زەردەشت (۱۹۲۷)، برایەتی (۱۹۳۸)، پێشکەوتن، پشتیوانی، شۆڕش و...هتد، لە کوردستاندا دروستبوون و دوای ماوەیەک هەڵوەشانەوە[۱۵۰]. کە تا ڕادەیەک هەموویان وەکوو هیوا وابوون.[۱۵۱]

لە بەینی ساڵانی ۱۹۳٦ تا ۱۹۳۸، هەموو دەنگوباسی سیاسی لە سۆڤیەت، ڕووداتی بوو و ڕەوتی سۆشیالیزم، بە تەواوی دەچووە پێش و دەهۆڵکوتانی بانگەشە بەردەوام بوو. هاوکات لەگەڵ ئەوەش لێدوان سەبارەت بە هەڕەشەی سەرمایەدارانی جیهان گوێی هەمووانی کەڕ کردبوو. باڵاتر لەوانە، دیمەنی باوکانەی ستالین لەئارادا بوو، کە پەرستنی ئەو، لە ئایینی ئۆرتۆدۆکس[۱۵۲] دەچوو.

لە کانوونی دووەمی ۱۹۳۹، کۆنفرانسی لۆندەن سەبارەت بە فەلەستین بەڕێوەچوو و نووری سەعیدیش سەرۆکایەتیی وەفدی عێراقی دەکرد. لە مارتی ۱۹۳۹ پیلانی تیرۆری مەلیک غازی ئاشکرا بوو و چەند کەسایەتییەکی سیاسی دەستبەسەر کران. لە ڕووداوی مردنی غازی بە هۆی وەرگەڕانی سەیارەوە لە نیسانی ۱۹۳۹، دەرکەوت کە هێشتا نووری سەعید دەسەڵاتی تایبەتی خۆی لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا پاراستووە. بە دەسپێکردنی جەنگی جیهانیی دووەم لە ئەوروپا، لە ئەیلوولی ۱۹۳۹، بەریتانیا داوای لە عێراق کرد کە دابڕێ لە پەیوەندیی سیاسی لەگەڵ ئەڵمانیا. لە یەکەم ڕۆژی ئەیلوولی ۱۹۳۹، جەنگی جیهانیی دووەم دەستی پێکرد. لەو کاتەدا نیشتمانپەروەرانی عەرەب لەناو سوپای عێراقدا، کە بریتیبوون لە ئەفسەرانی وەکوو (فەهمی سەعید، کامیل شەبیب، مەحموود سەلمان و سەلاحەدین دەباغ) بە هاریکاریی ڕەشید عالی گەیلانی، کۆنترۆڵی دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوو. پەیوەندیی عێراق و لەندەن تێکچووبوو، چونکە وای بۆ دەچوون کە جۆرێک پەیوەندی لە نێوان هەر دوو ئاڵمنیاندا دروستبووە.

سەرۆکانی ڕاپەڕینەکە، کە دواجار بە ڕاپەڕینی مارت ناوبانگی دەرکرد، لە کێشەی نێوان عێراق و بەریتانیادا، هەوڵێکی زۆریان دا کە بە هەر شێوازێک بووە، بەتایبەت بە ناوی

جیهادەوە، کوردەکان بەرەولای خۆیان ڕابکێشن. ئەڵبەت دەستەیەک لەو باوەڕەدان کە هەموو مەلاکان و پیاوانی ئایینیی ناودار لە ناوچەکەدا، بە مەبەستی دژایەتیی لەندەن، فتوایان ڕاگەیاندووە، بەڵام لە بەرانبەر ئەم کارەی ئەوان، مەلا (موحەمەدی جەلیزادە)، لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی ڕەشید عالی گەیلانی و دارودەستەکەی، هاوکات لەگەڵ هەموو گوشارێك، ئامادەنەبوو فتوا بدات، چونکە باوەڕی بە شەرعیەتی ئەوان نەبوو. بەڵام بەشێکی زۆر لە کوردەکان لەو باوەڕەدا بوون کە لە پاڵ فەرماندەرانی ڕاپەڕینی ئازار دژی ئینگلیزەکان، خۆی لە خۆیدا جۆرێك جیهاد دێتە هەژمار، چونکە لەو کاتەدا هۆکاری ئایین خاڵێکی کاریگەر بوو. حکومەت داوای لە شێخ مەحمودی حەفید کرد پشتگریی لە بزاڤی جەماوەر دژی ئینگلیزەکان بکات. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە شێخ لە کوردستان دوور بوو و لە بەغدا بوو. کاتێك شێخ سەبارەت بە هەڵوێستیان بەرانبەر کێشەی کورد پرسیاری لێ کردن، ئەوان گوتیان پاش کۆتایی قەیرانی ئینگلیزەکان، گفتوگۆی لەسەر دەکەین. لە سەرەتاوە شێخ مەحموودیان هان دا و بڵێنیان دایە کە ڕێگە بە گەڕانەوەی بۆ سلێمانی دەدەن، بەڵام شێخ لەو کێشەیەدا پشتگریی لە نیشتمانپەروەران و هۆزە عەرەبەکان نەکرد، چونکە ئەو دەیزانی کە سیاسەتی ئەمانە بەرانبەر کێشەی کورد هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ حکومەتەکانی پێشوو نییە. ئینگلیزەکان هەوڵیان دەدا سەرنجی ئەفسەرە کوردەکان بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن و سوودیان لێ وەربگرن، وایان لێ بکەن دژی ڕێبەرانی ڕاپەڕینی مارت ڕاوەستن، بەڵام لەو ئامانجەدا سەرکەوتوو نەبوون. پەیمانی ١٩٣٩ی سۆفیەت و ئەڵمانیا، بوو بە بیانوویەك بۆ بانگەشەی زۆری ئەمەریکا و بەریتانیا.[١٥٣]

هەندێ چالاکیی کولتووریی کوردەکان لە سالانی سیدا بەرچاوبوو. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٣٤، کۆنگرەی زمان و ئەدەبی کوردیی لە یەریڤانی ئەرمەنستان، بەڕێوەچوو. لە ساڵی ١٩٣٩ بەرنامەکانی ڕادیۆی کوردیی بەغدا دەستی پێکرد. بەرپرسانی عێراقی لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٣٩، بەشی کوردیی ڕادیۆی عێراقیان کردەوە، لە کاتێکدا ماوەیەکی زۆر بەسەر دامەزرانی ئەم ڕادیۆیەدا لە عێراق، تێپەڕ بووبوو. ئەفسەرانی کورد ڕۆڵێکی بەرچاویان لە دامەزرانی ئەم ڕادیۆیەدا هەبوو. (موحەمەد ئەمین زەکی بەگ) و (تۆفیق وەهبی) دەنگوباسی ئینگلیزییان وەردەگێڕایە سەر کوردی. جاری وا هەبوو، بوونی

كەسێكى زيرەك و خوێندەوار، سەرنجى لاوانى بەتواناى بەرەو لاى خۆى ڕادەكێشا. بۆ نموونە لە ساڵى ١٩٣٢، گيوى موكريانى چوو بۆ مەهاباد و لەوێ دوكانى وێنەگريى دانا، لاوانى وەكوو موحەمەد قازى و عەبدولڕەحمان زەبيحى، لاى ئەو فێرى زمانى فەرەنسى بوون، كە دواجار بوونە كەسايەتيى هەڵكەوتووى فەرهەنگى لە كوردستانى ئێراندا. ئەگەر لە يەكەم ڕۆژى جەنگى جيهانيى دووەمەوە، ڕەوتى ويلسۆنى نەيدەتوانى ڕۆڵێكى لە بەرژەوەندىى نەتەوايەتيى كوردەكاندا هەبێت ڕووبەڕووبوونەوەى نێونەتەوەييش لە كاتى جەنگ و دواى جەنگ، كەڵكى نەبوو. دەستپێكردنى جەنگى جيهانيى دووەم لە كانوونى يەكەمى ١٩٣٩ و سەركەوتنى پەيتا پەيتاى ئەڵمانيا، هيوايەكى نوێى بەخشى بە خەڵكى عێراق كە لە كۆتوبەندى بەريتانيا ڕزگاربيان دەبێ، ئەو بەريتانيايەى كە بەردەوام حكومەتى لايەنگرى خۆى بەسەر عێراقييەكاندا دەسەپاند و خەڵك لەو حكومەتانە تووڕە و زوير بوون.[١٥٤]

كاتێك جەنگى جيهانيى دووەم دەستى پێكرد، لە كوردستانى عێراقدا زانيارييەكى ئەوتۆى ڕاست و دروست سەبارەت بە گۆڕانكارييەكانى جيهانى دەوروبەر، لە بەردەستدا نەبوو، ئەگەر زانيارييەكيش بهاتبايە، درەنگ دەهات، كە دەيسان شوێنەوارى خۆى لەسەر هەستى نەتەوەپەرەستيى خەڵك دادەنا و هەوڵى زێدەتريان دەدا بۆ گەيشتن بە سەربەستى. لەو سەردەمەدا كوردەكان بزاڤێكى سياسيى ئەوتۆيان نەبوو و سياسەتوانانيش زۆر بەتوانا نەبوون. لە سەردەمى عوسمانى و ئينگليزەكاندا، عێراقييەكان بە چاوێك سەيرى نەتەوەكانى عەرەب و كورد و تورك و ئاشووری و ئەرمەنى و... هتديان دەكرد و ئازاريان بە هەمووان دەگەياند. مەليك غازى لە نيسانى ١٩٣٩، لە ڕووداوێكى هاتوچۆدا، گيانى لەدەستدا، كە دەيانگوت دەستى نووری سەعيد و ئينگليزەكانى تێدا بووە. پاش مردنى ئەو، فەيسەڵى دووەم[١٥٥]، كە منداڵێكى ٣ ساڵە بوو، بوو بە پادشا و براكەى، واتە (ئەمير عەبدوڵڵا[١٥٦]) وەكوو نايب السلطنة دياريكرا و لايەنگرێكى بێ يەكودووى ئينگليزەكان بوو. لە سەرەتاى ئەيلوولى ١٩٣٩، كە جەنگى جيهانيى دووەم دەستى پێكرد، لە سەرەتاوە توركيا و ئێران، بێلايەنيى خۆيان ڕاگەياند، بەڵام دەيسان لە لايەن ڕووسيا و ئينگليزەكانەوە، وەكوو جەنگى جيهانيى يەكەم، ئێران داگير كرا.[١٥٧]

هەوڵنامەی كتێب

لە ساڵانی ٣٠ دا، دۆخی کوردستان بە شێوەیەک بوو، کە وەچەی لاو دەچوونە لای مەلای مزگەوتەکان و فێری خوێندن و نووسین دەبوون و قورئانیان دەخوێند، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، فێری عەرەبیش دەبوون. حکومەتی عێراق دەیویست کە مامۆستاکان جلوبەرگی فەرمی لەبەر بکەن، چونکە لەو سەردەمەدا مەلیک فەیسەڵ حکومی دەکرد. لە کوردستاندا، بۆ نموونە لە شوێنێکی وەک شەقڵاوەدا، زۆر بە کەمی سەیارە دەبیندرا. یەک درهەم، لەو کاتەدا پارەیەکی زۆر بوو. مووچەی کەسێک ٧٥ ڕوپیە بوو. فلس و دینار، دواتر و لە ساڵی ١٩٣٣دا، هاتە بازاڕەوە.[١٥٨]

بە گشتی، بارودۆخی عێراق، لە ڕووی سیاسییەوە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٠دا، بە شێوەیەک بوو کە هەموو شتێکی ئەو وڵاتە لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزدا بوو. لەڕاستیدا ئینگلیزەکان حکومیان دەکرد، تەنانەت ڕاوێژکارانی عێراقی لە وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیادا بوون. بۆیە سیاسەتی عێراق، لە بازنەی سیاسەتی ئینگلیز و هاوپەیمانان نەدەچووە دەرەوە. لەو سەردەمەدا بێجگە لە عێراق، زۆرینەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیادا دابەش کرابوون، بەتایبەت لە مەودای نێوان جەنگی جیهانیی یەکەم تا جەنگی جیهانیی دووەم. ئەگەر بمانەوێ سەیری مێژووی سیاسیی عێراق بکەین، پێویستە لە سەرەتاوە سەیری سیاسەتەکانی ئینگلیز و بەرژەوەندییەکانی لەو وڵاتەدا بکەین، واتە دەبێ بزانین ئەوان چ سیاسەتێکیان داڕشتبوو کە بەو شێوەیە کارەکان بەڕێوەدەچوون. ئەمە پەیوەندیی بە بەرپرسانی عێراقەوە هەبوو. پاش ئەوانە، ئۆپۆزیسیۆن دروستبوو. ئۆپۆزیسیۆنی عەرەب و کورد، چەندان ڕاپەڕینی لەدوای یەکیان لە کوردستان و عێراق و باشوور کرد. یەکێک لە ڕووداوەکان کە هێشتا شوێن پێی ماوەتەوە، پەیمانی ١٩٣٠ی عێراق و بەریتانیا بوو، کە پاش ئەوە چەند چالاکییەک لە کوردستاندا سەریان هەڵدا. لە ناوچەی فوراتیش، لە ١٩٣٥ دا، ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتی بەریتانیا لە عێراق سەری هەڵدا. لەو کاتەدا ئەم چالاکییانە بە شێوەیەکی ڕوون و بەردەوام نەبوون، بەڵام بیر و ئەندێشەی ڕاپەڕین، هاوکات لەگەڵ ئاستی زانیاری لە دەروونی جەماوەردا، پرشنگدار بوو. لەو سەردەمەدا، لە زۆر بۆنە و ئاهەنگدا، ڕاپەڕینی گەورە و بچووک ڕووی دەدا.[١٥٩]

بەتایبەت لە ساڵەکانی ۱۹۳۰ تا ۱۹۳۹، واتە سەرەتای جەنگی جیهانیی دووەم، لە هەموو ناوچەکانی کوردستان، ویستی خەڵکی ئاسایی و ئەو لایەنانەی کە لەگەڵ ڕاپەڕیندا بوون، دەرچوونی عێراق لە پەیمانی ۱۹۳۰ بوو، چونکە بەریتانیایان بە داگیرکەری عێراق دەزانی. هەروەها خوازیاری ئازادی و دیموکراسی و چالاکیی ئازادانەی حیزبەکان بوون. لە لایەکی تردوە سەرمایە و داهاتی عێراق –بەتایبەت نەوت– لەژێر دەستی ئینگلیزدا نەبێ و داهاتەکان و سوودەکەی بۆ خەڵکی عێراق بگەڕێتەوە. ئەوەی پەیوەندیی بە کوردەکانەوە هەبوو، ویستی دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی بوو، داوای ئەوەیان دەکرد کە مافێکی نەتەوایەتییان بۆ لەبەرچاو بگیردرێت. لەو کاتەدا ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانە بەدی هات و کاریگەریی خۆی هەبوو. ئەم دۆخە بوو بە هۆی ئەوە کە گەلی کورد داوای دۆستایەتی لەگەڵ عەرەب بکات، پێشتر دروشمێکی وەهای نەبوو. پاش ئەوەی هەندێ ئەندێشەی پێشکەوتوو و نوێ لە کۆمەڵگای کوردیدا پەرەی سەند، بەتایبەت لە ساڵی ۱۹۳۰ بەدواوە، لە زۆربەی نووسراو و کۆبوونەوە و دروشمەکاندا، داوا دەوکرا کە تێکۆشەران و چالاکوانان و کرێکارانی کوردستان و شوێنەکانی دیکەی عێراق، یەک بگرن.

لەو کاتەدا وتارێك بڵاوبووە و دەنگێکی زۆری دایەوە. وتارێك بوو کە (ئیبراهیم ئەحمەد[۱۶۰]) بە زمانی عەرەبی نووسیبووی. ساڵی ۱۹۳۷ لە ڕۆژنامەیەکدا بە ناوی (بین الاکراد والاعراب) بڵاوبووەوە[۱۶۱]. کە نموونەیەك بوو لە دۆخی سیاسیی ئەو سەردەمەی کوردستان. تا ئەو کاتە خەڵك سەرنجێکی ئەوتۆیان لەو مەبەست و قسانە نەدابوو. ئەم وتارە چەند جارێك بڵاوبووەوە. لەو نووسینەدا، ڕووداوەکانی عێراق بە گشتی شیکرابووەوە و بارودۆخی کوردستان دوای جەنگی جیهانیی یەکەم و چەند ساڵ پێش جەنگی جیهانیی دووەم، ئاماژەی پێ کرابوو. ئیبراهیم ئەحمەد لەو نووسینەیدا، پێوستیی یەکێتیی هاوکاریی کورد و عەرەب و نەتەوەکانی تری، دژی دەسەڵاتی بەریتانیا و خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگاریی عێراق و بەدەستهێنانی ئازادی و دامەزراندنی سیستمی دیموکراسی لە عێراق، ڕوونکردبووەوە. تا ساڵی ۱۹۳۹ و دەستپێکردنی جەنگی جیهانیی دووەم، کاریگەریی بەهێزی لەسەر جۆری بیرکردنەوە و تێڕوانینەکان هەبوو.[۱۶۲]

***

رەنگە بتوانرێت بە بێ وەسفکردنێکی زۆر و لەڕادەبەدەر، بگوترێت کە کۆیە، لەم زێدە کۆنە، ناوی تالەبانی واژەیەکی ئاشنایە و گرێدراوە بە ناسنامەی ئەم کیانە. تالەبانی، بنەماڵەیەکی گەورە و زەبەندە، کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا لە ڕیزی بنەماڵە ناسراوەکاندایە. هەموویان نەوە و بەرەی شێخ ئەحمەدی تالەبانین. شێخ ئەحمەد کوڕی مەحموود زەنگەنەیە و گلکۆی باوەگەورەی تالەبانی (ئاغا ڕۆستەم[١٦٣]) لە قەرەداغە و کاتی خۆی لە شاری بۆکانی[١٦٤] کوردستانی ئێران ژیاوە. لە خاوەن زەوییە گەورەکانی ناوچەکە بووە، کە لە سەردەمی دەسەلاتی شا عەباسی سەفەویی لە دەورانی سەفەوییەکان[١٦٥]، دەخرێتە ژێر فشارەوە، بۆ ئەوەی واز لە ڕێبازی سوننە بهێنێ و ببێتە شیعە. لەوێ دەربازی دەبێ و بە ناچاری ڕووەکاتە کوردستانی عێراق و لە ناوچەی قەرەداغ دەگیرسێتەوە. کەواتە بنەماڵەی تالەبانی بە ڕەگەز ئێرانین و باپیری باوکی مام جەلال، لە کوردەکانی ئێران و بنەماڵەی تالەبانییە. هەر لە کەرکووکی عێراقەوە تا قەسری شیرینی ئێران، هەموویان یەکێکن. شاعەباس، مرۆڤێکی درندۆنگ بوو، زۆر جار بە گومانەوە سەیری هەموو شتێکی دەکرد، گەلێ جار بە مەبەستی پاراستنی بارودۆخی خۆی، بێبەزەییانە دەجوولایەوە. جێگرەکانیشی هەموو کاتێ هەستیان بە مەترسی لەسەر دامودەزگاکەیان و پیلانگێڕیی نەیاران دەکرد. عوسمانییەکان و سوننەکانیان بە دوژمنی خۆیان دەزانی.[١٦٦]

شێخ ئەحمەد، ئەو گوندە بچووکەی ئاوەدانکردەوە و کوڕەکەیشی، واتە مەلا مەحموود، بە دوای فێربوونی وانە و زانستی ڕۆژەوە بوو. ئەڵبەت مەحموود ٣٠٠ ساڵ لەمەو پێش لە مەکتەبەکانی ئەو سەردەمە، لە کوردستانی عێراقدا دەخوێنێ. هاتوچۆی خوێندکارە ئایینییەکان لە کوردستان، تا ساڵانی دوای ئەوەیش، شتێکی زۆر ئاسایی بووە و زۆربەی خوێندکارە کوردەکان، لە نێوان کوردستانی عێراق و ئێراندا لە هاتوچۆدا بوون. مەحموود، پاش کۆتایی خوێندنی ئایینی، لە گوندی بچووکی (ڕەمەزان مامکە) کە دواجار ناوبانگی بە (تەکیەی کۆن) دەرکرد، مایەوە. چونکە ئاغای زەنگەنە کچێکی لەو ناوچەیە مارە کرد، بە مەلا مەحموودی زەنگەنە ناوبانگی دەرکرد. مەلا مەحموود لە گوندی تالەبان مایەوە و لە

نزیکی چەمی (کانی سپی) باخ و بێستانی دروستکرد. لەگەڵ مەلا مەحموود، یان شێخ ئەحمەد خانی هیندی لاهوریی و شێخ عەبدولقادری گەیلانی، پەیوەندیی دۆستی زۆر نزیکی دامەزراند. هەر بەم بۆنەوە ڕووی کردە تەریقەتی قادریی و لە پێناوی گەشەسەندنی تەریقەتی قادریی، هەوڵێکی زۆری دا و دواجار کوڕەکەی شێخ مەحموود بوو بە باوەگەورەی بنەماڵەی تاڵەبانییەکان، کە خاوەنی ۹ کوڕ و کچ بوو. هەوڵێکی زۆری دا بۆ پەرەدانی شەریعەت و تەسەوف و تەکیەکانی قادریی لە کوردستاندا. لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا، تەکیەی قادریی دامەزراند. ئەگەرچی دواجار شێخ ئەحمەد لە سورداش لە لایەن هاوڕێکەی خۆیەوە دەکوژرێ.

(شێخ غەفوور)، یەکێك لە نەوەکانی مەلا مەحموود بوو، کە لە سەردەمی عوسمانییەکان هاتە کۆیە و تەکیەیەکی سازکرد و بەرهەمی ٤ گوندیش، سەرچاوەی دابینکردنی خەرجییەکانی تەکیەکە بوو. شێخ غەفوور چوار کوڕی هەبوو: شێخ ئەدیب، شێخ ڕەشید و شێخ نووری و ...، لە تەکیەکەدا، ئەنجامانی بنەماڵەکە بە خاك سپێردرابوون. دەوڵەتی عوسمانی چەند گوند و زەوییەکی زۆری پێشکەش بەوان کردبوو بۆ دابینکردنی خەرجیی ژیانیان. شێخ ڕەزا تاڵەبانی، شاعیری بەناوبانگی کوردستان، لە قەسیدەیەکدا یادی ئەم شێخی تەریقەتە دەکات. سەرەتا تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکووك کرایەوە و کەسێك لە بنەماڵەی ئاغاکانی حەوێزی، یەکێك لە کوڕەکانی شێخی تاڵەبانیی بە ناوی شێخی خۆی لە کۆیە هەڵبژارد. مام جەلال لەم بنەماڵەدا هاتە دنیاوە.[۱۶۷]

ڕۆژی لەدایکبوونی[۱۶۸] جەلال تاڵەبانی، کوڕی حیسامەدین نورەڵڵا[۱۶۹] و خەدیجە حسێن، لە ناسنامەکەیدا بە (۱ی تەموزی ۱۹۳۳) دیریکراوە، بەڵام لە بەڵگەی خوێندنیدا نووسراوە ۱۹۳٤. مام جەلال لە گوندی کەلکان – مووڵکی باووباپیرانی– لەدایکبووە. ئەو گوندە لە کاتی خۆیدا باوکی بە ٥٦٠ لیرە لە حکومەتی کڕیوە. لە کەلکان زەویوزاریان هەبوو، زستانان دەچوونە کەلکان و هاوینانیش هەوار و ژێر ساباتەکان. ئەم گەرمێن و کوێستانە وەکوو نەریتێك هەمیشە بەردەوام بوو. کەلکان سەر بە ناوچەی میرزا ڕۆستەم بوو، کە ئێستا هیچی لێ نەماوەتەوە و بووە بە ژێر ئاوەوە. کەلکان بەشی خەلەکانە. شێخ ئەدیبی

ابراهیم احمد در بغداد سال ۱۹۳۷ فارغ التحصیل شده بود. در سال ۱۹۴۷ شخصاً به حزب دمکرات کردستان عراق وارد و در سال ۱۹۵۲ به سمت دبیر کل حزب انتخاب می‌شود و در سال ۱۹۴۹ از طرف دولت عراق دستگیر و به دو سال زندان و دو سال مراقبت محکوم می‌گردد. وی از سران منفذ حزب و در امور سیاسی و حزبی مجرب و ورزیده است همچنین از نویسندگان معروف عراق و از ادبا و شعرای بزرگ کرد زبان است. به مشروبات الکلی علاقمند و خیلی خجول و کم حرف است و به همین علت متکبر به نظر می‌رسد ولی شخصی متواضع است. به زبان‌های کردی، عربی، انگلیسی آشنایی کامل داشته و ضمن آشنایی با ادبیات، تاریخ و فرهنگ ایران به زبان فارسی هم آشنایی دارد. ابراهیم احمد کتب زیادی به کردی و عربی نوشته و اشعار زیادی گفته که هنوز به شکل کتاب درنیامده و منتشر نشده است. ابراهیم احمد جزو رهبران فکری کرد محسوب شده و در دفتر اتحادیه میهنی در خارج از کشور به سر می‌برد. (اسناد ساواک. پرونده‌های انفرادی).

۱۶۱. با عنوان: بین الاکراد و اعراب، سلام یا امن؟

۱۶۲. گفت و گو با دکتر کمال فواد، کمال محی الدین، عزیز محمد

۱۶۳. رستم فرزند یوسف فرزند کاک سوری بوکان

۱۶۴. یکی از شهرستان‌های کردنشین استان آذربایجان غربی ایران است. شهرستان بوکان در منطقه تقریباً کوهستانی و معتدل قرار گرفته که از جهت شمال به شهرستان میاندوآب و از جنوب به شهرستان سقز و از شرق به شهرستان شاهین‌دژ و از غرب با شهرستان مهاباد همسایه است.

165. Iranian Safavids Dynasty (1501-1722).

۱۶۶. گفت و گو با دکترنوری طالبانی/دکترنوری طالبانی؛ شیخان لیرشادی تاله بانی؛ ج.۲، ۲۰۰۳، اربیل، ص.۱۳؛ فهمي حسن، عبدالمجید: دلیل تاریخ مشاهیر الالویه العراقیه، ب.۲، دارالسلام، بغداد، ۱۹۴۷، ص. ۲۳۵؛ زرین کوب، عبدالحسین : روزگاران، تاریخ ایران از آغاز تا سقوط سلطنت پهلوی، تهران، سخن، ۱۳۷۸، چاپ ۷، صص ۷۰۰- ۶۸۵.

۱۶۷. گفتگو با شیخ جنگی، فاتح رسول، دکتر نوری طالبانی، جمال حکیم (آغه)، دکترفواد معصوم، دکتر مصطفی زلمی(مفتی).

۱۶۸. در ۱۹۱۳/۷/۱ متولد شد و در اسناد آرشیو مدارک تحصیلی وی تاریخ خاصی را ذکر نکرده است. برابر با شنبه ۱۰ تیر ۱۳۱۲؛ در شماره ۱۸۴۵۵– ۲۴۷۴۷ ثبت احوال کویه، وزارت الداخلیه.

۱۶۹. جلال فرزند حسام الدین است و ادامه شجره خانوادگی وی چنین است : جلال ← حسام الدین ← نوری ← غفور ← عبدالرحمن ← احمد ← محمود

۱۷۰. گفتگو با فاتح رسول، شیخ جنگی، عمرسعد، جلال جوبار.

۱۷۱. گفتگو با فاتح رسول، شیخ جنگی، جلال جوبار، پیروت طالبانی، عمرسعد، دکتر فواد معصوم، جمیله خانم - خواهر مام جلال، جمال حکیم (آغه).

۱۷۲. گفتگو با کمال محی‌الدین، عبدالکریم شیخانی، دکتر فواد معصوم، جلال جوبار، فاتح رسول

۱۷۳. گفتگو با دکتر فواد معصوم

۱۷۴. گفتگو با فاتح رسول، جلال جوبار، عمرسعد، دکتر فواد معصوم

گفتگو با احمد دلزار، فاتح رسول، دکتر کمال فواد، ناظم عمر دباغ.

هەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

٢

تيَبةرِبوون لة مةكتةبي يةكةم

١٩٤٠ – ١٩٤٨

لە دەستپێکی دەیەی ١٩٤٠دا، بارودۆخی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی عێراق، شەپۆلێکی ناڕەزایەتیی خەڵکی بەخۆیەوە بینی و نارائامییەکان پەیتاپەیتا زیاتر بوون. بەو هۆیەوە شازادە عەبدولئیلاهی[1] داوای لە نووری سەعید کرد واز لە حکومەت، یان سەرۆکایەتیی وەزیران بهێنێت. چەند کاتژمێرێك پاش لاچوونی نووری سەعید، لە ٣١ی ئازاری ١٩٤٠دا، کە چەند مانگێك لە دەستپێکردنی جەنگی جیهانیی دووەم تێپەڕیبوو، بە بڕیارێکی حکومەت، ڕەشید عالی گەیلانی بوو بە سەرۆك وەزیرانی عێراق، کەسێك کە دواتر بوو بە کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و دژی دەسەڵاتی ئینگلیز ناوبانگی دەرکرد.

ئەڵبەت بە دەستپێکردنی جەنگی جیهانیی دووەم، هاودەنگی لە نێوان بزووتنەوەی کورد و تێکۆشانی شیعەکان بە شێوازی ڕاپەڕینی بەربڵاو و گشتی، لە دژی هێزەکانی ئینگلیز و حکومەتی عێراق، لە نێوان دوو ڕووبارەکە دەرکەوتبوو. نووری سەعید، کە لەو کاتەدا وەزیری دەرەوە بوو، سەرنجی نەدایە بۆچوونی جەماوەر و بە پێچەوانەی ئەو بارودۆخە گشتییە زاڵەی لەناو خەڵکدا هەبوو، کە بە هۆی دوژمنایەتی و دژایەتیکردنی ئینگلیز، داوایان دەکرد عێراق بە فەرمی پەیوەندی بکات بە هێزەکانی ئەڵمانیاوە، پشتگیری و پشتیوانیی خۆی لە هێزەکانی هاوپەیمانان ڕاگەیاند.

لەڕاستیدا کاتێك کە ویست و ئارەزووی لایەنگیریی لە ئەڵمانیا گەشەی سەند و پشتیوانی لە هیتلەر لە بیروبۆچوونی گشتیی عێراقدا بەرفراوان بوو، ڕەشید عالی گەیلانیش ڕێگایەکی نزیکبوونەوە لە ئەڵمانیای گرتەبەر و تەنانەت ناجی شەوکەت[3]، وەزیری داد، کە

به بیانووی چارەسەری نەخۆشی ڕۆیشتبوو بۆ ئەنکەرە، لە ماوەی چەند حەفتە مانەوەیدا، بەپێی داخوازیی ڕەشید عالی گەیلانی، لەگەڵ فن پاین، باڵیۆزی ئەڵمانیا، چەندین دیدار و گفتوگۆی ئەنجامدا. لە درێژەی جەنگی جیهانیی دووەمدا، بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی ڕەشید عالی گەیلانی لە دژی ئینگلیز گرتنیەبەر و لایەنگریی و پاڵپشتیی لە ئەڵمانیا کرد، باڵیۆزی ئینگلیز لە عێراق، بە شێوەیەکی فەرمی ڕایگەیاند کە حکومەتی ئینگلیز کەمترین بڕوا و متمانەی بە ڕەشید عالی گەیلانی و حکومەتەکەی نییە و دەبێت بە خێرایی وازهێنان ڕابگەیەنێت و دەست لە کار بکێشێتەوە.

لە لایەکەوە خەڵک پشتگیرییان لە ڕەشید عالی کرد و ئەویش وازی لە پۆستەکەی نەهێنا. لە لایەکی تریشەوە لەژێر فشاری ئینگلیزدا، شازادە عەبدولئیلا چەندین جار داوای لە گەیلانی کردبوو کە بەڵکوو دەست لە دەسەڵات هەڵگرێ و واز بهێنێت، بەڵام ئەو پێمل نەبوو و بەردەوام ئەوەی قبوڵ نەدەکرد و بە مانەوەی لەسەر ئەڵقەی دەسەڵات، سوور بوو. تاکو ئەو کاتەی کە عەبدولئیلاش، وەک نیشاندانی ناڕەزایی، لە ئامادەبوونی لە نووسینگەی کاری خۆی و سەیرکردنی نامەکان و ڕاگەیشتن بەرداواکارییەکانی حکومەت، خۆی گرتەوە. دوای چەند ڕۆژێک، گەیلانی بە ناچاری، لە کانوونی دووەمی ۱۹۴۱، دەستەکارکێشانەوە خۆی نووسی و پاشان تەها هاشمیی[۴] ئامر لیوا جێگەی ئەوی پڕ کردەوە و وەک سەرۆک وەزیرانی عێراق دیاری کرا. لەم نێوەندەدا، چوار ئەفسەری پلەبالا و میللەتپەروەری عێراق، کە دژی ئامادەبوون و هەیمەنەی ئینگلیز بوون و باوەڕیان بە سەربەخۆیی و ئازادیی وڵات هەبوو، گرووپێکیان بە ناوی چوارگۆشەی زێڕین دروستکرد. ئەم چوار ئەفسەرە سەربازییە[۵] لەناو ئەفسەرانی سوپا و خەڵکی عێراقدا خاوەنی خۆشەویستی و ڕێزێکی تایبەت بوون و ئەوان بە یارمەتیی ئەفسەرانی هاوڕا و لایەنگری خۆیان، تواندیان لە یەکی نیسانی ۱۹۴۱دا کودەتا بکەن.

بە واتایەکی تر، چالاکییە بەربڵاوەکانی ئەڵمانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یاخود شۆڕشەکان و پشتیوانیی جەماوەری خەڵک، بووە هۆی ئەوەی ڕەشید عالی گەیلانیی بە ڕەگەز کورد، کە عێراقی لە دژی ئینگلیز چالاک کردبوو، بە لایەنگیری لە ئەڵمانیا و بە

هیـوای دەرکردنـی بـەریتانیا لـەناو خـاکی وڵاتـدا، لـە ٢ی نیـسانی ١٩٤١ بـە هاوکـاریی کۆمەڵێك لە لایەنگرانی ئەڵمانیا لە بەغدا، یـاخود بـە قسـەی ئەفسـەرانی سـوپا لـە گروپـی چوارگۆشەی زێڕین، دەست بـە کودەتـا بکـات. ڕەشـید عـالی گـەیلانی، چـەند ڕۆژێـك دوای کودەتاکە و لە ٧ی نیسان، توانی دەسەڵات لە عێراق بگرێتە دەست. دوای ئەوە حکومەتی بەرگریی نیـشتمانی بـە سـەرۆکایەتیی گـەیلانی پێکهێنـرا و نوێنـەرانی ئەنجومـەنی عێـراق، شازادە عەبدوڵڵایان لادا و لە جێگای ئەو، شەریف شەرەفیان هەڵبژارد، کـە یـەکێك بـوو لـە خزمە دوورخراوەکانی هاشمی پاشا و بـەم شـێوەیە هەندێك لـە سـەرکردەکانی حکومـەت، وەکوو عەبدولئیلا و نووری سەعیدیش، ڕایان کرد بـۆ سـووریا و ئـەردەن.[٦] لەگـەڵ گـۆڕانی سیاسـەتی دەرەوەی عێراقـدا، پەیوەنـدیی ئـەو وڵاتـە لەگـەڵ ئـەڵمانیا گـەرموگوڕی و نزیکبوونـەوەی بەخۆیـەوە بینـی و لەوانەیـە هـەر ئـەم خاڵـەش بووبێتـە بیـانوو بەدەسـت ئینگلیزەوە بۆ لەناوبردنی ئەم جووڵانەوەیە و دەستێوەردان بکات. حکومەتی ئینگلیز، بـە پـشتبەستن بـە ڕێکەوتنـامـە و بڕیـاری ٣٠ی حـوزەیرانی ١٩٣٠، هێزەکـانی خـۆی لـە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٨ی نیسانی ١٩٤١، کە بەسـرە دابەزانـد و بـەم شـێوەیە، جـەنگ لـە نێوان هێزە عێراقییە بەشداربووەکان لە کودەتا و ئینگلیزەکان دەستی پێکرد. ئەڵبەتـە لـە پێش جەنگی جیهانیی دووەمدا، ئینگلیز بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە هێڵـە نەوتییـەکانی ئێران لە کەنداوی فـارس، مـاف بـوونی بنکیـەکی سـەربازیی لـە عێـراق بەدەسـتهێنابوو. لـە لایەکی ترەوە، عەبدولئیلا و جەنراڵ نووری سەعید، بە هاوکـاریی هێـزە پـشتیوانییەکان لـە لای ئەردەنەوە، هێرشیان کرد بۆ عێراق، تاکو کورسیی دەسەڵاتی لەدەستچوویان بە خۆیـن وەربگرنەوە. حکومەتی ئینگلیـز کـە نیگـەرانی ڕووداوە ناوخۆییـەکانی عێـراق بـوو، لەگـەڵ بەئاگابوون و ناسینی ئەو دەرەنجامانەی وەکو لەدەستدانی عێـراق و دەسـتگرتنی ئـەڵمانیا بەسـەر ئـەو وڵاتـەدا، جـەنگێکی بـەهێزی لەگـەڵ گـەیلانی دەسـتپێکرد. لـە سـەرەتادا بـە سوودوەرگرتن لەو هێزە جێگیرکراوەی کە لە ئەردەن هەیبوو، بە دابەزاندنی هێز لە بەسـرە و داگیرکردنیەوە سەرقاڵ بوو، پاشان بە سوودوەرگرتن لـە بنکـە ئاسمانییـەکانی خـۆی لـە عێراق، دەستی گرت بەسەر فڕۆکەخانەی حەبانیە[٧] و فڕۆکە جێگیرکراوەکان تێیـدا. پاشـان لەگـەڵ چوونە ناو بەغدا، ڕێگای پەیوەندیی ئەو شارەی لەگـەڵ باکووری عێراق بە تـەواوەتی پچڕاند. لە لایەنی بەرانبەریش، گەیلانی فڕۆکەخانەکەی تۆپباران کرد و سەدان کەس تێیـدا

کوژران. هەرچەندە وینستۆن چەرچڵ[۸]، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، فەرمانی بە هیندستان کرد بەخێرایی لەشکرێکی سەربازی بنێرێت بۆ بەسرە، بەڵام هێزەکانی ئینگلیز دوای شەڕێکی خوێناوی، سەرەنجام هەستانەوەکەیان لەناوبرد و بارۆدخی عێراقیان جێگیرکرد، تاکو هەواداەکانی خۆیان بگەڕێنەوە سەر کورسیی دەسەڵات.

دەستتێوەردانە سەربازییەکانی ئینگلیز، بوونە هۆی ئەوەی ماوەیەک زنجیرە کودەتای لەباری ڕوودان لە عێراق کۆتایی بێت. دواتر لە ئێرانیش سیناریۆی هاوشێوەی ئەو بە لابردنی موحەممەد موسەددیق، دووبارە بووەوە. لە حوزەیرانی ساڵی ۱۹۴۱دا، بارودۆخی حکومەتی عێراق بە پێچەوانەی کودەتای نیسان، کەمێک ئارامی و ئاسایشی بەخۆیەوە بینی، بەڵام بارودۆخ لە نێوان دوو ڕووبارەکە و بەتایبەت لە ناوچە کوردنشینەکانی وڵات، بەردەوام نائارام و ئاڵۆز بوو. هەرچەندە لەم کاتەدا هەندێ لە مەلاکانی شیعە فەرمانی جیهادیان دەرکرد، هەندێ لە کوردەکانی باکوور و باشوور هاوکارییان دەگەیاند بە ئینگلیزەکان، ئەگەرچی هەندێ لە ئەفسەرە کوردەکان لە ڕاپەڕینی نیساندا، بەشێوەیەکی کاریگەر ڕۆڵیان دەبینی. تەنانەت یەکێک لەوانە، فایەق کاکەمین، بۆ نیشاندانی لووتکەی ڕقلێبوونەوەی لە ئامادەبوونی ئینگلیزەکان، خۆی ناونابوو هیتلەری کوردستان. ئەفسەرەکانی تریش، وەکو فەهمی سەعید و ئەمین ڕەواندزی، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە دژایەتیکردنی هێزەکانی ئینگلیز هەبوو. هەروەها ناکرێت بەشداریکردنی ئەمین زەکی سولەیمانیش لە ڕاپەڕیندا، لە یاد بکەین[۹]. دوای کودەتای ڕەشید عالی، چەند کەسێکی ئاژاوەگێڕ لە کوردستان، ئەم هەلەیان بە غەنیمەت زانی و هێرشیان کردە سەر ماڵە جولەکەکانی شاری کۆیە، تاکو ماڵەکانیان بە تاڵانی ببەن، بەڵام ئاغاکانی کۆیە، وەک کاکە زیاد ئاغا و مەلا حەوێز ئاغا، بە هاوکاریی پیاوە چەکدارەکانی خۆیان بۆ دەستتێوەردان و پارێزگاری لە ئاسایش، چوونە ناو بابەتەکەوە و نەیانهێشت هێرش بکرێتە سەریان و زیان بە مالّ و منداڵیان بگات و بەری ئەو کارەساتەیان گرت. ئەو ڕۆژانە، زۆرێک لە خەڵکی کۆیە هەر وەکو هەندێکی تر لە ناوچەکانی کوردستان، بەهۆی دژایەتییان لەگەڵ ئینگلیز و داگیرکارییی ئەوان، لایەنگری حیزبی نازی و هیتلەر بوون و بێ ئاگایانە ئەڵمانیایان خۆشدەویست. هەرچەندە بێجگە لە زمانەکانی کوردی و عەرەبییان نەدەزانی، بەڵام هەندێ

جار میلی ڕادیۆکانیان دەسوڕاند و گوێیان ڕادەگرت بۆ دەنگوباسی ڕادیۆ و ئەگەر بکەوتایەتە سەر یەکێك لە ئێزگەکانی ئەورووپا و دەنگی مارش یان هەواڵی حەماسیی ڕادیۆکەیان گوێ لێ بووایە، یان هەر کاتێك کە ناوی هیتلەر دەهات، یان ئەوەی کە دەیانزانی کە لە شوێنێك هێرشێکی نوێ دەستی پێکردووە، یان هیتلەر پەلاماری شوێنێکی دەدا، بە زەوق و شەوقەوە دەیانوت: "سوپاس بۆ خوا سەرکەوتوو بوو، ئەلحەمدولیللا سەرکەوت". یان کەسانێکی تر دەمیان بە قسەوتن و قسەی ناشیرین دەکردەوە کە " ئەوا هیتلەر لەگەڵ خوشك و دایکی فلان وڵاتدا پەیوەندیی بەست و مارەی کرد" لە کوردستان و بەتایبەت لە کۆیە، لایەنگری بۆ ڕەگەز و ڕۆحیەتی ئاریایی هەبوو. لە بۆچوون و باوەڕی هەندێ کەسدا، ئەڵمانییەکان بەشێکبوون لە ڕەگەز و ڕەچەڵەکی ئاریایی. ئەوەندە بە حەماس و عاتیفەوە بەرگرییان لە ئەڵمانییەکان دەکرد، کە ئەگەر کەسێك زۆر لەسەر ئەم مەبەستە سووربووایە، پێیان دەگوت فلانکەس ئەڵمانی، بۆ نموونە: عەباس ئەڵمانی، کە لە ڕزگاریخوازیدا، مرۆڤێکی زۆر باش و بە وەفا[١٠] بووە.

لەو ڕۆژانەدا، هەندێ لە کەسایەتییە چالاك و زیرەکەکانی کورد، لەوانە سەید سالح یوسفی، لە بەغدا ئامادەییان هەبوو. هەندێ لە کوردەکانی عێراق، هەواداری بیرکردنەوەی سیاسی و فەرهەنگی کامەران بەدرخان[١١] بوون، کە ناوبراو بڵاوکراوەی هاوار[١٢]ی بە زمانی کوردی لە لوبنان دەردەکرد و شوێنکەوتووانیشی ئالای کوردستانیان بە ئاوریشم دەچنی، کە لەوانەیە هەر یەکێکیان بە جۆرێك نیشانە بووبێت بۆ پارێزگاریکردن لە ناسنامەی کورد، یان پیشاندەری بزاڤی پاراستنی ناسنامەی کوردیی بووبێت. لەو کاتە بگرە و بەردەیەدا، ڕۆژێك لە کۆیە جارپیان دا کە سندوقێکیان هێناوە بۆ چایخانەکەی شار، قسە دەکات و هەواڵ و مۆسیقا بڵاودەکاتەوە. ڕەنگە یەکەم ڕۆژ بووبێت کە ڕادیۆ هاتبێتە ئەو ناوچەیەوە. تەنانەت ئەو ڕۆژانە چاخانەکەی شار، بە گران شتی دەفرۆشت و پیاڵەیەك چای لەجیاتی دوو یان سێ فلس، بە ١٠ فلس بە خەڵکی دەفرۆشت، بەڵام هەروەك ڕۆژی حەشر قەرەباڵغ بووبوو.

کاتێک کە ڕادیۆکە قورئانی پەخش دەکرد، تاقمێک سەیری پشتەوەیان دەکرد و سەڵاوات لێدەدا، یان چەپڵەیان لێدەدا و دەیانوت: بسم الله! قورئانیش دەخوێنێت؟!
کۆمەڵێکیش دەیانوت: کوڕە باوکم ئەمە جنۆکەیە. ئەڵبەتە بۆ یەکەم جار، ڕادیۆ لە ساڵی ۱۹۳۷ هاتبووە ناو هەندێ ماڵی ناسراو لە کوردستان، بەڵام بە گشتی خەڵک باوەڕیان نەدەکرد کە لە ستۆدیۆی بەغداوە یەکێک قسە بکات و لە شوێنێکی تر وەک چاخانەیەکی کۆیە، خەڵک توانای بیستنییان هەبێت، تەنانەت هەندێک کەس لە سەرەتادا لە بەرانبەر ئەم داهێنەراوە نوێیەی مرۆڤدا، وەها عاتفی بووبوون کە تەڵاقیان دەخوارد و دەیانوت: درۆیەکی تەواوە. یان یەکێک دەیوت: "من کە لە پشت حەوشەی ماڵەکەی خۆمەوە هاوار دەکەم، کەس لە ماڵەوە گوێی لێ نییە، دەکرێت لە بەغداوە قسە بکرێت و لێرە گوێمان لێی بێت!". دوای ئەوە گرامافۆن و گۆرانییش هاتە ناو کوردستانەوە و هەر لەو سندوقە بە قسەی ئەوان "گومانـاوی"یەوە، مۆسیقای کوردی، بەتایبەت دەنگە دڵخۆشکەر و هەستبزوێنەکەی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی [13]، درا بە گوێی خەڵکی کورددا.[14]

لە ڕۆژانی سەردەمی حکومەتی گەیلانی، لە ۲ی حوزەیرانی ۱۹۴۱، شێخ مەحموودیان بە زۆر و فشار دوورخستبووەوە بۆ ناوچەی داری کەلی لە دەوروبەری شاری سلێمانی، نەک دەست بداتەوە یاخیبوون و ئاڵای ڕاپەڕین بەرزبکاتەوە. هەرچەندە لەم کاتەشدا شێخ مەحموود لە کەمیندا بوو بۆ ئەوەی خۆی ئامادە بکات و دووبارە ڕاپەڕینێکی نوێ لە دژی حکومەت و هێزەکانی ئینگلیز بخوڵقێنێ و پێویستبوونی چارەسەرکردنی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان و بە فەرمی ناساندنی ناسنامەی کوردی بە حکومەتی عێراق قبوڵ بکات و داخوازیی ئۆتۆنۆمی بە ئەنجام بگەیەنێت. بەڵام دوای ڕاکردنی ڕەشید عالی گەیلانی، هێزەکانی بەریتانیا بۆ دووەم جار هاتنەوە ناو عێراق و زۆرێک لە ئەفسەرە کوردەکانیان بە تۆمەتی شەڕکردنیان لە دژی هێزەکانی ئینگلیز، دەستگیر کرد، تەنانەت لەگەڵ هەندێکیشیان، هەموو جۆرە سزایەکی بێڕەحمانەیان گرتەبەر. مستەفا خۆشناو، میرحاج و ئەمین زەکی سولەیمان، دەسنتگیرکران و بە پێنج ساڵ بەندکردن حوکم دران.

لەکاتی جەنگیشدا، بەریتانیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاگەیاندنەکانی نازییەکان لە ناوچەکانی کوردستانی باشووری عێراق، لە فەلەستین ئێزگەیەکی ڕادیۆیی بە ناوی (رادیۆ حەیفا) کردەوە. ئەم ڕادیۆیە، بەرنامەی بە زمانی کوردی بڵاودەکردەوە و یەکێك لە ئەفسەرەکانی کورد بە ناوی (تۆفیق وەهبی) یارمەتیی ئەوانی دەدا. هەروەها لە بەغداش ئینگلیزەکان، بڵاوکراوەیەکی کوردییان بە ناوی دەنگی گێتیی تازە(جیهانی نوێ)[١٥] بڵاوکردەوە. لەوانەیە لەو ڕۆژانەدا کوردەکان بیانتوانیایە لەو هەلەی هاتووەتە پێشەوە سوود وەربگرن بۆ داواکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان، بەڵام ئەوەیان نەکرد.[١٦]

بە شکستخواردنی حکومەتی ڕەشید عالی گەیلانی[١٧] و دووبارە داگیرکردنەوەی ئینگلیز، بەڕێوەبردنی وڵات کەوتەوە دەست پیاوانی پێشووی حکومەت و عەبدولئیلا جارێکی تر بووەوە بە (نائب السلطنة)ی عێراق و لەڕاستیدا ئینگلیز لەو وڵاتە پاشایەتییەدا، بە بیانووی سەرکوتکردنی کودەتا و دەرکەوتنی باخیبوونە چاوەڕوانکراوەکان، ڕۆژ بە ڕۆژ نفوز و دەسەڵاتی زیاتری پەیدا دەکرد. ئەمجارە سەوەی ڕاکردنی ڕەشید عالی گەیلانی بوو. ناوبراو وەك لایەنگرێکی ئەڵمانیا، دوای ڕووخانی حکومەتەکەی لەسەر کودەتای نیسان و داگیرکردنی بەغدا لە لایەن هێزەکانی ئینگلیزەوە، لە ٣٠ی ئایاری ١٩٤١، خۆی و چوار ئەفسەرەکە و هاوڕێکانیان، پەنایان بردە بەر ئێران. تەنانەت ئینگلیزەکان باوەڕیان وابوو کە ئەڵمانییەکان بە ڕێکخستنەوە و دابینکردنی دارایی لە فەراهەمکردنی پێشینەی کودەتای سەرنەکەوتووی ڕەشید عالی لە عێراق، ڕۆڵی گرنگیان هەبووە و بەوپێیەی کە ئەڵمانیا نفوزی هەبوو لە سیاسەتی ئێراندا، گەیلانی پەنای بردووە بۆ ئەو وڵاتە. بە ئەمری ڕەزاشا، ڕەشید عالی گەیلانی لە تاران دانیشت و دوای ماوەیەك ڕۆیشت بۆ میسر. گومانی ئینگلیزەکان لە نفوزی سیاسەتی ئەڵمانیا لە ئێران و پشتیوانیکردنی ئەوان لە دەرکەوتنی ناڕامی لە عێراقدا، بووەتە هۆی ئەوەی هاوپەیمانان و بەتایبەت ئینگلیز، لە فراوانبوونی نفوزی ئەڵمانیا لەناوچەکە و ناوچەکانی وەك ئێران، نیگەران بێت. لەم نێوەندەدا ئەگەرچی ئێران دوژمنایەتییەکی لەگەڵ ئەم دوو وڵاتەدا نەبوو، بەڵام ئەو سیاسەت و ڕێوشوێنانەی ڕەزاشا دەیگرتنەبەر، وای کردبوو بە گومانەوە سەرنجی بدەن. تەنیا چەند ڕۆژێك بەسەر

پەنادانی ڕەشید عالیدا تێپەڕ بووبوو، هێزەکانی ئینگلیز و فەرەنسا، لە تەموزی ۱۹۴۱دا هێرشیان کردە سەر سووریا و ئەو وڵاتەیان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە.

هەر لەو ڕۆژانەدا ئەڵمانییەکان هێرشیان کردە سەر یوگسلافیا و یۆنان. ڕەوتی نفوزی ئەڵمانیا لە ئێران بەرەو زیاتربوون دەچوو و ئالۆگۆڕی بازرگانی و پەیوەندیی ئایدیۆلۆژی لە نێوان ئێران و ئەڵمانیا، پەرەی سەند . بەشێوەیەک کە لە تەموزی ۱۹۴۱دا، زیاتر لە هەزار چالاکوان و ڕاوێژکاری سیاسی و سەربازی و تەکنیککاری ئەڵمانی لە ئێراندا کاریان دەکرد. ئەڵمانیا خوازیاری دروستکردنی جۆرێک لە ئیئتیلاف و یەکێتی لەگەڵ ئێران بوون. بە مەبەستی زیاتر پتەوکردن و قوواڵکردنەوەی ئەم پەیوەندییە، ژمارەیەک لە کارگێڕانی سیاسەتی ئەڵمانیا، بۆ سەردان و بینینی ڕەزاشای پەهلەوی چوون بۆ ئێران و دەستیان کرد بە چالاکییەکانی خۆیان بۆ فراوانکردنی ویستە ناسیۆنالیستییەکان، یان هەڵگیرساندنی بڵێسەی ئاگری بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی. ئەڵمانیا لەگەڵ تێڕوانینە جیاوازەکانی، بیری لە ئێران دەکردەوە. ئێرانی وەک ناوەندێک بۆ نفوزی خۆی لە ناوچەکەدا دەبینی، کە دەیتوانی لە ناوچە نەوتییەکانی (باکۆ)، بە کۆکردنەوەی زانیاریی سیخوڕی، سەبارەت بە ڕێوشوێنەکانی ڕووسیا لە قەوقاز، لێکۆڵینەوە بکات. ئەگەرچی دەستپێشخەرییەکانی ستوونی پێنجەمی ئەڵمانیا لە ئێران، لە ئابی ساڵی ۱۹۴۱دا گەیشتە لووتکەی خۆی، بەڵام لەوانەیە لەبارەی ئەندازەی کاریگەریی ئەو لەسەر ڕەزاشا، زیادەڕۆیی کرابێت. نەتەوەپەرەستیی ڕەزاشا و دووپاتکردنەوەی لەسەر ناوەندێتیی حکومەت و پێداگرتنی لەسەر دەسەڵات لە ناوەند، لە سۆشیالیزمی میللیی ئەڵمانیی نازی دەچوو، بەڵام ئەو دوو سیاسەتە جیاوازییان هەبوو، هەر سیاسەتێکی سەربەخۆ بوو جیاواز لە نازیزم.

کاتێک ئاگری جەنگ لە ساڵی ۱۹۳۹ هەڵگیرسا و فراوان بوو، ئێران بێلایەنیی خۆی ڕاگەیاند. دوای ئەوەی کە ئەڵمانیا گەیشتە ڕووسیا و چووە ناو خاکی سۆڤێتەوە، ئینگلیز و ڕووسیا لە سەرەتادا لەگەڵ ڕوونکردنەوەیەکی هۆشیاریدانی نەرمدا، داوای دەرکردنی پسپۆڕانی هونەری و تەکنیکیی ئەڵمانیان لە ئێران کرد. موحەممەد ساعید، باڵیۆزی ئێران لە ڕووسیا، بێلایەنیی ئێرانی ڕاگەیاندبوو و (ئاندریە سنیرنوف)یش وەک باڵیۆزی نوێی

ڕووسیا چووبوو بۆ ئێران، تاکو لە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عەلی مەنسوور، سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتەدا، سوپاسی ڕاگەیاندنی بێلایەنیی ئێران بکات، متمانەی خۆی بۆ دەربخات و دەنگۆی ئالۆزبوونی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ڕووسیا بەدرۆبخاتەوە. سێر ڕیدرز بولارد[١٨] ی وەزیری سەرپشکی ئینگلیزیش لە تاران، لەگەڵ مەنسوور گفتوگۆی کرد و وتی ئالۆزبوون لە بارودۆخی ئێران ئالۆزبوونی بەرژەوەندی حکومەتی بەریتانیا نییە و بێلایەنی ئێران لەبەرچاو نەگرن. نابێت ئێران و شاهەنشا گوێ بەوە بدەن کە دەنگۆی تێپەڕبوونی هێزەکانی ئینگلیز بۆ ئێران هەبووە. لەوبارەیەوە پەیماننامەیەك لە نێوان ئینگلیز و ڕووسیا ئیمزا کرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەرگیز بۆ شاهەنشای دڵنیا و خۆشباوەڕی ئێران، دەرنەکەوت کە چ وتووێژێك لە پشت پەردەی نێوان دوو حکومەتی ڕووسیا و ئینگلیز ئەنجام دراوە. لە بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممە، ٢٤ی ئابی ١٩٤١، هێزەکانی سوپای ڕووسیا و ئینگلیز سنووری خاکی ئێرانیان بەزاند.

ڕەزاشای پەهلەوی دوو دەیە و هەندێك (١٩٢٦ـ ١٩٤١) کە لە مێژووی سەدەی بیستەمی ئێران لەسەر کورسیی دەسەڵات دانیشتبوو، سیاسەتە نەتەوەییەکانی، ناوەندگەرێتی و تازەگەرێتیی ئەو، هۆکاری دروستبوونی حکومەت ـ میللەتی ئێران بوون. لە ئەنجامی وازهێنانی ئەو لە دەسەڵات لە ساڵی ١٩٤١، موحەممەد ڕەزا پەهلەویی کوڕی لە جێگای ئەو، لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت. تا ساڵی ١٩٥٣، واتە دەستپێکی قەیرانەکان لە ئەنجامی سیاسەتەکانی موسەددیق، درێژەی بە پاشایەتیی خۆی لەسەر ئەساسی مەشرووتە دا، بەڵام لەو مێژووە بەدواوە، حکومەتی ئیستبدادیی باوکی سەرلەنوێ بەرقەرار کردەوە و بە جۆرێك لە جۆرەکان درێژەی بە بەرنامە نوێگەری و غەربگەراییەکانی ئەو دا.[١٩] سەرەنجام لە ساڵی ١٩٧٩ بووە قوربانی سیاسەتەکانی نەوت و کارەکانی خۆی. ڕەزاشا سەرەتا لە بەرگێکی قەزاقییەکدا بوو، ناونیشانی ڕەزاخان ماکسیمی بەدەستهێنا. هۆکارەی ئەمەش لێزانییەك بوو کە لە تیرهاوێژیدا بە شەستیرەکەی ماکسیم[٢٠] لە سەرکوتکردنی شۆرشگێڕەکان و بەتایبەت شۆڕشی هۆزەکان، نیشانی دابوو. ئەو لە سەرەتاسەری وڵاتدا خزمەتی کرد و لەگەڵ خەڵك و کولتووری سیاسیی ئێران ئاشنایی هەبوو. تەنانەت ماوەیەك لە کوردستان و لە سنە، پاسەوانی ماڵەکەی ئاسف

ئەعزەم بووە. نیگەرانییەکانی ئەو لە ئیمکانیاتی شاراوەی ئێران بۆ هەڵوەشاندنەوە و زیانگەیاندنی ئەوان لە بەرانبەر دەسەڵاتی بێگانەدا، بووە هۆی زیادبوونی هەستی نەتەوایەتی لە ئەودا و عەزم و جەزمی ئەو بۆ جێگیرکردنی هێزی حکومەت. چونکە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، بێسەروبەری و ئامادەیی خواستی دابەشبوونی شاراوەش، هەڕەشەی لە ئێران دەکرد. گرنگترین شۆڕشەکان لە سنووورەکانی باکوور، واتە گیلان و خۆراسان و لە باکووری ڕۆژئاوا، واتە ئازەربایجان و کوردستان و پاشان لە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵات، ڕووی دا.

لە ساڵی ۱۹۲۱، ڕەزا خان، میرزا کوچەک خان [۲۱] و پارێزەرەکانی ئەوی کە ناسراون بە جەنگەڵییەکان [۲۲]، لە گیلان تێکشکاند. لە ساڵی ۱۹۲۲ شۆڕشەکانی ئازەربایجان بە ڕابەرایەتیی موحەممەد خیابانی [۲۳] و پاشان لاهوتی، سەرکوت کرد. هەرچەندە چەند ویلایەتێک سەربەخۆییان ڕاگەیاند. خیابانی دروستبوونی حکومەتی سەربەخۆی ئازەربایجانی ڕاگەیاند کە پێکهاتبوو لە گرووپێکی نەتەوەیی تورکی ئازەری و دەیتوانی جیا لە وڵات بڕوات بەڕێوە، بەڵام ئەم جووڵانەوەیە شکستی خوارد. لە لایەکی تریشەوە سمیتقو لە کوردستان، لە ساڵی ۱۹۱۹ لە دژی حکومەتی ناوەند، یاخی بوو. ئەم شۆڕشە لە هاوینی ساڵی ۱۹۲۲ تێکشکێنرا. لە کۆتاییەکانی دەیەی ۱۹۳۰ی زایینی، ڕەزاشا لە سێبەردا ڕوو بە زیادبوونی جەنگێکی دیکەی ئەوروپا لە ئەڵمانیا نزیک بووەوە و هۆکاری ئەمەش ئەوەبوو کە ڕەزاشا ئەم وڵاتەی بە هاوتەریب لە بەرانبەر ئینگلیز و یەکێتیی گەلی ڕووسیای سۆسیالیستی تەسەور دەکرد. [۲۴]

ئەڵمانیا هێرشی خۆی بۆ ڕووسیا دەستپێکرد، توریکا و ئێران جارێکی تر بێلایەنیی خۆیان لە جەنگی نێوان ئەڵمانیا و ڕووسیا ڕاگەیاند. لەبەرئەوەی هەم شا و هەم حکومەتی ئێران، دەیانویست بەردەوام بێلایەنیی خۆیان بپارێزن و تۆز لەسەر کورسیی دەسەڵاتی زنجیرەی پەهلەوی نەنیشێت، بەڵام کاتێک کە ڕووسیا پەیوەندیی کرد بە هاوپەیمانانەوە، چارەنووس پەردەیەکی تری دروی. لە حوزەیرانی ۱۹۴۱دا، وڵاتی ئێرانیش کەوتە ناو تینی جەنگەکانەوە و دەنگی پۆتینی هێزی هاوپەیمان، نەک تەنها لە سنووورەکانی ئێران،

بەڵکو لە نزیکییەکانی پایتەخت درا بە گوێی شادا. لەڕاستیدا لە حوزەیرانی ۱۹۴۱دا، ڕووسیا و ئینگلیزەکان فشاریان خستە سەر ئێران تاکو ئازادیی ئەڵمانییەکان لە ئێران سنووردار بکات، بەڵام ڕەزا خان ئەڵمانییەکانی خۆشدەویست و لەبەر ئەو خۆشەویستییە پێشوازیی لەوان دەکرد. لە بەرانبەر داواکاریی ئینگلیزەکان و ڕووسییەکان، بە سەرزارەکی بەرگریی دەکرد، بەڵام هەر بە بیستنی ڕازینەبوونی ئەو، لە بەرەبەیانی ۲۵ی ئابی ۱۹۴۱، ڕووسیا و ئینگلیز لە ڕێگەی عێراقەوە هێرشیان کردە سەر ئێران و چوونە ناو خاکی ئێرانەوە. ئینگلیز، دوای داگیرکردنی عێراق، لە ماوەی کەمتر لە سێ مانگدا، لەناو خاکی ئەم وڵاتەوە چووە ناو خوزستان و دەستی گرت بەسەر باشووری ئێراندا. سوپای ڕووسیاش بەشی باکووری خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و هێرشی کرد بۆ ئازەربایجان و گیلان. بەمشێوەیە وڵاتی ئێران، بووە مەیدانی ئەسپتاودانی سەربازەکانی سوپای هاوپەیمانان.

سوپای ئێران توانا و ئیمکانیاتی ڕووبەڕووبوونەوەی نەبوو. ۴۰۰۰ سەربازی سووپا، کە ڕەزاشا بە وتەی خۆی، بە خوێنی دڵ پەروەردەی کردوون، تفەنگیان فڕێ دا و بەرچەمی سپییان گرت بە دەستیانەوە، تاکو تەسلیم بە سەربازە هیندییەکان ببن. هیندییەکانیش دوای گەمارۆدان، ئەوانیان یەک یەک سواری ئۆتۆمبێل کرد و گواستنیانەوە بۆ بەسرە. ۸۰ ئەفسەر و ۱۲۰۰ پلەدار و سەربازیش پەنایان بۆ سنووورەکانی تورکیا برد و پێش ئەوەی بچنە ناو خاکی تورکیاوە، چەکەکانی خۆیان لە کەنار جادەکاندا فڕێ دەدا، یاخود دەیاندان بەو سەربازە تورکانەی لە سنووورەکەدا بوون. عالی حەزرەتیش پەنجەی پەشیمانیی دەگەست بۆ ئەم ڕۆژگارە سەخت و دژوارە. هەموو شتێک بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی ئەوەوە بوو، ئیتر هیچ شتێک بەپێی ئارەزووی ئەو قەزاقە پیرە نەبوو.[۲۵]

ڕەزاشا، ئێرانی گۆڕیبوو بە شارێکی تۆقێنراو. ئەو، ترس و دڵەڕاوکێ و نەخۆشیی کەرخی و کەمتەرخەمیی لە زۆربەی ئێرانییەکاندا دروستکردبوو. هەمان بێ جوولەیی و تەسلیمبوونی چاکەکانی وڵات، جورئەتی بە ڕەزاشا بەخشیبوو، تاکو هەر کارێک کە دەیەوێت، بێ هیچ ڕێگیری و بەرپەرچدانەوەیەک ئەنجامی بدات. هەر بۆیە هەموو وڵاتی

خسته ژێر جزمه و ناو چنگی خۆیەوە. ئەوەی کەسایەتییەکی هەبوایە و بیتوانییایە ڕۆژێك ڕووبەڕووی ببێتەوە و لەسەر ڕێگای بوەستێت، بەبێ دڕەنگکردن لە ملی دەدا. لەناو تێگەیشتن و لەگەڵ سەخافەت و کورتبینیدا، کۆمەڵێك لە پیاوانی ناسراوی سیاسی، ڕۆژنامەنووسان و شاعیرانی وڵاتدۆستی خستە چاڵە ڕەشەکان، یان دووریخستنەوە، یان بە دەستی هێزە ئاسایشییەکانی شای کینە لە دڵ، گیانیان سپارد. لەم باسوخواسەدا، لە کوردستان، سەرتیپ هۆشمەند ئەفشار، فەرماندەی لەشکری کوردستان و سنە، کە ئەفسەرێکی جیدی بوو، هەوڵ دەدات بە پایەبەرزتر کە لە کەین و بەینەدا ئەفسەری بەرپرسی بەڕێوەبردنی بەرپرس لە گۆشتی ناوخۆیی، بە پایگای سنە گۆشی خراپبووی داوە و ئەم بابەتەش ئاشکرا بوو ئەفسەری پەیوەندیدار دەستگیر کرا. پاش گەڕان لە ماڵەکەیدا لە سنە، لەژێر قەرەوێڵەکەیدا جانتایەکیان دۆزییەوە کە پڕ بوو لە بەڵگەنامە و مەدرەك، کە ئەڵبەتە ڕوکنی [۲] و ئەو فسەرە ڕەمزی لەشکری سنە نەیتوانی ناوەڕۆکی ئەوانە دەربخات. پاشان ئیرەفع ئەوانەی نارد بۆ تاران و ئەفسەر حەسەن ئەخەوی، سەرۆکی ڕوکنی دووەمی سوپا لە ڕۆژێکدا ڕەمزەکانی دەرخست و خوێندنیەوە. بەڵگەنامەکان باسیان لەوە دەکرد لە ڕۆژێکی دیاریکراو و لە کۆتاییەکانی هاویندا و لە مانگی ئابدا، کودەتا بکەن. هەوڵەکە گەیشت بە شای ئێران و ئەفسەرەکانی تاران دەستگیر کران. هێشتا چەند ڕۆژێك لەم ڕووداوە خزمەتکارییە تێنەپەڕیبوو کە چەند فرۆکەیەکی ڕووسی و ئینگلیزی لە ڕۆژی پێنج شەممە، ۲۷ی ئابی ۱۹۴۱، لە ئاسمانی شاری سنەدا بینران و بڵاوکراوەی ڕاگەیاندنیان لە ئاسمانەوە بەسەر شارەکەدا بەردایەوە. سوپای ئینگلیز ڕۆژی شەممە، ۲۹ی ئاب ۱۹۴۱، هاتە کوردستان. عەسری هەمان ڕۆژیش هێزەکانی ڕووسیا هاتنە ناو شاری سنەوە. سەربازانی لەشکری ئازەربایجان ڕایان کرد بۆ کوردستان. بڵاوەیان لێکرد و سەربازە پیادەکانی لەشکری کوردستان تفەنگەکانیان لە بەرانبەر نانێکدا دەفرۆشت.

لە بەڵگەنامەکانی ڕوکنی دووەمی سوپا، باس لە زۆر هەوالّی وەك: پشێویی هۆزەکان لە کوردستان، فرۆشتنی ئەندازەیەکی بەرچاوی چەك و جبەخانە لە لایەن سەربازە ڕاکردووەکانی سوپای ئێران لە تیپی [۹]ی زرێپۆش لە صەحەنە و کماشان بە

عەشیرەتەکانی دژ، پێکدادان لە نێوان دەستەکانی کورد و ... هتد، کراوە. لە یەکێك لەو بەڵگەنامانەدا هاتووە کە خەڵکی کورد برسییانە. لە دیواندەرە، کاتێك شەو فڕۆکە لەسەر گوندی حاجی موسا بە هەڵە تەقە لە کۆمەڵێك سواری عەشایەری و سەربازی دەکات کە کەوتبوونە شوێن موحەممەد عەلی فەیزی گەڵباغی، چەند کەسێکیان لێ دەکوژن و بریندار دەکەن و ١٠ مـاڵ و ماڵاتەکانیان وێران دەبن. ئەو بەڵگەنامانە وێنەیەکی تاڵیان لە بارودۆخی ئەو ڕۆژانەی کوردستان پیشان داوە.[٢٦]

لە سەرەتاکانی هێرشی ئینگلیز و ڕووسیا بۆ ئێران و لە بەرەبەیانی هەمان ڕۆژدا، باڵیۆزەکانی ڕووسیا و ئینگلیز ڕۆیشتن بۆ ماڵی عەلی مەنسور، لە یاداشتێکدا هێرشی هێزەکانی خۆیان بۆ ئێران ڕاگەیاند. هەر بۆیە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لە کاخی سەعدئاباد، بە ئامادەبوونی ڕەزاشا، بەڕێوەچوو، تاکو بتوانن ڕێگەچارەیەك بدۆزنەوە و جەناب عالیش ئاسوودە بکەن. لەم کاتەدا وەزیری هەڵبژێردراوی ئینگلیز، هات بۆ کاخی سەعدئاباد و بە شاهەنشای ڕاگەیاند هۆکاری هێرشکردنە تەنیا بوونی ئەڵمانییەکانە لە ئێراندا و هیچ مەبەستێکی تر نییە. بەڵام داگیرکردن و تێپەڕاندنی خاکی ئێران لە تێڕوانینی ڕووسیاوە، لە بنچینەدا لەبەر گرنگیی نەوتی ئێران و پێگەی ستراتیژیی ئەو بۆ هاوکاریکردنی یەکێتیی ڕووسیا بوو. لەو کاتەدا زۆرێك لە شارەکانی ئێران کەوتبوونە ژێر هێرشی ئاسمانیی فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە. پایتەخت لە هەر کاتێکدا لەبەردەم ئەگەری لەدەستداندا بوو. هێرشەکانی ڕاگەیاندن و ئاژاوەکانی ڕادیۆی (بی بی سی)ش دەستی پێکرد. هەرچەندە بە پێچەوانەی ئوسوڵی پیشەیی و گەیاندنی سەربەخۆ، لە ساڵی ١٩٧٩یش هەمان چیرۆك بۆ موحەممەد ڕەزاشایش دووبارەبووەوە. ڕەزاشا هەروەك خەواڵووەکان، یان ئەوانەی لە قوماردا دۆڕاون، لەژێر درەختەکانی کاخدا پیاسەی دەکرد و لە ڕووداوەکانی دەکۆڵیەوە. بیری لەو ڕۆژانە دەکردەوە کە بە گومانی خۆی، بۆ خۆشگوزەرانی و فراکردنی خزمەتگوزاری و مۆدێرنەکردنی ئەم وڵاتە و سەقامگیرکردنی کەرەستەکانی مەدەنیەت، زەحمەتی زۆر و جیدیی کێشاوە و وەها پاداشتێکی هەرگیز لەبەرچاو نەبووە. نەیدەزانی یاریسوپێنەری گەردوون چی بە ئەو و تەخت و تاراج و

دەسەلاتەکەی دەکات. ئیتر لە زیهنیدا هیوایەک دروست نەدەبوو و لە خزمەتکار و غولامەکانی دەربار هیچ هەواڵێك نەبوو.

ڕەزاشا، سەرتاسەر نیگەرانی ئابڕوکڕین و شەرعیەتدان بە دروستکردن بوو بۆ خۆی و لە مەسەلە ئەساسییەکان بێ ئاگا بوو. خۆدەرخەران و ئەوانەی بەڵا قوربانیان دەکرد، ئەویان گرتبوو و لەوانەیە ئەو لە ئاوازی خەمگین و تەڵەکەبازی، شادومان بوو. هەڵپەرستی، نەبوونی تایبەتمەندیی مەدەنی، پێنەگەیشتنی فیکری و عاتیفی، بێ ئەدەبی، ناجێگیری، بێ بەندوباری و نەبوونی ... و ژێرخانی کولتووری، یاخود ڕەسەنایەتیی پەروەردەکردنی خانەوادەیی لە کۆمەڵگای سونەتیدا، نەخۆشییەکە کە توشبووانی، لەوانەیە دەوروبەری هەر ڕابەرێکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرتبێت. ئەم دەردە شەومەنەیە، سالانێکی زۆر مایەوە و لە ڕەزاشا و کوڕەکەیشی دوورنەکەوتەوە. لە ئەنجامدا ڕەزاشا لە لایەن ئینگلیزەکانەوە فشار خرایە سەری کە واز لە دەسەلات بهێنێت. هەرچەندە کە سەرزەنشتی فەرماندە پلەبەرزەکانی تر هیچ سوودێکی نەبوو، لەبەرئەوەی سوپای ئێران لە ناوچە داگیرکراوەکان بە تەواوی لەدەستچووبوو و تەنانەت لە کەنداوی فارس، هێزی دەریایی ئێران بە تەواوەتی لەناوچووبوو. دیداری دریفوس[۲۷]، باڵیۆزی ئەوکاتەی ئەمریکا لە تاران و گەیاندنی پەیامی ڕۆزڤێڵت لە پاشکۆی دونیایەکی تر، چارەسەری دەردەکە نەبوو. ئینگلیزەکان سووربوون لەسەر ئەوەی کە ڕەزاشا ببەن تاکو شایەکی تر بۆ ئەم وڵاتە بتاشن ۲۸ و هەر ڕۆژێك کە ویستیان بە باریککردنەوەی بڕوایەکی تر، لە کارەکەی دووری بخەنەوە و ئاوارەی دونیای بکەن.

ئینگلیز پەیامی هێنا بۆ کاخەکە کە دەبێت شا بڕوات! بەم شێوەیە ڕەزاشا ناچار بوو واز لە تاج و تەختی دەسەلات بهێنێت بۆ کوڕەکەی، موحەممەد ڕەزای پەهلەوی. سەرەتا سەرۆك وەزیران دەستەکارکێشانەوەی خۆی بە ڕەزاشا دا و ئەوکاتە ئەنجومەن (کە شاهەنشا هەمیشە ئەوێی بە تەویلە ناوبردووە)، ئامادەبوون تاکو لەسەر وازهێنانەکەی ڕای خۆیان بدەن و سەرەنجامیش هەر وایان کرد. یەکەمین لێکەوتەی داگیرکردنی ئێران دوورخستنەوەی ڕەزا خان بوو کە لە مانگی ئەیلوولدا ڕوویدا. هەرچەندە ڕەزاشا بەردەوام

باوەڕی بە تیۆری پیلان نەبوو، ئەو بارودۆخە دروستبووە وای لێ کرد کە داوا لە ئامادەبووان بکات و باوەڕی وا بوو کە دوای ڕۆیشتنی ئەو، ئیتر کودەتایەک لە ئێراندا ڕووندات و گرفتی سەرەکی بوونی ئەوە لە ئێراندا. کاتێک ڕەزاشا تەسلیم بە چارەنووس بوو، لە سەرەتای ڕۆژانی پایزدا بە کەشتییەک لە بەندەرعەباسەوە لە کەنارەکانی لەنگەرگرتنەکانی ئێران، بەرەو خالێکی نادیار کەوتە جوولە. با خەزانی دەوەراند و لە مۆخی ئێسقانەکانیدا دەچووە ژوورەوە، کەنداوی فارس و گەرووی هورمز، شاهێدی تێپەڕبوونی کەشتییەک بوون لە کەنارەکانی ئێرانەوە شایەکی هەڵگرتبوو و بە ئارامی دەڕۆیشت. شایەک کە بێگانەکان لەسەر تەخت هێنابوویانە خوارەوە و لە وڵاتەکەی دوورياندەخستەوە، کە ئیتر نەگەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی. دواتر ڕۆژنامەکان بە خەڵکی ئێرانیان ڕاگەیاند کە لە دوورگەی موریش لە ئۆقیانووسی هیند و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا، نیشتەجێ بووە. ئەوێ بەشێک بوو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز.

ڕەزاشا بە سوودی کوڕەکەی کەنارگیریی کرد و موحەممەد ڕەزا کە تەمەنی ۲۲ ساڵ بوو، بووە جێگرەوەی باوکی، تاکو ئەمجارە ئەو بە هاوکاریی هاوپەیمانان تاجی دەسەڵات بکاتە سەری و بە هۆشیارییەوە بێتە سەر شانۆی دەسەڵات. کەسێک کە بە سووربوونی باوکی ڕۆیشت بۆ دەرەوەی ئێران تاکو لە لۆزان بەردەوامی بدات بە خوێندن، چونکە ڕەزاشا باوەڕی وابوو کە تەنها خوێندەواری ڕۆشنبیرەکان بۆ ئایندەی ئێران سوودیان دەبێت و دەتوانن کۆمەڵگای ئێران بەرەو مەدەنیەت و پێشکەوتن ببەن و بارگەوبنەی نەزانان کۆبکەنەوە. سەرکردەکانی سوپا، کە ڕەزاشا ئەوانی بە خائین بە وڵات دەزانی و بەڵێ قوربانی ناوبردن و کە ڕاستییان شاردەوە، دوای گەیشتنی ڕەزاشا بە شوێنی دوورخستنەوەکەی، بوونە جێگای دەستخۆشی کوڕەکەی. موحەممەد عەلی فرووغیش بوو بە سەرۆک وەزیرانی ئێران. دەرکردنی ڕەزاشا لە ئێران، تا ماوەیەکی زۆر، بووە هۆی جوولان و جورئەت بۆ خەڵکی تینووی ئازادی. گیراوەکان لە بەندیخانەکان ڕزگار بوون و بە خۆری گەشاوەی وڵاتەکەیان چاویان کرایەوە. هەر لەو ڕۆژانەدا، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی زیاتر بێت لە سەردەمی پاشا لاوەکەدا و بۆ ئەوەی هەرەمی فشاری لەدەستدا بێت و بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی، مۆسکۆ هەستا بە جوولاندنی بیری سەربەخۆیی لە لای

ئازەری و کوردەکان. ڕووسیا، نەیار و چالاکوانە سیاسییە زیندانیکراوەکانی کورد و ئازەری و کۆمۆنیستەکانی لە زیندانەکانی ڕەزاشا ڕزگار کرد. ڕووسیا ئەوانی بە زەمینەیەکی گونجاو دەزانی بۆ فشارخستنە سەر حکومەتی ناوەند و دژی ئەو جوولاندنی. ڕووسیا و بەریتانیا، بە کردەوە دەسەلاتداری ئەو ناوچانەی ئێران بوون کە لەژێر دەستیاندا بوون و کەمبوونەوەی دەسەلاتی حکومەتی ناوەندی ئێران، لە پارێزگاکانی ژێر کۆنترۆڵی ڕووسیا، وەک چەند ناوچەیەک لە کوردستان و ئازەربایجان، بە تەواوەتی دەبینرا. لەم بارودۆخەدا، ویست بە بیرکردنەوەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی نەژادی کورد دووبارە دەرکەوتەوە. ئەلبەتە لە سەرەتاوە هەوڵەکانی ڕووسیا لەسەر ئەوەبوو کە بەرەیەکی یەکگرتوو لە کورد و ئازەری دروستبکات. زیاد لەوەش، ژمارەیەکی زۆر لە سەربازی تەکنیکار، ئەفسەر، فەرمانبەر، ڕاگەیەندکار، کرێکار، ئاژاوەچی، جەنگاوەر و... هتدی نارد، تاکو لە باکووری ولات بەپێی توانا، جڵەوی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنیی ئێران بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و لە لایەنە جیاوازەکانی خەڵک نفوزیان هەبێت، ئەوەندە پێشڕەوی بکەن کە بتوانن جۆرێک لە ڕژێمی فێرکردنی نوێ لەژێر چاودێریی ڕووسیادا بمەزرێنن.[۳۰]

دەبێت ئەو خاڵەش لەبەرچاو بگرین کە پێش ڕوودانی جەنگی جیهانیی دووەم، ئەمریکا ئەوەندە ئێرانی بەلاوە گرنگ نەبوو. هەرچەندە بەرپرسانی ئەمریکا نیگەرانی ئەوە بوون کە ڕەنگە ناجێگیریی سیاسیی ئێران، سەرەنجام لە بەرژەوەندیی حیزبی (تودە)ی لایەنگری ڕووسیا بێت، تەنانەت ببێتە هۆی ئەوەی ڕووسیا دەستتێوەردان بکات. لەبەرئەوە دەرئەنجامەکانی سەردەمی ناڕەحەتی و گرژییەکانی جەنگی سارد بۆ ئەوان جێگای قبوڵ کردن نەبوو. لە ساڵی ۱۹۴۱، کاتێک ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی ڕووسیا لە ئازەربایجان و کوردستانی ئێران جێگیر بوون، بەرپرسانی ئەمریکا هیچ دژایەتییەکیان درنەبڕی، لەگەڵ ئەوەی کە لە پلانەکانی ئینگلیز و ڕووسیا بە قووڵی نیگەران بوون، چونکە یەکێک لە سیاسەتەمەدارانی ئەمریکا[۳۱] باوەڕی وابوو کە هیتلەر دەبێت بوەستێنرێت. لەوانەیە هێرشکردنی یابان بۆ پیرەڵ هاربەر،[۳۲] ئەمریکای خستبێتە ناو ڕووداوێکی جیهانییەوە و ڕۆڵی ئێرانی وەک پایگایەک جارێکی تر وەک ڕاستییەک دەرکەوتەوە و شەڕ لە ئۆقیانووسی ئارام، ئەمریکانی بەرەو ئێران پەلکێش کرد. ئەگەرچی ئەمرکا و ئینگلیز بەرانبەر یەکتر

ڕەشبین بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئامانجە سەرەکییەکەیان، واتە تێکشکاندنی ئەڵمانیا و بێبەشکردنی ئەوان لە دەستگەیشتنی بە نەوتی قەفقاز ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ویستی ڕووسیا لە ئێران [٣٣]، کەوتنە هاوکاریکردنی نزیک لەگەڵ یەکدی. ڕووسیا لە باکووری ئێران و ئە مریکاش لە بەرانبەریەوە لە عەرەبستانی سعودیە، ئامادەییەکی چالاکیان هەبوو. [٣٤]

لە گۆڕانکارییەکانی دوای کەنارگیریی ڕەزاشا و جێگرتنەوەی موحەممەد ڕەزای پەهلەوی، کۆمەڵگای کوردییش خاوەنی هاوڵانی بەهێزی ناوخۆیی و ڕەنگی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی بوو، کە بەپێی ئەو گۆڕانکارییە دروستبووە سیاسییانەی وڵات، دەگۆڕان. لە ناوچەکانی دەرەوەی کوردستانی ئێران، بەشێکی گەورەی کۆمەڵگای کوردی، لە چینێکی گەورە لە دهقانە کەمدەرامەتەکان، کرێکارە هەژارەکان، گرووپێکی مامناوەند لە خاوەن پیشەکان، بازرگانە کۆنەکانی بازاڕ و چینێکی بچووک و تێروتەسەلی فیودالێ یان خاوەن زەوی، پێکهاتبوو. لە ناوچەکانی دەرەوەی شاریشدا، خێڵ و عەشایەر و هۆزی جیاوازی کورد بوونی هەبوو، کە لە گۆڕانکاریی گشتیی کۆمەڵگای کوردی، ناچاری ژێردەستەی گۆڕانکارییەکان بوون. زۆربەی جوتیارانی کورد بە هەژاری دەژیان و پێگەی بازاڕ، گۆڕینەوە بە پارە و ئابووری و پیشەسازی، لە کوردستان زۆر زۆر کەم بوو. لە پاڵ هەژارییەکی بەردەوام، ناهۆشیاری و نەخوێندەواری لە کولتووری سوننەتیی کوردەکاندا شەپۆلی دەدا، کە دەرماگیری و جمودی فیکریش بۆ ئەوە زیاد بووبوو. لە ئێران، سیاسەتی ڕەزاشای پەهلەوی بەرانبەر بە کوردەکاندا، بەتایبەت لە دەستپێکی دەسەڵاتیدا، وەکوو دوورخستنەوەی سەرۆک خێڵەکان و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و زەوییەکانیان، هەروەها ناچارکردنیان بەوەی لە شوێنێکدا بە یەکجاری نیشتەجێ ببن و ئیتر گەرمیان و کوێستان نەکەن، دوورخستنەوەی زۆربەی عەشایەرە کوردەکان بۆ شوێنی دوورەدەست، وەک عێلی گلباغی، کاریگەریی زۆری لەسەر ئابووریی کوردستان هەبوو. ئەنجامە خراپەکانی ئەم هەنگاوانە لەسەر ئابووریی وڵات، حکومەتی ناچار کرد بە دریژایی سالانی کۆتایی دەسەڵاتی ڕەزاشا، هەنگاوە تونەدەکانی کەم بکاتەوە. دوای دوورخستنەوە و وازهێنانی ناچاریی ڕەزاشا [٣٤]، بارودۆخ، بە گەڕانەوەی عەشایەری کۆچ پێ کراو و سەرۆک خێڵە دوورخراوەکان،

بۆ هەمان بارودۆخی پێشوو گەڕایەوە و ڕژێمی سیاسی کۆمەڵایەتی جارێکی تر خۆی دەرخستەوە و داواکاریی نوێی خۆی خستە ڕوو.[۳۵]

دەستتێوەردانی ئینگلیز و ڕووسیا لە ئێران لە ئەیلوولی ۱۹۴۱، بووە هۆی لاوازبوونی هێزی حکومەتی ناوەندی ئێران و ناحیەی هۆزەکان. کوردستان هەر لە سەرەتای داگیرکردنی ئێرانەوە، بۆ سێ ناوچەی ژێر دەسەڵات و نفوزی کوردەکان، ڕووسیا و ئینگلیز دابەش بوو و فراوانیی سیاسی لە بەشی کوردەکان زیاتر بوو. هەلومەرجی میللی و نێودەوڵەتی، زەمینەیەکی فەراهەم کرد تا کوردەکان بۆ سەربەخۆیی هەوڵ بدەن و ڕۆشنبیرەکانی ناو شارەکانیش گرووپە سیاسییەکانیان ڕێکخست تاکو بەرگری لە سەربەخۆیی ناوخۆیی و مافی چارەی خۆنووسینی فەرهەنگی و سیاسیی کورد بکەن. هەرچەندە تورکیا هەروەک ئێران لە جەنگی جیهانی دووەمدا خۆی بێلایەن نیشان دا بەڵام هەروەک ئەم وڵاتەی هاوسێی دووچاری ئاگری شەڕی هێز نەبێت و بەم هۆیەوە لەوانەیە توانیبێتی لە ناوچە کوردنشینەکان جۆرێک ئارامش و جێگیری دروست بکەن. لە ڕۆژانی داگیرکردنی ئێراندا، ئیتر لە سوپای حکومەتی شاهەنشاهیی ئێران لە ڕۆربەی ناوچەکان، شتێکی وەها نەمابووەوە. هەموو شتێك تێکچووبوو بەسەر یەکدا. بەڵام لە کۆتاییدا سەردەمی دەسەڵاتی ڕەزاشا، کوردستان کۆتا بەشی بوو کە چەکی لێ دامالڕا و هێزەکانی ئاسایش لەوێدا جێگیر بوون.[۳۶]

حکومەتی ناوەند دوای ڕووداوی سمکۆ سمیتقو لە کوردستانی باکوور، وادەزانی بۆ جۆرێك لە بانگەشە و دڵجوڵاندنی کوردەکان لەبەر ڕۆحیەتی نیزامی و وڵات پەرستی و غیرەت، سوپاس و ستایشی دەکرد، ماڵ و دارایی زەویی کوردەکان هەندێ جار زیاتر بوو لە ۱۵۰ گوند. چینی نایابی کوردەکان، گرووپێکی بچووکیان لە دیوانی سەردارەکان و خاوەن زەوییەکان و خانەکان و خەڵکی بازاڕی نزیك بە دەربار، پێکهاتبوون.

کوردەکان لە پاڵ نەتەوەکانی تردا، تانوپۆی کۆمەڵگای ئێرانیان پێکدەهێنا. ئەڵبەتە چینی جیاوازی کۆمەڵایەتی لە کوردەکاندا، هیچ ڕووداوێکی جیدیی فەرهەنگی نەتەوەیی لە

کۆمەڵگای ئەو کاتەی ئێراندا دروست نەکرد، تاکو بتوانێت لە ڕێگای تێکۆشانەوە پشکی زیاتری لە هێزی سیاسیی حکومەتی موحەممەد ڕەزای پەهلەوی بەربکەوێت. دوای دوورخستنەوەی ڕەزاشا، خانەکان و پارێزکارە کوردەکانیش، زیاتر لە بیری چاککردنەوەی پێگە و پارێزگاری کردن لە دەسەڵاتی خۆیاندا بوون. نفوزی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەمانیش ئەوەندە بەهرەمەند نەبوو لە ناوچەکانی تر و هێزی ئەوانیش جۆرێك بوو لە هێزی عەشایەری. لە دەیەکانی ۱۹۴۰ یشدا، زۆربەی عەشیرەتەکان، وەکوو ئامرازی فشار، لە لایەن ئینگلیزەوە دژی حکومەتی ناوەند بەکاردەهێنران. بە درێژایی پێنج خولی ئەنجومەن لە ساڵەکانی ۱۹۴۱ تا ۱۹۵۳، زۆربەی خانەکان پارێزکاربوون، وەك سەرۆکی گەورەی کوردستانی ئاصف [۳۷] کورسییەکانی نوێنەرەکانی کوردستانی لە ئەستۆدا بوو و دەبێت دان بەوەدا بنێم کە کوردەکانی ئێران خاوەنی نەریتی سیاسی پاك و جێگیر و تەجروبەی سیاسی، نەبوون.

سەرۆکی گەورەی کوردستانی، ئاصف، وەك فەرمانڕەوای سەربەرزی کوردستان هەڵبژێردرابوو. ئەو بەپێی ئەو نفوز و ڕێزەی لە لای شا هەیبوو، ڕێکوپێکییەکی تایبەتی دابوو بە کوردستانی باشوور. بارودۆخی سنە و ناوچەکانی دەوروبەری کە گرفتاری شەڕ و ئاژاوەی بێ ئامانج بووبوون، بووژاندنیەوە. فەرەج ئاصف، پیاوێکی دەستڕۆیشتوو و لە خانەکانی خاوەن دەسەڵاتی سنە بوو، کوڕی میرزا عەلی خان ئاصف بوو کە ڕەزاشایش زۆر پەیوەندیی لەگەڵ ئەودا هەبوو، لەبەرئەوەی ڕۆژانێك لە ڕۆژانی سەربازی لەناو هێزەکانی قەزاقدا، یەکێك بوو لە پاسەوانەکانی دەرگای چوونە ژوورەوە مالّی ئاصف لە سنە و ڕەزاشا ئەو پاراستنی ڕێزەی هەمیشە لەبەرچاو بوو.

لە لایەکی تریشەوە لە کوردستان، دامەزراوەیەکی سیاسیی دیاریکراو نەبوو بۆ ئاراستەکردن بەرەو تێکۆشانی کۆمەڵایەتی. زۆربەی کوردەکان بە ڕووسیا و حیزبە چالاکەکان و ئامانجداری دروست بوو وەك حیزبی تودە، مەیلیان هەبوو. ئارەزووی ئەوان دیاریکردنی ڕێڕەوی گشتیی سیاسەت بوو. لە ئەنجومەکانی شووڕای میللیی ئێراندا، نوێنەرەکان لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە هەڵدەبژێردران، کە زۆربەیان لە چینی

خانه‌دانه‌کان بوون و زیاتر هه‌ولّی پاراستنی به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی داهاتوو و ئێستای خۆیان و به‌رژه‌وه‌ندیی پشتیوانان و لایه‌نگرانی پەیوەست بە خۆیان ده‌دا. نوێنه‌ره به‌رژه‌وه‌ندیخوازه‌کانی کورد له ئه‌نجومه‌ن، وەك پارێزگارانی به‌ڵێنده‌ری سه‌رمه‌شقی ده‌سه‌ڵات و مه‌شرووته‌ی پادشایی ده‌ستڕۆیشتوو و جێی متمانه نه‌بوون. خۆشیان زیاتر خه‌رکبوون به پارێزگاری کردن له خانه‌کان و پارێزراوی له خاوه‌ندارێتییه تایبه‌تییه‌کانی خۆیان له کۆمه‌ڵگای سوننه‌تیی کورده‌کاندا، هۆگری و خۆشه‌ویستی و سۆزداریتی بۆ که‌سانی بێ غیره‌ت، هه‌ڵپه‌رست، مه‌غروور، گوێڕایه‌ڵیی ته‌واوی حکومه‌تی ناوه‌ندی و بێ که‌ڵك له چوونه ناو و بڕینه‌وه‌ی یاسایی له به‌رانبه‌ر حکومه‌تدا. له‌وانه‌یه ده‌رکی ڕاست و دروستیان به به‌رپرسیارێتیی سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تیی خۆیان نه‌کردبێت. ده‌توانین بڵێین که له مانا و مه‌فهومی نیزامی پەرله‌مانیی ئه‌مڕۆدا، زۆربه‌ی نوێنه‌ره‌کانی کورد به بازرگان و خاوه‌نداره پێکهێنه‌ره‌کان داده‌نرێن که خاوه‌نی خوێندن و زانستی پێویست نه‌بوون، ئاشناییان به سیاسیه‌ت به مانا مۆدێرنه‌که‌ی، نه‌بووه. له ڕووی نیشته‌جێبوونیشه‌وه، کورده‌کان زۆربه‌یان گونده‌نشین بوون، به کاروباری سوننه‌تی و ناوخۆیی وه‌کو: جوتیاری و کشتوکاڵ و پیله‌وه‌ری له سنوور و ... هتد، ژیانیان ده‌گوزه‌راند.

له پاڵ به‌رفراوانبووندا، هه‌ژاری و نه‌خوێنده‌واریش له کۆمه‌ڵگای کوردستاندا بڵاوبووبووه‌وه. بێجگه له گرووپه‌کانی موریده‌کان و که‌سانی پەیوەندیدار و ده‌مارگیر و خاوه‌ن پەیوەندیداری نه‌ته‌وه‌یی نه‌ك ته‌نها له نێوان زۆربه‌ی که‌سایه‌تییه سیاسییه‌کانی ناو ڕژێمی حکومه‌تی ناوه‌ندی، به‌ڵکو له نێوان خه‌ڵکی خانه‌دان و خاوه‌ن ده‌ستڕۆیشتووی کوردیش خاوه‌نی پشتیوانی و پشتیگری و پەیوەندی کاریگه‌ری گرووپه جیاوازه‌کانی کۆمه‌ڵگاش نه‌بوون و ته‌نانه‌ت به نیسبه‌ت ئه‌وانه‌وه بابه‌تی بێلایه‌نانه و فه‌رمی و دیوان سالاری به‌رژه‌وه‌ندیان هه‌بوو. چونکه موراید و ژێرده‌سته‌ی ده‌ربار بوون و له به‌رانبه‌ر ئه‌وانه‌ی که ده‌سه‌ڵاتیان به‌سه‌ریاندا هه‌بوو، هێزیان نه‌بوو، تاکو له‌به‌رانبه‌ر بابه‌ته کۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسییه‌کانی کۆمه‌ڵگای کوردی جۆرێك له ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌یان هه‌بێت. له لایه‌کی تره‌وه شوێن و پێگه‌ی دیاریکراو به‌پێی ناسنامه‌ی کوردییان له پێکهاته‌ی سیاسیی وڵاتیشدا نه‌بوو. هه‌رچه‌نده له‌و ڕۆژانه‌دا که‌سانی وه‌کوو ئه‌مانوڵڵای ئه‌رده‌ڵان و حاجی عز

الممالیك تا ئەندازەیەك وەزارەت و بالّیۆزی لە کابینەی حکومەتدا لەگەلّ ئەوەی کە کابینەکان لەرزۆك و نەرزۆك بوون، پێشنیارکراو و دانراوبوون، کەسانێك کە ئیتر بە ناسنامەی دیاریکراو و پێناسەکراوی کوردی نەدەناسران.

کەسایەتییە دیار و بەرجەستەکان لە سنە، تاکو پێش هاتنی موحەممەد عەلی شا، باوەڕیان بە مەشرووتە نەبوو، بە واتایەکی تر، تەماحیان دەخستە بەر نوێنەرەکان و ئەوکاتە ڕەوانەی ئەنجومەنیان دەکردن. وردە وردە لە سەردەمی موحەممەد عەلی پاشا، بارۆدخ گۆڕا و زۆربەی ئەوانە بەپێی فراوانبوونی پەیوەندیی شەخسی و گرووپی، وەرگرتنی هاوکاری، دابینکردنی سوود و پلەی بەرز و لایەنگران و یاخود پێدانی سەرچاوەی هێز و کاروبارە سەرەکییەکان، جۆرەها پەیوەندیی بەیەکداچوو بەپێی پێدان و وەرگرتنی جۆراوجۆر، جۆرێك لە هەستی گوێڕایەڵی و هەستی قەرزاربوون بە دەسەلاتی ناوەندیان هەبوو. کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد، لە هەماهەنگیی ناوخۆیی بێبەش بوون و لەبەر پارێزگاری کردنی تەشریفات و پێگەی خۆیان، ڕوحیەتی هاوکاری و حیکمەتیان نەبوو. هەرچەندە هیچکام لەوانە لە دیاریکردنی سیاسەتی حکومەتدا، هیچ بەشداربییەکیان نەبوو. بەپێی پێگە لاوازەکەیان و نادیاربیان لە کابینە، یاخود ئەنجومەندا، بەردەوام لە شەبەحی بێ متمانەیی حکومەتی ناوەندی بە ئەوان، ئارامییان نەبوو. لەبەرئەوە هەمیشە جۆرێك لە چەند دەستەیی و حاڵەتی وەستاوی و هەڵچوون لەناو زۆربەیاندا دەبینرا. هیچ کەسێك، ئەویتری قبوڵ نەبوو و کەسی لەپێشتر لە خۆی نەدەزانی و لە لایەکیش لەبەرئەوەی بۆ سیستمی نیزامی و ئەمنیەتی حکومەتی ناوەندیش گومانبردنی دژایەتی شاراوەی کوردەکان و یاخیبوونیان لەپێش بوو، حکومەتەکانی مام ناوەند لەگەلّ سەرۆك وەزیرانە دەزگا لاوازەکان و دەروون نزمەکان لەسەر ئەوانیشەوە فشار بخەنە سەر شاگردەکانیان و گورز لە سێبەر و هەڕەشەیان هەمیشە لە زیهن و سیاسەتی کاری خۆیان تەوەسلیان پێ بکەن، نەوەکو نوخبەی کوردەکان لەگەلّ ئەوان، دژایەتی، یان تێکگیرانیان هەبێت. لە نێوان نوێنەرانی کوردی ئەنجومەن و ئەندامانی ئامادە لە دەستەی حکومەتیش، ئیئتلافێك لەسەر بنچینەی هاوبەشی، ئامانجی دیاریکراو و لەپێشبوونی دیاریکراو و لەسەر ڕۆیشتوو و سیاسەتی تایبەت، بوونی نەبوو. هەموو پێگەکانی ئەوان لە گرەوی هەمان پەیوەندییە

نزیکەکاندا بوو لەگەڵ دەربار. هەموو ئەم کۆمەڵە هۆکارە سەرەکی و پەراوێزییانە، هەڵی پێویست و زەمینەی پێویستی بە نوێنەر و بەرپرسانی شایستە نەدەدا تاکو لە کوردستانی ئێران بتوانن رۆڵی خۆیان بە شێوەیەکی کاریگەر ببینن. لە خودی حکومەتی ناوەندی ئێرانیشدا، گۆڕانی کابینەکان و نوێکردنەوە چەند جارییەکان، هەڵی ئەوەی نەدەدا ئاگایان لە پسپۆڕی و دەسەڵاتەکانیان بێت، چونکە پلە بەرزە سەرەکییەکان و پۆستە هەستیارەکان، لەناو ژمارەیەکی دیار و ناسراو لە نووری چاوەکانی ناو ئەڵقەی دەسەڵات، دەستبەدەستیان پێ دەکرا و دەگۆڕدرانەوە.

بارودۆخی کوردستانی ئێران لە سالانی ۱۹۴۰دا، لە ئەنجامی دروستبوون و پێگەیشتنی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی حکومەت لە دەیەکانی ۲۰ و ۳۰دا بوو. کودەتاییەک کە بە دانپێدانانی ئینگلیزەکان لە دژی قاجارەکان بووە هۆی مۆدێرنیزەکردن، بەڵام دژ بە دیموکراتبوونی حکومەتی ڕەزاشا بوو، هەرچەندە ڕەزاشا بە سیستەمی بەڕێوەبردن و پێکهاتەی سیستەمی وڵات فۆرم و شێوەی نوێ وەربگرێت، بەڵام جێگە و پێگەی دوو هێزی ڕکابەری خۆی، واتە ژانایانی مەزهەبی و هۆزەکانی لاواز کرد. ڕەنگە بتوانین بڵێین یەکێک بوو لە نموونەی ئەو بەرکەوتنە زۆرانەی کە لە دەورانی مێژووی سیاسیی ئێران لە دەیەی ۱۹۴۰دا هەبوو. ئاشووب و قەیران و هەڵپەساردنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران لەم دەیەیەدا، بە شێوەیەک بوو کە وڵات ڕووبەڕووی وەها گۆڕانکارییەکی توند و بێ وەستان بووەوە. ئەم دەیەیە لە ڕووی دەرکەوتنی ململانێی نەتەوەییەوە، یەکێکە لە گرنگترین خولەکانی مێژووی هاوچەرخ. لە ناوەڕاستی ئەم دەیەیەدا، وڵات بەشێوەی هاوکات پێگەیشتوو و لوتکەی هەڵوەشانەوەی دوو قەیرانی توندی نەتەوەیی لە ناوچەی ئازەربایجان و کوردستاندا بووە.[۳۸]

هێشتا بارودۆخی بەغدا و نێوان دوو ڕووبارەکە ئارام نەبووبووەوە کە لە کوردستان فڕۆکەکانی ئینگلیز لە ئاسمانی شاری هەولێر دەرکەوتن و بەپێی ڕاگەیاندنەکانی ئینگلیزەکان، خەڵکی شار گوێیان لێبوو کە ئەڵمانییەکان دێن و هەموو نەوتی کوردستان دەبەن! ئەڵبەتە ئەم ڕۆژانە هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمێک کە ڕووداوێکی گرنگ لە

کوردستانی عێراق ڕوونەدات. ڕەمزی نافع خان، کە کوڕی یەکێک لە خانەوادە گەورە و ناسراوەکانی شار بوو، پێشتر لە بەیروت و دیمەشق لەگەڵ میر جەلادەت بەدرخان [۳۹] ئاشنایی پەیدا کردبوو و خۆشی وەک ئەندامی حیزبی هیوا دەناساند. ئەو بۆ بەردەوامی دان بە خوێندن، چوو بۆ ئەستەنبوول. لەوێ سیستمی ئەمنیەتی و سیخوڕیی ئەڵمانیا پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵ بەست تاکو بتوانن لە ڕێگەی ئەو و دەستڕۆیشتوویی بنەماڵەکەیەوە لە کوردستانی عێراق، ڕاپەڕینی بەرچاو لە دژی ئینگلیز بەرپا بکەن. پاشان ئەڵمانیا بەرگری بکات لە حکومەتی سەربەخۆی کوردستان و ڕەمزی نافع خان بەپێی خزمەتە چاکەکانی، وەک شای کوردستان دیاری بکەن و تاجی شاهانە بکەنە سەری. دواتر یەکێک لە ئەفسەرە ئەڵمانییەکان، کتێبێکی لەم بارەیەوە بە ناوی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاگری گرت [۴۰]) بڵاوکردەوە.

کوردستانی عێراق تێکچوو، خۆکی لە دوو سەنگەری جیاوازەوە ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە. بەشێکیان هەواداری دەسەڵاتی ئینگلیز، بەشێکیان هەواداری ئامادەیی ئەڵمانیا بوون. کەسێکی وەک ڕەفیق حیلمی، لە ئەندامێتیلە بااڵکانی حیزبی (هیوا)، دەیویست پەیڕەوی لە ئەڵمانیا بکات. تاکو ئەوەی ڕۆژێک لە خۆپیشاندانێکدا لە دژی پارێزگاری هەولێر، ئۆتۆمبێلەکەی سااڵح زەکی صاحێبقەڕانیان سووتاند، بەو بیانووەی کە لایەنگری لەندەنە. ئەم چیرۆکانە دووبارەدەبوونەوە. سەرۆک عەشیرەتەکان سووربوون لەسەر مانەوەی بەرژەوەندیی خۆیان، بازرگانان لەسەر ئارامیی بارودۆخ و بەدەستهێنانی دەرامەت، ڕۆشنبیرانیش داوای دروستبوونی کوردستانێکی گەورە و جۆرێک لە مامەڵەی هۆشمەندانەی حکومەتی ناوەندیان دەکرد لەگەڵ کورددا، کە ئەڵبەتە وەزیرانی عەرەب ڕازیبوونیان بە سەربەخۆیی کوردستان نیشان نەدا. [۴۱]

دوای دووبارە گەڕانەوەی عەبدولئیلا بۆ عێراق و بە جێنشین دانانی موحەممەد ڕەزا پەهلەوی لە ئێران، ئینگلیز بە کردەوە لە هەردوو وڵاتدا دەستڕۆیشتوو بوو و دەسەڵاتی تەواوی هەبوو. دەتوانین بڵێین کە زۆربەی سەرکردەکانی حکومەت و سیستەمی سیاسی هەردوو وڵات، لە سوودی ئینگلیز کاریان دەکرد. موحەممەد ڕەزاشا و عەبدولئیلا، نامەی

پیرۆزباییان بۆ یەکتری نارد کە دووبارە لەسەر تەختی پاشایەتی دانرانەوە و تاجی پاشایەتی بەردەوام پاریزگاریی لێ کرا. نووری سەعید بە هۆکاری جیاواز لە پەیوەندی کردنی عێراق بە پەیمانی دیاریکراوەوە بەرگی دەکرد، کە گرنگترینی ئەوانە مەسەلەی ئەمنیەتی میللیی عێراق بوو. بە بۆچوونی ئەو، ئەمنیەتی میللی، خاوەنی دوو لایەنی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێرشی ڕووسیا و بیرکردنەوەی لە چارەسەرکردن بۆ دەستپێشخەرییە خراپکارانەکانی کۆمۆنیستییەکانی عێراق بۆ لەناوبردنی ڕژێمی سەلەتەنەتی لەو ولاتەدا بوو. بۆ پاریزگاریی سەربەخۆیی عێراق، لە بەرژەوەندیی ئەو ولاتە بووە کە پەیوەندیی نزیکتری لەگەڵ ڕۆژئاوا هەبێت و لە هاوکاریی نیزامی و هونەریی ڕۆژئاوا بەهرەمەند ببێت. ئەم مەسەلەیە بە هۆی نزیکبوونەوەی تەواوبوونی کاتی بڕیارنامەی ۱۹۳۰ی عێراق و ئینگلیز، گرنگیی تایبەتی هەبوو.

ئەم بڕیارنامەیە زەمینەی بۆ دەستێوەردانی سەربازیی ئینگلیزەکان لە ساڵی ۱۹۴۱دا خۆش کرد، کە لە لایەن ئەو ڕژێمەوە هاشمیی دووبارە گەڕێندرایەوە بۆ حکومەت و سەر کورسیی دەسەلات. نووری سەعید ئومێدەواربوو کە پەیماننامەی بەغدا شوێنی بڕیارنامەی ناوبراو بگرێتەوە و بە گرەنتییە سیاسییەکان و بەهێزکردنی هێز، پاریزگاری لە تاج و تەختی هاشمی بکات. لە مانگی ئایاری ۱۹۴۱یش، ڕەوەندی پەیوەندیی نێوان میسر و لەندەنیش لەبەر پیلانی ڕووخێنەری حکومەت دەست نیشانکراوی ئینگلیز لە لایەن ڕەشید عالی گەیلانی لە عێراق تێکچوو. لە دوای ئەم ڕووداوە، بەرپرسانی ئینگلیز مەسەلەی چۆنیەتی ئەمنیەتی میسریان خستە ناو بەرنامەی پێداچوونەوەوە.[۴۲]

لە لایەک لە ئێران، کاتێک کە لە ساڵی ۱۹۴۱ ڕەزاشا لە لایەن بەریتانیاوە وەلانرا، حیزبە سیاسییەکان ڕێگای کارکردنیان پێدرا و حیزبی تودە، یان حیزبی کۆمۆنیستی لە فۆرم و کاردا، لەژێر پشتیوانیی ڕووسیا دەستڕۆیشتووتر بوو. لە تشرینی یەکەمدا مارکسییەکان، حیزبی تودەیان[۴۳] بە پشتیوانیی ڕووسیا[۴۴] دروستکرد و وەک حیزبێکی مارکسیزیمی، گۆڕا بە یەکێک لە بەناوبانگترین حیزبی مۆدێرنی سەر گۆڕەپانی سیاسیی ئێران لەو دەیەیەدا. لە لایەکی تریشەوە لە عێراق، لە سەرەتای دەستپێکی جەنگی جیهانیی

دووەمدا، چالاکیی کۆمۆنیستەکان لە کوردستان و زۆربەی ناوچەکانی عێراق قەدەغە نەبوو. کۆمۆنیستەکانی عێراق و تودەکانی ئێران، نازییەکانیان بە فاشیست و حیزبەکەی خۆشیان بە حیزبی جوتیار و کرێکار ناودەبرد. خەڵکیش بەو قسانە دڵخۆش بوون و دەیانوت کە ڕووسییەکان کەسانی هەژار و چارەڕەشیان زۆر خۆش دەوێت، هەندێ جاریش گەنم و شەکر و خۆراک و کەلوپەلە پێویستەکانی تر لە نێوان ئەواندا دابەش دەکەن و کۆمەڵگای ڕووسیاش زۆر ئەوانیان خۆش دەوێت. لە مهاباد و تەبرێزی ئێرانیش هەمان باس هەبوو. ئەڵبەتە حیزبی کۆمۆنیستیی عێراق [۴۵] تا تشرینی یەکەمی ۱۹۴۱، کاتێک کە یوسف سەلمان یوسف [۴۶] فەهد سکرتێری حیزب، شاراوە بوون. فەهد دەیویست کە بازنەی ڕۆشنبیرانی شاری، حیزبێکیان بە گوند و لادێکانیش فراوان بکات و کرێکاران و بەشێکی جیاوازی شارەکان و گوندەکان، وەک بەندەری بەسرە و ڕێگای ئاسن و پیشەسازیی نەوتی عێراق و ... هتدیش، بێتە ناو حیزبەوە.

دوای جەنگی جیهانیی دووەم، بەردی بناغەی ئەم حیزبە دانرا. مۆڵەتی ڕێگەپێدانی چالاکیشی وەرگرت و کەوتنە ژێر کاریگەریی بیرۆکەی کۆمۆنیستی و مارکسیزمی بڕیاری لەسەر درا. حیزبی نەتەوەیی دیموکراتی [۴۷] کامل چادرچی، موحەممەد حەدید و ... حیزبی یەکێتی نیشتمانی و حیزبی ئازادی و حیزبی سەربەخۆیی [۴۸] موحەممەد مەهدی کوبە، فائق سامەڕائی، صدیق شنشل و... بوون. تابلۆی دامەزراندنی پێنج تا شەش حیزب لە عێراق دانرابوو، کە کوردەکان لەم خوێندنەوەدا، پشکیان نەبوو و لەو ڕۆژگارەدا هێشتا حیزبی کوردی دروست نەبووبوو. تەنها چالاکوانان، یان پیاوانی سیاسیی کورد، دەبوونە هەواداری حیزبی و دەچوونە ناو یەکێک لەوانەوە. گۆڕەپانێک بۆ چالاکیی حیزبی کوردی بوونی نەبوو، تا ئەو ئەندازەیەی کە تەنانەت بڵاوکراوە و ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی بڵاونەدەبووەوە. ڕێگاچارەیەکیش بۆ ئەم مەتەڵە نەدەخرایەڕوو. ئەو بڵاوکراوانەشی کە بڵاودەبوونەوە، بە زۆری خاڵیبوون لە سیاسەت، تەنیا دەربارەی ڕۆشنبیریی ڕووت و ئەدەب و مێژوو و زمان و هونەر بوون و ژمارەی ئەوان بە پەنجەی دەست دەژمێردران، وەک: گەلاوێژ، ژین [۴۹] و ... هتد. تەنها بڵاوکراوەی نزار لە لابەلای داواکاری، کەمێک ڕەنگ و بۆی سیاسیی هەبوو. [۵۰]

بارودۆخی ئێران بە هۆی جەنگی جیهانییەوە تێکچووبوو بەسەریەکدا. گرانی و نەبوونی و گەندەڵیش سەرانسەری وڵاتیان لێکئاڵاند. لە هەندێ لە شارەکاندا مانگرتن هەبوو. نەخۆشیی گرانەتا هەڕەشەی لە تاران دەکرد. هەموو قوتابخانەکانی ڕژێمی شارەکان هەڵوەشانەوە. کاریگەریی جەنگ، فراوانبوونی ئیجابییانەی هەوڵەکانی مۆدێرنگەرایانەی شا بێ کاریگەری مایەوە. بەشێوەیەک کە دواتر لە ساڵی ۱۹۴۶ یەکێک بوو لە هەژارترین وڵاتانی جیهان. لەم ڕۆژانەدا، هەندێ شوێنی وڵاتی ئێران بەردەوام لەژێر داگیرکاریی هێزەکانی هاوپەیمانان و لە حاڵەتی شەڕدا بوو. ڕووسییەکان باکووری ئێران و ئینگلیزەکانیش باشووریان داگیرکردبوو.[۵۱] کوردستانی باکوور، شارەکانی مهاباد و بانە و سەردەشت و سەقز و دیواندەرە، تەقریبەن لەژێر دەسەڵاتی ئەوان دەرچووبوون و بەردەوام بە بێ خاوەنی مابوونەوە.[۵۲] مۆسکۆ لەبەر بەدەستهێنانی مافی تایبەتی نەوتی باکوور، بۆ ڕکابەری لەگەڵ بەریتانیا و سوودوەرگرتنی ئەوان لە نەوتی باشوور و ئەندامانی حیزبی تودە لەناو لایەنی نوێنەرانی ئەنجومەن، بەرگریان لە سەربەخۆیی کوردەکان یان ئازەرییەکان دەکرد. کەم کەم ئەم چاکسازییانە لە نێو خەڵکدا بڵاودەبوونەوە. بەر لە ساڵی ۱۹۴۲، ڕووسیا چەند سەد کەسێک لە کۆمۆنیستەکانی تورکی بۆ پارێزگاری لە حیزبی تودە ڕەوانەی ئێران کرد. لە لایەکی ترەوە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیی دووەم، جووڵانەوەکان بۆ ئازادی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم دروستبوون، کە ئامانجیان دەرچوون لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەر و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بوو. ئەمریکا ئەم کارەی بە سیاسەتی ڕووسیا زانی، بەڵام نەیتوانی سەرکوتی ئەم جووڵانەوانە و ڕێگریی لە فراوانبوونبوونیان و بیری سۆسیالیزمی بکات.[۵۳]

نیوەڕۆی ڕۆژی ۱۵ی تشرینی یەکەمی ۱۹۴۱، حەمەڕەشید خانی بانە[۵۴]، فەرمانبەرداری نهێنی و نوێنەری خۆی نارد بۆ باڵیۆزخانەی ئینگلیز، تاکو بە پێداگری و وازنەهێنان، داوا لە ئینگلیز بکات کە بەپێی پێشینەی ئەو لە ڕابردوودا و پەیڕەوی نەکردنی لە حکومەتی ناوەند، یارمەتی و هاوکاریی بکات تاکو لە کوردستان حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی دروستبکات، بەڵام ڕووبەڕووی وەڵامی سارد و گوێپێنەدانی ئینگلیز بووەوە. لە لایەکی ترەوە، عێراقە لە پرۆسەی دژی حکومەتی شێخ مەحمود، دڵی خۆش

نەبوو، هەرچەندە کورەکەی لەژێر چاودێریدا لە بەغدا ژیانی دەبردە سەر و تەنانەت لە ڕێگەی حکومەتی بەریتانیاوە هەوالّەکانی بالّیۆزی ئەمریکایان بیستبوو کە ئەوان لە گەیەنەر و سەرچاوەی تورکی خۆی هەوالّیان بەدەست هێنابوو، بەوپێیەی کە شێخ مەحموود بە زووبی ڕاپەڕینێك لە دژی ڕژێم دەستپێدەکات و لەم بارەیەوە هاوکاری لە ئەڵمانییەکان وەردەگرێت.

ئینگلیز لە ڕێگەی فلیچەری[55] ئەفسەر لە کرماشان، بارودۆخی کوردستانی ئێران و عێراقی بە تەواوەتی خستە ژێر چاودێرییەوە. لە ڕێی بالّیۆزانی خۆیەوە لە تاران و بەغدا، هەوالّەکان و شیکردنەوەکانی دەگەیاندە وەزارەتی دەرەوەی ئەو حکومەتەی کە سەربەوان بوون و لەم بارەیەوە زانیارییەکانی ئەمریکییەکان وەك چیرۆکی بەرپرسە بالّاکانی ئێرانیەکان دەیانزانی کە لەسەر ئەو باوەڕە بوون شێخ مەحموود بە دوو هەزار کەسەوە لەژێر فەرمانی ئینگلیزدا ویستوویەتی ئێران داگیر بکات. تەنانەت سەرلەشکر حەسەن موقەدەم، داوا لە نوێنەرەکانی ئینگلیز دەکات کە ئاگای لەو هەوالّانە بێت لە سنەوە بۆیان دەنێرن، کە باس لەوە دەکات "هەزار کوردی عێراقی لەسەر هێڵی سنوور کۆبوونەتەوە و بە هاوکاری لەگەڵ هەزار کوردی ئێرانی، دەیانەوێت چەند کردەوەیەکی سەربازی ئەنجام بدەن، تەنانەت بنکە سەربازییەکان لە چەك دابماڵن، تاکو بەو هۆیەوە شا هاوکاریی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان بکات". بەڵام ئەم هەوالّانە بە قسەی بنکە سەربازییەکانی ئینگلیز لە کوردستان، واقیعی نەبوون.

ئینگلیز هەرچەندە هەستی بە ترس نەدەکرد، بەڵام بە بالّیۆزەکانی خۆی لە تاران و کرماشان ڕادەگەیەنێت، کە شای ئێران بەپێی هەوالّەکانی ڕوکنی دووەمی سوپا، دەربارەی جوولّەی کوردەکانی باکووری کوردستان کە پێدەچێت بیانەوێت بە ناوچەکانی تردا بڵاوببنەوە، نیگەرانە و تەنانەت وا تەسەور دەکات کە ئینگلیز بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لە کردەوەی کوردەکان، چ لە کوردستانی عێراق و چ لە ئێران، پارێزگاری دەکات و دەیەوێت لەسەر ئاستی کوردستان ئەم کردەوانە لە دژی حکومەت بەرفراوان بکرێن. بەڵام ڕۆبەرتی[56] ئەفسەر ڕایدەگەیەنێت کە سنە و کرماشان لەژێر دەسەڵاتی تەواوی هێزەکانی ئینگلیزدان و

بارودۆخ به تەواوەتی ئارامە. تەنها لە کرماشان خەڵکی بۆ بەدەستهێنانی برنج و شەکر و گەنم و نان، ڕووبەڕووی ناڕەحەتی دەبنەوە. هەرچەندە ئینگلیزەکان بەپێی ئەوەی کە دەستڕۆیشتووبوون و کەنالی گەورەی پەیوەندییان لەگەڵ کوردەکان هەبوو، هەواڵەکانی موقەدەم و ئەمریکایان بە بێ ئەرزش ناوبرد، کە تەنانەت کوردەکان کە لەگەڵ شێخ مەحموود لە کوردستانی عێراق لە پەیوەندیدان ئەوەندە گرنگییان پێ نەدا و ڕووبەڕووی نەبوونەوە و شێخ مەحموودیش لە بەردەوامیدان بە ڕابەرایەتی کردنی جووڵانەوەی کوردەکان خۆبواردنی هەیە. بە بۆچوونی ئەو حەمەڕەشید خان کاندیدای ئەسڵی ئەم کارە بووە. بەڵام وادیارە بۆ حکومەتی ناوەند، ئەو هەواڵە ناڕاستانە تەنها هۆکارێک بوون تاکو جۆری تێڕوانینی ئەمنیەتی باڵادەست بێت لەسەر کوردستان و سااڵنی دوای ئەویش لەسەر بنچینەی هەواڵی سیخوڕە ناوخۆییەکان، تێڕوانینی ئەمنیەتی حکومەت لەسەر کوردستان بەردەوام بێت و بمێنێتەوە.

تەنانەت جارێک حەمەڕەشید خانی بانۆ هێرشی کردە سەر موحەممەد خانی کانی سانان، تاکو ئەو لە گۆڕەپانی دەسەاڵت لە ناوچەکەدا الببات. دوای هاتنی موحەممەد ڕەزا پەهلەوی، حەمەڕەشید خان لە عێراقەوە هات بۆ ئێران و بە خواستی ئەحمەد فاروقی، هێرشی کردە سەر سەقز و ئەو شارەی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. سەرلەشکر ئەمین و ئەفسەر ئیبراهیم ئەرفەع، بوون بە بەرپرسی پرۆسەکە و ڕەشید خان و سوارەکانی ئەویان ناچار بە پاشەکشە کرد. ڕوکنی دووی سوپای ئێران، موحەممەد ڕەشیدی بە نێردراوی تورکیا زانی، بەڵام ئەو پەیوەندیی لەگەڵ ئێران دروست نەکرد، لەبەرئەوەی (ڕەزم ئارا) لەگەڵ موحەممەد ڕەشید مامەڵەی کرد. ناوبراو مانگانە ۱۲۰۰ تمەنی لە حکومەت وەکو مووچە وەردەگرت و حکومەتی بانە و سەردەشتیشی لە ئەستۆدا بوو.

کاتێک کە ڕەزاشای پەهلەوی لە ئێران ڕۆیشت، لە گوندی ئاسنوە لە دەوروبەری مەریوان، شاخێکی ڕەنگ سوور هەبوو کە سەرچاوەی ئاسن بوو. ئەم کانە ئاسنە بەشێوەی شەریکایەتی درابوو بە مەحموود خان و شێخ مەحموودی حەفیدزادە، ئەڵبەتە ئەوانیش لە هەردوو دیوی سنووری ئێران و عێراق لەگەڵ حکومەتی ناوەند گرفتیان هەبوو،

نەیاندەتوانی بە تەنیایی هیچ شتێك بكەن. دوای ئەوەی كە هێزەكانی سوپای ئێران بە هۆی هاتنە ناوەوەی هێزەكانی هاوپەیمانان ڕاكردنیان بەلاوە باشتر بوو لە جێگیری و چەكەكانیان لە كەنار جادەكاندا فڕێدا، تەنانەت زۆربەی سەربازەكانی تیپی پیادەی كوردستان بە فەرماندەیی سەرتیپ ڕاستین، بەبێ جلوبەرگ ڕایانكرد، مەحموود خان ئەم هەلەی بە غەنیمەت زانی و چەكەكانی كۆكردەوە و لە مالێكدا هەڵیگرتن. ناوبراو هەمیشە دەیوت كە لە داهاتوودا شای مەملەكەت پێویستی بە ئەوانە دەبێت. تەنانەت پەنای سەرتیپ (ڕاستین)ی دا و ئەوی بە پارێزگاری خۆی دایە دەستی سەرلەشكر حەسەن موقەدەم. دوای جێگیربوونی موحەممەد ڕەزا پەهلەوی، سەرلەشكر مەحموود ئەمین، وەك فەرماندارێ سەربازی لە بنكەی سوپا، بەدواداچوونی بۆ چەك و جبەخانەكان كرد و بەشێكی گەورەی لە مەحموود خان بە سەلامەتی و پارێزراوی و دەستلێنەدراوی وەرگرتەوە و بەو هۆیەوە مەدالیای ئازایەتی و وڵاتدۆستییان لەسەر سنگی دا، ئەویش زوو زوو سەیری ژێرملی خۆی دەكرد و دەیوت: بینیتان كە لە ئەنجامدا شای مەملەكەت پێویستی بە من بوو.

ئەڵبەتە ڕەزا خان لە بەرانبەر هەندێ عەشیرەتی كوردی مەریواندا بێ ئەمەكی نواندبوو و ئەوانی بەپێی پیادە دوورخستبووەوە بۆ ئەسفەهان، تەنانەت دوای لێبوردنیش، هۆكاری گواستنەوەی نەخستە ئەستۆیان تاكو دووبارە بگەڕێنەوە بۆ كوردستان. ڕەزم ئارا، دەربارەی مەحموود خانی كانی سانان، باوەڕی وابوو كە دوای دوورخستنەوەی ڕەزاشا لە زیندانی قەسری تاران ڕزگاری كرد و چونكە خۆی سەرەتا هەواداری حكومەتی شاهەنشاهی دانابوو و نەقیبی پێشووی سوپا بوو، پلەی كۆلۆنێلی وەرگرت. ناوبراو مانگانە ۸۰۰۰ تمەنی وەكوو مووچە وەردەگرت و گەیشتە پلەی قائیمقامی مەریوان. دوای ڕاپەڕینی حەمەڕەشید خانی بانە، ئەویش چووە دەرەوە و بووە نەیاری حكومەتی ناوەند، بۆ ئەوەی لە ڕكابەرە ناوخۆییەكانی خۆی دوانەكەوێت و لە ڕەوڕەوە دەرنەچێت. ئەو سەربازگەی مەریوانی گەمارۆ دا و لێبوردن و نەرمیی حكومەتی لەبیر خۆی بردەوە، بەڵام لە ئەنجامدا لە بەرانبەر سوپادا تەسلیم بوو. كوردستان بە هەمان ئاراستە، هەندێ جار لە ئاگری فیتنە و فەسادا دەسووتا و كاتێك لە ژێر دەسەڵاتی سوپادا ڕووی ئاشتیی دەبینی. لەم

نێوەندەدا سنە ئارامیی تێدا بوو. ئاصف ڕێگەی نەدابوو ئەو شارە ببێتە شوێنی یاخیبوون و ڕاپەڕینە پەرشوبڵاوە چەکدارییەکان و کەسانی هەلپەرست بە ناوی کورد و کوردستانەوە، خوێنی خەڵکی بکەنە ناو شووشە و بیر لە بەرژەوەندیی خۆیان بکەنەوە.

دوای جەنگی جیهانیی دووەم و لە کاتی داگیرکردنی ئێراندا، مهاباد کەوتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ڕووسیاوە. سەبارەت بە یەکەمین هەنگاوی ڕووسییەکان بۆ مامەڵە لەگەڵ کورد، دەکرێت ئاماژە بە بانگهێشتی هۆزەکانی کورد بکەین لە لایەن ئەوانەوە، لەوانەش کەسایەتیی قازی موحەممەد و ۳۰ کەسی تر. ئەم گرووپە بە هاوڕێیەتیی ژەنەرالێکی ڕووسی، لە کۆتاییەکانی ساڵی ۱۹۴۱دا، لەگەڵ تەرن سەفەریان کرد بۆ باکۆ.[۵۷] سەرکردەکانی کورد لەگەڵ جەعفەر باقراف، سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجانی ڕووسیا، دیدار و وتووێژیان کرد. لە بانگهێشتکردنی ڕابەرانی ئەسڵی کورد بۆ کۆنفرانسی باکۆ، پلەدارەکانی ڕووسیا بەڵێنی هاوکاریی دارایی و دابینکردنی چەک و ڕاهێنانی سەربازی و دابینکردنی کەرەستەی چەکدارییان بە بڕی پێویست پێ دان، تاکو لە دژی حکومەتی ناوەندی ئێران و بۆ پێکهێنانی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان، زەمینەی کودەتا فەراهەم بکەن.

عەبدلوڕەحمان قاسملوو، لەو کاتەدا لە تەمەنی لاویدا بوو، کە دواتر وەک یەکێک لە ڕابەرانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە کودەتای ۱۹۷۹ی ئێراندا ناوبانگی دەرکرد. لەوبارەیەوە دەڵێت: "من لەو کاتەدا تەمەنم یانزە ساڵ بوو، بەڵام وەک هەموو منداڵانی ئەو سەردەمە، سیاسەت سەرنجی ڕاکێشابووم. باوکم یەکێک بوو لە ئەندامانی ئەو دەستەیە. لەبیرمە کە کاتێک لە سەفەری باکۆ گەڕایەوە، چەند کەللە شەکرێک و تفەنگێکی تاپڕی ڕاوکردنی چاکی لەگەڵ خۆی هێنابووەوە. وا دەردەکەوت کە ڕووسییەکان کەللە شەکر و تفەنگ و کەلوپەلی تریان بە دیاری دابوو بە ئەندامانی دەستەکە. بەتایبەت ئەو ڕۆژانە کەللە شەکر کاڵایەکی بە بەها بوو، چونکە لە ئێران کەمبووبووەوە و گران بووبوو. بە بۆچوونی من ئەم کارە زۆر جێگەی سەرسوڕمان بوو، لەبەرئەوەی لە خانەوادەی ئێمەدا براکانم و ئامۆزاکانم کە لە من گەورەتر بوون، ئەم وتووێژانەیان دەکرد لە نێو خۆیاندا کە باوکم

لەگەڵ کەسێکی تردا ڕۆیشتووە بۆ باکۆ تاکو ماف و ئازادیی کوردەکان داوا بکات، هەر بەم هۆیەوە ڕێك و ڕاست پرسیارم لە باوکم کرد: کەواتە مافی کوردەکان چی بەسەرهات؟".

لە ئوروومییە بەرنامەیەکی دیدار و گفتوگۆ لە لایەن سەرکردەی ڕووسییەکان و دوانزە بەرپرسی ناوخۆیی کورد، لەگەڵ ژەنڕاڵ و کونسوڵگەر و چەند سەربازێکی ڕووسی لە تەبرێز، ڕێکخرا. نوێنەرەکانی کورد داواکارییەکانی خۆیانیان وەك پێشمەرجی گرنگ بۆ ئاشتی، خستەڕوو، کە بریتیبوون لە: پلەی جاندارمری جەندرمە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، بە تایبەت لە نێوان خوی و مهاباد کۆبکرێتەوە، کوردەکان ڕێگەیان بدرێت کە چەکی گەرم هەڵبگرن، زیندانییە سیاسییەکانی کورد ئازاد بکرێن و ... هتد. بەڵام حکومەت هیچ ئاوڕدانەوەیەکی بۆ ئەم داواکارییە نایاساییانە نەبوو و ڕابەرانی وەکو شێخ عەبدوللا و قازی موحەممەدیان بۆ بە ئارامی هێشتنەوەی بارودۆخی کوردەکانی ئوروومییە هاندا. ئەڵبەتە قازی موحەممەد باوەڕی وابوو کە لە دوای ئابی ۱۹۴۱ەوە جۆرێك لە سەربەخۆیی لەم ناوچەیەدا دێتە دی و کوردەکان بەڕێوەبردنی کاروبارەکان دەگرنە دەست. ناوبراو لەم بارەیەوە تەنانەت دیداری لەگەڵ شادا کردووە و دواتر وتوویەتی: "شا لە ڕەفتاری کوردەکانی دەوروبەری ڕەزایە گلەیی هەبوو، عەرزم کرد کە حکومەت لە فراوانکردنی ڕۆشنبیری بۆ خەڵکی نەزان، جددی نەبووە و نیەت باشیی نیشان نەداوە. شا بە بیستنی ئەم وتەیە کەوتە ژێر کاریگەرییەوە و وتی پێویستییەکانتان بنووسن تاکو بە حکومەتی بڵێم". یەك دوو جاری دیکەش لە کاخی شا پێشوازی لە قازی موحەممەد کرا.

لەو ڕۆژانەدا حکومەتی ئێران بە تۆندی دژی ڕووسیا بوو، ڕووسیاش نەیدەویست دەرگای ئێران لەسەر خۆی دابخات. ئەڵبەتە بۆ ڕووسیا ئازەربایجان گرنگتر بوو لە کوردستان. ڕووسییەکان، کەمترین باوەڕ و متمانەیان بە هۆزە کوردەکان نەبوو و ئەوانیان بە کەسانی بێ دیسپلین دەزانی. ڕووسەکان هۆزە کوردەکانیان وەك هێزێکی لێهاتوو یان هێزی شیاو و ڕێکخراو لە ڕووبەڕووبوونەوەی تورکەکان دەبینی، کە بە هۆی جۆرە ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ ئەڵمانەکان لەناو ئەواندا دیار بوون.

هەواڵی دەرکەوتنی ئەو کەسانە لە باکۆ، بۆ یەکەمجار لە ڕۆژی ۱۴ی ئەیلوولی ۱۹۴۱ لە لایەن بالیۆزی تورکیاوە ئاشکرا بوو، ئەمریکا و بەریتانیا و ئێرانیش لەو ڕووداوە ئاگادارکرانەوە. لە سەرەتاوە تا ناوەڕاستی مانگی ئەیلوول، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، لە ڕاپۆرتەکانیدا جووڵانەوەی کوردەکانی بە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ ناساندبوو، تەنانەت گیانی کەسانی کونسوڵگەرییەکانی خۆی لە تەبرێز و ورمێ، بە لە مەترسیدا بوون وەسفکردبوو.

زانیارییەکە گەیەنرایە بالیۆزی ڕووسیا و ئەوانیش نیگەرانییان دەبڕی کە "ئەگەر وتەکانی بالیۆزی تورکیا ڕاست بێت، کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا و ڕووسیا. کونسوڵی تورکیا مافی کۆنترۆڵکردنی ئێمەی نییە تا بە هۆی گومانێکەوە کارەکانمان پەک بخات". بەریتانیا نەیدەویست پەیوەندییە باشەکانی خۆی لەگەڵ تورکیا بخاتە مەترسییەوە. سیاسەتی ڕووسیا لەسەر پشتگیریکردنی چەکدارکردنی کوردەکان گۆڕانی بەسەردا هات، بەڵام (سێر بۆلارد[۵۸]) لە وەڵامی ئەو نیگەرانییە هۆیانەدا، ڕاگەیاند کە "زۆرینەی هۆزەکانی کورد پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ بەریتانیادا هەیە و هیچ جێگەی نیگەرانی نییە و تورکیا زانیاریی ڕاستی لەوبارەیەوە نییە". لەوانەیە بەم هۆیەوە هەوڵی ئارامکردنەوەی بارودۆخەکەی دابێت، چونکە ئەو بە چاکی دەیزانی کە هەندێ لە سەرۆک هۆزەکان لە ساڵەکانی ۱۹۳۰ ـ ۱۹۳۱ لە ڕاپەڕینی ئاگریی کوردستانی تورکیا بەشداریان کردبوو. پاش هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ هاوکاریی ڕووسیا، لەوانەیە لە زیندان ئازاد کرابن و گەڕابنەوە بۆ گوندەکان و ناوچەکانی خۆیان لەسەر سنوور. هەندێ لە هۆزەکانی کوردی ئێران ڕۆیشتن بۆ عێراق و داوایان لە شێخ مەحموود کرد کە ڕابەرایەتیی ئەوانیش بکات. تەنانەت داوا لە سەرۆکی ئەنجومەنی شاری ورمێ، صەدر بوزی[۵۹] کرا، لە پێشنیاری سەربەخۆیی کوردستانی گەورە داوای هاوکاری بکات.

لە ۱۱ی کانوونی یەکەمی ۱۹۴۱، هەواڵ گەیشتە بالیۆزی ئینگلیز کە کوردەکانی باکوور دەیانەوێت سنە داگیر بکەن، چونکە هۆزێکی گەورە و چەکدار لە بانە لە دەوری شێخ مەحموود کۆبوونەتەوە و لەگەڵ پارتیزانەکان یەکەمین سەودای داگیرکردنی

هەواڵنامەی کتێب

سەردەشت و پاشان سنەیان وا ڕا هێناوە. هەرچەندە سەرلەشکر موحەممەد شاەبەختی، فەرماندەی سوپای ڕۆژئاوا، لەگەڵ کوردەکاندا هەڵسوکەوتی خۆی دەستپێکردبوو. کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد لە کرماشان و سنە، هاوکاریی پێویستی ئینگلیزەکان و حکومەتی ناوەندی ئێرانیان دەکرد، تاکو دامێنی یاخیبوون فراوان نەبێت، تاکو بەلای کەمەوە، بەپێی بەڵێنەکانی ئینگلیز "تا یەک سەربازی ئینگلیز لە سنە ئامادەیی هەبێت، ڕێگای بەدیهێنانی داگیرکردنی کوردستانی گەورە نادرێت لە لایەن هێزی عەشیرەتە یاخیبووەکانەوە". لەکاتێکدا بالێۆزی ڕووسیا بەردەوام ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە "گرفتێکی تایبەتی نییە و هەموو هەوڵێکی خۆی دەدات تاکو لە نێوان کوردەکان و حکومەتی ناوەند جۆرێك لە ئاشتەوایی دروست ببێت". بەڵام تورکیا ئێتر باوەڕی بەو قسە هەڵخەڵەتێنەرانە نەبوو و تەنانەت بارودۆخەکەی خراپتر لە هەواڵەکەی ئینگلیزەکان دەبینی. تورکیا بالێۆزەکەی خۆی لە تاران گۆڕی، تاکو کاروباری کوردەکان باشتر بخاتە ژێر چاودێرییەوە.

هەواڵنامەی کێشە

لە ٢٤ی ئەیلوولی ١٩٤١، سەرباری هەوڵە زۆرەکانی، باقرۆف، ڕابەری سۆڤێت، لەبارەی مەسەلەی ئازەربایجانی ئێرانەوە ڕایەکی جێگیری نەبوو. بەڕێرسانی کردەوەی تایبەتی سۆڤێت، پێشنیاری کردبوو کە سوود لە کوردەکان وەکوو کارتی فشار بۆ سەر دەوڵەتی ئێران، وەربگرن. بۆ ئەم مەبەستە، ئاندریە ئاسمیرنوف، بالێۆزی سۆڤێت لە تاران، کە ئێرانی چاك دەناسی، دژی ئەوەبوو کە یاری بە مەسەلەی کوردەکان بکرێت. ئەو بۆ بەڕێرسەکانی مۆسکۆی نووسی: "سەربەخۆخوازیی کوردەکان هەمیشە خۆی یاریکردنی سیاسیی هێزە دەرەکییەکان بووە. ئێمە دەبێت بە توندی خۆمان بەدوور بگرین لە جوواڵاندنی کوردەکان، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە پەیوەندیی خۆمان لەگەڵ ئەوان بپچڕێنین، یان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆمان لەوان سوود وەربگرین. کاری سیاسیی ئێمە لە باکووری ئێران، دەبێت لەسەر ئازەربایجانییەکان بوەستێت".

مەسەلەی ئازەربایجان بووەتە هۆی نیگەرانییەکی زۆری دەوڵەتی ئێران. موحەممەد عەلی فروغیی سەرۆك وەزیران، فەرمانێکی نهێنیی دەرکرد بۆ دیبلۆماتە ئێرانییەکانی

دانیشتووی ولاتەکانی دەرەوە و پێی راگەیاندن کە بۆ ڕێگری کردن لە مەترسیی سۆڤێت، لە سیاسەتی دەرەکیدا دەبێت لە بەریتانیا نزیك ببنەوە. ئەو بۆ باڵیۆزی ئێران لە ئەنقەرە، نووسیویەتی: ئەگەر ئەم بارودۆخە بەردەوامیی هەبێت، ئێمە ئازەربایجان لەدەست دەدەین. فرووغی بە هەموو توانای خۆی هەوڵی دەدا پەیوەندیی نێوان ئێران و سۆڤێت و ئێران و لەندەن لەبار ببێت. لە ۸ی ئەیلوولدا، ڕێکەوتنامەی ئامادەیی سەربازیی سۆڤێت و بەریتانیای ئیمزا کرد. ئەو لە سەرەتادا ئامادەبوونی ئەوانی لە تاران بە پێویست نەدەزانی، چونکە لە زیادبوونی نفوزی سۆڤێت لە پایتەخت، نیگەران بوو، بەڵام زۆر زوو باوەڕی گۆڕا.

باقرۆف، لەبارەی مەسەلەی کوردەکانەوە نووسیویەتی: لەبەرئەوەی ئەم مەسەلەیە لە سیاسەتی ئێران و تورکیا پێگەیەکی زۆر هەستیاری هەیە و لە هەمان کاتدا چەکێکی گرنگە بەدەست ئینگلیزەکانەوە، دەبێت بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، بەتایبەت لەم قۆناغەدا نابێت لێی غافڵ ببین. دەبێت هەوڵ بدەین کە کوردەکان و ئازەربایجانییەکان بە یەکەوە ئاشتبکەینەوە و ئەوان لە نەك نزیك بکەینەوە. بەم شێوەیە هەموو توانا و ئیمکانیاتی کوردەکان بۆ هاوکاریی ئێمە و ئازەربایجانی ئێران، کۆبکەینەوە. لەو کارانەی کە دەبێت ئەنجامی بدەین، ئەوەیە کە نەهێڵین کوردەکان بکەونە بەر پیلانەکانی هێزەکانی ئەمنیەتی و سیخوڕییە دەرەکییەکان. لە هەمان کاتدا دەبێت کوردەکان بۆ چەکداربوون لە دژی دەوڵەتی ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ هانبدەین. لەم کۆتاییانەدا لە هەندێ ناوچەی ئازەربایجانی ئێران، چەند دەنگۆیەك بۆ بەرقەراربوونی حکومەتی سۆڤێت دەبیسترا. ئەم هەواڵانە لە ئاستارا، ئەردەبیل و بەندەری پەهلەوی، دەبیسترا. پێدەچێت ئەم جۆرە داوایە لە لایەن دەزگا سیخوڕییەکانی ئەڵمانیاوە بووبێ کە دەیانەوێت ناکۆکی لەنێوان هاوپەیمانانداً دروست ببێت. دەبێت ڕێی لێ بگیرێت. لەبارەی کاردانەوەی حیزب و کۆمەڵە سیاسییەکانەوە، دەبێت بە تەواوەتی هۆشیاربن.

بیرۆکەی سەفەرکردنی کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیرانی تەبرێزی و سەرکردەکانی عێلی شاهسەوەن و کوردەکان بۆ باکۆ، جێگەی ڕێزە و دەبێت ئەوان لە ئاستی باڵادا پێشوازییان لێ بکرێت. شوێنکەوتووانی ئەم فەرمانە لە ۱۸ی تشرینی دووەم سەرکردەکانی تیرەی شاهسەوەن و لە ۲۰ی تشرینی دووەم نوێنەرانی چینی ڕۆشنبیری تەبرێز و لە ۲۷ی

سەرەنجام سێر بولارد و نێردراوی تورکیا[60] بۆ بینینی مولوتفی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، چوون بۆ کرملین. ئەویش هەروەک باڵیۆزەکەی، دڵنیایی دەدات بە باڵیۆزەکەی تورکیا و داوای لێ دەکات سەلامی ستالین بگەیەنێت بە حکومەتی تورکیا[61] و دەڵێت "شای ئێران دۆستێکی نزیکی ئێمەیە، هەرچەندە بەپێی لاوێتییەکەی هەستیار و کارتێکراو بێت و بەپێی ئەم بۆچوونە هەڵەیە کە هێزی دەرەکی لە ئێران مەبەستی نفوز بێت، بەڵام هیوامان وایە کە بە ڕێگای باوکیدا نەڕوات". سێر بۆلاردیش هەواڵ دەنێرێت بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی شوێنکەوتووی خۆی کە "هەموو بانگەشە بڵاوەکانی کۆمۆنیستەکانی لە ئازەربایجان و کوردستان، بۆ دروستکردنی ڤێنەیەکی بێ عەقڵانە و پێکەنیناویی فەرهەنگییە، بۆ ئەوەی ڤێنەیەکی وا نیشان بدەن کە ڕووسیا هانی بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردەکان دەدات. تەنانەت بۆ ئێرانیش لە ڕووی چاککردنەوە و نوێکردنەوەی پێکهاتەی ژاندارمری میاندواو هاوکاری دەکات و پارێزگاری ئەمنیەتی کارگەی شەکری میاندواویش لە ئەستۆی سوپای سووردایە، تاکو لە تەخت و تاراجی گریمانەی کوردەکان پارێزگاری بکرێت. سیاسەتی ئێمە وەکو حکومەتی بەریتانیا، دەستوەردان لە نێوانی کوردەکان و حکومەتی ئێراندا نییە، ئەوان دەبێت کێشەی ناوخۆیی خۆیان چارەسەر بکەن. دەستوەردانی ئێمە بۆچوون و هیوای هەڵە لە نێوان کوردەکاندا دروستدەکات، کە دەبێتە هۆی ڕوونکردنەوەی تووندتری داواکارییەکانیان و گومانی حکومەتی ناوەندیش زیاد دەکات، لە کاتێکدا ئێمە هەوڵ دەدین بە بەڵێن و پەیمان، سەرنج و پشتیوانیی کوردەکان بۆ کاری فشاری لەسەر ئەوان ڕابکێشین. لە لایەکی ترەوە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر پەیوەندی ئێمە و تورکیا دەبێت و لە ڕووداوێکی بەو شێوەیەدا، بەرپرسە باڵاکانی ڕووسیاش سیاسەتێکی هاوشێوە دەگرنەبەر و دەستوەردەنە کاروباری کوردستان و ئازەربایجانەوە. بەڵام جێگەی نیگەرانی و دوودڵی نییە، لە کاتی دروستبوونی هەر پێکهاتەیەک، چ ئێرانی بێ یان کورد، بە دڵنیاییەوە لەژێر چاودێری و نفوزی ئێمەدا دەبێت و ...".[62]

هەوڵنامەی کتێب

لە کانوونی دووەمی ساڵی ۱۹۴۲، باقرۆف، نامەیەکی بۆ دموکولۆف، جێگری کۆمیتەی گەلی وەزارەتی ناوخۆ و دکانوزف، جێگری کۆمیتەی کاروباری دەرەوە، نووسی. تێیدا باسی نفوزی کاربەدەستانی نهێنیی ئینگلیزی لە نێو کوردەکاندا کردووە. ئەو نووسیویەتی "کاربەدەستانی ئینگلیز، بەبێ سنوور، نەک تەنها لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، بەڵکو لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئێمەشدا هاتوچۆ دەکەن. لە هەموو شوێنێك و بەتایبەت لە نێو کوردەکاندا، بانگەشە بۆ هەستان لە دژی دەوڵەتەکەمان دەکەن و خەریکی دابەشکردنی چەکن. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ چەکەکان نادەن بە کوردەکان، بەڵکو بارهەڵگرە پڕ لە چەکەکان دەهێنن و لە نزیکی ناوچەکانی دانیشتوان خاڵی دەکەن و دوایی بە کوردەکان دەڵێن: لە فلاّن شوێندا چەك هەیە، بۆچی ناچن هەڵیبگرن؟ ئەوان ئەم شتانە نەك بە کوردەکان، بەڵکو بە ئازەربایجانییەکانیش دەڵێن و وا نیشان دەدەن کە ئێمە دژی سەربەخۆیی ئێوەین، تەنانەت بە شۆڕشە چەکداریەکانیش دژی ئێوە نین. بەڵام دەست لە کاروباری ئێوە وەرنادەین ، ئێمە لایەنگری دەوڵەتی ئێرانین.

نەك تەنها ئێرانییەکان، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئینگلیزەکان و تەنانەت تورکەکانیش، لە زیادبوونی نفوزی سۆڤێت لەناو خەڵکی ئازەربایجانی ئێران و کوردەکاندا، دەترسن. لەسەر ئەم بنچینەیە، کاربەدەستانی نهێنیی دەرەوە، هەوڵ دەدەن بە هەر شێوەیەك بووە، ببنە ڕێگر لە بەردەم ئەو کەسانەی ئێمەدا کە لەوێن. وا دەردەکەوێت کە هەندێ لە هاوڕێکانی ئێمە، بەتایبەت هاوڕێ ئەسمیرنوف، ئەم بابەتە بە چاکی نازانێت. بابەتێکی تر هەیە کە دەتوانێت بە سوودی ئینگلیزەکان، تورکەکان، ئێرانییەکان و جگە لەوانیش تەواو ببێت و بۆ ئێمەش بەرهەمێکی نەبێت، ئەم بابەتە هاوشانبوون لە کارکردندا و دووبارەبوونەوەی کارەکە لە لایەن هەندێ لە کۆمەڵەکانی ئێمەوە لە نێو ئازەربایجانییەکان، کوردەکان، ئاشوورییەکان، ئەرمەنییەکاندا دەبێت. مەبەست ئەو هەنگاوانەیە کە لە لایەن کاروباری ناوخۆی ئەرمەنستانەوە دەگیرێنە بەر. ئەوان بەبێ لەبەرچاوگرتنی فەرمانی کۆمیتەی ناوەندی کاروباری ناوخۆی یەکێتی سۆڤێت، کارەکانی

محوالنامەی کتێب

خۆیان بە هەمان شێوە بەردەوامی پێ دەدەن. لەڕاستیدا ئەوان لە هێنانی کاربەدەستانی نوێدا هەموو شتێکیان کردووەتەوە و یەکتری ئاشکرا دەکەن".

ڕێکەوتنامەیەکی سێلایەنە، لە ۲۹ی کانوونی دووەمی ۱۹۴۲، لە نێوان ئێران و ڕووسیا و ئینگلیزدا ئیمزا کرا. ئێران کرا بە دوو بەشی باکوور و باشوورەوە، لەژێر چاودێریی ئینگلیزەکان و ڕووسییەکاندا دابەش کرا. لەڕاستیدا بەریتانیا و ڕووسیا بۆ دووەم جار بوو ئێران داگیربکەن و ئەم کارەش بە تۆندی لە لایەن خەڵکەوە ڕەتکرایەوە. نەبوونی و ئاژاوە بە تەواوی ئێرانی گرتەوە. لە ۲ی ئابی ۱۹۴۲، ئیئتیلاق نوێی سێلایەنەی ترومەن و ستالین و ئاتلی، بە بینینێك لە پۆتسدام[۶۳]، لە دیاریکردنی چارەنووس و ئەنجامی دوای جەنگی کۆلییەوە. لەم کاتەدا، ڕاگەیەنراوی کۆنفرانسەکە، ئەوەی دیاری دەکرد کە هەموو سەربازەکانی هاوپەیمانان دەبێ بەبێ لەدەستدانی کات، لە تاران و لە شارەکانی تر بچنە دەرەوە. بەڵام کارەکانی سۆڤێت، بەپەست و نیەتێکی تری نیشان دەدا. هەر بە کۆتایی هاتنی کۆنفرانسەکە، ڕووسیا دەستی کرد بە زنجیرەیەك چالاکی و پرۆسەی گرووپی، لە دژی حکومەتی ئێران و پشتیوانیی لە کوردەکان و تورکەکانی ئازەربایجان کرد.

لەڕاستیدا ئامادەبوونی هێزە دەرەکییەکان لە ئێران، ئەتۆمسفیری سیاسیی وڵاتی گۆڕی و بووە هۆی ئەوەی کە کوردەکان چەندین جار بۆ لاوازکردنی حکومەتی ناوەندی لە ناوچەی کوردستان، هەوڵ بدەن. یەکەمین جار لە ۱۳ی حوزەیرانی ۱۹۴۲ لە ورمێ ڕوویدا، لەبەرئەوەی ئەوێ هەلومەرجێکی ئابووریی زۆر خراپی هەبوو و نەبوونی و هەژاری و بێکاری لە شاردا هاواری دەکرد، بەشێوەیەك کە ئەو شارە ڕەنگی مردنی گرتبوو. ماوەیەکی زۆر بوو کە نان لە سەرانسەری وڵاتدا خوادرنیان دابەشکرد بوو. لەم بارودۆخەدا، لەناکاو ۴۰۰ کوردی چەکدار چوونە ناو شارەوە و ورمێیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. ئامانجیان دوورخستنەوەی حکومەت و گرتنەدەستی دەسەڵاتی شار بوو لە لایەن هێزەکانی ناوچەکەوە. دواتر سەرۆك وەزیران و وەزیری جەنگ، عەلی سوهەیلی، بە بیستنی ئەم هەواڵە، بۆ دابینکردنی ئەمنیەت لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ژمارەیەك لە

ئەفسەرەکانی ڕەوانەی ڕەزایە کرد و لە ڕۆژنامەی کەیهان کە ڕۆژێك بەسەر دامەزراندن[۶۴] و بڵاوکردنەوەیدا تێدەپەڕی، ڕایانگەیاند کە ئەمنیەت جارێکی تر لە وەرمێ بەرقەرار بووە. بەڵام ڕاستی ڕووداوەکە، چیرۆکێکی تر دەگێڕێتەوە، بۆ نموونە: عەلیێفی جێگیر، ئەمیر ئەصلانێف لە ۱۶ی کانوونی یەکەم، جێگری پارێزگاری ورمێی دەستگیر کردبوو و بردبووی بۆ تەبرێز، لەوێ ئەویان ئازاد کردبوو. پاشان ئەمیر ئەصلانێیف ئیدیعای کرد کە گیانی جێگری پارێزگار لە لایەن کوردەکانەوە لە مەترسیدا بووە، ئەو ناوبراوی بەشێوەی گرتن لەوی بردووەتە دەرەوە.

کەم کەم پێشبینییەکەی بالێوزی تورکیا دەهاتە دی. کۆمەڵە چەکدارێکی کورد هێرشیان کردبووە سەر بنکەیەکی پۆلیس و چەند پۆلیسێکیان لەوێدا کوشتبوو. ئیتر هیچ کەس فەرمانی لە حکومەتی ناوەندەوە وەرنەدەگرت. بەم شێوەیە بوو کە هەلومەرجەکە بۆ خەڵکی و حکومەت خراپتر بووبوو. بە هەمان هۆ، ڕووسییەکان هەرگیز هەوڵی زۆریان بۆ هێنانەدیی ئاشتی لە نێوان کوردەکان و حکومەتی شادا ئەنجام نەدا، چونکە ڕووسییەکان سیاسەتێکی ڕوونیان لە بەرانبەر کوردەکاندا نەبوو و ئەوان جۆرێك لە سیاسەتی ڕۆژانەیان گرتبووە بەر. سوودی خۆیان زیاتر لە هێنانەدیی داواکانی کوردەکان لە کوردستان بەلاوە گرنگتر بوو. شای لاو، لە هاوینی ۱۹۴۲، تەماشاکەری سەرۆك وەزیری ئەحمەد قەوام بوو کە بە قەواموسەڵتەنە بەناوبانگ بوو. وینستۆن چەرچڵیش لە ڕێگای ڕۆیشتنی بۆ مۆسکۆ، لە ئێران لایدا و بیست و چوار سەعات لە تاران مایەوە و لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی ئێران دەربارەی مەسەلەی جەنگ و ئێران وتوویژیان کرد. قەوام لە کابینەی خۆیدا، حاج عزولمەمالیك ئەردەڵان، کە کەسایەتیی ناوداری کوردبوو، کردبوو بە جێگری وەزیری دارایی.

لە مانگی ئایاری ساڵی ۱۹۴۲، ئیتر یاخیبوون و یاساشکێنی لەناو کوردەکانی ناوچەی دەریاچەی ورمێدا، کەمێك بووبووە مایەی نیگەرانیی ڕووسیا، ئەو بەردەوام تامەزرۆی پارێزگاری کردن بوو لە ئەمنیەتی ئێران، چونکە بە شارێگەی ژیانی خۆیی دەزانی. سێ هێزی جیاواز لە سوپای ئێران وێستیان کە هەوڵێکی ترسێنەرانە لە دژی کوردەکان بدەن،

بەڵام لە هێڵی سەردەشت و زنجان مانەوە، چونکە پێشڕەوی کردن نەدەگونجا. هێزەکانی سوپا لەسەر کوردە بێ جێگیرەکان، کەمێك کاریگەرییان هەبوو، بەڵام نەیانتوانی کە ڕێگرییەکی جیدی بۆ ئەوان دروستبکەن. لە هاوینی ١٩٤٢ یشدا ناکۆکی و شەڕ لە نێوان کوردەکان خۆیاندا و شەڕ لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان موحەممەد ڕەشید ئاغا لەگەڵ موحەممەد ئاغا دروستبووبوو. شێخ حەمەڕەشید خانی بانە دەسەڵاتی بەسەر سەقزدا هەبوو، سەرئەنجام لە بەرانبەر هێزەکانی ئێراندا شکستی خوارد. ئەڵبەتە ڕەزم ئارا باوەڕی وابوو کە "کوردە سادە دڵپاکەکانی ئێران، لە ئەیلوولی ١٩٤١ تا ١٩٤٦، پێنج جار کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی هۆکاری دەرەکی و جووڵان و گومڕاکردنی سەرکردە پلە و پایەخوازەکانی خۆیان، لە دژی دەوڵەت و سوپا ڕاپەڕینیان بەرپا کردووە و هیچکامیشیان سەرکەوتوو نەبوون". ئەو لە درێژەی قسەکانیدا باسی شێخ عەبدولکەریمی کرد کە "خەڵکی لە دژی کەسێك بە ناوی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کە خۆی ناونابوو پاشای کوردستان، ڕووڕاند، بەڵام سەرەنجام لە لایەن خەڵکەوە دوورخرایەوە".

ڕەزم ئارا لەبارەی حەمەڕەشید خانی بانەوە، دەڵێت "ئەو بەر لە دەستپێکی ١٩٤٢، زانستی یاخیبوونی هەڵایسان و سەرلەشکر ئەمینی لە سەقز کوشت. لە بەرانبەر هێرشی هێزە چەکدارەکانی ڕەشید خان، سەرتیپ ئەرفەع، خۆی بە بێ دەسەڵات زانی و لەگەڵ ئەودا لە دەرگای دۆستایەتییەوە چووە ژوورەوە و تەسلیم بوو. دواتر حکومەت خەتی هێنا بەسەر ڕابردووی ئەودا و ئەوی کرد بە فەرمانڕەوای سەقز و بانە و تەنانەت مانگانە پارەشی پێ دەدا. بەڵام ئەم خۆپەسەندە، بە خراپ سوودی لەوە وەرگرت و جارێکی تر لە ساڵی ١٩٤٤دا یاخیبووەوە و بیری لەوە کردەوە هێرش بکاتە سەر سنە. لە لایەن حکومەتەوە، سەرتیپ هۆشمەند کرایە لێپرسراوی سەرکوتکردنی ئەو و لەبەرئەوەی نەیتوانی لە بەرانبەر هێرشەکانی حکومەتدا خۆی ڕابگرێت، شاری بانەی کردە پارچەیەك ئاگر و ڕایکرد بۆ عێراق".

ڕەزم ئارا کە دۆستی زۆری هەبوو لە بڵاوکراوەکاندا، دوای دیاریکردنی بە فەرماندەیی ناوچەی نیزامی کوردستان بانگەشەی زۆری لە بەرژەوەندیی خۆی دەستپێکرد. هەواڵەکانی

کوردستانی له سەرەتای ڕۆژنامەکانەوە دادەنا. تاکو ئەوەی لە ڕۆژی بیست و نۆی خورداد ڕۆژنامەکان هەواڵی بەشەڕهاتنی هێزەکانی سوپایان لەگەڵ دەستەی کورد بڵاوکردەوە. ڕەزم ئارا هەوڵی دەدا کە ڕوونداوەکە وەک شەڕێکی گەورەی سەربازی، لە ڕۆژنامەکاندا ڕەنگبداتەوە، تاکو خۆی وەک کەسایەتییەکی پاڵەوان کە توانیویەتی لەگەڵ توانایی هێزی سەربازی دوژمن سەرکوت بکات، بناسێنێت. لەگەڵ ئەوەی کە کۆماری مهاباد پەیوەندیی خۆی لەگەڵ دەستە کوردە شەڕکەرەکاندا لە ناوچەی سەقز بەدرۆدەخستەوە، دوای ئەوە شاندێك لە لایەن حکومەتەوە نێردرا بۆ کوردستان. ڕەزم ئارا بە هەراوهوریایەکی زۆر چاوی کەوت بە قازی موحەممەد و ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵدا مۆر کرد. کە بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیە، لە نێوان هێزە سەربازییەکان و کوردەکاندا مەودای چوار کیلۆمەتر دانرا، تاکو لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانە دووربکەونەوە. هەرچەندە ڕەزم ئارا سەرکەوتنی لە چارەسەری کێشەی سیاسیی کوردستاندا بەدەستنەهێنا، بەڵام لە ڕێگای بانگەشەوە لە ماوەیەکی کەمدا توانی خۆی وەک نوێنەرێکی سەربازی کە هەمیشە ئامادەیە بۆ کارکردن و لە قبوڵکردنی بەرپرسیارێتی ڕادەکات، خۆی بناسێنێت. بەم شێوەیە ڕێگای کردەوە بۆ گەیشتن بە پلەی سەرۆکی ناوەندیی سوپا. لە ماوەی مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، هەمیشە کوردستان بۆ زۆرێك لە پلەبااڵکان سەکۆی فڕین بووە.

لە کوردستانی ئێران و لە هاوینی ۱۹۴۲، هەڕەشەکانی حەمەڕەشید خانی بانە و مەحموود خانی کانی سانان و ئەو کوردانەی کە داوای سەربەخۆییان دەکرد لە ورمێ، لە دژی حکومەتی ناوەند بوو. لە کوردستانی عێراق بارودۆخ لە ڕووی سیاسییەوە بەشێوەیەکی تر بوو. حیزبێکی سیاسیی کوردی، لە کەرکووك دروستبوو و وەک حیزبێکی ناسیۆنالیستی کوردی لەژێر ناوی (هیوا) لە شارەکانی هەولێر، بەغدا، موسڵ و سلێمانی چالاکییەکانی خۆی دەستپێکرد. حیزبەکە ڕۆژنامەی ئازادی لە ئەستۆدا بوو کە ئەویش شێوازی سۆسیالیستی و دروشمی کۆمۆنیستیی دەگرتە بەر. بزووتنەوەی هیوا، ڕۆڵێکی گرنگی لە کوردستان بینی و وەک قوتابخانەیەکی حیزبی ناسرابوو و تا ساڵی ۱۹۴۵یش مایەوە. ئەڵبەتە کۆمەڵەی دارکوب[۶۵] لە پێش حیزبی هیواوە دامەزرابوو. لە هاوینی ۱۹۴۲، کۆمەڵێك لە کوردەکانی عێراق چوون بۆ مهاباد، تاکو بکۆڵنەوە لە گونجانی

دامەزرانجنی بەشی حیزبی هیوا لە کوردستانی ئێران و بۆ فەراهەمکردنی ئەم زەمینەیە، لەگەڵ کەسایەتییە دیارەکانی مهابادا دیدار و گفتوگۆیان کرد، بەڵام کوردەکانی مهاباد بە دوای جۆرێك لە سەربەخۆییەوە بوون و ئەم داوای بەیەکەوەبوون و یەکێتییە ناوادەیەیان قبوڵ نەکرد، چونکە کوردەکانی مهاباد رێکخراوێکی سەربەخۆی خۆیان لە کوردستانی ئێران دەویست و ڕایانگەیاند کە خۆیان حیزبێکی سەربەخۆ لە کوردستانی ئێران دادەمەزرێنن.[٦٦]

لە پایزی ١٩٤٢، ڕابەرایەتیی سۆڤێت گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە کارمەندەکانی خۆی بەبێ هۆ بانگکردووەتەوە. لە کۆتاییەکانی تشرینی یەکەمدا، ئەسمیرنوف بانگهێشتی ئەمیر ئەصلانۆفی کرد تا لە تاران لەگەڵیدا وتوویژ بکات. ئەسمیرنۆف لە ئامادەبوونی فەرماندەی هێزەکانی سۆڤێت بڕیاری کۆمیسیاری دەرەوەی سۆڤێتی لەسەر پەرەپێدان و ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت و میللەتی ئێراندا بەو ڕاگەیاند. لەم بەرنامەی کارەدا وترابوو: لە کاری هاوڕێکانی کاروباری کۆنسوڵی و نیزامی ئێمەدا لە هەواڵەکانیاندا زۆرجار دەربارەی کوردەکان و حەزی ئەوان بۆ هاوکاری لەگەڵ ئێمە، دووپاتدەکەنەوە، لەکاتێکدا نابێت لەبیرمان بچێت کە لە نێوان سەرکردەکانی تیرەکانی کورد هۆکارەکانی سیخوڕیی ولاتانی دەرەوەی وەکو تورکیا و ئینگلتەرا و تەنانەت ئەمریکاش، کەم نین. بەم شێوەیە دەبێت بۆ هۆگربوونی خەڵکی ئازەربایجان هەوڵی زیاتر بدرێت. دوای ئاشنابوون بەم بەرنامەی کارە، ئەسمیرنۆف وەبیری هێنانەوە کە نیزامییەکانی ئێمە هیچ جۆرە کارێکی بانگەشەیی بۆ خەڵکی ئەنجام نادەن و نایانەوێ کە ئەنجامی بدەن.

لە نیسانی ١٩٤٣ کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد[٦٧] (کۆمەڵەی ژ. ک[٦٨]) یان کۆمیتەی هەستانەوەی کوردستان، لەژێر نفوز و چاودێریی نهێنیی سۆڤێتدا دروستبوو و چالاکیی ژێرزەمینی ئەوان بەپێی پێشنیار و هەڵسانی ڕووسیا لە ناوچەکەدا گەشەی کرد. ئەڵبەتە لەبارەی ئەم ڕێکخراوە ژێرزەمینییەوە، بەڵگەی کەم ماوەتەوە. لە ١٦ی ئەیلوولی ١٩٤٢دا، دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ. ک) لە مهاباد، بووە هۆی زەمینەسازیی سیاسی لە کوردستان و پاشان لە هەندێ لە ناوچەکانی باکووری

کوردستانیش لەگەڵ پێشوازی ڕووبەڕووبووەوە. لەڕاستیدا ژمارەیەک لە کورەکانی مهاباد، بۆ دۆزینەوە و دروستکردنی کۆمیتەیەک، یان کۆمەڵەیەک، بە مەبەستی بەرنامەڕێژیی کارەکان و بۆ پێشنیارکردنی هەنگاوی سەرەتایی بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجی سەربەخۆیی کوردەکان، کۆبوونەوە. کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک)، کۆمەڵێکی بچووکی ۱۶_ ۱۸ کەسی، لە چینی ناوەندی کۆمەڵگا، لە کەسایەتییەکانی[۶۹] چینی ناوەندی شار لە مهاباد، کە دوو کوردی عێراقیش[۷۰] لەگەڵ ئەواندا بوون، لەژێر درەختەکانی باخی حاجی داود و کەنار جادەی ڕەزاییە، لە نزیکی ڕووباری ساوجبلاغ[۷۱]، لە دانیشتنێدا دروستبوو. کەمتەمەنترینی ئەو کەسانە، ڕەحمان حەلەوی[۷۲]، قوتابییەکی ۱۵ ساڵ بوو لە ڕەزاییە و بەتەمەنترینیشیان، مەلا عەبدوڵلا داودیی[۷۳] تەمەن ۵۵ ساڵی بازرگانی تووتن بوو. ئەڵبەتە کۆمەڵێک باوەڕیان وایە کە کاتێک کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) دامەزرا، حیزبی هیوا لە دامەزراندنیدا پشکی هەبووە، ئەوەش بە بەڵگەی ئامادە و بەشداریی دوو ئەفسەر کە بە نوێنەرایەتیی خۆی کە بۆ ئەوێ نارد بوون تا هەم میرحاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو و لە مەراسیمی دامەزراندنی ئەم حیزبە کوردییەدا بەشداریان کرد و هەم هۆکاری پەیوەندیی جێگیر لە نێوان هەردوو کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسیی کورد لە عێراق و ئێراندا هەبن. ئەڵبەتە کارناسەکەی سیا باوەڕی وایە کە ڕووسیا دەیویست بە هۆی کوردەکان خۆیانەوە، چالاکیی کوردانی ئێران لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵیدا بێت.[۷۴]

کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) هەوڵی دەدا کە لە بەشەکانی تری کوردستانیش، وەک: بۆکان و نەغەدە و سەقز و کرماشان و ناوچەی باشوور، نفوزی هەبێت. کۆمەڵەی ژیانەی کورد (ژ.ک) لە سەرەتادا لە پێش پەیوەندی کردنی قازی موحەممەد، دروشمی کوردستانی گەورەی ڕاگەیاندبوو. بە واتایەکی تر، لە دوای دۆزینەوەی ناوچەیەکی سەربەخۆ لە سەرانسەری کوردستانی ئێران لەگەڵ ئامانجی کۆتایی پەیوەستبوونی ئەم ناوچە سەربەخۆیە لەگەڵ یەکتر سەرزەمینەکانی کوردنشینی دەرەوە لە ئێران بوو. بەڵام لە فراوانبوون و بەرەوپێشبردنی چالاکییەکانی بۆ شارە گرنگەکانی کوردستان، وەکو سنە و کرماشان، بە تەواوەتی ناسەرکەوتوو و بێ ئەنجام بوو. ئەم ناوچەیە نەک تەنها لە لایەن سوپای ئێرانەوە کۆنترۆڵ دەکرا، بەڵکو خاوەنی پێگەیەکی بەهێز و پێگەی خانەوادە

بەناوبانگەکانی کورد، وەکو ئەردەڵان و ئاصف و وەزیرییەکان بوو، کە بە درێژایی چەندان پشتیان پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ئێران هەبووە. کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك) بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجی سەرەتایی خۆی کە سەربەخۆیی کوردستان بوو، بڕیاری دا پشت بە سۆڤێت ببەستێت، ئیتر یان ئەنجامێکی باشی دەبێت، یان ئەوەی چارەنووسی خۆی لە یاریی خەیاڵاویی سیاسیی ڕووسییەکان، لەگەڵ مەترسی ڕووبەڕووبکاتەوە. کاتێك کۆمیتەی هەستانەوە یان کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك) دروست بوو، حەمەڕەشید خانی بانە جارێکی تر لە خاکی عێراقەوە گەڕایەوە بۆ ئێران و خۆی ناونا ژەنەراڵ.

کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك) دروستبوو، بەڵام قازی موحەممەد، یەکێك لە کەسایەتییە ناسراو و دیارەکانی مهاباد، پەیوەندیی نەکرد بە کۆمیتەی مەرکەزییەوە و بەردەوام حەزی دەکرد کە وەك کەسایەتیی پشت پەردە بمێنێتەوە، ئەڵبەتە هەندێ جاریش وەك وتەبێژ دەردەکەوت. کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك) لەم کاتەدا لە پشت کەسایەتیی خۆی هاتە دەرەوە و بە کردەوە و بە ئاشکرا لەبارەی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە قسەی دەکرد. لە بزووتنەوەی مهاباد، وەك بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیزمی خەڵکی کورد ناوی دەبرد. بەهەرحاڵ، قازی موحەممەد بە زوویی گۆڕا بە کەسایەتیی یەکەمی ئەم ڕووداوانە. هەرچەندە کە قازی موحەممەد، نە بووە ئەندام و نە سوێندیشی خواردە، بەڵام کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك) ڕێزیان لێدەگرت و پێشنیارەکان و ئامۆژگارییەکانی ئەویان جێبەجێ دەکرد. قازی موحەممەد لە خانەوادەیەکی دیاری کوردستانی ئێران بوو. باوکی قازی موحەممەد، قازی عەلی[۷۵] و ئامۆزاکەی، قازی مونعیم، زۆرێك لە گرفت و ناڕەحەتییەکانی ڕووسیای داگیرکەریان لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا ڕاستکردبووەوە. عەلی قازی و قازی فەتاح، لە کودەتای مەشرووتەی ئێران لە ۱۹۰۵، ڕۆڵی سەرەکییان بینی. کودەتایەك کە لە ڕۆژانی پەهلەوی بە دەستکەوتەکانی وەفادار نەبوو و لەسەرەتاوە تەجروبەی کودەتاکانی تریان هێنا.

بەم هۆیەوە حکومەتی ئێران دیدگای تایبەتی لەبارەی ئەم خانەوادەیەوە هەبوو. ڕەزاشاش بە تێڕوانینێکی ڕێزبۆدانانەوە سەیری باوکی قازی موحەممەدی دەکرد. قازی موحەممەد خاوەنی ڕەسەنایەتیی خانەوادەیی بوو و بە واتایەک لە واتاکان کەسایەتییەکی بە مانا کەسایەتی بوو. لەناو خەڵکی مهابادا نفوزی تایبەتی هەبوو. قازی موحەممەد پێش ئەوەی ببێتە جێگرەوەی باوکی، بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتیی ئەوقافی[۷۶] شاری مهاباد بوو و خانەوادەیەکی قەرەباڵغی هەبوو. ئەو خاوەنی حەوت کچ و کوڕێک بوو. ئارشی ڕۆژهێڵات، بۆچوونی خۆی سەبارەت بە قازی موحەممەد بەم شێوەیە دەخاتەڕوو: ئەو خاوەنی کەسایەتی و جورئەت بوو و جێگای تایبەتی هەبوو، بەڵام بە گشتی ئەو بە کەسێکی سادە و ڕاستگۆ دەناسێنن. کەسایەتیی مەزهەبی و سیاسیی قازی موحەممەد لە مهاباد، هاندرا کە پەیوەندی بکات بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک)ەوە، هەرچەندە کە دواتر لە لایەن هەندێ لە بەرپرسە باڵاکانەوە وەک ڕابەرێکی تەواو بێ ئازار نیشان درا. بەڵام بەداخەوە، گیرۆدەی داوگەی ڕووداو بوو و ئیتر وەدەرگیز نەیتوانی خۆی لە گێژاوی سامناکی گرفتەکان ڕزگار بکات.

هەواڵنامەی کێتێب

قازی موحەممەد وەک ڕابەری مەعنەوی، چرای ڕێنیشاندان و ڕێنمایی و دەنگی کوردەکانی ئەو ناوچەیە بوو بۆ پەیوەندی کردن بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک)ەوە. ڕیوایەتێک لەبارەی ئەوەوە باس دەکەن کە ئەو هەرگیز بەشێوەی فەرمی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵنەبژێردراوە، چونکە ڕابەرێکی مەزهەبی بوو، لەگەڵ خواستە کۆمەڵایەتی و هۆگرییە سیاسییە پارێزکارانەکانی لە ڕووی ناسیۆنالیستەکانداء چەپگەرایی دەکرد. بۆیە ئەندامەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) هەمیشە بەگومان بوون لێی. بەڵام لە دەرەوەی شیکردنەوە سیاسییەکان، لەناو زۆرێک لە خەڵکی کوردستان، لەبەر ڕەفتارە بەڕەوشتییەکانی و تێکۆشان بۆ بەرەوپێشبردن و فراوانکردنی کوردستان، گۆڕا بە سەرمەشقێکی ستایشکراو. لەڕاستیدا لە کوردستانی عێراقیش وەک کەسایەتییەکی خاوەن ئیرادەی بەهێز و زیرەک، ڕێخۆشکەر و گرانبەها ناسرا. بەڵام ئیمتیازدان بە لایەنی لاواز لە یارییەکدا کە ڕکابەری هێزی یەکەمی لە ئاستی سیاسیی کوردستان بوو، سەرەنجام مافی ژیانیان لەو سەند و تەنانەت بوونە هۆی تەسک بینینی ئەو.

ئیتر لە هەر قۆناغێکدا لە سلێمانی، یەک یان دوو رادیۆ بوونی هەبوو و هەواڵیش بە خێرایی دەماودەم بڵاودەبووەوە. کاتێک دەیانوت قازی موحەممەد کوڕی فەتاح قازییە، حاڵەتێکی وای هەبوو کە کوردەکانی عێراق بە هەڵە تەسەوریان دەکرد ئەو خەڵکی سلێمانییە. بەپێی ئەو بەڵگانەی ماونەتەوە و گێڕەرەوە نادەمارگیرەکان، بێ هیچ دوودڵییەک، قازی موحەممەد کەسێکی خاوەن هەست و دەرماگیریی کوردی و نیەتباشیی فراوان بووە و بە هیچ شێوەیەک ویستی جیاکردنەوەی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆی کوردیی نەبوو. پاشکۆ و گوێڕۆتین، دروشمی بێ ناوەرۆک و کەسێکی هەست ناسکیش نەبوو. بە ڕاستی قازی موحەممەد نە بیرۆکەی دژی ئێرانی هەبوو، نە کۆمۆنیست بوو، بەڵام لە یارییەکی هەڵەدا باوەڕی بە سیاسەتی ڕووسییەکان هەبوو و باوەڕی بە پشتیوانیی قەوام کرد. ئەو تەنها داوای خۆبەڕێوەبەریی ناوخۆیی لە چوارچێوەی ئێراندا و لەژێر چاودێری و یاسای حکومەتی ناوەندا دەکرد. لەوانەیە نەیزانیبێ کە دروستکردنی کۆمارێک لەناو سیستەمی پادشایەتیدا، لە نیگای حکومەتی ناوەندەوە بە مانای هەوڵی دابەشکردن و وەرگرتنی سەربەخۆیی دێت. حەسەن ئەرفەع، ژەنەرالی سوپای ئێران، دەڵێت قازی موحەممەدی وەک کەسێکی قسەلەڕوو بینیوە "ناوبراو قسە ڕوون و ڕێک و ڕاست بوو. قسە دەکات و لەبارەی گەندەڵیی ئەندامانی حکومەت لە ناوچە کوردنشینەکاندا و دانەمەزراندنی کوردەکان لە ئیشە سەرەکییەکاندا و هەڵە و گرفتی دروستکراو لە لایەن حکومەتی شاهەنشاییەوە ڕەخنەی هەیە". ئەڵبەتە ئەرفەع وەک عادەتی بەرپرسە ئێرانییەکان، بەڵێنی دا کە ئینشائەللا لە ئایندەدا چاک دەبێت. بەڵێنێک کە هەرگیز نەهاتە دی. وردە وردە لە سەرەتای سالی ۱۹۴۳وە، سەربازانی ئەمریکایش پێیان خستە ناو خاکی ئێرانەوە.[۷۷]

هەرچەندە تورکیا لە سەرسنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی خۆی لە حوزەیرانی ۱۹۴۳دا، ڕووبەڕووی ناڕامی و یاخیبوونی کوردەکان بووەوە، کە شێخ سەعید بیرۆکی لە کوردە شۆڕشگێڕەکانی تورکیا، ڕابەرایەتیی ئەو شۆڕشەی دەکرد. بە هاوکاریی بارزانی[۷۸]، هێزی پۆلیس زۆرێک لە عێراقییەکانیان لە سەرسنوور کوشت. تورکیا توانیی بە زووبی هۆزە ناڕامەکان و دژ و نەیارەکانی سەرکوت بکات و بیروکی یان بیروخ[۷۹]ی دەستگیر کرد.

تورکیا ڕایگەیاند کە ئەم کێشەیە ناچێتە ناو چالاکییە چەکدارییەکانی تری ناوچە کوردنشینەکانی عێراق و ئێران. هەرچەندە تورکیا هەوڵی دەدا کە ڕازی نەبێت لە نێوان کوردەکان و ناوچەکانی تری تورکیادا هیچ جۆرە جیابوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری هەبێت، بەڵام ئەو سیاسەتەی کە لە بەرانبەر کوردەکان گرتبوویە بەر، کەمترین گۆڕانکاریی بەسەردا نەهات. هەرچەند کە ڕایانگەیاندبوو هیچ جۆرە کەمەنەتەوەیەک لە تورکیا بوونی نییە، بەڵام تا ماوەیەکی زۆر ناوچە کوردنشینەکان فراوان نەبوون و بە بێبەشکراوی مابوونەوە. بەرپرسانی تورکیش دوای سەرکوتکردنی هەر ڕاپەڕینێك، بەڵێنیان بە کوردەکان دەدا کە بارودۆخی کۆمەڵایەتییان دەگۆڕن و سیستەمی بەگ و خان و شوان و ... بەشێوەیەکی گشتی دەسڕنەوە، بەڵام بەکردەوە هیچێکی وا نەکرا.

لەو کاتەشدا حیزبی (خۆیبوون) لە کوردستانی تورکیا گیانێکی تازەی کرایەوە بە بەردا، کە فەرماندەییەکەی لە بەیروت و دیمەشق و پاریس بوو. شوێنێك کە میر جەلادەت یان کامەران بەدرخان [۸۰] لەوێ نیشتەجێبوون و هەوڵی دەدا کێشەی کورد بە دەرەوە بناسێنێت و لە کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا گرنگیی پێبدەبەچاکزرێت. هەر لەو ڕۆژانەدا شێخ مەحموود کەوتە گەڕ کە بەپێی انینی ئینگلیز بۆ ناصریەی عێراق دوورخرایەوە. [۸۱]

لە هەمان زەمینەدا بزووتنەوەی بارزان بە سەرپەرشتیی شێخ ئەحمەد بارزانی دەستی پێکرد. بارزانییەکان هەندێ لە ناوچەکەیان خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. حکومەت بە هاوکاریی هێزە ئاسمانییەکانی ئینگلیز هێرشی کردە سەریان. سەرەتا ڕێگای تورکیایان گرتەبەر، زۆر بە ناڕەحەت لە شەڕی گەرانی یاسایی تورکەکان بەدوایانداء، ڕزگاریان بوو و جارێکی تر گەڕانەوە بۆ عێراق. لەڕاستیدا بارزانی هەمیشە دەیویست لەگەڵ شێخ سەعید بیروکی پەیوەندیی هەبێت، بەڵام ئەو لە لایەن هێزە سەربازییەکانی تورکیاوە دەستگیر کرابوو و ئیتر ئەگەری هەر جۆرە هاوکارییەکی بارزانی و ئەو، کارێکی نەگونجاو و گریمانەیی بوو. دوای گەڕانەوەی بارزانی لە تورکیاوە بۆ عێراق، لە ساڵی ۱۹۴۱ حکومەتی عێراقی خۆی و هاوڕێکانی دەستگیر کرد، زۆرینەیان بۆ سلێمانی و هەندێکیانی دوورخستەوە بۆ شوێنێکی تر. تەنانەت بارزانییەکان کە دوورخرابوونەوە بۆ سلێمانی،

زەوی خرابووە ئەستۆیان کە لەژێر چاودێریی هێزەکانی ئەمنیەتی حکومەتدا، تێیدا سەرقاڵی فەلاحەت و کشتوکاڵکردن بن. تا ساڵی ۱۹۴۳ ئەم بارودۆخە درێژەی هەبوو. گریمانەی ئەوەش هەیە کە مستەفا بارزانیی بۆ بچووکتری شێخ ئەحمەد، لە ڕۆژانی دانیشتنیدا، هەندێ جار لەگەڵ ڕۆشنبیران و چالاکوانانی سیاسیی هیوا پەیوەندیی هەبووە، بەڵام بەڵگەیەک لەسەر چۆنێتی و چەندێتیی ئەو پەیوەندییە نییە و هیچ بەڵگەیەک لەسەر دانپێدانان، یان بەدرۆخستنەوەی ئەو پەیوەندییە نەماوەتەوە. لە ڕۆژانی جەنگی جیهانیی دووەمدا و لە ساڵی ۱۹۴۳، بارزانی لە شوێنی دوورخستنەوەکەی، لەگەڵ دوو کەسی تر بە ناوەکانی مەمەند مەسیح و میرزا ڕەشو، لەگەڵ سێ چەکی ئینگلیز، ڕای کرد. ئەو لە شەوی ۱۲ و بەرەبەیانی ۱۳ی حوزەیرانی ۱۹۴۳، لەگەڵ هاوڕێکانی[۸۲] لە ڕێگای (شنۆ)وە لە کوردستانی ئێران، توانییان خۆیان بگەیەننە باکووری عێراق.

کۆمەڵێک باوەڕیان وایە کە مەحمود ئاغا زێباری[۸۳] دوای دووبارە داگیرکردنەوەی عێراق، بووە هۆی هەڵهاتنی بارزانی و هەندێکی تر باوەڕیان وایە کە جەلال ئەمین بەگ، ئەفسەری سەربازی، ڕۆڵی گرنگی لە گەڕاندنەوەی بارزانی لە سلێمانییەوە بۆ بارزان بینیوە. بەڵام بەهەرحاڵ، بارزانی و هاوڕێکانی بە سوودوەرگرتن لە خاکی ئێران، توانییان ئەم کارە بکەن، تاکو بۆ گرتنەدەستی سەرۆک عەشیرەتیی بارزان خۆی بگەیەنێتە ناوچەکانی تری بارزان و لەوانەشە ڕاپەڕینێکی چەکدارانە لە دژی حکومەت دەستپێبکات. بارزانی دوای ڕاکردن لە شوێنی دوورخستنەوەکەی و گەڕانەوەی بۆ بارزان، تا ماوەیەک هەر جوولەیەکی ڕووبەڕووی گرفتی دەکردەوە، بەڵام دوای ماوەیەک زەمینەی پێویست بۆ چالاکیی ئەو فەراهەم کرا. ناوبراو لەگەڵ عەشیرەتەکانی تردا پەیوەندیی گرێ دەدا و دەیویست بە دروستکردنی پەیوەندیی نوێ لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان، دووبارە چالاکیی خۆی دەستپێبکاتەوە. لەو ڕووەشەوە بەناوبانگە کە لە هاوکاری و پشتیوانیی کەسانی وەک شێخ لەتیف سوودمەندبووە.

لەو ڕۆژانەدا کە بارزانی لە شوێنی دوورخستنەوەکەی، لە سلێمانی بوو، سوپای عێراق هەموو عەشیرەتەکانی وابەستە بە بارزانیی لە چەک دامالّی بوو. بارزانی بەخێرایی دوای

گەیشتنەوەی بە بارزان، هێزێکی بچووکی چەکداری ڕێکخست و دەستی کرد بە هێرشکردنە سەر بنکەکانی پۆلیس و لە چەك دامالّینی بنکەکانی سەر سنوور و شوێنەکانی تری جێی شانازیی حکومەت. بۆ نموونە: بنکەی ژاندارمری شاندەری چەککرد و بووە خاوەنی ۱۳ پارچە چەك. بە نامەنووسین لەگەلّ حکومەتی عێراق، نیشتەجێی خاکی بارزانی بوو. پاشان لەگەلّ حەوت چەکدار بنکەی خرزوکی گرت و ۵۰۰ کەس ژاندارم چەککرد. دواتر لە مێرگەسوور و ڕەواندز و ... ئەمەی دووبارەکردەوە. لە کۆتایی ۱۹۴۳، هێزە بچووکەکەی بارزانی بۆ سنووردانان بۆ هێزەکانی حکومەتی عێراق، بە ئەندازەی پێویست ڕوشدی کرد و ژمارەشیان زۆر بووبوو. کاتێك بارزانییەکان ڕاپەڕینیان دەستپێکرد، بارزانی وەك هەر کەسێکی سەرۆك عەشیرەت و شێخ و ...، باوەڕی وابوو کە لەگەلّ کوردەکاندا هاوەنگیی هەیە، بە واتایەکی تر، بۆ مافی کوردەکان تێدەکۆشێت، بەلاّم وەك هەموو ئەوانەی تر، بەرژەوەندیی خۆیی لا گرنگ بوو. ئەو وایدەزانی کە لەم ڕێگایەدا سەرکەوتوو دەبێت. لە دوای سالّی ۱۹۴۱ەوە تا ۱۹۷۵، ناوی هەستەفا بارزانی، کە لە بەرانبەر حکومەتدا ئالاّی دژایەتیی هەلگرتبوو، لە گەمەی سیاسیی کورد و کوردستانی عێراقدا هەیە. هەرچەندە کەسێکی زۆر عەشایەر بوو.[۸۴]

خانەوادەی بارزانی لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە، بەشێوەیەکی گشتی لە ڕاپەڕینەکانی کورد لە دژی حکومەت، بەشداربوون. ڕۆژنامەکانی نیویۆرك تایمز و هرالد تریبیون[۸۵] ئەویان بە جەنگاوەرێکی دیار و پالەوان ناونابوو. بارزانی خۆی دەربارەی دەوروبەرەکەی، کەسێکی زۆر بەگومان و بەدگومان بوو. زیاتر کەسێکی کمدوو و بەکردار بوو. ئەو لە بارزان دەژیا، کە ناوچەیەکە خۆڵی کەمە و بە زۆری بەردەلاّنە. لەو ناوچەیەدا هەژاری و برسێتی بالاّدەست بوو. تەنیا بەڕوو و مازووی تێدا هەبوو، هیچ جۆرە کشتوکاڵێکی تێدا نەدەکرا. ناوچەی بارزان، قوتابخانە و کشتوکاڵ و کارخانەی نەبوو. خەڵکی ئەوێ هۆگری مەزهەب بوون و دەمارگیریی ئایینییان هەبوو. هەندێ جار تا ئەندازەی خورافیات و پیرۆزیی وشك بوونیش بەرەوپێشەوە دەڕۆیشتن. ئەڵبەتە لێکۆڵینەوە لە بارزانییەکان وەك لێکۆڵینەوەیە لە بزووتنەوە کوردییەکان، کارێکی گرێ خواردووە. هەندێك جار ڕۆحیەتی عەشایەریی تایبەت، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەوان سەرکەوتوو نەبن،

هەندێك جاریش مەسەلەی حیزبی و پەیوەندیی ناوخۆیی و دەرەکیی کەسەکان، ئامرازی دیاریکەری بووە و بەم هۆیەشەوە لەوانەیە دۆزینەوەی کەسانی دڵسۆز و عاقڵ و ئازادیخوازی سەربەخۆ بۆ بزووتنەوەی کوردی، کارێکی کەم وێنە بووە.[۸۶]

بارزانی، لەو ڕۆژانەدا، لە نێو هەندێ لە تۆێژەکانی خەڵکدا، وەك کەسایەتییەکی ناسیۆنالیستی، یان نەتەوەیی کورد، ناوبانگی دەکردووە. تا کاتی مردنیشی، وەك سمووبولی ناسیۆنالیستی کوردی عێراق ماوەتەوە.[۸۷] سەرکەوتنەکانی لە ئەنجامی بەتوانابوونی بووە لە گەمارۆدان و خستنە دوای هێزە سەربازییەکانی عێراق. بە درێژایی ساڵەکانی خەباتی، بەرگریی لە بەرانبەر جەنگە درێژخایەن و سەختەکاندا هەبووە. ئەم سەرکەوتنانە، هەروەها ئەنجامی بەتوانابوونی ئەو لە بەهێزیی مەزهەبی و غەیرەمەزهەبی لە ڕابەرێکی کاریزما[۸۸] و پڕ جازیبە و خاوەن توانایی تایبەت لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بوو. ڕەنگە هیچ سەرکردەیەکی تری کوردی کوردستانی عێراق، تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، نەیتوانیبێت وەکو ئەو، چینە جیاوازەکانی کورد لە یەك نزیکبخاتەوە و یەکگرتوویان بکات. یەکگرتوویەك کە هۆی حەپسرەت و خەفەتی ئەو کوردانە بوو کە ئارەزووی ڕزگاربوون لە دیسپلینی کۆن لەگەڵ حوکمڕانی تورکیا و عێراقیان هەبوو. بەڵام کەسایەتی و بیرکردنەوەی بارزانی، شیاوی سەرکردایەتیکردنی کوردەکان بوو؟ ئەمە پرسیارێکە کە ئەمڕۆ زۆرینەی مێژوونووسانی مێژووی هاوچەرخی کورد، بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ڕازیکەر، دەستیان بە لێکۆڵینەوە لەسەری، کردووە.

بارزانی لە یارییە سیاسییەکانی کوردستان دەرکەوت و ڕۆڵی کاریگەر و هەستیاری بینیوە. لەڕاستیدا ناڕەوا و نادروست دەبێت. تەنانەت ئیدارەی ئەمنیەتی عێراق و ئێران هیچ جۆرە زانیارییەکی تەواویان لەسەر ناسنامە و کەسایەتی و ڕەچەڵەکی ئەو نییە. بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە باوانەی کە بارزان عێل یان تیرەیەکە. بارزان پێشتر شارەدێیەك بووە سەر بە شاری دهۆك لە پارێزگای هەولێر، لە باکووریترین ناوچەکانی کوردستانی عێراق بووە. خەڵکانی بۆێر و ئازا، لەژێر ڕابەرایەتیی مەزهەبیی (شێخ بابۆ بارزانی) لەوێ نیشتەجێ بووبوون. خەڵکانی ئەم شارەدێیە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و عەشایەرییەوە، سەر بە

عیلی زێباری بوون. هیچ کاتێك ناوی بارزان یان بارزانی، به ناوی عەشیرەت یان هۆز یان عیلەوە نەبراوە. ئەوەی کە دەڵێن عیلی بارزانی بە سەرپەرشتیی مستەفا دەستی کردووە بە ڕاپەڕین، یان چالاکیی کردووە، ڕاست نییە. لە زۆربەی هەواڵەکاندا، ساواك و ڕۆکنی دووەمی سوپای ئێران و عێراق، ئەویان بە کەسێکی کاتی، مشەخۆر، ئاژاوەگێڕ، بیرچەوت ناساندووە. ئەم تێڕوانینە سلبییە لە زمانی زۆربەی کارناسانی ئەمنیەتی ئێران و تورکیاشەوە بیستراوە.

"موستەفا کوڕی دووەمی شێخ بابۆ بوو، شێخ ئەحمەد کوڕی گەورە کە لە دوای مردنی باوکی کرا بە جێنشینی ئەو دیاری کراو و پلەی ڕابەری مەزهەبی وەرگرت. مستەفا هیچ کاتێك نەچووە قوتابخانە و لە ئامادەبوونی باوکیدا کە کەمێك زانیاری و خوێندەواریی هەبوو، هیچ فێرنەبوو. تەنانەت تا ڕۆژی مردنیشی، بێجگە لە ئیمزایەکی نەخوێندەوارانەی بێ شکڵ، نووسینێك لە ئەو نەبینرا و شتێنەوارێك لە ئەوەوە بەجێنەماوە. بەو وێناکردنەی کە گوایە گەیشتووە بە پلەی مەلایەتی، لە حاڵەتێکدا کە ئەو پلەکانی قوتابیبوونی زانستی دینیی نەبڕیوە و سوودوەرگرتن لە نازناوی مەلا بۆ ئەو، زوڵمکردنە لە بەرانبەر مەلا بەرجەستەکانی ئەهلی سوننەت، کە سااڵنێکی زۆر لە مەکتەب و حوجرەکان و مزگەوتەکاندا بە زانستی ئایینییەوە خەریکبوون و زەحمەتیان کێشاوە". بارزانی بە هیچ شێوەیەك نەیخوێندووە و بێجگە لە کوردیی کرمانجی، بە زمانێکی تر قسەی نەدەکرد[۹۰]، بەڵام کۆمەڵێك بڕوایان وایە کە کەمێك زمانی فارسی بە داڕێژانی کۆنەکەی، قسەی دەکرد.

ئیدارەی ڕۆکنی دووەم ئەمنیەتی سوپای ئێران، زانیاریی تەواوی هەبوو کە "بارزانی لە سەردەمی ئەفسەر (ئەدموندز)ی نوێنەری ئینگلیزدا، لە سلێمانی پەیوەندیی بەو ئەفسەرەوە کردووە. لەوە بەدواوە بە هێنان و بردنی هەواڵەوە بۆ ئینگلیزەکان، سەرقاڵ بووە. دوای چەند ساڵێك لە کرێکاری لەو ڕووداوی جادەکان دەستی کێشایەوە و لە ناوچەکەی خۆیان نیشتەجێ بوو و بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێك تفەنگچی، بەدوای بەدەستهێنانی نفوز و دەسەاڵتدا دەگەڕا لە ناوچەکەدا. دوای مردنی باوکی، لەبەرئەوەی برا گەورەکەی، شێخ ئەحمەد، بێجگە لە کاروباری مەزهەبی لە کاروبارەکانی تردا

دەستوەردانی نەدەکرد، بە ناچاری مستەفای کرد بە بەرپرسی کاروباری کۆمەلایەتی و عەشایەریی خەڵکی بارزان".

ئەڵبەتە کاتێک شێخ ئەحمەد لەگەڵ مستەفا قسەی دەکرد، دەنگێک لە بارزانییەوە نەدەبیسترا، چاودێران ئەوەیان بە ئەدەب بۆ بارزانی لێکداوەتەوە. بارزانی رێزێکی تایبەتی لە شێخ ئەحمەد دەگرت. جەمیل شەریف باسی ئەوەی کردووە کە هەندێ جار خۆی خستووەتە سەر ئەژنۆ و بە دەست رۆیشتووە بۆ لای شێخ ئەحمەد. بارزانی لەبەرچاوی خەڵکی، زۆر رێزی شێخ ئەحمەدی لەبەرچاو بوو. شێخ ئەحمەدیش لەناو بارزانییەکاندا کەسایەتییەکی خاوەن نفوز و جۆرێک لە پیرۆزی بوو. سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی بوو. ئەگەر خەڵکی بارزان لە مستەفا بارزانییەوە شتێکیان ببیستایە، گرنگیپێدانی تەنها لەبەر نفوز و دەسەلاتی مەزهەبیی شێخ ئەحمەد بوو، نەک کەسایەتیی مەلا مستەفا، چونکە تاکو ئەو کاتە، نە جەنگێک و نە ئازایەتییەکی لێوەشاندووە و نە کەسایەتییەکی وەهای هەبوو. بۆ ئەوەی لەژێر یەخسیری و دەسەلاتداریێتیی ئینگلیز بیاری بە سەرۆکایەتیی مەحموود ئاغا بچنە دەرەوە، دەستیان کرد بە ملنەدان و یاخیبوون و چەندان پێکدادان لە نێوان ئەواندا رووپدا و کوردێکی زۆریش کوژران. ناچار و بە رێزەوە شێخ ئەحمەد تا ئەندازەیەک مەحموود ئاغای زێباری رەفتار و کارەکانی بارزانی لەبەرچاو نەگرت.

گرنگیی بارزانی، وەک سەرکردەیەکی کوردی خاوەن هێزی سەربازی لە کۆیستانەکان باس دەکرا. ئەو ئەندامی هیچ حیزب و رێکخراوێکی کوردی نەبوو، هەرچەندە پەیوەندیی لەگەڵ هەموویاندا هەبوو. چۆنێتیی هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ ئەواندا، سووک و قورس بوو. حیزبی هیوا دەیویست ئەو بخاتە ژێر لقێکی رابەرایەتیی خۆیەوە، تاکو هێزە سەربازییەکەی بخەنە ئەستۆی خۆیان، بەڵام ئەو دەستی لەوان بەردابوو. سەرگرتنی ئەو هەوڵە، حیزبی هیوای دەکردە حیزبێکی بەهێز و مونسەجیم لە عێراقدا، بەڵام بارزانی شتێکی تری دەویست. لەو رۆژانەدا، بارزانی لە لایەن حیزبی هیواوە پشتیوانیی لێ دەکرا. حیزبی هیوا دەیویست لەگەڵ بارزانی بچێتە کۆیستانەکان و لە پاڵ ئەودا بێت، بەڵام ئەو قبوڵی نەکرد و هەموو ئەو رێگایانەی کە بە بارزان کۆتاییان دەهات، داخست. بارزانی تەنها

تا ئەو ئەندازەیە پێویستیی بە حیزبی هیوا و مانەوە و ئامادەبوونی ئەو لە بەغدا هەبوو، کە بە دەلاقە و کلاوڕۆژنەی خۆی دەزانی بۆ پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە، تاکو زانیاری و پشتیوانی لە وڵاتانی تردەوە بۆ خۆی بەدەستبهێنێت. حیزبی هیوا پێشتر لە کەرکووک دامەزرابوو، بە زووبی لە چەندین لق لە زۆربەی ناوچە کوردنشینەکان و بەغدایش، چالاکیی دەکرد و داوای خۆبەڕێوەبەریی ئیداریی کوردستانی لە چوارچێوەی عێراقدا دەکرد. بۆ هەمان مەبەست، چەندان داوای پێشکەش بە دەوڵەتی عێراق و هاوپەیمانەکانی ئەو کرد.[۹۲]

لە ساڵی ۱۹۴۳دا، وردە وردە زەمینەی هەڵوەشاندنەوەی حیزبی هیوا فەراهەم کرابوو، چونکە ئەندامەکانی دوو گرفتی سەرەکییان هەبوو: سەنگەرگرتن لە بەرانبەر بەریتانیا و ڕووسیا، هەروەها چۆنێتیی بەشداری کردن لە ڕاپەڕینی بارزاندا. بە واتایەکی تر، لە حیزبی هیوا دوو باڵی چەپ و ڕاست بوونی هەبوو، کە کۆمەڵێکیان کودەتا و سۆسیالیزمیان بە یەکەمین مەرجی پێویست بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی میللەتی کورد دەزانی. کۆمەڵێکیشیان بەریتانیایان بە ڕزگارکەری کورد دەزانی، بۆیە هاوکاریکردنییان بە پێویست دەزانی. ئەڵبەتە لە ماوەی ساڵانی ۱۹۴۲_۱۹۴۳، لە هەولێر و هەندێ لە ناوچە کوردنشینەکان، بیری مارکسیزم لەناو لاوانی چالاکی مەیدانی سیاسەتدا بڵاوبووبووەوە. زۆرێك لە ئەفسەرە سەربازییەکان، لەگەڵ حیزبی هیوا و بزووتنەوە چەکدارییەکانی بارزانی پەیوەندییان هەبوو. وردە وردە ڕۆڵی ئەفسەرە سەربازییەکانی کورد لە حیزبی هیوادا دەبینرا، بە شێوەیەك کە ژمارەیەك لە ئەفسەرە کوردەکان[۹۳] لە کوردستان، ڕۆڵی گرنگیان لە بەرپاکردنی شۆڕشی نوێدا بینی. ئەفسەرە کوردەکان هاوکاریی خۆیان بۆ بارزانی و داواکارییەکانی شۆڕشی کورد، کە ئەو ڕابەرایەتیی دەکرد، نیشان دا، کە ڕۆڵێکی ئیجابیی لە سەنگەرگرتنی ڕاپەڕینی ناوچەی بارزاندا هەبووە. لە ڕووی دیبلۆماسییەوە، سەنگەرگرتنی ئەفسەرە کوردەکان لە ڕاپەڕینی بارزاندا، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو. بارزانی نرخی بەشداریکردنی ئەفسەرە کوردەکانی لە ڕاپەڕیندا دەزانی، بەڵام دەیویست کە پشتیوانیی سەرۆك عەشیرەتەکانی ناوچەکەش بەدەستبهێنێت.

لە ۲۷ی تشرینی دووەمی ۱۹۴۳، ستالین و ڕۆزڤێلت و چەرچڵ لە تاران کۆبوونەوە، تاکو هێزەکانی هاوپەیمانان وردە وردە لە ئێران بچنە دەرەوە، بەڵام ڕووسیا داوای ئازادبوون لە هەر کارێکدا و زاڵبوونی بێ چۆن و بۆچیی لە ئێراندا هەبوو. بۆیە نیگەرانییەکانی ئەمریکا لە بەرفراوانبوونی هێزی ڕووسیا، زیاتر بوو. هەر لەو چوارچێوەیەشدا، ستالین دوای ڕێکەوتنی تاران، لە چوونە دەرەوەی هێزەکانیدا نەچووە ژێر بار و هاوکاریی ڕاپەڕینەکانی کوردستان و ئازەربایجانی کرد. لە لایەکی ترەوە لە ساڵی ۱۹۴۳دا، شێخ جاسب، یەکێك لە کوڕەکانی شێخ خەزعەل، ڕاپەڕینێکی لە دژی دەوڵەتی ئێران لە خوزستان بەرپا کرد.

لەو ساڵەدا تازە حکومەتی عێراق گرنگیی دابوو بە تووتن و بەرهەمهێنانی. خانەکانی کۆیە زەوی و شوێنیان هەبوو بۆ چاندنی تووتن و خەڵکی بە چاندنی تووتنەوە سەرقاڵ بوون. خەڵکی ناوچەکە زیاتر بە کاسبی و کڕین و فرۆشتنەوە سەرقاڵ بوون. دوای ساڵی ۱۹۴۳، کە حکومەتی کوردستان دەستی پێکرد، حکومەت پارەیەکی زۆری بە تووتن دەدا و دەیکڕی، تاکو خەڵك هان بدات بۆ چاندنی، هەر بۆیە وا بڵاوبووبووەوە کە لە کۆیە پارە دەباڕێت. بەمەش کاسبی لە کۆیە ڕەونقی دابووەوە.

حکومەتی لەندەن نەیدەویست زەمینەی بەدگومانیی ئێران و تورکیا سازبکات، یان بە دەستوەردان لە کاروباری کوردەکانی ئێران، ڕووسیا هەستیار بکات. هێزە سەربازییەکانی ئێرانیش حەزیان لە دەستوەردان نەدەکرد، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی یاخیبوونی کوردەکان. حکومەتی ئێرانیش لەبارەی پشتیوانیی ئینگلیزەوە، لە حکومەتی ناوەندی شاهەنشاهی بەگومان بوو. ئەوان بە باشی ئاشنابوون بە هەست و کەسایەتیی کوردەکان، تاکو ئەوەی هەر جۆرە هەڵسوکەوتێك لەگەڵ ئەوانیان هەبێت و یان ئەوەی باوەڕ بە ئەوان بکەن.[۹۲]

حکومەتی نووری سەعید، شێخ ئەحمەد بارزانیی کرد بە واستە، تا پەیامێك بۆ مستەفای بۆ بێنێرێت بۆ ئەوەی خۆی تەسلیم بە هێزەکانی حکومەت بکات. ئەو لە سەرەتادا ئەم داوایەی قبوڵ نەکرد و بارزانی تێکۆشانی چەکدارانەی خۆی لە باکووری

عێراق درێژه پێدا. له تشرینی یەکەمی ۱۹۴۳دا، حکومەتی عێراق کاروانێکی سەربازیی بچووکی له دژی ئەو ڕەوانەی باکوور کرد و بارزانی له شەڕی ناوچەی دیانە[۹۵] سەرکەوت. بێگومان ئەم سەرکەوتنە جۆرێك له ئیعتیباری ناوچەیی بۆ ئەو هەبوو و ژمارەیەك له کوردەکان چوونە ژێر ئالای ئەوەوە. ئینگلیز کە له دابەشکردنی عێراقدا، ولاتێکی پەیوەست بە بەریتانیا بوو، ترسی لێ نیشت. حکومەتی عێراقیش نەیدەویست لەو کاتەدا جەنگێك له ناوخۆی عێراقدا بوونی هەبێت. له لایەکی تردوە ئەفسەر (ئەدموندز) کە پەیوەندیی لەگەڵ بارزانیدا هەبوو، داوای له بارزانی کرد کە کۆتایی بە جەنگ و چالاکیی چەکدارانەی خۆی بهێنێت و لەگەڵ حکومەتی بەغدا هەڵسوکەوت بکات. بالیۆزی بەریتانیا له بەغدا، بەشێوەی دڵنیایی ئامۆژگاریی نووری سەعیدی[۹۶] سەرۆك وەزیرانی هەواداریی کرد، ئاگای له داوای کوردەکان بێت و پێداچوونەوە بکات و لەگەڵ بارزانی وتووێژ بکات، له ڕێگەی گفتوگۆ و بەشێوەی ئاشتییانە، کێشەی کوردەکان چارەسەر بکات. بەڵام بارزانی گلەیی هەبوو، لەو ڕۆژانەدا عێراق بووبووە بەشێك له هاوپەیمانان، بە جۆرێك له جۆرەکان چالاکیی ئەو بە دژایەتی لەگەڵ هاوپەیمانان لێکدەدرایەوە. له لایەکی ترەوە، بارزانی، بەهۆی بەردەوامیدان بە سەرپێچی و گلەیی، ڕووبەڕووی هەڕەشەی هێرشی ئاسمانی بە فەرماندەیی ئەفسەرێکی سەربازیی ئینگلیز[۹۷] له عێراق، لەو ڕۆژانەدا[۹۸]، بە ناوی ئەنرالّ ڕنتن[۹۹]، دەبێتەوە.

کاتێك بارزانی جەنگی لەگەڵ ناوەندی ژاندرمری عێراق وەستاند، نووری سەعیدیش ئەفسەرێکی کوردی وەك وەزیر بە ناوی (ماجید مستەفا) له کابینەی حکومەتەکەیدا هەڵبژاردبوو، بەڵام ئەو له سەرەتادا داوای له حیزبی هیوا کرد کە سێ کەسی[۱۰۰] بۆ هەڵبژێرن بۆ ئەم پۆستە حوکمییە. له سەرەتاوە بەغدا هەوڵیدا تا بەبێ هیچ جۆرە ڕێکەوتنێکی ڕاستی، بزووتنەوەی چەکداریی کوردەکان بەم نەرمینواندنە ئارام بکاتەوە. دەنگدانەوەی ڕاپەڕینی کوردەکان له ناوچە کوردنشینییەکانی ئێران و سووریا و تورکیا، بووە جێگای شیکردنەوەی ئەمریکا و تورکیا و ئێران و ئینگلیز و ڕووسیا. کوردەکانی سووریا بە هیچ شێوەیەك نەکەوتنە ژێر کاریگەریی ڕاپەڕینەکانی کوردەکانی عێراق کە بەریەکەوتن و پەیوەندیی مەنتیقی له نێوانیاندا نەبوو و له بەرانبەر ئەو له ڕووداوەکانی

ئەناتولی بە قوولی کەوتبووە وروژانەوە. نووری سەعید کابینەی حکومەتی هەڵوەشاندەوە و لە ۲۵ی کانوونی یەکەمی ۱۹۴۳ حکومەتێکی تازەی پێکهێنا. ئەو سێ وەزیری کوردی هەبوو، یەکێکیان ماجید مستەفا[۱۰۱] بوو کە وەک کوردێکی لایەنگری لەندەن لەسەر کورسیی وەزارەت دانیشت. نووری سەعید و ماجید مستەفا سەرکێشییان بۆ کوردستان کرد و لەگەڵ هەندێ لە سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان جگە لە بارزانی، دانیشتن و گفتوگۆیان کرد. بەڵێنیان بە کوردەکان دا کە جۆرێك لە سەربەخۆییان پێ بدەن. نووری سەعید لە گەڕانەوەیدا لە کوردستان، پەیامێکی لەو بارەیەوە پێشکەش بە پەرلەمانی عێراق کرد.

نووری سەعید لە ڕۆژانی سەرکەشی کردن بە کەرکووك، لە وتارێکیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دەبێت پەیوەندی و تێکەڵاوبی دۆستانە لە نێوان کورد و عەرەبدا بەهێزتر بکرێت. ئەمین ڕەواندزیی لە وەڵامی وتارەکەی نووری سەعیددا، دەڵێت، لەبەر هەڵسوکەوتی نادادپەروەرانەی حکومەتی عێراق لەگەڵ کوردەکاندا، تەسەوری دەکات کە زەرەرمەندی ڕووداوەکان بوون. نووری سەعید دەستەیەکی بە سەرۆکایەتیی ماجید مستەفا بۆ وتووێژ لەگەڵ بارزانی و تێگەشتن لەگەڵ بارزانی لەسەر ئەساسی مافەکانی کورد، نارد بۆ ناوچەکە. ئەو شەوە پەیامێك بۆ ڕەفیق حیلمی نێردرا کە بێت بۆ کەرکووك، چونکە ئەفسەرەکانی حیزبی هیوا لەژێر فەرماندەیی ئەودا بوون. وتووێژ لە نێوان حکومەت و کوردەکان، سەرەتا لە لایەن ئەفسەرە کوردەکانی سوپای عێراقەوە ئەنجامدرا.

بارزانی بەپێی ئەو پێشنیارانەی سەرکردەکانی حیزبی هیوا گوێی بۆ حکومەت گرت، کە بۆ بارودۆخی ئاوەدانکردنەوە و کۆمەڵایەتیی کوردستان ڕێگاچارەیەکی عەمەلی بدۆزنەوە. سەرەڕای ئەوە، بارزانی لیتسێکی دوور و درێژی لە داواکاری پێشکەش کرد. لەو لیستەدا هاتووە کە پارێزگایەکی کوردنشینی وەکو کەرکووك، کە خاوەنی نەوتێکی زۆرە، لەژێر چاودێری و ڕابەرایەتیی هەڵبژێردراوی کورددا دروست ببێت، بە شێوەیەك کە ئەم پارێزگایە لە بواری ئابووری و کشتوکاڵی و فەرهەنگییەوە سەربەخۆ بێت. بەرپرسەکانی پارێزگا جگە لە کۆنترۆڵکردنی سوپا و پۆلیس لە کوردستان سەربەخۆیی تەواویان لە ئیدارەکردنی

کاروباری پارێزگا هەبێت. بۆ هەر وەزارەتێك دەبێت جێگرێکی کورد زیاد بکەن. هەروەها لە لیستی داواکارییەکانی بارزانیدا دووپاتکرابووبووەوە کە وەزیری نوێی کاروباری کوردستان لە کابینەی عێراقدا، وەك پردێکی پەیوەندی لە نێوان حکومەت و بەرپرسە نوێکانی پارێزگا کوردییەکەدا، کارەکانی ئەنجام بدات.

لە ۶ی تشرینی دووەمی ۱۹۴۳، سوپای عێراق بە گوللە و هێرشی سەربازی وەلامی داواکارییەکانی دایەوە. لە تشرینی دووەمی ۱۹۴۳دا، حیزبی هیوا لە بەغدا نامەیەکی پشتیوانیی پێشکەش بە بالیۆزی ئەمریکا کرد. هەروەها بارزانی لە ساڵی ۱۹۴۳دا داوایەکی پێشکەش بە بالیۆزی بەریتانیا و نوێنەرەکانی حکومەتی ئەو کاتەی عێراق کرد. لە کۆتایی کانوونی یەکەمی ۱۹۴۳، نووری باویل ئاغا داواکارییەکانی بارزانیی بۆ بەغدا برد. لە ڕۆژی ۷ی کانوونی دووەمی ۱۹۴۴، ماجید مستەفای وەزیری عێراق، بۆ وتووێژکردن لەگەڵ بارزانی و چارەسەرکردنی کێشەکان، جارێکی تر هات بۆ مێرگەسوور. لە ۲۵ی کانوونی دووەمی ۱۹۴۴، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کۆبوونەوەی گرێدا، بڕیار بوو کە ژمارەیەك لە ئەفسەرەکانی کورد، وەك ئەفسەرانی حکومەتی عێراق دیاری بکرێن. لەو چوارچێوەیەدا، ئەمین ڕەواندزی و عیززەت عەبدولعەزیز و عەزیز عەبدوللا، وەك ئەفسەرەکانی پەیوەندی دیاریکران. دواتر ژمارەی ئەو ئەفسەرانە [۱۰۲] زیادکران بۆ ۷ کەس. لەو ڕۆژانەدا و لەبەر مامەڵەی باشی ئەو ئەفسەرانە لەگەڵ حکومەت، شێخ ئەحمەد بارزانیی ڕابەری ڕۆحیی کوردەکانی بارزان، لە زیندان ئازاد کرا.

ئەڵبەتە نووری سەعیدی سەرۆك وەزیرانی عێراق، پێشتر هەوڵی دابوو تا بارزانی لە ڕێگەی شێخ ئەحمەدەوە کە هێشتا لە سلێمانی لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێریدا بوو، ناچار بە تەسلیمبوون بکات. بۆیە ڕێگەیان بە شێخ ئەحمەد دابوو کە لە ناوەڕاستی شووباتی ساڵی ۱۹۴۴ بگەڕێتەوە بۆ بارزان. ڕەنگە بتوانین بڵێین کە یەکێك لە ئەنجامە دیارەکانی ئەم وتووێژانە، چوونەدەرەوەی شێخ ئەحمەد بوو لەژێر چاودێریی حکومەت. شێخ ئەحمەد نامەیەکی بۆ بارزانی نارد، تاکو ئەو بە بێ ئەنجامیی تێکۆشانی چەکداری و بێهودەیی کێشمەکێشی نیزامی، وەك هۆکارێك بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان و

بەدەستهێنانی ئامانجەکانی کورد، رازی بکات. بارزانی لاینەکردەوە بە لای ئەم پەیامەدا. هێرشەکانی بۆ شوێنەکانی عێراق و گەیاندنی زەرەر و زیان بە هێزەکانی عێراق، زیاتر کرد. هێرشی پارتیزانی، کە هەندێ جار دەبووە هۆی هەڵهاتنی سەربازە عێراقییە کوردەکان.

ماجد مستەفا داوای لە بارزانی کرد تاکو شەڕ کۆتایی پێ بهێنێت. لە ۷ی کانوونی دووەمی ۱۹۴۴ بانگهێشتی کرد بۆ بەغدا، بۆ ئەوەی لێکتێگەیشتن نامەیەک ئیمزا بکەن. ئەڵبەتە نووری سەعید رێگەی دا بە هاتنی بارزانی بۆ بەغدا، تاکو لەگەڵ حکومەت گفتوگۆ بکات و ئاشتینامەیەک ئیمزا بکات. ماجید مستەفا وا بیری دەکردەوە کە مەسەلەی بارزانییەکان و هاوکارەکانیان کۆتایی پێ دێت، چونکە بوونی شێخ ئەحمەد و مەلا و ئامادەبوونیان لە ناوچەکەدا، دەبێتە هۆی لێکتێنەگەیشتن و ناکۆکی لە نێوان ئەواندا، چونکە لەبەر مەسەلەی سەرکردایەتیی عەشیرەتی بارزان لەگەڵ ناگەنە ئەنجام، بەڵام دوای ڕاپەڕینی بارزان، حکومەت لە بانگهێشتکردنی ئەو بۆ بەغدا پەشیمان بووەوە و دواتر جێگرەوەکانی نووری سەعید بەدەستقەس کارێکی بەرهەمداریان نەکرد. بارزانی چوو بۆ بەغدا و لەگەڵ هەندێ لە بەرپرسەکانی ئەوکاتە دیداری کرد و داواکارییەکانی خستەڕوو، لەوانەیە: دروستکردنی قوتابخانە لە کوردستان و حکومەتیش بنکە سەربازییەکانی خۆی لە کوردستان فراوان بکات. بارزانی لە بەرانبەر بەڵێنەکانی حکومەت ئارام و تەحەمولی نەبوو و حکومەتیش جگە لە وەعد و بەڵێن دان، کارێکی نەکرد.

عێراق لە بەرانبەر بارزانیدا دوو پێشنیاری خستەڕوو: ڕۆیشتن بۆ ئێران، یان ژیان لەگەڵ هۆزی پشدەری لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی. کۆمەڵێك لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەو ئەم جارە هەردوو پێشنیارەکەی قبوڵ نەکرد، کۆمەڵێکی تر باوەڕیان وایە کە ئەو لە کۆتا جاردا دوای ئەوەی کە لە شێخ ئەحمەد جیابووەوە، دەچێتە ناو خاکی بارزانەوە. بەهۆی پشتیوانیی ئاسمانیی ئینگلیز و تۆندبوونی هێرشی ئاسمانیی عێراق، سەرئەنجام بارزانی ئاگربەسی قبوڵ کرد. پەنای بردە بەر حکومەتی عێراق و داوای لێکرد کە بە دەرکردنی لێبوردنی گشتی، لە کەموکوڕییەکانی ئەو خۆش بێن و ئەویش چەکەکانی خۆی تەسلیم دەکات و لە لای گەورەکانی سوپای عێراق ئامادە دەبێت. بەڵام لە هەردوو شێوازەکەدا،

دەوڵەتی عێراق پێش مەرجەکانی ئەو قبوڵ ناکات و تەسلیمبوونی بێ مەرجی ئەوی دەوێت.[۱۰۳]

کاتێک کە نووری سەعید زانیی ناتوانێت هاوکارێک بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، وازی لە کارەکەی هێنا. لە ۳ی حوزەیرانی ۱۹۴۴، حەمدی پاچەچی[۱۰۴] کابینەی نوێی پێکهێنا. لەو کابینەدا (تۆفیق وەهبی)ی ئەفسەری سەربازیی کورد، بووە وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. حکومەت تۆفیق وەهبیی راسپارد کە وەکو وەزیرێکی حکومەت، بچێتە کوردستان و کوردەکان رازی بکات کەمێک بە نەرمی ڕەفتار بکەن، چونکە بە گومانی حکومەت، ئەوان بەشێوەیەکی توند و جەنجاڵی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستانیان دەخستەڕوو. بەڵام ئەم وەزیرە لە نزیککردنەوەی تێڕوانینی حکومەتی عێراق و کوردستان لە یەکتر، سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا.

بەپێی ئامۆژگاریی حیزبی هیوا، بارزانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لە لایەن هیواوە، چەند نامەیەکی دەربارەی ڕەسمییەت دان بە داواکارییەکانی کوردستان، بۆ دەوڵەتی عێراق و ئینگلیز نارد. حیزبی هیوا، گەرچی ڕابەرایەتیی بارزانی و گرنگیی ئەوی بۆ بزووتنەوەی کورد بە ڕەسمیەتی ناسی، بەڵام سەبارەت بە توکراتیک و بیرکردنەوەی دیکتاتۆرییانەی ئەو، دوودڵ و بەگومان بوو. بۆیە حیزبی هیوا دەیویست بە شێوەیەکی کاتی سوود لە هێزی چەکداریی بارزانی وەربگرێت و ئەو کاتەی کە ئامانج و هیوای سەربەخۆیی، یان خۆبەڕێوەبەری بەدەست هات، ئەو دوورببخەنەوە. لە سەرەتاوە سکرتێری حیزبی هیوا، ڕەفیق حیلمی[۱۰۵]، نامەیەکی بۆ بارزانی نووسی و پشتیوانیی خۆی بۆ ئەو ڕاگەیاند. لە ساڵی ۱۹۴۵ حیزبی هیوا نووسراوێکی بڵاوکردەوە و بارزانیش بە نووری سەعیدی نیشاندابوو. نووری سەعیدیش هات بۆ کەرکووک تاکو لەگەڵ ئەفسەرە کوردەکان گۆبوونەوە بکات. ئەڵبەتە هیوا لەناو ڕووکنی دووەمی سوپا و زۆربەی ئەفسەرە کوردەکاندا نفوزی هەبوو. ئەمین ڕەواندزی، بەرپرسی نیزامی هیوا بوو، لە دانیشتنەکەدا ڕووی دەمی کردە نووری سەعید و وتی "ئەگەر داواکارییەکانی هیوات جێبەجێ کرد، ئەوە خزمەتکاری حکومەتین، وەگەرنا هەرچیتان دەوێت، بیکەین و درێغی مەکەن".[۱۰۶]

هەواڵنامەی کتێب

حکومەت لە سەرەتادا لە کاردانەوەی ئەم وتەیەدا، ڕەواندزیی خانەنشین کرد، بەڵام دوای چەند ڕۆژێك، بەهۆی خۆشەویستیی بۆ خانەوادەی مەلیك فەیسەڵ، بە نێوانگیریی ئەو خانەوادە دووبارە گەڕایەوە بۆ سوپا. لە هەمان کاتدا مەسەلەی چاکسازیی ئیداری لە شارەکانی کوردستان هاتە نێو باس. لەوانە: کردنی فەرمانبەرەکان بە فەرمانبەری کورد، لەجیاتی بنکەی سەربازی قوتابخانە دروستبکرێت. گوندە ڕووخاوەکان نۆژەنبکرێنەوە. دەستپێشخەری بۆ ئاوەدانکردنەوە و چاککردنی ڕێگاکان لە کوردستان بگیرێتە بەر. نووری سەعید بە ئاگاداربوون لە فشارەکانی جیهان و بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە و بارودۆخی ئێران لە کوردستان و ئازەربایجان، داوای لە حکومەت کرد لەبارەی جێبەجێ کردنی هەندێ لەو داواکارییانەوە، کە لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندیی وڵاتن، ئاگادار بێت. بەڵام عەبدولئیلا[١٠٧] ناڕازی بوو. نووری سەعید بەم هۆیەوە وازی هێنا و تەنانەت نووسیی: "ئێران، ئەو وڵاتەی کە دراوسێی ئێمەیە، هەڵبژاردن لە شارەکان و گوندەکان بەڕێوەدەبات و ئەمە کاریگەرییەکی زۆری لە کوردستان هەیە. ئێمە دەبێت پێش چاکسازیی هەموو عێراق، لە کوردستان زووتر چاکسازی بکەین، تا کوردستانی عێراق ڕوویان بەرەو کوردستانی ئێران نەگۆڕن و سیاسەتی ئێران سەرنەکەوێت بەسەر ئێمەدا". بە وەستاندن و پچڕانی وتووێژەکان، جەنگ و شەڕ لە نێوان هەردوو لا دەستی پێکردەوە. لە مارسی ١٩٤٤دا، نووری سەعید سەردانی ناوچە کوردنشینەکانی کرد و لە شارەکانی موسڵ و کەرکووك، لەگەڵ سەرکردەکانی کورد بێجگە لە بارزانی، چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو بەڕێوەچوو. ڕایگەیاند کە هەندێ لە داواکانی کورد قبوڵ دەکات، بەڵام وەزیرە عەرەبەکان لە دەرگای ناڕەزایەتییەوە چوونە ژوورەوە و قبوڵکردنی هەر داوایەکیان بە هۆکاری دروستبوونی داوای تر زانی. لەو کاتەدا بەهادین نووری، فەرمانداری سلێمانی، کە کاری بە سیاسەتی نووری سەعید دەکرد و دواتر بوو بە باڵیۆزی عێراق لە ئێران، بڕیار بوو لەو دیدارانەدا وەك کەسێکی سەربەخۆ و بێ لایەن بەشداری بکات.

دواتر بابەتی چاکسازی لە ناوچە کوردنشینەکان، بووە جێگای مشتومڕێکی بەردەوام لەناو حکومەتی عێراقیدا. لە کاتێکدا نووری سەعید ڕایگەیاند ئامادەی قبوڵکردنی هەندێ لە داواکارییەنی کوردە، ناسیۆنالیستە عەرەبەکانی کابینەکەکەی ئەوەیان ڕەتکردەوە،

چونکه پێیان وابوو که قبوڵکردنی ئەو داواکارییانە، ئیمتیازاتی زیاتری بەدوادا دێت و دروستبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ جێبەجێ دەبێت. بەڵام حکومەت ویستی خۆی بۆ درێژەدان بە وتووێژ لەگەڵ بارزانی، بە مەبەستی دەستخستنی ڕێگاچارەیەک بۆ کێشەی کوردەکان، خستەڕوو. لە کاتی بەڕێوەچوونی وتووێژەکان، حکومەتی عێراق ڕووخا.

لەگەڵ گەیشتنە دەسەڵاتی حەمدی پاچەچی[۱۰۸] وەک سەرۆک وەزیر، ڕازیبوون و ویستی حکومەت بۆ وتووێژکردن لەگەڵ کوردەکان، کۆتایی پێ هات. لەگەڵ وەستان و پچڕانی کۆبوونەوەکان، جەنگ لە نێوان هەردوو لادا دەستی پێکردەوە. پاچەچی، لە حوزەیرانی ۱۹۴۴دا بوو بە سەرۆک وزەیر و ڕووبەڕووی شۆڕشی کوردەکان بووەوە. بارزانی لەوەی کە ڕێکەوتنی ۱۹۴۴ی لەگەڵ نووری سەعید جێبەجێ نەکرا، تووڕە بوو و دەستی کرد بە ڕێکخستنەوەی ڕاپەڕینەکەی باکووری کوردستان. ئەڵبەتە دوای هاتنە سەر کاری حەمدی پاچەچی، سیاسەتەکان لە بەرانبەر کوردەکاندا بە تەواوی گۆڕان و ئەوەندە ڕوویان بە کوردەکان نەدا. کۆمەڵێک لە پەیڕەوانی بارزانی، لەوانە میر حاج و مستەفا خۆشناو، دووبارە گەڕانەوە بۆ کوردستان. هەرچەندە ئەوانە لە ئەفسەرەکانی پێشووی سوپای عێراق بوون، بەڵام حکومەت گومانی خراپی لەوان هەبوو و لە ترسی دەستگیرکردنیان لە لایەن حکومەتەوە، ماوەیەک چوونە دەرەوەی وڵات. پێشتر، مولازم عیززەت عەبدولعەزیز، یەکێکی تر لە چالاوانەکانی کورد، کە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ حیزبی خۆیبووندا[۱۰۹] ڕۆیشتبوو بۆ بەیروت، خێرا گەڕایەوە بۆ بەغدا. هاوکاریی ئەو و چەند کەسێکی تر لە ئەفسەرەکان، ورەیەکی چاکی دا بە حیزبی هیوا. هەمان هۆکار، بووە مایەی وەلاخستنی ناکۆکییەکان لەگەڵ بارزانیدا، تاکو بە هاوکاریی یەکتر لە دژی حکومەتی عێراق چالاکی بکەن.

لە مارسی ۱۹۴۴دا، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک)، موحەممەد ئەمین شەرەفییان نارد بۆ کەرکووک، تاکو دەربارەی ئامانج و بەرنامەکانی ئایندە، لەگەڵ نوێنەرەکانی هیوا، وەک: ئەمین ڕەواندزی، عیززەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، شێخ قادری سلێمانی، سەید عەبدولعەزیز گەیلانی، ڕەفیق حیلمی،[۱۱۰] گفتوگۆ بکات. چەند مانگێک دوای ئەوە، لە

هاوینی ۱۹۴۴، لقی سلێمانیی حیزبی هیواش، عوسمان دانش و ئیسماعیل حەققی شاوەیسیان[۱۱۱] بۆ بەسەرکردنەوە و وەڵامی دیدارەکە، ڕەوانەی مهاباد کرد. بە درێژایی ساڵەکەش، حەمزە عەبدوڵڵا، کە بەناوبانگە بە لاینگیریی بۆ ڕووسیا و تۆفیق وەردی[۱۱۲] لە عێراق و قەدری بەگ[۱۱۳]، نەوەی جەمیل پاشای دیاربەکر[۱۱۴] لە سوریا و قازی مەلا وەهاب[۱۱۵] لە تورکیا، بۆ دیداری ڕابەرانی حیزب، ڕۆیشتن بۆ مهاباد. لە ساڵی ۱۹۴۴دا، بیری ناسیۆنالیزمی کوردی، لە عێراق و ئێران و تەنانەت تورکیاش بڵاوبووبووەوە. لە عێراق حیزبی هیوا و کۆمەڵەکانی کۆمۆنیستی (کە لە نێو ئەوانیشدا کوردەکان بوونیان هەبوو) چالاکییان دەکرد. لە ئێرانیش پەیوەندیی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك) و کۆمەڵەکانی کۆمۆنیستی، زۆر سارد بوو و هیچ هەڵسوکەوت و هاوکارییەك لە نێوانیاندا نەبوو. جۆرێك ئیئتیلافی بێ هێز لەنێوان چەند ڕێکخراوێکی کوردی بە ناوی ڕزگاریی کورد (رزگاری)[۱۱۶] دروست بووبوو، لە سەرەتای ۱۹۴۴ ئەم ئیئتیلافە پەیوەندیی کرد بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك)ەوە، کە زۆرێك لە شێخەکانی هەشیرەتە کوردییەکانی و کەسایەتییەکانی تری لەخۆگرتبوو.

هەولنامەی کتێب

لە مانگی ئایار، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ. ك)، ئالای میللیی کوردستانی بە سێ ڕەنگی سوور و سپی و سەوز، کە نیشانەی خۆری تێدابوو لەگەڵ شاخ و قەڵەم و زەڕات لە تەختەکەیدا نەخشێنرابوو و دواتر و لە دوای دامەزراندنی کۆماری مهاباد، کە ئالای ئێران هێنرایە خوارەوە، لە شوێنی ئالای ئێران کەوتە شەکانەوە و نەخشەیەك دروستبوو کە ناوچەکەی ئەوانی نیشان دەدا، بەڵام نەخشەیەکی ناڕاست و موبالەغەئامێز بوو. بۆ نموونە کوردستانی لە ئالپو[۱۱۷] بۆ دەریای سپیی ناوەڕاست دیاری کردبوو. بۆ درێژەدان بە تێکۆشان، کوردەکان لە پەرچەمە سێ ڕەنگەکەی خۆیاندا، سوودیان لە ڕەنگی سوور وەرگرتبوو، وەك ئاماژە بۆ خوێنی شەهیدان. ئەندامەکان لە بەردەمی نەخشە زێدەڕۆیی تێداکراوەکەی کوردستان و ئالاکەدا، بە قورئان سوێندیان دەخوارد کە بە بنچینەی بهێڵنەوە. ئەڵبەتە مەرجی چوونە ناو ئەم کۆمەڵەیە، بە تەواوی کوردبوون و ئەندامنەبوون بوو لە هەر ڕێکخراوێکی تردا.

لەو ڕۆژانەدا چالاکی و ڕاپەڕینی کوردەکان لە مهاباد هەبوو و جوولانەوەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك) ڕێکخستنی هەبوو. لە ئابی ۱۹۴۴دا، نوێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك)، بڕیاریان دا بۆ فراوانکردنی کۆمەڵەکە، لەگەڵ دەستەکانی نوێنەرایەتیی[۱۱۸] ڕێکخراوەکانی کورد لە ناوچەکانی کوردستانی عێراق و تورکیا، لە چیای دالان پار[۱۱۹] لە عێراق، لە نزیك خانّی سنووریی هەر سێ وڵات و ناوەندی بەیەکگەیشتنی ئێران و عێراق و تورکیا، یەکتری ببینن. ئەوان بۆ هاوکاری بە مەبەستی دروستکردنی کوردستانی گەورە، ڕێکەوتن و پەیمانی سێ سنوور[۱۲۰] یان ۳ مەرزییان ئیمزا کرد. ئەم پەیماننامەیە زیاتر لایەنی ڕەمزی و هێمایی هەبوو و دانی نا بە یەکێتیی گەورەی کوردەکاندا تاکو ئەوەی نەخشەیەکی مونسەجیم و بەرنامەی واقیعی بۆ جێبەجێکردنی ئەم پەیمانە دەبێت. بەڵام بەهەرحاڵ وێنەکێشانی نموونەی چوارچێوەیی و هێڵی جوگرافیایی ئەندێشە و فیکری بە دەرزی لێدان، کە هەندێ لە کورد ناسیۆنالیستەکان بە ئەو وەك سەرزەوی کوردستانی گەورە دەیانڕوانی.

هەوڵنامەی کتێب

لەڕاستیدا کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك) لەگەڵ کوردەکانی تورکیا و عێراق پەیمانی هاوکاری دەبەستن. کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ. ك) لەگەڵ سۆڤێت پەیوەندی دەگرێت و داوای پشتیوانی دەکات. لەگەڵ بوونی ئەم پەیمان و ڕێکەوتن و دیدارەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك)، کۆمەڵێك باوەڕیان وایە کە حیزبی هیوا و کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك)، کەمترین هاوکارییان بە یەکتر نەکردووە، لەبەرئەوەی هیچ یەکێکیان نەیدەویست لە لایەن ئەوی تریانەوە بکرێتە ژێردەستە و سەرکەوێت بەسەریدا. کۆمەڵێکی تر لەسەر ئەو بڕوایەن کە لەسەر خواستی حیزبی هیوا، نوێنەرەکانی هەر چوار بەشی کوردستان لە دالان پار کۆبوونەتەوە. بەهەرحاڵ، هاوکاری لەنێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی کورد و پەیوەندی لەنێوان ئەواندا، هەرگیز جوولانێکی ئەوەندە مونسەجیم و ڕێکی نەبووە.

لەبەرئەوە لەگەڵ ئەنجامی ئەم جوولانە، تورکی نەیتوانی کوردەکانی ناو وڵاتی خۆی بەشێوەیەکی تەواو لە کەنار پێدراوەکاندا و ڕووداوەکانی تری ناوچەی کوردستان لە وڵاتەکانی دراوسێ لە دوور نیگای هەیە و ژمارەیەك لە کوردەکان توانییان لەگەڵ کۆمەڵەی

ژیانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و حیزبی هیوای کوردستانی عێراق، پەیوەندییان هەبێت و لە سنووری تورکیا و ئێراندا توانییان لە کۆنفرانسێکی نهێنیدا بەشداری بکەن. بەڵام بە درێژایی ساڵەکانی جەنگی جیهانیی دووەم، کوردەکانی تورکیا نەیانتوانی هیچ چالاکییەکی چەکدارانە دروستبکەن.

لە ساڵی ۱۹۴۴، ئیبراهیم ئەحمەد لە ئیسماعیل حەقی شاوەیس و ... دەبێستێ کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ.ك) لە کوردستانی ئێران دامەزراوە و نامەیەکیش لە لایەن قازی موحەممەدەوە لە مهابادەوە بۆ ئەو هاتووە. ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ قازی موحەممەد پەیوەندیی نامەگۆڕینەوە دروستدەکات. پاشان بە هاوکاریی ئیبراهیم ئەحمەد، لقێکی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك) لە سلێمانی دروستبوو. ئەڵبەتە ئیسماعیل حەقی شاوەیسیش لە بەڕێوەبردنی لقەکەی کوردستانی باشووری کۆمەڵەدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا. لەو کاتەدا حیزبی هیوا تاکە حیزبی سەرتاسەری سیاسیی کوردستانی عێراق بوو. بەپێی چالاکییە بەردەوامەکانی، ئیبراهیم ئەحمەد لە سەردەمی زیندانەوە لە ساڵی ۱۹۴۹ و ۱۹۵۰، لەگەڵ کۆمۆنیستەکان هاوڕێیەتیی هەبوو. ئەو تێگەیشتنی لەبارەی بیری مارکس و لینین دۆزییەوە و زۆر کەوتە ژێر کاریگەریی کۆمۆنیستە چەپەکانەوە. ئیبراهیم ئەحمەد لقێکی تریشی لە کەرکووك دروستکرد. بەو شێوەیە ئەو وەك بەرپرسی لقی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە عێراق ناسرا و کاروبار و فەرمانی پێویستی لە قازی موحەممەدەوە وەردەگرت. هەرچەندە کە قازی موحەممەد بە هەوڵەکانی ئیبراهیم ئەحمەد خۆشحاڵ بوو، بەڵام گێڕانەوەی نادروست و ناموعتەبەر هەیە کە گوایە هەندێ جار ئیبراهیم ئەحمەد دوور لە چاوی کەسانی تر دەڕۆیشت بۆ مهاباد و قازی موحەممەدی دەبینی، کە موبالەغەیەکی وەها ڕاست و دروست نییە. لە پاڵ ئەم بزووتنەوە سیاسییەدا، عەشایەر و خانەکان هەموویان لە گوندەکانی خۆیان جێگیربوون و خۆیان لە بەڕێوەچوونی ئەم ڕووداوانە بە دوور گرتبوو.[۱۲۲]

لە دیدگای بارزانییەوە، ئێتر حیزبی هیوا، زیاتر حیزبێکی ناواقیعی و خەیاڵی بوو، بارزانی بە گومانی خۆی، زیاتر باوەڕی بە حیزبی کرداری و واقیعی هەبوو. لەڕاستیدا

بارزانی دواتر به هاوکاریی حیزبی هیوا هەڵهات بۆ کوردستانی ئێران و خۆی بە ئەندامی حیزبی هیوا زانیوە، بە پشتبەستن بەو چەند نامەیەی لە نێوان ئەو و پەفیق حیلمیدا گۆڕدراونەتەوە. تەنانەت سالّی ۱۹۴۵ داوای لە پەفیق حیلمی کردووە لە شارەکان خۆپیشاندان بکەن و ڕێگاکانی نێوان شارەکان دابخەن، هەروەها هەندێ لە بۆرییەکانی نەوتیش بتەقێننەوە. حیزبی هیوا لە خستنەگەڕی ئەم بەرنامەیەدا بێدەسەلّات بوو، چونکە توانای جێبەجێکردنی ئەم کارەی نەبوو. لە ناوچەی کفری خەلّکی عەشایەر داوایان کرد کۆبوونەوەیەک بکەن، تاکو بەرەیەک دروست ببێت و فشار لەسەر بارزانی کەم ببێتەوە. دیارە حکومەت هەندێ لە هێزەکانی بۆ کۆنترۆلکردنی بارزانی دانابوو. سۆڤێت بە ڕووکەش لەسەر مەسەلەی کوردستان هەستیار بوو، لە سەردەمی ئیحسان نووری پاشا تێڕوانینی تایبەتیان لەسەر مەسەلەی کوردەکان هەبوو. ئیحسان نووری پاشا دوای گەڕانەوەی لە ڕووسیا لە سالّی ۱۹۴۴، لە لایەن ئێرانەوە قۆڵبەست کرا و دواتر خۆی وتی کە بەڕێوەبەری گشتیی سیاسی وەزارەتی وڵات سیخوڕی دوو لایەنەی سۆڤێت و ئینگلیز بووە، چونکە هیچ کەس لە بەڕێوەچوونی سەفەرەکەی ئەو بۆ ڕووسیا ئاگادار نەبووە. ڕێک لەو کاتەی کە کۆنفرانسی تاران لە کاتی بەڕێوەچوونیدا بوو، ئەو لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دەستگیر کرا و بەند کرا، سۆڤێتییەکان دەستیان وەردا و سەرەنجام بە گرەنتیی برزو کەلهوڕ لە زیندان ئازاد کرا.

هەوالنامەی کێبڕکێ

لە سالّی ۱۹۴۴، سۆڤێت چالاکیی بانگەشەی فەرهەنگیی بەرفراوانی لە کوردستان دەستپێکرد، کە بوو بە هۆی پێکهێنانی ئەنجومەنی فەرهەنگیی کوردستان و سۆڤێت لە شاری مهاباد. بەرپرسەکانی سۆڤێت بە پێویستیان زانی ڕابەرێکی ڕۆحانی یان ناوچەیی لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) بوونی هەبێت، بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی سەرکردەی هۆزەکان و خەلکی. بەم بۆنەیەوە ئامۆژگاریی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک)یان کرد کە کەسایەتیی قازی موحەممەد بانگهێشت بکەن بۆ بەئەندامبوون لە حیزبەکەدا. بەپێی ئامۆژگاریی ڕووسیا، قازی موحەممەد پەیوەندیی کرد بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک)ەوە. بە هاتنی قازی موحەممەد، ئەو توانایە بۆ سۆڤێت فەراهەم بوو، کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک)، لەسەر هێڵی سیاسەتی جێگەی لەبەرچاوگیرانی خۆی ببات بەڕێوە.

قازی موحەممەد لە ماوەی سەفەری بۆ سۆڤێت، توانی باقرۆف ببینێت و بۆ دروستکردنی حیزبێکی سیاسی کەوتە گفتوگۆ لەگەڵیدا. لە کوردستان وا بەناوبانگە کە داوای لەو کردووە بۆ بەدەستهێنانی خۆبەڕێوەبەریی کوردستان یارمەتیی بدات. هەرچەندە باقرۆف جۆرێك لە ناسیۆنالیزمی دروێینەی زەقدەکردەوە، بەڵام بەپێی بەڵگەکان، باقرۆف بەڵێنی هاوکاری و پشتیوانی لە ڕووی سیاسی، نیزامی، ئابووری و فێرکارییەوە بە قازی موحەممەد دەدات.

لە ١٤ی حوزەیرانی ١٩٤٤، ئەحمەد یەعقوبێف، ڕاوێژکاری باڵیۆزی سۆڤێت، بە پەلە دەچێت بۆ ماکۆ، تا لە مەسەلەی هێرشکردنی کوردەکان بۆ گوندەکانی ئازەربایجان، خوی، ماکۆ، شاپوور و شەرەفخان بکۆڵێتەوە. لە ٢٨ی حوزەیران حەسەنێفیش دەچێت بۆ ورمێ. هەواڵەکان وا بڵاودەبنەوە کە دەوڵەتی ئێران لەو هێرشانەدا دەستی هەبووە. نامەیەك ئاشکرا کرا کە ژەنەراڵ جاویدی فەرماندەی لەشکری سێ بۆ سەرۆکی ناوەندی سوپای ئێرانی ناردبوو. ئەو نامەیە لەلایەن لێپرسراوانی خزمەتە تایبەتەکانەوە بۆ باقرۆف نێردراوە. لەو نامەیەدا ژەنەراڵ جاویدی نووسیبووی: "باشترین هەنگاو لە ئێستادا دۆزینەوەی ڕێگرییەکە بۆ یەکێتیی کوردەکان". لەم مەسەلەیەدا هێزە سەربازییەکانی سۆڤێت و دیبلۆماتەکانی بێ کەموکووڕی نین. لە ٤ی حوزەیران، یەعقوبێف لە ماکۆوە هەواڵ دەدا بە باقرۆف "تاکو ئێستا ئەندامانی کونسولگەری و هێزەکانی سەربازی لەبارەی کوردەکانەوە هیچ کارێکیان نەکردووە و فەرمانەکانی مولوتف جێبەجێ نەکراون. لەسەر ئەم بنچینەیە، تۆمەتی پەلاماردان و کوشتن لە لایەن کوردەکانەوە ڕووبەڕووی سۆڤێت کراوەتەوە. باڵیۆزی ڕووسیا کە ماوەیەکی زۆرە لە ئێران کار دەکات، بۆ قبوڵنەکردنی هەڵەکانی خۆی لە ڕابردوودا، لە ڕێوشوێنی پێویست خۆی بەدوور دەگرێت". یەعقوبێف هەواڵە پەیوەست بە کوردەکانی نارد بۆ کۆمیسیاری کاروباری دەرەوەی سۆڤێت. دوای ئەوە، ئەسمیرنۆفی باڵیۆزی سۆڤێت لە تاران، خێرا لابرا و م. ماکسیمێف لەجیاتی ئەو دانرا.

لە سەرەتای تەموزدا، حەسەنۆف، کونسوڵی یارمەتیدەری سۆڤێت لە تەبرێز، بەهۆی ئاشانیی لەگەڵ بارودۆخی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ڕاپۆرتێکی وردی بۆ مولوتف، باڵیۆزی

سۆڤێت و باقرۆف ئامادەکرد. ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە ڕاپۆرتە نێردراوەکە بۆ باقرۆف، لە ڕووی مەتنەوە لەگەڵ ڕاپۆرتەکانی تردا جیاوازیی هەیە. ئەو لەوبارەیەوە، لە [11]ی حوزەیران، لە نامەیەکی زۆر نهێنیدا بۆ باقرۆڤ نووسیوە "ئەو ڕاپۆرتەی کە بۆ (مولوتف)م ناردووە، بارودۆخی پێشووی کوردەکان لە ناوچە کوردنشینەکان و بارودۆخی گشتیی ئەوان و پەیوەندییان لەگەڵ ئازەربایجانییەکان ڕوونەدەکاتەوە. هەوڵەکانی سۆڤێت هۆکاری ناڕازیبوونی ئینگلیزەکان و تورکەکانی فەراهەم کردووە. زانیارییەک لەبارەی وتوێژەکانی نێوان سەرکردەکانی کورد و لێپرسراوەکانی ئینگلیزەوە گەیشتووە، کە تێیدا کەینوبەینەکانی ئینگلیز لەگەڵ ئێران، لەبارەی کوشتن و تالانکردنی کودەکانەوە دەبینرێت. سنوورشکاندنەکانی کوردەکان لە بەرانبەر چاوی دکتۆر مەرزبان، قائیمقامی ڕەزاییە، دروست بووە. لە [7]ی حوزەیران، خەڵک لە دژی مەرزبان خۆپیشاندانیان کرد و ئەویان فەلاقە کرد. مولازم ئەفشاری سەرۆکی ژاندارمری و تەیموری سەرۆکی ژاندارمری خووی، کاتی دابەشکردنی ئەو ئازەڵانەی کە کوردەکان بردبوویان، پشکی زیاتریان لە فەرماندەیی سوپای سوور داوا دەکرد. بەرپرسانی ئێران بەم فێڵانە دەیانەوێت ژمارەی هێزەکانی خۆیان لە ئازەربایجان زیاد بکەن و پێ لە گەشەی ویست خەڵکی بەرەو سۆڤێت، بگرن. لەبارەی بارودۆخی واقیعیی ئازەربایجان و ناڕازیبوونی خەڵکی لە دەوڵەتی ئێران و ئومێدەواربوونی ئەوان بە ئازەربایجانی سۆڤێتەوە، دەبێت بڵێم کە خەڵکی لە گوندەکان لەناودەچن، چونکە لە گوندەکان بەدبەختی دەسەڵاتدارە. جلوبەرگی لادێیەکان ئەوەندە پینەی پێوەیە کە نازانرێت لە ئەسڵدا جلوبەرگەکە لە کام قوماش بووە. دەتوانم بڵێم هەموو ڕووت و پێ پەتین. زۆربەی مردووەکان بەبێ کفن، دفن دەکەن. بەرجەستەکردنی بارودۆخێکی قەیراناویی تر لە بارودۆخی گوندەکانی ئازەربایجان ناکرێت، زۆرێک دەپرسن ئەم مەینەتی و ئازارە ناڕەحەتە کەی کۆتایی دێت؟ لە بەشەکانی ڕۆژئاوا، خەڵکی بە ئاشکرا دەیانوت ئێمە خەریکە لەناودەچین و تێدادەچین، وەرن و ئێمە بخەنە ژێر پشتیوانیی خۆتانەوە. لەبارەی چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرکردەی کوردەکان، هەندێ لەوان وەک: قوتاز بەگ، ڕەشید بەگ، نووری بەگ، زرو بەگ، خۆیان باقرۆف دەناسن و دەڵێن کە باقرۆف بەڵێنی بە ئەوان داوە مەسەلەی کوردەکان دوای جەنگ چارەسەر بکات. کوردەکان تەنها متمانەیان بەو هەیە. ئەوان دەڵێن: ئێمە لە ئێوەین. ئێمە لە خۆیان جیاناکەنەوە.

ئەگەر بە قسەکانی ئێمە ناڕازین، بە کردەوە تاقییبکەنەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە هێرشی سۆڤێتدا، تەنها کوردەکان قازانجیان کرد. لە سەردەمی ڕەزاشادا، سەرکردە یاخییەکان و هۆزەکانی کورد، بۆ باشوور یان شوێنێکی تری ئێران، دوورخرابوونەوە. لە ساڵی ۱۹۴۱، کوردە زیندانیکراو و دوورخراوەکان، گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان. لەبارەی پیلانەکانی خەلیل کودەتای ئازەر و کونسوڵگەریی ئینگلیزیشەوە، دەبێت گرنگیی بەهێزکردنی چاپەمەنییەکانی لایەنگری سۆڤێت باس بکرێت و بۆ دیدار لەگەڵ باقرۆف خۆی داوای کرد".

بە لەبەرچاوگرتنی ڕاپۆرتەکەی باقرۆف، دەبێت بڵێین بانگەشەکانی هۆکارەکانی ئینگلیز و ڕێکخراوە ئێرانییەکان و دەوڵەتییەکان، بە زۆر بڵاوبووبوونەوە و شوێن پێی ئینگلیزەکان لەنێو کوردەکان و کەنار خەزەر نەدەبینرا. لە ئەنجامی هێرشی کوردەکان لە نیسانی ۱۹۴۴دا بۆ گوندەکانی میلانڵی، تازە کەند، قزل سولی، قەرە ئاغاج، درە کەند و... هتد، ئەم ناوچانە زۆر خەسارەتیان بینی، سێ کەس کوژران و دوو کرکوک کوژران و ۶۰۰۰ سەر مەڕ و ۷۰۰ سەر مانگا بە تاڵان بران. لە نامەیەکدا باقرۆف بۆ ستالینی نووسیوە "ماوەیەکی زۆرە کە سەرباری بوونی هێزەکانی ئێمە، کوردەکان، ئازەربایجانییەکان تاڵان دەکەن و فەرماندەیی ئێمە جگە لە وەبیرهێنانەوە، هیچ شتێکی تر ناکات". ڕۆژنامەی دەماوەندیش نووسیویەتی: "ڕەگ و ڕیشەی بابەتەکانی ڕابوردووی ئەرمەنەکان، ئاشوورییەکان و کوردەکانیش، دەبێت لە بابەتی نەوتدا بۆی بگەڕێین. ئەگەر کۆمپانیاکانی نەوت نەیاندەجووڵاند، بێگومان تورکەکانی ئازەربایجان داواکارییەکیان نەدەخستەڕوو".

ئوول، کونسوڵی بەریتانیا، لە گفتوگۆیەکدا ڕایگەیاند: ڕووسییەکان سەرکردەکانی تیرەکانی کورد دەنێرن بۆ باکۆ. لە هاوینی ۱۹۴۴، پەیوەندیی سۆڤێت لەگەڵ کوردەکانیش ڕووی لە گۆڕان کردبوو. کونسوڵگەر ماکو لە ۲۱ی تشرینی دووەم، لە کۆمیسیاری کاروباری دەرەوە ڕادەگەیەنێت "کوردەکان وەک بەرنامەکەی ئێمە کاریان نەکردووە و زۆربەیان سەرقاڵی چەتەیین و لە چالاکیی باندێکدا بەشداری دەکەن. ئەوان

لەناو خەڵك و نزیکەکانی دەوڵەتدا، هیچ کاریگەرییەکی سیاسییان نییە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە بە هیچ شێوەیەك ناتوانین بە هاوکاریی کوردەکان سەرکەوتوو بین، هەرچەندە حیساباتمان لەسەر خەڵکی ناوچەکە دەکرد".

قازی موحەممەد دوای گەڕانەوەی لە سۆڤێت، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك) سەرنجی ئەوانی بۆ دروستکردنی حیزبێکی سیاسی بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕاکێشا. لە ۱۹۴۴دا پێشبینیی (سێر بولارد) دەربارەی گۆڕانی سیاسەتی ڕووسیا، دێتەدی. لەڕاستیدا سیاسەتی ڕووسیا بەرەو پشتیوانیکردن لە حکومەتی ئێران لە دژی کوردەکان، ڕووی وەرگێڕا، چونکە نەوتی زۆرتریان بۆ گرنگتر و چاکتر بوو. لە ئەیلوولی ۱۹۴۴دا، لەگەڵ قەوامولسەڵتەنەی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتەی ئێرانیش، بابەتەکەیان خستەڕوو، بەڵام ئەوان خۆیان لە بەرانبەر گرفتێکدا بینی کە شیاوی پێشبینێ نۆ کردن نەبوو، ئەویش لە چەك دامالێنی هۆزە کوردەکان بوو. لە ڕاپۆرتێکدا دەنووسێت "کەنێو هۆزە کوردەکاندا جۆرێك لە دڵنێشان کە وەسف ناکرێت، لە دژی ئەفسەرە فارسەکان دروستبوو، بەڵام سیاسەتی ئینگلیزەکانیش بەردەوامیی هەمان سیاسەتی دەستوەرنەدان[۱۲۳] بوو".

بارزانی لە ۱۲ی شووباتی ۱۹۴۵، حیزبی ئازادی، یاخود ڕزگاریی دروستکرد. زۆربەی ئەفسەرە کوردەکان بە ناوی تیرەوە جگە لە هۆزەکەیان وەردەگیران. بە زوویی بارزانییەکان ناوبانگیان دەرکرد و دەستیان گرت بەسەر ڕەوەندی بانگەشەکانی ناسیۆنالیستی کوردیدا. سەرئەنجام بارزانی سەلماندی کە لە حیزبی هیوا خۆڕاگرترە. کۆمەڵەی ئازادی، لە بارزان و لە لایەن کۆمەڵێکی بچووکی بورژوازیی میللی گەراوە کە وەفاداریان بۆ بارزانی گومانی لێ نەدەکرا، دروستکرا. بەڵام بەشی سەرەکیی ڕابەری کۆمەڵەی ئازادی، بەردەوام بە بێ عەشیرەتی مابووەوە و لە قۆناغی یەکەمدا لە کوردە شارنشینەکان و ئەفسەرە بە ڕەچەڵەك کوردەکان لە سوپای عێراقدا، پێکهاتبوو. لەگەڵ بوونی جیاوازیی ئایدۆلۆژی لە نێوان حیزبی هیوا و ئازادی، ئەم دوو حیزبە بەشێوەیەکی هەماهەنگ و ڕێکخراو، بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجی خۆبەڕێوەبەریی کوردەکان کاریان

دەکرد. لە ئێران، لە ١٥ی شووباتی ١٩٤٥، خەڵکی مهاباد، بە هۆی ناڕەزایەتیدەربڕینیان لە هاوکاری و چاودێریی حکومەت، دەستیان بەسەر بەڕێوەبەرێتیی دارایی و بنکەی پۆلیسی شاری مهابادا گرت و هەموو ئەرشیفەکەیان هێنایە دەرەوە.

کۆمیتەی ئازادی، لە ٢٣ی شووباتی ١٩٤٥، چالاکیی خۆی دەستپێکرد و لە نامەیەکدا بۆ حیزبی هیوا، پەیامی خۆی بەشێوەیەکی هۆشیارانە ڕاگەیاند، کە ئامانجی سەرەکیی بەدەستهێنانی خۆبەڕێوەبەری بۆ کوردەکانی عێراقە، لەگەڵ پەیڕەوی کردن لە سیاسەتی حکومەتی ناوەند. بەم شێوەیە حیزبی هیوا و کۆمیتەی ئازادی ئامانجی هاوبەشیان دۆزییەوە، بەڵام هێشتا جیاوازیی بیر و باوەڕ بوونی هەبوو لە نێوانیاندا. حیزبی هیوا خوازیاربوو ناوەندی ڕابەرایەتییەکەی لە بەغداوە بگوازێتەوە بۆ بارزان، بەڵام بارزانی ناڕازی بوو کە چەند ڕۆشنبیرێکی لەکۆڵ نەبووەوە لە پاڵیدا بێت. بۆیە داوای لێکردن کە لە بەغدا بمێننەوە و پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ حیزبەکانی تردا بپارێزن، تاکو بە سەربەخۆیی و بەبێ چاودێری، لەسەر کارەکەی خۆی بەردەوام بێت.

هەوالنامەی کێتێب

لە ١ی ئازاردا، حیزبی هیوا بارزانیی ئاگادارکردەوە کە حکومەتی عێراق تیپی چواری زرێپۆشی لەگەڵ هاوکاریی هێزە سەربازییەکانی تر، خستووەتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە، تاکو لە ڕۆژی ٥ی ئازاردا ناوچەی بارزان بکەنە ئامانجی هێرشەکانیان. بارزانی بە بیستنی ئەم هەواڵە، هێزەکانی خۆی بەسەر سێ کۆمەڵەدا دابەش کرد. ئەڵبەتە حیزبی هیوا لە ١٩٤٥دا بەش بەش بوو و ژمارەیەکی زۆریان جیابوونەوە، چونکە هیوا نەیتوانی پشتیوانیی تەواوی لە بزووتنەوەی کوردستان هەبێت و زەرق و برقیشی نەما. جۆرێک لە دواکەوتوویی لە بارودۆخی سیاسیی کوردستاندا بوونی هەبوو، هەرچەندە بەشێوەیەکی گشتی، عێراق جۆرێک لە ئازادیی ڕێژەیی تێدا هەبوو.[١٢٤] لە ماوەی جەنگی جیهانیی دووەمدا، دەوڵەتی عێراق ئازادییەکی ڕێژەیی بە زۆرێک لە حیزبەکان و خەڵک دابوو. بە ئاشکرا و سەربەخۆیی[١٢٥] کەسانی وەک: موحەممەد مەهدی کوبە[١٢٦] فایەق سامەڕایی[١٢٧] صدیق شنشەل[١٢٨] و... هتد و حیزبەکانی وەک: حیزبی گەل و حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی[١٢٩] و حیزبی یەکێتیی نیشتمانی و... هتد، چالاکییان هەبوو. حکومەت تەنیا

ڕێگەی بە حیزبی ئازادیی نیشتمانی نەدا و نیوە ئازاد بوو، هەروەها حیزبی کۆمۆنیستیش نهێنی بوو، چونکە حکومەت لەگەڵ چالاکیی ئازادی ئەوان دژ بوو. تەنانەت (فەهد) وەک دامەزرێنەری حیزبی کۆمۆنیست، لە ڕاگەیەندراوێکدا وتی: کوردەکان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانیان هەیە. بەڵام دوای دامەزراندنی حیزبی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، لە ڕۆژنامەکانی (القاعدة) و (ئازادی)دا ڕاگەی گۆڕی.

لە ئازاری ۱۹۴۵دا، حیزبی هیوا یاداشتێکی بۆ باڵیۆزی ئەمریکا، لوی هەندرسۆن، نارد، داوای پشتیوانیی ئەمریکای لە دامەزراندنی حکومەتی خۆبەڕێوەبەریی کورد کرد، تاکو ئەوانیش لە چاکسازییە بەڵێن پێدراوەکانی نووری سەعید بەرگری بکەن و دژایەتیی خۆیان بۆ چالاکییە سەربازییەکانی بەریتانیا لە هاوکاری لەگەڵ سەربازەکانی عێراق لە دژی کوردەکان، ڕابگەیەنن. نوسخەیەک لەم یاداشتەش بۆ باڵیۆزخانەی چین، فەرەنسا و ڕووسیا نێردرا. دوای گەیشتنە دەسەلاتی بارزانی، حیزبی هیوا کەوتە بەر سێبەر و بە لەدەستدانی سەربازەکانی، هێزی کەمبووەوە و لە پرشنگدانەوە کەوت. دواتر لەسەر پاشماوەکانی ئەو، حیزبەکانی ڕزگاری لەسەر هێڵی فیکری نەتەوەیی کورد و حیزبی شۆڕش لەگەڵ بیری کۆمۆنیستی، دروستبوون. دەتوانم بڵێم لە ساڵەکانی ۱۹۳۹_ ۱۹۴۵، لە بەڕێوەبردنی جەژنەکانی نەورۆز لە کوردستان، بەتایبەت ناوچەی هەولێر، جۆرێک لە گۆڕانکاری ڕووپدا، کە بە زۆری حیزبە سیاسییەکان دەستیان لە بەڕێوەبردنیدا هەبوو. لەوانەیە نەورۆزی ئازاری ۱۹۴۵، یەکەمین جەژنی نەورۆز بووبێت کە لە سەرانسەری کوردستاندا بەشێوەی ئاشکرا ئاهەنگ ئەنجامدرابێت، چونکە لەو ڕۆژانەدا حاڵەتێکی نیمچەدیموکراسی و ئازادی بەرقەرار بوو. لە ئاهەنگی نەورۆزدا ئەم گۆڕانکارییە هەستپێکراوتر بوو و خەڵکێکی زۆرتر، لەچاو ساڵەکانی پێشوودا، بەشداریان کرد.

لە وتەکانی ئاهەنگەکاندا، جەماڵ حەیدەری، ڕەخنەی تووندی لە دژی حکومەتی بەریتانیا و حکومەتی پاشایەتیی عێراق، لە بەرپرسانی کورد گرت. ئەڵبەتە لە هەمان ڕۆژدا چوار جۆر بزووتنەوەی سەربەخۆی کوردی چالاکییان هەبوو: [1] ـ حیزبی هیوا: کە چەند لقێکی لە شارەکانی کوردستان هەبوو، هەواداری ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی بوو. ئۆرگانی

ئەم حیزبە، واتە ڕۆژنامەی ئازادی [۱۳۰]، بەشێوەیەکی ئاشکرا بەرگریی لە کۆمۆنیست دەکرد و دژایەتیی کۆنەپەرستی و فیودالیزم و ئیمپریالیزمی دەکرد. ئەڵبەتە ئەوەندە بە بەرنامەی حیزبەکەی خۆی وەفادار نەبوو و لەوانەیە هیوا دەرکی ڕاستی لە تێکۆشانی ئەو ڕۆژانە نەبووبێت و لە لایەکی ترەوە بارزانیی بە ڕابەری شۆڕشی کورد دەناساند، بەڵام گومان و دوودڵییان لە ڕەفتارە سەربەخۆکانی و دیندارییەکەی هەبوو. تەنها دەیانویست تاکو گەیشتن بە ئامانج، کە خۆبەڕێوەبەریی کوردەکان بوو، سوود لە بوونی بارزانی وەربگرن. ۲ـ کۆمیتەی ئازادی [۱۳۱]: لە ناوچەی بارزان بوو و خودی بارزانی سەرپەرشتیی دەکرد. چەند سەرۆک عەشیرەتێکی تریش [۱۳۲] لەناو ئەو حیزبەدا بوونیان هەبوو. ئەم بزووتنەوەیە لە لایەن حیزبی هیواوە دامەزرا. ۳ـ کۆمەڵە. ۴ـ حیزبی خۆیبوون: بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیی کورد بوو، کە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم چووە ناو بواری سیاسەتەوە. ستراتیژی ماوەدرێژی، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی گەورە و بەهێزکردنی ڕۆحیەتی نەتەوەیی لە ناوچەکەدا بوو. هەرچەندە ئەم حیزبە بەشێوەیەکی مەعنەوی پشتیوان و پارێزەری ئەو سێ کۆمەڵەیەی تر بوو، بەڵام ئەوان ئەوەندە حیزبی خۆیبوونیان لا پەسەند نەبوو. [۱۳۳]

هەولێر بۆ کتێب

ساڵی ۱۹۴۵، بارزانی لە پەیامێکدا بۆ خەڵک، وتی: "من شەڕم لە دژی عەرەب و فارس و تورک نییە، هەموویان برای منن، شەڕم لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەیە کە دوژمنن و ستەم لە ئێمە دەکەن". لە ۱۹۴۵ و لە کاتی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، شاندێکی کورد بە نامە و یاداشت و نەخشەیەک کە ئیدیعاکانی میللی کوردان دانراوە بۆ دروستکردنی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ لەناو ئەودا دیاری کرابوو، داوایەکی پێشکەش کرد.

بە ڕاگەیاندنی ئەوەی "لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ناتوانرێت ئاشتی دابین بکرێت". لەوانەیە ڕستەیەکی بێ هوودە نەبێت کە لەو بەڵگەیەدا تۆمار کراوە. هەمان ڕستە کە دواتر و وەکوو خۆی، لەسەر زمانی عەبدولڕەحمان قاسملووەوە، لە ڕۆژی تیرۆرەکەیدا، ۱۳ی حوزەیرانی ۱۹۸۹، دووبارەدەبێتەوە [۱۳۴]. لە

تۆماری کاسێتێکی بەجێماودا، ئەم ڕستەیە هەیە و دەنگی گوللەش دێت دوای ئەوە. ڕووداوی بنکەی پۆلیسی نزیک بارزان، لە نیسانی ۱۹۴۵، ناوچەی بارزانی خستە ناڕامییەوە، چونکە لە ۱۰ی ئابدا، لە کاتێکدا پۆلیسی عێراق دەیویست چەند بارزانییەک چەک بکات، بارزانی هێرشی کردە سەر بنکەیەکی پۆلیس و دەستی بەسەرداگرت. عێراق دوو کاروانی سەربازیی بۆ بارزان و برادۆست لە ڕۆژهەڵاتی بارزانەوە، نارد. بارزانی هێرشی ڕووبەڕووی دەستپێکرد و کاروانی سێیەمی حکومەتیش ڕووی کردە ناوچەی زێباری، کە کەوتبووە باشووری بارزانەوە. جەنگێکی سەختی دوو ڕۆژی ڕوویدا و هێزەکانی ئاسمانیی عێراق، بە هاوکاریی هێزی نیزامیی بەریتانیا[۱۳۵]، توانییان جارێکی تر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانی ئازاد بکەن. گوندەکانی بارزان تۆپبارانی کران و حکومەتی تورکیا نزیکتربووەوە لە سنووری باکووری عێراق.

حکومەتی عێراق لە ئەیلوولی ۱۹۴۵دا، داوای هاوکاریی لە هۆزەکانی تری کورد بۆ شەڕ دژی بارزانی کرد. لەبەرئەوە بارزانی لە باشوور و ڕۆژهەڵات و لە باکوور تورکیا هەستی بە هەڕەشە دەکرد و خۆی لە تەڵەدا دەبینی. پێشڕەوەی کات لەدەست بدات، هەوڵی دا تاکو هێڵی بەرەکە بشکێنێت و لە سەرەتای تشرینی یەکەمدا ڕابکات بۆ ئێران و ڕێگای مهاباد بگرێتەبەر. لەڕاستیدا حەمدی پاچەچی[۱۳۶]، کە پۆستەکەی نووری سەعیدی وەرگرتبوو، بەپێی کاریگەریی ئینگلیز بڕیاری دا کە بارزانی لەسەر نەخشەی سیاسیی کوردستان بسڕێتەوە.[۱۳۷]

ڕۆژی ۸ی ئایاری ۱۹۴۵، لەگەڵ تەسلیمبوونی بێ مەرجی سوپای ئەڵمانیای نازی، جەنگی جیهانیی دووەم کۆتایی هات. لە کاتێکدا کە ۹۰ ڕۆژ بەسەر خۆکوشتنی هیتلەردا تێدەپەڕی. ۱۴ی ئاب، لە هەموو بەرەکاندا کۆتایی شەڕ بوو. ڕۆژی ۲ی ئەیلوولی ۱۹۴۵، ژاپۆنیش بە هۆی هێرش کردنە سەری بە دوو بۆمبی ئەتۆمی، تەسلیم بوو. دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیی دووەم، بۆنەکانی ستراتیژی ناوچەی کەنداوی فارس جارێکی تر گۆڕا. لەو ڕووەوە کە ئەم ناوچەیە لە نزیکی یەکێتی سۆفێتەوە بوو، زیاد لە ئەندازە، لە ناوەندی هاوکێشە ستراتیژییەکانی نێودەوڵەتیدا بوو. بەدرێژایی جەنگی جیهانیی دووەم، لە

ڕووی شوێنەوە، هاوپەیمانانی جەنگ بە تەواوی ناوچەکانی پەراوێزی ولاتانی گەورەی کەندەاوی فارس، واتە ئێران و عێراقیان لەبەرچاو گرتبوو. کە جەنگی جیهانیی دووەم کۆتایی هات، ڕۆژی ۸ی ئایاری ۱۸۴۵، بزووتنەوەی ئەڵمانیا بێ مەرج تەسلیمی سۆفێت و پاشان هاوپەیمانان بوو. "ڕۆژی ۹ی ئایار ۱۹۴۵، ئاهەنگی گەورەی سەرکەوتن لە هەموو جیهان بەڕێوەچوو. ڕۆژێك بوو کە کاریگەریی زۆری لەسەر بارودۆخی کوردەکانیش دانا و جۆرێك لە جوواڵانەوە و ڕاپەڕین دروستبوون. ئازادیی ڕەها هەبوو. هەموو ڕۆژێك بە بیانوویەك خۆپیشاندان دەکرا و دروشمەکانیان دەربارەی گۆڕانی هەموو شتێك بوو. ڕۆژی کۆتایی هاتنی جەنگ، وابزانم هەموو جیهان لە جەژن و شادی و خۆشیدا بوو و ڕاگەیەندرا کە بەرلین داگیرکرا".

لە شاری کۆیەیش، دەهۆڵ و زورنا لێدرا، تا خەڵکی لە یاریگای تۆپی پێ کۆببنەوە. هەموو بە هەڵپەڕکێ و شادی و گۆرانی وتن و چەپڵە لێدانەوە سەرقاڵ بوون، کە وەك فێستیڤاڵێك وابوو. یەکێك لە مامۆستا گەنجەکان کە تازە پەیمانگای تەواوکردبوو، لەبارەی "سەرکەوتنی خەڵکی دونیا بەسەر فاشییەتدا، سەرکەوتنی حیزبی کرێکارانی بەریتانیا لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و ڕاگەیەنراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی شەڕ... هتد"ەوە قسەی کرد. قسەکانی حەماسی و جوان بوون و بۆ هەموو خەڵك جۆرێك لە دڵخۆشی و شادیی تێدا بوو. لەناو هەراوهوریای خەڵکدا، بە ئاشکرا و بە نهێنی هەموو شتێك باس دەکرا. باسی شکانی هێزەکانی فاشیزم و باسی ڕاپەڕینی بارزانییەکان کە بە تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافی کورد ناویان دەبرد، هەروەها باسی ئەوەی کە شای عێراق بە هاوکاریی بەریتانیا لە دژی ئەوان شەڕ دەکات و دادگای سەربازیی بۆ ترساندن و دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ لەناو خەڵکی کوردستاندا پێکهێناوە و ئەوانەی کە دەستگیر دەکرێن دەبرێن بۆ ئەوێ.

لە جەنگی جیهانیی دووەمدا، بەدرێژایی ساڵەکانی ۱۹۴۱ بۆ ۱۹۴۳، لەگەڵ ئەوەی کە میسر بێلایەنیی خۆی ڕاگەیاندبوو، بەڵام ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە لە کەنار دەریای سپیی ناوەڕاست، بوونە شوێنی پێکدادانی قورس لە نێوان سوپای ئەڵمانیا و بەریتانیا.

لەگەڵ ئەوەی ئەڵمانییەکان نزیکبوون لە کەنداوی سوێسەوە، بەڵام لە ناوچەیەکدا کە پێی دەڵێن (العلمین)، تێکشکان. هەمان شکست بووە خاڵی شکستەکانی تری ئەڵمانیا. لە ساڵی ۱۹۴۵، میسر بووە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە کۆتایی ساڵی ۱۹۴۶، ڕووسیا هێزێکی سەربازی و سوپایەکی مۆدێرنی لە خەڵکی میسر دروستکرد. سودان، کە ڕۆژگارێك بەهۆی ئامادەبوونی کۆمۆنیستەوە باشترین پەیوەندیی لەگەڵ سۆڤێت هەبوو، ئیتر لە ڕووی دوژمنایەتی لەگەڵ ڕووسیا، کەمتر لە میسر نەبوو. ئینگلیز سەرەتا بە پشتبەستن بە میللی گەرایی عەرەبەکان، لە مانگی ئازاری ۱۹۴۵دا، ئەوانی لە دەوری کۆمەڵگەیەکی عەرەبی کۆکردەوە، کە ۸ وڵاتی عەرەبیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقای باکووری لەخۆدەگرت. پاشان لە ساڵی ۱۹۴۶، سەربەخۆیی بە ئەردەن دا.

لە ۱۰ی حوزەیرانی ۱۹۴۵، هەردوو لا، کوردەکان و حکومەت، چالاکی و هێرشی سەربازیی خۆیانیان دەستپێکرد. کۆمەڵێك بە فەرماندەیی ئەفسەرە کوردەکان لەژێر ناوی (ئازادی) و کۆمەڵێك ناوچەیی لەژێر فەرماندەیی بارزانیدا بوون. ساڵی ۱۹۴۵ کە ڕاپەڕین دەستی پێکرد، بەرەی ئازادیی لقی نیزامی هێبوا، بە سەرۆکایەتیی بارزانی دروستبوو. ئەفسەرەکانی وەك: میر حاج، نووری ئەحمەد تاها، عیززەت عەزیز، مستەفا خۆشناو، موحەممەد قودسی و... هتد، تێیدا بەشداربیان کرد و شەڕ دەستی پێکرد. خەیرووڵا عەبدولکەریم و موحەممەد مەحموود قودسی و عیززەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو، چوار ئەفسەری کورد بوون کە دواتر لە مهاباد بە دەستەی ئازادی ناوبانگیان دەرکرد. ئەم ڕاپەڕینەی ساڵی ۱۹۴۵ی بارزانی، لەگەڵ ڕاپەڕینی شێخ ئەحمەدی بارزان لە ساڵی ۱۹۳۱، جیاوازیی هەبوو. هەوڵی شێخ ئەحمەد لەو کاتەدا، بۆ پارێزگاریی دەسەڵاتی عەشیرەتی بارزان لە ناوچەکەی خۆیدا بوو، بەڵام ئەم جارە بارزانی داوای سەربەخۆیی کوردەکانی دەکرد. هەرچەندە شێخ مەحموودیش ئامانجێکی هاوشێوەی ئامانجەکەی بارزانیی هەبوو، کە لە چوارچێوەی ناوچەیەکی دیاریکراودا بێت. ڕاپەڕینی بارزانی، بۆ یەکەمین جار پشتیوانیی حیزبە میلییەکانی بۆ خۆی ڕاکێشا و خاوەنی سیمایەکی ناسیۆنالیستیی دیار بوو، بەڵام ڕەفتار و جووڵانی عەشیرەتەکانی تر بووە هۆی شکستی بارزانی.

لە ساڵی ۱۹۴۵ تا ۱۹۵۸، هیچ جۆرە ڕاپەڕینێکی گرنگ لە کوردستان ڕووی نەدا. جگە لە بانگەشەی شاراوەی ڕادیۆیی کوردەکانی قەوقاز، کە لە لایەن ڕووسییەکانەوە پەخش دەکرا، هاتن و چوونی نهێنی لە سۆڤێتەوە بەرەو عێراق هەبوو. حیزبی هیوا وردە وردە بەرەو لەناوچوون دەچوو. لەو ڕۆژانەدا شێخ مەحمودیش لە شوێنی دوورخستنەوەکەیەوە گەڕابووەوە، بەڵام ئیتر هیچ ڕابەرێکی دیاری کوردی بوونی نەبوو. بارزانیش لەگەڵ چەکدارەکانیدا، دۆستێکی باشتر لە شاخەکانیان نەدۆزیبووەوە و بەردەوام خۆیان بۆ هێرشێکی تر لە دژی حکومەت ئامادەدەکرد. تاکو ئەوەی لە مانگی ئابی ۱۹۴۵، دووبارە خوێن لە بارزان هەستا. لە ۱۰ی ئابی ۱۹۴۵، شۆڕشی بارزان دووبارە دەستی پێکردەوە. لەو ڕۆژانەدا تاکو سەرەتای مانگی ئاب، چەندین وتوێژ لە نێوان کوردەکان و ئەفسەرەکانی ئینگلیز، بە سەرپەرشتیی میجەر مۆر و کاپیتان ئەستاك ئەنجام درا. ئینگلیزەکان داوایان دەکرد کە بارزانی دووربکەوێتەوە لە بەرگریی چەکداری و ئەوەی کە لە ناوچەیەك جگە لە کوردستان بۆخۆی بدۆزێتەوە، ئەوەش لە لایەن بارزانییەوە قبوڵ نەکرا. دەوڵەتی عێراقیش دەیویست بەشێوەیەکی جیددی تر لەگەڵ بارزانیدا بجوڵێتەوە و بەمەش شەڕ دەستی پێکرد. سوپای عێراق بۆ پشتیوانیی هێزی ئاسمانیی ئینگلیز و دەرەبەگە کوردە هەوادارەکانی حکومەت، هێرشی کردە سەر بارزان و بارزانی کوردستانی بەجێهێشت.

لە ساڵی ۱۹۴۵دا دادگای عورفی پێکهێنرا و لە کۆیە چەند کەسێك بە تاوانی هاوکاریی بارزانی دەستگیران و دادگایی کران. چەند کەسێکی تری وەك: موحەممەد تۆفیق وەردی، دڵشاد ڕەسوڵی، موحەممەد میرزا ڕەسوڵ، جەمال قادر و واحید ڕەزا و... هتد، دواتر چوون بۆ مهاباد و پەیوەندییان کرد بە بزووتنەوەکەی قازی موحەممەدەوە. ڕەنگە بتوانین بڵێین کە پاچەچی لە ناوەڕاستی ۱۹۴۵دا نەیتوانی هاوسەنگیی پەیوەندی لەگەڵ بارزانی ڕابگرێت، گەرچی لە سەرەتاوە پاچەچی لەگەڵ بارزانی هاوڕا بوو. لە سلێمانی ئەفسەرێك بە ناوی موقەدەم ئەمین، گوێی گرت کە "نامانەوێت پەیوەندیی ئێمە و کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك) دیار و ئاشکرا بێت". لە کۆتایی ۱۹۴۵دا هێزەکانی عێراق و هێزی ئاسمانیی سەڵتەنەتیی ئینگلیز، بە توندی جوواڵانەوەکەی بارزانییان سەرکوت کرد. تەنانەت هەندێك

لە ئەندامانی عەشیرەتی سوورچیش بەرگرییان لە حکومەت دەکرد. وردە وردە بواری چالاکیی سەربازی بۆ بارزانی تەنگتر دەبووەوە. وەها دەهاتە بەرچاو کە ئەو ئیتر رێگایەکی جگە لە چوونە ناو خاکی ئێرانەوە لە بەردەمدا نەمابێت. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە بزووتنەوەی تازەدامەزراوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) لە کوردستانی ئێران، تازە چالاک بوو بوو و سەرسنووریش بەدەست ناسیۆنالیستەکوردەکانەوە بوو. حکومەتی عێراق، هێزەکانی بارزانیی ناچار کرد پاشەکشە بکەن و لە سنووری ئێران تێبپەڕن. لەڕاستیدا هێزەکانی ئینگلیز پشتیوانییان لە هێزەکانی عێراق کرد و سوپای عێراق هێزەکانی کوردی ناچار بە پاشەکشە کرد.[۱۳۹]

قازی موحەممەد بە سەفەرکردنی بۆ باکۆ و دیداری لەگەڵ باقرۆف، بڕیاریدا کە ئامۆژگاریی ئەو بە جیددی وەربگرێت و ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) بگۆڕێت بە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێران کە دیسانەوە خۆی نەبووە ئەندامی ئەو حیزبە. لەڕاستیدا قازی موحەممەد جوولانەوەی کوردی خستە ژێر دەسەلات و نفوزی خۆیەوە و بە دەستەواژەی ئەوە دەیخستە ژێر تیشکەوە و لەبەر ئامۆژگاریی ڕووسیا، هەمیشە حەزی دەکرد کە لە پشت پەردەوە بمێنێتەوە. دواتر و لە ۱۲ی ئەیلوولی ۱۹۴۵، کاپیتان نەماز عەلییۆف[۱۴۰]، ئەفسەری ڕووسی لە میاندوئاب، لە ڕاپۆرتێکدا دەنووسێت کە "هەندێ لە ڕابەرەکانی کورد، وەک: قازی موحەممەد و سەیفی قازی، لەگەڵ کونسوڵی ڕووسیا لە تەبرێز دیداریان کردووە و ئەوکاتە قازی موحەممەد بەڵێنێکی تری لە کوردەکان بانگهێشت کردو بردیان بۆ باکۆ". لەڕاستیدا سەروان نەماز عەلییف، سەرۆکی هۆزە گرنگەکانی کوردەکان، لەوانە قازی موحەممەد و سەیفی قازی، بە بیانووی دیدار لە کونسوڵی ڕووسیا، دەباتە ناو تەبرێزەوە و هەرکە چوونە ناو شارەکەوە، بە پەلە و بە تەرەنی بردنی بۆ باکۆ. دوای سێ ڕۆژ مانەوە لە باکۆ و تەماشای ئۆپێرا و شانۆ و... هتد، لە بەیانیی ڕۆژی شانزەی ئاب، لەگەڵ باقرۆف، سەرۆک وەزیرانی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤێت، گفتوگۆیان کرد.

لەوێدا باقرۆف دووپاتی کردەوە کە "سۆڤێت هاوکاریی حیزبی تازەدروستبووی ئازەربایجان دەکات". داوای لە سەرکردەکانی کورد کرد کە پەیوەندییان پێوە بکەن. لە دانیشتنی باکۆدا، قازی موحەممەدیش پێشنیاری کرد کە کۆمەڵە بگۆڕێت بە حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە بەپێی سیاسەتی ڕۆژ، باشتر دەبێت و لەگەڵ ڕێڕەوی دیموکراسی لە ئەمریکا و ئینگلیز و سۆڤێتیش، هەماهەنگ دەبێت. کوردەکان داوای دامەزراندنی کۆماری مهابادیان دەکرد و ئومێدەواربوون کە هاوکاریی تەقەمەنی و پشتیوانیی دارایی لە یەکێتی سۆڤێتەوە بکرێن. لە گەڕانەوەیان لەم سەفەرە، قازی موحەممەد لە دیداری لەگەڵ ڕۆشنبیران و کەسایەتییەکانی کورد، ئەنجامی گفتوگۆکەی لەگەڵ ڕووسییەکاندا، لەگەڵ سەرکردەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) خستە بەرباس. پاشان بەیاننامەیەک بە ئیمزای قازی موحەممەد و ۱۰۵ کەس لە کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردەوە بڵاوکرایەوە. قازی موحەممەد ڕایگەیاند کە دەیەوێت ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) بگۆڕێت بە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێران. کۆمەڵێک بڕوایان وایە کە دوای گەڕانەوە لە باکۆ، لە هەمان ڕۆژی ۱۶ی ئابدا، دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕادەگەیەنێت.

هەرچۆنێک بوو قازی موحەممەد دوای گەڕانەوەی لە سەفەری ڕووسیا و وتووێژکردن لەگەڵ باقرۆف، حیزبی دیموکراتی دروستکرد و بە فەرمی کۆماری مهابادی ڕاگەیاند. لەگەڵ دامەزراندنی حیزبی دیموکرات، ئیتر ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) بە کردەوە ڕەونەقی نەما. ڕۆژگارێکی بەر لەوە، دوای داگیرکردنی سەربازیی ئێران لە لایەن ڕووسیا و ئینگلیزەوە، هێزەکانی سۆڤێت لە ناوچە کوردنشینەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، لەگەڵ ئاشنابوون بە هەستی عەشیرەتەکانی کورد، لە قەرەی خۆشەویستنی ئەوان هات. لەڕاستیدا کوردەکان کە لە سیاسەتی نیشتەجێکردنی بە زۆرەملێ و دوورخستنەوەیان لە لایەن ڕەزاشاوە و ڕازی بوون بە جۆرێک پۆشاکی ڕۆژئاوایی لەجیاتی جلوبەرگی کۆنی خۆیان، یادەوەریی خۆشیان نەبوو، ئەو کۆمەڵەیەیان دروستکردبوو، کە بۆ یەکەمین جار وەک ڕێکخراوێکی سیاسیی کورد بۆ بەدەستهێنانی هاوکاریی هۆزەکانی تریش هەوڵی دەدا.

هەوالنامەی کێتێب

قازی موحەممەد داوای لە ئەندامانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) کرد کە بزوێنەری جوولّە و بەشی سەرەکیی ناوەندی دیموکراتی کوردستان بن. هەرچەندە قازی موحەممەد هیچ مەکتەبێکی سیاسیی فەرمیی لەم حیزبەدا نەبوو و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە سۆڤێت و ڕووکنی دووەمی سووپاش هەن، ئامانجیش تەنها جۆرێك خۆبەڕێوەبەری و سەربەخۆیی ناوخۆیی کوردەکان لەژێر چاودێریی حکومەتی ناوەنددا بوو، نەك سەربەخۆیی تەواو، زۆربەی بەرپرسانی سەردەمی پەهلەوی، قازی موحەممەدیان وەك کەسێکی وڵاتدۆست و خاوەن ڕەگەزی ئێرانی ناو دەبرد. بەڵام هەرچۆنێك بێت، لە عێراق و تورکیا، کوردەکان بە بیستنی ئەم هەواڵانە کەوتبوونە جۆش و خرۆش. دوای دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتای ئەیلوولی ۱۹۴۵، قازی موحەممەد سەفەری دووەمی بۆ ئازەربایجانی سۆڤێت کرد و دیداری لەگەڵ باقرۆف ئەنجام دا. لەو دیدارەدا، باقرۆف بەڵێنی هاوکاری و کۆمەکی سۆڤێتییەکان لە حیزبی دیموکرات دەگرێتەوە. لەو قۆناغە هەستیارەی سەردەمدا، چارەسەرکردنی کێشەی کەڵك و ڕێگریش لە تەشەنەسەندنی نائەمنی و هەرج و مەرج، لە لایەن قازی موحەممەدەوە، گەورەی خانەدانی قازی، ئەنجام دەدرا، کە ئەو کاری دادوەریشی لە ئەستۆدا بوو. بۆیە حکومەتی ناوەند و ڕووسیا و ئینگلیز، دەستیا وەرنەدەدایە کاروباری ناوچەکە و بەئاگابوون لەو نیەتباشی و لێهاتوویییەی کە لە بەرپرسانی کۆماریدا، بەتایبەت لە شەخسی قازی موحەممەد خۆیدا بوونی هەبوو. بەو شێوەیە بەڕێوەبردنی ناوچەی ڕۆژئاوا درابووە دەست قازی موحەممەد. لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕ و هەڵوەشانەوەی سوپای ئێران لە کوردستان، هۆز و عەشیرەتەکانی کورد چەك و تەقەمەنیی زۆریان دەستکەوت. بە گەڕانەوەی سەرکردە دوورخراوەکانی عەشیرەتەکان بە هۆکاری جیاواز، سەرلەنوێ نائەمنی و هەرج و مەرج ناوچەکەی گرتەوە. لەم ناوەندەدا تەنها شاری مهاباد جیاکرابووەوە.

ڕابەرانی ڕۆحانی و دیار و گەورەکانی شار، بەتایبەت قازی موحەممەد، خاوەنی جەماوەری تایبەت بوون و جێگەی ڕێزبوون لە لای سەرۆك عەشیرەتەکان. ئەم ڕێز و ئابڕووە، سەرۆك عەشیرەتەکانی لە دەستبەرداربوون لە شار و دروستکردنی ئاژاوە، لە جیێ خۆیان هێشتبووە. قازی موحەممەد لە یەکەمین ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری

خۆبەڕێوەبەری کوردستاندا، ڕووی دەمی کردە خەڵک و بەم شێوەیە دووا: "خەڵکی کورد، خەڵکێکی تەنهان. نیشتمانەکەیان داگیرکراوە و دابەشکراوە و لە سەرەتایترین مافی کە بریتییە لە مافی دیاریکردنی چارەنووس، بێبەشن". ئەوە بەشێکی کەمە لە قسەکانی قازی موحەممەد. دەربڕینی تێڕوانینی زیهنی و هیوا و ئاواتی ئەو و ژمارەیەك لە هۆزی بەرچاوی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت ڕۆشنبیرانی مهاباد، لەو کات و سەردەمەدا بووە. تەنها بوون، داگیرکردنی زەوی، دابەشکردنی ناوچە کوردییەکان، بێ بەش بوون لە سەرەتاییترین مافەکان، بەتایبەت مافی چارەی خۆنووسین، چوار تەوەر بوون کە قازی موحەممەد تەئیکدی لەسەر دەکردنەوە. لەڕاستیدا بەدوای دۆزینەوەی چارەسەری ئەوانەوە بوو، چارەسەرێکی بێ تێچوون. قازی موحەممەد داواکانی خۆی بۆ ڕزگارکردنی کوردستان، سەرەتا خستە بەردەم بەرپرسەکانی ئینگلیز. لەوانە: دو کرسپینیی، ئیروایس مارشاڵی بەریتانیا لە عێراق و ئورکرت کونسوڵی بەریتانیا لە تەبرێز). بەڵام وەڵامی ئەوان بۆ ئەو داواکارییانە سلبی بوو.

پاشان قازی موحەممەد داواکانی خۆی بۆ ڕووسیا خستەڕوو. ئەو ڕووسیایەی کە لە سەرەتاوە هیچ جۆرە مەیلێکی بۆ کاری جیددیی کوردەکان نیشان نەداوە. بەڵام دواتر بەلەبەرچاوگرتنی لایەنەکانی کارەکە، بە ئاگابوون لە هەلومەرجی یارمەتیدەری نێودەوڵەتی و ناوچەیی، زەرورەتی بەهێزکردن و چەسپاندنی شوێنی کۆمەڵەی دیموکراتی ئازەربایجانیان هەستپێکرد. بۆ ڕێگریی کردن لە نفوزی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەو ناوچەیەدا، ڕووکەشانە وەڵامی داواکارییەکانی کوردیان دایەوە و هاوکاریی ئەوانیان لە پێکهێنانی کۆماری خۆبەڕێوەبەری، کرد. هەوڵێکی تری قازی موحەممەد و ڕۆشنبیرانی کورد و لەوانەش چینی ناوەندی شاری مهاباد، دروستکردنی کۆمەڵەیەکی گشتگیر لە کوردەکان بوو، بۆ ئەوەی لە کاتی بەدەستهێنانی ئاوات و ئارەزووە ڕاگەیەنراوەکەدا، بەتایبەت بە گومانی خۆی، دەرهێنانی زەوی کوردەکان لە بندەستی داگیرکەران، هەنگاوێکی چاك بنێت.

حیزبی هەستانەوەی کوردستان، ئەگەرچی هەنگاوەکانی یەکەمی هەڵگرت، بەڵام بە ئاگابوون لە شێوازی کاری نهێنی، توانای بڵاوبوونەوەی نەبوو. لەبەرئەوە قازی موحەممەد بەپێی ئامۆژگارییەکانی باقرۆف، گۆڕانکاریی لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورددا کرد. گۆڕینی

حیزبەکەی لە حیزبێکی لیبرالّی دیموکراتەوە بۆ حیزبێکی خاوەن زنجیرە پلەیەکی سیاسی، بە پێویست دەزانی. ئەو هەولّی دەدا کە کادرانی پارتەکەی ژیانەوەی کورد و کوردەکانی تر، لە پشتیوانیی یەکێتی گەلی سۆڤێت و پێویست بە دامەزراندنی حیزبێکی نوێ لەگەلّ لەبەرچاوگرتنی مافی تاك و کۆمەلّ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی بەشداربوون، ئاگاداربکاتەوە. بەم شێوەیە، حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەگەلّ پەیکەری ئەسڵی پێکهاتەی کۆمەڵەی هەستانەوەی کوردستان، بە ڕابەرایەتیی قازی موحەممەد، لە مهاباد بوونی خۆی ڕاگەیاند. بەیاننامەیەکی بە ئیمزای ۱۰۵ کەسی ناسراوەوە کە بووبوونە ئەندامی ئەم حیزبە، بڵاوکردەوە. کۆمەڵێك لەسەر ئەو باوەڕەن کە حیزبی دیموکراتی کوردستان، یەکەمین و گرنگترین ئامانجی خۆی وەك (بەدەستهێنانی خۆبەڕێوەبەری) ڕاگەیاند، بەڵام لە وتەکانی قازی موحەممەددا بەڵگەیەك لەسەر ئەمە بوونی نییە.

لە سلێمانی چەند کەسێك لە مامۆستایان، وەك کەریم زەند و عوسمان دانش و... هتد، چوون بۆ مهاباد و پەیوەندییان کرد بە چالاکییەکانی کوردەوە. حکومەتی مهاباد کار و ئەرکی پێ سپاردن. ئەڵبەتە زیاتر کاری فێرکردنیان هەبوو، چونکە کاری سیاسییان بە عێراقییەکان نەدەدا. بە ئەفسەرە سەربازییەکان تەنها لە زەمینەی نیزامی بەرپرسیارێتییەك پێشنیار کرابوو و سۆڤێت بەم کارە دەیویست بە ئێران بڵێت کە ئێمە کوردمان لە ئێران جیانەکردووەتەوە و هەموو ئەوانەی پۆستی گرنگ و سیاسییان هەیە، کەسانی ئێرانین. بەر لە دروستکردنی کۆماری مهاباد، مەلا عەبدوللا داودی وّ هەندێ لە ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە، ویستیان بە هاوکاریی هەندێ لە مامۆستای کوردی عێراق، قوتابخانەیەك بە زمانی کوردی بکەنەوە و لەوێ زمانی کوردی بخوێنن. سەرەتا لە حەوشەی ماڵەکەی حاج ئەحمەد گادانی پۆلەکانی قوتابخانەی کوردیی گەلاوێژ[۱۴۱] دروستبوون، کە دواتر ئەو خانووە بووە شوێنی دانیشتنی بارزانی. بە دروستکردنی ئەو قوتابخانەیە، وردە وردە قوتابیان لە خوێندنی فەرمی لە قوتابخانەکاندا وازیان دەهێنا و پەیوەندییان بەو قوتابخانە کوردییەوە دەکرد. چاپخانەیەکیش لە دەوروبەری قوتابخانەکە هەبوو، حەسەن قزڵجیی وتارنووس، لەو چاپخانەیەدا کاری دەکرد. لە ئەیلوولی ۱۹۴۵، هاشیموف، کونسوڵی ڕووسیا لە ورمێ، ناوەندی پەیوەندیی فەرهەنگی مهابادی دامەزراند و

وردە وردە دەزگاکانی چاپی ڕووسی گەیشتن و ڕۆژنامەی فارسی و کوردیی کوردستان بە چەند زمانێك بڵاوبووەوە. پاشان بارێك کە بریتیی بوو لە ۱۲۰۰ پارچە چەکو دەمانچە و یونیفرم ڕووسی وەرگیرا و لەوانەیە ئەم کارە بووە هۆی ڕازیبوون و چالاکی ئەم بەشە لە کوردستاندا.[۱۴۲]

لە ۲۱ی ئەیلوولی ۱۹۴۵، بە ئیمزای بڵاوکراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، عێراق بوو بە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و خولی هەڵگیرسان لە شکستی کودەتای گەیلانی تا ساڵی ۱۹۴۸ بەردەوام درێژەی هەبووە. دەستپێکردنی یەکەمین شەڕی ساردی جیهانی[۱۴۳] لە ساڵی ۱۹۴۶ ڕوویدا. بارزانی دوای شەڕێکی زۆر لەگەڵ هێزەکانی عێراق، بە ناچاری لە ڕۆژی ۷ی تشرینی یەکەمی ۱۹۴۵، بە تێپەڕبوونی لە سنوور، چووە ناو ئێرانەوە و پەیوەندیی کرد بە مهابادەوە و بوو بە یەکێك لە کەسایەتییە دەستڕۆیشتووەکانی جوواڵانەوەی تازەجێگیربووی مهاباد. نوێنەری ساواك باوەڕی وایە "لە سەرەتادا چەند کەسێك لە ئەفسەرە کوردەکانی سوپای حیزبی دیموکراتی کوردستان، چوونە پاڵ بارزانی و ویستیان کە نافەرمانی و چەك دزینەکانی بارزانی بکەنە بزووتنەوە و جوواڵانەوەیەکی حیزبی، بەڵام لە لایەن کاروانی نێردراو بۆ باکووری عێراق، دەستگیرکران و لە هەمان ناوچەی باکوور گوللەباران کران".

ڕێك لەو سەردەمەی کە هێشتا حکومەتی کوردستان ئارام نەبووبووەوە و ڕانەگەیەندرابوو، بارزانی و هێزەکەی لە لایەن عێراق و هێزی ئاسمانیی ئینگلیزەوە هێرشیان کرایە سەر. لە ۱۳ی تشرینی یەکەمی ۱۹۴۵دا حکومەتی عێراق ڕایگەیاند کە شێخ ئەحمەد و بارزانی بۆ ئێران هەڵهاتوون و چالاکیی سەربازیی حکومەت دەوەستێت. لە هەمان ساڵدا حکومەتی عێراق بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە شۆڕشدا بەشداربیان کردبوو، لێبوردنی گشتیی دەرکرد. بارزانی دوای کەوتنە ناو تەنگپێهەڵچنین و ئابڵوقە درا و ڕووبەڕووی مەترسیی تەسلیمبوون بووەوە، ناچار هەڵهات بۆ ئێران و چوو بۆ مهاباد، یان ساوجبلاغ موکریان. ژمارەی هێزی سەربازیی قازی موحەممەد ژمارەیەکی بەرچاو نەبوو. لەو کاتەدا، هاتنی بارزانی لەگەڵ ۹۰۰۰ کەس بۆ شارەکە، لە یەکەمین تێڕوانیندا ئەو

گومانەی هێنایە ئاراوە کە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە نێردراوە، یان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی ئەوان هەنگاوی هەڵگرتووە. هەرچەندە کۆمەڵێک بەشێوەیەکی زیادەڕەوی لەسەر ئەو باوەڕەن کە دوای یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکرات، زۆرینەش دەڵێن کە بارزانی بە بانگهێشتی قازی موحەممەد، لەگەڵ دوو هەزار بنەماڵە کە ۳۰۰۰ پیاوی چەکداریان هەبووە، هاتووە بۆ ئێران. هەرچەندە بۆ بارزانی تەنها ۱۲۰۰ کەس لەوانە شایانی ژماردن بوون. بەڵام قسەکانی قازی موحەممەد لە وەزارەتی کیشوەر و سوپا، ئەمە ناسەلمێنێ. لەوانەیە هاتنی بارزانی، خراپ لێکدانەوەی قازی موحەممەد بوو و بەرنامەکانی ئەو و هاوکێشەی سیاسیی حیزبی تێکدا بەسەر یەکدا. ئەو کاتەش کە کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەم ڕاگەیەندرا، فشاری زۆر خرایە سەر شۆڕشە چەکداریەکانی کورد، لە ساڵی ۱۹۴۳ەوە تا ناوەڕاستی ۱۹۴۵ . بۆیە بارزانی ناچاربوو بچێتە ناو ئێرانەوە. لە ئێرانیشدا جۆرێک لە دەسەڵاتی کوردی دامەزرابوو کە کۆماری مهابادبوو. تا کۆتایی ڕووخانی مهاباد لەوێبوون و نەگەڕانەوە. لەم کاتەدا شێخ مەحموود دەسەڵاتی نەمابوو و لە ئەسارەتەوە ڕای کرد بۆ بەغدا. ئیتر دەستوەردانی لە سیاسەتی کوردەکاندا نەمابوو. لەوانەیە پیری و چوونەتەمەنەوە ڕێگربووبێت لەوەی ببێتە ڕکابەرێک بۆ بارزانی. بە لاوازبوونی ئەم، ڕەنگە بەپێی ڕێکەوتنی ڕووسیا و ئینگلیز، ئەم جارە مستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەد لە سیاسەتی کوردەکانی عێراقدا ڕۆڵی تایبەتییان لە ئەستۆدا بووبێت.

هەرچۆنێک بێت، زۆرێک لە گێڕانەوە میژوویی لەوبارەیەوە هەیە، کە بۆ نموونە: ۴۲ هەزار هێزی سەربازیی عێراق و هەزاران کوردی هەواداری حکومەت، لەژێر فەرماندەیی مێجەر ژەنرال ڕنتن کە لە دەستێک زیاتری نەبوو، هێرشیان کردووەتە سەر ناوچەی بارزان. گێڕانەوەیەک هەیە کە لە مانگی ئابدا بارزانی سەرکەوتوو بووە لە تێکشکاندنی هێرشەکاندا و ۲۰۰۰ پارچە چەک و هەشت عەرەبانەی تۆپ و هەشت دەزگای بێتەل و ۱۰۰ هەزار گوللەی بە غەنیمەت گرتووە. بەڵام سەرچاوەکانی تر باوەڕیان وایە کە ڕۆژ بە ڕۆژ شەڕ توندتر بووە و تۆپبارانەکان زیاتر بوون و زۆربەی ناوچەکانیان سووتاندووە. هێرشی سەربازی هەڵی ئارامی بۆ بارزانییەکان نەهێشتەوە. دانیشتووانی بارزان بەرەو سنوورەکانی ئێران کەوتنەڕێ و ڕۆژی ۱۱ی تشرینی یەکەمی ۱۹۴۵، لەگەڵ هەزاران پیاو و ژن و پیر و

لاو، چوونە ناو کوردستانی ئێرانەوە. ناوچەیەک کە لەژێر دەسەلآت و نفوزی ڕووسیادا بوو. هەرچەندە هەندێ جار بە زیادەڕۆیی ژمارەی ئەو کەسانەیان بە ٣٥ هەزار خەملآندووە. ڕووسییەکان لەبارەی بارزانییەوە دوودڵ بوون و گومانیان وابوو بەپێی پیلانی ئینگلیزەکان چووەتە ناو کوردستانەوە، تاکو دواتر گەیشتن بە دڵنیایی. ٤٥٠٠ کەس گیانی خۆیان لەبەر برسێتی و سەرما لەدەست دا. پاشان ژنان و منداڵان لە شارەکان نیشتەجێ بوون و هێزە چەکدارییەکان گۆڕان بە هێزی پشتیوانیی کۆماری لاوازی مهاباد.

ئەفسەرەکانی ئەمنیەتی ئینگلیز هەوڵیان دەدا کە بارزانی پەیوەندی بکات بە قازی موحەممەد و گەمەی سیاسیی ڕووسیاوە، لە هەمان کاتدا دەیانویست بارزانی بخەنە دەرەوەی شانۆی سیاسەتی پاشایەتیی عێراق. هەرچۆنێک بێت ئینگلیزیش دەیزانی کە بارزانی نیوەنیگایەکی لەسەر بزووتنەوەکەی قازی موحەممەدە لە مهاباد و لە هەلێک دەگەڕێت تا پەیوندیی لەگەڵدا دروستبکات. تەنانەت لە هەندێ بەلگەنامەدا ئەو خڵتەیە بوونی هەبوو کە لە سنوور، بارزانی لەگەڵ ئەفسەرەکانی ڕووسیادا کۆبوونەوە و دیداری هەبووە و وتووێژی لەگەڵدا کردوون. گەرچی دواتر لە ساڵی ١٩٤٦، بارزانی داوای پەنابەریی سیاسی بۆ خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدابوون، لە ئەمریکا کردووە، بەڵام وەڵامی داواکەی نەدراوەتەوە، چونکە ئەویان بە لایەنگری سۆڤێت زانیوە. سۆڤێتیش بە زارەکی، بە لایەنگری ئینگلیزی دەزانی، بەڵام بارزانی حەزی دەکرد هەموویان بەکاربهێنێ بۆ خۆی.

لەو ڕۆژانەدا، سەعید قەزاز پارێزگار بوو، لە لایەن حکومەتەوە داوای تەسلیمبوونی بارزانیی دەکرد. "جگە لەم شێوەیە، حکومەت یاسا جێبەجێ دەکات. ئەم مەسەلەیە فراوانتر بوو لە شەڕی عەشایەریی بارزانی و بەجۆرێک شۆڕشی هەموو کوردەکان بوو، ڕابەرەکانی ئەویش ئەفسەرە کوردەکان بوون و خەڵکی زۆریش لە دژی حکومەت چەکیان هەڵگرتبوو. عەشیرەتەکانی ناو حیزبی هیواش سەرەتا، دوای ساڵی ١٩٤٣، بە کردەوە بووبوونە پارێزەری بارزانی، بەڵام کەم کەم لە ساڵی ١٩٤٥ەوە، ڕوویان لەو وەرگێڕا و لە دژی بارزانی و شۆڕشەکەی ئەو وەستانەوە. زێبارییەکان و هەرکییەکان و... هتد، لەگەڵ هیوا نەمانەوە. هیواش نەیتوانی پشتیوانیی ئەوانی لەو بزووتنەوەیەدا هەبێت".

بەم حاڵەوە قازی موحەممەد بە گومانەوە بەخێرهاتنی بارزانیی کرد و ناچاربوو لەگەڵ ئەو هاوپەیمان و ڕێک بێت. لە باکووری ڕۆژهەڵاتی مهاباد، ئەوی نیشتەجێ کرد و ژمارەیەکیش لە هاوڕێکانی لە مهاباد دەژیان. قازی موحەممەد نەیدەتوانی کارێکی تر بکات و لە بەرانبەر کارە ئەنجامدراوەکاندا وەستابوو. لەو کاتەشدا ڕووسیا دەسەڵات و نفوزی زۆری لەناو سیاسەتی کوردەکاندا هەبوو. بارزانی بەپێی داواکاریی ژەنەراڵ ئەتاشکیۆف لە هێزەکانی ڕووسیا، لە شنۆ جێگیربوو، شێخ ئەحمەدیشی لە مهاباد نیشتەجێ کرد. لە ۸ی تشرینی دووەمی ۱۹۴۵، پێش دامەزراندنی کۆماری مهاباد، حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕابەرایەتیی قازی موحەممەد، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە.[۱۴۴]

قازی موحەممەد دوو تا سێ جار سەفەری بۆ تاران کرد و لەگەڵ قەوامولسەڵتەنە گفتوگۆی کرد، چونکە باوەڕی وابوو کە قەوامولسەڵتەنە مافی خۆبەڕێوەبەری دەدات بە کوردەکان. دوو تا سێ جاریش لە وتەکانیدا ناماژەی بۆ ئەم بابەتە کردووە و ئەوی بە دۆستی کوردەکان ناساندووە. ئەم پەلەکردنەو خۆشباوەڕییە لە بەرانبەر حکومەتی ناوەند، خاڵێکی لاوازە کە دواتر کوردەکانی ئێران جارێکی تریش دووچاری بوونەوە. گرفتەکە لەوەدا بوو کە ڕووسییەکان دەیانوت: "کوردەکان دەبێت لەژێر چاودێریی حکومەتی ئازەربایجاندا بن". بەڵام قازی موحەممەد لەژێر هیچ بارودۆخێکدا چوونە ژێر دەسەڵاتی حکومەتێکی کۆمۆنیستیی بە پەسەند نەدەزانی. قازی موحەممەد باوەڕی بە قەوامولسەڵتەنە هەبوو. صەدری قازیی[۱۴۵] تاکە برای قازی موحەممەدیش، لە دڵەوە باوەڕی بە قەوام هەبوو. صەدری قازی، نوێنەری ئەنجومەنی شووڕای میللی بوو، پێیوابوو پارێزڕاوی سیاسیی هەیە.

چالاکییەکانی حیزبی تودەش لەو ڕۆژانەدا لە ئێران، ئاشکرا بووبوو. لە کانوونی یەکەمی ۱۹۴۵، ڕادیۆی مۆسکۆ هەواڵی دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی لە ئازەربایجان بە ڕابەرایەتیی (پیشەوەری) ڕاگەیاند و باسی کوردەکانی نەکرد. هەرچۆنێک بێت دوای ئابی ۱۹۴۱، پیشەوەری لەگەڵ بەرپرسانی سۆڤێت یەکتریان بینی و لەگەڵیان

کەوتە هاتوچۆ و گفتوگۆکردنەوە. تەنانەت بانگهێشتیش کرا بۆ باکۆ و لە بارودۆخی ئازەربایجان ناڕازی بوو. ئەو لە تاران ڕۆژنامەی ئاژیری بڵاوەکردەوە. تەنانەت دوای مردنیشی، ڕەزاشای پەهلەوی، لە جۆهانسبۆرگ، پەیامی سەرەخۆشیی بۆ شای لاو نارد. ئەم کارە دیبلۆماسییانە، بەپێی فەرمانی باقرۆف بوو، تاکو شەقامی سیاسیی خۆی بکاتەوە، بەڵام ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی لە حیزبی تودە دەربکرێت و بڕوانامەکەیشی لە هەڵبژاردنی خولی ۱۴ی ئەنجومەنی شوورای میللی، وەک نوێنەری هەڵبژێردراوی تەبرێز، ڕەتکرایەوە و بەتاڵکرایەوە. کۆماری ئازەربایجان لە کانوونی دووەمی ۱۹۴۶ دروستبوو. دەوڵەتی ئازەربایجان کە بە ڕابەرایەتیی (پیشەوەری) دامەزرا، زۆربەی ئەنجومەنی ئێران لە ڕووداوی ئازەربایجان سەرگەردان بوون و پیشەوەری دەچێت بۆ بینینی فالاس مری[۱۴۶]، باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران. فالاسیش دەچێتە پاڵ پیشەوەری بۆئەوەی وتوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ سۆڤێت بکات. هەرچەندە حکومەت تاقمی ئازەربایجانی دەویست کە ڕووخسارێکی ڕیفۆرمیست و چالاک بنوێنێت و زمانی ئازەری پەرە پێ بدات و زانکۆی تەبرێز و ڕادیۆی تەبرێز دروست ببێت، بەڵام لەوانەیە لە پەنهاندۆمەبەستێکی تری هەبووبێت.

هەوڵدەدەم بگێڕم

لە پایزی ۱۹۴۵، دەوڵەتی ئێران سیاسەتی ئابڵۆقەی ئابووریی لە دژی ئازەربایجان گرتەبەر و هۆکارەکانی دەوڵەتی بە ئەنقەست لە دابینکردنی نانی شارە گەورەکاندا درێغییان کرد. لە باشووری ئێران، دەیان زانای ئایینیی کۆنەپەرستی لایەنگری ئینگلیز، نێردران بۆ باکووری ئێران، تاکو لە نێوان کۆمەڵەکانی دیموکراتدا جیاوازی دروستبکەن و بە هاوتەریبی ئەو حیزبێکی نوێ دروستبکەن. ڕاپۆرتێک درا بە ستالین، کە هەوڵە پیلانگێڕییەکانی هاوکاتی ئینگلیزەکان و ئەمریکا، بووەتە هۆی دروستبوونی نیگەرانیی تورکەکان. باڵیۆزی تورکیا لە تاران، کونسوڵگەرییەکانی خۆیی لە تەبرێز و ڕەزایە ئاگادارکردبووەوە کە بزووتنەوەی ئازەربایجان، لە کۆتاییدا بە پەیوەستبوونی ئازەربایجانی ئێران بە یەکێتیی سۆڤێتەوە، کۆتایی دێت. باڵیۆزەکە داوای لە دەستوپێوەندەکانی خۆی کردبوو، کە بە سوودوەرگرتن لە پەنابەرانی سپی لە سۆڤێت و لە پێش هەموشیانەوە یەکسانییان لەبارەی بڵاوبوونەوەی درۆ و ئەفسانە سەبارەت بە بارودۆخی ژیانی خەڵکی ئازەربایجانی سۆڤێت، هەنگاو بنێن. لە لایەکی ترەوە دوای ئەوەی

که بزووتنەوەی ئازەربایجان تایبەتمەندیی داواکاریی خۆبەڕێوەبەری دۆزییەوە. کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودە، بەردەوام درێژەی بە هەوراز و نشێوەکانی خۆی لەبارەی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان دەدا و بە بیانووی جیاواز بۆچوونی واقیعیی خۆی لەبارەی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی ئازەربایجان، دەرنەدەخست. حیزبی دیموکراتی لە سەرەتاوە ئاوڕدانەوەیەکی تایبەتی بە خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان دابوو.

لە تەلەگرامی پیرۆزبایی ڕابەرانی کورددا، ویستی دروستبوونی حیزبی دیموکراتی کورد و دروستبوونی خۆبەڕێوەبەریی وەکو ئازەربایجان، خرابوونەڕوو. ئەوان داوایان لە باقرۆف کردبوو نوێنەرانی کورد لە باکۆ وەربگرێت. ڕابەرانی کوردیش داوایان کردبوو چەند کەسێکی پسپۆڕ لە سۆڤێتەوە بە مەبەستی هاوکاریکردن و فێرکارییە زانستییەکان، بۆ ناوچەکە بنێردرێت. لە مهاباد قوتابخانەی ۷ پۆلیی هاوشێوەی قوتابخانەکانی سۆڤێت لە تەبرێز، دروستبکەن. هەروەها خوێندنگەی سەربازیی سۆڤێت ۱۵ بۆ ۲۰ کەس لە لاوانی کورد وەربگرێت و ۲۰ بۆ ۲۵ کەسیش لە قوتابخانەی باڵای ناسەربازی فێربکرێن. لە مهابادا نەخۆشخانەی ۲۵ـ ۳۰ قەرەوێڵەیی بکرێتەوە و کادری پزیشکیش لە لایەن سۆڤێتەوە دابین بکرێت. باقرۆف داوای لە ستالین کرد کە لەم بارەیەوە فەرمانێك دەربکات بۆ کۆمیسیاری کاروباری دەرەوەی وڵات.

فراوانبوونی هەستی جیابوونەوە، هۆکارەکانی نیگەرانیی دەوڵەتی ئێران و ئینگلیز بوو. دەوڵەتی ئێران بابەتەکەی بە ناردنی یاداشتێکی فەرمی بۆ باڵیۆزی سۆڤێت، باس کرد. لە لایەکی ترەوە ڕێکخراوی خزمەتگوزاریی تایبەتی ئینگلیز و ئێرانیش، هەوڵدان و بەرنامەی تایبەتیان بۆ لەناوبردنی فیزیکیی ڕابەرانی کورد ئامادە کرد. "لە ۱۷ی تشرینی دووەم، وەزارەتی دەرەوە یاداشتێکی نارد بۆ باڵیۆزی سۆڤێت و یەعقوبۆف، لەناویدا باسی لە هەندێ خاڵی نوێنەرەکانی سۆڤێت کردبوو کە لە کاروباری ڕێکخراوەکانی دەوڵەتدا دەستوەردان دەکەن و لایەنگیری لە تیرەکانی کورد و هەندێ چالاکوانی سیاسیی کورد دەکەن، هەروەها دەست لە کاروباری ناوخۆیی ژیانی ئێرانییەکان وەردەدەن. هەروەها ئۆرگانەکانی سۆڤێت لە سنوورەکانی ئێران، داوای لەپێشتربوونی یەکلایەنەیان کردووە و دەست لە کاروباری

ناوخۆیی ئێراندا وەردەدەن. لە ڕووداوەکانی هەندێ خاڵی ئێران، لەوانە: میانە و مەراغە، دەستی حیزبی دیموکرات دەبینرێت. دەوڵەتی ئێران ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە هەموو ئەم هەوڵانە پێچەوانەی ڕێکەوتننامەی سێلایەنەی سالّی ١٩٤٢ ن".

لە کۆتایی پایزی ١٩٤٥، دیادرەیەکی نوێ لە مێژووی سیاسیی هاوچەرخی ئێراندا ڕووەدات. لە کوردستان و ئازەربایجان دەوڵەتی خۆبەڕێوەبەری دروستدەبن و دەسەلاتی دەوڵەتی شاهەنشایی لەم ناوچەیەدا دەکشێتە دواوە و ئێران لەبەردەم شەڕێکی ناوخۆیی تەواودا دەبێت. دەوڵەتە خۆبەڕێوەبەرییەکان بە پشتبەستن بە هێزی چەکداریی خۆیان و سوودوەرگرتن لە کون و کەلەبەر لەناو سیاسەتە جیهانییەکاندا لەبارەی ئێرانەوە، هاتبوونە سەر کار. ڕۆژی ٧ی تشرینی دووەم، سۆڤێت ئاهەنگی کودەتای تشرینی یەکەمی گێڕا. ڕۆژنامەکانی ئێران هەواڵیان لەبارەی نائارامییەکان لە ئازەربایجان و ئەوەی کە پێکدادانی توند لە کوردستان درێژەی هەیە، بڵاوکردەوە. هەواڵی سەربەخۆخوازیی ئازەربایجان، لە ولاتانی جیهان بڵاوکرایەوە. ئاژانسی هەواڵی ئینگلیز ڕایگەیاند کە وتەی مستەر ئایدن[١٤٧]، وەزیری پێشووی دەرەوەی ئینگلیز، لەسەر ئەوەساسە بووە کە پەیوەندیی چاك لە نێوان بەریتانیا و ئەمریکا و سۆڤێت بوونی هەیە و هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە دەوڵەتی ئێران، بۆ لابردنی شۆڕش و نائارامی لە باکووری ئەم وڵاتە، بە ناردنی هێز دەستپێشخەریی کردووە و سۆڤێت دەخالەت دەکات، وەها هەنگاوێکیش بە دژایەتی لەگەڵ گیانی پەیماندان دەزانێت. ئەمەش بەپێی پەیمانی سالّی ١٩٤٢ و بە ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی تاران لە سالّی ١٩٤٣، گونجاو نییە، چونکە دەوڵەتانی ناوبراو بە ڕێکەوتن، وایان پێ باشە کە دەسەلاتی ئارامیی وڵات بە دەستی ئەو وڵاتەوە بێت. ڕادیۆ خاوەری نزیکیش ڕایگەیاند کە ئەگەر هەیە مۆسکۆ لەگەڵ شاندێکی ئێرانی بچێتە ناو وتوویژەکانەوە.

لە ڕۆژی ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥، صەدری قازی، نوێنەری مهاباد لە ئەنجومەن، وتەیەکی دەربارەی نیشتمانپەرستی و شادۆستیی کوردەکان خستەڕوو. سەبارەت بەو دەنگۆیانەی لەبارەی کوردەکانەوە هەبوون، قسەی کرد. هەرچەندە هەندێ لە نوێنەرەکان، وەك سیمین ئەسفەندیاری، لە پەراوێزی قسەکانیدا دەستووریان وەبیرهێنایەوە. ئەو وتی:

" ئەو داوایانەی کە پێچەوانەی بەرژەوەندیی وڵاتن، نابێت رێگا بدەین لە رۆژنامەدا بڵاوبکرێنەوە، چونکە لق و گەڵاکانیان لە ڕاستییەوە دوورن. بەندە بێلایەنم و جگە لە چاکێتیی وڵات، بۆچوونێکی ترم نییە. یەکێك لەو مەسەلانەی کە بووە بەهۆی دووڕوویی و دوژمنایەتی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا، گومانی خراپی ئەوانە بە یەکتر. مەبەستی من ئەوە نییە کە لە نێو عەشیرەتە کوردەکان کەسانی شەڕانی پەیدا نابێت، لە هەر کوێ و لە هەر کۆمەڵگایەکدا خەڵکانی چاك و خراپ بوونیان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، نابێت هەر ناوچەیەکی گرنگی وڵات، بە جووڵانی چەند کەسێکی قینلەدڵ، یان ناحەز، لە حکومەت هیوابڕاو بڕن و بیسوتێنن. لە ئەیلوولی ۱۹۴۱، چەندان جار کارمەندانی فەرمانی دەوڵەت سەفەریان کردووە بۆ کوردستان. هەرچەندە هەندی کەس دەڵێن بەدرۆخراونەتەوە و درۆی بێ بنەما و بێ بناغەیان بۆ کوردەکان هەڵبەستووە، کە گوایە کوردەکان ئەنجومەنێکیان بۆ دابەشکردنی خۆیان دروستکردووە و ئەوەی کە ك.ك.ك بە مانای کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کوردە و یان پەیکەری شایان لە مهاباد لایردووە. بەڵام ئەم کەسە بانگەشەکارانە لەسەر عەشایەر و کوردەکانی ئێران کاریگەربیان نییە و لەمەش هەموو کەسێك دەزانێت. هەموو ئەو پیاوانەی کە دەڵێن سەفەریان کردووە، کەسانێکن کە چەندین جار تاقیکردنەوەی خزمەتگوزاری و نیشتمانپەرستییان داوە. بە شایەتیی هەموو کەس، تاکو ئێستا مەڵبەندی کوردنشینی مهاباد باشترین و ئارامترین و ئەمنتر لە هەموو شوێنەکان نیگای هەبوو. زۆربەی ئەم پیاوانە، ئەو کاتەی دەوڵەت ویستی، بە ئاماژەیەکی تەلەگرافی لە مالّ و ژیان و کار و کاسبیی خۆیان دەستیان هەڵگرتووە و هاتوون بۆ تاران، ئایا مانای دەرچوون ئەمەیە؟ تۆمەتبارکردنی ئەم جۆرە کەسانە بە خیانەتی نیشتمانی و خیانەتکردن لە وڵات، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی سویی لە ڕۆحیەتی ئەواندا دەهێڵێتەوە و دەبێتە هۆی دڵساردیی بەشێك لە دانیشتووانی ناوچەکە. مەبەست لەم ڕاپۆرتانە کە پێچەوانەی واقیعن، پیلانێکە، چییە؟ و...".

ئەو ڕۆژە لە ئەنجومەنی شورای میللی، نوێنەران ئەوەندە گرنگییان بەو قسە دڵنەرمانەی صەدر نەدا و وتەی جودابیخوازی لە زیهنی ئەواندا هەڵکۆڵرابوو. وەفاداریی ئەو بۆ سەڵتەنەت و ئێران، حکومەت و وڵات، سوودێکی نەبوو. حکومەت نەیدەویست لە

کوردەکانەوە شتێك ببیستێت، وەك ئەوەی لە دەرەوەی بینای ئەنجومەن ئاسوودەتر دەکرا دەنگی ئاواز و قسەی کوردی ببیستێت. لە تەماشاخانەی تاران، ملوك چرابی [١٤٨]، نەغمەی عارف، [١٤٩] زمرە دەکات کە "نیشتمان فەرامۆش نەکەن، قسە لە گوێ بگرن". لە ئەنجومەنی مۆسیقای میللییش کۆنسێرت بەڕێوەچوو. سەرەتا گۆرانییەك لە لایەن موسا مەعروفی، [١٥٠] لەگەڵ ڕێکخستنی ئەحمەد فروتەنی ڕاد و ئاوازی فروغ سەهامی، پێشکەش کرا، پاشان موعتەمەدی وەزیری [١٥١]، یەکێك لە گۆرانییەکانی ناوچەی کوردستانی بە ناوی (دویە دو)، لەگەڵ ئۆرکسترا پێشکەش کرد.

ئێران چەند یاداشتێکی نارد بۆ باڵیۆزی سۆڤێت، کە لە ڕۆژنامەی (اطلاعات)ی تاران، لە سەرەتای کانوونی یەکەم، بڵاوکرایەوە. بەڵام ڕادیۆی مۆسکۆ ڕایگەیاند کە دەوڵەت و بەرپرسانی ئێرانی سەرەتا باوەڕیان وابوو لەبارەی دیموکراتەکانی باکووری ئێرانەوە، بە نەرمی و ئارامی بابەتەکە چارەسەر بکەن، بەڵام سەرئەنجام فشاری زۆریان کەوتە سەر. وردە وردە قسەی دۆستانەی گۆڕا بە تۆمەت و فشار و ئاشکراکردن. ڕۆژنامەی (اطلاعات) لە سەروتاردا بە سەراحەت ڕەخنەی لە بارودۆخی ولات گرت و پەردەی لەسەر ڕووی ڕووداوی ئازەربایجان لادا و بە ئاشکرا دەخالەتی بەرپرسانی ولاتی ئاگادارەکردەوە. لە هەمان ڕۆژدا هەواڵی ناوەندی سوپا لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە کە "ئەردوکشی بە ناوچەی هەورامان و مەریوان کۆتایی هێنا. ٧٠٥ خانەوادەی عەشایەر هەڵاتن و بۆ شوێنەکانی یەکەمجاری خۆیان گەڕانەوە کە تێیدا بە کاروباری کشتوکاڵییەوە خۆیان سەرقاڵ کردبوو. سەرکردە لە سنوور دەرچووەکان، لە نموونەی مەحموود کانی سانانی و تیرەکەی ئەو، عەلی بیك و لە ژیر و تیرەکەی ئەو بەڵێنیان لە بەگزادەکان جگە ناوچەی هەورامان تەسلیم بوون و بە تەسلیمکردنی چەکەکان تەئمینان وەرگرت و...".

لە ڕۆژی ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥، بە تەواوەتی ئاڵای شاهەنشاهیی حکومەتی ناوەندی ئێران هێنرایە خوارەوە، لە شوێنی ئەو، ئاڵای نوێی کوردی لە ئاسمانی شاری مهابادا شەکایەوە. بەڵام بڵاوکراوەکانی ناوخۆی ئێران زیاتر بە شیکردنەوەی بارودۆخی ئازەربایجانەوە سەرقاڵبوون و بە کەمی هەواڵیان دەربارەی کوردستان بڵاودەکردەوە.

دروشمێـك كـه بـەردەوام لـه وەسـفی مەڵبەنـدی ئازەربائەدەگـان و غیرەتـی ئازەربایجـان بڵاودەكرایەوە و تەنانەت لـه ڕۆژنامەكاندا ستوونی تایبـەت بـۆ ڕووداوەكانی ئازەربایجان دانرابوو. جگه له بانگەشەی كۆنسێرته كورديیەكانی موعتەمەدی وەزیری لەگەڵ ئۆركسترا، هەواڵێكی تر لەسەر كوردستان بڵاونەدەكرایەوە. موحەممەد قازیی وەرگێڕی ئەدەبییش، لەجیاتی شیعر خوێندنـەوە لـەبارەی كوردستان، یان ئامۆژگاریی ئەندامانی خانـەوادەی قازییان له مهاباد، كه خۆی یەكێك لـەوان بـوو، شیعری بـۆ ماتـەمینی ئازەربایجان دەوت. ئەحمەد قەوام دەبێته سەرۆك وەزیران و دێته ناو وتووێژكردنەكان لەگەڵ سۆڤێت.

لەكاتێكدا كه ڕێوشوێنی وتووێژەكانی كۆنفرانسی مۆسكۆ بەڕێوەدەچوو، ڕادیـۆی لەنـدەن له شەوی شەممه، ۲۲ی كانوونی یەكـەمی ۱۹۴۵، ڕایەگەیـەنێت "كوردەكـان لـه ڕەزایـه، هەسـتان بـه هاوكـاریكردنی هێزەكـانی دەوڵـەت، هەرچـەندە كوردەكـان هەمیـشه دژایـەتیی كاروباری نیزامیی دەوڵـەتی ئێرانیـان دەكـرد. هێـشتا لـه تـاران هـیچ كەسێك نازانێت بۆچی كوردەكان ئێستا بۆچوونیان گۆڕیوه و هەستاون به هاوكاریكردنی هێزەكانی دەوڵـەت. ئێستا كوردەكان چەكی پێویستیان نییه، تـاكو بـه چـەكی بتـوانن ئـەركی خۆیـان كـه هاوكاریـیه بـه هێزەكانی دەوڵەت، ئەنجام بدەن". لـه ڕۆژنامـەی (اطلاعـات)ی ڕۆژی ۶ی كـانوونی دووەمـی ۱۹۴۶، وێنەیەك له له ڕێگەدانی هاتن و چـوون و گەشـتیار بـۆ كوردسـتان دەدرا كـه للایـەن حیزبی دیموكرات، خۆبەڕێوەبەری كوردیتان خرابووه ڕوو، بڵاودەكرێتەوە.

گۆڕانكارییەكانی باكووری ئێران له مانگەكانی سـەرەتای ۱۹۴۶، سـەرنجی جیهانیـان ڕاكێشا. موزەفەر فەیروز، پەیماننامەی لەگەڵ حكومەتی ئازەربایجان پێشنیار كـرد، بـەڵام نـاوی كوردسـتانی نـەبرد و كوردەكـانی لـەناو كەمایەتییەكانـدا نـاوبرد. هەرچـەندە كـه (پیشەوەری) لەگەڵ كوردەكاندا ڕێكەوتنی كردبوو كـه هـەر وتووێژێكیان لەگـەڵ حكومـەت هـەبێت، وەفـادار بێـت بـه نـاوەڕۆكی ڕێكەوتنەكـه و لەگـەڵ یـەكتر وتووێـژ بكـەن، بـەڵام ئازەربایجان بـەم بەڵێنـه وەفـای نـەكرد. بـەو هۆیـەوە كوردەكـان كردەوەكـەی ئـەویان بـه جۆرێك له خیانەت به ئامانجەكان نـاوبرد. ڕۆژنامـەی (واشـنتۆن نیـوز) لـه ڕەخنـەگرتن لـه

شێوازی وتووێژەکانی وەزیرەکانی کاروباری دەرەوە لە مۆسکۆ، حکومەتی ئازەربایجانی بە جۆرێك بووکەڵەی شانۆسازی دەچووێنێت.

قازی موحەممەد لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ (ئاصف) پەیوەندیی هەبوو. تەنانەت (صەدری)ی بۆ بینینی ئەو نارد بۆ سنە، تاکو پشتیوانیی ئەو بەدەستبهێنێت، بەڵام ئاصف چالاکییەکانی ئەوانی بە بێ بەرهەم زانی. هەرچەندە قازی موحەممەد لە پەیوەندی لەگەڵ ئاغا (خان)ەکانی تر و (بەگ)ەکانی ناوچەکەش بێ ئاگا نەبوو، گەرچی لە پشتی پەردەوە هەموو ئەوانە لەگەڵ حکومەت پەیوەندییان هەبوو، بەڵام بە ڕووکەش لەگەڵ قازی موحەممەد هاودەردبی خۆیان بۆ دەردەبڕی. سەرکردەی گەورەی کوردستان (ئاصف)، یازدە خول نوێنەری کوردستان بوو لە ئەنجومەن. دوای پاشایەتیی ڕەزاشا و گۆڕانکاری و گۆڕینەکان لەناو وڵاتدا، کوردستانی بەڕێوەدەبرد. کاتێك کە بارودۆخی کوردستانی باکوور و مهاباد بەو شێوەیەی بەسەردا هات و مهابادی ناوەند بۆ چالاکیی کوردە دیموکراتەکان بوو، ئاصف لە سنە چالاکیی کوردەکانی دیموکراتی پووچەڵکردەوە و ڕێگای نەدا ئەو شارە بەشێوەی مهابادی نوێ دروستببێت. ئاصف لەدوای کۆتاییهاتنی خولی چواردەیەمی نوێنەرایەتیی، بوو بە قائیمقامی سنە. هەمیشە دوای گەڕانەوە لە سنە، دەچووە خزمەت شا و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستانی دەخستە بەردەمی. چەند جارێکیش مەدالیای ڕێزلێنانی همایۆنی پێبەخشرا.

یەحیا صادق وەزیری، بەم شێوەیە باسی ئاصەف دەکات " کە مەسەلەی ئازەربایجان هاتە پێشەوە، سەرداری گەورە جارێکی تر بووە قائیمقامی ڕێزلێنراوی کوردستان و نەیهێشت کە کوردستان بچێتە ژێر دەسەلاتی کۆماری مهاباد. دەیوت: صەدری قازی هاتووە بۆ لای من و داوای کردووە تا ئێمەش لە سنە هاوڕێیەتیی بکەین، بەڵام من وتوومە ئێوە کەسانی بەڕێزن، بەڵام ئەم کارە ناچێتە پێشەوە، من لە بەرژەوەندیی نابینم. چارەنووسێکی باشی نییە و نامەوێ خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم جۆرە مەسەلانە ڕووبەڕووببنەوە. ئاصف حەزی نەدەکرد قازی لە مهابادەوە ئەم حاڵەتی نادڵنیایی و دڵەڕاوکێیە فراوان بکات بۆ شوێنەکانی تری کوردستان و سامانی کوردەکان ڕووبەڕووی

نائەمنی بکاتەوە. ئەم کۆمارە لە شاری مهاباد زیاتر، فراوان نەبوو. لەو کاتەدا شاری سنە بە فراوانی و دانیشتووانی دوو تا سێ بەرانبەری مهاباد، بە تەواوی دوور لە ڕووداوەکان بوو. تەنانەت لە باشوورەوە، بۆکان تا مەریوان و کامیارانیش، خەڵکی ئاسایی کورد لەم کۆمارە ئاگادار نەبوون و تەنها کەسانی خوێنەر لەم ڕووداوانە بەئاگا بوون".[۱۵۲]

بە پێچەوانەی ئامۆژگاریی ڕووسییەکانەوە، لە ۲۲ کانوونی دووەمی ۱۹۴۶، قازی موحەممەد یونیفۆرمی نیزامیی ڕووسییەکانی پۆشی، بەڵام هاوکارە مەزهەبییەکەی بەردەوام لەسەر مابووەوە و سەربەخۆیی کوردستانی ڕاگەیاند. لە مەیدانی چوارچرا، لە ۱۱ی شووبات، وەک سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا. بەڵام حوکمی کۆماری تازەدامەزراو تا ۵۰ میل لە دەوروبەری مهاباد ئیعتیباری هەبوو و سنە و سەقز و ورمێ و کرماشان و... بەردەوام لەژێر کۆنترۆڵی لایەنگرانی ئەمریکا و ئینگلیزدا بوون.

زۆرێک لە هۆزە کۆنەکان، ناوچەکانی خۆیان چۆڵ کرد، نەوەک لە لایەن حکومەتی ناوەندەوە زەرەر و زیانیان پێ بگات. تەنانەت لە مهاباد، هۆزەکانی وەکو دێهکوردی و مامش و شکاک و مەنگور،[۱۵۳] هەر خۆشیان بە کۆمارەوە سەرقاڵ نەکرد. مامش و مەنگور، بە ئاشکرا بووبوونە میواندارێ بارزانی، چ جای لە زیهنی بارزانی لەبارەی قازی موحەممەدیشەوە ڕۆڵیان هەبێت. هەرچەندە ڕووسیا هەندێ لە سەرکردەی هۆزەکانی وەک: عومەر خانی شکاک،[۱۵۴] عەبدوڵڵا بایەزیدی[۱۵۵] و ... هان دا کە پشتیوانیی خۆیان ڕابگەیەنن، بەڵام هەندێکی تر لە کوردەکان بەتایبەت مەزهەبییەکان، بە بەدگومانییەوە سەیری قازی موحەممەدیان دەکرد، کە "بۆچی قازی موحەممەدی مەلا، پەیوەندیی دۆستایەتیی لەگەڵ سۆڤێت یان کۆمۆنیستەکانی لە خوا بێ خەبەر و بێ باوەڕ بەستووە" ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە ڕووسییەکان بەدرێژایی جەنگی جیهانی، شاریان وێران کردبوو. قازی دوو گرفتی سەرەکیی هەبوو، نە سۆڤێت گرەنتیی بەرگری لێ کردن و پشتیوانیی ئەوی دابوو، نە ئامرازی بەرگریی هەبوو. ئەو تەنها کۆمەڵێکی بچووک چەکداری پەیڕەوکاری خۆی لە شێخە جیاوازەکان هەبوو، کە کەسانی ڕەنگاوڕەنگ و جۆراوجۆر و بێ دیسپلین بوون، شایانی متمانە پێ کردن نەبوون.

"ناوچەیەک کە لەژێر کۆنترۆڵی کۆماری مهابادا بوو، بەشێکی بچووکی لە کوردستانی ئێران پێکدەهێنا. ناوچەکانی ناوەندی کوردستان، شارەکانی وەک سەقز و سنە و کرماشان و پاوەی نەدەگرتەوە و نەیدەتوانی لە ئامادەباشیی و توانای ئەوان سوودمەند بێت، چونکە ئەو شارانە نەهاتبوونە ناو کۆماری مهابادەوە. زیاد لەوەش، پێکهاتەی کۆن و خێڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی لە دەیەی ١٩٤٠دا، وەک ئاشکرایە، ناسنامەکانی تری دەخستە ژێر رکێفی خۆیەوە".

دروستکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ لە ئاهەنگێکدا ڕاگەیەندرا، کە زۆربەی کوردەکان لە شەقامی چوارچرا چاوەڕوانی هاتنی قازی موحەممەد بوون. شەقام و گەڕەک و کۆڵانەکان، شەپۆلیان دەدا. ژن و پیاو و پیر و لاو، وەستابوون سەیری ئەم دیمەنە مێژوویییەیان دەکرد. کاتێک قازی موحەممەد بە جلوبەرگی فەرمییەوە هات، خەڵکی بە جەیلەڵێدان و فیکە و هەلهەلە کێشان، پێشوازییان لێ کرد. هەندێ جار لە خۆشی و شادیدا فرمێسک لە چاوەکانی دەهاتە خوارەوە و دروشمی بژی و بمرێیان دەوتەوە. ئالا سێ ڕەنگەکەی کوردستان بەرزکرایەوە و دەنگی هەلهەلەی خۆشیی خەڵک و تەقەی خۆشی، گەیشتبووە ئاسمان. قازی موحەممەد بە ڕێز و خۆبەکەمگرییەوە، لە پاڵ ئالاکەدا وەستا و قسەی بۆ خەڵکی دەکرد. بەو شێوەیە دامەزراندنی کۆماری ڕاگەیاند. کاتێک کە ئالاکەیان بەرزدەکردەوە، عوسمان دانش کە مامۆستایەکی عێراقی بوو، ئەوەندە بە هەستیاری و فرمێسکەوە پەتەکەی ڕادەکێشا، لەو خۆشییە زۆرەدا لە هۆش خۆی چوو و کەوت بە زەویدا. هەر ئەوەندەی کە شاعیرێکی لاو بوو، شیعری زۆر هەستیاری خوێندەوە، کە لە یەکێک لە نیوەدێڕەکانیدا سوپاسی خوای کرد کە نەمرد و گەیشت بە ئاواتی خۆی.[١٥٦] ئەو شەوە تا بەیانی، زۆربەی خەڵکی شار لەگەڵ مۆسیقا و گۆرانی هەڵپەڕکێی خۆشییان دەکرد، دەیانویست باوەڕ بکەن کە ئەم دیمەنانە ڕاستین. کۆمەڵێکیش تەنها تەماشایان دەکرد، هەندێ کەسیش بۆ حکومەت و سوپا ڕۆڵی سیخوڕیان دەبینی.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی قازی موحەممەد لە گۆڕەپانی چوارچرا، دەنگی مارشی گرووپی میوزیکەکە ئاسمای شاری پڕکرد. هەڵپەڵەی خۆشی و چەپڵەلێدانی خەڵک، شاری خستبووە لەرزە. وتنەوەی دروشمی بڕی کوردستان، بڕی حیزبی دیموکرات و بڕی پێشەوا قازی، بەرزبووبووەوە و شاری مهابادی سەرتاپا گرتبووەوە. ئالا سێ ڕەنگەکەی کوردستان لەسەر دەرگا و پەنجەرەی خانووەکان، دوکانەکان و سەربانی خانووەکانی شار، دەشەکایەوە. خەڵکی ئەوەندە خۆشحاڵ بوون کە هیچ کەس بیری لە ئایندە و پاشەڕۆژی نەدەکردەوە. لە لایەکی تردەوە کەسانی چەکدار بۆ ماوەی دە دەقیقە، سەدان گوللە تۆپیان وەك خۆشی تەقاند. خەڵکی بە کۆمەڵ هاواری خۆشحاڵییان لێ بەرزدەبووەوە و پیرۆزبایییان لە قازی موحەممەد کرد.

ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری مهاباد، کردنەوەی قوتابخانەی کچان لە لایەن قازی موحەممەدەوە ڕادەگەیەندرێت. ئەمە هەوڵێکی ڕۆشنبیرانەی چاك بوو، بەتایبەت بۆ نیشتمانێك کە ڕووبەڕووی گرفتی نەبوونی توانای خوێندن بووبووەوە. خوێندنی بە خۆڕایی و جلوبەرگ و خواردن و کتێبی وانەکان، پێشکەش بە منداڵەکان کرا. لەو کاتەدا لە مهاباد قوتابخانەی کەمی لێ بوو و هیچ کامیشیان بە زمانی کوردی نەیاندەخوێند. لە سەرەتاوە کتێب بە زمانی کوردی دەستنەدەکەوت و مامۆستاکان لەسەر مەتنە فارسییەکە کتێبەکانیان بە شەفەیی دەکرد بە کوردی، بەڵام بەر لە ڕووخانی مهاباد، کتێبی وانەکان بە زمانی کوردیش چاپ کران. دوو بڵاوکراوەی هاوار و هەڵاڵە، هەروەها گۆڤاری ژنان لە مانگی ئایاری ۱۹۴۶ و پاشان ڕۆژنامەی کوردستانیش، بڵاودەبوونەوە. شیعرەکانی شاعیرە هاوچەرخەکانی وەك هێمن و هەژار، لەوێ بڵاودەکرانەوە. کۆماری مهاباد، سومبوولی هەوڵەکانی ڕۆشنبیرانی کورد بوو، کە بەشێوەیەکی بەرچاو سوود و قازانجی کوردەکان دابین دەکرد. هەرچەندە ئەم هەوڵە سەرکەوتوو نەبوو، تاکو لە سیستەمێکی کۆنی شێخ و ئاغا و مەلادا، جۆرێك جێگرەیی بێتە ئاراوە و سیستەمێکی مۆدێرن دروست ببێت.

"لە ساڵی ۱۹۴۶دا، قازی موحەممەد کاریگەرییەکی زۆر بەهێزی هەبوو. لەو کاتەدا لە بزووتنەوەی ناوخۆی کوردستانی عێراقدا، هەندێ جار خۆپیشاندان و دژایەتی و ڕاپەڕین و

کۆبوونەوەو مانگرتن هەبوون. دامەزراندنی کۆماری مهاباد و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، که پاشان بووه بناغەی دیموکراتی کوردستانی عێراق، کاریگەریی زۆری لەسەر کوردستانی عێراق هەبوو. قازی موحەممەد بووبووه پاڵپشت و خاڵی وەرچەرخانی مێژووی هاوچەرخی کوردستان. بۆ چینی نەخوێندەواریش، بە جۆرێك وەك قیبلە و ئەفسانەی ناسنامەی کوردی دەناسرا. کوردەکان لە هەندێ ناوچەی کوردستان، سەرگەرمی ناسیۆنالیزمی کورد و مەسەلەی نەتەوەیی بوون و حیزبەکەی قازی موحەممەدیان وەك نموونە دەهێنایەوە".

دەنگی حیزبە سیاسییەکان دەبیسترا. لە ساڵی ١٩٤٦ بەدواوە، ڕادیۆی دەنگی باکۆ بە ئازەری و کوردی سرووودی ئەی ڕەقیب و ناسیۆنالیزمیی بۆ گوێگرەکانی پەخشدەکرد. هەندێ لەوانە کاتێك ناوی کۆماری مهاباد دەهات و ناوی فەرماندەکانی کورد دەخوێنرایەوە، دەکەوتنە ژێر کاریگەرییەوە و هەندێ جار فرمێسك بە چاویاندا دەهاتە خوارەوە. تەنانەت دوای ڕاپەڕینی مهابادیش، تا ماوەیەك، بۆ پارێزگاری کردن لە ڕۆحیەتی ناسیۆنالیزمیی کوردەکان، بەردەوام ئەو سروودانە بڵاودەکرانەوە. ڕادیۆی سۆڤێت، بۆ وروژاندن و جووڵاندنی شۆڕشی کوردەکان، پەیتا پەیتا بانگەشەی دەکرد. لەو ڕۆژانەدا ڕادیۆی تەبرێز ١٥ - ٢٠ دەقیقە، بە زمانی کوردی بەرنامەی پەخشدەکرد. تەنانەت تا ئەو کاتەی که کۆماری مهاباد لەناوچوو و ئەندامەکانی بارزانی چوون بۆ باکۆ، ئەم ڕادیۆیە بەردەوام بە زمانەکانی کوردی و ئازەری و فارسی بەرنامەی پەخشدەکرد. یەکێك لە بێژەرەکانی دکتۆر سوڵتان ئەترووشی بوو، کە هەواڵەکانی تایبەت بە مهابادی دەخوێندەوە.

"دوای جەنگی جیهانی، هەموو گەلەکان کەوتبوونە جووڵە و بزاوتەوە و بۆ ئامانجی خۆیان هەوڵیان دەدا. هاوپەیمانانیش بەڵێنی هاوکارییان دەدا. لەم نێوەندەدا، کوردەکان دەیانویست لەم پارچەیەدا، قبایی بۆ خۆیان بدرون و کۆماری مهاباد ئومێدی بە هەندێ لە کوردەکان دابوو. کاتێك جووڵانەوەیەکی وەك کۆماری مهاباد لە کوردستانی باکووری ئێران ڕووەدات، ڕەنگە لەسەر ناوچەکانی تری کوردستان بێ کاریگەری نەبووبێ. بارودۆخی

تایبەتی جەنگی جیهانی، جۆرێك لە بیری ئازادیی لەنێو كوردەكاندا دروستكردبوو". هەرچەندە قازی موحەممەد لە دوای شۆڕشی بارزان، لە ساڵی ۱۹۴۵ بزووتنەوەی سیاسیی خۆی لە مهاباد دەستپێكرد، بەڵام كوردەكانی عێراق بە كۆماری مهابادیان دەوت شۆڕشی گەورەی كوردستان، چونكە لە دیدگای ئەوانەوە سیاسەتی دامەزراندنی كۆمارێك گەورەترە لە سنووری مهاباد. میر حاج و نووری ئەحمەد تەها و چوار ئەفسەریش كە بە رازیبوونی بارزانی لە ئێران بوون، پەیوەندییان بەم شۆڕشەوە كرد. نیزامییەكان و سیاسییەكان، لە دامەزراندنی كۆماری مهابادا بەشداریان هەبوو و لە رۆڵی سیاسیی شۆڕشەكەدا بەشدار بوون. هەرچەندە كۆماری مهاباد نەیتوانی شتێكی تایبەت بۆ ماوەیەكی درێژ جێگیر بكات و جووڵانەوەكەی قازی موحەممەد لە پێگەیشتنی فیكری سیاسیی كوردەكان، بەتایبەت لە كوردستانی عێراق كاریگەری زۆری هەبێت.

لە ساڵی ۱۹۴۵، ئیتر كەناری رۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاست كە شارستانیەتی رۆژئاوا لەوێوە دەستی پێكرد، گۆڕابووە شانۆی چالاكیی توند و ڕكابەریی سۆڤێت و ئەمریكا. توركەكان و عەرەبەكان و كوردەكان، ئێرانییەكان و یەهودییەكان، تا ئەندازەیەك سەركەوتوو بوون لە هەوڵی خستنە بەرانبەر یەكی ئەو دوو هێزە، بەڵام هیچ كاتێك مەسەلەی ئەوان، لە خولی یەكەمدا، شەڕی سارد یان كۆمۆنیزم و دژی كۆمۆنیزم نەبوو. ناوچەكە سەرچاوەیەكی دەوڵەمەندی زۆر گەورەیە و كۆنترۆڵكردنی گرنگییەكی زۆری بۆ ئەوان هەبوو. بەڵام مەسەلەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مەسەلەی سەركێشانەی دونیای دیبلۆماسیەت بووە. رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام بۆ سیاسەتبازانی ئەمریكا، دەردیسەری بووە و هەمیشە كۆمۆنیزمیان وەك هێرشێك بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قەڵەم داوە.

وەك دەزانین، لە سەرەتای ساڵی ۱۹۴۵، لە بارودۆخی سیاسیی كوردستانی عێراقدا، حیزبی كۆمۆنیست بوونی هەبوو و هەندێ لە حیزبەكان، وەك هیوا، هەڵوەشابوونەوە. هیوا حیزبێكی گەورەی كوردی بوو و ڕەفیق حیلمی سەرپەرشتیاری بوو. دڵدار و موكەرەم تاڵەبانی، پارێزەری سیاسی، ئەندامێتییان تێیدا هەبووە. حیزبێكی زۆر چالاك و فراوان بوو و زۆربەی لاوەكانی كورد ڕوویان تێكردبوو. دواتر بە هۆی جیاوازیی ناوخۆیی چەپ و

ڕاست، هەڵوەشایەوە. لەو سەردەمەدا دوو هۆگری لە سەرکردەکانی کورددا دەبینرا: لاوەکان وایاندەزانی دەتوانن پشت بە پشتیوانیی ڕووسییەکان ببەستن و بەتەمەنەکانیش ڕقیان لە هاوکاریکردن بوو لەگەڵ سۆڤێت. کوردەکان زیاتر پەیوەندییان بە حیزبی کۆمۆنیستیی کوردیی (ڕاپەڕین یان شۆڕش)[159] و ڕزگاریی کورد[160]، یان بە کۆمۆنیستی عێراقەوە کرد. حیزبی ڕزگاریی کورد، لە ڕێی یاداشتێکەوە[161] بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە سەرەتای ۱۹۴۶دا داوای لە سکرتێری ئەنجومەنی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە هەڵەکانی ڕابوردوو لە کوردستان قەرەبوو بکاتەوە. بێگومان، تەماح و بەرژەوەندیی سیاسەتی کۆن بوو، کە بووە هۆی وەها گلەییەک. بەڵام گرفتەکان، زۆرینەی هی دوو جەنگە جیهانییە گەورە بوون. چەند نوسخەیەک لە یاداشتەکە، بۆ باڵیۆزخانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و چین و سۆڤێت و ئینگلیز لە بەغدا، نێردران، بە مەبەستی گواستنەوەی بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەدوین سکونریک[162]، بەڕێوەبەری کاتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەغدا، نوسخەیەک لە یاداشتەکەی لە ۲۳ی کانوونی دووەمی ۱۹۴۶، بۆ وەزارەتی دەرەوە نارد، پێی ڕاگەیاندن کە باڵیۆز توانای بەدەستهێنانی زانیاریی تایبەتی لەبارەی حیزبی ڕزگاریی کورد و ئامانجەکانیەوە، نییە.

لە ئێران سەردەمی سەرۆک وەزیرانیی ئەحمەد قەوام[163] دەستی پێکردبوو. ئەو لە لایەکەوە لە چەپەکانەوە نزیک بووەوە و لە لایەکی ترەوە لە ۱۹ی شووباتی ۱۹۴۶، بە سەرۆکایەتیی شاندێکی ۸ کەسی، بۆ ئەنجامدانی وتوێژ سەردانی ڕووسیای کرد. قەوام لە سەرەتادا لە پشتیوانیی لایەنگرانی ئەشرافی و حیزبی تودە و حکومەتی خۆبەڕێوەبەری کوردستان و ئازەربایجان، سوودمەند بوو. لەگەڵ دیموکراتی ئازەربایجان گەیشتە ڕێکەوتنی کاتی. موزەفەر فەیروز، جێگری قەوام، ڕۆیشت بۆ تەبرێز و خۆبەڕێوەبەریی تەبرێزی بە فەرمی ناساند. وردە وردە قەوام درێژەی بە سنووردارکردنی چەپەکان دا و پەیوەندیی خۆی لەگەڵ تەبرێز و مهاباد[164] کەم کردەوە.

قەوام ڕۆیشت بۆ مۆسکۆ و لەگەڵ دانپێدانانی ڕازیبوونی بە خۆبەڕێوەبەریی ئازەربایجان و کوردستان، پەیماننامەی کۆمپانیای نەوتی ئێران و سۆڤێتی بۆ ناوچەکانی باکووری

ئێران، ئیمزا کرد. قەوامۆسەلتەنە لە کاردانەوەدا بۆ نەوتی باکوور و ڕووداوەکانی ئازەربایجان و کوردستان، مەبەستی گۆڕانی قوولّ و خێرا بوو. ئەو و جێگرەکەشی، موفەزەر فەیروز،[۱۶۵] دژی حیزبی ئیرادەی میللیی سەید زیا تەباتەبایی دەستبەکاربوون و حیزبی دیموکراتی ئێرانیان دامەزراند. پاشان قەوام لە کۆتایی شووباتی ۱۹۴۶ سەفەری بۆ سۆڤێت کرد. لەگەلّ ستالین گفتوگۆی دەربارەی ئەو مەسەلەیەی کە هەیە لە هەر دوو ولاّتدا، کرد و ڕێکەوتنی گرێدا. ئەوکات کابینەی نۆژەنکردەوە و بە کردەوە زەمینەی چۆلّکردنی باکووری لە سوپای سوور فەراهەم کرد. قەوام سیاسەتی دژی سۆڤێت و دژی حیزبی تودەی هەبوو، سیاسەتی ئەو ڕۆلّی قسەی عاشقانە و داتاشراوی لە بەرانبەر سۆڤێتدا هەبوو. کاتێك قەوام ڕۆیشت بۆ سۆڤێت، موحەممەد موصەدیق لە ئەنجومەنی شووڕای میللی، لەبارەی چۆلّکردنی ئێرانەوە لە هێزە نیزامییەکانی سۆڤێت، قسەی ئاگرینی کرد. قەوام لە سەفەرەکەیدا بۆ ڕووسیا، بەڵێنی دا کە ناوەڕۆکی ئەو ڕێکەوتننامەیە لە پەسەندکردنی ئەنجومەن تێپەڕێنێت، سۆڤێتیش باوەڕی بە بەڵێنی ئەم سیاسییە کرد و سوپاکەی خۆی لە ئێران هێنایە دەرەوە. لەگەلّ چوونە دەرەوەی سۆڤێت لە ئێران، بارودۆخەکە گۆڕا و ئەمریکا و ئینگلیز لە ڕێگەی قەوامەوە، وەزیرەکانی تودە و حیزبی ئێرانیان لە کابینەی حکومەت کردە دەرەوە.

دوای دامەزراندنی کۆماری مهاباد و گۆڕانی بارودۆخی سیاسی لە جیهاندا و بەتایبەت لە ئێران، هەندێ چالاکیی کورد لە کوردستانی عێراقیش بوونی هەبوو، بەڵام ئەو بارودۆخە دوای ئەو گۆڕانکارییانە دروستبوون لە کوردستانی ئێران، کە کاریگەریی زۆری لە کوردستانی عێراقدا هەبوو و تەنانەت هەندێ لە مامۆستاکان و قوتابییەکان و ئەفسەرەکان ڕۆیشتبوون بۆ کۆماری مهاباد. ئەڵبەتە کارەکە گەیشتبوو بە پێڕاگەیشتنی ڕاژەی حکومەت و نۆژەنکردنەوەی سوپا. سوپای مهاباد باری دوو بارهەڵگری بچووکی لە سوپای ڕووسیا لە شووباتی ۱۹۴۶ وەرگرتبوو، کە بریتیبوون لە ۵۰۰ چەك و چەند ڕەشاشێك و تەقەمەنی و بۆمبی دەستی، چەند هۆکارێکی گواستنەوەی ڕووسی و ئەمریکایی، کە لەڕاستیدا دیاریی خۆڕایی ڕووسیا بوون، کە لە بەرانبەر ئەوەدا، هەموو بەرهەمەکانی تووتنی کۆماری مهاباد لەو ساڵەدا وەربگرن. کۆماری مهاباد، بە لای کەمەوە ۷۰ ئەفسەری نیزامی و ۴۰

ئەفسەری غەیرەنیزامی و ١٢٠٠ سەربازی هەبوو، کە زۆربەی ئەفسەرەکان لە سوپای عێراق و ئێران خزمەتیان کردبوو، بەڵام خاوەنی بەرپرسیارێتیی بەرێوەبەرێتی بوون. لە بنەڕەتدا سوپا و هێزەکانی نیزامی بەبێ چاودێریی ئەفسەر بووە و زیاتر رۆڵی گاردیان لە ئەستۆدا بووە، هێزی بەرگریی سەرەکیی کۆماری لە دەستی هۆزە شێخەکاندا بوون. هێزە نیزامییەکان، ئەندامانی حکومەت و ئەفسەرەکان، جلی یۆنیفۆرمی ڕووسییان پۆشیبوو بوو. ڕووسییەکان لەشکری سوپایان لە تەبرێز چەککرد.

ئەڵبەتە ناتوانین رۆڵی بارزانی لە پێکهاتە و پەیکەری دامەزراندنی کۆماری مهابادا لەبەرچاو نەگرین. هەرچەندە کاتێک کە کۆماری مهاباد دەستی بە کار کرد، هێزەکانی بارزانی ڕوویان کردە ئەو و کاروانی سەرەکیی نیزامیی مهابادیان پێکهێنا. دەتوانم بڵێم کە بارزانی رۆڵی گرنگی لە مەسەلەی بەرگریی سەربازیی مهابادا، بەر لە ڕۆیشتنی بۆ ڕووسیا، دەبینی. "بارزانی و ژمارەیەک کە لەگەڵ ئەودا لە عێراق هەڵهاتبوون، گەرچی بوونە بەشێک لە سوپای کۆماری مهاباد، بەڵام لە دواتر بارزانی بە هەمان بەرگ و یونیفۆرمی نیزامی و بە پلەی ژەنەرالی، بەبێ ئاگاداریی قازی موحەممەد، بان ڕاوێژ پێکردنی، ڕۆیشت بۆ بنکەی سەربازیی ڕووسییەکان لە تەبرێز و بە کردەوە خیانەتی لە قازی موحەممەد کرد و ئەوی هەڵخەڵەتاند. بەڵگەکانی ڕووکنی دووەمی سوپای ئێرانیش شایەتی ئەم ئیدیعاکردنەن، کە بارزانی لەبەر حەسوودییەکی زۆر کە بەرانبەر قازی موحەممەد هەیبوو، لە کار و بەرنامەکاندا بە گوێی ئەوی نەدەکرد. بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسان و ئەندامانی ئێرانی لە دەرەوەی سنووری کۆماری مهاباد، بە کۆکردنەوەی هەواڵ و دروستکردنی هەواڵی بێ بنەما لە دژی ئەو، سەرقاڵ بوو. دوای ماوەیەک، حەمەڕەشید خانی بانە، پەیوەندیی نێوان قازی موحەممەد و بارزانیی گۆڕی بە دڵگرانی و ئەوان دوای ئاشتبوونەوە و صوڵحکردن، ئیتر ئەوەندە باوەڕ و متمانەیان بە ئەو نەبوو".

هەرکاتێک کۆمەڵێک لە عەشرەتەکان یان حیزبەکان دەڕۆیشتن بۆ بنینی بارزانی، لای ئەوان دەستی دەکرد بە گلەیی کردن و دەیوت "ئێمە میوانی ئێرەین، بەڵام برسیمانە. شێخ ئەحمەد لە نەغەدەیە و من لە مهاباد. خەڵکەکەم سوالّ دەکەن". لە بەرانبەر ئەم

قسانەدا، قازی بێ دەنگ دەبوو و دڵی بە ئارامی دەسپارد، چونکە توانای زۆری نەبوو تاکو ژیانی ئەو هەموو میوانە بانگنەکراوانە دابین بکات. "لەو ڕووەوە بارزانی دژ و ناڕازی بوو، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە لەوانەیە گرفتێکی نەبووبێت". قازی موحەممەد ناڕازی بوو لەوەی کە بارزانی بەرانبەر یاساکانی ئێران تووندڕەو بوو و ڕەچاوی نەدەکردن، چونکە بووبووە هۆی کەموکوڕی لە کاروباری کۆماری مهاباد و ئاڵۆزیی زەین و نیگەرانیی حکومەتی ناوەند.

"لە بڵاوکراوەکانی ئێراندا هەواڵی ناڕوون دەربارەی کوردستان دەبیسترا و ناوی قازی موحەممەد وەک سەرۆکی دەوڵەتی کوردستان و ڕابەری یەکەمی کوردەکان، زۆر دەبیسترا. بارزانی کە کەسێکی دەسەڵاتداری ناوچەیی و لە سەرۆکەکانی کوردی عێراقە، لە نیشتمانی خۆی هەڵهاتووە و لە کوردستانی ئێران نیشتەجێ بووە. کۆمەڵێکی لە دەوری خۆی کۆکردووەتەوە و بووەتە هۆی کەموکوڕی لە کاروباری کوردستاندا. دەردەکەوێت کە هاوتەریبی جوولانەوەی ئازەربایجان، بزووتنەوەیەکیش لە کوردستان دەستی پێکردووە کە بووەتە هۆی ئاڵۆزیی زەینی عێراق و تورکیا و ئینگلیز. ئەڵبەتە سەرۆک وەزیرانی عێراق ئاشکرای کرد کە لە نێوان پێنجسەد هەزار نەفەری دانیشتووی عێراق، ڕاپەڕینی سەربەخۆخوازی دەستی پێکردووە. داوای لە ئێران کرد کە بارزانی بگەڕێنێتەوە بۆ عێراق، بەڵام ئێران وا وەڵامی داوەتەوە کە ئەو لە ناوچەی داگیرکراوی ڕووسییەکاندا دەژی و ڕووسییەکانیش دەویانوت کە بارزانی لە ناوچەی داگیرکراوی ئەواندا نییە".

کاتێک کە حیزبی دیموکرات بە بەرچاوی بارزانییەوە گەشەی کرد، هەروەها بە بینینی قازی موحەممەد و ڕووداوەکان، ئەو بیرە لە زەینی بارزانیدا دروستبوو کە حیزبێکی هاوشێوە لە کوردستانی عێراق دروست ببێت، بەڵام ڕاسپاردەی ڕووسییەکانیش زیاد لە هۆکارەکە بوو. لەمبارەیەوە دوو فیکری دژبەیەک بوونی هەیە: لایەنگرانی ئەو لەگەڵ تێڕوانینی ئیجابی، دەیانوت کە حەمزە عەبدوللا لە مهاباد پێشنیاری کردووە بۆ بارزانی، کە هاوشێوەی قازی موحەممەد لە مهاباد "ئەوانیش لە کوردستانی عێراق وەها حیزبێکیان هەبێت. بەم پێشنیارە بارزانی کەوتە ئەو بیرەوە کە خەڵکی کورد لە کوردستانی عێراقیش پێویستیان بە حیزبێکی

سیاسیی سەربەخۆ هەیە. بەم شێوەیە حەمزە عەبدوللایان نارد بۆ کوردستان. تەنانەت قازی موحەممەد لیستێکی ناوی دابوو پێی کە ئەو کەسانە[١٦٨] بێنە ناو حیزبەکەوە[١٦٩]". بەڵام لە بەرانبەردا کۆمەڵێك بە تێرۆرانینێکی سیاسییانەتر، ئەوەیان بە جۆرێك لە پێشبڕکێ زانیوە، کە بارزانی دەیویست ئالای جوولانەوەی کوردی لە تایبەتمەندێتیی قازی موحەممەد بهێنێتە دەرەوە و هەموو شانازییەکان نەبنە بەشی ئەو. پەیوەندیی نێوان بارزانی و قازی موحەممەد سەرنجڕاکێش نەبوو و هەمیشە ناکۆکییان هەبوو".

چونکە بارزانی دەیویست ڕابەرێکی بێ ڕکابەری سەر ساحەی سیاسیی کوردستانی ئێران و عێراقیش بێت. لەبەرئەوە بارزانی کاتێك کە لە مهاباد بوو، بیری لەوە کردەوە کە حیزبێکی کوردیی هاوتەریب و هاوناو لەگەڵ حیزبەکەی قازی موحەممەد دابمەزرێنێت، بەڵام قازی موحەممەد ئەوەندە هاوڕای ئەم کارە نەبوو و دەیوت: "لە ئێران کۆڵ و بەرپرسارێتییەکی قورسم لەسەر شانە و بارودۆخ زۆر باش نییە، تۆ بڕۆ لە کوردستانی خۆتان حیزب دابمەزرێنە و ناوەکەشی بنێ حیزبی دیموکراتی کوردی عێراق، یان هەرناوێك کە خۆت دەتەوێت، لێی بنێ".

قازی پێگەیەکی دۆزییەوە و وەك پێشەوا نازناوی دەرکرد. شتێکی سروشتییە کە ئەم دوو کەسایەتییە ڕووبەڕووی یەکتر دەبوونەوە و تەنانەت هەندێك باوەڕیان وایە "ڕۆژێك دوای ئەوە قازی لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوەی کرد و گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە حیزبی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق کە لە مهاباد دامەزراوە، بە هەندێ هۆکار هەڵبوەشێنرێتەوە. بۆ نموونە بوونی کێشەی سیاسی لە مهاباد لە لایەن ئێران و تورکیا و عێراقەوە، کە گوایە ئێمە سەرقاڵی دروستکردنی فیتنەین لە وڵاتانی تردا و سەرقاڵی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە هەر چوار پارچەکەداین. فشار دەخرێتە سەر ئێران و ئەم حیزبی دیموکراتە پەیوەستە بە هەموو کوردەکانەوە، ئەگەر هاوکارییەکیشتان بوێت، ئێمە بە ئێوەی دەکەین. بارزانیش دانی پێدا ناو بەپێی فەرمانی قازی، حوکمی هەڵوەشانەوەی حیزبیان ئیماز و مۆر کرد".

بەڵام کۆمەڵکەی لایەنگری بارزانی بەردەوام باوەڕیان وایە کە "لە مهاباد لەگەڵ دۆستەکانیدا پرۆگرامی پارتییان دانا. بەرنامەی حیزبی پارتی دیموکراتی کورد لەژێر چاودێریی قازی موحەممەددا دروستبوو و بارزانی لە ڕەوتی کارەکە بێ خەبەر بوو. حەمزە عەبدوللاش لە مهاباد‌ەوە هات و کۆبونەوەی پێ کردن". کۆمەڵکەی بەرانبەر باوەڕیان وایە کە "بەپێی فەرمانی ڕووسیا، حەمزە عەبدوللا چووە کوردستانی عێراق و حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق [۱۷۰] لە ساڵی ۱۹۴۶، لە لایەن کۆمەڵێك ڕۆشنبیرەوە، بە ڕابەرایەتیی حەمزە عەبدوللا، بەردی بناغەی دانرا و دامەزرا. هاتنە ئارا و دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق، پەیوەست دەبێت بە کۆمەڵێکەوە کە خۆیان ناویان حیزبی ڕزگاریی کورد بوو. لە کانوونی دووەمی ۱۹۴۶، لەگەڵ ئەو ئەندامانەی کە زۆربەیان کۆمۆنیست بوون، دروستکرا. ئەم حیزبە لە بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی کورددا، لە دوو حیزبی هیوا و کۆمەڵەی ئازادی ڕۆڵی یەکلارەوەتری هەبوو". کۆمەڵێکی تریش باوەڕیان وایە کە "لە مانگی شووباتی ۱۹۴۶، حیزبی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقیان بە هاوکاری ژمارەیەك لە ئەفسەرەکان و چالاکوانان، لەوانە شێخ لەتیف حەفیدی کوڕی شێخ مەحموود، بنیاد نا. بڕیاریان دا کە بارزانی هەڵبژێرن بە ڕابەر، لەبەر ئەو کاریزمایی و ناوبانگەی کە پێیان بەخشیبوو". ژمارەیەکی تر دەڵێن "حەمزە عەبدوللا بە فەرمان و نوێنەرایەتی لە لایەن بارزانییەوە، لەگەڵ عەلی عەبدوللا لە حیزبی ڕاپەڕین (شۆڕش)، صالح حەیدەری لە ڕزگاری (رستگاری) و صالح ڕوشدی لە کۆمەڵەی گەنجان (لاوان)ی کوردی و... پەیوەندیی بەست و هەموویان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە پارتی دیموکراتی کورد دابمەزرێنن. یەکێك لە تەوجیهاتەکانی قازی محەممەد، صالح حەیدەری بوو کە کاکە زیاد و شێخ لەتیف ئەندامی شووڕای ناوەندی ئەو حیزبە بن. لەڕاستیدا مانەوەی حیزبی هیوا و ڕزگاری و شۆڕش و... دەیانویست حیزبی پارتی دیموکراتی کورد دروستبکەن".

کۆی هەموو بۆچوونەکان ئەوەیە کە بارزانی بە ئامۆژگاریی ڕووسییەکان، حەمزە عەبدوللای نارد بۆ کوردستان کە حیزبەکان و بزووتنەوە سیاسییەکانی ڕاپەڕین و ڕزگاری ڕازی بکات تاکو بە هەڵوەشاندنەوەی خۆیان پەیوەندی بە پارتییەوە بکەن و لە قالبی حیزبێکدا بن و بە تەنها بارزانی بە ڕابەر بناسرێت، تا ڕۆژگارێك کە کوردستانێکی ئازاد و

گەورە دادەمەزرێت. دەیویست خۆی سەرۆك (رابەر)ی هەتایی و شێخ لەتیف و کاکە زیادی کۆیە، جێنشینەکانی یەکەم و دووەم بن.[١٧١]

یاداشتەکان و یادەوەرییەکانی کەسەکان، بارودۆخی ئەو ڕۆژانەیان بە شێوەیەکی شایانی دەرککردن وێنە کێشاوە. کە "وردە وردە شووباتی ١٩٤٦ دەگەیشت. لەبەر چلەی حسێن، فەرمانگەکانی دەوڵەت و بازاڕ و قوتابخانە لە پشوودا بوون. بەفرێکی قورسیش لە تەبرێز و مهاباد باریبوو. لەگەڵ ئاسمانێکی بێ هەور و هەوایەکی زۆر سارد کە تا ناو مۆخی ئێسقان دەڕۆیشت. چەند ڕۆژێکە کە بە فەرمانی قازی موحەممەد، ئالای شاهەنشای ئێران بە دروشمی شێر و خۆر، هێنراوەتە خوارەوە و ئالای سەربەخۆیی کوردستان لەسەر بینای کۆماری مهاباد دەشەکێشتەوە. ڕۆژنامەکانی تاران ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە. ئەنجومەن داوای ڕوونکردنەوەی لە حکومەتی ئیبراهیم حەکیمیان کردبوو، لەبەر ڕووداوەکانی ئازەربایجان و کوردستان. ڕادیۆی تورکیا، هەواڵی شەڕی ناوخۆیی لە ئێران و پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی دژی دەوڵەتی بڵاودەکردەوە. تیپی ڕەزایە لە چەند ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لەگەڵ فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، تێکشکاوە و ٣٠٠٠ کەس لە هەردوو لا کوژراون. موحەممەد موصەدیق لە وتەیەکیدا لە ئەنجومەن، دەربارەی ئازەربایجان قسەی دەکرد. داوای شەڕنەکردنی حکومەتی دەکرد لەگەڵ ئازەربایجاندا و لابردنی گرفتەکانیان، کە گوێڕایەڵی ناوەند بن، ناوی کوردستانی نەدەهێنا.

ڕادیۆکان و بڵاوکراوەکانی ئێران، لە ڕوونکردنەوەی وردەکاری و گەیاندنی زانیاری دەربارەی ئازەربایجان و کوردستان، خۆیان دەبووارد. تەنها هەواڵە ناڕوونەکانی ڕووداوەکانی ناو خەڵکیان بڵاودەکردەوە. کێشەی نێوان ئێران و سۆڤێتیش، لە ئەنجومەنی ئاسایشە و لە حاڵەتی لێکۆڵینەوەدایە. ڕۆژنامەکانی ئینگلیز، بەردەوام ڕەخنەیان لە شێوازی ڕووسییەکان دەگرت. ئێران لە ڕێی دوو یاداشتەوە بۆ باڵیۆزخانەکانی سۆڤێت و ئینگلیز، ڕووداوە ناخۆشەکانی وەکوو نەبوونی ئاسایش لە وڵاتدا و ڕووداوەکانی ئازەربایجان و کوردستانیان، بە لەدایکبووی وەستاندنی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئێران زانی و دووپاتی دەکەنەوە کە هەرچی زووە لە خاکی ئێران بچنە دەرەوە. پرسی هێرشی

ژمارەیەک چەکداری عەرەب بۆ خورەمشهەر، بووەتە بابەتی گۆفتوگۆ لەسەر کردنی ڕادیۆکانی دەرەوە. لەوانە: ڕادیۆی (صوفیه) وتوویەتی کە جوولّەیەک لەوێ کراوە و لە عێراقەوە چەک دەبڕێتە ناوەوە. دولّەتی ئێرانیش لەم کرداره شێوە دەستوەردانانەی ولّاتانی دراوسێ، چاوپۆشی دەکات. ڕادیۆی مۆسکۆ ڕایدەگەیەنێت کە لە ڕێگای کەنداوی فارسەوە چەک دەهێنرێتە ناوەوە و عێل و عەشیرەتەکانی باشوور یەکدەگرن. بەشی زۆری ئەم کارانە دەدرێتە پاڵ کەسێک کە لایەنگری ئینگلیزە. ئێران دەربارەی دەستوەردانەکانی سۆڤێت لە مەسەلەکانی ناوخۆی ئێران، لە ئەنجومەنی باڵای ئاسایش شکاتی کرد و ئەحمەد قەوام دەگات بە سەرۆک وەزیرانی ئێران. دوو سێ ڕۆژە کە قازی موحەممەد هاتووە بۆ تەبرێز و لە هۆتێل گراند (گراند هتل) دابەزیوە. صەدری قازیی براشی کە نوێنەری ئەو شارەیە لە ئەنجومەندا. لەگەڵ قازی موحەممەد و براکەیشی، هاوڕێیەتییەکی پێشینەمان هەیە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ۱۰ ساڵ لەمەوبەر و تا ئێستا بەردەوامە. دەڵێن قازی موحەممەد کە لە کۆلانەکاندا بە ڕێگادا دەڕوات، عەمامەکەی لەسەر ناکات و جۆرێک کڵاوی تایبەت لەسەر دەکات. براکەم سەعاتێک لەوی بەیانی بۆ بینینی ئەو ڕۆیشتبوو بۆ (گراند هتل). زیاد لە قازی، ئامۆزاکەشی موحەممەد حسێن خانی کوڕی سەیفی قازی، هەڵبژێردراو بۆ نوێنەری ساوجبلاغ لە ئەنجومەنی میللیی ئازەربایجان، کوردی تریش ئامادە بوون. وتەکان جیاواز بوون و قازی بەشێوەیەکی نیوە گاڵتە و نیوە ڕاستییەوە وتی: "ئێمە بە تەواوی لە ئێران جیابووینەوە". پرسیار کرا کە میاندواو بۆ کام لا بووە؟ قازی وەڵامێکی ناڕوونی دایەوە. دکتۆر بە گاڵتەوە وتوویەتی کە میاندواو لە نێوان ئێمە و ئێوەدا ئالزاس لورن[۱۷۲] دەبێت. دووربکەونەوە لە قسەی سیاسی لەسەر یەک کردن".

وێنای ڕەوشی دەسەلّات بەسەر کوردستانیشەوە، لە چەند سەرچاوەیەکەوە کە تا ئەندازەیەکی شیاو ڕوون و پشت پێ بەستراوە، وا خراوەتەڕوو کە شێوازی قازی لە بەڕێوەبردنی کارەکاندا، هەمیشە لەسەر ڕێزگرتن لە بیری گشتی و نرخاندنی کەسایەتی و هاوولّاتیبوون بووە. بەو شێوەی کە دانیشتووانی ناوچەیی و هەروەها ئەوانەی لە دەرەوە هاتوون بۆ بینینی مهاباد، دەیگوازنەوە، هیچ جۆرە نیزامێکی پۆلیسی و فشارخستنە سەرێک لە لایەن حکومەتەوە؛ وەک ئەوەی لە تەبرێز بوونی هەبوو، لە مهاباد بەرچاو

نەدەکەوت. پۆلیسی نهێنی، کە بەشێکی جیانەبووەوە لە بنەماکانی ڕێکخستنی پەیکەری حکومەتی ئازەربایجان بوو، لە مهاباد بوونی نەبوو. سەروان ئارشی ڕۆزفێلت، جێگری سەرۆک نیزامی ئەمریکا لە تاران، کە لە ساڵی ١٩٤٦ سەردانی مهابادی کردبوو، سەرسوڕمانی خۆی لە بارودۆخی دەسەلاتدار لەوێ نەشاردووەتەوە و هەر لەوێ بۆ قازی دەخاتەڕوو کە شێوەی حکومەت و بۆشایی ئاخنراو لە خۆشەویستی و ڕێز و متمانەبوون، کە لە کوردستان باڵادەستە، بە هیچ شێوەیەک شایانی پێوانەکردن نییە لەگەڵ نیزامی کۆمۆنیستیی ئازەربایجان. ئەو لە بوونی جیاوازییەکی ڕیشەیی زۆر، لە سەرسوڕماندا مابووەوە.

یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە شایانی ئاگاداربوونە لێی لە حکومەتی قازی موحەممەددا، ئەوەیە کە نفوز و دەستڕۆیشتووی ڕووسییەکان لە کوردستان، کەمتربووە. لە مهابادیش، هیچ ڕەنگێک لە مەیلی حکومەت بەرەو کۆمۆنیستی، بەرچاونەدەکەوت. خاوەندارێتیی کەسەکان بۆ ماڵەکانیان، ڕێزلێگیراو بوون. ڕێزگرتن لە دروشمی ئیسلامی لە سەرەوەی ئەو کارەکانەوە بوو کە قازی موحەممەد و هاوڕێکانی شوێنی دەکەوتن. خودی قازی موحەممەد، بەزۆری عەمامەی سپیی لەسەر دەکرد و تەنانەت ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری خۆبەڕێوەبەری، لەگەڵ ئەوەی جلوبەرگی نیزامیی لەبەر کردبوو، عەمامەکەی لانەبردبوو. هەندێ لە شێکەرەوان، کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی قازی موحەممەدەوە و ئەویان ستایش کردووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە هەر جۆرە ڕێککارییەک و بیرکردنەوەیەکی چاک بەدەردەکەوت، لە سایەی دادگەریخوازیی قازی موحەممەدەوە بوو. ئەو لە خووڕەوشتێکی بەرز بەهرەمەند بوو و هەرگیز بە خراپ لە هێز و نفوزی خۆی سوودی وەرنەدەگرت.

"لە کوردستان ئازادییەکی زیاتر بوونی هەبوو. لە شەقامەکانی مهابادا بە ئاسانی دەتوانرا گوێ لە ڕادیۆکانی ئەنکەرە و لەندەن بگیرێت و خەڵکی لە ئێش و ئازاری بەڕێرسانی شاهەنشای ڕزگاریان بووبوو. توانای بەرگریی هێزەکانی دیموکراتی ئازەربایجان و کوردستان، لە بەرانبەر هەر جۆرە هەوڵێکی دەوڵەت بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی دەسەلاتی خۆی بەسەر وڵاتدا، کە بە دەستوەردانی سەربازیی ڕووسییەکان دەیتوانی بەدەستی بهێنێتەوە، ئەمەش هاوکێشەیەکی نادیاری ئەو گۆڕەپانە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کاتە،

کاتێکی گونجاو نەبوو. حکومەتەکانی خۆبەڕێوەبەریی ئازەربایجان و کوردستان، ئەگەرچی هەردووکیان لە هەلومەرجی هاوشێوەدا پێیان خستە ناو شانۆی بوونەوە و بەشێوەیەکی یەکسان بالکراوی دەوڵەتی سۆڤێت بوون، بەڵام نەک لە ڕووی پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتەوە لە یەکتر جیاواز بوون، بەڵکو لەگەڵ ئاگاداربوون بە پێکهاتەی تێکەڵاوی کۆمەڵگای کوردی و ئازەربایجانی، زۆرێك لە خاڵی باکووری ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتی، لە ڕووی دیاریکردنی قەڵەمڕەوی حکومەتیشەوە گرژییان لەنێواندا هەبوو".

گێڕانەوەکان لەو کەسانەوە کە لەگەڵ بارزانیدا بوون، بەم شێوەیەن "گەنج بووم و زۆربەی ڕۆژەکان قازی موحەممەدم دەبینی. شوێنێك لە گۆڕەپانی چوارچرا هەبوو، کە عەسران لەو خانووەدا دادەنیشت و قسەی بۆ خەڵکی دەکرد. لە هەموو چینەکان دەهاتن بۆ گوێگرتن لە قسەکانی ئەو. قازی کەسێکی ئارام، قسەخۆش و بەڕەوشت بوو، خەڵکیش حەزیان لە قسەکانی دەکرد و بەڕێزەوی و ئارامییەوە وەڵامی پرسیارەکانی خەڵکی دەدایەوە. منیش عەسران دەچوومە خزمەتی ئەو. سادە و موتەوازیع بوو. لە خانووەکەی خۆیدا باخچەیەکی هەبوو کە لەگەڵ ئامادەبوونی باخەوان، خۆیشی ئاودێرانی دەکرد و دەیوت: نامەوێت بگۆڕێم، دەمەوێت خۆم بم. بەیانیان بە پێ دەڕۆیشت بۆ نوسینگەکەی و دوو کەسیشی لەگەڵدا بوو، چونکە نوسینگەکەی لە نزیك ماڵەکەی خۆیدا بوو. کەسێکی وانەخوێن بوو. فارسیی بە باشی دەزانی و لە زمانی فەرەنسیش تێدەگەیشت و ڕووسیشی تا ئەندازەیەك دەزانی. پەیوەندیی زۆری هەبوو و زۆریش لەگەڵ خەڵکدا بوو".

خەڵکی مهاباد خووڕەوشتی ئەویان وەك هی فریشتە وەسف دەکرد. لەنێوان عەشایەرەکانی مەنگوڕ و مامش و موکری و... دوژمنی زۆری هەبوو، چونکە ئەو دەیوت کە ستەم لە خەڵك نەکەن و هەمیشە لەسەر سیستەمی بەگ و خان، خەڵکی ژێردەستە و بەرقەرار نەکرێن. سەردەم سەردەمی دیموکراسییە، ئێوەش کار بکەن نەك بەرهەمهێنان. قازی خەڵکی هان دەدا کە گەنجەکانیان بنێرنە دەرەوەی وڵات تاکو بخوێنن. قازی کۆمەڵێك لە خەڵکی بۆکان و مهابادی بۆ درێژەدان بە خوێندن بۆ دەرەوە نارد، وەك: ڕەحیمی قازی. بەڵام باوکی هەندێ لەو گەنجانە، لەبەر مەترسی لە کافری و بێباوەڕبوونی

منداڵەکانیان، لە ڕۆیشتن و ناردنیان ڕێگرییان دەکرد. قازی هیچ کاتێک لە باوەڕی قوولّی خۆی دوودڵ نەبووە و لە جێبەجێکردنی فەرزە دینییەکانی لە هەر هەلومەرجێکدا، هەرگیز لاوازیی نەنواندووە. لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی باس و تووێژ لە باکۆ، بە ئامادەبوونی میر جەعفەر باقرۆف، ئەو ماوەیەک کۆبوونەوەکە جێ دەهێڵێت بۆ بەجێهێنانی نوێژ.

قازی موحەممەد باوەڕی بە شەڕ و کوشت و کوشتار نەبوو و بەدوای مافدا دەگەڕا. مافێک کە بە شەڕ بەدەست بێت، بە مافی نەدەزانی. کەسێکی دەستبڵاو بوو و ئەگەر کەسێک پارەی بویستایە، یان کەمێک کەلوپەلی بویستایە، خێرا دەینووسی کە بەشی دارایی حیزب هاوکاریی بکەن، هەرچەندە پارەیەکی زۆریش لە سندوقی داراییدا نەبوو. قازی موحەممەد زۆر چاک مهابادی و کارەکانیشی بەڕێوەدەبرد. قوتابخانە و نەخۆشخانەی دروستکرد و ڕۆژنامەی بە زمانی کوردی بڵاوکردەوە. بەڵام بۆ بەرەوپێشچوونی کشتوکاڵ و کارگە و تەندروستی، نەیتوانی کارێکی تایبەت ئەنجام بدات[١٧٣]. "حەسەن ئەرفەع، ژەنەرالّی سوپای ئێران، لەگەڵ هەر سێ قازی- موحەممەد و سەیف و صەدری نوێنەری خولی ١٤ی ئەنجومەنی مهابادــ دیدار و وتووێژی کردبوو. قازییەکان پێیان وت کە ئومێدەوارین ئێران هەلومەرجی کوردەکان لەبەرچاو بگرێت و مافی کوردەکان قبوڵ بکات. هەل و گونجان بۆ هاوکاری لەگەڵ حکومەت لە ڕووی بەدەستهێنانی ئامانجەکانەوە، بە ئەوان بدات. لە شووباتدا، دوای لادانی ئەو لە سەرۆکایەتی سوپای ئێران، سەرلەشکر ئاق وەلی لە شوێنەکەی ئەو دانرا.

لە پاڵ هەندێ لە شۆڕشە نیزامی و عەشیرەتییەکاندا، ژمارەیەک حیزبی ناسیۆنالیستی، بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتیوانیی ڕۆشنبیران لە فراوانبوونی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی کورد، لە عێراق دروست دەبن. بەشێوەیەکی تایبەت، دوو کۆمەڵی تازە دەرکەوتن: حیزبی هیوا و کۆمەڵەی ئازادی، کە بەیەتیان بە کەسایەتیی بارزانی دا، وەک هێما و سومبوولی زیندووی ئامانجی کوردەکان. هیوا، کە شوێنی فەرماندەیی بنکەی سەرەکیی لە بەغدا بوو، لەگەڵ لقە بەهێزەکانی، لە کەرکووک و هەولێر و سلێمانی و زۆرێک لە شارەکانی کورد، کاری دەکرد. حیزبی هیوا،[١٧٤] حیزبێکی چەپ بوو، لە وتار و شیکردنەوەکانی بڵاوکراوە

سەرەکییەکەیاندا (ڕۆژنامەی ئازادی)، ئەمە بە ڕوونی دیاربوو. بە شێوەیەکی یەکسان لە فیودالیزم(دەرەبەگ)ی کورد و ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی ڕەخنەی دەگرت. ئەگەر ئینگلیز یان دەوڵەتی عێراق، لەو سەردەمەدا کارێکیان لە ناوچەکانی باکوور هەبووایە، زیاتر دەچوونە لای مەحموود ئاغای زێباری، کە لە ڕووی خێڵ و ژمارەی کەسی شەڕکەر و عەشایەرەوە، لە هەموو خێڵەکانی تر باشتر و لەپێشتر بوو، نەدەچوونە لای بارزانی یان کەسانی هاوشێوەی ئەو.

"لەڕاستیدا ئەگەر قازی موحەممەد سەرکەوتوو بووایە، لەوانەیە بەجۆرێك چالاکییەکانی ئەو بە جیابوونەوە وەربگیرایە. لە ئەدەبیاتی بڵاوکراوەکانی ڕووسیادا، دەیاننووسی: کۆماری خۆبەڕێوەبەری کوردستان و ئازەربایجان. بەڵام لە ناوخۆی کوردستاندا، دەیانوت: کۆماری کوردستان. دەیانویست بڵێن لە ئێران جیانەبوونەتەوە. بەڵام لە وڵاتێکی پاشایەتیدا، ڕاگەیاندنی کۆمارێك ماناي نەبوو. لەسەر هەموو تابلۆکان نووسرابوو: کۆماری دیموکراتی کوردستان. ڕووسییەکان لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان، ڕێگەی هیچ هاتنەپێشەوەیەکیان بە دەوڵەتی ئێران نەدەدا. مهاباد و بەشێوەیەکی گشتی ئازەربایجانیش، لەژێر دەسەڵاتی سوپای سووردا بوون. بە شێوەیەك کە کاروانێك لە سوپای ئێران کە لە تارانەوە بە مەبەستی پشتیوانی لە لەشکری تەبرێز بەرەو ئازەربایجان کەوتبووە ڕێ، لە قەزوین لەگەڵ بەربەستێکی سوپای سوور ڕووبەڕووبووەوە و ناچار بە گەڕانەوە کرا. بۆ ماوەی چوار ساڵ، سوپا هێرشکەر و داگیرکەرەکانی خاکی ئێران، تەقریبەن دەسەڵاتی ئەو وڵاتەیان گرتبووە دەست، حکومەتی ناوەند بە هێزێك نەدەژمێردرا. کۆماری ئازەربایجان لە مارسی ۱۹۴۶ بە فەرمی ڕایگەیەندرا. لەڕاستیدا کوردەکان نەیاندەویست پەیوەست بن بە ناسیۆنالیزمی ئازەربایجانەوە".

هەندێ لە شارەزایانی مێژووی پەیوەندیی نێودەوڵەتی، ڕۆژی ۲ی ئازاری ۱۹۴۶یان بە ڕۆژێکی سەرسامکەر ناوبردووە، چونکە بە تەواوی لە دووی ئازاردا، هاوکارییی سێ هێزی گەورە گەیشتە خاڵی کۆتایی خۆی. لەو ڕۆژەدا، یەکێتیی سۆڤێت بە ڕێزدانان بۆ پەیماننامەی نێودەوڵەتی، دەبوو هێزە سەربازییەکانی خۆی لە ئێران ببات دەرەوە، بەڵام

ئاژانسی هەواڵی تاس ڕایگەیاند کە "یەکێتیی سۆڤێت هێزەکانی خۆی تەنیا لە مەشهەد و شاهرود و سمنان بردە دەرەوە و لە خاڵەکانی تر، ئەم هێزانە تاکو ڕوونبوونەوەی تەواوی بارودۆخەکە دەمێننەوە".

ڕۆسۆ، لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە ڕەوتی بارودۆخەکە، لە ڕاپۆرتێکی نهێنیدا و بەنیگەرانییەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای نووسیوە: "هێزەکانی قورس و زرێپۆش و سۆڤێت، لەگەڵ ٤٥٠ لۆری، ڕۆژی سێی ئازار، تەبرێزی جێهێشت و بەرەو تاران کەوتنە ڕێ. تا ئێستا ٢٠ دەبابە و ١٠٠ لۆری گەیشتوونەتە بوستان ئاباد. هەروەها دوو کاروانی ئاگرهەڵگر لەگەڵ تەقەمەنیی پێویست، ئەمڕۆ لە تەبرێزەوە کەوتنە ڕێ بەرەو مەرەند. نازانرێت کە ئەوان بەرەو خوی، ڕەزایە، ماکۆ، جلفا دەڕۆن، یان شوێنێکی تر. لە مهابادیشەوە هەواڵ هاتووە کە لەم ڕۆژانەدا کوردەکان لە ڕووی تورکیاوە دەست دەکەن بە پرۆسەی سەربازی. دوو ڕۆژ پێش ئێستا لێپرسراوانی زانیاریی ئێمە هەواڵیان نارد ووە کە هێزە سواریی‌ەکانی نیزامی سۆڤێت، لە سنووری ئێران تێپەڕیون، تانکەکان بەرەو کۆتایی جادەی مەراغە لە جوولەدان. زیاد لەم هەواڵانەی، ڕۆسۆ ڕاپۆرتی داوە بە (بیرنس) کە لە ڕۆژی سێی ئازار، هێزە سەربازییەکان لە سنووری سۆڤێت بەرەو تەبرێز جووڵاون. لە چواری ئازار، بە فەرمانی سۆڤێت، خۆبەڕێوەبەریی کوردەکان لە باشووری تورکیا ڕاگەیەندرا و گورجستانی سۆڤێتیش بە فەرمی ئیدیعای خۆی لەبارەی ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، لەوانەش کەنداوی ترابوزان و کەناری دەریای ڕەش، ڕاگەیاند. بەم شێوەیە بە ئامادەبوونی هێزە نیزامییەکانی سۆڤێت، لە دوو لای تورکیاوە فشاری دیبلۆماسی لە دژی ئەنکەرە تونددبووەوە. سۆڤێتییەکانیش لە هەمان ڕۆژدا خوازیاری چالاکیی زیاتر بوون لە گەرووی بۆسفۆڕ و دەردانل، لە تورکیاش هەوڵی گۆڕینی قارص و ئەردۆغانیان دەدا بۆ خۆیان. بەم شێوەیە فشاری خۆی خستە سەر تورکیاش".

پیشەوەری باوەڕی بە قەوام نەبوو و دەیووت: "من خۆم لە وتووێژکردن لەگەڵ قەوام نابوێرم، بەڵام دەبێت بە ئێوە بڵێم کە لە ئێستادا دەوڵەتی تاران و هەندێك ئازەربایجانیان لەبەرچاو گرتووە. لەبەرئەوە ئێمە هەرگیز ناتوانین دەست لە چەکدارەکانی خۆمان

بەربدەین، ئێمە دەبێت هەموو هێزە چەکدارەکانی خۆمان پارێزگاری لێ بکەین و بۆ ڕووبەڕووبوونەوە چەکداریەکانی داهاتوو بە گەڕانەوە، ئامادە ببین. ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە کە هاوکات بە دەستپێکردنی وتووێژ لەگەڵ قەوام لە شوێنەکانی خۆمان بە خێرایی پاشەکشە بکەین، چونکە لەم بارودۆخەدا تەواوی نفوزی خۆمان لەناو میللەتی ئازەربایجاندا لە دەست دەدەین و ئیتر هیچ کەس متمانە بە ئێمە ناکات و بەدوای ئێمەدا نایەت".

پیشەوەری لە کۆمەڵە سێ کەسییەکەی باکۆی پرسی: پێشنیاری چ جۆرە پاشەکشەیەك لە وتووێژەکاندا دەکەن؟ ئاتاکیشیێف و ئیبراهیێف وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەدایەوە و وتیان "ئەگەر زۆر پێویست بکات، پاشەکشە لە بەرانبەر دەوڵەتی ئێران دەبێت ئەنجام بدرێت". پیشەوەری وتی "دوای ئەم پاشەکشەیە، قەوام بە پێدانی بەرتیل و بەشێوەی داپۆشراو، هەموو کوردە چەکدارەکانی مهاباد ڕەوانەی ئازەربایجان دەکات و ئەوکاتە دەرچوون لەم بارودۆخە زۆر دژوار دەبێت. لەبەرئەوە، سەرباری پێشنیاری دیاری ئێوە و داواکاریی دەوڵەتی تاران، من پێداگری دەکەم کە لە ناوچەی خۆمان، هێزی چەکداریی فیدایی و نیزامیمان هەبێت و سنوورەکان و ئاسایشی ناوخۆییش، هەمان ئەو هێزە ئاساسییە بەڕێوەی بەرێت. هاوکارانی من ڕازین لەسەر ئەم بۆچوونە". بارودۆخی تێکچوو و ناڕێك، بەردەوام دژێڕەی هەبوو و حکومەتی ناوەندی ئێران چاوی لە هاوکارییەکانی ئەمریکا بوو.

لە ۳۱ی ئازار، حکومەتی مهاباد بەپێی دووپاتکردنەوە و فەرمانی ڕووسیا، چوار ژەنەڕاڵی دیاریکرد، کە یەکێك لەوانە بارزانی بوو. ئەڵبەتە بارزانی تا کۆتایی تەمەنیشی، هەمیشە لە لەخۆباییبوونی ئەو نازناوە پێبەخشراوەوە، سوودی وەردەگرت. هەرچەندە هێزەکەی بارزانی دەستی لێنەدرا و بەجیا و بە بێ متمانە لای کۆماری مهاباد مانەوە. لەڕاستیدا بارزانی بە نهێنی لەگەڵ هێزەکانی سۆڤێت لۆبیی دەکرد، تاکو ئەو لەجیاتی قازی موحەممەد بە سەرۆك کۆماری مهاباد هەڵبژێرن، کە لەو کاتەدا کۆنترۆڵی بارودۆخەکەی ئەوەندە لەدەستدا نەبوو. ڕووسییەکان قبوڵیان نەکرد و متمانەیان بە بارزانی نەبوو.

ئەڵبەتە ڕەزام ئارا باوەڕی وابوو کە " بارزانی لە دادگای عێراق بڕیاری لەسێدارەدانی هەبوو، لەبەر ئەمە پەنای بۆ ئێران هێنا، بەڵام سوودی لە بازاڕی پشێوو وەرگرت و لە گۆشەیەکدا دانیشت و سەرقاڵبوو بە تاڵانییەوە".

بارزانی بە هاوکاریی ڕووسییەکان ڕۆیشت بۆ تەبرێز و فەرمانی پێدانی پلەی ڕێزی ژەنەرالێیشی وەرگرتبوو. بە بڕێك پارەش هاوکاریی دارایی کرابوو. دوایی کە گەڕایەوە بۆ مهاباد، هەر کاتێك ڕێوڕەسمێك بەڕێوەدەچوو بەشداریی تێدا دەکرد. ئیتر بە هیچ شێوەیەك گرنگیی بە قازی نەدەدا، کاتێك ڕیزی وێنەی گەورەی ستالین لەگەڵ وێنەی ڕەشی قەڵەمی سەیفوڵڵا نانەوازادە لە گۆشەیەکدا دانرابوو. چونکە ئەفسەرە نزیکەکانی بارزانی هەموویان هێڵی بیریان چەپ بوو. مستەفا خۆشناو بەر لە هاتنی بارزانی بۆ مهاباد، بۆ هەندێ لە لاوەکان، وەك غەنی بلوریان و... هتد، پۆلی ئاشنابوون بە مارکسیزمی دانابوو. لە نێوان بارزانی و ئەفسەرە نیزامییەکان، جیاوازیی بۆچوون بوونی هەبوو، بەم هۆیەوە هەندێ جار بە ئاشکرا دەیانوت کە بارزانی جیاوازە لە قازی موحەممەدە. بەڵام بۆچوونی موحافیزکارانەش بوونی هەیە. "من حەساسیەتێکم لە نێوان بارزانی و قازی موحەممەددا نەبینی و تەنها هەموو هێزە نیزامییەکان لەگەڵ بارزنی بوون و بارزانی و حکومەتی ئێران پەیوەندییان هەبوو".

ڕۆژی سێشەممە، ٢٣ی نیسانی ١٩٤٦، لە بینای ئەنجومەنی میللیی ئازەربایجان، بە ئامادەبوونی قازی موحەممەد و سەید جەعفەر پیشەوەری و دەوروبەرەکانیان، کۆبوونەوەی پلەبەرز بەڕێوەچوو، بۆ بەهێزکردنی دۆستایەتی و پایەدارکردنی گەرموگوڕیی زیاتری ئەم دوو نەتەوەیە، ڕێکەوتننامەیەکیان ئیمزا کرد. پەیامنێران پرسیاریان لە قازی موحەممەد کرد کە بۆچی کەوتووەتە ژێر کاریگەری و نفوزی بێگانەکانەوە؟ ئەویش هەر بە هەمان سادەیی ئاماژەی بۆ داگیرکردنی ئێران کرد و وتی "دەوڵەتی ئێران بەو هێز و دەسەڵاتەوە لە تاران بکەوێتە ژێر کاریگەریی واقیعەوە، دەتانەوێت من لەم پارچەیەی کوردستاندا چی بکەم؟!". لە سەرەتاوە لەنێوان پیشەوەری و قازی موحەممەد پەیماننامەیەك ئیمزا کرا کە نیگەرانییەکانی ئێرانی زیاتر کرد. سۆڤێت، ڕۆڵی چالاکی لە

ڕێکخستنی ئەم پەیماننامەیە و دروستکردنی پەیوەندیی نێوان بزووتنەوەکانی ئازەربایجان و کوردستاندا هەبوو. کۆششی یەکلایەنە بوونی هەبوو، بەڵام لەگەڵ بوونی کۆششەکانی مۆسکۆ، جیاوازییەکان لە نێوان دوو بزووتەوەکەدا کە زیاتر لەسەر مەسەلەی زەوی و دیاریکردنی سنووری دەسەڵاتی هەر یەکێك لەوان بوو، بەرەو گرژی دەچوو. ئەو گرژییانەی کە هەندێ جار تا ئەندازەی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریش بچێتە پێشەوە. قەوامیش بە ئاگاداربوون لەوەی کە ڕوودەدات، کۆششی دەکرد لەسەر جیاوازییەکانی نێوان پیشەوەری و قازی موحەممەد ئیش بکات.

گێڕەرەوە جیاوازەکان، دیمەنی زۆر هەیە بێئاگابوون لێی لە مێژووی هاوچەرخدا و لەیادیان نییە. ئەوان دەڵێن "نیسانی ساڵی ۱۹۴۶ لە سەردەشت شەڕ بوو. بۆ جێگیرکردنی ئاسایش لەم ناوچەیەدا، لە سەرەتای خولی پەهلەوی، کاروانێك بە فەرماندەیی سەرهەنگ پزیشکیان بۆ ناوچەکانی سەردەشت نێردرا، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم، پێکدادانی بەردەوام و چەککردنیش ڕوویاندا. دوای ئەمەش کاروانی سەرهەنگ گیسگو بە هەمان شێوەی لێهات. سەرەنجام تیمسار سپەهبود ئەحمەدی نێردرا و کۆتایی هێنا بە ڕووداوەکانی سەردەشت و سەرگورد هۆشمەندی ئەفشار بووە فەرماندەی بنکەی ئەوێ. ژەنەراڵ زێڕۆ بەگی هەرکی، لەوێ فەرماندە بوو، کە شکاك و هەرکییش ئەویان پەسەند دەکرد. قازییش نانەوازادەی بە فرۆکەی ئێران نارد بۆ سەردەشت. فەرمانی قازیی پێبوو کە شەڕ بوەستێنن. ڕێگا بەسترابوو و تفاق نەدەگەیشت".

"فەرمانەکە ئەوەبوو کە ڕێگا بکەنەوە، گفتوگۆمان دەستپێکردووە و قازییش دەڕوات بۆ تاران. بەم شێوەیە بوو کە هاتوچۆ بەرقەرار کرا و قازی داوای لە زرۆ بەگ کرد کە بەرپرسەکانی شەڕ بهێنێت. گەیشتینە مهاباد، هۆکاری گواستنەوەیەکی ترمان نەبوو. خەڵکی مهاباد پێشوازییان لە ئێمە کرد، چونکە لە بەرەی شەڕ گەڕابوونەوە. قازی ڕۆیشتبوو بۆ تەبرێز و دواییش بۆ ڕەزایە. گەڕایەوە و قسەی بۆ ئێمە کرد و موژدەی دا کە ئێمە حکومەتی خۆبەڕێوەبەری دروستدەکەین. حاجی بابە شێخ، سەرۆك وەزیران و دڵشاد کۆیی، ڕاوێژکاری وەزیری ڕۆشنبیری بوو. لەو کاتەدا بارودۆخی کوردستانی عێراق ئارام

بوو. حکومەت لە بارودۆخێکی لاوازدا بوو و نەیدەویست کە گرفتێك بێتە پێشەوە، تەنانەت بۆ ئەمە، بە هەندێ عەشایەری وەك بابەکر ئاغا (خان) پارەیان دەدا و ئینگلیزەکان لە بەرانبەر دابینکردنی ئارامی بۆیان، هاوکاری داراییان دەکرد". "ئەم ڕۆژانە هەواڵەکان لەبارەی چۆڵکردنی ئێرانەوە بەشێوەیەکی فەرمی، بڵاودەبنەوە. مەسەلەی کوردستانیش بەدەستهێنانی گرنگی بوو. عومەر ئاغا هەرکی، خاوەنی پلەی سەرۆك وەزیرانی قازییە. گوایە لەم کۆتاییانەدا لە ناوچەی بانە پێکدادان لە نێوان هێزکانی دەوڵەت و دەستە چەکدارەکانی کورد ڕوویداوە. فڕۆکەکانی ئێران ئەو ناوچانەیان بۆمبباران کردووە. ئەمڕۆش هەواڵی پێکدادان لەنێوان هێزەکانی دەوڵەت و لایەنگرانی قازی موحەممەددا، لە ڕادیۆوە بیستراوە. بەپێی ئەو هەواڵە، هێزەکانی دەوڵەت کەوتبوونە مەترسیی گەمارۆدانەوە. دەوڵەت سەرلەشکر جانبەهایی بۆ ڕێگریکردن لە کوردەکان و پاکردنەوەی ئەو ناوچەیە ناردبوو، بەڵام لەم بارەیەوە، لە تاران هیچ هەواڵێکی ڕەسمی لەبەردەستدا نییە. دوای گەڕانەوەی قەوام بۆ تاران لە ڕۆژەکانی کۆتایی ئەنجومەنی چوارەم، ڕاپۆرتی سەفەرەکەی خۆی خستە بەردەم مۆسکۆ. سادچیکف وەك باڵیۆزی نوێی ڕووسیا هاتە ناو تارانەوە. هاتنەکەی لە ٢٠ی ئازاردا بوو، کە هاوکات بوو لەگەڵ نەورۆزی ئێرانییەکان. ترۆمان، سەرۆك کۆماری ئەمریکا، هۆشداریی دا بە سۆڤێت کە ئەگەر خاکی ئێران جێنەهێڵێت، هێزەکانی ئەمریکا دەچنە ناو خاکی ئێرانەوە.

لەڕاستیدا هاوکات لەگەڵ هەنگاوەکانی ئەمریکا، هەنگاوەکانی قەوام بوونە هۆی تێکشکانی ئەو کۆمارە خۆبەڕێوەبەرەی کە لە لایەن یەکێتیی سۆڤێتەوە پشتیوانیی لێ دەکرا. لەناوچوونی هەلومەرجە یارمەتیدەرەکان لەسەر ئاستی نەتەوەیی و ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، بە تایبەت ڕێکەوتنەکانی قەوام و ساد چیکۆف، بوونە هۆی زەمینەسازی بۆ ڕووخانی کۆمارەکانی ئازەربایجان و کوردستان. دوای جێبەجێکردنی گرنگترین بەندی ڕێکەوتننامەکە، واتە پاککردنەوەی خاکی ئێران لە هێزەکانی سۆڤێت، سوپای ئێران لە زستانی ساڵی ١٩٤٦دا بەبێ شەڕ چووە ناو مهاباد. زیاتر لە ٤٦ هەزار کەس لە کوردەکان لە یەکێتیی سۆڤێت نیشتەجێ بوون. سۆڤێت بە بیانووی ئەوەی ئەم حکومەتە بە سوودی مەسەلەی کوردەکانە، لەبارەی دروستکردنی کۆماری کوردستانەوە دەستی بە

هەنگاونانی چەکداری کردبوو. چۆنیەتی داگیرکردنی ئازەربایجان لە لایەن ڕووسیاوە و سوودوەرگرتنی ئەم وڵاتە لە کوردەکان و وتووێژکردن لەسەر نەوت و ڕێگریکردنی ڕووسیا لە چۆڵکردنی ئێران، لە دوای کاتی دیاریکراو، کە ڕێکەوتنی لەسەر کرابوو لە وتووێژی سێ لایەنەدا، ئەم دۆزەی گەیاندە ئەنجومەنی ئاسایش".

حکومەتی سۆفێت دوای گرێدانی ڕێکەوتننامەی ۴ی نیسانی ۱۹۴۶ لەگەڵ حکومەتی ئێراندا، گەشت بە مەبەستی خۆی، کە لە ڕێگای دامەزراندنی چەند کۆمپانیایەکی نەتەوەیی نەوتی ئێران - سۆفێت، ئیمتیازی نەوتی بەدەستهێنا. بە هاندانی ڕووسییەکان، قازی موحەممەد بۆ وتووێژکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ قەوام، بەڕێکەوت بۆ تاران و پێشنیاریان بۆ ئەو کرد کە لە لایەن قەوامەوە پۆستی پارێزگاری کوردستانی پێ بدرێت. پارێزگا نوێیەکە، خاوەنی سەربەخۆیی، یان خۆبەڕێوەبەریی ناوخۆیی بێت. هەروەها کارمەندەکان کورد بن و بنکەی سەربازی هی کورد بێت. قەوامئەوەی بە مەرجی دانپێدانانی پارێزگاری ئازەربایجان قبوڵدەکرد، بەڵام پیشەوەری داوای مانەوەی کوردەکانی لەژێر دەسەڵاتی ئازەربایجاندا کرد. بەڵام قازی موحەممەد گوێڕایەڵیی پیشەوەریی نەدەکرد و دەیوت کە تاران و تەبرێز بۆ ئەو وەکو یەک وایە.

ڕۆژنامەی کیسرا لە ژمارە ۲۴ی نیساندا، نووسیی: لە دەستووردا وەها مافێکی بەربڵاو بۆ ڕێکخراوە ناوخۆییەکان پێشبینی نەکراوە و حکومەت ماف ئەوەی نییە یاسای هەرچۆنێک بوێ، تەفسیر بکات. ماف دراوە بە ئەنجومەنەکانی ویلایەتی ئازەربایجان، مافی حاکمیەتی حکومەتی ناوەند کەم بکاتەوە و تەنانەت فەرماندەی سەربازی و ژاندارمری ناتوانن لەسەر هێڵی حکومەت بجووڵێن. پۆلیسی ناوخۆیش دەتوانێت فەرماندەکانی ئەوان بخاتە بەندیخانەوە. خوێندن بە زمانی ئازەربایجانی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا جێگەی قبوڵکردن نییە، چونکە هەموو ئازەربایجانییەکان، ئێرانین و ئەگەر وەها کارێک لە ئازەربایجان بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە قوتابخانەکانی خوزستانیش دەبێت بە زمانی عەرەبی و لە کوردستان بە زمانی کوردی بخوێنرێت. ڕۆژنامەی (کۆشش)یش لە ژمارە ۲۵ی نیساندا لە وەها نووسینێکدا، نووسیویەتی: ئەگەر ئەو سەربەخۆییەی کە

باسکراوە بۆ ئازەربایجان، جێبەجێ بکرێت و بدرێت بە پارێزگاکانی تریش، حکومەتی ئێران دەبێتە حکومەتێکی فیدرالی.

لە گۆڤاری دەیلی نیوز کە بە زمانی ئینگلیزی لە تاران بڵاودەکرایەوە، لە ٢٤ی نیساندا وتارێک بە قەڵەمی ژەنەراڵ ئانتۆنی هود، ئەندامی کۆنەخوازی پەرلەمانی بەریتانیا، بڵاوکرایەوە، کە تێیدا هاتبوو: (نەدەبوو رێگا بە ڕووسییەکان بدرایە ئازەربایجان بگرنە دەست. بۆ ئەم مەبەستە دەبوو کۆمسیۆنێک لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بنێردرایە بۆ ئازەربایجان. دەرهێنانی مەسەلی ئێران لە بڕیارەکانی دانیشتنی ئەنجومەنی ئاسایش، سەرەتای بەدبەختییەکی گەورە دەبێت بۆ ئینگلیز، چونکە ئەگەر لە ئازەربایجان حکومەتێکی ڕووسی پێکبهێنرێت، فشارێکی چەند لایەنە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکرێتە سەری". گۆڤاری (تایم)یش لەمبارەیەوە نووسیویەتی: "ڕووسیا لە ئێران برغووەکان تونددەکاتەوە و حکومەتی قەوامییش بە گۆرانیی ئەوان سەما دەکات".

گێڕانەوەیەکی تر لەبارەی بارودۆخی سیاسی لەو ڕۆژانەدا، ئەوەیە کە: "شەوی ٢٢ی نیسان، کۆبوونەوەی حکومەتی پیشەوەری بۆ لێکۆڵینەوە لە وتوویژەکانی داهاتوو لە تاران ڕێکخرا. دوو سەعات پێش ئەوە گرووپێکی سێ کەسی باکۆ و ڕابەرانی دیموکراتەکان بە سەرکردایەتیی پیشەوەری، لە پێشنیارەکانی ئیپکچیانی کۆنیەوە، بڕیاریان دابوو لە دەستەی ئازەربایجان، بنکەی بەرپرسی گشتیی ناوەندی حیزب، (جاوید)ی وەزیری وڵات، (ئیبراهیمی)ی دادوەری گشتی، (وەفادار)ی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی ئەنجومەن، (صادق دیلمەقانی)ی بازرگان، (جەهانشاهلو)ی قائمقامی سەرۆک وەزیر و (سەیفی قازی)ی نوێنەری کوردەکان، ئەندامێتییان هەبێت. لەبارەی شوێنی وتوویژەکەوە، پیشەوەری و ڕابەرەکانی تر بە پێشنیاری تاران لەبارەی (کەرەج)ەوە، ڕازی نەبوون. بە بۆچوونی ئەوان، ئەوە بە مانای ئەوە بوو کە تاران هەرچی بوێت، دەبێت و ئازەربایجانییەکان بە ناچاری بەوە ڕازی دەبن کە تاران پێشتر لەبارەیەوە بڕیاری داوە. لە ٢٣ی نیساندا ئیپکچیان جارێکی تر لەگەڵ قلیێف دیداری کرد. قلیێف لەپێش هەموو شتێکەوە لەبارەی پێکهاتەی دەستەیەک لە چوارچێوەی ڕاگەیاندنی ڕازیبوون بە

ئامادەبوونی پادگان و جاوید، لەبارەی دیلمەقانی وایان نیشاندا کە نایانناسن و لەبارەی جەهانشاهلو بۆچوونی ناڕازیی دا و وتی: ئەو لە تاران خۆشەویست نییە و قەوام ئەوی خۆشناوێت. ئیپکچیان جارێکی تر مەنتیقیبوونی پیشەوەریی وەک سەرۆکی دەستەی ئازەربایجان وەبیرهێنایەوە و وتی: قەوام لەسەر نفوز و پێگەی پیشەوەری حیساب دەکات. لەبارەی پالاوتنی سەیفی قازیشەوە وتی: لەبارەی کوردەکانەوە هیچ قسەیەک نەکراوە و قەوام هیچ گرنگییەکی تایبەت نادات بە کوردەکان. ئەو باوەڕی وایە دوای چارەسەرکردنی مەسەلەی ئازەربایجان، کێشەی کوردەکان یەکسەر چارەسەر دەبێت. تەنانەت خودی ئازەربایجانییەکان دوای وتووێژەکان، چ لە ئازەربایجان و چ لە کوردستان، ڕێکوپێکی بەرقەرار دەکەن. ئیپکچیان جارێکی تر پارێزگاریکردنی سوپای میللی و کوردە فیداییەکانی دووپاتکردەوە، ئەفسەرە ئازەربایجانییەکان کە ئێستا لە خاڵە جیاوازەکانی ئێراندا خزمەت دەکەن، بگێڕدرێنەوە بۆ سوپای ئازەربایجان و سەرۆکایەتیی ئەم سوپایەش بۆ پارێزگاری ئازەربایجان بهێڵرێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

لەو ڕووەوە، سەرەنجام دوای چەندین جار لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەندامانی دەستەی نێردراو بۆ تاران، گۆڕانکاریی تێدا کرا و پیشەوەری سەرۆکایەتیی دەستەکەی پێ درا. ئەندامانی دەستەکە بریتیبوون لە: (پادگان)ی سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی حیزب، (ئیبراهیمی)ی دادوەری گشتی، (دیلمەقانی)ی ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن، (دکتۆر نوسرەتوللا جەهانشاهلو)ی قائمقامی سەرۆک وەزیر، (سەیفی قازی)ی نوێنەری کوردەکان، (وەلی ڕەزایی) و (شاهین)ی سکرتێرەکانی دەستە".

مانگی ئایاری ۱۹۴۶ گەیشت، قازی موحەممەد وەک سەرۆک کۆماری مهاباد، عەمامەکەی دانا و بۆ وتووێژ دەربارەی پەیوەندییەکانی دوو کۆمارەکە، ڕۆیشت بۆ تەبرێز. مەسەلەی ئێران، لە ڕۆژنامەکان و ڕادیۆکانی دونیادا، ئیتر وەکو پێشوو باس نەدەکرا. تاکو ڕووداوێکی تازە ڕووی نەدایە، بە هەمان شێواز دەمایەوە. ڕادیۆی تەبرێز بە فەرمی کرایەوە. ئاهەنگی کردنەوە لە بینای شانۆی شێر و خۆر، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە کەسایەتیی ناسراوی شار کە بانگهێشت کرابوون، بەڕێوەچوو. وتەی کردنەوەی شەبستەری

سەرۆکی ئەنجومەنی میللی خوێندیەوە، زیاد لە وتەکەی ئەو، وەرگێڕدراوی وتەی قازی موحەممەد بۆ زمانی فارسی، خوێندرایەوە. لە شێوازی خوێندنەوەی ڕادیۆی تەبرێز و هەروەها ناوەرۆکی وتەکەی قازی موحەممەدەوە، دیار بوو کە سەرکردەکانی ڕاپەڕینی دیموکراسیی ئازەربایجان، لەگەڵ کوردەکان دەیانەوێت پەیوەندیی گەرموگوڕ لە نێوانیاندا هەبێت. لەوانەیە جیددیبوونی ترسی تاران، ئەم دوو بزووتنەوە سەربەخۆخوازەی لەیەکتر نزیککردبێتەوە. لە کاتی ڕەوانەکردنی دەستەی نوێنەرانی ئازەربایجان و کوردەکان، وەک موحەممەد حسەین سەیفی قازی، کوڕی سەیفولقوزاتی مامی قازی موحەممەد و صەدری قازی، بۆ فڕۆکەخانە، لەوێ چەند وتەیەک لە لایەن شەبستەری و والایی[١٧٧] و قازی موحەممەدەوە خرانەڕوو، کە وتەکانی ئەو دوانە ناشییانە بوو و شتێکی سەرنجڕاکێش نەبوو، وتەکەی قازی لە هی ئەوان زۆر باشتر بوو. پێویست بوو پیشەوەری سەرنجی گشت لایەک بۆ بیستنی هەندێ مەسەلە ڕابکێشێت، لەبەرئەوە بەردەوام بوو لەسەر وتەکەی خۆی و وتی: "ئێمە لە سەرتاوە وتبوومان کە هەواڵی دابەشکردن ناکەین، بەڵام حکومەتی تاران ویستی ئێمە بە تۆپ و تفەنگ و جاش لەناوببات. لەبەرئەوە حکومەتی میللی لە سایەی ئیمانی بەهێزی میللەت، هێزێک دروستەدەکات کە بەشێوەیەکی دڵنیایی بەشی ئازادی ئێمەش دەپارێزێت. لە کۆتایی وتەکەیدا پیشەوەری، باسەکەی بە پەیوەندی، هێنایە سەر پەیوەندیی نێوان ئازەربایجان و کوردستان. کەمێک لەبارەی یەکپارچەبوونی هەردوو میللەتەکەی ئازەربایجان دووا و هەروەها لە باس و پیاهەڵدانی قازی موحەممەددا، وتی: "ناوبراو پێشەوای خۆشەویستی کورد و یەکێک لە زانا گەورەکانی ڕۆژهەڵاتە". هەروەها ڕوونیکردەوە کە ئازەربایجانییەکان و کوردەکان، سەرسنووری نێوان عێراق و تورکیا دەپارێزن و تورکیا هەر لە کۆنەوە دوژمنی ئێمە بوون. ئێزگەی ئەنکەرە هەواڵی دا کە پێش ئەوەی پیشەوەری بڕوات بۆ تاران، پەیماننامەیەک لەنێوان ئازەربایجان و کوردستاندا بۆ ماوەی بیست ساڵ مۆرکراوە. هەردوو لا یەکتریان بە فەرمی ناساندووە و پەیوەندیی ئابووری لەنێوان خۆیاندا گرێ دەدەن و لە بەرانبەر هێرشیشدا بە هاوبەشی بەرگری دەکەن. بەڵێننامەکە، لای ئازەربایجانییەکان لە لایەن پیشەوەری و لای کوردستان لە لایەن قازی موحەممەدەوە ئیمزا کرا. بەڵام هێشتا مرەکەبی بەڵێننامەکە وشکنەبووبووە، کە لە تەبرێز دەنگۆی ئەوە بڵاوکرایەوە، لەو بەشەی کە پەیوەستە بە ئازەربایجانەوە،

لەبەرئەوەی شەڕ لەنێوان دوو تیرەی کورددا ڕوویداوە، بارودۆخ نائارامە. لەناکاو ژمارەیەک بریندارى ئەو بەشە کوردنشینەیان هێنا بۆ تەبرێز و ژمارەیەکیش لە ئۆتۆمبێل لە تەبرێزەوە چوون بۆ شوێنی ڕووداوەکە. قازی موحەممەد لە هەموو بەشەکانی کوردستان گوێڕایەڵیی دەکرا و قسەی دەڕۆیشت. هێزەکانی بارزانی لە ناوچەکەدا ئاژاوەیان دروستکردبوو".

لەو ڕۆژانەدا هەرچەندە بارودۆخی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەژێر کۆنترۆڵی ئینگلیز و فەرەنسا و ڕۆژئاوادا بوو، تەنانەت زۆربەی ناوچەکانیان دابەش کردبوو، بۆ نموونە: سووریا و لوبنان لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسادا بوون، عێراق و ئەردەن و فەلەستین لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزدا بوون، تەنانەت میسر و تونس و جەزائیر و مەغریب لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسادا بوون. ئەم وڵاتانە لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، تا کۆتایی ساڵی ۱۹۴۵ و جەنگی جیهانیی دووەم، لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە سەرپەرشتی دەکران و کۆنترۆڵ دەکران و بە فەرمانی ئەوان دەجوواڵانەوە. وەک وڵاتانی مستەعمەرە بوون کە لە لایەک ئەوان داگیرکران، بێگومان هەندێ لە دامەزراوەی سیاسی و ئیداری لەم وڵاتانەدا دامەزرابوون، بەڵام زۆربەی سەرمایەکانی ئەم وڵاتانە و بەتایبەت نەوت، هەمووی لە خزمەتی وڵاتی داگەرکەردا بوو.

باوەڕی تر و جۆری تێڕوانینی جیاواز لەبارەی ئازەربایجان و کوردستانەوە هەیە: "لەو کاتەدا کۆماری مهاباد زۆر جێگەی سەرنجدان نەبوو و لە پەراوێزدا بوو. ئەوەی کە شاسانی قسە لەسەر کردن بوو، ئازەربایجان بوو، کە ناوچەیەکی فراوان بوو و گرنگییەکی زۆر چاکی بۆ ئێران هەبوو لە هەموو ڕوویەکەوە. لە بنچینەدا مهاباد بەشێک بوو لە پارێزگای ئازەربایجان، قازی موحەممەد ئەوی لە بندەستی پیشەوەری دەرهێنابوو. کۆماری مهاباد لەڕاستیدا بەچکەیەک بوو کە لەگەڵ کۆماری ئازەربایجاندا گەشەی دەکرد. لەو سەردەمەدا قەوامووسەڵتەنە، سیاسەتێکی زیرەکانەی بەکارهێنا. قەوام لە لایەک بەڵێنی بە صەدری قازی کە بریکاری ئەنجومەن بوو، دابوو. لە شاری مهاباد بە ناڕاستەوخۆ بەڵێنی هاوڕێیەتیی دابوو. لە لایەکی ترەوە لەگەڵ سەفەر کردن بۆ مۆسکۆ و بەڵێنی ئیمتیازی دەرهێنانی

نەوتی باکوور بۆ سۆڤێت، بڕیاری ستالینی لەبارەی پشتیوانی کردن لە پیشەوەری هێنابووە لەرزە. لەبەرئەوە کاتێک کە سوپای سوور لە ئێران چووە دەرەوە و پشتیوانییەکانی لە حکومەتی ئازەربایجان بڕا، سوپای ئێران بە ئاسانی ئازەربایجانی داگیرکرد".

ئاشکرایە کۆماری مهابادیش کە هێزەکانی بارزانیشی لەگەڵ بوو، بە ئاسانی تێکشکا و تەسلیم بوو. ئەو کاتە تازە جەنگی جیهانیی دووەم کۆتایی هاتبوو و سۆڤێت هەموو ولاتەکانی دەوروبەری خۆی لە ئەوروپا (پۆڵەندا، مەجەر، بولگاریا، ڕۆمانیا، چیکۆسلۆڤاکیا، ئەلبانیا، لیتوانیا، ئەستۆنیا، یوگسلاڤیا و مەغۆل...)ی قووت دابوو و چاوی تەماحی بڕیبووە ئێرانیش. ئازەربایجان و کوردستان پێشەکییەک بوون بۆ هاتنە ناوەوەی بۆ ئەم هەرێمە و گەیشتنی بە ئاوی گەرمی کەنداوی فارس، کە ئاواتی ڕووسییەکان بووە هەر لە سەردەمی قاجارەکانەوە. لەبەرئەوە نەتەوەپەرستەکان بەپێی نیەتی بردنەوەی بەرانبەر، بە تۆندی دژی درێژەدانەزراندنی ئەم کۆمارە بێ بونیانە بوون و ئەوانەیان وەک پێشەکییەک بۆ دابەشکردنی ولاتەکە سەیرکردووە. تەنها حیزبێکی ڕازی لەو کاتەدا حیزبی تودە بووە، کە ئەویش فەرمانی لە مۆسکۆ وەردەگرت.

بۆ نزیکەی سەدەیەک، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە شادەماری ژیانی ئیمپراتۆریەتی ئینگلیز و فەرەنسا دەژمێردرا. لە سەرەتای ئەم سەدەیەشەوە بەشێکی زۆری پێویستیی جیهانی ڕۆژئاوای دابین کردبوو. لە پیشەسازیی نەوتدا، کۆمپانیا ئەمریکییەکان زۆرترین شوێنیان بەدەستەوە بوو. لەڕاستیدا، بۆ پارێزگاری لەم ناوچەیە بوو کە لە سالی ١٩٤٢دا، ئینگلیزەکان و ڕووسییەکان و ئەمریکییەکان، بڕیاریان دا بە هاوبەشی ئێران داگیر بکەن و ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە شەش مانگ دوای کۆتایی هاتنی موناقەشە، خاکی ئێران بەجێبهێڵن. ئەمریکا بۆ سەرکوتکردنی هێزە سیاسییە هەوادارەکانی سۆڤێت لەناوچەکەدا، هەوڵی زۆری دا. یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا و سۆڤێت لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، لە سالی ١٩٤٦ ڕوویدا. ترومەن، سەرۆک کۆماری ئەمریکا، کە بە بۆمبی ئەتۆمی ژاپۆنی ناچار کرد دان بنێت بە شکستی خۆیدا، دوایین هەڵی

دابووه سۆڤێتیش. کاتێك که ترومەن هەڕەشەی کرد ئەگەر هێزەکانی سۆڤێت لە باکووری ئێران نەکشێنەوە، لە (بۆمبە بەهێزەکان) سوود وەردەگرێت، هەرچەندە وا دەزانرێت ئەم هەڕەشەیە لەمڕۆدا زۆرپێوەنراو بێت، بەڵام ئەم هەڕەشەیە سااڵێك دوای ئەو کاتە بوو کە ترومەن نەك بۆمبێك، بەڵکو دوو بۆمبی ئەتۆمی بەسەر ژاپۆندا بەردابووەوە.

لە ساڵی ۱۹۴۵، ڕۆزڤێڵتی سەرۆك کۆمار، بە بەستنی پەیوەندی لەگەڵ پادشای سعودیە، کۆنترۆڵی نەوتی سعودیەی بەدەستهێنا. ئەمریکا لە بەرانبەر بەدەستهێنانی سامانی بێ پایانی نەوتی پاشای سعودیە، پارێزگاریی لە تەخت و تاجی پاشا دەکرد. تا ۵۰ ساڵی دواتر، ئەمریکا بە دەستەبەرکردنی جێگیری ئەم حاکم فیودااڵە سەرکوتکەرە ستەمکارە، سعودیەی کردە تەوەری سەرەکیی ستراتیژی ئەمریکا لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستدا. لە تشرینی دووەمی ۱۹۸۴، (ڕێکەوتنامەیەکی کۆمەاڵیی)ی نوێ لە نێوان هێزە نەوتییەکانی ڕۆژئاوا بۆ گۆڕانکاری لە ڕێکەوتنامەی ڕەلاین فیلی هاتە ئاراوە. ئەم ڕێکەوتنامە نوێیە بە کۆمپانیا ئەمریکییەکان، وەك: ئەگسن، موبایل سوکال و تکساکو، دەستپێگەیشتنی تایبەتی بە نەوتی سعودیە دەبەخشێ کە بە زووییی دەگۆڕێت بە گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی جیهانی دەدا. هەروەها دابەشکردنی ۵۰ ـ ۵۰ی داهات لە نێوان ئارامکۆ (کۆمپانیای نەوتی ڕۆژهەاڵت) و حکومەتی سعودیە پشتیوانی دەکرد، بەو ئامانجەی کە جوواڵنەکی هاوشێوە لە حکومەتی عێراق و ئێران هانبدات و لە پێگەی ئینگلیز لە ناوچەکەدا کەم بکاتەوە. ترومەن هەنگاوەکانی سۆڤێتی بە شایانی قبووڵکردن نەدەزانی. کۆمۆنیستەکانی چین لە سەردەمی جەنگ لەگەڵ سوپای ئەمریکا هاوکاری نزیکیان هەبوو. لە سەرەتای ساڵی ۱۹۴۶دا سەد هەزار سەربازی ئەمریکا هێشتا لە چین مابوونەوە و بەردەوام پشتیوانییان لە چیانگ دەکرد.[۱۷۸]

لە ۹ی مانگی ئایار ۱۹۴۶، کۆتا سەربازی ڕووسی لە ئێران چووە دەرەوە و مهابادی بە چارەنووسی خۆیەوە بەجێهێشت. بە واتایەکی تر، هێزەکانی سۆڤێت سەرەنجام لە ئێران کرانە دەرەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بووە هۆی ئەوەی ڕووسیا لە ساڵی ۱۹۴۶ لە ئێران بچێتە دەرەوە. لە ڕۆژی ۲۰ی ئایار ۱۹۴۶، سوپای سوور خاکی ئێرانی

چۆڵکرد و باڵیۆزی سۆڤێت، سادچیکۆ، بە فەرمی ڕایگەیاند کە چۆڵکردنی ئێران لە لایەن هێزەکانی سۆڤێتەوە ئەنجامدراوە. سەرەنجام ڕووسییەکان کۆتا ڕووپۆشیان لەسەر ڕووی خۆیان لادا و بە داواکەی قەوام وەڵامی ئەرێنییان دایەوە و بەم شێوەیە دەستی سەربازەکانیان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی خۆیان دەیانویست، بە کراوەیی هێشتەوە. دوای ئەوە سوپای ئێران بە ١٣٠٠٠ سەربازەوە، لە سەرەتای نیسانی ١٩٤٦ کەوتنە ڕێ بەرەو ئازەربایجان و کوردستان، ١٢٠٠٠ هێزی چەکداری تیرەکانی کورد حازر و ئامادەبوون بۆ بەرگری کردن، کە هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی شێخەکەی خۆیاندا بوون. شکاکی و هەرکی ڕۆیشتن بۆ باکووری بانە. لەم کاتەدا حەمەڕەشید خانی بانە ئەمەی بە هەل زانی و لە سەقز لەگەڵ هێزەکانی حکومەتدا پێکدادان ڕوویدا. ئەو کاتێک ناونیشانی جەنەرالّی کۆماری مهابادی وەرگرت، بە فەرماندەی بەرەی سەقز هەڵبژێردرا. لەنێوان ئاغاکان و خانەکانیشدا نفوزی تایبەتی هەبوو. لە سەرەتای کۆمارەکەدا، بە ٣٠٠_ ٤٠٠ سواری سەربازییەوە هات بۆ مهاباد و خەڵکی بۆ پێشوازی لێ کردنی، ڕژانە سەر شەقامەکان. ڕەشید خان نامەی نووسی [١٧٩] بۆ قازی موحەممەد کە "بهێڵە هێرش بکەین"، بەڵام قازی لە وەڵامدا نووسیبووی "ناتوانین". بە تەواوی ئاشکرایە کە قازی لە ڕووی سیاسییەوە سنووری هەبوو و هاوپەیمانان ڕازی نەبوون هەنگاوێکی تر بچێتە پێشەوە. تەنها ڕێگاچارەی لە دیبلۆماسییەتدا دەبینی، بەڵام ژەنراڵەکانی حەزیان لە شەڕ بوو کە سوودی نەبوو. حەمەڕەشید خان، ئاگری لە بانە بەردا و دەستی گرت بەسەر بنکە سەربازییەکەدا، ڕووی کردە سەقز و تا دیواندەرەش ڕۆیشت، بەڵام هێزەکانی ئینگلیز نەیانهێشت لەوە زیاتر بچێتە پێشەوە. تا ئێستاش ئەم تێکەڵاوی و پرسیارە بوونی هەیە کە ئایا لەگەڵ ئینگلزەکان ڕێککەوتووە یان نا؟

بەڵام بارزانی لەڕاستیدا لە مهاباد زیاتر هەنگاوی دەهاویشت و دەیویست بەشی هەبێت لە چەک و جبەخانەکانی ڕووسییەکاندا. ١٢٠٠ چەک بەشی ئەو بوو و بەرەو باشوور و ڕووەو سەقز کەوتە ڕێ. لەگەڵ کۆمەڵێکی بچووکی سەربازی ئێرانی ڕووبەڕووبووەوە کە پێشتر بەرەو مهاباد جوولّابوون و ئەوێیان جێهێشتبوو، بەڵام ئێرانییەکان لە کەمیندا بۆیان دانیشتن. ئەم مەسەلەیەش ناوبانگی بارزانیی زیاتر کرد و ئەویش تا توانیی ناوچە

کوردییەکانی لە شوێنە چیانشینەکان، وەکو سەقز و بانە و سەردەشت و میردە، سەقزی گەمارۆ دا و خستیە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی خۆیەوە. بارزانی لە پێشڕەویکردنی هێزەکانی ئێران تا ئەندازەیەک ڕێگریی کرد.

سەرلەشکر ڕەزم ئارا، پشکنەری ناوچەی کوردستان، هێرشی بۆ بەرزاییەکانی مەشرەف لە سەقز کرد و شوێن و جێگەی بارزانییەکانی داگیرکرد. لە ۳ی مانگی ئایاری ۱۹۴۶، بەپێی ڕێکەوتنامەی فەرماندەکانی ئێران و بارزانی، بارزانییەکان پاشەکشەیان کرد و بەم شێوەیە ڕێگەیان دا تاکو هێزەکانی ئێران بنکە سەربازییەکان گەمارۆ بدەن. حکومەت هێزەکانی لە سەقز جێگیر کرد تاکو بەم هۆیەوە ببێتە ڕێگر لە بەردەم هێرشە چاوەڕوانکراوەکان بەرەو سنە. بەڵام لە سەرەتای حوزەیراندا دووبارە بارزانی ناوچەکانی پێشووی گرتەوەدەست و بەخێرایی هاتوچۆی سەربازیی ئێرانییەکانی لە جادەکاندا بڕی. لە ۱۳ حوزەیراندا ۲۰۰۰ سەربازی ئێران بە پشتیوانیی هەوایی و دەبابە، لە سەقزەوە جوڵان. هەرچەندە کۆمەڵێکی بچووک لە بارزانییەکان، بەرزاییەکانی مامشیان بەدەستەوە بوو، بەڵام لە بەرانبەر تۆپ و بۆمبباراندا تاکو عەسر خۆیان گرت، سەرەنجام حکومەت سەرکەوت، بەڵام بارزانی بە کەمێک گۆڕانکارییەوە، درێژەی دا بە یاریکردن بە ئاگر.

"مانگی حوزەیرانی ۱۹۴۶ دەستی پێ کردووە و مهابادیش گڕی گرتووە. لە کۆتاییدا فڕۆکەی دەستەی دە نەفەریی ۱۸۰ حکومەت، لەژێر سەرۆکایەتیی موزەفەر فەیرۆز، بۆ ئەنجامدانی وتوویژ لەگەڵ ئازەربایجان، لە سەعات ۹ی بەیانی گەیشتە تەبرێز. لە فڕۆکەخانە لە لایەن دکتۆر جەهانشاهلو، جێگری پیشەوەری و عەزیمی، وەزیری داد و ڕەفیعی (نیزامولدەوله) جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی میللیی ئازەربایجانەوە، پێشوازییان لێ کرا و لە ناوەڕاستی گاردەکەوە بەرەو شوێنی مەبەست، مالّی میرزا عەلی خان جەوادی، تێپەڕین.

لە پێشنیوەڕۆدا پیشەوەری و شەبستەریی سەرۆکی ئەنجومەنی میللی و قازی موحەممەد، چوون بۆ سەردانکردنی ئەم دەستەیە و بەخێرهاتنی ئەم نوێنەرانەی حکومەت.

کاتی هاتنی دەستەکە، هێزە سەربازییەکان بڵاوەیان پێ کرابوو بۆ ئەوەی لە لایەن خەڵکەوە بۆ دەرخستنی هەستەکانیان، هێرش نەکەنە سەریان. ڕادیۆی تاران هەواڵی دا کە قازی موحەممەد دوو جار ڕۆیشتووە بۆ بینینی موزەفەر فەیروز و لەگەڵیدا ماوەیەک وتوێژی کردووە. ڕادیۆی تاران لەبارەی سۆز و بەزەیی قەواموسەڵتەنەوە کەمێك دووا و دەریخست کە قازی موحەممەد لە بەرانبەر ئەم سۆز و بەزەییەی جەنابی سەرۆك وەزیردا فەرمانی کردووە بە هێزەکانی کورد کە پاشەکشە بکەن، تاکو پێکدادان لەنێوان ئەوان و هێزەکانی حکومەتدا ڕوونەدات. ڕادیۆکە ئەم وەتەنپەرستی و نیەتباشییەی قازی موحەممەدی پەسەند کرد و پێیدا هەڵدەدا. قازی موحەممەد بۆ بەشداریکردن لە وتوێژەکاندا، بەتایبەتی هاتبوو بۆ تەبرێز، چونکە لەم دواییانەدا ئیتر هیچ کەس ئەوی لە تەبرێز نەدەبینی. پەیامنێری ڕۆیتەرز لەبارەی کوردستانەوە پرسیاری لە موزەفەر فەیروز کرد، ئەویش لە وەڵامدا وتی: لەبەرئەوەی جەنابی قەواموسەڵتەنە حەزی بە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەکان هەیە، لەگەڵ قازی موحەممەددا لە تەبرێز یەکترمان بینیوە، بڕیار لەسەر ئەوە دراوە کە ئەو لەگەڵ سەرلەشکر ڕەزم ئارا پەیوەندی ببەستێت و ڕێوشوێنێك بگرنە بەر تاکو پێکدادان لەنێوان کوردەکان و هێزەکانی حکومەت ڕوونەدات. بەپێی ئەو هەواڵانەی گەیشتوون، ئەم یەکتربینینە ئەنجامدراوە. سەید جەعفەر پیشەوەری چوو بۆ تاران، دوای ئەویش قازی موحەممەد بۆ ئەنجامدانی وتوێژ چووە بۆ پایتەخت. لەکاتێکدا سالار سەعید سنەیی بە فەرمانی عەلی دەشتی بەپێی یاسای حکومەتی سەربازی دەستگیر کرابوو. حکومەت کەوتە وتوێژکردن لەگەڵ هەردووکیان و بە دوو فرۆکەی جیاواز، جارێك پێش نیوەڕۆ و جارێکی تر دوای نیوەڕۆ، هەردووکیانیان نارد بۆ تەبرێز، کە ئەم جارە سەرەتا قازی موحەممەد چووە ناوەوە پاشان پیشەوەری. لە ئەنجامی وتوێژەکەی ئەو لەگەڵ حکومەتدا، هیچ هەواڵێك نییە. بەڵام ئەو ئەگەرە هەیە کە دوای چەند ڕۆژێکی تر، موزەفەر فەیروز بڕوات بۆ مهاباد و ڕێکەوتنامە لەگەڵ قازی موحەممەد ئیمزابکات. قازی موحەممەد کە سەردانکردنی بۆ تاران و بێ ئەنجامبوونی وتوێژەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەند، بڵاوبووەوە، چونکە پێشبینییەکان لە داواکانی حکومەت، شایانی قبوڵکردن نەبوون، قسەکانی نەگەیشتنە شوێنێك و گەڕایەوە بۆ مهاباد. ئێستا لە تەبرێز بڵاوبووەتەوە کە قازی لە تەبرێز لەگەڵ پیشەوەری دیداریان کردووە و ئەم کۆڕی

یەکتربینینە بە تاڵی تێپەڕیوە و قازی بە دڵتەنگییەوە لە تەبرێز هاتووەتە دەرەوە. پەیوەندیی داهاتووی نێوان کوردەکان و دیموکراتییەکانی ئازەربایجان، کە هەردووکیان لە دژی حکومەتی ناوەندی ئێران بە ڕووکەش لە لایەن ڕووسییەکانەوە پشتیوانییان لێ دەکرا، شایانی تێڕامانن".

"ئەگەر هەندێ جار بە بیرتدا بێت کە هەرچی جوولاو حوکم بکات، بزوتنەوەکانیش هەر هەمان شت دەکەن، بەڵام قسە لەسەر ئەوەیە کە هێزە جوولاوەکان چی دەبێ بە بەشیان. کوردەکان گومانیان هەبوو لە ئازەربایجانییەکان، هەمیشە دەترسان لەوەی کە ئازەربایجانییەکان لەگەڵ حکومەتی تاران لە دژی کوردەکان یەکبگرن. چەند مانێگ بەر لە بەستنی پەیماننامە، قازی موحەممەد شوێنکەوتووانی خۆی ترساندووە و وتوویەتی ئازەربایجانییەکان و هەموو ئێرانییەکان لە کۆتاییدا ناکۆکییەکانیان وەلا دەنێن و کوردەکان بە تەنها دەمێننەوە. بۆچوونی قازی لەم پێشبینییەدا پەیوەندیی بە یەکگرتوویی مەزهەبی لە نێوان ئازەربایجانییەکان و فارسەکاندا هەیە، کە ئەم یەکگرتوویە لەگەڵ کورد سوننی مەزهەبەکاندا نییە".

لە حوزەیرانی ۱۹۴۶ قازی موحەممەد لەگەڵ پەیامنێری ئاژانسی هەواڵی فەرەنسا گفتوگۆ دەکات و پێشبینی و بۆچوونەکانی خۆی دەخاتەڕوو کە "کوردەکان دەیانەوێت لە حکومەتی ناوەندی خۆیان ڕازی بن و چاوەڕوانی یاسای دیموکراسی لە سەرانسەری ئێراندا دەکەن. کوردەکان بەڕێوەبەرایەتیی خۆیان و خۆبەڕێوەبەریی ناوخۆیی و ناوچەیی و سەربازی کوردیان دەوێت. بارودۆخی کوردستان لەگەڵ ئازەربایجان زۆر جیاوازە. کوردستان دوای ڕۆیشتنی ڕەزاشا هەرگیز لە لایەن سەربازە ڕووسییەکانەوە داگیرنەکرا و نە ئینگلیزەکان و نە ژاندارمری ئێران هاتوون بۆ ئێرە. لەو کاتە بەدواوە ئێمە لە سەربەخۆیی و ئازادیدا ژیان بەسەردەبەین. ئێمە هەرگیز تەحەمولی هێزی بیانی لە نیشتمانی خۆماندا ناکەین".

باقرۆف لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٤٦، ڕووی قسەی کردە ستالین و نووسیی: "لەبارەی قەوامەوە دەبێ بزانیت، ئەو لە ڕێگەی باڵیۆزی ئێمەوە داوای کردووە کە قازی موحەممەدی ڕابەری کوردەکان ڕازی بکەم کە بڕوات بۆ تاران و لەگەڵ ئەودا دیدار بکات. دەڵێن قەوام دەیەوێت کوردەکان لە قەوام لە دژی ئازەربایجانییەکان ڕێگری بکات. ڕاستییەکی تر ئەوەیە کە گرووپە سیاسییەکان و چاپەمەنییەکانی تاران بە ناونیشانی وەکو: ئازەربایجانییەکان پاڵەوانن، ئازەربایجانییەکان ئازان و ئازەربایجانییەکان ئێرانیان ئومێدەوار کردووە و... دیبلۆماتەکانی سۆڤێتیان دووچاری سەرگەردانی کردووە. لەکاتێکدا کە هەنگاوێك بۆ خستنەگەڕی ناوەڕۆکی پەیماننامەکە نەنراوە، پیشەوەری لەگەڵ درککردنی بە ئامانجی سەرەکیی قەوام، وتوویەتی بەپێی بڕیاری ئەنجومەن یەکسەر لە دوای چوونەدەرەوەی هێزە دەرەکییەکان هەڵبژاردنی خولی ١٥ دەبوایە دەستی پێ بکردایە، کە ئەم کارە نەهاتووەتەدی، زیاد لەوەش مەسەلەی سوپا و فیداییەکانی ئێمە هێشتا چارەسەر نەکراوە". ئێمە متمانەی خۆمان بە قەوام نیشان داوە، بەڵام ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوازە بەرەوپێشەوە بڕوات، نیگەرانیی میللەت زیاتر دەبێت. ئەو شتانەی لە سوودی بارودۆخەکەن، بە باشی هەڵسەنگێنن. ئێمە بە ڕاستگۆییەوە سەیری ئازادیخوازەکانی ئێران دەکەین. سەرکەوتوویی ئەوان سەرکەوتوویی ئێمەیە. ئەڵبەتە ئێمە چەندین بەرژەوەندیمان هەیە کە نابێت ئەوانە لەبیر بکەین". شاهدوخت ئەشرەف پەهلەوی، سەردانی یەکێتیی سۆڤێتی کرد و دیدارەکەی ئەو بۆ گۆڕینی بۆچوونی سەرکردەکانی سۆڤێت بوو لەبارەی ڕابەرەکانی ئازەربایجانەوە، کە کاری خۆیی کرد. جێگەی سەرنجە لە هەمان کاتدا (ژنی بیرنس)ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش هات بۆ مۆسکۆ. لە گەڕانەوەیدا بۆ نیشتمان، شاهدوخت لە کاخی سەعدئاباد کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی گرت و لەبارەی سەفەرەکەی خۆی بۆ سۆڤێت ڕاگەیەنراوێکی خوێندەوە و وتی: ژەنەراڵ ستالین ڕێزێکی زۆری هەیە بۆ گەلی ئێران و گومانی چاکی پێیان هەیە. بەشێوەیەکی گشتی ڕابەرانی سۆڤێت ڕێزی گەلە بچووکەکان دەگرن و گرنگی دەدەن بە سەربەخۆییان.

لەودیو سنووری کوردستانیش هەراوهوریا دروست بووبوو. لە تەموزی ساڵی ١٩٤٦، گەورەترین مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای نەوت لە کەرکووك بە مانگرتنی پێنج هەزار

کرێکار و کارمەند لە گەڕەکی گاورباخ، لە ۱۲ی تەمووزی ۱۹۴۶ ڕوویدا، کە لە لایەن حکومەتەوە سەرکوت کرا. دەستتێوەردانی پۆلیس بووە هۆی کوژرانی ۱۳ کەس لە خەڵکی ئاسایی و ژمارەیەکی زۆریشیان دەستگیر کرد و ڕەوانەی بەندیخانەیان کردن، کە لە عێراق دەنگۆی زۆر هەبوو و هەموو حیزبەکان کوشتنی خەڵکی بێ تاوان و شێوازی سەرکوتکردنیان مەحکوم کرد و تەنانەت هەندێ لە پەیامنێرانیش کە دەیانویست ڕووداوەکە بگوازنەوە، دەستگیر کران. دەستگیرکراوان بە تاوانی خەیاڵی هەڵکوتانە سەر ئەمنیەتیی میللی و تێکدان و دژبوون لەگەڵ ڕژێمی دادگایی دەستگیر کران و پاشان گوازرانەوە بۆ شوێنی جیاواز. لەکاتێکدا کە مانگرتنی ئەوان یاسایی بوو و خاوەنی ڕێپێدانی فەرمی بووە. موکەرەم تاڵەبانی هاوڕێ لەگەڵ سێ کەسی تر وەک شەریف شێخ (کۆمۆنیست) و کامل قەرەنجی (نەتەوەیی دیموکراتی) و عەبدولستار عەبدولسەلام، وەک وەکیلی ئەوان لە دادگادا بەرگریان کرد و دوای ماوەیەک لە بەندکردن و دوورخستنەوە، ئازادیان کردن.

هەواڵنامەی کتێب

لە مانگی ئابدا قازی موحەممەد چوو بۆ تاران و داوای کرد کە لەگەڵ حکومەتدا گفتوگۆ و جۆرێک لە هەڵسوکەوتی هەبێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و ئەمەش نیشانەی ڕووداوێکی خێرا بوو. قەوام لە پەیامێکدا دروستبوونی حیزبی دیموکراتی ئێرانی گەیاند بە هەموو خەڵکی ئێران. بارزانی بە وتووێژکردن لەگەڵ ڕووسییەکاندا، بۆنی ترسی کردبوو. پەیام بە حەمزە عەبدوڵڵا گەیشت کە بەبێ کاتلەدەستدان، هەنگاوی عەمەلی بنێن. حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان، هەستان و حیزبی ڕزگاریی سەر بە کۆمۆنیستەکان نامەیان بۆ بارزانی نووسی. پاشماوەی هیوا و ژمارەیەکی تری خەڵک لە بەغدا، لە مالی فەهیم سەعید کە لە کورده فەیلییەکان بوو، کۆنگرەیەکیان دروستکرد و لە ۱۶ی ئابی ۱۹۴۶ هەڵبژاردن بەڕێوەچوو. حیزب یان پارتی دیموکراتی کورد دامەزرا.

لە ۲۸ی ئابیشدا مەرام نامە و نیزام نامەکەی بە دەستخەتی کەمال عەبدولقادر نەشات نووسرایەوە. ڕابەرایەتی کردنی بارزانی بە ڕەسمی ڕاگەیەندرا. حەمزە عەبدوڵڵاش وەک سکرتێری حیزب دیاری کرا و ڕزگاری (رستگاری) وەک ئۆرگانی بڵاوکردنەوە بوو. حیزب لە

ئامادەنەبوونی بارزانیدا سێ کۆبوونەوەی هەبوو. حیزبی پارتی دیموکراتی کورد بە رابەرایەتیی بارزانی بوونی خۆی لە مەیدانی سیاسەتی کوردستانی عێراق ڕاگەیاند" لە لای بارزانیشەوە نامەیەک هاتبوو کە دەیویست چەند کەسێک بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو حیزبە هەڵبژێردرێن و ئەو کاتە حەمزە عەبدوڵڵا سکرتێری حیزبی پارتی دیموکراتی کورد بوو و بارزانییان وەک دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کورد هەڵبژارد و چەند کەسێکی تریش وەک شێخ لەتیف شێخ مەحموود و زیاد ئاغای کۆیە و تەها محێدین و جەعفەر کەریم، هەموویان لە سەرپەرشتیارانی پارتی دیموکراتی کورد بوون. بەم شێوەیە کۆنگرەی یەکەمی پارتی لە بەغدا بە ئامادەبوونی ٧٠ کەس بەڕێوەچوو و بەوەی کە حەمزە عەبدوڵڵا بوو بە سکرتێر، حیزبەکە بیری چەپی هەڵبژارد و حەمزە عەبدوڵڵاش لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست و قیام کۆبوونەوەی کرد، کە لە قیام گرووپێک پەیوەندییان بە کۆمۆنیستەکانەوە کرد و کۆمەڵێکی تر لە قیام و ڕزگاری لە یەکی ئاب، وازهێنانی خۆیان لە کۆنگرە ڕاگەیاند.

کۆمەڵەی ڕزگاری بەزۆری هاتنە ناو پارتی و لە کۆمەڵەی قیام لایەنگرانی مارکسیزم نەهاتنە ناو ئەم حیزبە تازەدامەزراوەوە و بەشداریان نەکرد، چونکە باوەڕیان وابوو کە خانەکان نابێ ئامادەییان تێیدا هەبێت. شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموود و زیاد غەفووری وەک دوو جێگرانی یەکەم و دووەم دیاریکران. ئەوانەی کە بیری کۆمۆنیستیی بەهێزیان هەبوو، پەیوەندیان کرد بە حیزبی کۆمۆنیستەوە و کەسانی وەک عەلی عەبدوڵڵا و عەبدولکەریم تۆفیق و ڕەشید عەبدولقادر، لە قیامەوە گەڕانەوە و پەیوەندییان بە پارتییەوە کرد. حیزبی پارتی لەڕاستیدا پێکهاتەیەک بوو لە حیزبی قیام و ڕزگاری و پاشماوەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) لە کوردستانی عێراق. ڕۆژنامەی ڕزگاریش بڵاوەکرایەوە و دۆستی پارتی و کەمپینی سۆسیالست خرانەڕوو و پەیوەندی نێوان حیزبە عێراقییەکان و عەرەب و کۆمۆنیست چاکبوونیان لەگەڵ بارزانی و دەوروبەری ئەم حیزبە هاتبووە ئاراوە. پارتی دیموکراتی کورد هێشتا کاریگەریی وەهای نەبوو و بە هاوکاری و بەشداریی کۆمۆنیستەکان کاریان دەکرد و پەیوەندییەکی باشیان هەبوو. صالح حەیدەری، بەپێی بیری چەپ و حیزب ڕزگاری هاوڕانەبوون لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد. چونکە لە یەکەمین دیداریان لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد لەم بارەیەوە گفتوگۆیان کردبوو.

ئیبراهیم ئەحمەد پەلی مهابادی لە سلێمانی کردبووەوە و حەمزە عەبدوللا دەیویست رێکخستنەکانی پارتی کوردستانی عێراق بخاتە گەڕ. ڕۆڵی ئیبراهیم ئەحمەدیش لەو ڕۆژانەدا ئەوەندە دیار نەبوو.

ئیبراهیم ئەحمەد بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت و ڕازیبوونی قازی موحەممەد، نەیدەویست هیچ کارێک بکات و پەیوەندیی بەم حیزبە نوێیەوە بکات. لەم بارەیەوە دوو ڕا هەیە: ڕای یەکەم لەسەر ئەوەیە کە "لەسەرەتادا وتبووی من تەنها قازی موحەممەد دەناسم، دەبێت پرسیار لەو بکەم. تاکو نامەی فەرمی لە لایەن قازییەوە نەیەت، من ناچمە ناو بابەتەکانی دامەزراندنی حیزب و بەشداریی کۆنگرە ناکەم. لە کۆتاییدا نامەی قازییان هێنا ئینجا ئیبراهیم ئەحمەد ڕازیبوونی نیشان دا". بەڵام ڕایەک هەیە کە "کاتێک حەمزە عەبدوللا هات بۆ کوردستان بۆئەوەی حیزب دابمەزرێنێت، داوای لە ئیبراهیم ئەحمەد کردووە وەک نوێنەری لقی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە کوردستانی عێراق، لەو ڕووەوە هاوکاریی بکات، ئەویش نەچووەتە ژێر باری هیچ هاوکارییەک تەنانەت بۆ کۆنگرەش بانگهێشت کرا، بەڵام کۆنگرەی جێهێشت. لەو کۆنگرەیەدا بوو کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی دیاریکران و حەمزە عەبدوللا خۆی بوو بە سکرتێری حیزب". ئیبراهیم ئەحمەد و عەلی عەبدوللا، بیری نەتەوەییان هەبوو، ئەم جۆرە تێڕوانینەش بووە هۆی جیاوازیی نێوان ئەم دوانە. ئیبراهیم ئەحمەد و حەمزە عەبدوللا کە کەمێکیش خزم بوون، جیاوازیی حیزبی لە نێوانیاندا هەبوو.

بەر لە بەستنی کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد، ئیبراهیم ئەحمەد، لە کاتی بوونی کۆماری مهابادا دژی ئەوەبوو کە حیزبێکی هاوشێوە هەبێت. لەڕاستیدا پێش ئەوەی بارزانی بڕوات بۆ مۆسکۆ، ئیبراهیم ئەحمەد و حیزبی پارتی دیموکراتی کورد لەگەڵ یەکتری جیاوازیی بیروڕایان هەبوو. ئەو ناڕازیبوو بە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و خۆی بە بەشێک لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەزانی و پەیوەندیی بە لقێکی بەشی مهابادەوە هەبوو. ئەم هەستی جیابوونەوەیەی ئەو لە پارتی، لە هەمان ڕۆژی سەرەتادا بوونی هەبوو، هەرچەندە دواتر تا ماوەیەک خۆی سکرتێری

گشتیی ئەم حیزبە بووە. "زۆرێك لە خەڵکی کوردستان پەرچەمی پارتیان دەکرد بە ئاڵا، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد نەڕۆیشت و تاکو کۆماری مهاباد نەڕووخا، پەیوەندیی بە پارتییەوە نەکرد. دوای ئەوە کە بارودۆخەکە گۆڕا و هەلومەرجی کۆماری مهاباد تێکچوو بەسەریەکدا، ئەویش چووە ناو حیزبەکەوە. تا ئەو کاتەی کۆماری مهاباد ڕووخا، لقەکانی سلێمانی و کەرکوك وەستابوون و دوای ئەوە چالاکبوونەوە. لەوکاتەوە ئیتر ئیبراهیم ئەحمەد، بەشێوەیەکی فەرمی، لە دامەزراندنی حیزب یان پارتی دیموکراتی کورددا بەشداریی کرد".

ئیبراهیم ئەحمەد لە نێوان ڕۆشنبیرانی کورددا کەسێکی دیاربوو و خاوەنی بڵاوکراوەی گەلاوێژ بوو، کە بە جۆرێك لە ڕووی زمانی کوردی و خەت و ناوەرۆك و... بە قوتابخانە دەژمێردرا. دەیان نووسەر و شاعیری کوردی پەروەردە کرد. کەسێکی وڵاتدۆست و بریکاری هەژاران لە بەرانبەر بەگەکان و خانەکاندا بوو، بەو هۆیەشەوە لە نێو خەڵکیدا کەسێکی ڕێزلێگیراو بوو. هەمیشە بەرگریی لە مافی کرێکاران دەکرد. کۆمۆنیستەکان، ئیبراهیم ئەحمەدیان بە کەسایەتییەکی کوردناس و کوردپەروەر و خاوەن توانای ڕابەرایەتی کردن دەزانی.

هەولێر نامق کێتێب

لە بارودۆخی دەرکەوتنی جەنگی سارد و ئەو کەشەی دروستبووبوو، تۆمەتبارکردنی بە لایەنگیری سۆڤێت، ناسنامەی حیزبی ڕزگاریی کوردی خستە ژێر تیشکەوە و لە لای ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا، وەك حیزبێکی قبوڵنەکراو دەردەکەوت. حیزبی ڕزگاریی کورد، لە دوای ئەوەی کە ژمارەیەك لە ئەندامەکانی وازیان لێ هێنا و پەیوەندییان بە حیزبی کۆمۆنیستی عێراقەوە کرد، لە ئابی ١٩٤٦ گۆڕا بە حیزبی دیموکراتی کوردستان. بە بنیاتنانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لێکجیابوونەوەی گەورە و کەلێنی گرنگ، بەڵام ماوە کورت، لە ڕیزی کوردەکاندا دروستبوو، چونکە لقێك لە حیزبی دیموکراتی ئێران، بەر لەمە لە سلێمانی بە سەرپەرشتیی ئیبراهیم ئەحمەد، بوونی هەبوو. بارزانی حیزبی دیموکراتی نوێی وەك هەڕەشەیەك بۆ یەکێتی کوردەکان و پایەبەرزیی قازی موحەممەد و کۆمارە تازەدەرکەوتووەکەی لە مهاباد، کە بۆ ئیبراهیم ئەحمەد و زۆرێك لە کوردەکانی تر لەو کاتەدا، شایانی مانەوەترین هۆکاری هاتنەدیی ئارەزووی نەتەوەیی

کوردەکان بوو، دروستکردبوو. لە ۱۷ی ئەیلوولی ۱۹۴۶، حیزبی دیموکراتی کورد، ڕاگەیەندراوێکی ئیمزاکراو لە لایەن بارزانییەوەی بڵاوکردەوە. بە دروشمی بژی کوردەکان و عەرەبەکانی برا لە وڵاتێکدا کە خەڵکی عێراق دەیویست پەیوەندی بە هێزەکانی کوردەوە بکات و لە تێکۆشانی هاوبەش بۆ ئازادی لە ژێر تیغی ئیمپریالیزمدا یەکبگرن و بەشداری بکەن. بەشێوەیەک کە هەر یەکێکیان لە نیشتمانی خۆیاندا ژیانی ئازاد و هاوکاریی برایانەیان لەگەڵ یەکتریدا هەبێت.

ئەم ڕاگەیەندراوە بە هۆی کۆمەڵێک بەڵگەنامەوە کە تیایدا حیزبی دیموکرات نەخشەی و پێشنیاری گشتیی خۆی بۆ دروستکردنی وڵاتێکی فیدراڵ و دوو نەتەوەیی، کێشا بوو، بە دواییدا ڕۆیشتن. بەڵام بیری فیدرالیزمی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ ئەو پێناسەیەی کە بەشێوەیەکی گشتی لەبارەی فیدرالیزمەوە بەکاردەهێنرێت، جیاوازیی هەبوو. حیزبی دیموکراتی کوردستان هەرگیز بنچینەدا لایەنگری سەربەخۆیی عێراقبوو. ئەم حیزبە لە کانوونی یەکەمی ۱۹۴۶، داوای وڵاتێکی فیدرالی کوردستانی دەکرد کە لە چوونە ناو پەیماننامەکانی هەر وڵاتێکی تر دەچووە دەرەوە. بەشێوەیەک کە ئەم وڵاتە فیدرالییە لە هەڵبژاردنی ئەندامانی هێزی جێبەجێکار و بەرنامەدانان و لقەکانی دادگاکانی حکومەتەکەیدا، ئازادیی تەواوی دەبێت و لە دروستکردنی پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی تردا، ئازاد دەبێت. هەموو مەسەلە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوورییەکانی کوردستان، لە سنووری دیاریکراوی ئەم وڵاتەدا دەمێننەوە. هەرچەندە نەخشەی پراکتیکیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەربارەی مەسەلەی بەرگری، نادیار و شاراوە بوو، بەڵام ئەنجامەکەی ئەوەبوو کە ئەم بابەتە دژوارە، لە نێوان نوێنەرانی عێراق و کوردەکاندا چارەسەر دەکرێت. دوای پێکدادانەکانی سەقز، بارودۆخ لە مهاباد کەمێک ئارامتر بووبووەوە. بڕیاربوو کوردەکان لە گەیشتنی خواردەمەنی بە بنکە سەربازییەکانی سەردەشت و هەموو بنکە حکومییەکان، ڕێگری نەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی چەک و ئەسڵەحە بۆ ئەم بنکانە نەنێردرێن، ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە بارهەڵگرەکان لە لایەن کوردەکانەوە بپشکنرێن. کۆمسیۆنێک دروستکرا کە پێکهاتبوو لە سەرتیپ عەلەوی، صەدری قازی و دکتۆر مەهتاشی و یەحیا صادق وەزیری، بۆ لابردنی ناکۆکییەکانی

هێزەکان لەگەڵ حکومەت نێردران بۆ مهاباد. لە ئەنجامی هێرشی سوپا، قازی موحەممەد چەندێك بوو هاتبوو بۆ تاران و لەگەڵ حکومەت کەوتبووە وتوویژ. ئێران هێشتا شڵەقاو بوو، لە لایەك ڕووداوەکانی خوزستان، مانگرتنی کرێکارانی نەوتی ئێران و ئینگلیز، لە لایەکی تردوە ئاشوب لە سمنان و ئەسفەهان و زنجان و یاخیبوونی عەشایەرەکانی فارس و بوشەهر، خەوی ئارامی لە چاوی پاشای لاو تۆراندبوو.

زۆرێك لە ئێرانییەکان، کە ڕەنگە خودی موحەممەد ڕەزا پەهلەویش لە نێویاندا بووبێت، بەبێ ترسان لە کۆمۆنیزم و یەکێتیی گەلی سۆڤێت، بە دوای پەیوەندییەکی نزیکدا دەگەڕان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. موحەممەد ڕەزا پەهلەوی، لە سەرانسەری ژیانیدا، لە لەناوبردن و ڕووخاندنی کۆمۆنیستەکان، لە هێرشی سۆڤێتەکان بێزار بوو.

خاڵێك کە لە باوکییەوە بە میراث بۆی مابووەوە. ڕووسییەکان کە لە ئێران پاشەکشەیان کرد، لەپێش هەموو شتێکەوە بەشێوەی لەناوبردن و کوشتن، سەرقاڵ بوون بە لاوازکردنی پێگەی کوردەکان و ئازەرییەکانەوە و ڕێگەیان دا بە سوپای ئێران تاکو بە خوێنڕشتن و ئاگری گوللەکان ناوچە یاخییەکان دووبارە داگیربکاتەوە. موحەممەد ڕەزا پەهلەوی بە پێچەوانەی قەوامەوە، باوەڕی بە داگیرکردنی خێرا و دەستبەجێ نەبوو. بەڵام قەوام هەموو لایەنەکانی مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕووسییەکاندا لەبەرچاو دەگرت. پاشان ڕووسیا بە توندی هەوڵی لاوازکردنی حیزبی تودەی دەدا، بەشێوەیەك کە ڕووسییەکان لە هەر پشتیوانییەك دەستیان کێشایەوە و گۆڕەپانەکەیان بۆ بڕیاردانی پلەبالاکانی ئەمنیەتی و نیزامیی ئێران بەجێهێشت. سێیەم، سیاسەتی ڕووسیەکان بووە هۆی ئەوەی هۆزی قەشقایی لە ئێران ڕاپەڕن، لەبەرئەوەی کە زەرورەتی ناوخۆیی ئەوەی پێویست دەکرد و زەمینەیەك بۆ قەوام دەڕەخسا کە بەپێی سەرچاوەی نادیار و نارۆشن، دەستی تودەکان لە حکومەت ببڕێت. خاڵی کۆتایی ئەوەیە کە جۆرێ لە مافی دەنگدان بۆ ئەنجومەن دەهاتە پێشەوە کە ئیمتیازی دەرهێنانی نەوت لە لایەن ڕووسییەکانەوە هەڵبوەشێنێتەوە.

له تورکیا، قەدری جەمیل پاشا له فەرماندەکانی خۆیبوون و کۆمەڵێك لە هاوەڵەکانی، پشتیوانیی خۆی له کۆماری مهابادی ئێران له سالّی ۱۹۴۶ ڕاگەیاند. سالّی ۱۹۴۶، وردە وردە ئەندامی حیزبی کۆماریخوازی گەل (ملت) پاشەکشەیان کرد و حیزبی دیموکراتیان دامەزراند. دەکرێت بڵێین وردە وردە سەردەمی فرەحیزبی لە تورکیا دەستی پێکرد. لە نێوان کوردەکانیشدا، بەهۆی پایەی مەزهەبی و داخوازیی نەتەوەیی و نەژادی، ئەم حیزبە قبوڵکراونەبوو، لەبەرئەوەی ئەویان بە دژی ئیسلام و خیلافەت و تەریقەتی سۆفیگەری دەزانی و ئەوەی کە حیزبێکە دوژمنی کوردە و زومانی کوردی و جلوبەرگ و کولتوور و ئاداب و ڕسوومی کوردی قەدەغە دەکات.[۱۸۳]

لە پایزی ۱۹۴۶ کە حکومەتی ترومەن چاکسازیی لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەمریکادا کرد، لوی هیندرسۆن، بەرپرسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە، لەبارەی ترسی ئەوەی ئێران ببێتە ناوچەی نفوزی ڕووسیا، هۆشداریی دابوو. لە ۱۷ی تشرینی یەکەمدا، کارس، کونسوڵی ئەمریکا لە بەریتانیا، چوو بۆ بینینی پیشەوەری. "پیشەوەری تەقریبەن وەڵامی هەموو پرسیارەکانی کونسوڵی نوێ دابووەوە. لەبارەی بەرەوپێشەوەچوونی چاکسازیی زەوی و پێدانی مافی ڕەئی دان بە ژنان، وتی بەبێ سوودوەرگرتن لە شارستانێتیی ڕۆژئاوا، بەرەوپێشچوون لە وڵاتدا ناکرێت، بەڵام دەربارەی بانگەشەکان لە دژی ئینگلیز، دەبێت بڵێم لە ئینگلیزیش بانگەشە لە دژی ئازەربایجانییەکان لەئارادایە و لەبارەی کوردەکانیشەوە، پەیوەندی لەگەڵ ئەوان تا ئەندازەیەك باشە. پیشەوەری باوەڕی وابوو کە هێرش لە دوو شوێنەوە، واتە لە لای زنجان و مەراغەوە دەکرێت. لە زنجان دیموکراتەکان لە ناوچەیەکی دەشتاییدا جێگیربوون و هۆکاری بەرگریی سروشتییان نییە. ئەڵبەتە کورتترین ڕێگا بۆ تەبرێز، لە لای مەراغەوەیە. بەدرێژایی مێژوو، هەمیشە تەبرێز لەم ڕووەوە لەژێر ترسدا بووە و کەوتووەتە ژێر هەڕەشەوە. ئەڵبەتە کوردە بارزانییەکانیش لەژێر چاودێریی ئەودا ئامادەی هاوکاریکردن بوون بە دیموکراتەکان و ۳۰۰۰ کەسیان بۆ ئەو مەبەستە دیاری کردبوو، بەڵام بە کردەوە تەنها ۱۵۰۰ کەس بوون. پیشەوەری لەبارەی بەشنەکردنی داراییەوە نیگەرانیی خۆی نیشاندا و وتی: بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەیی ناوخۆیی و تەیارکردنی سوپا، پێویستی بە

بیست ملیۆن تمەنی تـرە. لـە کۆتاییـەکانی مـانگی تـشرینی یەکـەمی ١٩٤٦، هـەواڵی وا بڵاوبووەوە کە ئێران دەیەوێت هێرش بکاتـە سـەر کۆمـاری کوردسـتان و ئازەربایجـان. لـە مانگی تشرینی یەکـەمی ١٩٤٦، حکومـەتی نـوێی ئێـران دوای ئـەوەی دووبـارە کـۆنترۆڵی سەرانسەری وڵاتـی کـردەوە، جووڵـەی خـۆی لـە دژی ئازەربایجـان دەسـتپێکرد. لـە ٢٣ی تـشرینی دووەمـی ١٩٤٦، بـە پـشتیوانیی ئـەمریکا و بـەریتانیا، ئێـران سـوپای خـۆی بـۆ سەرکوتکردنی کوردستان ڕەوانە کرد. لە ٢٣ی تـشرینی دووەمـی ١٩٤٦، سـوپا زنجـانی گرت و بەرەپرسی نەغەدە ڕای کرد بۆ عێراق. سەرەنجام ڕێگەدرا بە یەکینـەکانی سـوپا، بـە فەرمانەیی ڕەزم ئارا، لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦ هێرش بکەنە سـەر ئازەربایجـان و کوردسـتان. سـەرکردەکانی تیپـی دیمـوکراتی ئازەربایجـان بـەرەو ئـاراس[١٨٤] ڕایـانکرد و ڕۆژنامەکانی ئێران نووسییان کە پیشەوەری و وەزیرەکانی لـە سـنوور تێپـەڕیان کـردووە و چوونەتە ناو خاکی سۆڤێتەوە. پێـنج ڕۆژی دواتـر، بـە گەیـشتنی سـوپا بـە مهابـاد، بـەبێ ڕووبەڕووبوونـەوەی سـەربازی، کۆتـایی بـە تەمـەنی کـورتی کۆمـاری مهابـادیش هـات و پێشبینییەکەی قەوام هاتە دی. تێکشکانی پێشەوەری و کۆمەڵەی دیموکرات لە ئازەری ٢٤ تا ئازەری ٢٥، بە هاوبەشیی ئـەمریکا و ئینگلیـز و لەبـەر نـەبوونی پێگـەی کۆمەڵایـەتی و هێرشی توند و لەناکاو و بێبەزەییانەی ڕەزم ئارا بوو، ئەڵبەتە بە پشتیوانیی دەرەبەگـەکان و سەرمایەدارە ناوخۆییەکان و هێزە سـەربازییەکان. بەمـەش ئـەمریکا ڕاسـتەوخۆ لـە دوای تێکشکانی سۆڤێت لە ئێران، چووە ناو خاکی ئێرانەوە".

تازە زستان دەستی پێکردبوو. پـشتیوانیی هۆزەکـان لـە کۆمـاری مهابـاد نـەمابوو. لـە ١٩ی کانوونی یەکەم، هۆزەکانی هەرکی و شێخانی، ڕۆیشتن بۆ تـەبرێز، لەکاتێکدا پێـشتر لەوانە بوون کە ڕازی بوون بـە کۆمـاری مهابـاد. بـارزانی لـە بـەرەی شـەڕی باشـوور بـەرەو مهابـاد پاشەکـشەی کردبـوو، بـەو مەبەسـتەی کـە پارێزگـاری لـە مهابـاد بکـات، ئەڵبەتـە زانیبووی کە بارودۆخی سەربازی زۆر خراپە و نائومێدەکەرە. لە سەرەتای کانوونی یەکەم، ڕۆیشت بۆ نەغـەدە لـە نزیـک سـنووری عێـراق. مهابـادیش هێـزی سـەربازیی لـێ نـەمابوو و خەڵکەکە نائومێدکرابوون و دەستیان لێبـەردرابوو. ڕۆژی ١٢ی کـانوونی یەکـەمی ١٩٤٦،

قـازی موحەممـەد بـە عەمامەکـەی سـەریەوە و بـە ڕەنگـی مـات و مـەلوول و قیافەیـەکی خەماوییەوە، سەیری ئاوابوونی خۆری دەکرد.

زۆربەی کەسەکان وا دەیگێڕنەوە کە ئاوهەوای ئەو ڕۆژە زۆر گـەرم بـووە: "شـوێنەواری خـەم خەفـەت و ئـازار و مەینـەتیی کۆتـایی نـەهاتوو لـە دەموچـاوە پـاک و ڕۆحانییەکەیـدا دیاربوو. قازی لە ڕاکردنی پیشەوەری بۆ سۆڤێت و بەبێ سەرپەرشت جێهێشتنی گەلەکەی، ناڕەحـەت بـوو و دەیـوت: ئـەمڕۆ و بـەیانی سـوپای ناوەنـد دێتـە نـاو مهابـاد و نازانرێـت چ بەڵایەک بەسەر خەڵکی بێ پشت و پەنادا دێنن. من لەناو خەڵکەکەمدا دەمێنمـەوە تـاکو لـە کوشـتنی بـێ سـەروبەری خـەڵکی ڕێگـری بکـەم. سـەیفی قـازیی بـرام و وەزیـری شـەڕی کوردستانیش، لەگەڵ منـدا دەمێنینەوە، چونکە ئێمە بەڵامانەوە چاکترە لە پاڵ میللەتەکەی خۆماندا بمرین و ئەوان بێ پشتوپەنا بەجێنەهێڵین. من وەک پیشەوەری و غوڵام یەحیا نیم. هەرچەندە کە پیشەوەری داوای لە من کـرد کـە لەگـەڵ ئـەو نیـشتمانەکەم جێبهـێڵم، بـەڵام ئەمە نەگونجاوە و غیرەت و مەردایەتیی ئێمە ڕێگە نادات کە گەلی خۆت بەجێبهێڵیت و مـاڵ و منداڵ هـەڵگریت و ڕابکـەیت. ڕووبەڕووبوونـەوەی دوژمنـی خـەڵک فیکرەیـەکی عاقڵانەیـە. قازی موحەممەد کەسێکی گەورە و ئازا و پیاوێکی تێگەیشتوو و دلێر و تاقانە بوو، کە وتـە جوامێرانەکانی و ڕەفتارە جوانەکانی، لەگـەڵ ئازایـەتی و عەزیـەت و ئـازار نـەدانی کـەس و سیمایەکی پیاوانە و مەلەکوتی هەبوو".

"لەڕاستیدا قازی موحەممەد کەسێکی حەلیم و لەسـەرخۆ و ئـارامگر و پـشوودرێژ بـوو. ڕابەرێکی بەئاگا و خوێندەوار و زمانزان بوو، کە زمانەکانی ڕووسی و ئینگلیزیی دەزانی. بـە هەموو خۆشییەکەوە دەیـوت کـە خـاوەنی پلـەی شـێخایەتیی گـەلی کـوردە، کـە لـە ۴۰۰ ساڵەوە نەوە بە نەوە هـاتووە. ئـەو تـەنها دەیویـست دیموکراسـی بهێنێتـە دی. دادگـەریی کۆمەڵایەتی، ئازادی، پێگەیشتن و پێشکەوتن و ئاشتیی بۆ گەلی ئێران دەویست".

دوخر، کونسوڵی ئەمریکا لە تەبرێز، کە بە تەواوی ئاگاداره لە مەسـەلەکانی کوردسـتان و ئازەربایجان، لەبارەی کوردەکانی ناوچەی ڕۆژئاواوە دەڵێت: قازی موحەممەد بە تـەواوی

پێچەوانەیە لەگەڵ کۆمۆنیستەکان. دوای ئەوەی کە سۆڤێتییەکان بەڵێنی هاوکارییان پێدان و دواتر وەفایان نەبوو بە بەڵێنەکەیان، ئەوان بە تەواوی ئارەزوو ئامادەی یەکگرتن بوون لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ئێران، بۆ ئەوەی لە دژی ئازەربایجان هەنگاو بنێن. ئەڵبەتە بەو مەرجەی تاران لەبارەی کردەوەی جەنگی لەگەڵ ئەواندا ڕێکەوتن و بەڵێنی سیاسەتی فشار لە دژی کوردەکان لە داهاتوودا بەکارنەهێنێت. باقراف لە نامەیەکدا کە بۆ ڕابەرەکانی ئازەربایجانی ناردبوو، نووسیبووی: یەکبوون و یەکپارچەیی ئێوە، شتێکە کە میللەتی ئازەربایجان بەهۆی ئەوەوە دەتوانێت گەورەیی و ئازادیی خۆی بپارێزێت. ئەگەر ئەم میللەتە بە کەمترین ناکۆکیی نێوانتان لاواز ببێت، مێژووی ئازەربایجان و نەوەکانی داهاتووی هەرگیز لێتان خۆشنابن. ئێستا چارەنووسی میللەت دیاری دەکرێت، دەبێت پەیوەندیی ئێوە و هەموو مەسەلەکان، لەژێر کاریگەریی پارێزگاری لە بەرژەوەندیی گشتیدا بێت. کوردەکان ئێستا دەتوانن ڕۆڵی دوولایەنە ببینن، کە هەم بە سوودی ئێوە بێت و هەم لە دژی ئێوەش. ئەم ڕەفتارە بەندە بە یەکێتیی ئێوەوە و پەیوەندیتان لەگەڵ کوردەکان و پاشان کارزانیی ئێوە کە بتوانن ئەوان بەرەو خۆتان ڕابکێشن. جەعفەر پیشەوەری، ڕابەری ئازەربایجانییەکان، پێش ئەوەی ڕابکات بۆ سۆڤێت، پەیوەندیی بە قازی موحەممەدەوە کرد و ئاگاداری کردەوە لە بڕیارەکەی و پێشنیازی بۆ کرد کە قازی موحەممەدیش هەرچی زووە خۆی دووربخاتەوە لە شەڕەکە. قازی موحەممەد پێشنیارەکەی ڕەتکردەوە و لە وەڵامدا وتی: "من لەناو خەڵک و گەلی خۆمدا دەمێنمەوە". لە مهاباد کۆمەڵێک لە سەرکردەکان بە بانگهێشتی بەرپرسانی حیزبی دیموکرات، کۆبوونەوە و لەبارەی چۆنێتیی هەڵهاتنیانەوە دەستیان بە ڕاوێژکردن کرد. ئەمانە دوای ئەوەی بۆچوونەکانیان لەیەکەوە نزیک بوو، کە ئیتر جێگەی مانەوە نییە، لە ڕۆژئاوابوونی ڕۆژێکی دڵگیری وەرزی پایزدا، لە مالّی قازی موحەممەد کۆبوونەوە و داوایان لێ کرد کە هاوڕێیەتییان بکات. ئەو لە بڕیارەکەی ئەوان پشتیوانیی کرد و ڕێگەی پێدان کە هەرچییان پێویستە لەگەڵ خۆیان ببەن و ڕستەکەی خۆی دووبارە کردەوە "من لەگەڵ ئێوە نایەم و خەڵک بە تەنها جێناهێڵم، چونکە حکومەتی ناوەند، بە زووی و بە ڕق و کینەوە دەگەڕێتەوە، ئەگەر من نەدۆزنەوە، ئەوە دەڕێژن بەسەر خەڵکدا، بەڵام ئەگەر من لێرەبم، ئەوا هیچ لە خەڵک ناکەن. لەوەش زیاتر، ئەگەر بمێنمەوە، دەتوانم شتێک بکەم کە خەڵکی شارەکان نەکەونە بەر

هێرشی هەندێ عەشایەری هەلخوازی ناوخۆی کوردستان و بە پارێزراوی بمێننەوە. من سوێندم خواردووە کە لە ناڕەحەتترین هەلومەرجدا لەگەڵ خەڵکدا بمێنمەوە و تاکو ئەو شوێنەی کە دەتوانم، پارێزگاریان لێ بکەم. ئەمڕۆ بۆ خەڵک، لە ناڕەحەتترین ڕۆژەکانە و بۆ منیش لە گەورەترین تاقیکردنەوەکانە". لە کۆتاییدا بە ناوبژیوانی و دەستتێوەردانەکانی قازی و هۆشداریيە دووبارەکان، بە سەرکردەکانی سوپا کە ئەگەر لە هەر جۆرە نیەت خراپییەک و ئەتککردنی ڕێزی خەڵک، لە ڕێگەی سوپای بارزنییەکانەوە دەچنە ناو شەڕەوە.

کوردەکان بەردەوام وا بیریان دەکردەوە کە کوردستان سەرەنجام جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەریی ناوخۆیی بەدەست دێنێت، بەڵام عومەر خان شکاک[۱۸۵] ئاگاداری سیاسەتی قەوام بوو، دەیزانی کە بە زوویی سوپای ئێران دەچنە ناو ئازەربایجانەوە. ژمارەیەک لە کەسانی دەوروبەری قازی دەیانویست هەڵبێنێ بۆ سۆڤێت، بەڵام کاتێک کە ئەو وتی "لەگەڵ میللەتی خۆیدا دەمێنێتەوە" ئەوانیش وازیان لە هەڵهاتن هێنا و بڕیاری تەسلیمبوونی ئابڕوومەندانەیان دا. قازی پیاوێکی نیەت چاک و دڵپاک بوو و دەیزانی کە سوپای شا تەنها بە کوشتنی ئەو وازدەهێنن و هەڵهاتنی ئەو، دۆستەکانی ڕزگار ناکات. ئەو وتبووی و بەراستیش ئەوەی وتبوو: گیانی من لە گیانی خەڵکانی تر گرنگتر نییە. هەرچەندە لە ئەیلوولی ۱۹۴۶ دیداری قازی موحەممەد لەگەڵ قەوام ئەنجامدرا، دوو ڕۆژ دوای ئەوە، قازی موحەممەد خۆی تەسلیم کرد، ئەوەش ڕێک دوای سێ مانگ لە جێگیربوونی سوپا بوو.

لە چواری ئەیلوولدا بااڵیۆزی ئەمریکا لە تاران ڕایگەیاند کە ئازەربایجان بەشێکە لە ئێران و ئەو ناتوانێت بزانێت کە بۆچی گۆڕینی شوێنی هێزەکان لە خاڵێکی ئەم وڵاتەوە بۆ خاڵێکی تری بووەتە جێگای نیگەرانیی سۆڤێت؟ دوو ڕۆژ دوای ئەوە سێر جیتسۆن، جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، هۆشداری بە ڕووسیا دا کە هیچ جۆرە هەنگاوێک لەبارەی ئێرانەوە نەنێت. ترومەن، سەرۆک کۆماری ئەمریکا، فەرمانی بە وەزارەتی دەرەوە کرد: هۆشداری بە ڕووسیا بدرێت کە حکومەتی ئەمریکا لە بەرانبەر هەر جۆرە دەستتێوەردانێک لەبارەی ئازەربایجانەوە، بێدەنگ نابێت.

لە ٥ی کانوونی یەکەمدا، (قولیێف)ی کونسلگەری سۆڤێت، لەبارەی بارودۆخی سیاسی و سەربازیی ئازەربایجانەوە، بەهۆی هێرشکردن بۆ سوپای ئێران، نووسیویەتی: هێزە سەرەکییەکانی ئازەربایجان لە شاخی قافلان جێگیر کراون. غولام یەحیا، فەرماندەی هێزەکە، بە تەلەگراف، داوای ڕەگباری قورس و ئەفسەری بەئەزموونی لە پیشەوەری کردووە. لە تەلەگرافێکی تردا، غولام یەحیا هەواڵی جووڵانی هێزەکانی ئێرانی لە ڕووی خڵخاڵەوە، ناردووە. بڕیاردرا کۆمیتەی بەرگری لەژێر چاودێریی پیشەوەری و بە بەشداریی شەبستەری، قازی موحەممەد، غولام یەحیا، پەناهیان و پادگان دروستبکرێت. لە تەبرێز حاڵەتی شەڕ ڕاگەیەندرا و گوندنشینەکان لە گۆشە و کەنارەکا داوایان لە حیزب دەکرد کە چەکیان پێ بدات و بیانێرێت بۆ بەرەکانی شەڕ. لە تەبرێز ناونسینی داواکاران دەستی پێکرد و بەخێرایی ٦٠٠ کەس ناویان نووسی و پیشەوەری جارێکی تر داوای سەربازی لە یەکێتیی سۆڤێت کردەوە. هەر ئەو ڕۆژە باقرۆف بە ئاگاداربوون لەو زانیارییانەی کە لە تەبرێزەوە گەیشتبوون، تەلەگرافێکی بۆ ستالین نارد.

هێوانامەی کتێب

لە ڕۆژەکانی ١٢ و ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦، سوپای ئێران چووە ناو ئازەربایجانەوە و تەبرێز کەوتە ژێر دەستی هێزەکانی حکومەت. لەو ڕۆژانەدا ڕەزم ئارا پۆستی لێکۆڵەری ناوچەی ٢ی وەزارەتی جەنگی وەرگرت و دەستی بەکارەکانی کرد. نیگەرانیی سەرەکیی ڕەزم ئارا ئەوەبوو کە هەواڵی پێدرابوو هێزەکانی کورد لە زیادبووندان و عەشایەری کورد لە خاڵی ناوخۆیی وەکو هەورامانی تەخت و لە دەرەوەش وەک سلێمانی، پەیوەندیان پێوە کردوون و دەیانەوێت پێشڕەوی بکەن. پەیوەندیی حکومەت بە بنکە سەربازییەکانی سەقز و بانە و سەردەشتەوە، بە تەواوی پچڕاوە. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی دا لە ڕێگای وتووێژەوە، بە دیاریکردن و جێگیرکردن جۆرێك لە لەمپەری بێلایەن لە نێوان هێزەکانی هەردوولادا دروستبکات. قازی موحەممەد و ڕەزم ئارا یەکتریان بینی و وتوێژیان کرد و لێکدانەوەی ئەو وەها بوو ئەو هێزە سەربازییانەی کە ڕێگری بنکە سەربازییەکان بوون، لەژێر فەرمانی ئەودا نین، بەڵکو چەند کەسێکی تری وەکو بارزانی لەناو ئەم ڕووداوەدا هەن. لە دوای ئەم دیدارە، خێرا ڕەزام ئارا لە وتوێژێکی فەرمیدا ڕایگەیاند کە هێزەکانی کوردستان، وەک هێزەکانی حەمەڕەشید خان و بارزانی، کە لە

دەوری قازی موحەممەد کۆبوونەتەوە، ڕێکخراو و ڕێکوپێك نین و هەرکامێکیان ئامانجێکی جیاواز و هیوایەکی تریان هەیە.

دوای ئەوەی هێزی سەربازی چووە ناو کوردستانەوە، عەشایەرەکانی بارزان لە خاکی ئێراندا هۆشداریان وەرگرت، چونکە هاتنەناوەوەی ئەوان بۆ ناو خاکی ئێران، نایاسایی و بە پێچەوانەی ڕسوومی نێودەوڵەتییەوەبوو، بۆیە بە پەلە یان دەبێت تەسلیم بن، یان دەبێت خاکی ئێران جێبهێڵن. بارزانی لەگەڵ هاوڕێکانی خۆیدا و بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان، مۆڵەتی خواست تاکو سەردانی تاران بکات. چونکە خێڵی بارزان لە خاکی عێراقەوە هاتبوونە ناو خاکی ئێرانەوە و حکومەت نەیویست لەگەڵ سەرکردەکانی ئەوان، وەك قازی موحەممەد مامەڵە بکات، لەبەرئەوە بازرانیی لە تاران قبوڵ کرد. بارزانی بەبێ ئاگاداری و ڕازیبوونی قازی موحەممەد، یان سەرکردەکانی تر و ڕابەرەکانی کۆماری کوردستان، لەگەڵ چەند کەسێکدا چوون بۆ تاران و لە یانەی لەشکری دووەم بنکەی ناوەندیان گیرسانەوە و لە لایەن سەرلەشکر ڕەزم ئارای سەرۆکی ناوەندی سەربازیی ئەوکاتەوە پێشوازیی لێ کرا. بارزانی لەبەر ئێرەیی بەوەی قازی موحەممەد ۲ ـ ۳ جار شای بینیبوو، ئەم خۆهەڵکێشان و چیرۆکەی بە پێچەوانەی ڕاستی خستەڕوو. کە خۆی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ شا بۆ تاران بانگ کراوە و کاتێك شا وتبووی چەکەکانتان دابنێن و لە هەرکوێ دەتانەوێ دابنیشن، بارزانی وتبووی: "شێخ ئەحمەد دەبێت لەم بارەیەوە بڕیاری کۆتایی بدات و ڕێگەبدەن پرسیار لەو بکەم".

"بارزانی بە پێشبینیکردنی ئەگەری دەستگیرکردنی، لەژێر پارێزگاریدا چووبوو بۆ تاران، چونکە پێش ئەوەی بچێتە ناو تاران، ڕایگەیاندبوو کە ئەگەر تا ۱۰ ڕۆژ نەگەڕامەوە، بۆ شەڕکردن لەگەڵ هێزەکانی حکومەتدا ئامادەبن. مانەوەی بارزانی لە تاران چەند ڕۆژێك زیاتر درێژەی کێشا، شێخ ئەحمەدیش نیگەرانی بەندکردنی ئەو بوو. تەنانەت پێشنیارێکی خستەڕوو، کە کۆمەڵێك چەکدار لێیان جیابینەوە و هێرش بکەن بۆ مهاباد و قازی ڕزگاری بکەن و بارزانی بە ڕابەر و فەرماندەی خۆیان نەزانن و شێخ ئەحمەدیش ئیدانەی ئەوانە بکات". بەڵام ئەم پێشنیارە لە لایەن هەواڵدەرە ناوخۆییەکانەوە خێرا بە گوێی حکومەت گەیشت و داوایان لە بارزانییەکان کرد کە پشێوی نەنێنەوە و جیاوازی

دروستنەکەن. بارانێکی بەخۆڕ دەباری و بەفرێکی زۆریش لەسەر زەوی کەڵەکە بووبوو و هەموو شوێنێك قوڕ و چڵپاو بوو. ئێوارە لەگەڵ شێخ ئەحمەد یەکتریمان بینی و وتی: قەسەم بە خوا ئێمە نامانەوێت شەڕ لەگەڵ ئێوە بکەین و نایکەین. لە بیری دوژمنایەتیدا نین و هەروەك بە عێراقمان وتووە و ئەوان گوێیان پێنەدا، بە ئێوەیش دەڵێین کە ئێمە هەقمان بەسەر ئێرانییەکانەوە نییە. تەنانەت لەبەرئەوەی کە کوردین، خۆمان بە ئێرانی دەزانین. ئەگەر حکومەتی عێراق ڕێگا نەدات بگەڕێینەوە بۆ ئەو وڵاتە، لە دەوروبەری تاران، یان هەر شوێنێکی تر کە حکومەت دیاریی بکات، نیشتەجێ دەبین و دەبینە دانیشتووی ئێران. شێخ ئەحمەد لەوەی کە هاتووە بۆ ئەم ناوچەیە و لە ئەنجامی ئەو کێشانەی دروستبوون، ناڕەحەتیی خۆی دەردەبڕێت". کاتێك بارزانی و ئەفسەرەکانی دەوروپشتی هاتن بۆ تاران [١٨٦]، ئاشکرایە کە پێشنیاری زۆریان بۆ کردبوو کە قبوڵی نەکردن، چونکە بە پێچەوانەی قازی موحەممەدەوە، ئەو باوەڕی بە بەڵێنەکانی دەسەڵاتدارەکانی ئێران هەبوو. ئەفسەری بەرپرسی پێشوازیکردنی بارزانی لە تاران، ئەفسەر عەلی ئەکبەر غەفاری لە لەشکری زرێپۆش بوو، کە دوای کودەتای ٢٨ی مورداد، بەند کرا و لە بەندیخانەدا یادەوەرییەکانی بۆ صارمەدین صادق وەزیری باس کردووە: کە شەوانە بارزانییەکان بەیەکەوە نەدەخەوتن و هەمیشە یەکێك لەوان بەخەبەربوو و چاودێریی دەکرد، نەوەك غافڵگیریان بکەن.

لە بنکە سەربازییەکەی ڕوکنی دووەمی سوپا، وەها باس کراوە کە حکومەتی ئێران سێ پێشنیاری خستووەتە بەردەم بارزانی "١- لە کاتێکدا کە دوو هەزار خانەوادەی بارزانی دەیانەوێت لە ئێران بمێننەوە، دەبێت هەموویان لە چەك دابماڵرێن و دوور لە سنوور لەو شوێنەی کە بۆیان دیاری دەکرێت، نیشتەجێ بنن. ٢- لەکاتێکدا کە هەموو بنەماڵەکانی ئەم تیرەیە ئامادە نین بێنە ناو ئێران، ئەوانەی کە حەزیان لێیە، دەتوانن دوور لە سنوور نیشتەجێ ببن و بە ژیانی ئاسایی خۆیان دڕێژە بدەن. ٣- لەکاتێکدا کە حەزیان بە ڕێگەچارەی ١ و ٢ نییە، دەبێت بە خێرایی لە خاکی ئێران بچنە دەرەوە". هەر لەو چوارچێوەیەدا ئاگادارکرانەوە کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کاروانی سەربازیی ئێران دەست بە جوواڵە دەکات و ئەگەر ببینن دەوەستن، دەستدەکەن بە کردەی سەربازی.

بارزانی چیرۆکی ناواقیعیی چاوپێکەوتنی لەگەڵ شا، بەم شێوەیە باس کردووە "ئێمەیان برد بۆ لەشکری دووی قەسر، لەوێ پێشوازییان لە ئێمە کرد. قەوام و ڕەزم ئارام بینی. ڕەزم ئارا کەسێکی زۆر زیرەکە، بەڵام قەوام خۆوێستە و حەزی لە پلەوپایەیە. بۆ بینینی شا چووبووم بۆ تاران، بەرتیلم دا بە یەکێك لە ئەفسەرەکان کە یەك دوو سەعاتیش بچم بۆ لای باڵیۆزی ئەمریکا. خۆم گەیاند بە باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران و لەوێ دیدارم لەگەڵ باڵیۆزدا کرد و یەك سەعات لەگەڵی دانیشتم. هەموو ئەوەی لە دڵمدا بوو بە ئەوم وت و خێرا گەڕامەوە. ڕۆژی دواتر قەوام خۆی هات بۆ لام و وتی ئامادەبن بۆ بینینی شا. ڕۆژێك بردمیان بۆ بازاڕ و پاڵتۆیان بۆ کڕیم و دوایی بردمیان بۆ کاخی شای ئێران و لەگەڵ موحەممەد ڕەزاشای پەهلەوی قسەم کرد. لە ژووری چاوەڕوانیی شای ئێران هەموو بە ئیشارەت و ئاماژە قسەیان دەکرد و بەردەوام دەیانوت: هیس! هیس! و دەرگایان بە من نیشان دەدا. وتم: مەگەر ئێوە زمانتان نییە کە وەك لاڵ ئاماژە دەکەن، بەڵام هەر هیس! هیس!یان دەکرد. وتم: بۆچی ئاماژە دەکەن؟ دەتانەوێ چی بڵێن؟ باشە قسە بکەن! بەڵام دیسان ئاماژەیان بە من کرد. من دەمزانی مەبەستیان چییە، بەڵام دەمویست قسە بکەن. دوایی شا بە ڕێزێکی زۆرەوە منی بینی و لەگەڵ یەك ڕێکەوتین کە ڕەوانەی کەنار سنوورەکان بکرێین. شا داوای کرد بگەڕێمەوە ناو عەشیرەتەکەم، منیش وتم: وەڵا پایەبەرز! تۆ زۆر بەڕێز و بەخشندەیت! من هەموو پێشنیارەکانی ئێوە قبوڵ دەکەم. بەڵام شێخ ئەحمەد دەبێت بڕیار بدات و ئەو سەرۆکی تیرەکەمانە!". [187] بەهەرحاڵ، لە بەڵگەنامەکانی مەکتەبی تایبەتی شا و ساواك، یان وەزارەتی دەرەوەی ئێراندا، وەها دیدارێك تۆمار نەکراوە. کۆمەڵێکی دژ بە بارزانی، بە پشتبەستن بە ئەرشیفی حکومەتی قسە دەکەن. بەرپرسێکی سی ئای ئەی لە تاران لەمبارەیەوە دەڵێت: "ئێمە لە باڵیۆزی ئەمریکا هەواڵەکانمان دەبینی، بەڵام بارزانیمان هەرگیز بە جدی نەدەگرت. لەڕاستیدا لەبەر ڕووسیا و بوونی بیری کۆمۆنیستی، ئەوەندە باوەڕمان بە جووڵانەوەی کوردەکان نەبوو. بارزانییش هیچ دیدارێکی تۆمارکراوی لەگەڵ باڵیۆزدا نییە و ئەمە درۆیەکی ڕووتە".

بەڵام کارگێڕانی حکومەت لە تاران پێشنیار دەکەن بۆ بارزانی کە بڕۆن بۆ هەمەدان، تا لەوێ زەویی نیشتەجێبوونیان بۆ دەستەبەر بکەن. پاشان بارزانی دەبەن بۆ کارخانەکانی

چەکسازیی سەڵتەنەت ئاباد و هێزی هەوایی و پەیمانگای ئەفسەریی. بارزانی لە تاران و لە دیداری لەگەڵ ڕەزم ئارادا، خۆی بە فەرمانبەردار و گوێڕایەڵی تەواوی شێخ ئەحمەد نیشان دەدات و دەڵێت "شێخ ئەحمەد هیوای وایە هەرچی زووترە بگەڕێتەوە بۆ بارزانی عێراق و لەوێ لەسەر کورسییەکەی دابنیشێت و دار بتاشێت. ئەمە عادەتی شێخ ئەحمەد بووە. هەروەها شوێنکەوتووەکانی چواردەوری بگرن و بڵێن: ئەزبەنی! ئەزبەنی! ئەو دەیەوێ ژیانێکی ئارام و ئاسان و بێ نیگەرانی بەسەربەرێت". بەڵام گەڕانەوە بۆ بارزان، واتای لەدەستدانی چەك بوو. لە تاران بەرپرسی ناوەندی سوپا بە بارزانی دەڵێت: ئێوە لەوەی کە بە هەموو مەرجەکانی ئێمە ڕازی بن یان نەبن، ئێمە ڕێك و ڕاست ئێوە دەگەڕێنینەوە بۆ ناو تیرەکەی خۆتان. ئەگەر ڕازی بوون کە زۆر باشترە. بێجگە لەم شێوازە، لەگەڵتان شەڕ دەستپێدەکەین و لەناوتان دەبەین. بارزانی دەیتوانی پێشنیاری سێیەمی حکومەت قبوڵ بکات و بەبێ بەریەککەوتن خاکی ئێران بەجێ بهێڵێت. بەڵام ئەوە ڕوون نییە کە ئایا بارزانی لە کاتی گەشتی بۆ تاران، لەگەڵ هێزەکانی ڕووسیا ڕاوێژی کردووە یان نا؟

هۆڵی نامەی کتێب

یەکێك لە بەرپرسانی ساواکیش باوەڕی وایە کە "بارزانی لەگەڵ ڕەزم ئارا و هەروەها وەزیری جەنگ (سپهبد ئەمیر ئەحمەدی) و قەواموسەڵتەنە یەکتریان بینیوە. ئەو، سڕینەوە و لەناوبردنی قازی موحەممەد و یارەکانی و هەروەها درێژەدان بە ژیان لە مهاباد لەگەڵ چەکدارەکانیدا و تایبەتکردنی بودجە و چەکی پێویستی، بۆ سوپا و حکومەت پێشنیار کرد. ئەو بەشێوەیەکی ڕێکوپێك داواخوازیی بینینی پادشای هەبوو. لەگەڵ ئەوەی کە چەندین جار پادشای لێ ئاگادارەکرایەوە و بەرپرسانیش تەئکیدیان لەسەر بینین و وتووێژکردن بەشێوەیەکی کەم هەبوو کە بووە هۆی دڵگەرمی لە پشتیوانی پادشا لەوان بێت، بەڵام هیچ کاتێك ڕازیبوون لەسەر وەها بینینێك نەبووە و پێشوازیی لێ نەکرا. پادشا هەرگیز مەبەست و بۆچوونی نەبوو کە لەگەڵ ژەنەرالێکی ناواقیعی، ئەویش کەسێکی هەڵهاتوو لە عێراق، کە پەنای هێنابوو بۆ دامێنی کۆماری مهاباد، دابنیشێت. مەشروعیەتێك بۆ ئەو یان کۆماری ناوبراو ڕازی بێت و ببێتە جێی ناڕەزایەتیی عێراق. شا، پەیوەندیی نێودەوڵەتیی زۆر چاك ڕەچاو دەکرد".

رەزم ئارا دەریخست "هەرچەندە حکومەت ئامادەبوو لەکاتێکدا کە بیانەوێت، ببنە هاوولاتیی ئێران و خێرا چەکەکانیان تەسلیم بکەن و لە دێیە ناوەندی و دەوربەرەکانی تاران نیشتەجێ ببن، بەلام لەکاتێکدا کە بیانەوێ بڕۆنەوە بۆ ناو خاکی عێراق، حکومەت لە ڕووی ئەخلاقییەوە، ئەو ۱۱۱ کەسەی کە لە دادگاکانی عێراق حوکمدراون، پەنا دەدات". "کاتێك کە بارزانی لە تاران نیشتەجێ بوو، وەزارەتی جەنگ لە چوارچێوەی وتوووێژەکاندا وتی کە کوردەکانی بارزانی چەکەکانی خۆیان تەسلیمی حکومەت دەکەن و لە شوێنێك کە دیاری دەکرێت بۆیان، نیشتەجێ دەبن. ئامانجی حکومەتی ئێران ئەوە بوو کە ئەوان بە ئاشتی لە چەك دابماڵێت و لە دەوروبەری هەمەدان وەك پەنابەر نیشتەجێیان بکات. تەنانەت حکومەت بە ڕووکەش ئامادەبووبوو ئەو کەسانەی کە لە عێراق حوکمی سیاسییان هەبوو، وەك پەنابەری سیاسی وەربگرێت. زەوی و سەرمایە بدات بە تیرەکە، بۆ ئەوەی سەرقاڵ بن بە کشتوکاڵەوە. یان ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ناو خاکی عێراق و ئەو کەسانەی کە بە سێدارەدان حوکمدرابوون و لە ترسی سێدارەدان ناتوانن بچنە ناو خاکی عێراقەوە، لەناو خاکی ئێراندا وەك پەنابەر بەردەوامی بە ژیانی خۆیان بدەن. سەرەنجام بارزانییەکان، خاڵی ستراتیژییان چۆڵ کرد و سەربازەکانیان گۆڕی و خۆیان لە شنۆ کۆکردەوە. شێخ ئەحمەد بارزانی پێشنیاری بەجێهێشتنی جەنگی کرد و داوای کرد کە حکومەت ۴۰ ڕۆژ ئازوقەیان پێ بدات تاکو لە خاکی ئێران دەچنە دەرەوە، بەڵام حکومەت کە ئاشنابوو بە بەڵێنە ناڕاستەکانیان، ئەم پێشنیارەی قبوڵ نەکرد".

گێڕانەوە خۆشبینانەکان باس لەوە دەکەن کە "لەم کاتەدا بارزانی بە پەلە خۆی گەیاندە قازی موحەممەد لە مهاباد، داوای لە قازی کرد ئێستا کە سوپا ئەمنیەتی خەڵکی دابین کردووە، ڕازی بێت تا ئەو لە تیاچوون بپارێزێت و گرنتیی دا کە خودی خۆی ئەو بگەیەنێتە سنووری عێراق. بەڵام دوای باسێکی زۆر، قازی بە هەمان ڕەقیی خۆی وەڵامی نەڕێنیی دایەوە و ئامادەنەبوو بیر لە ڕزگارکردنی خۆی بکاتەوە و بە پەتی بارزانی بکەوێتە ناو چاڵەوە. بارزانی بە قازیی وت: ئەگەر لە ئێران بڕۆینە دەرەوە، خەڵکی کوردستانیش پارێزراو دەبن. قازیش سوپاسی هەستی کوردانەی بارزانیی کرد و بەهەمان ئەدەبەوە وتی: نیگەران مەبن، من کە ناتوانم مهاباد جێبهێڵم. بەڵێنم بە خەڵکی داوە و ئەوان بە تەنیا جێناهێڵم. ناتوانم پێچەوانەی

بەڵێنەکەم بکەم. قازی مەبەستی بارزانیی دەزانی و ڕووی دەمی کردە ئەو و وتی: بڕۆن بۆ سەربازخانەکە و هەرچەند چەکتان دەوێت هەڵیگرن و بیبەن".

ئەڵبەتە لە نێوان کوردەکاندا ئەم چیرۆکە ئەفسانەییەش بەناوبانگە کە گوایە بارزانییەکان هەوڵیاندا قازی لەگەڵ خۆیان ببنە دەرەوەی ئێران، بەڵام سوودی نەبوو. ئەگەر بە زیندوویی بمایەتەوە، دەبووە ئەفسانەی بزووتنەوەی کوردی. چیرۆکەکە بەم شێوەیەیە: "بارزانی بۆ خواحافیزی چوو بۆ لای قازی موحەممەد. بارزانی و قازی دەستیان بە گفتوگۆ کرد. بارزانی سوورببوو لەسەر ئەوەی کە قازی موحەممەد لەگەڵ ئەودا لە مهاباد بچێتە دەرەوە. دەیوت: ئالاکەی ئێوە حەوت ساڵ لەسەر سەرم هەڵدەگرم، بەڵام بە مانەوەت لێرە ڕووبەڕووی مەترسی دەبیتەوە. قازی لە وەڵامدا وتی: من لە خۆشییەکانمدا لەگەڵ خەڵکی مهاباددا بووم و لە ناخۆشییەکانیاندا بە تەنیا بەجێیان ناهێڵم. مردن و ژیانم لەگەڵ ئەوانداید. ئەگەر ئێستا بەجێیان بهێڵم، عەشیرەتەکانی مهاباد تۆپبارانیان دەکەن. من مردنی خۆم بەلاوە باشترە لەوەی ببینم مهاباد وێران دەبێت. بڕۆن لە خەڵک بپرسن بزانن ڕازین بە ڕۆیشتنی من، ئەگەر ڕازی بن من قسەیەکی ترم نییە. من و بارزانی ڕۆیشتین بۆ خانەقای نەهری و مزگەوتی عەباس خان و خەڵکێکی زۆرمان لەوێ بینی، بارزانییان سوێند دەدا و دەیانوت ئاگری جەنگ بەرمەدەنە مهاباد. خەڵک ڕازی نەبوون بە هاتنی پێشەوا و باوەڕیان وابوو کە سوپای ئێران لەو دەبوڕێت". ئەڵبەتە لێرەدا دوو بۆچوون هەن: یەکێکیان دەڵێت قازی باوەڕی وابوو لە سێدارە نادرێت، بەڵام کۆمەڵێك دەگێڕنەوە کە قازی وتوویەتی "باش دەزانم کە حکومەتی ئێران دەمباتە بەر پەتی سێدارە و هەڵمدەواسێت".

بارزانی لە تاران گەڕایەوە بۆ ناو هاوڕێکانی و لەبارەی گەشتەکەیەوە چەند قسەیەکی کرد: با چەکە قورسەکان بگەڕێنینەوە بۆ ئەوان و ئێرانییەکان بدەینەوە دەست حکومەت، ئەوانیش ئێمە لە شوێنێکی تایبەت نیشتەجێ دەکەن و خۆراکی پێویست بۆ ئێمە ئامادە دەکەن، حکومەت تا کاتی بەرهەم، [٦] مانگ خۆراکی ئێمە دەدات و هەوڵ دەدات تاکو عێراق لێبوردنی گشتی بۆ ئێمە دەربکات. ئایندەی پێشەوا لەسێدارەدانە و ئەو بە خیانەتکردن تاوانبارکراوە،

من دەربارەی چی دەبێت لەگەڵ ئەوان قسە بکەم؟ نابێت باس بکەین". بەڵام بەپێی بەڵگەنامەکانی ڕووکنی دووەمی سوپا، بارزانی لە تاران جگە لە غەیبەت و قسەی هاشوهوش لەبارەی قازی موحەممەدەوە، پیتێکی چاك بەسەر زمانیدا نەهاتبوو. بارزانی تەنانەت لە تاران بەڵێنی دابوو لەکاتێکدا کە هێزێك لە سوپای ئێران بۆ ڕێگری کردن لە فراوانبوونی کۆماری کوردستان بنێردرێت، لەگەڵیاندا هاوکاری دەکات و یارمەتییان دەدات. بارزانی ئامادە نەبوو تەسلیم ببێت و ئەوەی کە چەك دابنێت، هەر بەو هۆیەوە ڕێگای شاخی گرتە بەر. هەرچەندە ئێران نەیتوانی بە نەرمی ئەوان لە چەك دابمالێت.

ئەفسەرە سەربازییەکانی دەوروبەری بارزانی، کەسانی خاوەن فیکر بوون، دەیانویست بەدوور لە عەشیرەتایەتی بارودۆخەکە چاك بکەن، چونکە لە سوپای عێراق هەڵهاتوون و وەکو خەڵك دەربەدەر بوون، بەڵام بارزانیش ئەوانی خۆشنەدەویست. ئەفسەرانی عێراقی لەناو ڕاپەڕیندا لەگەڵ بیرەکانی قازی موحەممەددا هاوڕابوون و چەپڕەویش بوون، بەڵام بارزانی بە تەواوەتی بە پێچەوانەی ئەوانەوە بیری دەکردەوە، شاراوە نییە کە ئەم مەسەلەیە لە هۆکارەکانی ساردیی نێوان بارزانی و قازی موحەممەد بووە.

"بارزانی دوای گەڕانەوەی بۆ مهاباد، هەلومەرجی حکومەت و ئەنجامی ڕێکەوتنی تاران بۆ شێخ ئەحمەد دەگێڕێتەوە، بەڵام شێخ ئەحمەد ئەوە قبوڵ ناکات و بەوە ڕازی نابێت، چونکە ئەوان دەیانەوێت بارزانی ببەن بۆ ئەڵمان لە نزیکی هەمەدان و لە چەکی دابمالن. هەروەها یەکێك لە ئەفسەرە ئێرانییەکان بە ناوی ئەبولحەسەنی تەفریشی، تەسلیم بە هێزەکانی حکومەت بکەن، کە شێخ ئەوەشی قبوڵ نەکرد و لەگەڵیان ئاشتەوایی نەکرد. لە لایەکی ترەوە کاتێك بارزانییەکان ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە بوون، زانییان کە ئەندامەکانی قازی موحەممەد لەگەڵ حکومەت شەڕ ناکەن. لەبەرئەوە بارزانییەکان بنەوبارگەیان لە مهاباد پێچایەوە و بەجۆرێك خۆیان گەیاندە نەغەدە و شنۆ، تاکو بزانن سەرەنجامی بارودۆخەکە چیی بەسەردێت". دواتر کە تەبریز لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە داگیرکرا، هەڵوێستی کۆماری مهاباد بەرگری بوو، بەڵام لەناکاو هەڵوێستەکەیان گۆڕی بەوەی شەڕ و بەرگری نەکەن. باقرۆف ئیدعای ئەوەی کرد کە فەرمانی کردووە بە قازی موحەممەد تاکو

لە گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێکی چەکدارانە لە دژی سوپای ئێران و جوولانیان بە مەبەستی شەڕ، خۆی بەدوور بگرێت. شا، توانیی بچێتە ناو تەبرێزەوە. لە هەموو شارەکانی ئازەربایجان، حکومەتی سەربازی ڕاگەیەندرا. شا، لە ڕێگەی نامەیەکەوە، سوپاسی خزمەتەکانی ئەحمەد قەوام و ڕەزم ئارای کرد بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی ئازەربایجان.

لە ١٦ یان ١٧ی کانوونی یەکەم، قازی موحەممەد بۆ تەسلیمبوون بە بەرپرسانی ئێرانی، ڕۆیشت بۆ میاندواو و خۆی تەسلیمی سەلەشگر هومایۆن کرد، کە ڕۆژی بەر لەوە صەدری قازی ڕۆیشتبوو بۆ بینینی هومایۆن و ئامادەیی کوردەکانی بۆ پێشوازی کردن لە سوپای حکومەت، ڕاگەیاندبوو. ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەم، قازی موحەممەد لەگەڵ هەموو سەرکردەکانی کورد، لە دووریی ١٣ کیلۆمەتر لە مهاباد‌ەوە، بە پێشوازییەکی فەرمی، چوون بەرەو پیریی هومایۆن و سوپای ئێرانەوە. ڕۆژی دواتریش سوپای ئێران چوونە ناو مهاباد و ڕووبەڕووی هاوکاریی شێخەکانی هەرکی و شکاک و مامش و مەنگوڕ و هۆزەکانی تر، بوونەوە. ئەو هۆزانە دووبارە وەفاداریی خۆیان بۆ حکومەتی ناوەند ڕاگەیاند. قازی پێشوازیی لە سوپای ئێران کرد، چونکە باوەڕی بە هەڵهاتن و ڕاکردن نەبوو و ڕازی نەبوو کە ڕێی شاخە کوێستانەکان بگرێتە بەر. ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦، دوای ١١ مانگ، حکومەتی مهاباد گیرا و هەڵوەشایەوە. بەم شێوەیە تەمەنی کۆماری کوردستان کۆتایی پێ هات. بە واتایەکی تر، هاتنی سوپا بۆ مهاباد، کۆتایی بە سووکایەتییەکان بەێنێت بە حکومەت کە سالێك کۆماری مهاباد درێژەی هەبوو. شێخ ئەحمەد بارزانی، کاتی هاتنی سوپای ئێران بۆ مهاباد، ئەو ڕۆیشتبوو بۆ نەغەدە. ئەوان بیریان لە ڕزگارکردنی خۆیان و تیرەکەیان دەکردەوە.

سوپا بەبێ هیچ خوێنڕشتنێك و ڕووبەڕووبوونەوەیەك، چووە ناو مهاباد و کۆنترۆڵی شارەکەی گرتە دەست. قازی موحەممەد بە مانەوەی، لە لایەك بیانووی نەدایە دەست سوپا، لە لایەکی تریشەوە بە لێزانی و هۆشیاریی تایبەتی خۆی، تا ساتی کۆتایی، سەرلەشکر هۆمایۆنی لە حاڵەتی دوودڵیدا هێشتەوە و کارێکی کرد کە ئەو و فەرماندەکانی تر ڕێگەیان بەخۆیان نەدا کە ئیهانە بە خەڵك بکەن. تەنانەت چەند ڕۆژێك لە دوای هاتنی

سوپا بۆ شاری مهاباد و گۆڕانی بارودۆخ، قازی موحەممەد بەردەوام لە مەکتەبەکەی خۆی ئامادە دەبوو. سوپا دوای ئەوەی هاتە ناو مهاباد، قازی موحەممەدی لەسەر کارەکەی لانەبرد. ئەو بەردەوام بە پێشەوا مابووەوە و لە بنکەی فەرماندەیی خۆی مهابادی بەڕێوە دەبرد. قازی هەموو ڕۆژێك ژەنەرالێ هۆمایۆنی دەبینی و هەموو ڕۆژێکیش دەڕۆیشت بۆ بنکەی کارەکەی. تەنانەت ئەو کاتەشی کە سوپا لەناو مهاباددا بوو.[۱۸۸]

قازی موحەممەد، وەکو حیزبی ڕزگاری، ڕێکخستن و دەزگایەکی گونجاو و چاکی نەبوو. تەنانەت هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ تاکو هەرچی زووە و لەپێش ئەوەی کە ئاژاوەی ناوخۆیی لە ئەنجامی دڵساردیی هەندێ تیرە و عەشرەتە ناوخۆییەکانی کوردستان لەبارەی بارودۆخی داهاتوو، جیدی و ترسناك بێت، سوپا بارودۆخەکە بگرێتە دەست. قازی موحەممەد لە جێگیرکردنی سوپا هاوکاریی کرد و بەم هۆیەوە توانیی بەر بە کوشتن لە مهاباددا بگرێت. سوپاش ئامانجی ئەوەبوو کە لە سەرەتاوە بە هاوکاریی قازی موحەممەد جێگیر ببێت و دوایی دەستی ئەو لە دەسەڵاتی ببڕێت. بە تێپەڕبوونی کات و دوای ئەوەی ناوچەکە بە تەواوەتی کەوتە ژێر دەسەڵاتی سەربازییەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی قازی موحەممەد لە ناوەندەوە گەیشت و بەشێوەیەکی ڕێزدارانە ئەویان لە ناوەندی فەرماندەیی سوپا بەندکرد. ئەڵبەتە کۆمەڵێك ئەوە بە فەرمانی ئینگلیزەکان بۆ ڕەزم ئارا دەزانن و کۆمەڵێکیش بە ئامۆژگاریی ئەمریکای دەزانن بۆ شا، بەڵام بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی هەردووکیان، تاکو ئێستا نەدۆزراوەتەوە. هەرچەندە ڕووسییەکان پەنجەی تۆمەت بەرەو قەوام درێژ دەکەن، کە بووەتە هۆی دەستگیرکردنی قازی موحەممەد: "ئەوەی کە قەوام بە قسەی خۆشەویستانە و بە ناوبژیوانیی باڵیۆزی ڕووسا، قازی موحەممەدی سەرکردەی کوردستانی بۆ وتوێژ بۆ تاران بانگهێشت کردووە، بووەتە هۆی گومان و دوودڵی لە پەیوەندییان لەگەڵ ئازەربایجاندا. قەوام بە پێدانی هەموو جۆرە بەڵێن و پەیمانێك بە قازی موحەممەد، هەوڵ دەدات کوردەکان لە شوێنکەوتەییان بۆ تەبرێز، پەشیمان بکاتەوە".

بەڵام ئەو خاڵەی کە لە مێژووی هاوچەرخدا بێ ئاگان لێی، ئەوەیە کە ڕۆیشتنی بارزانی بۆ تاران بووە هۆی دەستگیرکردنی قازی موحەممەد، چونکە لە لای سوپا قسەی خراپی

زۆری لەسەر قازی موحەممەد کردبوو. ئەگەر بارزانی نەڕۆیشتایە بۆ تاران، قازی موحەممەد دەستگیر نەدەکرا، چونکە حکومەت وایدەزانی بە چەکداری ماوەتەوە و ڕاپەڕینی کوردەکان بەهێزتر دەبێت. ڕێك ئەو کاتەی کە بارزانی چوو بۆ تاران، چەند ڕۆژێك دوای ئەوە قازی دەستگیرکرا. بارزانی لە قازی ڕازی نەبوو و بەردەوام ڕەخنەی لێ دەگرت. تەنانەت کۆمەڵێك باوەڕیان وایە کە قازی موحەممەد لەو ڕۆژانەی کە بارزانی چووە بۆ تاران، گیراوە و تەنها لەدوای جێگیربوونی سوپا بووە کە موحەممەد حسێن خان، سەیفی قازی و صەدری قازییان دەستگیر کردووە. ئەڵبەتە بە درێژایی ئەم ماوەی گرتنە کە چەند مانگێکی پێچووە، خانەوادەی قازی موحەممەد دەیانتوانی سەردانی بکەن و بەرپرسەکان وەك بەندییەك ڕەفتاریان لەگەڵ نەکردووە. هەرچەندە قازی لەناو خەڵکیدا خۆشەویست بوو، بەڵام کۆماری مهاباد، بە گشتی پێشوازی و پشتیوانیی لێ نەکرا لە لایەن هۆزەکانی تری کوردەوە، چونکە ڕاستییەکەی ئەوەبوو کە لەناوچوونی کۆماری مهاباد لە ئەنجامی ئەو وابەستەبوونەیەوە بوو بە یەکێتیی سۆڤێتەوە. لە کاتی دەستگیرکردنی قازی موحەممەددا، هیچ کەس نەهات یارمەتیی بدات. نە لە عەشیرەتەکانی کورد و نە لە بارزانییەکان. وەك ئەوەی کە تا ئەو کاتە نرخی هەبووبێت کە بووبووە قەڵغانی پارێزگاری کردن لێیان. سەرتیپ هومایۆنی یەکەم کەس بوو کە گەیشتە مهاباد. حکومەت هاوکاریی دارایی بۆ عەشایەرەکان دەنارد و پارێزگاریی لێ دەکردن. صەدری قازییش لە نووسینگەی قەوامووسەڵتەنەی سەرۆك وەزیران لە تاران، دەستگیر کرا. ڕابەرایەتیی مهاباد بەدرێژایی ئەو ماوە کورتەی خۆی، هیچ بەرنامەیەکی دیاریکراوی بۆ داهاتووی خۆی نەبوو، تەنانەت کاتێك کە لەگەڵ هێزە سەربازییەکانی شاشدا ڕووبەڕووبووەوە، ئەم بارودۆخە بەردەوامیی هەبوو، چونکە ئەوان هێشتا باوەڕیان وابوو لە ڕێگای ئاشتییەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ئێران دەتوانن پێکەوە هەڵبکەن.

لەم کاتەدا لە تاران، موصەدیق لە مزگەوتی شا وتاری دەدا و قسەی ئاگرینی دەکرد. هیچ نوێنەرێك لە نوێنەرەکانی ئەنجومەن، لەبارەی دەستگیرکردنی صەدری قازییەوە بچووکترین ناڕەزایەتییان، تەنانەت بە ڕووکەشیش، دەرنەبڕی. بەشێوەیەکی گشتی، نەتەوەپەرستەکانی ئێران هەڵوێستێکی دیاریان لەبارەی مهابادەوە نەبوو. لەوانەش

موصەدیق که زۆرتر به ئامادەبوون و بیانووی(انگیزه) ڕووسیا و بزووتنەوەی کوردستانیش بەگومان بوو، یەکجاریش لەبارەی دەستگیرکردنی صەدری قازییەوه نەهاتە گۆ و ناڕازیبوونی خۆی دەرنەبڕی. خۆی کەسێکی خۆبەکەمگر و دەسەلاتنەویست بوو. لەم ڕووەوه کات بۆ کۆنترۆلکردنی ڕایگشتیی کوردەکان بوو. ڕۆژنامەی (اطلاعات)ی تاران، باسی شێخ عەبدولڕەحمان شەمسەدینی کوڕی شێخ یوسف بورهانی ڕۆحانیی کورد دەکات و ڕێزی لێدەگرێت و ئەو بە نیشتمانپەروەر دەناسێنێت، چونکە پێشتر باوکی هاوکاریی حکومەتی کردبوو، شاش بە پێدانی موستیلەیەکی ئەڵماس وەکوو دیاری، ئەوی بە شیاوی بەسەرکردنەوەی پاشایانە زانیبوو. نەجەفعەلی پسیان، لە هەمان ڕۆژنامەدا، باس لە مەلا خەلیل میرئابادی، قازی سەید حەسەن موکری، مام عز ئەمیری عەشایەری مامش، سەلیم ئوجاق مەنگوڕ، باپیر مەنگوڕ، تیلەکەوه و .... دەکات و ڕێزیان لێ دەنێ و دەنووسێت: لە ئازەربایجان چلوپێنج هەزار تفەنگ، دوو هەزار ڕەگباری سووک و قورس، هەشت ملیۆن گوللە، کۆکراونەتەوه.

"ئەگەرچی تا چەند ڕۆژێک پێش تەسلیمبوونی قازی، هاتوچۆی سەربازەکانی کۆماری مهاباد هەبوو، کاغەزەکان و بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی حکومەتیان دەسووتاند، لەبەرئەوەی نەوەکو بکەوێتە دەست هێزەکانی حکومەت". حکومەتی ناوەندی ئێران هەوڵی دەدا جێپێ بەجێماوەکانیش لە کۆماری مهاباد لەناوببات. چاپخانەکە داخرا. کتێبە کوردییەکان سووتێنران و تەپۆڵکەیەک لە خۆڵەمێش لە شەقامەکاندا بەجێ ما. ڕێکخراوه سیاسییەکانی کورد قەدەغە کران و خەڵکی لە چەک دامالڕان. تەنها جلوبەرگ و زمانی کوردی قەدەغە نەبوو. هەرچەندە بەهای هەنگاوه حەکیمانەکەی قازی کاتێک دەردەکەوێت کە چاوێک بگێڕین بە بارودۆخی ئازەربایجاندا، کاتێک کە سەرەتا سوپا دەچنە ناوییەوه. سەربازەکان پێش ئەوەی بچنە ناو شارەوه، سێ ڕۆژ لە گوندێک بە ناوی (باسمنج) لە دەوربەری تەبرێز، دابەزین. دەستی خراپەکار و نێردراوه شاراوەکان و دزەکانیان کردەوه، تاکو بە شار و شارییەکان، هەرچییان دەوێت ئەنجامی بدەن. لە ماوەی سێ ڕۆژدا، تەبرێزیان کرد بە گۆمێکی خوێن، بەڵام لە مهاباد خوێن لە لووتی کەسێک نەهات.

هەواڵنامەی کتێب

لەو کاتەدا زنجیرەی پەهلەوی بە سوودوەرگرتن لە هێزی سیاسی و سەربازیی خۆی، بالادەست بوو بەسەر بارودۆخەکەدا. کۆماری کوردستان، دوای ١١ مانگ، لەناوچوو. هێزەکانی ڕۆژئاواش ئەوەندە حەزیان لە ئامادەبوونی ڕووسیا لە ئێران نەبوو، بە بیانووی بوونی کۆماری مهاباد. ئەڵبەتە ئەوانیش بەشێوەیەکی چالاکانە، ڕۆڵێکیان نەبینی لە پشتیوانی کردنی شا بۆ سەرکوتکردنی کوردەکان، بەڵکو ئەوان لە ئامادەنەبوونی ڕووسیا لە کوردستان، خۆشحاڵ دەهاتنە پێش چاو، بەڵام لە دژی سەرکوتکردنی کوردەکان هیچ هەنگاوێکیان نەنا. هەرچەندە بەشێکی زۆری کوردستانی ئێران، لە دەرەوەی مهاباد، لەژێر نفوز و دەسەڵاتی ئینگلیزەکاندا بوو، کە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ئێراندا هاوکاریی نزیکیان هەبوو.

هەواڵی ڕووخانی کۆماری مهاباد، بە خێرایی لە کوردستاندا بڵاوبووەوە. دوای ڕووخانی مهاباد، حەمەڕەشید خانی بانە و ئاغاکانی شکاک، لە عێراق بوونە پەنابەر. "ئەو شەوە کە کۆمار تێکچوو بەسەریەکدا، هەموو کەسایەتییەکانی کورد لە مالی جەمیل ئاغا کۆبوونەوە و هەندێ لە ڕیشسپییەکانی کۆیەش لێبووێ بوون، خەڵکی هەموو دەگریان". ڕووسییەکان و ئینگلیزەکان، لەپێش ئێرانەوە، هەواڵی دەستگیرکردنی قازی موحەممەدیان ڕاگەیاند. "هەواڵی گەڕانەوەی سوپای ئێران بۆ ئازەربایجان و کوردستانم، لە بەشی فارسیی ڕادیۆی هیندستانەوە بیست. زۆری پێنەچوو کە هەواڵی دەستگیرکردن و دەستبەسەرکردنی ڕابەرەکانی کۆماری کوردستانم بیست. ئەم هەواڵەم کە بیست، جنێو و شەکوا لە دەستی ڕووییسەکان گەیشتە لوتکە". لەگەڵ تەسلیمبوونی سەرکردەکانی کۆماری مهاباد، سەرکردەکان برانە بەردەم دادگای سەربازی و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەوان لە دادگاکەدا کە، بە سەرۆکایەتیی ئەفسەر فیوزی، دەستی پێکرد. لە کۆتایی کانوونی دووەمی ١٩٤٧، دادگاییکردنی قازی موحەممەد و ئامۆزاکەی، موحەممەد حسێن سەیفی قازی، لە دادگایەکی سەربازیدا دەستی پێکرد. بە پێداگریی دادوەر (مولازم) سەرهەنگ فیوزی، براکەی قازی موحەممەد، واتە صەدری قازییش کە لە تاران لە گفتوگۆدا بوو لەگەڵ قەوام، هێنرایەوە بۆ مهاباد و دادگا بۆ دادگاییکردنی هەرسێکیان، درێژەی بە کارەکانی خۆی دا. بەڵام لە هەمانکاتدا بەوان ڕاگەیەندرا کە پێویستە دادگایەکی تر لەژێر ناوی

تێهەڵچوونەوە دروستبکرێت و دادگاییەکان نوێبکەنەوە. لە یەکێك لە ڕۆژەکانی سەرەتای ئازاری ۱۹۴۷، پاسێك کە هەڵگری کۆمەڵێك لە ئەفسەرانی پێشکەوتووبوو، لە تەبرێزەوە بەرەو مهاباد کەوتەڕێ. ئەم کەسانە بەپێی فەرمانی گەیشتوو لە ناوەندەوە، بەرپرسیار بوون لەوەی کە قازی موحەممەد و صەدری قازی و موحەممەد حسێن سەیفی قازی، لە دادگایەکی سەربازیی پێداچوونەوەدا دادگایی بکەن. هەرچەندە ئاگاداربوون لەو حوکمەی کە دەبوایە دەریان بکردایە. ئەوان بە گەیشتنیان بە مهاباد، کاری خۆیان دەستپێکرد و بەردەوام لەگەڵ ناوەند لە پەیوەندیدا بوون و ئەوەی کە ناوەندی فەرماندەیی سوپا بۆ ئەوانی دیاری دەکرد، ئەنجامیان دەدا.

قەوام بەوپێیەی کە پەیوەندیی لەگەڵ براکانی قازی موحەممەد هەبوو، بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ مەسەلەی کوردستان، بێ کاریگەری نەبوو، دەیویست ئەم کەسانە بەردەوام لەناو دەستی خۆیدا بن. کاتی پێکهێنانی دادگا، هێشتا جەنگ لەگەڵ بارزانییەکان دەستی پێنەکردبوو. بۆ نەهێشتنی نفوزی مەعنەویی قازی موحەممەد، سەرۆك خێڵەکانی کوردستانی بۆ تاران و بۆ تیسفینی شا، بانگهێشت کرد. ژمارەیەك لە سەرۆك خێڵەکان لە تیرەکانی مەنگور و مامش و ڕۆحانیون، داوایان لە شا کرد کە قازی موحەممەد لەسێدارە بدات.

"لەڕاستیدا حکومەتی پەهلەوی و ناوەندی فەرماندەیی سوپا، لەو ساڵەدا لە دوای ڕووخانی کۆمەڵەی دیموکرات، کاردانەوەی زیاد لە ئەندازەیان نیشان دا و حاڵەتی سوپای دەرەکی و بەزاندنیان بە خۆیان وەرگرت، نەك سوپای میللی، کە دابینکردنی ئەمنیەت و ئارامیی لە ئەستۆدا بێت". بەهۆی ئەوەی کە دادگا ئاشکرا نەبوو، زانیاریی تەواو لەسەر چۆنیەتی دادگاییکردن و بەرگریکردن، لەبەردەستدا نییە. هەر ئەوەندەی کە لە دوای سێ ڕۆژ دانیشتنی ڕاوێژ و مەشوەرەت، دادگا بە دەرکردنی حوکمی لەسێدارەدان بۆ هەر سێ کەسەکە، کۆتایی بە کاری خۆی هێنا. بەڵام لێکۆڵینەوەی سەرلەنوێ و دەرکردنی ڕای کۆتایی، هەموو دۆسیەکان نێردران بۆ تاران و لێرەدا سێ خاڵی شاراوە بوونیان هەیە: یەحیا صادق وەزیری، باوەڕی وایە "ئاصف داواکاریی قازیی بە قەوام وت، بەڵام حەزی

نەدەکرد فووی پێدا بکرێت، نەوەکو پێگەکەی لە لای شا، یان ئینگلیزەکان، ڕووبەڕووی مەترسی ببێتەوە، بەڵام لەگەڵ قازی موحەممەددا دیداری هەبوو و ڕێزی ئەوی لەبەرچاو بوو. قەوام دواتر بە ئاصفی وت: فەرمانم کردووە کە ئەو نەکوژن، بەڵام بە عەمدی فەرمانەکەی منیان درەنگ ڕاگەیاند، کە شەوی بەر لەوە، کاری خۆیان کردبوو.

"قەوام دژی لەسێدارەدانی قازی موحەممەد بوو، شا و ئینگلیزەکان قازی موحەممەدیان کوشت". بەڵام کۆمەڵێك باوەڕیان وایە کە "لەم ماوەیەدا قەوام لەگەڵ باڵیۆزی ڕووسیا لە پەیوەندیدا بووە و لەڕاستیدا بۆ لەسێدارەدانی قازی موحەممەد و یارەکانی، داوای لەو حکومەتە کردووە کە ڕێگای پێ بدات. لە لایەکی تریشەوە دواکەوتنی وەڵامی کۆتایی لە لایەن تارانەوە، سەرلەشکر هۆمایۆنی نیگەران کردبوو، لەبەرئەوە ئەو فەرمانی بە سەرلەشکر فیرۆزی کرد، تاکو هەرچی زووە بڕوات بۆ تاران و هەواڵ وەرگرێت و هۆکاری دواکەوتن و دوودڵیی ناوەندەکە بزانێت. لەوێ زانیی کە هەموو دۆسیەکە و ڕای کۆتایی، لای سەرۆك وەزیرە. دەبێت ماوەیەك ئارام بگرن و پەلەکردن ڕێگەدراو نییە". بەڵام بێ ئاگا لە نهێنییەکان، ڕۆژنامەی (اگلاعات) ڕووسیی کە قازی موحەممەد، صەدر، سەیف، بە لەسێدارەدان حوکمدراون، بەڵام جێبەجێکردنی ڕەئییەکەی ئەوان دواکەوتووە تاکو گەیشتنی فەرمانی ناوەند. بە ڕەئی دادگای سەربازی (لەڕاستیدا دادگای بیابانی) لەسێدارەدران. ئەوە ڕوون بێت لە دوای هەفتەیەك دادگاییکردنی سەرهەنگ پارسی تەبار و دادگایی سەرهەنگ فیروزی کە هێشتا چەند ڕۆژێك لە سەرەتای ساڵی نوێ تێپەڕی نەکردبوو، دادگای بیابانی کاتی جەنگی ئەوانی بە لەسێدارەدان مەحکوم کرد.

"دادگاییکردنە کۆتایی هات، قازی موحەممەد لە وەڵامی بەشێك لە سزانامەکەدا کە ئەویان بە تۆمەتی ئاژاوەگێڕی، جیاخوازی و خیانەت کردبوو، دەڵێت: "لە هەلومەرجێکدا کە بێگانەکان لە هەر خاڵێك لە خاکی ئێراندا و تەنانەت لە تاران، هەرچۆنێکیان بوێستایە بڕیاریان دەدا و هەرچییان بوێستایە دەیانهێنا بەسەر خەڵکدا، کام عەقڵی سەلیم کارەکەی ئێمە کە بەرقەرارکردنی ئەمنیەت و ئاسایش و پارێزگاری لە گیان و مااڵ و ئابڕووی خەڵك و لابردنی ئاژاوە و براکوژی بوو، مەحکوم دەکات؟ بە گەرانەوە بۆ ئامارەکان، تێدەگەین کە

ژمارەی خەسارەتی خەڵک و سەربازەکان، ئەو خاڵانەی کە خەڵک تیایدا تاوانیان ئەنجامداوە و تەنانەت دەستبەردارببوونی بێگانە داگیرکەرەکان لەم بەشەی کوردستان، لەچاو هەر شوێنێکی تری ئێران و تەنانەت تارانیش، کەمتربووەتەوە. ئێوە بە پشتیوانیی کام بەڵگە، ئێمە بە جیاخواز ناودەبەن؟ داوای ئێمە کوردستانێکی ئازاد و ئاوەدانە، وەک بەشێک لە ئێرانی ئاوەدان و ئازاد".

ئەڵبەتە قازی موحەممەد بە چوونە ناو سوپا و گۆڕانی شێوازی حکومەت، زانیبووی کە لەسێدارە دەدرێت، بەڵام وەک پاڵەوانە ئەفسانییەکان، هیچ دوودڵییەکی نەبوو و مەرگی لە کەنار میللەت و لە خاکی وەتەندا بە لایەوە چاکتر بوو لە هەڵهاتن. چونکە مەرگی بەڕێکەوت نەبوو کە ئەو بحاتە مەترسییەوە. دادگا، تارانی لە ئەنجامی کارەکەی خۆی ئاگادارکردەوە. دوای پانزە سەعات فەرمانی ناوەند لەسەر ئەوەبوو کە بەبێ دواکەوتن، فەرمانی لەسێدارەدان جێبەجێ بکرێت. لە سەرەتای کاتژمێرەکانی بەرەبەیانی ڕۆژی ۱ی نیسانی ۱۹۴۷، قازی موحەممەد ئاگادارکرایەوە لە ڕۆیارە دەرچووەکە. ئەویش بە لەسەرخۆیی چەند ڕستەیەکی لەژێر ناونیشانی وەسیەتدا نووسی و لەو چوارچێوەیەدا داوای لە میراتگرەکانی کرد کە لە شوێنی ماڵەکەیدا قوتابخانەیەک دروستبکەن و لە وەسیەتنامەیەکی جیاوازدا کە بۆ کوردەکانی نووسیوە، بانگی کردوون بۆ یەکێتی و هاودڵی. دوای ئەوە، لە کاتێکدا کە دوو ئەفسەر هاوڕێیەتیی ئەویان دەکرد، بە خۆڕاگری و ئارامییەکی موئمینانە، چووە سەر داری سێدارە. بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە بەهارییە، لەکاتێکدا کە خەڵک لە خەوی ڕۆژی دووشەمە هەستان، مەیدانی چوارچرایان لە حاڵێکدا بینی کە کە سێ تەرمی لە باوەش گرتووە و جەستەی بێ گیانی قازی موحەممەد و موحسین صەدر و وەزیری جەنگی کۆماری مهاباد، تاکو چەند سەعاتێک بە دارەکەوە ئاوێزان بوون. ئەڵبەتە زۆر کەسی تریش کە وەکو ئەوان ناوبانگیان نەبوو، لەسێدارە دران. لە سەقز، دوازدە کەسیان لەسێدارە دا، ئەو کەسانەی کە تەنانەت پێشتر لەگەڵ لەشکری کوردستان هاوکارییان کردبوو.

قەواموسەلّتەنە حەزی نەدەکرد کە قازی موحەممەد و صەدری قازی بکوژرێن. بەلّام موحەممەد ڕەزا پەهلەوی و ناوەندی فەرماندەیی سوپا، پێداگریان دەکرد لەسەر کوشتنی ئەوان! "تەنانەت ئەمانە لە دادگادا جۆرێك کاریان کردبوو کە فەرمانەکانی ناوەند بە دەستیان نەگات. یان ئەگەر گەیشت، بیشارنەوە". هەرچەندە نەتەوەپەرستەکان دەلّێن کە "بکوژی ئەوانە خودی موحەممەد ڕەزاشا بووە، بەلّام کۆمەلّێکی تر، لەوانە ئەندامانی ساواك، باوەڕیان وایە کە "ڕەزم ئارا بەبێ ئیزنی شا کوشتی و شا دەیویست کە تەنها ئەوان زیندانی بکات و دوای ماوەیەك ئازادیان بکات". بەلّام ڕەزم ئارا وتبووی: "لەپێش خۆڕهەلّهاتندا لەسێدارە بدرێن، نەوەکو شار ڕاپەڕن. دوای ئەوەی کە شا ناڕەزایی دەربڕی، وتی: "قوربان نەمویست کە بەو بەیانییە زووە ئێوە خەبەربکەمەوە".

"لە شەوی ٣١ی ئازاری ١٩٤٧دا، بڕیاری لەسێدارەدانی قازی موحەممەد و صەدری قازی و سەیفی قازی جێبەجێ کران. چوار ڕۆژێك دوای لەسێدارەدانی قازی موحەممەد، کۆبوونەوەیەك کرا و چەندین بەلّگە و ڕاپۆرت و هەواڵ و ... کە بەدەستمان هێنابو،و بلّاوکردەوە و خستمانە بەردەستی خەلّك". [١٨٩] لەناو ١٠ کەسی پلەداری سوپا و هێزی سەربازیدا کە پەیوەندییان بە کۆماری مهابادەوە کردبوو، حوکمدرابوون بە لەسێدارەدران و حوکمەکە بەسەریاندا جێبەجێ کرا، بەلّام بەناوبانگترین سەرکردەکانی حیزب لە شوێنە گشتییەکاندا لەسێدارەیان دان. لە عێراق، بارودۆخی کۆمۆنیستەکان ئەوەندە چاك نەبوو، لە سەردەمی نووری سەعیددا، فشاری زیاتر هەبوو و سێ کەس لە سەرکردەکانی حیزبی کۆمۆنیست (فەهد و زەکی بەسیم و موحەممەد شەبیبی) لەسێدارەدران و چاودێرییش لەسەر پارتی زۆر بوو. حەمزە عەبدوللّا لە سەرەتادا لەبەغدا خۆی شاردەوە، پاشان لە سلێمانی دەستگیر کرا و دادگایی کرا. لە ساڵی ١٩٤٧ کە ڕابەرانی حیزبی کۆمۆنیست لە سێدارە دران [١٩١]، بارودۆخێکی خراپ بەسەر عێراقدا هات، بەجۆرێك حکومەتی سەربازی بەرقەرار بووبوو. لە دادگا سەربازییەکاندا خەلّکانێکی زۆر یان بە پەت خنکێنران، یان گوللەباران کران. قەیرانێکی ئازاراویی سەرکوتکردنەکان و لەسێدارەکان کە لە مهاباد ڕوویدا، بە هەمانشێوە لە عێراق دووبارەکرایەوە. لەو ڕۆژانەدا کە نەبوو، لە نێو باڵەکانی چەپ و نیشتمانی و دیموکراتی و ... لاوان پەرەنسیپی حیزبی کۆمۆنستیان خۆشدەویست و

ئیمکانیاتی ئێمە لەگەڵ ڕاکێشانی ئەواندا کەم کەم گۆڕا. بەداخەوە لەو ڕۆژانەدا زۆرێک لە بەڵگەنامەکانی حیزب و نامەی کەسەکان سووتێنران، لە ترسی تووشبوون لەگەڵ حکومەت. هەروەها لە کاتی ڕووخانی کۆماری مهابادا، سێ کەس لە ئەندامانی ڕێکخراوی سەربازیی حیزبی تودە، کە بۆ یارمەتیدانی کۆماری مهاباد نێردرابوون، دەستگیرکران. دوای دادگاییکردن، دوو کەسیانیان بە ۱۰ ساڵ بەندکردن و سێیەمیان بە ۱۵ ساڵ زیندانی حوکم دا و حوکمەکەشیان پێ ڕاگەیاندن، بەڵام بەهۆی پێداگریی سەرلەشکر هومایۆنی و تەلگرافە هەڕەشەئامێزەکانی سەرلەشکر ڕەزم ئارا، سەرۆکی ناوەندی سوپا، هەرسێکیان لە سێدارە دران. لە ڕۆژنامەی (اطلاعات)دا هاتووە کە کە "قازی موحەممەد، صەدر و سەیفی قازی لە سێدارە دراون و ڕای دادگای بیابانی بەم واتایەیە. کە "سەعات ۶ی بەیانی، بڕیارە دەرچووەکە لە لایەن دادگای پلەبەرزی صەحرایی لەبارەی لەسێدارەدانەوە، کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و ناوبراوان لە شوێنی سەربازگەکە کە کەوتووەتە ڕۆژئاوای شارەوە، بە سزای خۆیان گەیشتن. دادگای صەحرایی، لە کاتی جەنگ لە مهاباد دروستکراو دوای هەفتەیەک لە دادگاییکردن بەشێوەیەکی وەک، بان دانیشتنی یەک لەدوای یەک، هەموو ڕۆژێک لە سەعات ۸ی بەیانی تا ۴ی دوای نیوەشەو، بەردەوامیی هەبوو، بڕیاریدا ئەوانە لەسێدارە بدرێن. ئەم دادگایە بە سەرۆکایەتیی سەرهەنگ پارسی تەبار و بەڕێپرسیارێتیی دادگا سەرهەنگ فیوزی سەرۆکی ناوەندی هێزەکانی کوردستان، پێکهێنرا. قازی موحەممەد و صەدری قازی و سەیفی قازییان بە هەڵوەشاندنەوەی چەندین مادەی دەستووریی ئێران، لەوانەش جیاکردنەوەی بەشێک لە خاکی ئێران و دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆ لەژێر نفوزی بێگانە و گۆڕینی ئالای سێ ڕەنگ و لە کۆتاییشدا ڕاپەڕینی چەکداری لە دژی هێزەکانی حکومەت، تاوانبارن و تاوانباران لە کۆتا دانیشتندا، بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرکرا. ناوبراوان جگە لەو تاوانانەی کە ناوبران، تۆمەتباریش کرابوون بە چەند بڕگەیەکی تر: ڕاوڕووت یەمین لەشکر بە فەرمانی قازی موحەممەد و کوشتنی قازیزادەی سەرۆکی ئاماری مهاباد بە فەرمانی صەدری قازی و تەسلیمبوونی سەربازگەی میاندواو بە هۆی هەوڵەکانی سەیفی قازی گیرابوونە بەر".

شای ئێران له کتێبی نێرراوادا بۆ وەتەن دەنووسێت: "لەم کاتەدا، له کاتی داگیرکردنی ئێراندا، ڕووسییەکان جارێکی تر لەم سنوورەدا و به دروستکردنی حیزبی تـوده، دڵنیـابوون که بنچینەی میللەت و قەومیەتی ئێمـه نـاجێگر دەکـەن. لـه سـاڵی ١٣٢٤ دوو حکومـەتی دەستنیشانکراو لەناو خاکی ئێمـەدا دروسـتکران، یـەکێك بـه نـاوی کۆمـاری کوردسـتان لـه مهابـاد، ناوەنـدی ناوچـه کوردنـشینەکان لـه بـاکووری ڕۆژئـاوای ئێـران، ئـەوی تریـان وەك حکومەتی سەربەخۆ له ئازەربایجان، له هاوسێیەتیی وڵاتی سۆڤێتدا بوو".

ئەم دوو حکومەته له مانگی ئـازەری ١٣٢٤، بـوونی خۆیـان ڕاگەیانـد و دوای یـەك سـاڵ هەردووکیان نەمان و لەناوبران. ئەوەی که به ناوی کۆماری کـوردەوه نـاودەبرا، لـه ڕاپـەڕینی نەتەوەیی تیرەکانی کوردەوه سەرچاوەی گرتبوو، که له سـەردەمی جـەنگی جیهـانیی دووەم ئەویان بەهێز کرد. کوردەکان له خاکی ئێران و وڵاتی دیکـەی هاوسـێ نیـشتەجێن و لـه ڕووی نەژاد و زمانەوه به تەواوی ئێرانین، بەڵام ڕووسییەکان دزەیان کرده نێـو کوردەکـانی ئێـران و ویستیان له ڕووی باکووری ڕۆژئاوای ئێرانەوه وڵاتێکی دەستنیـشانکراوی خۆیـان دروسـتبکەن و پێکهێنانی وڵاتی کوردیش بۆ ئەنجامدانی هەمان مەبەست بـوو. هیـوای حکومـەتی ڕووسـیا ئەوەبوو که دوایی ئەم حکومەته فراوان بکات و کوردەکانی دانیشتووی عێراق و تورکیا بکاتـه پاشکۆی ئەوان و بەم شێوەیه دەستی بگاته وڵاتانی عەرەبی له ئەفریقا".

هەندێك له ئەفسەرەکانی ڕێکخراوی سەربازیی توده [١٩٠] بەو تەجهیزاته سەربازییەی کـه لـه خزمەتیانـدا بـوو، پاشەکـشەیان کـرد بـۆ مهابـاد و پەیوەنـدییان کـرد بـه هێزەکـانی بارزانییەوه، تا ماوەیەك له شەڕ و هەڵاتن لەگەڵ سوپای ئێراندا بـوون. ڕەزم ئـارا دەڵێـت: "بارزانییەکان بۆ وتوویژ گەڕانەوه بـۆ کوردسـتان، چـونکه تـا ماوەیـەك وەڵامـی یـەکلایی و ئەصڵی له ئەوانەوه نەهاتبوو و هەر لەو چوارچێوەیەشدا تێبینیی ئەوه کرا کـه عەشـیرەتی ناوبراو دەستی کردووه بـه کوشـتنی خوێنـاویی مـالش و مـەنگوڕ، یەکـه سـەربازییەکان لـه "مهاباد، شنۆ، قاسملوو" دەستیان به جوواڵه کرد و له شووباتەوه بارزانییەکان له بەرانبەر یەکه نێردراوەکەدا بەرگرییان کرد. [٢٠٠٠] چەکداری بارزانی له دانی چەکەکەیان به ڕەوزم ئارا، به هێرشی سوپا قازی موحەممەد و حاج بابا شێخ و براکانی قازی تەسلیم بـه دادگـای

سەردەمی جەنگ بوون". ڕەزم ئارا دوای لەسێدارەدانی قازی موحەممەد و یاوەرەکانی، بە ڕۆژنامەنووسان دەڵێت "جارێکی تر بە هۆی سادەیی، نەزانی، بەئالەتبوون بەدەست جێبەجێکردنی مەبەستە خراپەکانی سەرۆکی تیرەکانی خۆیانەوە و پەند وەرنەگرتن لە ڕابردوو و لە ئەنجامدا بەبێ هۆ و بەڵگە، گیانی خۆیان کردووە بە فیدا و بوونەتە هۆی بەدبەختیی خانەوادەکەی خۆیان و زەحمەت بۆ حکومەت. بە شاهێدیی لاپەڕەکانی مێژوو لە ۵ ساڵی ڕابردوودا، دەوڵەت و حکومەتی سەردەم، لە هەر کاتێکدا کە کوردەکان بیری یاخیبوونیان لەسەردا بووە و لە یاخیبوونەوە سەریان دەرهێناوە، لە قۆناغی یەکەمدا لەگەڵیان لە ڕێگای ئاشتی و نەرمییەوە چوونەتە گفتوگۆ. ئەوانمان لە ئەنجامە خراپەکان و سەرەنجامە خراپەکان و ترسناکەکانی ئەم جۆرە کارە دوور لە مەنتیق و عەقڵە، ئاگادارکردووەتەوە و ئێنجا پەنامان بردووە بۆ چەک. کوردەکان عاشقی ئازادی و خەڵکێکی لەخۆبایی وڵاتدۆست و ئازان و لەبارەی بەرگری لە بەرانبەر هێرشبەران ناوبانگێکی زۆریان هەیە". بەڵام لەوانەیە زاکیرەی ئەو دەقیق نەبووبێت و لەبیری چووبێت کە لە سەرەتای ۱۹۴۴، یەکەیەک بە فەرماندەیی سەرتیپ هۆشمەند ئەفشار، لە دژی ئەو پرۆسەیەکی ئەنجامدا و چوونە ناو ئاگر و پێکدادانەوە، لەکاتێکدا کە کوردەکان لە ڕێی گفتگۆوە چووبوونە ناوەوە.

دوو مانگی دوای ڕووخانی کۆماری مهاباد، شا چوو بۆ مهاباد. ژنێك بە عەبایەکی ڕەش دەموچاوی خۆی داپۆشیبوو، خۆی گەیاندە شاهەنشاو پاکەتێکی پێشکەش کرد. شا وتی: ئەم ژنە کێیە؟ وتیان: ژنی قازی موحەممەدە. هەستی جۆراوجۆر بۆ شا هاتنە پێشەوە و هیچکەس نەیزانی کە چ لە میشکی شای ئێراندا دێت و دەچێت. ساتێك چاوەکانی لێکنا و دوایی وتی: کارتان بەسەر ماڵەکانیانەوە نەبێت و ئاگاتان لە بەجێماوەکانیان بێت. زۆربەی منداڵانی خانەوادە لەسێدارەدراوەکانی قازی موحەممەد، دوایی لەگەڵ ساواکدا هاوکارییان دەکرد. بێجگە لە منداڵەکانی سەیفی قازی، هەموو لە پشتیوانیی دارایی حکومەت بەهرەمەند بووبوون. بۆ دڵدانەوەی قازی، من داوام لە ساواك کرد کە گرنگی بە عەلی قازی بدات و دوای ئەوە منداڵی صەدریش نێردرا بۆ ئەڵمانیا.

ئەم کۆمارە لاوازی و گرفتی تایبەتی هەبوو کە مهابادی کردە قوربانی. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا سیاسەتمەداران و میژوونووسان و چالاکوانانی سیاسیی کورد و غەیری کورد، شیکردنەوە و ڕەخنەی جیاوازیان لە کۆماری مهاباد و قازی موحەممەد و چاکەکانی و خراپەکانی ئەو گرتووە: لە نموونەی ئەوانەش دەتوانین بە هۆکاری (لاوازیی سونەتی نەگونجان پێکەوە لە چالاکیی سیاسیی کوردی، نەبوونی یەکێتی لە کاتی قەیران و یەگرتوویی خێرا لەگەڵ تیرەکانی ناوخۆ کە پەیوەندییان بە ئایندەی ڕژێمەوە هەبوو. دژایەتی کردنی تیرەکانی مامش و مەنگوڕ و دهبکری، بیرکردنەوە لە دژی ڕووسیا، هۆکاری ئابووری، دوژمنایەتیی تایبەت لەگەڵ ڕابەرایەتیکردنی قازی موحەممەد لە لایەن ڕابەرەکانی پێشووەوە، جەنجاڵییەکانی دەوروبەری مهاباد و هەندێ لە کەسانی سەربەگێچەڵ، کە خۆیان لکاندبوو بە کۆماری مهابادەوە - وەک حەمەڕەشید خانی بانە و زرویگ هەرکی و ئەمیر خان شەریفی و بارزانی - وەبوونی کەسایەتییەکانی پارێزکاری خاوەن نفوز و دژبەوان) ئاماژە بکەین کە بوونە هۆی لاوازکردنی هێزی قازی موحەممەد.

هەندێ لەو کوردانەی کە نفوزیان هەبوو لەناو حکومەتدا، سەرەنجام لە ڕووخانی ئەودا دەستیان هەبوو. لە بنچینەدا حکومەتی ئێران لەسەر مەسەلی کوردی، هەستیارە. کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ. ک) بە ئاگادارییون لەو هەلەی کە لەگەڵ هاتنی سوپای هاوپەیمانان لە کوردستان دروستبووبوو، گەشەی کرد. دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ لە دانیشتن، کوردەکان ڕابەرایەتی کردنی حیزبەکەیان بە قازی موحەممەد سپارد. لەبارەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ. ک) دوو بۆچوونی دژبەیەک بوونی هەیە، لە ئاستی یەک حیزبی کوردی کە بچێت بە دڵی خەڵکدا و ڕابەرەکانی بەبێ هیچ جۆرە زانیارییەک لە کاری سیاسی و حیزبی و تەنها لە هەمان سنووری تەجروبەی سیاسی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی ناوچەی تێکۆشانی ئازادیخوازانیان بەرەو پێشەوە برد. تەمەنی کۆماری مهاباد کورت بوو و وەک منداڵێک فێری ڕێگا ڕۆیشتن بووبوو، بەڵام زۆر زوو جوانەمەرگ کرا. ئەگەر دڵنیایی ڕووسییەکان نەبوایە، لە هەمان سەرەتای دامەزراندنەوە بە دەستی ژمارەیەک لە دەرەبەگەکانی کورد، دەکەوتە سەر ئەژنۆ.

هەڕەشەئامێزبوونی بارودۆخی ئازەربایجان و کوردستان و بەرزبوونەوەی ئالۆزی و گرژی لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیا، سیاسەتی دەستتێوەرنەدانی ئەمریکا لە کاروباری ئێران، دوای جەنگی جیهانیی دووەم گۆڕانی بەسەردا هات. بە ڕووخانی کۆمارەکانی ئازەربایجان و کوردستان، گرنگیی ئێران بۆ سیاسەتدارێژانی ئەمریکا بە خێرایی دابەزی. بەرپرسانی ئەمریکا دوای قەیرانی ئازەربایجان، لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئێران خاوەنی جێگیرییەکی ڕێژەییە و لە هێرشی سۆڤێت بۆ سەری، لە ئاسایشدایە. بەڵام لە کۆماری مهاباد دوو خاڵی لاواز بوونی هەبوو: ۱ـ شوێنێکی نەبوو کە ئەگەر ئێران ڕۆژێك هێرشی بۆ بکات و تووشی شەڕ ببێت، پەنا بۆ ئەو شوێنە ببات، باوەڕی بەو کارە نەبوو. ۲ـ ڕێکخستنی حیزبی لەنێو لادێییەکاندا زۆر لاواز بوو و گرنگیی نەبوو، تاکو ئەوەی لە لادێکاندا خەڵك بۆ ڕاپەڕین ڕابکێشێت. زۆرتر لە بۆکان و مهاباد ڕێکخستنی هەبوو. لەسەر پشتیوانیی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤێت و بە بەڵێن و وەعدە درۆینەکانی حکومەتی قەوامۆسەڵتەنەوە سەرقاڵ بوون. بە کارێکەوە سەرقاڵ بوون کە هیچ لە پێ خستنە ناو کونی مارەکانەوە هیچ ناوێکی تری نەبوو.

هەوڵنامەی کتێب

سەرەڕای قازی موحەممەد، زۆرێك لە چالاکوانانی تریش، بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو و ژمارەیەکیش پەنایان بۆ گوندەکان برد و یان ڕایان کرد بۆ عێراق. "مهاباد، بزووتنەوەیەك کە ناوەڕۆکەکەی مەبەستی ناسیۆنالیستی بوو، کە بە ڕابەرایەتیی قازی موحەممەد، لە ماوەیەکی کەمدا دەسەڵاتی پەیدا کرد. ئەڵبەتە قازی موحەممەد خۆی باوەڕی وابوو کە "دیموکرات لە هەموو شوێنێکی کوردستان بەشی هەیە، بەڵام لە هەندێ شوێندا دیکتاتۆریەتی ئێران ڕێگربووە لە ئاشکراکردنی کارەکانی حیزب. هەرگیز لەگەڵ غەیرە کوردەکانی ئێراندا پەیوەندیمان نییە. جیاوازی و ناکۆکییەك لە نێو مەرامنامەی حیزبدا نابینم. ساڵی ۱۹۴۴، سێ ساڵ دوای دیداری یەکەم، لە دیداری دووەمم لەگەڵ شادا، لەبارەی بارودۆخی ورمێوە، دیسان ڕستەکەم دووبارەکردەوە کە وتەکە نەبووە بە کردار و دووبارە دەموچاوی شا گرژ بوو و کاریگەر بوو پێی". هەم پیشەوەری و هەم قازی موحەممەد، تەنها بە پشتیوانیی سۆڤێت و حکومەتی ستالین، توانییان سەربەخۆیی ڕابگەیەنن. لە سەدا سیی هێزی ئیداریی مهاباد، کوردەکانی ئێران بوون و ئەوانی تر لە

عێراق و تورکیا و سووریاوە هاتبوون. قازی موحەممەد و سەرکردەکانی ئەو جوولانەوەیە، ئەوەندە پەلەیان بوو بۆ گەیشتن بە مەبەست، کە تەنها ناوچەی مهاباد و چواردەورەکەی تا بۆکان، کە لەژێر نفوزی سوپای سووردا بوو، ڕازیبوو و بە خێرایی کۆماریکیان دامەزراند لە ناوچەیەکدا کە فراوانییەکەی یەک لەسەر دەی خاکی کوردستانی ئێران بوو، کە هەموو دانیشتووانەکەی ژێر دەسەلاتی حکومەتەکەیان نەدەگەیشتە شەست هەزار کەس.[١٩٣]

کۆمەلێک بە توندی ڕەخنە لە کۆماری مهاباد دەگرن و ئەوە دەردەخەن کە ئەم کۆمارە بەرهەمی هیچ تەجروبەیەک نەبوو، بەڵکو هەنگاوێکی حیساب بۆ نەکراو بوو کە باس لە بێ تەجروبەیی و نەکوڵانی سیاسی بووە. دامەزرێنەرانی ئەو کۆمارە هیچ تەجروبە و وشیارییەکیان نەبوو لە بەڕێوەبردن و تەنانەت سیاسەتیش، کە هۆکارەکەشی دەبێت لەو سەدانەی کە زوڵم و ستەمی دەسەلاتدارانی ئێران لەسەر کوردەکان، هەر لە صەفەوییەوە تا ڕەزاشا، بیست ساڵ دڵەڕاوکێی حکومەتی ڕەزاشا و نەبوونی هەر جۆرە ئازادییەک و لە ئەنجامی ئەوەدا دەستنەگەیشتن بە سەرچاوەی وەرگرتنی هەواڵی پێویست و بێ ئاگابوون لە بارودۆخی جیهان بە بەڵگەی نەبوونی هۆکاری پەیوەندیی کۆکەرەوە، خەڵکی ئێران بە گشتی و کوردەکان بەتایبەتی، لە کەمترین وشیاری لە بارودۆخی دونیا و جیهانی سیاسەت، قەڕاریان گرتبوو. هاتنەجۆشی هەستی نەتەوایەتی و دەمارگیریی ئایینی هێنایە دی. کۆکەرەوەیەکی پێکهاتوو لە ناسیۆنالیستەکانی کوردی هەمان وڵات، ئەندامانی کوردی حیزبی تودە و عەشیرەتەکانی ناوچەکە، لەگەڵ یەکدی پەیوەندیان هەبوو و لە بارودۆخی ناجێگیری جەنگی جیهانی و هێرشی هاوپەیمانان بۆ ئێران و داگیرکردنی وڵات، سوودیان وەرگرتووە، تا ئەو هەلومەرجەیان هێنایە ئاراوە. ئەڵبەتە لەم نێوەندەدا حیزبی تودە و ئەندامەکانی، جیاکردنەوەی ئەو ناوچەیە و گۆڕینی بە یەکێک لە مانگەکانی سۆڤێتیان لە مێشکیاندا چاندبوو. لە حاڵێکدا کە ناسیۆنالیستەکانی کورد هەستی کوردایەتییان هەبوو، سەرکردەی عەشرەتەکانیش لەبەر بەدەستهێنان و تەماحی نیعمەت، چووبوونە ناو قوواڵییەوە.

قازی موحەممەدیش دووچاری ئەم کەمبوونی هۆشیاری و نەبوونی بۆنی سیاسییە بووبوو. ناوبراو خوێندنی ئەکادیمی نەبوو و لێکۆڵەرێکی ئاینیی ڕووت و شەریعەتی

خوێندبوو. لەپێش ئەوەشدا بە پێشنوێژ دەژمێردرا. بەڵام شێت و شەیداکانی، سەبارەت بە خوێندنی ئەو قسەیان کردووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو لە حوجرەی فەقێیەتیدا خوێندوویەتی. ناوبراو سەفەرێکیشی بۆ ئەوروپا نەکردووە و تەنانەت زانیاریی پێویستیشی لەسەر جوگرافیای ئێران و سەروتر لەوەش، بارودۆخی حکومەتە سەربەخۆکانی جیهان نەبوو. سەربەخۆیی هۆکاری یەکەمی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بوو. گرفتی سەرەکیی کۆماری مهاباد پێویستیی ئەوان بە هاوکاریی ڕووسییەکان بوو، کە تەنها بە بوونی لەشکری سوور چانسی مانەوەیان هەبوو. هەمان نزیکی و پەیوەندییان لەگەڵ ستالین و سۆڤێت، بووە هۆی ئەوەی تا هێزەکانی ڕۆژئاوا لایەنگیریی لە ئێران بکەن. قازییش هەم بۆچوونی وابوو کە پێویست بە ئینکاری کردنی ئەو ڕاستییە نییە، کە ئەو بە پشتیوانی و پشتگیریی ڕووسیا کۆماری مهابادی دروستکردووە. ئەوەی کە پارتی دیموکرات حیزبێکی کۆمۆنیستییە، ئەوەی تەنیا بە دەنگۆ و بە تۆمەتدروستکردنی بەرپرسە سەربازییەکانی ئێرانی دەزانی و دەیوت کە ئامانج و بۆچوونەکانی لەگەڵ سۆڤێتدا جیاوازە.

قازی موحەممەد جودابیخواز نەبوو. بەڵکوو هەر بزووتنەوەیەک لە سەردەمی پەهلەوی بە دوا ناویان دەنا جوداخواز. قازی نەیدەویست کە ئازەربایجان لە کاروباری کوردستان دەستوەربدات. قازی کەسێکی سادە و پاک بوو، بەڵام بوو بە گاڵتەجاڕ و ئامێری دەستی ڕووسییەکان. قازی موحەممەد کەسێکی بەڕێز و نیشتمان پەروەر و ئێراندۆست بوو. صەدری قازییش لەو زیاتر. بەڵام ئەوەی ئەو و حیزبەکەشی ناهۆشیارانە ئەنجامیان دا، جگە لە جیابوونەوە و دابەشکردن، ناوێکی تری ناتوانین لێ بنێین. دەوڵەتێک کە ئەو دروستی کردبوو، کابینەی حکومەتێکی سەربەخۆ بوو، نەک حکومەتێکی خۆبەڕێوەبەر. چونکە: ۱ـ بە فەرمی و بەناو، وەزیری جەنگی هەبوو و وەزیری جەنگیش (موحەممەد حسەین سەیفی قازی)ی ئامۆزای بوو. ۲ـ وەزیری کاروباری دەرەوەی هەبوو و نوێنەر یان باڵیۆزی ناردبوو بۆ تەبرێز و بادکوبە. ۳ـ سوپای جیای پێکهێنابوو و تەنانەت دوو کەس لە ئەفسەرانی کوردی سوپای عێراقی بۆ فێرکردنی ئەندامەکانی بانگهێشت کردبوو بۆ مهاباد. ۴ـ لە هیچ یەکێک لەو ئاهەنگانەی کە ئەنجام دەدران، ئاڵای ئێران لە پاڵ ئەو ئاڵایەی کە بۆ حکومەکەی دروستی کردبوو، نەدەبینرا. ئەمانە هەمووی نیشانەی

سەربەخۆیین، چونکە لە خۆبەڕێوەبەرییەکاندا تەنها هێزی ئەمنیەتی کە پارێزەری نەزم و ئەمنیەتی ناوچەیەکە، لە ئەستۆی حکومەتی ناوچەکەدایە، سوپا سەر بە ناوەندە. بەڵام هەم قازی موحەممەد، هەم پیشەوەریش، سوپای ئێرانیان لە لای خۆیان هەڵوەشاندەوە و سوپای ناوچەییان با یونیفۆرمی سەربازییەکانی ڕووسیا دروستکردبوو، چەندین جار لە بەرانبەر کامێرەی پەیامنێران لەو سوپایەش ڕیژە دەچوون.

بەڵام ئەو بۆچوونەش بوونی هەیە کە قازی موحەممەد بەر لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، جارێك ڕۆیشتووە بۆ سۆڤێت و لەگەڵ بەرپرسانی کۆمۆنیست و حکومەتی ستالین لە بادکوبە، وتوویژی کردووە و گلۆپی سەوزیان بۆ هەڵکردووە. قازی نەیدەویست کە لەگەڵ حیزبی دیموکراتی ئازەربایجانیش ببێت بە یەك و ناوی خۆی نا کۆماری مهاباد. بەو بەڵگەیەی کۆماری لە وڵاتێکی پاشایەتیدا واتا و مەفهومی دابەشبوونی هەبوو، مانای نەبوو کە ٨٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە ناوچەیێکی کۆماری! لە بەشێك لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، لە باشووری ڕەزایەوە بەرەو باکوور، تا ڕووباری ئاراس، دانیشتووانی شارەکان و گوندەکان تێکەڵەیەك بوون لە کوردزوبانەکان و تورکزوبانەکان، کە قازی موحەممەد ئەو ئیدیعایەشی کردبوو، بەڵام کۆماری ئازەربایجان ئامادەی وەرگرتنی ئەم داوایە و لەدەستدانی ئەوە بوو. ئەوان نە دیدگای جوداخوازییان هەبوو و نە نیەتخراپی. بەڵام نەبوونی هۆشیاری بە مەسەلەکان و بێ ئاگایی لە پێکهاتەی خۆبەڕێوەبەری و خودموختاری، ئەوانی بە لاڕێدا برد و بەرەو جیابوونەوەیەکی نەخوازراو ڕۆیشتن. سەرکردەکانی ئەو کۆمارە سێ هۆکار هەڵیخەڵەتاندن: ١ـ بیرکردنەوەی سادەی خۆیان. ٢ـ حکومەتی یەکێتیی سۆڤێت. ٣ـ قەوامووسەڵەتەنە (بە ئەندازەیەکی کەمتر). کە دەتوانین بڵێین هەر سێ هۆکارەکە ڕەگەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سادە بیرکردنەوەیە. دەستەواژەی سەربەخۆیی، هەستیاری دروستەکات و دەکرێت لە دەستەواژەی خۆبەڕێوەبەری سوودوەبگرێت.

ڕووسییەکان ئەوەندەی بەرگرییان لە ئازەربایجان کرد، ئەوەندە پشتیوانییان لە کوردستان نەکرد و ئێران قەرەبووی ئازەربایجانی لە کوردستان کردەوە. دوای مردنی قازی موحەممەد، خەڵکانی تر و داواکارانی درێژەپێدەری ڕێگاکەی ئەو، بێجگە لە کردنەوەی

دوکان لەسەر ناوی ئەو و لە پشت وێنەکەی ئەوەوە، نەیانتوانی هیچ شتێك بکەن، چونکە لە بنچینەدا لە جیهانی سێیەمدا، زۆر پێویستمان بە مردووەکان و کوژراوەکان هەیە تا زیندووەکان، مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی گشتی بۆ قازی موحەممەد خرابووەوە. دروستکردنی نزرگە، نەخۆشیی کولتووری سیاسیی ئێمەیە. بۆ ئەوەی کە مێژوو دەماودەم و دووبارە و لەدایك ببێتەوە، مێژوو بگەڕێین چەند فۆرمۆلێك کورتبکەینەوە. کورتکردنەوەی هەموو شتێك لە یەك ناودا و وەستان لەسەر ئەوە، بە بارمتەگرتنی مێژووە. هۆکاری ئەوەی کە قازی و یاوەرەکانی هەڵنەهاتن، ڕەگەکەی لە هەمان سادەبیرکردنەوە و سادە تێڕوانینەی قازی موحەممەد و سەرکردەکانی حیزبەکەی لەبارەی ڕێکەوت و ڕووداوە سیاسییەکانەویە. پێشنیاری ڕاکردن بە قازی موحەممەد درا، بەڵام ئەو بەردەوام دووبارەی دەکردەوە کە ئێمە کارێکی ناڕەوامان نەکردووە تاکو هەڵبێین. ئەمەش هەمان ئەو سادەبیرکردنەوە و نەزانینی یاسا و بڕیارانەی وڵات و جیهانە. ئەوان لە سەرەتای دەستپێکردنی کارەکەدا، بە قەوامیان وتبوو کە مەبەستی ئێمە جیابوونەوە نییە و تەنها دەمانەوێت حکومەتێکی ناوچەیی دروستبکەین. کێشە و مەسەلەی گرنگ بۆ حکومەت و دەوڵەتی قەوامیش، ئازەربایجان بوو، کە دەتوایە هەموو خەم و خەفەتێکی لەسەر ڕزگاربوون لە دەستی ئەو بێت.

کۆمارێك کە هەموو هەرێمەکەی لە شارێکی بچووك و ناحیەیەك تێنەدەپەڕی، بوون و نەبوونیشی پەیوەندیی تەواوی بە ئازەربایجان و هێزەکانی داگیرکەرەوە بوو، نەیدەتوانی ببێتە جێگەی نیگەرانیی سیاسەتمەدارێکی بەئەزموونی وەك قەوام. ڕووداوە سەرەکییەکە ئازەربایجان بوو نەك مهاباد. ئەڵبەتە لە ڕۆژی یەکەمدا بارزانییەکان نزیکەی ۹ هەزار کەس بوون، کە ۱۵۰۰ پیاوی شەڕکەریان هەبوو و قازی موحەممەد نەیدەویست کە ئازەربایجان دەستوەربداتە موکریان و مهاباد‌ەوە". هێشتا شیکردنەوەکان لەبارەی ئەوەوە بەردەوامیی هەیە و کوردەکان بە دەمارگیرییەکی تایبەتەوە لەبارەی ئەوەوە قسە دەکەن. لە نێوان تێڕوانینەکاندا، ئەو کەسانەی لەسەر ئەو بڕوایە بن ڕابەری کۆماری مهاباد وێستی جیابوونەوەی لە ئێران هەبووە، لە کەمترینی ئەگەرەکاندان. بەڵام وێستی سەرەکیی ڕابەری مهاباد، دروستکردنی جۆرێك لە خۆبەڕێوەبەری، بۆ پارێزگاری لە مافی کوردەکان، لە

چوارچێوەی ئێراندا بووە. دوای ڕووداوەکانی قازی موحەممەد، بە داخەوە هەرجارێک کە بابەتی کوردستان دێتە پێشەوە، مەینەتییەک و تراژیدیایەک لەناو سکی قەزیەکەدا هەبووە و ئەوەی کە دیسان کوردەکان پێیان ناوەتە یارییەکی بێ سەرئەنجام. کەمتر ئاگایان لەو مەسەلەیە بووە کە هێنانەدی کوردستانی گەورە، ئارەزوویەکی مەحاڵە و هەر خەیاڵە.

دوای گەڕانەوەی بارزانی لە تاران، هەر لە سەرەتاوە بۆ ئەفسەرەکانی ڕوکنی دووەمی سوپا ئاشکرا بوو کە ئەو بە هیچ شێوەیەک بۆچوونی هاوکاریکردنی سوپای ئێرانی نەبووە، لەبەرئەوە بۆ ئەوەی خۆی لە چنگی دەوڵەتی ئێران ڕزگار بکات، وەعد و بەڵێنی دا کە بگەڕێتەوە بۆ مهاباد و بابەتەکە بۆ ئەو کەس و ئەندامانەی کە لە عێراقەوە لەگەڵ ئەو هاتوون بۆ ئێران، باس بکات و بە وەرگرتنی ڕازیبوونی ئەوان لەبارەی داواکەی ئێرانەوە هەنگاو بنێن. بارزانی گەڕایەوە بۆ مهاباد، لەجیاتی وەرگرتنی ڕازیبوون و وتووێژ لەگەڵ هاوڕێکان و ئەندامەکانیدا بە مەبەستی ماندووبوو و نیشتەجێبوون لە ئێران، دەستی کرد بە کۆکردنەوەی چەک و جبەخانە، خۆی ئامادە دەکرد بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازیی پێشبینیکراو لەگەڵ سوپای ئێران. هەر ڕێکەوتنامەیەکی نووسرا و یاخود شەفەیی کە لەگەڵ بارزانییەکان بەستراوە، هەرئەوەندەی شەوێکی بەسەردا بچووبایە، دەبووە وێنەیەک لەسەر ئاو. بارزانی نزیکەی ٥٠٠ هەزار گوللەی لە قازی موحەممەد وەرگرتبوو.

لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦دا، بارزانییەکان سەرەتا بەرەو نەغەدە ڕۆیشتن، لە نەغەدە بارزانی بیستی کە قازی موحەممەد بەبێ بەرگریی چووەتە پێشوازیی سوپای ئێران و خوێن لە لووتی کەسیش لەو شارە نەهاتووە. نەغەدەی بەجێهێشت و لە کوێستانەکانی دەوروبەری نەغەدە لە شنۆ و دەشتی وێل و مەرگۆڕ جێگیربوون. بارزانی یەک مانگ ڕێکەوتنامەکەی تارانی دواخست و کاری پێنەکرد و لە بەرزاییەکانی شنۆ مایەوە. ترسی بارینی بەفر و سەرمای زۆری هەبوو کە چاوەڕوانی دەکرا، دەترسا ڕێگاکانی پەیوەندی دەپچڕێت و ئەوکاتە لەناو بەفر و سەرمادا خۆی بە بەندکراوی ببینێت. هەندێ لە لایەنگرانی قازی موحەممەدیش، لەو ڕۆژانەدا کە ئەو لە بەندیخانەدا بوو، پەیوەندییان لەگەڵ

بارزانییەکاندا پاراستبوو و ئەویان بە بەرگریی زیاتر هەڵدەنا، کە لەوانەیە ببێتە هۆی ڕزگارکردنی قازی موحەممەد لە زیندان. بەڵام بارزانی نەیدەویست ئەم قسانە ببیستێت و لە وەڵامدا دەیویت "قازی موحەممەد لە دیدی دەوڵەتی ئێرانەوە تاوانبارە و بڕیاری لەسێدارەدانی هەیە" هەندێ جاریش دەربارەی قازی دەیویت: "کەسانی ترسنۆک و جەبان و نامەرد لەم دونیایە زۆرن".

زۆربەی هێزەکانی کۆماری مهاباد لە ناوچەی لاجان و ترگور و مەرگور گیرایان خواردبوو بەدەست هێرشەکانی حکومەتەوە و زەرەر و زیانی زۆریان پێگەیشت. تاکو یەک مانگ لە دوای گەڕانەوەی بارزانی لە تاران، پەیوەندیی تیرەی بارزان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران چاک بوو و تەنانەت یەکجاریش سوپا بارهەڵگرێک گەنمی بۆ ناردن، بەڵام بارزانی بە بیانووی ساردیی هەوا و وتووێژ لەگەڵ گەورەکانی بارزان، لە گواستنەوەی چەک و چەند خانەوادەیەک بۆ هەمەدان، خۆی بەدوور گرت. هێزە جەکدارەکانی بارزانی، عەبووس و تووڕە و ڕەوشت ناشیرین، لە ناوچە کوێستانییەکانی نەغەدە مابوونەوە. لەم کاتەدا هەواڵیان بە ئەو دا کە سەرکردەکانی تیرەی مامش و مەنگوڕ لە گوندی صوفیان، ناوەندی ناحیەی لاجان، کۆبوونەوەیەکیان هەبووە بۆ ئەوەی هاوکاریی سوپای ئێران بکەن لە هێرش کردنە سەر بارزانییەکان. بارزانی لەگەڵ چەند چەکدارێک لە کوێستانەکان هاتنە خوارەوە و ڕۆیشت بۆ ئەوێ و هەموو ئەوانەی دایە بەر دەستڕێژی گوللە. هێزەکانی ئەو ناوچەیەی هەواداری حکومەت ـ موکریان، مەنگوڕ، مامش، هەرکی، دبوکری و... ـ ش، چوونە پاڵ هێزەکانی حکومەت.

بارزانی لەگەڵ ئەم کارەی و پاشان کەمێک مانەوەی لە بەرزاییە بەفرگرتووە کوێستانییەکاندا، زانیی کە شوێنێکی ستراتیژی و پێگەیەکی جەنگیی چاکی گرتووە و کەسیش ناتوانێت بێزاری بکات، بە پێچەوانەی ئەو پەیمان و بەڵێنەی کە لە تاران لەگەڵ سوپادا بەستبووی، لە ۱۰ی شووبات بەدواوە، بەرێەککەوتنی توند لە نێوان کەسانی ژێر دەسەڵاتی سەرلەشکر هومایۆنی ـ فەرماندەی لەشکری کوردستان ـ و بارزانییەکان، لە ناوچەی صوفیان و جلدیان و نەغەدە و مەگوڕ ڕوویدا. کەم کەم بارزانییەکان لە نەغەدە

ڕووبەڕووی هێزەکانی ئێران وەستانەوە، بەڵام لە شنۆ و نەغەدە جەنگ دووبارە دەستی پێکردەوە. تەنانەت لە سەرەتای ئازاری ١٩٤٧، هەوڵ دەدات کە بنکە و یەکە سەربازییەکانی هێزی ئێران لە ناوچەکە، لە چەك دابماڵێت. شەوی ١٨ی ئازاری ١٩٤٧، بەشێوەیەکی لەناکاو هێرش دەکەنە سەر یەکێك لە یەکەکانی سەربازی و گەمارۆی دەدەن. بەخێرایی لە لایەن فەرماندەیی لەشکری کوردستانەوە، چەند یەکەیەك بە مەبەستی بەهێزکردنی یەکە گەمارۆدراوەکە بۆ ئەو شوێنە ناوبراوە نێردران. لەو کاتەدا مولازمی پلە یەك (قەرەباغی) کە پۆستی فەرماندەیی گرووهی چەکی قورسی لە ئەستۆدا بوو، ڕۆیشتووە. عەسری ئەو ڕۆژە دەکوژرێت. عەشیرەتەکان ئەم جارە بوونە بەرگر لەبەردەم سەرکێشییەکانی بارزانی. بەڵام بیانوویەك بۆ حکومەت دروستبوو. بەجێنەهێنانی لە چەك دامالێن و حەزکردن لە مانەوە لە ناوچەیەك لە ناوچەکانی ئێران و یان دواخستن و بیانووهێنانەوە بۆ دواخستنی چوونە دەرەوە لە ئێران، ناڕازی بوون و ناڕەحەتیی هەندێ لە عەشیرەتەکان لە بووننی ئەوان لەو ناوچەکە، سەرەنجام حکومەت دوای چەند جار هۆشداری و ئاگاداری بەوان، هێرشی سەربازی کرد و دوای یەك مانگ کە سوپا لە تەسلیمبوونی بارزانی نائومێد بوو، لایکردەوە بەڵای جێگیری و چاککردنی هێزەکان لە دەوروبەری ناوچەکەدا و ئامادەی هێرشکردن بوو بۆ سەر بارزانییەکان". کەمتر لە یەك مانگ ئەو جەنگە درێژەی هەبوو و بەهۆی سەرما و برسێتییەوە زۆرێك لە ژنان و منداڵان گیانیان سپارد. لەوانەیە بتوانین بڵێین کە ڕاپەڕین و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانەی کوردەکان، هەمیشە بە زەرەری ئەوان بووە. ئەگەر کوردەکان ڕاپەڕینی پرژوبڵاوی چەکدارانەیان نەکردایە، زیاتر سەرکەوتوو دەبوون. دەوڵەتی ئێران ڕاستیی بۆچوونی ڕووکنی دووەمی سوپای لەبارەی بارزانییەوە بۆ دەرکەوت و ئیتر دوای ئەوە نرخی بۆ قسە و بەڵێنەکانی ئەو دانەدەنا. بارزانی وتبووی کە ئێمە لەناو خاکی ئێراندا سوودمان نییە کە بۆ پارێزگاری لێکردنی بجەنگین، نیشتمانی ئێمە عێراقە و ئەگەر سوپا هەلمان پێ بدات، بەبێ تەقاندنی تەنها یەك گوللەیش، بەرەو وڵاتی خۆمان دەڕۆین. ئێمە لەگەڵ ئێران کێشەمان نییە و لێرە خاکمان نییە کە بمانەوێت بەرگریی لێ بکەین، یان لەگەڵ کەس دوژمنایەتییمان نییە کە بمانەوێت چەکی لە بەرانبەردا هەڵبگرین. ئێرە خاکی ئێرانە و تەبعەن سوپای ئێران دەبێت ڕۆژێك بێت و خاکی خۆی بگرێتەوە و ئێمە بکاتە دەرەوە.

ئێمەش نابێت خۆمان بکەینە بەندی زەوییەک کە پەیوەست نییە بە ئێمەوە. ئارام دەگرین تاکو بەفر و سەرما تەواو ببێت، دوایی ژن و منداڵ و پیرەپیاوەکان دەگەڕێنینەوە بۆ عێراق و خۆمان دەبینە پەنابەر لە سوێد، تاکو لە هەلی گونجاودا بگەڕێینەوە بۆ عێراق و ئامانجەکانمان بەدەست بهێنین".

یەکێک لە ئەفسەرە ئێرانییەکان کە لەگەڵ بارزانیدا بووە، لە دواییدا نووسیویەتی: "بارزانییەکان مەبەستی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارییان لەگەڵ سوپادا نەبوو، ئەوان چاوەڕوانی باشتربوونی هەوا و تووانەوەی بەفری کوێستانەکان بوون و دەیانویست بەرەو عێراق و نیشتمانی خۆیان پاشەکشە بکەن". بەڵام بارزانی چاوەڕوانی کاردانەوەی عێراق و ڕووسییەکان بوو. لە تیپی ڕەزایە و لەشکری ۵ی سنە و لەشکری ۳ی تەبرێز، هەروەها لە ناوەند، چەندین یەکەی بۆ بەهێزکردنی هێزی سەربازیی مهاباد نارد و لە ئەنجامی بۆمببارانی فڕۆکەکان و توپخانەکان، بارزانییەکان خەسارەتێکی گەورەیان پێگەیشت. فەرماندەیی ناوەندی سوپا دەیویست بە هەرشێوەیەک بێت ئاژاوە تەواو بکات و بارزانییەکان لە ئێران بکاتە دەرەوە. ڕەزام ئارا بە فڕۆکە، بە مەبەستی سەردانکردنی هێزەکانی ئازەربایجان و کوردستان، بەرەو ڕەزایە دەکەوێتە ڕێ.

سەرەنجام لە تەواوی جەژنەکانی ئێراندا، شەڕی سوپا لەگەڵ بارزانییەکان درێژەی هەبوو و بە تووندی خاڵەکانی ئەوان توپبارانی دەکران. هەندێ جار بە هێرشی فڕۆکەکان لە بەرزاییەکی کەمەوە و دەستڕێژی گوللە و بۆمبباران کردن، ژمارەیەکی زۆر ژن و منداڵ دەبوونە قوربانی. شێخ ئەحمەد نامەیەکی بۆ فەرماندەی سەربازی نووسی کە: "گیراوەکانمان ڕادەستکردووەتەوە، دەستهەڵگرن لە توپبارانکردنی ئێمە". هەرچەندە کە ئەو داوای نەرمبوونی ئێرانی دەکرد، بەڵام شوێنکەوتن و هەڵاتن بەردەوامیی هەبوو.

وەزیری جەنگ (سپهبد ئەمیر ئەحمەدی) بوو. لە ڕۆژنامەی (اطلاعات)دا نووسیی: "بارزانی، لەگەڵ دوو هەزار کەس، کە هەزار کەسیان چەکدارن، لە سنووری ئێران تێپەڕیان کردووە و سەردەشتیان هەڵبژارد بۆ نیشتەجێبوون. هەست دەکرێت پێویستە ئەوان لە

چەك دابمالڕێن". ڕەزام ئارا، سەرۆکی ناوەندی شەڕ، دەربارەی هۆکاری تۆپبارانکردنی بارزانییەکان، دەڵێت: "بارزانییەکان ئێرانی نین، لە باکووری کەرکووك مالیان هەیە، ژمارەی ئەم تیرەیە ١٠ هەزار کەسە و دوو هەزار خانەوادە پێکدێنن". ئەوەی جێگەی سەرنجە کە دەڵێت: "١ـ خەڵکانی تێکۆشەر و قانعن و لە سوودوەرگرتن لە زەوی و بەرگریی سروشتی، بێوێنەن. ٢ـ لە تەقەمەنیدا پاشەکەوتیان دەکرد و تاکو ئەوەی کە دوژمن نەگەیشتایەتە ٢٠٠ مەتری نزیکیان، تەقەیان نەدەکرد. ٣ـ خاڵی لاوازی ڕکابەر و بەشی لاوازی بەرەی جەنگیان زوو دیاری دەکرد و ئەم کارە سەرسوڕهێنەرە. ٤ـ لەبەرئەوەی هەمیشە لە شاخ و دۆڵ و دارستاندا دەجەنگێن، ئەوەندە لە چالاکیی سەربازیدا کارامەن، کە دەتوانم بڵێم ئەم کارامەییە لە هیچ سوپایەکی دونیادا نییە. بارزانییەکان جەنگاوەرن. لەگەڵ تەواوی بێباکی و سووربوون، هێرشیان دەکرد و بە ئەندازەیەك لە جەنگدا ڕاوەستاوبوون، کە عەرەبانەی جەنگییان لە دووری ٣٠ مەتریدا بە گوللە دەپێکا و لە زۆر کاتدا دەبابەکان بەسەر جۆستەیاندا دەڕۆیشتن. ئێمە لەگەڵ کەسانێکدا ڕووبەڕووبووینەتەوە کە پێشوازی لە مەرگ دەکەن". ئەم جەنگ و ڕاکردنە لەناو خاکی ئێراندا، لە ئازاری ١٩٤٧دا بوو. ئەو ڕۆژانەی کە قازی موحەممەد لە زیندانداا بوو، هەرچی زیاتر پەلە کرابێت لە لەسێدارەدانی قازی موحەممەددا، لەبەر تێکۆشانی چەکدارانە لە دژی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاکی ئێرانیش بووە، چونکە حکومەت گومانی هەبوو کە بارزانی لەگەڵ قازیدا پەیوەندیی هەبێت و پێی وابوو کوشتنی ئەو دەبێتە هۆی کۆتاییهاتنی ئەم جەنگ و خوێنڕێژییە.

ڕۆژی ٢ی نیسانی ١٩٤٧، فڕۆکەیەکی ئێرانی ڕاگەیەندراوێکی بەسەر خەڵکی مەنگوڕدا بڵاوکردەوە کە هەواڵی تاقەتپڕوکێنی لەسێدارەدانی قازی موحەممەد و صەدری قازیی تێدا نووسرابوو. بارزانی چوو بۆ لای سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی، تاکو ئەو ڕابەرایەتیی کۆمار لە ئەستۆ بگرێت، کە قبوڵی نەکرد. "دوای ڕووخانی ئازەربایجانیش ٤ ئەفسەر لەوان پەیوەندییان بە ئێمەوە کرد: لەڕاستیدا لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد، بە ڕابەرایەتیی قازی موحەممەد و لەسێدارەدانی ئەوان بە هەڵواسینیان بە داردا، بارزانییەکان ئاوارەبوون، سەرۆك عیزەت عەبدولعەزیز بە بارزانیی وت: بەداخەوە پەرۆیز و قازی

موحەممەد و ئەوانی تر، لەسێدارە دران و هەڵیانواسین. بارزانی خێرا دەنگی بەرزکردەوە و وتی: تۆ بۆچی ناڕەحەتیت؟ حکومەت ئەوانی بە خیانەت تۆمەتبار کردبوو. لەم جۆرە وەڵامانەی بارزانی، زۆر غەمگین و بێتاقەت بوو و بەبێ خواحافیزی هەستایەوە و ڕۆیشت، کە بارزانی لە دریژەدا وتی: "لە قسە حەق و ڕاستەکانی من ناڕەحەتیت؟ ئەوان هەموو کاتێك بارگرانی بوون لەسەر شانی ئێمە". یەکێك لە کاربەدەستەکانی سی ئای ئەی، باوەڕی وایە کە "ئەگەر بارزانی نەهاتایە بۆ مهاباد، حکومەتی ناوەند لە قەزیەی کوردەکان نەدەترسا، لە کۆتاییدا قازی موحەممەد وەك کەسایەتییەکی دیاری سنە و کرماشان، دەکرا بە قائیمقام و حکومەت بە هەندێ زانیاریی دروستکراو لە کوردستان وازی دەهێنا. ئیتر ئەو تێڕوانینە ئەمنیەتییە لە کوردستان بەرقەرار نەدەبوو کە تاکو دوای سەردەمی پەهلەویش دریژەی هەبوو. ناوی قازی موحەممەد هێشتا ترسناکە و جوداخوازی و سەرباز کوشتن لە دژی حکومەتیان بەزینهدا دێت".

ڕەزم ئارا ڕایگەیاند کە "لەگەڵ یەکەکانی سوپای عێراق لە خاکی ئەوان، پەیوەندیی تەواومان هەیە و بەبێ دوودڵی، بە زووبی کاری بارزانییەکان یەکلایی دەکەینەوە. هەردوو وڵاتی عێراق و تورکیا، لەناو سنووری خۆیاندا، لەم کردە سەربازییانەدا بەشێوەیەکی باش هاوکاریی هێزەکانی ئێرانیان کردووە. تورکیا لە خاڵی باکوور، چەند هۆکارێکی دانا و ڕێگای گەڕانەوەی بارزانیی داخست و فڕۆکەکانی ئەو دەوڵەتەش بەسەر ئاسمانی سنووری تورکیادا دەفڕین و لە کەمیندا بوون بۆ کردە سەربازییەکانی بارزانییەکان. دەوڵەتی عێراقیش دوو تیپی لەسەر سنوور جێگیر کردبوو و سەرلەشکرەکەیان، ئەمیری هێزەکە، سەید حیجازی، لە حاجی ئۆمەران لەگەڵ سەرلەشکر همایۆنی یەکتریان بینی. بێ تەلەکانی سوپای عێراق و ئێران لەگەڵ یەك پەیوەندیی تەواویان هەبوو. ئەندامەکانی شێخ ڕەشیدیش لە ناوەند جێگیر بووبوون و سوپای عێراقیان بەهێز دەکرد". پاشان لە ۲۰ی ئازاری ۱۹۴۷، بۆ چارەسەرکردنی تەواوی مەسەلەی بارزانییەکان و هاوکاری، سەرلەشکر فەرزوللا هومایۆنی لەگەڵ ئەمیری هێزەکەی عێراق، سەرتیپ سەید عەلی حیجازی، لە حاجی ئۆمەرانی ناو خاکی عێراق دیداری کرد.

هەواڵنامەی کێشە

نزیکەی دوو مانگ لەگەڵ ئێران شەڕ و ڕاکردن بوو، شێخ ئەحمەد بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی بارزان. بەڵام بارزانیی برای، هەمیشە نەیدەویست کە تەسلیمی دەوڵەتی عێراق ببێتەوە، چونکە لەوانەیە گوللەبارانیان بکردایە. لە مانگی نیساندا بارزانییەکان چوون بۆ سنووری عێراق. نوێنەرەکانی عێراق لەگەڵ بارزانییەکان کەوتنە وتووێژ. ئێزگەی ڕۆژهەڵاتی نزیک، ڕایگەیاند کە صالح جەبر، سەرۆک وەزیرانی عێراق، وتوویەتی کە دەوڵەتی عێراق بارزانی وەردەگرێت، براکەشی تەسلیم دەبێتەوە. سەرەنجام لەگەڵ شەڕی سەربازی، چوونە ناو خاکی عێراقەوە. فەرماندەی لەشکری چوار پێی ڕاگەیاندین کە بارزانی لە خاکی سوری عێراقدایە. تیرەی بارزان کەم کەم لە ١٠ی نیسانەوە تا ١٥ی نیسانی ١٩٤٧، گەیشتە سنووری عێراق. هەموو کەسە بەتەمەنەکان و ژنەکان و منداڵەکان کە بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرنەچووبوو، ڕۆشتنە عێراقەوە. شێخ ئەحمەد تەنها لە بیری ڕۆشتنەوە بۆ عێراق و جێگیربوونی بوو لە ناوچەی بارزان، تا دواتر بتوانێت لێبوردن بۆ تیرەکەی لە لایەن عێراقەوە دەربکات.

هێزەکانی ئینگلیز و عێراق، ئەوەندە حەزیان بەدەستکرد بارزانییەکان بگەڕێنەوە و هیچ گرەنتییەکیان بۆ سەلامەتی و ئەمنیەتی ئەوان نەدا. کەسە گەڕاوەکانی تیرەی بارزان، بریتیبوون لە پیرەکان، ژنان و منداڵان، لەگەڵ ڕانەمەڕ و کەلوپەلەکێکی کەم و پێویستیی ژیانیان. لە سنووری تێپەڕیان کرد و بوونە پەناڕە لە عێراق. کە ژمارەیان زیاتر بوو لە ١٥ هەزار کەس. شێخ ئەحمەد بڕیاری گرتنی بۆ دەرچوو. حیزبەکانی پارتی و کۆمۆنیست لە کۆیە هاوکارییان کۆکردەوە و دەیانناردبۆ بەغدا، تاکو شێخ ئەحمەد و ئەوانیتر ئازاد بکەن. ئەڵبەتە لە ساڵی ١٩٤٥، بە غیابی حوکمی لەسێدارەدانی ئەو دەرچووبوو. ئەو لەگەڵ ٥٠٠ بارزانیی تر لە قوتابخانەیەکدا بەندکران. موحەممەد خالید و براکانیشی بڕیاری لەسێدارەدانیان هەبوو، کە ئەڵبەتە تەنها بڕیاری چوار ئەفسەریان جێبەجێ کرا و ئەوانی تر بڕیارەکەیان گۆڕا بە دوورخستنەوە. شێخ ئەحمەد لە پەیامێکیدا وتوویەتی: بڵێن بە ئەفسەرەکان نەڕۆن بۆ عێراق، چونکە لەسێدارەدان لە چاوەڕوانیی ئەواندایە. بەڵام بە پێچەوانەوەی ئەو گێڕانەوانەوە، هەموو ئەفسەرەکانی سوپای عێراق ـ بێجگە لە ئەفسەر میر حاج ـ لەناو پەنار و تەسلیم بووەکاندا بوون بە عێراق.

لـه نیسانی ۱۹۴۷، بـارزانی لەگـەڵ ۵۰۰ پیـاوی شـەڕکەر، گەڕایـەوە بـۆ سـنووری کوردستان. ئـەو لـه ڕووبەڕووبوونـەوەی لەگـەڵ حکومـەتی عێـراق، خۆیدەپاراست و بـەناو عەشیرەتی برادۆستدا تێپـەڕی، بـەڵام لـه نێـوان برادۆست و بارزانییەکانـدا نـاکۆکی هـەبوو "ماوەیەك له کوردستانی عێراق ماینـەوه تـاکو لێبـوردنی گشتی دەربـچێت و بگەڕێینـەوه، بەڵام وانەبوو و به سەرپەرشتیی بارزانی کۆبوونەوەیەکمان کرد. بارزانی سەرەتا پێشنیاری ڕۆیشتن بۆ سووریای کرد، بەڵام ئەندامـەکانی وەکـو: مـیر حـاج و شـێخ سـولەیمان و شـێخ موحەممەد نەجیم بەرواری و عەبدولڕەحمان مـوفتی، ڕازی نـەبوون، چـونکه دەمـانزانی کـه سووریاش وڵاتێکی عەرەبییـه و تەسـلیمی حکومـەتی عێراقمـان دەکاتـەوه و لەناودەچـین. پاشان هەموومان لەسەر ڕۆیشتن بـۆ ڕووسـیا و لـەوێش بـۆ مۆسکۆ، ڕازی بـووین. ئەڵبەتـه ڕووسـیا زەمینـەی فەراهـەم کردبـوو. لـه شـەوی ۲۷ی ئایـاری ۱۹۴۷، دووبـاره بـارزانی چووەوه ناو خاکی ئێران". بارزانی، سۆڤێتی به تەنها شوێنی ئاسایش دەزانی، کـه بتوانێ بەشێوەیەکی کاتی لەوێ بێت و له کاتی گونجاودا بـۆ گەیشتن بـه حکومـەتی کوردسـتان، بگەڕێتەوه بۆ عێراق.

بارزانی دەیوت: "من کۆمۆنیست نیم و حەزیشم له کۆمۆنیستی نییه، بەڵکو دیموکراتم و دڵم دەیەوێت لەگەڵ گەلەکەم له ئاشتی و خۆشی و یەکسانیدا بژین و بتـوانم ڕۆژێـك ئـاڵای کوردستان له شوێنێکی کوردستاندا بەرزبکەمەوه، جا ئەو شوێنه له عێراق یـان ئێـران یـان تورکیـا بێـت، بـۆ مـن هـیچ جیاوازییـەکی نییـه. ئـەوه هەلومـەرجی جیهانییـه وای کـردووه ڕووسییەکان هاوکاریی ئێمه دەکەن و ئێستا پێویستیان به بوونی ئێمه لەناوچەکەدا هەیـه، لەبەرئـەوه بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان دەتـوانین لـه بـوونی ئـەوان سـوود وەربگـرین. مـن کۆمۆنیست یان فیودالّ نیم، بەڵکو من دیموکراتم. تەنها به هاوکاریی سۆڤێت کوردسـتانێکی نیوەسەربەخۆ بوونی دەبێت، چونکه ئەوان لـه دابەشکردنی کوردسـتاندا هـیچ سـوودێکیان پێ ناگات، بەڵکو به پێچەوانەوه، سـوودەکان وا پێویسـت دەکـات لـه کوردەکـانی ئێـران و عێراق و تورکیا، حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی دروستبکەن، لەبەرئـەوەی هـەموویان لـه لایەن ئینگلیز و ئەمریکاوه داگیرکراون".

هەواڵنامەی کێبڕکێ

بارزانی و ئەندامەکانی بەهۆی فشارەکانی سوپاوە بۆ سەریان، دووبارە گەڕانەوە بۆ خاکی ئێران. لەڕاستیدا براکەی لە دەستی هێزەکانی عێراقدا بوو و نەیدەتوانی لەگەڵ ٥٠٠ کەسدا شەڕی بەرگریش بکات. تەقەمەنییشی نەبوو. بارودۆخەکە بۆ بارزانی زۆر نالەبار بوو. لە ٢٧ی ئایاری ١٩٤٧، ئەو لەگەڵ ٤٩٧ شوێنکەوتوو، بەرەو باکوور و تورکیا کەوتە جوولە، بەڵام بە پاشەکشەکردن لە ڕۆژئاوای دالان پار، لەسەر لێواری سنوور گەڕایەوە بۆ ئێران. "ڕۆژی ٢٨ی ئایاری ١٩٤٧، دووبارە گەڕایەبوونەوە بۆ کوردستانی ئێران. بەهۆی ئەوەی سوپای ئێران بەدوایانەوە بوو، بارزانی و هێزەکەی چوون بۆ ناوچەکی شنۆ و پاشان زێوێ و قتور و لە ڕێگای پلدەشتەوە خۆی گەیاندە ماکۆ و جلفا" ئەڵبەتە لە ١٢ی ئایار تا ١٨ی حوزەیران، ڕۆیشتن بۆ ڕووسیا درێژەی کێشا. "دوای گەیشتن بە ماکۆ لە بەرەبەیانی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٤٧، چوار چەکدار لە لایەن عومەر ئاغای جەلالییەوە هاتن بۆ لای بارزانی و لەگەڵ ئەودا وتوویژیان کرد. داوایان کرد لەگەڵ هۆزی جەلالی بمێنینەوە و لەگەڵ حکومەت شەڕ بکەین. بەڵام ڕۆژی ٨ی حوزەیران، برازاکەی هەواڵی بە ئێمە دا کە عومەر لای حکومەتی ئێران چیی کردووە، ڕێککەوتبوو لەگەڵیان تا ئەوان ڕێگای ئاراس لە ئێمە بگرن و نەڕۆین بۆ سۆڤێت. ڕۆژی ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧، ڕۆژی تێپەڕبوون[١٩٥] لە ئاراس بوو".

لە ڕۆژئاوای ڕووباری ورمێوە، لەژێر نفوزی عەشیرەتی مامشەوە، بۆ پەرینەوە لە ڕووباری ئاراس لە نزیک شاخی ئارارات، تێپەڕی. بارزانی بە بیانووەکانی لە درێژەی سەفەرەکەیدا، ١١ ئاغا (خان)ی ناوچەکەی تیرۆر کرد. کاتێک کە دەروازەی پردی چوونە ناو خاکی سۆڤێت کرابووەوە، هێزە سەربازییەکان و ئیدارەی ئەمنیەتی سۆڤێت لە چاوەڕوانیی ئەواندا بوون. بارزانی و کۆمەڵەکەی هاوڕێی لە ڕووباری ئاراس تێدەپەڕن و دەچنە ناو ڕووسیاوە. ئیتر بوونە پەنابەری ڕووسیا و بە ئۆتۆمبێلی سەربازی شەوانە بەرەو نەخجەوان دەیانبەن. چیرۆکی حەماسی لەبارەی سەفەرەکەی ئەو و پیاوە ئازاکانیەوە لە کۆبستانەکانەوە بۆ ڕووسیا، بوونی هەیە. "ڕۆیشتنی بارزانی بۆ ڕووسیا بەم شێوەیە بوو کە سوپای ئێران لەو ڕۆژانەدا توانای سەربازیی ئەوەندە نەبوو و شتێک وەکو پاشەکشەی ١٠ هەزار کەسی یۆنانییەکانی زەینەفون بوو. کە لە بۆشاییەک سوودیان وەرگرت و لە ڕێی

بـه خـراپ بـه‌کارهێنانی خـاکی ئێرانـه‌وه، رۆیـشتن بـۆ دامێنـی سـۆڤێت". ڕه‌نگـه حیزبـی کۆمۆنیست، له به‌سه‌رکه‌وتوویی ڕۆیشتنی بارزانی بۆ سۆڤێت، به خۆشحاڵ بێته بـه‌ر چـاو. هیچ کاتێك ڕووسییه‌کان ئه‌وه‌یان نیشان نه‌دا که بـارزانی لـه ڕێگـای ئاراسـه‌وه لـه حاڵـه‌تی هاتن بـۆ ڕووسـیادایه. بـارزانی تـا ۱۴ی حـوزه‌یرانی ۱۹۵۸ لـه ڕووسیا مایـه‌وه. "کاتێـك گه‌یشتین به ڕووسیا، به چاکی پێشوازییان لێکردین و هه‌ر له سه‌ره‌تاوه ئێمه‌یان کرد بـه ۶ ـ ۷ به‌شه‌وه و لـه ناوچـه‌ی جیـاواز ئێمـه‌یان نیـشته‌جێ کـرد". بـارزانی لـه سـه‌ره‌تای ئـه‌و ڕۆژانـه‌ی کـه گه‌یـشته نه‌خجـه‌وان لـه ناوچـه‌ی ئه‌رمه‌نـستان، ڕه‌وانـه کـرد و سـه‌ره‌نجام گواستیانه‌وه بۆ باکۆ. پێشمه‌رگه به‌رپرسه‌کان و که‌سایه‌تییه‌کانی وه‌کـو شێخ سـوله‌یمان، علـی موحه‌ممـه‌د صـدیق، سـه‌ید مـه‌لا عه‌بـدوڵڵاو ... هتدیـشیان، لـه کۆتـایی ۱۹۴۷ بـۆ شوێنانێکی تر برد.

له باکۆ، له‌ژێر چاودێری و فه‌رمانـدەیی ئه‌سعه‌د خۆشه‌وی ڕێکخرانه‌وه. له‌گـه‌ڵ یـونیفێرم و چه‌کی ڕووسی، ڕاهێنانی سه‌ربازییان هه‌بوو، به‌ڵام دوای ماوه‌یه‌ك ڕێنمـایی وه‌ستا. شـاید ڕه‌حیم سه‌یف قازی له باکۆ، جۆری تێڕوانینـی سـۆڤێت لـه‌باره‌ی بارزانییه‌کانـه‌وه گـۆڕی و بووه هۆی ئه‌وه‌ی تا ئه‌وان له ئۆزبه‌کستان و ناوچه‌کانی تر بڵاوبکه‌نه‌وه. به مردنی ستالین ئاهێکی تازه هاته‌وه به‌به‌ریاندا. له باکۆ، ژه‌نه‌راڵ ئاتاکیشی ئۆف، گه‌یشتنی بارزانییـه‌کانی به ئێمه ڕاگه‌یاند، به‌ڵام هێشتا شاراوه بوون و له لایه‌ن دامه‌زراوه‌کانی ڕێکخراوی ئه‌منیـه‌تی ڕووسیاوه پێشوازییان لێ کرا. "ڕێکخراوی ئه‌منیه‌تی ڕووسیا، هه‌روه‌ك کـه تایبه‌تمه‌نـده بـه هه‌موو ڕێکخراوه ئه‌منیه‌ته‌کان، له‌بیری ئه‌وه‌دا بوو که له بیر و ئامانجی کورده بارزانییـه‌کان بکۆڵێته‌وه، به‌تایبه‌ت ئه‌وه‌ی که قازی موحه‌ممه‌د له خولی یه‌کسالّه‌ی فه‌رمانڕه‌وایی کۆمه‌ڵه، هه‌میشه له لای کارمه‌نده‌کانی ده‌زگای ئه‌منیه‌تی ڕووسیا به خراپـی باسـی ئـه‌وانی ده‌کـرد. براکانی شێخ ئه‌حمه‌د، شێخ موحه‌ممه‌د و شێخ بابا بارزانی، له‌م کۆبوونه‌وه‌یه‌دا به ئاشکرا وتیان که قازی موحه‌ممه‌د له زستانی ساڵی ڕابردوودا شێخ ئه‌حمه‌دی له لای سـۆڤێتییه‌کان تۆمه‌تبار کردووه به بوونی په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ ئینگلیزه‌کان". پاشماوه‌کـانی کۆمـاری مهابـاد نه‌ك ته‌نها دڵخۆش نه‌بوون به کورده‌کانی بازرگان، به‌ڵکو ئه‌وان ڕقیشیان لێیـان ده‌بـووه‌وه". عه‌لی گه‌لاوێژی ئه‌فسه‌ری کورد، بووه میوانداری بارزانییه‌کان له باکۆ، به‌ڵام ڕۆژانه هـه‌واڵ و

گفتوگۆ و ڕەفتار و بیرکردنەوەی ئەوانی دەخستە خزمەت دەزگای ئەمنیەتی ڕووسیا، کە بە دڵی دەزگای ئەمنیەتی و حیزبی بەڵشەفیك نەبوو. ڕووسییەکانی لەبارەی ئەوانەوە ڕەشبین کردبوو". ئەڵبەتە ڕێکخراوی ئەمنیەتی بەردەوام بۆ کۆنترۆڵکردنی کوردەکان، لە نفوزی کوردەکان سوودی وەردەگرت.

چوار ئەفسەری سەربازیی پەیوەندیکردوو بە جوولانەوەی مهابادەوە، مستەفا خۆشناو و خەیروڵڵا عەبدولکەریم و موحەممەد قودسی و عیززەت عەبدولعەزیز، لەگەڵ بارزانییەکان گەڕانەوە بۆ عێراق. عێراق زۆر سووربوو لەسەر لەسێدارەدانی ئەوان و بە بەندکردنی هەتا هەتایی ڕازی نەدەبوو. هەرچەندە مەعروف چیاوك[١٩٦]، یەکێك لە نوێنەرەکانی پێشووی پەرلەمانی عێراق، زۆر هەوڵی دا تاکو بۆچوونی بەرپرسانی عێراق لەبارەی لەسێدارەدانی ئەو چوار ئەفسەرە کوردەوە بگۆڕێت، بەڵام هیچ سوودی نەبوو. تەنانەت هەندێ لە کەسایەتییە ناودارەکانی شارەکانی کوردستان، ڕۆیشتن بۆ بەغدا، تاکو ئەو ئەفسەرانە لەسێدارە نەدرێن.

ئەڵبەتە یەکێك لەوانە، بەکر خان، کە بە تەنهایی گەڕابووەوە و بە ئارامی گەڕابووەوە گوندەکەی خۆی. لەوەدەچێ پۆلیس ئەوەندە توانای نەبووبێت دەستگیری بکات، بۆیە دوای ماوەیەك دووبارە گەڕایەوە سەر کارەکەی خۆی. کاتێك کە هەواڵی لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرەکە لە شاری سلێمانی بڵاوبووەوە، خەڵکی شارەکان کەوتنە ژێر کاریگەری و کوردەکان سەنگەری دژایەتییان لە حکومەت گرت. تەنانەت شەوی ١٧ و ١٨ی حوزەیرانی ١٩٤٦، خۆپیشاندانیان کرد و داوای هەڵوەشاندنەوەی لەسێدارەدانی ئەو چوار ئەفسەرەیان دەکرد. سەرەنجام کۆمەڵێك لە خەڵکەکە وەك: ئیبراهیم ئەحمەد، عەلی حاجی شەریف و کەسێکی تر، لەگەڵ بەرپرسانی شاردا گفتوگۆیان کرد و ئەوانیش لە وەڵامدا ئەوەیان دەرخست کە توانای هەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕیارەیان نییە، تەنها دەتوانن بە تەلەفۆن بابەتەکە لەگەڵ سەرۆکەرشتیار عەبدولئیلا لە بەغدا، باس بکەن. سەرەنجام چوار ئەفسەرەکە لە حکومەتی صالح جەبردا و لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧، لەسێدارە دران.

هەوڵدەری کتێب

بەڵام ڕۆژی دواتر ئەفسەرەکان لەسێدارە دران و نزیکەکانی ئەوان ڕۆیشتن بۆ بەغدا تاکو تەرمەکان وەربگرنەوە. بە پێچەوانەوەی بۆچوونی حکومەتەوە، کۆمەڵێك لە خەڵکیش چووبە دەم ئۆتۆمبێلی هەڵگری جەنازەکانەوە و پێشوازییان لێکردن. لەکاتی ڕۆژئاوابوونێکی دڵگیردا، تەرمەکانیان برد بۆ مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ و بەپێی بانگەشەی حیزبەکان، دیموکراتی کوردستان و حیزبی ئازادیی نیشتمانی[۱۹۷]، لەگەڵ خەڵکیدا لە مەراسیمێکی تایبەتدا لە گۆڕستان بەخاکسپێردران. لەسێدارەدانی ئەو چوار ئەفسەرە و حوکمدانی ژمارەیەك ئەفسەری تر، کە هەر یەکێکیان بە ۱۰ ـ ۳۰ ساڵ بەندکردن سزادران، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر خەڵك دانا، کە بە پەیڕەوی کردن لە کوردستانی ئێران، لە کوردستانیش جوولانەوەی کوردی دەستی پێکرد. لەو ڕۆژە بەدواوە سیاسەت بەشێوەیەکی ئاشکرا لەناو خەڵکدا دەخرایەڕوو. لەڕاستیدا خەڵکی ئەوەندە لە سیاسەت وەك مانای ئەمڕۆی، ئاشنایییان نەبوو و تەنانەت مانای خۆپیشاندان و کردنە قەڵغانیان نەدەزانی. لەڕاستیدا خەڵکی لەگەڵ سیاسەت ئەوەندە ئاشنا نەبوون. بۆ نموونە دەمانبیست لە کۆیە شتێك هەیە بە ناوی حیزبەوە، یان فلانی کاری حیزبی و کاری سیاسی دەکات، تەنانەت مانای خۆپیشاندانمان نەدەزانی. ئەو کەسانەی کە حکومەت لەسێدارەی دەدان، بۆ ئێمە جۆرێك لە وانە وەرگرتن و فێرکردن بوو و شازایەتی ئەوانمان بە جۆرێك لە سەرمەشق دەزانی. بەڵام بە ڕووخانی کۆماری مهاباد، ئەم کەلێنە لە بابەتیبوون وەستاو ڕێکخستنەکانی ئیبراهیم ئەحمەد، گونجاوی خۆیان لەدەست دا. مهاباد کە ڕووبەڕووی شکست بووەوە و بارزانی چوو بۆ ڕووسیا، ئەم کارە کاریگەری مەعنەویی لەسەر بیروبۆچوونی گشتیی خەڵك دانا، کە بە خەیاڵی خۆشی خۆیان دەیانوت ڕووسیا پشتیوانی کوردە و ئینگلیز لە دژی کوردە. جۆرێك لە ڕەوەند و بیرکردنەوەی چەپ لە دیدی ئێمەدا دروست بوو و لەگەڵ ئەو هەڵهاتنەشدا نرخی چەپ زیاتر بووبوو. ئەوەندە چیرۆکی حەماسی لەنێو خەڵکی نەخوێندەواردا باس کرابوو، لە ئەنجامدا بوو بە چالاکیی حیزبی. لە کرێکارێك تا منداڵێکی ۱۰ ـ ۱۱ ساڵان، هەموو لایەنگری حیزب بوون.

لەڕاستیدا لە دوای ڕووخانی کۆماری مهابادەوە، ئیبراهیم ئەحمەد پەیوەندیی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراقەوە کرد و لە پێشبڕکێیەك و ململانێیەکی دەسەڵاتدا، حەمزە

عەبدوڵڵای لادا و وەک سکرتێری گشتیی نوێی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٥١ هەڵبژێردرا. حیزبی دیموکراتی کوردستان لەژێر چاودێریی ئیبراهیم ئەحمەد، ڕوویکردە چەپ و نەیتوانی پشتیوانی لە نێو وەرزێرەکان و سەرۆک عەشیرەتە پارێزکارەکانی کوردا بەدەست بهێنێت. باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، دوای بەدەستهێنانی بەڵگەنامە و پەیڕەوی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بۆی دەرکەوت کە ئەم حیزبە بوونێتییەکی ڕێکخراو کراوە لەگەڵ نفوزی زۆر کۆمۆنیستەکاندایە. لەم ڕووەوە، ئەمریکا لەبارەی دەرکەوتنی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، گەشبین نەبوو. پەرلەمانی عێراق و حکومەت هەمیشە کوردیان لە کەرکووک ڕاوناوە و کوردەکانیش هەمیشە لە پەرلەمان نوێنەریان لە تورکەکان زۆرتر بووە. تورکەکان ئیدیعای گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنانە دەکەن و هەڕەشەیان لە کوردەکان دەکرد.[١٩٨]

***

زۆربەی هاوڕێ هاوتەمەنەکان و نزیکەکانی ملا جەلال، لەبیریانە کە ئەویش وەک ئەوان سەردەمی منداڵیی بە یاری و هاروهاجی دەستپێکردووە. ئەویان بە زیتەڵ و فێڵباز وەسف دەکرد کە لە دیواری ساف دەچووە سەرەوە. لەناو هاوڕێکانیدا هەندێ جار نازناوی (ئاگر)ی وەردەگرت. تەقریبەن ئەو کاتە، ساڵی ١٩٣٩، لە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی جیهانی دووەمدا بوو. زۆربەی ڕیوایەتەکانی ئەم بەشە، پیاهەڵدان و ڕێزلێگرتنی هاوڕێ نزیکەکان و مامۆستاکانی ئەو، لەو ڕۆژانەدا دەبێت، کە باسیان لە جوواڵە، زیهن و ڕەفتاری تازەپێگەیشتووی ئەو کردووە. ساڵی خوێندنی ١٩٤٢_ ١٩٤٣، لە سەرەتای چوونە ناو قوتابخانە، چووە پۆلی دوو و هیچ کاتێک پۆلی یەکی نەخوێند و بەم هۆیەوە لە هەندێ لە هاوپۆلەکانی، لە ڕووی تەمەنەوە، گەورەتر دەکەوتە بەرچاو. لە قوتابخانەی یەکەمدا[١٩٩] قوتابییەکی وانەخوێن، زرنگ و قوتابیی نایابی پۆل بووە. لەو هەمان پۆلی دووەدا، بوێری و ئازایەتیی ڕوونکردنەوە لەودا دەبینرا، بەشێوەیەک کە لە کاتی پۆلی بەیانیاندا، هەمیشە حەزی دەکرد پۆلی یەکەم ببینێت و بەجۆرێک ببێتە جێگەی سەرنجی قوتابیان. هەندێ جار پێش ئەوەی بچێتە ناو پۆلەوە، شیعری دەخوێندەوە: وەرە بەرەو

کوردستان، گەر شوێنی گەڕانیشت دەوێ و.... لە مامۆستاکانی ئەو، دەتوانین ئاماژە بە صابر ئیسماعیل، کەمال جەمیل، عەبدولمەجید نورەدین، بکەین.

"لە بیرکاریدا جارێکیان نازر هاتبوو یاسین عەبدولکەریم- مامۆستایەك بە ناوی سابیر ئیسماعیل لە پۆلی ۳دا مامۆستامان بوو و دەرسی دەدا، و نازر سەیری بەرەنگاربوونەوەی ئەو و مام جەلالی دەکرد. کاتیك لە قوتابخانە دەهاتینە دەرەوە، جەلال شیعری حەماسیی کوردیی بە ناوەڕۆکی میژوویی و سیاسی و ئازادیخوازیی و نیشتمانپەروەریی، بە لەبەر دەوت". لە کۆتاییەکانی ۳۰دا، هەندێ لە مامۆستاکان کە خەڵکی سلێمانی بوون، وەك: سالح قەفتان، عەزیز ئەفەندی(قامیشی)، عەلی ئاغا، ڕەمزی ئەفەندی و ... کە بیری نەتەوەیی کوردییان هەبوو و قوتابییەکانیان فێری شیعر دەکرد بە ناوەڕۆکی حەماسی و ئینقلابی، تا هەموو ڕۆژێك لە قوتابخانە، سرودەکانی " ئەی کوردینە، با دەست لەنێو دەست کەین هەموو" و " ئەی وەتەن مەفتونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە "و... سروودی دیکەی شۆڕشگێڕانە بڵێنەوە. هەمیشە لە قوتابخانە مامۆستاکان شیعری حاجی قادری کۆیی و فایەق بێکەس و عەونی و دڵداریان دەخوێندەوە. عەسرەکانیش لەگەڵ منداڵەکانی گەڕەك، لە کۆڵان و حەوشەی تەکیەدا یاریی دەکرد. ئەڵبەتە زۆربەی یارییەکانی ئێمەی بەدڵ بوو. " لەو کاتەدا، وریا و چابووك بوو و بوێرییەکی سەیری هەبوو. منداڵێکی جوانکیلە و زۆر خۆشەویست بوو. منداڵێکی خوێنتاڵ نەبوو و هەموو خۆشیاندەویست، خەڵکیش زۆر ڕێزیان لە بنەماڵەکەی دەگرت". تەکیەی تاڵەبانی زۆر هاتوچۆی تێدا دەکرا. گەرچی لەو ڕۆژانەدا لە شاری کۆیە، تەکیەی شێخ نەجمەدین لە گەڕەکی بایزخان و تەکیەی تاڵەبانی، بوونی هەبوو. لە کۆیە خەڵکی هەژاری زۆری لێ بوو و سفرەی تەکیەش هەمشە ڕادەخرا. لەو کاتەدا کۆیە ۴ گەڕەك بوو و ژمارەی دانیشتووانیشی لەو کاتەدا نزیکەی ۵۰۰۰ کەس دەبوو.

زۆربەی مامۆستاکانمان وەك: مەجید شێخ نووری و موحەممەد ئەمین مەعروف و جەلال موحەممەد، کە لایەنگر یان ئەندامی پارتی بوون، لە بازنەی بیروباوەڕی جەلالدا زۆر کاریگەر بوون. بۆ نموونە یەکێك لە مامۆستاکان کە ناوی ئەمین مەعروف بوو، لە دەرەوەی

قوتابخانە وەکوو کوڕی خۆی لەگەڵ مام جەلالدا دەجووڵاوە و دەیبرد بۆ پیاسە و باسی بابەتی سیاسیی و باری کۆمەڵایەتیی کوردی بۆ دەکرد. کە بە ڕاستی یەکێك لە مامۆستا کاریگەرەکانی ئەو بوو. دواتر ئەم باوەڕ گشتییەش بوونی هەبوو کە حیزبی پارتی لەبەر زیرەکیی مام جەلال، ئەویان دیاریکردبوو کە لەسەر گەنجێکی بەتوانای وەکوو جەلال کار بکات، تاکو ئەم لێهاتوویییە گەشە بکات.

مام جەلال زۆر شت لە عومەر دەبابە فێر بوو. هەندێ جار عومەر دەبابە کاتێك لە چایخانە قسەی بۆ خەڵك دەکرد، دەیبینی کە منداڵێکی بچووك لە پشتی پەنجەرەکەوە سەرەتاتکێ دەکات و بە خۆشەویستییەوە گوێ لە قسەکانی دەبابە دەگرێت. تاکو ئەوەی ڕۆژێك بانگی دەکات و کتێبێکی بە ئەمانەت پێ دەدات، بەڵام ڕۆژی دواتر جەلال کە کتێبەکەی بەخێرایی خوێندبووەوە، دەیگەڕێنێتەوە بۆی. لەوێدا بوو کە دەبابە زۆر هۆگر بوو بە توانای جەلال. "لەو کاتەی مام جەلال خوێنکاری سەرەتایی بوو، جەلال حەوێز، بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی بوو. هەرچەندە ئەو بە لایەنگری حکومەت ناسرابوو، بەڵام لە ژووڕەکەیدا مامۆستای وەکوو کەمال عەبدولقادر و جەلال موحەممەد و تاهیر ئەفەندیی(سەعید) دادەنیشتن، هەنێ جار جەلالیشیان بانگ دەکرد و بە قسەکانیان، زەمینەسازییان بۆ پێگەیاندنی ئەو دەکرد. بە واتایەکی تر، ئاگادارییان لێ دەکرد. عەلی عەبدوڵڵاش کەسێك بوو کە زوو ئەو تواناییەی دۆزییەوە. ئەڵبەت بەڕێوەبەری قوتابخانە دەیزانی کە کارێك دژی حکومەت لە قوتابخانەدا دەکرێ، بەڵام خۆی لێ کەڕ کردبوو. منیش وەکوو مامۆستا پێشووەکەی هۆگری ئەو بووم و بە ناوێکی بەرز بانگم دەکرد و ئەویش منی بە مامۆستا بانگ دەکرد". بەڕاستی خوێندکار و مرۆڤێکی تێکۆشەر و چالاك و کۆڵنەدەر و ماندوونەناس و زۆر گەشبین بوو و لە ڕێگەی بزاڤی کوردیی و پێشکەوتنەکانی و... بەردەوام بوو، تەنانەت هەندێ لە بیرەکانی مامۆستاکانی شوێنگیریی دەکرد و لە مێشکی خۆیدا پەرەی پێ دەدا و بەردەوام پرسیاری دەکرد. لەڕاستیدا ستراتژی بەرژەوەندیی کورد لە مێشکی ئەودا هەڵکەندرابوو. هەوڵی دەدا ئاواتەکانی بەدی بێت. ئەگەرچی لە قسەکردندا بەپەلە بوو و زۆر جار لە بڕیاردانداً زۆر زوو کاردانەوەی دەبوو، بەڵام ئەگەر تێبگەییشتایە کە هەڵەیە، زۆر بە وردی هەڵەکەی ڕاستەکردەوە.

له بەغدایش ڕۆشنبیرانی وەکوو: ئەمین زەکی بەگ و مەعروف چیاوگ، شتی کوردییان دەگوت و لەبارەی ڕەواجدان بە فەرهەنگ و ناسنامەی کوردییەوە، چالاکییان دەکرد.

لەو کاتە لە کوردستان و شوێنێکی وەک کۆیە، توانای بڵاوکردنەوە بوونی نەبوو، تەنها هەر ئەم هەست و دەمارگیرییە کوردی و ناسیۆنالیستییە بوونی هەبوو، بەڵام لاواز بوو. لە ساڵی ۱۹۴۶ بەدواوە، لە کۆماری مهاباد و ڕۆیشتنی بارزانی، ئەم هەستە ناسیۆنالیستییە کوردییە گەشەی سەندبوو. قوتابییانی ئەو سەردەمە ئەگەرچی تەمەنیان کەم بوو، بەڵام هەموویان بەپێی ئەو کاریگەرییەی کە قوتابخانە هەیبوو، هەروەها بیری مامۆستاکان و قسەی گەورەکانی خانەوادە، بەبێ ویستی خۆیان، هەستی کوردپەروەرییان هەبوو.

" لە قوتابخانە بە شێلم و سێوەک و مرەکەب، گۆڤاری دیواریی " دەنگی قوتابی" مان بڵاوکردەوە و زۆر دڵخۆش بووین. مام جەلال بەرپرسی ئەم کارە بوو و هەر بە خێرایی لەناو هاوڕێیاندا ناوبانگی دەرکرد". "جارێکیان لە قوتابخانە من بووم بە دووەم و دینارێک خەڵاتیان دامێ. پێم سەیر بوو بۆ بە من خەڵات دەدەن، چونکە بە شێوەی ئاسایی خەڵات بە خوێندکاری یەکەم دەدەن، بەڵام دوایی تێگەییشتم کە جەلال یەکەم بووە و چونکە لە ڕووی دارایییەوە وەزعی باش بوو، حەزی کردبوو کە خەڵاتەکە بدرێت بە من کە هەژار بووم. ئەم د لێپاکییەی ئەو لەناو ئێمەدا، ناوبانگی هەبوو". بارودۆخی دارایی و ماددیی خانەوادەی تاڵەبانی، لە ئاستێکی باڵا و بەرزتر لە ناوەندی بوو". لەو ڕۆژانەدا لە شاری کۆیە دوو حیزبی پارتی و کۆمۆنیست، چالاک بوون. هەرچەندە کە هەندێ لە کەسایەتییە دەوڵەمەندەکان بەرەو پارتی ڕۆیشتن و ئەوانی تر کۆمۆنیست بوون، بەم هۆیەوە لە کۆیە کۆمۆنیستەکان ئامادەییەکی هەستپێکراویان هەبوو. بەشێوەیەک کە ڕژێمی ئەو کاتەی عێراق، کۆیەی بە گەرەکێک لە مۆسکۆ دەزانی و دادەنا. کۆمۆنیستەکان تەنانەت هەوڵیان دەدا کە لە ڕێگەی گفتوگۆوە قوتابیانی قوتابخانە ئاینییەکان بەرەو خۆیان ڕابکێشن، تاکو کاریگەرییان لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە مەلاکان و قوتابییەکانی ئەو ناوچەیە هەبێت. بەڵام کە خۆپیشاندان دەبوو، لایەنگرانی پارتی و کۆمۆنیستەکان بە یەکەوە بەشداربیان دەکرد.

مام جلال لە سەردەمی سەرەتاییدا، واتە سالانی ١٩٤٣ تا ١٩٤٥، باش گوێی لە مامۆستا دەگرت، بەڵام لە دەرەوەی قوتابخانە، زۆر لەگەڵ دەرس و خوێندندا نەبوو، تەنیا شتێکی دەخوێندەوە کە لە دەرسی قوتابخانەدا نەبوو، بەم هۆیەوە زانیارییەکی گشتیی فراوانی هەبوو. لەڕاستیدا ڕەنگە مام جەلال لە ڕووی بیروباوەڕ و لە ڕووی جەستەوە، زوو گەشەی کردبێت، بۆیە کردەوەی لە گەورەکان دەچوو. هەمیشە هاوڕێ هاوڕێیەکانی وا بیریان دەکردەوە کە تەمەنی لە ئەوان زۆرترە. جارێکیان مامۆستایەک، بە ناوی کەمال جەمیل، دارێکی بەدەستەوە بوو و لە خوێندکارەکانی دەدا، کوتوپڕ مام جەلال دەستی گرتەوە و گوتی: مامۆستا دەزانی ئەم دارە بۆ کێیە؟ بۆ چوار پێ! مامۆستاش لە پڕ ناوچاوانی ئاڕەقی کردەوە و بە شەرمەوە ڕۆیشت. از این که‌یك نیم وجبی به‌او تژکر اخلاقی داده‌بود، بد خلق شده‌بود. " لە قوتابخانەدا دەمدی و وەکوو پیاوە بەتەمەنەکان دەجوولایەوە. ئەگەر باوکی یەکێك لە منداڵەکان بمردایە، لە کۆڕی ماتەمیندا پێش هەمووی دەکەوت و وەکوو پیاوێکی ٤٠-٥٠ ساڵە هەڵسوکەوتی دەکرد. ئەو بووبووە نموونەیەك بۆ هەموو منداڵان. بە ڕادەیەك چالاك و بزێو بوو کە لە نێوان قوتابیاندا ناوبانگی بە بلیمەتی دەرکردبوو. بەیانیان لە قوتابخانە لەگەڵ وریا عەلی، سروود یان شێعری نیشتمانییان دەوت".

" نزیکەی ٩-١٠ ساڵ تەمەنمان بوو کە وتەکانی باوکمان کاری تێکردبووین. هەندێ لە کوڕی خانەکان، جۆرێك لە هەستی دڵسۆزی و هاوەردییان بەرانبەر چینی هەژار و لێقەوماوی کومەڵگا هەبوو. لەو سەردەمەدا زۆربەی خەڵك حەزیان دەکرد کوڕەکانیان بچنە کۆلێژی داد، ببنە پارێزەر یان داواکاری گشتی، یان لە فەرمانگە حوکمییەکاندا دابمەزرێن. بەڵام ئاغاکان حەزیان دەکرد کوڕەکانیان دەرسی حقوق بخوێنن، بۆ ئەوەی دائیرەی حکومەت لە دەستیاندا بێ. بە وتەی خۆیان، داری حکومەتیان بەدەستەوە بێت. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، ئامازەی ئەوەبوو کە سیستەمی دەرەبەگایەتی لە کوردستان بوونی هەبوو".

دەوڵەتی عێراق تازە دامەزرابوو و لە نێوان گوندەکاندا عەشیرەتەکان دەسەڵاتی ئەوتۆیان نەبوو. پۆلیس سەیارە و ئامێری هاتوچۆی نەبوو و جاروبار بە سواری وڵاخ سەردانی گوندەکانیان دەکرد. لە گوندەکاندا شوێنەواری حکومەتی ناوەندی دیارنەبوو،

لەڕاستیدا ئاغاکان نوێنەری حکومەت بوون. کاتێک حکومەت دەچوو بۆ سەربازگیریی، ئاغاکان بۆ دەرخستنی هەستی سۆز یاخود دڵسۆزی لەگەڵ ژێردەستدا و لەوانەیە بۆ لەدەستنەدانی هێزی کاری لاوانیش، گەنجەکانیان دەشاردەوە و جاری وا هەبوو بە هێلکەیەک یان مریشکیک، گیروگرفتیان چارەسەر دەکرد. بەرپرسەکەی حکومەت پازی دەبوو و بە دەستتێوەردانی خان، بابەتەکە بەخێر کۆتایی دەهات و بەڕاستی حکومەتێکی ناوچەیی لەناو حکومەتی ناوەندا هەبوو.

لەو ڕۆژانەدا، خەڵک پابەندی ئایین بوون و لە کاری ئایینیدا درۆ و دەلەسە و دین فرۆشتن نەبوو. مەلای مزگەوتیش لە میحراب و مینبەر، قسەی خۆی دەکرد و خەڵکیش وەکوو ئەرکێک تاعەتی خۆیان دەکرد و نوێژ و ڕۆژوویان دەگرت. ئیتر کەس نەدەبووە بریکار و سەرپەرشتیاری ئایین و مەزهەبی ئەوی تر. دوکانداری ئایینیش بوونی نەبوو، تەنها لە گوندەکانی کوردستاندا، جاروبار ژاندارمێکی نەخوێندەوار و کۆلکە مەلایەکی هەلپەڕەست هەبوون، کە سەرنجی خەڵکیان بۆ خۆیان ڕادەکێشا و لەوانەیە لە بیری خەڵکیشدا کاریگەرییان بەجێهێشتبێ، چونکە خەڵک بە ئاسانی قسە و وتەکانیان دەبیستن. کەسی دیکە دەمڕاستی خەڵکی ئاسایی نەبوو. تاهیر تۆفیق، کە دواتر بوو بە یەکێک لە هەڵکەوتووانی بەناوبانگی مەیدانی هونەر و گۆرانیی کوردی، یەکێک بوو لە قوتابییە یەکەمەکانی قوتابخانە. ئەڵبەت لە جیلی مام جەلال و ئەوانی تر گەورەتر بوو. هەندێک لە ڕۆشنبیرەکان و گەنجانی کۆیە، عەسران لە باخەکانی دەوروبەری کۆیە دەیانخواردەوە و تاهیر تۆفیقیش لە پاڵ زرەی پیاڵەدا گۆرانیی بۆ دەوتن. ئەوانیش ئەوندەی تر بە جامی مەی، لە دامێنی سروشتی تازەی کوردستاندا، سەرخۆش دەبوون. بەسالاچووانی ئایینی و موسڵمانەکان پێیان دەگوتن (ئارەقخۆرەکان)، خەڵکی دیکەیش پێیان دەگوتن (منەوەرەکان) واتە ڕۆشنبیران، دەستەیەکیش هیچیان نەدەگوت و تەنیا سەیریان دەکرد. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مام جەلال ئەوە بوو کە لەگەڵ خواردنەوە و ڕابواردن و شتی ناشەخلاقیدا نەبوو و نەیدەویست تواناکانی لەم ڕێگەدا بەفیڕۆ بدات. زۆر گرنگیی بە ئەدەب و ئەخلاق دەدا، لەو ڕووەوە لەنێو بەناوبانگ بوو. لەڕاستیدا وەکو سۆفییەک لاوێتیی تێپەڕاند و هەر خۆشی و شادییەکی بە عەیب و عار دەزانی.

مام جەلال لە سەردەمی منداڵیدا زۆر سەرکێش و بزێو بوو. هەر لە پۆلی پێنجی سەرەتاییەوە هۆگری سیاسەت و هەواڵی سیاسی بوو. ڕەنگە لەبەر بوونی ڕۆحیەتێکی سەرچڵ و ئازایەتییەکەی بووبێت کە لەناو هاوتەمەنەکانیدا ناوبانگی دەرکردبوو. لەو سەردەمەدا (عەونی یوسف) لە کۆیە بوو، لە کوردە سیاسەت پیشەکان بوو، لەگەڵ بنەماڵەی مام جەلال هاتوچۆی هەبوو. زۆر جار مام جەلال هەر لە کرێکارەوە تا مامۆستای قوتابخانەی بانگهێشت دەکرد بۆ ماڵەوە، یان تەکیەی شێخ حیسامەدین و لەگەڵیان دەدوا. زۆر جار دایک و باوکی مام جەلال ئامۆژگارییان دەکرد و پێیان دەگوت: ڕۆڵە تۆ بۆ دوای سیاسەت دەکەوی؟! ئێمە شێخین و مارّ و مولّکێکمان هەیە، ئەم قسانەی تۆ، سەرئەنجام دەبێتە گرفت و دەردەسەری بۆ ئێمە. بەڵام مام جەلال سەرخۆش لە تێکۆشانی خۆی بوو و پەکی بۆ ئەو قسانە نەدەکەوت، چونکە لە پاڵ جوێنفرۆشی و سەرزەنشتکردنی دڵنەرمانەی دایک یا باوکدا، ڕووبەڕووی هەڵنانە دڵسۆزانەکانی براکەی، شێخ جەنگی، دەبووەوە. " تەنیا من ماندەری ئەو بووم، کە گوێڕایەڵی کەس نەبێ و لە کەس نەترسێ و لەسەر قسەی خۆی بێ. وای لێ هات کە باوکیشم لایەنگری پێداگریی جەلال بوو و دووعای خێری بۆ دەکرد".

جارێکیان سەعید قەزازی وەزیری ناوخۆ، سەردانی قەتابخانەی (مدرسة الاولي)ی کرد. ئێمە لە قوتابخانەی سەرەتایی و لە پۆلی چواردا بووین. قەزاز کتوپڕ پۆلەوە و پرسیاری لە مامۆستا کرد: دەرسەکەی ئەمڕۆتان چییە؟ مامۆستا لە وەڵامدا گوتی: باسی تراموام دەکرد.

قەزاز ڕووی لە خوێندکارەکان کرد و گوتی: کێ دەتوانێ لەو بارەوە قسە بکات؟ لەپڕ بەر لە هەموو کەسێک، مام جەلال دەستی بەرزکردەوە و گوتی: من! من! و دەستی کرد بە شیکردنەوەی ئەو شتە. بڕوا بکەن ئەگەر باشتر لە مامۆستا و پەرتووکەکە ئەو شتەی ڕوونەکردبێتەوە، خراپتریش نەبوو. قەزاز سەرێکی ڕاوەشاند و گوتی: ئەو سەگبابە کە ئەو شتەی دروستکردووە، ڕەنگە نەتوانێ وەکوو تۆ ڕوونی بکاتەوە! پاشان لە مامۆستاکەی پرسی ئەمە کوڕی کێیە؟ لەسەر داخوازیی ئەو، ناردیان بە شوێن شێخی حیسامەدیندا و پێیان گوت کە بانگهێشتی قوتابخانەکراوە. وایدەزانی کە جەلال لە قوتابخانە فەوزایەکی خولقاندووە. بەڵام کە هات و ڕووبەڕووی قەزازی دی، ئۆقرەی گرت. قەزاز بە شێخ

حیسامەدینی گوت: نەکەی کەمتەرخەمی بکەیت لە پەروەردەکردنی ئەم کوڕەدا، ئەمە داهاتوویەکی پووناکی دەبێ!

ئەڵبەتە لە ساڵەکانی ۱۹۴۲_ ۱۹۴۳، هەندێ جار مام جەلال لە چایخانەی کۆیە لەژێر درەختێکی هەڵوژەدا دادەنیشت و قسەی لەبارەی سیاسەتەوە بۆ خەڵکی دەکرد. تەنانەت کاتێك قەزاز هات بۆ کۆیە، لە هەمان چایخانە کە لەوانەیە پێشخانی سیاسیی فیکری لاوان بووبێت، دانیشت و خەڵکی شار بۆ بینینی ڕۆیشتن بۆ ئەوێ، بەڵام مام جەلال نەڕۆیشت و تەنانەت نەیهێشت هاوتەمەنەکانیشی بڕۆن بۆ ئەوێ، چونکە باوەڕی وابوو کە حاکم و دەسەڵاتدارانی ڕژێمی دیکتاتۆری، دواکەوتوو، دۆگماتیزم و کۆنەپەرستن. لە ڕۆژانی کۆماری مهاباددا، هەندێ جار لە شەوەکاندا، پیرەکانی شار لە ماڵەکانیاندا لەگەڵ یەك کۆدەبوونەوە و پارەیان بۆ هاوکاریکردن بۆ درێژەپێدانی بزووتنەوەکە کۆدەکردەوە، تا لەگەڵ پشتیوانی و کۆمەکی خەڵکانی تر، بینێرن بۆ مهاباد. خەڵکیش خواردەمەنی و جلوبەرگیان دەنارد بۆ کۆماری مهاباد، بەو هیوایەی ڕۆژێك کوردەکانی عێراقیش بچنە ڕیزی ئەو کۆمارەوە.

هەوالنامەی کێشبڕ

لەو شەوانەدا، هاو تەمەنەکانی مام جەلال، چرایەکی فانۆسیان بە دەستەوە دەگرت و پێش باوکیان دەکەوتن و دەچوون بۆ کۆبوونەوەی شار. گەلێ جار شەوانە بەسالاچووانی شار لە ماڵەکاندا کۆدەبوونەوە و پارەیان کۆدەکردەوە بۆ یارمەتیدانی کۆماری مهاباد. کۆبوونەوەی شاریش بەدوور لە چاودێریی هێزە ئەمنییەکان و حکومەت، پڕ بوو لە پیاوانی ناودار، ئاغا و بازرگان. عومەری حاجی مستەفا، بازرگانی بەناوبانگی شار بوو، پارە و کۆمەکییەکان لە ڕێگەی ئەوەوە دەنێردران بۆ مهاباد. جۆرێك بیری نەتەوەپەرەستیی بەهێز لەناو خەڵکی شاردا هەبوو، بەڵام کۆمۆنیستەکان، دەیانگوت پارتی حیزبی لایەنگری بۆرژوازی و دژی چینی کرێکارە. ئێمە ئاگامان لە مستەفا بارزانی نەبوو.[۲۰۰]" کاتێك ڕووسییەکان هاتنە مهاباد، کاروانی بازرگانی لە نێوان مهاباد و کۆیە بە گەرمی بەردەوام بوو. کۆیە نزیکەی ۸ هەزار و مهابادیش ۵ هەزار کەس، دانیشتووانیان هەبوو. موحەممەد تۆفیق وردی و نووری ئەحمەد تەها، سەردانی بارزانییان دەکرد. لەو کاتەدا دەستە دەستە خەڵك لە کوردستانی عێراقەوە دەچوون بۆ کوردستانی ئێران، کە لە خزمەتی کۆماری

مهاباددا بن، بەتایبەت پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان. قەلادزێ پەیوەندیی ڕۆژانەی لەگەڵ حکومەتی کوردیی مهاباددا هەبوو، بە جۆرێک کە قەلادزێمان بە بەشی مهاباد دەزانی. عەبدولڕەحمان قاسملوو کە ڕۆژنامەی کوردستانی بڵاودەکردەوە، هەموو جارێک بۆی دەناردین و ئێمەش دەمانفرۆشت. خۆیشی جارجار دەهاتە ئێرە و بە یارمەتیی ئێمە دەگەڕایەوە بۆ مهاباد

"ئەڵبەتە سنووردەکان کراوە بوون و بە ٥٠ فلس ئەفسەرەکانی سەرسنوور ڕازی دەبوون و بە ئاسانی هاتوچۆ دەکرا. زۆر جار لە ئێرانەوە مەوادی خۆراکی و شتومەک دەهاتە کوردستانی عێراق. هەمیشە ئەم کڕین و فرۆشتنە بەردەوامیی هەبووە و لەو سەردەمەدا (گۆران و هەردی)ی شاعیرانی بەناوبانگی کورد، لە سلێمانی دەژیان. ئیبراهیم ئەحمەدیش بەپێی تواناکانی، کەمی دەنووسی. ئەدیبێکی ناودار، بەڵام کەمنووس بوو. لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە کۆبەوەک ناوەندێکی ڕۆشنبیری، لەگەڵ مهاباددا پەیوەندییەکی سیاسی و کولتووریی تایبەتی هەبوو. یەکێک لە ئەفسەرە سەربازییەکان بەناوی عومەر حاجی مستەفا، هاتوچۆی مهابادی دەکرد، کە کەسێکی زۆر دەمارگیر بوو و بیری ناسیۆنالیزمیی کوردیی هەبوو. هەندێ جار لە ماڵەکەی ئەودا ڕۆژنامەی کوردستان هەڵدەگیرا و پاشان بەشێوەی نهێنی لەناو خەڵکدا دابەش دەکرا. هەر یەکێک لە لاوەکانیش هەوڵی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییان هەبوو.

مام جەلال لە پۆلی پێنجی سەرەتاییدا بوو کە کۆماری مهاباد دروستکرا. دەتوانین دانی پێدابنێین کە شێوازی بیرکردنەوەی سیاسیی ئەو بە کردەوە، لە ساڵی ١٩٤٥دا دروستبووە. لە نێوان قوتابییەکاندا باسی ڕاپەڕینی کوردستان و بارزانییەکان و قازی موحەممەدمان دەکرد و دەمانگوت کەی کوردستانی عێراقیش وەکوو مهاباد ڕادەپەڕێ و ئایا ڕۆژێکی وا دێت کە ئێمەی کوردی عێراقی شتێکی وا بکەین؟ کوردستان شتێکی وەک کۆماری مهاباد دروستبکات و کۆمارێکی دیموکرات پێکبهێنێ؟ تەنانەت هەندێکمان وا بیرمان دەکردەوە کە هۆشیاریی سیاسیی گەلی عێراق ببێتە هۆی شتێکی ئەوتۆ، کە هەستین و کۆمارێکی وەک مهاباد دروستبکەین. لەو کاتەدا مام جەلال، لاوێکی خوێنگەرم

بوو و به کەفوکولّەوه دەدوا. ئەو قسه گەورانەی که دەیکرد، هەر بیسەرێکی دەخسته ژێر کاریگەرییەوه، چ بگات به هاوتەمەنەکانی خۆی. زۆر کەس دەپەرینه ناوەڕاستی وتەکانی و دەیانگوت: ئەمه هەڵەیەکی گەورەیه و هەر ئێستا دەبێ دەستپێبکەین. ئێمه دەتوانین کۆماری دیموکرات دروستبکەین و چالاکیی خۆمان دەستپێبکەین. ئەڵبەت ئەو له ئێمه گەنجتر بوو، بەڵام له باری ئاوەز و هۆشەوه له ئێمه گەورەتر بوو. شێوازی بیرکردنەوەی ئەو زۆرتر له تەمەنی بوو و ڕووانگەکانی، بەرانبەر بارودۆخ پێشکەوتووتر بوو.

یەکێك له مامۆستاکانی ئەو دەڵێت: ڕاستی ئەوەیه که جەلال زۆر زیرەك و زانا بوو و به هۆی (ماموتك)ەوه که ئەفسانەی زانایی و هۆشیاریی بوو، پێیان دەگوت (مام). لەنێو منداڵەکاندا زۆریش بزێو بوو و تووڕەیی و پەلەپەلیشی هەبوو، له پڕ هەموو شتێکی دەشڵەژاند. بەڵام بەهەرحاڵ، پەیوەندیمان باش بوو، لەوانەیه لەبەر ئەو هاوڕێیەتی و نزیکییه، ناوەکەی (مام) بووبێ، چونکه قسه و مەرام و بیر و زیهنی لەگەڵ تەمەنەکەیدا نەدەگونجا و ڕێك و هاوچەشن نەبوو و قسەی گەورەتر له قەد و باڵای خۆیی دەکرد. له پۆلدا هەمیشه شاگردی یەکەم بوو. وانەکانی باش لەبەر دەکرد و له هاوپۆلەکانی سەروملێك باڵاتر بوو. کاریگەریی لەسەر قوتابییەکانی پۆلی ۱ تا ۵ ی قوتابخانەکه هەبوو. هاوپۆلییەکانی دوو بەرە بوون، دەستەیەك ڕکەبەری و دژایەتییان لەگەڵ دەکرد، دەستەیەکیش هاوڕێی بوون و جاری وا هەبوو دەهاتن و سکاڵایان له دەستەی یەکەم دەکرد. مامۆستاکانیش بەرەوڕوودەبوونەوه لەگەڵ دەستەی یەکەم.

ئەڵبەت لەو سەردەمەدا جاری وا هەبوو مامۆستاکان له پاڵ عەرەبی یان به جێگەی عەرەبی، به زمانی کوردی وانەیان دەوتەوه. له هەولێر مامۆستای وا هەبوون که به زمانی تورکی دەرسیان دەوتەوه، بەڵام ئەو مامۆستایانه که له ڕەواندز و شەقڵاوه و کۆیه و...ەوه هاتبوون — وەکوو کوردەکانی دزەیی — بوونه هۆی ئەوەی که باوەڕ به ناسنامەی کوردیی بهێز ببێ. ساڵەکانی دەیەی ۳۰ و ۴۰، زۆربەی خەڵکی کوردستان هەژار بوون و توانایان نەبوو و چالاکیی بڵاوکرنەوەی حیزبیش بەشێوەیەکی ئاشکرا نەبوو، ئەگینا حکومەت نەیدەهێشت و ڕێگەی نەدەدا. فاتیح ڕەسول یەکێك بوو له دۆستەکانی مام

جەلال، لەگەڵ ئەودا پێشبڕکێی کتێبخوێندنەوەی هەبوو. " لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٥دا، هەر کتێبێکم بدیبایە و دەستم بکەوتایە، دەمدا بە مام جەلال کە بیخوێنێتەوە. بەردەوام باسی کۆمۆنیستەکانم بۆ دەکرد و ئەویش مناقەشەی منی دەکرد. ئەگەر ئەمڕۆ دوو کتێبم پێ بدایە، بۆ بەیانی دەیهێنانەوە. هەر ئەو شەوە دەیخوێندەوە و تەنانەت چەند بەشێکی لەبەر بۆ دەگوتمەوە. دوو برادەری خوێندکارمان لە بەغدا هەبوو. هاوینان بە دوو جانتا کتێبەوە دەهاتن و ئێمەش وەکوو خۆرە دەکەوتینە گیانیان. هیچ شەوێك نەدەخەوت تا کتێبێکی نەخوێندایەتەوە و لە کتێبخانەکەیدا هەموو جۆرە پەرتووك و ناو و ناوونیشان دەدۆزرانەوە، لە مارکسیزمەوە بگرە تا فەلسەفەی یۆنان و ڕۆم و پەرتووکی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی. بە گشتی مرۆڤێك بوو کە شتی جۆراوجۆری پێ خۆش بوو، بە خێرایی هەستی دەردەبڕی، دەچووە ناو قوڵایی بیرەوە، بەردەوام گۆڕانکاریی بەدیدەهێنا و بەرەبەرە وردەی ڕەخنەگرتن لە دەروونی ئەودا زاڵدەبوو".

فاتیح ڕەسول دەڵێت: " دەیانگوت لە مۆسکۆ کۆمۆنیستەکان خۆراك و پارە بە خەڵك دەدەن و ئەمە کاری کردبووە سەر زەین و بیرم، تاکو ڕۆژێك لە چایخانە دانیشتبووم و گوتم: من کۆمۆنیستم! دەمەوێ یارمەتیی خەڵك بدەم و... گوتیان: بێدەنگ بە، پۆلیس دەتگرێ و دەتخاتە ئەو شوێنەی کە عەرەبیان تێ نەخستووە! ڕۆژێك لە ساڵی ١٩٤٦دا قاووڕاو بلاوبووەوە کە حیزبی دیموکراتی کورد دامەزراوە. مامە٥-٦ کتێبی خستبووە بن باخەڵی و هاتە بەر دەرگای ماڵی ئێمە و بە دایکمی گوت: فاتیح لەماڵە؟ دایکیشم بە پیرییەوە چوو و هەرچی داوای لێکرد بێتە ماڵەوە، بەڵام ئەو نەهات، کە دیم، زوو هەستم کرد ئاسایی نییە و بە قژەکانی یاری دەکات و دیاربوو قسەی بۆ گوتن هەبوو. گوتی وەرە با بچین هەندێ پیاسە بکەین. لە نیوەی ڕێگەدا کە هێشتا نەگەیشتبووینە دەشتی سەرشۆران، لە پڕ پرسیاری کرد: کورد میللەتە یان قەوم؟ منیش ڕستەی (خالید بەکتاش)م بۆ گوتەوە کە ستالین کتێبێکی لە ساڵی ٤٦دا نووسیوە و وەریگێڕاوەتەوە بە ناوی (الامة) ڕستەکەم خوێندەوە و گوتم: کەوایە کورد هێشتا میللەتە. لە پڕ کتێبەکەی کوتا بە زەویدا و بە تووڕەییەوە گوتی: سەگ بابانە، هەموتان خائین و دوژمنی کوردن! منی بەجێهێشت و ڕۆیشت. ئیتر هیچکاتێ لە کۆمۆنیستەکان نزیکنەبووەوە. بێگومان

عومەر دەبابە و عەلی عەبدوللا ئامۆژگاریی ئەویان زۆر کردبوو کە ئەو پرسیارە لە من بکات. بەڕاستی بوو بە دەروێشێکی تەواو لە بارەگای پارتیدا. من تەنیا هەڵقەی پەیوەندیی نێوان ئەو و کۆمۆنیستەکان بووم، کە ڕۆشت و لە منیش دوورکەوتەوە.

بیری مام جەلال لە ساڵی ۱۹۴۵ەوە خۆی گرت و هیچکاتێ نەچووە ڕیزی کۆمۆنیزمەوە. زۆربەی مامۆستاکانیش لەگەڵ پارتی بوون و دیارە قوتابییەکانیش ئەوانیان بە نموونەی تایبەتی خۆیان دەزانی. مامۆستایانی ئێمە بریتیبوون لە (موحەممەد ئەمین مەعروف، شێخ نورەدین، مەسعوود موحەممەد، جەلال موحەممەد، هاشم ئەفەندی، زەکی ئەناریی، بەکر سدیق، جەلال حەویز و...) دیارە قوتابییەکانیش مامۆستاکان دەبنە سەرمەشقیان. جەلال جگە لەوەی لەگەڵ منداڵەکان گەرموگوڕ بوو، لەگەڵ پیاوە تەمەن گەورەکانی وەکو عوسمان حەسەن و حەلال مامش و... ئاموشۆی هەبوو. لە قوتابخانەش تەنها تێنسی سەرمێز و یاریی باڵەی جێزلێبوو و زیهنی جگە لە سیاسەت، لەسەر شتێکی تر ماندوونەدەکرد.

هەوڵنامەی کتێب

لە یەکێك لە ڕۆژانی هاوینی ۴۶دا، لە ماڵی باوکی مام جەلال، حیسامەدین تەیب [۲۰۱]، مامۆستایەك میوان دەبێت و لە نزیکی عەسردا، جەلال، کە کوڕێکی شاد و چالاك بوو و بە ڕووی کراوە و وریاییەوە هاتە ماڵەوە و بەخێرهاتنی ئەو غەریبەیەی کە نەیدەزانی مامۆستای تازەیەتی، کرد "ڕۆژتان باش". ئەمە یەکەم ڕستە بوو کە لە تاکە کوڕی خاوەن ماڵەکەم بیست. سوێندی دام بە ناوی مەلا مستەفای بارزانی کە لەسەر حیسابی ئەو، بچینە چایخانەی تەمتەمان – لە ناوەڕاستی شاری کۆیە – . من لەو سوێندەی ئەو زۆر دڵشاد بووم کە وەکوو من باوەڕێکی پتەوی بە مەلا مستەفا بارزانی هەیە، بەڵام من هیچم دەرنەبڕی. پاشان جەلال پرسیاری لێ کردم لە کوێوە هاتووم و ئیش و کارم چییە، کاتێك گوتم مامۆستای قوتابخانەم، زۆر بە ڕێزەوە و بە گوڕ گوتی: مامۆستای چیت؟ منیش گوتم: کوردم، ئەلفوبێی پۆلی یەکەم دەڵێمەوە".

بە پێداگرتنی ئەو، چووین بۆ چایخانە، منداڵانی هاوتەمەنی ئەو، هەموو دۆمینەیان دەکرد و ئەویش وەکوو پیاوێکی ٤٠ ساڵە لای منەوە دانیشتبوو و پرسیاری جۆراوجۆری لێ دەکردم، کە بەڕاستی زۆر گەورەتر لە بەژن و باڵای خۆی بوو. بۆ نموونە دەیپرسی: تۆ هۆگرییت بە کام پارت هەیە!؟ منیش زۆر کورت و سەربەستراو گوتم: زۆرتر بە کامەران بەدرخان و بادینان و دوکتۆر فوئاد و...، هەر بەو جۆرە کە چاوەڕوانیم دەکرد، خێرا پرسیی: ئەوانە کێن؟ منیش لەبارەی ئەو کەسانەوە قسەم بۆ کرد و هەروەها باسی ئەوەم بۆ کرد کە گۆڤارێکی کوردی هەیە کە بە ئەلفوبێی لاتین بڵاودەبێتەوە. ئەویش سەبارەت بە کێشەی جۆربەجۆری کوردستان و لەسێدارەدانی قازی مەحەمەد — کە زۆر کاریگەریی خراپی لەسەر دانابوو — و ئاڵای کوردستان و لەوانەیە پارتییەکی سیاسی دروستبکرێ، قسەی بۆ دەکردم. پەیتاپەیتا پرسیاری لێ دەکردم.

منیش باسی دۆکتۆر فوئادم بۆ کرد کە ئەو کاتەی دەیبەن بۆ لەسێدارەدان، بەوپەڕی ئازایەتییەوە بەرانبەریان دەڵێ "من کوردم" بەڵام تورکەکان دەیانگوت تۆ دوو وشەی کوردی نازانی و دەڵێی من کوردم!؟ ئەویش دەیگوت "لە خوێنم بپرسن، خوێن و دڵ و گیانم کوردییە". کاتێک ئەوانەم دەگوت، جەلال چاوی بریقەی دەداوە و لە بیستنی ئەم بەسەرهاتانە هەستی بەتینی دەبزوا. کاتێک هەر لەو ڕۆژەوە تێگەییشت کە مامۆستای قوتابخانەکەی ئەوم، زۆر هۆگریی بە من پەیدا کرد و ڕێزی تایبەتی بۆ دادەنام. بەو لێکدانەوە ساکار و دڵپاکانەی، دەربارەی گیروگرفتەکانی کۆیە قسەی بۆ دەکردم و گلەیی هەبوو لەوە کە لە قوتابخانە هەندێ لە مامۆستاکان پابەندی ئەخلاق و دابونەریتی کوردی نین.

بەپێی بارهێنان و باوەڕی خەڵکی ناوچە، گلەیی هەبوو لەوەی کە قوتابییە کوڕ و کچەکان لە گوێی چەمەکان ڕووتدەبنەوە و مەلەدەکەن، ئەوەی بەلاوە نائەخلاقی و لادەریی بوو و مامۆستاکانی بە تاوانبار دەزانی. من بە نەهێنی بەرنامەی ئەنجومەنی قوتابیان، یان باشترە بڵێم "کۆمەڵەی پێشخستنی کوردەواریی"م نووسی و ویستم جەلال و وریا عەلی کانیمارانی پەیڕەویی بکەن، ئەوانیش چالاکیی خۆیان دەستپێکرد و خوشکەکەیشم ئەو دوو کوڕەی بە کوڕی خۆی دەزانی. ئەم ئەنجومەنە نهێنی بوو و

ئاشکرانەبوو و تا ۲۰ ساڵ دوای ئەوەش، بەڕاستی جەلال و هاوڕێکانی ئەو نهێنییەیان لە سنگی خۆیاندا هێشتەوە. ڕەنگە ئەمە یەکەم کاری تەشکیلاتیی جەلال بوو.

مام جەلال لە تەمەنی ۱۳ ساڵیدا پەیوەندیی کرد بە ئەنجومەنی گەشەپێدانی پەروەردەی قوتابیان. جەلال قوتابییەکانی لە دەوری خۆی کۆدەکردەوە و ئەمە بووە هۆی دووبەرەکی لە نێوان بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستاکان. بەڕێوەبەر و ۲ مامۆستا لەلایەك و ۷ مامۆستاش لە لایەکی دیکە. دواجار سکاڵایان بردە لای حکومەت و کونسوڵی بەریتانیا لە موسڵ کە جاسوس بوو، ڕێگەی خۆشکرد بۆ دەرکردنی من لە کۆیە. دژایەتیی ئەوان لەسەر ئەوە بوو کە ئێمە واز لەو شتانە بهێنین و ئێمەش بەپێی خوو و بیروباوەڕی ئەو سەردەمەی کوردستان، دژایەتیمان دەردەبڕی. لە کۆیە بەرپرسێکی پارتی بە ناوی کاکە زیاد، بە منی گوت: کێشەی ئێوە پەیوەندیی بە قوتابخانەوە هەیە. دەستی لەو کارە وەرنەدا. خزمێکی جەلالیش فەرماندارێ کۆیە بوو. ئێمە جلوبەرگی فەرمیمان لابردبوو و بە جلوبەرگی کوردییەوە دەچووینە پۆل، حکومەتیش زۆری پێ ناخۆش بوو، بەڵام دیسان هەر بە جلوبەرگی کوردییەوە دەچووینە پۆلەوە. یادگاریی من لە کۆیە، هەر ئەو ئەنجومەنە بوو و بەڕاستی لە پێناوی بەرژەوەندیی پارتی هەنگاوی هەڵدەنا. ئاهەنگی نەورۆز و گەڕان لە سروشت و... ساز دەکرا، بۆ ئەوەی قوتابییەکان بەرەو لای پارتی ڕابکێشین.

واتە لە دوورەوە کۆنترۆڵیم دەکرد، کاتێك لە قوتابخانە دەهاتەدەر، شوێنی دەکەوتم کە بزانم کەی دەچێتەوە ماڵ، ئەڵبەت خۆی ئاگاداری ئەو شوێنگیرییە نەبوو. لەو کاتەدا دامەزراندی ئەنجومەنی قوتابیان، بیری جەلالی فراوانتر کرد. جەلال پۆلی شەشەم بوو. کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر منداڵانی گەورەتر و پچووکتر لە خۆی، منیش هانم دەدا کتێبی زۆر بخوێنێتەوە و لایەنگری کار و بزاڤ بێ و ڕوانگەیەکی نیشتمانپەروەرانەی هەبێ. زۆر جار لە قوتابخانە بانگم دەکرد و شتم وەبیردەهێنایەوە. شیعری زۆری لەبەربوو، بە ناوەڕۆکی " ئەی گەلی کورد لە خەو ڕابن، خەو زەرەرتانە، هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە"، و بەردەوام دووپاتی دەکردەوە و هەوڵی دەدا بە جۆرێك نیشتمانپەروەریی لە کۆیە زیندووبمێنێتەوە. بێجگە لە من، چەند مامۆستای دیکە

کاریگەرییان لەسەر هەبوو، وەکوو "تاهیر سەعید، عەبدولحەمید نورەدین، عەبدوڵڵا کاکە، جەلال بەهادین و...."

من تەنیا نەمدەهێشت ببێتە کۆمۆنیست، تەنانەت هاوڕێی کۆمۆنیستیشی هەبوو کە ناوی فاتیح ڕەسوڵ بوو. بەڵام کۆمۆنیستەکان دەیانزانی کە ئەگەر ئەم گەنجە بەتوانایە بچێتە لای پارتی، لەوانەیە بارودۆخی ئەوان لاواز بکات. ئەو سەردەمە لە کۆیە، عەلی عەبدوڵڵا دەیگوت جەلال سەرمایەیەکی گەورەیە بۆ پارتی و سەرەنجام دەبێتە کەسێکی گەورەی حیزبی. ڕۆژێك لە حیزبەوە بە منیان گوت پەیوەندیت لەگەڵ جەلال و وریا دابڕە و قسەیان لەگەڵ مەکە، کەسێکی دیکە پەیوەندییان پێوە دەکات.

لە ساڵی ١٩٤٦دا کە مام جەلال ١٢-١٣ ساڵ تەمەنی بوو، ئەندامێکی چالاکی "KPX" بوو لەنێوان قوتابیانی کۆیەدا. کە ئەڵبەت بە نەهێنی، بۆیە حکومەت گیروگرفتی دروستنەدەکرد و هیچ بزاڤێك بەبێ ئیزنی حکومەت ئەنجام نەدەدرا. بۆ ئێمە "KPX" زۆرتر ناوەندی چالاکی بوو و بە چوونمان بۆ ئەوێ، جۆرێك بیروباوەڕی کوردپەروەریی لە ئێمەدا گەشەی سەند و قازی موحەممەدیش کاریگەریی لەسەرمان هەبوو. مام جەلال سکرتێری بوو. بە ڕواڵەت بزاڤێکی فەرهەنگی - کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام لە ناوەڕۆکدا سیاسی بوو. ئێمە نەماندەزانی و تەنیا سەرنجمان دەدایە ئەوە کە قوتابییەکی باش و دڵۆڤان لە ڕووی مادییەوە یان لە دەرسدا یارمەتیی کەسێکی دیکە دەدات. بەرەبەرە لایەنگریی مام جەلال لە پارتی دەردەکەوت. پەیوەندیی قوتابیانیش لە KPX زۆر باش بوو. جەلال قوتابییەکی زۆر زیرەك بوو و شەو و ڕۆژ هەوڵی دەدا. ڕۆژانی هەینیش کۆبوونەوەمان هەبوو و حەزمان دەکرد لەگەڵ ئەو بین. مام جەلال لە بەیانییەوە تا شەو خەریکی ڕاکێشانی خوێندکاران بوو بۆ پەیوەندی کردن بە "KPX"ەوە. ڕۆژانی پشووی نەدەزانی و قسەی لەبارەی کوردستانی گەورە و یەکێتی و یەکبوونی کوردەکان و نەبوونی جیاوازیی ئەوان لە هەر ٤ وڵات و دابەشبوونی کوردەکان لە لایەن داگیرکەرەوە دەکرد".

سەرئەنجام سارمەدین سادق وەزیری لە مەهاباد، زۆرترین دەنگی هێنا و هەڵبژێردرا، بەڵام محەمەد ڕەزا پەهلەوی، شای ئێران لە جێگەی ئەو، حەسەن ئیمامی[۵۹] دانا و ناردی بۆ پەرلەمان، ئیمامی گوێڕایەڵی قسەی شا بوو و هەموو کاتیک دەیگوت "حکومەتی مەشروتە باشترین شێوەی حکومەتە بۆ ئێران و تەنیا سوڵتانەکان دەتوانن یەکێتی خاکی ئێران بپارێزن". موسەدیق لەو کاتەدا دەربارەی ئەو گۆڕانکارییانە دەرحەق بە کورد کرا و مافەکانیان پێشێل کرا هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، تەنیا سەرسوڕمانیی خۆی پیشان دا. خولی شازدە یا حەفدە بوو کە من بوومە سەرۆکوەزیران، بیستم کە لە مەهاباد سەرۆکی گشتی سوپا[۶۰]، ئیمامیی ناردووەتە پەرلەمان، زۆرم پێ سەیر بوو کە لە ناوچەیەکی سوننە، ئیمام جومعەیەکی شیعە دەبێ بچێتە پەرلەمان! چووبووە پەرلەمان بەڵێ ئەگەر کەسێک باوەڕی بە بتیش بوایە هەر جێگەی ڕێز بوو، تەلەفونم کرد و داوام لێکرد کە بێت (خێزانم دەبێتە پووری ئیمام جومعە). گوتم: بەڕێز بیستوومە لە مەهاباد بووپتە نوێنەر، گوتی "بەڵێ زۆریان داوا لێکردووم". گوتم: بەڕێز ئەم فەرمایشانە چییە؟ لەلایەن سوننەکانەوە نوێنەرێکی شیعە هەر نابێ، تۆ نابێ شتی وا قەبوڵ بکەی.[۶۱]

سیاسەتی عێراق و ئێران بەرانبەر بە کورد لە پووچەڵکردنەوەی هەڵبژاردنەکاندا چوون یەکبوو، ئەگەرچی لەوانەیە سەرۆکوەزیرانی عێراق وەکو موسەدیق ڕوویەکی دیکەی بۆ خۆی دروست نەکردبێت، لە بەهاری ساڵی ۱۹۵۳دا، حیزبی تودەی ئێران، کۆمیتەیەکیان پێکهێنا بە ناوی (کاك) کە سەبارەت بە کوردستانی ئێران بوو سارەمەدینی سادق وەزیری، قاسملووی[۶۲] ناساند و لە لایەن حزبی تودەوە ناردی بۆ کوردستان تا لێرەدا بوو کە کەسایەتی سیاسی قاسملووو خۆی نواند و دەرکەوت. لە ساڵانی ۱۹۵۰ و ۱۹۵۳ تا تێکشاندنی موسەدیق، جەلیل گادانی و سلێمانی موعینی و ئەحمەد تۆفیق[۶۳] و قاسمولڵا وەیسی و دوو کەس لە ئەندامانی حزبی تودە نزیک لە قاسملووو وانەی حزبی و مێژووی شاستانی و مێژووی حزبی کۆمۆنیستی جەماوەریی سۆڤیەتیان دەخوێند، لەواقیعدا حیزبی

تودەی ئێران ئەوی نارد بووە کوردستان تا زانەی حیزبی بە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵێتەوە، بەڵام قاسملوو لە مەهاباد بەربەرە لە حیزبی تودە خۆی دوورخستەوە و کەوتە ناو بیری نەتەوەیی.[٦٤] هەرچەند لە ئێران، بە کودەتا بارودۆخ گۆڕدرا و دەنگبڕان و تاسان هەموو شوێنێکی تەنییەوە و ئیتر دەرەتانی باس و گفتوگۆی سیاسی نەما، پاش ڕووخانی موسەدیق، ناسر و خوسرەوخان سەردانی هۆزەکەی قەشقاییان کرد کە بە یارمەتی سەرانی هۆزەکانی کوردستان، ڕاپەڕینی چەکدارانە دەست پێبکەن، هەروەها لە کوردستان چاودێری ئەمنیەتی حکومەت پلە بە پلە تووندتر دەبوو.

سامانێک کە بەریتانیا لە نەوتی ئێران کۆی کردبووەوە، لەپاڵ ئەو هەژارییە کە گیرۆدەی خەڵکی ئێران بووبوو، ڕق و تووڕەیی خەڵکی هەژاری ئێرانی لێکەوتەوە و بوو بە هۆی گەشەسەندنی نەتەوەپەرەستی لە ئێراندا، ئێران گۆڕەپانی تالانکاریی بەریتانیا بوو، دانی پارە لە لایەن کۆمپانیای نەوتی ئێران ـ ئینگلیز بە بەریتانیا بە ناوی مالیات لە ١٩٤٩دا، لە پێناوی مافی بەربژاری دەوڵەتی بەریتانیا لە نەوتی ئێران بوو، سەرۆکوەزیرانی ئێران محەمەد موسەدیق پاش ڕاپرسییەک سەبارەت بە دەوڵەتەکەی، لە ٩٩,٥٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا و هەوڵی دا کۆمپانی نەوتی ئێران ـ ئینگلیز بگەڕێنێتەوە و دوور لە بەریتانیا سەربەخۆی بکات. بەڵام ڕێکخراوی CIA بە کودەتایەک دەوڵەتەکەی ڕووخاند و محەمەد ڕەزا شای پەهلەویی هێنایەوە سەر تەختی پاشایەتی، شا وەکوو دەسەڵاتدارێکی سەرکوتکەر ماوەی ٢٥ ساڵ بەسەر ئێراندا حوکمی کرد و زۆربەی نەیارانی خستە زیندان و کەوتە ئەشکەنجە و کوشتنیان.

ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هەوڵی زۆری دا بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، بەدوای کودەتای ١٩٥٣، ڕێکەوتننامەیەکی تازەی نەوتی، بەڵێنەکانی ڕۆژهێڵت بە هالیفکسی لە ١٩٤٤دا، بەتاڵ کردەوە و لە٤٠٪ی نەوتی ئێران درا بە پێنج کۆمپانیای ئەمەریکی، بەشی نەوتی بەریتانیا (کۆمپانی ئێران ـ ئینگلیزی پێشوو) لە ٤٠٪ی لێ کەم بووەوە، ئەو ٢٠ لەسەدەی کە مابوو درا بە کۆمپانییەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیا. لە سەردەمی بزاڤی نەتەوەیی نەوتی ئێران بە سەرۆکایەتی موسەدیق، سیاسەتەکانی ئەویش

لە بەرانبەر بەریتانیا نەیتوانی عێراقیش پێمل بکات بە سوودی ئێران وەرگەڕێتەوە، پاش کودەتای ئەمەریکی ٢٨ی گەلاوێژ دژی موسەدیق، جارێکی دیکە بورای هاریکاریی دوو لایەن هاتەوە دی، لە ساڵی ١٩٥٣دا، پلانی پێکهێنانی قەڵغانی بەرگریی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا کەوتە ناو ئامادەکاریی زۆرتر[٦٦]. تووندبوونی هەڵوێست بەرانبەر بزووتنەوەی میللیکردنی نەوتی ئێران لە ساڵی ١٩٥١دا، کاریگەریی زۆری لە سەر ولاتانی ناوچەکە هەبوو، بۆ نموونە ڕاپەڕینی خەڵکی میسر دژی ئینگلیزەکان بەهێزتر بوو بە تایبەت ئەو کاتەی دکتۆر موسەدیق دەیویست لە ئەنجومەنی ئاسایش بگەڕێتەوە بۆ ئێران، لەسەر ڕێگەیدا چوو بۆ قاهیرە و لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٥١، زانکۆی ئەلئەزهەر خەڵاتی شانازیی دکتۆرای پێشکەش کرد. موسەدیق سەردانی نحاس پاشا[٦٧] سەرۆکوەزیرانی میسری کرد و لەو شەقامانە کە موسەدیق تێپەڕ دەبوو، جەماوەرێکی زۆر پێشوازییان لێ دەکرد و دەنگی دروشمی دژی ئینگلیزیی خەڵک، لە ئاسمانی قاهیرەدا پەنگی دەخواردەوە.

لە ١٩٥١دا ئەو ولاتانە دەربارەی دامەزراندنی هێڵی بەرگری و نووسینگەی فەرماندەیی هاوبەشی ڕۆژهەڵاتی ناوین پێشنیازی خۆیان بۆ هاوبەشی پێشکەش بە میسر کرد، ئالۆن دالس، سەرۆکی ئەوکاتی (CIA) و براکەی فاستەر دالس، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، سەرقاڵی بارودۆخی چین و ڤیێتنام و دواتریش کامبووج بوون، لە مەترسی چینییەکان تۆقیبوون، بەڵگەشیان ئەوەبوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمۆنیزمدا هیچ ولاتێک نەیتوانی بێلایەن بمێنێتەوە. ترۆمن، پاش یەک ساڵ (دکتۆر ترۆمن)ی بڵاوکردەوە کە تێیدا بەڵێنی بە کۆمۆنیستەکان دابوو لە هەموو شوێنێکی جیهاندا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بخاتە مەترسییەوە و ڕووبەڕوویان بووەوە. ساڵی ١٩٥٣ دەوڵەتی (ئایزەن هاوەر) لە سیاسەتی ئەمریکادا بەرانبەر پەیماننامەی ئاسایشی ڕۆژهەڵات گۆڕانکاری کرد و ئەمجارەیان ئێران ڕۆڵی یاریزانی سەرەکی لە جیاتی میسر بەرکەوت و جۆن فاستەر دالس، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە نەیارێکی سەرسەختی کۆمۆنیزم. بە بۆچوونی ئەو، پەیڕەوکردنی سیاسەتی دژایەتی و پەیمانبەستنی سیاسیی و سەربازیی لە سەرانسەری جیهاندا باشترین ڕێگەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمۆنیزم، ڕوانگەی دالس زیاتر بۆ ئەو ولاتانەبوو کە مەترسی کۆمۆنەیان لەسەرە و دەتوانن ببنە بەربەستێکی بەرگریی لە ڕێگەی گەشەی جەماوەریی

کۆمۆنیزمدا. دالس له مانگی ئایاری ۱۹۵۳دا گەشتێکی کرد بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاش گەڕانەوەی ڕاپۆرتێکی دا بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و پێشنیازی کرد پەیماننامەیەک بۆ بەرگری لە ڕۆژهەڵاتی ناوین ئامادە بکرێت لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە دراوسێی یەکێتی سۆفیەتن. لە ڕاستییدا ئەو مەبەستی لە تەواوی ئەو وڵاتانەبوو کە ئامەدەن ڕاشکاوانە خۆیان ببەستنەوە بە سیاسەتی دژە سۆفیەتییەوە، ئەو بە توندی نەیاری سیاسەتی نەبوونی پەیماننامە و بێلایەنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، ئەسڵەن بێلایەنی لە خەباتکردنی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە سیاسەتێکی ئاخلاقی و ڕێگەخۆشکردن بۆ گەشەی جەماوەرێتی کۆمۆنیزم دەزانی. لەسەر ئەو بنەمایە یادداشتنامەیەک کە بە حکومەتی جەمال عەبدولناسر دەستی پێکردبوو جێبەجێ نەکرا و ئەمریکا قایل نەبوو لەگەڵ حکومەتەکەی موسەدیق لە ئێران کار بکات تا نەچێتە ناو پەیماننامەی بەرگری لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، لەبەر ئەوە جارێکی تر جیهانی ڕۆژئاوا ڕووی کردەوە بە لای عێراقدا.[۶۹]

لەم کاتەدا میسر تووشی قەیران بوو، عاقیبەت مەلیک فاروقی یەکەم[۷۰] ناچار بوو نوحاس پاشا لەسەر کار لاببات و هەوڵی دا بەرنامەتی پۆلیس خەڵک سەرکوت بکات و دەنگبڕان بسەپێنێ. بە شوێن ئەوەدا لە ۲۷ی کانوونی دووەمی ۱۹۵۲دا، عەلی ماهیر پاشای[۷۱] دیاریی کرد کە کابینەی نوێ پێکبێنێ، ئەویش بە مەبەستی ئاساییکردنەوەی بارودۆخ داوای لە باڵیۆزی بەریتانیا کرد کە هێزە سەربازییەکانی بەریتانیا لە کەناڵی سوێس بچنە دەرەوە. عەلی ماهیریش سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و دەستی لە کار هەڵگرت. کابینەکان یەک لەدوای یەک شکستیان دەهێنا. بارودۆخی میسر وەکوو پشکۆی ژێر خۆڵەمێشی لێ هاتبوو، تا سەرلەبەیانی ۲۳ی تەموزی ۱۹۵۲، ئەنجومەنی ئەفسەران کە بریتی بوون لە ژەنەراڵ محەمەد نەجیب[۷۲]، سەرهەنگ جەمال عەبدولناسر، سەرهەنگ محەمەد ئەنوەر سادات[۷۳]، سەرهەنگ زەکەریا محێدین کودەتایەکی بێ خوێنڕشتنیان کرد و مەلیک فاروقیان لەسەرکار لابرد و لە میسر دەربازیان کرد و حکومەتی کۆمارییان دامەزراند. لەڕاستیدا ئەفسەرانی نەتەوەپەرەستی سوپای میسر ڕۆژی ۲۶ی کانوونی دووەمی ۱۹۵۲، بە کودەتایەک بنەمای پاشایەتییان[۷۴] لە میسر هەڵکەند و ژەنەراڵ نەجیب بوو بە سەرۆککۆماری میسر. کودەتچییەکان ئامانجی بنەڕەتییان گەشەپێدانی بیری

پانعوروبه بوو له میسر و بەرنامەیەکی تێروتەسەلی نەتەوەییان هەبوو، هەم له میسر و هەم له وڵاتانی دیکەی عەرەبی هەواداریان هەبوو.[٧٥]

درێژەی ڕووداوەکانی دژی بەریتانیا له کەنالّی سوێس (١٩٥١ ـ ١٩٥٢) بەم شێوەیە بوو کە هەژمارێکی زۆری هاوڕێیانی عەبدولناسر لە بزاڤی کۆماندۆیی دژی ئینگلیزییەکانی دانیشتووی بنکەکانی کەنالّی سوێس بەشداریان کرد و خوازیاری چۆڵکردنی ئەو بارەگایانە بوون. لەو ماوەیەدا کە بەرهەڵستی دەستی پێکردبوو، هەلێك هاتبووە پێش کە چەند کەس له ئەندامانی کۆمەڵّی ئیخوان موسلمین[٧٦] و ئەفسەرانی شۆڕشگێڕ پێکەوە کۆببنەوە و بە ناوبژیکاریی ئەفسەرێکی باوەڕپێکراوی کۆمەڵ بە ناوی عبدالمنعم عبدالرئوف لە یەکەم کاتەکانی شۆڕشەکە بەتایبەت لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکان، لە ١٩٥٣دا، وا هەست دەکرا کە ئیخوان موسلمین لێی بەهرەمەند دەبێ. لە مانگی ئایاری ١٩٥١دا چالاکییەکانی ئاشکرا بوو و لە ڕاستیدا وەکوو پارتێکی نهێنی دەهاتە هەژمار لە بەرانبەر بزووتنەوەی جۆراوجۆری مارکسیستی و نەتەوەییدا، ناسێزم بووبووە فێرگەیەکی تازە و ڕێبازێکی نوێ لە جیهانی عەرەبدا، لە عێراقدا ئەفسەرانی گەنج و خوێنگەرم دەیانویست وەکوو ناسر بە کودەتا حکومەتی ناوەند بڕووخێنن، کە سەدامی ١٩ ساڵەش پەیوەندیی بەوانەوە کرد و لە ساڵی ١٩٥٤دا، کودەتایەکیان ڕێخست، بەڵام شکستی هێنا، لە کاتی قەیرانەکەی ساڵی ١٩٥٤، کە ژەنەرالّ نەقیب بەرهەڵستی کۆڕی شۆڕشەکەی عەبدولناسری کرد، ئیخوان موسلمین هاندەری خۆپیشاندانێکبوو کە دژی ئەنجومەنی شۆڕش بەرپا کرا، ئەم ڕێکخراوە لە ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٥٤دا، هەڵوەشانەوەی ڕاگەیاندرا کە بێ وچان لە شارەکاندا کەوتە خۆ و لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٤دا، پلانێکی دژی پرێزیدنت ناسر داڕشت کە شکستی هێنا، لە یەکەمی تشرینی دووەمی ١٩٥٤دا، دادگای شۆڕش پێکهات و سزای مەرگی دا بە سەر شەش کەس لە ئەندامانی باڵای ئیخوان موسلمین.

لەوە بەدواوە چالاکی ئیخوان موسلمین بوو بە هانەی بۆچوون و بیروڕای جۆراوجۆر لە بازنەی چاودێراندا. هەندێ کەس لەو باوەڕەدا بوون کە هێشتا بەتوانایە، ژمارەیەکی دیکەش بڕوایان ئەوە بوو کە ئەم ڕێکخراوە خۆی تەیا دەکات بۆ خەباتی نهێنی دژی ناسر، بەڵام

ئێمە لەو باوەڕەدا بووین کە ئەو ڕێکخراوە هەموو توانا و بایەخەکانی لە میسردا لەدەست داوە و تەنیا لە پەژارەی سەردەمی شکۆمەندی ڕابوردووی خۆی، دەست بداتە پەلامارێک بەبێ پاڵپشتی جەماوەر و چیدی لەدەست نایەت.نمونەی بەرچاوی ئەم پەلامارە لە میسردا بوو کە لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆری ئەندامەکانی، بە تاوانی پیلانگێڕی دژی دەوڵەت دەستگیر کران. ئێستاش ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە لە دەرەوەی وڵاتن بە تایبەت لە ئەردەن و سویسرا و خەریکی بانگەشە و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەن، چەند وڵاتێکی بەهێزیش یارمەتی ماڵیان دەدەن، ئەو وڵاتانە کە نەیاری پێکهاتنی کۆماری یەککگرتووی عەرەبین، بەمپێیەوە و بە گوێرەی بۆچوونی چاودێرێکی سیاسی میسر، کە لە لێکۆڵینەوە گرنگەکەیدا دەبێژێ "ئەم ڕێکخراوە لە سەرەتاوە تەنیا دوو کۆمەڵێکی ئایینی بوو، بەرەبەرە بوو بە کۆمەڵێکی ئایینی - سیاسی، پاشان بوو بە کۆمەڵێکی تێرۆریستی.[۷۷]

کێشەی ناسریزم[۷۸] و ئیخوان موسڵمین لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانییدا دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەی پەیوەندییەکانی سوپا و ئیخوان موسلمین لە چلەکاندا، لەو سەردەمەدا داخوازی پناخەدانەری بزاڤەکە وایە حەسەن بەننا ئەوەبوو کە تەنیا توانای بانگەشەی ئیسلامی لە ناو لایەنەکانی سوپادا هەبێ، ئێوەندی سەرەکی ئەم پەیوەندییانە ئەنوەر سادات بوو کە دواجار بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆڕش و نووسەری کتێبی (ڕاپەڕینی نیل)، هەروەها ژەنەرال عەزیز میسری باوکی ئایینی ئەفسەرانی شۆڕشگێڕ بوو لە سەردەمی جەنگی فەلەستیندا، جەنگی فەلەستین لە ڕاستیدا باشترین دەرفەت بوو بۆ پێکهێنانی پەیوەندیی لە نێوان ژمارەیەکی زۆری ئەفسەرانی سوپا و شۆڕشگێڕانی ئیخوان موسلمین. ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە لە پێکدادانی سەحرای نقو، سەربازەکان باسیان لە ئازایەتی و کەسایەتی ئەوان دەکرد لە شەڕەکاندا.هەر لەو کاتەشدا سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕش، ناسری تاوانبار دەکرد بەوە کە هەوڵ دەدات بۆ پێکهێنانی ئەو گرووپە مسوڵمانانە کەوا لەسەر ویستی خۆیان دێنە گۆڕەپانی خەباتەوە.[۷۹]

پاش دەست لەکارهەڵگرتنی زۆرەکی سەرلەشکر محەمەد نەجیب، سەرۆککۆماری میسر و سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە، سەرهەنگی دووەم جەمال عەبدولناسر جێگری سەرۆککۆماری

پێشوو، بوو به سەرۆکوەزیران و سەرۆکی گشتی ئەنجومەنی شۆڕش. بە واتایەیی دیکە، پاش سەرکەوتنی کودەتا، ئەنجومەنی ئەفسەران، ژەنەڕاڵ نەجیب ئەفسەری سوودانی هەڵبژارد بۆ سەرۆککۆماریی و پاراستنی یەکێتی دۆڵی نیل (بریتی لە میسر و سودان)، سەرهەنگ ناسر سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕش و سەرۆکوەزیران و پیاوی دەسەڵاتداری شۆڕش، دەوری خۆی بەجێهێنا، بەڵام لە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٥٤، ژەنەڕاڵ نەجیب بە هۆی جیاوازیی بیروڕا لەگەڵ ناسر دەربارەی شێوەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئیخوان موسلمین، لە سەرۆکایەتی کۆمار لابرا و سەرهەنگ جەمال عەبدولناسر کورسی سەرۆککۆماریی بە دەست هێنا، هەروەها پۆستی سەرۆکوەزیرانیشی پاراست و سەرۆکایەتی گشتی سوپای سپارد بە ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم عامر. لەو کاتەدا محەمەد حوسنی موبارەک[٨٠] ئەفسەری فڕۆکەوان تەنیا ٢٦ ساڵ تەمەنی بوو، سەرهەنگ جەمال عەبدولناسر پیاوی دەسەڵاتدار و دەسەڵاتخوازی سوپای میسر، نەجیبی لابرد و لە کۆنفڕانسی (باندۆگ[٨١]) ئاشکرای کرد کە سەرۆککۆماری میسر هەر خودی ئەوە. لە ساڵی ١٩٥٤ەوە تا کاتی مردنی بە ماوەی ١٦ ساڵ سەرۆککۆمار بوو و دەستپێکەری بزاڤێکی ئایدیالۆژیایی سیاسی بوو کە لە جیهانی عەرەبدا بە ناسریزم ناوبانگی دەرکردبوو و هاوسەنگ بوو لەگەڵ ناسیۆنالیزمی عەرەب.

هەندێک بەحەماسەتەوە دەڵێن کە خۆشەویستی ئەو لە جیهانی عەرەبدا لە ئاستێکدا بوو کە لە کاتی ئاخاوتنیدا لە دەنگی سەوتولجەماهیر، هەموو گەلی عەرەب هەر لە بەغداوە تاکوو مەغریب، گوێیان بۆ لێدوانەکانی ئەو دەگرت، لە جیهانی عەرەبدا تەنیا دوو کەس کاتێک دەناخافتن، هەموو گوێرادێری دەبوون، یەکێکیان (ئوم کولسووم[٨٢]) گوێندەی چوار خشتەکییەکانی خەیام[٨٣] و ئەوی دیکەیان جەمال عەبدولناسر بوو کە خەڵکی میسر پێیان دەگوت (ئەبو خالید)، ئەو کورەکەی ناوی خالید بوو، پاش کودەتای ١٩٥٢ی میسر، جیهانی عەرەب کەوتە جموجووڵ، جەمال عەبدولناسر کەنالی سویسی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی و جا ئەو جار شەڕێک هەڵیگرسا و جۆرێک ناسیۆنالیزمی عەرەبی گەشەی کرد. کاریگەریی عەبدولناسر لە لە عێراقدا، ڕووبەڕووبوونەوەی کورد و عەرەب بوو، کە لە بەرانبەر پان عەرەبیزم، ناسیۆنالیزمی کوردیی خۆی دەرخستبوو. لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی

۱۹۵۲دا، شۆڕش لە بەغدا دەستیپێکرد کە زۆربەی پارتییەکان بەشداریان کردبوو، بەڵام کوردەکان هەر حیزبی شیوعییان بە تاوانبار دەزانی، ژەنەراڵ نورەدین مەحموود هاتە سەر کار و حکومەتی سەربازیی تازەچالاکی حیزبەکانی قەدەغە کرد.[۸۴]

لە قەراخی ئاڵۆگۆڕییەکانی جیهانی عەرەب، عێراق و سووریایش ئاڵۆگۆڕیان بەخۆوە ببینی، لە ڕەوتی سیاسی سووریادا زنجیرەیەک کودەتای پەیتاپەیتا ڕووی دا کە لە ئازاری ۱۹۴۹وە دەستی پێکرد و لە شوباتی ۱۹۴۵دا، کۆتاییهات. سێ سەرهەنگ یەک بە دوای یەک دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت کە بریتیبوون لە: حەسەن زەعیم[۸۵]، حەناوی، ئەدیب شیشکی[۸۶] کە لە بنەڕەتدا کورد بوون و بە مەبەستی گەییشتن بە جوولەی زیاتر، بە شێوازی فەڕەنساییەکان، لە کەمایەتییە هەژارەکان هێزیان دابین دەکرد. لە سووریا بەدوای کودەتای حسنی الزعیم، ئێران حکومەتی تازەی سووریای بە فەرمی ناسی. سووریاش جۆرێك دیموکراسی و ئازادیی هەبوو، حکومەتەکەی لە پەرلەماندا سوێندی دەستووریی خواردبوو.[۸۷] لە ساڵی ۵۳دا، سالح جەبر پارتییەکی سیاسی بە ناوی (الام الاشتراکیة[۸۸]) دروست کرد، کە مەبەستی ئاشکرای ئەوان لەسەر بنەماکانی ناسیۆنالیزم و دیموکراسی بوو، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع حزبەکە نە ناسیۆنالیست بوو، نە دیموکرات، بەڵکو زۆرینەی ئەندامانی لە کەسانی خێڵگەری و تیرەگەری پێکهاتبوون.[۸۹] داوای لە پارتییە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی کرد کە دژی حکومەت ڕاپەڕن، وەکو چادرچی، مەهدی کوبە و شاعیری بەناوبانگی عێراقی واتە جەواهیری[۹۰] کە لەو کاتەدا ڕۆژنامەیەکی بە ناوی (الجهاد) بڵاو دەکردەوە لە وتارێکیدا بە فۆنتی گەورە لە لاپەڕەی یەکەمدا نووسی: حیزبەکان نابێ قەت هەڵەیەکی ئاوا گەورە بکەن و لەگەڵ کەسێکدا هاریکاریی بکەن کە دەستی هەبووە لە ڕشتنی خوێنی جەماوەری بێتاوانی عێراق. دیارە لێرەدا جیاوازییەك لە نێوان نووری سەعید و سالح جەبر هەست ناکرێ، ئەڵبەت هیچ یارمەتییەکی ئەوتۆ بۆ بەدیهاتنی ئەو کەڵکەڵەیە نەکرا، لەو کاتەشدا لە عێراقدا حکومەتی لایەنگری بەریتانیا لەسەر کار بوو.

جۆرێك پان عەرەبیزمی ڕادیکاڵ گەشەی کردبوو و لە میسردا دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتبوو و بیرۆباوەڕی ناسیۆنالیزمی عەبدولناسریش باڵی بەسەر عێراقدا کێشابوو. لە ساڵی

۱۹۵۳دا هەندێ لە خوێندکاران، بە هۆکاری چالاکی سیاسی لە زانکۆ دەرکران. لە کوردستاندا تەنیا دوو پارتی چالاک هەبوون "(شیوعی و پارتی). پارتیی خاوەنی پرسی ستراتیژی کوردیی بوو، بەڵام شیوعی لە باری رێکخستنەوە بەهێزتر بوو لێپرسراوانیشی وەکوو یوسف سەلمان فەهەد [۹۱] و.....مرۆڤی زۆر گەورە بوون و دەیانویست لەناو چینی کرێکار و جوتیار کاری سیاسی بکەن.[۹۲]

رۆژی ۲ی ئایاری ۱۹۵۳ فەیسەڵی دووەەم[۹۳] تاجی پاشایەتی لە سەر نا و بوو بە پاشای عێراق. لەو رۆژەدا لەناوەڕاستی پارکی کۆیە، جەماوەرێکی زۆر لە فەرمانبەران و قوتابیان و کرێکاران و...کۆبوونەیەکی گەورەیان پێکهێنا و لە چەند لایەکەوە شایەرەکان دەهۆڵ و زورنایان لێدەدا و خەڵک پۆل پۆل هەڵپەڕکێ و چەقەنەلێدان و زرموکوتیان دەست پێکردبوو، شیرینی و شەکراوخوارنەوە بوو، خەڵک زۆر شادومان بوون، ئەڵبەت ئەوە هیچی بۆ فەیسەڵ نەبوو، بەڵکوو ئەوە تەنیا هەڵێک بوو بۆ هەڵپەڕکێ و چاوبڕکێیی و تێکەڵبوونی ژن و پیاو، دەرزیت هەڵبخستایە سەرعەرزنەدەکەوت، ژن و پیاو جلوبەرگی جوان و ڕەنگاوڕەنگیان لەبەر کردبوو و دەستە دەستە دەچوونە کۆڕی هەڵپەڕکێوە،کەس ئاگای لە دنیا نەبوو، هەر لەو ناوەدا دەستەیەک لە ئەندامانی حیزبی شیوعی دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان و دروشمدان، (نان بۆ خەڵک، دەمەزرانی حکومەتی دیموکراتیک و.....) زۆری پێ نەچوو پۆلیس هێرشیان هێنا و لێدان دەست پێکرا، بەڵام کەسیان دەستگیر نەکرد، پاش ئەوەی بڵاوەیان پێکرا، هەڵپەڕکێ و شایی هەر بەردەوام بوو. جارجاریش یەکێک بە بینینی ئەو هەموو زرق و برقە، لە خۆشیدا تەقەیەکی دەکرد.[۹۴]

***

لە ساڵی ۱۹٤۸ مام جەلال ئیتر تاقی لاوی و تەمەنی گەنجی ۱۵ ساڵەی تێپەڕاند و ڕابواردن و گەشتیاریی ئەو گەڕان و سەردانی دۆستان بوو، مام جەلال وەکوو جاران دەنگوباس و بارودۆخی جیهانی بۆ شی دەکردینەوە. هەواڵی دروستبوونی ئیسرائیلیش لە کوردستان بڵاو بووبووەوە هەر کەسێک بە جۆرێک بۆچوونی خۆی لەو بارەیەوە

دەردەبڕی[۹۵]. لە کۆیە لە سەر ڕێگەماندا کازینۆ و چاخانەیەکی کۆنی لێ بوو کە هی جوولەکەکان بوو، ئەوان لە هەولێ ئەوەدا بوون کە بگەڕێنەوە ولاتی خۆیان، لەو سەردەمەدا لە کۆیە جوولەکەی زۆری لێ بوو، ئەمانە خەڵکێکی تێکۆشەر و لایەنگری کار بوون، مام جەلال هیچ کاتیک سەبارەت بە ئیسرائیل هیچی نەدەگوت، لە گازینۆ دانیشتبووین کە لە پڕ ڕادیۆ ڕایگەیاند "ئەمڕۆ لە کاتژمێر ئەوندە، فەهەد و هاوڕێیانی – سارم و حازم– لەسێدارە دران". (ڕۆژانی ۱۳ و ١٤ شوباتی ١٩٤٩). مام جەلال هیچی نەگوت و نەیهێشت کەهاوڕیانی شتێك بڵێن، زۆر هۆشیار بوو بە باشی دۆخەکانی دەناسی و بە وتەیەکی بێ کەڵك و بێ مەعنا و بی قازانج و هەراوهوریای خۆڕایی و ناحەق، نەیدەویست هەموو شتێك بشڵەژێنی. لەو گازینۆیەدا مرۆڤی جۆربەجۆر دانیشتبوون، کە ئەگەر من لەخۆوە شتێکم لە دەم دەربەهاتایە، لەوانە بوو گۆڵمەزێك ساز بێ.[۹۶]

دوستانی مام جەلال دەڵێن کە مام جەلال سەرانسەری ژیانی پڕ بوو لە جموجووڵ و تێکۆشان و چالاکی و ئەفسانەی جوولانەوە بوو وزەیەکی عەجایەتی هەبوو هەرگیز ماندوو نەدەبوو. سەیر لەوەدا بوو کە دوایی لە نێو خوێندکارانداناوبانگی بە زانیاریی و بیری جوان و تیگەییشتوو ڕۆشت، بۆ ساتێکیش ئۆقرەی نەدەگرت و ڕۆحیەتی هەمیشە بەرز بوو، پڕ بوو لە بیر و چالاکی کە بەردەوام لە گۆڕانکارییدا بوو. مام جەلال بە پێی کات و سات بیری تازە دەبووەوە و لە بیرەکانی خۆیدا ڕیفۆرمی دەکرد، ئەگەر ڕا و قسەیەکی بەپلە بکردبایە زوو چاکی دەکردەوە، لە سەردەمی خوێندکارییدا لە نێوان خوێندکارانداز ۆر دیار بوو، مام جەلال لە ١٥ ساڵیدا تەمەنی خۆی لە پێناوی سیاسەتدا دانابوو و ئەم ڕێگە ئاڵۆزەی هەڵبژارد بەبێ هیچ سڵکردنەوەیەك دەتوانین بڵێین لەو وەرزەدا بزوێنەری ڕێبازی سیاسی بوو و بووبووە هۆی گەشەکردنی مەکتەبی سیاسی. دواجار کەوتە ژێر کاریگەریی بزاڤی خۆڕاگریی فەلەستین و کردی بە نموونەیەك[۹۷]. ساڵی خوێندنی ١٩٤٧ – ١٩٤٨ بوو کە لە سلێمانی چاوم بە جەلال کەوت لەگەڵ محەمەد ئەحمەدی تاهیر، بڕای نووری ئەحمەدی تاهیر، کە ئەفسەرێکی ناوداری کۆماری مەهاباد بوو و لای مستەفا بارزانی سەرگەرمی کاروباری سەربازیی بوو، ئەوان گۆڤاڕێکیان بڵاو دەکردەوە دەربارەی هێمنایەتی و شەڕ، کە بە تاوانی بڵاوکردنەوەی ئەو ئەو گۆڤارە ماوەیەك حکومەت ئەوانی زیندانی کرد. لە

ڕێگەی کوڕی خاڵم - عەبدولقادر - و یەکێك لە هاوڕێکانی - خیري المعمري - پەیوەندییمان کرد بە براکەی واتە مصطفي المعمري وەزیری ناوخۆ و جەلالمان ئازاد کرد، بەڵام هاوڕێکەی واتە محەمەد ئەحمەدی تاهیر، ۳ ساڵێك لە زیندان مایەوە.[۹۸]

بەرەبەرە لە ساڵی ۱۹٤۸، ئاهەنگی نەورۆز لە کوردستان دا شارەکانی وەك هەولێر، بەڕێوە دەچوو، هۆمەر دزەیی، یەکێك لە دۆستانی مام جەلال، دەربارەی ئەو ڕۆژە دەگێڕێتەوە: گیوی موکریانی منی بردە ستۆدیۆی وێنەگرتنەکەی، وێنەیەکی لە منی گرت، منیش گۆرانییم دەچڕی، نزیکەی ۲۰ هەزار کەس هاتبوون بۆ ئەو ئاهەنگەی نەورۆز، حیزبی شیوعی بڕیاری دا بچێتە کۆیە و لەوێش ئاهەنگی نەورۆز بگێڕێ، لەو شارە بچووکەدا هاوکات دوو ئاهەنگ بەڕێوەدەچوو، کە ئەوی دیکەیان پەیوەندیی بە پارتییەوە هەبوو مام جەلال بەڕێوەی دەبرد، حیزبی شیوعییش ئاهەنگی تایبەتی خۆی هەبوو. من لە ئاهەنگی شیوعییەکاندا گۆرانییم دەوت، مام جەلال لە ئاهەنگی پارتییدا لێدوانێکی دا، کە ئەو قسانە زۆر گەورەتر لە تەمەنی خۆی بوو، من ئێرەییم پێ دەبرد و ئاواتەخواز بووم وەك ئەو وابوومایە، مام جەلالیش کەیف خۆش بوو و زۆر ئاواتەخواز بوو کە دەنگی وەك من وابووایە و ئێرەیی بە من بردبوو کە من گۆرانییەکی خۆشم چڕیوە، ئەڵبەت بە قسەی خۆی.

بە کورتی تۆزێك ئێرەییمان بە یەکتر دەبرد کە بریا هەرکاممان توانای ئەوی دیکەی ببوایە، دواجار من گیرۆدەی سیاسەت بووم، بەڵام مام جەلال هەمیشە هاندەری لایەنگرانی هونەر بوو و لە سیاسەتیش پاشگەز نەبووەوە. جەلال جۆباریش خۆی بە قەرزاری دەزانێت و دەڵێت: لە پاییزی ۱۹٤۹دا یەکەم شیعرم هۆنییەوە و جەلال زەینێکی باشی بوو بۆ تێگەییشتن لە بابەتە ئەدەبییەکان و شیعر و پەخشانی باش و لە زمانی عەرەبیش باش تێدەگەییشت و منی زۆر هان دا بۆ هۆنینەوەی شیعر.[۹۹]

موکەرەم تاڵەبانی کە دوایی لە کابینەی سەدامدا وەزیر بوو، دەربارەی کاتی گەنجێتی مام جەلال دەڵێت: لە ساڵی ۱۹٤۸دا من لە کەرکووك دەفتەری پارێزەرییم هەبوو و جەلال دەهاتە لای من و شێخ فازڵ، من باوکیم دەناسی چونکە پاش مردنی شێخ عیزەت، تەکیەی تاڵەبانی بەو سپێردرابوو. جەلال لەگەڵ فازڵ گفتوگۆی سیاسی دەکرد کە هەڵوێست و

وتەکانیم دەبیست هەستم دەکرد کە زۆر تێگەییشتووە و مێشکێکی پڕی هەیە و بەراستی زۆر جار فازڵ نەیدەتوانی وەڵامی بداتەوە، گەنجێکی زیرەک بوو و لە سیاسەت تێگەییشتبوو - و ڕووانگەی سیاسی نەتەوەیی، دیموکراتی- بوو. لە کۆبوونەوە سیاسییەکاندا بەشداریی دەکرد، تەنانەت کاتێکیش لە زیندانیش بووم، هەواڵی تێکۆشان و چالاکییەکانیم دەبیست. من بە هۆی چالاکی سیاسی تا ساڵی ۱۹۵۸ لە بەندیخانەدا بووم و بە ماوەی سێ ساڵیش بۆم نەبوو لە کەرکووک بچمە دەرەوە.[۱۰۰] لەو سەر دەمە، لەلایەکی ترەوە گەنج و تازەلاوان کە هاوتەمەنی مام جەلال بوون، دەستگیر کران و ڕاگوێز کران و هەندێکیشیان لە سێدارە دران، بە گشتی دەتوانین بڵێین کە دۆخێکی ئاسایشی نوێ لە عێراقدا پێك هاتبوو و لە ناوەڕاستی ساڵی ۱۹٤۸ تا ۱۹۵۱ و ۱۹۵۲، بارودۆخ بەو شێوەیە بوو. لە تشرینی دووەمی ۱۹۵۲دا، بزاڤ و ڕاپەڕینی جەماوەری عێراق سەری هەڵدا، لەو کاتەدا جەلال لە کۆلێژی دادوەرییدا بوو و منیش کۆلێژی ئەندازیارییدا بووم. ئەو لەگەڵ پارتیدا بوو و من لەگەڵ حیزبی شیوعی، لەو کاتەدا من بەرپرسی بەڕێوەبردنی ئاهەنگەکانی خوێندکارانی شیوعیی عێراق بووم ئێمە لە دووڕەوە یەکترمان دەناسی و ئەندامی نێوانیشمان، کەسێك بوو بە ناوی جەمیل عەبدولڕەحمان شەرەف، خەڵکی کۆیە، کە برادەری جەلال بوو. شیوعیەکان خۆیان لە پشت پارتی سۆشیال دیمۆکرات و التحریر الوطني عێراقدا شاردبووەوە.[۱۰۱]

١٤ شوباتی ١٩٤٨ خوێندکارانی عێراقی لە بەغدا کە ڕوحیەتی ئازادی و دیموکراسییان هەبوو، لەمەیدانی سوباع، کۆنگرەیەکیان ئیعلان کرد و دوایی کومیتەیەکیان پێکهێنا کە قوتابیان و خوێندکارانی هەموو بڕگەیەکی خوێندن تێدا بەشداریان کرد، لە کۆیە چوار کەس بە ناوی نوێنەرانی خوێندکاران لەو کۆنگرەیەدا دیاریی کران، دوو کەس لە پارتی و دوو کەسیش لە شیوعی، لەو کاتەدا مام جەلال تەمەنی زۆر کەم بوو و لە لایەن قوتابخانەوە پێیان ڕاگەیاند کە تۆ ناتوانی بەشداریی بکەی و نابێ بۆ ئەو مەراسیمە سیاسیی کومەڵایەتییە بڕۆی، بەڵام خۆی زۆر پێداگریی کرد کە دەبێ بچێت، کەریم ئەحمەد و عەلی عەبدوللایش زۆر هەوڵیان دا کە مام جەلال بەشداریی بکات. کەریم ئەحمەد دەڵێت: کاتێك بیستمان مام جەلال دەچێ بۆ کۆنگرەی سوباع زۆر دڵشاد بووین و سەرەنجام من

بوومه هۆی خێر که عەلی عەبدوللا جەلال ڕەت نەکاتەوە تا مام جەلال بەشداری بکات و نوێنەری خوێندکارانی کۆیە بێت، کەسێکی دیکەیان لەگەڵدا بوو بە ناوی حیسامەدین تەییب که تەمەنی لە مام زۆرتر بوو، ئەو و مام جەلال بە ناوی نوێنەری قوتابیانەوە چوون بۆ بەغدا که مام جەلال کەم تەمەنترین ئەندامی بەشداری کۆنگرەی بەغدا بوو، لە ڕاستیدا لە ساڵی ١٩٤٨دا، ئەو چالاکترینی ناو ئەوان بوو، لە ڕاستیدا چالاکی ئاشکرای ئەو لە ساڵی ١٩٤٨دا دەستی پێکرد.[١٠٢]

لەو کاتەدا خودی مام جەلال لەناو پارتی دا ڕووخساڕێکی جوان و گەنجێکی جوولاو و تێکۆشەر بوو و دەتوانین بڵێین که دوای پێك هاتنی (KPX) گەشەی سەند و تیکوشانی ئاشکرای سیاسی هەر ئەو بەشداریی کردنە لە کۆنفرانسی بەغدا بوو که کە لە پۆلی ٧دا و نوێنەری کۆیەبوو، هەندێکجار بە هەڵە ناووبانگی ئەو کونگرەیە بە کۆنفرانسی سباع دەرچووە، ئەڵبەت ئەم ناوە، ناوی مەیدانێکە لە بەغدا که پەیکەری چەند سەرە شێرێکی لێ دانداوە و پێی دەڵێن (الساحة السباع) و کۆنگرەکە لەوێدا بەڕێوەچوو، لە کۆنگرەی ١٤ی نیسانی ١٩٤٨دا کەسانێکی ناوداری وەکوو جەوادهیریی بەشداربیان هەبوو، کەدوایی بوو بە هاوڕێی مام جەلال، و لەوێ قەسیدەی نیشتمانی (یوم الشباب تحیت و سلام)ی خوێندەوە و زوربەی گەنجان بەحەماسەتەوە لەبەریان کردبوو، چونکە لەو ڕۆژەدا ئەو شیعرەی زۆر بە هەستەوە خوێندەوە، سەیر ئەوە بوو که قوتابیان و خوێندکاران لە هەموو قوتابخانە و زانکۆ و فێرگەیەکدا نوێنەرێکیان هەڵبژاردبوو و لەو کۆنگرەیەدا بەشداربیان کردبوو، لە هەر بڕگەیەکی خوێندنداء خوێندکاران دەیانتوانی نوێنەریکیان هەبێ، لە سلێمانیش ئەو کەسانە که لە کۆنگرەی سباعدا بەشداربیان کردبوو، هەرکامیان لە مێژووی سیاسی هاوچەرخدا دەوری تایبەتیان بووە و بوونەتە کەسایەتیەکی ناودار، لەسلیمانییەوە کەسێك هاتبوو، ئەو ڕووداوە کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر ژیانی جەلال و پێش ئەوەی بچێتە زانکۆ تا ڕادەیەك ئاشنایەتی هەبوو لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد.[١٠٣]

کاتیك مام جەلال لە کۆنگرەی سباع گەڕایەوە بۆ سلێمانی لەنێوان هاو تەمەنەکانی خۆیدا ڕواڵەتێکی تری پەیدا کرد، منداڵی ئەو سەردەمە جیلێکی سەیر بوون، لە پۆلی شەش

بەرەوسەر، ڕوویان دەکردە کاروباری سیاسی. جەلال وتاربێژێکی باش بوو جوان قسەی دەکرد، لە ساڵی ١٩٤٨دا ئەو گەنجانەی وا هەست و ڕووانگەی کوردایەتییان هەبوو چون بەرنامە و ئامانجی پارتیش کوردانە بوو، دەچوونەناو پارتی، لە ڕاستیدا لە هەنگاوەکانی یەکەم دا مام جەلال و عومەر دەبابە لە حەوشەی تەکیەی تاڵەبانی، خەڵکیان هۆشیار دەکردەوە و هانیان دەدان بڕۆنەناو پارتی.[١٠٤] پاش پەیماننامەی بەندەری پۆرت ماوس لە نێوان عێراق و بەریتانیادا، لە کوردستانیش وەک تەواوی عێراق خۆپیشاندان دەستی پێکرد و کوردان ناڕازیبوون و داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیمانامەیەیان دەکرد، مام جەلال کە خوێندکاری زانکۆ بوو خوێندکارانی هان دەدا کە بچنە پاڵ خۆپیشاندەرانەوە، ئەڵبەتە ڕۆڵ و کاریگەری زۆری لەسەر مامۆستاکانیشی هەبوو.[١٠٥]

مام جەلال لە ساڵەکانی ١٩٤٩ ـ ١٩٥٠ لە کۆیە، لە قوتابخانەی ناوەندییدا بوو "کاتیک ئێمە لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییدا بووین، چەند کەسێک بووین کە هەموو جارێک مام جەلال دەیبردینە ماڵی خۆی و وانەی مارکسیزم و مێژووی کوردی بۆ شی دەکردینەوە، باوکی مام جەلال لە ناو خەڵکدا ڕێزی تایبەتی هەبوو، پیاوێکی ئایینددار بوو و جارجار بێ ئەوەی فیزی هەبێت چای بۆ دەهێناین، زۆر جار کە تاقەتی ئەو گفتوگۆیانەمان نەبوو، یان بە بیانوویەک نەدەچووینە لای مام جەلال، لەبەر دوکانی غوڵامحسەین لە نزیکی قوتابخانەوە ڕادەوەستا و هەر کە چاوی پێمان دەکەوت مەچەکی دەگرتین و دەیبردینە ماڵەوە و زیاتر لە جاری پێشوو دەرسی پێ دەگوتین. مام جەلال بە هۆی ئەو هەستە گەورەوە لە نێوان گەنجەکانی کۆیەدا خاوەنی پلەوپایە بوو، ئێمە وەکوو هاوڕێیەک سەیری مام جەلالمان دەکرد.[١٠٦]

لە ساڵی ١٩٤٩دا، جارجار ئێمە تازەلاوەکان لە ماڵی مام جەلال، کۆبوونەوەی سیاسی و حیزبیمان دەکرد، ئەودەمە کارەبایش نەبوو و خەڵک لەبەر چرالامپای نەوتی دادەنیشتن، خەڵک لە شیرینی خەودا بوون و کۆبوونەوەی ئێمە هەر بەردەوام بوو، نیوەشەوان کە دەچووینەوە بۆ ماڵ زۆر جار تا بەیانی لە پشت دەرگای ماڵ دەماینەوە، چونکە هەموو

نووستبوون، هاوڕێیان گوتیان ڕۆژانی هەینی کۆببینەوە و پێمان لەسەر ئەم شتە داگرتبوو، بەڵام مام جەلال نەیاری ئەو کارە بوو و دەیگوت: ئاشکرا دەبین.

بەڵام دوایی پێملی دەنگی هەمووان بوو، ڕۆژێکی هەینی لە تەکیەی تاڵەبانی کۆبوونەوە، لە پڕ یەکێك لە خزمەکانیان کە پارێزەریکی تێگەییشتوو و زیرەك بوو، هاتە ژوورەوە هەر کە چاوی بە ئێمە کەوت بە تەوسەوە بە زمانی ئینگلیزی گوتی: Oh, we have a meeting today! (جوانە، ئەمڕۆ کۆبوونەوەمان هەیە!) بە کورتی پێشبینییەکەی مام جەلال دروست بوو، ئێمە وای بۆ چووین کە لە ناو شاردا ئاشکرا بووین، لە ڕاستیدا مام جەلال وانەی نهێنی سیاسی بە ئێمە دەگوتەوە، بەڵام ڕازی دڵمان لە بەرانبەر خەڵکدا نەدەپاراست و هەرچی دڵمان بیخواستبا لە زارمانەوە دەردەچوو، مام جەلال هەر لەو حاڵەدا مرۆڤێك بوو کە دڵی خەڵکی ڕادەگرت و هاوڕێیانی خۆی لەبیر نەدەبردەوە و لە هەموو کەسێکی دەپرسی، بەڕاستی وەکوو مرۆڤێکی گەورە و ئەمەگدار لەگەڵماندا دەجوولاویەوە بەو بچووکیەوە ڕۆحیەتی دیموکراتییانەی هەبوو، ئەگەر حەق لای ئەویش بوایە لە بەرانبەر زۆرینەدا خۆی دەدا بە دەستەوە.[۱۰۷] زۆربەی کۆبوونەوەکانی ئێمە لە ماڵی مام جەلال بوو، لەو کاتەوە لە کۆبوونەوەدانانی پێخۆشبوو، بەشێك لە تەمەنی بۆ ئەوە بەخەرج دا ماوەیەك بوو شەوانە حکومەت گومانلێکراوەکانی شوێنگێریی دەکرد و زیندانی دەکردن، هەوالّ گەیشت کە ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابە لە تاو دەستگیربوون، خۆیان شاردووەتەوە. لەو کاتەدا، تورکەکان موستەفا کەمالیان خۆش دەویست و بە شێوەیەك پەیوەندییان بە تورکیاوە هەبوو بەڵام ئێمە ئەوێمان بە بەندیخانەی کوردەکان دەزانی، لە کاتی دەستگیرکردن و... هاوڕێیانی یەکێتی قوتابیان، ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابە خۆیان دەر نەخست و تا ڕادەیەك چالاکییەکانیان کەم کردەوە. لەو کاتەدا ئەندامانی یەکێتی قوتابیان لەسەر دیوارەکان دەروشمیان دەنووسی: بژی بارزانی، بژی کورد و کوردستان و.... لەو کاتەدا شێخ ئەحمەد و هەندێ لە سەرۆك عەشیرەتەکانی باکووری عێراق گیرۆدە بووبوون. لە هاوینی ساڵی ۱۹۴۹دا لە فیستیڤاڵی لاوان و خوێنکارانی جیهان – لە بوداپێست – هەندێ خوێندکاری کوردیش بەشداربیان کرد، کە دوو کەسیان بریتی بوون لە دکتۆر نورالدین زازا و قاسملوو.[۱۰۸]

له سەرەتای سالّی ۱۹۵۰دا، هەندێك له گەنجەكان به هۆی كاروباری سیاسی دەستگیر كرابوون، وەك دوو كەس له هاوڕێیانی فره نزیكی مام جەلال، مام جەلال داوای كرد بۆ دایكی دوو كەس لەو زیندانییانه پاره كۆبكەینەوه، كاتێك ئەندامانی حیزبی بەم شتەیان زانی، پرسیاریان له من كرد كه هۆی ئەم كاره چییه؟ منیش گوتم: ئەمە پێشنیازی مام جەلاله.[۱۰۹]

دوستان و ڕەفیقان و مامۆستایانی مام جەلال سەبارەت بەو كاته دەگێڕنەوه: ئیتر لێك جیا بوونەوه چونكه من وازم له مامۆستایی هێنا و به شێوەیەكی نهێنی چالاكی حیزبیم شوێنگیریی كرد و له خزمەتی حكومەتدا نەمام، ئەویش وەكوو بەلەمێك كەوتە ناو گێژاوی سیاسەت، زۆر جار له قوتابخانه دەردەكرا و دیسان بانگیان دەكردەوه، جار بوو دەیانگرت و ئازاریان دەدا، بەڵام هەر ڕێگەی خۆی دەپێوا و لای نەدەكردەوه و نەدەوەستا. كەسایەتییەكی هەڵكەوتە بوو و به جۆرێك له كێشەی كورد تێگەییشتبوو و لێكی دابووەوه، دەیزانی چۆن بۆ كورد هەوڵ بدات بەڕاستی بەردەوام لەگەڵ خوێندندا بوو و له ناو كوردەكاندا تەنیا ئەوم دەدی كه ئاوا شەیدای خوێندن بێ، تەنانەت یەك ڕۆژیش نەمدەبینی كه مام جەلال بێكار بێ، هەر سەعاتێ به شتێكەوه سەرگەرم بوو بەراستی تێكۆشان و جوواڵانەوه و شوێنگیرییەكانی ئەو، شیاوی ڕێز بوو. هەموو ڕۆژێك لەگەڵ خەڵك كۆدەبووەوه و باسی كورد و بارودۆخی سیاسی و لەم شتانەی دەكرد و له ڕاستیدا بەم كاره ڕێنمایی خەڵكی دەكرد. كاتێك ئێمە ڕۆمانێكمان دەخوێندەوه، تووڕه دەبوو و دەیگوت: بڕۆن دەربارەی كورد و سیاسەت و مێژوو و كۆمەڵگا كتێب بخوێننەوه.[۱۱۰]

مام جه لال سالّی ۱۹۵۰ ڕۆیشت بو كەركووك، له ساڵەكانی ۱۹۵۱ و ۱۹۵۲ مام جەلال له كەركووك بوو كه خۆپیشاندان له عێراقدا دەستی پێكرد، حكومەت هەموو جاده و كوچه و كۆڵانی پڕ كردبوو له سەرباز و بەرەبەرە حكومەتی سەربازیی دامەزرا. گوتنی دروشمی وەكوو "بژی كورد و كوردستان، بڕووخێ ئیمپریالیزم و...." . كه شەوانه دوای نوێژی عیشا هەندێك كەس دەستیان پێ دەكرد و دەیانگوت، له سالّی ۱۹۵۰دا، تێكۆشانی حیزبی له هەولێردا بووبووه نهێنی. هەموو ئەو هەوڵانه بۆ ئەوه بوو كه ڕاپەڕینی ڕزگاریخوازانه له

١٩٥٤دا، دەست پێ بکات. لەو سەردەمەدا کوردەکان لە بواری مالّی و فەرهەنگی و بیروباوەڕەوە زۆر دەستیان نەدەڕۆیشت، تەنانەت زۆر لە خەڵکی ئاسایی کە هەژاریی بیروباوەڕ بەسەریاندا زاڵ بوو، دژی بزاڤی کوردیی بوون.[١١١]

ساڵی ١٩٥٠ مام جەلال چوو بۆ هەولێر و بەڵگەکانی بردە لای بەرێوەبەری قوتابخانەی ناوەندیی کە ناوی (عوسمان قۆجە) بوو و ئەویش چارەی سیاسەت و کاری سیاسی نەدەویست، و پێی گوتم: بڕۆ بەڵگەی بێبەریی پێشینەی سیاسی، یان ئەستۆپاکی بێنە. ئەمە بەڵگەیەک بوو کە لە سەردەمی مەلیک فەیسەڵ هێنابوویانە ئاراوە و لەلایەن حکومەتەوە دەدرا. منیش گوتم: قوربان مۆر و واژۆی سەر بەڵگەی خوێندنەکەم، پیشاندەری ئەوەیە کە من مرۆڤێکی خراپ نیم. ئەویش لە وەڵامدا گوتی: تۆ لە کۆیەوە هاتووی و وەکوو جەلالەدین حیسامی دەبیتە گێچەڵ بۆ من.[١١٢] مام جەلال بە هۆی تێکۆشانی حیزبییەوە ناوی نرابوو (ئاگر!) و بەڕاستی ئاگر بوو، لە گۆڤاری پارتیشدا هەر بەو ناوناوە وتاری بڵاو دەکردەوە، چونکە ئەندامی نهێنی پارتی بوو لە کۆیە و پارتی زۆر بە ڕێزەوە سەیری دەکرد، خەڵکیش ئێرەییان پێ نەدەبرد چونکە دەیانزانی ناتوانن وەکوو ئەو بن و چالاک بن و ئەگەر کەسێک شتێکی ناڕەوای بگوتایە، هیچ کاریگەرییەکی نەبوو.[١١٣] مام جەلال لەو ساڵانەدا بە هۆی ئەوە کە زیرەک و نەترس و سەروزمان خۆش بوو، باش دەیزانی کە چۆن خەڵک تێبگەیێنێ، بەڕاستی ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بە سیاسەت و ڕۆشنبیریی، هەردەم بەرەنگاری شیوعییەکان دەبووەوە و باس و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکردن، لەسەر کاروباری خۆی سوور بوو و بەڕاستی بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لە کار و تێکۆشاندا بوو. لەوانەی زانستی کۆمەڵایەتی و مێژووی هاوچەرخی عێراق، هەمیشە باشترین نمرەی پۆلی بەدەستدەهێنا. مامۆستاکەش هەموو جارێک دەیگوت: ئەو باشتر لە من کتێبەکە ڕوون دەکاتەوە.[١١٤]

کاتێک مام جەلال چوو بۆ کەرکووک، پارتی دووبەرەکی و جیابوونەوەی تێکەوت. ساڵح ڕوشدی و چەند کەسی دیکە جیا بوونەوە و دوایی برێار درا کە دیسان یەک بگرینەوە، چووین بۆ کەرکووک کە کۆبوونەوەی ئاشتی پێک بێنین، مام جەلالیش هات بۆ ئەو هۆتێلە و

گوتی لەوانەیە ئاشکرا ببین، کەوایە کۆبوونەوەمان نابێ، بەڵام خەڵك بەشداربیان کرد و دیسان پارتی دیموکراتی کوردستان زیندوو بووەوە.

مستەفا بارزانی لە ڕوسیابوو و مام جەلال زۆر خۆشی دەویست و خەڵکی کۆیەش لایەنگربیان لە مستەفا بارزانی دەکرد، بیروباوەڕی خەڵکیش زۆرتر ناسیۆنالیستی بوو و عەرەبەکان بۆ ئێمە نامۆ بوون و بە واتایەکی دیکە، دڵمان پێوە نەبوو زۆر بەینایەتییمان لەگەڵ ئەواندا هەبێ، لە ڕاستیدا ئەوانمان خۆش نەدەویست و پەیوەندییەکی ئەوتۆمان لەگەڵ ئەواندا نەبوو.[۱۱۵] شیوعیەکان زۆر بە تووندیی دژی بنەماڵەی مام جەلال بوون و دەیانگوت ئەمانە تەکیەیان هەیە و کۆنەپەرەستن و ئەڵقەلەگوێی ئەمو ئەون...و ڕەنگە ئەمە هۆکاری دڵبەندیی مام جەلال بە پارتی بووبێ و کاریگەریی زۆری لەسەر ئەو دانابێ کە نەبوو بە شیوعی. بنەماڵەی تاڵەبانی زۆرتر لایەنگری بزاڤی کوردیی بوون، ئەگەرچی شیوعییەکان هەوڵی زۆریان دا کە مام جەلال ڕووبکاتە ئەوان، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك لە مامۆستاکانی بە ناوی نەشئەت کاریگەریی زۆری لەسەر بوو، لەو کاتەدا هەرچەند شیوعییەکان لە ناو هەموو چین و توێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵدا بوون و بانگەشەیان دەکرد، بیری چەپ، کاریگەریی زۆری لەسەر گەنجان بوو و نەیاندەزانی هۆکاری ڕاستەقینەی ئەم ڕووداوە چیە. هەروەها بزاڤی کوردیی بۆ گەنجان نادیار بوو و گەلێ جار شیوعییەکان سووکایەتیان بە بارزانی دەکرد و ئەویان بە مرۆڤێکی گوندیی و نەخوێندەوار ناو دەبرد.

لەبەرانبەر دا، شیوعییەکان خۆیان بە پاڵەوان ڕۆستەم و قارەمان دەناساند، ئەوان لە بنەڕەتدا دژی هەر چەشنە بزاڤێکی کوردیی بوون. شیوعییەکان بزاڤی کوردییان بە جودابیخواز و سەربەخۆ دەزانی کە لە ژێر کاریگەریی ئەمەریکا و لەندەن و....دان، و زۆر تاوانی نابەجێ و ناڕەوای لەم چەشنەیان دەدایە پاڵی. ئێمە هەوڵمان دەدا بە ئەندێشەی کۆمۆنیزم خۆمان هۆشیار بکەین و بەرانبەر شیوعییەکان ڕابووەستین، لە کوردستاندا دەستمان بەسترابووەوە و حیزبەکان بە نهێنی کاریان دەکرد و حکومەتیش دەگەڕا بە شوین بەڵگەیەك کە بزانێ کێ لەگەڵ کام پارتییە و بە خێرایی فایلێکی بۆ دروست بکات. ئێمەش نەماندەویست ئاتۆیەك بدەینە دەست دەوڵەت و بە خێرایی دەستگیرمان بکات،

چونکه له ئاکامدا حکومەت هەموو چالاکانی سیاسی بە ناوی شیوعی دادگایی دەکرد تا پارتی، سەرەڕای ئەوە حکومەتیش لەو کات و ساتەدا زۆر دەسەلاتی نەبوو.[۱۱۶]

کاتێك دەیانگوت مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، شیوعییەکان ڕەتیان دەکردەوە و دەیانگوت شتی وا نابێ، لەسەر ئەوە کێشە و ململانێی زۆر بە تاکی و بە گشتی دەهاتە پێشەوە کە گەلۆ ئەو شتە هەیە یان نا، شیوعییەکان دەیانگوت بارزانی سەرۆکی کوردانە و هەڤاڵی سۆڤیەتە، بەڵام سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان نییە، سەرەنجام دەرکەوت کە وا نییە و لە کاتی خۆیدا وەکوو سەرۆك هەڵبژێردراوە و خۆی بە سەرۆکی ئەو پارتییە دەزانێ، مەگەر جارجار کە تووڕە دەبوو، دەیگوت: من سەرۆکی حیزب نیم! لە حیزبی شیوعیدا دەیانگوت ستالین وای گوت و وای کرد و ئاوا هەستا و ئاوا دانیشت و وەکوو قورئان، شۆێنگیریی دەکرا و لە ناو کوردەکانیشدا مستەفا بارزانی هەر بەو شێوەیە بوو. کاتێکیش سۆڤیەت پەنای بە مستەفا بارزانیدا، بوو بە هۆکاری ئەوە کە کوردەکان بە چاوێکی دیکە سەیری سۆڤیەت بکەن و بە دۆست و ڕزگاریدەر و ئازادیخوازی بزانن، تەنانەت هەندێ لە ئاواز و سرودە نیشتمانییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتبوو کە لە کاتی کۆماری کوردستان و دیموکراتی ئازەربایجان، لە ئێراندا بڵاو دەبووەوە. کۆماری ئازەربایجان لە ئێران سێ ڕۆژگرامی هەبوو بە زمانەکانی کوردیی و ئازەریی و فارسی، تا ساڵی ۱۹۵۳ واتە تا کودەتای زاهیدی دژی موسەدیق لە ئێراندا، ئەم ڕادیۆیە بەرنامەکانی پەخش دەکردەوە.[۱۱۷]

لقی کوردیی حیزبی شیوعی چووە ناو پارتی، چونکە ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە ئەم کات و سەردەمە دەبێ تەرخان بدرێت بە ناسیۆنالیزمی کوردیی بۆ ئەوەی کوردەکان بە شۆێنێك بگەن. چونکە لە ئەدەبیاتی شیوعییەکاندا کورد هاوولاتی پلە دوو دەهاتە ئەژمار. لە ساڵی ۱۹۵۲دا بەهادین نوریی - بە نازناوی باسم - بوو بە سکرتێری حیزبی شیوعیی عێراق، لە بەرنامە تازەکەی ئەو، ڕێزی دەگرت لە کوردەکان و کوردە ئێزدییەکان و ڕەخنەی دەگرت لە بەرنامەی پێشووی فەهەد کە مافێکی بۆ کوردەکان لەبەرچاو نەگرتووە.[۱۱۸] بەداخەوە بیر و ئەندێشەی شیوعیەکان بووە هۆی ئەوە کە عەرەبەکان دژی

کورد ڕابوەستن، تەنانەت لەو کاتەدا کە عەرەبەکان هیچ دژایەتییەکیان نەبوو، شیوعییەکان بەبێ هیچ بەڵگەیەک و تەنیا بەپێی سیاسەتی ڕەش و وەکوو ئەمێری *داکوتان، کوردیان* تاوانبار دەکرد بە جوداییخواز. لە ٥ی ئازاری ۱۹۵۳ ستالین، سەرۆک و سیاسەتوانی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت کۆچی دوایی کرد. ئەویان بەسەرۆک و سیاسەتوانی شیوعیی سۆڤەت و سەرکەوتووی جەنگی جیهانی دووهەم ناو دەبرد و بڕێک لە کوردەکانیش بەسەرەخۆشی دوای مەرگی ئەو سەر قاڵ بوون. "کاتێک ستالین نەخۆش کەوت، ئێمە هەموومان لە پەژارەدا بووین، کاتێکیش مرد، سەرەخۆشیمان لە یەکتر دەکرد، هەندێ لە لێپرسراوان وەکوو بارانی بەهار فرمێسکیان هەڵدەڕشت".[۱۱۹]

لەو کاتەدا هەمزەعەبدوڵڵا کە لە ناو پارتیدا بوو، خەڵک لێی ناڕازی بوون، چونکە ئەو زۆر پەیڕەوی لە شیوعییەکان دەکرد و زۆرتر بەرژەوەندیی ئەوانی لەبەرچاو دەگرت تا بەرژەوەندیی نەتەوەیی، گرووپێک بۆچوونیان وابوو حزب بکەن بە حزبی شیوعی کوردستان و خۆیان ببەستنەوە بە تیۆری مارکسی لێنینەوە، تا لەو ڕێیەوە خەباتی چینایەتی لە کوردستان وەگەڕ بخەن، حزبی شیوعی عێراقیش زۆر نەیاری ئەو بۆچوونانەی ئەوان بوو، لەسەرەتاوە حزبی شیوعی گرووپی کوردە چالاکەکانی بە ناپاکی چینایەتی تۆمەتبار دەکرد، وە کەسانێک هەبوون کە لە ڕوانگەیەکی دوور لە زانست و تەسکەوە سەیری کوردستانیان دەکرد و زۆر دژی خەباتی چینایەتیبوون بوون، بۆ نموونە لەو سەردەمەدا چالاکیی سەراپایی کوردستانیان لەژێر بەیداخی شووڕا دەبینی. ئەڵبەت ئەوانە لەناوخۆی حزبدا کەمینەبوون.

زۆرینەی کەسەکان، خەبات و بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردیان بە مەسەلەیەکی بنەڕەتی دادەنا و پشتیوانییان لە هەر پێشنیازێک بۆ چارەسەری کێشەکانی کوردستان، وەکو کشتوکاڵ و کرێکاران و...دەکرد ئەڵبەتە زۆرینەی ئەندامان لە سۆڤیەت وەک پشتیوانێکی گەورەی دەوڵەتی کوردی ناویان دەبرا.[۱۲۰] لەو کاتەدا پارتی دیموکراتی کورد خۆی بە حیزبێکی مارکسی دەناساند، واتە لە ژێر کاریگەریی مارکسیزمدابوو، تەنانەت کێشە لەسەر ئەوە بوو کە پارتی دیموکراتی کورد کە حیزبێکی مارکسییە، وەکوو شیوعی

وایە بەڵام بە هۆی بارودۆخی تایبەتی کوردستان، بۆمان نییە ناوی شیوعی لەسەر دابنێین. پارتی دیموکراتی کورد وەکوو زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژئاوا بە ڕواڵەت ناوێکی جیاواز لە شیوعی هەبوو، وەکوو پارتی گەل، پارتی یەکگرتوو و...کە بە ڕواڵەت ناوی شیوعییان پێوە نەبوو، بەڵام لە ناوەڕۆکدا شیوعی بوون، پارتی دیموکراتی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش خۆیان بە مارکسی و لایەنگری سۆڤیەت دەزانی.[١٢١]

لە ساڵی ١٩٥٠، ١٩٥١دا کۆبوونەوەیەک لە ماڵی عەلی حەمدی خەڵکی خانقین لە گەڕەکی دەواسی بەغدا ڕێك خرا و زۆر کەس لە کۆیە و هەولێرەوە هاتبوون، کەریم تۆفیق، محەمەد شوان، مام جەلال، عومەر دەبابە، نووری شاوەیس، سالح یوسفی، ئەحمەد تەها – هەمزە عەبدوڵڵا کە مۆری بارزانی پێ بوو – و...کە هەمزە لەوێدا مۆرەکەی دایەوە بە حیزب. لەو کۆبوونەوەدا لە سەر مێزەکان خواردنەوەیەکی زۆر دانرابوو و من زۆرم پێ سەیر بوو کە چۆن لە کۆبوونەوەی حیزبیدا ئەم بەزمانە دەبێ! پاشان گوتیان ئەوە لەبەر هێزەکانی حکومەتە و ئەگەر هێرشیان کردە سەرمان، بڵێین ئەمە بەزمێکی مەیخواردنەوەی شەوانەیە، لەوێ کۆنگرەکە دەستی پێکرد، چەند ڕۆژێك ئەو کۆبوونەوانە بەردەوام بوو و کەسانی نوێ هەڵبژێردران، بەڵام عومەر دەبابە خۆی کاندید نەکرد و پێش لە هەڵبژاردنەکەش هەمزە مۆرەکەی دابووەوە، زۆر داوا کرا لە عومەر دەبابە کە خۆی کاندید بکات بەڵام ئەو قایل نەبوو، ئیبراهیم ئەحمەد بوو بە سکرتێر و چەند کەسی تازە و پێشووش چوونە ناو کۆمیتەی ناوەندیی، کنۆگرەی دووەەم حاڵەتێکی شازی هەبوو.[١٢٢]

لەو کاتەدا، ئیبراهیم ئەحمەد لە سلێمانی بوو، بارزانی زۆر لە هەمزە تووڕە و زوێر بوو، چونکە ناوەڕۆکی وتار و سەروتارەکانی گۆڤاری خەبات، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ گۆڤاری شیوعییەکان نەبوو دەتوانین بڵێین هەر ئەوە بوو، هەمزە زۆر دڵبەندیی بە لای شیوعییەوە هەبوو هەموو کاتێك بارزانیی ئاگادار دەکردەوە و دەیگوت "من ئامۆژگاریی تۆ دەکەم". بەڵام بارزانی گوێی نەدەدایە و خوازیاری لاچوونی ئەو بوو، دوای ڕۆشتنی بارزانی بۆ ڕوسیا، کێشە کەوتە نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵڵا، هەردوولا هەوڵیان دەدا ئەندامانی پارتی بەرەولای خۆیان ڕابکێشن، بارزانی بە هەژاری دەگوت: چی بکەم، ئیبراهیم

ئەحمەد هەلپەرەستە لەوانەیە ناموسی خۆی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بفرۆشێ، کەسێکی دیکە ناناسم بیخەمە جێگەی، ئەگەریش دەریبکەم، پێم دەڵێن دیکتاتۆرە.[۱۲۳] ساڵی ۱۹۵۱ لە بەغدا، لە مالّی عەلی حەمدی کۆنگرەی دووی پارتی دەست پێکرا کە ۳۰ کەس بەشداربیان تێدا کرد و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییان[۱۲۴] دیاریی کرد، هەمزە عەبدوڵڵا جیابووەوە و بەرەی پێشڕەوی پارتی دیموکراتی کوردی پێکهێنا و چەند کەسێکی[۱۲۵] خەڵکی سلێمانیش هاوڕێیەتیان کرد. لە کۆنگرەی دووی ساڵی ۱۹۵۱ ئیبراهیم ئەحمەد بوو بە سکرتێری پارتی، هەر لە هاوینی ئەو ساڵەدا ڕاگوێز کرا بۆ کەرکووک و ناوی پارتی گۆڕی بە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کەدەبێ لە بیر و فەلسەفەی مارکسیزم بەهرە وەربگیرێت و ئەم حیزبە ببێتە حیزبی کرێکاران و جوتیاران لە کوردستاندا، هەروەها دروشمی دیاریکردنی چارەنووس و کۆماری دیموکراتیکی عێراق و کوردستانی دەدا و زۆر بە توندیی دژی سیستمی دەرەبەگایەتی و چالاکی شیوعییەکان لە کوردستان بوو.

ئیبراهیم ئەحمەد لە کەرکووک بە یارمەتی عەلی حەمدی و میرزا عەبدولکەریم گۆڤاری (رزگاری)یان بڵاو کردەوە، ئەو حیزبی شیوعیی عێراقی بە دۆستی کورد دەزانی و هەوڵی دەدا دوو لایەنی (القاعدة و رایة الشغلیة) لێک نزیک بکاتەوە.[۱۲۶]

لە ساڵی ۱۹۵۱ کە بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کورد، و دواجار ناوەکەی بە پارتی دیموکرات گۆڕدرا، مام جەلال ئاشنایەتی و هاریکاریی و خەباتی هاوبەشی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵڵا دەست پێکرد، ئەڵبەت ئەو ئیحتمالە هەیەکە پێش ساڵی ۱۹۵۱ ئیبراهیم ئەحمەد، مام جەلالی دیبێ. مام جەلال لە ۱۹۵۱دا هەڵبژێردرا بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی، بەڵام ئەو جێگەی خۆی سپارد بە کەسێکی دی، ئەو پارێزەرێک بوو تازە لە زیندان ئازاد بووبوو، ناوی ڕۆژنامەی ڕزگاری زمانحاڵی پارتی گۆڕی بۆ خەبات. هەر هەمان ساڵ ئیبراهیم ئەحمەدیش وەک کەسایەتییەکی دیار ناسرا، هەمزە عەبدوڵڵاش دەرکرا، پارتی دوو لقی هەبوو و چەند ڕێکخستنی ناوخۆی هەبوو وەکوو: ئەنجومەنی لاوان و قوتابیان و ژنان و.....کە پێشتر لەگەڵ عێراق بوو و ئێستا لەگەڵ

پارتییه. بەڵام ئەمجارە حیزبی پارتی بە هەوڵی مام جەلال جیا بووەتەوە و سەربەخۆیە، دیارە شیوعییەکان ئەمەیان بە دڵ نەبوو، سالّی ۱۹۵۳ مام جەلال ڕۆیشت بۆ زانکۆی بەغداد. بنەماڵەکەی حەزیان دەکرد ببێتە پزیشک، بەڵام پارتی نەیهێشت بچێتە زانکۆی پزیشکی بەڵام بەهۆی چالاکی سیاسی و بیروباوەڕیەوە جەلال لە درێژەدان بە خوێندن لە کۆلێژی پزیشکی ڕێگری لێ کرا.[۱۲۷]

لە ڕۆژانی خوێندکاریی زانکۆییدا لەناو هەموو هاوڕێ و هاوتەمەنانیدا بەهۆی فیکر و باوەڕەکەیەوە بە تەواوی دەرکەوتبوو، هەرچەند لە زانکۆدا بە پێی ژیانی سیاسی، زۆر جار لە پۆلدا نەبوو، لە دەرەوەی زانکۆ دەمدی، بەڵام ئەو هەر سەرگەرم بوو بە خوێندنی خوێندنەوەی جیا لە دەرسەکانی و زانکۆ، پەیوەندیی باشی لەگەڵ خەڵکدا هەبوو، هەر لە بازرگان و نەجار و وەستا بگرە هەتا مامۆستا و سەرباز. لە گفتوگۆ سیاسی و ئایینی و نەتەوەییەکاندا بەشداریی دەکرد و خۆی پێوە ماندوو دەکرد. لایەنگری باسوخواس بوو و شەو و ڕۆژ دەمەتەقەی دەکرد و ماندوو نەدەبوو.

هێرانامەی کتێب

لە مانگی تشرینی دووەمدا جوولانەوە و ڕاپەڕین و بەرخۆدان لە عێراق سەریهەڵدا، ئەو سەردەمە مام جەلال لە کۆلێژی ماف و منیش لە کۆلێژی ئەندازیاری بووم، ئەو حەزی بە پارتی دیموکرات و منیش خولیای کۆمۆنیزمم هەبوو، ئەو ڕۆژگارە من سەرپەرشتیاری جێبەجێکردنی ئاهەنگی خوێندکارانی کۆمۆنیستی عێراق بووم و ناوی ئەوم بیستبوو و دەشمناسی، ئێمە پەیوەندییمان بە کەسێکی کوردەوە هەبوو ناوی جەمیل عەبدولڕەحمان بوو، خەڵکی کۆیە بوو، ئەو دۆستایەتی و هاتوچۆی لەگەڵ جەلال هەبوو، لەو سەردەمەدا کە خوێندکار بووین، ئیدی مام جەلال لە ڕیزی سەرانی پارتیدا بوو و لە نێوان خوێندکاراندا دیار بوو، ئەڵبەت ئاتۆیەکی نەدەدایە دەست دەوڵەت بەڵام چەند جار دەستگیر کرا. کاتێک کاریەدەستێکی بەغدا دەهات، ۲۰۰، ۳۰۰ خوێندکاری ئازاوەچییان ـ لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە ـ کۆ دەکردەوە کە هیچ نەقەومێ.لە ڕیزی یەکەمی ئەوانەی دەستگیر دەکران جەلال دیار بوو، زۆر جار عەسرانە لە زانکۆوە بە پێیان دەچووینە ناوچەی حەیدەرخانە بۆ دوکانی

بەشیر موشیر. ئەو کتێبی دەفرۆشت و خەیاتیش بوو، زۆربەی کوردەکان ئێواران لەوێ کۆدەبوونەوە و جێگەی دەمەتەقێ و باس و گفتوگۆ بوو.[۱۲۸]

دوایی لە ساڵی ۱۹۵٦ لە کوردستانی عێراقدا ئەم هەواڵە بڵاوبووەوە کە لە قەیرانەکەی کەناڵی سوێسدا بارزانی نامەیەکی بۆ عەبدولناسر نووسیوە و ئامادەیی خۆی ڕاگەندووە بۆ جەنگ دژی ئەو سێ وڵاتە، بەڵام لەوە ناچێ ئەم هەواڵە بنەمایەکی دروستی هەبێ، چونکە لە ناو خەڵکدا قاووڕاوی بێ بەڵگەی ئەوە هەبوو کە بارزانی دەیەوێ هاوکاریی ناسر بکات، ئەڵبەت ڕەنگە کەسێک لەلایەن پارتییەوە و بە ناوی بارزانی، نامەیەکی وەهای نووسیبێ و ناردبێتی، بەڵام لەو کاتەدا بارزانی لە مۆسکۆ بوو و دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو کە یارمەتی ناسر بدات. لەو ساڵەدا مام جەلال لە کەرکووک دەهات بۆ مالّی ئێمە، گەنج بووین و قسەمان دەکرد و پێکەوە ڕاوێژمان دەکرد، لە ساڵەکانی ۱۹۵۲ ـ ۱۹۵۳دا ئیبراهیم ئەحمەد لە کەرکووک بوو مرۆڤێکی جوانچاک، قسەخۆش، بە ڕەوانبێژیی و زیرەکانە و ڕێکوپێک و لەسەرخۆ دەدوا، مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و زانا بوو و بیروبۆچوونەکانی کاریگەریی زۆری لەسەر جەلال هەبوو. مام جەلال لە هاتوچۆی کەرکووکدا بوو و سەرگەرمی ڕێکخستنی حیزبی بوو، هات بۆ مالّی ئێمە و بە خۆشییەوە باسی حیزب و چالاکیی حیزبی دەکرد.[۱۲۹]

لە ۲٦ی کانوونی دووەمی ۱۹۵۳دا، لە کەرکووک کۆنگرەی سێیی پارتی دەستی پێکرد کە ۳۵ تا ٤۰ کەس بەشداربیان تێدا کرد و بیروباوەڕی مارکسی لینینی هاتە ئاراوە، ناوی پارتی دیموکراتی کورد گۆڕدرا بە پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەکەشی لە ڕزگارییەوە گۆڕدرا بە خەبات، ڕێکخراوە جەماوەرییەکان ـ لاوان، ژنان و کچان و.....ـ دابارییکران لە ڕاستیدا نەورۆزی ساڵی ۱۹۵۳، شتێکی تایبەتی بوو لە مێژووی هەولێردا، چونکە ژمارێکی زۆر لە کوردەکان، بۆ وێنە ۱۷٦ کەس لە کوردەکانی بەغدا بەشداربیان تێدا کرد. ژنان و کچانی کورد ئەڵقەی هەڵپەڕکێیان تەنیبوو.

لەو ئاهەنگە مێژووییەدا کە بنجی سیاسی بوو و لە جوانترین ناوچەی هەولێردا بەڕێوەچوو، جەلال تاڵەبانی وتارێکی دوورودرێژی خوێندەوە و و زۆرتر لە سەعاتێک سەبارەت بە دۆخی نالەباری کوردستان و ئیمپریالیزمی جیهانی و.... قسەی کرد و داوای

لە جەماوەر کرد یەکبگرن و هەوڵ بدەن بە بردنە سەرەوەی ئاستی زانیاریی و ئاوەزەوە هەنگاو بنێنە ناو گۆڕەپانی خەبات، بۆ ئەوەی کوردەکان زووتر بە ئامانجیان بگەن، ساڵی ١٩٥٣ - ١٩٥٤ تا ڕادەیەک ساڵی چالاکی و تێکۆشان بوو. بەردەوام بیروباوەڕی تاق لاوییمان لە گۆڕانکارییدا بوو. گەشەی بیری نەتەوایەتی، خوێندنەوەی کتێبی مارکس و لینین، خوێندنەوەی ڕۆژنامە - جارجار نامە-. جاری وابوو بە نهێنی یارمەتی بنەماڵەی زیندانییەکانمان دەدا، بە بۆنەی عومەر دەبابە لەگەڵ پارێزەری دادگا، ئیبراهیم ئەحمەد ئاشنا بووین، لەو کاتەدا پارتی لە تێکۆشاندا بوو. لەو سەردەمەدا خەبات، پاکی و نیشتمانپەروەریی بوو، پارە و سەرمایە و بودجە و بەرژەوەندیی لە بەیندا نەبوو. نەک هەر پارتی، بەڵکوو حیزبەکانی دیکەش ئەندامانی دڵپاک و باشیان هەبوو.

تێکۆشان بۆ کورد و کوردستان، ژمارەیەکی زۆر لایەنگری بۆ پارتی کۆکردبووەوە، لە ساڵی ١٩٥٣دا مام جەلال و عەونی یوسف، مۆڵەتی بەڕێوەبردنی ئاهەنگی نەورۆزیان لە حکومەت وەرگرت، ئەو نەورۆزە گۆڕانکارییەکی زۆری لە کۆمەڵگای کوردییدا بەدی هێنا، چونکە ئەمە یەکەم نەورۆز بوو کە شیوعی و پارتی پێکەوە بەشداریان تێدا کردبوو، پێشتر لە شارەکانی دیکە بە نهێنی بەڕێوە دەچوو، هەروەها لەو ئاهەنگەدا ژنەکان لە هەڵپەڕکێ و مۆسیقادا بەشدار بوون کە بۆ کۆمەڵگایەک کە بیری وشک و تونڕەویی هەبوو ئەو ڕۆژە بۆ مام جەلال سەرکەوتنێکی گەورە بوو، چونکە ١٧٦ کورد لە بەغداوە هاتبوونە ئەو شارە کە یەکیان حەبیب عەبدولکەریم بوو. لەو ئاهەنگەدا مام جەلال نزیکەی دوو سەعات لێدوانی دا و وڵاتانی داگیرکەری بە پەرپرسیار زانی لە بەرانبەر دۆخی نالەباری کوردستان و داوای لە جوتیاران و خەڵک کرد، یەک بگرن و ڕێبکەون تا بە ئازادیی بگەن. بە شوێن ئەو ئاهەنگەدا بوو کە لە مانگی ئەیلوولی ١٩٥٣ بزاڤی جوتیاران و کرێکاران دەستی پێکرد و حکومەت مام جەلالی تاوانبار کرد بەوە کە دەستی بووە لە ئاژاوەنانەوە و پشێویی، پاشان فەرمانی گرتنی دا و ئەویش دەرچوو بۆ سووریا و لەو ساڵەدا لەگەڵ شەمسەدین موفتی، یەکێتی خوێندکارانی پێک هێنا.[١٣١]

بەڵام لە ۱۹۵۳دا، تارادەیەک بارو دۆخ هێمن تر بووبووەوە، جوتیارەکانی ناوچەی هەولێر بە هاندانی حیزبی شیوعی دژی ئاغا و دەرەبەگەکان ڕاپەڕین و یەکەم تاقمی چەکداریش پێکهات، بەم بۆنەوە حکومەتی نووری سەعید، حوکمی بەسەر زۆر کەس لە جوتیار و گوندییەکاندا سەپاند کە بۆ ماوەی شەش مانگ بەردەوام بوو و بە تەواوی سەرکوت کرا، لە ڕاستیدا حیزبی شیوعی نەیتوانی ئەو بزاڤە بەڕێوە ببات و ئەمە بووە هۆی ئەوە کە ئاغاکان لەخۆبایی ببن و دیسان هاتنەوە سەر دەور و ساحە، لە مانگی ئابی ۱۹۵۳دا، لە هەولێر بووم و هەموو ڕۆژێک گوێمان لە ڕادیۆی ئازەربایجان دەگرت و زۆریش بۆی بەپەرۆش بووین، بەڵام دەبوو بە نهێنی گوێمان بۆ ڕابگرتایە چونکە قەدەغە بوو.[۱۳۲] لە ساڵی ۱۹۵۳دا، دکتۆر خالید لە کەرکووک، باسی سیاسی بۆ مام جەلال دەکرد و ئەویش بە حەز و تاسەیەکی زۆرەوە گوێی بۆ ڕادەگرت و هەر لەو کاتەشدا ئێمە هەستمان بە مەترسی هێزەکانی ئاسایش دەکرد. بارزانی لە ڕوسیاوە وێنەی دەنارد و لە سەری نووسیبووی مارشاڵ مستەفا بارزانی، کە بە جلوبەرگی سەربازییەوە بوو و لە ناو خەڵکدا دەفرۆشرا، هەندێ لە منداڵەکان ئەو وێنەیان دەکڕی و وا بیرمان دەکردەوە کە چالاکییەکی سیاسی زۆر پڕمەترسیمان هەیە، کاتێک پۆلیس دەهاتن و لە نزیکمانەوە تێپەڕ دەبوو، دڵەڕاوکێمان دەگرت و وێنەکەمان دەشاردەوە، بەڵام بارزانییمان بە سەرۆکی پارتییەکەمان دەزانی.

لە ساڵی ۱۹۵٤دا، حکومەت دژایەتیی بەرانبەر حیزبایەتی بە تووندیی پیشان دا و خانووی ئەو کەسانە کە گومانیان لێ دەکرا چالاکوانی سیاسی بن، کەوتنە بەر پشکنین و هەندێکیان دەستگیر کران، تەنانەت هەندێ کەس دەبوو بەیانی و عەسر، لە ناوەندی پۆلیسدا واژۆ بکەن، بەم هۆیەوە زۆر کەس هوشیار و چاودێر بوون، لە هاویندا حکومەت زەختی زۆرتری سەپاند. دڵەڕاوکێی خوێندنەوەی کتێبە سیاسی و فەلسەفی و میژویی و ئەدەبییەکان هەر لە مێشکی گەنجەکاندا مابووەوە، هەرچیمان دەست دەکەوت دەمانخوێندەوە، چالاکی ئێمە لەو کاتەدا زۆر بەرچاو بوو، وەک حزبێک سەیر دەکرا و ئەگەر شتی کیان بەکەسەوە بگرتایە دەیانبرد بو سجن.هەمیشە پرسیارمان دەکرد کە لە شارێکی کوردنشینی وەکو کەرکووکدا بۆ دەبێ ئێمە بە کوردیی نەخوێنین؟ بۆ دەبێ کوردستان لە نێوان چوار وڵاتدا دابەش کرابێ؟ بۆچی حکومەتێکی سەربەخۆمان نییە؟ بۆ دەبێ یەکێتی

قوتابیان قەدەغە بێ؟ دوایی لە ساڵی ١٩٥٣دا لە بەغدا مام جەلالم بینی و هەمیشە گۆڤارێکی بە دەستەوە بوو و دەیدا بە خەڵك کە بیخوێننەوە. مام جەلال لە ڕۆژنامەی (الاهالی) وتاری دەنووسی. لە ساڵەکانی ١٩٤٩ تا ١٩٥٠، هەر لەو کاتەدا کە خوێندکار بوو، لەو گۆڤارەدا کە پەیوەندیی بە دیموکراتەکانەوە هەبوو بە زمانی عەرەبی دەینووسی، یەکێك لە هۆکارەکانی دەستگیربوونی مام جەلال نووسینی ئەو وتارانە بوو لە ڕۆژنامەی (الاهالی). لە ساڵی ١٩٥٤دا چوو بۆ سووریا و خۆی لە حکومەتی نووری سەعید شاردەوە، ئەو یەکەم کەسێك بوو کە لە ترسی دەستگیربوون، لە سوریا خۆی وەکوو پەنابەر ناساند.[١٣٣]

لە ساڵی ١٩٥٤دا، لەگەڵ جەلال لە بەندیخانەدا بووین و شەوانە گفتوگۆمان دەکرد، دەنگدانی ئەنجومەنی نیشتمانی دەستی پێکرد و حکومەت نوێنەرەکەی خۆی کە مەلا حەوێز ئاغا بوو، دیاریی کرد و دەویست سەربکەوێ. پارتیش مەسعوود محەمەدی لەبەرچاو گرتبوو و تەشجیعی کرد کە ببێتە نوێنەر، هەوڵی بێوچانی لاوانی لایەنگری پارتی بوو بە هۆی ئەوە کە عاقیبەت مەسعوود محەمەد سەرکەوێت ،بەڵام ئەم هەڵبژێردراوە نەچووە پەرلەمان، نووری سەعید ئەنجومەنی نوێنەرانی هەڵوەشاندەوە و ئێمە ٣٧ کەس بووین کە دەستگیر کراین و لە بەندیخانەی هەولێر دابەش کراین بە ناوەندی جۆربەجۆری مەحکەمە، جەلال جۆبار و فاتیح ڕەسوڵ و عەلی عەبدوڵڵا و مام جەلال و....تا مانگێك لە بەندیخانەدا بووین، تا کاك حاجی مەحموود هات و بوو بە کەفیل و لە بەندیخانە ئازادی کردین. لە بەندیخانەشدا بە جێگەی ئەوە کە دەست بە ئەژنۆ بین و پەژارەمان بێ و هەندێ هێمنتر بین و عاجز دانشین، هەر خەریکی گۆرانی وتن و قسەی خۆش و گۆڵمەز بووین، کارێکی دیکەمان نەبوو، ڕۆژێکیان بڕیارمان دا مان بگرین، مانمان گرت و سەری چەند سەربازێکمان شکاند، پاشان عەبدوڵڕەحمان عەزیز لەلایەن حکومەتەوە هات و گوتی: چیبە، چیتان دەوێ؟ ئێمەش داخوازییەکانمان هێنایە ئاراوە. لە زستانی ساڵی ١٩٥٤دا، کۆبوونەوەیەك بە بەشداریی ئەحمەد، حیلمی عەلی شەریف، عەبدوڵڕەحمان زەبیحی پێکهات و ڕوون بووەوە کە گیروگرفتی هەردوو لایەن، تاکی و پەیوەندیی خودی ئەو کەسانەوە هەیە، پاشان هەردوو لایەن دیسان یەکیان گرتەوە و پارتی دیموکراتی

کوردستانیان دامەزراندەوە و بەرنامەیەکی نوێیان نووسیەوە، لە ساڵی ١٩٥٤دا، هەردوو لایەنی پارتی و حیزبی شیوعی لیستێکی هاوبەشیان بڵاو کردەوە بۆ بەشداریی لە دەنگدانی پەرلەمانی عێراق، لە هەمان ساڵدا، مام جەلال لە کەرکووکدا خوێندکار بوو و بیری ئەو سەرگەرمی سیاسەت بوو و لە مانگێکی کرێدا دەژیا، لە زانکۆ فەرعی داد بۆ هەموو خوێندکاران ناسراو بوو و بە هۆی تێکۆشان و چالاکییەکانی و هەروەها خوێندنەوەی دەرەوەی هەرێمی زانکۆ و.....جارجار دەچوومە زانکۆ و چاوم پێی دەکەوت، بەڵام لەپڕ خۆی شاردەوە و تا ماوەیەک نەهاتە زانکۆ، چونکە لە ژێر زەخت و زۆر و چاودێریی پۆلیسی نهێنیدا بوو.[١٣٤]

***

دستور کودتا از طرف چرچیل و آیزنهاور صادر شده بود. اولی به خاطر انتقام ملی شدن صنعت نفت و دومی به خاطر ترس از حاکم شدن کمونیسم بر ایران. خلع دکتر مصدق به وسیله انجام کودتا یک بار هم قرار بود در سال ۱۳۳۱ بیفتد. اما مصدق متوجه شد و با تعطیل کردن سفارت انگلیس در تهران و اخراج تمام دیپلمات‌های انگلیسی، این برنامه را ناکام گذاشت. غروب روز ۲۴ مرداد ۱۳۳۲ گروهی از افسران سیا در ویلای امنی در تهران گردهم آمدند. قرار بود در نیمه شب آن روز رمز عملیات آژاکس با عنوان «حالا دقیقاً نیمه شب است» به صورت رمز از رادیو بی‌بی‌سی اعلام شود.کودتای ۲۸ مرداد تأثیر مهمی بر روابط ایران و آمریکا گذاشت که هنوز آثار آن در روابط دو کشور محسوس است. در ۱۸ مارس سال ۲۰۰۰ میلادی مادلین آلبرایت وزیر امورخارجه آمریکا در سخنرانی خود گفت: در سال ۱۹۵۳ آمریکا نقش موثری در ترتیب دادن براندازی نخست‌وزیر محبوب ایران محمد مصدق داشته است.

دولت آیزنهاور معتقد بود که اقداماتش به دلایل استراتژیک موجه‌اند ولی آن کودتا آشکارا باعث پس‌رفت سیر تکامل سیاسی ایران شد و تعجبی ندارد که هنوز بسیاری از ایرانیان از این دخالت آمریکا در امور داخلی آنان ناراحت‌اند. علاوه براین در ربع قرن بعد از آن ایالات متحده و غرب پیوسته از رژیم شاه حمایت کردند. دولت شاه هرچند کارهای زیادی برای پیشرفت اقتصادی ایران انجام داد ولی مخالفان خود را بی‌رحمانه سرکوب کرد / *Wikipedia*

هوالنامه‌ی کتاب

هەواڵنامەی کتێب

٤

هیوای سۆفی لە بارەگای پیر

١٩٥٥ -١٩٥٧

جەنگی جیهانیی دووەم تەواو بوو. لە ماوەی ١٠ ساڵی یەکەمی پاش جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٤٧–١٩٥٦) سێ پووداوی گەورە –سەربەخۆیی هیندستان و پاکستان (بە سەرۆکایەتیی گاندی[1] لە ١٩٤٧دا)، خۆماڵیکردن و سەربەخۆیی پیشەسازیی نەوتی ئێران[2] (بە سەرۆکایەتیی موسەدیق لە ١٩٥١دا)، ڕزگارکردنی کەنداوی سوێس (بە سەرۆکایەتیی عەبدولناسر لە ١٩٥٦دا) — لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ناوچەی پڕ ئاڵۆزیی جیهان، ڕووبان دا. هەر یەکەیان گورزێکی بەهێزیان لە پەیکەری ئیمپراتۆریی بەریتانیای گەورە وەشاند. پاش جەنگی جیهانیی دووەم، بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی بە ئامانجی خەبات دژی دەوڵەتە گەندەڵەکان و هێزەکانی ئیمپریالیزم، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەرکەوت.

هێزی ناسیۆنالیست لەو وڵاتانە، یەک بە دوای یەک دژ بە ڕژێمە دیکتاتۆری و دەسەڵاتە داسەپاو و زۆردارەکان ڕاپەڕین. لە ساڵی ١٩٥٢دا، جەمال عەبدولناسر ڕژێمی سەڵتەنەتی میسری ڕووخاند و لە ساڵی ١٩٥٤دا بە لابردنی سەرلەشکەر نەجیب، خۆی لەسەر کورسیی دەسەڵاتی میسر دانیشت. لە ساڵی ١٩٥٣دا، موسەدیق دەسەڵاتی سەڵتەنەتی لە ئێراندا بەرتەسک کردەوە و بە کورتکردنەوەی دەستی موحەممەد ڕەزا شا، خۆماڵیکردنی پیشەسازیی نەوتی هێنایەوە ژێر دەسەڵاتی ئێرانییەکان و کۆڵۆنیالیستی پیری بەریتانیای بە چۆکدا هێنا، کە هەندێک جار ئێرانییەکان بە شۆڕشی دوو[3] ناوی دەهێنن. جەمال عەبدولناسریش لە ١٩٥٦دا، لە کەناڵی سوێسدا هەر ئەو کارەی کرد و گورزێکی سەختی لە پەیکەری ئیمپریالیزم دا. ئەڵبەت عەبدولناسر خۆی بە لایەنگری ڕێبازی موسەدیق دەزانی[4].

لەو ڕۆژانەدا، جۆرێك لە ئارایشتی سیاسی و سەربازیی نوێ دەکەوتنە بەرچاو و جیهانی بۆ دوو بلۆکی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا دابەش کردبوو. لە نێوانیاندا جۆرێك لە جەنگی سارد بەرپا بووبوو. کە ئەڵبەت سەرەتای جەنگی ساردیٔ[5] جیهانی، لە ساڵی ١٩٤٦ دەستی پێکرد و تا ساڵی ١٩٥٣ بەردەوام بوو. ساڵی ١٩٥٣، سەردەمی ناسازگاریی پڕ لە هەڵسوکەوت[6] لە قۆناغەکانی مێژووی پاش جەنگی سارد سەریهەڵدا و تا ١٩٦٩ بەردەوام بوو. ڕۆژئاوا بە مەبەستی ڕاوەستان لە بەرانبەر مەترسیی پەرەسەندنی کۆمۆنیزم و ئاکامەکانی لە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، لە هەوڵی پلانێکدا بوو. چەند پلانێك ئامادە دەکرا بە مەبەستی پێکهێنانی قەڵغانی پاراستن لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. لەو کاتەدا سیاسەتی ئایزنهاوەر، سەرۆك کۆماریٔ[7] ئەمریکا، دروستکردنی یەکێتی و ڕێککەوتن لە جیهانی عەرەبدا و پاشان هۆگرێتیی ئەوان بەرەو ڕۆژئاوا بوو، بەو ئامانجەی کە پێی کۆمۆنیستەکانی ڕووسیا و وڵاتانی پاشکۆ و پەیڕەوکەرانیان، لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا نەکرێتەوە. لەم ڕووەوە، فاستەر دالس، وەزیری دەرەوەی حکومەتەکەی ئایزنهاوەر، ڕایگەیاند کە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سیاسەتی دۆستایەتیکردن لەگەڵ عەرەب و ئیسرائیلییەکان، پەیڕەوی دەکات.

ئەمریکا سەرەتا هەوڵی دا تا بە هاوکاریی وڵاتانی بەریتانیا، فەڕەنسا و تورکیا، هێڵێکی سەربازی و بەرگریی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بە هاودەستیی وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە، دروست بکات، ئەوەش بە شێوەیەکی فراوان کە سەرانسەری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بگرێتەوە و بنکەی سەرکردایەتیکردنیشی لە قاهیرە بێت. لە ١٩٥٣دا، جان فاستەر دالس بە سەفەرێك چوو بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە وڵاتانی ئەو ناوچەیە بۆ گرێدانی پەیمانێك هان بدات. بەڵام وڵاتانی عەرەبیی ناوچەکە، لەگەڵ ئەو ڕایەدا نەبوون. لەبەر پێگەی کەنالی سوێس و گرنگیی ئەو کەنالە لە لای وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئامادەیی میسر بۆ وەرگرتنی ڕابەرایەتیکردنی جیهانی عەرەبی لەو ڕۆژگارەدا، چوونە ناو ئەم پەیمانە بۆ میسر گرنگیی زۆری هەبوو. لە سەردەمی عەبدولناسردا، گەشە و دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی گەیشتە لوتکەی خۆی و ئەم کارە بتەوێت و نەتەوێت، بە هەڕەشەی جددی بۆ ئەمنیەتی ئیسرائیلیش ئەژمار دەکرا.

پەیوەستبوونی میسر بە وەها پەیماننامەیەکەوە، شتێکی سروشتییە کە لە لایەن وڵاتە عەرەبییەکانی تریشەوە پێشوازیی لێبکرێت، بەڵام میسر ئەم پێشنیازەی وەرنەگرت. ئەوکاتە ئەمریکا هەوڵێکی تری دەستپێکرد. لە ١٩٥٤، ئەمریکا و ئینگلیز تێڕوانینی خۆیان بۆ تورکیا و عێراق گۆڕی، کە هەردووکیان پەیوەندیی باشیان لەگەڵ ڕۆژئاوادا هەبوو. لەو کاتەدا، نووری سەعید، سەرۆک وەزیرانی عێراق، هۆگرییەکی تۆندی بۆ ڕۆژئاوا هەبوو و بە شێوەیەک کە شەپۆلی هاوکارییە ئابووری و چەک و جبەخانەکانی ئەمریکا بۆ عێراق، لێوانلێو بوو و میسریش کەوتە ژێر تیشکەوە. ئیسرائیل لە لایەکەوە لە یارمەتییەکانی ئەمریکا بە عێراق نیگەران بوو، لە لایەکی ترەوە لە ئەگەری دروستبوونی دۆستایەتیی ڕژێمی نوێی میسر. ئەمریکاش خۆشحاڵ نەدەهاتە پێش چاو. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە سێ دەوڵەتی ئەمریکا و فەڕەنسا و بەریتانیا، لە ٢٣ی ئایاری ساڵی ١٩٥٠دا، پەیمانێکیان واژۆ کرد کە چەک بە هەندێك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەفرۆشن و بۆ هیچ وڵاتیکی نەنێرین. دەوڵەتی میسر بە هۆی ئەوەی کە سەرگەرمی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆ بوو، بە ناچاریی داوای چەکی لە ڕۆژئاوا کردبوو. بەڵام سێ دەوڵەتی ئەمریکا و فەڕەنسا و بەریتانیا، خۆیان پاراست لە فرۆشتنی چەك بە میسر، بەم بۆنەوە بەپێی سەودایەك کە عەبدولناسر لەگەڵ چیکۆسلۆڤاکیا[٨] بەستی، واتە چەك لە بەرانبەر لۆکە، میسر چەکی پێویستی خۆی دابین کرد.

لە ساڵی ١٩٥٤دا، بە یارمەتی و بە ناوبژیوانیی ئەمریکا، ڕێکەوتننامەیەك لە نێوان دەوڵەتەکانی میسر و بەریتانیا واژۆ کرا. کە بەپێی ئەوە هەر دوو لا ڕێز بگرن لە ئازادیی کەشتیوانی لە کەناڵی سوێسدا، واتە شەریکەی سوێس کە تا ساڵی ١٩٦٨ کە خولی ٩٩ ساڵەیی کۆتایی دەهات، هەروەکو جاران لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بێت. لە بەرانبەردا، بەریتانیاش بەڵێنی دا کە بە لانی زۆرەوە ٢٠ مانگ پاش واژۆکردنی پەیماننامەکە، هێزەکانی لە میسر بباتە دەرەوە و تەنیا ئەندازیارەکان لەوێ بمێننەوە. ئەڵبەت بەریتانیا ١٠ ساڵ پاش سەربەخۆیی کەناڵی سوێس، ناچار بوو لە دەسەڵاتی خۆی، لە ناوچەی ساماندار و پڕ لە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، واز بهێنێت و دان بە ئامادەیی سیاسی و چەکداریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو ناوچەیەدا بنێت.

له ئەنجامی ئەوەدا، هەردوو حکومەتی عێراق و میسر پەیمانێکی بەرگرییان بەست و ڕێکەوتن که نەچنە ناو پەیماننامەی تەرەوە. هەروەها یەکێتییەکی سەربازی لە وڵاتانی عەرەبی، بە ڕابەرایەتیی قاهیرە و بەغدا دروست بکەن. ڕەشنووسی ئەم پەیماننامەیە ئامادە کرا. نووری سەعید، سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی عێراق، لە ٥ی ئەیلوولی ١٩٥٤ گەشتی کرد بۆ قاهیرە، بەڵام پێش ئەوەی بەغدا بەجێ بهێڵێت، ڕایگەیاند کە دوای میسر گەشت بۆ لەندەن دەکات، تا لە قۆناغەکانی یەکەمین گرێدانی پەیماننامەی چەندلایەنە لەگەڵ ئینگلیز، تورکیا و پاکستان، بکۆڵێتەوە. ناوبراو لە میسر، بە دیداری لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی میسردا، مەبەستی عێراقی بۆ بەستنی پەیماننامەیەکی چەند لایەنەی سیاسی - سەربازی، ڕوون کردەوە. بەڵام میسر لەگەڵ بۆچوونەکانی نووری سەعیددا نەبوو، لەبەرئەوەی لەگەڵ ئینگلیزدا لەبەر ئامادەبوونی هێزەکانی لە کەناڵی سوێس، ناکۆکیی هەبوو و ئەمریکاش بەڵێنەکانی خۆی نەبردبووە سەر، کە بەڵێنی دابوو چەک بدات بە میسر. لە لایەکی تەرەوە جەلال جوبار[٩]، سەرۆک کۆماری تورکیا، ڕازیبوونی ئەمریکای بە هاوپەیمانیکردنی سەربازیی لە نێوان تورکیا و پاکستاندا سەرنجی ڕاکێشا و لە ئەنجامی ئەوەدا عەدنان مەندەریس[١٠]، سەرۆک وەزیرانی تورکیا، گەشتی بۆ پاکستان کرد. سەرجەم پەیماننامە سەربازییەکەی ئەم وڵاتە لەگەڵ پاکستان، لەگەڵ بوونی دژایەتییەکانی ڕووسیا و هیند، هەردوو وڵات لەسەری ڕێککەوتن. نزیکیی بەغدا لە ڕۆژئاواوە، سەرئەنجام، پەیماننامەی بەغدا[١١] لە نێوان عێراق و تورکیا و پاشان بەریتانیا، پاکستان و ئێران لە ساڵەکانی ١٩٥٤ و ١٩٥٥ ئەنجامدرا، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش چاودێر بوو بە سەرپەوە. ئامانجی سەرەکی ڕۆژئاوا، پارێزگاریکردن بوو لەو وڵاتانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بوو، لە بەرانبەر دەستڕۆیشتووەکانی ڕووسیا و کۆمۆنیستەکاندا. ئەم پەیماننامەیە عەبدولناسر بە توندی لە دژی وەستایەوە و ئەوەی بە هەوڵی بەریتانیا زانی بۆ گەرانەوەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەن نووری سەعیدەوە و ئەم هەوڵەی عێراقی مەحکوم کرد، لەبەرئەوە بە باوەڕی ئەو بووبووە هۆی پچڕانی یەکێتی لە نێوان عەرەبەکاندا[١٢].

پلانی ئینگلیزیی عێراقی، بە سەرۆکایەتی نووری سەعید، لە ساڵەکانی ١٩٤٥ـ١٩٥٤، پاراستنی عێراق و سووریا و ئەردەن لە بەرانبەر نفوزی میسر بوو. ئەم پلانە وەکو

ڕێکەوتنامەیەك لە نێوان ڕژێمەکانی هاشمی و بەریتانیادا دەهاتە بەرچاو. عێراق پێشوازیی لە پێشنیارەکەی ئەڵمانیا کرد و لەڕاستیدا بەستنی پەیماننامەی بەغدا تا ئەندازەیەکی زۆر لە ئەنجامی هەوڵەکانی نووری سەعید بوو. لەوانەیە مۆرکردنی پەیماننامەی پارێزگاری و دابینکردنی ئامێرە جەنگییەکان لە نێوان عێراق و ئەمریکا، لە نیسانی ١٩٥٤، یەکەمین هەنگاو بەرەو ڕووی هاوکاری و نزیکتربوونەوە لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا بووبێت. هەرچەندە لەم کاتەدا هیچ نووسراوێك لەبارەی پەیوەندیکردنی عێراق بە پەیماننامەی بەرگریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بە شێوەیەکی فەرمی بڵاونەکرایەوە.

بەڵام ڕوون بوو کە عێراق ڕۆڵی خۆی لە وەها پەیماننامەیەکدا چۆن دەگێڕێت. نواکەوتنی عێراقییەکان لە ئاشکراکردنی ئەم بڕیارە، زیاتر بە هۆی نیگەرانییەکانی ئەوان بوو لە لایەنی میسری و لایەنگیریی ئەو وڵاتە لە سیاسەتی بێلایەنی و بەڵێننەدان لە جیهانی عەرەبیدا، چونکە لە دیدگای عەبدولناسێردا، جەنگی سارد نیگەرانی و مەسەلەیەکی پەیوەست نەبوو بە عەرەبەوە. ئەو باوەڕی وابوو کە سام و هەیبەتی ترسناکی کۆمۆنیستەکان، ڕۆژئاوا دروستی کردووە، تاکو بەم بیانووەوە ئامادەگیی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێگیر بکات. بە بڕوای ئەو ئیسرائیل ترسێکی ڕاستەقینە بوو کە هەڕەشەی لە عەرەبەکان دەکرد، نەك سۆڤێت. بەڵام سەرباری دژایەتیی توندی عەبدولناسر لە ئابی١٩٥٤دا، کاتێك جارێکی تر نووری سەعید بە سەرۆك وەزیرانی عێراق دانرایەوە، پێشەکییەکانی پەیوەستبوونی ئەم وڵاتە، بە جیدی و خێراتر فەراهەم کرا.

نووری سەعید، بە هۆکاری جیاواز جیاواز بەرگریی لە پەیوەندیکردنی عێراق بە پەیماننامەی ناوبراوەوە، دەکرد، چونکە گرنگترین مەسەلەی ئەوان پارێزگاریکردنی ئەمنیەتی میللیی عێراق بوو. بە بۆچوونی ئەو ئەمنیەتی میللی لە دوو لایەندا کورت دەبێتەوە: ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشەکانی سۆڤێت و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ کارە تێکدەرانەکانی کۆمۆنیستەکانی عێراق، کە دەیانویست ڕژێمی سەڵتەنەتی لەو وڵاتەدا لاببەن. لەم ڕووەوە بۆ پارێزگاری لە سەربەخۆیی عێراق، لە بەرژەوەندیی ئەو وڵاتە بوو کە پەیوەندیی نزیکتر لەگەڵ ڕۆژئاوادا گرێ بدات و لە کۆمەکی سەربازی و هونەریی ڕۆژئاوا

بەهرەمەند بێت. ئەم بابەتە بەهۆی نزیکبوونەوە لە کاتی کۆتاییهاتنی پەیماننامەی ۱۹۳۰ی عێراق و ئینگلیز، گرنگییەکی تایبەتی هەبوو. ئەم پەیماننامەیە ڕێگای بۆ دەستتێوەردانی سەربازیی ئینگلیزەکان لە ساڵی ۱۹٤۱دا فەراهەم کرد و سەڵتەنەتی هاشمی دووبارە گەڕاندەوە بۆ حکومەت، ئەو سیناریۆیەی کە دواتر لە ئێرانیش دووبارەبووەوە.

نووری سەعید، هیوای وابوو کە پەیماننامەی بەغدا ببێتە جێگرەوەی پەیماننامەی ناوبراو و بە گرەنتی سیاسی و بەهێزکردنی هێزی سەربازی پارێزگاریی لە تەخت و تاجی هاشمی بکات. هەر لەبەر ئەو مەبەستە، عێراق لە کانوونی دووەمی ۱۹۵۵دا، بە فەرمی ڕایگەیاند کە خوازیاری چوونە ناو پەیمانێکی بەرگری ناوچەیین. لە کۆتایی ساڵی ۱۹٥٤دا، نووری سەعید سەردانی لەندەن و تورکیای کرد و لە ۲۳ی شووباتی ۱۹۵۵دا، عەدنان مەندەریس لە تورکیاوە سەردانی بەغدای کرد. لە ئاکامدا لە ۲٤ی مانگی ۲ی ۱۹۵۵دا، بواری واژۆکردنی پەیمانی هاوکاریی هەردوو وڵاتی تورکیا و عێراق، کە بە پەیمانی بەغدا ناوبانگی دەرکرد، پێکهات. عەدنان مەندەریس چوو بۆ عێراق، داوای بەستنی پەیماننامەیەکی هاوشێوە لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بوو. حکومەتی عێراقیش لەبەرئەوەی پێی وابوو لێکتێگەیشتن لەگەڵ تورکیا چەندین سوودی دەبێت بۆ پارێزگاری لە ئەمنیەتی سنووورەکانی عێراق و پشتیوانیکردنی ئەم وڵاتە دەبێت لە مەسەلەی فەڵەستین. پێشنیازەکانی تورکیای قبوڵ کرد. عەدنان مەندەریس ئەوکاتە سووریا و لوبنانیشی هەڵنا بۆ چوونە ناو ئەم پەیماننامەیە. بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، ئیئتیلافێکی سەربازی بە پشتیوانی ئەمریکا و ئینگلیز، لە نێوان ئەو وڵاتانەی کەوتبوونە سنووری باشووری سۆڤێتەوە دروست کرد. بەریتانیا لە ٤ی نیسانی ۱۹۵۵، پاکستان لە ئەیلوولی ۱۹۵۵، چوونە ڕیزی ئەو پەیمانەوە. ئێرانیش لە ۱۱ی تشرینی یەکەمی ۱۹۵۵، دواییین دەوڵەت بوو کە چووە ڕیزی ئەو پەیمانەوە. پەیمانی هاوکاری و بەرگری و ئەمنیەتی، لە مادەیەکدا، لە نێوان هەردوو وڵاتی تورکیا و عێراق، لە بەغدا مۆر کرا. لە ناوەرۆکی پەیماننامەکەدا پێشبینی کرابوو کە هەر وڵاتێکی ئەندامی کۆمەڵگەی عەرەب، لەگەڵ هەر وڵاتێک کە دەیەوێت ئاشتی و ئەمنیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرقەرار بێت، بە مەرجی ئەوەی کە لە لایەن عێراق و تورکیاوە بە ڕەسمی ناسرابێت، دەتوانێت ببێتە ناو ئەم پەیماننامەیەوە.

لەو کاتەدا حسێن عەلا، سەرۆك وەزیرانی ئێران بوو، پەیامێکی نارد بۆ نووری سەعید، سەرۆك وەزیرانی عێراق. لە ماوەی نێوان ۲۰ تا ۲۲ی تشرینی دووەمی ۱۹۵۵، پەیمانی بەغدا لە نێوان عێراق و ئێران و تورکیا و پاکستان و بەریتانیا، واژۆ کرا، بۆ ئەوەی لایەنی باکووری بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سۆڤێت، لە بازنەی سیاسەتی بەرتەسککردنەوەدا، بەهێزتر بێت[۱۳].

موحەممەد رەزا پەهلەویی شای ئێران، بۆ سەلماندنی رەوابوونی تێزە دژەکۆمۆنیستییەکەی، پەیمانی سالّی ۱۹۵۵ی لەگەڵ بەغدا و هاوپەیمانانی، واتە پاکستان و بەریتانیا، واژۆ کرد. شای ئێران بەبێ سەرنجدان بە بەریتانیا، چووە ناو ئەو پەیمانەوە و حسابێکی بۆ ئینگلیز نەکرد. لە سەردەمی بزووتنەوەی سەربەخۆیی نەوتی ئێران، سیاسەتی دژی بەریتانیای موسەدیقیش نەیتوانی کار بکاتە سەر ئەوەی عێراق بەرەو لای خۆی رابکێشێت. پاش رۆژی ۲۸ی گەلاوێژ، دژی موسەدیق، جارێکی دیکە بواری هاریکاریی دوو لایەن پێکهاتەوە. بە داخەوە ئەمریکا، دوای دەورەی ۲۵ ساڵەیی لە ۱۹۵۳ تا ۱۹۷۸، پێگەی ستراتیژیی ئێران و بەرهەمی سامانی نەوتی ئەویان وەك هێزی موعتەبەر و کۆتایینەهاتوو، وەردەگرت. لەم خولەدا چارەنووسی ئەمریکا گرێدرابوو بە چارەنووسی موحەممەد رەزا شاوە، لە ماوەی بەرزی و نزمییەکانی مێژوویی خۆشەویستیی ئەمریکا لە نێو رایگشتی و جیهانبینی تاکو کەوتنی شا بەسراوەبوو.

کەم کەم، گەندەڵی و قەیرانی ئابووری ئێران لە دەیەی ۱۹۵۰ هاتە کایەوە. بەڵام لە لای دوو زلهێزەکە، کۆمەکە نەوتییەکان و کۆمەکەکانی ئەمریکا، پشتیوانی لێ کرا. لە سالّی ۱۹۵٤ رژێمی دووبارە سەقامگیربووەوەی ئێران، پیشەسازی نەوتی سەرلەنوێ بووژاندەوە. سەرەڕای وڕاوەکردن لە دژی کۆمۆنیستەکان، حکومەتی ئایزنهاوەر لە تێڕوانینی خۆیەوە جۆرێك لە جێگیرنەبوون و دووڤاقی هەبوو لە بەرانبەر ئێراندا. ئەوان، (شا)یان بە کەسێکی لاواز، ناجێگیر و دوو دڵ، لووتبەرز، خۆپەسەند، کرچوکاڵ و بێ تەجروبە دەزانی، (شا)ش نەیتوانی واشنتۆن رازی بکات کە گەورەترین هەڕەشە و مەترسی ئێران لە جیاتی لەناوبردنی کۆمۆنیستەکان، گەڕان بەدوای قازانج و بەهرەمەندبوون لە ئابووری لاوازی

ئێرانە. ئەو هەمیشە سکالای دەکرد کە هاوکارییە سەربازی و جبەخانەکانی وەک ئەوەی کە باوەڕی پێیەتی و ئێران پێویست و شایانیەتی وەریبگرێت، لە ئەمریکای وەرنەگرتووە. شا بەرهەڵستی دەکرد کە لە ساڵی ۱۹۵۰، ئێران تەنها ۵۰۰ ملیۆن دۆلار هاوکاری جبەخانەیی لە گەورەترین دەستەی سەربازی ئەمریکا وەرگرتووە، لە کاتێکدا کە ئەمریکا هەمان هاوکاری کە کۆمەکییەکی ئابووری پووت بوو، دووجار بە یۆگۆسلافیا و سێ جار بە تورکیا و چوار جار بە تایوان، هەمان ئەندازە کۆمەکی کردبوون. لە چەند لایەنێکەوە لە دەیەی ۱۹۵۰وە، ئەمریکا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی دا کە دژی گۆڕینی موحەممەد ڕەزا شا بە کەسێکی خاوەن نفوز و بەهێز لەناو سوپای ئێراندا نییە. بەڵام شا کۆنترۆڵی لەسەر هەڕەمی فشار لە دەسەڵاتدا، بووەتە هۆی سەلماندنی بەهێزیی ئەو، بەڵام لەوانەیە لە دواییدا بەپێی بەندەکانی تر، ڕایەکی تر بگیرێتە بەر. بەڵام نێوان شا و ئەمریکا لە مێژوو شاراوە نییە.

هەرچەندە کە ڕووداوی وەرگرتنی پارە لە واشنتۆن بە شێوەیەکی تر دەگۆڕا و تەنانەت زۆرێک لە ئێرانییەکان بەردەوام بۆچوونیان وابوو کە حکومەتی ئایزنهاوەر هەوڵی داوە تا سوپای ئێران لە هەمان قەوارە و ئەندازەی خۆیدا بهێڵێتەوە. بەتایبەت ڕێکخراوی سی ئای ئەی بەرنامە شاراوەکانی خۆی لە ئێران لە سەرەتای دەیەی ۱۹۵۰ وەستاند و لە جیاتی ئەوە ڕووی خۆی کردە جێگیرکردن و بەهێزکردنی هێزی سیخوڕیی خۆی بۆ سەر حیزبی تودە، ئامادەیی ڕووسیا لە ئێران، فراوانکردنی پەیوەندی لەگەڵ ساواک، دانانی تۆڕی تەئمینی زانیاری لە بارەی سۆڤێت و کۆمۆنیستەکانەوە هەڵگەڕاندەوە.

بە چوونە ناو پەیمانی بەغدا، پێگەی کۆنی ئێران کۆتایی هات. حکومەتی سۆڤێت ماوەیەک هەوڵی دا تا ئێران لە پەیوەندیکردن بەم پەیماننامەیەوە دوورباتەوە. بۆ ئەم کارەش ڕووی کردە ئاساییکردنەوەی پەیوەندی ئابووری لەگەڵ ئێران و تەنانەت یەک تەن ئالتوونی ئێران کە پێشتر دەستی بەسەردا گرتبوو، گەڕاندییەوە بۆ ئەم ولاتە. بەڵام هیچ یەکێک لەم هەنگاوانە سوودیان نەبوو و سەرئەنجام ئێران سەرباری هەڕەشەکانی سۆڤێت، چووە ناو ئەم پەیماننامەیەوە. هەوادارانی چوونە ئەم پەیمانە لە ئێران، وەها کارێکیان بە

هەل زانی بۆ مۆدێرنیزەکردن و بەهێزکردنی سوپای ئێران بە پارەی ڕۆژئاوا. لە پایزی ۱۹۵۵دا حەسەن عەلا[14] کە بەهۆی نیازخراپییەوە سەری دووچاری نوێنبەربوون بوو، بە سەربەستراوی بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی بەغدا، چوو بۆ عێراق[15]. ئەم کۆنفرانسە ولاتانی ئەندامی پەیماننامەی بەغدا بە بەشداریی سەرۆکوەزیرانی ئێران، تورکیا، عێراق، پاکستان، ئینگلیز و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە کۆشکی گولەکان، بە سەرۆکایەتیی نووری سەعید دەستی پێکرد. پەیوەندیی نوێی ڕووسییەکان کە بە سەودای چەک لەگەڵ میسر لە ساڵی ۱۹۵۵دا پێکهاتبوو، لە ڕوانگەی ڕووسییەکانەوە زۆر گرنگ بوو. ئەم سەودایە ڕێگەی بۆ ڕووسییەکان دەکردەوە کە بچنە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، ئەو پلانەی کە ١٠٠ ساڵ بوو نەخشەیان بۆ دەکێشا، لەلایەکی دیکەوە ڕێگەشیان بۆ ئەفریقا دەکرایەوە، کە سەرئەنجام واتایەکی دیکەی بەخشی بە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان لە هەموو شوێنێکی جیهاندا. هەر لەو ساڵەدا ڕێکەوتنامەیەکی فرۆشتنی چەک لە نێوان ولاتانی چیک و میسردا مۆر کرا، کە هەر ئەم ڕووداوە هاندەری ئێران بوو تا بچێتە ڕیزی پەیمانی بەغداوە، چونکە ئێران و ئەمریکا لەو باوەڕەدا بوون کە واژۆکردنی پەیمانی چەککڕینی میسر لە چیک، سەرەتای تەشەنەی سۆڤێتە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا و هاوسەنگیی دەسەلات لەو ناوچەیەدا تێکدەدات. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی شا خۆی بەشداریی ئێران لە پەیمانی بەغدا ڕابگەیەنێت[16].

لە سەرەتای ئازاری ١٩٥٦دا، مەلیک حسێن، پاشای ئەردەن، بە چەند هۆیەکی نادیار کۆتایی بە سەرکردایەتیی گلۆب پاشا[17]، فەرماندەری ئینگلیزیی سوپای ئەردەن، هێنا. لە ساڵی ١٩٥٦دا، ئەمریکا لە سەرەتاوە پەیوەندیی کرد بە میسرەوە کە یارمەتیی ئەو ولاتە بدات بۆ سازکردنی بەنداوی ئاسوان، کە دڵەڕاوکێی ڕووسییەکانی بەدواوە بوو. بەڵام پاش ١٢ی تەموزی ١٩٥٦، عەبدولناسر بە سەردانێك چوو بۆ یوگسلاڤیا و پاشگەز بووەوە لەو پلانە. پاشان عەبدولناسر بۆ ئەوەی زیاتر لە کۆمۆنیستەکان نزیك ببێتەوە لەجیاتی چینی میللی، بە فەرمی دانی نا بەم کۆمۆنیستەدا.

لەوانەیە ئەم هەنگاوەی عەبدولناسر بووبێتە هۆی ئەوەی ئەمریکا لە حوزەیرانی ١٩٥٦دا بە تەواوەتی لە وتە و بەڵێنەکانی خۆی لەبارەی هاوکاریکرنی میسر لە بنیاتنانەوەی ئەسواندا، پاشگەزببێتەوە. بەم شێوەیە، ئیسرائیل بە ئامانجی خۆی گەیشت. ئەمجارە حکومەتی سۆڤێت، بێ وەستان ئامادەیی خۆی بۆ دروستکردنی بەنداوەکە دەربڕی، لەبەرئەوەی بۆ ئابووری و بووژانەوەی کشتوکاڵی میسر، گیان بە بەردا کردنەوە بوو. تەنانەت ئامادەش بوو بە مەرجی ئاسانتر بۆ ئەم کارە دەستپێشخەری بکات و هەموو تێچوونی بەنداوەکە بگرێتە ئەستۆ. بەڵام لە ئەمریکا، دالس، لەوەی کە ڕووسییەکان چوونە ناو پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ میسر، خۆشحاڵ دەردەکەوت، چونکە باوەڕی وابوو کە سۆڤێت لە ڕووی ئابوورییەوە بەهێز نییە و ئەم کارەش دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ڕووی ڕووسییەکان و کۆمۆنیستەکان. لە ئەنجامدا، جارێکی تر ڕێگا بۆ هاتنەناوەوەی ئەمریکا بۆ ناوچەکە دەکاتەوە. ئەم هەنگاوەی عەبدولناسر کە پێشەکییەکانی خۆمالێکردنی کەناڵی سوێسی[١٨] فەراهەم دەکرد، سەرئەنجام بووە هۆی یەکێتیی سێ وڵاتی فەرەنسا، بەریتانیا و ئیسرائیل، لە دژی میسر.

دوای ئەوە، هیچ یەکێک لە سەرۆکەکانی عەرەب، وەکو عەبدولناسر خاوەنی پەیوەندیی دێرین و پتەو لەگەڵ سۆڤێتدا نەبوون. عەبدولناسر بە خێرایی هەڵسوکەوت و بارودۆخەکەی قۆستەوە و لە سەردەمی دەسەڵاتی ستالین و گەشەی بازاڕی جەنگی سارد، دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. ڕۆژگاری هاوژینی هێمنانە و هەروەها هەراوبوونی دەسەڵات، نەمابوو. ئەو ماوەیە ڕۆژانی جەنگ و ئاشتی، هیوا و هیوابڕاویی بوو. عەبدولناسر لە کاتە دژوارەکاندا لەگەڵ تیتۆ[١٩]، سەرۆکی یەکێتیی شیوعییەکان و سەرۆککۆماری یوگسلاڤیا[٢٠] و نێهرۆ[٢١]، لە سەرکردە گەورەکانی سەربەخۆیی هیند و کۆنگرەی نەتەوەیی هیند، کە سەرۆککۆماری هیند بوو، ڕاوێژکاریی دەکرد. لە نیسانی ١٩٥٦دا، جەمال عەبدولناسر، سەرۆک کۆماری میسر، کەناڵی سوێسی لەژێر کۆنترۆڵی بەریتانیا و فەرەنسا دەرهێنا. هێزەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیسرائیل، بە مەبەستی داگیرکردنەوەی ئەو کەناڵە، لەشکرکێشییان دەستپێکرد، بەڵام کاتێک ئەمریکا لەو کارەی ئەوان پشتگیریی نەکرد (چونکە ئەو هەنگاوە بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا نەبوو)، دەستێوەردانیان بە ئاکام نەگەیشت. بە ڕزگاربوونی

نیشتمانی خۆشەویست لە چنگی سەربازانی گەندەڵی ئیمپریالیزم لە ناوەڕاستی ۱۹۵۰کاندا، کەفوکوڵی نەتەوەپەرەستی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تەنیبووەوە.

حکومەتی فەڕەنسا، بەهۆی پشتیوانیکردنی میسر لە کودەتاچییەکانی جەزائیرەوە، دڵی بە میسر خۆش نەبوو و بەریتانیاش لەناوچوونی حکومەتی فاروقی لەبیر نەکردبوو، هەردووکیان جەختیان لەوە دەکردەوە کە عەبدولناسر لەسەر شانۆی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووربخەنەوە. بەڵام بە هۆی تووڕەبوونی حکومەتە عەرەبییەکانی هەواداری عەبدولناسر، کە ئەویان بە سەرکردەیەکی میللی لە قەڵەم دەدا، ترس و دڵەڕوکێیان هەبوو. لە وڵاتی ئەردەن، بەهۆی فشاری هەوادارانی ناوخۆیی عەبدولناسرەوە، حکومەت ناچار بوو کە فەرماندە ئینگلیزییەکەی سوپای ئەردەن دەربکات. بەڵام سوپای سووریاش کەوتە ژێر چاودێریی سوپای میسرەوە. خرۆشانی شەپۆلی عەرەبەکان، پاڵپشتی بوو بۆ بەرگرتن بە ناردنی نەوت بۆ بەریتانیا و فەڕەنسا. بەریتانیا و فەڕەنسا پێشنیازی هێرشی ئیسرائیل بۆ کەناڵی سوێسیان خستەڕوو و باوەڕیان وابوو کە لە ئەگەری هێرشکردنی ئیسرائیل بۆ کەناڵی سوێس، ئەمریکا دێتە ناوەوە و بەمشێوەیەر عەبدولناسر لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەلا دەنرێت.

لە حاڵەتێکدا کە بارودۆخەکە بەرەو خراپبوون دەچوو و ڕووەو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تەواوی بوو، جەمال عەبدولناسر لە وتارێکیدا لە ئەسکەندەریە، کەناڵی سوێسی خۆمالّی کرد و بەو شێوەیە عەسری ڕۆژی ٢٦ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٦، کەناڵی سوێس کە بە ماوەی ٨٧ ساڵ لە ژێر دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیستەکانی فەڕەنسا و بەریتانیادا بوو، خۆمالّی کرا[٢٢] و کەوتەوە دەست هێزی عەرەبەکان کە بۆ بەریتانیا و فەڕەنسا زۆر ئەستەم بوو دان بەو مەبەستەدا بنێن. ئەم مەسەلەیە لەکاتێکدا بوو کە لە ساڵی ١٩٥٥، عەبدولناسر تێپەڕبوون و هاتوچۆی کەشتییەکان و فڕۆکەکانی ئیسرائیلی لە گەرووی تیران و نیشتنەوەیانی قەدەغە کردبوو، تەنانەت ئازادیی فڕینی فڕۆکەی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانیی لەسەر هەوای کەندواوی عەقەبە[٢٣]، بەستەوە بە وەرگرتنی ڕێگەپێدانی فەرمی لە حەفتا و دوو سەعاتی پێشتردا، لە لایەن حکومەتی میسرەوە. خێرا فەڕەنسا و بەریتانیا پارە کۆکراوەکەی میسریان لە

بانکەکانی خۆیاندا بلۆک کرد. لە ۱۲ی ئابی ۱۹۵٦دا، کۆنفرانسێک بە ئامادەبوونی بیست و دوو ولاتی جیهان، بە مەبەستی سەرپەرشتیکردنی کەنالی سوێس، لە لەندەن بەسترا، بەلام عەبدولناسر لەم کۆنفرانسەدا بەشداریی نەکرد و دژایەتیی خۆی بۆ هەر جۆرە کۆنترۆلکردنێکی نێودەولەتیی کەنالی سوێس ڕاگەیاند.

کرێکارەکانی پێشووی کۆمپانیای کەنالی سوێس میسریان بەجێهێشت و بێوەستان شارەزایانی ڕووسی جێگەی ئەوانیان گرتەوە. سەرباری هەڕەشەکانی ئیسرائیل و فەڕەنسا لەبارەی هێرشی سەربازییەوە بۆ میسر، حکومەتی بەریتانیا هێشتا دژی هێرشی سەربازی بوو بۆ میسر. لە ۲۲ی تشرینی یەکەمی ۱۹۵٦دا، بین گوریۆن[۲٤]، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، بە نهێنی ڕۆیشت بۆ ئیسرائیل و لەبارەی دەستتێوەردانی هەردوو ولاتی فەڕەنسا و بەریتانیا لە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر میسر، لەگەڵ گیومولە[۲۵]ی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی فەڕەنسا وتوویژی کرد. سەرئەنجام، گیومولە توانی ئانتۆنی ئایدن[۲٦]، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، ڕازی بە بەشداری کردن لە جەنگ دژی میسر، بکات. ئایدن بۆچوونی وا بوو کە لە حاڵەتی ڕووداتی جەنگدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان بە بێلایەن دەمێنێتەوە و سیاسەتی بەشدارینەکردن دەگرێتە بەر. بەڵام ئەم بۆچوونە بە تەواوەتی هەڵە بوو، چونکە هێرشی هێزەکانی ئیسرائیل و فەڕەنسا و بەریتانیا بۆ میسر، کاتێک ڕووی دا کە یەک ڕۆژی مابوو بۆ هەڵبژاردنی ئایزنهاوەر وەک پاڵەوانی ئاشتی کاندیدی سەرۆک کۆماری. زیاد لەوەش، بێلایەنی ئەمریکا جۆرێک بوو لە بێباکی یان دژایەتییەکی ئاشکرا بوو لە بەرانبەر دروشمی ئاشتیخوازیی کۆشکی سپی. لەم ڕووەوە، حکومەتی ئەمریکا لەگەڵ سۆڤێت لە دژایەتیکردنی هێرشکردنی هێزەکانی ئەم سێ ولاتە بۆ میسر، هاوڕەنگ بوو. لە شەوی ۲۹ی تشرینی یەکەمی ۱۹۵٦، هێزەکانی ئەو سێ ولاتە هاوپەیمانە هێرشیان کردە سەر میسر[۲۷].

دۆخی ناوخۆی سووریا بە ڕادەیەک لاواز بوو کە هیوابڕاو بووبوو. هەرچەند شوکری ئەلقوتلی[۲۸] بە هەوڵ و تێکۆشانی میسرییەکان هاتبووە سەر کار، بەڵام توانا و دەسەڵاتی دەوڵەت لە بندەستی ژمارەیەک ئەفسەردا بوو کە لایەنگری عەبدولناسر بوون و لەناو

خۆشیاندا ڕکابەرییان هەبوو، هەروەها لە هەموو لایەکەوە فشاریان لەسەر بوو. سۆڤێت هەندێك چەکی دابوو بە سووریا و لەو ڕێگەوە توانیبووی توانایەکی کەم بەدەست بهێنێت. ئەمریکا ترسی ئەوەی هەبوو کە ئەو چەکانە دژی ئەردەن و عێراق بەکار بهێندرێت. گومانی ئەمریکییەکان ڕاست بوو، ڕۆژی شەشی ئاب، خالید ئەلعەزم، وەزیری بەرگریی سووریا، پەیماننامەیەکی لەگەڵ سۆڤێتدا واژۆ کرد، کە بەپێی ئەو پەیمانە، ڕووسییەکان بەڵێنی یارمەتیی ئابووری و پیشەسازی و سەربازیی گەورەیان بە سووریا دا. حەفتەیەك دوای ئەوە دیمەشق سێ دیپلۆماتی ئەمەریکیی دانیشتووی سووریای ئاگادار کردەوە لەوەی کە ئاستی دیپلۆماتییان ناڕەوایە و دەبێت لەو وڵاتە بڕۆن[۲۹].

ڕۆژی ۳۰ی تشرینی یەکەم، بڕیار بوو شوکری ئەلقوتلی، سەرۆك کۆماری سووریا، بە فەرمی سەردانی سۆڤێت بکات و پێش ئەویش بڕیار بوو عەبدولناسر لە مانگی ئابدا سەردانی سۆڤێت بکات، بەڵام سەفەرەکە سەری نەگرت. عەبدولناسر بڕوای بەوە هەبوو کە کۆمەڵگای جیهانی لەگەڵدایە، چونکە وڵاتێکی بچووك لە بەرانبەر دوو ئیمپراتۆری بەهێزدا ڕاوەستابوو، بەتایبەت خۆپیشاندان لە ئەردەن وبڵاوە گرنگەکانی جیهان بۆ پشتگیریی لە میسر، باوەڕی ئەوی پتەوتر کرد. جەژنەکانی ۷ی تشرینی دووەم لە مۆسکۆ، بە بۆنەی سالیادی شۆڕشی مەزنی سۆڤێت، لووتکەی مانگە هەنگوینییەکەی میسر و سۆڤێت بوو. میسر بە شێوەیەکی ئەفسانەیی ئاوێتەی سۆڤێت بوویوو. ئەفسانەیەك کە زۆر زوو ئاکامەکەی دەرکەوت, جەمال عەبدولناسریان ئاگادار کردەوە هەموو ئەو چەکانەی کە لە جەنگی سوێس لەدەستی داوە، وەکوو فڕۆکە، بە خۆڕایی دەدرێتەوە بە میسر و پاشماوەی چەکەکانیش بە نیوەقیمەت پێی دەدرێت. لەم چوارچێوەیەدا، حکومەتێك بە هۆگری نەتەوەییانە لە سووریا گەیشتبووە دەسەڵات. لە چوارچێوەی ئەوەدا، میکایل بی ئیلیان[۳۰]، سەرۆکی پارتی خۆپارێزی شەعبی سووریا، وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە بوو، بە ویلیێر کرەین ئەیولەندی[۳۱] ڕاگەیاند کە عەبدولناسر بووەتە قارەمانی جیهانی عەرەب و هاوەدەستی لەگەڵ هەر وڵاتێکی ڕۆژئاوایی بە مەبەستی هەڵکەندنی دەوڵەتێکی عەرەبی، لە باری سیاسییەوە، قەبوڵ ناکرێت.

له ٢٦ی تـهمووزی ١٩٥٦دا، کـه عـهبدولناسـر ڕایگـهیاند دهوڵهتهکـهی هـهموو کاروبـاری پـهیوهست به کهناڵی سـوێس دهگرێتـه دهسـت، کاردانـهوهی بـهریتانیا و فهڕهنسا خێـرا و بهگوڕ بـوو. ئـهمریکاش ههرچـهند ڕهخنـهی لـهم کـردهوهی میسر گرت و دارایـیـهکانی لـه ئهمریکا بهربهست کردبوو، بـهڵام بـه ئاشـکرا دوژمنایـهتیی کـهمتری نیشان دا. لـه مـاوهی قـهیرانهکهی کهناڵی سوێسدا، پـهرلهمانی سووریا پێشنیازێکی پهسـهند کـرد کـه ئـهو وڵاتـه لهگـهڵ میسردا یـهک بگرێـت. بـۆ ئـهم مهبهسـته وهفـدێکی نـارده میسر بـۆ لای جـهمال عـهبدولناسر، جـهمال عـهبدولناسریش سالێک پاش ئهوه پێشنیازی بـه پـهرلـهمانی سـووریا دا کـه بـه زووترین کات گفتوگۆکانی پـهیوهست بـه یـهکگرتن لهگـهڵ میسر دهستپێبکات. پشێوی لـه نێوان ئـهفسـهرانی هێزه چـهکدارهکان به شێوهی نائاسایی دهستی پێکردبوو.

لـه ١٧ی ئابدا، عـهفیف ئـهلبـهرزی، کۆمۆنیسـتی نـاودار و ناسـراو، سـهرۆکایـهتیی گشتی ئـهرتهشـی پێـدرا و ژمارهیـهک لـهو ئـهفسـهرانهی لهسـهر کـار لابـرد کـه هـۆگری دامـهزرانی پـهیوهندیی ستراتژی بوون لهگـهڵ عێـراق و ئـوردهن. (عـهبدولحهمید سـهراج)یش سـهرۆکی بهشی زانیاریی سـوپای سـووریا کـه یـهکێک لـه بـهێزترین کهسـایهتییـهکانی سـووریا بـوو، وێنهی جـهمال عـهبدولناسری لهسـهر مێزهکـهی دانـابوو. ئـهمریکییـهکان زۆرتـر هـهستیان بـه مـهترسی کرد. لـهو کاتهشدا عـهدنان مۆنـدهرِیس، سـهرۆک وهزیرانـی تورکیـا بـوو. زرینگـهی زهنگی کاروانی چـهپی سووریا بـهردهوام له واشنتۆن دهبیسترا. ئـهفسـهرانی سـی ئـای ئـهی (CIA)له دیمهشق و بـهیروت، لـه هـهوڵی کودهتایهکدا بـوون لـه سـووریا، بـه مـهبهسـتی ڕووخاندنی دهوڵهتی ئـهدیب شیشکلی (دیکتاتۆری لایـهنی ڕاستی سووریا)، که بـه نهێنی لـه لوبنـان دهژیـا. ئـهو کودهتایـه پـێش ئـهوهی دهسـتپێبکات، لـه لایـهن سـهرههنگ سـیراج، سـهرۆکی ئاسایشی سووریاوه، ئاشکرا بوو[٣٢].

ئـهفسـهرهکان لـه سـهربازگهیهکانی دهوروبـهری دیمهشـق تووشـی دوودڵـی بووبـوون. تهنانهت ههندێکیان بۆ شهوێک ئۆقرهیان نهدهگرت. ترسی ئـهفسـهرهکان لهوهدا بوو کـه ئـهو لایهنهی دیکه دهسهڵاتی گشتی به دهستهوه بگرێت، بۆیه ڕێگهچارهیان لهوهدا دهبینی کـه عـهبدولناسـر دهسـهڵاتی گـشتی بگرێتـه دهسـت. ئـهم ڕێگهچـارهیه لـه کۆبوونهوهیـهکی

نوێنەرانی ئەفسەران هاتە ئاراوە و سەرۆك کۆمار شوکری ئەلقوتلییش ئاگای لێنەبوو. ئەفسەرانی سووریی هەموو مەرجەکانی ناسریان پێ باش بوو، پاشان گەڕانەوە بۆ شام (دیمەشق). سێ دەوڵەتی بەهێزی عەرەب، واتە میسر و سووریا و عێراق، کە لەو سەردەمەدا سەرۆکایەتییان بەدەست هێزە نەتەوەییەکانەوە بوو، دژی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا خەباتیان دەکرد و پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت هەبوو، بەم پێیە لەناکاو وا هەست دەکرێت کە هەڵوێستی ئەمریکا لەو ناوچەیەدا بە تەواویی لاواز بووبێت. لە نێوان وڵاتانی عەرەبیدا، میسر پێشکەوتووتر لە هەموو وڵاتانی عەرەبی بوو، چونکە میسر لەسەر ڕێگەی گرنگی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدایە، بەتایبەت کەناڵی سوێس ڕێگەی تێپەڕبوونی کەشتییە بازرگانییەکانە. ڕۆژنامەکانی قاهیرە دەگەیشتنە هەموو وڵاتانی عەرەبی و لایەنگری زۆریان هەبوو.

بزاڤی نەتەوایەتی لەناو هەموو وڵاتانی عەرەبی و بە تایبەت میسر، گەشەی کردبوو، بەم پێیە زۆر ئاسایی بوو کە ناسیۆنالیزمی میسری نموونەیەك بێت بۆ هەموو وڵاتانی عەرەبی. ئەوە زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە ناسیۆنالیزم ئەگەرێکی بەهێزە بۆ یەککرتن و پتەوکردنی پێکهاتەکانی جەماوەرێك کە لە وڵاتێکدا دەژین و خاوەنی زمان و داب و نەریتی هاوبەشن، بەڵام هەر لەو کاتەدا کە ناسیۆنالیزم دەتوانێت لایەنێکی خەڵك لێك نزیکبکاتەوە، دەتوانێت لە لایەنەکانی دیکە دووریان بخاتەوە. بەم پێیە بۆ نموونە ناسیۆنالیزم لە فەرەنسا لایەنێکی یەکپارچە و یەککرتوو بەدیدێنێت و وەکوو پێزێکی جیاواز سەیری جیهان دەکات، یان ناسیۆنالیزمی ئەڵمانیا خەڵکی ئەو وڵاتە دەکاتە گەلێکی یەکدەست و بەهێز لەو وڵاتەدا، بەڵام هەر ئەم دەستە و گرووپانە کە دراوسێی یەکترین، لێك جیا دەبنەوە و فەرەنسا و ئەڵمانیای لێ دروست دەبێت. لە وڵاتێکدا کە چەند دەستەی جۆراوجۆری دیاریکراو دەژین، ناسیۆنالیزم دەبێتە هێزێکی نێگەتیف و سەرەڕای ئەوە کە زنجیرەی پەیوەندییەکان دەپچڕێنێت، لێکترازان و لاوازیی نەتەوەیی زۆرتر دەبێت. مێژوو ناتوانێت ڕوونی بکاتەوە کە ئەگەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوور بێت لە دەستێوەردانی زلهێزەکان، چ فۆرمێکی دەبێت، چونکە فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمریکا ئامادە نەبوون گوێ بۆ بەڵێنییەکانی سۆڤێت ڕابگرن[۳۳].

له شەوی ۲۹ی تشرینی یەکەمدا، هێزی زەمینی و ئاسمانیی ئیسرائیل پەلاماری میسری دا، ڕۆژی دواییش هێزە چەکدارەکانی فەڕەنسا و بەریتانیاش چوونە ڕیزی هێرشبەران و بەشێك لە ناوچەکانی کەنالّی سوێسیان داگیر کرد. لە عەسری ئەو ڕۆژەوە کە عەبدولناسر نەتەوەیبوون و خۆمالّیکردنی کەنالّی سوێسی ڕاگەیاند، تا ۲۲ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ، کە کۆتا دەستەی یەکەکانی ولاّتانی دەستدرێژیکەر، بە هۆی خەبات و ڕاوەستانی قارەمانانەی میسرییەکان و بە پاڵپشتی بیروڕای جیهانی و هەروەها هەڕەشەکانی دەوڵەتی سۆڤێت و هاوبەشبوونی ڕاستەقینەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەم کێشەیەدا، خاکی میسریان بەجێهێشت، میسرییەکان یەکدڵ و یەکگرتوو، پەیڕەوییان لە سەرۆکە گەنجەکەیان کرد و دەستدرێژیی دوژمنیان بەڕەڕچ دایەوە و سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. سوپای ئیسرائیل بە تەمای داگیرکردنی شەرمولشەیخ[۳۴] و خستنەژێردەستی هاتوچۆی کەشتییەکانی ئیسرائیل بۆ بەندەری ئیلاتبود[۳۵] بوو، کە پێشتر بە فەرمانی عەبدولناسر داخرابوو. بە ئاگاداربوون لە بەهێزیی هێزەکانی ئاسمانیی میسر و فڕۆکەوانەکانی بیابانی سینا[۳۶]، بەرگریکردن لە هەرێمی ئاسمانیی ئیسرائیل خرابووە ئەستۆی فڕۆکەوانەکانی فەڕەنسا. سوپای میسر کە غافلگیر کرابوو، نەیتوانی کارێکی وەها بکات، چونکە لە هەمان سەرەتای ڕۆژەکانی جەنگدا، واتە ۳۰ی تشرینی یەکەم، فڕۆکەکانی بەریتانیا لەشکرێکی میسریان لە دەلتای نیل لەناوبرد و فڕۆکەخانەکانی قاهیرەیان تۆپباران کرد، کە بووە هۆی ئیفلیجکردنی هێزی ئاسمانیی میسر. ئیسرائیل توانیی شەرمولشێخ بگرێت و بنکەیەکی ۸۵۰ کەس لە ئەفسەرەکانی میسر بە دیل بگرێت. بە داگیرکردنی عەریش، ئیسرائیلییەکان توانییان ئەندازەیەکی زۆر غەنیمەت و چەك بەدەست بهێنن. کەشتییەکی جەنگیی فەڕەنسا بە ناوی کرسن، توانیی کەشتیشکێنی میسرییەکان، واتە ئیبراهیمی یەکەم، کە دەیویست هێرش بۆ بەندەری حەیفا[۳۷] بکات، تێکبشکێنێت.

لە ڕۆژی ۲ی تشرینی دووەم، ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی میسریش وێران کران. لە ئەنجامدا بیابانی سینا کەوتە دەست هاوپەیمانان و ئەوان گەیشتنە کەنالّی سوێس. سەرئەنجام لە ڕۆژی چواری تشرینی دووەم ۱۹۵۶دا، ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە زۆرینەی دەنگ، فەرمانی ئاگربەستی ڕاگەیاند. ئیسرائیل ڕایگەیاند کە ئاگربەستەکەی قبوڵ

کردووە و جەنگی سیناش کۆتایی هاتووە. بەڵام فەڕەنسا و ئینگلیز هیچ گرنگییان بە پەیماننامەکە نەدا و کەشتییە جەنگییەکانی خۆیان گەیاندە پۆرسەعید و چوونە ناو گەرووەکەوە. پاشان کۆمەڵێك لە پەڕەشووتەوانانی فەڕەنسایی، پۆرت فوئاد[۳۸] یان داگیرکرد.

ڕۆژی پێنجی تشرینی یەکەم، بولگانین[۳۹]، سەرۆك وەزیرانی سۆڤێت، دوا ئاگاداری دا بە سەرۆك کۆمارەکانی فەڕەنسا و بەریتانیا. لەو پەیامەدا تۆمار کرابوو کە ئەگەر دوژمنایەتی لە میسر کۆتایی نەیەت، سۆڤێت بە موشەکی ئەتۆمی لەندەن و پاریس بۆردومان دەکات. سەرئەنجام لە ڕۆژی شەشی تشرینی یەکەمی ۱۹۵٦دا، ئایدن گیومولەی ئاگادار کردەوە کە لە کاتژمێر پێنجی دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژدا کار بە فەرمانی ئاگربەستی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات. ئەوکاتە فەرمانی وەستان بە هێزەکانی فەڕەنسا و بەریتانیا دەدرێت. لە ۹ی تشرینی دووەمدا ڕازی بوون بە چۆڵکردنی بیابانی سینا و لە ڕۆژی ١٤ی تشرینی دووەمدا یەکەمین چاودێرانی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتن بۆ پۆرسەعید. لە کۆتاییدا لە ۲۲ی تشرینی دووەمی ۱۹۵٦دا کۆتا یەکەی سوپای هاوپەیمانان، میسریان بەجێهێشت[٤٠].

لە لایەکی دیکەوە لە شەوی ۲۹ی تشرینی یەکەمی ۱۹۵٦دا، سوپای ئیسرائیل پێی خستە ناو خاکی میسرەوە و تا ناوچەی (شرم الشیخ)ی داگیر کرد. هێزەکانی فەڕەنسا و بەریتانیا دوو ڕۆژ دوای هۆشدارییەکەیان، لە ئەسکەندەریەوە[٤١] دابەزین. لە ٥ی تشرینی دووەمدا شکستی عەبدولناسر ئاشکرا بوو و هەر سێ وڵاتی هاوپەیمان، کەنالی سوێسیان خستە ژێر چنگی خۆیانەوە و لە بیری ئەوەدا بوون کە چۆن عەبدولناسر لەسەر کار لابدەن. یەکێك لە ئاکامەکانی قەیرانی سوێس لە جیهانی عەرەبدا ئەوە بوو کە ئەمریکا نەیتوانی بۆشایی نەبوونی فەڕەنسا و بەریتانیا لەو ناوچەیەدا پڕبکاتەوە، بەڵام نەتەوەپەرەستی و پێشڕەویی سۆڤێت لەو ناوچەدا پەرەی سەند و عەبدولناسر هەوڵی دا شکستە سەربازییەکەی، بە سەرکەوتنی سیاسی قەرەبوو بکاتەوە و بەهرەی لێ وەربگرێت، بەم بۆنەوە دیمەنی مرۆڤێکی سیاسیی سەرکەوتووی بۆ خۆی دروست کردبوو و لە میسر و سەراسەری جیهانی سێیەمدا خۆشەویستی و پلەوپایەی گەیشتە ئاستێکی بالا. لە لایەکی

دیکەوە ئەمریکا سیاسەتێکی نوێی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرتبووە بەر، دەیویست بەرگریی لە گەشەسەندنی نەتەوەپەرەستیی عەرەبی و پەرەگرتنی حیزبە سیاسییەکانی لایەنگری عەبدولناسر و دوژمنی ڕۆژئاوا، بکات، کە هەر دوو لا لە لایەن سۆڤێتەوە پشتگیرییان لێدەکرا. لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٥٦دا، سەرۆکانی سۆڤێت هۆشداریپەکیان بە فەرەنسا و بەریتانیا دا کە خاکی میسر چۆڵ بکەن، دوابەدوای ئەوە لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٦دا، داگیرکەران خاکی میسریان چۆڵ کرد و خەڵکی میسر ناوی ئەو ڕۆژەیان نا جەژنی سەرکەوتن (عید النصر). جەمال عەبدولناسر بەردەوام پشتگیریی لە سەربەخۆیی گەلانی وڵاتانی مەغریب و جەزائیر دەکرد. عەبدولناسر لە گرووپی وڵاتانی بێلایەندا، لە ڕیزی مارشاڵ تیتۆ، نێهرۆ، چوئێن لای[٤٢] و قەوام نکرومو[٤٣]دا بوو.

بە هۆی جەنگی ئیسرائیل و میسر لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٦ و دەستێوەردانی فەرەنسا و بەریتانیا، دەوڵەتی عێراق تووشی کێشە بووبوو. بوونی ئیسرائیل، کە لەسەر ئەساسی دەرکردنی تۆندوتیژانەی خەڵکی فەڵەستین پتەوبوو، هاوکاریی هەر سێ ئامانجەکەی ئەمریکای دەکرد: ڕێگریکردن لە نفوزی سۆڤێت، جڵەوکردنی نەتەوەخوازیی عەرەب و کەمبوونەوەی هێزی بەریتانیا و فەرەنسا. سەرکەوتنی ئیسرائیل بەسەر سوپاکانی میسر، ئەردەن، سووریا و عێراق، لە ساڵی ١٩٤٨دا، بووە هۆی دەرکردنی ٨٠٠ هەزار فەڵەستینی لە نیشتمانی دایکایەتییان؛ واتە دوو لەسەر سێی هەموو دانیشتوان. دوای ئەوە زۆربەی خانوو و گوندەکانیان وێران کران. ژانایانی ستراتیژی ئەمریکایی، بۆ ئەم پاکسازییە نەتەوەییە، سوودیان لە هەر هەلێك بینی. فەڵەستین لە جەنگی جیهانیی یەکەمەوە لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بەڕێوەدەبرا، کە بوونی ئیسرائیل مانەوەی نفوزی بەریتانیای لە ناوچەکەدا لەناوبرد. یەکێك لە ڕاوێژکارانی تروومانیش بەڵگەی دەهێنایەوە کە ئیسرائیل دەتوانێت ببێتە سەرمایەیەکی ستراتیژیی، یان جۆرێك کەشتیی فڕۆکەهەڵگری جێگیر، کە دەتوانێت پارێزگاریی لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەریای سپیی ناوەڕاست، بکات. قەیرانی سوێس لە ساڵی ١٩٥٦دا، پیشاندەری کۆتایی تەمەنی کۆڵۆنیالیزمی کۆن، تا ڕادەیەکی زۆر بۆ کۆنترۆڵکردنی نەوت، بوو[٤٤].

جارێکی دیکە جیهانی عەرەب، کێشەی کۆنی نێوان میسر و عێراق، میسر و سووریای بەخۆوە بینی. ئەمە هەر ئەو کێشەیە بوو کە دەگەڕایەوە بۆ سەدەکانی سەرەتای ئیسلام. لە باکووری تورکیادا دۆخێکی دوژمنانەی پێکهێنابوو. لە ڕۆژهەڵاتیدا عێراق بەرەو پەیمانی بەغدا دەچوو. هێزی دەریایی ئەمریکا، دەریای مەدیتەرانەی کردبووە مەیدانی هەوڵەکانی. حیزبی کۆمۆنیست کە تا کۆتایی ساڵی ۱۹۷۵، بانگەشەی یەکێتیی لەگەڵ میسر دەکرد، کەوتە دژایەتیی. پێشتر حیزبی کۆمۆنیست وایدەزانی کە عەبدولناسر بەو یەکگرتنە قایل نابێت. بەکتاش، سەرۆکی حیزبی کۆمۆنیستیی سووریا، دیمەشقی بەجێ هێشت و ڕۆژی ٤ی شووبات، چوو بۆ شارێکی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا. ئەو دەنگدانی دژی یەکێتی بە کارێکی ژیرانە نەدەزانی. ڕووسییەکان سەریان سووڕ مابوو. ئەوان دەیانزانی کە حیزبی کۆمۆنیست لە سووریادا زۆر بەتوانایە، بەڵام هەڵوەشاوەتەوە و سەرۆکەکەی بەشێوەی دوورخستنەوە چووەتە دەرەوەی وڵات و عەبدولناسر جێگەی ئەوی لە دیمەشق پڕکردووەتەوە. ڕووسییەکان دیسان نەیانتوانی لە سروشتی نەتەوەیی و بەهێزی عەرەبی، تێبگەن و خەباتی کۆماری یەکگرتووی عەرەبییان بە پەرەپێدانی دەسەڵاتی میسر دەزانی.

لە کۆتایی شووباتدا، عەبدولناسر چوو بۆ دیمەشق، لە لایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا. لە مانگی کانوونی دووەمدا، سووریا و میسر بڕیاریان دا یەکگرتنی ئەم دوو وڵاتە ڕابگەیەنن و دەوڵەتی نوێی کۆماری یەکگرتووی عەرەبییان پێکهێنا، کە ئەم یەکگرتنە لەسەر هەوڵەکانی سووریا بوو. بە گوێرەی ڕێوشوێنی ئەم یەکگرتنە، حیزبی کۆمۆنیست کە پێشتر لە میسردا هەڵوەشانەوەی ڕاگەیەندرابوو، لە سووریاش هەر ئەوەی بەسەر هات. بڕاڤی پانعەرەبیزم بە پێکهاتنی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی، گەیشتە ئاستێکی باڵا، بەڵام سەرکردەکانی ڕژێمی پێشوو ڕێبازێکی نێگەتیڤیان خستبووە پێش چاو. سەرکردەکانی عێراق پلانێکی دژ بە یەکبوونیان ئاڕاستە کرد، کە دژی بیروباوەڕی پانعەرەبیزم بوو.

لە ساڵانی ۱۹۵۷ و ۱۹۵۸دا ڕاپەڕینی جەماوەر دژی دەوڵەتی لایەنگری ئەمریکا لە لوبنانیدا سەری هەڵدا. لە لایەکی دیکەوە هێزە پێشکەوتووخوازەکان، عەبدولناسریان بە شایانی ئەوە دەزانی کە ببێتە سەرۆکێکی لێهاتوو و قارەمان. مەبەست ئەوە بوو کە

سووریا ببێته گۆڕەپانی کێشەی ئەو دوو باڵە. ئەمریکا، لۆیی هێندەرسۆنی نارد بۆ ئەنقەرە و ئەردەن و عێراق و بەیروت، کە لێکۆڵینەوەیەک بکات سەبارەت بە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام خۆی پاراست لە سەفەر بۆ دیمەشق. سووریا کۆڵۆنی فەڕەنسا بوو و تا ئەو کاتەی فەڕەنساییەکان لەوێ بوون، واتە تا ساڵی ۱۹۵۸، یەکێتیی میسر و سووریا بەدیهات. کوردەکانیش مافی نەتەوایەتی و یاساییان هەبوو و جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان کورد و عەرەبدا نەبوو. سەرکوتکردن و کۆنترۆڵی کورد، دوای ۱۹۵۸ و پاش یەکێتی میسر و سووریا و گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و حیزبی بەعس، دەستی پێکرد. بە واتایەکی دیکە، دەتوانین بڵێین سەرکوتکردنی کوردەکان لەو دەمەوە دەستی پێکرد و سەدان کەس دەستگیر کران، چونکە یەکەم حیزبی کوردیی لە ۱۹۵۷دا دروستبوو، کە دواجار بوو بە پارتی دیموکراتی کورد[٤٥].

کۆنگرەی ئەمریکا لە ۹ی ئازاری ۱۹۵۷دا، بڕیارنامەیەکی سەرۆک کۆماری پەسەند کرد کە بە (دکترینی ئایزنهاوەر *Eisenhower Doctrine*) ناوبانگی دەرکرد، کە باسی ئەوە دەکات بەرژەوەندیی نیشتمانی ئەمریکا بەستراوەتەوە بە ئاشتیی نێونەتەوەیی و پاراستنی سەربەخۆیی و چوارچێوە ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە مانگی نیساندا مەلیک حسێن پاشای ئەردەن، سەرۆک وەزیرانی تازەی خۆی، واتە سلێمان نابلوسی[٤٦]، لەسەر کار لابرد. لە چەند شاری ئەردەندا ڕاپەڕین دەستی پێکرد و ئەگەری شەڕی ناوخۆ هەست پێ دەکرا. حسێن سوور بوو لەسەر بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشانەی کە سەڵتەنەتی ئەویان دەخستە مەترسییەوە. وەزارەتی بەرگریی، دوو مانگ پێش سەفەرەکەی هێندەرسۆن بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، واتە لە حوزەیرانی ۱۹۵۷دا، ڕایگەیاند یەکێتیی سۆڤێت هیچ خاڵێکی دیاریکراوی لێ دەرنەکەوتووە کە ڕاستەوخۆ دەستی هەبووبێت لە قەیرانەکانی پێشووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە بڕوای ئێمە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ئەو ولاتە بە ئامانجی مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی کودەتایەکی چەپ لە سووریا، جێبەجێ نابێت. ستراتیژییەتی سۆڤێت بە ڕۆشنی ئەوە بوو کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێلایەن بێت. مەبەست لەو سیاسەتە، بنەبڕکردنی هەڕەشەکانی دوژمنانی بنەچەیی سۆڤێت، واتە فەڕەنسا و بەریتانیا بوو، کە ئەمریکاش لە لایەکی دیکەوە چاوی لە ناوچەی پڕ لە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو و لە

هەوڵی ئەوەدا بوو کە بۆشایی دەسەڵاتی تێکشکاوی دوو هێزە ئەوروپییەکە پڕبکاتەوە. لە نیسانی ۱۹۵۷دا، ئەمریکا ئەم دوکترینەی ئایزنهاوەری بووژاندەوە، ئەویش بە نیشتەجێکردنی شەش پاپۆڕی سەربازیی گەورەی هێزی دەریایی و لیوایەکی هێزی ئاسمانی لە لوبناندا، بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو شۆڕشانە کە دژی دەوڵەت بەرپا دەبوون. سااڵێك دوای ئەوە، کاتێك گرووپێکی سەربازیی لایەنگری میسر لە سووریا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، دیسان ئەمریکا شەش پاپۆڕی جەنگیی دیکەی لە دەریای مەدیتەرانەدا نیشتەجێ کرد. چەکی نارد بۆ وڵاتانی ئەردەن، لوبنان، عێراق، تورکیا و سعودیە. تورکیای هان دا بە ۵۰ هەزار سەرباز پەالماری سەر سنوورەکانی سووریا بدات.

سااڵێك پێش ئەوە، واتە لە ئازاری ۱۹۵۷دا، کۆنگرەی ئەمریکا (دکترینی نوێی ئایزنهاوەر)ی پەسەند کرد. ئەم دکترینە (سەربەخۆیی و یەککگرتنی گەالنی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستی) زۆر بە گرنگ دەزانی و خودی ئەمریکا بە زەحمەت و زۆر، بەرگریی لێ دەکرد. لە سەرەتای سااڵی ۱۹۵۷دا، جیهانی عەرەب دابەش بووبوو بۆ چەند الیەنی جۆراوجۆر، لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە جیاوازیی زۆریان لە نێواندا هەبوو. لە الیەکەوە هەندێك لە سەرۆکانی عەرەب، دەستی هاوکارییان بۆ یەکتر درێژ کردبوو. لەو سەردەمەدا لوبنان هێمنترین و لەسەرخۆترین هاوپەیمانی نزیکی ئەمریکا بوو، چونکە کامیل شەمعون، سەرۆککۆماری نیشتمانپەروەر و شارڵ مالیك، وەزیری دەرەوەی لوبنان، لە کاردانەوەی دۆخی سووریا هەستیان بە مەترسی دەکرد. ئایزنهاوەر لە بیرەوەرییەکانیدا وتی "سۆڤێت ئاژاوەی نایەوە"[۴۷۱].

ئەمریکا لە سااڵی ۱۹۵۷دا، هەنگاوی بۆ بەرەوپێشچوونی سیاسی و یارمەتیی ماددیی لە ئەردەندا نا، سوڵتان حوسێنی پادشای ئەردەنیشی بەهێزتر کرد، لە پێناوی بەرگری لە پەرەسەندنی بیری عەبدولناسر لەو وڵاتەدا، نزیکی کردەوە لە سعودیە. ڕووسیاش خۆی لە سووریا نزیك کردەوە و هانی دەدا کە لەگەڵ میسردا (کۆماری یەککگرتووی عەرەبی) پێکبهێنێت، ئەو کۆمارەی کە پتر لە سێ سااڵ بەردەوام نەبوو. چالاکیی شاراوەی ئەمریکا، لە دژی میسر و سووریاش تووندتر بووبوو. لە ماوەی نێوان تەموزی ۱۹۵۷ تا ۱۹۵۸، دەوڵەتەکانی میسر و سووریا و هەروەها ڕۆژنامە و ڕادیۆکان، بە الیی کەمەوە هەشت

پیلانی جیاوازیان ئاشکرا کرد که هەوڵ درابوو بۆ ڕووخاندنی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت و کوشتنی عەبدولناسر و بەرگیریی لە یەکگرتنی میسر و سووریا و... لە ۱۹۵۷دا، سلێمان نابلوسی، سەرۆك وەزیرانی ئەردەن، ڕێکەوتنامەکەی لەگەڵ بەریتانیادا هەڵوەشاندەوە و ئەردەنی لە ژێر ڕکێفی بەریتانیا دەرهێنا و هێزە چەکدارەکانی ئەو وڵاتەش ئەردەنی چۆڵ کرد. ئەو ڕووداوانە هەستی نەتەوایەتی و شانازیی ئەفسەرانی تونددڕەوی عێراقی جووڵاند بووە نموونەیەك بۆ پەیڕەویی لەو ڕێبازە. پەیمانی بەغدایش هەستی نەتەوایەتیی جەماوەری عێراقی دژی ڕژێمی پاشایەتی بزواند. میکا سیفرای، سەرنووسەری پێشووی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڤاری گەل، لە لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە کاردانەوەی ئەمریکا بەرانبەر شۆڕشی عێراق، تیشك دەخاتە سەر ئەم بابەتە کە بەپێی ڕاپۆرتەکان، ئەم هێزانە بریتیبوون لە تیپێکی ئەتۆمی لەگەڵ تۆپخانە، کە توانای هاویشتنی گوللەی ئەتۆمیی هەبوو. لەڕاستیدا ئایزنهاوەر فەرمانێکی نهێنیی بەو هێزانە کردبوو کە ڕەوانەی ناوچەکە کرابوون، سەبارەت بەوە کە بۆ بەرگری لە گەیشتنی هێزەکانی عێراق بە چاڵە نەوتەکانی کوەیت، سوود لە چەکی ئەتۆمی وەربگرن. دوو ڕۆژ دوای ئەوە هێزەکانی بەریتانیا چوونە ناو ئەردەن. لوبنان تاکە وڵاتێك بوو هاوکات لەگەڵ دەستدرێژیی بۆ سەر میسر، ئامادە نەبوو واز لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ فەڕەنسا و بەریتانیا بهێنێت.

هەردوو وڵاتی ئەردەن و عێراقیش، دوای ئاشتبوونەوە لەگەڵ بنەماڵەی سعودیە، هەر بەو شێوەیە بوون. مەلیك سعود، پاشای عەرەبستان، سەردانی ئەمریکای کرد و لە لایەن کاریەدەستانی ئەمریکاوە بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا. وەها بە باڵایاندا خوێند، کە پێشنیازی ئەوەیان کرد ببێتە خەلیفەی موسڵمانان، واتە (أمیر المؤمنین)، پاش گەڕانەوەی، بە شێوەیەك دکترینی ئایزنهاوەری وەرگرتبوو. نیوێورك و هێرالد تریبۆن، ڕایگەیاند "دەستتێوەردانی ئەمریکا بە مەبەستی پووچەڵکردنەوەی کودەتای عێراق، شێلگیرانە ئەو مەبەستە شوێنگیریی دەکات". ئایزنهاوەر گوتی "ئەمریکا ئامادەیە سوود لە هەموو ئامێرێك وەربگرێت بە مەبەستی بەرگریکردن لە هاتنی هەر هێزێکی دوژمن بۆ ناو خاکی کوەیت. کوەیت ئەو وڵاتە بوو کە نەوت و سەرمایەکانی، بۆ سەقامگیریی ماددیی بەریتانیا گرنگ بوو. تەلەگرافێکی نهێنی سلوین لۆید، ڕاوێژکاری دەرەوەی بەریتانیا، بۆ

نووسینگەکەی لە لەندەن، ئەوە دەردەبڕێت کە بە هەر شێوەیەک بووە، دەبێت مەیدانە نەوتییەکانی کوەیت و بەحرەین و قەتەر، لە دەستی ڕۆژئاواییەکاندا بمێننەوە[٤٨].

بەهۆی بێکەڵک مانەوەی ئاکامی دەنگدانی پەرلەمان لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٤ و قەدەغەبوونی چالاکیی پارتە سیاسییەکان، مەسەلەی واژۆکردنی پەیمانی بەغدا لە ساڵی ١٩٥٥دا و دوای ئەوە پەلاماری بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیسرائیل بۆ سەر میسر لە ئۆکتۆبەری ١٩٥٦، سەرجەمی ئەمانە بەهانە و هۆکارێک بوون بۆ پێکهێنانی یەکێتی نیشتمانیی لە ١٩٥٧/٣/٩دا، کە لە یەکەم بەیاننامەیدا بوونی خۆی ڕاگەیاند و ویستە سەرەکییەکەی ئەو حزبە[٤٩] لابردنی نووری سەعید بوو. چەندان ملیۆن عێراقی لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییانە کە هەموو ئەو ناوچانەی گرتبووەوە و بانگەوازی عەبدولناسر بۆ عێراقییەکان بە مەبەستی ڕاپەڕین، وەریان بەرز بووبووەوە[٥٠]. لە ساڵی ١٩٥٧دا، بە سەرۆکایەتیی عەبدولکەریم قاسم[٥١]، سەرلەنوێ ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز[٥٢] دامەزرا. ئەم بیرە پێشتر لە ٣ی ئەیلوڵی ١٩٥٧دا، ڕەفعەت ئەلحاج سری هێنایە ئاراوە. کوردەکانیش بە زۆریی لە ڕیزی ئەم ئەفسەرانەدا بوون و چەندجاریش ویستیان کودەتا بکەن. ئەڵبەت لە ١٨ تەموزی ١٩٥٧دا، شکستی بەریتانیا لە عێراق بووە هۆی ئەوەی کە لە ڕێگەی ئەردەنەوە ئەمریکا ئاگادار بکەنەوە کە بڕیارە تورکیا هێرش بکاتە سەر عێراق و پێویستی بە هێزی ئاسمانی هەیە، بەڵام بە هۆی کاردانەوەی ڕووسیا، وازیان لەم بیرە هێنا، بەڵام دیسان هەر تورکیا هەڵوێستەکانی بەرانبەر عێراق توند بوو و کەڵکەڵەی هێرش بۆ سەر کوردستانی لەسەردا بوو.

ڕووداوەکانی عێراق لە جیهانی دەرەوەیدا، هەر وەکوو ڕووداوەکانی وڵاتانی دیکەی عەرەب، وەکوو کودەتایەک دەهاتە بەرچاو، کە دەستەیەک جێگەی دەستەیەکی دیکەی گرتووەتەوە. ئەم ڕووداوە لە گرێبەستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگای عێراقیدا ڕیشەی داکوتابوو. ئەو ڕووداوانەی کە گۆڕانکارییان بەدیهێنابوو، سێ هۆکاری سەرەکیی هەبوو. یەکەم: تا جەنگی جیهانیی دووەم، ناسیۆنالیزمی عەرەب کاردانەوەیەکی هەبوو لە بەرانبەر عوسمانی و بەهرەکێشیی ڕۆژئاوادا، کە بزێو و چالاک نەبوو. سەرکردەکانیان بە

جێگەی ئاوڕدانەوە لە گەشەدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، گیرۆدەی کێشەی سیاسی بووبوون. پاش جەنگی جیهانیی دووەم ناسیۆنالیزمی عەرەب بوو بە بزاڤێکی شۆڕشگێڕانە و کەوتە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیی ڕادیکاڵ. وەچەی نوێ خوازیاری گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە بوو، چونکە وەچەی کۆن لە نوێکردنەوەی کۆمەڵگادا کەمەست بە پێویستبوونی دەکرا، شکستی هێنابوو. کودەتای عێراق بە دەستی ئەفسەرانی گەنج جێبەجێ بوو و وەڵامێك بوو بۆ ویستەکانی بەرەی لاو. دووەم: بەرەی نوێ زیانێکی زۆری بینیبوو لە بەرەی کۆن، کە بووە هۆی دووپاتبوونەوەی کێشەی نێوانیان. وەچەی نوێ هیوایەکی بە وەچەی کۆن نەمابوو و ڕووی کردە پشتگیریی جەماوەر بەرەو بزاڤێکی شۆڕشگێڕانە. بەرەی کۆن کە سەربەخۆیی عێراقی بە دیاری هێنابوو، خۆی بە پاڵپشتی بەرژەوەندیی گشتی هەژمار دەکرد و شوێنێکی تەرخان نەکردبوو بۆ بەرەی نوێ لە بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری گشتیدا. لە ساڵی ۱۹۵۸دا، سووریا و میسر لەژێر ناوی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی، کە ساڵی ۱۹۶۱ هەڵوەشایەوە، تێکەڵ بە یەك کران. عەبدولناسر لە شووباتی ۱۹۵۸دا، یەکەم هەنگاوی بۆ یەکێتی عەرەب نا، لە ڕێگەی یەکگرتن لەگەڵ سووریا، لێرەدا بوو کە کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لەدایك بوو، بەڵام بزاڤێکی جودایيخوازانە لە ئەیلوولی ۱۹۶۱دا، کۆتایی بەو یەکگرتوویيە هێنا. سووریاش چووە ڕیزی ئەوان و لە ساڵی ۱۹۵۸دا، یەکیان گرت و کۆماری یەکگرتووی عەرەبیان پێکهێنا و جۆرێك لە پانعەرەبیزم دروستبوو. عەرەبەکان وردەوردە کەوتنە بیری ئەوەی کە جەماوەری گەورەی عەرەبەکانی پارێزگای خوزستان لە باشووری ئێران، کە جارجار عەرەبستانی پێدەگوترا و ئەمڕۆ گەورەترین سەرچاوەی نەوتی ئێرانە، شۆڕش بکەن و لەژێر ڕکێفی فارسەکان بێنە دەرەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەو بارودۆخە، سۆڤێت، موحەممەد ڕەزا پەهلەویی خستە ژێر فشارەوە کە چەك و پارەی بداتێ و بەربەرەکانێی ئەو بزاڤە بکات. ئەگەر لەو بارەیەوە هەنگاو هەڵنەگرێت، ئەوا ڕووەکاتە پەیماننامەی ۱۹۲۱ی ئێران و سۆڤێت، کە (ئیزن بە سۆڤێت دەدات دەست بخاتە ناو ئێرانەوە، ئەگەر بێتو هێزێکی سێهەم دژ بە ئێران هەستێت). لە ئاکامی ئەو فشارانە، موحەممەد ڕەزا پەهلەوی بڕیاری دا بە شێوەیەکی پتەو و شێلگیرانە

خۆی ببەستێتەوە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە، کە هەردووکیان دوژمنی سروشتیی سۆڤێت و عەرەبە توندڕەوەکان بوون.

تەلئەبیب و واشنتۆن لەسەر بیروڕاکانی موحەممەد ڕەزا پەهلەوی، تێڕوانینێکی ئیجابیان هەبوو. جوولەکەکان کە گیرۆدەی جەنگ و ئابلۆقە بوون، خۆیان دوورخستەوە لە هەر جۆرە هاوپەیمانێتییەک و تەنانەت هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە خۆیان گیرۆدەی ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوا بوون، ئەمە باشترین هەل و دەرفەت بوو بۆ ئەمریکا. جیهان لە ساڵەکانی ۱۹۵۷ و ۱۹۵۸، سەرقاڵی ڕووداوەکانی ئیسپاتنیک و دەسپێکی کێشەی موشەکی و قەیرانی بەرلین و مۆسکۆ و قەیرانی کۆمۆنیزمی چین لە دوورگەی ماتسۆ و دوورگەکانی کۆمۆ، قەیرانە هەنووکەییەکانی ئەو کاتە و کێشەکانی ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. هەندێك کەس لە واشنتۆن، سەبارەت بە ڕووانگە و تێگەیشتن لە کێشەکانی ناوخۆی ئێران، دەستەوئەژنۆ مابوون و بڕیاریان بۆ نەدەدرا. توێژینەوەکانی CIA لە ساڵی ۱۹۵۸ لە ئێراندا، پیشانی دەدا کە موحەممەد ڕەزا پەهلەویی شای ئێران، ئەگەر لە ناوخۆدا بە زووییی ڕیفۆرم نەکات و یارمەتیی کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی کۆنگرەی ئەمریکای پێنەگات، دەڕووخێت. پشتیوانی و گەندەڵی و بەهرەی ناڕەوای ماددیی کە لەو وڵاتەدا تەشەنەی کردووە، ئەو وڵاتە لە پێ دەخات[٥٤]. لە سەرەتای ساڵی ۱۹۵۵دا، خەڵکی کوردستانی عێراق و کوردەکانی ئێران، تێڕوانینێکی باشیان بەرانبەر بە شا نەبوو و بە مەلیکیش دڵخۆش نەبوون، چونکە شای ئێران قازی موحەممەدی لەسێدارە دابوو، لەبەرچاو کەوت و مەلیکیش بە هۆی لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرەکەوە، بەرەو ڕووی بێزاریی خەڵك بووەوە[٥٥].

لە سەردەمی مەلیك فەیسەڵدا، عێراق هێمنتر بوو و هەندێك یاسا و دەستوور بەڕێوەدەچوو. دەستدرێژیی و تووندوتیژیی نەبوو و گرتن و دادگاییکردن بەپێی یاسا بوو. دەتوانین بڵێین کە عێراق لە سەردەمی قانووندا بوو. خەڵك ڕێز و حورمەتیان هەبوو و لە ڕووی ئابوورییەوە خەڵك زۆر برسی نەبوون. دیناری عێراقی شوێنگە و بەهای زۆر لە

سەرەوە هەبوو. بۆ عێراقییەکان، ساڵی ١٩٥٦ پڕ بوو لە ڕووداو و چالاکی لەسەر ئاستی نەتەوەیی و عێراق و جیهان، کوردستانیش چەندین هەواڵی جیاجیای هەبوو[٥٦].

سەر لە بەیانیی ڕۆژی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٦، شێخ مەحموود کە ٣٧ ساڵ تێدەپەڕی بەسەر ڕاپەڕینی یەکەمیدا، لە دژی هێزەکانی ئینگلیز لە کوردستانی باشوور، لە بەغدا چاوی لێک نا، بەڵام گیانی دژایەتیکردنی ئینگلیزی پاراستبوو. مەراسیمی بەخاکسپاردنی ئەو لە کوردستان پێشوازییەکی تا ئەندازەیەک ئارامی بەخۆیەوە بینی[٥٧]. ساڵی ١٩٥٧ عێراق و کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانی سیاسی بووبوونەوە و دەتوانین ئەو ساڵانە بە زنجیرە ڕووداوەکانی عێراق ناوبنێین. لە ساڵی ١٩٥٧دا، مەنوچەهر ئیقبال[٥٨]، سەرۆک وەزیرانی ئێران و نووری سەعید، لە کۆبوونەوەکانی پەیمانی بەغدا لە کاراچی بەشداریان کرد و سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکانی سنووری ئاوی و زەمینیی ئێران و عێراق گفتوگۆیان کرد. دوای ماوەیەک مەلیک فەیسەڵی دووەمیش سەردانی ئێرانی کرد. لە سەرەتای ئەم ساڵەدا، توندوتیژی لەعێراقدا کەمبووبووەوە و حیزبە سیاسییەکان چالاکییەکانی خۆیانیان زیاد کردبوو، بەڵام لە کوردستان هێشتا هاتوچۆ زۆر کەم بوو و خەڵک لەوپەڕی هەژاریدا دەژیان و لە تاو بێدەرەتانی و هەژاریی، زۆر کەس بووبوونە بەکرێگیراو. کاتێک دەنگدان بەڕێوە دەچوو، تەنیا ئەو کەسانە سەردەکەوتن کە لەگەڵ حکومەتدا بوون. ئەگەر کەسێک بەپێی دەنگی خەڵک سەربکەوتایە، بە خێرایی ڕەتیان دەکردەوە و کەسێکیان دەخستە جێگەی، کە لە بازنەی حکومەتدا بوو. ئەگەر کەسێکیش بە ڕای خەڵک هەڵبژێردرایە، سیناریۆی هەڵبژاردنی خولی ١٧ی مهابادی کوردستانی ئێران لە کوردستانی عێراقیش دووبارە دەبووەوە و خێرا ئەو کەسە، یان ڕەتدەکرایەوە، یان حکومەت کەسێکی نزیکی خۆی و نزیک لە ئەڵقەی دەسەڵاتی ناوەندی دادەنا. بە ڕواڵەت هەڵبژاردن لە لایەن خەڵکەوە هەبوو، بەڵام لەڕاستیدا هەڵبژاردن لە لایەن حکومەتەوە بوو. هەندێک جار حکومەت بۆ بانگەشەی خۆی، دەستی دەکرد بە کاری ئاوەدانکردنەوە، بەڵام لە دیدگای کوردەکانەوە بە جۆرێک لە بانگەشە دەژمێردرا و ئەو بە پێوانە لەگەڵ شوێنەکانی تری عێراق، زۆر بە خراپ وەسف دەکرا. وەک ئەو کاتەی مەلیک فەیسەڵ بۆ کردنەوەی بەندەوای دوکان سەفەری کرد بۆ سلێمانی. لە ١٩٥٧دا، دەستەیەک کورد و

عەرەب، چوون بۆ قاهیرە و سەردانی جەمال عەبدولناسریان کرد. ڕژێمی عێراق لە ترسی تەقینەوە و گەورەبوونی ئەم کێشەیە، تا ڕادەیەک کۆسپی سەر ڕێگەی کوردەکانی لابرد و فەرمانی بڵاوکردنەوەی چەند گۆڤاری کوردیی دا. لە کوردستاندا چەند کارگەیەکی جگەرە و چیمەنتۆ دامەزران[۵۹]. دۆخی سیاسیی پەنجاکان بەو شێوەیە بوو کە حیزبی شیوعی زۆر بەهێز بوو و لاوان و قوتابیان، زۆرتر ڕوویان لێ دەکرد و وەکو مۆم لە ناوەندی شاردا دادەگیرسا. پارتی لاواز بوو و ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی بەدواوە بوو، لەناو خوێندکارانیشدا ئەوانەی بیری کوردانەیان هەبوو، بە پەنجەی دەست دەژمێردران، تەنانەت کاتێک کە عەبدولکەریم قاسمیش دەسەڵاتی گرتە دەست، لێشاوی ڕووکردنە شیوعییەت بەردەوام بوو.

سەردەمی مارکسیزم بوو. لە جەنگی جیهانیی دووەمدا شیوعییەکان سەرکەوتبوون و خەڵکیش وایاندەزانی ئەگەر بچنە ڕیزی بەرەی یەکگرتووی سۆسیالیزم، ئەوا سەرکەوتووتر دەبن. لەناو پارتیشدا پەرتووک و بەرنامەو سەرچاوەیەکی ئەوتۆ نەبوو، بەڵام لەناو شیوعییەکاندا چەندین پەرتووک و سەرچاوە هەبوون. لە کوردستان، گەنجەکان هۆگری بابەتە ئەدەبی و کولتوورییەکان بوون، هەردەم بە شوێن گۆڤاری گەلاوێژەوە بوون و بۆ وەچەی لاو، قوتابخانە و سەرچاوەیەکی گرنگ بوو. لە پەنجاکاندا چەندین ڕۆژنامە[۶۰] لە سلێمانی بڵاودەبووەوە کە ۲، ۳ لاپەڕەی بە زمانی کوردی بوو و پاشماوەکەی عەرەبی بوو. لە قوتابخانەش زۆرتر بە زمانی کوردی دەیانخوێند.

گۆڤارەکانی هەفتانەی (ژین[۶۱]) لە سلێمانی، گۆڤاری (هەتاو نیوەمانگ[۶۲]) لە هەولێر و (هیوا[۶۳]) لە بەغدا، بڵاودەبوونەوە، بەڵام لە کەرکوک ڕۆژنامەی کوردی نەبوو و هۆکارەکەیشی ڕوون نەبوو[۶۴]. بوونی بارزانی لە سۆڤێت، کاریگەریی زۆری لەسەر پەروەردەکردنی بیری گەنجانی حیزبی پارتی دانا. ڕیکلامکردنی بەردەوامی حزب لەناو عەقڵیەتی کومەڵگای کۆنی ئەو سەردەمە، پیرۆزییەکی زۆر و قوواڵی بۆ کەسایەتی و ناوی ئەو دروست کردبوو. ئەویان وەک ڕزگارکەری کوردەکان باس دەکرد. هەروەها سۆڤێت وەک

دۆستی کوردستان دەخرایە پێش چاوی خەڵک، هەرچەندە کە هیچ کارێکی بۆ کوردەکان ئەنجام نەدابوو.

بەڵام بەهەرحاڵ ، دروشمەکان و دەستەواژەی وەک: ستالین پێشەوایە و بۆ کورد وەکوو برایە، بژی و بەرقەرار بێ چەکوش و داس، لەژێر دەستی زۆردار کورد بوو خەلاس، و... لەو سەردەمەدا باو بوون[۶۵]. پەیوەندیی بارزانی لە ۱۹۴۷ تا ۱۹۵۸، بێجگە لەو بەڵگەنامانەی کە سۆڤێت و ک. گ. ب (KGB) بڵاویان کردوونەتەوە و یادەوەرییە بڵاوبووەوەکانی کەسانێک، تا ئەمڕۆ لە پەردەی نامۆییدا ماوەتەوە. بارزانی هەر کە گەیشتە سۆڤێت دوای لەناوچوونی کۆماری مهاباد، سروشتی بوو کە لەگەڵ سیاسییە چالاکەکان بکەوێتە لەژێر چاودێریی ژەنەرالە ئەمنییەتەکانی ک. گ. ب[۶۶]. کەسایەتییەکانی وەک پاول سودوڵاتف[۶۷] کە تەنانەت بە ئاشکرا لە یادەوەرییەکانی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەفسەری زۆر لەسەر چۆنیەتی تەعامولکردن لەگەڵ بارزانی لە ڕووی سیاسی و فێرکردنی ئەو و هێزەکانی لە ئەکادیمی نیزامیی مۆسکۆ[۶۸]، پەیوەندی و موتالەعەیان هەبوو[۶۹] و ئەڵبەتە لە ناوی ڕەمزیی سەرۆک (Rais)[۷۰] زیاتر بانگ و پشتیوانی کرا و لە بەڵگەنامە ئەرشیفییەکاندا[۷۱] ئاماژە بەوە کراوە[۷۲]. لەو کاتەدا، بەرەیەکی نیشتمانی لە عێراقدا پێکهاتبوو لە حیزبی ئیستیقلال، وەتەنی دیموکرات، شیوعی و شەعب. سەرۆکی پارتی هەوڵێکی زۆری دا کە بچێتە ناو ئەو بەرەیەوە، بەڵام نەیتوانی.

چونکە حیزبە نەتەوەییەکانی عەرەب بەم کارە ڕازیی نەبوون، بە دوو هۆی سەرەکی: ئەوان کوردستانیان بە زێدی کوردان نەدەزانی و بە بەشی عەرەبیان دەزانی. لە لایەکی دیکەوە ئامادە نەبوون پارتی وەک نوێنەری کورد بناسن. بەتایبەت کە مەسەلەی کەرکووک لە عێراق دا زۆر هەستیار بوو. بۆ نموونە: پارتی و شیوعی دەیانویست وەکو شارەکانی دیکە بواری خۆپیشاندانێک پێکبێنن، بەڵام کەرکووک لە ڕیزی ئەو شارانەدا بوو کە دەبوو وردبینانە کاری لەسەر بکرێت، کە دواجار بە بەیاننامەیەک ڕەزامەندییان دەربڕی و کێشەکە کۆتایی هات. لە ساڵی ۱۹۵۷دا، دووبەرەکی لە نێوان کورد و تورکماندا هەبوو. بەم بۆنەیەوە بێجگە لە حیزبی شیوعی، حیزبەکانی دیکەی عێراق، وەکو پارتی، شوێنگەیەکیان

لە شاری کەرکووکدا نەبوو و دواجار چوونە بەرەی کۆمۆنیستەکانی کەرکووک. ئەوانیش لە کەرکووکدا لەگەڵ پارتی، جیاوازیی بۆچوونیان هەبوو، هەروەها لە نێوان ئەندامانی یەکێتیی قوتابیانیش ئەو بەرەیە وەرنەدەگیرا[۷۳]. لە مانگی تەمووز و ئابی ۱۹۵۷دا، لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی لاوانی جیهان لە مۆسکۆ، بەشداریی کرد، کە هەر دوو ساڵ جارێک بەڕێوە دەچوو.

لە کوردستانی عێراقیش، جەلال تاڵەبانی بە بیانووی بەشداریکردن لە کۆنگرەی قوتابیانی جیهانی، بە نهێنی و بە پاسپۆرتی تەزویر، ڕۆیشت بۆ سووریا و لەوێ بە هاوکاریی موحەممەد زلفوی ئەفسەر، ماڤ پەنابەری سیاسیی وەرگرت و ڕۆیشت بۆ ڕووسیا، بەڵام لە ناوەڕۆکدا حەزی لە دیداری بارزانی بوو. لەو کاتەدا هەڵسوکەوتی سیاسیی سۆڤێت تا ڕادەیەک ئەهوەنتر بووبووەوە و خرۆشۆڤ، سکرتێری حیزبی کۆمۆنیست بوو. فشارەکانی سەر بارزانی و هاوڕێیانی کەمتر بووبووەوە و دەیانتوانی هاتوچۆی مۆسکۆ بکەن و نیشتەجێش ببن، کە پێشتر ئەوانە قەدەغە بوو و نەیاندەتوانی بۆچوونی خۆشیان دەربڕن، تەنانەت نەدەکرا بڵێن کە ئەو لە سۆڤێتە. پێشتر کوردەکانیان لە کۆمارەکانی ئازەربایجان و قەفقاز و... پەرتەوازە کردبوو، بەڵام لە سەردەمی خرۆشۆڤ، بارزانی و هەندێ لە هاوڕێیانی هاتنە مۆسکۆ و ئێمە دەمانزانی کە لە مۆسکۆیە. مام جەلال باشتر لە هەمووان لە بارودۆخی بارزانی ئاگادار بوو و کاتێک چوو بۆ مۆسکۆ، هەوڵی دا کە بارزانی ببینێت، بەڵام ساڵێک لەوەوپێش ئەگەر بچووایە، دیارە بارودۆخی عێراق جۆرێکی دیکە دەبوو و ڕەنگە هیچ کاتێک نەیدەتوانی سەرکەوتوو بێت، بەڵام ئەو ساڵە دەروازەکان ئاوەڵاتر بوون. هاوکات لەگەڵ ئەوەش بارزانی توانی هاوڕێیانی وەکو دکتۆر عەزیز شەمزینی و میرحاج و... ببینێت و دەربارەی دۆخی کوردستان و پارتی دیموکرات گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات.

لە کاتی گەڕانەوەی مام جەلال لە مۆسکۆ، لە ترسی دەستگیرکردنی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، ماوەیەک لە سووریا مایەوە، چونکە تاقمێک لە لایەنگرانی نووری سەعید، لیستی ناوی سەرنشینانی ئەو کەشتییەیان دزیبوو کە بەرەو مۆسکۆ چووبوو. بەم جۆرە لیستی

بەشدارانی فیستیڤاڵەکە کەوتە بەر دەستی فەرمانگەی ئاسایش، بە تایبەت ئەوانەی کە بە ناوی خۆیانەوە چووبوون. مام جەلالیش بە پێناسی خۆیەوە و بە فەرمی ڕویشتبوو[٧٤].

لەو کاتەدا، سووریای ١٩٥٠کان، لە ڕووی ناسنامە و سەربەخۆییەوە، بەرەو ڕووی کۆمەڵێک کێشە بووبووەوە، ئیخوان موسلیمین، کۆمۆنیستەکان، بیری نەتەوەیی عەرەبی و... هەر یەکە لەو گرفتانە کێشەیەکی جیاوازی بۆ سووریا سازکردبوو. لە لایەکی دیکەوە عەبدولناسر دەیویست ئیمپراتۆریی عەرەبی دروستبکات و دەیویست جیهانی عەرەبی بە گشتی فەرمیتر ببێت[٧٥]. سووریا سیاسەتێکی توندی لە بەرانبەر کوردەکان لەبەرچاو گرت.

لە سووریا بە یەکجاریی و بە فەرمی ناوی کوردی قەدەغە کرا و لە دەرەوە قسەکردن بە زمانی کوردیی قاچاخ بوو. لە فەرمانگە دەوڵەتییەکانی پێش ئەو سەردەمە، ئەگەر کەسێک بیگوتایە عەرەبی نازانم، شتێکی زۆر ئاسایی بوو و قسەکانیان لە کوردییەوە وەردەگێڕایەوە سەر عەرەبی، بەڵام دوای ئەو ماوەیە ئەوەش قەدەغە کرا و بەری چاپ و بڵاوکردنەوەی پەرتووکی کوردییش گیرا و بێجگە لەبوانە پلانی گۆڕینی ناوە کوردییەکان لە گوندە کوردنشینەکاندا دەستپێکرا[٧٦].

لە پێش ڕۆیشتنی تاڵەبانی بۆ ڕووسیا، فایەق سامەڕایی و سدیق شنشەل[٧٧] پێشنیاریان بۆ کرد کە لەبەر ئەوەی ترسی هێرشکردنی تورکیا بۆ سووریا هەیە، یا ڕاپەڕینێک لە کوردستانی عێراق، یا حیزبێکی سیاسی لە کوردستانی تورکیا دابمەزرێنێت. پاشان مام جەلال توانیی لەگەڵ عەفلەق و سەڕاج گفتوگۆ بکات، تاڵەبانی لە سەفەرەکەیدا بۆ مۆسکۆ ئەم هەواڵەی دا بە بارزانی و بەرپرسانی ڕووسیا. دوای گەڕانەوەی مام جەلال بۆ سووریا، بە شێوەیەکی نافەرمی، پارتی دیموکراتی سووریا دامەزرا[٧٨]. ساڵی ١٩٥٦ کۆنگرەی خوێندکاران و لاوانی جیهان لە وارشۆ بەڕێوەچوو. پارتی و خوێندکاران بڕیاریان دا کە مام جەلال لەو کۆنگرەیەدا بەشداریی بکات، بۆ ئەوەی بناسرێین و ببینە ئەندامی یەکیەتی خوێندکارانی جیهان. لە ئەوروپاش خوێندکارانی کورد هەوڵیان دا کە سەربەخۆ و لەژێر ئاڵای نیشتمانداً، بەشداریی بکەن. بەڵام خوێندکارانی عێراقی دژ بەو کارە بوون و بە

جودابیخوازییان دەزانی و بەوە ڕازی نەبوون کە دوو ڕێکخراوی جیاوازی خوێندکاران لە عێراقدا هەبن[۷۹].

"لە ساڵی ۱۹۵٦دا، لە کۆیە قوتابخانەی ناوەندی بۆ کچان نەبوو، بە ناچاریی دەچوینە بەغدا. لە قوتابخانە مۆسیقامان هەبوو و مارش بڵاودەبووەوە و هەموو قوتابیان پێش ڕۆشتن بۆ پۆل، دەبوو سرودی (ملك الحبیب)یان بوتایە، ئێمە زۆر جار بە جێگەی ئەوە، سرودی نیشتمانی و شیعری شۆڕشگێڕانەی کوردیمان دەوت و ڕێتمی ئاهەنگەکە تێکدەچوو و بەڕێوەبەری قوتابخانەمان تووڕە دەکرد و ئەمجار سەرلەنوێ سرووەکەمان دەوتەوە". پاش ڕووداوی کەنالی سوێس، خۆشی و شادیی کەوتە دڵی سیاسییەکانی کەرکووك و بە ئاشکرا لە چاخانەکاندا باس و ڕاوێژیی لەسەر دەکرا. خەڵکی ڕۆشنبیری شارەکە هەموو ڕۆژێك باسیان لە کەلێنەکانی بەغدا دەکرد، دەنگوباسی نوێیان لە ڕادیۆ دەبیست. کاتێك هێرشی سێ وڵاتی ئیسرائیل و بەریتانیا و فەڕەنسا بۆ سەر میسر دەستی پێکرد، حیزب و هەوادارانی سیاسەت، بە نهێنی و بە ئاشکرا دژی بێدەنگی و هەڵوێستوەرنەگرتنی حکومەتی عێراق قسەیان دەکرد. "لە ساڵی ۱۹۵٦دا، پاش دروستکردنی کەنالی سوێس، چووم بۆ ماڵی مام جەلال و بینیم کە لە سەرکەوتنی جەمال عەبدولناسر زۆر دڵشادە و بە باڵایدا هەڵدەڵێت. لە ساڵی ۱۹۵٦دا، مام جەلال بە هۆی پشتگیریی لە ڕووداوی کەنالی سوێس و بەشداریکردن لە چالاکیی سیاسی لەناو زانکۆ و هەروەها لە کوردستاندا، لە زانکۆ دەرکرا". پاشان لەگەڵ ڕەئوف دبس و عەبدولڕەزاق سەیدی، چوو بۆ سووریا. خۆی گوتی: لە سووریا زۆرم برسی بوو و چاوم بە دبس کەوت، ۱۰۰ دیناری دامێ و من قەت ئەو پیاوەتییەم لەبیر ناچێتەوە. دوای ماوەیەك، لە مام جەلال خۆش بوون و گەڕایەوە بۆ زانکۆ. لە ئوتێل تروکادرۆ ژوورێکی هەبوو. مەسعوود موحەممەدیش لەوێ بوو. لە شەقامی ئەلڕەشیدەوە تا زانکۆ، چوار کیلۆمەتر دەبوو، کە بە پێ دەچووین بۆ زانکۆ. زۆر جار بەیانیان (قاسم)مان دەدی کە دەچووەوە بۆ ماڵ و چەپکەمان بۆ لێدەدا و دەستمان بۆ ڕادەوەشاند. ئەو لە بەغدا پەیوەندییەکانی زۆر پتەو بوو و لەگەڵ زۆر کەسدا لە ڕەوتی بزاڤی کوردیی و نەتەوەیی عەرەبدا، پەیوەندیی هەبوو. مام جەلال لەگەڵ زۆر کەسایەتیدا پەیوەندیی هەبوو، وەکو (فواد ئەلڕوکابی، زەکی

خشالی، موحسین عەزراوی، عەدنان بەڕاك، کامیل چادرچی، جەواهیری، عەبدولستار عەلی حسێن، سدیق شەنشل و... هتد)، لەگەڵ ئەم کەسایەتییانەدا هاتوچۆی هەبوو و ئاڵوگۆڕی ئەندێشەی دەکرد و بۆچوونی خۆی دەردەبڕیی. قسەکەی سەعید قەزازیش لە نێوان عەرەبەکاندا دەنگی دابووەوە، کە جەلال "داهاتوویەکی پووناکی دەبێت"[۸۰].

لە کوردستان هەواڵێکی تاڵ بڵاوبووەوە. شەوی ۹ لەسەر ۱۰ی تشرینی یەکەمی ساڵی ۱۹۵٦، شێخ مەحموود، تێکۆشەری دێرینی خەباتی کوردی، لە بەغدا کۆچی دوایی کرد. کاتێك هەواڵەکە گەیشتە کەرکووك، هەموو خەڵك کەوتنە پەژارە و ماتەمین. هۆزە کوردەکان خۆیان ئامادە کرد و پیاوە ناوداره تورکەکانیش پەیوەندییان بە سەرانی کوردەوە کرد. دەستەی جۆراوجۆری حیزب و قوتابی و... خۆیان ئامادە کرد. کوچە و شەقام و گەڕەکەکان پڕ بووبوون لە خەڵك. پاشان لە دەرەوەی شار خەڵك بە چاوی پڕ لە ئەسرین و هەناسەی سارد، بەرەو پرژی تەرمەکەی شێخ چوون. شار شڵەژا، خۆپیشاندانی بەرێکردنی تەرمی شێخ بوو بە خۆپیشاندانی خوێناوی دژی ڕژێمی عێراق. ژنێك بە ناوی ئەختەر، سەرپەرشتی ئەو خۆپیشاندانەی گرتبووە ئەستۆ، کە تەقەیان لێکرد و کوشتیان. هێزەکانی دەوڵەت هێرشیان هێنا، بەڵام زوو هێمنبوونەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە هەندێك لە لێپرسراوان لەو مەراسیمەدا ئامادە بوون، پۆلیسیش لەوێ بوو. دەرووێشەکان دەفیان لێدەدا و زکریان دەکرد. لێشاوی خەڵك پەنگی دەخواردەوە، تەرمەکە بە هەزار چەرمەسەریی دەستاودەست دەکرا تا لە شار دوور کەوتەوە. گەڕانەوەی خەڵکیش خۆی جۆرێك خۆپیشاندان بوو[۸۱]. بۆ زۆرێك لە کەسایەتیی سیاسیی هاوچەرخی کوردستان لە ئێران و عێراق، ئەم ڕێوڕەسم و بەجێهێنانی ڕێزی دەستەجەمعییە دووبارەبووەوە.

"کە تەرمی شێخ مەحموودیان هاورد، وەرمانگرت، خەڵك لەسەرخۆ دەجووڵان و پێشوازییان لە تەرمەکەی شێخ مەحموود کرد. لەناکاو سەروکەللەی کۆمەڵێك لە دەرووێشی خەنجەربەدەست و زیکرکەر پەیدا بوون کە تەرمەکەیان لە دەستی ئێمە وەرگرت و ئێمەش بە ناچاری لە دوای ئەوانەوە بەرەو بەندیخانەی سلێمانی بەڕێکەوتین. ئەوان دەیانویست کە شێخ حەفید، کوڕی شێخ مەحموود، کە لە زیندانداا بوو، ئازاد بکەن. زۆریان لە دەرگای

بەندیخانەکە دا، تەنانەت تابووتی تەرمەکەیان لە دەرگا دا، تاکو دەرگاکە شکا. لەو کاتەدا سەرۆکی بەندیخانەکە، کە بە نهێنی سۆزی بۆ ئێمە هەبوو، بە پەلە چووە سەر دیوارەکە و وتی کە نامەیەك لە لایەن قائیمقامەوە بهێنن و من کوڕەکەی شێخ ئازاد دەکەم، بەلام هەرچەندە هاواری کرد هیچ سوودی نەبوو، تا ئەوەی کار گەیشتە تەقاندنی گوللە بە هەوادا و دەروێشەکان تەرمەکەیان بەجێهێشت و ڕاکردنیان بەسەر بڕیارداندا هەڵبژارد. دووبارە خەڵکەکە تەرمەکەیان هەڵگرتەوە و قەزیەکە بەخێر کۆتایی هات[٨٢]. حیزبی ڕانیە کۆبوونەوەیەکی گرێ دا و ئەوکاتە حەمید عوسمان، سکرتێری حیزبی شیوعیی عێراقی بوو. دەفتەری ناوەندیی پارتی، نووری ئەحمەد تەها، ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵڵا کە بە نهێنی لە گوندی سەرکەپکان دەژیان، نزیکی هەولێر بوون. لە ساڵی ١٩٥٦دا، حیزبی پارتی لە ئاگادارینامەیەکدا، ڕایگەیاند: ئێمە دژی یەککرتنی عەرەبەکانین و ئەگەر ئەو یەکیەتییەش هەبێت، ئێمە وەکو کورد دەمانەوێت لەو ناوەدا مافی ئۆتۆنۆمیمان هەبێت و ئەگەر عێراقیش چووە ڕیزی ئەوان، کوردستانیش دەبێت هەرێمێکی سەربەخۆ بێت. بەیاننامەی پارتی ڕووی کردبووە چەند چەمکی دیکە، وەکو پشتگیریی لە میسر و هێرش بۆ سەر ئەو وڵاتەی شەرمەزار کردبوو.

باسی کورد و کوردستانیش هەبوو کە داگیرکەران دابەشیان کردووە و مافەکانیان پێشێل کردووە. ئەنسارولئیسلام کە حیزبی شیوعیی عێراق سەرپەرشتیی دەکرد، بە ئاشکرا چالاکیی دەنواند، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە فەرمانگەی ئاسایش چاودێریی بارودۆخەکەی دەکرد، بەڵام کێشەی سازنەدەکرد. سەرۆکایەتیی شیوعی و پارتییش لەژێر سێبەری ئەو دروشمەدا لەسەر چالاکییان بەردەوام بوون. لقی کەرکووکی ئەنسارولئیسلام نهێنی بوو، زۆربەی ئەندامەکانی شیوعی و پارتی بوون. چەند کەس لە ئەندامانی پارتی لەناو ئەو ڕێکخراوەدا بریتی بوون لە (ئیبراهیم ئەحمەد، عومەر دەبابە، حەمید باتاسی و...) کە دیمەنی ڕاستەقینەی حیزبیان دەردەخست و دژی ئەو بانگەشەیە بوون کە دەیانگوت ئەمانە لە ڕیزی نیشتمانپەروەرانی دوورەپەرێزن، یان شیوعییەکان دەیانگوت: ئەندامانی پارتی بەستراونەتەوە بە بەریتانیا و ئەمریکاوە. ئایدیۆلۆژیی شیوعیشمان دەبیست و دەمانخوێندەوە و بە دڵسۆزییەوە داوامان لێدەکردن بێنە ڕیزی پارتی. بەڵام ئەو

سەردەمە، ڕووسییەکان هیچیان بۆ کورد نەکرد و لەڕاستیدا کۆمۆنیستەکان هیچیان بۆ کورد نەکرد و تەنانەت زۆر نێگەتیڤانە سەیری کوردیان دەکرد. نەیاندەویست عێراق و تورکیا بە هێمنی لەگەڵ کورددا بجوولێنەوە[۸۳].

لەم ڕۆژانەدا بارزانی گۆڕابوو بە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی. لەوانەیە ئەگەر بڵێم کە تا ڕادەیەکی زۆر لە ئاستی پەرستن و شایانی ستایش بوو و ڕەنگە ئەم بیرە هەنووکە پیاو بخاتە پێکەنین، بەڵام عەقڵیەتی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگای کۆن وەها بوو و دەتوانین بڵێین شایانی ڕێز بوو. ئێمەی گەنج زۆر شاد و دڵخۆش بووین. بۆ ئێمە ڕاپەڕینی کورد گرنگ بوو و قارەمانێک بە ناوی بارزانی. بارزانی بۆ ئێمە قارەمانی چیرۆکێک بوو و بەڕاستی بەسەرهاتی ئازایەتیی ئەو دەگێڕدرایەوە کە چۆن لە چەمی ئاراس تێپەڕ بووە و خۆی گەیاندووەتە سۆڤێت. زۆر جار پارتی وێنەیەکی بارزانیی لەسەر کارت بڵاودەکردەوە و بەوە پارەی کۆدەکردەوە، ئەوە بۆ ئێمە ئەم دیمەنەی دەنەخشاند کە بارزانی بە شێوەیەک بۆ گەلی کورد فریاگوزار و ڕزگاریدەرە. قارەمانی چیرۆکەکانی ئێمە هەر بارزانییە کە وەکو شوالیەیەکی قارەمان (chivalry) بە سواری ئەسپی سپی، دەگەڕێتەوە و گەلی کورد ڕزگار دەکات. لەو ساڵەدا، عەلی عەسکەری مامۆستامان بوو. من ناسنامەکەم دەستکاریی کردبوو کە بچمە ڕیزی حیزبەوە و ببمە ئەندام. شەوق و زەوقی تایبەتی هەبوو. وەک ئەو کاتە وا شێخ ئەحمەد کە ڕاگوێزرابوو بۆ ناسریە، کە گەڕابووەوە بۆ کەرکووک و پێشوازیی زۆری لێکرا. کاتێک ناوی ئەومان دەبیست، لەوانە بوو گەشکە بکەین و لە خۆشیی بینینی ئەو، هەڵدەپەڕین. لەو کاتەیشدا مستەفا بارزانی بە لای ئێمەی گەنجەوە وەک قارەمانێک وابوو[۸۴].

مەلیک فەیسەڵ بە مەبەستی کردنەوەی پرۆژەی بەنداوی دوکان، چوو بۆ سلێمانی. جەمیل سەبری هەوالّی نارد کە دوای نیوەشەو لێشاوی دەستگیرکردن دەستپێدەکات. ئەگەرچی زۆر کەس خۆیان شاردەوە، بەڵام زۆر کەسی پارتی و شیوعی دەستگیر کران. لەو سەردەمەدا دەستگیربوون وەکو مرۆڤێکی سیاسی، تام و چێژی تایبەتی خۆی هەبوو و شایانی ڕێز بوو. زۆربەی دەستگیرکراوان لە ژوورێکدا بوون. لەو کاتەدا زیندانی تاکەکەسی

زۆر کەم بوو. کاتێک زیندانییەکان ئازاد دەبوون، خەڵکی کەرکووک زۆر بە ڕێزەوە سەردانیان دەکردن و باوەشیان بۆ دەکردنەوە و بەخێرهاتنیان لێ دەکردن. لەڕاستیدا جۆرێک قارەمانپەروەریی بوو. هەر ڕۆژێک کەسێک خواردنی بۆ ساز دەکردن. دیاری و چاوڕۆشنانەیان بۆ دەبردن و بە باشی ناویان دەبردن. لە کاتی میوانییەکاندا قسەوباسی سیاسی دەکرا و زۆر بە ڕێزەوە گوێ ڕادەگیرا بۆ قسەی زیندانییەکان. تەنانەت لێپرسراوانی حکومەتیش بە چاوێکی دیکە سەیری زیندانییە سیاسییەکانیان دەکرد. تەنانەت جاری وا هەبوو باسی خەباتی جەزائیرمان دەکرد.

لەو کاتەدا من لە نەمسا بووم، بیروباوەڕی زاڵ بەسەر زانکۆدا ئەوە بوو کە خەڵک دژی عەرەب و لایەنگری ئیسرائیلن، ئەڵبەت هۆکاری نازییەکان شوێنەواری خۆی دانابوو و هیچ کەس دژی یەهودیی قسەی نەدەکرد. هیچ شێوەیەکی دیکەش بە شای ئێران و ڕەگەزی ئاریایی بەسترابوونەوە و لەڕاستیدا نەیاندەزانی کورد چییە، چارەی جەمال عەبدولناسریشیان نەدەویست. مام جەلال بە منی گوت: تۆ لە نەمساوە وەرە بۆ فیستیڤاڵی مۆسکۆ. لەگەڵ پەروین موحەممەد جەودەت، قوماشی زۆرمان کڕی و بە دەرزی و دەزوو چەند هەزار ئاڵای کوردستانمان دروستکرد. گەیشتینە مۆسکۆ و لە ٢٦ی تەمووزی ١٩٥٧دا، واتە ڕۆژی یەکەمی فیستیڤاڵەکە، یەکترمان بینی و لەگەڵ سەید عەزیز شەمزینی ئاشنا بووین. پێکەوە چووینە لای کاربەدەستانی سۆڤێت.

لەوێدا مام جەلال دەیویست دوو ئامانج بپێکێت: یەکیان ئەوە بوو کە وەکو گرووپێکی جیاواز لە عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا لەو بەرنامەدا بەشداریی بکەین و دەیویست لێپرسراوانی ڕووسی بۆ ئەم مەبەستە قایل بکات. چووینە بارەگای حیزبی کۆمۆنیست و گوتی "بۆچی سۆماڵ چوار بەشە و چوار گرووپی سەربەخۆی هەیە؟". ئەوانیش دەیانگوت سۆماڵ وڵاتیکی کۆڵۆنییە، بەڵام کوردستان کۆڵۆنی نییە، ئێوە لەگەڵ برایانی فارس و تورک و عەرەبی خۆتانن و ئەوان کۆڵۆنیالیست نین. بە کورتی هەرچی مام جەلال پێداگریی کرد، ئەوان قایل نەبوون. دووەم: ئەوە کە دەیویست بارزانی ببینێت. کاتێک من لای مام جەلال

وەستابووم، دەیانگوت: لە قەفقاز و ئۆزبەگستانە و ناتوانی ببینیت، بەڵام کە بە تەنیا بوو، پێیان گوتبوو دەتوانی ببینیت، بەو مەرجەی هیچ کەسێك پێی نەزانێت[۸۵].

لە ۱۷ی ئابی ۱۹۵۷دا، د.کەمال فوئاد و سالّح حەیدەریی و حەمید عوسمان و چەند کەسی دیکە لە ئەندامانی باڵای حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لە کوردستان، هاتنە ڕیزی پارتی و لە نامەیەکدا هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاند. لەو سالّەدا کە مام جەلال چووبووە مۆسکۆ، دەستەی سووریيەکان کە چووبوونە فیستیڤالّەکە، کەوتبوونە ژێر کارگەریی مام جەلال، ئەویش لەوێ گوتبووی کە باشترە ڕێگەیەکی دیکە بگرینە بەر، چونکە حیزبی کۆمۆنیستیی سووریا گوێ نادات کوردەکان و کۆسپی سەر ڕێی کوردەکانیشە. ئەم وتەی مام جەلال کاریگەریی زۆری کردبووە سەر ئەوان و دوای گەڕانەوەیان وازیان لە کۆمۆنیزم هێنا و هەستی نەتەوەپەرەستییان بەهێزتر بووبوو. هەوڵیان دەدا پەرتووك و گۆڤاری کوردی بەهێزتر بکەن و جۆرێك ڕووناکبیریی کوردی گەشە پێ بدەن.

لە سەردەمی مەلیك، لە ساڵی ۱۹۵۷دا، ئێمەی قوتابی دەچووین لەناو خەڵکی شارەکاندا پارەمان بۆ ئاهەنگی نەورۆز کۆدەکردەوە. من و عەباس ئاغای کاکە زیاد و... بووبووینە دەستەیەك، چووینە لای قەزاز و ۱۰ دیناری داینێ، ئەو دەیتوانی دەستگیرمان بکات، بەڵام پیاوەتیی کرد. ئەگەرچی بەپێی یاسا قەدەغە بوو. نەورۆز بۆ ئێمە جۆرێك لە دانپێدانانی حکومەت بە ناسنامەی کوردیی بوو. لە ڕکابەرێتیی نێوان سۆڤێت و چیندا، مەسەلەی کوردستانیش خرایەڕوو: "کاتێك من لە ساڵەکانی ۱۹۵۰ ـ ۱۹۶۰ لە مۆسکۆ بووم، بۆچوونی ڕەسمیم لەسەر ئەوەبوو کە یەکێتیی گەلی سۆڤێت و کۆماری چینی هاوپەیمانی جیانەکراوەتەوە، بەڵام لەو کاتەشدا وەها دەهاتە بەرچاو کە لەژێر پەردەی ئەم سازییە، ناهەماهەنگیی بوونی هەیە. هێشتا لە لای هەردوو لا سەرباری ڕێگرییە ساردکەرەوەکان، مەیلی ڕێککەوتن بوونی هەبوو. بەڵام ئەم بەرگرییانە ئەوەندە بەهێزبوون کە ئەگەر پەیوەندییە ئایدۆلۆژییەکان نەبوایە، هەرگیز کەمترین ئومێد بۆ لابردنی ئەو بوونی نەبوو".

شێوەی داواکاریی ئازادیی مستەفا بارزانی کە لە بیستەمین کۆنگرەی حیزبی

کۆمۆنیستەکانی سۆڤێت لە ١٩٥٦ گیرا و بەتایبەت دەرکردنی شێوەکانی ستالینی لە پەکین ڕووبەڕووی دژایەتی بووەوە.

مۆسکۆش زۆرتر لە جاران لەمەڕ ویستەکانی ئەو ڕۆژانەی ماوتسی تۆنگن، لەسەر ئەوەی مافی هەیە لە پێگەیشتنی تەدریجیی تیۆرەکانی مارکسیزم سەربەخۆیی بۆچوونی خۆی دەربخات و مۆسکۆ ئەم مافەی بە مافی تایبەتی خۆی دەزانی، دژایەتیی دەکرد. سەرئەنجام کاتێک کە هێشتا خرۆشۆڤ لەسەر دەسەلات بوو، جیاوازی لە نێوان هەر دوو حکومەتەکەدا بە ئاشکرا دیار بوو و ئەو هەوڵانەی کە دواتر لە وەلاداخستنی خرۆشۆڤ بۆ ئاساییکردنەوەی بۆنە دەوڵەتییەکان دەخرانە گەڕ، نەگەیشتە هیچ کوێ و بە پێچەوانەی ئەوەوە لەوەبەدوا جیاوزای لە نێوان ئەواندا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بوو، تا ئەو شوێنەی کە حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت و شۆڤێنیست ماو تسی تۆنگ و داروودەستەی ئەو، قسەیان هێنایە ناو و بەریەکەوتنی سنووریی توند کە زیانی گەورەی بۆ هەردوو لا هەبوو، دروست بوو. دوژمنایەتیی ئایدۆلۆژی، لەگەڵ بەریەککەوتنێک کە ڕاستەوخۆ لە سوودی نەتەوەیی دروستدەبوو، تەسەورکردنی هەر جۆرە ئاشتییەک لە نێوان چین و سۆڤێتدا بە ناتوانایی دەردەکەوت[٨٦].

گێڕانەوەیەکی دیکە سەبارەت بە مام جەلال دەڵێت: لە ساڵی ١٩٥٧دا، کە جەلال لە مۆسکۆ گەڕایەوە، لە دیمەشق چاوم پێی کەوت و لەگەڵیدا ئاشنا بووم، ئەگەرچی بەپێی ناو و دەنگ یەکترمان دەناسی. لە مانگی ئایاری ١٩٥٧دا، من لە دیمەشق بووم و بیستم ناوی ئەوانەی چوونەتە فیستیڤاڵ، کەوتووەتە دەست حکومەتی عێراق و ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ عێراق، دەستگیر دەکرێن، بەم بۆنەوە زۆربەیان و بە تایبەت جەلال، بۆ ماوەیەکی زۆر لە سووریا مانەوە و پاش ٢، ٣ مانگ، بە نهێنی گەڕانەوە بۆ کوردستان.

لەو کاتەدا لە حیزبی شیوعیدا لقێکی بەهێز و بەتوانا گەشەی سەندبوو، کە لقی کوردستان بوو، بیروباوەڕمان ئەوە بوو کە لەگەڵ خەباتی ئازادی و پێشکەوتووخوازیی کورددا، کە هەر دوو لا مارکسیست بووین، یەک بگرین، ئەوان حیزبێکی سەربەخۆ بن و وەکو دۆستی حیزبی شیوعی بمێننەوە. لە لایەن حیزبی شیوعییەوە ئەم مەبەستە بە

توندیی ڕەتکرایەوە و چەندین بەیاننامە دژی ئەو بۆچوونە بڵاوبووەوە، کە وەکوو لقێک لە حیزبی شیوعی لەگەڵ پارتیدا یەک بگرین. شیوعییەکان لەم بۆچوونە دڵگران بوون. کاتێک چووم بۆ دیمەشق، هەموو ئەو ڕووداوانەم بۆ مام جەلال گێڕایەوە و ئەم شتانە بۆ ئەو زۆر تازە بوون و حەزی لە بیستنیان دەکرد. لەو کاتەوە بوونە برادەر.

لە شام، لەو سەردەمەدا زەبیحی و هەژار کە هەردووکیان ئێرانی و لایەنگری فەرهەنگ و ئەدەب بوون، لە باری دارایییەوە لە دۆخێکی باشدا نەبوون و جارجار لە چاخانە ئیشیان دەکرد. مام جەلالیش ئەندامی حیزب بوو و دۆخی دارایی ئەو هەندێک باشتر بوو. مام جەلال و زەبیحی و حەمید دەرۆیش ماوەیەک لە سووریا مانەوە و مام جەلال پەنابەریی سیاسیی وەرگرتبوو و ٤٠٠ لیرەش مووچەی وەردەگرت و ٢٠٠ لیرەی وەکو یارمەتی دەدا بە هەژار و زەبیحی. گەلێک جار لە چایخانە دادەنیشتین و گفتوگۆمان دەکرد و ئەو بە تۆندیی لایەنگریی لە پارتی دەکرد. ڕۆژی پێنج جار شەڕ و دەمەقڕەمان دەبوو و دیسان ئاشتەدەبوونەوە. مام جەلال لە کۆنیژی داد وانەی دەخوێند. زۆر لەگەڵ هێمنی و دانبەخۆداگرتندا نەبوو و بەڕاستی واتای هێمنیەتی و سەروتنی نەدەزانی. زۆر سەرزیندوو و وەرەبەرز و بەدەماخ بوو. لەگەڵ هەمووان یەک دەکەوت، عەرەب و کورد و تورک و فارس و... بەردەوام ئێمەی هان دەدا کە لە سووریا هەوڵ بدەین وەکو حیزبەکانی دیکە پێکەوە حیزبێک پێکبێنین. لە دەستەی (خۆیبوون) کۆمەڵێک لە کوردەکانی تورکیا هاتبوونە دیمەشق و قامیشلی و پەرتەوازە بووبوون و لەوێ دەژیان. یەکێک لەو بنەماڵانە، بنەماڵەی بەدرخان بوو لە دیمەشقدا، کە مام جەلال هەوڵی دەدا ئەوان بەرەو لای پارتی دیموکراتی سووریا ڕابکێشێت و ئێمە لە ئەزموونەکانی ئەوان بەهرەمەند ببین، بەڵام زۆر سەرکەوتوو نەبوو و مۆکارەکەشی هەبوونی هەندێک دەستوپێوەندی شیوعی بوو کە نەهاتنە ناو پارتی و تەنانەت بە شێوەیەکیش کۆسپی سەر ڕێگەی کاروباری پارتی بوون[٨٧].

ئێمەش لاوانی ئەو سەردەمە، مام جەلالمان بە مرۆڤێکی زانا و تێگەیشتوو و کوردپەروەر دەزانی. لە ساڵی ١٩٥٧دا، ماوەیەک هات بۆ سووریا و لە دیمەشق مایەوە. هەم بۆ بیروباوەڕی خۆی هەوڵی دەدا و هەم دەرسی دەخوێند. لەو کاتەدا ماف پەنابەریی

سیاسیی وەرگرتبوو و بەردەوام بە هۆی بزاڤ و چالاکی و تێکۆشانەکانی، ناوبانگیمان دەبیست. حەمید دەرۆیش و چەند کەسێکی دیکە هەبوون کە مام جەلال ئاوڕی زۆری لێ دانەوە و پشتگیریی سیاسی لێکردن. لە ساڵی ۱۹۵۷دا، ڕادیۆی کوردیی دامەزرا، بەڵام لە ۱۹٦۸دا داخرا. ساڵی ۱۹۵۷، مام جەلال لە سووریا پەنابەر بوو و لەگەڵ هەندێك لە کوردەکان لەگەڵ ئەفسەرێکی میسریی بە ناوی کەمال ڕەفعەت، گفتوگۆیان کرد کە ئێزگەیەکی کوردی بکرێتەوە و ئەوان سیاسەتەکانی خۆیان بە زمانی کوردی دەربڕن، بەم بۆنەوە لە ۱۹۵۸دا، بە فەرمی ئەو ڕادیۆیە کرایەوە.

دەستەیەك لە کۆمۆنیستەکانی سووریا، لایەنگری ڕووسیا بوون. هەر لەو ساڵەدا فیستیڤاڵی لاوان لە مۆسکۆ بەڕێوەچوو. ئەڵبەت هەر دوو ساڵ لە وڵاتێکی سۆشیالیستیدا بەڕێوەدەچوو. لەناو تاقمی کۆمۆنیستەکانی سووریادا هەندێك جیاوازی هەبوو، داروودەستەی دەوروبەری جگەرخوێنی شاعیر لەگەڵ شیوعیدا بوون، بەو هیوایە کە ئەوان کێشەی کورد چارەسەر بکەن. لە سووریا بەعسییەکان دەیانتوانی ڕاپەڕن و نیازێکیان بە ئێمەی کورد نەبوو. ئێمە لە سووریا نەماندەتوانی چالاکیی چەکدارانەمان هەبێت. لە پەرلەماندا نوێنەری کوردمان هەبوو و لە دۆخێکی باشدا بووین، کاری باشمان بەڕێوە برد، بەڵام دواجار سوورییەکان بیانوویان هێنایەوە کە تورکەکان لە یارمەتیدانی ئێمە بە کوردەکان، زۆر ڕازیی نین. دەستەیەك لەو کوردانەی سووریا کە لە بەندیخانەدا بوون، بەرنامەیەکی حیزبییان بڵاوکردەوە کە بە هۆی بیری تاکڕەوانەوە دووبەرەکیی ساز کرد و ئەو دووبەرەکییەش تەشەنەی کرد دەرەوەی زیندان و لەناو کۆمەڵگای کورددا بڵاو بووەوە، چونکە دەستەیەك نەیاری ئەو بەرنامەیە بوون[۸۸].

ئێمە لە سووریا بووین کە مام جەلال هات بۆ دیمەشق و دەیویست بچێت بۆ ڕووسیا. بڕیار وا بوو کە من و زەبیحی و هەژاریش لەگەڵیدا بچین، بۆ ئەوەی بتوانین بە بەشداریکردن لەو فیستیڤاڵەدا، کولتووری کورد بە مۆسکۆ و وڵاتانی دیکەی بڵۆکی ڕۆژهەڵات بناسێنین، بەڵام گرفتەکە لەوەدا بوو کە تەنیا جەلال ڤیزەی هەبوو. بڕیارمان دا ئێمە بچینە پراگ و بە یارمەتیی عەبدولڕەحمان قاسملوو ڤیزە وەربگرین و بچین بۆ

مۆسکۆ، که ئەڵبەت ئێمە گەیشتینە شتوتگارتی ئەڵمانیا و پۆژی دووهەم لە سنووری چیکیا بووین، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ڤیزەمان نەبوو، نەماننتوانی بچین و پاشان بەبێ پارە و بە دەستی خاڵی گەڕاینەوە بۆ ئەڵمانیا. تەلەفۆنمان بۆ قاسملوو کرد و ئەویش گوتی بچن بۆ بەرلین، ئێمەش چووین بۆ بەرلین، دوو هەفتە لەوێ ماینەوە، بەڵام هیچ هەواڵێك نەبوو و فیستیڤاڵی مۆسکۆش کۆتایی هاتبوو. تا سەرئەنجام چووینە باڵیۆزخانەی سووریا و بە هەزار چەرمەسەریی خۆمان گەیاندە بەیروت، لە ئیزگەی ئەوێ بینیمان مامە جاوەڕوانیمان دەکات. پەیوەندیمان لەگەڵ جەلال زۆر دۆستانە و نزیك بوو، لەڕاستیدا ئەو، هەڤاڵی حیزبی بوو و دایکم (ڕەوشەن بەدرخان)ی زۆر خۆش دەویست. لەو کاتەدا، کوردی عێراقی لە سووریا زۆر بوون، وەکو دوکتۆر نەجیب حەفا، عەلی دزەیی، عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و... لە لایەکی تریشەوە مام جەلال و زەبیحی و هەژار و... کە زۆر دەهاتن بۆ ماڵی ئێمە و لەسەر سفرەی دایکم دادەنیشتن و نان و نمەکی ئێمەیان دەکرد. زۆر جار مام جەلال بە گاڵتەوە دەیگوت: ئێمە کە برسیمان بوو، دێین بۆ ماڵی ڕەوشەن خان و خواردن دەخۆین. هەموو جارێك پێشوازیمان لە مام جەلال دەکرد، تاوەکو ڕۆژێك هات بۆ ماڵمان و من چوومە چێشتخانە و دایکم زۆر لووتی پێدا نەنا و زۆر بە پشتاردی (بە پێچەوانەی جاران) وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە.

بە پەلە خۆی گەیاندە چێشتخانە و پرسیاری کرد، چی بووە؟ چی ڕووی داوە؟ باشە بۆ ئەمڕۆ هەموو ساردوسڕن؟ منیش گوتم وەڵا مام جەلال ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تۆ لە پشت سەری دایکمەوە قسەت کردووە و گوتووتە سیخوڕی ڕووسییەکانە. تا ئەوەم گوت، بناگوێی سوور بووەوە و شڵەژا و سەروچاوی گرژ بوو و گوتی "کێ ئەو قسەی کردووە؟". پێداگریی کرد و بە سوێند و قورئان، ئەمجار منیش قایل بووم و گوتم "وەڵا عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ گوتویەتی". هێشتا ناوەکەم بە تەواویی لە دەم نەهاتبووە دەر، لەبەرچاوم غەیب بوو و لە مالێ چووە دەرەوە، هەرچی بانگم کرد بێسوود بوو. بە پەلە خۆی گەیاندبووە ئەو چایخانەیە کە کوردەکان لەوێ کۆدەبوونەوە. عیزەدین لەوێ دەبێت و بێ یەك و دوو لێی دەپرسێت: تۆ قسەی وات گێڕاوەتەوە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: بەڵێ. مام جەلالیش لێی دەپرسێت: باشە بۆ؟ ئەویش دەڵێت: حەزم لە ئازاوەیە! تا وا دەڵێت، مام

جەلال زللەیەکی تێدەسرەوێنێت، ئەمجار بە زۆر دەیهێنێت بۆ ئێرە کە لەگەڵ دایکم ڕووبەڕووی بکاتەوە و بێتاوانیی خۆی بسەلمێنێت. لەم ماڵەدا هەژار و زەبیحی و حەبیبی مەلا کەریم و عەلی فەتاح و عیزەدین و... هاتوچووی زۆریان هەبوو.

زەبیحی، مرۆڤێکی بێدەنگ و سەیر بوو و کەس نەیدەزانی چی لە میشکیدایە، هیچ شتێکی دەرنەدەخست. بەڵام هەژار جۆرێکی دیکە بوو. لە سەفەرەکەی ئەڵمانیا لەوانە بوو لە برسیەتیدا بمرین، ئەو دەچوو قاوەی دەفرۆشت! بە دەماخ و دڵۆفان و ئاسوودە بوو. بەڵام لەگەڵ مام جەلال پەیوەندییەکی تایبەتی و هەستیارانەم هەبوو، مرۆڤێکی بە وزە بوو و چالاک و سیمپاتیک (sympathetic) بوو و ڕەنگە دەیویست گۆڕانکاریی لە هەموو جیهاندا بەدیبێنێت. بڕوای بە خۆی هەبوو، هەرچەند لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە چەپ بوو. بەردەوام پەرتووکەکانی مارکس و ئەنجڵس و لینینی دەخوێندەوە و باس و ڕاوێژکاریی لەوبارەوە دەکرد و هەروا بە سانایی وازی لێنەدەهێنا. مام جەلال هەموو کاتێک لە سووریا لەگەڵ دایکم سەبارەت بە چەمکە سیاسییەکان باس و گفتوگۆی دەکرد. هەر لە ساڵەکانی ۱۹۵۷-۱۹۵۸دا بوو کە لەگەڵ نورەدین زازا، حیزبی پارتی لە سووریا دامەزراند. جەلال بەڵای دایکمەوە گەنجێکی سەیر و تایبەتی بوو لە نێوان لاوانی کورد لەو سەردەمەدا. بە واتایەکی تر، جەلالی پڕبەدڵ خۆشدەویست و وەکوو کوڕی خۆی سەیری دەکرد. لە نێوان هەموو ئەو گەنجانە کە سەردانی ماڵی ئێمەیان دەکرد، جەلال بە شێوەیەکی دیکە سەیری دەکرا و دایکم هەر دەیگوت: جەلال شتێکی دیکەیە. ئەویش لە گفتوگۆکردن لەگەڵ دایکم بەهرەی دەبرد و پێم وابێت دایکم بۆ ئەو نموونە بوو. لە ڕوانگەی منەوە، جەلال هەموو کاتێک چاوەڕوان و هیوادار بە ڕووداوە باشەکان بوو. هەرچەند جارجار تووڕە دەبوو و کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەدا، بەڵام زوو ئاگرەکەی دەکووژایەوە. وەکو هەوری بەهار وابوو، خاوەنی دڵێکی خاوێن و بێگەرد بوو، ڕق و قین لە دڵیدا نەبوو[۸۹].

هێشتا سەردەمی مەلیك بوو کە ئاهەنگی نەورۆزمان لە کەرکووك گێڕا، پۆلیس هات و هەوومانی دەستگیر کرد. لە فەرمانگەی پۆلیس ناوی جەلالم دەبیست، لەو کەسانە بوو کە پۆلیس بە شۆڤێنیانەوە بوو. ئێمە دەمانزانی کە چووە بۆ مۆسکۆ و زیاتر کەسانی

حیزبەکەی خۆی سەرقاڵ کردبوو بە بڕوا و چارەنووسیەوە. مام جەلال زیاتر لە لاوە هەوادارەکانی تر، لە بارودۆخ و ئەحوالّی بارزانی ئاگادار بوو. کاتێك کە چوو بۆ مۆسکۆ، زۆر هەوڵی دا تا بارزانی ببینێت و لە چوارچێوەی بینینەکەدا، بارزانی توانیی کە هاوڕێکانی ئەو، دکتۆر عەزیز شەمزینی و میرحاج و... ببینێت. لەو سەردەمەدا ، ئێمە بە ناوی موسڵمانێکی سۆڤی و ئایندار، کە ئاواتی سەردانی مەککە و مەدینە و زیارەتی کەعبەمان هەبوو، ڕۆیشتن بۆ مۆسکۆش هەر وای دەنواند. کاتیك مام جەلال لە ڕووسیا هاتەوە و وێنەی بارزانیی لەگەڵ خۆی هێنایەوە، لە مێشکی ئێمەدا دیمەنی پێغەمبەرێکی دووەم بەدیهاتبوو کە لە مەدینە سەریهەڵداوە. کاتێك مام جەلال لە ڕووسیا هاتەوە، دەتگوت لە حەج هاتووەتەوە و دەستی بە کەعبە گەیشتووە، یان خۆی هەر خودی بارزانییە. هەرچەند مام جەلال زۆر خۆشیی لە ماچکردن نەدەهات، بەڵام هەموو دەموچاویان دەلێسایەوە. هیچ کەس ئیرەیی پێنەدەهات، بێجگە لە شیوعییەکان. خەڵك بە شانازییەوە ناویان نابوو ڕۆڵەی قارەمانی نیشتمان. گەڕانەوە لە فیستیڤاڵی لاوان و قوتابیان، وێنەی مەلا مستەفای بە دیاری بۆ سەرکردەکانی پارتی لەگەڵدا بوو. لە سەر هەندێکیان نووسرابوو (مستەفا با)، بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێك دەستگیر کرا، دەرنەکەوێت کە ئەوە وێنەی بارزانییە پێی. ئەو کاتەی مام جەلال لە فیستیڤاڵی لاوان لە مۆسکۆ بەشداریی دەکرد، ئێمە مامۆستا بووین. ئەگەرچی لەناو خەڵکدا و لەبەر چاوی هەمووانداباسکردنی کورد قەدەغە بوو، بەڵام ئەو بەبێ ترس و زۆر ئازایانە هەموو شتێکی ڕووندەکردەوە و دەیگوت: من بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کە کوردم، هەر بەم جلوبەرگە کوردییەوە چوومەتە هەموو شوێنێك و ئالای کوردیم بە دەستەوە گرتووە کە ناسنامەی کوردیی پیشان بدەم و بیسەلمێنم کولتووری تایبەتی خۆم هەیە. کاتێك مام جەلال لە هەندەران هاتەوە، ماوەیەك لە ژێرخانی مالی ئیسماعیل فەلاح لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا خۆیان شاردبووەوە، سەردان و دانیشتن لە کۆڕەکەیاندا زۆر خۆش بوو.

لە ساڵی ١٩٥٦دا، لە زیندانی موقف سەرا، لەگەڵ مام جەلال ئاشنا بووم. لەگەڵ موحەممەد حەبیب کەریم بوو، تازە لە فیستیڤاڵی مۆسکۆ هاتبووەوە و لە بەغدادش خرابووە ژێر چاودێرییەوە، چەند ڕۆژێك لە زیندانداا بوو. پاشان بە کەفالەت ئازادکرا و لە

زیندان چووە دەرەوە. هێشتا لە زانکۆ بوو و دەرسی دەخوێند. شەوانە لە زیندان زۆر لێی وردەبوومەوە، کەسایەتیی کۆمەڵایەتیی ئەو زۆر جیاواز بوو! مرۆڤێکی وردبین بوو و لە لێکۆڵینەوەکاندا هەموو لایەنێکی شیتاڵ دەکردەوە، لە مێشکیدا بە خێرایی هەر مەبەستێکی لێکدەدایەوە، هۆشیاری و زیرەکیی تایبەتی هەبوو، توانای دیالۆگی بۆ من زۆر سەیر بوو. لە بیر و ئامانجەکانیدا، تێڕوانینێکی باشی هەبوو، بەم بۆنەوە لەگەڵ لایەنی بەرانبەری خۆی زوو بە ئاکام دەگەیشت، مرۆڤی کردار و پیشە بوو و هەوڵی دەدا ئەوەی بیری لێدەکردەوە، بە کردەوە بیهێنێتە دی. لە نێوان دوو هێڵدا ڕێدەکەوت: یەکیان ئەو ئامانجانە بوو کە لە مێشکیدا جێی گرتبوو، ئەوی دیکە دەستڕۆشتنی کەم، بەڵام ڕێدەکەوت و بە ئاکامی باش دەگەیشت. ئەگەریش بە ئاکام نەگەیشتایە، یان بڵێین بە شتی دڵخوازی خۆی نەدەگەیشت، دیسان بەرهەمێکی هەر دەستدەکەوت و خۆی باش دەیزانی چیی دەوێت و شوێن چی کەوتووە، بە ڕاستی لە دەستکەوتەکانیش ڕازی بوو[۹۰].

***

هەوالنامەی کتێب

ساڵی ۱۹۵۵، ساڵێکی تایبەتی بوو بۆ من. ئەندامی دەفتەری سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و لێپرسراوی ڕێکخستنی لقی بەغدا بووم. بۆ یەکەم جار لە هاوینی ساڵی ۱۹۵۵دا، لە فیستیڤاڵی خوێندکارانی وارشۆ بەشداریم کرد، ئەڵبەت بە پاسپۆرتێکی دیکە چوومە وارشۆ کە هی "موحەممەد موسا سادق" بوو، وێنەکەیم گۆڕیبوو. چووم بۆ سووریا و پەیوەندیم کرد بە کۆمیتەی ئامادەکاریی فیستیڤاڵی عێراق. لەوێوە سوار پاپۆڕ بووم و لە بەندەری (لازقیە[۹۱]) چوومە ڕۆمانیا، پاشان خۆم گەیاندە وارشۆ. کاتێك گەیشتمە وارشۆ، چوومە باڵەخانەیەك کە پێشتر بۆ من تەرخان کرابوو. لەوێ لەگەڵ کەسێکی پۆڵۆنی کەوتمە قسەکردن کە زانیاریی سەبارەت بە کوردستان هەبوو و فارسیشی باش دەزانی. بە یارمەتیی ئەو کەسە زۆر گەنجی پۆڵۆنیم بینی و بڕیارمان دا دەستەی لاوانی دیموکراتی کوردستان، کۆنووسی تایبەتیمان هەبێت کە داوا لە نوێنەرانی لاوان بکەین

سەردانی لاوانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بکەن. خەڵکی پۆڵۆنیا جەماوەرێکی ئازادیخواز و ئاشتیخوازن. چەکیان دانەنا، هەتا ئەو ڕۆژەی داگیرکەرانیان لە زێد و نیشتمانیان ڕاو نا. هەموویان ڕاپەڕین و خەباتیان کرد و خوێنیان دا و بەوپەڕی لەخۆبووردوویی‌یەوە وڵاتەکەیان لە هەبوونی ناپاک و داگیرکەران خاوێن کردەوە. من هێشتا نەبووبوومە ١٤ ساڵ، پەرتووکێکم خوێندەوە کە لە لایەن (مەحموود جەودەت)ەوە وەرگێڕدرابووە سەر زمانی کوردی، کە سەبارەت بە لەیەکچوونی بارودۆخی کوردستان و پۆڵۆنیا بوو. پێم خۆش بوو سەبارەت بە شێوەی ئازادیی ئەو وڵاتە زۆرتر بخوێنمەوە، بەڵکو ببێتە وانە و ئەزموونێك بۆ داهاتووم. لەڕاستیدا تەنیا ئێمە و حیزبی کۆمۆنیستی عێراق چووبووینە ئەوێ و لە لایەن حیزبەکانی دیکەوە کەس نەهاتبوو و ئێمە تەنیا شەش کەس بووین کە لەبارەی ناساندنی کوردەوە تێدەکۆشاین.

سێ چوار کەسی ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستیش لەوێ بوون، کە ئەوان دەیانگوت بیروباوەڕ و هەڵوێستی ئێمە کوردی نییە و ئێمە عێراقیبانە بیردەکەینەوە و... ئێمەش دەمانویست وەکوو دەستەیەکی سەربەخۆ و دیاریکراو و خاوەن ناو و نیشان و وەکوو وڵاتانی دیکە سەیرمان بکرێت، بەڵام لە وارشۆ بەو شتە قایل نەبوون و هەرچی هەوڵمان دا بە ئاکام نەگەیشت. دیسان زۆر پێداگریمان لەسەر ئەو مەبەستە کرد تا سەرئەنجام گوتیان شتی وا نابێت، چونکە ئێوە دەوڵەت نین، بەڵام دەتوانن وەکو لقێك لە گرووپێکی عێراقی بن و بە ناوی تیپێکی کوردەوە چالاك بن. ئێوە دەتوانن وەکو لقێك لە کۆگای خۆتان، دیارییەکانتان لە نێوان گرووپەکانی دیکە دابەش بکەن و دیاری وەربگرن. ئێمە لەوێدا بەرەو ڕووی دوو پێشهاتی باش بووینەوە. شەش کەس بووین و نیازمان بە کەسێکی دیکە هەبوو کە لە کۆڕی هەڵپەڕکێی ئێمەدا بەشداری بکات، واتە بە شەش کەسەوە نەدەکرا.

کوردەکانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق دەیانگوت بەداخەوە، ئێمە ناتوانین یارمەتیتان بدەین. کچێکی بالاّبەرزی عەرەب لە ناو حیزبی کۆمۆنیستی عێراقدا بە ناوی بوشرا جەلیل هەبوو، کە لە سەردەمی خوێندکارییەوە دەمناسی، ئەو خوێندکاری دەرمانسازیی بوو و من خوێندکاری داد. هەردووکمان ئەندامی کلوپی پینگ پۆنگی زانکۆ بووین و لە یارییەکاندا بووبووینە یەکەم. ئاشنایەتیی من و ئەو لە یاریی پینگ پۆنگدا بوو. پێم گوت: بوشرا! نازانم تۆ لەڕاستیدا کوردی یان نا؟ گوتی "من عەرەبم و بیروباوەڕی عەرەبیشم هەیە". گوتم بە هەر حاڵ، ئا لەم کاتەدا ئێمە نیازمان بە کەسێك هەیە کە شوێنێکی خاڵی لە کۆڕی هەڵپەڕکێکەمان بۆ پڕبکاتەوە، ئایا دەتەوێت ئەو کارە بۆ ئێمە بکەی؟ ئەویش وەڵامی دامەوە و گوتی: باشە بەسەرچاو، من ئامادەم. ئێمەش جلوبەرگی کوردیمان دایە و بە خێرایی هەڵپەڕکێی کوردی لە ئێمەوە فێر بوو و لە ئاهەنگی هەڵپەڕکێدا بەشداریی کرد. هێشتا وێنەکانی ئەو کاتەم هەر ماوە. ڕووداوێکی دیکە کە زۆر بۆ ئێمە خۆش بوو، ئەوە بوو کە نازم حیکمەت[۹۲] مان دۆزییەوە. نازم شاعیرێکی هۆزانوانی بەناوبانگی تورکە و تازە لە بەندیخانە ئازاد بووبوو و لە جیهاندا شوێنگەی تایبەتی هەبوو. چووین بۆ لای و ئەویش زۆری پێ خۆش بوو و پێشوازییەکی سەیری لێکردین.

زۆر ماچی کردین و لە ئامێزی گرتین و گوتی "لە خودام دەویست کە گەنجێکی کورد لە نزیکەوە ببینم و بزانم کە بارودۆخی کوردەکان ئێستا چۆنە؟". ئێمەش هەموو شتێکمان بۆ ڕوون کردەوە. پاشان بانگهێشتمان کرد کە لە ڕۆژی فیستیڤاڵدا لە بەرنامەی گرووپەکەی ئێمەدا بەشداری بکات و شکۆمەندیمان پێببەخشێت. ئەویش بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەك قەبوڵی کرد. هەروەها بانگەوازمان کرد بۆ گرووپەکانی چین، هندستان، یەکێتیی سۆڤێت، ئەندۆنیزیا، ژاپۆن، بوڕازیل، ئەڵمانیا، فەڕەنسا و... لەڕاستیدا بەم کارە دەمانویست ناوەڕۆکی خۆمان پیشان بدەین. هەموو بە خەرجیی خۆیان

هاتبوون. لـه کـۆړی ئێمـه‌دا گرووپـی ئێـران و تورکیـاش به‌شداربیان هـه‌بوو، به‌تایبه‌ت هاوړێی دڵسۆزی کـورد، نـازم حیکمـه‌ت. پڕۆگرامه‌کـه‌ی خۆمـان بـه وتارێـك ده‌سـتپێکرد و ئامـاژه‌م بـه ئاشـتیخوازیی لاوانـی کـورد و پێویـستیی تێکه‌ڵبوونمانم به هه‌موو لاوانی جیهان کرد. له‌وێدا لێدوانی یه‌که‌ممان سپارد به نازم حیکمه‌ت که وتارێکی زۆر به‌تین و حه‌ماسیی پێشکه‌ش کرد سه‌باره‌ت بـه کورد و شیکاریی زوڵم و زۆر ده‌رهه‌ق به‌م گه‌له و دیاریکردنی چاره‌نووس. لـه کۆتاییدا گوتی "ئه‌ی لاوانی کورد! تکایه ئه‌و ڕۆژه‌ی کـه ئـاڵای کوردسـتانتان بـه‌رز کـرده‌وه، منـیش بـانگ بکـه‌ن کـه لـه‌و ڕۆژه مێژوویـیـه‌دا له‌گـه‌ڵ ئێـوه‌دا به‌شداری بکه‌م... ". دوای چه‌پڵه‌لێدان و سوپاسگوزاریی، وتـاری دووه‌مـان سپارد به چینییه‌کان، ئه‌ڵبه‌ت ئـه‌وان هیـچیان ده‌ربـاره‌ی کـورد و کوردسـتان نه‌ده‌زانی، به‌ڵام کاتێك بینییان نازم حیکمه‌ت وه‌ها لێدوانێکی دا، ئه‌وانیش بـه هه‌سته‌وه گوتیان: له لایـه‌ن ۸۰ ملیـۆن لاوی چـینییه‌وه پـشتگیریی لـه گـه‌ڵ کورد و خه‌باتی ئازادیخوازانه‌ی ده‌که‌ین بۆ دیاریکردنی مافی چاره‌نووسیان، که مافی ڕه‌وای خۆیانه و ئازادبوونیشیان پێویسته. پاشان که‌سانی دیکه‌ش هـاتن و لێدوانیان دا. له‌ڕاستیدا هه‌موو ئه‌و خه‌ڵکه به‌پێی مایه‌دانانی نـازم حیکمـه‌ت پشتگیریی دۆستانه و به‌هه‌ستیان ده‌ربڕی.

به‌ڕپرسی گرووپی پۆڵۆنیاش له‌لایه‌ن لاوانی پۆڵۆنیاوه سوپاس و پێـزانینی خۆی پێشکه‌شی کورده‌کان کرد و باسی ئێش و ئازاری کـوردی کـرد و هیـوای ده‌ربڕی که ڕۆژێك کوردیش وه‌کـو خـه‌ڵکی پۆڵۆنیـا بـه ئامانجـه‌کانیان بگـه‌ن. پاشان کلاوێکی کرده سه‌ری که له‌سه‌ری نووسـرابوو "کوردسـتان ـ ئاشـتی". پاش لێدوانه‌کـه‌ی ئـه‌و، هه‌ڵپـه‌ڕکێی کوردیمـان ده‌سـتپێکرد. کـوڕان و کـچانی پۆڵۆنی بـه خێرایـی ئـه‌و نه‌خـشه‌یان لـه ئێمـه هه‌ڵگرتـه‌وه و بـه‌م شـێوه‌یه لـه به‌رانبه‌ر ۲۰ هه‌زار گه‌نجی به‌شدار له فیستیڤاڵی وارشۆ، ئه‌و ئاهه‌نگـه جـوان و مێژوویـیـه‌مان گێـڕا، ئاهـه‌نگێکی پـڕ لـه شـکۆمه‌ندیی و گـه‌وره‌یی و هـه‌ر لـه‌و کاته‌شدا ساکار و بێگه‌رد، هه‌موو ڕازیی بوون و سـه‌ریان سـووڕ مـابوو. کاتێك

پێشکەشکاری بەرنامەکە لە مۆنیتۆردا ڕایگەیاند ئەم بەشەی بەرنامەکە لەلایەن کوردەکانەوە بەڕێوەدەچێت، هەموو چەپڵەیان لێدا و هوڕایان کێشا و بانگی شادومانییان بەرز کردەوە. بەم شێوەیە لە هەموو شوێنێکی ئەو وڵاتەدا هەستی ئاشتیخوازیی و دادپەروەریی و هاوڕێیەتی جەماوەری پۆڵۆنیام هەستپێدەکرد. لەو سەفەرەدا چاومان بە چەند ڕۆژهەڵاتناسێك کەوت کە داوای زانیاریی زۆرتریان دەربارەی کوردستان دەکرد، ئێمەش چەند پەرتووك و گۆڤار و.. سەبارەت بە کورد و کوردستانمان پێشکەشی ئەوان کرد. لەبیرمە لەو کۆبوونەوەدا ئێمە یادگارەکانی خۆمان پێشکەش دەکرد "کلاو و کلاش و نمەد و قوماشی ژنانە و.." و تەنیا ۱، ۲ دەست جلوبەرگی کوردیی ژنانەمان پێبوو کە ئەویشمان دانابوو بۆ ڕۆژی تەنگانە. دوای ئەوە هاوڕێیانی وڵاتانی دیکەش وەکو ئێمەیان کرد، دیارییەکانی خۆیان پێشکەشی ئێمە کرد.

چونکە من لەوێ لە هەمووان چالاکتر بووم و قسەم دەکرد، چینییەکان بانگهێشتیان کردم بۆ ئاهەنگی ساڵی داهاتوو لە چیندا، گوتیان ئێمە گرووپی عێراقمان بانگهێشت کردووە و تۆش دەبێت لەگەڵیان بێی. منیش لە خۆشیدا پێم عەرز نەدەکەوت و بە پەلە بەڵێنم دا. لەو ساڵەوە ئیتر بە وردەیەکی باشەوە لەسەر چالاکییەکانم بەردەوام بووم. ئێمە دەمانویست ببینە ئەندامی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی جیهان، بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی عێراق نەیاری ئەو کارە بوو. مامۆستایەکمان هەبوو (هەزار ڕەحمەتی خودای لێ بێت) دکتۆر سەفا ئەلحافو بوو، کە لە زانکۆی داد مامۆستام بوو، ئاشنایەتیم بە بیروباوەڕی ئەو سەبارەت بە کورد هەبوو، مرۆڤێکی باش بوو. ڕۆژێك بانگی کردم و گوتی "جەلال وەرە! دەمەوێت ڕێگەچارەیەکت پیشان بدەم. ئەمانە جاری یەکەم وەرت ناگرن، بڕۆ پێیان بڵێ: من دەمەوێت لە سەرەتاوە ئەندامی چاودێر و میوان بم. منیش چووم و وەهام گوت و بە ناوی چاودێر[۹۳] وەرگیرام و بانگهێشت کرام بۆ کۆبوونەوەکە، تەنانەت لەوێ بۆ یەکەمجار بوو کە هێدفۆن و میکرۆفۆنم دەدی و نەمدەزانی چۆن بەکاری بێنم، جا پرسیارم

لەو کرد، ئەرێ ئا ئەمە چۆن بەکار بێنم. ئەو پێی نیشان دام، بەڵام کاتێک تاقیم کردەوە کاری نەکرد، دیسان لێم پرسییەوە، بە پێکەنینەوە گوتی "وامدەزانی هەر تەنیا لە ناو عەرەبدا جارجار گەمژەیەک دەست دەکەوێت، نەکا لەناو کوردیشدا هەر وابێت؟!". منیش گوتم: خودا منی بە کورد خوڵقاندووە و تاوانم نییە!.. ئەویش دەستی کرد بە پێکەنین. چووم بۆ چین، ١٤ شەو و ڕۆژی پێچوو تا گەیشتمە پەکین، ئەو قیتارە دەبوو سەرانسەری پانتایی خاکی یەکیەتی سۆڤێتی تێپەڕ بکردایە. شەو بوو، قیتارەکە هێدی هێدی لە دەشتەکانی سیبریا تێپەڕ دەبوو و لەئاسمانەوە باران بە لێزمە دەباریە سەر دارستانە چڕوپڕەکان و ڕوخساری درەختەکانی ئاوپرژێن دەکرد و نەرمە بایەکیش لەنجەی خستبووە ناوقەدی دارەکان و ئەگریجەی لقەکانی سەرەوەی باوەشێن دەکرد. هاوڕێ لەگەڵ ژمارەیەک گەنجی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوور و باشووری ئەمریکا بەرەو وڵاتی چین دەچووین، کە لە فیستیڤاڵی وارشۆ بانگهێشت کرابووین. لە ناو قیتارەکە گۆرانیمان دەخوێند.

ژنێک لای منەوە دانیشتبوو، بەژنێکی مامناوەند کە ڕواڵەتی لە ئەمەریکی نەدەچوو. لە سەرەتای سەفەرەکە لە مۆسکۆوە تا چین، ئەو ژنە سەرنجی منی بەرەو لای خۆی ڕاکێشابوو، زۆر هێمن و لەسەرخۆ و ڕێکوپێک بوو، هیچ شتێکی لە ژنان و کچانی دیکە نەدەچوو، منیش کە بیروباوەڕ و خووخدەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم بوو، ئەو ڕێز و ئەخلاقە جوانەم هەست پێدەکرد.

هەندێک لە هاوڕێیان دەستیان کرد بە خواردنەوە و پاش گەرمبوون جلوبەرگ دادڕا و دەنگی بە خۆشی تۆ، بە سڵامەتی تۆ و... بەرز بووبووەوە. من و چەند کەسی دیکە و ئەو خانمە، لە بەزمی ئەواندا بەشداریمان نەکرد. من و گەنجێکی خەڵکی ئۆرۆگوای و گەنجێکی خەڵکی شیلی سەبارەت بە وڵاتەکەمان و بارودۆخی زێد و نیشتمانەکەمان دەدواین، بەڵام ئەو ژنە هیچی نەدەگوت، وەکو ئەوەی کە سکاڵای لە هیچ شتێک نەبێت و تەنیا گوتی "من

خەڵکی کوبام و بە نهێنی هاتوومەتە ئێرە، بە هۆی ئەوەی کە دیکتاتۆری ئەو وڵاتە بەری هەموو ئازادیی و مافی دیموکراتی گرتووە و هەزاران ئازادیخوازی زیندانی کردووە، گەلی ئێمە هیچ مافێکی مرۆڤانەی نییە و دەرگایان بۆ کۆمپانیا ئەمەریکییەکان کردووەتەوە و ئەوانیش سامان و سروشتی گەلی ئێمەیان تێکداوە و کرێکاریش دەچەوسێننەوە. بەڵام کوبا سووڕە لەسەر مافی خۆی و ئێستا دڵ و دەروونی خەباتکارانمان لە کەفوکوڵدایە و ئامادەیە بۆ هەڵگیرساندنی بڵێسەی ئاگری خەبات و لەناوبردنی دەرەبەگ و داگیرکەر و کۆمپانیا پاوانخوازەکان و سەرکەوتن و ئازادیی ئێمە نزیکە. ئەو گەنجەی خەڵکی ئۆرۆگوای بوو دای لە پڕمەی پێکەنین و بە تەوسەوە گوتی "پزگاریی کوبا زۆر دژوارە و من چاوم ئاو ناخواتەوە کە ئەو دوورگە سەربەخۆخوازە بە ساکاریی لە کۆتوبەند و داگیرکاریی ئەمریکا پزگاری بێت، چونکە ئەمریکا یارمەتی ئەو حاکمە دەدات کە هەموو ناڕەزایەتییەک دەمکوت بکات". ئەو ژنە زۆر لەسەرخۆ و بە هێمنی گوتی "نەخێر..! قەت شتی وا نابێت، ئەڵبەت ڕۆژێک دەگات کە کوبا پزگار دەبێت، چونکە بنەڕەتی سەرکەوتن سەریهەڵداوە".

ئازادیی لە دەرەوە نایەت، بەڵکو لە دەروونەوە دەستپێدەکات و گەشە دەکات و ڕاپەڕین دژی داگیرکەرانی پاوانخواز سەردەکەوێت. هەبوونی بااڵی ڕۆژهەاڵت بە سەرۆکایەتی سۆفێت وایکردووە کە ناکرێت هەروا بە ساکاریی وڵاتانی دیکە داگیر بکرێن و سەردەمی سەرەڕۆیی سیاسی کۆتایی هاتووە، ناکرێت هۆکارەکانی بشاردرێتەوە و داپۆشرێت. گەردەلوولی ئازادیی، ڕژێمە کۆنەپەرستەکان و لایەنگرانی داگیرکاریی، دوورەپەڕێز دەکات و هەر گەلێک دەبێت پشت بە ڕاپەڕینی ڕۆڵە قارەمان و ئازاکانی ببەستێت، تا بتوانێت مافی ئازادیی نیشتمانەکەی بەدیبێنێت. پاشان پرسیاری لە من کرد و گوتی "با ئەم هاوڕێ خۆشەویستەمان کە لە کوردستانی پارچە پارچەکراو هاتووە، وەڵام بداتەوە". ئەو دەیویست بەم کارە من بخاتە ناو کۆڕی گفتوگۆکان.

منیش بۆم شی کردەوە، هۆکارەکانی پێشکەوتنی بزاڤی ئێمەی کورد لەوەدایە کە کورد لەگەڵ چەند حکومەتێکدا ڕووبەڕووە کە کۆنەپەرەستن و دژی داگیرکەرانی بەریتانیا و ئەمریکا و فەڕەنسا خەبات دەکات و ئەوانیش تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنن و کاول دەکەن.

ڕێکەوتن لەگەڵ وڵاتانی دیکە دروست و بەجێیە و ئەمە بەو مانایە نییە کە کوردەکان بە یارمەتی ئەوان، خۆیان ڕزگار بکەن. ئەویش پەڕیە ناو وتەکانی من و گوتی "هیچ گیروگرفت و کۆسپێك لە نێوان ئێمەدا نییە. خەباتی کوردەکان بەشێك لە خەباتی گەلانی دیکەی جیهانە و سەرکەوتنی ئەوان بۆ گەلانی دیکە مایەی دڵشادییە. گەلانی دیکەش دەبێت پشتگیریی لە سەرکەوتنی کوردەکان و گەیشتن بە ئامانجەکانیان بکەن، بەڵام چالاکانی کوردیش دەبێت لەسەر وێستی خۆیان، بڕوا بە توانای گەشەسەندنیان و بە هاریکاریی یەکتر بکەن، سەرکۆتنیان مسۆگەر بکەن". ئەمانە ئامۆژگاریی ئەو ژنە بوو کە لە کوباوە بە تەنیا هاتبوو تا بچێتە چین. لای خۆم ئارەزووم دەکرد کە خۆزگە ژنی ئاوا لەناو کورددا دەست دەکەوت و کوردستانیش وەکو کوبا سەردەکەوت.

عاقیبەت گەیشتینە پەکین، لەوێ لە هەموو ئاهەنگێکدا بەشداریمان کرد. بۆ نموونە کۆبوونەوەی شاعیران هەبوو، دەچووم و دەمگوت من شاعیرم، چەند واژەم سەر یەك دەخست، خۆ کەس نەبوو کوردیی تێبگات و بزانێت من چی دەڵێم. لە کۆبوونەوەی خوێندکارانداً بەشداریم دەکرد، ئەڵبەت من خوێندکاری سالّی دووی زانکۆی داد بووم. باسی پارێزەرانی ماف مرۆڤ بوو، دەچووم بەشداریم دەکرد، چونکە ئەندامی کۆمیتەی ئاشتی جیهانی لە بەغدا بووم. لە هەموو شوێنێکدا بە جلوبەرگی کوردیی دەردەکەوتم. دەستێك جلوبەرگی کوردیی و ئالایەکی کوردستانم پێشکەشی خاتوو (سون یات سن[۹۵])، خێزانی سەرۆککۆماری چین کرد، کە خۆی جێگری سەرۆککۆمار بوو . کۆبوونەوەی ژنان هەبوو، گوتم

دەبێت من تێیدا بەشدار بم، هەرچی گوتیان خۆ تۆ ژن نیت، نابێت، چۆن تۆ ببەینە ناو ئەو هەموو ژنە!؟ منیش گوتم "وەڵڵا من لە کوردستانەوە هاتووم و ئەمانەش هەمووی دیاریی یەکیەتی ژنانی کوردە و بە منیان گوتووە دەبێت هەر بە دەستی خۆت ئەو دیارییانە پێشکەش بکەی، من ناتوانم قسەی ئەوان ژێرپێ بخەم، بەڵێنم داوە". چینییەکان زۆر هێمن و بەڕێزن. هەرچی هاتن و گوتیان نابێت، من هەر پێداگریم کرد، پاشان گوتیان: باشە ئێمە خۆمان شتەکان دەبەین و وەڵامیشت بۆ دێنینەوە، گوتم نا، هەر دەبێت خۆم بچم ئەو دیارییانە پێشکەش بکەم. سەرئەنجام قایل بوون و منیان بردە ناو ئاهەنگەکە. ئەو کۆبوونەوەیە هەموو ژن بوون و تەنیا پیاوی ناویان من بووم. ئاخری لەو کۆبوونەوەیە قسەیشم کرد، پاشان بە دەستی خۆم دیارییەکانم پێشکەش کرد و ئالای کوردستانیشم پێشکەشی خاتوو (سون یات سن) کرد. ئەویش قوماشێکی ئاوریشمی چاکی پێشکەش بە من کرد.

هەوالنامەی کتێب

لەو ماوەیەدا زۆر لە چین گەڕام و لە هەموو ئاهەنگ و کۆبوونەوەیەکدا سەربەستانە بەشداریم کرد. شاد بوم بەڵام دڵم لای ڕووسیا بوو، کە خوایە چۆن دەڕۆم. تازەلاوێکی ڕەشپێست لەوێ بوو، کە لەگەڵیدا ئاشنا بووم. تەوقەی لەگەڵ کردم و زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی کردم، پاشان پرسیاری کرد خەڵکی کوێی؟ دیار بوو جلوبەرگە کوردییەکەم سەرنجی ئەوی ڕاکێشابوو، کە دواجار خۆی گوتی "ئەوە بۆ یەکەم جار بوو لە تەمەنمدا جلوبەرگی ئاوام دەدی". منیش گوتم "کوردم و خەڵکی کوردستانی عێراقم". بە سەروزمانێکی خۆش و زۆر بە ڕێزەوە گوتی "بە داخەوە دەربارەی کورد و کوردستان هیچ زانیارییەکم نییە". دەیویست لەو بارەیەوە هەندێك ئاگادار بێت. منیش بە کورتی ئەوانەی پێویست بوو بۆم شی کردەوە، ئەویش پشتگیریی لە بەرنامەکانی ئێمە کرد، پاشان بڕیارمان دا جارێکی دیکە پێکەوە دانیشین. ناونیشانی خۆی دا بە من، ناوی (علیون) بوو، خەڵکی سەنیگال کە کۆڵۆنی فەڕەنسا بوو. چەند ڕۆژێك بوو کە ولاتەکەی ڕزگار بووبوو و لەگەڵ سودان

یەکیان گرتبوو. لەو ماوەیەشدا سەرپەرشتی کۆبوونەوەکان بوو. لە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو زۆر دڵشاد بووم و شانازیم پێوەدەکرد. لە کاتی پشووداندا منی بە چەند گرووپی ئەفریقی ناساند و ئەوانیش بەڵێنی یارمەتییان دا. لە ڕۆژی دووهەمی کۆنگرەکەدا هەوڵێکی زۆرم دا کە ئێمە وەکو یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بناسرێین و بەشداریی بکەین نەک عێراق، بەڵام ئەو داخوازییەی ئێمەیان بەجێنەهێنا و بە هۆی ئەو سەرقاڵی و ماندوویی، چەند هەلی باشمان لەدەست دا. چووم بۆ لای علیون و زۆر تووڕە و زوێر بووم، ئەو منی ئەهوەن کردەوە و زۆر دڵخۆشیی دامەوە و دەستی گرتم و منی بردە ژوورەکەی خۆی و هاوڕێکەی، ئامۆژگارییەکی منی کرد کە قەت لەبیرم ناچێتەوە، گوتی: دانپێدانان بە لاوانی کوردستان لە لایەن لاوانی جیهانەوە، لە قۆناغی یەکەمدا بەستراوەتەوە بە تێکۆشان و خەبات و لێهاتوویی و وێستی خۆتان کە دەبێت هەبوونی خۆتان بە هەموان بناسێنن و لە گۆڕەپانی خەباتدا خۆڕاگر بن و بەردەوام بن لەسەر سیاسەتی نەتەوایەتی پێشڕەوتان. پاشان دەبوانن بگەنە ئاستی جیهان و دەنگتان لە پاڵ خۆتانەوە هەست بدەن و ببیستن و داهاتوویەکتان لەسەر هێڵی سەربەخۆیی و ئازادیی هەبێت "بە ئاواتی سەرکەوتن و ئازادیی!"، پاشان چالاکیی لاوانی سەنیگالی بۆ ڕوون کردمەوە و باسی کۆشش و هەوڵی بێوچانی ئەوانی کرد لە ڕێی ئازادیی نیشتمانەکەیان.

لە کاتی گەڕانەوەمدا، بە چینییەکانم گوت: من ڕاستەوخۆ ناگەڕێمەوە بۆ عێراق و ئەگەر دەکرێت لە سۆفێت من دابەزێنن، چونکە سەرۆکەکەمان لەوێیە و دەبێت ببینم. ئەوان نەیاندەزانی کە مەبەستی من لە سەرۆک چییە و کێیە؟! سۆفێتیش ڕێگەم نادات ئەگەر بزانێت من مەبەستێکی ئەوتۆم هەیە و دەمەوێت مەلا مستەفا بارزانی ببینم. لە ڕێگەی گەڕانەوەدا منیان لە مۆسکۆ لەبەر ئوتێل میترۆپۆل دابەزاند و لە مۆسکۆ مامەوە.

له ئوتێل، شتومەکەکانم له هۆدەکه دانا و کەوتمه بیرکردنەوه، باشه له ولاتێکی نامۆ و له ناو ئەم هەموو خەڵکه، چۆن مەلا مستەفا بارزانی ببینمەوه؟! کەسیشم نەدەناسی. سەرئەنجام بۆ دەستپێکی کارەکەم چوومه دەفتەری حیزبی کۆمۆنیست له مۆسکۆ. له دەرگام دا و ڕێگەیان بۆ کردمەوه و له لای پاسەوانانی بەر دەرگا گوتم "من فلان کەسم و دەمەوێت ژەنەرال مستەفا بارزانی ببینم. پەیامم بۆی هەیه و دەمەوێت پەیامەکانی وەربگرم و بیبەمەوه بۆ ولاتەکەم". بە عەرەبی دەدوام، دیارە ئەوانیش وەرگێڕیان هێنا، ئەڵبەت تۆزێك ئینگلیزیشم دەزانی. پاش قسەکانی من، گوتیان: باشه تۆ له ئوتێل چاوەڕوان بە، ئێمه وەڵامت دەدەینەوه. ۱۰ ڕۆژ چاوەڕوان بووم، بەڵام هیچ وەڵامێکم نەدرایەوه، بە تەواویی هیوابڕاو بووبووم و بە ڕۆژدا له کوچه و شەقامەکانی یەکیەتی سۆڤێتدا پیاسەم دەکرد.

تاکو ڕۆژێك له شەقامی گۆرکی (gorky) چاوم بە دوو کەس کەوت کە بە زاراوەی عەرەبی عێراقی قسەیان دەکرد و دەنگی یەکیان بە گوێم زۆر ئاشنا بوو، کاتێك ورد بوومەوه تێگەیشتم کە ئەمە بێژەری ڕادیۆی مۆسکۆیە، ناوی موحەممەد هاشمی نەجەف و بەناوبانگ بوو، چونکه له ئەندامانی کۆنی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق بوو، ماوەیەك چووبووە ئێران و له ئابادان و ئەهواز کاری کردبوو، پاشان چووبووە مۆسکۆ و لەوێ بووبووە بێژەری ڕادیۆ. ئەوان سەرقاڵی قسەکردن بوون و منیش هەنگاو بە هەنگاو شوێنیان کەوتم. پاش چەند خولەك چوومه بەردەمی و گوتم "سەلاموعەلەیکوم مامۆستا". گوتی "تۆ کێی؟". منیش خێرا گوتم "من فلان کەسم و ئەندامی دەفتەری سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقم". پاشان هەندێك بە ترسەوه گوتی "بەڵام من ئەو کەسه نیم که تۆ بیر دەکەیتەوه". منیش هەر پێم داگرت و گوتم "قوربان شتی وا هەر نابێت، من هەموو شەوێك دەنگی بەڕێزت دەبیستم و هیوادارم هەر بژی، بەڵام مەردی خوا بە، ئەوا من چەند ڕۆژە بێکەس و بێدەرەتان لەم ولاتە ماومەتەوه، تا بەڵکو ڕێگەیەك بدۆزمەوه و کەسێك

ببینمەوە کە دەنگم بە مەلا مستەفا بگەیەنێت و.. ئێستا تۆم دیوەتەوە و تۆش ئاوامان لەگەڵ دەکەی؟!". بە کورتی کاتێک بینی کە من هەر پێدادەگرم و ڕەنگە دڵیشی بۆم سووتا، قایل بوو و گوتی "لە کام ئوتێلیت؟ منیش ناونیشانم دایێ و بەڵێنی دا پەیوەندیم پێوە بکات. لە خۆشیدا پێم عەرز نەدەکەوت کە سەری کەڵاڤەکەم دۆزیوەتەوە.

ڕۆژی دوایی لە ژوورەکەم دانیشتبووم کە لەپڕ زەنگی تەلەفون بێدەنگیی ژوورەکەی تێکشکاند. بەڵێ، موحەممەد هاشمی هاتبوو بۆ ئوتێل و دەیویست بێتە هۆدەکەی من. لە خۆشیدا گوتم "فەرموو، سەرچاوم، بەخێر بێیت". هاتە هۆدەکەم و گوتی "بەخێر بێیت بۆ یەکیەتی سۆڤێت، ئەگەرچی مەلا مستەفا لێرەیە، بەڵام ناهێڵن تۆ ببینیت، هەرچییەکت هەیە دەتوانی بیدەیت بە من، تا بیگەیەنمە دەستی". منیش نامەیەکم بۆ نووسی (کە دواجار لە پەرتووکی مەسعود مستەفا بارزانی هاتبوو) و چەند وێنەی مەسعود و ئیدریس بارزانی و.. خستە ناو پاکەتەکە و دامێ. گوتی دوایی وەڵامت بۆ دێنمەوە. تا ڕادەیەک دەرگای ڕەحمەتم لێ کرابوویەوە. منی بانگهێشت کرد بۆ ڕادیۆی مۆسکۆ کە وتووێژم لەگەڵدا بکات، ئەوەش شانازییەکی گەورە بوو کە لەو سەردەمەدا کەسێک لە کوردستانەوە بڕوات و ڕاستەوخۆ لە ڕادیۆی مۆسکۆدا قسە بکات، ئەویش لە تەمەنی ۲۲ ساڵیدا. چووم بۆ ڕادیۆ و بە ناسناوی (موحەممەد ئەمین) قسەم کرد. ئەڵبەت سەروبنی قسەکانم دیار نەبوو، بۆ نموونە لە بارەی بەنداوی دوکان لە کوردستانی عێراق وردە فەرمایشم دەکرد، "بەندەوی دوکان[۹۶] بەنداوێکە کە ئیستعمار دروستی کردووە دژی دۆستی گەورەمان سۆڤێتی مەزن، بەڵام گەلی کورد ئیزن نادات ئاوا بەهرەی ناڕەوا وەربگیردرێت و.." و لەم قسە خۆشانە و هەلەقانە.

لە کۆتایی وتووێژەکە ۳۰۰ (ڕوبل)یان بابەتی ئەو قسانە دامێ، چونکە هەر کەسێک وتووێژی ڕادیۆیی بکردایە، پارەیان دەدایێ، بەکورتی بەو قسە

پڕوپووچانە لە بێ پارەیی ڕزگار بووم و پارەم خستە گیرفان و کەوتمەوە گەشت و گەڕان بە ناو مۆسکۆدا. دیاریی زۆرم بۆ ئەم و ئەو کڕی. جانتایەکم پڕ کردبوو لە دیاریی ڕەنگاوڕەنگی ڕووسی و چینی و هەروەها جگەرە، ئەگەرچی خۆم جگەرەم نەدەکێشا. چەند ڕۆژی دیکە چاوەڕوانی بینینی مەلا مستەفا بووم، بەڵام هیچ هەواڵێك نەگەیشت. دوای ماوەیەك نائومێد بووم. ناونیشانێکیان دابوومێ لە ڕۆژئاوای ئەڵمانیا (کە لەوە دەچوو پەیوەندیی بە تودەییەکانی دانیشتووی ئەڵمانیا هەبێت)، منیش ناونیشانێکی سوریام دابوو کە ئالۆگۆڕی نامە بەردەوام بێت. دیسان بوو بە هیچ و بەبێ ئەوەی مستەفا بارزانی ببینم گەڕامەوە و ئیتر لە کۆتایی ساڵی ۱۹۵۵دا بوو کە بە فڕۆکەیەکی ڕووسی سەرەتا چوومە ڤیەنا، پاشان چوومە سووریا و لە فڕۆکەخانەی دیمەشق دابەزیم. ئەو کاتەی لەوێ دابەزیم فلسێك پارەی ڕەشم لە گیرفاندا نەبوو، تەنانەت پارەی ئەوەم نەبوو کە بە تاکسی بچمە ئوتێل. هەروا لای شۆفێری تاکسییەکان ڕاوەستابووم.

هەواڵنامەی کتێب

دوو کەسیان پێکەوە قسەیان دەکرد، لە ڕووی قسەکانیانەوە تێگەیشتم کە ئەمانە چەپ و تودەیین. چوومە پێشەوە و گوتم من هەر تەنیا (چێك)م پێیە، پارەی وردم پێ نییە، ئەگەر ئێوە بمگەیەننە ئوتێلێکی ناو شار، یان بەیانی پارەکەتان دەدەمێ، یان جگەرەی ڕووسی و چینیتان دەدەمێ، خێرا گوتیان باشە بە جێگەی پارە جگەرەی چینی و ڕووسیمان بدەرێ. منیش هەر یەکەی ٤-٣ پاکەت جگەرەم دانێ و بە تاکسی منیان بردە بەر ئوتێلێکی چڵکن و پیس و کۆن کە لە ناوەڕاستی شاری دیمەشقدا بوو، کرێی هەر شەوێکی ٨٠ قروش بوو، خاوەنەکەشی پیرێژنێکی بۆڵەبۆڵکەری تێنەگەیشتوو بوو و پێی داگرتبوو کە پێش لەوەی بچمە ناو ئوتێلەکەی پارەکەی بدەم.

منیش گوتم "وەڵڵا، بیللا جارێکە پارەم نییە و (چێك)م هەیە، ها ئەم جانتایە بگرە با بە ئەمانەت لای خۆت بێت و چاوەڕوان بە، تا بەیانی

پارەکـەت دەدەمـێ". سـەرئەنجام قایـل بـوو و ئـەو شـەوە بـە هـەزار چەرمەسەریی لە ژوورێکی پیسی پڕ لە دەعبا و مێشوولە تا بەیانی خەوتم. بەیانی کە هەستام بەبێ ئەوەی فلسێکم لە گیرفاندا بێت، لـە ئوتێـل چـوومە دەرەوە، نە دەمتوانی سوار پاس و ترام بم، نە دەمتوانی تەلەفۆن بۆ شوێنێك بکەم. تەنیا ئادرەسی مالّی "رەوشـەن بـەدرخان"م دەزانـی و بـە پـێ بـەرەو مالّی ئەوان ڕێکەوتم، بـە هیـوای ئـەوەی کـە پارەیـەکی بـە قـەرز لێـوەربگرم. چوومە لە دەرگای مالّەکەیانم دا، بینـیم کەسێکی نائاشنا دەرگـای کـردەوە و گوتی "جەنابت؟". منیش ڕوودداوەکـانم بـۆ گێـڕاوە و بـۆم دەرکـەوت کـە دوو مانگە لەو گەڕەکە مالّیان گواستووەتەوە و کەسیش ناونیشانەکەیان نازانێـت، بـەس گـوتی "نـاوی گەڕەکەکـەیان موهاجرینـە و ناشـزانم لـە کوێیـە". خـۆم گەیاندە ئەوێ و کوچە بە کوچەی ئـەو گەڕەکـەم پێـوا، بـەڵکو بیبینمـەوە یـا خود کەسێك ببینم، دەنگێکم ببیسم..، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو.

بۆ چاخانەی (ابو السفر) گەڕامەوە و چوومە ئەوێ کە پێـشتر خوالێخۆشـبوو عوسمان سەبریی لە کاتی بێکاریـدا لـەوێ دادەنیـشت، بـەڵام بینـیم کـە لـەوێش هیـچم دەسـت ناکـەوێت، وردەوردە خـۆر داچـوو و برسـی و تینـوو و مانـدوو و مردوو، گەڕامەوە بۆ ئوتێل و پیرێژنە وڕەوڕکەر، لەبەر دەرگادا بەڕۆکی پێگرتم و وەکو مۆتەکە لە بەرچاومدا دەرکەوت و گوتی: پارەی کرێی ژوورەکـە!! منـیش گوتم "وەڵڵا ئەمڕۆ نەمتوانیوە چێکەکەم ورد بکەمـەوە، هیـوادارم بـۆ بـەیانی". بەڵام هەر بۆڵەی دەهات و منیش سەعاتەکەم خستە بەر دەستی کە ٥، ٦ دینـار بـە پـارەی ئەوکاتـە بایـەخی بـوو، ئـەویش وەریگـرت و خـستییە نـاو سـندوقی ئەمانات و بە هەزار چارەڕەشیی ئەو شـەوەم بەسـەر بـرد. ڕۆژی دوایـی دیـسان هـەر بـەو شـێوەیە لـە ئوتێـل چـوومە دەرەوە کـە بـەڵکو خـودا دەرووبـەکم لێبکاتەوە. لەو کاتەدا گەڕەکی کوردەکـان لـە دەرەوەی شـاری دیمەشـق بـوو، پاش سـەعاتێك ڕێپێـوان، کەوتمـە شـوێن دۆزینـەوەی عوسمـان، بـەڵام هەرچـی زۆرتر دەگـەڕام کـەمتر شـتم دەدۆزییـەوە، بێـسوود بـوو، دیـسان گەڕامـەوە بـۆ

چاخانە، بۆ ڕزگاریی لە بۆڵەبۆڵی ئەو پیرێژنە، شەو زۆر درەنگ گەڕامەوە و خەوتم، خەوتنی چی؟! بێهۆشی، دوو ڕۆژ بوو کە هیچم نەخواردبوو. ڕۆژی دواتر گەیشت، لە برسییەتیدا چاوم بۆ نەدەکرایەوە و باش نەمدەدی، تارمایی بە چاومدا هاتبوو.

گەیشتمە مەیدانی مەرجەع(ساحە المرجە) لە دیمەشق و سەیری قەفەسێکی ڕۆژنامەفرۆشیم دەکرد کە لە پڕ یەکێك بانگی کردم جەلال! جەلال! منیش لە دڵی خۆمدا گوتم "خودایە شوکرانەبژێریت دەکەم!". بەڵام چاوم هیچ کوێی نەدەدی و بە لای خۆمەوە گوتم باشترە لە شوێنی خۆمدا نەبزوێم تا ئەو دێتە پێشەوە. کە سەیرم کرد یەکێك لە هاوپۆلەکانی زانکۆیە، ڕەئوف دبس، بە گەرمی لە ئامێزی گرتم و لێی پرسیم. نیوەڕۆ بوو و پرسیاری کرد ئەرێ نانی نیوەڕۆت خواردووە؟ منیش گوتم "کوڕە مردووت مرێ، نانی چی و خواردنی چی بێ!". لە برسییەتیدا خەریکم دەمرم و بەس بمگەیەنە ڕێستۆرانێك. ئەویش بەسێتەزمانە پیاوەتی کرد و منی گەیاندە ڕێستورانێك و لەوێ داوای دوو چێن خواردنی بۆ کردم و تێر و پڕم خوارد. وردەوردە چاوم کرایەوە و دنیا لەبەر چاومدا ڕوون بووەوە، پاشان دانیشتم و هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە. ڕەئوف دەستی کرد بە گیرفانیدا و ۲۰۰ لیرەی دەرهێنا و ۱۰۰ لیرەی بە قەرز دا بە من، کە لەو کاتەدا، ئەوە پارەیەکی زۆر بوو و دەبووە نزیکەی ۱۰ دیناری عێراقی. زۆر سوپاسم کرد و ئەویش ناونیشانی خۆی دامێ، پاشان منیش بە ئانقەست ۱۰۰ لیرەکەم ورد نەکردەوە و گەڕامەوە بۆ ئوتێل. پارەکەم خستە بەردەستی پیرێژنی دەلوو و تۆزێك خۆم ماساند و گوتم "ها، پارەکەی خۆت هەڵگرە و پاشماوەکەیم بدەرەوە، دیسان دەستی کردەوە بە پرتە و بۆڵە و گوتی "تۆ سەیر کە، پارەکەی بە ڕووی منداً دەکێشێت!". ئەمە بە من ورد ناکرێتەوە.. ئاخر ئەو هەمووە پارەیەت لە کوێ بوو و.. منیش بە تەوسەوە لێی ورد بوومەوە و تۆزێك پێم ڕابوارد و گوتم "باشە خۆم وردی دەکەمەوە". لەڕاستیدا من بە ئانقەست ئەو

کارەم کرد کە تۆزێك بیشەمزێنم. ئێوارە چوومە دەرەوە و پەرتووك و گۆڤار و ڕۆژنامەی زۆرم کڕی و دیسان گەڕامەوە بۆ ئوتێل و هەموو پارەی ئوتێلەکەم دایێ و چوومە ئوتێلێکی دیکە و خۆم شۆرد و سەر و ڕیشم تاشی. بە ڕۆژدا لە ناو شاردا دەگەڕام و بە ناو ڕامدەبوارد.

تا ڕۆژێك ڕێم کەوتە چاخانەکە و لەپڕ دیم عوسمان زل و زەبەندە لەوێ دانیشتووە و زۆر بەدەماخ و قنج و قیت. هەر کە چاوی پێم کەوت بەرەو ڕووم هات و باوەشی پێدا کردم و ئەملاولای ماچ کردم و گوتی "ئەرێ جەلال تۆ لە کوێی؟!". منیش گوتم "کوڕە مالّ وێران، ئەوا دوو ڕۆژە بە دوای تۆدا دەگەڕێم، ئەی باشە تۆ لەکوێی؟". ئەویش داوای لێبوردنی لێ کردم و گوتی "ئەو ۲، ۳ ڕۆژە ئیشم زۆر بووە و لە سەفەر بووم". ئەمجار دانیشتم و هەموو بەسەرهاتی خۆم بۆ گێڕایەوە کە چۆن لە بێپارەیی لێم قەوماوە، پاشان نامەیەکم نارد بۆ بەغدا و نووری سەعید کە لە بەغدا بەڕێوەبەری فەرمانگەی کار بوو، دەقی نامەکەی بەدەستت دەگات، لەو نامەیەدا باسی هەموو چەرمەسەرییەکانم کردبوو. لەڕاستیدا نامەکەم بە ناونیشانی حەبیب موحەممەد کەریم لە زانکۆی داد ناردبوو.

ئەوانیش دوای خوێندنەوەی نامەکە، ۱۰ دینار دەخەنە ناو پاکەتێکی ئاسایی و بۆم دەنێرن، بە خۆشییەوە دوای ۲، ۳ ڕۆژ نامەکەم بە ساغی بەدەست گەیشت و کەس نەیکردبوویەوە. منیش پارەی قەرزەکەم دایەوە، پاشان بەڕێکەوتم بەرەو مالّی (ڕەوشەن بەدرخان) کە ئافرەتێکی ڕووناکبیر و ڕەسەن بوو. چەند کەس لە گەورەپیاوانی کورد لەوێ دانیشتبوون، وەکو: حەسەن ئاغای حاجۆ، قەدری جان، سەرهەنگ بەدری، قەدری جەلیل پاشا[۹۹] و... من خۆم بەوان ناساند، کاتێك تێگەیشتن کە لە فیستیڤالّ هاتوومەتەوە و چوومەتە چین و مۆسکۆ، ورتەورت کەوتە ناویان و هەموو سەیریان کردم و چاویان لە دەمم بوو، دەتگوت لە سەفەری حەج هاتوومەتەوە.

جا بەڕاستی ئەگەر کەسێك لەو کاتەدا بچووبایە بۆ مۆسکۆ و چین، وەکو حاجی وابوو و دەبوو دەستیان ماچ بکردایە، چونکە ئەو سەفەرانە زۆر گرنگ بوون و هەر کەسێك بە سانایی ڕێی نەدەکەوتە ئەو شوێنانە. چووم بۆ حەڵەب و پاشان بە قیتار بەرەو موسڵ و لەوێوە بۆ بەغدا. دوو جانتای پڕ لە دیاریم پێبوو، لە دڵی خۆمدا گوتم یان دەستگیر دەکرێم یان دەگەمە شوێنی خۆم. شوکر بۆ خودا هیچ نەقەوما. لە ئێزگەی عەزیمیەی بەغدا دابەزیم. تاکسییەکم بە کرێ گرت و بەرەو ماڵی نووری (هەزار ڕەحمەتی لێ بێت) بەڕێکەوتم. ئەو ئەندازیار بوو و سەرۆکی ئەنجومەنی ئەندازیارانی بەغداش بوو. بە بینینی من هەموو واقیان وڕ مابوو، ئەڵبەت بە پیرمەوە هاتن و بە گەرمی پێشوازییان لێکردم. هەندێك بەردی گرانبەهام هێنابوو کە لەسەر گۆڕی سن یاسن کۆم کردبوویەوە لەگەڵ قوماشی مادام، پێشکەشی ناهید خانم کرد، ناهید خان لە یەکیەتی ژنانی حیزبدا زۆر چالاك بوو. چەند شەو لە ماڵی ئەواندا مامەوە و بە شەودا باس و بەسەرهات دەگێڕدرایەوە. ماوەیەك پاش ئەوە چووم بۆ زانکۆی داد و خۆم ئاشکرا کرد، هەر کە گەیشتمە بەر دەرگای زانکۆ، پۆلیس دەستگیری کردم و منیان بەرەو بەندیخانە برد، ئەوان گوتیان: تۆ لە دەرەوەی ووڵات بوویت و لە ڕادیۆی مۆسکۆ دژی ئێمە قسەت کردووە، منیش هەموو ئەوانەم ڕەتکردەوە و گوتم "نە لە دەرەوەی ووڵات بووم و نە لەگەڵ ڕادیۆی مۆسکۆ گفتوگۆم کردووە".

هەرچی گوتم و هاوارم کرد کەس بڕوای نەکرد و منیان برد بۆ دادگا. لە دادگا (تەیپ)ێکیان هێنا و شریتی وتووێژەکەی منیان سەرخست کە دادوەر بەپێی ئەو بەڵگەیە بڕیارم لەسەر بدات، بەڵام شریتەکە خشەخش و غەڵبەغەڵبی زۆر بوو و لەڕاستیدا دەنگی ڕادیۆی مۆسکۆ زۆر بەهێز و زوڵاڵ نەبوو، واتە دەنگەکە باش نەدەبیسترا. پاشان کارناسانی شیکاریی دادگا دانیشتن و بۆیان دەرنەکەوت کە ئەوە دەنگی منە، گوتیان لەوانەیە دەنگی ئەو بێت و لەوانەیشە هی ئەو نەبێت، بە کورتی گومانیان بوو. بەپێی یاسای

دادوەریی عێراق، لە کاتی گوماندا، تاوانبار سوودمەند دەبێت، بۆیە دادگا بڕیاری ئازادیی منی دا.

ڕاگەیاندنی بڕیارەکەی دادگا ۷۰ ڕۆژی خایاند و دوای ئەو ماوەیە گەڕامەوە بۆ زانکۆ، بەڵام ئەوان بە تەواویی منیان لە زانکۆی دادی بەغدا دەرکرد، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو کە نەچووبوومە پۆلەوە، هەرچی پێم داگرت کە لە زیندانداا بووم و... سوودی نەبوو. ئەو ساڵی خوێندنی ١٩٥٥ـ١٩٥٦م لە کیس چوو، پاشان گەڕامەوە بۆ کۆیە. لە کۆیە دیسان کاروباری حیزبیم دەستپێکردەوە، خەڵکی کۆیەش هەر بە چاوی حاجی لە حەج گەڕاوە سەیریان دەکردم، ئەو کەسەی کە چووەتە مۆسکۆ و چین، وتووێژی ڕادیۆیی کردووە، و.. ئەم ناو و ناسناوە خاوەن شکۆیانە لەو سەردەمەدا و لە شارێکی پچووکی وەکو کۆیە بە هەر کەسێك نەدەدرا. خەڵك منیان زۆر خۆش دەویست و ڕێزیان لێدەگرتم. سەرانسەری هاوینی ١٩٥٦ سەرقاڵی باس و بانگەشە بۆ حیزب بووم، بەتایبەت لەناو کرێکاران و جوتیاراندا. عاقیبەت ڕۆژی ٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٦ی زایینی، شێخ مەحمود کۆچی دوایی کرد. لە ساڵی ١٩٥٦دا ئیسرائیل بە هاوپەیمانی فەڕەنسا و بەریتانیا هێرشی بردە سەر کەناڵی سوێس، پێشتر عەبدولناسر لە ژێر فشاری ڕێکخراوە ئیسلامییە چەکدارەکان، چالاکیی سەربازییان دژی بەریتانیا کردبوو و کەناڵی سوێسی میللی کردبوو. لە سەرەتای پایزدا بوو کە تازە گەڕابوومەوە بۆ زانکۆ بۆ ئەوەی تێرمەکەم سەرلەنوێ دەستپێبکەمەوە، لەو ڕۆژانەدا بوو کە بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیسرائیل هێرشیان کردە سەر میسر.

لە عێراقدا خۆپیشاندان بە مەبەستی شەرمەزارکردنی ئەو ڕووداوە دەستپێکرا، دیارە منیش وەکو جاران لە ڕیزی پێشەوەی خوێندکاران بووم و بە ناوی کورد و پارتی کورد، ئاگادارینامەیەکم خوێندەوە و لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندانەکەدا دروشمم دەدا، بژی ئەم و بمرێ ئەو و.. هەر ئەمە هۆکاری

دەستگیربوونی من بوو لە گەرمەی خۆپیشاندانەکەدا و سپێردرامە دەست کۆمیتەی ئاسایشی زانکۆ، ئەوانیش بۆ هەمیشە لە خوێندن بێبەشیان کردم و گوتیان: دیارە ئەمە چاك نابێت و قەت نابێتە ئادەمیزاد. تاوانباریان کردم بە هەموو جۆرە گوناهـ و تاوانێك. مامۆستایەکمان هەبوو منی زۆر خۆش دەویست و دژی دەرکردنی من بوو و دەیگوت خوێندکارێکی دەرسخوێن و زیرەکە و زۆریش بەئەخلاق و رێکوپێکە، باشە بۆ دەبێت دەری بکەین، ئەوە ئەرکی فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی تاوانە کە ئەگەر تاوانێکی هەیە بیسەلمێنێت، نەك ئێمە، بەڵام هەوڵەکانی ئەویش بێ سوود بوو لە ناو کۆمیتەی سێ کەسیدا، بە دوو دەنگ دەرکرام کە یەکیان دەنگی عەبدولڕەحمان بەزاز بوو کە خۆی عەرەب بوو و دواجار هەر ئەو بوو لەگەڵ منـدا هـات بۆ لای عەبدولناسر و منی بەو ناساند. لە ساڵی ۱۹۵۵، لە کوردستاندا گۆڤارێکمان هەبوو بە ناوی گەلاوێژ کە ئیبراهیم ئەحمەد بـڵاوی دەکردەوە. ئەم گۆڤارە زۆرتر کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بوو و سیاسی نەبوو، بەڵام لە هەمبەری حکومەتدا ڕێندانە دەجوڵاوە و دەستی سانسۆڕی دەزگای چاودێڕیی بەسەر بڵاوکراوەکانی لە پشتەوە بەستبوو. بۆ نموونە دەینووسی لە وڵاتی چین چی هەیە؟ وێنەیەکی ماوتسی تۆنگی چاپ دەکرد و هەندێك شتی سەبارەت بە ژیانی دەنووسی. یان وێنەی چەرچل و ڕۆزفێڵت و ستالینی لە چاپ دەدا و بیروباوەڕی ئەوانی وەکو تاموچێژ تێکەڵی وتارە ئەدەبییەکان دەکرد و بڵاوی دەکردەوە. من بە خوێندنەوەی ئەو گۆڤارە تامەزرۆی چین بووبووم و خۆشم دەویست، بەتایبەت کە هەستم دەکرد زۆر شتی چین و کوردستان لەیەك دەچن.

چین وەکو ئەڵمانیا وڵاتێکی پیشەسازیی و کرێکاریی نەبوو، بەڵکو وڵاتێکی نیوەکۆڵۆنی بوو وەکو کوردستان، سیستمی دەرەبەگایەتی بەسەریدا زاڵ بوو، بەم بۆنەیەوە بە دواکەوتوویی مابوویەوە. ئەو خەباتەی لە چین دەکرا، لە خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستان دەچوو. تێڕوانینیان زۆر جوان و سەرنجڕاکێشتر لە ئەوروپا بوو. بە بڕوای من ئەمە هۆکاری ئەوە بوو کە

دواجـار ۲، ۳ پـەڕتووك لـه عێراقـدا بـلاّو بوویـەوه، یـەکیان پـەرتووکی بـه ناوبـانگی[۱۰۱] ادگـار سـنو[۱۰۲]، نـووسـەرێکی ئەمـەریکی، بـوو کـه دوو بەشـی وەرگێڕدرابوو و بلاّو دەبووەوه.

یەکێکی دیکەیان "پیاوی ئاسیا" و ئەوی دیکـەیان بـه نـاوی "حکومـەتی یەککڕتوو و دیموکراسی نوێ". که ئەم کتێبانه کاری زۆریان کرده سـەر مـن و بوومه هۆگری مـائۆ تسه تـۆنگ، لـه سـالّی ۱۹۵۷دا، دیسان بـه نهێنی و بـه پاسپۆرتی دروستکراو چووم بۆ دیمەشقی پایتەختی سـووریا کـه ئـەمجاره لـه فیستیڤالّی جیهانی لاوان و خوێندکارانی یەکیەتی سـۆڤێتدا بەشداریی بکـەم، بەلاّم ئەمجارەیان له کاتی تێپەڕبوون له سـنووری عێـراق و سـووریا لـه لایـەن پۆلیسی سەرسـنووری سـوریا، دەسـتگیر کـرام و گوتیـان کـه پاسـپۆرتەکەت ڕاسـتی نییـه و دیـاره منـیش ڕەتم نـەکردەوه و گـوتم: بـەڵێ وایـه و نـاوی ڕاستەقینەی من ئەوەیە و دەمەوێت بچمه مۆسکۆ و له فیستیڤالّدا بەشداریی بکەم، له دیمەشقیشدا کۆمۆنیست هەیە و دەمەوێت بچمه لای ئـەوان و لەگـەڵ ئـەوان بـچمه مۆسـکۆ و.. هەرچـی هـەوڵم دا، بـێ سـوود بـوو و ئـەوان منیـان دەستگیر کرد و ڕەوانەی زیندانیان کردم.

لـه سنووڕەوه بـه سـەیارەی پـۆلیس چـوومه قامیـشلی و پاشـان گەیـشتمه ناوەندی ئەو ویلایەته، واته شاری حسك. له نیوەی ڕێگـەدا ڕووداوێکـی سـەیر ڕووی‌دا، کـوردێکم بـینی و خـۆم پـێ ناسـاند و گـوتم ئەگـەر دەکرێـت بـڕۆ بـۆ دیمەشق و تەلەفون بکه بۆ مالّی ڕەوشەن بەدرخان و پێیان بلّی هاتووه بچێت بۆ فیستیڤالّ و ئێستا دەستگیر کراوه و له زیندانی حسکه. دەمەونیوەڕۆ بـوو بـه ڕاکردن هاته لای من و زۆر به ڕێـزەوه بـانگی مـنی کـرد و گـوتی "الاستاذ تالّەبانی! الاستاذ تالّەبانی!" منیش چوومه پێشەوه و گـوتم "چـی بـووه؟". گوتی دەستوورییان داوه ئازادت بکەین. حەز دەکەی ئەمڕۆ بڕۆیت یان ئەمشەو میوانی ئێمه بیت، ئیتر ئەوه به دەست خۆتە.

دیار بوو ئەو کەسە پیاوەتی کردبوو و تەلەفونی کردبوو بۆ مالّی ڕەوشەن بەدرخان و ئەوانیش تەلەفونیان کردبوو بۆ سەرهەنگ زلفو و ئەویش دەستووری دابوو کە بەبێ هیچ مەرجێك خێرا ئازادم بکەن و ڕەوانەی دیمەشقم بکەن. ئەم سەرهەنگە کورد بوو و لە شام دەژیا، مرۆڤێکی باش و دیموکرات بوو و زۆریش کوردپەروەر بوو، دەسەلاّتی زۆر بوو و لە پیزی ئەو پێنج ئەفسەرە گەورە بەناوبانگەی ئەرتەشی سووریا بوو. زۆر سوپاسی ئەفسەرە ئێشکگرەکەم کرد بۆ میواندارییی، ئەگەرچی هیچی وام نەخواردبوو، چونکە خۆشم لە خوارنەکەیان نەدەهات، و گوتم دەبێت بڕۆم و هیوادارم هەمیشە سفرەتان بەرقەرار بێ و مالّتان ئاوەدان بێت.

لە بەندیخانە هاتمە دەرەوە، بەلاّم گرفتی من ئەوە بوو کە دوو جانتای گەورە پڕ لە دیاریی بۆ میوانانی فیستیڤالّم پێ بوو کە زۆر قورس بوون و بە دوای خۆم ڕامدەکێشا، کاتێك ئەفسەرەکە ئەوەی بینی، خێرا حەمالّێکی بانگ کرد کە جانتاکانم بۆ هەلّبگرێت. کە لە زیندان هاتمە دەرەوە بە حەمالّەکەم گوت: بمباتە ڕێستۆرانێك، چوومە ئەوێ و تێروپڕ کەبابم خوارد و ئەمجار بە زگی تێرەوە لای جادە ڕاوەستام کە سوار ئۆتۆمبێلێك بم و خۆم بگەیەنمە دیمەشق. زۆر چاوەڕوان بووم، بەلاّم سەیارەیەکیش نەهات کە تا (حەلەب)یش بچم. لە پڕ لۆرییەك دەکەوت و دەستم بۆ ڕاوەشاند، بە خۆشییەوە ڕاوەستا و لێم پرسی سوارم دەکەی؟ شۆفێرەکە گوتی دەتوانی لە دواوە لەسەر بارەکان دانیشیت، ناچار هەلگەڕام و بە دوو جانتای قورسەوە لە سەر تەلیسە گەنمەکان ڕاکشام.

جا کاتێك کامیۆنەکە بە چەپ و ڕاستدا دەکەوت، خۆڕاگرتن زۆر ئەستەم بوو، بەلاّم لە دلّەوە زۆر شاد بووم کە ئازاد بووبووم و بەرەو شام دەچووم و لەڕاستیدا ورەم بەرنەدابوو. دوای چەند کاتێك خەوم لێکەوت. جادەی ئەوکاتەش هیچی قیر نەبوو و تۆزوخۆڵێکی زۆرم لێنیشتبوو. بەهەر حاڵ

سەرلەبەیانی گەیشتمە حەلەب بە هەزار کێشە لە کامیۆنەکە دابەزیم، زۆریشم برسیبوو، نە شێوم خواردبوو، نە ناشتا. لە گەراجەکە هاتمە دەرەوە و دوو جانتاکەم بە دوای خۆمدا ڕاکێشا و هەر لە ڕێوە خۆم گەیاندە ڕێستۆرانێك و دیسان بە خواردنی کەبابێك ماندوویی لەشم حەساندەوە. گەڕامەوە بۆ گەراجەکە و ویستم سەیارە بەکرێ بگرم بۆ دیمەشق، کە شۆفێرەکە گوتی "هێشتا دوو کەسمان ماوە، گوتم من پارەی ئەو دوو کەسە دەدەم و با ڕێکەوین، بەم جۆرە بەرەو دیمەشق ڕێکەوتین، ئەو شارەی کە سێ ڕۆژ بوو هێشتا پێی نەگەیشتبووم و لە ڕێگەدا ئەو هەمووە بەسەرهاتەی پێوەبوو. پاشنیوەڕۆ گەیشتمە ناو شار و چوومە ئوتێلێك کە کرێی هەر شەوێکی دوو لیرە بوو. حەمامێکم کرد و پاشان تەلەفونم کرد بۆ مالّی ڕەوشەن بەدرخان و ئەوانیش بۆ عەسر بانگێشتیان کردم.

کاتێك گەیشتمە مالّیان، زۆر بە گەرمی وەریانگرتم و شاد بوون بەوەی کە ئازاد بووم. بە ڕێکەوت سەرهەنگ (زلفو)یش لەوێ بوو، ئەو و میوانەکانی دیکە بەخێرهاتنیان لێکردم. بەهەرحالّ بە هۆی سەفەرەکەی پێشووم بۆ چین و یەکیەتی سۆڤێت ناوبانگم دەرکردبوو. لای زلفو باسی گرفتەکانی خۆم کرد و گوتم پاسپۆرتم نییە و ئەو پاسپۆرتە تەزویرەش کە بووم، لەسەر سنوور لێیان سەندووم. زلفو گوتی "بەیانی (Lisse passe)ی پەنابەریی سیاسیت بۆ سازدەکەم. پاشان چوومە کۆمیتەی ئامادەکاریی فیستیڤاڵ و هەموو شتێکم بۆ گێڕانەوە، ئەوانیش گوتیان ئەگەر پاسپۆرتت نەبێت ناتوانیت لەگەڵمان بێی و هیچیشمان پێ ناکرێت. منیش قایل بووم لە ترسی ئەوەی بە جێم نەهێڵن .//

پارەی ئەندامیەتیم دانێ و گوتم ئەگەر نەشهاتم پارەکەم وەرناگرمەوە و گەردنتان ئازا بێت و تەبەروعتان بێت. ئەڵبەت ئامازەم بەوە نەکرد کە زلفو بڕیاری داوە تا بەیانی هەموو شتێکم بۆ جێبەجێ بکات. ڕۆژی دوایی زلفو بە

ئۆتومبێلێکی جوانی سەربازی کە ئالای سوریای لەسەر دانراب بوو، هات و منیش سوار بووم، لەو کاتە تەمەنم ٢٤ ساڵ بوو. ئێمەش چووینە بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت و چووینە لای بەرپرسی کە پلەکەی عەقید بوو، بەرپرسی پاسپۆرت کە عەمید زلفوی بینی بۆ ڕێزلێگرتن و سلاو لە شوێنی خۆی هەڵسا و وتی: قوربان ئەمر بکە، عەمید زلفو وتی: بۆ ئەو کوڕە وەرەقەیەکی کاتی پەنابەری سیاسی دروست بکە، ئەویش وتی ئەو دەبێت پەنابەرێتی سیاسیی هەبێت تا بتوانین ئەم کارە بکەین، زلفو وەڵامی دایەوە کە تۆ کارەکانی جێبەجێ بکە، من بەخۆم لە ڕێگەی سەرۆک کۆمارەوە پەنابەرێتی سیاسیەکەی وەردەگرم و دوای لەسەر کاغەزێك ئیمزای کرد کە لەسەر بەرپرسیارێتی خۆی عەقیدەکە کارەکانی تەواو بکات، عەقیدەکە وێنەیەکی لە من کێشا و بەم شێوەیە دوای چەند کاتژمێرێك کارەکانی من تەواو بوون و مولەتی کاتی پەنابەرێتی بۆ من دەرکرا، منیش ئەو وەرەقەم وەرگرت و لە بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت هاتمە دەرەوە، ئیتر ئاسودە بووم و بە (روحیە)یەکی باشتر بەرەو لیژنەی ئامادەکاری فستیڤال ڕۆیشتم.

ڕۆژێك بۆ ناردنی قوتابیان مابوو کە من گەیشتمە شوێنەکە و لە منیان پرسی توانیت کارێك بکەی یان نە؟ بەیانی کۆتا ڕۆژە و منیش هیچ شتێکم ئاشکرا نەکرد و تەنها گوێم لە وان دەگرت و دوای وتیان ئەگەر تا بەیانی نیوەڕۆ کارێکت کرد زۆر باشە و تۆش لەگەڵ خۆمان دەبەین، بەڵام ئەگەر نەتتوانی دەبێ لێمان ببوری و منیش وتم ئەگەر شتێکم دۆزیەوە من لەگەڵ خۆتان دەبەن؟ ئەوانیش وتیان بەڵێ، منیش پێم خۆش بوو ئەو کاتە هیچ شتێك ئاشکرا نەکەم، ئەو شەوە لەگەڵ کوردەکانی سوریام بەسەر برد و باسی سیاسەتمان دەکرد، ئاشناییم لەگەڵ حەمید دەروێش پەیدا کرد کە دوای حزبی دیموکراتی کوردی سوریای پێکهێنا و زۆر لەگەڵ یەکتر وتوویژ و (مناقشە)مان کرد.

ڕۆژی دوای کۆتا مۆڵەت بوو بۆ ناردن و منیش گەڕامەوە لیژنەکە و مۆڵەتی سەفەر کردنی خۆم پێشاندا، لە وێ مرۆڤێکی زۆر باش بە ناوی عەبدولجەبار وەهبی[۱۰۴] هەبوو کە وتی: ئافەرین لە کوێ توانیت دەستەبەر بکەی؟ منیش وتم جارێ با ڕێبکەوین، بۆت باس دەکەم و بە ئۆتۆمبێلی ئاخیر بەرەو لازقییە ڕوێشتین و لە سەفەرەکە هەموو شتەکانم بۆ ئەوان گێڕایەوە کە یەکێک لە چوار ئەفسەری دەستڕوێشتوو ئەم کارەیان بۆ من کرد، ڕۆژی دووەم بە پاپور (بەلەم) لە لازقییە بەرەو یەکێتی سۆڤییەت بەڕێکەوتین، ئەو وڵاتەی کە بۆ جاری دووەم بوو سەردانم دەکرد، دوای ٤-٥ ڕۆژ و تێپەڕین لە دەریای ڕەش گەیشتینە ئۆدیسە، لە ناو بەلەمەکە هەندێک لە ناسیاوە عەرەبەکانی سودانیم[۱۰۵] بینی کە سەبارەت بە کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسینیان بیروڕایەکی باشیان هەبوو، ئەوان ڕۆشنبیر و ئاگاتر بوون و بیرێکی کراوەتریان هەبوو لە وڵات و کەسە شۆڤینیستەکان، لە ئۆدیسە دابەزین و بە شەمەندەفەر بەرەو مۆسکۆ بە ڕێکەوتین، لە وێستگەی شەمەندەفەری مۆسکۆ ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان پێشوازییان لە ئێمە کرد، کۆردۆیف لە نێوان ئەوان دابوو کە پێشوازییەکی گەرمی لە ئێمە کرد، من جلی کوردیم لەبەر بوو و لە نێوان ئەوان دیارتر بووم، هەر یەک لە ئێمەیان بردە شوێنەکی دیاریکراو، ئێمەش کە لە گرووپی عێراق بووین وتمان دەبێت گرووپی کوردستانمان بەجیا هەبێت و ئەوانیش دەیانگوت نابێت و ئێمەش ناڕەزاییمان دەڕبڕی و مانمان گرت و لە کۆتایی وتیان وەرن پێک بێین و گرووپێکی کوردیتان هەبێت و هەر کارێکی دەتانەوێت بکەن، سەرەتا دەمانویست سەردانی دەزگای ئافرەتانی ڕووسی بکەین و دیارییەکانی کوردستان و ژنانی دیموکرات پێشکەشی دایکی زۆیا، قارەمانی خەباتگێڕ و شێرەژنی ڕووسی و ژنانی تری ئەو وڵاتە بکەین، پێش

ئەوەی داخلی ئەو شوێنە بین یەکێك لە کچەکانی کورد وتی باشتر وایە لە بارەی زۆیا زانیاری باشترمان پێ بدرێت و منیش بە کورتی وتم زۆیا ئەو کچە گەنجە بوو کە هێشتا قوتابی قوتابخانە بوو پەیوەندی بە ڕێزەکانی خەباتگێڕەکانی ڕووس کرد، لەو کاتە هەستی کرد نازییەکان مەترسیان لەسەر مۆسکۆ دروست کردووە، مۆسکۆ شارێکی جوانە و ڕووسەکان ئامادەن مالّ و گیانی خۆی بۆ پاراستنی فیدا بکەن، لەبەر ئەوەی مۆسکۆ نیشانە هەوڵە و پایتەختی حکومەتی سۆسیالیستی ئەوانە.

زۆیا تازە ببووە بیست سالّ، هاتە ناو گوڕەپانی شەڕ و لەگەڵ خوشك و براکانی دژی داگیرکەران خەباتی کرد، دوای بەجێ هێنانی ئەرکی نەتەوایەتی خۆی چەندین جار توشی مەترسی بوو و لە کۆتاییدا بەدیل گیرا و دوای ئازار و ئەشکەنجەیەکی دڕندانەی فاشیستەکان، بە دەنگێکی بەرز وتی بژی نیشتمان و بمرێ فاشیست، کۆچی دوایی کرد، ماوەیەك دوای مردنی ڕێبەری ڕووسیا مەدالیای قارەمانی لینین پێشکەشی ئەو دەکات تاکو ڕێزلێنان لە (استقامت) و دڵسۆزییە بێ سنوورەکەی بۆ وڵاتەکەی بکات، بەم شێوەیە زۆیا کە کچێکی گەنج بوو گیانی خۆی فیدای نیشتمانەکەی کرد و مردنی بە شەرافەتی هەڵبژارد نەك ژیانێکی بێ نرخ و بن دەستی و ئەو بووە سیمبۆلی پاڵەوانی ئازادی و فیداکاری لە نێوان ئافرەتانی یەکێتی سۆڤییەت و حکومەتیش مەراسیمێکی بۆ بیرەوەرییەکەی سازدا و پێشانگایەکی بچووك بە نیشانەی یادی ژیان و هەوڵی ئەو بۆ خەڵك و گەنجەکانی ڕووسی کردەوە.

دوای بە کچە کوردەکانم وت هیوادارام زۆیا ببێتە سیمبۆلی قارەمانی و خەباتگێڕی و فیداکاری لە لای کچ و ئافرەتانی کوردستان و

کچەکانیش وتیان هەموو ئافرەتانی کورد دەبێت زۆیای کوردستان بن، هەر کاتێك مەترسی هاتە سەر وڵاتمان.

شاندی ئێمە لە شەقامەکانی جوانی مۆسکۆ تێپەڕی و ئێمە بە هێواشی سرودی کوردیمان دەخوێند و کاتێك لە ئۆتۆمبێل دابەزین پێشوازییان لە ئێمە کرد، لە دەور مێزێکی گەورە دانیشتین، ئافرەتە بالابەرز و سپی پێستی ڕووسی بە ڕێزلێنانێکی زۆر دەهاتنە لامان، یەکێك لەو ئافرەتانەیان بە ئێمە ناساند، ئەو دایکی زۆیا بوو و ئێمەش بە کەیفێکی زۆر چەپڵەمان بۆ لێدا و هەستی خۆمان دەربڕی، سەرەتا جێگری بەرپرسی ئافرەتانی ڕووسیا بەخێر هاتنی ئێمەی کرد، پاشان کچە کوردێك لە لایەن ئافرەتانی کورد دیارییەکی وەکو بیرەوەری پێشکەشی ئەو کرد و ئافرەتێکی تر بە ڕێزلێنانەوە جلێکی کوردی پێشکەشی دایکی زۆیا کرد و محەمەد ئەمین لەسەر ئەو دیارییە و دڵسۆزی و فیداکاری ئافرەتانی کورد قسەی کرد.

دایکی زۆیاش بە قسە جوانەکانی خۆی وەڵامی هەستی ئێمەی دایەوە و لە کاتی وتار پێشکەش کردن فرمێسك لە چاوەکانی دەهاتە خوارەوە، ئێمە وەکو ئەو چاوەکانمان پڕ فرمێسك بوو، ئەو وتی: سوپاسی کوردستان دەکەم بۆ ئەو دیارییە جوانە کە بەڵگەی دۆستایەتی نێوان خەڵکی ڕووسیا و کورده، سوپاسی میللەتی ئازادیخواز و خەباتگێڕی کورد دەکەم کە هەمیشە خوازیاری ماف ئازادی و سەربەخۆیی خۆیانن، دیارییەك لە پێشانگای زۆیا پێشکەشی ئێوە دەکەم تا ببێتە سیمبۆلی برایەتی و دۆستایەتی هەر دوو میللەت.

دیارییەکی زۆر جوانیان بە ئێمەدا و چەند وێنەیەکیشمان کێشا، لە خۆم دەپرسی تاکەی ئافرەتانی کورد لە ڕێگەی سەربەخۆیی و ئازادیی میللەتەکەیان دەبێت قوربانی بدەن و یان لەو ژیانە بێ مانایەی

ڕۆژانەیە بەردەوام بن؟ دەبێ ئافرەتانی کورد پێشانی هەموو جیهان بدەن کە هەرکامیان بە لایەن خۆیەوە وەکو (ژۆیان)، و... جاری پێشتر لە ڕێگەی محەمەد هاشمی توانیبووم ئاسەوارێك لە بارزانی بدۆزمەوە و وشەیەکی نهێنییان بەمن دابوو کە وشەی کوسوسکە بوو، لە ڕۆژی یەکەم کە چاوەڕێی ئامادەکاری فستیڤال بووین، دوو کوردی کرمانجی بەدوای ئێمە دەگەڕان و ئێمەیان دۆزیبووەوە و ئێمەش پرسیمان لە کوێ ئێمە دەناسن و لە کوێ هاتوون؟ ئەوانیش وتیان کە ئێمەی کوردی سورین، شێخ ئەحمەد بامەڕنی (خوا لێخۆشبوو) کە لە وێ وەستا بوو، ملی منی گرت و منی بۆ لایەك برد و وتی: جەلال دەزانی ئەو کەسە سەید عەزیز سەید عەبدوڵلا گەیلانییە؟[۱۰۶] لە ئەفسەرە بەناوبانگە هەڵاتووەکان لەگەڵ بارزانی، منیش وتم یا شێخ دڵنیای؟ ئەویش وتی چۆن دڵنیا نبم؟ منیش چوومە لای سەید عەزیز و بەهێواشی پێم گوت: بۆچی خۆت لە ئێمە دەشاریتەوە؟ تۆ سەید عەزیزی و منیش مام جەلال، لە خوام دەویست کە یەکێك لە ئێوە بدۆزمەوە.

سەرەتا منە منی کرد و نکۆڵی دەکرد و منیش (اصرار)م دەکرد و دوای شێخ عەلی هاتە پێش و بەئاماژەدان وتی: کاتێك باوکم کۆچی دوایی کرد لە بیرت ماوە کە من لە جیاتی ئەو بوومە ئەندام پەرلەمان؟ ئەو کاتە جەنابت ئەفسەر بووی و لەگەڵ ئێمە بووی و لەو کاتە سەید عەزیز ناچار بوو دانبنێت خۆیەتی و بەم شێوەیە یەکتریان لە باوەش گرت و منیش زۆر خۆشحاڵ بووم کە خوا دەرگای ڕەحمەتی بەڕەو ڕووی ئێمە کردۆتەوە، دوای بووە نۆرەی کەسی دووەم و لێم پرسی: خەڵکی کوێیت، بە فارسی وتی من کوردی یەکێتی سۆڤییەتم، منیش بە پێکەنینەوە وتم تۆ کە کوردی نازانی قسە بکەی چۆن کوردی؟ ئەویش

دانی پێنا که زانیم که موراد ڕەزم ئاوەڕە[۱۰۷] و ناوی ڕاستەقینەی خۆی وت.

منیش بەگونجاوم زانی و وتم دەمەوێت بارزانی ببینم، لە ناکاو هەر دووکیان منە منیان کرد و وتیان نازانین لە کوێیە و نابێت و پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت دەبێت مۆڵەتی بدات و ئەوی سەرنجراکێش ئەوە بوو کە دکتور موراد[۱۰۸] بۆ دەرباز بوون لە بابەتەکە وتی بارزانی لە (لەهستان) پۆلۆنیایە و لە سەرەتا من نەمزانی مەبەستی لە (لەهستان) چییە، چونکە بە زمانی کوردی پێ دەوترا پۆلۆنیا نەک (لەهستان) و کاتێک مەبەستی ئەوم زانی توزێک وەستام و بیرم کردەوە و مانّاوابیمان کرد، بەڵام نەمدەتوانی باوەڕ بکەم و بەهەر شێوەیەک ڕۆژی دواتر فستیڤاڵ دەستی پێکرد و لە سەرتاسەری جیهان قوتابی هاتبوون و منیش هەموو ڕۆژ دوای نیوەڕۆ لە پێش دەرگای هاتنەژوورەوەی بینایەکەمان دادەنیشتم و چاوەڕێ دەبووم یەکێک بێتە لام و دوو — سێ ڕۆژ بەم شێوەیە تێپەڕی و ڕۆژی سێیەم یان چوارەم بوو دوو کەس جلی کوردیان لەبەر دایە بۆ لای من دێن، دوای سڵاو و ئەحوالّ پرسین وتیان: تۆ کوردی عێراقی؟ و لەگەڵ گرووپی عێراقییەکان هاتووی؟ منیش وتم: بەڵێ، ئەوانیش وتیان ئێمە بەدوای یەکێک لە هەڤاڵانی ئێوە هاتین و منیش وتم: ئەو کەسە کێیە و وتیان جەلال حیسامەددین و منیش بەخۆشحالییەوە وتم من جەلالم و لێم تێکچووبوو و وتم: جەنابت بارزانیی؟ و منە منیان کرد و وتیان نەخێر، بەڵام ناوی نهێنییەکەی بڵێ و منیش وتم و خۆیان بە من ناساند، یەکێک ئەسعەد خۆشەوی[۱۰۹] و ئەویتر شێخ عەلی کە خزمی بارزانی بوو، وتی بارزانی بە دوای منی ناردووە و بچمە لای.

لە کەیف خۆشییەوە خەریک بوو جەڵتەم لێبدات و سواری میترۆ بووین و میترۆی مۆسکۆ زۆر جوان بوو زیاتر بە هۆڵی زەماوەند

دەچوو، بەڵام من دڵ و بیرم لە لایەکی تر بوو و دوای تێپەڕین لەچەند وێستگە منیان بردە گەرەکێك و دوای کەمێك ڕوێشتن بە پێیان گەیشتینە بینایەك و بە (مصعد) چووینە سەرەوە و زەنگەکەمان لێدا و لە ناکاو خودی مەلا مستەفا بارزانی دەرگای کردەوە و سمبێلەکەی تاشیبوو و منیش ئەوم لە باوەش گرت و لە خۆشیاندا لە هۆش چووم، من دەرووێش و غولامی بارزانی بووم.

منیان لەسەر مۆبلێك (قەنەپە) دانا و ئاویان بەسەر و ڕووم داکرت تاکو کەمێك باشتر بووم وەکو ئەوەی کە صوفییەك شێخی خۆی ببینێت و تا چەند خۆلەکێك نەمدەتوانی قسە بکەم و بەهەر شێوەیەك دەربارەی هەموو شتێك قسەم کرد، وێنەیەکی شێخ ئەحمەدم بۆ برد لە زیندان کە بە بینینی زۆر خۆشحاڵ بوو، هەروەها وێنەی مەسعود و سابیر کوڕەکەی دیکەی بارزانیم[۱۱۰] پێ پێشاندا کە تا ئەو کات نەیبینیبوو، دوای لەگەڵ لوقمان لە لایەن سەدام حسێن کوژران، چونکە خێزانی مەلا مستەفا دوای گەڕانەوە لە ئێران دووگیان بوو و بارزانی نەیدەزانی و زۆر بە مەلا مستەفا دەچوو و شێخ ئەحمەد ناوی لێنرا سابیر و مەسعود بارزانی ئەو کاتە مێردمندان بوو و لە مانگی باپیری بوو[۱۱۱] لە مووسڵ و بەبینینی ئەو وێنانە خۆشحاڵ بوو و هەواڵەکانی کوردستانم بۆ گێڕایەوە و هێدی هێدی نزیکی مەغریب (ڕۆژئاوا) دەبوو و دەیانویست سفرەی خواردنی دانێن سەید عەزیز و دکتۆر مورادیش هاتن و سڵاویان کرد و منیش بە دکتۆر مورادم وت قوربان ئێرە (لهستان) پۆلۆنیایە، دوای ئەوە هەموو ڕۆژێ لە دوای فیستیڤاڵەکە بە مترۆ دەچوومە مانگی و قسەمان دەکرد و مەلا مستەفاش باسی خۆی دەکرد کە دوای پەڕینەوە لە ڕووباری ئاراس و هاتنە ناو خاکی یەکێتی سۆڤییەت، ڕووسەکان هەڵسوکەوتێکی باشیان لەگەڵ ئەوان هەبووە و لە ساڵی دووەم جەعفەر باقرۆف[۱۱۲] هەموو ئێمەی بۆ ئاسیای

ناوەڕاست دوور خستۆتەوە و لە جیاتی مەشقی سەربازی ئێمەیان لە ناو زەوییە کشتوکاڵییەکان[۱۱۳] دابەش کرد کە هەر ۱۰ -۱۵ کەس لە شوێنێك بن و بارزانییان ناچار کردووە ئیش و کار بکات و بتوانێت بژێوی خۆی دابین بکات.

بەڵام دوای مردنی ئیستالین و لە سێدارەدانی باقرۆف، بارزانی نامەیەك بۆ مۆسکۆ دەنووسێت و دوای حکومەت هەموویان کۆ دەکاتەوە و هەندێك بۆ کۆلێژ و قوتابخانە دەنێرێت و هەندێك ئەفسەر وەکو سەید عەزیز و میرحاج لە کۆلێژ لەسەر خوێندن بەردەوام دەبن، سەید عەزیز شەمزینی پەرتووکێکی نووسیوە بە ناونیشانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان[۱۱۴] کە تێزی دکتۆرایەکەیە لە بەشی مێژوو لە لنینگراد، یەکێکی تر لە وانە حسۆ میرخان[۱۱۵] کە قارەمانێك بوو و لە شۆڕشی ئەیلوول شەهید دەبێت، مرۆڤێکی زۆر زانا و زیرەك و حەزی لە خوێندن بوو، لە وێ مەلا مستەفا بە رێککەوتن و ڕەزامەندی ڕووسەکان پێشوازی لە من کرد و دوای ئەو دیدارانەی کە لەگەڵی هەمبوو، بۆ یەکەمجار لەگەڵ هەندێك بەرپرس و پلەدارەکانی یەکێتی سۆڤییەت دانیشتم.

منیان بانگهێشتی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرد لەبەر ئەوە کە من ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بووم، هەر پرسیاری بارودۆخی کوردستان لە من دەکرد و منیش هەموو شتەکانم دەگێڕایەوە و ئەوانیش (بیرۆڤای و سۆزی باشیان) لەسەر کێشە کورد هەبوو، بە بارزانیشم وت ڕۆژێك پێش ئەوەی بێمە مۆسکۆ لە دیمەشق دکتۆر کەمال فوئادم بینی کە بۆ خوێندن بەرەو ولاتی ئەڵمانیا دەڕوێشت و خوالێخۆشبوو هەژار و زەبیحیش لەگەڵ ئێمە بوون و هەر چوارمان لە شەقامەکانی دیمەشق پیاسەمان دەکرد، لە ناکاو دوو بەرپرسی قەومی

عەرەب هاتنە لای ئێمە، فایق سامەرایی و سدیق شنشل کە دوای لە کابینەی عەبدولکەریم قاسم بووە وەزیر و پاشانیش بووە سەفیری عێراق و ئێمەیان داوەتی کافەیەک کرد.

هەرچەندە ئەوان زیاتر زەبیحیان دەناسی، چونکە ماوەیەک زەبیحی لە ڕیستورانتی عەبدوڵڵا لە بەغدا کاری دەکرد و دەیانزانی کە ئەندامی (ژ.ک) بووە و کوردی ئێرانە، دوای پرسیان ئایا دیدارتان لەگەڵ بەرپرسانی سوری هەبووە و ئەگەر پێتانخۆش بێت چەند دیدارێک بۆ ئێوە ڕێک بخەین و دوای وتیان ئێمە لەگەڵ کوردەکانین و برای یەکترین و مەترسی هێرشی تورکیا لەسەر سوریا لە ئارا دابوو، لەو کاتە نووری سەعید لە عێراق دەسەڵاتدار بوو و دوای باسی ئەوەیان کرد کە پەیوەندییەک لە نێوان بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و عەرەب دروست بکرێت و لەو کاتە جەمال عەبدولناسر بەناوبانگ ببوو و خەریکی ڕێکخستنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی عەرەب بوو و سوریاش یەکێک لە پێگەکانی ئەم بزووتنەوەیە بوو، ئێمەش وتمان گوێمان لێبووە کە عەبدولناسڕ سەردانی یەکێتی سۆڤییەت دەکات و باشتر وایە کە لە وێ دیدارێکی لەگەڵ بارزانی هەبێت و ڕێککەوتنێک ئیمزا بکات و ئێمەش لەسەر ئەوە کار بکەین.

ئەویش وتی زۆر باشە و لەگەڵ عەبدولناسڕ قسە دەکات، منیش ئەم هەواڵانەم بۆ بارزانی گێڕایەوە کە لەوانەیە عەبدولناسر بێتە یەکێتی سۆڤییەت و بتبینێت، پرسیان کە دەتوانن شۆڕشێک لە کوردستانی عێراق ئەنجام بدەن و ئێمەش وتمان بەڵێ دەتوانین و ئەوانیش وتیان ئێمە ئامادەین بەهەموو شێوەیەک پشتگیریتان بکەین بۆ ئەوەی دژی نووری سەعید شۆڕش بکەن و منیش وتم سەرەتا دەبێ بچمە یەکێتی سۆڤییەت و بگەڕێمەوە و ئەو کاتە لەگەڵ یەکتر پلانی جێبەجێ کردنەکە دادەڕێژین، خاڵێکی تر دەربارەی کوردەکانی سوریا بوو کە

وتیان کوردەکانی سوریا دابەش بوونە و بۆچی دەبێت ئەوها بێت و بۆچی نایەن دژی حکومەتی تورکیا کارێك بکەن و پارتێکی کوردستانی پێك بهێنن، دوای وتیان کە کوردستانی تورکیا بەشێکە لە کوردستانی سوریا کە دابەش بووە و ئەگەر وابکەن ئێمە یارمەتیان دەدەین تا پارتێك پێك بێنن بۆ کوردستانی سوریا و دژی تورکیا جموجوڵ بکەن و ئێمەش قسەکانی ئەوانمان پشتڕاست کردەوە، من باسی ئەو شتانەم لە لای ڕووسەکان و بارزانی کرد و لە یەکێتی سۆڤییەت هەندێك چالاکیی تریشمان ئەنجامدا، هەروەها هەندێك لە کوردەکانی سوریمان بینی، دیدارمان لەگەڵ فاریزوف، کوردیف و هەندێك لە گرووپە گەنجەکان لە وڵاتانی بەناوبانگی جیهانی هەبوو و بەشداریمان لە کۆبوونەوەکانی گەنجەکانی دیموکرات کرد، پەیوەندیمان لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەت دروست کرد و جگە لە ناوبژیشانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە دیمەشقیش ناونیشانی تایبەتیمان وەرگرت و ئەو کەسە کە دەبێتە خاڵی پەیوەندی لە نێوانمان، من لە ساڵی ۱۹۵۷ لە خۆشحاڵییەوە وەڵامی هیچ بانگهێشتێکی ترم نەدایەوە و زۆر بە زووبی گەڕامەوە دیمەشق بۆ ئەوەی کارە پێویستەکان ئەنجام بدەم، ئەم جارە پارەیەکی باشم لەبەر دەستدا بوو و چەندین کارمان ئەنجامدا.

چووینە لای (عەمید) عەبدولحەمید سراج کە هاوسەرەکەی کورد بوو و کچی کاك عەلی زلفو و وتمان ئێمە دەتوانین لە کوردستان شۆڕش بکەین و ئەویش کاتێك زانی کە داواکاریی ئێمە چەك و پارەیە، بەڵێنیدا کە ئەوانە بۆ ئێمە دابین بکات و وتی بگەڕێوە کوردستان و لەگەڵ بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق قسە بکە و هەر کاتێك زانیمان کاتەکە گونجاوە شۆڕش دەکەین و ئاگادارییان بکەینەوە تا پێداویستیەکانی ئێمە دابین بکات، پاشان عەفلەقم بینی، پێشتر جگە لە سراج، میشل عەفلەقیشم بینیبوو بەرپرسی حزبی بەعس بوو و

یەکەم جار کە منی بینی دەربارەی کورد و بزووتنەوەی کوردەکان قسەی کرد، عەفلەق قسەکانی خراپ نەبوون، بەڵام تەنها ئاماژەیەکە گشتی بوو و باسی وردەکاری نەدەکرد.

دوای چووینە لای ئەکرەم حورانی[۱۱۶] کە وتەبێژی بەناوبانگی سەرۆکی پەرلەمان بوو و رێزی لە ئێمە گرت و وتی لە ناوچەی منیش زۆر کورد هەن کە دەنگیان بەمن داوە و زۆر لە وان جوتیارن و لە حزبی ئێمە ئەندامی کورد هەن و ئێمە هەر جۆرە هاوکاری و یارمەتییەک کە پێویست بێت دەکەین، لە یەکێتی سۆفییەت کە گەڕامەوە دووبارە ئەکرەم حورانیم بینی و کوردەکانی سوریاش خەریکی دامەزراندنی پارتێک بوون کە من و زەبیحی و هەژار یارمەتیی ئەوانماندا، ئێمە ڕۆڵێکی بەرچاومان لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و دیموکراتی کوردی سوریا هەبوو و ڕۆڵی سەرەکی ئەم کارە لەسەر شانی حەمید دەرۆیش بوو، جگە لەوە چۆنییەتی جێبەجێ کردن پەیوەندییەکانمان دارشت، دوای ئاگاداری برادەرانم کرد کە دەگەڕێمەوە کوردستانی عێراق، ناوی گوندێکی سنووریان بە منداکە ئیزێد خان ئێزدی منی دەبردە ناو خاکی عێراق، بەڵام ئەو سیخۆری حزبی بەعسی عێراقی بوو و بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی ئەمن و ئیستخبارات هاتبووە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و لە خوای دەویست بمبینێت و تەسلیمی حزبی بەعسم بکات، بەڵام من لە ڕێگەیەکی تر و بە هاوکاری حاجی حەسەن ئاغا گەیشتمە سەر سنوور و بە جانتایەک لە سنوور دەرباز بووم، لە گوندی یەکەم کە گوندی ئێزیدیەکان بوو لە دوورەوە بیرێکم بینی و زانیم کە ئیش ناکات و زۆر خۆشحاڵ بووم کە حجەیەک (بەهانەیەک) دروست بووە و لە ناکاو خەڵک لە دەوروبەری من کۆبووەوە و لە منیان پرسی کە تۆ کێی و لە کوێ هاتووی؟ و منیش وتم ئەندازیاری ئاو و بیرم و لە لایەن حکومەتەوە

کارم پێ سپێردراوە تا ببینم کێشەی ئەم بیرە چییە و چارەسەری بکەم، دوای یەکێك لە خەڵکی گوندەکە منی بردە مااڵی خۆی و بوومە میوانی و منیش بە نیشانەی سوپاسەوە کەلەشێرێکم لێ کری و ئەویان بۆ من سور کردەوە، خواردنەکەم خوارد و دووبارە چوومە الی بیرەکە و پرسیاری بێ پەیوەندیم لە وان دەکرد کە لە کەی و چۆن وایلێهاتووە، دوای کاتژمێرێك جانتای خۆم هەڵگرت و چوومە الی جادە و دوای نیو کاتژمێر گەیشتمە سەر رێگای سەرەکی و چاوەڕێی ئۆتۆمبێل مامەوە تا کەسێك سوارم بکا و دوای ماوەیەك ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس دەهات و منیش دەستی خۆم بەرز کردەوە و ڕایانگرت و پرسیان و منیش وتم ئەندازیاری ئاو و بیرم و هاتوومەتە ئێرە تاکو ببینم گرفتەکە چییە و ئەوانیش وتیان کە زۆر لە مێژەوە لە کار کەوتووە و پرسیان بۆ کوێ دەڕوی و منیش وتم ناچنە مووسڵ و ئەوانیش وتیان دەچنە تەلەعفەر[۱۱۷] و منیش سوار بووم و بە ئۆتۆمبێلی حکومی بەرەو کوردستان دەڕۆیشتم و نەیاندەزانی کە من کێم و منیان گەیاندە گەراج و ئەوانیش بە ناوی مامۆستا و ئەندازیار خواحافیزیان لە من کرد و خەڵکیش بەبینینی ئەم شتە زۆر پێزیان لە من گرت کە منیش فەرمانبەری (مأمور) تایبەتی حکومەتم، تەکسیەکم گرت و پارەی دوو کەسی پێشەوەمدا و گەیشتمە مووسڵ و ماوەیەك لە وێ مامەوە و دوای پەیوەندیم بە ئەحمەد محەمەدئەمین ئاغای دزەیی کرد و ئەویش هات و سەرەتا منی بردە دێی خۆیان و دوای بردە کەرکووك و چوومە مااڵی نووری کە لەو کاتە لە بەغدا گوازرابووە کەرکووك و ببووە ئەندازیاری ڕێگاوبانی کەرکووك، لە وێ مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوەیەکی کرد و منیش قسەم کرد و دوای چوومە بەغدا و هەندێك لە پەیامەکانی بارزانیم گەیاندە شێخ لەتیف کوڕی بچووکی

شێخ مەحموود[۱۱۸] و تەنانەت وشە نهێنیەکانیشم پێ گوت و ئەویش زۆر خۆشحاڵ بوو.

لەو کاتە هەمزە عەبدوڵا لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق جیا ببووەوە و گروپێکی پێکهێنا بوو بەناوی باڵی پێشکەوتوو، بەدوای ئەویش هاتم و پەیامی بارزانیم پێ گەیاند و وتم بۆ ئەوەی بڕوا بکەی کە من ولچۆفسکیم بینیوە ئەو کەسە کە تۆ هەمیشە بە ئێمەت دەگوت باوکی کوردە، ئەویش کە لە قسەکانی من سەری سوورمابوو وتی: بەڕاستی ئەوت بینی؟ بێ گاڵتە؟ منیش وتم بەڵێ و تەنانەت پەیامێکی بۆ تۆ ناردووە کە جیابوونەوە زۆر خراپە و دەبێ دووبارە بگەڕێیەوە باوەشی حزبەکەت، تۆ بۆ ئێمە مرۆڤێکی شاخ و باڵدارێت (وصف) کردبوو، بەڵام مرۆڤێکی گرنگ نەبوو و ئەو کەسێکی ئاساییە لە یەکێتی سۆفییەت و تەنانەت سەید عەزیزیش گاڵتەی پێ دەهات و ئەم قسانەی من کاریگەری هەبوو و هەمزە عەبدوڵا دووبارە گەڕایەوە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و گروپێک کە لە کۆمۆنیستەکان (شیوعییەکان) جیابببوونەوە دووبارە گەڕانەوە ناو حزب و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقی یەکگرتوویان پێکهێنا و دوای بۆ ماوەیەک من خۆم شاردەوە، لە گەڕانەوەم لە سوریا بۆ کوردستان لەسەر ئەوەی کە وتیان بڕۆن لە کوردستان شۆڕش بکەن دژی حکومەت بیرم دەکردەوە و هەروەها وتیان ئێمە یارمەتیتان دەدەین بە پارە و چەک و سوودی ئەم شۆڕش دژایەتی کردنەکە لەگەڵ عێراق بوو، چونکە ئەو کاتە حکومەتی عێراق زۆر لەگەڵ سوریا دوژمن بوو و نووری سەعید دەیویست حکومەتی سوریای بڕۆخێنێت و سەبارەت بە ڕووخاندنی حکومەتی سوریا لەگەڵ تورکیا ڕێکەوتبوو و چەندین کەس لە سوریا دەستبەسەر کران کە بە پارەی ئێران دەیانویست حکومەتی سوریا بڕۆخێنن و حکومەتی سوریاش دەیویست تۆڵەی بکاتەوە، جیهانی

عەرەبیان دابەش کردبوو ، لە لایەک عەبدولناسر لە میسر و لە لایەکی تر نووری سەعید لە بەغدا بوو، کەوتنی حکومەتی عێراق سوودی زۆریان بۆ هەبوو، لە هەولێر و سلێمانی هێواش هێواش بە ئاشکرایی دەهاتمە دەرەوە و گەڕانەوەم بۆ عێراق شاراوە بوو و بە پاسپۆرتی ساختە گەڕابوومەوە، سەرەتا چوومە مووسڵ و لای ئەحمەد محەمەدئەمین دزەیی کە ئاغایەکی نیشتمانپەروەر و کوردپەروەر بوو.

لە مووسڵ هەواڵمدا کە بمبەنە کەرکووک مالّی نوری، سەرەتا لە کەرکووک و سلێمانی بە شێوەی نهێنی بەردەوامیم بە کار و چالاکی سیاسی دەدا، لە سلێمانی لە مالّی قادر تگرانی ژورێکم بە کرێ گرت، قادر تگرانی بازرگانی مافوور بوو و بەشێوەی قاچاغی لە ئێران مافووری دەهێنا و خانووەکەی لە دەروویەری سلێمانی بوو کە لەو کاتە ژمارەی دانیشتوانی لە وانەیە ۲-۳ هەزار کەس بوو، بەڵام مرۆڤێکی کوردپەروەر بوو و خانوویەکەی تەنیشت (گوماوێک) بوو و گازینۆیەکی فولکلۆریش لە تەنیشت دامەزراندبوو، دەزگایەکی تایپی دەستی رۆنیۆم هێنا و خۆم رۆژنامەی پارتی دیموکراتی کوردستانم واتە خەباتم دەنووسی و هەروەها تایپم دەکرد و بڵاویشم دەکرد و هەموو کاروباری رۆژنامە بەشێوەیەکی نهێنی لە ئەستۆی من بوو و رۆژنامەکە بەشێوەیەکی نهێنی بۆ دەرەوە دەبردرا و لە نێوان خەڵک بڵاو دەکرایەوە و هەموو رۆژ بەم شێوەیە بوو تا شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ ڕووبدا بە سەرپەرشتی ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم و منیش لە خۆشاردنەوەی ناچاری ڕزگار بووم.

یادداشت‌های فصل چهارم - امید صوفی در کاشانه پیر

۱۹۵۵ -۱۹۵۷

1. Mohandas Karamchand Gandhi (2 Oct. 1869 – 30 Jan. 1948)

۲. مهرداد خوانساری، تحلیلگر سیاسی و دیپلمات وزارت خارجه پیش از انقلاب سال ۵۷، این پیشینه‌ها را چنین توصیف می‌کند: «دولت ایران نمونه ملی شدن نفت را در سال ۱۹۳۸ در مکزیک دیده بود. مردم ما و سیاستمداران روز به آن درجه از بلوغ سیاسی رسیده بودند که درک می‌کردند» و محمد رضا پهلوی - - ین فاطمی، استاد اقتصاد دانشگاه امریکن پاریس، در همین زمینه می‌گوید: «گمان می‌کنم که شروع جنبش نهضت ملی در ایران در تداوم جریاتی بود که بعد از جنگ دوم جهانی شروع شد و نزدیکترین مورد آن برای ما استقلال هندوستان بود و حس ملیت، ناسیونالیسم، که در افریقا، آسیا و امریکای جنوبی، در همه جا وجود داشت (ر.ک. Radio Farda -3/23/2008)

گفتگو با دکتر ابوالحسن بنی صدر: " دوران معاصر ایران دارای ۳ انقلاب بود: انقلاب مشروطه خواهی، انقلاب ملی شدن صنعت نفت و انقلاب جمهوری اسلامی. که هر کدام آرمان آزادیخواهی و استقلال را داشت "/ ورسای مهر ۱۳۸۲ – فرانسه

۳. او را" زعیم شرق "می‌دانست و خود را ادامه دهنده راه او می‌خواند.

٤. کاربرد اصطلاح جنگ سرد از واتر لیپمن منتقد و روزنامه نگار امریکایی و اصل این اصطلاح از دون خوان مانوئل از خاندان پادشاهی است.

5. Oscillatory Antagorrism

٦. جمهوری‌خواه

۷. در آن ایام چکسلواکی در یک کودتای نظامی کمونیست‌ها به سلطه دست یافته بودند

۸ جلال جویار

9. Ali adnan Ertekin Menderess , (1899 Sep. 17, 1961)

۱۰. سازمان پیمان مرکزی (سنتو) در دوران جنگ سرد و با هدف مبارزه با شوروی و نفوذ مارکسیسم تشکیل شد. جورج کنان سفیر ایالات متحده آمریکا در سال ۱۹٤۷ در مقاله‌ای به دولت آمریکا پیشنهاد کرد برای مقابله با خطر توسعه طلبی شوروی، سیاست سد نفوذ را به دور شوروی به مرحله اجرا گذارد تا با گذشت زمان، نظام شوروی فروپاشد. پیمان های ناتو، سیتو و سنتو بر اساس این راهکار بوجود آمدند. پس از فروپاشی بلوک شرق این سازمان فلسفه وجودی خود را از دست داد.

در ۱ اوت ۱۹۵۹ ،پیمان بغداد به «سازمان پیمان مرکزی» سنتو تغییر نام داد و ادارهٔ مرکزی آن از بغداد به آنکارا منتقل شد آشوری، ۹، البت، ۲۹-۳۰ این سازمان حلقهٔ سیستم دفاعی بلوک غرب در کنار ناتو در خط غربی، و سیتو در خط شرقی را تکمیل می‌کرد آشوری، ۲. سازمان پیمان مرکزی علاوه بر هدفهای دفاعی، بعضی هدفهای اقتصادی و عمرانی را نیز تعقیب می‌کرد. از بطن پیمان مذکور، سازمان دیگری به وجود آمد که «سازمان عمران منطقه‌ای» نام گرفت و برای احداث و توسعهٔ جاده‌ها، خطوط راه آهن، بنادر و ایجاد امکانات ارتباطی و مخابراتی، تأمین بهداشت و همکاری‌های علمی و ارتقای سطح کشاورزی و دامداری میان کشورهای عضو فعالیت می‌کرد. این قرارداد بعدها سنتو نام گرفت که در واقع به نوعی تقلیدازسبک قبلی اروپایی‌ها بود سرانجام با پیروزی انقلاب اسلامی در ایران، این کشور رسماً در تاریخ ۶ فروردین ۱۳۵۸ از پیمان سنتو خارج شد

۱۱ مرتضی قانون «دیپلماسی پنها تهران، طبرستان۱۳۸۱، ص ۲۵۱، روزنامه اطلاعات ۲۳ ، تیر ۱۳۳۰، سیهانوک، نوروم: نبرد من و سیا، ترجمه غلامرضا کیامهر، امیر کبیر، تهران، ۶۳ ص.۹۶، هالیدی؛ فرد : تکوین دومین جنگ سرد جهانی، ترجمه هرمز همایون پور، آگاه، تهران ۱۳۶٤ ج.۱ ص ۱۵؛ دایره المعارف اسلامی؛ مقاله پیمان بغداد، جلد: ۱۲، علی کرم‌همدانی؛ جعفری ولدانی، اصغر، بررسی تاریخی اختلافات مرزی ایران و عراق، تهران،ص ۲۱؛ منصوری، جواد، ۵ سال ساکمیت آمریکا بر ایران، تهران، ص. ۴۹ سالح، عبدولقادر: شورشی ١٤ ی ته موزی ۱۹۵۸ له عیراق، سلیمانی، چ ۱، ۲۰۰۵، ص ۴۱ یاددلشتهای کیسینجر: هنری کیسینجر، دیپلماسی (نیویورک، سیمون و شوستر، ۱۹۹٤)، ٤۹ – ۵٤۸؛ ولدانی: ص ۲۲۲؛ مایلز کاپلان «امپریالیسم آمریکا در خاورمیانه .ترجمه عبدالصاحب یادگاری .قم ، کانون نشر اندیشه های اسلامی ۱۳۶۸، صص ۹۳-۹۶عبدالصاحب یادگاری .صد سال پا به پای حوادث خاورمیانه .تهران) بینا۱۳۵۱ ،.ص ۱۵۳؛ ج جایریل .جنگ طولانی اعراب و اسرائیل .ترجمه ابوطالب صارمی .تهران ، امیرکبیر ۱۳٤۹ ،.ص ۲٤۹ حجت الله درویشپور. بررسی پدیده ناسیونالیسم در جهان عرب .تهران ، مرکز چاپ و نشر سازمان تبلیغات.۲۲۵ اسلامی ۱۳۷٤، صص۲۲٤. آنتونی ایدن .خاطرات ایدن .تهران ، فرزانه ۱۳۵۷، ص ۸۵ سویدی، نوفیق، مذکراتی، لندن، ۹۹۹م؛ شرابی، نظام، امیرکا و العرب، واشینگتن، فونتن، آندره، تاریخ جنگ سرد، ترجمهٔ عبدالرضا هوشنگ مهدوی، تهران، نشاشیبی، ناصرالدین، در خاورمیانه چه گذشت؟، ترجمهٔ م. ح. روحانی، تهران.آقایی،/ ۵۳-۵۲ آشوری، داریوش، دانشنامهٔ سیاسی، تهران -؛ آقایی، بهمن و غلامرضا علی‌بابایی، فرهنگ علوم سیاسی، تهران

Brian Lapping: The End of Empire, st. Martin's Press, New York, 1985, CH,4,Iran,p.191, Lenczowski, George: the Middle East in World Affairs, 4TH Edition, Ithaca and London: Cornell University Press, 1980, pp. 285-6, Thomas G. Patterson, ed., Containment and the Cold War (Connecticut , 1973),pp.52-56;Elliot, F. and M. Summerskill , A Dictionary of Politics, London, 1961.

۱۲. مشایخ فریدنی، آزرمیدخت : صص. ۲۰٤ و ۲۰۲-۲۰۱؛ السمان : ص. ۱٤۵؛ سیهانوک، نوروم : نبرد من و سیا ترجمه غلامرضا کیامهر، امیر کبیر تهران ۶۳ ، ص.۹۶؛ معمای ایرانی؛ ص ۱۷۶

John C. Campbell , Defense of the Middle East , New York ,Harper and Brothers, 1960 , p.52; Lenczeowski, George: the Middle East in World Affairs, 3rd ed. Ithaca, N.Y. Cornell Univ. Press. 1962, pp.645-646; John Marlowe, Arab Nationalism and British Imperialism, a study in power politics , New York, Frederick a.Praeger,

Nationalism and British Imperialism, a study in power politics , New York, Frederick a.Praeger, 1961 ; Walderman j. Gallman , Iraq under General Nuri said , 1954-1958 , Baltimore ,the John Hopkins Press, 1964. pp. 35-37 ; Chubin , Shahram and Zabin, Sepher. the Foreign Policy of Iraq, a Developing State in a Zone of Great Power conflict. Barkeley University of California , 1974 , pp. 86-92

13. Hosein Ala , 1884-1964

وی در سالهای ۱۹۵۱ – ۱۹۶۴ نخست وزیر ایران بوده است.

۱۴. فرماندار نظامی تهران نام ضارب را مظفر ذوالقدر عضو جمعیت فدائیان اسلام، اعلام کرد که توسط نواب صفوی تحریک شده است./ باقر عاقلی : روزشمار تاریخ ایران : ج۲. ص.۶۰

۱۶. دایره المعارف اسلامی؛ مقاله پیمان بغداد / جلد: ۱۲ / علی کرم‌همدانی؛ معمای ایرانی، فصل ۲-۳، صص. ۶۷-۹۸؛ سیکر،.۸۶-۸۷؛ هیکل: ص ۱۲؛ لنچوفسکی، ۲۰۰؛ سویدی، ۳۷ - ۳۸.؛ فونتن، ۸۲.؛ نشاشیبی، ۳۰-۳۲؛ شرابی، ۱-۲.؛ سیهانوک، نوروم : نبرد من و سیا – ترجمه غلامرضا کیامهر – امیر کبیر – تهران – ۶۳ ص.۹۶

Chubin , Shahram and Zabin , Sepher. the Foreign Policy of Iraq , a developing state in a zone of great power conflict. Berkeley University of California , 1974 , pp. 86-92

17. General Sir John Bagot Glubb Glubb Pasha (16 April 1897, Preston–17 March 1986, Mayfield)

۱۸. کانال سوئز در سال ۱۸۶۹ به دست فردیناند دولسپس مهندس فرانسوی ساخته شد .از آن‌جا که دولت وقت مصر بر اثر بیلیاقتی شاهان سلسله خدیوان مصر ضعیف شده بود با بحرانهای اقتصادی نیز مواجه گردید .مجبور شد سهام خود را به بریتانیا ، که خواستار تسلط بر کانال سوئز جهت دستیابی بر هند بود ، بفروشد .از این رو فرانسه و بریتانیا به سهامداران عمده کانال تبدیل شدند.

19. Josip Broz Tito(7 May 1982 – 4 May 1980)

20. League of Communists of Yugoslavia

21. Jawharlal Nehru (14 Nov.1889 – 27 May 1984)

۲۲. عبدالناصر در اجتماع مردم مصر در اسکندریه گفت : "من امروز به نام مردم مصر، کانال سوئز را تصاحب می‌کنم. از امشب کانال سوئز متعلق به مصر است و به وسیله مصریان اداره می‌شود."

23. The Gulf of Aqaba (خليج العقبة: Khalyj al-'Aqabah)

24. David Ben-Gurion (16 Oct. 1886- 1 Dec. 1973)

25. Guy Mollet (31 Dec. 1905 - 3 Oct. 1975)

۲۶. این سیاستمدار محافظه کار از سال ۱۹۵۵ تا ۱۹۵۷ نخست وزیر بریتانیا بود.

۲۷. دایره المعارف اسلامی؛ مقاله پیمان بغداد / جلد: ۱۲ / علی کرم‌همدانی؛ هیکل: ص ۵۱، ۱۱، ۱۵. ج .بایربل، همان ،ص ۲۶۴ / استیون گرین، همان ، صص ۱۵۲ / .گروه نویسندگان آکادمی علوم شوروی .تاریخ معاصر کشورهای عربی . ترجمه محمدحسین روحانی .تهران ، توس۱۳۶۷ ،.ص ۴۲۳ / .هانس کن .تمدن غرب در شرق نزدیک .ترجمه وحید مازندرانی تهران ، شرکت طبع کتاب ۱۳۱۶، -۸۷صص ۸۶ نجاتی، غلامرضا : تاریخ سیاسی ۲۵ ساله ایران (از کودتا تا انقلاب)، تهران، رسا، تهران، چ۶، ۱۳۷۹، ص۱۸۵-۱.۱۸۴ اورست، لاری، ص ۶۹؛ ریچی أون دیل ریشه‌های جنگهای اعراب و اسرائیل .ترجمه ارسطو آذرسا، تهران ، امیرکبیر ۱۳۷۶ ،.ص ۲۴۸ - ج .بایربل ، همان ،ص ۲۷۶ / .غازی

اسماعیل ربابعه، استراتژی اسرائیل ،ترجمه محمدرضا فاطمی ،تهران ، سفیر ۱۳۶۸ ،ص ۱۹۹/ ج. بایربل ، همان ،ص۲۶۶.؛ استیون گرین ، همان ،ص ۱۵۶ / غلامرضا نجاتی، جنگ شش روزه ،تهران ، شرکت سهامی انتشار ۱۳۴۸ ،ص ۶۵ / حجت الله درویش پور ، همان ،ص ۲۲۷ هیکل: ص ۶۵ هیکل: ص ۶۶ - هیکل: ص ۶۷

28. Shukri al-Quwatli (1891, Damascus - June 30, 1967, Beirut)

۲۹. آمریکا برای نخستین بار از سال ۱۹۱۵ سفیر و دبیر دو سفارت سوریه را اخراج کرد؛ سفیر آمریکا را از دمشق احضار کرد.

30. Michail Beyilian

31. Wilbur Crane Eveland (عضو ستاد شورای امنیت ملی آمریکا)

۳۲. هیکل: صص ۵۸، ۵۵، ۶۴، ۶۵، ۶۷؛ بلوم؛ ویلیام: ص ۱۶۷ - ۱۶۴

۳۳. هیکل: ص ۸۵؛ اورست، لاری، ص ۷۰؛ نهرو: ص ۱۴۵۶؛ بلوم: ص ۱۷۹

34. . Sharm El Sheikh

35.

36. The Sinai / Sinai Peninsula

37. Haifa

38. Port Fouad

39. Nikolai Bulganin (1885-1975)

۴۰. نجاتی، غلامرضا : تاریخ سیاسی ۲۵ ساله ایران (از کودتا تا انقلاب)، تهران، رسا، تهران، چ۶، ۱۳۷۹، ص۱۸۵-۱۸۴. . عبدالصاحب یادگاری؛ ص ۱۳۸.

Edward, Lutawk, Dan Horowits , The Israeili Army, p. 143. ; Ernest Stack. Israeil on the Road to Sinai (1949-1956). NewYork , Cornel University press. p. 1.

41. Iskandariyah /Alexandria

42. Kwame Nkrumah (21 Sep. 1909 - 27 April 1972)

43. Zhou Enlai (5 March 1898 – 8 Jan. 19761

۴۴. گفت و گو با پرفسور نوام چامسکی / توکلی : صص. ۹۱ -۹۰؛ پاشا، محمدعلی : تاریخ مختصر مصر و خاندان: نوشته علی جواهرکلام، تهران۱۳۲۰؛ رفیعی، عبدالله : کابل تا بغداد. تهران. ۱۳۸۲چ۱، صص: ۵۵- ۳۷؛ چامسکی : «پس از جنگ سرد» ۸۱؛ تعارضات ساختاری داخلی، منطقه‌ای و بین المللی در خلیج فارس. ص. ۱۶

۴۵. گفتگو با یوسف زوزانی / بلوم: ص ۱۸۰؛ اورست، لاری، ص ۶۹؛ هیکل: صص ۶۷، ۶۴، ۸۷

46. Sulayman al-Nabulsi (1908 – 1976)

۴۷. کشتن امید: دخالت های ارتش امریکا و سازمان سیا از جنگ جهانی دوم (مونرو، ME انتشارات کامون کوریج، ۱۹۹۵)، صص ۱۸۱، ۹۴ ف ۹۰؛ ص ۱۷۰ ص ۱۷۹؛ مواجه به جهان سوم، ۸۵

۴۸. سیفری، باری‌ام بلچمان و استفن اس کاپ لان، اجبار بدون جنگ (واشنگتن، موسسه بروکین، ۱۹۷۸)، ۲۳۸، ۲۵۶، نقل شده در دانیل الزبرگ «مقدم با فراخوان شورش» در اعتراض و بقاء ویرایش ثی پی تامپسون و دان اسمیت (نیویورک، انتشارات مانتلی ریویو ۱۹۸۱)،صص. ۷۱ - ۷۰؛ بلوم، کشتن امید، ۹۳، نگاه کنید همچنین به واریز وارس،صص. ۳۲۰ — ۳۱۵. در مورد برنامه‌های رادیویی که به طور مخفیانه توسط سازمان سیا علیه دولت ناصر هدایت می‌شده. توکلی : ص.

هەوڵدەری کتێب

۹۱؛ اورست، لاری، ص ۷۱؛ ماکیل تانزز«نفت و بحران خلیج فارس» در فراسوی توفان، ص۲۶۳؛ سیفری،صص۳۱ – ۳۰

۴۹. "حزب الاستقلال" که سال ۱۹۴۶ تاسیس شده بود، کوچکترین حزب عربی اسلامی میانه‌رو بود، مخالف ماندن بریتانیا در عراق بود. حزب بعث که در سال ۱۹۵۲ در عراق تاسیس شده بود، که مردم زیادی دور و بر خود نداشت و مخفیانه کار می‌کرد. حزب میهنی – دمکراتی سال ۱۹۴۶ تاسیس شد، پیرو فکری لیبرال چپ میانه بود. حزب شیوعی در سال ۱۹۳۴ تاسیس شد. ص: ۳۷

۵۰. در دوم مه ۱۹۵۸، رادیو قاهره این پیام را برای عراق ارسال کرد: «برخیزید، برادران من، در پلیس ارتش عراق، دوشادوش برادرتان و مردمتان علیه دشمنمان بایستید. رهایی عراق در دستان شماست.» دیوید وایز و توماس ب راس، دولت پنهان (نیویورک وینتاج بوک، ۱۹۷۴). گزارش اسلوگت مبنی بر اینکه «سخنرانی هیجان براگیز ناصر از رادیو قاهره به گوش شنوندگان مشتاق عراقی می‌رسید.» فاروق اسلوگت و اسلوگلت، ۴۴.

۵۱. ژنرال عبدالکریم قاسم نظامی چپ گرای عراقی و جزو افسران ناسیونالیست در روز کودتای خود به حیات پادشاهی فیصل پایان داد.وی هنگام کودتا ۴۴ سال داشت.

۵۲. افسران آزادیخواه عبارتند از عبدالکریم قاسم (میهنی)، ارتشبد عبدالسلام عارف (ملی اسلامی)، محی الدین عبدالحمید، صبیح علی غالب، عبدالوهاب الامین (میهنی)، ناجی طالب (ملی گرا عرب)، رجب عبدالمجید، محسن حسین الحبیب، عبدالکریم فرمان، محمد السبع (ملی گرا)، رفعت حاج سری (ملی اسلامی)، طاهر یحیی، عبدالرحمن عارف (ملی گرا)، عبدالوهاب الشواف (چپ)، وصفی طاهر (چپ)؛ (ر.ک سالح: ص ۸۶) / در ۳ سپتامبر ۱۹۵۲ اولین بار، رفعت الحاج سری، پیشرو مطرح کردن فکر تأسیس افسران آزادیخواه بود. [ر. ک به: حرکه الضباط الاحرار، خلافاتهم الفکریه هدمت اسس ثوره ۱۴ تموز، جلال حسین محمد، جریده الاتحاد، ۴. ۴۱۴، ت ۲۰۰۲/۳/۳۰، العلوی، حسن: عبدالکریم قاسم، رویه بعدالعشرین، منشورات دار الزوار، لندن، ص ۱۱۶؛ بحد وری، د. مجید؛ العراق الجمهوری، الطبعه الایرانیه، قم، مطبعه امیر، ۱۹۹۷، ص ۳۶. الزبیدی، لیث عبدالحسن؛ ثوره ۱۴ تموز ۱۹۵۸ فی العراق؛ الطبقه الثانیه، بغداد، ۱۹۸۱، ص ۱۰۸]

۵۳. کردهای جزو افسران آزادیخواه: محی‌الدین عبدالحمید، ریشه عه بابیلی، خالد نقشبندی، مصطفی عبداله، عبدالکریم قاسم خفاف، عادل جلال طاها، مصطفی بامرنی، مصطفی عزیز، فتاح سعید شای، علی محمد شریف (ر. ک سالح: ص ۸۷)

۵۴. بارزانی، مسعود: بارزانی و بزوتنه و ه ی رزگاریخوازی کورد، ص ۷۲، چ ۱، کوردی ۱۹۹۸، خەبات، دهوک، ۶۱ – ۱۹۵۸؛ سالح: ص ۳۷ نجم. محمود: المقایفه بین برلین و بغداد الخلیفه التاریخیه لحرب لم‌تنته بعد منشورات الغد، ص ۳ – ۵۲؛ اورست، لاری، ص ۶۹ – تاریخ مختصر مصر و خاندان محمدعلی پاشا، نوشته علی جواهرکلام، تهران۱۳۲۰؛ توکلی : ص. ۹۱؛ معمای ایرانی فصل ۲-۳، صص. ۶۷-۱۹۸

۵۵. گفتگو با مجید ناسنگر

۵۶. گفتگو با شیرکو بی‌کس/ بوتانی؛ کاکه مه م: ژانەرییه خوله میشیه کان؛ به رگی دووه می بیره وه ری: کوردستان ۲۰۰۷، ص ۱۰۶

۵۷. گفتگو با دکتر رسول هاوار، دکتر کمال فواد / جمال نه به ز: ص ۱۱۲، بوتانی: ص ۱۰۸

Ghassemlou , Abdul Rahman. Kurdistan and the Kurds. Publishing House of the Czechoslovak Academy of Sciences, Collet's Ltd., 1965, pp. 66.

58. Dr. Manuchehr Eqbal (1909-1977)

۵۹. گفتگو با عمردزەیی، مجید ناسنگر، دکتر کمال فواد / بوتانی: ص ۱۱۹؛ نه به ز: ص ۱۲۵

Iran's Ministery of Foreign Affairs. OP. cit.,p.44

۶۰. ژینه وه

۶۱. ژین

۶۲. هه تاو نیومانگ

۶۳. هیوا

۶۴. گفتگو با شیرکو بی‌کس، عزیز محمد، کریم شاره زا، احمد دلزار، نوشیروان مصطفی امین / بوتانی: ص ۱۲۰

۶۵. گفتگو با شیرکو بی‌کس، دکتر عطیه، کریم شاره زا، دکتر کمال فواد

۶۶. KGB کمیته امنیت کشور که ابتدا در ۱۹۱۷ به نام چکا به وسیله لنین برای در قدرت نگه داشتن بلشویک‌ها تشکیل شد. هر جمهوری روسیه ک گ ب خود را داشت و ک گ ب مسئول امور اطلاعاتی داخلی و خارجی بود و بر وفاداری سیاسی نیروهای مسلح نظارت می‌کرد.

Committee for State Security; Komitjet Gosudarstvjennoj Bjezopasnosti (1954 - 1991)

67. KGB Maj. Gen. Pavel Sudoplatov, the head of the SMERSH(a special department within the Soviet Security Services Responsible for Special Operations Broad

68. Military Academy in Moscow

69. Gallman to Department of State, 14 Oct. 1958, in U.S. Department of State, Foreign Relations of the United States, 1958-1960, Vol. XII (Washington, DC: Government Printing Office, 1993), 344-46. Barzani's alleged ties to the KGB are discussed in Pavel Sudoplatov and Anatolii Sudoplatov with Jerrold L. Schecter and Leona P. Schecter, Special Tasks: The Memoirs of an Unwanted Witness--A Soviet Spymaster (Boston: Little, Brown, and Co., 1994), 259-64

70. Rais

71. the Archive of the Central Committee of the Communist Party of the Soviet Union, Mitrokhin archive

72. Vladislav M. Zubok, Spy vs. Spy: The KGB vs. the CIA , Cold War International History Project, CWIHP Bulletin 4 (Fall 1994): 22-33

۷۳. گفتگو با کمال محی الدین، پیروت طالبانی / بوتانی: ص ۱۰۹

۷۴. گفتگو با دکتر کمال فواد، عمردزه‌یی، عزالدین رسول، نبیل ملحم / Gunter : 25

۷۵. گفتگو با نبیل ملحم

۷۶. یوسف زوزانی، خلیل سور، سینه م بدرخان

۷۷. دو نفر از نامداران عراقی از فرماندهان حزبی الاستقلال عراقی که حزبی ناسیونالیست عربی بود. صدیق بعد از سال ۱۹۵۸ به وزارت فرهنگ رسید و فایق هم به سفارت عراق در قاهره برگزیده شد. در سال‌های قبل از ۵۸ از طرف حکومت فیصل در ۱۹۵۶ به حلبجه و پینجوین کردستان تبعید شدند و مردم با آنها رفتار خوبی داشتند و این سبب شد که رای و نگاه و موضع گیری سیاسی آنها به کردها تغییر کند

۷۸. در گفتگو با طالبانی در همین فصل به طور مشروح اشاره شده است.

۷۹. گفتگو با دکتر کمال فواد / بوتانی؛ کاکه مه م: ژانەریبە خولە میشیە کان؛ بە رگی دووە می بیرە وە ری: کوردستان ۲۰۰۷، ص ۱۰۶

۸۰ گفتگو با دکتر عطیه،دکتر کمال فواد، جلال جوبار، کمال محی الدین، عبدالکریم شیخانی / بوتانی: ص ۱۰۹

۸۱ جمال نه به ز: ص ۱۱۲؛ بوتانی: ص ۱۰۸

۸۲ گفتگو با دکتر کمال فواد

۸۳ گفتگو با حمید درویش بوتانی: صص ۱۱۰-۱۰۷

۸۴ گفتگو با دکتر عطیه، شیرکو بی‌کس، کریم شاره زا، پیروت طالبانی

۸۵ گفتگو با کریم شاره زا، پیروت طالبانی، کمال محی الدین ، هومر دزەیی

۸۶ گفتگو با دکتر کمال فواد، عزالدین رسول، خلیل سور، حمید درویش، کریم شاره زا، یوسف زوزانی، عبداله کانی مارانی/ رد علی افکار تصفویه بر جوازیه، من المنشورات الحزب الشیوعی العراق، ۱۹۵؛ نەبەز: ص ۱۲۵، بوتانی:صص ۱۱۰-۱۰۷

Russia and the World: A Study in Soviet Foreign Policy , by Hayter, William ,Zubal Books , Taplinger Pub Co, NY, 1970

۸۷ گفتگو با دکتر کمال فواد، عزالدین رسول

۸۸ گفتگو با دکتر کاظم حبیب، پیروت طالبانی، مجید ئاسنگر، جمال ئاغا، عزالدین رسول، کریم شاره زا / بوتانی: ص ۱۱۸

۸۹ گفتگو با سینم خان بدرخان

۹۰. گفتگو با دکتر کاظم حبیب، پیروت طالبانی، مجید ئاسنگر، جمال ئاغا،عزالدین رسول،کریم شاره زا / بوتانی: ص ۱۱۸

91. Port of Latakia

92. Nazim Hikmat (Nov.1901- Jun 1963)

ناظم حکمت شاعر شعرهای انقلابی در سال ۱۹۵۰ در زندان اعتصاب غذا کرد و سپس در زندان با تلاش روشنفکران کشورهایی مانند اراگون؛ به وی وعده ازادی داده می‌شود و او اعتصاب غذایش را می‌شکند و بعد بنا به عفو عمومی ازاد می‌شود. او زندگی پر نشیب و فرازی داشت و هنرمندی انقلابی و اگاه بود و به عبارتی یک شگفتی در تاریخ مبارزه و ازادیخواهی به شمار میرفت. سپس از ترکیه به شوروی رفت و بعد به چین سفر کرد و با پابلو نرودا – شاعر انقلابی شیلی اشنا می‌شود و در همین سال هم جایزه صلح نوبل را دریافت می‌کند و در سال ۱۹۵۵ در کنگره صلح هلسینکی فنلاند شرکت می‌کند و بعد به لهستان سفر کرد و مجموعه اشعار " در عرق و خون " را منتشر ساخت.

93. Observer

94. Beijing

95. Dr. Sun Yat-sen (Nov. 12, 1866 – March 12, 1925)

96. Lake Dukan

۹۷. بعدها وکیل دادگستری شد و از عرب های شیعه بود و وابسته به حزب کمونیست.

۹۸. مهندس شهرسازی و اهل سلیمانیه و عضو کمیته مرکزی حزب.

۹۹. کرد سوری – از فرماندهان خوبیون و شخصی نامدار از سیاسیون کرد

۱۰۰. بیک یا بگ. اما سرپرست، رهبر و فرمانده سیاسی ایل " خان " بود و سرپرستی محلی بود و عضو شاخه‌ای از همان ایل که به فرهنگ و تاریخ و مسایل مربوط به ایل اگاهی کامل داشت، مقامش موروثی و مورد احترام و اعتماد اعضای ایل بود. ر.ک. صفی نژاد، جواد : ص. ۷۲

101. Red Star Over China

102. Edgar Snow (17 July 1905 Kansas, 15 Feb. 1972 Geneva)

103. LISSE PASSE

۱۰۴. نویسنده‌ای معروف از عرب های عراقی و عضو حزب حزب کمونیست عراق و روزانه در روزنامه اتحاد شعب پارتی کمونیستی مقاله های سریالی داشت و شهرت زیادی هم یافت برای ان. و در سال ۱۹۶۳ توسط بعثی‌ها کشته شد.

۱۰۵. مخصوصا عرب‌های چپ سودانی از حزب کمونیست عراق و سکرتر آن عبدالخالق محجوب که از طرف حکومت جعفر نمیری کشته شد، از دوستان کرد به شمار می‌رفت و در بسیاری از گردهمایی‌های سیاسی ازحق کردها دفاع میکرد.

۱۰۶. سید عزیز - نوه شیخ عبیدالله نهری یا شیخ عبیدالله گیلانی شمزینی – از افسران سپاه عراقی بود که به همراه بارزانی به روسیه رفت و در آنجا دکتری تاریخ سیاسی گرفت و درباره کردها از تزش دفاع کرد. در سال ۵۸ با وی بازگشت. از اعضای پارتی و در سال ۶۶ به گروه ابراهیم – جلال پیوست و سپس در ایران اقامت کرد و در سال های پس از ۲۰۰۰ به علت حادثه‌ای تیر اندازی نامشخص درگذشت.

۱۰۷. سروان توپخانه و همونڈ سازمان افسری حزب توده از کردهای کرمانشاه

۱۰۸. از کردهای ایرانی اهل نقده که در مسکو همراه بارزانی بود.

۱۰۹. از نزدیکان بارزانی تا روزهای آخر عمر.

۱۱۰. و بعدها در سال ۱۹۸۳ بعث کشت. صابر با ۲ برادرش – عبیدالله و لقمان از زن اول بارزانی – که با حکومت بعث بودند در بغداد در سال ۱۹۸۳ توسط بعث کشته شدند و هیچگاه جنازه ایشان را هم تحویل ندادند.

۱۱۱. محمود آغای زیباری که اسم دخترش حمایل نام دارد (مادر مسعود). که خواهر پدری هوشیار زیباری است.

112. Mir Djafar Bagherov -Mir Jafar Abbas oglu Baghirov (17 Sep. 1896 – 7 May 1956)

113. kolkhoz

گونه‌ای مزرعه‌داری اشتراکی در اتحاد شوروی بود که به عنوان روشی تازه در کنار روش مزرعه‌داری دولتی (شلخوز) برپا شده بود.

۱۱۴. که در ابتدا در سالهای ۶۹ تا ۷۰ به صورت سریالی در نشریهٔ النور به زبان عربی منتشر شد – تحت سردبیری حلمی شریف و ابسته با گروه ابراهیم احمد و جلال طالبانی که در ان ایام با بعث رابطه‌ای نزدیک داشتند.

۱۱۵. در بازگشت از روسیه با بارزانی بود و به عنوان یکی از فرمانده ها؛ نقشی سیاسی و نظامی خوبی داشت در قیام سپتامبر سال ۱۹۶۱.

۱۱۶. اکرم حورانی در انتخابات ۱۴ اکتبر ۱۹۵۷ به ریاست جدید پارلمان سوریه رسید.

۱۱۷. بخشی در استان موصل و نزدیک به مرز ترکیه است که مردمانش ترک سنی و شیعه هستند.

شیخ رئوف و باباعلی از دیگر پسرهای شیخ محمودند که مادر آنها اهل سلیمانیه بود و مادر شیخ لطیف دختر عمو و زن برادر شیخ محمود بود که برادرش مرد به همسری برگزید و دیگری برادزاده شیخ لطیف؛ شیخ جلال حفید است.

هەوالنامەی کتێب

٥

چیرۆک لە ناخی گیژاودا

١٩٥٨-١٩٦٠

تا ناوەڕاستی سالانی پەنجا، عێراق لەژێر ڕکێفی بەریتانیادا بوو. ئەو ولاتە، دوای ۴۰ سالێ لە دروسبوونی، هێشتا ئازاری ژێردەستەیی دەچەشت و شێوابوو. سامانی ولاتەکە، لە دەستی تاقمێك کەسایەتیی دیاریکرواو و خاوەنزەویی سەر بە حکومەتدا بوو[1]. هەروەها لەو کاتەدا زۆربەی عێراقییەکان وەکو جووتیارانێ کە زەوی بە کرێ دەگرن، یان گوندنشینانی بێ زەویوزار، لە هەژاری و بێدەرەتانیدا دەژیان و ئێش و ئازاریان دەچەشت. سامانی لەڕاددەبەدەری نەوتی عێراق، لە دەستی بیانییەکاندا بوو. هەرچەندە کانی نەوت و سەرچاوە سروشتییەکان بە دەستلێنەدراوی مابوونەوە، بەڵام بووبوون بە مولکی کەسانێك، یان لەژێر دەستی کەسانێکدا بوون کە لە ڕێگەی بازاوە سوودیان لێوەردەگرتن.

عێراق، ولاتێکی هەژار و دواکەوتوو بوو، هەر دژایەتییەك لەگەڵ ئەو بارودۆخە نالەبارە، سەرکوتکردنی تووندوتیژانەی دەوڵەتی لێدەکەوتەوە. لە سالی ۱۹۵۲دا، ۵۵٪ی زەوییەکان، لە دەستی ۱٪ی خاوەنزەوییەکاندا بوو. بەشێوەیەکی وردتر، واتە لە دەستی دوو هەزار و چوارسەد و هەشتا(۲۴۸۰) خانەوادەدا بوو. لە پارێزگایەکی ناوەڕاستی عێراق، دوو بنەماڵە، کە یەکێکیان کەسوکاری حاکمەکان بوون، پتر لە ۵۰۰ هەزار دۆنم زەویی لەژێر دەستدا بوو. ۸۰٪ی خەڵکی عێراق، لە دەروروبەر و دوور لە شارەکان دەژیان. ئەو ناوچانەی کە دۆخێکی نالەباریان هەبوو، چینی زەویدار خۆیێنی گوندنشینەکانی دەمژی و ئەگەر کشتوکاڵی لەناو نەبردایە، لانی کەم لە دۆخێکی خراچدا دەیهێشتەوە. هەر بۆیە زۆربەی گوندنشینەکان هەوڵی ڕزگاربوون لەو بەدبەختییەیان دەدا. دەسەڵاتداران یاسایەکیان پەسەندکردبوو کە ئەگەر جووتیار لەسەر زەوییەکەی قەرزدار بوو، بۆی نییە شوێنەکەی بەجێبهێڵێ. ئەم یاسایە کاریگەریی زۆری لەسەر کۆچی

گوندنشینەکان بۆ شار هەبوو. کۆچکردنی زۆرینەیان بۆ شارەکان، بە پێچەوانەی یاسا هەژمار دەکرا.

گوندنشینی عێراق، بەردەوام لە ڕێگەیەک دەگەڕا کە خۆی دەرباز بکات، بەڵام کاتێکیش دەستی بە شار دەگەیشت، هەر لە هەژارییدا دەمایەوە. زۆرینەیان تەنیا کارێکی ئاساییان دەستدەکەوت کە جەستەیانی پێوە ماندوو دەبوو. لەو سەردەمەدا، زیاتر لە ۱۰٪ی گەورەترین بەشی دانیشتووانی عێراق، نزیکەی ۹۲هەزار کەس، لەو کەپرانەدا دەژیان کە بە لقی دارخورما دروستکرابوون.

نەخوێندەواری و ناهۆشیاری و نەبوونی پێداویستی تەندروستی و خۆشگوزەرانی، کۆمەڵگای عێراقی لە گەشە خستبوو. سەربازێکی گەنجی بەریتانی، سوودی لە پارە و داهاتی عێراق وەردەگرت. لە ڕۆژە هەتاوییەکاندا، بێدەنگ لە تەنیشت ڕووبارێ فوراتەوە، کچانی دەوارنشینی عەرەبی بۆ ژووان و شوێنی تایبەت دەبرد، بەڵام گەنجی عێراقیی هاوتەمەنی ئەو، لەو گەرمایەی تەموزدا، ناچاربە بێکاری و کۆیلایەتی کرابوو. ۸۰٪ی خەڵکی عێراق نەخوێندەوار بوون. بۆ هەر شەش هەزار کەسێک، یەک دکتۆر هەبوو. هەروەها سامانی ناو شاریش لە دەستی چینێکی بچووک لە زەویداران و بازرگانان و کاربەدەستانی دەوڵەتدا بوو، هەندێکیان بە پارەی نەوت دەوڵەمەند بووبوون. بەپێی بۆچوونی مێژوونووسانی بەریتانی، لەو سەردەمەدا تەنیا (۱۷) خانەوادەی بەغدادیی، نزیکەی ۵۵٪ تا ۶۵٪ی سەرمایەی هەموو کۆمپانیا بازرگانی و پیشەییەکانیان لەدەستدا بووە.

خەڵکی عێراق هەستیان دەکرد ئیتر ئەم هەژارییەیان پێ هەڵناگیرێ، چونکە وڵاتەکەیان خاوەنی پلەی دووەم و گەورەترین سەرچاوەی نەوتی جیهانە. ئەم سامانە لەبننەهاتووە، لە چاوی ئەوان شاردرابووەوە، چونکە کۆنترۆڵی داهاتی عێراق، دیاریکردنی نرخەکان، داهات و پەرەپێدان، لە دەستی خاوەن کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا و بەریتانیا لە عێراقدا، بوو. ئەوانیش زیاتر بە دوای بەرژەوەندیی پشکدارانی جیهانییەوە بوون تا خەڵکی عێراق. بەپێی بڕیاری دابەشکردنی ۵۰ – ۵۰، عێراق لە ساڵێکدا ۲۰۰ ملیۆن دۆلاری لە داهاتی نەوت دەستدەکەوت، واتە نیوەی داهاتی ساڵانەی دەوڵەت. بەڵام کارتێلی

ئەمەریکیی دەسەڵاتداری نەوت، خۆی کێشایەوە نە کەشەدان بە داهات و بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق. ئەوان ئاگاداربوون نەوتی سعودیە و ئێران سوودی زیاترە، بۆ ئەوەی نرخە جیهانییەکان هەر لە ئاستێکی بەرزدا ڕابگرن و سوودی زۆرتریان دەستبکەوێ، بەرهەمهێنانی نەوتی عێراقیان بە نزمی هێشتەوە.

پتر لە چەند ساڵ بوو پسپۆڕانی کۆمپانیای نەوتی عێراق (IPC) زانیبوویان کە بیرەنەوتەکان توانای بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی ٥٠ هەزار بەرمیلیان هەیە، بەڵام بەبێ ئەوەی دەوڵەتی عێراق ئاگادار بێ، بەرهەمهێنانیان سنووردار کردبوو. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەو مەبەستەی سەلماند کە IPC نەوتی عێراقی تەنیا بۆ پێداویستییەکانی عێراق و مافی دەرهێنان لەبەرچاو نەگرتووە، بەڵکوو بەرژەوەندیی هەموو کۆمپانیا بەشدارەکانی لەبەرچاو گرتووە. لە ئەنجامدا عێراق سااڵنە سەدان ملیۆن دۆلای نەوتی لەدەستدەچوو، ئەمەش لەسەر حسابی هەژاربوونی خەڵکی عێراق بوو. ئێستاش کە ئەمریکا چاوی بڕیوەتە بیرەنەوتەکانی عێراق، ئەو مێژووە تاڵە، بەڵام بەنرخەمان بیردەهێنێتەوە.

لەو سەردەمەدا حکومەتی عێراق لە دەستی چەند دەسەڵاتدارێکی سیاسییدا بوو بوو کە بریتیبوون لە: زەویدارە گەورەکان، سەرۆک هۆزەکان، ئەفسەرانی سوپا و سیاسەتمەدارانی کۆن، کە مەلیك فەیسەڵ سەرۆکایەتیی هەموویانی دەکرد. لەگەڵ بوونی ئەو داهاتە گەورەیەی نەوت، هەژاریی باڵی ڕەشی بەسەر خەڵکدا کێشابوو. لە داهاتی زیادەی نەوت، ڕزقوڕۆزییەکی وەها لە خوانەکانەکانی خەڵکدا نەدەبینرا. شوێنەواری ناڕەزایەتییە گشتییەکان لە عێراقدا هەستپێدەکرا. تەنانەت دەوڵەت بۆ وەستاندنی ڕایگشتی، کەوتبووە فریودانی خەڵك، کە بەرەنجامێکی پۆزەتیڤانەی بەدواوە نەبوو. لە سەردەمی حکومەتی مەلیکدا هەست بە نادادپەروەریی دەکرا. بۆ نموونە: بەگ و ئاغا و شێخەکان، کۆنترۆڵی هەموو زەوییەکانیان کردبوو و وەکوو کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵ وەرزێر دەکرد. سیستەمی دەرەبەگایەتی و حوکمڕانیی بەگ و ئاغا و... هتد، کوردستانی لە هەر گەشەکردن و پێشکەوتنێك دوورخستبووەوە. زۆرینەی ئەو خان، یان سەرۆك هۆزانە، لەژێر ناوی کورد و کوردستاندا، هەر تاوانێکیان بویستایە، دەیانکرد، هەر کەسێکیش کەمترین ناڕەزایی

دەربېړييايە، ئەگەر دەماری ملیان نەقرتاندبا، وەك خۆفرۆش و دوژمن و ناپاك بە ئامانجی میللەتی کورد، تەماشایان دەکرد، چونکە دەیانزانی لە کۆمەڵگای مێگەلدا، هەست و هەڵچوونەکان دەسەلاتیان هەیە نەك ئەقڵانیەت و زانایی. هەرکامیان هەوڵی ئەوەی دەدا کە بە سیاسەتی سەرۆکهۆزی، کێبەرکێکارە هاوزمانەکەی خۆی، تەنانەت بە تیرۆکردنیشی بووایە، لە مەیدانەکە بسرێتەوە.

هاوکاری لەگەڵ حکومەتی ناوەندیش، جۆرێك بوو لە دەسکەوتنی هەستی ئارامی، بۆ جەنگ دژی بەرانبەر. بە ئاسانی دەتوانرێت لە ڕەفتاری ئەم پیاوە لەرزۆکانە، وەك مەترسی، جێگەی گەمەپێکردنی سیاسەتی بیانی، پابەند و گوێڕایەڵی و چاوبەستکردن و گوێلەمشتی حکومەتبوون و ناپاکیش، بدۆزرێنەوە.. ئەم چیرۆك و بارودۆخە هێشتا لە کوردستان و لە سەدەی بیست و یەکیش، وەك بڵێیت درێژەی هەیە. هێشتا لە بری ئەقڵانیەت و دانایی، بە هەست و دەماوگیرییەوە قسە لەسەر بەرپرسانی کورد دەکرێت. ئەوانەی کە بێجگە لە دەسەلات و فەرمانڕەوایی و هەژاری و گرێ و گۆڵ، میراتێکیان بەجێنەهێشتووە.

لە بەهاری ساڵی ١٩٥٨دا، شای ئێران و پاشای عێراق پەیوەندییەکی ئاساییان تێدەپەڕاند. ساواك پەیوەندیی سیاسی و چاودێری تایبەتی لە عێراقدا هەبوو کە هەردوو ئەفسەری پلەبەرز و لە ڕووخسارە دیارەکانی بواری سەربازیی کوردستانی ئێران بوون. لە بری سەرلەشکەر نادر باتمان قلیچ، ئەمانوڵڵای ئەردەڵان (حاجی عیززولمەمالیك)، پیاوە ناسراوەکەی کورد لەناو حکومەتدا، لەسەر کورسیی باڵیۆزی ئێران لە عێراق، دانیشت. لە سەردەمی پەهلەوی و لە چەندین کابینەی حکومەتدا، وەزیر، یاخود خاوەنی پێگەی باڵا بوو. بە ڕێکەوت، نوێنەرەکانی شا و ئێران لە وڵاتی عێراقدا، کورد بوون و ئەمەش لە میژووی ئێراندا تایبەتمەندییە. عیسا پژمان، لە گفتوگۆی بەختیاردا کە بەرپرسی کاتی ساواك بوو، ڕاپۆرتێکی خۆمانە لەبارەی ڕوودانی شۆڕش لە عێراقدا، ئامادە دەکات، بەڵام ڕووبەڕووی گاڵتەپێکردن دەبێتەوە. لەو ڕۆژەدا سەرۆکی دەزگای ئاسایش و هەواڵگریی عێراق، میوانی ساواکی ئێران بوو. ساواك و شا بڕوایان بە هەڵوەشانەوەی سیستەمی پاشایی لە عێراقدا نەبوو. نامەیەکیان دایە عەقید عیسا پژمان کە (خەونە پیرۆزەکەی

خاوەن شکۆ نەهاتووەتە دی، بەڵام لە عێراقدا و لەژێر سێبەری شاهانەی شادا، پێویست بە دڵتەنگی ناکات.

"یەکەمین هەواڵی ڕوودانی شۆڕشی ١٩٥٨ی عێراقم لەو پۆستەی کە لە کوردستان و لە شاری سەقز هەمبوو، ژێربەژێر نارد بۆ تاران، بەڵام هەموو ساواک گاڵتەیان پێکردبووم. شای ئێرانیش لەگەڵ سەرسوورمانیشی، تورە بووبوو، کە بۆچی نابەرپرسانە کاتی ئەویش و ساواکیشم بە خوێندنەوەی ئەم بابەتەوە گرتووە. هەر لە سەرەتاوە کە ساواک دروستبوو، لە بەشی دەرەوەی ئەو ڕێکخراوەدا، پلانێک بەدەستەوە بوو بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتر لە وڵاتانی دەوروبەر و دۆزینەوەی دۆستی زیاتر بۆ ئێران، سەرەتا لە وڵاتانی دراوسێ و دواتر بە پێی پێویستی و گرنگی، لە وڵاتانی دیکە. بۆیە بانگهێشتی زۆر کەسان دەکرا کە سەردانی ئێران بکەن و ئاشنا بەن لەگەڵ ئێران و بارودۆخی پاشایەتیی ئێران. لەو چوارچێوەیەدا بانگهێشتی (عەبدولهادی چەلەبی) کرا، کە یەکێک لە بەگزادە گەورەکانی شیعەی عێراق و کەسایەتییەکی خاوەن دەسەڵات بوو لە ڕووی سیاسی و ئابووریشەوە. هەروەها عەقید فازڵ عەباس مەهداویی، سەرۆکی دەزگای ئاسایشی عێراق (امن العام)[٢] یش بانگهێشت کرا. هەردووکیان وەڵامی بانگهێشتەکەیان دایەوە و بە سەردان هاتن بۆ ئێران. کەسانێک بۆ پێشوازییان هەڵبژاردرابوون کە بە زمانی میوانەکان ئاشنابوون. چەلەبی چەند زمانێکی دەزانی و ئاشنایی لەگەڵ زمانی فارسیش بە باشی هەبوو. هەردوو میوانەکە لە چەند ڕۆژێکدا و لە شارەکانی تاران و ئەسفەهان و شیراز، سەردانی شوێنە مێژوویییەکانیان کرد و بڕیار وا بوو کە سەردانی باکووری ئێرانیش بکەن، بەڵام عەقید فازڵ عەباس مەهداویی بەر لەوەی بەرەو باکووری ئێران بڕوات، ڕایگەیاند کە نیگەرانی بارودۆخی عێراقە و وا هەست دەکات شتێکی ناخۆش لە بەغدا ڕووەدات، بۆیە زووتر مەڵاوایی لە لێپرسراوانی ساواک کرد و گەڕایەوە بۆ بەغدا. بەڵام عەبدولهادی چەلەبی، درێژەی بە گەشتەکەی دا و دوای سێ ڕۆژ لە باکوور و دوو ڕۆژ مانەوە لە تاران، مالئاوایی لە سەران و کاربەدەستانی ساواک کرد و گەڕایەوە بەغدا. دوای یەک مانگ، شۆڕشی ١٩٥٨ ڕووی دا و هەموو ئاگاداری بوون. پاش تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر ئەو شۆڕشەدا، بەرەبەرە گاڵتەپێکردن بوو بە سەرسوورمان و تورە بوونیش بوو بە بیرکردنەوە".

بـه شـاهێدیی مێـژوو، دەتـوانین بڵـێین ئـەو سـەردەمەی عێـراق، لـه ڕووی ئارامییـەوە، باشترین سـەردەمی عێـراق بـوو. بـه تایبـەت پـاش سـەربەخۆیی، ماوەیـەکی زۆر هـێمنی و سەقامگیری چەسپابوو. دوای کودەتاکەی قاسم، وەک پڕکێشەترین ناوچەی عەرەب ناسرا. تـا سـەردەمی کـەوتنی سـەدام حسـێنیش لـه ٢٠٠٣ و دوای ئـەویش، هیـچکات ئـارامیی نەگەڕایەوە بۆ عێراق. "بەغدا وای لێ هاتبوو، ئەو گەشتیارە ئێرانییانـەی کـه دەچـوون بـۆ ئەورووپا، بە هـۆی بریـق و بـاقی بەغـداوە، لـه عێراقـەوە تێپـەڕ دەبـوون و لایـان وابـوو کـه دەروازەی ئەورووپا لەوێیە. بـەڵام کولتـووری کۆمـەڵگا لـه سـەدەکانی ناوەڕاست دەچـوو و بناغە و پایەیەکی باشی نەبوو. سەرەنجام عێراق وای لێهات که هیچ ئێرانییەک نەیدەویست تەنانەت بۆ ڕۆژێك لەوێ بژیەت. ئەو ناوچەیە تەنیا بـه کودەتـا و خـوێن و جەنگـەوە مانـای هەبوو. لەم ساتانەشدا یاسا تا ئەندازەیەکی زۆر بە سوودی چین و پیاوانی دەسەڵاتدار بـوو و جیاوازی چینایەتی بڵاوبوو".

دامەزرانی فیدراسیۆنی (عێراق ـ ئـەردەن) لـه ١٤ی شـووباتی ١٩٥٨یشدا، کـه نـاوی (یـەکێتیی عـەرەب)ی لێ نرابـوو، هـەنگاوێك لـەپێناوی ڕەزامەنـدیی گـشتی و هـەروەها بەرەنگاربوونـەوەی بانگەشـەی جـەمال عەبدولناسـردا بـوو، بـەڵام ئـەو ئامانجـەی نـەپێکا. کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لەگەڵ یەکێتیی سووریا و میسر، لـەژێر سـەرکردایەتیی جـەمال عەبدولناسردا دامەزرا. لەلایەن عێراقیشەوە (الاتحاد الهاشمي) لـه نێـوان عێـراق و ئەردەنـدا ڕاگەیاندرا و وەڵامێك بوو بۆ دروستبوونی کۆماری عەرەبی لـەنێوان میـسر و سـووریادا، کـه نووری سەعید بوو بە سەرۆك وەزیران. کوێت، ژێردەسـتەی بـەریتانیا بـوو. نـووری سـەعید داوای لە لەندەن کرد جۆرێك لە سەربەخۆیی بدات بە کوێت، تا بتوانێ بچێتە ڕیزی (الاتحـاد الهاشمي) و سەرچاوەی داهاتی ئەردەنیش دابین ببێ.

ڕەنگە ئەوەی کە ڕۆژی دیاریکراوی کودەتاکەی پێش خست، بڕیاری دەوڵەت سـەبارەت بە ناردنی هێزی یاریدەر بۆ ئـەردەن بووبێـت، بـه مەبەسـتی بەرهەڵـستیکردنی لایـەنگرانی ناسر. هەر ئەم کارە ڕق و تووڕەیی ناسیۆنالیستەکانی عێراقی بەدواوە بوو. تەنانەت عێراق و ئەردەن لە ١٤ی شووباتی ١٩٥٨دا، پـەیمانی یـەکێتییان واژۆ کـرد دژی ڕێکـەوتنی[1]ی

شووباتی ١٩٥٨ی نێوان سووریا و میسر. کوردەکان جموجوڵیان دەستپێکرد. نوێنەری کوردەکان لە پەرلەمانی عێراق عەلی کەمال، لە کۆبوونەوەی پەرلەماندا ڕەخنەی لە بڕیارەکانی ئەو ڕێکەوتنە گرت، بەوەی هیچ باسی کوردی نەکردووە. لایەنگرانی شۆڕش و کوردستان لەو باوەڕەدا بوون کە ئامانجەکانی جەمال عەبدولناسر و شا حسێن و شا فەیسەڵ، دەبێ هەڵگەڕانەوەیەکی تێدا بەدی بێت لە ڕەوتی بەرژەوەندی و سوودی کوردەکان. پارتی دیموکراتیش لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ئیمزاوە، هەوڵی دەدا کوردەکانیش لە دەستووری عێراقدا جێبکاتەوە، بەڵام ئەم حیزبە توانا و جەماوەری نەبوو. یەکگرتوویی عەرەبی ١٩٥٨، لە نێوان میسر و سووریا، بە گەرمی پێشوازیی لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد کرد. بەڵام دواتر کوردەکان دژی پەیوەستبوونی عێراق بە کۆماری عەرەبی یەکگرتوەوە بوون. جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد ڕێگەچارەیەکی سادەیان پێشنیاز کرد، کە ئەگەر عێراق بەم یەکێتییەوە پەیوەست ببێت، پێویستە هەرێمی کوردستانیش جۆرێك لە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردنی دیاریکراوی هەبێت.

هەولێر کتێب

کوردەکان نەیاری ئەو کارە بوون، چونکە بەربەککانێك کە بنەماکەی گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبییە، بارودۆخی ئەوان باش نابێ. واتە لەڕاستیدا داخوازییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەوان لەبیر دەچێتەوە. چەند نیشانەیەك هەبوون، دوای ئەوەی سووریا چووە ڕیزی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی، پەیوەندیی کورد و عەرەب لە سووریا تێك چووبوو، چونکە گەشەسەندنی ئەو گەلانەی عەرەب نەبوون، بە خراپ دەزانرا بۆ پێشخستنی ئامانجە هەمەلایەنەکانی گەلی عەرەب. ئەڵبەت ساڵی ١٩٥٨ کاریگەریی گەورەی لەسەر گەشەکردن و فراوانبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو، چونکە لەو ساڵەدا بەرەبەرە چالاکییەکانی ئەو حیزبە فەرمی بووبوون. پێش ئەوە حیزبی کۆمۆنیست ناوبانگ و دەسەڵاتی زیاتری هەبوو.

ماوەیەکی کورت پاش پێکهێنانی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی، ڕووداوێکی سەیر پێش هات، کە لەو کاتەدا سەرنجی کەسی بەرەو لای خۆی ڕانەکێشا، بەڵام زەنگێکی مەترسیدار، یان سەرەتایەك بوو بۆ ڕووداوێکی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دوو ئەفسەری عێراقی،

پەیوەندییان کرد بە عەقید سەرۆاج، سەرۆکی دەزگای ئاسایشی سووریاوە و بە نهێنی لە ناوچەی دەرعا، لە سنووری ئەردەن و سووریا، چاوپێکەوتنێکیان ساز کرد. ئەوان ڕایانگەیاند کە ڕێکخراوێکی نهێنی لە ئەفسەرانی ئازادیخوازی سوپای عێراق پێکهاتووە "ئێمە دەمانەوێ ئەو کارە بکەین کە ئێوە کردووتانە. دەمانەوێ ببینە ڕێزی یەکێتیی عەرەبی و لە دەستی بنەماڵەی هاشمی ڕزگار ببین، ڕێکخستنمان دەبێ چۆن بێ؟ چۆن شۆڕشەکەمان دەستپێبکەین؟ کۆماری یەککرتووی عەرەبی چۆن دەتوانێ لەگەڵماندا بێ؟" سەرۆاج ئەو پرسیارانەی ئەوانی ئاراستەی جەمال عەبدولناسر کرد و ئەویش لە وەڵامدا گوتی: جارێ ڕاوەستن. جەمال عەبدولناسر لەوە دەترسا کە ئەم ئەفسەرانە بە ڕواڵەت بە جلوبەرگی دۆستەوە هاتبن. ئەو داوای لە سەرۆاج کرد کە جارێکی دیکە بیانبینێ و پێیان بڵێت: گرنگترین ڕێگە، پاراستنی نهێنی بۆ پێشخستنی شۆڕش و ئەندامانی شۆڕشگێڕە. ئەو دوو ئەفسەرە، پاش ماوەیەک لەسەر سەکۆی سیاسەتی بەغدا دەرکەوتن. یەکێکیان عەبدولکەریم قاسم و ئەوی دیکەیان عەبدولسەلام عارف بوو. عەبدولکەریم قاسم لە بنەڕەتدا کوردێکی فەیلی بوو. لە باوکێکی سوننی مەزهەب و دایکێکی شیعە بوو. ئەو شارەزای دونیای سیاسەت و دیبلۆماسییەت نەبوو. هەرچەندە عەبدولکەریم قاسم و عارف، هەردووک بڕوایان بە یەکێتیی عەرەبی هەبوو، بەڵام هێنانەدیی ئەم بیرکردنەوەیە بووە هۆی بەریەککەوتن و ناکۆکیی نێوانیان. عەبدولسەلام عارف بە تووندی مەیلی بۆ یەککرتوویی تەواو هەبوو و قاسمیش خوازیاری ئەوەبوو یەکێتییەکی فیدراڵی بە ئازادیی تەواوەوە بێتە دی، بەڵام هیچکات بە ڕوونی باسی لە یەکێتیی فیدراڵی، یان یەکێتیی تەواو و هەر جۆرێکی تر، نەدەکرد. تەنیا پێی لەسەر ئەوە دادەگرت ئەم بابەتانە پێویستە دواتر بخرێنەڕوو. عەبدولکەریم قاسم دواتر پەیوەندیی خۆی لەگەڵ جەمال عەبدولناسر بە تەواوی پچڕاند و عەبدولسەلام عارفی خستە بەندیخانە. عەبدولکەریم قاسم بە پەیوەستبوونی عێراق بە یەکێتیی عەرەبییەوە ناکۆک بوو. خواستە سیاسییەکەی وای کرد لە سەردەمی عەبدولناسردا نەچێتە میسر، کە جەمال عەبدولناسر کەسایەتییەکی کاریگەر و بەهێزتری لە جیهانی عەرەبیدا هەبوو. بێجگە لە (ک گ ب) و (ساواک)، ڕەنگە هیچ ڕێکخراوێکی ئاسایشیی تر ڕاپۆرتی لەبارەی ئەگەری کودەتاوە دەستنەکەوت بێت، بەڵام بەو جیاوازییەی کە یەکێک خەریکی پێداچوونەوە و ئەوی تر لە ناڕاگایی و بێ بڕوایی بەرانبەر

دۆخەکەدا بوون. جەمال عەبدولناسر خەونی بەستنەوەی عێراقی بە کۆماری یەککگرتووی عەرەبییەوە لە سەردا بوو و هەر سات چاوەڕێی دەرکەوتنی ڕووداوێك لە عێراقدا بوو.

لە ناوەڕاستی ساڵانی پەنجا، جموجووڵی نەتەوەپەرەستیی عێراق کە مانەوەی سەڵتەنەتی هاشمیی لایەنگری بەریتانیای خستبووە مەترسییەوە، توندوتیژتر بووبوو. ئەڵبەت ڕۆژئاوا، ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە شتێکی دەستکرد و سازکراوی دەستی جەمال عەبدولناسر و ڕووسییەکان دەزانی، بەڵام هەندێ لە کەسایەتییە سیاسییەکانی عێراق لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ئەم ناسیۆنالیزمە، گوڕ وتینێکی تەواو سروشتی و ڕیشەداری هەبوو، چونکە لەسەر بنەمای ئەم بڕوایە بزووتنەوەیەکی ناوچەیی گەورە لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە، لە جیهانی عەرەبیدا گەشەی کرد و کاریگەریی گەورەی بە هێزی جیاوازەوە لەسەر کۆمەڵگای عەرەبی دانا. لە هەرکام لەو چوار وڵاتە عەرەبییەی بەرەو گەشەسەندن دەچوون، واتە سووریا، میسر، جەزائیر و عێراق، گۆڕانکاریی سیاسی پەیدا بوو[٣]. عێراق دواین وڵات بوو کە دەبوو بەپێی تێشکدانەوەی بزووتنەوەی ناوچەیی گەورە، گۆڕانی کۆمەڵایەتیی تێدا پەیدا ببێت.

ڕادیۆی (صوت العرب) لە سەردەمی سەرۆکایەتیی عەبدولناسر، عەرەبەکانی هان دەدا بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی بیانییەکان لە وڵاتە عەرەبییەکان و بەدیهێنانی سەربەخۆیی. ئەم بانگەشەیە بووبووە هۆی ڕق و تووڕەیی خەڵکی عێراق دژی حکومەتی پاشایی. بە هەرحاڵ، هاوینی گەرمی ١٩٥٨ بۆ سەرانی ناکۆکی سوپا و سیاسییەکانی عێراق لە بەغدا و باشوور و ڕۆژهەڵات، کاتێکی گونجاو بوو تا گرووپێك لە ئەفسەرانی گەنج و نەتەوەپەرستی سوپای عێراق، بە هەستی پڕ لە جۆشوخرۆشی خۆیانەوە، بۆ لەناوبردنی ڕژێمی پاشایەتی بە پشتگیریی بەریتانیا، پلانێکی نوێ دابنێن و پەیکەری شا، یاخود دەسەڵاتی ڕەها بڕووخێنن و لە تاریکی وەدەربێن و ئاڵای ڕووناکی هەڵبکەن.[٤]

مەلیك فەیسەڵ، یەکێك لە نزیکترین هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بوو. نیویۆرك تایمز، ئەوی بە سەرچاوەی بێ ئەلتەرناتیڤی نەوت، پاڵپشتی پەیمانی بەغدا و کۆتا پەناگای

چوونەناوەوی ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەسف دەکرد. لەو کاتەدا، کۆبوونەوەی پەیمانی بەغدا لە ئەنقەرە پێکدەهات. پاشا و ئەمیر عەبدولئیلاه و نووری سەعید، لە کاتێکدا ئامادەی سەفەر بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی ئەنقەرە بوون، کوژران. هەواڵی چۆنیەتیی سەفەرەکەی مەلیك فەیسەڵی دووەم بۆ تورکیا، بڵاوبووەوە. هەموو لەو باوەڕەدا بوون کە لە کورکووك یان موسڵەوە تێپەڕ دەبێ. بارودۆخی بەغدا ئاسایی بوو. بەغدا و ڕەنگە تەواوی دۆخی عێراقیش، لەو شەوەدا ئارام بوون. کەس نەدیدەزانی کە لە بەرەبەیانی ۱۴ی تەموزی ۱۹۵۸دا چی دەبێت و ڕۆژگار چ یارییەك بە چارەنووسی سەرۆکی عێراق و خەڵکەکەی دەکات. دوو هەفتە دوای لەدایکبوونی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، عێراق و ئەردەن بە مامانیی ئیمارات، زیندەوەرەکەی یەکێتیی عەرەبییان بوو، بەڵام ئەم یەکێتییە تەمەنی کورت بوو. نووری سەعید دەیویست بە هێرشێکی چەکداریی هاوبەش لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیا، سووریا لە کۆماری یەکگرتووی عەرەبی جیابکاتەوە و (سووریای گەورە) پێکبهێنێ، کە بریتیبێت لە عێراق و ئەردەن و سووریا، لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی پاشایەتیی هاشمیدا بێ. بێگومان ئەو هێزەکانی خۆی بۆ ئەو مەبەستە نارد بۆ ئەردەن کە جەنگ لەگەڵ سووریا دەستپێبکات و هێزەکانی ڕۆژئاوا بە شوێن ئەوەدا دەستوەردان بکەن. کاربەدەستانی ئەو هێزانە، عەبدولسەلام عارف و عەبدولکەریم قاسم، بەپێی پلانی پێشوو و ڕێکەوتنی هاوکاریی سەربازیی نێوان عێراق و ئەردەن، دەبوو بچنە عەممان.

لە کاتی تێپەڕینی یەکە سەربازییە ناوبراوەکان لە بەغدا، بە مەبەستی ڕۆیشتن بۆ ئەردەن، شەو ڕێگایان گرتەبەر و دەستیان دایە کودەتا و هێرشیان کردە سەر باڵەخانەکەی نووری سەعید. لەڕاستیدا سەرلەشکر عەبدولسەلام عارف و عەبدولکەریم قاسم، هەردوو لە ئەفسەرە گورجوگۆڵەکان بوون و فەرماندەی تیپی (بیست) و (نۆزدە)ی لەشکری پێنجی بەعقوبە بوون، کە دوای ڕێبەریکردنی یەکەکانی خۆیان و گفتوگۆ و بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی سەرانی حیزبی ناکۆکی وڵات، کە زۆرینەیان بە نهێنی چالاکییان دەکرد، هەروەها بە دوستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هۆز و کۆچەرە کوردەکان، بوونە

چاودێری کودەتا. دواتر چەمکی شۆڕش، یان هەستانەوەیان بۆ بەکارهێنا. کودەتایەکی سەرکەوتووانە و چاوەڕواننەکراو، بەڵام خوێناوی و پڕ لە تووندوتیژی.

ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز، لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا، توانییان سەرکەوتن بەدەستبهێنن. کودەتاکە بەم شێوەیە دەستی پێکرد: لە کاتژمێر ٤:٣٠ سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٤ی تەموز، سێ هەزار سەرباز چوونە ناو شاری بەغدا و شوێنە گرنگەکانی شاریان، وەکوو ڕادیۆ، داگیر کرد. لە کاتژمێر ٦ی بەیانی کۆشکی ڕیحاب ئابڵۆقە درا. فالیح حەنزەل، ئەفسەرانی پارێزەری کۆشک ئاگادارکراوە کە بەغدا لە لایەن ئەفسەرانی عەبدولکەریم قاسمەوە گەمارۆ دراوە. چەند خولەک دوای ئەوە، واتە لە کاتژمێر ٦:١٥، بە شەستیر دەستڕێژ دەکرێ لە دەوروبەری ژووری عەبدولئیلاە و شووشەی پەنجەرەکان ورد دەبن. ئەندامانی بنەماڵەی شا لە خەوی بەرەبەیان ڕادەپەڕن. هەموو سەربازانی پارێزەری کۆشک سەریان سووڕمابوو و نەیاندەزانی چی قەوماوە. کێ ئەم ئازایەتییەی نواندووە و بۆچی نازانێت کە ئێرە کۆشکی پاشای وڵاتە؟! لە ئانوساتی ناهۆشیاری و حەپەساندا بوون. هەر لەو کاتەدا سێ موشەکی بازوکا و تۆپی ١٠٦ دەنرێن بە دیوارەکانی کۆشکەوە و دووکەڵی ڕەش لە کۆشکی سپیی بنەماڵەی هاشمی بەرزدەبێتەوە. لەگەڵ بیستنی دەنگی قیژەی ژنانی نیمچەڕووت و حەپەساو، کە تا بەرەبەیان یاری هاودەمی ژووان و چرای تەنیایی پاشا بوون، عەبدولئیلاە فەرمان دەکات هەموو پەنا بۆ ژێرخانی کۆشک ببەن، چونکە دەرفەتی دەربازبوون نەماوە. خۆیشی نەیدەزانی کە ئەمە کۆتا فەرمانی ئەوە. بە خێرایی درگاکە کرایەوە و مەلیک فەیسەڵ و عەبدولئیلاە و بنەماڵەکەیان و مەلیکە نەفیسە، لە درگای پشتەوە خۆیان دەگەیەننە باخی پێشەوەی کۆشک. عەبدولستار ئەلبووسی هەر کە دەیانبینێ، بە شەستیرێک دەستڕێژیان لێ دەکا و هەموو ئەندامانی بنەماڵەی شا لە خۆیندا دەگەوزێنێ و جەستەی بێگیان و خەڵتانی خوێنیان لەسەر زەوی دەکەوێ. بەم شێوەیە خانەوادەی شا بەبێ هیچ دادگاییکردن و لێپرسینەوە و وەڵام و حوکمێک، بە تێکڕایی کوژران. (فوئاد عارف) دواتر لە یاداشتەکانیدا دەنووسێ: لە نێوان ئەفسەرانی ئازادیخوازدا، هیچ بڕیارێک سەبارەت بە کوشتنی شا و بنەماڵەکەی نەبوو. عەبدولکەریم قاسم لە ١٥ی تەمووزی ١٩٥٨دا، هەواڵی کوژرانی نووری سەعیدی ڕایگەیاند. گوایە

نووری سەعید لە ئانوساتی بینینی کوژرانی پاشا و جێگری تەخت، لە ترسدا هەڵهاتووە. بەڵام سێ بۆچوونی جیاواز دەربارەی تیرۆرکردنی هەن: یەکەم: کۆمەڵێك دەڵێن هەوڵی دا هەڵبێت، بەڵام دەستگیر کرا و لە سێدارە درا، یان بە دیل گیرا و دواتر لووت و گوێیان برێ. دەستەی دووەم لەو باوەڕەدان کە هاوڕێیەکی خۆی دوو گوللەی پێوە ناوە و کوشتوویەتی. گرووپی سێیەم لەسەر ئەو بڕوایەن کە نووری سەعید بە جلوبەرگی ژنانەوە ویستوویەتی خۆی دەرباز بکات، بەڵام ئاشکرا بووە و بە دەمانچە خۆی کوشتووە.

کودەتای سەربازی و کتوپڕی ئەفسەرانی سوپا بەم چەشنە ڕووی دا. پەیکەری مەلیك لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا ڕما. بارودۆخی سیاسیی عێراق دووچاری هەڵکشان و داکشان بووبوو و کەوتبووە هەوراز و نشێوکردن. هەر لە سەرەتای کودەتاکەوە بەسەر بارودۆخدا سەرکەوتن و یەکەم ئاگاداریی ئەنجومەنی باڵای شۆڕش بەپێی بەرژەوەندییەکانی باڵای جەماوەر، لە ڕادیۆی بەغدا بڵاوکرایەوە. کودەتاکەی عێراق بە دەستی گرووپێکی [۱۴] کەسی جێبەجێ کرا بە ئاهەنگی مارسیز، دوایین ڕژێمی لایەنگری ڕۆژئاوای داگیرکەر ڕووخا و شۆڕشی عەرەبی سەرکەوت. هێشتا شەش مانگ بەسەر ڕاگەیاندنی کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا تێپەڕ نەبووبوو، تەخت و تاجی هاشمی و شانشینی فەیسەڵی دووەم پاشای عێراق، لەنێو وەها دەربایەك لە ڕقدا، خەڵتانی خوێن بوو. هەندێ کەس، ڕۆژی کودەتاکە بە سەرسوڕمانەوە دەگێڕنەوە: لەپڕ لە کاتژمێر [۷]ی بەیانیی [۱۴]ی تەموز، کە لە خەو ڕاپەڕیم، بینیم خەڵك لەناو کووچە و بازاڕدا دەنگیان دێت و بە ئاشکرا باسی شۆڕش و کودەتای سەربازیی دەکەن، بەڵام هیچ شتێك ڕوون نییە. هەندێ لە ماڵەکان ڕادیۆیان هەبوو، لەسەر شەپۆلی ڕادیۆ عەرەبی هەر سروودی نیشتمانی بڵاودەبووەوە. بەشی کوردیی ڕادیۆ، هەر دەتگوت هیچ ڕووی نەداوە، یان قورئانی لێ دەدا، یان گۆرانییە کوردییە فۆلکلۆرییەکانی بڵاودەکردەوە، هەواڵ و لێکدانەوە و ڕاپۆرتی نەبوو. بەڵام بە گشتی شێوازی وتەکان لە ڕادیۆدا وای پیشان دەدا کە شتێك قەوماوە. حەزمان دەکرد زووتر دەنگوباسەکان ببیستین و دەستوپێوەندی ڕووداوەکە بناسین. هەموو گوێیان بۆ هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی ڕادیۆ بەغدا هەڵخستبوو. دوای کاتژمێر دەی بەیانی، ئنجا خەڵك زانییان کە بە سەرپەرشتیی عەبدولسەلام عارف و عەبدولکەریم قاسم، کودەتای سەربازی

کراوه. ڕادیۆ داوای له خەڵکی بەغدا و شارەکانی تر کرد، پشتگیریی کودەتاکە بکەن و بنەما و پایەی ڕژێمە پێشووەکە تێکبشکێنن. پیاوانی داگیرکار، یاخود وابەستەکان بە خێزانی فەرمانڕەوایی شاهانە، دەسگیر بکەن، یان وەک شێوازی چین، ناوەکانیان بدەنە هێزەکانی شۆڕش، تاکو بێ دادگاییکردن لە سێدارە بدرێن. خەڵکیش چوونە شەقامەکان، بەمەش کار لە کار ترازا. کولتووری شۆڕش یان گۆڕانکاری، دامەزراو نەبوو. ئەوەی هەبوو، ڕق و هەڵچوونێکی پەنگخواردوو بوو. شانۆیەک لە ئاژاوە و پشێویی نەخوازراو، پێشکەش کرا. لە پڕ پەتای تۆندڕەوی هەموو شوێنێکی گرتەوە.

لە دەرەوەی عێراقیش پێشتر ڕادیۆیەکی ئینگلیزی هەواڵی کودەتاکەی ڕاگەیاند. دواتر ڕادیۆ عەرەبییەکان لەگەڵ هەواڵە جۆراوجۆرەکانیان، ئەوەیان بڵاوکردەوە کە چۆن مەلیك فەیسەڵی گەنج، ئامۆزای مەلیك حسێن، لەگەڵ سەرۆك وەزیرەکەی، نووری سەعید، هەروەها پاسەوانەکان و هاوڕێکانی، هەموو کوژراون. ڕادیۆی ئێرانیش لە هەواڵەکانی عەسرانەی خۆیدا ئەمەی ڕاگەیاند و دواتر ڕۆژنامەکانی بەیانیان و ئێواران، بە شێوەی تایبەت کەوتنە باسکردنی بابەتەکە. لەو ڕۆژەدا بایۆزی ئێران لە عێراق، واتە ئەمانوللا ئەردەڵان، سەفەری بۆ نەجەف کردبوو. هەواڵە تاڵەکەی بیست، بەڵام ڕاوەستا و لەسەر خۆ سەیری گۆڕانکارییەکانی دەکرد. دوای ئەوە بانگهێشتی تاران کرایەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ (شا)دا گفتوگۆ بکات. ئەو لە ئێران سەردەمی شەش پاشای بینیبوو.

شای ئێران، دوای نانخواردنی بەیانی، لە ڕووداوەکانی ئەو کودەتا خۆیناوییە ئاگادارەدەکرێتەوە. ئەو ناتوانێت ڕق و تووڕەیی خۆی بشارێتەوە. لەڕاستیدا کودەتا، سەردەمی نزیکیی ئێران و عێراقی لە سەردەمی پاشایەتیی ئەم دوو وڵاتەدا، لەناو برد. سەردەمێکی تاڵی لە پەیوەندییەکانیان دامەزراند. گۆڕانکارییەکانی دواتری عێراقیش، بووە هۆی تۆندبوون و ترسناکیی دۆخی نێوان هەردوو وڵات. گۆڕانکارییەکانی عێراق، بووە هۆی ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا. لەڕاستیدا گۆڕانی سیستمی سیاسی لە عێراقدا، سەرەتای دەسپێکی قۆناغی دووەمی ناکۆکییە سنوورییەکانی ئێران و عێراق بوو. (هیچ ڕووداوێك بە ڕادەی کودەتای عێراق و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و گرتنە دەستی دەسەڵات

لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە، کاریگەریی چڕوپڕی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران نەبوو). گۆڕانکارییەکانی عێراق، بوونە هۆی ئەوەی ئێران پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ عێراق، ئەمریکا، سۆڤێت و ئیسرائیلدا بکات. لە لایەکی دیکەوە ئێران پەرۆشی کەنداوی فارس بوو. گۆڕانی دەسەڵات لە عێراق، نیگەرانیی ئێرانی سەبارەت بە کەنداوی فارس، بەدوای خۆیدا هێنا. لە کاتی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق و دۆستایەتیی ئەو ڕژێمە لەگەڵ ئێران و هاوپێیەتی لە پەیمانی بەغدا، ئێران لەو بارەوە هەستی بە ئاسایش دەکرد. ئێران لەوە نیگەران بوو کە ڕەنگە بە کودەتاکەی عێراق، وڵاتە عەرەبییەکانی لێواری کەنداوی فارس هانبدرێن بۆ کودەتا و وڵاتانی لایەنگری ئێران کەم ببنەوە.

گرنگترین ڕووداوەکانی دەوروبەری ئێران لە سەردەمی سەرۆک وەزیرانیی (مەنوچەهر ئیقبال) دا، بریتی بوون لە: کودەتای ژەنەرال عەبدولکەریم قاسم لە عێراقدا، شالاوی بانگەشەی مۆسکۆ دژی ئێران، گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل بە مەبەستی دامەزراندنی پەیوەندیی دووقۆڵی یان دووفاکتو[۶]، بەگژاچوونی جەمال عەبدولناسری سەرۆکی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی بەرانبەر ئێران، کە لە لێدوانێکی ڕادیۆییدا ئاماژەی بە پەیوەندیی دووقۆڵیی ئێران و ئیسرائیل و کۆتاییهێنان بە پەیوەندییەکانی ئێران و میسر، کرد. لە لایەکی دیکەوە هاتوچۆی کەشتییەکانی سۆڤێت لە کەنداوی فارس و بردنی چەک بۆ ئەو وڵاتە لە ڕێگەی شەتولعەرەبەوە، ڕووداوێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ دەوڵەتی ئێران. بەهەرحاڵ، تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندیی بە سیاسەتی عێراق و ئێرانەوە هەیە، گۆڕینی ڕژێم لە عێراقدا، دەوڵەتی ئێرانی ڕاچڵەکاند، بەشێوەیەک کە لە ناکاو لە خۆرئاوا بوونی هەمان ڕۆژ، چەند چرکەیەک دوای دەستپێکردنی کاتی بەرێوەبردن لە ئەمریکا، فەرمانی ئامادەیی گشتی بە سوپا درا و بە خێرایی هێزەکانی گارد (پارێزەری بارەگای شا) بەهێزتر کران و ئەو ئامادەییە لە لایەن گاردی فەرمانڕەواییەوە تا ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو. شا بە پەرۆشییەوە دەیڕوانییە کودەتا سەربازییەکانی وڵاتە عەرەبییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شوێنگیریی دەکرد، چونکە لە لایەکەوە بەرەوپێشچوونی سۆڤێت لە وڵاتە عەرەبییەکان لەئارادا بوو، لە لایەکی دیکەوەدوژمنی ڕژێمە سەڵتەنەتییەکان بوو. وا دەزانرا هەر چەشنە هەڕەشەیەکی وەکوو عێراق، ئاماژەیەکی ڕوون و نزیکە، چونکە عێراق بە

پێچەوانەی میسر و سووریا، دراوسێی دیوار بە دیواری ئێران بوو و بزاڤی دژی پاشایەتی لە عێراقدا، دەیتوانی نموونەیەك بێ بۆ نەیاران، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵاتدا. لە یەکەم چاوگێڕاندا بەم مەبەستە، وەها دەهاتە بەر چاو کە لەوانەیە ئێران لە دوو لاوە کەوتبێتە بەر پەلامار، یەکەم: سۆڤێت لە باکوورەوە. دووەم: دژایەتیی عەرەبەکان بەرانبەر سەڵتەنەت لە باشوورەوە. بەڵام بە پەرەگرتنی دەسەڵاتی سۆڤێت لە عێراقدا و ئازادییە سەرەکییەکان لەو وڵاتەدا، ئەم ڕاستییە دەرکەوت کە دەوڵەتی ئێران لە دوو لاوە کەوتووەتە بەر پەلامار.

"لەبیرمە کە لە عێراق کودەتا کرابوو، شا لە تورکیا بوو. ئیقبالێ سەرۆك وەزیران بوو. شا لە تورکیا هاتەوە و لە فڕۆکەخانە کە دابەزی، ئیقبالێ لە پێشی ئۆتۆمبێلەکە دانیشت و هاتنەوە بۆ ناو شار. من ڕۆژی دواتر بە خزمەتی گەیشتم و پەرۆشیی خۆم بەرانبەر بارودۆخی عێراق ڕاگەیاند و گوتم: وڵاتێك بە هەبوونی سەرۆك وەزیرانێکی وەکوو نووری سەعیدەوە ئاوای لێ بەسەر بێ، ئەویش وڵاتیك کە دەزگای جاسوسیی بەریتانیا بەسەریدا زاڵ بێ، چ گرەنتییەك بۆ ئێران هەیە؟! پێویستە خاوەن شکۆ پێداچوونەوەیەك بە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەدا بکات. شا گوتی: ئاگام لە هەموو شتێکە و دڵنیا بە". ئەڵبەت لە سەدەی ٢٠دا، هاوکات لەگەڵ بزووتنەوەی گەورەی کۆمۆنیزم لە جیهاندا و بەتایبەت لە نزیکی خۆمانەوە، شێوازی دیکتاتۆریی پەهلەوی ئەویش بەو شێوە کۆن و پۆرتکاوە، دەوام ناهێنێ.

شا بە هەموو دەسەڵاتێکیەوە، نەیدەتوانی وەکوو باوکی حوکم بکات. بەڵام بە تەواوی ئەوانەوە و بەپێی ئەوەی موحەممەد ڕەزاشا لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاگادار بوو، دەیویست ئەم دوو مەبەستە پێکەوە بقۆزێتەوە. ڕووداوەکانی ناوچەکە، هەموو شوێنێکی دەلەرزاند و ئاسوودەیی خەیاڵی لە شا دەسەندەوە. بە گشتی ئابووریی ئێران لە ساڵی ١٩٥٨دا، دابەزی. بودجەی دەوڵەت کورتی هێنا. شا لەگەڵ هەندێ لە کاربەدەستانی سەربازیی و حکومی، ناکۆکیی هەبوو. کودەتای ١٩٥٨ی عێراق و هەست بەمەترسیکردن لە دووپاتبوونەوەی دۆخێکی هاوشێوە لە ئێراندا، وای لە ڕژێم کرد دەست بداتە ڕیفۆرم، بەتایبەت کە دەوڵەتی ئەمریکاش لەو ترسەدا بەشدار بوو. لە تاراندا، شۆڕشی عێراق وەك

جۆرێـك لـه پێـشهاتی سەرسـوڕهێنەرانه و وەك بوومەلـەرزه و هـەوره بروسـكەیەك لـه ناوچـەكەدا، تەماشـا دەكـرا. شـا پەهلەوییـەكان لـه فـەرمانڕەوایی هـاشمیی عێـراق نزیكبووبوونەوه و وەها دەكەوته بەرچاو كه بـەهێزیی فەرمانڕەواییەكـەی شتێكی وای لـه موجەممەد ڕەزای پەهلەوی كەمتر نییه. ئەگەرچی بـه كودەتاكـەی عێراق پاشـایەتیی ژێر كۆنترۆڵی بەریتانیا لـه لایـەن ئەفسـەرەكانی سـوپای عێراقـەوه لەناوچـوو، بـەڵام لـه بەغدا گۆمی خوێن هەستا و لاشەی كوژراوانی كودەتاكەی ۱۹۵۸، بـه بەرچـاوی خەڵكـەوه و بـه ڕۆیشتنی ئۆتۆمبێلەكان بەسەریادا، پارچە پارچە كران... لە ناو شارەكاندا، ژمارەیەكی زۆر لـه لاشـەی كوژراوەكـانی كودەتـا، لەسـەر شـەقام و كووچـه و كۆڵانـدا كـەوتبوون و خـەڵك سـووكایەتییان پـێ دەكـردن. "یـەكێك لـه بەرپرسـه سـەربازییەكانیان بـه تراڤیـك لایتێكدا هەڵواسیبوو، تازه مردبوو و هێشتا خوێن به جلەكانیدا دەهاتـه خـوارەوه، ڕەنگـه یـەك دوو كاتژمێریش بەسـەر لەسێدارەدانەكەیدا تێپەڕنەبووبێت. دەمەو ئێواره بوو و چیتر كەسێك له شەقامەكاندا نەمابوو. له پڕ ژنێكم لـەناو خێمەیـەكی تەنیشتی لەسـێدارەدراوەكەدا بینـی. ڕاوەستابوو، جاروبار تەماشای دەوروبەری دەكرد و شتێكی وەك دەرزیـی درومـانی لـەژێر خێمەكەوه دەردەهێناو و بـه لاشەكەیدا دەكرد"...

كاتێك هێرش كرایه سـەر كۆشـكی ڕیحـاب، لێپرسـراوانی سـەربازی بـەردەوام لـه ڕادیـۆ ڕایاندەگەیانـد كـه خـەڵك بڕۆێنـه سـەر شـەقامەكان و دژی دەسـەڵاتی شـا و بنەماڵـەی سەڵتەنەت ڕاپەڕن. خـەڵكی هاندراو، تـەرمی ڕووتـی عەبدولئیلاهیان بەسـەر شـەقامەكاندا ڕادەكێشا. تەنانەت ئەندامی نێرینەیان بڕیبوو و خستبوویانه ناو دەمی. گوریسیان بـه ژێر سنگ و باسكیدا ڕاكێشابوو. ئەندامێكی حیزبی شیوعی لاشەی به چەقۆ ئەنجن كـرد و پاشان به ستوونێكی كارەبایی بەردەم وەزارەتـی بەرگریدا هەڵیانواسـی. تـەرمی نـووری سـەعیدیش هـەر وای لـێ بەسـەر هـات و لەبـەردەم باڵیۆزخانـەی میـسردا سـووتاندیان و خۆڵەمێشەكەی لەگەڵ خەوش و خۆڵی سـەر شـەقامەكه تێكـەڵ بـوو. كودەتاكـه ڕووخـانی حكومەتەكەی هاشمیی بەدواوه بوو. بـەڵام دوای كودەتـا، فەزایـەكی پـڕ لـه دوژمنایـەتی و توندوتیـژی لـه لایـەن كۆمۆنیستەكانەوه بەسـەر عێراقـدا هێنـرا، دواتـر حیزبـی تـوده لـه ڕاپەڕینی ۱۹۷۹ی گەلانی ئێرانیش، وەها مژدەكیان پێبـوو. ڕژێمـی نـوێ، بـەبێ وەسـتان

پـەیمانی یـەکێتیی عـەرەبی هەڵوەشـاندنەوە. کۆڕانکارییـەکانی عێـراق، ڕەنگدانـەوەی بزووتنەوەیەکی گەورەتر بوو کە دوای جەنگی جیهانیی دووەم لە جیهانی عەرەبیدا گەشەی کـرد و بـە پلەیـەکی بـەرز و کاریگـەر لـە کۆمـەڵگای عەرەبیـدا کاردانـەوەی هـەبوو. ئـەو ئامانجانەی کە ئەم بزوتنەوەیە هەیبوون، هەمان ئەوانـە بـوون کـە تـەواوی بزووتنـەوەکانی جیهانی عەرەبی هەیانبوون. هێزە پێکهێنەکانی ڕاپەڕین لە بنـچینەدا، هـەمان ئەوانـە بـوون کە لە بزووتنەوەکانی جیهانی عەرەبی بەشدارییان کردبوو. کودەتـای چـواردەی تـەموز، لەبەر ئازادکردنی خەڵکی عێراق لە بەندەیی و کۆیلایەتیی بەریتانیا و فەرمانڕەوایی هـاشمی بە پاڵپشتیی بەریتانیا، بە گرنگترین دەستکەوتی مێژوویی ئەو کات ئـەژمار دەکرێـت. دوای کودەتا، عەبدولکەریم قاسم و گرووپێك لە ئەفسـەرانی ئـازاد سـوپای عێراقـی، دەسـەڵاتیان گرتە دەست. بـەم شـێوەیە کۆتـایی ڕژێمـی پاشـایەتی و دامەزراندنی سیسـتەمێکی نـوێی سیاسیی کۆماریان لە عێراقدا ڕاگەیاند.

سیستەمی کۆماری لە عێراقدا دامەزرا، بەڵام عەبدولکەریم قاسم خـۆی نـەکردە سـەرۆك کۆمار و ئەنجومـەنێك کـە پێکهـاتبوو لـە سـێ کـەس لـە ئەفسـەرەرانی نەتەوەپەرست یـان پانعـەرەبیزم، بـۆ بـەڕێوەبردنی کاروبـاری وڵات دیـاری کـرا. عەبدولکـەریم قاسـم پۆسـتی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن و سەرۆك وەزیری و وەزیری بەرگریی گرتـە ئەسـتۆ. عەبدولسـەلام عـارف کـە لـە کودەتـادا هاوکـاری عەبدولکـەریم قاسـم بـوو، جێگـری سـەرۆك وەزیـران و سەرۆکایەتیی وەزارەتی نـاوخۆی پـێ سپێردرا. فوئـاد ڕەکـابی لـە سـەرکردەکانی حیزبـی بەعس، بە هۆی هاوکاریی لەگەڵ کودەتا، وەزیـری ئـاوەدانیی پـێ درا. عەبدولکـەریم قاسـم ڕایگەیاند "سوپا، نیشمانە خۆشەویستەکەی عێراق لە دەسـتی گەنـدەڵکاران و داگیرکـەران دەردەهێنێت". ئەندامانی ڕێکخراوی (ئەفسـەرانی ئـازاد) بێجگـە لـە یـەکێکیان، هـەموو لـە بنەماڵەی هەژار بوون، پاش ئەوەی چوونە ناو سوپا، لە ڕیزی چینی مووچەخۆردا بوون، کە ئەمـە خـۆی دەورێکـی گرنگـی دەبـینی لـە هـۆگریی ئـەوان بـۆ سیاسـەتی سۆشیالیـستی و دژایەتیی کۆلۆنیالیستەکان. ئەفسەرانی ئازاد چاوەڕوانیان دەکرد کـە کاروبـاری عێـراق بـە دەسـتی لیژنەیـەك بـەڕێوە بـچێ، کـە لەڕاسـتیدا هـیچ دەسـەڵاتێکیان نـەبوو. بـەم جـۆرە ئەنجومـەنی ئەفسـەران نەهاتـە دی و بواریـك ڕەخـسا بـۆ دیکتـاتۆریی سـەربازیی. ئەمـە

ناڕەزایەتیی ئەفسەرانی ئازادی بەرانبەر عەبدولکەریم قاسم، بەدواوە بوو. عەبدولکەریم قاسم لە گرۆی ئەفسەرە ئازادەکاندا پێگەیەکی بالای دەستکەوت. ئەو بە سانایی ڕکابەرەکانی خستە لاوە، ئەوکات لە کۆنترۆڵکردنی هەستی لایەنگری لە کۆماری یەکگرتووی عەرەبی، سەرکەوتوو بوو. گرووپێك لە نووسەران لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەم کارە بووە هۆی هەوڵێکی سەرنەکەوتووی ئەفسەرە ئازادەکان بۆ بێسەروشوێنکردنی عەبدولکەریم قاسم، لە ئازاری ساڵی ۱۹۵۹. هەرچەندە ئەفسەرە گەنجەکان دیدگایەکی ڕوونیان لە داهاتووی عێراق نەبوو و وەفاداریەکی وەهایان سەبارەت بە مەسەلەی کۆمەڵگای عێراقی نەبوو. باڵێوزی ڕووسیا یەکەمین باڵێوز بوو کە لە وەزارەتی بەرگری بۆ دیداری عەبدولکەریم قاسم هاتبوو. عەبدولکەریم قاسم مەیلی چەپگەرایانەی هەبوو و پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت دروستکردبوو.

خەڵك ڕژانە سەر شەقامەکان و حکومەتی نوێ لە هەمان ڕۆژی دەستپێکردنەوە لە لایەن گەلی عێراقەوە، بە تەواوی پشتگیریی لێ کرا. نوێنەرانی پەرلەمان وەستێران و بە تورەیی ئەو کەسانەی کە پلەبەرز بوون لە دەوڵەت وسوپادا، دوایین مامەڵەیان لەگەڵدا کرا. تەنانەت ئەفسەرە هەوادارەکانی پەیڕەوی بیری جەمال عەبدولناسر لە عێراق، سەبارەت بە بەریتانیا بێزارییان دەربڕی. سەرەڕای ئەمەش، سەرکەوتنی هەواداری بیری عەبدولناسری عێراق، وەها وێنەیەکی نیشان دا کە پانعەرەبیزم لە ناوچەکە بەرەوپێشچوونێکی باشی بەخۆوە بینیوە. خودی عەبدولناسریش لە ساڵی ۱۹۵۲دا، حکومەتی فاروق پاشای میسری ڕووخاند. عەبدولکەریم قاسم سەرەتا لە نێوان خەڵکی عێراقدا خۆشەویستییەکی تایبەتی بەدەستهێنا. پاش ڕاپەڕینەکەی ۱۴ی تەموز و نەمانی نووری سەعید، شادیی و خۆشی کەوتە دڵی خەڵکی گوند و ناوچە دوورەکان. هەموو حیزب و لایەنەکان بە سەربەستی بۆچوونی خۆیان دەردەبڕی، بەڵام خەڵکی تریش لە کۆمەڵگادا هەبوون کە لە سەرهەڵدانی ئەو ڕووداوە بە توندی نیگەران بوون. "ئەو ڕۆژەی کە مەلیك کوژرا، خەڵکی عێراقیش گۆڕدران و ئەو کودەتایەیان وەك ڕاپەڕینی جەماوەری تەماشا دەکرد. کوردەکان وا بیریان دەکردەوە کە لە هەموو کۆتوبەندێك ڕزگار بوون. کاتێك ڕادیۆ هەوالی کودەتای خوێندەوە، باوکم پێی تێکچوو و گوتی: عێراق چارەڕەش بوو و ئیتر ڕووی خۆشی و

ئاسایش بەخۆیەوە نابینێ، تازە بێبەختی و نەهامەتی دەستپێدەکات، لە ناوچەی ئێمەدا هەر شۆڕشێك ڕوو بدات، خەڵك چارەڕەش و داماو دەبن".

قەیران و ناجێگیری لە یەکەم ڕۆژی گۆڕانی سیستمەوە دەستی پێکرد. "ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی نیشتمانی لە کەرکووك و شیوعی و پارتی، چوونە ناو شەقام و کووچە و کۆڵان، شالاویان بردە ناوەندەکانی پۆلیس و هەندێ چەك کەوتە دەست خەڵك. دەستە دەستە چاوەڕوان بووین کە بزانین هەڵوێست و بڕیاری حیزب چی دەبێ. دەستەیەکیش لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش و ناوەندی پۆلیس و... نزیك بووینەوە، بەڵام نەماندەزانی چی بکەین، نەدەمانوێرا هێرش بکەینە سەریان و ئەوانیش نەیاندەوێرا تەقەمان لێبکەن. خەڵکیش بە ترس و لەرزەوە هاتبوونە ناو شەقامەکان، تەنیا خۆپیشاندان و دروشموتنەوە بوو، هاواری بژی ئەم و بمرێ ئەو، بەردەوام بوو. لە پڕ ژمارەیەك ئەفسەر و پلەدار و... هاتنە ڕیزی خەڵکەوە و هێزەچەکدارەکانیش خۆیان کۆمپانیای نەوت و بالێوزخانەی ئەمریکا و بەریتانیایان ئابلۆقە دا. هاتوچۆ بە تونديی کۆنترۆڵ کرا، کە نەکا کەسێك لێیان نزیك ببێتەوە، بەڵام تالانکردنی شوێنە حکومییەکان دەستی پێکرد و لە ماوەی کەمتر لە چەند سەعاتێکدا، هەموو شتێك ڕفێندرا و ئاسەواری نەما".

ڕۆژی ١٤ی تەموز، جەمال عەبدولناسر لە دوورگەی (بریونی)ی یوگسلافیا، چاوپێکەوتنێکی فەرمیی لەگەڵ مارشاڵ تیتۆ لەسەر بانگهێشتی ئەو، هەبوو، بڕیار بوو دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، بە کەشتیی ئازادی و لەژێر چاودێریی دوو کەشتیی جەنگیی میسریدا، بگەڕێتەوە بۆ قاهیرە. سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٤ی تەموز، کەشتیی (ئازادی) لە ڕێگەی قاهیرەوە چەند ڕاپۆرتێکی لە دیمەشق وەرگرت، کە هاوکات لەگەڵ وتووێژ و پەیوەندیی بورجی چاودێریی فڕۆکەخانەکانی دیمەشق و بەغدا، فەرمانبەری بێتەل لە بەغدا، ڕایگەیاندووە کە ناو شار شێواوە و تانکەکان چوونەتە ناو شەقامەکان و لەوە دەچێ شۆڕشێك ڕووی دابێ. جەمال عەبدولناسر لە خەوی بەرەبەیان ڕاچەنی و گوێی ڕادەگرت بۆ ئەو هەواڵانە کە لە ڕێگەی ڕادیۆی قاهیرەوە سەبارەت بە بەغدا دەگەیشت. نزیکەی سەعات هەشت و نیوی بەیانی بە تەواویی ڕووبووەوە کە سوپای عێراق بە سەرۆکایەتیی

عەبدولکەریم قاسم دەسەلاتی گرتووەتە دەست. کاتێک هەواڵی شۆڕشی ۱۴ی تەمووزی ۱۹۵۸ ڕاگەیاندرا، جەمال عەبدولناسر سەرگەرمی سەردانی یوگسلاڤیا و کۆبوونەوە لەگەڵ تیتۆی سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی یوگسلاڤیا بوو. کاتێک هەواڵەکەی لە ڕادیۆ بیست، زۆر دڵشاد بوو و وایدەزانی کە دەتوانێ عێراق بە کۆماری یەککگرتووی عەرەبییەوە بلکێنێ و نووری سەعید کە کۆسپی سەر ڕێگەی ئەم پلانە بوو، تۆوی لەسەر زەوی بڕاوە.

"ڕۆژی ۲۸ی نیسانی ۱۹۵۸، سەفەری جەمال عەبدولناسر بۆ مۆسکۆ دەستی پێکرد کە سێ حەفتەی خایاند. لەو سەفەرەدا سەردانی شارەکانی لینینگراد، کییەف، باکۆ، ستالینگراد، دلۆسک، تاشکەند، تەنانەت کازاخستانیشی کرد. جەمال عەبدولناسر وەکوو یەکەم سەرۆکی نەوەی نوێی سەرۆکانی جیهانی سێیەم، سەردانی مۆسکۆی کرد و پێشوازیی لێ کرا. ڕووسییەکان دەیانویست جەمال عەبدولناسر خۆی پێشکەوتنەکانی سۆڤێت ببینێ و بزانێ کە ڕووسییەکان لایەنی بەرانبەر و بەهێزی ئەمریکییەکانن. جەمال عەبدولناسر دەیویست هەرچی زووترە خۆی بگەیەنێتەوە قاهیرە، بەڵام سەفەرکردن بە کەشتیی (ئازادی)، سێ ڕۆژی دەخایاند. فرۆکەیەکی (وایکانت) هەبوو کە بە هەشت سەعات بەسەر دەریای مەدیتەرانەدا دەگەیشتە قاهیرە، بەڵام ئەوە ڕێگەیەکی دوورودرێژ و پڕمەترسی بوو. لە کاتژمێر چواری دوانیوەڕۆ، بڕیاری خۆی دا کە بە کەشتی خۆی بگەیەنێتە ئەسکەندەریە. مارشاڵ تیتۆ گوتی: بۆ دڵنیایی زیاتر، دوو کەشتیی جەنگیی یوگسلاڤی تا ئەسکەندەریە لەگەڵتدا دێن. لەو کاتەدا بوو کە جەمال عەبدولناسر یەکەم بەیاننامەی خۆی بڵاوکردەوە و پشتگیریی تەواوی لە شۆڕشی عێراق کرد و بروسکەیەکی تایبەتیشی بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد. دەمەو ئێوارە چەند هەواڵێکی پشتڕاستنەکراوەمان بیست، کە گوایە ئەمریکییەکان بڕیاریان داوە بەم زووانە لە بەیروت و ئینگلیزەکان لە عومان، هێزەکانیان دابەزێنن. جەمال عەبدولناسر، دکتۆر مەحموود فەوزیی وەزیری دەرەوە و حەسەنەین هەیکەلی بانگ کرد و گوتی: بۆنی پیلانێک هەست پێ دەکەم. هێشتا دوو ساڵ بەسەر جەنگی سوێسدا تێپەڕنەبووە، بەپێی ئەو هەواڵانە کە بەدەستم گەیشتوون، فرۆکەکانی بەریتانیا لەسەر ئیزنی ئیسرائیل، لە ئاسمانی ئیسرائیلەوە تێپەڕ

دەبن و دەچنە عومان، ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا لە لوبنان دابەزن، لەوانەیە ئەمە سەرەتای ڕووداوێکی گرنگ بێ".

دوای نەمانی سەرۆکی عێراق، هێزەکانی ئەمریکا، بە تایبەت هێزە یەکەمینە ستراتیژییە ئاسمانییەکان، کەوتنە حاڵەتی ئامادەباشییەوە.گۆڕانکارییەکانی عێراق زۆربەی ناسیۆنالیستەکانی عەرەبی شادومان کرد و ئەوانەی نەیاری شەپۆلی ئەم لێشاوە بوون، بەهەڵەداوان ڕوویان کردە تەیارکردنی نەیارانی. لەناکاو کەلێنێك لە پەیمانی بەغدادا پەیدا بوو. هەر لەو کاتەدا عێراق، ئەو وڵاتەی کە کۆڵەکەی پەیمانی بەغدا بوو، داڕما. بەڵام ئەردەن زۆر لەگەڵ ئەو کارەدا نەبوو. حوسێنی گەنج لە ئەردەن، لە لایەن لایەنگرانی جەمال عەبدولناسرەوە لە سوپادا، هەڕەشەی لێکرا. بەریتانیاش بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوەی لە عێراقدا ڕووی دا، لە ئەردەنیش پێش نەیەت و بە مەبەستی پاراستنی گیانی شاحوسێن، هێزەکانی خۆی لە ئەردەن دابەزاند. دەستەی چەتربازانی بەریتانیا، بە مەبەستی ڕزگارکردنی ئەو، هاتنە مەیدانەوە. دەوڵەتەکانی لوبنان و ئەردەن، بە مەبەستی پاراستنی خۆیان، بانگهێشتی هێزە بیانییەکانیان کرد. کاردانەوەکان لە لوبناندا، واتە ئەو شوێنەی مسوڵمانانی لایەنگری جەمال عەبدولناسر سەرقاڵی بەرهەڵستیی مەسیحییەکان بوون، توندوتیژتر بوو.

دەنگوباسی شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم و پشێویی لوبنان، سەرلەبەیانیی ١٤ی تەموز گەیشتە واشنتۆن. کامیل شەمعوون، سەرۆککۆماری لوبنان، کە مەسیحییەکی مارۆنی بوو، پێی داگرت لەسەر ئەوەی ئەمریکا یارمەتیی بدات. لەڕاستیدا شەمعوون دوای ڕاپەڕینی نەتەوەپەرەستان لە لوبنان، داوای یارمەتیی کرد، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هیچ پێویستییەکی بە یارمەتی نەبوو. لە ١٥ی حوزەیراندا، هێزەکانی ئەمریکا بۆ بەرگری لە حکومەتی کامیل شەمعوون، لە بەیروت نیشتەجێ بوون. (لە ڕوانگەتدا بۆ پشتگیری لە حکومەتی لوبنان لە بەرانبەر شیوعییەکان بوو، بەڵام لەڕاستیدا بۆ یارمەتیدانی مەسیحییە مارۆنییەکان بوو کە لە کێشە لەگەڵ مسوڵمانان، بتوانن دەسەڵات بەدەستبهێنن). لە سەعات ٩:٤٥ خولەکی سەرلەبەیانی، دالّس، چالاکییە سیاسییەکانی ئەم دواییەی سۆفێتی لە ناوچەکەدا، بۆ سەرۆکانی کۆنگرە ڕوونکردەوە و ڕایگەیاند "کاتی ئەوە هاتووە

که بەرگری بکەین لە بارودۆخی نالەبارمان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دەوڵەت خوازیاری ئەوە بوو کە هێزەکانی لە لوبناندا دابەزێنێ". لەو مانگەدا هێزە دەریاییەکانی ئەمریکا لە بەیروت دابەزین و لە ۲۶ی هەمان مانگدا چەترباز‌ەکانی بەریتانیا لە قوبرسەوە بە فڕۆکە بەرەو عومان بەڕێکەوتن. مۆڵەتیان لە ئیسرائیل وەرگرت و لە ئاسمانی ئەو وڵاتەوە تێپەڕ بوون. دەوڵەتی سعودیە لە ترسی ئەوەی ڕق و تووڕەیی عەرەبەکانی لێنەکەوێتەوە، ڕێگەیان نەدا نەوتی ئەمریکا لە ڕێگەی سنوورەکانی عەرەبستانەوە بنێردرێت بۆ ئەردەن. بۆیە لەسەر ڕەزامەندیی ئیسرائیل، سوود لە ئاسمانی ئەو وڵاتە وەرگیرا و بە فڕۆکە نەوت لە لوبنانەوە نێردرا بۆ ئەردەن.

"هەر چەندە هێزی کۆماندۆ و دەریایی ئەمریکا لە لوبنان دابەزین، بەڵام مۆسکۆ هەنگاوێکی وەهای هەڵنەگرت، چونکە کۆمۆنیستەکان بۆچوونی قاسمیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشابوو. دوو مانگ بەر لە دابەزینی هێزەکان، دالس، لە زیاد بوونی دەسەڵاتی جەمال عەبدولناسر و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، کە لە لایەن میسر و سووریا و یەمەنەوە لە سەرەتای ۱۹۵۸ پێکهێنرابوو، نیگەرانیی دەربڕی و وتی کە ئەردەن و عێراق و لوبنان کەوتوونەتەوە مەترسییەوە. بەر لە ڕاپەڕینی عێراق، لە لایەن ئەمریکاوە حەفتا ئامێری قورسی جەنگ و سەدان فڕۆکە و چوارده هەزار سەربازی هێزی دەریایی، هاتنە ناو لوبنانەوە. لە ناوەڕاستی حوزەیراندا کەوتنە پەلاماردانی عێراق. واشنتۆن هەڕەشەی جەنگی کردە سەر کۆماری نوێ. کۆمپانیای نەوتی عێراق بە پاڵپشتیی وەزارەتی دەرەوە، بە مەبەستی شکاندنی دەوڵەتی نوێ، بەرهەمهێنانی نەوتی بە ئارامی هێنایە خوارەوە. وەزارەتی دەرەوە هەوڵی دا کە ڕێگە لە عێراق بۆ پاڵپشتی و هاوکاریی کۆمپانیا نەوتییەکانی تر، بگرێت. ناوەندە باڵاکانی واشنتۆن هۆشداریان بە کۆمپانیا نەوتییەکانی دەرەوە وەک کۆمپانیای (کارتل هفت خواهران)، بە واتای کۆمپانیا سەربەخۆکان دا و ئاگاداریکردنەوە کە عێراق جێبهێڵن. بەرنامەیەکی نهێنی دانرا بە مەبەستی پەلاماری هاوبەشی ئەمریکا و تورکیا بۆ سەر خاکی عێراق، لە ماوەیەکی کورتدا لە پاش کودەتاکەی ۱۹۵۸. ژەنەرال (ناتان تونینگ)ی سەرۆکی سەرکردایەتیی گشتیی هێزەچەکدارەکانی ئەمریکا، پێشنیازی (هێرشێك لە سەرانسەری ناوچە)ی پێشکەش کرد. هێزەکانی ئەمریکا

لە لوبنان نیشتەجێ دەبن، هێزەکانی بەریتانیا دەچنە عێراق و کوێت، ئیسرائیلییەکان دەچنە کەنارەکانی پۆرتئاوا و هێزەکانی تورکیا دەچنە ناو خاکی سووریا".

ژەنەراڵ ناتان تونینگ، سەرۆکی سەرکردایەتیی سوپا، داڵسی دڵنیا کردبوو کە لەوێ کێشەی چەکداریی پێش نایەت. ژەنەراڵ دواجار دووپاتی ئەوەی کردەوە کە "ڕووسیاییەکان هەڵناکوتنە سەرمان. ئەگەر ئەو کارە بکەن و بێنە مەیدان، ئەوە باشترین هەلیان بۆ ئێمە ڕەخساندووە و ئەمجارە ئێمە گورزێکیان لێدەوەشێنین کە قەڵاچۆ ببن. ئەوان خۆیان ئەو شتە باش دەزانن". دیسان گرفتێکی دیکە، لێکدانەوەی دروستی ئامۆژگاریی ئایزنهاوەر بوو. هەندێ لە ئەندامانی کۆنگرە وای بۆ دەچوون "چونکە هەر هەڕەشەیەکی کۆمۆنیستی زۆر ڕوون نییە، داڵس چاوەڕوانیی ئەوەیان لێ دەکات کە وازبهێنن لە دەستێوەردان لە جەنگی ناوخۆیی لوبنان" و دەیانگوت بەم لۆژیکە سەربازانی ئەمریکا دەبێ بچنە عێراقیش. ئەڵبەت ئەوان کۆسپێکیان نەخستە سەر ڕێگەی ئایزنهاوەر و لە کاتژمێر ٢ و ٣٠ خولەکی دوانیوەڕۆ، سەرۆککۆمار دەستووری دەستێوەردانی دا و هەر لەو کاتەدا کە چەتربازەکانی بەریتانیا چوون بۆ ئارمەتیی مەلیك حسێن و بە مەبەستی سەقامگیرکردنی حکومەتەکەی لە ئەردەن، دابەزین. چواردە هەزار سەربازی ئەمریکی لە لێوارەکان و دەوروبەری شوێنی مەلەکردنی گشتیی لوبنان، بە مەبەستی کوژاندنەوەی مەترسیی جەنگ، هاتنە خوارەوە. ڕێژەی هێزەکان هۆشداریی بە هەردوو دەوڵەتی نوێی عێراق و جەمال عەبدولناسر دا، کە دەستبردن بۆ بەرژەوەندییە نەوتییەکانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکە، بە هیچ جۆرێك قبوولّ ناکەین.

ئەو پێداگرتنە لەسەر ڕۆژهەڵاتی باشووری ئاسیا، پیشاندەری دڵەڕاوکێی دەوڵەتەکەی ئایزنهاوەر لە چینی ماوی بوو. سیاسەتی ئایزنهاوەر کاتێك ڕوون بووەوە کە لە کۆتایی هاوین و پاییزی ١٩٥٨دا، چینییەکان گوللەبارانی دوورگەکانیان کرد. لەوانەیە ماو پلانی پەلامار بۆ سەر دوورگەکانی نەبووبێ، بەڵکوو هیوادار بوو بە سوودوەرگرتن لە بارودۆخی ئەمریکا، کە گیرۆدەی قەیرانێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووبوو، بگاتە یەکێك لەم دوو ئاکامە: یان سەربازخانەی کۆمۆی بەبێ پەلامار خۆی بەدەستەوە بدات، یان بەڵکوو

ویلایەتە یەکگرتووەکان هێرش بکاتە سەر خاکی چین و بەم شێوەیە پشتگیریی یەکێتیی سۆڤێت بەدەست بهێنێ و بیکێشێتە ناو جەنگ لەگەڵ ئەمریکا. بەڵام هیچ یەکێك لەو دوو ئامانجە نەهاتنە دی. هێزی حەوتەمی دەریایی ئەمریکا، سەربازان و ئامێرە جەنگییەکانی چینی نەتەوەیی بەرەو دوورگەکان پارێزگاری کرد و دالّس هۆشداریی دا کە کۆمۆی لە ئاستێکی بالّادا پەیوەندیی بە ئاسایشی تایوانەوە هەیە. چەکدارەکانی هێزی دەریایی ئەمریکا تۆپی هەشت ئینجییان بۆ کۆمۆی برد، کە دەیتوانی کلّاوەی ئەتۆمی بهاوێژێ. ڕاوەستانی شێلگیرانەی ئایزنهاوەر لە بەرانبەر چینییەکان و پێداگرتنی لەسەر چەکی ئەتۆمی، تاکتیکی ئەوی ڕاکێشا بەرەو هەلّوێستێکی سیاسیی ڕوونتر. خرۆچۆڤ لەم نێوەندەدا تەنیا ماوی دلّنیا کرد کە (ئەگەر چین بکەوێتە بەر پەلامار، ڕووسیا پشتگیریی لێ دەکات و یارمەتیی دەدات). بەراوردکردنی چینییەکان لە کاردانەوەی ئەمریکا و هاوسەنگیی هێز و توانای ئەمریکا ـ سۆڤێت، دەبوو وردبینانەتر بووایە و ماو دەبوو لە قەیرانی ڕۆژهەلّاتی ناوەڕاست زۆر ئەزموونی وەربگرتایە. هێشتا ڕەخنەگرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پرسیارگەلی وا پێشنیار دەکەن کە دوای کودەتا، ئەم وڵاتە سەبارەت بە سەرۆکی عێراق و وێناکردنی ئاشکرای هەستی خەڵك و سەبارەت بە هەنگاوەکانی ئەوان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، چ کاردانەوەیەکی هەبوو؟ بە شەوق و گەرمییەوە کە خەڵکی عێراق هەنگاویان بۆ ئازادی هەلّگرتبوو، چی کرد؟ ئایا بەوەی کە تا ئەندازەیەك سیمای دیموکراسی لە ناوچەکە بەدیارکەوتبوو، ڕازی بوو؟ ئایا لەوەی کە چیتر حوکمڕانێکی بێزراو نییە، هەستی بە شادومانی دەکرد؟

بە بۆچوونی هەندێ کەس، [۲۴] سەعات دوای سەرکەوتنی کودەتای تەموزی ۱۹۵۸، ڕووسیا حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمی بە فەرمی ناسی، گرووپێکی تر دەلّێن [۴] ڕۆژ دوای کودەتاکە بووە. جەمال عەبدولناسر بە پەلە پشتگیریی لە عێراق کرد. بە خێرایی لە [۱۶]ی تەموزدا چوو بۆ مۆسکۆ و لەگەڵ خرۆچۆڤ گفتوگۆی کرد. وەك بڵێیت کە کۆمۆنیستەکان لە بەرانبەر قاسمدا، سیاسەتێکی تایبەتیان دانابوو. پاش ڕووسیا، چین ڕژێمی نوێی عێراقی بە فەرمی ناسی و ناڕەزایەتیی دەربڕی بەرانبەر ئەمریکا و بەریتانیا کە هێزە چەکدارەکانیان لە لوبنان و ئەردەن دابەزاندبوو. هەر لەو کاتەدا چین پشتگیریی خۆی

لە رژێمی نوێی عێراق ڕاگەیاند و ڕۆژنامەکانی چین لە ١٧ی تەمووزدا نووسییان: لە بەرانبەر هەر چەشنە هێرش و دەستدرێژییەکی بەریتانیا و ئەمریکا دژی عێراق، هەزاران چینی خوازیاری بەرگری لە رژێمی نوێی عێراقن. بە بیانووی جۆراوجۆر، ئەمریکا وازی نەدەهێنا لە پەلاماری ڕاستەوخۆ بۆ سەر عێراق. هێزەکانی ئەمریکا لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٨، لە لوبنان چوونە دەرەوە. ڕاجێر موریس، ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی لە سەردەمی سەرۆکایەتیی جۆنسۆن و نیکسۆن، دەنووسێ: ئەمریکا، عەبدولکەریم قاسم لە عێراق و جەمال عەبدولناسری لە میسر، وەکوو دوژمنانی ڕقئەستووری واشنتۆن سەیر دەکرد. هەبوونی سۆڤێت لە نزیکی عێراق و پلانی کۆماری تازەدامەزراوی یەکگرتووی عەرەبی لە پاڵ عێراقەوە، کە دژی هەر چەشنە دەستێوەردانی بیانی دەجەنگێ، سەرەتای شەڕێکی گەورە دەبوو بە هۆی پەلاماری ئەمریکا لەو ناوچەدا. بەم بۆنەوە ئەمریکا بەرهەڵستیی نهێنیی بە مەبەستی ئاڵۆزکردنی عێراق و ڕووخاندنی عەبدولکەریم قاسم، دەستپێکرد. ئەو هەوڵەی کە لە ئاکامدا بووە هۆی هاتنە سەر حوکمی حیزبی بەعس و سەدام حسێن.

هەواڵنامەی کێژ

کۆماری تازەدامەزراوی عێراق، پەلەی نەکرد لە بەرهەڵستیکردن دژی بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیا نەوتییەکانی ڕۆژئاوا لە عێراق و کوێتدا. لە ١٨ی تەمووزی ١٩٥٨دا، چوار ڕۆژ پاش شۆڕشی عێراق، نیویۆرك تایمز لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند: تا ئەو کاتەی دەوڵەتی خەباتکاری عێراق ڕێز بگرێ لە بەرژەوەندیی کۆمپانیا نەوتییەکانی ڕۆژئاوا، هێرش ناکرێتە سەری. دوای ئەو ڕۆژە، ڕادیۆی بەغدا ڕایگەیاند کە ئامانجی عێراق ڕاپەڕاندنی کارەکانێتی. دەوڵەتی عەبدولکەریم قاسم پێکهاتبوو لە کۆمەڵێك لە ئەفسەرانی سوپا بە بیروباوەڕی سیاسیی جۆراوجۆرەوە. ئەم ئەفسەرانە هەندێکیان نەتەوەپەرستی لە چەشنی جەمال عەبدولناسر بوون، هەندێکیان بیریان لە باڵی ڕاستی حیزبی بەعس دەچوو. واشنتۆن بە نهێنی هەوڵی دەدا لەو جیاوازییانە سوود وەربگرێ. دوای کۆبوونەوەی دالّسی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و سلوین لویدی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لەگەڵ ئایزنهاوەر لە واشنتۆن، ڕاگەیەندرا لەبەرئەوەی دەوڵەتی عێراق ڕێز لە بەرژەوەندیی نەوتیی ڕۆژئاوا دەگرێ، هێرشی سەربازیی ناکرێتە سەر. بەهەرحاڵ، عەبدولکەریم قاسم ڕایگەیاند لە هەر

دۆخێکدا، عێراق ڕێز دەگرێ لە بەڵێنەکانی سەبارەت بە ڕێکەوتننامەکان و بەربژارە نێونەتەوەییەکان (ڕێکەوتننامەکانی نەوت) و لەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییانەی کە عێراق تێیدا ئەندامە، ئامادە دەبێ. ئەم وتانە گومانەکانی کەم کردەوە و نەرمبوونی عەبدولکەریم قاسم پێشوازیی لێکرا. ئەم هەڵوێستە بووە هۆی ئەوەی زۆرینەی ئەو وڵاتانەی پێشتر دۆستی ڕژێمی پێشوو بوون، حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بە فەرمی بناسن. دواتر عەبدولکەریم قاسم زەوییەکانی کۆمپانیاکانی نەوتی وەرگرتەوە. ئەڵبەت لەلایەن دیبلۆماتکارەکانی وڵاتانی دەرەوە، بە تایبەت وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و ئێران، چاودێری و سەرپەرشتیی تەواوی کارەکە دەکرا.

لە بەرانبەر هەڕەشە و گەلەکۆمەکێکانی ئەمریکا، یەکێتیی سۆڤێت دەستی کرد بە مانۆڕ لە سنووورەکانی ئێران و تورکیا. تا ئەو کاتەی ڕووخسار و ئامانجەکانی کۆماری تازەدامەزراوی عێراق دەردەکەێ، جەنگێکی گەورە لەوانەیە دەستپێبکات. لە نیسانی ساڵی ۱۹۵۹دا، سەرۆکی ڕێکخراوی CIA ئالێن دۆلێس، لە کۆنگرەدا ڕاگەیاند: بارودۆخی عێراق پڕمەترسیترین بارودۆخە لە جیهانی ئەمڕۆدا. ئەمریکا بە هەڕەشەوە نەوەستا، بەرژەوەندیی نەوتی بە مەترسی زانیبوو. بەم شێوەیە چاودێرانی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی CIA، لە هەوڵی سڕینەوەی عەبدولکەریم قاسمدا بوون. شای ئێرانیش سەرەتا تەماشای سیاسەتی قاسمی بەرانبەر خۆیان کرد و باڵیۆزە خاوەن ئەزموونەکەی نارد لای عەبدولکەریم قاسم، تاوەکو بیروڕای عەبدولکەریم قاسم سەبارەت بە خۆی و ئێران بزانێت.

عەبدولکەریم قاسم بێجگە لەوەی لە لێدوانەکانیدا عێراقی بە سەربەخۆ دەناساند و خۆی بە چەپ و ئازادیخواز و پەیوەست بە سیاسەتەکانی سۆڤێت پیشان دەدا، بە ئازادکردنی هەموو حیزب و گرووپە سیاسییەکان و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و بەیاننامەی ورد و درشت و جۆراوجۆر، کە هێرشیان دەکردە سەر سیاسەتی وڵاتانی دەوروبەر و دراوسێ، هەموو هیوایەکی بڕی. لە بەرانبەر دەربڕینی ناڕەزایەتی دژی ئەو ڕۆژنامانە کە سووکایەتییان بە سەرانی وڵاتانی دراوسێ دەکرد، وەڵامەکەی ئەوە بوو کە "ئێرە وڵاتی ئازادی و دیموکراسییە و دەوڵەت هیچ چاودێرییەکی بەسەر ڕۆژنامە و میدیا گشتییەکانەوە

نییە، ئەمە ئەو شتەیە کە خەڵک شۆڕشیان بۆ کردووە و بە ئامانجی خۆیان گەیشتوون. ڕژێمی نوێی عەبدولکەریم قاسم ڕایگەیاند: لە بنەماکانی سیاسەتی دەرەوە چوار خاڵی بنەڕەتی لەبەرچاو دەگرێ: پاراستنی سەربەخۆیی عێراق، یەکێتیی عەرەبەکان، پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ ئێران و تورکیا، بێلایەنی لە کێشەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. عەبدولکەریم قاسم خۆی دەپاراست لە دەربڕینی هەر چەشنە بۆچوونێك کە سەربەخۆیی و بەرژەوەندیی بنەڕەتی و نەتەوەیی عێراقی دەخستە مەترسییەوە. لەڕاستیدا ئەو دەیگوت عێراق ئامادەیە لەگەڵ هەموو وڵاتانی جیهاندا پەیوەندیی هەبێ، لە چوارچێوەی ڕێزگرتن و پاراستنی بەرژەوەندیی هەردوو لا و بەبێ یەکلابوونەوە لەناو بازنەیەکدا. عەبدولکەریم قاسم سووربوو لەسەر بێلایەنی و یەکێتیی عەرەبەکان، بەڵام کاتێك کەوتە ناو سیاسەتی دەرەوە، تێگەیشت کە بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتە بەپێی داخوازیی گرووپە سیاسییە جۆراوجۆرەکان، واتە دەستوپێوەندی کاریگەر لە پەیوەندییە دەرەکییەکان، زۆر ئەستەمە. سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێك دەوام و کاردانەوەی سیاسەتی ناوخۆی ئەو وڵاتەیە. لە سەرەتاوە سیاسەتی دەرەکیی عەبدولکەریم قاسم بەرانبەر بە ئێران، دەتوانین لە یەکەم ڕاگەیەندراوی شۆڕشدا ناوەڕۆکەکەی دەربهێنین کە لایەن ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارفەوە لە ڕادیۆدا خوێندرایەوە. لەو ڕاگەیەندراوەدا تیشك خراوەتە سەر سێ خاڵی گرنگ. ١- پەیوەندیی برایانە لەگەڵ وڵاتانی عەرەب و مسوڵمان ٢- ڕێزگرتن لە مادەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ٣- ڕێزگرتن لە ڕێکەوتنامە و بڕیارنامەکان کە بەرژەوەندیی عێراق دەپارێزن. لەو ڕاگەیەندراوەدا عەبدولکەریم قاسم زۆر هۆگری دامەزراندنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ وڵاتانی ئێران و تورکیا بوو (ئەوانی خستبووە ڕیزی یەکسان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی). ئەو ڕایگەیاند ئەو ڕێکەوتنامانەی بەرژەوەندیی عێراق دەپارێزن، شایانی ڕێزن. ئەمە سیاسەتی سەرەکیی عەبدولکەریم قاسم بوو کە لەلایەن تارانەوە پێشوازیی لێکرا. هەر بۆیە ئێران لە ٣٠ی تەمووزی ١٩٥٨دا، ڕژێمی نوێی عێراقی بە فەرمی ناسی. عەبدولکەریم قاسم سەبارەت بە ئەندامێتیی ئێران لە پەیمانی سنتۆ، گوتی: ئەندامێتیی ئێران لە پەیمانی سنتۆ، نابێتە کۆسپێك لەسەر ڕێگەی دۆستایەتیی ئێران و عێراق، چونکە ئەندامێتیی هەر وڵاتێك لە هەر پەیمانێکدا، مەبەستێکی ناوخۆییە و پەیوەندیی بە هیچ لایەنێکەوە نییە[٧]".

هەوالنامەی کێڵاو

شا، دوای دەربڕینی ئامادەباشیی خۆی لە چوارچێوەی هەماهەنگییەکەی لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا، لە شێوازی دیبلۆماسی سوود وەردەگرێت و پێش پلانە نهێنییەکەی بە ئاراستەی دروستکردنی ناکۆکی لە سیستمی حوکمی عێراقدا، بالیۆزی ئێران دەنێرێتە لای عەبدولکەریم قاسم، تاکو ڕایبگەیەنێت کە حکومەتی نوێی عێراق لە لایەن ئێرانەوە بە فەرمی ناسێنراوە. ئەمانوئێلا خانی ئەردەلان، بالیۆزی نوێی ئێران لە بەغدا، سەردانی ژەنەرالّ عەبدولکەریم قاسم دەکات "نامەی شام دا بە ژەنەرالّ نەجیب ڕەبیعی و پاش بڕیاری کۆبوونەوە لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمی سەرۆك وەزیران و وەزیری بەرگریی، چووم بۆ بینای وەزارەتی بەرگری، کە ئەم بینایە پێشتر شوێنی والیی بەغدا بوو کە لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەچوو بۆ ئەوێ و لەو شوێنەدا حوکمی دەکرد، بەڵام عەبدولکەریم قاسم گۆڕانکاریی تێدا بەدی هێنا و کردی بە بینای سەرۆك وەزیران و وەزارەتی بەرگری. لە کۆبوونەوە لەگەڵ ژەنەرالّ عەبدولکەریم قاسم، پاش سەرەتایەك دەربارەی پەیوەندیی ئێران و عێراق، ئاماژەم بە کێشەی سەرسنوور و شەتولعەرەب کرد کە لە حکومەتەکانی پێشوودا چارەسەر نەکرابوو. پاش دەربڕینی بەڕۆشی بۆ ئەم کێشەیە، هیوام خواست لە حکومەتەکەی ئەودا، ئەم گرفتە چارەسەر بکرێت کە بە سوودی هەردوو لایە. شتێکی زۆر ناخۆش و ناەبار لە گفتوگۆکردن لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم دووبارەدەبووەوە، ئەوە بوو کە هەر تەنیا ناوی گەلی ئێرانی دەهێنا و ئەگەرچی من بالیۆزی بالاّ بووم و نوێنەری موحەممەد ڕەزا پەهلەویی شای ئێران بووم، بەڵام ناوێکی لە خاوەن شکۆ نەدەبرد و بەردەوام دەیگوت: دۆستی گەلانی ئێران و عێراق. لەسەر ئەو وشانە پێی دادەگرت و نەیدەویست ناوی شای ئێران ببات. ئەو دیدارە، بۆ بەیانیی ڕۆژی دوایی، لە ڕۆژنامەکانی ئێران و عێراقدا بڵاوبووەوە. چەند کەسێك لە وەزیرەکانی کورد هەبوون، وەکوو وەزیری ڕێگەوبان، کە دەیگوت لەڕاستیدا ئێرانییە، پێکەوە بە کوردی قسەمان دەکرد".

شا، ڕاپۆرتەکەی ئەردەلانی خوێندەوە و ڕەخنە ڕۆژنامەوانییەکانی ناوخۆی عێراقیشی بیست کە بە بڕوای شا، بێ بایەخکەرانە بوون. دواتر پەیوەندیی عەبدولکەریم قاسم لەگەڵ ڕووسییەکان و دەرکەوتنی دەسەلاّتی کۆمۆنیستەکان لە حکومەتەکەیدا، دەبینرا. ئەوکات بڕیاری دا کە ساواك لە عێراقدا کودەتایەك ئەنجام بدات. لە لایەکی ترەوە ، نوێنەرانی

سیاسی، ویستی لەکارخستنی جەستەیی قاسمیان هەبوو، هەرچەندە مەیلیان بۆ گەڕاندنەوەی (شا)یش نەبوو. نێردراوی ساواک دەڵێت "ساواک و شا دەیانویست کە سیستمی پاشایەتیی عێراق بۆ ئەو ووڵاتە بگەڕێننەوە. بۆ زەمینە خۆشکردنی کودەتا دژی عەبدولکەریم قاسم، سەفەرم بۆ هەموو ووڵاتە عەرەبییەکان، بۆ هەماهەنگی، کرد. تەنانەت هەندێك لە ئەفسەرە باڵاکان، وەك فەرماندەی بنکەی بەغدا کە لە دۆستانی عەبدولکەریم قاسم بوو، بە پێدانی بەرتیل و ئیمکانیات، لەژێر دەستمدا دا بوو. باوکی چەلەبیش لە لوبنان یارمەتیی داین. ناوی لیستێکی بڕواپێکراوی پێداین، ئێمەش لە ڕێگەی ساواکەوە پەیوەندیمان پێوە دەکردن و تەنانەت چەکمان بە هەندێکیان دەدا. زەمینەی دۆستایەتی لەگەڵ بازرگانە دیارەکانیشمان فەراهەم کردبوو. بە گشتی پێشنیازێکی زۆر دوورودرێژ بوو. لە ماوەی سالێك دوای کودەتا لە عێراقدا، بەسەرهاتی شۆڕش، بەڕێوەبەرانی ئەم کارە، دەستی بیانییەکان و سەرەنجام ڕکەبەریی توندوتیژی سەرانی کودەتا، بوو بە هۆی دوژمنایەتی و ڕق و قین. پاشان زیندانیکردنی عەبدولسەلام عارف لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە، سەرۆك وەزیرانی شۆڕشگێڕی عێراق، لێکەوەتەوە. هەوڵ و تێکۆشانی ساواکی ئێران بۆ هێنانەوەی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراقدا، بەپێی ویست و ئامانجی شای ئێران دەستی پێکردبوو. بەرەبەرە دەستم کرد بە دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرانی کورد، چ ئەوانەی حیزبی بوون و چ ئەوانەی دەسترۆشتوو و خاوەن دەسەڵات بوون. هەروەها پەیوەندیم کرد بە ئەفسەرانی عێراقییەوە. ئەڵبەت ئەم کارانە هێندە ئاسان نەبوون کە بە چەند وشە شیبکرێنەوە. بۆ نموونە ئەگەر بمویستایە لەناو کوردەکاندا جەلال تاڵەبانی ببینم، یان سدیق شەنشل لە حیزبی (قومیون) بانگ بکەم، لانی کەم چەند مانگ، یان سالێکی دەخایاند.

بەپێی سیاسەتی ئەمریکا و بەریتانیا و بڕیاری شا، جەمال عەبدولناسر لەگەڵ سیاسەتی ڕووسیا و چین هەنگاوی هەڵگرت. ئەو چوو بۆ بینینی خرۆچۆڤ، تا بزانێت ڕێبەرانی سۆڤێت چۆن دەڕواننە دۆخەکە. بەپێی ئەم بارودۆخە، جەمال عەبدولناسر بەو ئاکامە گەیشت کە باشترە بە خێرایی چاوی بە خرۆچۆڤ بکەوێ. کاتێك کەشتییە جەنگییەکان گەیشتنە بەندەری (یوگا)، (یوبوویك)ی وەزیری دەرەوەی یوگسلاڤیا،

چاوەڕوانی جەمال عەبدولناسر بوو. بە بەڵەمێکی بچووک هاتبوو و وەڵامی خرۆچۆقی پێ بوو. خرۆچۆڤ لە وەڵامی بروسکەکەی جەمال عەبدولناسردا نووسیبووی ئەگەر پێت باشە، من لە مۆسکۆ چاوەڕوانتم، ئەگەر شوێنی دیکەشت پێ باشە، من هەر چاوەڕوانتم. ئێمە تەنیا ۵ کەسمان سوار فڕۆکە بووین: عەبدولناسر، دکتۆر مەحموود فەوزی، حەسەن سەبری ئەلخولی، سکرتێری تایبەتی عەبدولناسر، پارێزەرێکی ناسر و من. پاشماوەی هاوڕێیان و تەنانەت هاوسەرەکانمان، لەسەر کەشتییەکە مانەوە و نەیاندەزانی هەواڵ چییە. جەمال عەبدولناسر گەیشتە ئەوێ و خرۆچۆڤ بە ناسری گوت: بەختەوەرم کە تۆ لێرە دەبینم. ئێمە زۆر بۆت بە پەرۆش بووین. ئێمە نەماندەویست کە تۆ بە کەشتییەکی بچووک لە دەریای مەدیتەرانە تێپەڕ بیت، چونکە ئەم دەریایە پڕە لەو کەسانەی دەیانەوێ تۆ بکەنە خۆراکی ماسییەکان. لە کاتی لێدوانەکانی خرۆچۆڤدا، دەرکەوت کە سەرکردەکانی سۆڤێت سەریان سووڕماوە لەو ڕووداوانەی کە ڕوویان داوە. ڕەنگە هەستیان بە مەترسیش کردبێت. پاشان گوتی: من تۆزێک ئاومیوە دەخۆمەوە بە ناوی درود بۆ خەباتی عەرەبەکان و بە خۆشیی سەرۆکە عەرەبەکانەوە. ڕستەی کۆتایی زۆر پڕمانا بوو، ڕستەیەک بوو کە بە تایبەتی هەڵبژێردرابوو، چونکە دواتر بۆم دەرکەوت سەرکردەکانی سۆڤێت لە کۆبوونەوەی خۆیاندا، بڕیاریان دابوو میسر بکەنە ناوەندی هەماهەنگیی کارەکانیان لەگەڵ جیهانی عەرەبیدا.

عەبدولناسر بارودۆخەکەی بەپێی بۆچوونی خۆی شیکردەوە. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە لەوەناچێ ئەمریکایی و ئینگلیزەکان هێزی کەم لە بەیروت و عومان دابەزێنن و بێگومان ئەمە سەرەتای هەنگاوێکی گەورەترە. خرۆچۆڤ لە وەڵامدا گوتی: بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئەوان بیری لێدەکەنەوە، ئەو هێزانەی کە لە دەریای مەدیتەرانە بڵاویان کردووەتەوە، لەگەڵ ئەو فەرماندە دەریاییە شێتە کە ناردوویانە، زۆر بە ئاسانی لە لایەن ئێمەوە تەفروتونا دەکرێن. ئێمە چەکی وامان هەیە کە دەتوانێ هێزی دەریایی شەشەمی ئەمریکا و پاپۆڕەکانیان بکاتە پارچە ئاسنێکی تواوە. ئێمە ئێستا کەوتووینەتە ناو یارییەکی پڕمەترسی، کە دەبێ هەرکەس بەپێی توانای خۆی بەرهەڵستی بکات. ئەم یارییە وەکوو یاریی شەترەنج وایە لە تاریکیدا. باوەڕبوون بە ڕۆژئاوا بە تەواویی دابەزیوە و شۆڕشی

عێراقیش گێژی کردوون. خرۆچۆڤ چاوی لە جەمال عەبدولناسر بڕیبوو و گوتی: بەڕاستی جیاوازی هەیە لە نێوان کڕیار و دزدا. ڕۆژئاواییەکان نایانەوێ نەوتی ئێوە بکڕن، ئەوان دەیانەوێ بیدزن. ئێستاش شۆڕشی عێراق هەڕەشەیەکە دژی ئەوان. من شتێکی ئەوتۆ لەسەر سەرکردە نوێیەکانی عێراق نازانم، بەڵام گرنگترین شت لێرەدا ئەوەیە کە ڕۆژئاواییەکان تێبگەیەنن کە نەوت لەوان نابڕدرێت.

من لە هەموو بارێکەوە لەگەڵ بۆچوونەکانی ئێوەم، بەڵام پێویستە ڕۆژئاوا بزانێ کە بەکێتیی سۆڤێت ئامادەیە زەختی زۆرتر بەکاربهێنێ. ئایا قەت بیرتان لەوە کردووەتەوە بەیانناممەیەك بڵاوبکەنەوە کە ئەگەر ڕۆژئاواییەکان شوێنێك داگیر بکەن، یان هەڕەشەی داگیرکردن بکەن، یەکێیتی سۆڤێت ئامادەی بەرهەڵستییە؟ زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو کە خرۆچۆڤ زۆر لەڕادەبەدەر سەری سوورمابوو لە هەستی بەکولّی جەماوەری عێراق و ئەو خەڵکەی کە بە سوودی جەمال عەبدولناسر دروشمیان دەوتەوە. جەمال عەبدولناسر بووبووە نیوەخودایەك. خرۆچۆڤ سەبارەت بە سەرکردە نوێیەکانی عێراق پرسیاری کرد و جەمال عەبدولناسر گوتی: ئەوان پەیوەندییان بەئێمەوە کردووە و بەپێی ئەو هەواڵانە کە لە قاهیرەوە هاتوون، داوای یارمەتیی سەربازییان لە ئێمە کردووە. ئێمە زۆر بە سانایی دەتوانین چەکیان بدەینێ، چونکە لە بارەگا سەربازییەکانی پێشووی بەریتانیا لە نۆکەندی سوێس، چەك و تەقەمەنیی زۆر بەجێماون کە بە کەڵکی سوپای عێراق دێن، بەم بۆنەوە پردێکی هەواییمان لێداوە و ئێستاش لە بەغدا کۆمیسیۆنی پەیوەندییەکانمان هەیە. خرۆچۆڤ دەربارەی عێراق و وڵاتانی دیکە پرسیاری زۆری لە جەمال عەبدولناسر کرد.

زۆرینەی پرسیارەکانی سەبارەت بە ئایین و زمان و خووی بنەماڵەی هاشمی بوو (خانەوادەی پاشایەتیی پێشووی عێراق و بنەماڵەی ئێستای ئەردەن) هەروەها سەبارەت بە پلەوپایەی ئایینیان پرسیاری کرد و لە کۆتاییدا دوایین پرسیاری کە لە مێشکیدا مابووەوە، هێنایە ئاراوە و گوتی: ئایا ڕێگەی ئەوە هەیە کە ئێوە و عێراق یەکبگرن؟ جەمال عەبدولناسر لە وەڵامدا گوتی: نازانم، بەڵام ئەوە دەزانم کە عێراق ڕووبەڕووی کێشەیەکی زۆر دەبێتەوە و نابێ یەکگرتن لەگەڵ میسر ببێتە کڵاڤەیەکی ئاڵۆز لەم دۆخەدا. عێراق

جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ سووریا هەیە، لە لایەکی ترەوە ئەو کێشانەی کە ئێستا لە نێوان سووریا و میسردا هەن، زۆر قورسن. من لەو باوەڕەدام کە دەتوانین جۆرێك پەیوەندی لە نێوان کۆماری یەکگرتووی عەرەبی و عێراق ساز بکەین، بەڵام سروشتی ئەم پەیوەندییانە بەستراونتەوە بە دۆخی ئەو سەردەمە و بە لای منەوە ئەوە زۆر هەڵەیە کە بەر لە گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرکردە نوێیەکان لە بەغدا و هەروەها ڕاوێژکارییی لەو بارەیەوە، شتێك دیاری بکەین.

خرۆچۆڤ خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بەرانبەر ئەو کارەی لایەنگرانی جەمال عەبدولناسر کە ناوەندی پەیمانی بەغدایان داگیر کردووە. جەمال عەبدولناسر گوتی: هەموو بەڵگەکانی ئەو ناوەندە دەبەین بۆ قاهیرە. بەم وتانە چاوی خرۆچۆڤ درەوشایەوە و دەمی (سیرۆڤ) پڕ بوو لە ئاو! بە چەند قسەیەکی خۆش و مەتەڵۆك، گفتوگۆکە لە وشکی ڕزگاری بوو. جەمال عەبدولناسر گوتی "دەمەوێ لە کاتی گەڕانەوەم لە مۆسکۆوە بۆ قاهرە، لەسەر ڕێگەدا سەردانیکی دیمەشق بکەم". پاش ئەوانە، بۆ زووبی کێشە سەریهەڵدا. عەبدولسەلام عارفی جێگری عەبدولکەریم قاسم، هات بۆ دیمەشق. بۆ ئەوەی چاوی بە جەمال عەبدولناسر بکەوێ. دیارە دەیویست سەبارەت بە یەکگرتن لەگەڵ میسر قسە بکات. بەڵام عەبدولکەریم قاسم سیاسەتی ڕووسیای پەیڕەو کرد هاوڕێی کودەتاکەی تەنیا کرد. بەو شێوەی کە خرۆچۆڤ، عەبدولناسری سەرگەرم کردبوو، عەبدولکەریم قاسمیش بە هەمان شێوە عەبدولسەلام عارفی سەرگەرم کردبوو. جەمال عەبدولناسر لە ۱۸ی تەمووزدا چوو بۆ دیمەشق و لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند "هەر پەلامارێك بۆ سەر عێراق، بە واتای پەلامار بۆ سەر کۆماری یەکگرتووی عەرەبییە". مەبەستی پەلاماری ئەمریکا و بەریتانیا بوو. لە ۱۸ و ۱۹ی تەمووزی ۱۹۵۸، جەمال عەبدولناسر پێشوازیی لە گرووپی نوێی عێراق بە سەرۆکایەتیی عەبدولسەلام عارف کرد.

ئەگەرچی جەمال عەبدولناسر و خرۆچۆڤ، بە تەواوی یەکگەوتبوون، بەڵام گرفتی ئەو دوو لایەنە زوو سەری هەڵدا. ئەمریکییەکان جێگری وەزیری ڕاوێژکار، واتە (ویلیان ڕاونتری)یان نارد بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ڕاستییەکان ڕوونبکاتەوە. دیارە ئەم سەردانە بووە هۆی گومانی ڕووسیا. ئەگەر ئەمریکییەکان بۆیان دەرکەوتایە کە هەموو

نهێنییەکانیان کەوتووەتە دەست ڕووسییەکان، بێگومان میسریان تاوانبار دەکرد کە بووەتە ئامێری یاریی ڕووسییەکان و داهاتووی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ واشنتۆن دەکەوتە مەترسییەوە. ڕووسییەکان دیبلۆماتێکی کۆنی خۆیان بە ناوی (گریگۆری زایسێف)، بە ناوی باڵیۆزەوە نارد بۆ قاهیرە. وا دیار بوو هەموو شتێك بە سوودی ئەوان بوو، ئەوان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە عەبدولکەریم قاسمەوە کرد و پێیان وابوو ئەو دەتوانێ وەکوو کەسایەتییەك جێگری جەمال عەبدولناسر بێ، لەوانەش بوو عەبدولکەریم قاسم لە زۆر ڕووەوە سەرکەوتووتر بێ، چونکە وەها دەهاتە بەرچاو کە ئەو لە شیوعییەکانەوە نزیکتر بێ و زۆرتر پشتیان پێ ببەستێ.

"کاتێك ئەمریکییەکان هەستیان کرد کە پەیوەندییەکانی میسر و سۆڤێت زۆر باش نییە، دیارە دەیانویست لەو بارودۆخە سوودوەربگرن. ڕووسییەکان لەم سەودایە ئاگادار بوون و شیوعییەکان ئەمەیان کردە بیانوو کە جەمال عەبدولناسر جێگەی متمانە نییە و لە جیهانی عەرەبیدا کەسانێکی دیکە هەن کە خوازیاری هاریکاریی زیاتر و قووڵترن لەگەڵ شیوعییەکان". ڕۆژی ٢٣ی کانوونی یەکەم، جەمال عەبدولناسر بە بۆنەی سالیادی کردنەدەرەوەی داگیرکەرانی بەریتانی و فەرەنسی لە میسر، کە دوو ساڵ لەوەو پێش ڕوویدابوو، لە لێدوانێکدا ڕەخنەی لە شیوعییەکان و لایەنگرانیان گرت و گوتی "لەبیرتانە چۆن سوارەکانی مەغۆل لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتن و بەغدایان تێکشکاند و هەڕەشەیان لە سووریا کرد". پاشان عەرەبەکان یەکیان گرت و سوارەکانی مەغۆلیان تێکشکاند؟! بەم جۆرە مانگی هەنگوینی لەگەڵ سۆڤێتدا کۆتایی هات و کێشەکان دەستیان پێکرد.

عەبدولکەریم قاسم بە یارمەتیی شیوعییەکان، لە ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٥٨دا، عەبدولسەلام عارفی لە دەسەڵات دوورخستەوە و بە ناوی باڵیۆزی عێراقەوە ناردی بۆ ڕۆژئاوای ئەڵمانیا. بەڵام کاتێك عەبدولسەلام عارف لە ٤ و ٥ی تشرینی دووەمدا گەڕایەوە بۆ بەغدا، لە فڕۆکەخانەی بەغدا، بە تاوانی داڕشتنی پلانی کودەتا، دەستگیر کرا و لە ٢٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٨دا، لە دادگا حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرکرا. بەڵام ئەو حوکمە هیچکاتێك جێبەجێ نەکرا. عەبدولسەلام عارف گەڕایەوە بۆ بەغدا و عەبدولکەریم

قاسم ئەوی تاوانبار کرد بەوەی کە "پێی لە بەڕەی خۆی درێژتر کردووە و بەرپرسایەتیی ئەو دەبێ بەرتەسکتر بکرێتەوە و پاشان دەستگیر کرا". عەبدولکەریم قاسم بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ خواستەکانی ئەفسەرە هەواداراکانی جەمال عەبدولناسر بۆ پەیوەستبوون بە یەکێتیی عەرەبییەوە، عەبدولسەلام عارفی زیندانی کرد، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە یاسای لێخۆشبوونی گشتی لە عێراقدا دەرکرابوو.

ڕۆژی ٢٥ی ئابی ١٩٥٨، هەواڵی ڕەزامەندیی عەبدولکەریم قاسم بەرانبەر گەڕانەوەی گەیلانی گەیشتە میسر. ئەویش بەر لە گەڕانەوە، سەردانی جەمال عەبدولناسری کرد. لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٥٨دا گەڕایەوە بۆ عێراق. "شۆڕشی دژی ئینگلیزی ڕەشید عالی گەیلانی لە گەرمەی جەنگی جیهانیی دووەمدا، گوررزێکی کاریگەری لە ئینگلیزەکان دا و هەموو پلانە جەنگییەکانیانی تێکدا. بۆیە لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگدا، بە یارمەتیی دەستوپێوەندە عەرەبەکانی، ئەو حکومەتەی تێکشکاند. ڕەشید عالی گەیلانی دەربازی ئێران بوو و پاشان چوو بۆ ئەڵمانیا و سەرەنجام عەرەبستانی سعودیە. لە ساڵی ١٩٤٢دا حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو". ڕەشید عالی گەیلانی دوای ١٦ ساڵ دوورکەوتنەوە و دوای شۆڕشی ١٩٥٨، گەڕایەوە بۆ عێراق و لە لایەن خەڵکەوە پێشوازیی لێکرا. سەرەتا لایەنی نەتەوەپەرەست و ئەندامانی هێزەچەکدارەکان، بەخێرهاتنەوەی گەیلانییان کرد. ڕۆژی سێی ئەیلوول، سەعید فەهمی، باڵیۆزی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی، سەردانی کرد. هەندێ لە نەتەوەییەکان لە دەرەوەی ماڵی گەیلانی دروشمی پشتگیری لە جەمال عەبدولناسریان دەوتەوە. ڕۆژی ٥ی ئەیلوول، عەبدولکەریم قاسم ڕۆیشت و شیوعییەکان دروشمی پشتگیری لە عەبدولکەریم قاسم و بژی عەبدولکەریم قاسمیان دەوتەوە. گەیلانی وایدەزانی کە وەکوو قارەمانێکی نەتەوەیی، هیچ حسابێکیان بۆ نەکردووە.

تەنانەت هەندێك لە نووسەران بڕوایان وایە کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٨، ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارف، بە یارمەتیی ڕەشید عالی گەیلانی، کودەتای کرد و سەرکەوتوو نەبوو و خرایە زیندانەوە. "عەبدولسەلام عارف ئەگەرچی دۆستێکی زۆر نزیك و هاوکاری نزیکی عەبدولکەریم قاسم بوو، کودەتایەکی دژی ئەنجامدا. بەڵەوەش عەبدولسەلام عارف کە

پانعەرەبیست و لایەنگری جەمال عەبدولناسر بوو، بە یارمەتیی هەندێك لە سوپای عێراق دژی عەبدولکەریم قاسم ڕاپەڕیبوو، دەستگیر کرا و حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو".
بەڵام عەبدولکەریم قاسم حوکمەکەی بۆ کرد بە زیندانی. کاتێك عەبدولسەلام عارف کەوتە زیندانەوە، هەندێ لە ئەفسەرەکان وەکوو تاهیر یەحیا، عەبدول لەتیف دەڕاجی، ئەحمەد حەسەن بەکر، ڕەفعەت حاجی سڕی، سەردانی ڕەشید عالی گەیلانییان دەکرد.

ڕەشید عالی گەیلانی سەبارەت بە کێشەی زەوی و ناکۆکیی نێوان شیوعییەکان و نەتەوەییەکان، ڕەخنەی توندی لە عەبدولکەریم قاسم دەگرت. ئەگەرچی تاهیر یەحیا پێی ڕاگەیاندبوو کە بەو شێوەیە ڕەخنە نەگرێت، بەڵام گوێڕایەڵ نەبوو. بەرەبەرە کێشەکە گەورەتر بوو. لە ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٨ هەواڵی ئەوە بە گوێی عەبدولکەریم قاسم گەیشت کە لەوانەیە کودەتای ڕەشید عالی گەیلانی لە ناوچەی فورات لەئارادا بێ. ئەگەرچی سێ ئەفسەری ئاسایش چاودێرییان دەکرد. دەستگیر کرا و لە ١٠ی کانوونی یەکەم، ئەو و هاوڕێیانی حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێندرا. ئەو لە سەرەتاوە لەو حوکمە ڕزگاری بوو، بەڵام لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٨ دیسان ئەو حوکمەی بۆ دەرکرایەوە. ئەڵبەت عەبدولکەریم قاسم نەیهێشت ئەو حوکمە جێبەجێ بکرێت، بۆئەوەی هەمیشە وەکوو شمشێرێکی دووەم بەسەر ڕەشید عالی گەیلانییەوە بمێنێتەوە. ڕەشید عالی و ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارف، لە کانوونی یەکەمی ١٩٥٨دا، بە تاوانی پیلانگێڕی دژی عەبدولکەریم قاسم دەستگیر و دادگایی کران و حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو، بەڵام حوکمەکە جێبەجێ نەکرا. لە ساڵی ١٩٦١دا لە ڕەشید عالی خۆش بوون و پاش ئازادبوون، کۆچی کرد بۆ بەیروت و لە ساڵی ١٩٦٥ هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد. لەو کاتەدا عەبدولکەریم قاسم پاش شکستی پیلانەکانی عەبدولسەلام عارف و ڕەشید عالی گەیلانی، پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەمال عەبدولناسردا بڕی و بەرەو دوژمنایەتی چوو، چونکە گومانی دەبرد کە جەمال عەبدولناسر داوای لەو دووانە کردووە کودەتای لە دژ بکەن. عەبدولکەریم قاسم کودەتاکەی دامرکاندەوە، بەڵام شا، زەمینەی گونجاوی بۆ کودەتا دەدۆزییەوە. ئەمجار عەبدولکەریم قاسم هەوڵی دەدا کۆمۆنیستەکان لە خۆی نزیکتر بکاتەوە، کە لەم ڕێگەوە تەنگ بە چالاکانی لایەنگری جەمال عەبدولناسر، وەکوو ئەفسەرە گەنجەکان،

هەڵبـچنێ. دوای زیندانیکردنی عەبدولسەلام عـارف و ڕەشـید عـالی گـەیلانی، ململانـێ بـۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لـە نێـوان گرووپـە کێبـەرکێکارەکان دریـژەی هـەبوو. لـەو کاتـەدا ڕادیۆی سەوتولعەرەب دەستی خۆی پـێش خست و بـە بانگەشـە دژی عەبدولکـەریم قاسـم دەستپێکرد و دەیویست ئەو بە خیانەتکار بە بەرژەوەندیی نەتەوایـەتیی عێـراق بناسـێنێ. جەمال عەبدولناسر چیتر دەستکورتیی خۆی لە عێراقدا دەبینی. عەبدولکـەریم قاسـم ڕووی لێ وەرگێڕابوو و ڕووسیای بە نزیـک دەزانـی. ڕەشـید عـالی گـەیلانی و عەبدولسـەلام عـارفی دەموچاوە دیارەکەی میسریش، لە بەندیخانەدا بوون و جەمال عەبدولناسر چاوەڕێی هەلێك بوو کە لەگەڵ عەبدولکـەریم قاسـم بـە فـەرمی یـەکلایی بکاتـەوە. ئەگەرچـی ئـەمجار نیـوە چاوێکی لە جووڵانەوەی کوردەکان هەبوو.

زۆرێك لە گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق، پێشوازییان لە کەوتنی فەرمانڕەوا و حکومـەتی ڕەها کرد، کە بە دوایین (شا) حسابی بۆ دەکرا. ئەوان بـە هیـوای دەسـپێکی ژیـانێکی نـوێ و پشکوتنی خونچەی ئارەزووەکان و بەدەستهێنانی ئامانجەکان و سەرەتای قۆناغێکی نـوێ لـە بۆنـە و پەیوەنـدیی کـورد و عەرەبـەکان، لـە حکومـەتی کۆمـاری عەبدولکـەریم قاسـم و سەرکردایەتییەکەیدا بوون. عەبدولکەریم قاسم کوردی فـەیلی بـوو، کـە ئەڵبـەت لـە سیاسـەت تێنەدەگەیشت و ئاگادار نەبوو لەوەی کێشەی نەتەوەیی تـا چ ڕادەیـەك گرنگـە. عەبدولکـەریم قاسم لە نێوان ڕکەبەریی سێ گرووپـی بـەتوانای عێراقـدا، واتـە پانعەرەبیستەکانی لایـەنگری جەمال عەبدولناسر، شیوعییەکان و ناسیۆنالیستەکان، گیرۆدە بووبوو. ڕووداوگـەلێکی زۆر لـە ساڵەکانی دوای کودەتا ڕوویان دا، کە دەتوانرێ جگە لە کودەتا بێ ئامانجەکەی عەبدولسەلام عـارف و ڕەشـید عـالی گـەیلانی، نموونـەی کودەتاکـەی شـەواف لـە کـەرکووك و بزوانـدنی کۆمۆنیـستەکان لـە نائـارامیی موسـڵ، چاکـسازیی زەوی و ناڕەزایـەتیی هۆزەکـان، دەسەڵاتخوازیی بارزانی لە ناوچەکە، هەوڵی تێرۆکردنی سەرنەکەوتووی ئـەو لـە لایـەن حیزبـی بەعسەوە، و ... هتـد، ئامـاژە پـێ بکرێـت. هـەرکام لەمانـە نیـشانەی نائـارامیی دۆخەکـە و ناوخۆی عێراق بـوون. ڕەنگـە بـۆ ڕزگـار بـوون لەمـە، پـەنا بـۆ سیاسـەتی دەرەوە ببرێـت و مەسەلەی هەموو خاکی عێراقی پێشنیار کرد، لـەم ڕووەوە لەگـەڵ کوەیـت و ئێـران ناکۆکیی پەیدا کرد. ئەمریکا و بەعسییەکان و شایش، هەر یەکەیان بە چەشنێك لـە هـەوڵی سـڕینەوەی

قاسمدا جوولێنرابوون. عەبدولکەریم قاسم لە سەرەتای کودەتاوە ئەگەر سیاسەتێکی ناڕام و ئەقڵانییانەی بگرتایەتەبەر، ڕەنگە هیچکات پانتایی ڕقەکان تا ئەو ئاستە لە عێراقدا فراوان نەبوونایە. بەڵام ئەو دەیویست بەعسییەکان، کۆمۆنیستەکان، هەواداڕەکانی جەمال عەبدولناسر، کوردەکانی هەواداری بارزانی، هۆز و خێڵە جیاوازەکان و شیعەکان، ڕازی بکات. بەڵام ڕەنگە لە شێوازی مامەڵە کردن لە تەک هەرییەکێکیان، بە ڕاستی ڕەفتاری نەکردبێت و سەرەنجام بووە هۆی تیرۆرکرانی لە ساڵی ١٩٦٣.

سەرلەبەیانیی[1] ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩، ٢٨٠ کەس لە سەرکردەکانی حیزبی کۆمۆنیستی میسر، دەستگیر کران، بەڵام لە ساتی کودەتای تەمووزی ١٩٥٨ لە عێراق، کۆمۆنیستەکان وەک حیزبێکی چالاکی ئەم وڵاتە، بەپێی ڕێنمایی سۆڤێت لە عەبدولکەریم قاسم نزیکبوونەوە. لەڕاستیدا کۆمۆنیستەکان بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی خۆیان و وەلانانی کێبەرکێکارە سیاسییەکانی تریان لە حیزبەکان، ڕێبەرایەتیی قاسمیان بە شایستە دەزانی و سەرەڕای ئەوەی کە کودەتاکەیان وەک شۆڕش لەقەڵەم دا، لە کاتێکدا هیچکام لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕش لەو ڕووداوەدا نەدەبینرا. تەنانەت هەندێ کات گواستنەوەی دەسەڵاتیان بە نێوانگیریی ئەمریکا، بە شۆڕش لە قەڵەم دەدا. بەم بۆنەیەوە عەبدولحەمید سەڕاج، شیوعییەکانی بە هەڵپەڕەست دانا. "کۆمۆنیستەکان دەرفەتی باشیان دەستکەوتبوو و بە ئاشکرا چالاکییان هەبوو و ڕۆژنامەیان بڵاودەکردەوە. پەرتووکی پێوەند بە مارکسیزمیان دەفرۆشت، ئایدیۆلۆژیای خۆیان لە هەموو لایەک، تەنانەت لەناو سوپاشدا بڵاودەکردەوە و عەبدولکەریم قاسم هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نەدەکردن". ئەم گرووپە سیاسییە هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتاوە دەیانویست بە سوود وەرگرتن لە عەبدولکەریم قاسم، بە شێوەی کتوپڕ و یەکڕۆژە بگەنە قۆناغی ویستراوی خۆیان و دوای لادانی ئەو، کۆنترۆڵی حکومەتی عێراق بگرنە دەست. بەڵام دواتر عەبدولکەریم قاسم بۆ یەکلاکردنەوەی هاوکێشە سیاسییەکان و هەمووارکردنەوەی ڕێگەی حکومەتەکەی و دڕێژەدان بە دەسەڵاتەکەی، سوودی لێ وەرگرتن. دواتر کۆمۆنیستەکان بەرەبەرە ئەویان کردە دەرەوە و ڕێی دوژمنایەتییان گرتەبەر.

عەبدولکەریم قاسم کەسێك بوو پەیڕەوی بیری نیشتیمانیی دەکرد. لە بنەڕەتدا دەموچاوێکی سەربازی هەبوو کە لە ئەنجامی کودەتایەکی توندوتیژانە بەسەر حکومەتی پاشاییدا، گەیشتە دەسەلات. بەڵام بە وتەی شیکارەوە سیاسییەکان ، ئەو هیچکات سیاسەتمەدارێکی سەرکەوتوو و ئاگا بە دۆخی ناوخۆ و دەرەوە نەبوو. تا ئاستێکی زۆریش مەیلی چەپانەی هەبوو و کۆمۆنیستەکانیش سەرەڕای کاریگەریی بەرچاویان لەسەر زەین و بیری قاسم، ڕۆڵی سەرەکییان لە عێراق دەگێڕا. لە لایەکی دیکەوە حیزبی شیوعی بە لای قاسمەوە ڕێزی تایبەتی هەبوو و زۆر کەس گومانیان وابوو کە عەبدولکەریم قاسم خۆی شیوعییە، بەم هۆیەوە زۆرێك لە خەڵك هاوڕای کۆمۆنیستەکان بووبون و ئەمەش ڕەفتارکردنی کۆمۆنیستەکانی دەگۆڕی. کۆمۆنیستەکان کەوتبوونە ئەو هەڵەیەوە کە وایان دەزانی لە حکومەتی کودەتادا هەموو شتێکیان لەژێر دەستدایە، بەڵام لەڕاستیدا کاریگەرییەکی وەهایان نەبوو. باڵیۆزی ڕووسیاش لە بەغدا دەیویست سوود لە هەلێك وەربگرێ و لە دووڕەوە دەستێکی لەناگرەکەدا هەبێت و هەروەها جۆرێك لە کۆنترۆڵی بەسەر لایەنگرانی ئەمریکا و بەریتانیادا بۆ شێوەی هەستپێنەکراو هەبێت. هەندێك لە خەڵکی عێراق لەو بڕوایەدان کە "کۆمۆنیستەکان دەستیان دایە هەموو تاوانێك و توندوتیژی و تاریکییان بە میرات بۆ خەڵکی عێراق بەجێهێشت".

لەو کاتەی کە هەر حیزبێك، بێجگە لە کورد و عەرەب و تورك و... خەریکی کۆکردنەوەی واژۆ و ناردنی تۆمار و بانگهێشتنامەی پیرۆزبایی لە ڕێبەری کودەتا بوون، حیزبی کۆمۆنیست توانیی خێرا کۆنترۆڵی میلیشیا، یاخود هێزی سەربازیی عێراق بەدەستەوە بگرێت. ئەوان بەرمەبنای ئەزموونی سیاسیی چەند ساڵەی خۆیان، سەربازان و هەوادارانی خۆیان لە زۆربەی ناوچەکانی وڵات دابەش کرد. ئەم حیزبە بە پێچەوانەی هەموو چاوەڕوانییە سەرەتاییەکان لە ڕاپەڕین، شەپۆلێك کوشتار و دەسگیرکردنی دەستپێکرد و خۆی ڕۆڵی دەزگای تیرۆر و توندوتیژیی ناسەربازییانەی لە ئەستۆ گرت. "لە کاتێکدا ناوی کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسمیان نابوو شۆڕش، ئەگەر سەرنج بدەینە وشەی ئینقلاب یان شۆڕش، واتاکەی گۆڕانکاری لە خراپییەوە بەرەو باشییە، نەك بە پێچەوانەی ئەوەوە. بەڵام شیوعییەکان لە بەغدا و موسڵ و شەواف لە کەرکووك و... بە کوشتنی خەڵك دۆخەکەیان

ئاڵۆز کرد. هەر بۆیە ئەگەر مرۆڤ ژیرانە سەیری بارودۆخەکەی بکردایە، ئەوە بە مێشکیدا دەهات کە ئایا دۆخی عێراق بەرەو خراپی چووە؟". بە هەر شێوازێك بوو لە قۆناغی دوای کودەتای ١٩٥٨، تەواوی ئەرکانی عێراق شاهێدی پەیوەستبوونی ڕاپەڕین بوو. هێزێکی زۆر کە تا ئەوکات لە بەشی خوارەوەی عێراق بوون، بۆ وەرگرتنی مافی خۆیان سەریان دەرهێنا و ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی خێڵەکی و نەتەوەیی لە عێراق. بە زۆری دوای شۆڕشەکان و لەم چەشنە کودەتایانەدا، زۆرێك لە تاکەکانی چینی خوارەوە دەبنە خاوەنی پێگە، بەمەش ڕێژەیەکی زۆر قەیران بەم ئازارەوە زیاد دەبێت[٨].

کۆمۆنیستەکان خەڵکیان دەستگیر دەکرد و دواتر بە دەستبەستراوی و زنجیر لە پێ کراوی، لە کۆڵان و شەقامە گشتییەکاندا بە زیندوویی لەسەر زەوی، یان لەسەر قیر، ڕایاندەکێشان. کورد و عەرەبەکان لەم ڕووداو و مامەڵە ئازەڵییانە تەواو نائومێد و بێزار بوون. ترس و شێواوییەکی سەیر کەوتبووە سەر کۆمەڵگا. تەنانەت جوتیارێکی هەواداری حیزبی پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە ناوچەی گۆمەشین، بەسەر زەویدا ڕاکێشا، تا خوێنەکەی برژێتە سەر زەوی و دوای هاواری بێ وەڵام، گیان لەدەست بدات و ئەوکات پێکەنینی مەستانەی جەللادەکە لەسەر نۆتۆمبێلەکەوە بگاتە گوێ، بەو تێڕوانینەی کوژراوەکە کەسێکی سەرکێش بووە. کۆمۆنیستەکان خوێنی کورد و عەرەبێکی زۆری دڵخۆش بە کودەتایان ڕشت و کەوتنە سەرکوتکردنی سەخت و توندوتیژانەی نەیارەکانیان. بە هۆی فشاری شیوعییەکانەوە بۆ سەر عەبدولکەریم قاسم، نەتەوەپەرەستەکان و ئیسلامییەکان و ئاغا و بەگ و خانەکان، کەوتنە دوژمنایەتی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم و ئەویش بە هۆی ئەوەی ئاگاداری دەوروبەر نەبوو، دووچاری ترس و گومان بووبوو. کۆمۆنیستەکان جارجارێك دەکەوتنە لێدان و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بێ تاوانیان خەڵتانی خوێن دەکرد. لەو ماوەدا شیوعییەکان دەسەڵاتی زۆریان بەدەستهێنا، بەڵام هیچکاتێك نەیانتوانی عێراق بەدەستبهێنن و نەیانتوانی عێراق لە چنگی هێزە عەرەبە سوننەکان دەربهێنن، کە لە چینی ساماندار و ڕەدە باڵای سوپا بوون. لەو کاتەدا کەسێك بە ناوی عادل سەلام، سەرۆکی حیزبی شیوعیی عێراق بوو. بەهۆی ئەوەوە بۆ ماوەیەك

حیزبی شیوعی و شیعەکان لێک نزیک بوونەوە. دواتر زۆر کەس لە شیعەکان بە تاوانی شیوعیبوون کوژران.

مانگێك بەسەر ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتیدا تێپەڕ بووبوو کە فازڵ عەباس مەهداوی بوو بە سەرۆکی دادگای باڵای سەربازیی عێراق. فازڵ خاڵۆزای عەبدولکەریم قاسم و عەقیدی سوپا بوو. ئەم دادگایە هەر لە سەرەتای کارەکانیەوە سزای لەسێدارەدانی شۆڕشگێڕانەی سەپاند بەسەر زۆر کەسدا. هەندێ لە دادگاییەکان کە پەیوەندییان بە بنەماڵەی شا و مەلیك فەیسەڵەوە هەبوو، بە ئاشکرا بەڕێوەچوون، بەڵام هەندێ لە دادگاییەکانی دیکە، وەکوو دادگاییکردنی عەبدولسەلام عارف و ڕەشید عالی گەیلانی، داخراو بوون. زۆرێك لە ڕۆژنامەکان لە مانشێتی سەرەکیی ڕۆژنامەکانیاندا هەواڵ و وێنەی لەسێدارەدانی پیاوانی ڕژێمی پێشوویان بڵاودەکردەوە. لەو دادگا بێ بایەخە شۆڕشگێڕانەدا، پەیتا پەیتا لەسێدارەدان و کوشتن جێبەجێ دەکران و خوێنی سەدان کەس بە هەق و بە ناهەق ڕژێنرا. کۆمۆنیستەکان دەیانویست ئەو کەسانەی کە وابەستەی خانەدانی فەرمانڕەوان، خێرا لە سێدارە بدەن، ڕەنگە پێیان وابووبێت لەگەڵ ئەوان، مێژووش لە گۆڕ دەنرێت. زۆرێك لە خەڵکی خانەدانی فەرمانڕەوایی، لەسەر داوای کۆمۆنیستەکان، بێ دادگاییکردن، گوللەباران کران و ڕەنگە هێشتا مێژوونووسەکانیش نەزانن کە دواخستنی لەسێدارەدانەکان لە لایەن حکومەتی شۆڕشەوە، چ مانا و مەبەستێکی هەبوو.

یەکێك لەو کەسانەی پەیوەندیی بە دەسەڵاتی پاشایەتییەوە هەبوو و لە سێدارە درا، سەعید قەزاز بوو، کە کاتێك لە دادگا حوکمی لەسێدارەدانی خوێندرایەوە، بە دەنگی بەرز گوتی "من دەچمە سەر کورسیی ئیعدام، بەڵام لەژێر پێمدا کەسانێك دەبینم کە شایانی زیندووبوون نین. ئەم دادگاییە بێ بایەخە و دەزانم تا چەند ساتێکی دیکە مردنم نزیك دەبێتەوە، بەڵام من لە مردن ناترسم و وەکوو عێراقییەك ڕادەوەستم. ۳۲ ساڵە خزمەت بە عێراق دەکەم و شانازی دەکەم کە خزمەتم کردووە بە یەکێتیی عێراق و لە هیچ کەسیش داوای لێخۆشبوون ناکەم". ماوەیەك پاش ئەوە، فوئاد عارف گوتی: قەزاز شیاوی

لەسێدارەدان نەبوو و دەبوو لێی خۆش ببوونایە. قەزاز دوای [14]ی تەمووز، خۆی چووە لای هێزەکانی کودەتا و خۆی بەدەستەوە دا.

لە بەڵگەنامەکانی ساواکی ئێراندا [10] دەربارەی سەعید قەزاز، ئاماژە بەو خاڵە کراوە کە "سەعید قەزاز لە کاتی بەڕێورچوونی حوکمی لەسێدارەدان، ئەوپەڕی ئازایەتیی نیشان دا. بڕیار وابوو سێ کەسی دیکە بەر لەو هەڵبواسرێن، بەڵام خۆی چووە پێشەوە و ئەڵقەی تەنافەکەی کردە ملی. ئەم کردەوە کاریگەریی زۆری کردە سەر وڕەی کوردەکان و بە شەهید ناوی دەبەن. لە شەوی حەوتەمی ماتەمینیی ئەودا، لە کوردستان و بەتایبەت لە سلێمانی، بە نهێنی کۆڕی زۆر گێران". پاش لەسێدارەدانی سەعید قەزاز و چەند کەسێکی دیکە، ژمارەیەکی زۆری خەڵک خۆپیشاندانیان دژی عەبدولکەریم قاسم ڕێکخست، کە لە ئاکامدا سێ پۆلیس و [15] کەس لە خۆپیشاندەرانیش کوژران. ڕۆژی دواتر شیوعییەکان بۆ پشتگیری لەوان، خۆپیشاندانیان ڕێکخست و لە بەغدا قورئانیان دڕاند. سەلاحەدین، ئامۆزای شێخ لەتیف، کە دەیویست بەرەو ڕۆژهەلاتی ئەڵمانیا بچێت، ڕووداوەکەی بینیبوو، بەم بۆنەوە سەفەرەکەی پەکخست و گەڕایەوە بۆ سلێمانی و ڕووداوەکەی بۆ شێخەکانی سلێمانی گێڕایەوە. هەموویان و شێخ لەتیفیش، لەو کردەوەی شیوعییەکان دلگران بوون. سەلاحەدین لە وتوێژەکاندا گوتی: هەر لەو کاتەدا هەواڵەکەیان بۆ عەبدولکەریم قاسم گێڕاوەتەوە، بەڵام ئەو گوتویەتی "من دەرەقەتی شیوعییەکان نایەم".

حیزبی کۆمۆنیست، دەسەڵات و ئازادیی کاری دۆزیبووەوە و تەنانەت لە هەر یەکێك لە گوندە کوردنشینەکان، کۆمەڵێکیان بە ناوی دەزگای جوتیاران دامەزراندبوو. بەپێی ڕاپۆرتی ساواکی ئێران، ئەوان بە جوتیارەکانیان ڕاگەیاندبوو "هەر کەسێك ئەندامی ئەم دەزگایە نەبێت، لە دابەشکردنی زەوی بێبەش دەکرێت. لەسەر ئەم بڕوایە، جوتیارانی ناهۆشیار، پێشوازییەکی گەورەیان لێکردبوون. شێخ ڕەشیدی لۆلان و مەحمود خەلیفە سەمەد، سوێندیان خواردووە نەچنە ژێر باری حکومەتی ناوەند. هەندێك لە دانیشتووانی سلێمانی، هەر ساتێك چاوەڕێی هەستانەوەی کوردەکان بوون". ساڵەکانی ١٩٥٨–١٩٥٩، شیوعییەکان دەسەڵاتی زۆریان هەبوو و لە کوردستاندا لە پارتی بالادەستتر

بـوون، بـه واتایـه‌کی دی، یه‌کـه‌م حیـزب و بـه‌هێزترین حیـزب بـوون لـه کوردسـتاندا. لـه‌و سه‌رده‌مه‌دا حیزبـی شـیوعی لـه کوردسـتان و عێراقـدا، لـه نێـوان ڕۆشـنبیران و کرێکارانـدا خاوه‌نی ڕێز و گرنگیی تایبه‌ت بوو. به‌و پێیه سـه‌ره‌ڕای پاڵپشتیکردنی پـه‌یوه‌سـتبوونه‌وه‌ی عێـراق بـه کۆمـاری عـه‌ره‌بی یـه‌کگرتووه‌وه، لـه‌ناو خـه‌ڵك و ئه‌فسـه‌ره سـه‌ربه‌خۆکاندا، یه‌کێتییه‌کی سێ لایه‌نه له نێوان عه‌بدولکه‌ریم قاسم و حیزبـی کۆمۆنیسـتی عێـراق و پـارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ڕێگری له ئه‌ندامبوونی عێراق له‌و یه‌کێیتیه، پێکهێنـرا. دژایـه‌تیی حیزبی شیوعی به‌رانبه‌ر ئه‌ندامێتیی عێراق له کۆماری یه‌کگرتووی عـه‌ره‌ب، بـه پێـچه‌وانه‌ی کورده‌کانه‌وه، له ترسی ئه‌و یه‌کگرتنـه گـه‌وره‌ی عه‌ره‌بـه‌کان نـه‌بوو، بـه‌ڵکوو ترسـی ئـه‌وان له‌وه بوو که بـه‌م یه‌کگرتنه وڵاته عه‌ره‌بییه‌کان بچنه ژێـر ڕکێفـی ناسـیۆنالیزمی بـۆرژوازی و دژی کۆمـۆنیزم بـن. حیزبـی شـیوعی، وه‌کـوو به‌رهـه‌مێکی ناڕاسـت و بـه پـه‌لـه و بـه‌بێ بیرکردنه‌وه، سه‌یری کۆماری یه‌کگرتووی عه‌ره‌بی ده‌کرد.

دژایه‌تیی کورده‌کان به‌رانبه‌ر ئه‌ندامێتیی عێراق له کۆماری یـه‌کگرتووی عـه‌ره‌بی، بـووه هۆی نزیکبوونه‌وه‌ی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شـیوعیی عێـراق و عه‌بدولکـه‌ریم قاسم و له یه‌کتر و هاوکاری کردنی نێوانیان. دوای کوده‌تای ته‌مووزی ۱۹۵۸، کـه دواجـار نـاوی شۆڕشـیان لێ نـا، کورده‌کـان و حیزبـی شـیوعی هاریکـاری و پـه‌یوه‌نـدیی نزیکیـان ده‌سـتپێکردبوو. لـه مـاوه‌ی سـاڵه‌کانی ۱۹۴۹ تـا ۱۹۵۵، کـه هێرشـی چـه‌کداریی دژی کورده‌کان و شیوعییه‌کان به‌وپـه‌ڕی خۆی گه‌یشتبوو، ژماره‌یه‌ك له کورده‌کان بوونه ئه‌ندامی سـه‌رکردایه‌تیی حیزبـی شـیوعیی عێـراق. بـۆ نموونـه لـه سـاڵه‌کانی ۱۹۴۹ تـا ۱۹۵۳، سه‌رۆکی کۆمیته‌ی ناوه‌ندیی حیزب به‌هادین نووری [11] کوڕی مامۆستایه‌کی ئایینیی خـه‌ڵکی سلێمانی بوو. ئه‌ندامانی دیکه‌ی کۆمیتـه‌ی ناوه‌نـدی کـه کـورد بـوون، بریتیبـوون لـه هـادی سه‌عید [12] و بیلال عه‌زیز [13] که هه‌ردووکیان خه‌ڵکی هه‌ولێر بوون. هه‌روه‌ها عه‌بدوڵڵا عومـه‌ر محێدین [14] که خـه‌ڵکی کـه‌رکووك بـوو. بـه‌هادین نـووری سـه‌رۆکێکی ناکارامـه و ناشاره‌زای حیزبی شیوعیی عێراق نه‌بوو، به‌ڵکوو هه‌سته‌کانی ئه‌و تا ڕاده‌یه‌ك ساکار بـوون، ئه‌ویـنداری کورد بوو و بڕوایه‌کی دوور له گومانی به داهاتووی کۆمۆنیزم هه‌بوو.

بە بڕوای سیاسەتمەدارانی ئەمریکا، عێراق کەوتبووە داوێنی مۆسکۆ (واتە کۆمۆنیزم)، ئەگەرچی عەبدولکەریم قاسم هەر لە دەستپێکی کارەکەیەوە باڵێۆزی ئەمریکا (ڕۆبەرت مۆرف)ی دڵنیا کردبوو کە بە هیچ شێوەیەک پەیڕەوی سیاسەتی جەمال عەبدولناسر ناکات و فەرمانیش لە سۆڤێتەوە وەرناگرێ. ئەمریکا شێلگیرانە دژایەتیی بەرانبەر ناسیۆنالیزمی ڕادیکاڵ لە جیهانی سێهەمدا کردووە ئەوەش بە بیانووی بەرگرتن بە دەسەڵاتی سۆڤێت بووە. پلاندانەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، زۆر بە سانایی کۆنترۆڵی هەموو بزاڤێکی سیاسیی جیهانی سێهەمیان کردبوو و هەوڵیان دەدا بۆ پەچڕاندنی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتداران و سیستمی نێونەتەوەیی سەردەست (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی)، کە بە چەک و دۆلاری ئەمریکا پاش جەنگی جیهانیی دووەم سەقامیگریان گرتبوو. هەروەها مامەڵەیەکی گرژیان بەرانبەر ئەوان هەبووە. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر ئەم ناسیۆنالیزمە لە سنووری ئاسایی تێپەڕ دەبوو، بە شێوەی ئاسایی چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە بە کاردانەوەیەکی دژەشۆڕش، لە لایەن وڵاتێنتۆنەوە پشتگیریی لێبکرێت. لە لایەکی تردەوە نەبوونی جێگیری و موعەلەقی لە عێراق و ڕۆڵی کۆمۆنیستەکان لەو وڵاتە، نیگەرانیی ئێرانی بە تەواوەتی زیاد کردبوو.

لە عێراق، سەرەڕای کێشەی نەتەوەکان و پەیڕەوانی یەکێتیی عەرەب، یان کۆمۆنیستەکان، عەبدولکەریم قاسم لەگەڵ هەواداڕەکانی بەعسیش دەست و پەنجەی نەرم کرد. ئەوانیش کەوتبوونە سەنگەری بەدەستهێنانی دەسەڵاتەوە. وردە وردە ململانێ و بەریەککەوتن لەنێوان بەعسییەکان و کۆمۆنیستەکان سەری هەڵدەدا. هەڵەی یەکەمی ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم ئەوە بوو کە متمانەی زۆری بە چەپەکان و حیزبی شیوعیی عێراق کرد، کە لەو ڕێگەیەوە نەتەوەپەرەستان و لایەنگرانی جەمال عەبدولناسر لاواز بکات. ئەم هەڵەیە بوو بە تاکتیکێک کە دواجار دژی بەکار هێنرا و ڕووداوی ساڵی ١٩٦٣ی لێکەوتەوە. حیزبی بەعس کە لە لایەن میشێل عەفلەقی سووریی، لە ساڵی ١٩٤٦دا دامەزرابوو. بە دروشمی نەتەوەپەرەستیی عەرەب، لاوانی وڵاتانی عەرەبیی بەرەو لای خۆی ڕاکێشابوو. میشێل عەفلەق کە ئەم حیزبەی بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ گرووپە ئیسلامییەکانی وەکوو ئیخوان موسلمین پێکهێنابوو، بە یارمەتیی سەلاح بەیتار و

هەوالنامەی کێڵاو

ئەکرەم حۆرانی و شبلی عیسمی، لقی جۆراوجۆری لە هەندێ وڵاتی عەرەبیدا وەکوو عێراق، دامەزراندبوو. حیزبی بەعس لە سەرەتاوە هاریکاریی تایبەتی لەگەڵ ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسمدا هەبوو و بنەماکانی ئەوی جێبەجێ دەکرد، بەڵام زۆری پێنەچوو کە دووبەرەکی کەوتە نێوان سەرکردەکانی حیزب و کادر و سەربازان. بە سەرپەرشتیی سی ئای ئەی، حیزبی بەعس پیلانی تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسمی داڕشت، تا لە کاتی گونجاودا، لە مەیدانی سیاسیی عێراقدا بیسڕنەوە. ناوی سەدامیش لە ڕیزی ئەوانەدا دەبینرێت. ئەمریکا، سەدامی بۆ ڕۆژی تەنگانە پێگەیاندبوو. سەدام لە بنەماڵەیەکی لادێیی لە دەوروبەری تکریت لە دایك بووبوو، کە بنەماڵەکەی زەوییان نەبوو. تکریت شارێکە لە تەنیشت چەمی دیجلەدا، لە ڕۆژئاوای باکووری بەغدا. سەدام، خاڵی گەورەی کردبوو، ئەو کەسەی سەردەمێك بە هۆی بەشداریکردن لە شۆڕشی ساڵی ۱۹۴۱ دژی ڕەشید عالی گەیلانی، خرابووە زیندانەوە. سەدام حسێن لە کاتی ئەو خەباتە سیاسییەی کە شۆڕشی ۱۹۵۸ی لێکەوتەوە، چووە ناو حیزبی بەعس و بە خێرایی قۆناغەکانی گەشەکردنی تێپەڕاند. نەیدەزانی ئەمریکا لە ساڵی ۲۰۰۳دا دەیکاتە قوربانی ئامانجەکانی خۆی.

هەوالنگاری کتێب

حیزبی بەعس لە هەموو چالاکییە نهێنییەکانی دژی نووری سەعیددا بەشداریی دەکرد. لە شۆڕشی ۱۹۵۸دا کە بووە هۆی ڕووخانی سەڵتەنەتی هاشمی، ڕۆڵێکی گرنگی لە ئەستۆدا بوو، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە دیسان چووەوە ڕیزی نەیارانی ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم. هەر لە سەرەتاوە لەو باوەڕەدا بوو کە جەمال عەبدولناسر ئەو ئامانج و توانا مادییەیە کە دەتوانێ بنەماکانی حیزبی بەعس لە جیهانی بیرۆکەوە بگەیەنێتە ئاستی گۆڕەپانی کرداریی. ڕوانگەی میشێل عەفلەق ئەوە بوو کە لێهاتوویی و کردەوەکانی جەمال عەبدولناسر، کاردانەوەی ئەو بزاڤەیە کە بەعس بەرپای کردووە. کۆماری یەکگرتووی عەرەبی کە لە یەکگرتنی میسر و سووریا پێکهاتبوو، بە لووتکەی سەرکەوتنی سیاسیی حیزبی بەعس و وەرزێکی نوێی بەدیهاتنی ئامانجەکانی نەتەوەی عەرەب ئەژمار دەکرا. ساڵێك بەسەر ڕاپەڕینی عێراقدا تێنەپەڕیبوو، دەزگای زانیاریی بەهێز، کە بە هاوکاری و یارمەتیی ڕووسییەکان و تەواوی وڵاتەکانی پشت پەردەی ئاسنین بنیاتنرابوو، بڕوایان وابوو

بەپێی ئەو شێوازەی کە عەبدولکەریم قاسم پەیڕەوی دەکات، دوای ماوەیەک عێراقیش دەچێتە پشت پەردەی ئاسنینەوە.

عەبدولکەریم قاسم تەنیا بیری لای مانەوە لەسەر کورسیی دەسەڵاتی عێراق بوو و ئەوە بوو کە بیروبۆچوونەکانی بە باشی و خۆشەویستی وەربگیرێت. باشترین شتیش تێکدانی چالاکیی ئەو حیزبانە بوو کە لای خەڵک خۆشەویست بوون. خۆپیشاندان و گەشەی نەتەوەیی عەرەبەکان بە چاودێریی بەعسییەکان، بووبووە کاری هەفتانەی خەڵکی بەغدا و تەنانەت هەندێک لە شار و شارۆچکەکانیش. کاتێک لە سااڵنی پەنجادا سووریا پەیوەندیی دیبلۆماسی و سەربازیی لەگەڵ سۆڤێتدا پتەو کردبوو، حیزبی شیوعیی سووریا بەهێز بووبوو، بۆیە حیزبی بەعسی سووریا ترسی ئەوەی هەبوو حیزبی شیوعی پێشبکەوێ[١٥].

پاش کودەتای عەبدولکەریم قاسم، کوردستانی عێراق ماوەی چەند ڕۆژێک بێ حکومەت بوو. عەسری ڕۆژی ١٧ی تەمووزی ١٩٥٨، کۆبوونەوەیەکی سیاسی[١٦] لە سلێمانی کرا بۆ ئەوەی شوێنگەی کورد لەناو حکومەتی نوێدا ڕوونبکەنەوە. کۆبوونەوەکە تاکوو سێی بەیانی بەردەوام بوو. لە ٢١ی تەمووزی ١٩٥٨، شێخ ئەحمەد لە زیندان ئازاد کرا. بارودۆخی کوردستان دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، لە سەرانسەری عێراقدا گۆڕدرا. بە واتایەکی تر، دونیایەکی تر لە عێراقدا دەستی پێکرد. وەکو شۆڕشی ئێران لە ١٩٧٩، کە دەسەڵات لە شاوە درا بە خومەینی. بەڵام شایەتحاڵان بڕوایان وایە وەرچەرخانی کۆی ئاستەکانی کۆمەڵگا و ڕووتبوونەوەی شووناسی ڕاستەقینەی خۆی، تام و چێژی تایبەتی هەبوو. خەڵکی عێراق لە ژێردەستەبوونی بیانی و دەسەڵاتی بەریتانیا بەسەر هەموو کاروبارەکانی وڵاتدا، ماندوو بووبوون. "لەڕاستیدا ڕاپەڕینی ١٤ی تەموز، لە سەرەتاوە بزاڤێکی ئازادیخوازانە و مرۆڤانە بوو کە گەلانی عێراق بە کورد و عەرەب و ...هتدەوە، پاراستیان و بە گەرمی پێشوازییان لە کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم کرد. ئەم هەستانەوەیە هیوایەکی زۆری خستە دڵی خەڵکەوە، بەتایبەت کوردەکان. گۆڕانکاریی بەسەر بیروباوەڕی کوردەکاندا هێنا و بووە هۆی ئەوەی زیاتر بڕوا بە سەرکەوتن و گەیشتن

به ئامانجەکانیان بهێنن. خەڵکی تەنانەت ئامادەبوون گیان و مالّی خۆیان بۆ سەرکەوتن و دەسکەوتەکانی بەختبکەن.

بڵاوبوونەوەی هەواڵی شۆڕش لە سەرلەبەیانیی ئەو ڕۆژەدا، هەموو خەڵکی عێراق و بگرە خەڵکی وڵاتانی دەوروبەریشی سڵەماندەوە. کە بەڕاستی گۆڕانکارییەکی زۆر گرنگ بوو لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەزاران کەس ڕژانە دەرەوە بۆ ئەوەی دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرەستی ڕاپەڕن و تا ڕادەیەکی باش خەڵکی عێراق بکەوێتە سەر ڕەوتی دیموکراسیی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە دامەزراندنی کۆماری عێراق. ڕێز لە ئازادی و دیموکراسی و ئاشتی و دۆستایەتی لەنێوان گەلاندا بگیرێت. تا ڕادەیەک ناوچە نەوتییەکان لە چنگی داگیرکەران دەربهێنرێ. زەوییەکان بچێنرێن. مافی ژن لەبەرچاو بگیرێت. زۆرینەی ئەو کەسانەی لەپێناوی ئازادیدا سزای لەسێدارەدان و زیندانییان بەسەردا سەپابوو، ڕزگار بوون و هەندێك چێژی ئازادی و ڕزگاربیان هەست پێ کرد. زۆرینەی گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی کورد، پێشوازیی باشیان لە کەوتنی فەرمانڕەوایی ڕەها و حکومەتی شاهانە کرد. بە هیوای دەستپێکێکی تازە بوون لەبەیوەندییەکانیان لەگەڵ عەرەبەکان و پاڵپشتیی حکومەتی کۆماریان کرد. مامەڵەی ئەوان لەگەڵ کوردەکان بە ڕواڵەت دۆستانە بوو، بەڵام لەڕاستیدا بە هیچ شێوەیەك دڵسۆز و میهرەبان نەبوون".

ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری حیزبی پارتی، لە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕینەکەدا نامەی پشتگیریی نارد بۆ عەبدولکەریم قاسم و ئاواتی خواست کە کۆمارێکی نوێ وەکوو خاڵی هاوبەشی کورد و عەرەب دروست ببێت. پاش چەند ڕۆژێك، ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابە چوون بۆ بەغدا، تا لە ڕێگەی ئەفسەر و وەزیرە کوردەکانەوە چاویان بە سەرۆکی شۆڕش بکەوێ. لە هەموو شارەکانی کوردستانەوە دەستە دەستە خەڵك دەچوونە لای عەبدولکەریم قاسم و جاری وا هەبوو حەفتەیەك لە بەغدا دەمانەوە تا نۆبەیان دەهات عەبدولکەریم قاسم ببینن. هەر لە ڕۆژی ۲۷ی ئەو مانگەدا نوێنەرانی شارەکانی: کەرکووك، سلێمانی، هەولێر، موسڵ، دهۆك و خانەقین، بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد چوون بۆ

وەزارەتی بەرگریی و ڕاستەوخۆ پیرۆزباییان لە عەبدولکەریم قاسم کرد. لەڕاستیدا ئەم ئاهەنگ و دانیشتنە لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم، کارێکی سەرکەوتوو بوو.

"لە دوایین حەفتەی مانگی ٨ی ١٩٥٨، لە کەرکووکەوە بە شەمەندەفەر بەرەو بەغدا بەڕێکەوتین. لە بەغدا ڕۆژی ٢٧ی ٨ی ١٩٥٨، دەستەی کوردستان بەرەو وەزارەتی بەرگریی بەڕێکەوت. گرووپی هەر شارێك ئالایەکی تایبەتی پێ بوو. لەبەر دەرگای وەزارەتی بەرگریی دابەزین. لە هۆڵی گەورەی ژێرخانەکەیدا ئاهەنگەکە بەڕێوەدەچوو. لەوسەری هۆڵەکە عەبدولکەریم قاسم و دەستەی کوردستان[١٧] دانیشتن و چاوەڕوانی نۆبە بووین کە وتارەکانمان بخوێنینەوە. عەباسی مامەند ئاغای ئاکۆیش لەوێ بوو. دوای چەند ساتێك، عەبدولکەریم قاسم چووە سەر پیلکانەکانی بەشی سەرەوەی هۆڵەکە و لێدوانێکی دا. باسی یاسای کرد و پێی داگرت لەسەر برایەتیی عەرەب و کورد و وتی هەردوو لا بۆ یەکترن. پاشان ئیبراهیم ئەحمەد وتارێکی دوورودرێژی زۆر بە پەلە خوێندەوە، چونکە دیار بوو لەبەر چەند هۆیەکی ئاسایشیی، عەبدولکەریم قاسم پەلەیەتی و دەیەوێ لە هۆڵەکە بڕوات". عەبدولکەریم قاسم لەو کۆبوونەوەدا گوتی (کوردو و عەرەب لە عێراقدا هاوبەشن، یان شەریکن). بەڵام ئەوە تەنیا پێفرۆشتنەوەیەکی سیاسی و دروشم بوو. لە هەمان شوێندا، ئیبراهیم ئەحمەد باسی هاریکاریی و هاوڕێیەتیی عەرەب و کوردی کرد، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام، تا قارەمانێتییەکانی سەلاحەدینی ئەیوبی و تا جەنگی شیعە و ڕاپەڕینەکانی ١٩٢٠ و پاشان ١٩٥٨. لە کۆتایی وتارەکەیدا خوازیاری جۆرێك لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان بوو. ئیبراهیم ئەحمەد لەو دانیشتنەدا داوای لە عەبدولکەریم قاسم کرد ڕێگە بدات بە گەڕانەوەی بارزانی و هاوڕێکانی. بەڵام گرووپێکی تر پێیان وایە کە "بارزانی نامەیەکی نووسی و تێیدا پشتگیریی لە کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسمی کرد و خوازیاری گەڕانەوەی خۆیی پێشنیار کرد. عەبدولکەریم قاسمیش پەسەندی کرد" بەڵام وەڵامەکەی عەبدولکەریم قاسم بەم شێوەیە بوو "بارزانی عێراقییەکە و دەتوانێت بگەڕێتەوە".

لە بەراوردکردنێکی مێژووییدا، لەنێوان پاڵپشتیکردنی کوردەکان سەبارەت بە کودەتاکەی عێراق لە ١٩٥٨ و ڕاپەڕینی ئێران لە ١٩٧٩، جیاوازیی بەرچاو دەبینرێت.

کوردەکان بڕیاریان دابوو کە نوێنەرێکی فەرهەنگی بە نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان بۆ دانیشتن لەگەڵ حکومەتی ناوەند بنێرن، کە وتەبێژی کورد بێت و ئاماژەی یەکڕیزیی ئەوان بێت. بەڵام کوردەکانی ئێران هەرکامیان بە جیا چوونە لای ئایەتوڵڵا خومەینی، تاکوو دەرخەری جیاوازی بن لە نێوان ڕکابەرانی سەرکردایەتیی کورد، ئەو سەرکردانەی کە ڕەوایەتی و دەسەڵاتی ڕێبەریکردنی خەڵکیان بەدەستنەهێنابوو. "ئیبراهیم ئەحمەد لە سەرەتای چالاکیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ۱۹۴۷، هەرچەند خاوەنی بیرکردنەوەیەکی جیاواز بوو، بەڵام لە دیاریکردنی چارەنووسی حیزبیی خۆیدا، بڕیاری نەدابوو. ئەو دوای هەڵوەشانەوەی کۆماری مەهاباد، بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پەیوەست بوو. لە گۆڤاری گەلاوێژیشدا بابەتی فەرهەنگیی دەنووسی و زیاتر نووسینەکانی لەبارەی ڕۆشنبیری، یان دامەزراندنی پەیوەندیی بەهێزی کورد و عەرەبەکانەوە بوون. لەبەر ئەم نووسینە پێشکەوتنخوازانەشی، بە کەسێتییەکی پەسەندکراو دەهاتە بەرچاو". لە سەرەتاوە لایەنگریی عەبدولکەریم قاسم لە کوردەکان، باش نەبوو. دایکی، کوردێکی شیعە بوو. بە ڕواڵەت مەبەستی باشبوونی دۆخی کوردەکان بوو. هەنگاوی بەو ئاراستەیەش هەڵگرت. چەندین کوردی بە پلەی باڵا لە پۆستەکانی حکومەتەکەی دانا. لە ساڵانی سەرەتای حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمدا، پەیوەندیی هاوژیانیی نێوان کوردەکان و حکومەت گەشەی کرد. لە دەستووردا، بۆ یەکەم جار بە یەکسانی تەماشای کورد و عەرەب کرا. هەوڵی ئەوەی دا خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لە کوردستان، وەک پرۆگرامێکی جێگیر کاری لەسەر بکرێت. تەنانەت لە دەستوورشدا دوای دوو هەفتە لە سەرکەوتنی کودەتا، ئاماژەی بەوە کرد کە کورد و عەرەب لە عێراقدا وەک یەک بەشدارن و مافی یەکسانیان هەیە.

دەستووری نوێی عێراق، سەبارەت بە پێگەی ولات، وەک بەشێکی جیانەکراوەی میللەتی عەرەب پێداگریی دەکرد. بە ڕوونی ئەوەیان دەوت کە کورد و عەرەب وەک بەشدار لەم گەلەدا لەبەرچاو دەگیرێن. کاتێک عەبدولکەریم قاسم مادەی سێیەمی لە دەستووری عێراق پێشنیار کرد، کاریگەریی گەورەی لەسەر کۆمەڵگا دانا. لەو دەستوورەدا نووسرا "کورد و عەرەب لە نیشتیمانی عێراقدا ئامادەییەکی یەکسانیان هەیە و یاسا لە

چوارچێوەی یەکێتیی عێراق و مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانیاندا پارێزراو دەبێت".
لەڕاستیدا ئەم هەنگاوە کاریگەر بوو. کاتێک عەبدولکەریم قاسم ئەو ماددەیەی لە دەستووری عێراقدا چەسپاند، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر خەڵک دانا. ئەمە یەکەم بەڵگەی یاسایی دانپێدانانی حکومەتی عێراق بە ناسنامەی کوردیدا بوو. هەنگاوێکی باشیش بوو بۆ ئەوەی کوردەکان دان بەو کودەتایەدا بنێن و حکومەتیش کوردەکان هێمنبکاتەوە و دڵی ئەوان بەدەستبهێنێ و رێگری لە هەر جوواڵانەوەیەک بکات. "دەستوورێک لە ساڵی ١٩٥٨دا بڵاوکرایەوە کە بۆ یەکەم جار کوردەکانی وەک نەتەوەیەکی جیاواز و جیاکار لە مافە نەتەوەییەکاندا بەڕەسمی ناساند. ئەو مادە دەستوورییە بەرمەبنای هەر شیکردنەوە و رێگایەک. بەو جۆرە ئەمە هەنگاونانێک بوو بەرەو پێشەوە. کاتێک عەبدولکەریم قاسم هات، ئەو کاتە هەستمان کرد کە دان بە ناسنامەی کورددا نرا، چونکە لە سەردەمی پاشایەتیی هاشمی، هیچ باسێک لە ناسنامەی کوردی نەکرابوو، تەنیا لە سەردەمی قاسمدا بوو کە کورد بۆ یەکەم جار لە حکومەتدا بەشدار بوو. بۆچوونی ئێمە ئەوە بوو کە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بە مانای حکومەتی کورد و عەرەبە و بەم پێیە واتای (کیان) یان (وڵات)مان هەست پێ کرد. ئەڵبەت ڕووداوەکانی نەورۆزی ١٩٥٨ شتێکی تایبەت بوون. هێشتا لەناو خەڵکدا ساڵی قەدەغەکردنی بەرنامەکانی نەورۆز لەبیر نەچووەتەوە. کە ساڵی ١٩٥٨ سیستمی نووری سەعید و هاشمی نەما، پارتی دیموکراتی کوردستان کەسانێکی وەک: زیاد ئاغا، مەسعوود موحەممەد، عەباس ئاغا و عەبدولڕەحمان ڕووتە و ... هتدی نارد بۆ بەغدا، تا خواست و داواکانی کوردەکان بخەنەڕوو".

کوردەکان لە ماوەی حوکمی پاشاییدا، چالاکیی و جموجوواڵیان هەبوو. لە شێخ مەحموودەوە تا مستەفا بارزانی، پاڵپشتیی بزاڤە کوردییەکان بوون. پاشماوەی خەڵک تەنیا چاویان بەسەر ئەو باورودۆخەدا دەگێڕا. پاش کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم، بەو هیوایە بوون کە گۆڕانکاریی زۆر بەدی بێت و دۆخی عێراقیش بەرەو جێگیری بڕوات. ئەمە بۆ بزاڤی کوردی زۆر گرنگ بوو. کوردەکان بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە و دانیان نا بە ڕاپەڕینی عەبدولکەریم قاسمدا، چونکە ویستیان سەربەخۆیی بۆ وڵات و حیزبە کوردییەکان دروستبکەن و جۆرێک لە سەربەخۆیی ئاشکرایان هەبێ. "بە تایبەت کاتێک ویستیان جۆرێک

له شووناس و کیان بۆ حیزبی کوردی دروستبکەن و سەربەخۆیی پەسمیی هەبێت". دیارە چاوەڕوانیی هەنگاوی پۆزەتیڤانەیان لە عەبدولکەریم قاسم دەکرد. دوای کودەتا، هەنگاو بەرەو پێناسەکردنەوەی شووناسی کوردی، زۆر گەشەی کرد. زۆربەی دوکاندارە کوردەکان لەسەر تابلۆی دوکانەکانیان ناوی کورددییان دەنووسی و لە نێوان خەڵکدا بە ئاشکرا لەبارەی کورد و کوردستانەوە باسوخواس هاتبووە ئاراوە. پڕۆپەمی نوێ لە گۆڕانکاریی ئەوتۆی هەلومەرجی کوردەکان ئاگایی دا. هەردوو لایەن، حکومەت و کوردەکان، بەیاننامەیان لەسەر هاوکاریی نێوان کورد و عەرەب بۆ چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکان، دەردەکرد. پۆژی دواتریش ڕادیۆی بەغدا نامەیەکی خوێندەوە کە پێنج هەزار لە کوردەکان واژۆیان کردبوو و ئاراستەی سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکانیان کردبوو. تێیدا خوازیاری هاوکاری و برایەتیی کورد و عەرەب بوون. حکومەتیش لە وەڵامی ئەو داخوازییەدا نیەتپاکیی خۆی نیشان دابوو و شێخ ئەحمەدی بارزان و کەسانی دیکە کە بە هۆی ڕاپەڕینی بارزانەوە حوکمی زیندانیی هەتاهەتایی، یان لەسێدارەدانیان بۆ دەرکرابوو، لە زیندان ئازاد بوون.[۱۸]

هەوالنامەی کێبڕکێ

لە تشرینی یەکەمی ۱۹۵۸، دوای ڕەزامەندیی گەڕانەوەی بارزانی لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە (چ بە هۆی وەزارەتی دەرەوە، چ بە ڕێپێوانی گەورە لە لایەن پیاوانی حیزبییەوە لەبەردەم باڵیۆزخانەی سۆڤێت لە بەغدا، کە خوازیاری گەڕانەوەی بارزانی بوون لە ولاتی ڕووسیا). مۆڵەتنامەکەی عەبدولکەریم قاسم بە ڕەسمی بە سۆڤێت ڕاگەیەندرا. کۆمۆنیستەکان لە گەڕانەوەکەیدا ڕۆڵێکی گەورەیان بینی. هەرچەندە (عەبدولسەلام عارف و زۆرێك لە ئەفسەرە پلەبەرزەکان، بە گەڕانەوەکەی بارزانی ناڕازی بوون). لە مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ، باڵیۆزی سۆڤێت نامەیەکی دۆستانەی بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد، کە "بارزانی لە سۆڤێتەوە بەڕێکەوت. بە ڕەچاوکردنی مەسەلەی ئاسایشی تەواو لە ولاتدا، چەکی بارزانی دەدرێتە گرووپەکەی ئێوە". بە هەوڵ و هیمەتی عەبدولکەریم قاسم، گرووپێك بە سەرپەرشتیی ئیبراهیم ئەحمەد، نێردرانە پراگ. بەڵام ئەوان لە ڕێگەی گەڕانەوە لە پراگەوە بۆ بەندەری ئەسکەندەریە و قاهیرە بۆ بەغدا، سوودیان لە هەل وەرگرت و بێ ڕاوێژکردن لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا، لە میسر چوونە

دیداری جەمال عەبدولناسر. ئەگەرچی تالەبانی لە ١٩٥٧ پێشنیاری کردبوو تا لە سەفەرەکەی جەمال عەبدولناسر بۆ سۆڤێت ئەم دیدارە بکرێت، بەڵام خرۆچۆڤ رێگریی کرد. لە ساڵی ١٩٥٧دا، حیزبی (الاستقلال الوطني الديموقراطي) و حیزبی بەعس - میشێل عەفلەق و فوئاد الرکابی - سکرتێری بەعس، لەبەر سیاسەتمەدارانی عەرەب هەوڵیان دا ئیبراهیم ئەحمەد چاوی بە جەمال عەبدولناسر بکەوێ، بەڵام کێشەی پاسپۆرتەکەی چارەسەر نەکرا. لە کۆتایی ١٩٥٨دا، لە ١٤ی گەلاوێژ، سەردانی عەبدولناسری کرد و سەبارەت بە کێشەی کورد قسەی لەگەڵ جەمال عەبدولناسر کرد.

هەرچەندە لە سەرەتای گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق دوای قۆناغی دوورخستنەوە، هەندێك ناکۆکیی سیاسی کەوتە نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانی، کە دواتر ناوی لێنرا ناکۆکییەکانی پارتی و بارزانی. بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد و پیاوانی حیزب، بە هۆی پاراستنی کورسی و مانەوەی ژیانی سیاسی و جێگیربوون، بە شێوەی کاتی بێدەنگ دەبوون. ئیبراهیم ئەحمەد دواتر وتی " گەورەترین هەڵەی من لە ژیاندا، کۆمەك بۆ گەڕانەوەی بارزانی بوو بۆ عێراق، دوای کودەتاکەی قاسم، کاتێك بارزانی دوورخرابووەوە بۆ سۆڤێت". هەڵبەت ئیبراهیم ئەحمەد وای بۆ دەچوو کە ناوی بارزانی بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی کوردی گرنگە، بەڵام کاتێك بۆ یەکەم جار بارزانیی بینییەوە لە پراگ، ئەوەی بۆ دەرکەوتبوو کە بارزانی سەرکردەی جێگەی بڕوای ناسیۆنالیزمی کوردی نییە. بەڵام چیتر سوودی نەبوو. لە ماوەی پانزە ساڵ بانگەشە کردن، پێویستیان بە پاڵەوانێکی ئەفسانەیی هەبوو کە بە پشتبەستن پێی، بتوانن شووناسێکی هەستانەوە لە بەرانبەر ململانێکارەکانی وەك کۆمۆنیستەکان، دروستبکەن، کە زۆربەی ڕۆشنبیرەکانیان بە لای خۆیاندا ڕاکێشابوو. هەرچەندە بارزانی تەنیا سەرکردەیەکی سەربازی بوو، بەڵام دواجار ئامانجەکەی بریتیبوو لە گرتنەدەستی دەسەڵاتی سەرکردایەتیی بنەماڵەی بارزانی. "مەلای سوور، لەڕاستیدا سەرکردەیەکی نەریتیی بنەماڵەیی بوو، کە تەنیا یاسای خۆڕێبەری بۆ ئەو جۆرێك لە چەسپاویی لە سەرکردایەتییەکەیدا بەدی دەهێنا". هەڵبەت زۆرێك لە پسپۆڕان بێدەنگیی حیزبیان وەك جۆرێك لە قۆستنەوەی هەل تەماشا دەکرد لەسەر ئەو بڕوایەن "گرووپی کۆمێتەی ناوەندی لەو کاتەدا کەسێتیی گرنگ و دیاری نەبوو و دەیوست لە ناو و ناوبانگی

بارزانی که بۆ کۆمەڵگایەکی دواکەتووی وەک کوردستان خۆشەویست بوو، سوودوەربگرێت، ئەگەرنا دەیانتوانی هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە نەیکەنە ڕێبەر و سەرکردە. بارزانی هیچیشی لە مانا و مەبەستی حیزب نەدەزانی". گرووپێکی تریش ئەو بیدەنگییە بە نیشانەی ئەقڵانیەتی سیاسی ناو دەبەن و لەسەر ئەو باوەڕەن کە "بارزانی لە ڕۆژی یەکەمەوە بۆ ڕکابەری لەگەڵ قازی محەمەد، خوازیاری دامەزراندنی ئەم حیزبە بوو. بە هاوکاری و فەرمانی ڕووسییەکان کەسێکی وەک حەمزە عەبدوڵڵای نارده کوردستان و مەرجی بارزانیش ئەوە بوو کە خۆی ببێتە سەرکردەی حیزبەکە. بارزانی دەیویست کە شووناس و ڕەوایەتی بۆ خۆی دروستبکات. تەنانەت دڵی بە سەرکردایەتی و ناونیشانی بە ژەنەراڵ لە کاتی دوورخستنەوەدا[۱۹]، خۆش بوو. ئەگەر کۆمیتەی ناوەندی حیزب لەمە بیدەنگ دەبوون، لەبەر خاتری سەربەخۆیی کوردستان بوو. ئەگەر لە هەمان ئەو ڕۆژانەدا شمشێریان لە یەکتر هەڵبکێشایە، ئەمڕۆ کەشوهەوایەکی وەک ئەوەی ڕاپەڕینی ئێرانی ۱۹۷۹مان دەبوو، کە گرووپێك بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئایەتوللا خومەینی دەچوونە قوم، گرووپێکی تر دەچوونە تاران، لە ترسی ئەوەی نەوەکوو رکابەرەکانیان بگەنە نان و ناوبانگ".

بارزانی و نزیکەی پێنج سەد کەس لە هاوڕێکانی، دوای هەڵوەشانەوەی کۆماری مەهاباد، وەک پەنابەر چوونە ڕووسیا. هەڵبەت ڕوون نییە و بەڵگەی واش لەبەردەستدا نییە کە بارزانی لەو یازدە ساڵەدا چ چالاکییەکی هەبووە. بەڵام هەندێك لەو بڕوایەدان کە ئەو "سەرەتا ماوەی چەند ڕۆژێك لە کۆلێژی سەربازیی ڕووسیا، ڕاهێنانی سەربازی و چریکیی بینیوە. بەم هۆیەوە ناویان ناوە ژەنەراڵی سوور. ئەو و هاوڕێکانی دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد، چوونە ناو سۆڤێت. سەرەتا لەوێ ڕاهێنانیان بینی. ئەڵبەتە ئەوە درۆیەکی ڕووتە کە هەر لە مەهاباد لە لایەن ڕووسییەکانەوە پلەی ژەنەراڵی پێبەخشراوە. جگە لەویش، هەندێ لە ئەفسەرانی کورد وەک کۆچکردوو بەکر کەریم، لە مەهاباد پلەیا بەرزکرابووەوە، هەندێك جار گەیشتبوونە پلەی عەقیدی". هاوڕێیەکی بارزانی لە مۆسکۆ، دەڵێت کە "ماوەی شەش مانگ ڕاهێنانی سەربازییان پێ کراوە. لەو ماوەی ژیانیدا لە سۆڤێت، بارزانی ناونیشانی ژەنەراڵی فەخریی وەرگرت، لەو ڕۆژەوە تا مردنی سوودی لەو ناونیشانە وەرگرت". بەڵام ڕای نوێنەری ساواک ئەمەیە "لە سەرەتادا بارزانی و هاوڕێکانی چوونە

ناوچەی باکۆ و لەژێر چاودێریی سەرانی دیموکراتە هەڵهاتووەکانی وەک پیشەوەری و غوڵام یەحیا و پەناهییاندا بوون. لەوێش بە هۆی جۆراوجۆرەوە زۆر نەبوونە جێگەی سەرنجی ڕووسییەکان. بارزانی هەمیشە تۆمەتبار بوو بە بوونی بیرکردنەوەیەکی دەرەبەگانە و خێڵەکی و پەیوەندی لە گەڵ ئینگلیزەکان. پیاوەکانی بەرەبەرە بە کاری دەرەکییەوە خەریکبوون و هەندێکیشان لەگەڵ کچە ڕووسییەکاندا هاوسەرگیرییان کرد. هیچکات مۆڵەتی چوونیان بۆ شوێنێکی تر نەبوو، تەنانەت خودی بارزانییش. بارزانی کە هەمیشە بە گرنگیدان بە خۆی و سیاسەتی جیاخوازییەوە خووی گرتبوو، ناڕەزایەتیی دەربڕی. لەناکاو بردیانە ناوچەی سیبریا و زمانی ناڕەزایەتیی ئەویان کورتکردەوە. دواتر گێڕایانەوە بۆ شوێنەکەی سەرەتای". یەکێك لە پیاوانی کەرتی ئازەربایجان کە پەنابەر بوو لە ڕووسیا، لەم بارەیەوە دەڵێت "بارزانی دوای شکستی مەهاباد، توانیی خۆی بگەیەنێتە ئەوسەری شاخەکان و هەڵبێت. چەند جارێك داوامان کرد سەردانی بارزانی بکەین، بەڵام ڕووسییەکان ڕێگەیان نەدابن".

بارزانی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و شەش کەسێ تر لە دۆستانی خۆی[٢٠]، دوای بینینی جەمال عەبدولناسر، بە فڕۆکە هاتنەوە بەغدا. لە دانیشتنی یەکەم لەگەڵ وەزارەتی بەرگری و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆك وەزیر، لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە پێشوازیی لێکرا. بە پێچەوانەی ئەو مامەڵەیەی لەگەڵ ڕەشید عالی گەیلانی کرا، وەك پاڵەوانێك تەماشای ئەم دەکرا. ئەگەرچی هەردووکیان دژی ئینگلیز ڕاپەڕیبوون، بەڵام ڕووسییەکان هێشتا ئەو شکست و گومانەیان هەبوو کە ئەو بە ڕێکەوتنی نهێنی لەگەڵ ئینگلیزەکان، بە کۆماری مهابادەوە پەیوەست بوو، بەڵام هەوادارانی بارزانی دەڵێن کە ئەو دژی سوپای ئینگلیز بە سەرۆکایەتی ڕێنتن، شەڕی کردبوو. دواتر بارزانی چووە کۆشکی فەیسەڵ، کوڕە گەورەی نووری سەعید (کۆتا سەرۆك وەزیری ڕژێمی، پاشایەتی کە خۆی لە فڕۆکەوانە باشەکانی هێزی ئاسمانیی عێراق بوو)، کە وەك شوێنی مانەوەی تایبەتی خۆی دیاریکرابوو، ئەویش جلەکانی داکەند و لەوێ مایەوە. ئەو کەسەی کە لە ڕۆژگاری حکومەتی پێشوودا سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچووبوو، ئەو ڕۆژە میوانی تایبەتی سەرۆك وەزیری حکومەتی نوێ بوو.

هەواڵنامەی کێبڕکێ

بارزانی و هاوڕێکانی چوونه هۆتێل سندیبادی بەغدا. سەدان کەس لە کەسە ناڕازییە جۆراوجۆرەکان و کوردەکان، پێشوازییان لێکردن. هەڵبەت فاکتەری ناوچەیی پەیوەست بە باڵیۆزەکانی ئینگلیز و ئەمریکا و تورکیا، وایکرد لە باڵیۆزەکان لەناو خەڵکانی پێشوازیکەردا بکەونە ئامادەکردنی ڕاپۆرت دەبارەی بارزانی، تا لە پەنا قسەکان و چیرۆکە جیهاندیدەییەکانی، خاڵێکی نوێ بدۆزنەوە کە وەلامێك بێت بۆ پرسیارەکانیان. ئەو پرسیارانەی لایان دروستبووبوون، زیاتر بریتیبوون لە: ئایا گەڕانەوەکەی بارزانی بەپێی ڕێکەوتنی ڕووسیا و عێراق بووە تا بەرپرسیارێتییەکی گرنگ ئەنجام بدات، کە هەمان تێکدانی ئارامیی کوردستان و دروستکردنی گرژی لە شای ئێراندایە؟ ئایا عەبدولکەریم قاسم مافی خۆبەڕێوەبەری دەبەخشێتە کوردەکان؟ ئەگەر ئەو مافەیان پێ بدات، چ کاریگەرییەکی لەسەر کوردەکانی ئێران و تورکیا دەبێت؟ ئایا گەڕانەوە و توڕەبوونە سەربازییەکەی بۆ مانەوە و جێگیرکردنی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسمە؟ ...هتد. ئەڵبەتە ڕاپۆرتەکانی باڵیۆزی بەریتانیا، ئاماژەیان بە ئەگەری ڕاپەڕینی سەربازی بە ڕێبەرایەتیی بارزانی، داوە. ساواکی ئێرانیش لە هەوڵی ڕاکێشانی بارزانیدا بوو. بەهەرحاڵ، بەدەر لە مەسەلەکانی پشت پەردەی سیاسەت، سەدان کەس لە کورد و عەرەبەکان پێشوازییان لە بارزانی کرد. هەموو چین و توێژێك سەردانیان دەکرد و پیرۆزبایی و بەخێرهاتنەوەیان لێ کرد.

سەرانی هۆزەکانی باکووری عێراق و پیاوە بەناوبانگەکانی ناوچەکانی دیکەش، چوونە بەغدا و سەریان لێدا. لەو نێوەندەدا تەنیا مەحمود ئاغای زێباریی سەرۆکی هۆزی زێبار سەردانی نەکرد، ئەویش بە هۆی ئەو دوژمنایەتییە کۆنەی کە هەیانبوو. پاش سەردان و چاوپێکەوتنەکان، کۆبوونەوەیەکی گەورە لە ستادیۆمی وەرزشیی بەغدا، بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی و خەڵکی دیکە، ڕێکخرا. ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری گشتیی حیزب، سەرەڕای شیکردنەوەی لەخۆبوردووی و خەباتی شێلگیرانە و بەردەوامی مستەفا بارزانی لە پێناوی کورد و کوردستاندا، بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی خوێندەوە کە دەربارەی هەڵبژاردنی بارزانی بوو بە سەرۆکی حیزب. "دەنگی خۆشی و شادی دەربڕینی خەڵك، لەو ستادیۆمەدا بێ وێنە بوو. بارزانییش وەکوو هەمیشە بەبێ دەربڕینی کەمترین هەست و سوپاسگوزاری لەو خەڵکە، لە ستادیۆم چووە دەرەوە".

"گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق و چوونەوە بۆ باکوور و ناوچە کوردنشینەکان و مامەڵە جیاوازەکانی حکومەتی نوێی عێراق لەگەڵ کورد، گەلێك پرسیاری لە زیهنی کوردانی ئێران، تورکیا، سووریا، ڕووسیا و هەروەها چین و تۆیژە جیاوازەکانی کورد کە لە وڵاتە ئەوروپاییەکان خەریکی کار و خوێندن بوون، دروستکرد". ئەم کاریگەرییە بەو هۆیەوە بوو کە ڕاگەیاندنی حیزب بە تایبەت ئیبراهیم ئەحمەد، بۆ گەشەکردنی حیزبەکە نەك لەبەر کەسێتی و چالاکیی بارزانی، هێنابوویە ئارا. "ئامانجی ئیبراهیم ئەحمەد ئەوە بوو لە پاڵ ناوی بارزانیدا، ناوبانگی حیزب و پیاوانی کۆمیتەی ناوەندی لەناو خەڵکدا زیاتر ببێت. دواتر ئەم دەموچاوسازییە قوولە و پاڵەوانە خەیاڵییە، بووە هۆی دەردیسەری و ئازاردانیان". "چونکە بارزانی لە بنەڕەتدا بڕوای بە حیزب و ڕێکخستنی حیزبی و دامەزراندنی نەبوو. نە زانیاریی سیاسیی هەبوو و نە هێز و توانای بەڕێوەبردنی حیزبیش".

پێشوازیی لە بارزانی، تا سنووری بارزانیش هەبوو و کۆمیتەکانی پێشوازی و بەخێرهێنانەوە لە لایەن حیزبەوە بەڕێوەدەبران. بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێك لە کوردستاندا هێشتا ناو و ناوبانگی ئەم حیزبەی نەبیستووە، بە بینینی پاڵەوانی ئەم حیزبە تووشی سەرسوڕمان ببێت و پەیوەندی بە خێڵی هەوادارانی ئەم حیزبەوە بکات. ئەڵبەت کۆمیتەکانی پێشوازیی حیزب ڕەچاوی ئەوەیان دەکرد عەبدولکەریم قاسم نەڕەنجێنن و هەڵی بنێن. سەرەڕای ڕاپۆرتی ڕاگەیاندنەکان و هەواڵنێرانی باڵیۆز و ڕێکخراوەکانی ئاسایش، بۆ عەبدولکەریم قاسم و جەمال عەبدولناسریش کارێکی سەرسوڕهێنەر و نامۆ بوو کە بارزانی چ نەخشەیەکی لەسەردایە. "باڵیۆزی ڕووسیاش هەرجارەی نوێنەرێکی دەنارد، تا میهرەبانیی ڕووسییەکان پیشان بدات و سۆڤێت وەك مااڵی ئەم پاڵەوانە نیشان بدات، کە هەر کاتێك بیەوێت، دەتوانێ دەرگاکەی بکاتەوە. بارزانی سۆڤێتی ناونابوو مااڵی مامی". بارزانیش سەرەڕای سوپاسگوزاریی لە پێشوازیی خەڵك، لە وەاڵمدا گوتی "ئێمە زۆر سوپاسی سۆڤێتی مەزن دەکەین، کە ۱۱ ساڵ میواندارێ و پاڵپشتیی گەلەکەمانی کرد. هەروەها سوپاسی دەوڵەتی عێراقیش دەکەین کە ئێمەی لە بەندیخانە و لەسێدارەدان ڕزگار کرد".

بارزانی دوای گەڕانەوەی، لە عەبدولکەریم قاسم و پالپشتییەکانی ڕازی بوو و لەژێر هیچ هەلومەرجێکدا نەیدەویست دڵی بڕەنجێنێت. بە تەواوی خۆشحاڵی و پشتگیریی خۆی و حیزبەکەی بۆ ڕاپەڕینەکەی پیشان دا. "دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤێت بۆ بەغدا، عەبدولکەریم قاسم ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی بۆ گرت و کرێی مانگانەی بۆ دیاریکرد. لە ماڵەکەی فەیسەڵی بکوژی کوڕی نووری سەعید مایەوە. ئەگەرچی ئەم خزمەتکردنەی بارزانی بە ڕوالەت وەک نیشاندانی ڕێز بوو، بەڵام لە ناخەوە وانەبوو. بۆ چاودێریکردنی، عەبدولکەریم قاسم چەندین ماشێن و شۆفێر و کارگوزار و شتی تر و کەسی ڕاهێنراوی، خستبووە خزمەتی خۆی و خێزانەکەیەوە. دوای یازدە ساڵ لە یەکێتیی سۆڤێت، بارزانی وەک شۆڕشگێڕێک گەڕابووەوە عێراق، بەڵام کەس متمانەی بە بارزانی نەبوو، تەنیا کەسێتییەکی سوودلێوەرگیراو بوو".

لە سەرەتادا عەبدولکەریم قاسم و بارزانی، هاوکارییەکتریان بە مەبەستی سەرکوتکردنی دوژمنەکانیان، بە پێویست دەزانی. دوژمنە ناوخۆییەکانی عەبدولکەریم قاسم، کۆمۆنیستەکان و بەعسییەکان و هەوادارانی بیری جەمال عەبدولناسر و ناسیۆنالیستە عەرەبەکانی تر بوون، کە هەموویان، خوازیاری شکڵگرتنی بونیادی کۆمەڵایەتی و سیاسیی عێراقی نوێ لەسەر نەخشەی خۆیان، بوون. هاوکات لەگەڵ ئەوەی بارزانی لە سەرەتاوە پشتگیریی لە ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم دەکرد، بەڵام کوردەکان هاوڕای نەبوون کە بۆ نموونە پارتی دیموکراتی کوردستان لە حکومەتی نوێ و ئەفسەرانی ئازادا، پشتگیریی بکات یان نا. بۆ نموونە: ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری حیزب، دژی هەڵوێستی بارزانی بوو. بارزانی بۆچوونی وابوو کە عێراق نابێ بچێتە ڕیزی کۆماری یەکگرتووی عەرەبییەوە، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد پشتگیریی لەو کارە دەکرد، چونکە ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە بارودۆخی نێونەتەوەیی وڵات پتەوتر دەکات و ڕێبەرانی عێراق دەستیان ئاوەڵاتر دەبێ بۆ دانی ماف کوردەکان. هەرچەندە حیزبی شیوعی لە سەرەتاوە دژایەتیی خۆی هێمنتر و نەرمتر دەربڕی، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەردەمی ئەستەمی ڕژێمی شۆڕشگێڕدا، هاوپەیمانێکی گرنگی دەستکەوت کە دژایەتیی ئەو پلانە بکات.

لەڕاستیدا یەکەم مەسەلەی جیاخوازی، دوای کەوتنی حکومەتی فەرمانڕەوایی هاشمی، لە پەیوەندی بە مەسەلەی عێراقەوە، کۆماری تازەدامەزراوی یەکگرتووی عەرەب بوو. لە لایەکی ترەوە نەتەوەپەرستەکان و بەعسییەکان، کەمێك پاشەکشەیان کرد. کۆمۆنیستەکان دژی ئەوان کەوتنە چالاکی، کە دەستگیرکردنی عەبدولسەلام عارف لە بەرژوەندییاندایە. هەڵبەت عەبدولسەلام عارف بیری جێگریی عەبدولناسری لەسەردا بوو. لە لایەکی ترەوە بەو ناکۆکییەی کەوتە نێوان عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف ، جەمال عەبدولناسر بە توندی هێرشی کردە سەر عەبدولکەریم قاسم و بە جۆرێك لە جۆرەکان وەك دوژمنی یەکێتیی عەرەب ناوزەدی کرد. هەڵبەت شارستانێتییەکانی ڕووباری میسر و عێراق، لە کۆنەوە خواستوویانە ببنە ناوەندی قورسایی سیاسیی جیهانی عەرەبی، ئەمەش هەندێجار بووتە هۆی دەرکەوتنی تەنگژەی نێوان ئەم دوو وڵاتە. ڕەنگە بە هۆی بایەخی ناسیۆنالیستی و جەمال عەبدولناسرەوە لە جەرگەی ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا، فشارێکی زۆر لەسەر عەبدولکەریم قاسم بۆ هاتنە ناو ئەم یەکێتییە، لە ئارادا بووبێت. کوردەکان بەم هەنگاوە ناڕازی بوون. وردە وردە دژی قاسمیش نەیاری و ڕێکخستن دەستی پێکرد. بەعسییەکان دوژمنی عەبدولکەریم قاسم بوون، دەیانویست عێراق بچێتە ژێر دەسەڵاتی میسر و سووریا، عەبدولسەلام عارفیش بەبێ بیرکردنەوە، لایەنگری ئەم بۆچوونە بوو.

لە حەفتەکانی سەرەتای شۆڕشدا، حیزبی کۆمۆنیستی عێراق ڕێکخستنەکانی دەستپێکرد و بەرەیەکی جەماوەریی نەتەوەیی، بە یارمەتیی کەمال چادرچی پێکهێنا و ڕێکخراوێکی بێبایەخی دیکەی وەگەڕخست. ژەنەرالّ عەبدولکەریم قاسم دەیویست لە تەرازووی ڕکەبەرییەکاندا، قورساییەك لە بەرانبەر لایەنگرانی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی ساز بکات، بۆیە دەستی ئەوانی لە چالاکییەکاندا ئاوەڵا کرد. لەڕاستیدا ئەو دەیویست بیسەلمێنی کە عێراق دەتوانێ بە چەند ملیۆن عەرەبەوە، دیمەنێکی دیکە پێشکەش بکات. دیمەنی جەماوەریی و ئازادیخوازانە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی عەرەب. بە بڕوای ئەو، جەمال عەبدولناسر و حیزبی بەعس و بە گشتی کۆماری عەرەب، نوێنەرایەتیی سەردەستانەی ئەو بیرەیان دەکرد. کۆماری یەکگرتووی عەرەبی و ناسر، سیستمی فەرمانڕەوایی ڕەتەکردەوە، هەر لەو کاتەشدا بیری کۆمۆنیزمی، بە پێچەوانەی یەکێتیی عەرەبەکان دەزانی.

ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە عەبدولکەریم قاسم بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان پانعەربیستەکان و شیوعییەکان، دەرفەتی زۆرتر بە شیوعییەکان بدات. لە ئاکامی ئەمەدا، لە ماوەی چەند مانگێکدا شیوعییەکان بوونە بەتواناترین هێزی سیاسیی عێراق. زۆربەی پۆستە گرنگەکان لەدەستی ئەواندا بوو. دادگایەکی شۆڕشگێڕانە لەژێر چاودێریی عەقید فازڵ عەباس مەهداویی، کە ئامۆزای عەبدولکەریم قاسم و شیوعییش بوو، پێک هات و هەموو سەرانی رژێمی پێشووی دادگایی کرد. لەو دادگاییانەدا تانە و تەوانج دژی جەمال عەبدولناسریش دەبیسترا. شیوعییەکانی عێراق، بە ماوەی سێ ساڵ ئازادبوون، سوودی باشیان لە دۆخەکە وەرگرت. بەڵام شۆڕشێک کە لە ۱۵ تا ۱۸ی تەموز لە کەرکووک ڕووی دا و دەگوترا کە دەستی شیوعییەکانیشی تێدا بووە، بووە هۆی بێمتمانەیی عەبدولکەریم قاسم بەوان.

لە سەرەتادا عەبدولکەریم قاسم شیعەبوونی خۆی دەشاردەوە. عەبدولکەریم قاسم ڕێگەی دا حیزبە سیاسییەکان دابمەزرێن و چالاکیی فەرمیی خۆیان دەستپێبکەن. لە کۆتاییدا حیزبی دەعوەی ئیسلامی وەک ڕەنگدانەوەی سیاسیی کۆمەڵگای شیعە، پێکهێنرا. زۆری نەبرد هێزە نیشتیمانییەکان دژی یەکتر پڕوپاگەندەیان دەکرد و هەرکام دژی ئەوی تریان دەوەستا. " ئەڵبەت هیچکامیان دۆستی میللەت نەبوون، چونکە ئەگەر دۆستی میللەت بوونایە، بەرەیەکی یەکگرتوویان پێکدەهێنا". لە عێراقدا، حیزبە چەپەکان دامەزران، لە ساڵانی پەنجادا حیزبی سۆشیالیست بە سەرۆکایەتیی ساڵح جەبر دامەزرا، کە خۆی شیعە بوو. کاتێک عەبدولکەریم قاسم دەسەڵاتی گرتەدەست، ئیبراهیم کوبە[۲۱] بە بیری شیوعییەوە بوو بە وەزیری ئابووری. لە ڕووی سیاسییەوە، حیزبی شیوعی، دەسەڵاتی لە حیزبەکانی دیکە و پارتی دیموکرات زیاتر بوو.

پاش کودەتای ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم، دووبەرەکی کەوتە نێوان مەکتەبی سیاسی و سەرۆکایەتیی پارتی. دوو بۆچوونی جیاواز دەربارەی هەندێ چەمکی وەکوو: هەڵوێست وەرگرتن بەرانبەر حیزبی شیوعیی عێراق، عەبدولکەریم قاسم، عەرەبی ناسیۆنالیست، بارزانی و مەکتەبی سیاسیی ڕووبەڕووی یەک کردەوە. هەمزە عەبدوڵڵای سکرتێری مەکتەبی

سیاسی و چەند کەسی دیکە[٢٢] کە پێشتر لەناو شیوعیدا بوون و پاشان هاتبوونە ناو پارتی، بە نهێنی لەگەڵ حیزبی شیوعیدا پەیوەندییان هەبوو و دەیانویست پارتی بخەنە ژێر رکێفی حیزبی شیوعیی عێراقەوە. لەو سەردەمەدا، سۆشیالیزم، باشترین نموونەی لە سۆڤێتدا بوو و ڕووس و ئاشکرا بوو کە چییە. ئەم کەسانە دەچوون بۆ سۆڤێت و باکۆ، بەڵام سەرنجیان نەدەدا کە شتێك بە ناوی سۆشیالیزم لە کۆمەڵگای خێڵەکیی کوردستاندا، بێ واتایە. ڕووسییەکان بەپێی بەرژەوەندیی دوورمەودا و ستراتیژی خۆیان، پشتگیرییان لە کوردەکان دەکرد. بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد دژی ئەوە بوو و تاڵەبانی و کەسانی دیکەش[٢٣] پشتگیرییان لە ئیبراهیم ئەحمەد دەکرد. لایەنی هەمزە عەبدوڵڵا، عەبدولکەریم قاسمی بە سەرۆکی بێ هاوتا – زعیم الاحد– دەزانی، بەڵام لایەنی دووەم، ئەوی بە ئەفسەرێکی عێراقی و نەتەوەپەرەست و خەباتکارێك دەزانی. گەلانی عێراقیان ئاگادار دەکردەوە کە عەبدولکەریم قاسم نیازی تاکڕەوی و سەرەڕۆیی هەیە.

هەوڵنامەی کتێب

لە ساڵی یەکەمی شۆڕش و بارودۆخی نوێی دوای ڕووخاندنی ڕژیم، دەستدرێژی دەکرایە سەر ماڵ و گیانی خەڵك، کە زۆربەیان بێتاوان بوون. هەر چەندە دەبوو لە ڕێگەی یاساوە هەوڵی چارەسەری بدرایە، بەڵام لە شۆڕشە گەورەکانی وەکوو شۆڕشی ١٤ی تەموز، شتی وا، تا ماوەیەکی زۆر لە دوای حکومەتی نوێ، هەر نەدەبوو و نەدەکرا. لە ساڵی ١٩٥٩دا، هێزە نەتەوەییەکانی عەرەب لە بەغدا و شوێنەکانی دیکەی عێراق، هەوڵیان دەدا دژی شۆڕشی ١٤ی تەموز هەڵوێستی ناڕەبار بگرن. لە مانگی ئازاری هەمان ساڵدا بوو کە لە موسڵ ئەو فەرتەنە بێئاکامەیان ساز کرد. لە ئازاری ١٩٥٩دا، پانزەبیستەکان کە لایەن کۆماری یەکگرتووی عەرەبییەوە پشتگیرییان دەکرا، دژی عەبدولکەریم قاسم، لە موسڵ ڕاپەڕین. ئەم کودەتا سەرنەکەوتووەی موسڵ، بە پشتیوانی و بەرگریی سووریا ئەنجامدرا. ئەو کەسانە بە لایەنگر و هەوادار و پەیڕەوانی هێڵی فیکریی جەمال عەبدولناسر هەژمار دەکران. لە ٨ی ئازاری ١٩٥٩دا، دەستەیەك لە ئەفسەرانی نەتەوەپەرەست و بەعسی لە لەشکری دووی عێراق، بە سەرۆکایەتیی عەبدولوەهاب ئەلشەواف، ڕاپەڕین و دەیانویست هێرش بکەنە سەر بەغدا.

عەقید عەبدولوەهاب شەواف، (فەرماندەری ناوچەی موسڵ) و لێپرسراوی سەربازگە و ئەندامی (حركة الانصار السلام) بوو، کە لە حیزبی شیوعیشەوە نزیك بوو. لە سەرەتای ساڵی ۱۹۵۹دا، ویستی خۆپیشاندانێکی گەورە لە موسڵ ڕێبخات، کە لە شارەکانی دیکەی عێراقیش خەڵك دەیانویست بەشداریی بکەن. فەرماندە شەواف کە لە ڕووی بیروباوەڕەوە سەر بە ناسیۆنالیستی عەرەب بوو، داوای لە ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم کرد کە ئەو کۆبوونەوە گەورەیە لە موسڵدا پێك نەیەت، چونکە زۆربەی خەڵکی موسڵ خۆپارێز و عەرەبی ناسیۆنالیستن و شتی وا قەبوڵ ناکەن. ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم گوێی پێ نەدا و ئەو کۆبوونەوەیە پێك هات. عەرەبە ناسیۆنالیستەکان شاڵاویان بردە سەر شەواف، هەر لەو کاتەدا شەواف کودەتایەکی دژی عەبدولکەریم قاسم، بە یارمەتیی سووریيەکان کە لە لایەنگرانی جەمال عەبدولناسر بوون، ڕاگەیاند. دواجار دەرکەوت ئەو کودەتایە پێشتر بەرنامەڕێژیی بۆ کرابوو. کەسانێکی وەکوو سەرلەشکر نازم تەبەقچەلی [۲۴]، گەورەناسیۆنالیستی ناسراوی عەرەب و ڕووکنی دووی کەرکووك، بە هاوکاریی چەند [illegible] بەڕێوەبەری زانیاری و ئاسایشی سەربازی، ڕێکیانخستبوو. ئەڵبەت پلانێکی گەورە بوو، بەڵام عەبدولوەهاب شەواف پەلەی کرد، ئەم ڕاگەیاندنە لەناکاوەی، وای کرد ئەفسەرانی ناسیۆنالیست لە بەغدا، نەتوانن هاوکاریی بکەن و ڕووداوەکە ئاشکرا بوو.

لە ڕاپەڕینی عەقید عەبدولوەهاب شەوافی فەماندەری هێزی سەربازیی عێراق لە شاری موسڵ، پێکدادانی گەورە کەوتە نێوان شیوعییەکان و ناسیۆنالیستە عەرەبەکان، کە هێڵی پەیوەندی بە تەواویی بڕا. دەوڵەتی ناوەندیش ۱۰ هەزار دینار خەڵاتی دیاریکردبوو بۆ کەسێك کە عەبدولوەهاب شەواف بە زیندوویی یان بە مردووی، بدۆزێتەوە. عەبدولکەریم قاسم، ساڵی ڕابردووی بیرکەوتەوە کە خۆی کودەتای کردبوو.

عەبدولوەهاب شەواف، ئەفسەرێکی دەسەڵاتخواز بوو و حەزی لە ناوبانگ دەکرد. لە ئەندامانی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز بوو. عەبدولکەریم قاسم، تەنیا لە حوکمێکدا بڕیاری لەسێدارەدانی ۲۷ کەسی دا کە پەیوەندییان بە کودەتاکەی عەبدولوەهاب شەوافەوە

هـەبوو. ڕاپـەڕینی عەبـدولوەهاب شـەواف، بزاڤێکـی نەتەوەپەرەسـتیی عـەرەبی بـوو. عەبـدولوەهاب شـەواف لـە ئاگادارییەکـدا هۆکارەکـانی ئـەو ڕاپەڕینـەی شـیکردەوە، بـەم شـێوەیە "کاتێـک سـوپای خۆشەویـستی ئێمـە ئـەم شۆڕشـە مەزنـەی لـە بەرەبـەیانی چوارشەممەدا دەستپێکرد، نەیدەویست دەستەیەکی شێت و نـەزان جێگـەی دەسـەڵاتدارە ستەمکارەکان بگرنەوە، یان چینێکی چەوسێنەر و پاوانخواز، شوێنی خۆیان بۆ گرووپێکـی ئاژاوەچی و گێرەشێوێن چۆڵ بکـەن کـە ئاسایشی ئـەم وڵاتـە بشێوێنن. دەستەیەک، بـە بیرێکی سیاسیی تەواو نامۆ لەگەڵ عێراق و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی. دەستەیەک کـافری بێ ئیمان و بێ ویژدان، کە ئەم وڵاتەیان تێکداوە و بتێکیـان داتاشـیوە و بـە بـێ تـرس لـە خودا، دەیپەرەستن. ئەم تاقمـە نـەک هـەر ئاژاوەچـی و کـافرن، بـەڵکوو دەستیان داوەتـە جەنگێکی گەورە دژی گەلی عەرەب، تا ئەو ڕادەیەی هەندێکیان دروشمـی (مـەرگ و نـەمان بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەب) دەڵێنەوە". ڕاپەڕینی موسڵ بە ڕشتنی خوێن سەرکوت کـرا و لـە ١٠ی مانگی ئازاردا، سەرکردایەتیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لە ئاگادارییەکدا بۆ گەلی عێراق، ڕایگەیاند: ئێمە ئەو وڵاتەی هاریکاریی جیهانخۆران دەکات، ئاگادارەدەکەینەوە کـە ڕوو نەکاتـە هانـدان و درۆکـردن و بیـانووگرتن، چـونکە بـەم کـارە نیـشتمانی ئێمـە بـە ئامانجەکانی ناگات و بایەخی لەدەست دەدات و عەرەبەکان لێك جیادەکاتـەوە. پێکدادانی خوێناویی لە نێوان بەعسییەکان و ناسیۆنالیستەکان لـە لایـەك و شـیوعییەکان لـە لایـەکی تـرەوە، ڕووی دا و لە چەند شاردا وەکوو موسڵ و کـەرکووك، زۆر کـەس کـوژران و بریندار بوون، لەم کاتەدا کۆمۆنیستەکان بە دروشمی (عێراق بۆ عێراقییەکان)، هـاتن بـۆ یارمـەتیی عەبدولکـەریم قاسـم. شـیوعییەکان تـەرمی هەنـدێ لـە لایـەنگرانی ڕاپەڕینەکـەیان کـە دانەیەکیان ژنێك بوو بە ناوی (حفصة العمري)، بـە عـەمودی سـەر جادەکانـدا هەڵواسـی. ڕۆژی دواتر هێزەکانی لایەنگری عەبدولکەریم قاسم، لە شاری موسڵدا فڕۆکەجەنگییـەکانیان هەستان و ڕاپەڕینی عەبدولوەهاب شـەوافیان سـەرکوت کـرد و خۆیـشییان کوشـت. حیزبـی بەعس بە مەبەستی دژایەتیکردنی عەبدولکەریم قاسم، عەبدولسەلام عارفیان لێ جیاکردەوە و ڕووداوی موسڵ و جەنگی عەبدولوەهاب شەوافیان ساز کرد.

~~ئەگەر عەبدولکەریم قاسم لە لەشکری پیادەی بەغدادی عەبدولوەهاب شەواف~~

وەربگرتایە، ئەگەری ئەوە هەبوو کە بە پاڵپشتیی هەواداراکانی جەمال عەبدولناسر، لە هێڵی دواوە هێرشی بکەنە سەر و زەمینەیەک بۆ هەڵوەشانەوەی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم فەراهەم بکەن، یان ئەوەی کە دوو بەش لە لەشکری عێراق لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی یەکتردا، جەنگ بخەنە لاوە و هەمووان یەک بگرن. عەبدولکەریم قاسم ڕێگەچارەیەکی دیکەی گرتە بەر و داوای لە بارزانی کرد هێرش بکاتە سەر موسڵ. کوردەکان شاری موسڵیان ئابڵۆقە دا و بە یارمەتیی شیوعییەکان، لەشکری دووی عێراقیان تێکشکاند و (عبدالوهاب شواف)یان کوشت. کوشتارێکی زۆریشیان لە تورک و عەرەبەکان کرد و خێڵی شەممەریان تا ناو خاکی خۆیان پاشگەز کردەوە. کۆمەڵێک ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە ڕاپەڕینێکی گشتی بوو و تەنیا کوردەکان بەشداریان تێدا نەکرد. عەبدولکەریم قاسم هەر لەو کاتەدا داوای لە شیوعییەکان کرد کە بە زووبی دژی عەبدولوەهاب شەواف هەڵوێست وەربگرن، چونکە لەوانەبوو عەشیرەتی شەممەر لە سنووری سووریا، بێن بۆ یارمەتیی عەبدولوەهاب شەواف. لەو کاتەدا هەزاران کرێکار لە بەندەوی دەربەندیخان کاریان دەکرد. کاتێک لە بەغدا ڕاگەیەندرا کە لە موسڵ پیلانێکی لەبۆشێوەیە بەڕێوەچووە، بەڵام سەرکوت کراوە، ژمارەیەک لە خەڵک دەستگیرکران و هەندێکیش هەڵاتن بۆ ئێران. لەو کاتەدا دەستە دەستە کوردەکان هاتن بۆ یارمەتی. هاریکاریی بارزانی و شیوعییەکان و مامەڵەی توندی عەبدولکەریم قاسم دژی سەرۆک عەشیرەتەکان، بووە هۆی ئەوەی تا کۆتایی بەهاری ساڵی ١٩٥٩، ١٢ هەزار کەس پەنا بۆ ئێران و ٤ هەزار کەسیش پەنا تورکیا ببەن، کە بریتی بوون لە ١٨ هۆزی گەورە و هەڵکەوتوو[٢٥]. ئەم کۆچکردنەی خەڵک، بووە هۆی ئەوەی بارزانی و عەبدولکەریم قاسم تێبگەن کوردەکان ئامادەیی وەرگرتنی سۆشیالیزمیان نییە و بە ناچاری ڕێگەیەکی مامناوەندییان گرتەبەر.

بەهەرحاڵ، زۆربەی پسپۆران لەسەر ئەو بڕوایەن کە ڕاپەڕینی موسڵ بە یارمەتیی کوردەکان و کۆمۆنیستەکان لەناو برا. سەرکەوتنی کۆتایی هێزە وەفادارەکانی قاسم، بووە هۆی هاوکاریی نزیکی نێوان بارزانی و قاسم. گرووپێکی تریش بڕوایان وایە کە پاش کوژرانی عەبدولوەهاب شەواف، توانا و دەسەڵاتی شیوعییەکان پتەوتر بوو. ئەم دۆخە

عەبدولکەریم قاسمی ناچار کرد بۆ پاراستنی حکومەتەکەی، لایەنی ئەوان، واتە شیوعییەکان بگرێ. پاش شکستی کودەتا سەربازییەکەی عەبدولوەهاب شەواف، لە ڕۆژی ٨ی ئازاری ساڵی ١٩٥٩، بەرەیەکی نیشتمانیی کوردیی [٢٦] پێکهاتوو لە حیزبی شیوعی و پارتی دیموکرات، دروستکرا. هەموو حەفتەیەک کۆبوونەوەیەکیان هەبوو. لە لایەن سەرۆکایەتیی حیزبی شیوعییەوە، لە ٣ تا ١٠ی ئازاری ١٩٥٩، بە حەفتەی خەبات لەناو کرێکاراندا ناونرا و بەو بۆنەیەوە هەزاران خوێندکار و ڕۆشنبیری سەر بە حیزبەکان لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا، چوونە گوندەکان و ناو جوتیاران و سەدان کۆبوونەوەیان کرد. حیزبی شیوعی لە کۆیە فێستیڤاڵێکی گەورەی ساز کرد کە ١٥ هەزار جوتیار و وەرزێر بەشداربیان تێدا کرد و دەیان شیعر و وتار و بەیاننامە خوێندرانەوە. لەو فێستیڤاڵەدا پارتیش بەشداریی کردبوو. ڕەنگە بتوانین شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، بە گەورەترین ڕووداوی سەرکەوتووی میژووی هاوچەرخی عێراق ئەژمار بکەین. ڕۆژی ٨ی ئازاری ١٩٥٩، ڕۆژی شکستی کودەتاکەی عەبدولوەهاب شەواف، لە سەرانسەری عێراقدا درەوشاوە و لە ماوەی ٥٠ و چەند ڕۆژێکدا، واتە لە ٨ی ئازار تا ١ی ئایاری ١٩٥٩، پشتگیریی هەموو خەڵکی عەرەب و کورد و زۆرینە و کەمینە و حیزبەکان، بە تایبەت حیزبی شیوعیی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا، کە حیزبی شیوعی دەورێکی باڵای هەبوو لە تێکۆشان و بزاڤی گەلانی عێراقدا. لە ١ی ئایاردا خۆپیشاندانێکی گەورە ڕێکخرا و دەیان هەزار کەس دروشمەکانی حیزبی شیوعییان دەگوتەوە. ئەم خۆپیشان و داخوازییانە، داگیرکەرانی جیهانی تۆقاند و عەبدولکەریم قاسمی شێت کرد. لەو ڕۆژە بەدواوە، عەبدولکەریم قاسم دوژمنایەتیی حیزب و جوواڵانەوە و خەباتی ئازادیخوازانەی کوردی دەستپێکرد. هەزاران چالاکوانی کرێکاریی و جووتیار و گەنج و خوێندکار و... دەستگیرکرد و لە کەرکووک و موسڵ زۆربەیانی کوشت.

کاتێک ڕووداوەکە دەرکەوت، عەبدولکەریم قاسم زۆربەیانی دەستگیرکرد و هەمووانی سپارد بە دادگای تایبەتی، کە بە سەرۆکایەتیی عەقید فازڵ عەباس مەهداویی بەڕێوەدەچوو، کە ئامۆزای خۆی بوو و بیروباوەڕێکی چەپ و شیوعییانەی هەبوو. دواجار نازم ئەلتەبقچەلی و ئەلحاج سڕی و... حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپا و دوای ماوەیەک، تیرباران کران. لەو کاتەدا بە ئاشکرا جەمال عەبدولناسر و سووریا ئەم کارەی

ژەنـەرالّ عەبدولکـەریم قاسمیـان شـەرمەزار کـرد و بانگەشـەیەکی زۆریـان دژی ئـەو دەستپێکرد. ئەوانەشی دەستگیرنەکرابوون، هەڵاتن بۆ سووریا و میسر. ڕۆژی ۱۱ و ۱۲ی ئازار، چەندان خۆپیشاندان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی دژی دەوڵەتی عێراق بەڕێوەچوون، کە تاوانبار دەکرا بە پیلانگێڕیـی بـە مەبەستی لـەناوبردن و سازکردنی دووبـەرەکی لـە نێـوان گەلی عەرەبدا، بە سوودی دوژمنـان. سـەرۆک جـەمال عەبدولناسـر، ڕوو لـە خۆپیشاندەران گوتی: ناهێڵێن ڕق و تووڕەیی ئێمە دژی ئەو شیوعییانە کە خۆپیشاندانی عێراقیان ڕێخست و سووکایەتییان بە ئێمە کرد، بەسەرماندا زاڵ بێ. کاتێک نووری سـەعید ئـەوانی لـە عێـراق ڕاگوێز کرد، ئێمە پـەنامان دان، کاتێـک نـووری سـەعید هـەموو شتێکی لـە وڵاتەکـەیان لـێ قەدەغە کردن، دیمەشق نەک هـەر ئـەوانی پـەنا دا، بـەڵکوو خواردەمەنیشی پـێ گەیاندن. شۆڕشی عێراق کە سەرکەوت، گەڕانەوە بۆ بەغدا و یەکـەم هـەنگاوی ئـەوان ئـەوە بـوو کـە خـەڵکی عێراقیـان دژی کۆمـاری یـەکگرتووی عـەرەبی هـان دا. عەبدولکـەریم قـاسمی دابەشکەری عێراق، شێوازێکی بەکارهێنا کە پێشتر نووری سـەعید سـوودی لـێ وەگرتبـوو، تەنانەت بەر لەوەی بزانێ لە موسڵ چی ڕووی داوە، بـە پـەلـە ئێمـە و کۆمارەکـەی ئێمـەی تاوانبار کرد. عەبدولکەریم قـاسمی خەیانـەتکار و کۆمۆنیستەکان، بـۆ ڕێگـری لـە یـەکێتیی جیهانی عەرەب، دەستیان خستووەتە ناو دەستی یەک. کارگێڕانی کۆمۆنیستی خۆیـان بـە نیشتمانپەروەر دادەنێن و لەو باوەڕەدان کە دەسەڵاتی خـەڵک حـوکم دەکـات، بـەڵام ئـەوە لاڕێیی لە دیموکراسییە. ئەمڕۆ دەبینین لە عێراقدا ڕۆژنامەکان دادەخەن و نووسـینگەکانیان دەسـووتێنن. ژن و منـداڵ و مرۆڤـی بێتـاوان دەکـوژن. ئێمـە لـە قـاهیرەوە دەزانـین کـە کۆمۆنیستەکان نۆکەری بیانییەکانن و هەر لەبـەر ئـەوە دەرفـەتمان نـەداوە هـیچ حیزبێکـی کۆمۆنیستی لە میسردا ئازاد بێ و بە دڵی خۆی کار بکات، چونکە دەزانین ئەوانـە لـە لایـەن وڵاتانی دەرەوە ئاراستە دەکرێن. لە ساڵی ۱۹۵۳ حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا پـەروەردەی دەکردن و پڕۆگرامی ئەوانی بەکاردەهێنا. لە سووریا حیزبـی کۆمۆنیسـت بـریتی بـوون لـەو کارگێڕانەی نەک هەر دروشم و دەستوورەکانی دەرەوەیان بەکاردەهێنا، بـەڵکوو پارەشـیان لە دەرەوە وەردەگرت.

لە پاڵ پرۆپاگەندەکانی جەمال عەبدولناسردا، کەشتیی ڕووسیا ئاوارەکانی کورد کە ٤٥٥ پیاو و ٤١٥ ژن و منداڵ بوون، لە ١٦ی نیسانی ١٩٥٩دا، هێنایەوە بۆ بەسرە. بە گەرمی لە لایەن خەڵکی عێراقەوە پێشوازییان لێکرا. لە ١٦ی نیسانی ١٩٥٩دا، کەشتییەکی ڕووسی نزیکەی ٨٥٠ کوردی بنەماڵەی بارزانیی هێنایە بەسرە و پاش سااڵنێکی زۆر ڕاگوێز و دووری لە کوردستان، گەڕانەوە. ئەوە ڕۆژێکی مێژوویی بوو کە فرمێسک و شادی و گریان و خۆشی و تاڵی، تێکەڵ بووبوون و هەستێکی زۆر سەیر بوو! دوای چوونە ناو بەسرە، ڕوێشتنە بەغدا و دوای سااڵنێك دوورکەوتنەوە، ڕێگای کوردستانیان گرتە بەر. کاتێك ئۆتۆمبێلەکەیان لە ڕێگاکە تێپەڕ دەبوو، هەندێجار نەیاندەزانی کە وێنەکان ڕاستین، یان خەونی نیوەی شەون. ڕەنگە بتوانرێت، بگوترێ ڕۆژێکی مێژوویی بوو. فرمێسک و گریان و شادی و خۆشی و تاڵی، تێکەڵ بوو و هەستێکی زۆر نامۆ بوو!

لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ١٩٥٩، شێخ ئەحمەد ڕۆیشت بۆ کۆیە و پێشوازیی گەرمی لێکرا. لەو مەراسیمەدا عەلی عەبدوللا و ئەحمەد دڵزار، تیشکیان خستە سەر بەهێزکردنی بەرەی کوردستانی. بارزانی بۆ دیدارێکی کورت چووە ڕووسیا. گەرچی هاوسەرێکی ڕووسیشی دیاریکردبوو، بەاڵم باسی لە سەفەرەکەی بۆ گێڕانەوەی هەندێك بەڵگە و کەلوپەلی خۆی بۆ کوردستان، کرد. بەاڵم لەڕاستیدا لەسەر بانگهێشتی باڵیۆزی ڕووسیا، دەیویست دەربارەی داهاتووی دۆخی عێراق و ڕۆڵی خۆی و هاوڕێکانی، لە (مااڵ مامی) پرس و ڕاوێژ بکات. " لەهەمان کاتدا هێشتا پارتی لەگەڵ دامەزراوە و بزووتنەوە چەپەکان هاوکارییان هەبوو، بەاڵم ناکۆکییە پێشوەکانی هیوا و بارزانی، لە پارتیی نوێشدا دەردەکەوتن" .

لە ٤ی نیسانی ١٩٥٩دا، لایەنگرانی بارزانی ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی خەبات[٢٧] بااڵوکردەوە. لە زانکۆی بەغداش بەشی زمانی کوردی کرایەوە. بەرنامەی کوردیی ڕادیۆ بەغداش زۆرتر بوو. لە ئااڵی عێراقدا، خەنجێرێکی کوردیشیان لە تەنیشت شمشێرەکەی عەرەبەوە دانا. لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا خوێندن و نووسینی کوردی دەستی پێکرد.

ناوەندی کولتووریی بەریتانیا شوێنێکی هێمن بوو، هەموو سالێك چەند جار خولی فێرکردنی زمانی ئینگلیزیی بە خۆڕایی دەکردەوە، شانۆ و فیلمیان پەخش دەکرد، کۆنسێرتی مۆسیقا و سەمفۆنیا بەڕێوەدەچوون. هەندێ جار کۆبوونەوەی بۆ کەسایەتییە تێکۆشەرەکان و ڕۆشنبیران ڕێکدەخست. لەسەر دیوار نەخشەیەکی کوردستان هەبوو کە کەوتبووە سەر سنوورەکانی ئێران و تورکیا و عێراق و سووریا، نووسیبوویان (کوردستان). بە بینینی ئەو نەخشەیە فرمێسك لە چاومان دەڕژا و بە دیتنی ناوەکە، دەکەوتینە خۆشی و شادی. لە کەرکووك ڕۆژنامەی ئازادی بڵاودەبووەوە و کەسانی سیاسیی وەکوو کەریم ئەحمەد و عومەر دەبابە و... هتد، لەو ڕۆژنامەدا کاریان دەکرد. هەندێ جار شاعیرانی گەورەی وەکوو قانع و گۆران، وتاریان دەنووسی.[۲۸] لەڕاستیدا پاش سالی ۱۹۵۸، چالاکیی ئەدەبی و فەرهەنگیی کورد دەستی پێکرد و ژمارەیەك لە نووسەران و شاعیرانی کورد بوون بە ئەندامی ئەنجومەنی نووسەرانی عێراق. لە ۱۰ی ئەیلوولی ۱۹۵۹، یەکەم کۆنفرانسی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە بەڕێوەچوو، کە میوانانی هەڵکەوتوو[۲۹] لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان، بەشداربیان تێدا کرد.

ئەو کاتە لە ئێراندا ڕووانگەی ئەو خوێندکارانەی کورد نەبوون، بەرانبەر کێشەی کورد باش نەبوو. پۆلیس و هێزی ئاسایشی ئێران مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ خوێندکارە کوردەکان نەدەکرد و هەموو گومانی جیابوونەوەیان هەبوو. تەنانەت لە نێوان خوێندکارانی زانستە سیاسییکانیشدا ئەم ڕووانگەیە دەبیندرا. بیری ئێمە لە زانکۆ، وەکوو بیری ئەمریکای لاتین بوو، خۆشاردنەوە و کاری نهێنی، لەڕاستیدا جۆرێك دەربازبوون لە دیکتاتۆریی شا بوو و ئێمە چالاکیی حیزبیمان هەبوو. لە شاری سنەدا، ساواك کەسانی وەکوو نیك پەی و موفتی زادە و... هان دا کە یارمەتی بۆ بارزانییەکان کۆبکەنەوە. پاشان ئەوانی خستە زیندان، کە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و پەسەندی ئەوان لەناو حکومەتی کوردەکاندا نیشان نەدەن. ساواك لە ناوخۆی کوردستانی ئێران، ڕۆڵێکی دوانەیی هەبوو. وەك پاڵەوانێکی میللی لەناو خەڵکدا یادی ئەو دەکرایەوە، لە کاتێکدا ناوی قازی موحەممەد هێشتا وشەیەکی قەدەغەکراو بوو و هەستانەوەی کوردەکانیان وەك یاخیبوون و جیاخوازی ئیدانە دەکرد. لە لایەکی ترەوە، لەناو کوردستانی عێراقدا نوێنەری ساواك لە هەوڵی

سوودوەرگرتن لەم هێزە تۆکمەیەدا بوو، تا لە چوارچێوەی ئامانجەکانی خۆیدا بەکاریان بهێنێت. "یەکێك لە ئامانجەکانی من، کۆبوونەوە و گفتوگۆ لەگەڵ بارزانیی سەرکردەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو".

شیوعییەکان و تەنانەت هەندێ لە عەشیرەتەکانیش، لە سەرەتاوە دەیانویست مستەفا بارزانی بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن، چونکە ناونیشانێکی زل و ناودروستکەر بوو. کاتێك مستەفا بارزانی گەڕایەوە، گەلی کورد هەندێ چاوەڕوانی بوو، هەستی سەرکەوتن و شانازیی زۆر لە نێوان خەڵکدا دەبینرا. لە لایەکەوە شیوعییەکان بارزانییان لە خۆیان دەزانی ـ ئەڵبەت دەیانزانی کە ئەو شیوعی نییە ـ لە لایەکی دیکەوە پارتی بارزانیی لە خۆی دەزانی. پاش گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق، هەموو حیزبە سیاسییەکان دەیانویست لێی نزیکببنەوە و لە بەرەی ڕکەبەرییدا پێش ئەوی دیکە بکەون. بووبوونە چەند دەستە و دژی یەکتر قسەمان دەکرد. شیوعییەکانیش شەو و ڕۆژ بە دەوروبەری بارزانیدا دەهاتن و دووڕوویان دەکرد. ئەڵبەت بارزانیش بە هەموی دەگوت: تۆ ڕاست دەکەی. دەستەیەکیش لە عەشیرەتەکان هەر لە کۆنەوە و بەر لە ڕۆیشتنی بۆ مۆسکۆ، دوژمنایەتییان لەگەڵیدا هەبوو. لە سەرەتاوە شیوعییەکان لە نامەیەکدا کە بۆ بارزانییان نارد، نووسییان کە تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد بۆرژوان، ڕەنگە وا بیریان کردبێتەوە کە بارزانی شیوعییە، بەڵام لەڕاستیدا بارزانی مرۆڤێکی نەتەوەپەرەست بوو و بەرانبەر بەوان تێڕوانینێکی باشی نەبوو. لەو کاتەدا ڕکەبەریی و چالاکیی نەتەوەیی و حیزبی دەستی پێکرد، هەموو لایەنەکان هەوڵیان دەدا بە دروشمەکانیان خەڵکی زۆرتر بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن و لە لایەنی دیکە بەهێزتر و بەدەسەڵاتتر بن. بەڵام بارزانی لە بازاڕی فرتوفێڵی سیاسەتدا، تەنیا و تەنیا ویستی ئەوەی هەبوو ڕێبەرێکی بێ ڕکابەر بمێنێتەوە، چونکە چیتر کەسی وەکوو شێخ مەحموود و قازی موحەممەد و ڕکابەرەکانی تر، لە سەرانسەری کوردستاندا نەبوو و ئەو خۆی بە تاك دەزانی تا درێژەکەرەوەی بزواندنی ئەم کارە بێت. بارزانی بە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی دژی حکومەت، وەك ناسراوترین کەسی کوردستانی عێراق دەهاتە بەرچاو. لەڕاستیدا بە گەڕانەوەکەی، بیری بنەماڵەچێتی بەسەر ناسیۆنالیزمی کوردیدا سەرکەوت. بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد هاتنەناوەوی مام جەلالی بۆ ناو شۆڕشی کوردی، بە

خێڵەکی نەدەزانی و بڕوای وابوو کە "تاڵەبانییەکان کاریگەریی مەزهەبییان لە ناوچەکەدا هەیە، تەنیا مام جەلال لە کاروباری سەربازی چووە پێشەوە و بنەماڵەچێتیی نەکرد. لەو کاتەدا مام جەلال تەمەنی بیست و شەش ساڵەی خۆی تێدەپەڕاند و بە تەواوی وێستی ئەوەی هەبوو کە سیاسەتمەدارێکی بەوەفای حیزب بێت، ئەگەر ڕۆژێك گەیشتە دەسەڵات، ئامۆژگارییەکەی ئیبراهیم ئەحمەد کە ڕەتکردنەوەی بنەماڵەچێتییە لە سیاسەتی داهاتوویدا، بگرێتە گوێ. لەو کاتەدا مام جەلال وەکوو ئەندامانی دیکەی پارتی ناسراو نەبوو. مام جەلال بە ناوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لە نێوان ئەندامانی ئەو کاتەدا کەسایەتییەکی بەرچاو بوو. مام جەلال هاوکات لەگەڵ نزیکی و دۆستایەتی ئیبراهیم ئەحمەد دا، لە نێو دڵی بارزانیش ڕێز و نزیکی و پێگەیەکی تایبەتی هەبوو. ئەو نەوەی شێخ بوو و لەوانەوە فێر ببوو کە هەرچی دوژمنەکان کەمتر بن سەرکەوتن نزیکترە. هەرچەند لە بواری سیاسەتی هاوچەرخی کوردستاندا، هێشتا کاریگەری زۆری شێخەکان لە سیاسەتی کوردی دەبینرێت، ڕەنگە ئەمش تەواو ڕێکەوت نەبێت کە سێ کەس لە دەموچاوە بەرجەستەکانی ناسیۆنالیستی کورد لە سەدەی بیستەم (شێخ مەحمودی بەرزنجی، بارزانی و تاڵەبانی) لە خێزانی شێخەکان و هەڵبەت هی تریش هەن.

بە تێپەڕبوونی کات، دەمامکی سیاسیی حکومەتی نوێ لاچوو و دەموچاوە ڕاستەقینەکەی دەرکەوت. دوای کودەتا و هەڵوەشانەوەی حکومەتی پاشایەتی، سەرکردەی کۆماری هیچ بەرنامە و پرۆژەیەکی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات پێ نەبوو. تەنیا بە پەنابردن بۆ کێشە و پشێوی و تووندوتیژی و سەرکوتکردن، دەیتوانی کۆنترۆڵی وڵاتی لەژێر دەستدا بێت. بە بیانووی هەبوونی دوژمنێکی گریمانکراو، خەڵکانی لە دۆخێکدا دەوەستاند، نەبا چاوەڕێی پێشکەوتن و گەشەکردنی لێبکەن. نەوت و سەرمایەی وڵاتیش بەهەدەر دەبرا و سەربازەکانیش لە کاروباری سیاسی دەستیان وەردا. لە بری هەوڵدان بە ئاراستەی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگا، بە مامەڵە و بەڕێوەندیی ئابووریانەوە ئالودە بووبوون. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵك و وڵات، سەختتر دەبوو. عەبدولکەریم قاسم تەنیا چاوی لەسەر کورسیی دەسەڵاتەکەی بوو. کاتێك عەبدولکەریم قاسم بوو بە (الزعیم الاحد) و هەموو چەپڵەیان بۆ لێدەدا، نەك لە هەر چەشنە دژایەتی و

ناڕەزایەتی دەربڕینێك زویر دەبوو، بەڵکوو ئەو کەسانەی کە ڕەخنەیان لێدەگرت، زیندانی دەکران و تەنانەت (بحر العلوم)ی شاعیر و کامیل چادرچیی لە هۆدەیەکدا لە وەزارەتی بەرگریی زیندانی کرد و پاش چەند ڕۆژێك، بە چەند فلسێك کەفالەت ئازادی کردن. ئەوەی دژی ئەو بوو، هەوڵی دەدا لەناو بیروڕای گشتیدا سووکی بکات. بۆ نموونە شاعیری گەورەی عەرەب (جەواهیری)ی دەستگیر کرد و پاشان بە کەفالەتی ٥٠ فلس لە زیندان ئازادی کرد. ئازادیخوازێکی وەکوو عەزیز شەریفی بە مسۆگردنی ١٠٠ فلس ئازاد کرد. تەنانەت لە کوردستانیشن لە لایەن بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشەوە هەوڵی دەدا کەسانی ناوخۆ و وابەستەی حکومەت بجوڵێنێت تا کار بکەنە سەر چالاکوانە کولتوورییەکان و نووسەرە سەربەخۆکان، بە کرێیان بگرن و چیرۆکی ناراستەقینە و درۆییەنە لە نێوان خەڵك بڵاو بکەنەوە. ئەوانیش وەك هەواداری حکومەت ئەژمار بکەن تا لە نێوان خەڵکدا ڕق بەرانبەر بەو کەسە سەربەخۆیانە دروست ببێت و ئەگەر کەسێکیش لەبەر ئابڕوو و کەسێتیی خۆی ئەمەی بە درۆ دەخستەوە، ئەوکات ئەمانە بەڕوونی لە ڕاپۆرتەکەی خۆیاندا لە دەزگای ئاسایش بەدرۆی بخەنەوە و دژی حکومەتی تاوزەد بکەن. بەداخەوە ئەم شێوازە هێشتا لە کوردستان درێژەی هەیە. عەبدولکەریم قاسم کە لە دایکێکی شیعە بوو، هەوڵی دەدا نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە یەك نزیکبکاتەوە و بۆ شیعەکان کە لە کۆنەوە تا ئێستا لە پێگەی حکومییەوە دوور بوون، چونکە ئەم پێگانە هەمووکات بۆ سوننەکان بوو، لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا پشکیان بداتێ. ئەم نەریتشکێنییە بۆ حیزبی تاڕادەیەك سوننەی بەعسی، هیچکات جێگەی پەسەندکردن نەبوو، سەرەڕای ئەوەش کە لە پشکی خۆیان لە دەوڵەتەکەی عەبدولکەریم قاسم ڕازی نەبوون.

عەبدولکەریم قاسم، بە هۆی ئەوی بیری لە هەموو گەل و ئایینێك دەکردەوە، بەعسییەکان لە لایەك و پانەرەبیستەکان بە سەرۆکایەتیی جەمال عەبدولناسر لە لایەکی دیکەوە، بە توندیی دژایەتییان دەکرد، بۆیە بەردەوام لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق پیلانیان لە دژی دەگێڕا. عەبدولکەریم قاسم هەوڵی دەدا شیعەکانی ئەوکات کە بە هۆی پێکهاتەی بنەماڵەیی عێراقەوە لە کێشەدابوون، بیناهێنێتە ناو سیاسەتەوە. بە هۆی تووندوتیژییەوە، بەغدا ناڕارام و پشێو بوو. حیزبەکان بەڕۆژووی سیاسی بوون و هەوڵی هەڵهاتنیان بۆ ناوچە

دووره‌ده‌سته‌كان ده‌دا. به‌عسییه‌كان و مسوڵمانانی تووندڕه‌و، دژی عه‌بدولكه‌ریم قاسم بوون و ناویان نابوو "عه‌بدولكه‌ریم قاسم العراق". له مانگی نیسانی ۱۹۵۹دا، نرخی ده‌به‌یه‌ك به‌نزین ۵ فلس گرانتر بوو و بووه هۆی مانگرتنی شۆفێری تاكسییه‌كان و هاتوچۆی خه‌ڵك تووشی گیروگرفت بوو. له به‌غدا ناڕه‌زایه‌تی ده‌ستی پێكرد و هاتوچۆ زۆر ئه‌سته‌م بوو. زۆر جار تاكسییه‌كانیان ده‌سووتاند كه ناڕه‌زایه‌تیی خه‌ڵك زۆرتر بێ. حكومه‌تیش هه‌ر بۆی گرنگ نه‌بوو و له‌جیاتیی چاره‌سه‌ری ئه‌م گرفتانه، ده‌ستی كرد به زه‌مكردنی كورد و شیوعی و ڕۆژ به ڕۆژ ژیانی سیاسی و ئاسایشی كوردستان خراپتر ده‌بوو.

پاش جه‌نگی جیهانیی یه‌كه‌م، نه‌خشه‌ی سیاسیی كوردستان تووشی گیروگرفت بوو، به تایبه‌ت له ناوچه‌ی موسڵ، كه بووه هۆی سه‌رهه‌ڵدانی كێشه له‌نێوان به‌ریتانیا و توركیادا. به‌ڵام هه‌ردوو لایه‌ن له‌سه‌ر ئه‌وه ڕێككه‌وتن كه ئه‌گه‌ر له ڕێگه‌ی دیبلۆماسی و سیاسی و گفتوگۆوه به ئاكام نه‌گه‌ییشتن، كێشه‌كه ببه‌نه نه‌ته‌وه‌یه‌كگرتووه‌كان. له ۳۰ی ئه‌یلوولی ۱۹۲۶دا، له‌سه‌ر پێكهێنانی گرووپی لێكۆڵینه‌وه و چاودێریی كێشه‌ی موسڵ، بڕیار درا، چونكه له كۆمسیۆنی به‌ریتانیا ئێدمۆنز ڕایپۆرتی كه به هۆی هه‌ندێ كاروباری كۆمه‌ڵایه‌تی و ستراتژیی به‌سره و به‌غداوه، ناكرێ به‌بێ موسڵ حكومه‌تێك له عێراقدا دروستبكرێ كه دوور له گیروگرفت بێ. پاش ئه‌وه كه له ساڵی ۱۹۲۵دا، ویلایه‌تی موسڵ به فه‌رمی ده‌كه‌وێته سه‌ر نه‌خشه‌ی سیاسیی عێراق، كورده‌كان له زۆرینه‌ی نه‌ته‌وه‌یی - ڕه‌گه‌زیی، ده‌بنه كه‌مایه‌تیی نه‌ته‌وه‌یی - ڕه‌گه‌زیی عێراق، به‌پێی سه‌رجه‌می دانیشتووان له‌و ولاته‌دا. له‌و ڕۆژه به‌دواوه حكومه‌ته شۆڤێنی و ناسیۆنالیسته‌كان له عێراقدا وه‌كوو كه‌مایه‌تییه‌ك سه‌یری كوردیان كردووه. كاتێك ویلایه‌تی موسڵ ده‌كه‌وێته سه‌ر عێراق، هه‌ڕێمێكی جوگرافیایی جیاواز، وه‌كوو بۆمبێكی نه‌ته‌وه‌یی - نه‌ژادیی كه ئاماده‌ی ته‌قینه‌وه‌یه، ده‌كه‌وێته ناو جه‌سته‌ی سیاسیی ده‌وڵه‌تی ناسیۆنالیستی عێراق، كه به‌رده‌وام هه‌ڕه‌شه ده‌كات له یه‌كێتی و ئاسایشی ئه‌و ولاته و هه‌رده‌م له‌وانه‌یه پارچه‌پارچه‌ی بكات. له‌ڕاستیدا پله‌ی یه‌كه‌می سیاسه‌تی به‌عه‌ره‌بكردن، كاتێك ده‌ستی پێكرد كه موسڵ كه‌وته سه‌ر هه‌ڕێمی عێراق و له ۱۹۲۵ تا ۱۹۵۸ و تا ڕووخانی حكومه‌تی پاشایه‌تی، به‌رده‌وام بوو. هه‌ر له‌و سه‌رده‌مه‌دا ڕۆژنامه‌ی (الموصل) له وتارێكدا ئاماژه به‌و خاڵه ده‌كات كه

موسڵ خاکی عەرەب و عێراقە و بە ڕۆح و دڵی عێراق ئەژمار دەکرێت، چۆن دەکرێ جەستەیەک بەبێ ڕۆح و دڵ بژی؟ کەوایە ژیانی عێراق بەبێ ویلایەتی موسڵ، بەردەوام نابێت. ئەگەر چاوێک بە مێژووی سیاسیی دەوڵەتی عێراقدا بگێڕین، دەبینین کە لە سەردەمی سەرۆک وەزیرانی عێراق (عەبدولموحسین سەعدون)، کە ڕوانگەیەکی مرۆڤانەی بەرانبەر کێشەی کورد هەبوو، لە ساڵی ١٩٢٨دا، نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، چوار یاداشتنامەیان ئاراستەی جڤاتی وەزیران کردووە و داوایان لە خەڵکی عێراق کردووە کە بەڵێنەکانی خۆیان لە نەتەوەیەکگرتووەکان بەجێ بهێنن و هەنگاو هەڵهێنن بۆ بەدیهێنانی مافی کوردەکان.

عەبدولموحسین سەعدون، لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٩، خۆی کوشت و پاشان نووری سەعید لە مانگی ئازاردا حکومەتێکی نوێی پێکهێنا. گرنگترین ئەرکی ئەم حکومەتە گرێدانی پەیمانێکی نوێ لەگەڵ بەریتانیا بوو. کە بەپێی ئەم پەیمانە، عێراق سەربەخۆیی گشتی بەدەستبهێنێ، بەڵام لێرەدا مافی کورد لەبیر چووەوە. دوو نوێنەری کورد کە بەناوبانگبوون بە (چیاوگ و موحەممەد جان) یادداشنامەیەکیان دا بە بەریتانیا کە باسی بارودۆخی کوردستانی دەکرد پاش ئەوەی خرایە چوارچێوەی عێراق عەرەبی. لە ساڵی ١٩٣٠دا گرووپێک لە دەوڵەتی عێراق و جێگری نوێنەری بەریتانیا، بڕیاریان دا سەردانی شارەکانی کەرکووک و هەولێر و سلێمانی بکەن. ئەم گرووپە لە ٨ی ئابی ١٩٣٠، لە کەرکووک لەگەڵ نوێنەرانی کورد کۆبوونەوە. هەندێ لە کوردەکان، وەکوو سافی عەبدوڵڵا یەعقوبی، مستەفا عەبدوڵڵا یەعقوبی، شێخ موحەممەدی تاڵەبانی، دژی وتەکانی نوێنەرانی حکومەت بوون و موحەممەد بەگی جاف گوتی: زۆرینەی خەڵکی کەرکووک کوردن و پاشماوەیان تورک و عەرەب.

کوردەکان دوای ساڵی ١٩٥٨، لە کەرکووکدا پەڕیان گرت و دەرفەتی مافخوازیی سەری هەڵدا، بەڵام چەمکی فیدرالی لەو کاتەدا لەئارادا نەبوو. کەس نەیدەزانی مافی ئۆتۆنۆمی مانای چییە، بەڵام هەموو دەیانگوت چاوەڕوانی و زێدەویستی چووەتە سەرەوە. ئەڵبەت دوای دەستپێکردنی شەڕی کوردەکان بە سەرۆکایەتیی بارزانی لە دژی

عەبدولکەریم قاسم، لە سالّی ۱۹۶۱دا، بە پالّپشتیی جاشەکان هێرش کرایە سەر کوردستان و نزیکەی ۵۰۰ گوند کەوتنە بەر پەلاماری ئاسمانیی و نزیکەی ۸۰ هەزار کەس ئاوارە بوون. لەو سەردەمەدا حکومەت هەولّی بەعەرەبکردنی کەرکووکی دەدا و چەند دەستە عەرەبێکی لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقەوە هێنایە کەرکووک و نیشتەجێی کردن. لەو کاتەدا تورکیا بارودۆخی تایبەتی خۆی هەبوو و لە جەنگی پیران لە تورکیا زیانێکی زۆر بە کوردەکان گەیشتبوو. لەو کاتەدا کوردەکانی تورکیا چالاکتر لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بوون. باسی ئەوەش هەبوو کە تورکمانەکانی کەرکووک خۆیان بە بەشی تورکیا دەزانن، بەلّام لەڕاستیدا هەرگیز وا نەبووە و نییە. لەو سەردەمەدا بیری عەرەبی لەنێوان دەسەلّاتداران و حکومەت و سیستمدا پەرەی گرت و بەپێی بەرنامەیەک کە دایانڕشتبوو، ژمارەی عەرەبەکانیان لە کەرکووک و حەویجە زۆرتر کرد و ژمارەی کورد و تورکمانیان کەم دەکردەوە. لە سوپای ۲ی سوپا کە زۆربەی ئەفسەرەکانی کورد و تورکمان بوون، کەمیان کردنەوە و ئەفسەرە عەرەبەکانیان خستە جێگەی ئەوان و تەنانەت زۆربەی جێگرەکان و پلەدار و پۆلیس کران بە عەرەب. هەر لەو سەردەمەوە لە حکومەتی عێراق دا، دەیانویست بارودۆخ و سامان و ناسنامەی کەرکووک بگۆڕن. بۆ سالّ دواتریش عەرەبەکانی حەویجە بۆ مامەلّەی بازرگانی ڕوویان کردە کەرکووک و بەرەبەرە عەرەب لە شارەکەدا زۆر بوو، بەلّام ڕەوتی ئاسایی شارەکە نەگۆڕدرابوو و کەس بیری لەم پیلانە داڕێژراوەی دەولّەت نەکردبووەوە. بیانییەکانیش لە کۆمپانیای نەوت دامەزرابوون. سەرگەرمیی خەلّکی کەرکووک بەپێی بیروباوەڕیان دەگۆڕدرا. لە مزگەوت و تەکیە یان نوێژیان دەکرد، یان بە کۆمەلّ دادەنیشتن و باسی ئایین و دیانەت و شەرع و حەرام و حەلاّلیان دەکرد، یان قورئانیان دەخوێند. هەندێ کەسیش لە چایخانەکاندا کۆدەبوونەوە بۆ دۆمینە و دامە و شەترەنج و یاری بە کارت و... گەنجەکانیش بە کۆڕ و کچەوە، لە پارک و شەقامەکاندا ڕایاندەبوارد. تا سالّی ۱۹۵۸ کەرکووک لە وەها دۆخێکدا بوو. بەر لە سالّی ۱۹۵۸، تورکومانەکان لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە لە کەرکووکدا زۆر سەرکەوتوو بوون، بەلّام کاتێک عەبدولکەریم قاسم دەسەلاتی گرتەدەست، ئەم دۆخە گۆڕانکاریی بەسەردا هات و هەندێ شوێنگەی گرنگی حکومەت لە شارەکاندا، دران بە کوردەکان. لە ئاکامی ئەمەدا تورکمانەکان بارودۆخی خۆیان لە بەرانبەر کوردەکانی کەرکووک، زۆر نالەبار دەبینی. لە

لایەکی دیکەوە تورکمانە خۆپارێزەکان، لە پەیوەندیی نزیکی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی، هەستیان بە مەترسی دەکرد.

بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، گومانی حکومەتی تازەدامەزراوی عێراق لاچوو و دیمەنی ڕاستەقینەی دەرکەوت و دوای ماوەیەک ئاشکرا بوو کە نازم ئەلتەبەقچلی، فەرماندەری سوپای ٢ی عێراق، لە بەعەرەبکردنی ناوچەی کەرکووکدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. ژەنەرال نازم تەبەقچەلیی عروبەیی، کە لە ئەفسەرانی کوردی سوپای ٢ بوو، بەشێکی زۆری ئەفسەرانی کوردی ڕاگرت و زۆر پابەندی عەبدولکەریم قاسم نەبوو. نازم تەبەقچلی بە هەموو هێزێکیەوە هەوڵی دابوو کە ژمارەی عەرەبەکانی کەرکووک زۆرتر بکات. لە نێوان کورد و تورکمان ناتەبایی زۆر بوو و سەرنجی نەدابووە پارتی و کورد و دروشمەکانیان. عەبدولکەریم قاسمیش ئەگەرچی ئەفسەرێکی عروبەیی بۆ سەرکردایەتی و چاودێریی بەسەر کوردەکانەوە دیاریکردبوو، بەڵام ئەفسەری ئیستخباراتی سوپای ٢، مستەفا حاجی عەبدوڵڵا، خەڵکی سلێمانی بوو. بەشێکی زۆری ئەفسەرانی کەرکووک پاش ئەوەی نازم لابرا، ئەوانیش لابران، چونکە دەستیان هەبوو لە ڕووداوەکەی موسڵ، لە شووباتی ١٩٥٩دا. ژەنەرالێکی چەپ بە ناوی داوود جەنابی، بەرپرسی لقی سەربازیی کەرکووک، دەسەڵاتی کوردستانی بەدەستەوە گرت. ئەو دۆستی کوردان بوو و ئەفسەرانی کوردی زۆری بەدەورەوە بوو.

ئەم لێپرسراوە سەربازییەی شار، بڕوای بە کورد نەبوو و دەگەڕا بۆ بچووکترین بیانوو. لە ڕاپۆرتەکانی مانگانەیدا هەموو شتێکی دژی کوردەکان دەنووسی، تا تێڕوانینی جەماڵ عەبدولناسر بۆ کوردەکان، بگۆڕێ. هەروەها بە جێگەی ئەفسەرانی کورد، لە ئەفسەرە عەرەبەکان سوودی وەردەگرت. کاروباری دەوڵەت کەوتە ژێر چاودێری و دەسەڵاتی ئەفسەرانی سوپا. زۆربەی شوێنە سەمەرەکان و پۆستە گرنگەکان، بە بیانووی پووچەڵکردنەوەی پیلانی داگیرکەران، کەوتبووە ژێر چاودێریی چەکدارەکان. خۆپیشاندان و بڵاوکردنەوەی ئاگاداریی حیزبی و سەندیکایی و گۆڤار و ڕۆژنامە، قەدەغە کرابوون. تەنانەت چالاکیی وەرزشیش بەرتەسک کرابووەوە. هەروەها تێکۆشانی کۆمپانیا

نەوتییەکانیش کەم بووبوونەوە، چونکە ئەندامی کەمایەتییەکانی تێدا بوون. حکومەتی سەربازیی سەپابوو و هیچ حیزب و گرووپێك بە فەرمی نەیدەتوانی چالاکی هەبێ. بۆ هەر تێکۆشانێکی بەکۆمەڵ، دەبوو مۆڵەت وەربگیردرێت. لەم نێوەدا کۆمپانیا نەوتییەکان و شەریکەکانی سەر بە بەریتانیا، لەو دەرفەتە سوودیان وەرگرت و ناتەبایی حیزبەکانیان قووڵترکردەوە. لای تورکەکان زەمی کوردیان دەکرد، لای کورد خراپیی تورکەکانیان دەگوت، تا ئاگری دووبەرەکی بنێنەوە. بۆ ئەوەی حکومەت چاو ببڕێتە ئاسایشی کوردستان و ئەوان لە سایەیدا بە ئارامی بکەونە دەرهێنانی نەوت و کانزاکان. بەڵام شێخ ئەحمەد لە لە بارزانەوە هات بۆ کەرکووك و لە مااڵی ئەفسەرانی سوپا میوان بوو، کە هاوڕێیانی بریتی بوون لە موحەممەد خالید، واتە کوڕەکەی، شێخ سلێمانی کوڕی شێخ عەبدولسەلام، شێخ سادق. لە کاتی هاتنەوەی شێخ ئەحمەدی بارزانی، خەڵکی کەرکووك کەوتنە جموجووڵ، بەڵام تورکمانەکان پێی دڵخۆش نەبوون، ئەگەرچی بنەماڵە کورد و توکمانەکان لە هەر دۆخ و دەرفەتێکدا پێکەوە ئاموشۆیان هەبوو.

هۆڵانامەی کتێب

لە یەکەمین سااڵرۆژی شۆڕشی عێراق، لە تەمووزی ۱۹۵۹، رووەدوای کەرکووك رووبدا. کێشەی نەتەوەیی هەردوو لایەن لە یەکەم سااڵیادی شۆڕشی عێراق، بوو بە پێکدادانی خوێناویی. کوژرانی ۳۱ کەس و بریندارببوونی ۱۳۰ کەسی لێکەوتەوە. عەشیرەتی زۆر لە کوردستاندا و بەتایبەت لە کەرکووکدا هەبوون، وەکوو کاکەیی و جەباری و... بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو. ئەو کارە تەنیا بۆ بارودۆخی ستراتژی بوو، چونکە شوێنێك بۆ خەباتی چەکداریی نەبوو و زۆرتر سیاسەت و بزاڤی کۆمەاڵیەتی دەوری هەبوو. لە کەرکووك، تورکمانەکان هەستیان کرد کە لە دۆخێکی باشدا نین، بە مەبەستی پاراستنی خۆیان، چوونە رێزی شیوعییەکانەوە کە رێکخراوی الوانیان هەبوو. عەبدولکەریم قاسم کە لە شیوعییەکان هەڵگەڕایەوە، شەڕی تورکمان لە کەرکووك دەستی پێکرد، ئەڵبەت کوردەکان دەستپێکەری ئەو شەڕە نەبوون. لە ۱۴ی تەمووزی ۱۹۵۹دا، سااڵیادی کودەتای عەبدولکەریم قاسم بوو. تورکمانەکان لە کەرکووك خۆپیشاندانیان رێخست، کوردەکانیش ویستیان لەبەر عەبدولکەریم قاسم و دروشمەکانی، لەگەڵ شیوعییەکاندا یەکبگرن. لەو خۆپیشاندانەدا بەرەی نیشتمانی و شیوعی و یەکێتیی نیشتمانی و...

بەشداربیان کرد. لە شەقامی ئەتلەسی کەرکووک، گازینۆیەکی لێ بوو کە ناوی (١٤ی تەموز) بوو، لەپڕ لەوێدا قڕەیەک دەستی پێکرد.

لێپرسراوانی بەرە لە ڕیزی یەکەمی خۆپیشاندانەکەدا بوون و ئێمەی لاوەکانیش لە پشت سەری خەڵکەکەوە بووین و سەرقاڵی چەپڵەلێدان و هەڵپەڕکێ و شادومانی بووین. بۆ گەنجەکان لەو تەمەنەدا، ئەوە بیانوویەکی باش بوو کە فیکە بکێشین و چەپڵە لێدەین. لەناو گازینۆکەدا، ژنەکان لە نهۆمی سەرەوە دانیشتبوون. لەپڕ لە نهۆمی سەرەوە بەرد هاویژرا بۆ ناو خەڵکەکە. لەپاڵ بینای (HOH) واتە شەریکەی نەوتی بەریتانیا. کوردەکان لەم کارە زۆر زوێر بوون و بلۆکەکانیان شکاند و بەردیان هەڵگرت و هاویشتیان بۆ نهۆمی سەرەوە، ژنەکان بە قریشکەقریشکەوە هەڵاتن و بوو بە فەرتەنە. هەندێ لە لێپرسراوانی پارتی لە کەرکووک، وەکوو ئیبراهیم عەباس ئەفەندی و عادل عیززەت و جەلال عەبدوڵڕەحمان و... خێرا لەناو خەڵکەکە هاتنە دەرەوە، چونکە ناسراو بوون و هەموو خەڵک دەیانناسین. هەرچی خەڵک گوتیان مەکەن! عەیبە! ئەمە چ کارێکە! بەڵام کەس گوێی بەو قسانە نەدا و زۆرتر بەردیان هاویشت. لێرەو کاتەدا دەنگی بەرپرسێکی شیوعی بەرزبووەوە و جنێوی زۆر خراپی بەو ژنانە دا و گوتی: گوێ مەدەنێ، بەردەوام بن. واتە ئاگرەکەی خۆشتر کرد. سەرۆکی گازینۆکەش دەمانچەیەکی دەرهێنا و تەقەی هەوایی کرد، بەڵام نەک تەنیا بەزمەکە هێمنتر نەبووەوە، بەڵکوو بە دار هێرشیان کردە سەری و سەرەنجام کوشتیان. کێشەی کەرکووک بە کوژرانی ئەو پیاوە قوولتربووەوە. لەڕاستیدا حیزبی شیوعی خۆی ئەو ژنانەی ناردبوو کە ئەم فەرتەنەیە ساز بکەن و دیار بوو کە بەریتانیاش لەم ڕووداوەدا دەستی هەبوو. عەبدولکەریم قاسم مادەی ٨٠ی یاسای سەبارەت بە کۆمپانیا نەوتییەکانی بەریتانیا (کان لم یکن) کردبوو.

ئەم ڕووداوە تاڵ و ڕەشەی ١٤تەموزی ١٩٥٩، بۆ کوردەکان زۆر گران تەواو بوو. لەندەن دەیویست کۆمپانیا نەوتییەکانی IPC لە کەرکووک بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. (معین سور خیاط) کە سەرۆکی کۆمپانیای نەوتی کەرکووک بوو، لەژێرەوە لەگەڵ کوێت پەیوەندیی نهێنیی هەبوو. لە بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکاندا، ئینگلیزەکان ڕۆڵی

سەرۆکایەتییان هەبوو و هەموو ئامێر و کەرەستە پێشکەوتووەکان لە کەرکووکدا، هی ئەوان بوون، وەکوو ئاو و کارەبا و... هتد. حکومەتیش کاری بەسەریانەوە نەبوو، دیارە زیانیان بۆ شارەکە هەبوو. ئەم دۆخە تا ساڵی ۱۹۶۳ بەردەوام بوو. لە ڕۆژنامەکاندا نووسییان کە لە شاری کەرکووکدا بە هۆی پێکدادانی تورکمانەکان و شیوعییەکانەوە، دەیان کەس لە تورکمانەکان کوژراون. دەستەی ڕەخنەگران دەیانوت شیوعییەکان لە کەرکووکدا خۆپیشاندانیان ڕێخست و خەڵکیان بەر بەرد دا و تەنانەت لە ۱۹۵۹دا تەرمی تورکمانەکانیان لە شەقامەکاندا ڕاکێشا. هەندێ کورد و کۆمۆنیست دەستگیر کران. کوردەکان بە نێوانگیریی موکەڕەم تاڵەبانی ئازاد کران. "نازم تەبەقچلی بە تووندی ڕخنەی لێگرتن. عومەر مستەفاش داوای لە من کرد کە یارمەتیی بدەم بەڵکوو زیندانییەکان ئازاد بن. ئەڵبەت ئەو داواکارییانە ئاکامی باشی هەبوو و نازمیش هەموویانی ئازاد کرد".

هاوکات لەگەڵ ئەوەی حیزبی شیوعیی عێراق پشتگیریی لە عەبدولکەریم قاسم دەکرد و قاسمیش ئەوانی بە پاڵپشتی خۆی دەزانی، بەڵام عەبدولکەریم قاسم هەمیشە لە ئامانجەکانی ئەوان گومانی هەبوو. ئەو تەنیا بۆ ئامانجی بەهێزکردنی بارودۆخی خۆی و لاوازکردنی لایەنگرانی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی، پشتی بە شیوعییەکان بەستبوو. دوای کۆمەڵکوژییەکەی کەرکووک، عەبدولکەریم قاسم ڕێگەیەکی دیکەی بۆ دوورکەوتنەوە لە شیوعییەکان و پاکسازیی گومانباویی لە بۆرۆکراسی حکومەت و هێزە چەکدارەکان دۆزییەوە. لە ۱۶ی تەمووزی ۱۹۵۹، عەبدولکەریم قاسم لە کڵێسای (ماریوسف) لە بەغدا، لە لێدوانێکدا بۆ یەکەم جار بەگژ شیوعییەکاندا چوو. عەبدولکەریم قاسم بە تووندی ئەم کارەساتەی شەرمەزار کرد و بەڵێنی سزادانی دەستوپێوەندەکانی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنەی دا، بەڵام ئامازەی نەکرد بە سزادانی ئەو ڕێکخراوانەی ئەندامەکانیان دەستیان لەو کارەساتەدا هەبووە. دیارە ئەو ڕێکخراوەی کە عەبدولکەریم قاسم دەبوو ناوی ببردایە، حیزبی شیوعیی عێراق بوو. عەبدولکەریم قاسم هەندێ لە شیوعییەکانی دەستگیر کرد، کە دواتر و لە ساڵی ۱۹۶۲دا بەعسییەکان لەسێدارەیان دان. گرفتی تورکمانەکان زۆر سەمەرە بوو، تورکمان و شیعە و سوننە هەموو لە کەرکووک و دەوروبەری دەژیان، کە دواجار زۆربەیان کۆچیان کرد بۆ بەغدا و هەندێکیشیان بوونە لایەنگری تورکیا. هەڵوێستی

ژەنەرالّ عەبدولکەریم قاسم پاش ڕووداوەکەی مانگی ئازار، لە عەبدولوەهاب شەواف و ڕووداوەکانی موسڵ و کەرکووک و پاشان خۆپیشاندانی نیوملیۆنیی مانگی ئایار و داخوازی حیزبی شیوعیی عێراق بۆ ئیزن وەرگرتن، ژەنەرالّ عەبدولکەریم قاسم بەرەبەرە پاشگەز بووەوە بەرانبەر حیزبی شیوعیی عێراق و پارتی دیموکرات و بزاڤەکانی دیکە، بەتایبەت پاش ڕووداوی (راس القریە) و بریندارببوونی لەلایەن بەعسییەکانەوە.

لە تەموزی ١٩٥٩دا، کاتێك شەڕی نێوان تورکمان و کوردی دانیشتووی کەرکووك ڕوویدا، یەکێیی نێوان عەبدولکەریم قاسم و حیزبی شیوعیی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرەو ساردیی چوو. حکومەت بە خێرایی بەرانبەر ڕووداوەکەی کەرکووك کە ناوی نابوو کوشتاری بە کۆمەڵ، کاردانەوەی پیشان دا. عەبدولکەریم قاسم لە ٨ی ئازاری ١٩٥٩دا، کودەتای ژەنەرالّ عەبدولوەهاب شەواق بە تووندیی سەرکوت کرد. پاش ڕووداوەکەی عەبدولوەهاب شەواف، عەبدولکەریم قاسم دەیویست ئەگەر ڕاپەڕینێك لای کوردەکانەوە سەری هەڵدا، بۆ سەرکوتکردنیان سوود لە هێزی جاش وەربگرێ و هێزە چەکدارەکانی تر لە دەوروبەری خۆیدا بمێننەوە. عەبدولکەریم قاسم لە سەرەتاوە یارمەتیی کوردەکانی دا و ئازادیی بە حیزبەکەیان دا. هەروەها بارزانیی لە ڕووسیا هێنایەوە، بەڕێوەبەرایەتیی زمان و کولتووری کوردی دامەزراند، بە بەراورد بە حکومەتەکانی پێشوو، بۆ کورد زۆر باش بوو و چاوەڕوانی دەکرد کوردەکان پشتی بگرن، بەڵام لە دەوروبەری عەبدولکەریم قاسمدا ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی عەرەبی شۆڤێنیست دەبیندران، کە بەردەوام ئەوەیان بە گوێی عەبدولکەریم قاسمدا دەدا کە کوردەکان جێی بڕوا نین و دەبێ هۆشیار و ئاگادار بێت. کاتێك کێشەی موسڵ دروستبوو، ئیدی بارودۆخی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵەکانی ١٩٥٩ و ١٩٦٠دا بە تەواویی تێکچوو. شیوعییەکان زۆر لە جەمال عەبدولناسر نزیکبوونەوە، بە داخەوە کاریگەرییەکی باشی نەبوو. عەبدولکەریم قاسم وردە وردە کەوتە بیری سەرکوتکردنی نەیارانی.

لە پاڵ نائارامیی دۆخی عێراق و بوونی دوژمنە بینراو و نەبینییەکان لە کەمینی عەبدولکەریم قاسمدا، ناکۆکە دەرەکییەکان هەرکامیان لە هەوڵی بردنە پێشەوەی

ئامانجەکانی خۆیاندا بوون. جەمال عەبدولناسریش دەیویست عێراق بچێتە پاڵ سووریا. ئەمریکاش لە بەربەستکردنی بەریتانیا پەزامەند بوو. بەڵام پاش سەرکوتکردنی نەتەوەپەرەستەکان و شیوعییەکان لە سەرەتای سالّی دووەمدا، عەبدولکەریم قاسم کەوتە کورتکردنەوەی دەستی شیوعییەکان. عێراق سەردەمێکی زۆر سەمەرەی تێدەپەڕاند و ئەوانەی تاوانبار دەکرد کە لە موسڵ و کەرکووکدا حەمامی خوێنیان ڕێخستووە. پەیوەندیی جەمال عەبدولناسر و عەبدولکەریم قاسم خراپتر بوو. لە میسر و سووریا و ئەردەن، شیوعییەکان لەژێر فشاردا بوون. گواستنەوەی بنکەی حیزبەکانی شیوعی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە سۆفیاوە بۆ بەغدا و بەڕێکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لە شیوعییەکان لە ئەردەن و سووریا و لوبنان و ئیسرائیلەوە بۆ بەغدا، وڵاتی عێراقی کردبووە بنکەی ڕاستەقینەی شیوعییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بە جۆرێک کە کۆنگرەی یەکێتیی نێونەتەوەیی خوێندکارانی شیوعیی عێراق و کۆنفرانسی نوێنەرانی شیوعییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە کرایەوە. عەبدولکەریم قاسم و شیوعییەکانی عێراق، تەنیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکان یەکنەکەوتبوون. بەشداریی جەنگاوەرانی کۆمۆنیست لە شکستپێهێنانی ڕاپەڕینەکەی موسڵ بە سەرۆکایەتیی عەبدولوەهاب شەواف، سەرۆکایەتیی حیزبی شیوعیی خستە بیری ئەوەی ئێستا بوارەکانی گۆڕانکاری لە بارودۆخی سیاسیدا بەدیهاتووە. بۆیە لە ڕاگەیەندراوێکی دووروودرێژ لە ۲۸ی نیساندا، خوازیاری ئەوە بوون کە بە فەرمی بناسرێن و لە بەرپرسایەتیی دەوڵەتی و لە پاڵ نوێنەران و هێزەکاندا بن. وەڵامی عەبدولکەریم قاسم چاوەڕواننەکراو بوو. لە وەڵامی نوێنەرانی یەکێتیی سەندکا کرێکارییەکان، کە ڕۆژێک پاش ئەو ڕاگەیەندراوە بۆ دووپاتکردنەوەی داوای چالاکیی پارتەسیاسییەکان چووبوونە لای، گوتی: من شتی وا ناکەم. ئەوە جیهانخۆرانن کە ئەمڕۆ دەیانەوێ بە دامەزراندنی پارتی بچووک و گرووپی بێ بایەخ، کە دواتر دژی یەکتر ڕاوەستن، ڕیزەکانی ئێمە تێکبشکێنن. چونکە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ۱۴ی تەموز، کرێکار و خاوەنکار وەها بوونەتە برادەری یەک، کە هیچ کێشەیەک لێکیان جیاناکاتەوە. سەردەمی چەوساندنەوە کۆتایی هاتووە. سەردەمی چەوساندنەوەی کەسی و نۆکەریکردن کۆتایی هاتووە. کرێکار و خاوەنکار وەکوو برا لە پێناوی بەرژەوەندیی گەلدا تێدەکۆشن، لە پێناوی بەرژەوەندیی کۆماری مەزنی عێراقدا هەوڵ دەدەن".

بەڵام حیزبی شیوعی لە بانگەشەی ناوخۆیدا زۆرتر لەوانە چووبووە پێش کە بڕیارەکەی بۆ دابڕان لە خەبات لە لایەن هەموو ئەندامانیەوە پەسەند کرابوو. ١٤ی تەموز پێکدادان لە کەرکووک ڕوویدا. عەبدولکەریم قاسم بۆ دووپاتکردنەوەی هێرشەکانی خۆی، لەوە زیاتر نیازی نەبوو. سێ ڕۆژ پاش ئەوە، لە ١٧ی ئەو مانگەدا، گوتی: من هەموو ئەو کەسانە ئاگادارەدەکەمەوە کە دەڵێن ئازادی بۆ دوژمنانی گەل نییە، داوەریی لەم کارەدا بەوان نییە و ئەمە کاری دەوڵەت و یاسایە کە چۆن دژمنانی گەل تەمێ بکەن. چەند ڕۆژێك دوای ئەوە، هێرشەکانی دەستپێکردەوە و ئەو تاوانانەی کە دەیخستنە پاڵی، ڕوونتر و ئاشکراتر بوون "هۆزە تورکمانەکان بوونەتە قوربانی ڕەگەزپەرەستی... شۆڕشی ١٤ی تەموز ١٩٥٨ پتر لە ١٩ کوژراوی نەبوو، بەڵام لە ڕووداوەکانی کەرکووکدا دەیان کەس بە دەستی ئەم پیاوکوژانە، کوژراون. من خۆم دیموکرات و ئازادیخوازم، بەڵام ئازدی تا ئەو ڕادەیە؟ ...".

لە بەرانبەر ئەو ڕووداوانە کە بە پەلە تێپەڕ دەبوون، خالید بەگداش بە خێرایی لە پراگ گەڕایەوە. کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعیی عێراق، لە ٣ی ئابی ١٩٥٩، بە سەرۆکایەتیی ئەو کۆبوونەوەیەکی ساز کرد. لە هەمان ڕۆژدا یەکێتیی گەل (اتحاد الشعب)، زیادەڕۆییە نەخوازراوەکان لە لایەن تودەکانەوە، ڕسوا دەکات. ئەو تودانەی کە بەشێکیان سەر بە کۆمۆنیستەکان بوون. مەبەست لەو کۆبوونەوەیەی حیزبی شیوعیی عێراق، هەڵگەڕاندنەوەی حیزبی کۆمۆنیست بوو بۆ هێڵی سیاسیی بزاڤی کۆمۆنیستی، بەپێی شۆڕشی گەورەی ١٩٥٦. بەپێی ئەو بۆچوونە نوێیە، پشتگیریی پارتە کۆمۆنیستەکان لە دەوڵەتە نەتەوەییەکان، بە سەرۆکایەتیی بۆرژوازیی، بەو مەرجەی دژی ئیمپریالیزم بێ، دەتوانێ کاریگەریی باشی بۆ داهاتوو هەبێ. لە کۆتایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق (ڕەخنە لە خۆ) دەستی پێکرد و ئەم هەڵانەی دەرخست و شەرمەزاری کرد: ئەو لێکدانەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی بە دوژمنی گەورەی گەلی عێراق ناساندووە، ڕێبازێکی سەرەڕۆیانە و خراپی حیزبی کۆمۆنیستە لە بەرانبەر هەموو هێزەکانی ولات. ئامادەنەکردنی خەڵك لە باری سیاسییەوە، کە بووەتە هۆی لەدەستدانی یەکگرتوویی لەگەڵ هێزەنەتەوەییەکان. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، فشاری دژی کۆمۆنیستی لە عێراق، بە خێرایی هەموو داخوازییەکانی مۆسکۆ و خالید بەگداشی بێ بایەخ کرد. گۆڕانکارییەکانی

ڕژێم له ۱۴ی تەمووزی ۱۹۵۸، کەمبڕستیی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لە گۆڕینی ئەو سیاسەتانە، بایەخێکی تایبەتی بەخشی بە بەیاننامەی ۱۷ی نیسانی ۱۹۵۹ی سەرۆک جەمال عەبدولناسر. بە بڕوای من، ئەوە خالید بەگداش و هاوڕێیانی کۆمۆنیستی ئەو بوون کە نەک هەر خرۆچۆڤ، بەڵکوو سۆڤێتیشیان بە هەڵەدا برد، بەو بڕوایەی کە حیزبی کۆمۆنیست لەناو عەرەبەکاندا خاوەنی دەسەڵات و توانایە.

عەبدولکەریم قاسم ڕۆژئاوای دڵنیا کرد لە بەرژەوەندییەکانی لە عێراقدا و بە زووبی خۆی لە جەمال عەبدولناسر دوورخستەوە. هەر بۆیە کاربەدەستێکی پلەبەرزی ئەمریکی، باوەڕی وا بوو کە سەرۆکی میسر، گەورەترین وانەی سیاسەتی ئەمرۆیی جیهانی تا سەردەمی خۆی وەرگرت. ئەو کاتەی لە لووتکەی قەیراندا، جەمال عەبدولناسر بە مەبەستی داواکردنی یارمەتی لە سۆڤێت، خۆی گەیاندە مۆسکۆ، خرۆچۆڤ خۆی پاراست لە هەر چەشنە کاردانەوەیەک. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دالّس کابینەی دەوڵەتی ئاگادار کردەوە کە جیهانی ئازاد جارێکی دیکە هێڵی هەڵوەشاندنەوەی بەسەر پێشبینییەکانی لنین و ستالیندا هێنا، کە دەڵێن گوت: کۆمۆنیزم لە ڕێگەی گەلانی ڕاپەڕیوەوە جیهانی سەرمایەداریی داگیر دەکات. عەبدولکەریم قاسم لە ۱۹۵۹دا، بە پاشگەزبوونەوەی فەرمی لە پەیمانی بەغدا، پێستی پەیمانەکەی داڕنی. ویلایەتە یەکگرتووەکانیش بێ وچان، پەیماننامەی هاوکاریی سەربازیی دووڵایەنەی نوێی لەگەڵ پاکستان و تورکیا و ئێران، واژۆ کرد. ئەو سێ وڵاتەی ئەندامی پەیمانی بەغدا لە ڕێکخراوی پەیمانی سنتۆ یەکیان گرتەوە. بەرەیەکی خەباتی هەمەلایەنە لەسەر کۆنترۆڵی مافی نەوتی کەنداوی فارس هەبوو کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بوو. کۆبوونەوەی سالّی ۱۹۴۹ی سەرۆک کۆمار ڕۆزڤێڵت لەگەڵ بالّیۆزی بەریتانیا، لۆرد هالیفاکس، زۆر بە ڕوونی ناوەڕۆکی ئیمپریالیستیی ئەم گفتوگۆیانە و هەروەها گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە پەیوەندیی زلهێزەکانی جیهاندا، پیشان دا. ڕۆزڤێڵت پلانێکی دا کە نەوتی ناوچەکەی دابەش دەکرد بە وتەی پرگین، بە هالیفاکسی ڕاگەیاند: نەوتی ئێران هی ئێوەیە، ئێمە لە نەوتی عێراق و کوێتدا هاوبەشین و سعودیش هەر هی ئێوەیە. لە سالّی ۱۹۴۰دا بەریتانیا لە سەدا ۷۲ی وزەی پاشەکەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەبەردەستدا

بوو. ئەمریکا نزیکەی لە سەدا ١٠ی نەوتی لەبەردەستدا بوو، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە بەشی بەریتانیا نزیکەی لە سەدا ٣٠ هاتبووە خوارەوە.

دڵەڕاوکێی دەوڵەتی ئێران کاتێك دەستی پێکردەوە کە دەوڵەتی نوێی عێراق بڕیاری دا یارمەتیی شۆڕشگێڕانی عوممان بدات. عەبدولکەریم قاسم لەو بارەیەوە گوتی: پلانی جەنگێکی نوێ پێشکەشی سەرۆکی شۆڕشگێڕانی عوممان کراوە، کە دژی سوڵتانی ئەڵقەلەگوێی مەسقەت و عوممان خەبات دەکەن. ئەو پلانە بە سەرکەوتوویی بەڕێوەچووە. هەروەها گوتی: عێراق لە ڕێگەی هەواییەوە چەکی ناردووە بۆ عەرەبەکانی عوممان، کە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی باشووری نیوەدوورگەی عەرەبستانی سعوودیدان. پەیوەندیی عێراق و سۆڤێت بە شێوەیەکی فەرمی، لە ٩ی ئەیلوولی ١٩٤٤دا دامەزرا، بەڵام پەیوەندیی ئەم دوو وڵاتە تا ساڵی ١٩٥٨ نەك هەر گەرم نەبوو، بەڵکوو کێشەی زۆریشی لێدەکەوتەوە. لەڕاستیدا عێراق لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٠ تا ١٩٥٨، دۆستی بەریتانیا بوو، بۆ نموونە لەم بارەیەوە، دەتوانین ئاماژە بە ئەندامێتی لە پەیمانی بەغدا لە ١٩٥٥دا بکەین، کە دواجار بوو بە پەیمانی سنتۆ، بەم بۆنەوە ڕێگەی پەیوەندیی لەگەڵ سۆڤێتدا ئەستەم بوو. بەڵام کودەتای عەبدولکەریم قاسم لە ١٩٥٨دا، دەسپێکی پەیوەندیی عێراق و سۆڤێت بوو. لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم، عێراق لە پەیمانی سنتۆ چووە دەرەوە و لە سۆڤێت نزیکبووەوە. لە لایەکی دیکەوە کۆمۆنیستەکانی عێراق بە پشتکردن لە یەکێتیی عەرەبەکان، خوازیاری هاوکاری و دۆستی لەگەڵ سۆڤێتدا بوون. عەبدولکەریم قاسم بە مەبەستی دەمکردنەوەی فشاری پانەڕەبیستەکان، لە ناوخۆدا هەوڵی بەدەستهێنانی پشتگیریی کۆمۆنیستەکانی دەدا و لە دەرەوەی وڵاتیش لە هەوڵی وەرگرتنی یارمەتیی ئابووری و سەربازیی سۆڤێتدا بوو، تا لەو ڕێگەیەوە سەربەخۆیی و بەرژەوەندیی عێراق بپارێزێ. ئەڵبەت عەبدولکەریم قاسم بە مەبەستی ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی دوژمنایەتی بەرانبەر بە تورکیا و ئێران، هیچ هەوڵێکی نەدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیمانە، بەڵام لەژێر فشاری کۆمۆنیستەکان و پانەڕەبەکاندا، لە کۆبوونەوەی پەیمانی بەغدا بەشداریی نەکرد و هەوڵی پاشگەزبوونەوەی دانا بۆ داهاتوو. تەنانەت کاتێك ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارف قسەی ناڕەوای دژی ئێران کرد، عەبدولکەریم قاسم زۆر لۆمەی کرد. لە ئاکامدا

عەبدولکەریم قاسم، لەژێر فشاری پانعەرەبیستەکان کە تاوانباریان دەکرد بەوەی بووەتە یاریی دەستی ڕۆژاواییەکان و کۆمۆنیستەکان کە هەمیشە دژی یەکگرتن لەگەڵ ڕۆژاوا بوون، بە شێوەیەکی فەرمی لە ۲۴ی ئازاری ۱۹۵۹، لە پەیمانی بەغدا کشایەوە. عەبدولکەریم قاسم بە مەبەستی پاکانەکردن بۆ کشانەوەی لەو پەیمانە، گوتی: بە هۆی ئەوەی ناوەڕۆکی پەیمانەکە بە پێچەوانەی بێلایەنیی عێراقەوەیە، لێی پاشگەزدەبینەوە.

بە فەرمانی قاسم، لە ۲۵ی ئازاری ۱۹۵۹دا، عێراق لە پەیمانی بەغدا هاتە دەرەوە. عەبدولکەریم قاسم وەزارەتی وڵاتی خستە ژێر فشارەوە، تا هەوڵ بدات کە ئەندامە بەجێماوەکان، بە چاکسازی لە پەیمانی سنتۆ ڕازی بکات. ئەگەرچی لە ماوەی چەند ساڵێکدا دەوڵەتەکەی عەبدولکەریم قاسم بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی عێراق هەنگاوی زۆری هەڵگرت، بەڵام دواتر و لە ساڵی ۱۹۶۱، ئەمریکا بڕیاری دا کە بە دژدە هێرشێك دەستپێبکات. یەکێك لە لێکۆڵەرە ئەمریکییەکان بڕوای وابوو کە حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم باشتر گەشەی سەندبوو. دەگەڕا بە شوێن چەکی تازەدا تا ڕکابەریی جبەخانەکانی ئیسرائیل بکات و هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندیی ئەوتی ڕۆژئاواییەکان دروسبکات و جەنگی کۆنی خۆی لەگەڵ کوێتدا دەستپێبکاتەوە و بە ئازادیی دژی دەسەڵاتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بوەستێت. هەموو ئەو قۆناغانە، بە شێوەیەك لە لایەن سەدام حسێنەوە دووپاتبوونەوە. واشنتۆن وەکوو سەرۆکێکی پڕمەترسی سەیری عەبدولکەریم قاسمی دەکرد و لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێ لەناو بچێ.

هاتنەدەرەوەی عێراق لەو پەیمانە، بۆ دەوڵەتی ئێران شتێکی سەرسوورهێنەر نەبوو، چونکە دەوڵەتی عێراق پاش کودەتاکە، لە کۆبوونەوەی ئەندامانی ئەو پەیمانەدا بەشداریی نەدەکرد و چاوەڕوانی دەکرا کە هەنگاوێکی ئاوا بنێت. پاش چوونەدەرەوەی عێراق لە پەیمانی بەغدا، شا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: بە چوونەدەرەوەی عێراق لە پەیمانی بەغدا، هیچ گۆڕانکارییەك لە هەڵوێست و ڕێبازی ئێران بەرانبەر دەسەڵات و گرنگیی ئەو پەیمانە ڕوونادات. دوابەدوای دروستکردنی پەیوەندیی یبلۆماسی، ڕێکەوتننامەی جۆراوجۆر لە بواری کرپینی ئامێری سەربازیدا واژۆ کران. لە ۱۶ی ئازاری

١٩٥٩دا، ڕێکەوتنامەیەکی هاوکاریی تەکنیکی و ئابووری لەگەڵ سۆڤێتدا دروستبوو، بەپێی ئەو ڕێکەوتنە، سۆڤێت بە مەبەستی دروستکردنی ٤٣ پڕۆژەی پیشەسازیی تا ڕادەی ٥٥٠ ملیۆن ڕوبلی بە عێراق دا. لە ئازاری ١٩٥٩دا، لە کاتی سەردانی (میگویان) جێگری سەرۆک وەزیرانی سۆڤێت لە بەغدا، دیسان ١٨٠ ملیۆن ڕوبلی دیکە درا بە عێراق. ئەم ڕێکەوتنامە لە ٢٥ی ئایاری ١٩٦٠دا واژۆ کرا. چەند ڕێکەوتنامەیەکی دیکەش لەگەڵ ڕێکخراوی تەکنۆسپۆرتی سۆڤێت، لە ساڵی ١٩٥٨ لەگەڵ عێراقدا گرێ درا، کە گرنگترینیان دەربارەی چاکسازیی کشتوکاڵ، فێرگەی پێرسنای عێراقی بۆ هەڵدانەوەی کانەکان و پڕۆژەی پەیوەست بە هێڵی ئاسنینەوە بوو.

عەبدولکەریم قاسم لە ڕۆژانی سەرەتای دەسەڵاتیەوە، دەستی کرد بە هەڵچنینی بارەگاکانی بەریتانیا لە عێراقدا و لە پەیمانی بەغدا چووە دەرەوە. ئەو پەیمانە لە سەردەمی موحەممەد ڕەزا پەهلەویی شای ئێران و مەلیک غازی، لە نێوان وڵاتانی ئێران و تورکیا و عێراقدا واژۆ کرابوو. ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم بە چوونەدەرەوە لەو پەیمانە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی شیوعیدا نزیکتر کردەوە. کەمال چادرچی، سیاسەتی عەبدولکەریم قاسم لە بەرانبەر گرووپە سیاسییە نەیارەکان، بەم شێوەیە باس دەکات: وەکوو چۆن بەندبازێك بۆ پاراستنی هاوسەنگیی خۆی لەملا بۆ ئەولا خۆی بادەدات، قاسمیش بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتەکەی، لەم ئایدیۆلۆژیا بایەدایەوە بۆ ئەو ئایدیۆلۆژیا، بەڵام خۆی خاوەنی هیچ ئایدیۆلۆژیایەك نەبوو. سوودوەرگرتن لە گرووپە سیاسییەکان، دیمەنێکی ناڕاستی بۆ ئەو دروستکردبوو. کاتێك لە شیوعییەکان نزیکدەبووەوە، پانەڕەبیستەکان دەکەوتنە دڵەڕاوکێ و وایاندەزانی داهاتوو لە دەستی کۆمۆنیستەکاندا دەبێ، بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە هیچ مەیلێکی بەلای شیوعییەکاندا نییە. سیاسەتی هاوسەنگیی هێز، عەبدولکەریم قاسمی لای شیوعییەکان خۆشەویست کرد، نەك لای پانەڕەبیستەکان. ئەم سیاسەتە وای کرد هەر گرووپێك بۆ ئەوەی هاوسەنگی بە سوودی خۆی بشکێنێتەوە، هاوکاریی لەگەڵ دەکرد. لە ئاکامدا دۆخێك هاتە پێش کە هیچ کەس و هیچ گرووپێك متمانەی پێ نەدەکرد. بەم جۆرە، عەبدولکەریم قاسم ئیتر توانای ناسینی دۆست و دوژمنی خۆیی نەبوو و هەموویان دژی ئەو پیلانگێڕییان دەکرد. هەر ئەم

بارودۆخه بوو كه ڕووخاندی. عەبدولكەریم قاسم مرۆڤێكی ساده بوو و هیچ مەرامێكی سیاسیی نەبوو، بەڵام نیشتمانپەروەرێكی ڕاستەقینه بوو. هەموو ئەزموونەكانی ئەو لە ڕووی سەربازییەوه بوو و هیچ چەشنه ئەزموونێكی سیاسیی نەبوو. هەڵبژاردنی ئەو بۆ سەرۆكایەتیی ئەفسەرانی ئازاد، بە هۆی شارەزایی سیاسییەوه نەبوو، بەڵكوو بە هۆی بەرزیی پلەی سەربازییەوه بوو و هەروەها لای هەموو ئەفسەرەكان خاوەنی ڕێز بوو. نەبوونی ئایدیۆلۆژیا، یارمەتیی عەبدولكەریم قاسمی دا كە خۆی لە ناكۆكیی ئایدیۆلۆژیی دووربخاتەوه، یان هەڵنەستا بەوەی بە تێكدانی پەیوەندیی گرووپەكان دەسەڵاتی خۆی پتەو بكات. ئەو بە سیاسەتی هاوسەنگیی دەسەڵات، لە دەرفەتێك دەگەڕا كە كێشەكانی ناوخۆ كۆتایی پێ بهێنێت و حكومەتێكی سەقامگیر دروستبكات، هەروەها كێشە كۆمەڵایەتی و ئابووریيەكان چارەسەر بكات. ئەگەچی دەرفەتی كەم بوو، بەڵام لەو ڕووەوه چەند هەنگاوێكی هەڵگرت.

دوای كودەتای عەبدولسەلام عارف و هەبدولوهاب شەواف، پیلانێكی دیكە كە سەركەوتوو نەبوو، لە لایەن حیزبی بەعس و بەتایبەت سەدام حسێنەوه بوو، كە لەو كاتەدا تەمەنی ۲۲ ساڵ بوو ڕووی دا. لەو پیلانەدا عەبدولكەریم قاسم بریندار بوو و برایە نەخۆشخانە. تەقەكردن لە عەبدولكەریم قاسم، ڕووداوێكی تایبەت بوو كە لەو كاتەدا سەری هەڵدا. بەعسییەكان لە ۱۷ی تشرینی یەكەمی ۱۹۵۹دا، لە شەقامی ڕەشیدی بەغدا، تەقەیان لە عەبدولكەریم قاسم كرد و هەوڵی كوشتنیان دا. تەنیا سالێك بەسەر حكومەتەكەی عەبدولكەریم قاسمدا تێپەڕ بووبوو، كە شاكر ئیبراهیم حلیوه، یەكێك لە كەم تەمەنترین سەركردەكانی حیزبی بەعس، پیلانی تیرۆركردنی عەبدولكەریم قاسمی دارشت. شاكر، زۆر بە نهێنی كۆمەڵێك لە چالاكترین ئەندامانی حیزبی بۆ ئەم كاره هەڵبژارد، كە بریتیبوون لە: سەدام حسێن، سەمیر نەجم، عەبدولوهاب ئەلعەزیزی، سەلیم عیسا ئەلزبیق و عەبدولكەریم ئەلشێخلی. ئەم چەند كەسە لە مالّی سەلیم عیسا، كۆبوونەوه و پیلانەكەیان ئامادە كرد. پاشان بۆ ئامادەكاریی زیاتر، لە هەردوو ناوچەی (المسیب) و (الحصوة)ی نێوان كەربەلا و بەغدا، ڕاهێنانیان دەستپێكرد. هەر لەو كاتەشدا هاتوچۆكانی عەبدولكەریم قاسم و پارێزەرەكانیان خستە ژێر چاوەدێرییەوه. ئەندامانی ئەم گرووپە كە تا ڕادەیەك

هەواڵنامەی كێبڕكێ

ئامادە بوون و لەوە دڵنیا بوون کە عەبدولکەریم قاسم بە ڕۆژدا، لە کاتێکی دیاریکراودا، شەقامی ڕەشید تا وەزارەتی بەرگریی بەبێ پاسەوان دەبڕێت، خانوویەکیان هەر لەو شەقامەدا بەکرێ گرت و ئامادەی پەلامارەکە بوون.

لە ڕۆژی دیاریکراودا، واتە ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩، ئەم گرووپە لە (راس القریة) دەستڕێژیان لە کاروانەکەی عەبدولکەریم قاسم کرد. پەلامارەکە وەکوو کارێکی بەرنامە بۆ دارێژراو بەڕێوەنەچوو. پاسەوانەکانی عەبدولکەریم قاسم بەرپەرچیان دانەوە و سەدام بریندار بوو. هەروەها عەبدولوەهاب ئەلعەزیزی کوژرا و سەمیر نەجم دەستگیر کرا. بەڵام سەدام لەگەڵ عەبدولکەریم ئەلشێخلی هەڵاتن و لە ڕێگەی موسڵەوە چوون بۆ سووریا. لەم کردە تیرۆرییە بێ ئەنجامەدا، عەبدولکەریم قاسم بە سووکی بریندار بوو. پاش ڕووداوەکە، لە تاوانباران خۆشبوو. ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی زیاتر لەناو دڵی خەڵکدا جێی خۆی بکاتەوە. لە دوای ئەو پیلانەوە، لەناوچیزیی بەعسدا وەکوو قارەمانێك سەیری سەدام دەکرا، کە بە قاچی بریندارەوە هەڵاتووە و بە چەقۆیەك گوللەکەی لە قاچی دەرهێناوە و خۆی گەیاندووەتە سووریا. مانەوەی سەدام لە سووریا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ میشێل عەفلەقی سەرۆکی حیزب، کە بە هۆی خزمەتەکانیەوە بووبووە وەزیری فەرهەنگ لە دەوڵەتی یەکگرتووی عەرەبیی میسر و سووریا، پێشکەوتنی زۆری بۆ ئەوی بەدواوە بوو. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی سەدام لەو سەردەمەدا، ژەنەراڵ گلاسی وەزیری بەرگریی پێشووی سووریا، لێی کەوتبووە گومانەوە، بۆیە هەموو جموجووڵکانی سەدامی خستبووە ژێر چاودێرییەوە.

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی مەبەستی خراپ بەرانبەر قاسم، لەم کاتەدا کۆمۆنیستەکان ڕژانە شەقامەکان. بە گرتنی ڕەخنەی تۆند و دەربڕینی تووڕەیی لە بەعسییەکان و هەوادارانی جەمال عەبدولناسر، هەوڵیان دا کە پاڵپشتیی خۆیان بۆ عەبدولکەریم قاسم دەربڕن، بەڵام چیتر سوودی نەبوو و عەبدولکەریم قاسم هیچ گرنگییەکی پێ نەدان. باڵیۆزی کاتی ئێران، ئەمانوللای ئەردەڵان، بەم چەشنە وەسفی ئەو ڕۆژە دەکات: بەیانیی ڕۆژی دواتر، بە فەرمانی دەوڵەت، چووم بۆ خەستەخانە بە مەبەستی سەردانی عەبدولکەریم

قاسم. ئۆتۆمبێلەکەی عەبدولکەریم قاسمیان پیشان دام، ۵۰ بۆ ۶۰ گوللەیان پێوە نابوو و وەکوو بێژنگی لێ هاتبوو. هەر زۆرم پێ سەیر بوو کە بە زیندووی ماوە! لە ژوورێکدا چاوەڕوان بووم تا بە عەبدولکەریم قاسم ڕابگەیەنن کە من هاتووم بۆ سەردانی. مەلا مستەفام بینی کە ئەویش چاوەڕوانی دیدار بوو. گەرچی دووراودوور لە میوانییەکاندا دیبووم، بەڵام مەرحەبایيمان نەبوو. منیان بانگ کرد، عەبدولکەریم قاسمم بینی کە لەسەر تەختەکە ڕاکشاوە و سەر و دەستیان پێچاوە. سڵاوی دەوڵەتی ئێرانم پێ گەیاند. ئەو گوتی: چوار گوللەم بەرکەوتووە، بەڵام هەر ئێسکی دەستم شکاوە و پێویستی بە نەشتەرگەریی هەیە. ئەوانی دیکەش چارەسەر دەکرێن.

عەبدولکەریم قاسم بۆ ڕزگاربوون لە پشێویی ناوخۆ کە دوای تێرۆرە بێ ئەنجامەکەی دەستی پێکردبوو، ڕووی کردە سیاسەتی دەرەوە. سەرەتا لە کانوونی یەکەمی ۱۹۵۹دا، چەند داوایەکی بەرانبەر خاکی ئێران دەستپێکرد. پاشان لە حوزەیرانی ۱۹۶۱دا، ڕایگەیاند کە کوێت بەشێکە لە خاکی عێراق. عەبدولکەریم قاسم مرۆڤێکی هەڵەکار بوو و بە لای منەوە تەواو نەبوو. لە مەسەلەکەی کوێتدا شکستی هێنا و ئەوە زۆر بە زیانی ئەو تەواو بوو. دەوڵەتی ئێرانیش هۆکاری ڕاستەقینە بوو بۆ قوولکردنەوەی ئاواتەکانی عەبدولکەریم قاسم، کە دەیویست کوێت بێتە سەر عێراق، بەریتانیاش پشتگیریی لە شا دەکرد و ئێران بەهێز بوو. عێراق توانای هێرشکردنە سەر کوێتی نەبوو. لە کۆتایی پاییزدا، کێشەی شەتولعەرەب لەگەڵ عێراقییەکاندا زۆرتر بوو. شا لە وتووێژێکدا، لەو بارەوە قسەی کرد و عەبدولکەریم قاسمیش لە بەغدا هەر لەو بارەوە قسەی کرد. پەیوەندییەکانیان تێکچوو. سەردانی (شا)م کرد و گوتی: هێڵی تالوگ سنووری ئێمە و عێراقە. پاش تێکچوونی پەیوەندییەکان، ڕۆژنامەکانی تاران و بەغدا دژی یەکتر بابەتیان دەنووسی. بنکەی تایبەتی ساواک، ئەم زانیارییە بە ناوەند دەدات "بەپێی ئەو زانیارییانەی لە یەکێك لە دەستگا هەواڵگرییەکانی ڕۆژئاواوە دەستمان کەوتووە، چەند ئەفسەرێکی لاوی ئێرانی خۆیان بۆ کودەتایەك دژی دەسەڵاتی شا ئامادەدەکەن. کە زیاتر پیلانی ولاتانی دراوسێمانە، وەك عێراق. لەبەرئەوەی پێیانوایە کە ڕەوشی ئێستای تاران بۆ چالاکییەکی لەو شێوەیە لەبار نییە، لەبیری ئەوەدان لەسەر سنوور

پشێوی بنێنەوە، تا سەرنجی هێزەکانی ناوەند بۆ ئەو ناوچانە ڕابکێشن. پاشان نەخشەی کۆتاییان لە تاران جێبەجێ بکەن".

کێشەکانی سەر سنووری ئێران و عێراق، ئەگەرچی هەر لە کۆنەوە هەبووە، بەڵام ناکۆکیی سیاسی ــ ئایدیۆلۆژیی ئەم دوو وڵاتە، لە دوای کودەتای ١٩٥٨ی عێراقەوە دەستی پێکرد. لەڕاستیدا هاتنی ڕژێمی نوێ لە عێراقدا، سەرەتای دەستپێکی قۆناغی دووەمی کێشەکانی سەرسنووری ئێران و عێراق بوو. ئەم کێشانە جیاواز لە کێشەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی نەبوون. بوونی ناکۆکی لەم ڕووەوە، زۆر جار دەبووە بیانوویەکی سیاسی. کودەتای عێراق و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لەو وڵاتەدا، لایەنێکی دیکەی خستە سەر ناتەباییەکان، کە ئەویش لایەنی سیاسی ــ ئایدیۆلۆژی بوو. دوابەدوای شۆڕشی عێراق، قەیرانی شەتولعەرەب گەورەتر بوو. دوای کودەتای حیزبی بەعسیش، پشێوی کەوتە ناو پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق و کێشەی سیاسی– ئایدیۆلۆژی چڕتر بووەوە. دەوڵەتی عێراق داوای لە ئێران کرد دوو نوێنەریان بنێرن بۆ عێراق. داریوشی هومایون کە دواتر وەزیری زانیاری بوو، لە کابینەی ئاموزگار، ئەو ڕۆژە لەگەڵ گروپە دا دەچێتە عێراق. منیش وەک سەرنووسەری وەفدی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەی ئیتلاعات، لەگەڵ ئەواندا بووم. لە سەرەتای ١٩٥٩، وەک ڕۆژنامەنووس، لە لایەن ئێرانەوە ڕۆیشتم بۆ عێراق. بینیم عێراق وڵاتکی زۆر ترسناکە. خۆپیشاندانێکم بینی کە بۆ مەسەلەی پەیوەستبوونەوەی کوەیت بە عێراقەوە ڕێکخرابوو، چونکە عەبدولکەریم قاسم ڕایگەیاندبوو کوەیت بەشێکە لە عێراق. لەو خۆپیشاندانەدا خەڵکێکی زۆرم بینی و بیری هێرشی عەرەبەکانم کەوتەوە بۆ سەر ئێران، کە هاوشێوەی ئەم پیاوانە، بە شمشێر هێرشیان کردووەتە سەر ئێران. عێراقم وەک وڵاتێکی سەرەتایی و بێ بنەما و چوارچێوە بینی. بەڵام کێشەی ئێران لەگەڵ عێراق (کە عێراق زۆر زیاد مەیلی بە لای ڕووسیادا ڕۆیشتبوو و لە مەسەلەی شەتولعەرەبدا پێداگری دەکرد و داواکاریی هەبوو) لە نێوان کوردەکانی ئێرانیشدا جوولانەوە دەستپێکرد. شا، ویستی کودەتایەکی هەبوو و وردە وردە کاسەی سەبری پڕ بووبوو. داوای لە ساواک کرد نوێنەرێکی تایبەت بنێرێت.

نوێنەری ساواك، لەو بارەیەوە دەڵێت: تا كاتی دیاریكردن و ناردنی من بۆ عێراق، بە ناونیشانی ئەندامی سەربازیی بە دەرەجەی سەرگوردیی و بەرپرسی نوێنەرایەتیی ساواك لە باڵیۆزخانەی ئێران، ڕووداوی زۆر سەیر لە عێراقدا سەری هەڵدابوو. لەڕاستیدا لە ماوەی سااڵێك و چەند مانگێكی پاش كودەتاكە، كە من چووبوومە شوێنی كارەكەم، بە ئەندازەی ۱۰ سااڵ، عێراق و وڵاتانی دەوروبەری گیرۆدەی ڕووداو و گۆڕانكاریی سەیروسەمەرە بوون. لە خزمەت (شا)دا گوتم: ئێمە دەبێ سوود لە كات وەربگرین، بۆیە دەبێت سەبرمان هەبێت تا وردە وردە شتێك دەكەین. شای ئێران بە دڵگرانییەوە گوتی: هەموو ڕۆژێك لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكان و جارجاریش لە ڕادیۆ بەغدا، بە تەوسەوە پلارێكمان بۆ دەهاوێژن و ڕۆژنامەی (خەبات)ی پەیوەست بە پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراقیش، نەك هەر هێرش دەكاتە سەرمان، بەڵكوو جارجار سووكایەتیشمان پێ دەكا. ئەمە شایانی قەبوولكردن نییە.

لەو كاتەدا لە كوردستان، بە هۆی دەستگیركردنی (غەنی بلوریان)ەوە، لە ڕۆژنامەی كوردیدا سووكایەتی بە شا دەكرا. نووسەرەكوردەكان گرنگییان بەو ڕاپۆرتانە نەدەدا. غەنی بلوریان، بەرگریكارێكی سەرسەخت و هێستەكیانەی حیزبی تودە بوو. جگە لە بانگەشەكردن لە ماجەراكەی هەڵبژاردنی مەهاباد لە ئەنجومەنی حەڤدەیەم بە سوودی سارمەدینی سادق وزیری، كارێكی تری بۆ كوردەكان نەكردبوو. بەرگری لە غەنی بلوریان، لەو تەنیا لەبەر ئەوە بوو كە كورد بوو، ئەگینا ئەو ئەمانی هەر نەدەناسی. ئەڵبەت دوای ڕووداوی هەڵبژاردنی مەهاباد، قاسملوو و غەنی بلوریان و ئەحمەد تۆفیق، لە كوردستانی ئێراندا ناویان كەوتە سەر زمانی خەلك. غەنی بلوریان، دواتر گوتی بزاڤی ئازادیخوازیی كوردستانی عێراق بۆ كوردەكانی دیكە، بە تایبەت ئێران و توركیا،... نموونە بوو. هەموو ئەوانەی لە ئێراندا حوكمیان كردووە، بە مەبەستی پاكانەكردن بۆ كردەوە ناڕەواكانی خۆیان، كوردیان بە جودایییخواز و تاڵانكەر ناساندووە، بەاڵم ئەوانە هیچیان ڕاست نین. هەموو ئێرانین و كوردی ئێرانین و زمانی خۆیان هەیە. ئەمان چەند ویستێكیان هەبووە كە هەرگیز بەجێ نەكراون. بەهۆی ئەو فشارانەی لەسەریان بووە، پەنایان بردووەتە بەر شاخەكان. سەرجەمی ئەمانە، بە هۆی زۆرداریی حكومەتەكانی ناوەندەوە بووە. ئەڵبەت لە سەردەمی پەهلەوییدا، هێشتا كوردستانی عێراق بەم شێوەیە نەبوو. لە كوردستانی عێراقدا

ڕاپەڕین و شۆڕش هەبوو و کاریگەریی لەسەر کوردستانی ئێرانیش دادەنا. بەڵام لە سەردەمی پەهلەوییدا کەسانێکی دیاریکراویان، وەکوو من، دەستگیر دەکرد و نەیاندەگوت کە تۆ کوردی و یان پەیوەندیت بە حیزبە کوردییەکانەوە هەیە، بەڵکوو تاوانی شیوعیبوونیان دەدایتە پاڵ. کەسانێکی تایبەتییان بەو تاوانە دەستگیر دەکرد. لە حکومەتی پەهلەوییدا هیچ کاتێک کەسێکمان نەدی تاوانی ئەوە بداتە پاڵمان کە داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکەین، بەڵام ئەو شتەیان بۆ من هێنایە ئاراوە، تا سزای لەسێدارەدانم بۆ دەربکەن.

نوێنەری ساواک لە عێراق، ئەو ساتە بە شێوازێکی تایبەت دەردەبڕێت: ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ماوەیەک لەوەو پێش، لە شەقامی ڕەشیدی بەغدا، هەوڵم دا لە ڕێگەی جەعفەر ڕائید، کارداری یەکەمی باڵێۆزخانە و باڵێۆزی مەزنی خانە نشینی ئێستا لە لەندەن، کە عەرەبییەکی باشی دەزانی، هەروەها ئەندامی سەربازیی ئەو کاتە، سەرتیپ مەنسورپوور، کە نوێنەری ساواک بوو لە عێراق، سەردانی سەرۆک وەزیرانی عێراق بکەم. لە کاتی دیاریکراودا چووین بۆ وەزارەتی بەرگریی و لەوێ چاومان بە سەرۆک وەزیران کەوت. بە ڕوویەکی خۆشەوە پێشوازیی لێ کردین. پاش خواردنەوەی چایی، بەسەرهاتی دۆستایەتی و دراوسێیەتی و پەیوەندیی هەردوو وڵاتم گێڕایەوە. سەلام و درودی شای ئێرانم پێ گەیاند و پاشان گوتم: خاوەن شکۆ شای ئێران زۆری پێ خۆشە کە پەیوەندیی نزیک و بەهێزی لەگەڵ عێراقدا هەبێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ئێرانی لە عێراقدا دەژین و زۆربەی دانیشتووانی عێراق شیعەن و بۆ ئایینیی ئێمەن، بەڕاستی شیاو نییە پەیوەندییەکی سارد لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەبێ و هەموو ڕۆژێک لە ڕۆژنامەکان و ڕادیۆی عێراقدا سووکایەتی بە دەوڵەت و خەڵکی ئێران بکرێت، بەتایبەتیش خودی شا. لە درێژەی قسەکانی منداڵ، قاسم، هیچ قسەیەکی نەکرد و هەر گوێی بۆ قسەکانی من شل کردبوو پاشان لەسەر جێگەکەی هەستا و ئێمەشی بانگ کرد کە لەگەڵی بڕۆین. لە پشت مێزی کارەکەیەوە دەرگایەکی کردەوە و چووینە ناو ژوورێک، هۆدەیەکی بچووک، کە قاڵییەکی ئێرانیی لێ ڕاخرابوو. سیستەمێک و مێز و کورسییەک و چەند کومێدی تەختە. دەرگای کومێدێکی کردەوە کە دەستێک جلوبەرگی سەربازیی خوێناویی تێدا هەڵواسرابوو.

پاشان گوتی: دەبینن هەر ئەو کەسانەی بە ئاشکرا لە رۆژنامەکاندا سووکایەتی بە ئێوە دەکەن، لەگەڵ منیشدا ئاوا دوژمنایەتی دەکەن! ئەمانە هەر ئەو کەسانەن کە چەند مانگێك لەمەوپێش، لە شەقامی ڕەشید، تەقەیان لە من کرد و دەستبەجێ شۆفێرەکەم و دوو پاسەوانم کوژران و خۆیشم بریندار بووم. ئنجا قۆڵی هەڵکرد و شوێنی بڕینەکانی پیشان داین. پاشان هاتینەوە سەر جێگەکەی پێشوومان و دانیشتین. ڕووی کردە من و گوتی: سەلام و ڕێزی من بە خزمەت شای ئێران بگەیەنن و ئاواتی تەندروستی و بەختەوەریی و سەرکەوتنی بۆ دەخوازم. پێی ڕابگەیەنن کە ئێمە و گەلەکەمان دژی زۆرداری و تاوان و نادادپەروەری شۆڕشمان کردووە.

هێشتا ئاگری شۆڕش لە ولاتی ئێمەدا بڵێسەی هەیە و ئەوەش نموونەیەك بوو کە پیشانم دان، ئێمە ڕژێمی پاشایەتیمان ڕووخاندووە و پەیمانی بەغدامان لێکترازاندووە. ئێوە دەبێ عێراق و خەڵکی عێراق باش بناسن و دەبێ بزانن کە عێراق بە واتای بەردی ڕەقە، خەڵکەکەیشی وەکوو ناوەکەی سەرسەخت و قیرسیچمەن. ئەگەرچی ئەم ولاتە پێکهاتووە لە گەل و هۆز و ئایینی جۆراوجۆر، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی نەتەوایەتی، هەموو یەکگرتوون. بینیتان لە شۆڕشی ۱۹۵۸دا کە هەموو خەڵکی عێراق ڕاپەڕین و شۆڕشیان کرد. کەوایە ئێمە ناتوانین لە ماوەیەکی کەمدا، کە هێشتا خوێنی قوربانییەکانی شۆڕش وشکنەبوونەتەوە، پەیوەندییەکی ئەوتۆمان لەگەڵ ئێراندا هەبێ؛ وەك ئەو پەیوەندییەی بەر لە شۆڕش هەمانبوو. بێجگە لەوانە، ئایا ئێوە جەمال عەبدولناسرتان لەبیر بردووەتەوە، کە ئێمە بمانەوێ بە خێرایی گۆڕانکاریی بەدی بهێنین؟ دەبینن چۆن کەوتووینەتە بەر هێرشی ئەو و خەڵکی عەرەب، بە دروست یان نادروست. من خۆم ئێران و خەڵکی ئێرانم خۆشدەوێ. باوکم لە کوردە فەیلییەکان بوو (کوردی فەیلی لە عێراقدا، بەو کوردانە دەگوترێ کە لە ناوچەکانی پشتکوە و پێشکوهی لوڕستان و کرماشانەوە کۆچیان کردووە بۆ عێراق). من دایك و باوکم ئێرانی بوون و هۆکارێك نابینم بۆ ئەوەی پەیوەندیی ئەم دوو ولاتە بپچڕێ. بە ئەعلاحەزرەت بفەرموون کە پەلە نەکات. با ئەم پشێویی شۆڕشە تۆزێك بخەوێ، کە پاش ساڵانێکی زۆر، تازە ڕووی ئازادی و سەربەستییان بەخۆیانەوە بینیوە، من بەڵێن دەدەم کە لە یەکەم دەرفەتدا هەوڵ دەدەم کە ئەو ویستەی

ئەعلاحەزرەت بەجێبهێنم. هەروەها داوا لە رۆژنامەکان دەکەم ئەو شتە لەبەرچاو بگرن و چاویان لە دراوسێکان بێ. لەو کاتەدا عەبدولکەریم قاسم بێدەنگ بوو و بەبێ ئەوەی چاوەڕوان بێ کە من قسەیەکی تر بکەم، هەستایە سەر پێ و تا بەر دەرگا ئێمەی ڕەوانە کرد. فەرمانی کرد بە پاسەوانی بەر دەرگاکەی، تا بەر دەرگای دەرەوە ڕەوانەمان بکات.

لە ساڵی ١٩٥٩دا، داود بەگی جاف، یەکێك لە سەرۆکانی کوردی عێراق، پەنای بۆ ئێران برد و چاوی بە شا کەوت. ئەویش بە جوانی وەریگرت. لە مانگی تەمووزی ١٩٦٠، دەستەیەك لە کورده فەیلییەکان لە عێراقەوە ڕاگوێزران بۆ ئێران. هەروەها بە پێچەوانەوە، کوردە ئێرانییەکانیش دوای کودەتای عێراق و گۆڕانکارییەکانی ئەو ولاتە، بە هۆکاری جۆراوجۆر کە لەم کتێبەدا شیدەکرێنەوە، پەنا بۆ عێراق دەبەن. حکومەت پێشوازییان لێدەکات و دژی ئێران بەکاریان دەهێنێ. لە لایەکی دیکەوە، ناڕامی و پشێویی ئاشکرا لە عێراق و ڕۆڵی شیوعییەکان لەو ولاتەدا، دەوڵەتی ئێرانی زۆر نیگەران کردبوو. یەك ساڵ پاش ڕووداوەکەی ساڵی ١٩٥٩، بەشێك زانیاریی دەرەکیی ساواك، ئەو ڕاپۆرتەی پشتڕاست کردەوە کە لە کۆمەڵگای سەربازیی عێراقدا دەگوترێ: سۆڤێت سەرقاڵی ئامادەکاریی کودەتایە لە ئێران. ڕەنگە لە ٢٤ی ئابدا، چەند هەزارێك کوردی شیوعیی عێراقی و سەد کەسی شیوعیی ئێرانی، بێنە ناو ئێرانەوە و چاوەڕوانی فەرمانی مۆسکۆ بن بۆ دەستپێکردن و پاڵپشتیکردن لە پشێویی و کاولکاریی لە دەرفەتێکی باشدا. ڕەنگە دەوڵەتی بەریتانیا هەستی بەو کودەتایە کردبێ.

حیزبی شیوعی لە هاوینی ١٩٥٩دا، ئەو دروشمەی بە هەڵە لێکدابووەوە. لە مانگەکانی ١١ و ١٢ی ساڵی ١٩٦٠دا، ڕۆژنامەکانی اتحادالشعب و ئازادی و هەندێ لە ڕۆژنامە مەدەنی و ئازادیخواز و ڕیفۆرمیستەکان، بە فەرمانی حکومەت داخران. لە ڕۆژنامەی خەباتدا، جەلال تاڵەبانی و عەبدولڕەحمان زەبیحی و سەید عەزیزی شەمزینی و حیلمی عەلی شەریف، ئەنجومەنی نووسەرانیان پێکهێنا. ماوەیەك هەمزە عەبدوڵڵا و حەمید عوسمان و سالح حەیدەری، دەیانویست لە خزمەتی حیزبی شیوعیدا بن، بەڵام بە هەوڵ و تێکۆشانی بارزانی، کێشەکە چارەسەر بوو.

عەبدولکەریم قاسم، لە ۹ی شووباتی ۱۹۶۰دا ڕێگەی دا بە چالاکیی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بارزانی. مستەفا بارزانی لە سەرەتاوە چالاکییەکانی لەگەڵ بزووتنەوە چەپەکانی وەکوو حیزبی شیوعی، پارتی دیموکرات، کامیل چادرچی و هەندێ لە پاشماوەکانی حیزبی هیوا، دەستپێکرد. چەك خرایە بەردەستی پارتی کە پارێزگاریی لە حکومەتی تازەدامەزراو بکات. دوژمنانی حکومەتی نوێ بریتیبوون لە شێخە عەرەبەکان، دەرەبەگە کوردەکان، زەویدارانی لایەنگری حکومەتی پاشایەتی و هەروەها لایەنگرانی جەمال عەبدولناسر کە دەیانویست عێراق بچێتە ڕیزی میسرەوە. هەر یەکە لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزی بەرگریی نیشتمانی، ناسنامەی حیزبییان وەرگرت. بارزانی کە تازە لە ڕووسیا گەڕابووەوە، بەڵێنی دا بە ئامادەبوونی کوردەکانی ئێران و عێراق و سووریا و تورکیا، کۆنفراسێك ڕێبخات و بەرنامەی خۆی بە ڕەزامەندی و دەنگی ئەوان، بەڕێوە ببات. ئەم بیرە لەگەڵ ویستی شیوعییەکان یەکی نەدەگرتەوە، چونکە شیوعییەکان خوازیاری عێراقێکی شیوعی بوون و عەبدولکەریم قاسم داواکاری عێراقیکی سەربەخۆ و دوور لە دەسەڵاتی جەمال عەبدولناسر بوو، لە لایەکی دیکەوە نەیاری دەسەڵاتی کوردەکان بوو کە خوازیاری جیابوونەوەی بەشێك لە خاکی عێراق بوون.

سەرەنجام ئەو کۆنگرەیە بەبێ ئامادەبوونی نوێنەرانی کوردی ئێران و تورکیا، بەڕێوەچوو. کوردەکانی ئێران و تورکیا، لە ترسی ئەوەی حکومەتەکانیان گومان لەو مەسەلەیە نەکەن، لەو کۆنگرەدا بەشداریان نەکرد. لەو کۆنگرەیەدا، بەرنامەی سۆشیالیستی دابەشکردنی زەوی لەئارادا بوو و سەرۆك عەشیرەتەکان لەو کارە ناڕازی بوون. بارزانی سەیری بەشدارانی کۆنگرەکەی کرد و بۆی دەرکەوت کە تەنیا ژمارەیەکی دیاریکراو لە ڕۆشنبیرانی کوردی دانیشتووی بەغدا بەشداریان کردووە، بۆیە لە بەرنامەی دابەشکردنی زەوی پاشگەزبووەوە.

ئەڵبەت ئەمریکییەکان لەوە تێگەیشتبوون کە دەسەڵاتی زەویدارەگەورەکان لە جیهانی سێیەمدا بارودۆخێك دەخولقێنێ کە دەبێتە هۆی کودەتا لە لایەن لایەنگرانی سۆڤێتەوە، وەکوو کودەتای عێراق. بۆیە دەیویست یاسای دابەشکردنی زەوی جێبەجێ بکرێت. کەریم

خانی برادۆست دەڵێت: کاتێك یاسای چاکسازی زەوی دەستی پێکرد، ناوچەی ئێمەی بەرنەدەکەوت، بەڵام لەناو هەندێ لە عەشیرەتەکاندا کێشەی دروستکرد. ئەگەر بەپێی یاسا جێبەجێ بکرایە، کارێکی باش دەبوو، بەڵام دادپەروەریی تێدا بەدی نەدەکرا. کۆمەڵێکی لە برسێتیدا دەکوشت و کۆمەڵێکیشی دەوڵەمەند دەکرد. لەڕاستیدا کارێکی بێ ناوەڕۆك بوو. مستەفا بارزانی وەکوو سەرۆك عەشیرەتێك و خاوەنزەوییەکی گەورە، ترسی ئەوەی هەبوو کە ئاوڕدانەوەی پارتی دیموکرات لە بیرۆکەی چەپ، ببێتە هۆی جێبەجێکردنی بەرنامەی دابەشکردنی زەوی لە کوردستاندا، بەپێی یاسای ئەیلوولی ١٩٥٨.

یاسای ڕیفۆرمی زەوی، ئەگەرچی بۆ جوتیارەکان باش بوو، بەڵام بە دڵی خان و شێخ و ئاغاکان نەبوو. ئەوان دەیانزانی کە ئەم یاسایە بنەمای ئەوان لەناو جوتیارانی کورددا لاواز دەکات. کەوایە زۆر سروشتی بوو مستەفا بارزانی و کەسانی وەکوو ئەو، لە بەیاننامەی مانگی ئایار داچڵەکێن و دەسەڵاتی ئەوان بخاتە مەترسییەوە. بارزانی بێجگە لەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچە و زەویی بارزانییەکاندا ڕاگرتبوو، هەندێ لە عەشیرەتەکانی هان دابوو کە دژی ئەو کارە بوەستنەوە، بەبێ ئەوەی مەکتەبی سیاسی لەو کارە ئاگادار بکاتەوە، یان بەرپرسایێتیی ئەو کارە بگرێتە ئەستۆ کە شتێکی وای کردووە. ڕەنگە ئەوەش بووبێ کە پلانی نهێنیی ئەمریکا و شای ئێرانیش لە ئارادا بووبێ کە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەوانەوە. جیاوازیی بارزانی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی، زیاتر بە هۆی کێشەی دابەشکردنی زەوییەوە بوو. خەڵکی عەشایەریش بە هۆی بەرژەوەندیی خۆیانەوە، زیاتر ڕوویان لە بارزانی کردبوو، هەر ئەمە خۆی هۆکارێك بوو کە ئیبراهیم ئەحمەد بکشێتەوە. ئەو یاسایە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ژیانی کوردەکان، بەتایبەت لە ڕانیە و کۆیە و... نەبوو.

گرنگیی عەشیرەتەکانی کوردستان لە چوارچێوەی سیاسەتدا، ئەوە بوو لە ڕووی هێزی چەکدارییەوە، بەپێی سەردەمی خۆیان، بەتوانا بوون. ویستی جودابیخوازیی عەشیرەتەکان، بە هۆی توانای چەکدارییانەوە بوو. ڕاپەڕینی جۆراوجۆری ئەوان، لەڕاستیدا هەر لەو مەبەستەوە سەرچاوەی دەگرت. هەر خێڵێك کە دەسەڵاتی زۆرتر بووایە، خێڵەکانی دیکەی سەرکوت دەکرد، بۆئەوەی بتوانێ دەسەڵاتێکی ناوەندی بۆ خۆی دروستبکات. لە

سیستمی عەشیرەتیدا، زۆربوونی داهاتی گشتی و پەیوەندیی باش لەگەڵ حکومەتی ناوەند و بارهێنانی هێزی جەنگاوەر، بناغەی مانەوە و دەسەڵاتی ئەوان بووە. کاتێك دەیان عەشیرەت بۆ پاراستنی خۆیان و هەڵگەڕانەوە لە حکومەتی ناوەند پێکەوە ڕکابەرییان کردووە، بارودۆخی بێباوەڕیی و پشێویی و سەرکوتکردن سەری هەڵداوە. بەردەوامیی ئەم دۆخە بە سەدان سالڵ، بواریکی بەدی هێناوە کە کولتووری کۆمەڵگا بەرەو بێ باوەڕیی سیاسی و پشتبەستن بە تاکە کەس بڕوات.

دەوڵەتی عەبدولکەریم قاسم، ڕیفۆرمی زەویی جێبەجێکرد و تا ڕادەیەکی زۆر دەستی زەویدارەکانی کورتکردەوە. نرخی کرێ و خۆراك هاتە خوارەوە، بەرنامەی نوێی خانووبەرە بەدی هات، کۆماری نوێ سەندیکای کرێکاران و جووتیارانی ڕێکخست، قەدەغەبوونی حیزبی شیوعیی لایەنگری سۆڤێتی لە عێراقدا ڕەتکردەوە (ئەم حیزبە یەکێك لە گەورەترین حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو) لە زیندانییانی سیاسی خۆشبوو. ڕیفۆرمی زەوی یەکێکە لە ئامانجەکانی بۆرژوازی، بەڵام ئەگەری بەگ و خانەکان وەلانەنرێن و زەوییەکانیان لێ نەسەندرێتەوە، ئەو ئامانجە بەدی نایەت. ئێمەش لە زانکۆی تاراندا کودەتای عەبدولکەریم قاسم و کێشەی کوردستان و ڕوانگەی حیزبەکانمان لێکدەدایەوە. زیاتر ئیبراهیم ئەحمەدمان دەناسی تا مام جەلال. بۆ ئێمەی خوێندکار کە شەریف زادە و سوارەی ئیلخانی زادە و... لە تاران لەگەڵماندا بوون، یاسای دابەشکردنی زەوی و یەکێتیی کرێکاران و... زۆر سەرنجڕاکێش بوون. بزاڤی ۱۴ ی تەموز، بزاڤێکی بۆرژوازی بوو. زەوییەکان تا ڕادەیەکی دیاریکراو لە دەستی خاوەنزەوییەکاندا مانەوە و لەڕاستیدا هیچ سوودێکی نەبوو.

ئیتر حوکم و دەسەڵاتی بەگ و خان و ئاغاکان، لاواز بووبوو، بەڵام ئەوان بە بیانووی ئامێری کشتوکاڵەوە، دەسەڵاتی زەوییەکانیان هەر مابوو. لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، ئەم بزاڤە نەیتوانی شوێنەواری دەرەبەگایەتی لە ئێراندا لەناو ببات، بەڵکوو ئەمە تەنیا ڕێگەی خۆشکرد کە ئابووریی گوندیی بەرەو سەرمایەداریی بڕوات، دیارە ئەمەش بە سوودی زەویدارەکان و بۆرژواکانی کشتوکاڵ تەواو بوو. زەویدارەگەورەکان، بە پەیڕەویی لە ویستی شا، زەوییەکانیان فرۆشت و چوونە ناو پیشەسازی و بازرگانییەوە. لەڕاستیدا بوون بە

سەرمایەدار. ئەم کارە هیچ سوودێکی بە گوندنشینەکان نەگەیاند و ئەوانی لە زەوییەکان دوورخستەوە و ڕێژەی بێکاری بەرزبووەوە. لە عێراقدا سەرۆک عەشیرەتەکان دژی یاسای دابەشکردنی زەوی بوون. لە سەرەتاوە لە ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم نزیکبوونەوە، لەگەڵ ئەوەشدا مستەفا بارزانییان هان دەدا کە دژی عەبدولکەریم قاسم ڕاپەڕێ.

عەبدولکەریم قاسم بە هاوکاریکردنی بارزانی، هۆزەکانی دژ بە حکومەتی ئارامکردبووەوە و هەندێکیان بۆ ئێران ڕایان کردبوو. ئەڵبەت پاش چەند مانگێک، نێوانگیریی بێلایەنانەی شێخ ئەحمەد، هەندێ لە عەشیرەتەکان هاتنەوە بۆ عێراق، بەڵام هەندێکیشیان هەر لە ئێران نیشتەجێبوون. هەرچەندە شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا هێشتا پەیوەندیی باشیان لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم هەبوو، بەڵام دەیانزانی کە سیاسەتمەدارانی عێراقی نایانەوێ ئۆتۆنۆمی بە کورد بدرێت، تەنانەت هەندێ لە کرێکارانی بەغدا، کردەوەیەکی توند و نالەباریان دژی کوردە ناسیۆنالیستەکان گرتەبەر، بەم بۆنەیەوە بارزانی ١٠٠ پێشمەرگەی بە چەکەوە هێنایە بەغدا تا بارەگاکەی بپارێزن.

هەوڵدانەوی کێڵوا

لە ساڵی ١٩٦٠دا، عەبدولکەریم قاسم بۆی دەرکەوت کە کەوتنی ئەو بە هۆی بەرگری و پاراستنی هاوسەنگیی بارزانییەوەیە. ئەو تاکتیکەی بە هەڵە زانی کە دوژمن پرچەک بکات، بەڵام چیتر درەنگ بوو. بارزانی دەیتوانی پاڵپشتیی زۆرێک لە ئاغاکان لە دژی عەبدولکەریم قاسم بەکاربهێنێت. هەر لەو کاتەدا عەبدولکەریم قاسم کەوتە پیلانگێڕیی و لەگەڵ ئەو عەشیرەتانە کە دژی مستەفا بارزانی بوون، ڕێککەوت و زۆربەیانی چەکدار کرد. بەتایبەت ئەو عەشیرەتانەی بە هۆی یاسای ڕیفۆرمی زەوییەوە پاڵیان بە بارزانییەوە دابوو. ئەڵبەت لەو کاتەدا حیزبی شیوعی دژی خەباتی چەکداریی بوو، چونکە لەوە دەترسا کۆنەپەرەستان دەسەڵات بگرنەدەست. هەروەها پێی دادەگرت لەسەر ئەوەی کێشەی کورد بە هێمنی چارەسەر بکرێت. هەر لەو دەمەدا سەرۆکانی هەردوو حیزبی شیوعی و پارتی دیموکرات، لە بەغدا کۆبوونەوە و لەسەر زۆر خاڵی سەرەکی ڕێککەوتن. بەرەبەرە گاردی بەرگریی میللی و پرۆگرامی چاکسازی وەی چارەسەر کرا[٣٦]. لە ساڵی ١٩٦٠دا، حکومەتی عێراق بارزانیی بۆ کۆبوونەوەیەکی ڕەسمی بانگهێشتی بەغدا کرد، بەڵام حیزب

ئەمەی وەك پیلانێكی حكومەت خوێندەوە و برپاریان دا رێگای رۆیشتنەكەی بارزانی، خەلیفان، هەریر، شەقلاوە، هەولێر كۆنترۆڵ بكەن. لەكاتی رۆیشتنەكەیدا، بارزانی بەدەم فرمێسكسرپینەوە گوتی" ئەگەر كوردەكان مرۆڤی ئاوا چالاك و دڵسۆزیان هەبێت، سەردەكەون".

لە ساڵی ۱۹۶۰دا، لە هەندێ ناوچەی كوردستان، بەگ و ئاغاكان و... دەستیان دابووە چالاكی دژی جوتیارەكان و لە هەندێ شوێن دەستیان بەسەر زەوییەكانیاندا گرتبوو. لە شەشی كانوونی دووەمی ۱۹۶۰دا، ڕاگەیەندرا كە حیزب و كۆمەڵەكان دەتوانن مۆڵەتی ڕەسمی وەربگرن. سەرەتا یەكێتیی كۆمیتەكانی جوتیارانی كۆماری عێراق[۳۷]، بە ئامادەبوونی كوردەكان دامەزرا و لە وەزارەتی بەرگری مۆڵەتەكەی وەرگیرا. بەڵام حیزبە سیاسییەكان لایەنگیریی نێگەتیڤانەیان لە بەرانبەر ئەم چالاكییانە هەبوو. لە ۹ی ئازاردا، حیزبی نیشتمانیی دیموكرات و پارتی و حیزبی كۆمۆنیستی عێراقی، داوای مۆڵەتیان لە وەزیری وڵات كرد. لە ماوەیەكی كەمدا، مۆڵەتی هەموو حیزبەكان جگە لە حیزبی كۆمۆنیستی عێراق، دەرچوون. حیزبی كۆمۆنیستی چیك، لەژێر كاریگەریی سۆڤێتدا بوو. لە ناوەڕاستی سالانی شەستدا، پاریس ئازادتر بوو لە ئەڵمانیا. ڕۆشنبیرە چەپەكانی فەرەنسا كاریگەریی زۆریان هەبوو و حیزبی كۆمۆنیستیش یاسایی بوو.

هۆزی لۆلان، بە سەرپەرشتیی شێخ ڕەشید، نەیاری كۆنی پارتی و بارزانی و هۆزی هەركی، بە ڕابەرایەتیی فەتاح بەگ، هۆزی برادۆستیش بە سەركردایەتیی مەحمود خەلیفە و ژمارەیەكی تریش، بە ئامانجی جەنگ دژی بارزانییەكان خۆیان ئامادە و تەیار كرد. جەنگی خێڵەكی، وەكوو ساڵی ۱۹۴۵ دووبارە دەستی پێكردەوە. بەڵام بەهەرحاڵ، گۆڕانكاریی هەلومەرجەكان زۆر جیاوازتر بوو و لە ئانوساتی وەرچەرخاندا بوون. چیتر عێراق لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا نەبوو. هەستی ناسیۆنالیستی و نەتەوەیی كوردەكانیش گەشەی كردبوو. زۆرێك لە گەنجانی هۆزەكان لایەنگری دەوڵەت و كوردەكانی ناو سوپای عێراقیش لەگەڵ شۆڕشگێڕاندا بوون. ڕادیۆی قاهیرە كە تا ماوەیەك لەگەڵ عێراق ناكۆك بوو، بە فەرمی پاڵپشتیی لە كوردەكان كرد و ڕایگەیاند كە "ئەم ڕاپەڕین و جەنگە

خێڵەکیی نییە، بەڵکو هەستانەوەیەکە لە پێناوی ئازادی و بەدەستهێنانی سەربەخۆییدا".
لە ئەنجامدا لە سەرەتای ساڵی ۱۹۶۰، بارزانی گرووپێك لە پارێزەرانی خۆی بۆ لابردنی هەمزە عەبدوڵڵا لە پۆستەکەی، نارد فەرماندەیی پارتی دیموکرات. لە مانگی تشرینی یەکەمدا، دوای گەڕانەوەی دووبارەی ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی بۆ ناو حیزب، پێشوازیی گەرمیان لێکرا. بارزانی، دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئیبراهیم ئەحمەدی وەك بەڕێوەبەری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پەسەند کرد.

لەڕاستیدا هەنگاوە دژەچاکسازییەکانی بارزانی، هاوکات بوو لەگەڵ هێرشی دژەکۆمۆنیستیی عەبدولکەریم قاسم دا. ئەم کارە یارمەتیی بارزانیی دا تا لەسەر پێشنیاری عەبدولکەریم قاسم، هێرش بکاتە سەر هاوپەیمانە کۆنەکانی لە ئۆردوگای کۆمۆنیستەکان. بەو هیوایەی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم، بە نیسبەت خۆبەڕێوەبەریی کوردەکانەوە، لە فەرمانڕەواییەکەی هاشمی باشتر و وەلامگۆتر بێت. حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵەکانی سەرەتایدا، مۆڵەتی گەشەکردن و پشکوتنی چالاکییە کولتوورییەکانی کوردەکانی دا و بە یاساییکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانی، لە تشرینی دووەمی ۱۹۶۰دا ڕاگەیاند. هەروەها گەڕانەوەی زەوییەکانی بارزانی کە لایەن دەسڵاتی هاشمییەوە داگیر و درابوونە ڕێبەری خێڵەکانی هەواداری فەرمانڕەوایەتیەکەی، لەڕاستیدا پاداشتی بارزانی کرد. بەهێزبوونی بارزانی و هاوپەیمانی لەگەڵ بەغدا، ئەو توانایەی پێ بەخشی کە کێشە کۆن و شەخسییەکانی لەگەڵ هۆزەکانی تری کورد، یەکلا بکاتەوە. بەتایبەت برادۆستییەکان، کە لە ساڵەکانی ۱۹۳۰ و ۱۹۴۰، پاڵپشتیی حکومەتی عێراقییان دژی بارزانی، کردبوو. هەروەها زۆرێك لە عەشیرەتە کوردەکانی دژی حکومەت، دوژمنی سەرسەختی بارزانییەکان بوون. بۆ نموونە عەشیرەتی زێباری[۳۸] نزیکەی سەدەیەك، لەگەڵ بارزانییەکاندا، وەکوو عەشیرەتێکی دراوسێ، لە جەنگ و ململانێدا بوون. عەشیرەتەکانی تری وەك: برادۆستییەکان و سوورچی[۳۹] یەکان، لە ساڵانی ۳۰-۴۰ کاندا بە هاوکاریی حکومەت، پشتیان لە بارزانی کرد و بوونە دوژمنی بارزانییەکان. وەك مارتین وان برۆینسن باسی کردووە، هێڵێکی نەریتی دابەشکردن لە کۆمەڵگای کوردیی عێراقدا هەبووە، کە بە شێوەی بنەماڵەیی دژی حکومەت جەنگابوون. هاوشێوەی ئەمە،

سیاسەتمەدارانی شارنشینی کورد، چەند جارێك دژی جوولانەوەی گشتیی کورد پشتیان هەڵگردووە و لەژێر پاساوی نائەقڵانی و ناپەسەنددا، ڕێکەوتنیان لەگەڵ حکومەتی ناوەند کردووە. هەردوو گرووپەکە، سەبارەت بە مەیلی ناپاکانەی ئەوی تریان گومانی هەبوو و لە هەمان کاتدا هەردوو گرووپەکە کەمێك بەڵگەی بڕواپێکراویان هەبوو. کاتێك دەسەڵاتی بارزانی بەهێز بوو بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی عەشیرەتەکانی تر و هێزە کوردییەکانی تر لە ناوچەکەدا، پەیوەندیی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا ڕووی لە ساردی کرد.

لە ساڵی ۱۹۶۰دا، کاتێك بارزانی سەرکەوت ڕکابەری کۆنی خۆی بدۆزێتەوە، سەرۆکی بنەماڵەی زێباری بکوژێت. عەبدولکەریم قاسم بە پێویستی زانی کە هاوسەنگیی هێز و دەسەڵاتی بارزانی لە کوردستان، لە ڕێگەی بەخشینی چەکەوە بە ڕکابەرەکانی، تێك بشکێنێت. عەبدولکەریم قاسم، کەوتە قسەکردن لەبارەی کوردەکان و ڕۆڵی نێگەتیڤانەیانەوە لە میژووی عێراقدا و ڕەچاونەکردنی پرنسیپە میللییەکان لەناو کورددا. لە زستانی ۱۹۶۰دا، ڕایگەیاند هەموو ڕاپەڕینەکانی بەر لە ۱۹۵۸ لە عێراق، جگە لە ساڵەکانی ۱۹۲۰، ۱۹۳۶، ۱۹۴۱، بە نهێنی لە لایەن داگیرکەر و ئیمپریالیزمەوە سەرپەرشتی کراون. بەم پێیەش ڕاپەڕینی شێخ مەحموود و بارزانی، دەچنە خانەی تەوانەوە.

عەشیرەتەکانی برادۆست و هەرکی و لۆلان، دژی بارزانی بوون و ئەم دژایەتییە هەر لە کۆنەوە هەبوو. بارزانی پەلاماری شێخ ڕەشیدی دا، ئەوانیش هەڵاتن بۆ ئێران و دوای ماوەیەك لەگەڵ حکومەت ڕێککەوتن. بە سوورچییەکانیان دەگوت جاش. چەند کەسێك بە نوێنەرایەتی چووینە لای بارزانی و بارودۆخەکەمان بۆ شیکردەوە. ڕەشید لۆلانیش دژی حکومەت چالاکیی دەستپێکردبوو. ئەمجارە بارزانی دەیویست سەرنجی ئەوان بەرەو لای خۆی ڕابکێشێ، بۆیە کاتێك گەڕایەوە، سەرۆك عەشیرەتەکان بەتایبەت سەرۆك عەشیرەتی سوورچی و زێبارییەکان، پێشوازییان لێکرد. برادۆستی و پشدەرییەکان لە سەرەتاوە ڕێککەوتن، بەڵام دواجار دژی ئەو ڕاوەستان. بارزان، حەوت عەشیرەتی یەکگرتوو بوون و کولتووری عەشایریی بەسەریاندا زاڵ بوو. دوژمنایەتییان بە هۆی دەسەڵاتەوە بوو و حکومەتیش لەو ناکۆکییانەدا دەستی هەبوو. جاشەکان بە هۆی بەرژەوەندیی خێڵەکیی

خۆیانەوە، چەکیان لە دەوڵەت وەرگرت. لە هەر عەشیرەتێك، جاش هەڵدەبژێردرا و ئەو عەشیرەتە لە حکومەت نزیکدەبووەوە. لە ساڵانی چل و پەنجادا، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی عەشیرەیی لەگەڵ حکومەتدا هاوکارییان دەکرد.

لە ساڵی ١٩٦٠، جۆن. ئێف. کەنەدی و دیموکراتەکان، دیسان کۆشکی سپییان گرتەوە دەست و هەڵبژاردنەکەیان کاریگەریی بنەڕەتیی لەسەر پەیوەندیی ئێران و ئەمریکا هەبوو. ڕووسیاش پشتگیریی لە ڕاپەڕینی کوردەکان نەدەکرد و هەمیشە سیاسەتەکەی ئەوە بوو دۆستی حکومەتی ناوەندی بەغدا بێت. دەستی لە کاروباری ناوخۆی وڵات وەرنەدەدا و سیاسەتەکانی هەمیشە موحافیزکارانە بوون و حەزیان بە ڕاپەڕینە کوردییەکان نەبوو. بەڵام بۆ بەکارهێنان دژی حکومەتی ناوەند، سوودی لێوەردەگرتن. ڕووسییەکان دەیانویست وەك فشارێك بۆ سەر حکومەتی ناوەند، سوود لە کورد وەربگرن، نەك پاڵپشتیی سیاسەتەکەی بکەن. یەکێك لە مەسەلە کاریگەرەکان لە پەیوەندیی نێوان ئێران و عێراقدا، مەسەلەی کوردەکانە.

هەڵامەی کێژ

کاتێك شەڕی عەبدولکەریم قاسم و کوردانی ئەو وڵاتە دەستی پێکرد، دەوڵەتی ئێرانیش ڕاستەوخۆ کەوتەخۆی. زۆرێك لە کوردانی عێراق لەو ساتەدا پەنابەری ئێران بوون. هەروەها لە ١٩٦١ کە شۆڕشی کوردەکان تەشەنەی کرد و گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ناوەند پچڕا، زۆرێك لە کوردەکان پەنابەری ئێران بوون، بەڵام بنەماڵەی برادۆست مانەوە. پاش ماوەیەك، شیوعی و پارتی دژی باوکم وەستانەوە. عەبدولکەریم قاسمیان هاندا دوژمنایەتی و دژایەتیی ناوچەی برادۆست بکات و بە مەبەستی سەرکوتکردنمان، پەلاماری چەکدارانە دەستپێبکات، تا دەسەڵاتمان لەدەست بدەین. بەڵام (برادۆستی و سوورچی و هەرکی) دۆستی نزیکی یەکتر بوون. ئەوان لە لایەن حکومەتەوە دەستگیرکران، بەڵام ئێمە لەبەرئەوەی لە نزیکی سنووری ئێران بووین، دەستگیرنەکراین. با ئەوەش لەبیرنەکەین کە بارزانی پاش گەڕانەوەی لە ڕووسیا، بە چەکی حکومەت دوژمنایەتی و شەڕی چەکدارانەی دەکرد. باوکم بەر لەوەی بارزانی بچێ بۆ مۆسکۆ، بۆچوونی بەرانبەر ئەو باش بوو، بەڵام بارزانی لەبەر دڵی عەبدولکەریم قاسم، بەربەرەکانێی ئێمەی دەکرد و دەیویست تاکە

دەسەڵات و تاکە هێز بێ لە ناوچەی کوردستاندا. بە هیچ جۆرێک نەیدەتوانی خەنیمێک لە بەرانبەر خۆیدا قبوڵ بکات. ئێمەش زۆر گرنگیمان دەدا بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، چونکە بڕوامان بە بیری چەپ هەبوو. ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە ئەوینی ئێمە بەرانبەر باڵی سۆشیالیزم لە جیهاندا، یەکلایەنە بوو. ئەوان لەگەڵ حکومەتی ناوەنددا پەیوەندییان هەبوو، ئێمە نەماندەویست ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین.

حیزبی شیوعیی عێراق پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا دامەزراندبوو و پشتگیریی لە کوردەکان دەکرد. ناسیۆنالیستەکانی تورکمانی لە تووندوتیژیی دواییدا بە تاوانبار دەزانی. بەڵام دەنگدانەوە و ڕۆژنامەکانی پەیوەست بە دەوڵەت، حیزبی شیوعییان بە تاوانبار دەزانی و تا ئەو ڕادەیە چوونە پێش کە عەبدولکەریم قاسم دەستی بە لابردنی شیوعییەکان و لایەنگرانیان لە کابینەکەی خۆیدا و سەرکوتکردنیان کرد. ئەو کێشەیەی کە دروستبوو، نەک هەر لایەنگران و نەیارانی یەکگرتنی خستە ناو جەنگەوە، بەڵکوو خانەکانی دژی وەرزێرەکان و خێڵێکی دژی خێڵێکی تر، خستە شەڕ و بەربەرەکانێ. عەشیرەتەکانی زێباری و برادۆستی و سوورچی و هەرکی و ڕێکانی، دەستیان دایە دوژمنایەتیی بارزانی.

عەبدولکەریم قاسمیش دەستی دایە دەستگیرکردن و ڕاونان و ئازاردانی سەرۆک عەشیرەتەکان، وەکوو عەباس مامەندئاغا و ئاغاکانی پشدەر و شێخ حسێنی بۆسکین و... کە خۆیان بە لایەنگری بارزانی دەزانی. هەریەکەیان بە بیانوویەک دەستگیرکران و بارودۆخی کوردستان شڵەژا. بەر لەوەی عەبدولکەریم قاسم پەلاماری عەشیرەتەکان بدات، ئێمە پەیوەندییەکمان لەگەڵ ئێراندا نەبوو. (وەرەهرام) فەرماندەری سەربازیی ئازەربایجان، دوو کەسی ناردبوو بۆ لامان، بە ئێمەیان گوت: ئامادەین پشتگیریتان بکەین. بەڵام باوکم پشتگیریی سوپا و ساواکی ئێرانی ڕەتکردەوە. باوکم مەردایەتی و ئازایەتیی وەکوو ئەوەی قازی موحەممەد و شێوازی کوردانەی حەزلێبوو، نەک ئەوەی ببێتە پیاوی دەوڵەت. مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد، پەیوەندییان لەگەڵ حیزبی ئیستقلال و حیزبی بەعس هەبوو و حیزبی ئیستقلالیش دژی عەبدولکەریم قاسم بوو. هەڵوێستی عەبدولکەریم

قاسم بەرانبەر کێشەی کورد، تەنیا هاوبەشی بوو و بەس، ئەوەش بەو مانایە بوو کە سەربەخۆیی بە کوردەکان نادەن. وردە وردە جەنگی بیروباوەڕ لە نێوان حیزبەکان و سیاسییەکاندا دەستی پێکرد. عەرەبە شۆڤێنییەکان و تورکمانەکان، ئاگرەکەیان خۆشتر دەکرد. نازم تەبەقچەلی دەستگیرکرا و لە سێدارە درا. داوود جەنابی چووە شوێنەکەی، کە شیوعی بوو. کوردەکان هەمیشە لە عەرەبەکان پێشکەوتووتر بوون، بەڵام عەرەبەکان زۆر دانیان بە کوورددا نەدەنا و ناسنامەیان لەبەرچاو نەدەگرت. ژمارەیەک لە حیزب و کەسایەتییەکانیان، باوەڕیان بە مافی کورد هەبوو، بەڵام لە ئاستێکی نزمدا. وەکوو: لە بەعسییەکان (عەزیز شەریف)، لە (وطني ديمقراتي) نیشتمانیی دیموکرات (کامیل چادرچی)، لە (اتحاد وطني) یەکێتیی نیشتمانی (عەبدولفەتاح ئیبراهیم). حیزبەکانی ئیستقلال و ئەلئەحرار و... هەر بە تەواویی دژی کورد بوون. دوای گەڕانەوەی بارزانی، ناکۆکیی نێوان کۆمۆنیستەکان و پارتی زیاتر بوو. هەردوو لا دەیانویست بارزانی بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. ئەڵبەت کەسیش نەیدەزانی بارزانی مەیلی بۆ کامیان هەیە. لە ١١ی ئازاری ١٩٥٩دا، ڕۆژنامەی (الاتحاد الشعب)ی سەر بە حیزبی شیوعی، لە وتارێکدا سووکایەتیی بە بزاڤی ئازادیخوازانەی کورد کردبوو و تاوانی دابووە پاڵی. ئەو بزووتنەوەی ناونابوو "بزاڤی پیاوکوژەکان و چەکاوخۆرەکان"ی خان و دەرەبەگەکان و بەکرێگیراوی سنتۆ و ئەمریکا، کە دەیانەوێ بە یارمەتیی ئەمریکا حکومەتی کوردیی دابمەزرێنن.

کۆمۆنیستەکان لەبەر ئەم هۆیە لەناو خەڵکدا لایەنگریان پەیدا کردبوو. بەم هۆیەوە مەکتەبی سیاسیی کۆبوونەوە و بڕیار درا لەگەڵ کەسایەتییەدیارەکان و شێخ و سەیدەناسراوەکان و بەگ و ئاغا دەسەڵاتدارەکان، کۆببنەوە. بە هاوکاریی ئەوان، یان بە حکومەتی بدەن، یان مافی دەنگی کوردەکان لە یەکێتیی هاشمی داوا بکەن. بەڵام هیچ کەس لەو کاتەدا گوێی لە تاوان نەبوو.

پارتی ڕووبەڕووی ترس بووەوە و حکومەتی عێراق کەوتە بەهێزکردنی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق. بارزانی ڕێگەچارەیەکی دۆزییەوە، هەمزە عەبدوڵڵا و گرووپەکەیی لە حیزب کردە دەرەوە و ئیبراهیم ئەحمەدی کردە سکرتێر. ئەم کارە بووە هۆی باشبوونی

ناوبانگی بارزانی. لەوکاتەدا حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لاوازبووبوو. لە ساڵی ۱۹۵۸دا، پارتی لە چوارچێوەی کوردستاندا چالاکیی دەکرد. لە بەرواری ۱۹۵۸/۷/۱۴، ئەندامەکانی حیزب ئاشکرابوون. لە ساڵی ۱۹۵۹دا، پارتی تووشی تەنگژە بوو و هەمزە عەبدوڵڵا و نەژاد عەزیز و حەمید عوسمان و... بەرەو شیوعی چوون و جۆرێك جیابوونەوە سەری هەڵدابوو. مام جەلال و چەند کەسێکی دیکە، دەنگی ناڕەزایەتییان بەرزکردەوە، کە پارتی بەرەو شیوعی دەڕوات و هیچی نامێنێتەوە. هەمزە عەبدوڵڵا لە [1]ی ئایار، لە ڕۆژنامەی خەباتدا نووسیی: ڕێکخستنی حیزبی هەڵدەوەشاندەوە. هەوڵمان دا لە کۆنفرانسێك لە بەغدا، ڕێگەچارەیەك بۆ بەرگیریی لە هەڵوەشاندنەوەی حیزب بدۆزینەوە. بارزانیش قایل بوو کە کۆبوونەوە سازبدرێت. بێجگە لەوانە، هەمزە عەبدوڵڵای سکرتێری دەسنیشانکراوی بارزانی لە حیزبی پارتیی دیموکراتی کوردستاندا، لە ڕووانگەی بارزانییەوە لایەنگری سەرسەختی شیوعییەکان بوو. حەمزە عەبدوڵڵا، توانیی کەمێك بارودۆخی ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال تێکبدات بەوەی تۆمەتی هاوکاریکردنی عەبدولسەلام عارفی خستە پاڵیان. بارزانی هەستی بە مەترسیی لاوازبوونی پارتی دەکرد. لە عەسری ڕۆژی ۳۰ی تەمووزی ۱۹۵۹، لەگەڵ چەند چەکدارێکدا چوو بۆ بارەگای پارتی لە بەغدا. بە زۆری چەك بارەگاکەی گرت و هەمزە عەبدوڵڵای دەرکرد. کۆمۆنیستەکان لە حیزبدا دەسەڵاتیان هەبوو. پارتی و عێراق لە نۆزدەی تشرینی دووەمی ۱۹۵۸ کۆبوونەوە. حەمزە عەبدوڵڵا لەژێر کاریگەریی کۆمۆنیستی عێراقدا، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە عێراق بەشێکە لە نیشتیمانی عەرەب. لە [6]ی تشرینی یەکەمی ۱۹۵۹دا، هەمزە و لایەنگرانی، بە تاوانی خیانەتکردن لە پارتی و کورد، دەرکران. هەندێ لە لایەنگرانی سۆشیالیست و نیشتمانپەروەرانی کورد، (کاژیك)یان دامەزراند. ئەمانە لەگەڵ لادانی حەمزە و دژی جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد بوون و ئەوانیان وەك بۆرژوا وەسفدەکرد.

بە گشتی، ئەم کارەی بارزانی لەناو حیزبدا، دوای گەڕانەوەی لە مۆسکۆ وەکوو کودەتایەك دەهاتە بەرچاو، کە هەمزە عەبدوڵڵا و خەسرەو و نەژاد ئەحمەد و... دەرکران. ئیبراهیم ئەحمەدیان لە جێگەی هەمزە عەبدوڵڵا دانا. پاش گەڕانەوە لە مۆسکۆ، مام جەلال ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە پەیوەندیی نێوان ئەندامانی پارتیدا. تەنانەت پەیوەندیی ساردی

نێوان هەمزە عەبدوڵڵا و ئیبراهیم ئەحمەدی بەرەو ئاشتەوایی گۆڕی. لەنێوان ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵڵادا، تەنیا کێشەی سیاسی هەبوو. ئیبراهیم ئەحمەد نەتەوەپەرەست بوو و هەمزە عەبدوڵڵا زیاتر ڕوو لە شیوعییەکان بوو. مام جەلال، کاتێک لە مۆسکۆ هاتەوە، هەوڵی زۆری دا کە هەردوو لا، لە ڕووی بۆچوون و بیرکردنەوەوە، لێک نزیک ببنەوە، بەڵام بێ سوود بوو. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هەمزە عەبدوڵڵا خاڵی هاوسەرەکەی ئیبراهیم ئەحمەد - گەلاوێژ ئەحمەد - بوو و خزمایەتییان هەبوو. لە سەرەتای مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٥٩، کۆنگرەی ٤ لە بەغدا دەستی پێکرد و هەمزە عەبدوڵڵا لە پارتی دەرکرا. ئیبراهیم ئەحمەد بوو بە سکرتێر و لەگەڵ تاڵەبانی و چەند کەسێکی دیکە، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەنجومەنی چاودێریی و سیاسەتدانانیان پێکهێنا. عەبدولکەریم قاسم نەیدەویست بارزانی ببێتە سەرۆکی پارتی، لەبەر ئەوە چەند ڕۆژێک بەر لە کۆنگرەکە، بارزانی گەڕایەوە بۆ بارزان. کاتێک لە ساڵی ١٩٦٠دا یاسای حیزب و گرووپەکان پەسەند کرا، ڕێگە لە دوو حیزبی سەرەکی بە دوو بیری جیاوازەوە، گیرا، بەڵام بە کردەوە، حیزبی شیوعیی عێراق و حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست، بارەگا و نووسینگەیان هەبوو.

لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم و پاش کودەتاکە، حیزبی شیوعی و پارتی هەبوون، کە ئەڵبەت شیوعییەکان ڕێکخستنێکی گەورەتریان هەبوو. لە قوتابخانەکان، مامۆستای کوردپەروەر هەبوون کە ئەندامیان بۆ یەکێتیی قوتابیان کۆدەکردەوە. بەرەبەرە قوتابییەکان ڕاهێنانی حیزبییان دەستپێدەکرد تا تەمەنی یاسایی، واتە ١٨ ساڵی، کە دوای ئەوە ببنە ئەندام. هەردوو حیزب بە ئاشکرا ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیان هەبوو. ئەم کارە لای هێزەکانی حکومەت شاردراوە نەبوو. پارتی و شیوعی هەمیشە کێشەیان لەگەڵ یەکتر هەبوو. تەنانەت لە نەورۆزدا، هەرکامیان بەرنامەی جیایان بۆ ئەو یادە هەبوو. ئاهەنگی تایبەتی کاریگەریی زۆری هەبوو. لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٠دا، عەبدولکەریم قاسم بە تەواویی کەوتە بیانووگرتن بە کورد و بەتایبەت پارتی. پێشەکی لە ڕۆژنامەی (الثورة)، یەکێک لە کەسە نزیکەکان لە عەبدولکەریم قاسمەوە بە ناوی (یونس الطائي)، یەکەم تەقەی دەستپێکرد. ئیبراهیم ئەحمەدیش لە سەروتاری ڕۆژنامەی خەبات، سەبارەت بە کێشە بنەڕتییەکانی کورد، نووسینێکی بڵاوکردەوە. ئەوانیش لە سەروتارەکەیاندا

(کەمایەتی لە زێدی عەرەب)یان بڵاوکردەوە، کە ناڕەزایەتیی خوێندکارانی زانکۆی لێکەوتەوە و کورد و عەرەب و شیوعییەکان باس و گفتوگۆیان دەربارەی دەکرد.

لە ساڵی ۱۹۵۹ و ۱۹۶۰دا، شیوعییەکان خەڵکێکی زۆر لە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگایان لەگەڵدا بوو، بەڵام پارتی لەو ڕووەوە لاواز بوو. لە کۆیە، ئێمە [9] کەس بووین کە ڕکابەریی سیاسیمان هەبوو. تاوانیان دەخستە پاڵ پارتی و دەیانگوت: سەر بە ئەمریکان و خان و دەرەبەگن. جاری وا هەبوو لە کۆیە، پیاوانی گەڕەکێك دەبوونە دوو بەش، دەستەیەك شیوعی و دەستەیەك پارتی بوون و پێکەوە ڕکابەرییان دەکرد. بە پارتییان دەگوت: دۆلارخۆر. حیزبایەتی لە کوردستان، بە شێوەیەکی کۆن و عەشایەریی بوو و دوور بوو لە بەرنامە و تاکتیك و ستراتیژ و ڕووانگەی نوێ. کاتێك لە ۱۹۶۰/۲/۹ مۆڵەت درا بە چالاکیی پارتی بە سەرۆکایەتیی بارزانی، شیوعییەکان هەوڵیان دا عەبدولکەریم قاسم فریو بدەن، بەڵام بارزانی توانیی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئەودا بە پتەوی بهێڵێتەوە. هەر لەو کاتەدا لایەنی زۆر چەپ لە پارتیی دیموکرات و کۆمیتەی ناوەندی، ئەو حیزبەیان ناچار کرد پەیمانێك لەگەڵ حیزبی شیوعیدا واژۆ بکات، کە لە مانگی ئایاری ساڵی ۱۹۵۹دا، بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی تژی لە دووبەرەکیی لێکەوتەوە. ناوەڕۆکی بەیاننامەکە وایدەردەخست کە بارزانی ئاگاداری ئەو شتە نەبووە. بەیاننامەی مانگی ئایاری ساڵی ۱۹۵۹ی پارتی دیموکراتی کوردستان، زۆر بە توندیی هێرشی کردە سەر هەبوونی بنەمای کۆمەڵایەتیی کۆنەپەرەستانەی کوردستان و ئەو کەسانەی بەرپرسیارن لە پاراستنی سیستمی دەرەبەگایەتی. ئێمە لە کوردستان تا دوای ۱۹۵۸، نزیکەی ۱۰ هەزار ئەندامان هەبوو، بەڵام ڕاگەیاندنی شۆڕش لە لایەن پارتییەوە، بووە هۆی ڕاکێشانی خەڵکی زیاتر بەرەو لای پارتی. لە مانگی تەمووزی ۱۹۵۹دا، کۆبوونەوەی حیزبیمان هەبوو، کە ۳۳ ئەندام لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداریان کرد. کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، ماف و دەسەڵاتی گۆڕینی هەبوو، بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەندامانیان بە تیرۆر، یان بەهۆی کێشەی شەخسییەوە، دەکوژران و پاشان جێگەیان پڕدەبووەوە.

هەبوونی بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراق، مەترسی بەدی هێنا کە مەبادا پیلانێك دژی حکومەت جێبەجێ بکرێت، کە نموونەکەی هەوڵدان بۆ کوشتنی عەبدولکەریم قاسم بوو لە ۱۹۵۹دا. عەشیرەتە کوردەکانیش، بە دوو شێوە کەوتنە جموجوڵ، لە لایەکەوە بارزانی و لە لایەکی دیکەوە دەزگای ئاسایش، عەشیرەتەکانی نەیاری بارزانیی بە پێدانی چەك بەهێز کرد و چەندان پێکدادانی تووندوتیژ رووياندا. نووسینگەکانی پارتی لە شارەکاندا، داخران. زۆر کەسیش دەستگیر کران و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا. بارزانیش بەغدای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ بارزان. کەسانی وەکوو ئیبراهیم ئەحمەدیش خۆیان شاردەوە. پاش داخرانی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە بەغدا، کۆلێژی پزشکی بووبووە شوێنی چالاکیی خوێندکاران. لە کوردستانیش، چالاکیی نهێنی دەستی پێکرد. هەندێ لە عەشیرەتەکانیش لە ناوچەی سۆران، بە چەکەوە لە دەوری یەك کۆبووبوونەوە. مام جەلال و نووری ئەحمەد تەها و حیلمی عەلی شەریف، لەناو ئەوانەدا بوون و هەوڵیان دەدا کە پێشەنگی سیاسی و نەتەوەیی ئەو کەسانە بن. بەڵام ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێر، لەگەڵ چەکدا نەبوو و بارزانیش بە نهێنی چەکدارەکانی هان دەدا. بارزانی سەردانی کوردستانی کرد و دەنگۆی کوشتنی بڵاوبووەوە. ئەڵبەت موکەڕەم تاڵەبانیی نوێنەری شیوعییەکان و عومەر دەبابە، چەند جارێك سەردانی مەلا مستەفایان کرد و لەو ڕووەوە ئاگاداریانکردەوە. عەبدولکەریم قاسم، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی، جۆرێك سیاسەتی لە کوردستاندا پەیڕەو کرد و ناوی خۆی نابوو (شیخ المثامرین) و نەیدەویست دەربارەی ئامانجەکەی لە دووبەرەکی لەناو کوردستاندا وەڵامێك بداتەوە.

عەبدولکەریم قاسم، نیگەران بوو لە بەهێزبوونی بارزانی لە ناوچەکەدا. کە عەبدولکەریم قاسم دەسەڵاتی گرتەدەست، بارودۆخ باشتر بوو. حیزبەکان ئازاد بوون و بارزانی بە ئازادی لە کوردستان و بەغدا دەسووڕایەوە. لە شارەکانی کوردستاندا، وەکوو قارەمانێك بەدەنگیەوە دەچوون. حیزبەکانیش لە سازدانی ئەم شێوازەدا هاوکارییان هەبوو. شیوعی و پارتی، پەیوەندییان باش بوو. حکومەت دەیویست کێشەی کوردیی هەر لەژێر کۆنترۆڵدا بێ. بارزانیش ئەزموونی سالی ۱۹۴۵ی هەبوو. خاڵی لاوازی بزاڤی کوردیی ئەوە بوو کە هەندێ لە عەشیرەتە کوردەکان لایەنگری سوپای عێراق بوون. ئەوانە دەورێکی باڵایان

بینی له شکستهێنانی بزاڤی کوردییدا. عەبدولکەریم قاسم لە بیری پاراستنی دەسەلاتی خۆیدا بوو و وایدەزانی لەو مەزنایەتییەدا بارزانی پێشبڕکێی لەگەڵ دەکات. کامیل چادرچی، یەکێك لە نزیکانی بارزانیی بانگکردبوو و پێی گوتبوو کە خۆنواندنی بارزانی و پێشوازیی خەڵك لێی، دەبێتە هۆی سڵەمینەوەی قاسم، باشترە ئەو کارە نەکات و من پێم باش نییە. گلۆڵەی شیوعییەکان، کە نزیکترین حیزبی سیاسیی بوون لە عەبدولکەریم قاسمەوە، کەوتە لێژی.

لە ۱۴ی کانوونی یەکەمی ۱۹۵۹دا، ئایزنهاوەری سەرۆك کۆماری ئەمریکا، گەیشتە تاران. ڕووداوە گرنگەکانی دەرەوە و دەوروبەری ئێران، بریتیبوون لە: ڕووخانی دەسەلاتی پاشایەتی لە عێراق، ڕووخانی دەوڵەتی پاپا موندەریس لە تورکیا، لە لایەن هێزەچەکدارەکانی ئەو وڵاتەوە لە مانگی ئایاری ۱۹۶۰دا. دەوڵەتی موندەریس پاڵپشتی سیاسی ـ سەربازیی ئەمریکا بوو لەو ناوچەیەدا. ۱ی تشرینی دووەمی ۱۹۵۹، لە یەکەم کاتژمێردا، دوسەدوهەشتا کەس لە ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی میسر دەوەستێنرێن، بەڵام پرسیارەکە ئەوە بوو: ئایا ئەم بەرەنگاربوونەوە هەر لێرەدا کۆتایی دێت، یان نا؟ کودەتاکەی عێراق، کاریگەریی لەسەر ڕووانگەی ئێران لە بەرانبەر ئیسرائیلیشدا هەبوو. چوونەدەرەوەی عێراق لەو پەیمانە، نەك هەر کاریگەریی لەسەر ئێران هەبوو، بەڵکوو کاری کردبووە سەر تورکیا و پاکستانیش کە بەرژەوەندیی هاوبەشیان لەگەڵ ئیسرائیلدا هەبوو. دەوڵەتی ئێران تا ساڵی ۱۹۵۰، ئیسرائیلی بە شێوەی دووفاکتەریی بە فەرمی ناسیبوو و لەوێ کۆنسوڵگەریی دامەزراندبوو، کە دواجار بە چەند هۆیەکی ماڵی، سەرکۆنسوڵگەریی ناونرابوو. پاش شۆڕشی عێراق، لە ۲۴ی تەمووزی ۱۹۶۰دا، شا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا، سەبارەت بە پەیوەندیی ئێران و ئیسرائیل، بە فەرمی ناسینی دووفاکتەری ئیسرائیلی پشتڕاست کردەوە. دوای ئەوەی (شا) بە ئاشکرا تێڕوانینی خۆی دەربڕی، دەوڵەتی میسر کۆتایی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا هێنا. هاوکات لەگەڵ ئەوە، دەوڵەتی میسر داوای لە هەموو وڵاتانی عەرەبی کرد، بە هۆی بوونی پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیلدا، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران کۆتایی پێ بهێنن. عەبدولکەریم قاسم ئەگەرچی کێشەی سیاسی و سەرسنووریی لەگەڵ ئێراندا هەبوو، ئاوڕی لەو داواکارییە نەدایەوە،

چونکە ڕکابەریی جەمال عەبدولناسری بەلایەوە گرنگتر بوو. بەم جۆرە، ڕکابەریی عەبدولکەریم قاسم و جەمال عەبدولناسر بە سوودی دەوڵەتی ئێران تەواو بوو.

ئەڵبەت هەنگاوی پێشکەوتنخوازانەشی نابوو. لە ساڵی ١٩٦١دا، لە کاتێکدا کۆمپانیای نەوتی عێراق لە دەستی ڕۆژاواییەکاندا بوو، داوای لێکردن پەیوەندیی نوێ دەستپێبکەن. بەڵام شیوعییەکان خەڵکیان کێشایە ناو خۆپیشاندان و داوای خۆماڵیکردنی کۆمپانیاکانیان کرد. کۆمپانیاکان ناچاربوون لەگەڵ حکومەت دانیشن و پەیماننامەی نوێ لەپێناوی بەرژەوەندیی عێراقدا واژۆ بکەن. گۆرانکارییەکانی عێراق، بووە هۆی دڵەڕاوکێی ئەمریکا و ڕۆژئاوا، چونکە نەک هەر ئەڵقەیەکی پاراستنی ڕۆژئاوا لەو ناوچەیەدا پچڕابوو، بەڵکوو لە کیانێکدا کە بە مەیدانی ڕاوڕاوێنی تایبەتی و هەرێمی دەسەڵاتی خۆی ئەژماری دەکرد، لەپڕ ڕژێمێك دەیخاتە ژێر چنگی خۆیەوە، کە لە ڕووانگەی ئەوانەوە، ئەو ڕژێمە دڵی بۆ کۆمۆنیزم دەکورکێنێ. ئەمە پردی پەیوەندیی ئەوانی بەو بەشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبییەوە، پچڕاند. هەروەها تێڕوانینەکانی ئەو ڕژێمە، دەیتوانی لە لایەکەوە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی تا سنووری کانی ڕۆژهەڵاتی ئیسرائیل، لە لایەکی دیکەوە نیوەدوورگەی عەرەبیش، بخاتە مەترسییەوە. میسر و سووریا و پاشان عێراق، لە ئەڵقەی ئاسایشی ڕۆژئاوا جیابوونەتەوە. بە هەوڵدان بۆ ڕیفۆرم و خەبات دژی داگیرکەر، بنچینەی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوایان خستووەتە مەترسییەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە کەرتی باکووری ئاسیا لە ناوەڕاست (تورکیا و ئێران) هەروەها پایدارن. بەڵام لە ڕۆژئاوا، شوێنی چۆڵی بەغداکەی فەیسەڵ، هەر دیارە و خۆدەنوێنێ.

عێراق، جیهانی عەرەبی بە قەدپاڵی وڵاتانی باکوورەوە دەبەستەوە و ناوکی پەنگەکانی سیاسەتی ئەمریکا و بەریتانیا بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆیە چوونەدەرەوەی لە پەیمانی بەغدا، هەم سیستمی ئاسایشی ناوچەکەی بە تێکڕایی تووشی گۆڕانکاریی کرد، هەم ترسی خستە دڵی وڵاتانی لایەنگری ڕۆژئاواوە لەو ناوچەیەدا. زۆر ئاساییە گۆڕانکارییەکانی عێراق لە ڕووانگەی ڕۆژئاواوە، وەکوو ئاکامی پیلانگێڕیی زیرەکانەی سۆڤێت سەیر بکرێت. هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە سۆڤێت زۆر دڵخۆشبوو کە دەیبینی ئەو

قەڵاسەربازییەی دژی بەرژەوەندییەکانی ئەو لە باشووردا دروستکرابوو، بە یەکجاریی داڕماوە و کاول بووە، بەڵام بەرپرسایێتیی ڕاستەقینە، لە ئەستۆی ڕۆژئاوا، بەتایبەت ئەمریکادا بوو، کە سەرسەختانە پێی داگرتبوو لەسەر دەستەبەندییکردنی وڵاتانی عەرەبی بۆ (جیهاد) دژی سۆڤێت. (جیهاد)یێك کە ئەوان بە نابەدڵی دەیانکرد. لە لایەکی دیکەوە، ئەوینی بێ مایەی ئینگلیزەکان بۆ پشتگیریی لەو پاشایانەی خەڵك قێزیان لێ دەکردنەوە، تاوەکوو دەسەڵاتی خۆیان لەو ناوچەدا بپارێزن، بنەڕەتی ئەوانی هەژاندەوە.

لەبەر ئەوە دەوڵەتی ئێران لەسەر داخوازیی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا، خۆی پاراست لە واژۆکردنی ئەو پەیمانە لەگەڵ سۆڤێتدا. لە ۱ی شووباتی ۱۹۵۹دا، ئەمریکا و بەریتانیا و تورکیا و پاکستان و تەنانەت ئەڵمانیاش، لە یاداشتێکدا بە پێداگرییەوە داوایان لە ئێران کرد خۆی بەدوور بگرێ لە واژۆکردنی ئەو پەیمانە. دوو هەفتە پاش ئەوە، گفتوگۆکانی نوێنەرانی سۆڤێت و ئێران، بەبێ هیچ ئەنجامێك کۆتایی هات و وەفدەکە گەڕایەوە بۆ سۆڤێت. هۆکاری شکستی گفتوگۆکان، ڕازیبوونی ئەمریکا بوو بە بەجێهێنانی ویستی شا سەبارەت بە یارمەتیدانی ئێران لە سەرکوتکردنی ڕووتنەوەکانی ناوخۆدا. چەمکی گرێدانی پەیمانی دەستدرێژینەکردن لەگەڵ سۆڤێتیش هەڵوەشایەوە. لەم بەینەدا بانگەشەی نێوان هەردوو وڵات دەستی پێکرد و لە ۱۰ی تشرینی دووەمی ۱۹۵۸دا، خرۆچۆڤ ئێرانی تاوانبار کرد بەوەی کە دەیەوێ بە زووبی بچێتە ناو پەیمانی دەستدرێژکەری ناتۆ و ئەو وڵاتە بووەتە مەیدانی سەربازیی ئەمریکا. هەروەها گوتی: ئەمە ڕێگایەکی پڕمەترسییە کە دەوڵەتی ئێران هەڵیبژاردووە، کە سەرقاڵی واژۆکردنی ڕێکەوتنامەی سەربازییە لەگەڵ ئەمریکا. لە ڕوانگەی دەوڵەتی سۆڤێتەوە، ئەمە ڕێبازێکی دەستدرێژکارانە و دوژمنکارانەیە دژی سۆڤێت. بەر لەوەی گفتوگۆکان لەگەڵ سۆڤێتدا کۆتایی پێبێت، کابینەی ئیقبال لە ۵ی ئازاری ۱۹۵۹دا، ڕایگەیاند پەیمانی سەربازیی دوولایەنەی ئێران و ئەمریکا، ئەو مافە بە ئەمریکا دەدات لە کاتی هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دژی ئێران، سوپاکەی ببات ئێرانەوە. هەروەها بەپێی مادەی دووی ڕێکەوتنامەکە، دەوڵەتی ئەمریکا بڕیاری دا هاوکاریی سەربازی و ئابووریی خۆی بۆ ئێران زیاتر بکات.

پاش واژۆکردنی پەیماننامەکە، جەنگی بانگەشەی ئێران و سۆڤێت تووندتر بووەوە. پاش ڕۆژێك لە واژۆکردنی پەیماننامە سەربازییەکەی ئێران و ئەمریکا، خرۆچۆڤ ڕایگەیاند: کۆپییەك لەو پەیماننامەیە لەدەستی دەوڵەتی سۆڤێتدایە. هەروەها گوتی: نهێنییەکانیان شاردراوە نین و ئێمە هەموو شتێك دەزانین، ئەگەر شای ئێران لەوبارەیەوە زانیاریی دەوێ، دەتوانین بیخەینە بەردەستی. سۆڤێت، ئێرانی تاوانبار دەکرد، کە بە گرێدانی ئەو پەیمانە سەربازییە لەگەڵ ئەمریکا، چووەتە ڕیزی ڕۆژئاوای دوژمنەوە و ئەمریکا بە مەبەستی دەستدرێژیکردنە سەر خاکی سۆڤێت، سوود لە خاکی ئێران وەردەگرێ. لە کاتی قەیرانی فڕۆکەی U2، ڕۆژنامەکانی سۆڤێت ڕاستەوخۆ بەگژ شای ئێراندا چوونەوە، پێیان وابوو وڵاتەکەی بەرەو لەناوچوون دەبا. هەروەها ڕایانگەیاند (شا) خیانەتکار بە ئیسلام و نۆکەری باندە نەوتییەکانە. بەدرێژایی جەنگی جیهانیی دووەم و ۱۰ ساڵ پاش ئەوە، ئەمریکا زۆر لێهاتووانە و وەکوو دەسەڵاتێکی سەردەست، دەستی گرت بەسەر سامانی نەوتی ناوچەکەدا و بوو بە جێگرەوەی فەرەنسا و بەریتانیا، کە لە ئاکامی جەنگەکاندا، بەتایبەت جەنگی جیهانیی دووەم، تاڕادەیەکی زۆر لاواز بووبوون. ئەم خەباتە بریتیبوو لە: گفتوگۆ، هەوڵی دادوەریی، فشاری سیاسی، هەڕەشەی ئابووری و کودەتای کوتوپڕ دژی وڵاتانی لایەنگری بەریتانیا و فەرەنسا.

پاش پێنج ساڵ، دەوڵەت هەنگاوی هەڵگرت بۆ لاوازکردنی بنکەی سەرمایەی بیانی لە عێراقدا. دەسەڵاتی فیودالیزمی کۆنی تێکشکاند. دەستی کرد بە پەرەپێدانی پیشەسازیی لەژێر چاودێریی حکومەت و سوپادا. لە پەیمانی بەغدا چووەدەرەوە. لە ناوچەکانی سترلینگی بەریتانیا کشایەوە. لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤێت و کۆماری چین بە سەرۆکایەتیی ماو تسی تۆنگ، پەیوەندیی دروستکرد و سیاسەتی دەرەوەی بێلایەنە کرد.

عەبدولکەریم قاسم، گفتوگۆیشی لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی عێراق کە لەژێر دەسەڵاتی بیانییەکاندا بوو، دەستپێکرد، بە مەبەستی زیاکردنی بەش و گەشەپێدانی ناوچەدواکەوتووەکان، لەو مافەی کە کۆمپانی IPC بەشی خۆی وەردەگرێ. لە ساڵی ۱۹۶۰دا، کە هیوابڕاو بووبوو لە کارتێلی نەوتی بۆ گۆڕینی هەڵوێستەکانی، بانگهێشتی

سعودیه و ئێران و کوێت و ڤەنزوێلا و وڵاتانی دیکەی بەرمهێنەری نەوتی کرد، تا کۆبوونەوەکەیان لە بەغدا ساز بکەن. ئەم کۆبوونەوەیە بووە هۆی دروستبوونی ڕێکخراوی بەرهەمهێنەرانی نەوت (OPEC) لە ساڵی ۱۹۶۱دا. کۆمپانیای IPC، لەو شوێنانەی نەوتی بەرهەمنەدەهێنا، مافەکەی لێسەندرایەوە. حکومەتی نوێی عێراق، داواکانی عێراقی دژی کوێت، تازەکردەوە. ڕێگەی چوونە ناو نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵی عەرەبی داخست. هەروەها بەرنامەڕێژیی بۆ دامەزراندی کۆمپانیایەکی نەوتی عێراقی کرد، کە لەژێر کۆنترۆڵی عێراقدا بێ (کە پاش ڕووخانی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم، لە ۱۹۶۴دا بەدی هات).

کۆمپانیای نەوتی عێراق بە پشتگیریی وەزارەتی دەرەوە، بە مەبەستی تێکشکاندنی دەوڵەتی نوێ، بە هێمنی بەرهەمهێنانی نەوتی کەمکردەوە. وەزارەتی دەرەوە هەوڵی دا عێراق بۆ هاوکاری وەرگرتن، ڕوو نەکاتە کۆمپانیا نەوتییەکانی دیکە. کاربەدەستانی واشنتۆن، کۆمپانیا نەوتییەکانی دەرەوەی کارتێلی حەوت خوشکان (کارتل هفت خواهران) –بە واتای کۆمپانیا سەربەخۆکان– یان ئاگادار کردەوە کە خۆیان لە عێراق دوورببخەنەوە. لە کۆنگرەی وەزارەتی دەرەوە و لە ساڵی ۱۹۶۴ لە عێراقدا، ئاوریل هاریمەن، کە لە ساڵی ۱۹۵۵ تا ۱۹۵۹ سەرۆکی شارەوانیی نیویۆرک بوو، هەروەها نەیاری سەربەخۆبوونی نەوتی عێراق بوو، گوتی: ناتوانم ئارەزوو بکەم دەوڵەتێکی وەکوو عێراق وای بە بیردا بێت کە کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا دەربکات. ئەمریکا بە پشتگیریکردن لە شۆڕشگێڕانی کورد، هەوڵی دەدا بۆ لاوازکردنی قاسم. کوردەکان لە سەرەتاوە پێشوازییان لە شۆڕشی ۱۹۵۸ کرد، بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە عەبدولکەریم قاسم و سوپاکەی، هیچ پلانێکیان نییە بۆ ئۆتۆنۆمی و هاوبەشیی کوردەکان لە سامانی نەوتی عێراقدا.

لە دوای ساڵی ۱۹۶۰، ئەمریکا و شای ئێران چەکیان بە کوردەکان دا و پشتگیرییان لە شۆڕشەکەیان کرد. بە باوەڕی موریس، (CIA) دژی عەبدولکەریم قاسم پیلانی دەگێڕا و هەوڵی کوشتنی دەدا. دەستوپێوەندەکانی ئەمریکا لە قاهیرە، دیمەشق، تاران و بەغدا،

نەیارانی حکومەتی عێراقیان ڕێنمایی دەکرد. واشنتۆن بارەگایەکی سەربازیی لە کوێتدا دروستکرد و پەیوەندیی لەگەڵ نەیارانی عێراقدا هەبوو و ڕێنمایی بۆ ڕەوانە دەکردن. کۆمیتەیەک بە ناوی تەندروستی لە لایەن (CIA)ەوە دانرابوو، کە بە ئەنقەست ئەو ناوەیان لێ نابوو و لەڕاستیدا کاری ئەو کۆمیتەیە شتێکی دیکە بوو. بە ناونیشانی شەخسی دەسمالێکی ژەهراوییان نارد بۆ عەبدولکەریم قاسم. بەڵام ئەو دیاریییە کوشندەیەیان هەر نەگەیشت، یان لەوانەیە پێیان زانیبێ.

دروستکردنی ئیسرائیل، کە لەسەر بناغەی دەرکردنی بێبەزەییانەی گەلی فەلەستین بوو، هاوکارییە هەر سێ ئامانجەکای ئەمریکای دا: ڕێگرتن لە دزەکردنی سۆڤێت، کۆنترۆڵکردنی نەتەوەپەرەستی عەرەب، کەم کردنەوەی دەسەڵاتی بەریتانیا و فەرەنسا لە ناوچەکەدا. سەرکەوتنی ئیسرائیل بەسەر سوپاکانی میسر، ئەردەن، سووریا و عێراقدا لە ساڵی ١٩٤٨، بووە هۆی دەرکردنی ٨٠٠ هەزار فەلەستینی لە نیشتمانی خۆیان، واتە دوو لەسەر سێی دانیشتوانی فەلەستین. پاش ئەوەش زۆرینەی خانووبەرە و گوندەکانیان کاول کران. سیاسەتمەدارانی ستراتژیی ئەمریکا، لەم پاکسازییە نەتەوەییەدا، دەرفەتێکیان قۆستەوە. فەلەستین لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا لەژێر ڕکێفی بەریتانیادا بوو، دروستبوونی ئیسرائیل، پاشماوەی دەسەڵاتی بەریتانیای لەو ناوچەیەدا سڕییەوە. ڕاوێژکارێکی ترومەن وای بۆ دەچوو کە ئیسرائیل دەتوانێ ببێتە سەرمایەیەکی سوودبەخش و گرنگ، وەکوو گەمیەیەکی هەڵگری فڕۆکە، کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەپارێزێ.

حیزبی بەعس، زۆر بە تووندی دژی کۆمۆنیزم بوو و پشتگیریی لە خاوەنیەتی تاکی دەکرد، سامانێك کە بە میرات بەجێ ماوبوو، بە (مافی سروشتی) دەزانی. حیزبی بەعس شێوەیەك لە پەرەپێدانی پیشەسازیی شوێنگیریی دەکرد کە بە پاڵپشتیی دەوڵەت و بە پشتبەستن بە داهاتی نەوت جێبەجێ دەبوو و لەژێر چاودێریی دەوڵەتدا بەڕێوەدەچوو، کە ئەڵبەت ئەم ڕەوتەی دوایی لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمەوە دەستی پێکردبوو. لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستدا، هەموو بانك و شەریکەی بیمە و کۆمپانیا گەورە

پیشەسازییەکانی وەکوو پیشەسازیی نەوت، لەدەستی دەولّەتدا بوون و دەولّەت خاوەنی هەموویان بوو. ڕووخانی مەلیك، بووە هۆی ڕیفۆرمەکانی عەبدولکەریم قاسم و کەمکردنەوەی ڕادەی بەربەستبوونی حیزبە چەپەکان. ئاستی زانیاریی و چالاکیی سیاسیی ملیۆنان هاوولاتیی عێراقی بەرزبووەوە. حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، بەخێرایی وەکوو باشترین پێکهاتەی ولات خۆی دەرخست. عەبدولکەریم قاسم هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە حیزبی کۆمۆنیست دەتوانێ هاوکارێکی باش بێ، بەلام هیچ کاتێك بە تەواویی نەیکردە یاسایی و لەناو دەولّەتدا ڕێگەی پێ نەدا. بە تێپەڕبوونی کات، ئیسرائیل بوو بە سەربازی ڕاستەقینەی ئەمریکا دژی گەلانی ناوچەکە. هەروەها بوو بە بنکەیەك دژی یەکێتیی سۆڤێت. لە ماوەی نێوان سالّەکانی ۱۹۴۹ و ۱۹۹۷، ئەمریکا بە بڕی زیاتر لە ۸۴ ملیارد دۆلار هاوکاریی ئابووری و سەربازیی ئیسرائیلی کردووە. ئەم ڕێژە هاوکارییە، زیاترە لەو ڕێژەیەی کە وەکوو هاوکاری، بە هەموو جیهانی داوە. ئەگەرچی ئەمریکا داوای ئەوەی کرد لە سالّەکانی ۱۹۹۱ تا ۲۰۰۳ ئیسرائیل خۆی بپارێزێ لە جەنگ دژی عێراق، بەلام خزمەتەکانی ئیسرائیل لەو سالانەدا نەك هەر بریتیبوون لە پەلامار بۆ سەر خەلکی فەلەستین و دەستدرێژیی بۆ سەر ولاتانی عەرەبیی دراوسێ، بەلکوو لە سالانی هەشتادا سوپای بێ بەزەیی گواتیمالای چەکدار کرد و فێرگەی بۆ دانان، هەروەها هاوکاریی حکومەتی ئاپارتایدی ئەفریقای باشووری دا و پشتگیریی لێکرد. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە کۆنگرە ڕاستەوخۆ کارێکی ئەوتۆی بۆ ئەمریکا بە نایاسایی ڕاگەیاند و ئەو کارەی ئیسرائیل سەودای نهێنیی چەك و ئامێری جەنگیی نێوان واشنتۆن و ئێرانی لە سەردەمی جەنگی ئێران و عێراقدا ئاسانتر کردەوە. ئەمریکا دەترسا کە عەبدولکەریم قاسم زیادەڕۆیی بکات و هەروەها چەپەکان بەتایبەت حیزبی شیوعی، بەهێز بن.

بناغەدانەری حیزبی بەعس، میشێل عەفلەق، هۆشداریی دابوو کە لە هەر ولاتێکدا حیزبی بەعس دەسەلات بگرێتەدەست، دەبێ حیزبی شیوعی قەدەغە، یان سەرکوت بکرێ. حیزبی بەعس، عەبدولکەریم قاسمی بە داردەستی کۆمۆنیزم ناساندبوو. بەعسییەکان و ڕاستڕەوەکان، ترسی ئەوەیان هەبوو کە داواکانی عەبدولکەریم قاسم لە بەرانبەر کوێتدا، ببێتە هۆی دووبارەپەڕێزیی دەولّەتانی دیکەی عەرەب و بە تووندیی دژی بەرژەوەندییەکانی

ڕۆژئاوا هەڵوێست وەربگرن و بە خێرایی پاڵ بدەن بە سۆڤێتەوە. یەکێك لە بەشدارانی بەتاو لە پیلانی دژی قاسم، کادرێکی سەرسەختی حیزبی بەعس بوو بە ناوی سەدام حسێن. لە ساڵی ١٩٥٩دا، کە چالاکوانی حیزبی بەعس بوو، لە پیلانی کوشتنی عەبدولکەریم قاسمدا بەشداریی کرد، کاتێك پیلانەکە شکستی هێنا، هەڵات بۆ قاهیرە. لەوەدەچوو لە قاهیرە پەیوەندیی کردبێ بە کاربەدەستانی ئەمریکاوە. موریس، ڕاپۆرتی ئەم چاوپێکەوتنەی سەدام حسێن و CIA پشتڕاست دەکاتەوە. بە وتەی هانی فکایکی، سەرۆکی پێشووی حیزبی بەعس دەڵێ: لەناو ئەندامانی حیزبی بەعس کە ساڵەکانی ١٩٦٢ و ١٩٦٣، دەستیان هەبوو لەگەڵ (CIA) سەدام حسێنیش هەبوو. ئەندامێکی ٢٥ ساڵ، کە دوای تیرۆرە بێ ئەنجامەکەی دژی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٩دا، خۆی بەرەو قاهیرە دەرباز کرد. زۆر جار دەمبیست کە ئەفسەرانی CIA وەکوو: ئارکیباڵد ڕۆزڤێڵت نەوەی تیۆدۆر ڕۆزڤێڵت و کاربەدەستێکی باڵای CIA لە بەشی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا لەو سەدەمەدا، بە ئاشکرا باسی پەیوەندیی نزیکیان دەکرد لەگەڵ بەعسییەکاندا. هەوڵ و تێکۆشانی CIA سەرکەوتنی بەدواوە بوو. لە ٨ی شووباتی ١٩٦٣دا، کۆمەڵێك لە بەعسییەکان و لایەنی ڕاستی نەتەوەیی، کودەتایەکیان ڕێخست و دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت، بەبێ تێپەڕکردنی ڕەوتی یاسایی، عەبدولکەریم قاسمیان کوشت. بە بۆچوونی سەعید عەبدولڕەشیدی ڕۆژنامەنووسی فەلەستینی و نووسەری ژیاننامەی سەدام حسێن، عەبدولکەریم قاسم خۆی پاراست لە چەکدارکردنی دەیان هەزار شیوعی و جووتیار و کرێکار، کە بۆ پاراستنی ئەو، ڕێگەیەکی دوورودرێژیان تا ناوەندی سەرکردایەتی بڕیبوو.

حیزبی بەعس وایدەزانی کە دۆستایەتی لەگەڵ جەمال عەبدولناسر، ئەو دەرفەتەی پێ دەدات کە ببێتە گەورەترین بزووتنەوەی جیهانی یەککگرتووی عەرەب. لە ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٦١دا، سووریا لەو یەککگرتنە چووەدەرەوە و لە ٢٨ی ئازاری ١٩٦١ تا ٨ی ئازاری ١٩٦٣، حیزبی بەعسی سۆسیالیستی بەرەوڕووی یەکەم قەیرانی گەورە بووەوە و پڕبەدڵ لێی دەترسا. دووهەمین ڕووداو، کودەتای ٨ی ئازاری ١٩٨٣ بوو، کە لاپەڕەیەکی نوێ بوو لە مێژووی هاوچەرخی سووریا. دوای ماوەیەك، ژمارەیەك لە ئەفسەرانی لاوی سوپای عێراق کە لەگەڵ حیزبی بەعسدا بوون، بە سەرۆکایەتیی عەبدولسەلام عارف و بە هاوکاریی

ئەفسەرانی نەتەوەپەرەست، ژەنەرالّ عەبدولکەریم قاسمیان کوشت و خۆیان دەسەلاّتیان گرتەدەست. ژەنەرالّ عەبدولسەلام عارف کە دۆست و هاوکاری نزیکی عەبدولکەریم قاسم بوو، هەستا بە کودەتایەک دژی ئەو. لە ڕۆژی ۸ ی شووباتی ساڵی ۱۹۶۳دا، نەیارانی عەبدولکەریم قاسم بە پشتگیریی حیزبی بەعس و عەبدولسەلام عارف کە لە زیندانـدا بـوو، کودەتایەکی سەرکەوتوویان ئەنجامدا و کۆتاییان بە حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم هێنا. پاشان ژەنەرالّ عەبدولسەلام عارف بوو بە سەرۆک کۆمار و ئەحمەد حەسەن بەکر بوو بە سەرۆک وەزیران.

پـاش ڕووخـانی کابینەکـەی موسـەدیق لـە ئێرانـدا، سـۆڤێت لـە هـەوڵی چاکسازیی پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ ئێرانـدا بـوو. لـە ۲ی کـانوونی یەکـەمی ۱۹۵۴دا، پەیماننامـەی چارەسەرکردنی کێشەی ماددی و کێشەکانی سەر سنووری واژۆ کرد. بـەڵام پـاش شۆڕشـی تـەمووزی ۱۹۵۸ی ژەنـەرالّ عەبدولکـەریم قاسـم لـە عێراقـدا و ئـەنجامی گفتوگـۆ دوولایەنەکانی ئێران و ئەمریکا سەبارەت بە چەمکی پاراستن و بـەرگریی، پەیوەندییـەکانی ئێران و سۆڤێت پەردەی ڕەشی بەسەردا کێشرا و سۆڤێتیش بانگەشە و پڕوپاگاندەی زۆری دژی ئێران ڕێخست.[۴۶]

***

لە ساڵی ۱۹۶۰ و لە کوردستانی سووریا، لە لایەن ئاسایشی سووریاوە دەستگیر کـرام و ماوەیەکی زۆر لە بەندیخانەدا مامەوە و ئەشکەنجەی زۆریان دام. ئەو کاتە (نورەدین زازا) سکرتێری پارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی سـووریا بـوو و حەمید دەرۆیـش و جگـەرخوێن و عوسمان جەری لەگەڵ ئەودا بوون.

شەوی کودەتاکە لە کۆیە، شـەوێکی ئـارام بـوو. سـبەینێی ئـەو ڕۆژە، دکتـۆر خالیـد و فاتیح ڕەسوڵ لە شەقامەکاندا بوون و قسەیان بۆ خـەڵک دەکـرد. لـەو کاتـەدا عـەباس ئاغـا هاوکارییەکی زۆری ئەندامانی حیزبی دەکرد. کاک عومەر و عەباس ئاغا و حەمید عوسمان،

بە سەیارەیەکی جێب هاتن بۆ کۆیە و چوون بۆ مالّی عەلی عەبدوللا. چەند کەسێکی دیکەش چوونە لایان و کۆبوونەوەیان دەستپێکرد، تا بزانن لە بەرانبەر ڕووداوی ۱۹۵۸دا چیبکەن. کۆبوونەوەی ئەندامانی ئەم پارتە سیاسییە بەڕێوەچوو و بڕیاریان دا کە پانزە تا شانزە کەسیان بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد، بە مەبەستی پیرۆزباییکردن بچنە لای عەبدولکەریم قاسم. ئەلّبەت فوئاد عارف دەورێکی گرنگی هەبوو لە پێوەندیی لەگەلّ عەبدولکەریم قاسم و هەروەها گەڕانەوەی بارزانی، کە لەو کۆبوونەوەدا باسی لەسەر کرا.

لە سالّی ۱۹۵۸ەوە وردەوردە پارتی خۆی ئاشکرا کرد. لەو سالّەدا ئیبراهیم ئەحمەد لە ناوچەی ڕانیە، واتە ناوچەی ژێر دەسەلاّتی عەباسی مامەند ئاغا، خۆی شاردبووەوە. لە ماوەی نێوان سالاّنی ۱۹۵۷ و ۱۹۵۸دا، دەستەیەک لە شیوعی جیابوونەوە و چوونە ڕیزی پارتییەوە، لەوانە حەمید عوسمان، کە ئەوانیش لە شوێنێك بوون بە ناوی (سەرکەپکان). لە کۆتا هەفتەی مانگی ئابی سالّی ۱۹۵۸، لە کەرکووکەوە سواری شەمەندەفەر بووین بۆ بەغدا. ڕۆژی ۲۷ی ئەو مانگە کە گرووپی کوردستان بەرەو وەزارەتی بەرگری کەوتە ڕێ، کە گرووپی هەر شارێك ئالاّیەکی تایبەتی بەدەستەوە بوو، لەبەردەم دەرگای چوونە ژوورەوەی وەزارەتی بەرگریدا دابەزین. مەراسیمەکە لە هۆلّێکی گەورەی قاتی خوارەوە بەڕێوە دەچوو. لە کۆتایی هۆلّەکەدا هەموو گروپەکانی کوردستان دانیشتن[۴۷] و چاوەڕێی نۆرە بووین تا داواکانی خۆمان بە عەبدولکەریم قاسم بگەیەنین.

لەوێ عەباسی مامەند ئاغای ئاکۆیش ئامادە بوو و دوای ماوەیەک عەبدولکەریم قاسم چووە سەر بەشی سەرەوەی هۆلّەکە و هەندێ قسەی کرد و لەبارەی یاساوە چەند شتێکی باسکرد و کورد و عەرەبی بە هاونیشتمان لەم ولاّتە وەسف کرد و دوای ئەویش ئیبراهیم ئەحمەد بابەتێکی بە دەنگی بەرز خوێندەوە و چونکە دیار بوو کە عەبدولکەریم قاسم لەبەر هۆکاری ئاسایش پەلەیەتی و دەیەوێت هۆلّەکە جێ بهێلّێت. سالّی ۱۹۵۸ سیستمی نووری سەعید کە ڕووخا، پارتی دیموکراتی کوردستان خەلّکانێکی وەک کاکە زیاد و مەسعوود موحەممەد و عەباس ئاغا و ڕەحمان ڕووتە و ... ی نارده بەغدا تا خواست وداواکاری کوردەکان بخەنەڕوو[۴۸].

له سالّی ۱۹۵۸دا، مەحموود بەگی خەلیفە سەمەد سەرۆك هۆزی برادۆست و باوکم، که جێگری سەرۆکی پەرلەمان بوو له بەغدا، له بنەماڵەی مەلیك نزیك بوون. ئەو کودەتای قاسمی پێ باش نەبوو و لەسەر ئەو باوەڕە بوو که ئیتر عێراق ڕەنگی هێمنایەتی و ئاسایش بەخۆیەوە نابینێ، ئەگەرچی زۆربەی زۆری کوردەکان بە پێچەوانەی ئەوە بیریان دەکردەوە. مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەدیش بارزانییان پێ باش بوو. لە ڕاستیدا لەو کاتەدا، ئەوان تووشی هەستێك ببوون کە خوێنیانی گەرم کردبوو و زۆر بە پەلە و سادەییانە بیریان دەکردەوە و بڕیاریان دەدا. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون که چون باوکم دژی قاسمە، کەوایە دژی کورد و نەیاری بزاڤی کوردییە. عەبدولکەریم قاسم وەفدێکی بە سەرۆکایەتی نازم تەبەقچلی، فەرماندەری ئەو کاتەی لەشکر نارده لای باوکم ، کە ئەڵبەت دەیانویست سەردانی باوەگەورەم بکەن واتە شێخ ڕەشیدی لۆلان، لە باوکمیان پرسیار کرد، بۆچی دانتان نەناوە بە شۆڕشی ۵۸ و بروسکەیەکی پیرۆزباییتان نەناردووە بۆ قاسم؟ باوکم گوتی "من لەگەڵ خزم و کەسوکاری مەلیك نەبووم، بەڵام لەو باوەڕەدام کە ئێوە عێراق بەرەو پشێویی دەبەن و ئیدی لەو باوەڕەدا نیم کە عێراق ڕووی خۆشی بە خۆیەوە ببینێ".

هەوالنامەی کتێب

عەبدولکەریم قاسم کە هات، بەربەیانێکی حەزین و ساردبوو و بایەکی توند هەڵیکردبوو، له نێوان خەڵکی شارەکانی کوردستاندا دەماودەم هەواڵی ئەوە بڵاو دەبووەوە کە مەلیك و هاوڕێکانی کوژراون و کودەتا کراوە. له بازاڕ خەڵك لە دەوری ڕادیۆی چایخانەدا کزیان کردبوو و دەموچاوەکان جار جار بە نیگا دەچوونەوە ناوێك و جارجاریش بە چپە لە ناو گوێی یەکتردا هەستی خۆیان دەردەبڕی، یاخود چایان دەخواردەوە و بێدەنگ و ئارام ، لە هەواڵە قەیراناوییەکانیان دەپرسی. پیرەکان نیگەران و کاریگەر بوون بە کوشتنی مەلیك، بەڵام گەنجەکان هەوای کەوتنی حکومەتی بێ جێگر و هاتنی کودەتایەکی نوێ و شادییان لەسەر بوو. چاوەڕێی وەرچەرخان و گۆڕانی بنەڕەتی و کاری بوونی هەموو بوارەکانیان دەکرد. له سەرەتای تشرینی دووەمی ۱۹۵۸، بەرەبەرە باسی گەڕانەوەی بارزانی له نێوان خەڵکدا دەنگی دایەوە و بە ڕەزامەندیی قاسم، دۆخی بانگەشە و قاووڕاو دەستی پێکرد، که کۆنەپەرەستان و ئەفسەرانی عەرەب دەیانەوێ له پیلانێکدا بیکوژن. ئیتر نەك

هەر پارتی، بەڵکوو هەموو خەڵکی کەرکووکیش بەم شتە گرژ ببوون. عومەر دەبابە وەکوو لێپرسراوی پارتی لە کەرکووک چەند جار لەگەڵ نازم تەبەقچلی کۆبووەوە، بەڵام ئەو زۆر گرنگی بەم مەبەستە نەدا، واتە هەر گوێی نەدایە. ئەفسەرانی عەرەب و تورک بێدەنگ ببوون و بەرپرسایەتی کارەکەیان بە کەسێکی دیکە سپاردبوو. سەرەنجام چەند لاوی نەترس و ئازا بڕیاریان دا بە چواردەخۆر، کاری پاراستن و ئاسایش بگرنە ئەستۆ.

گێڕانەوەی جیاواز لە بارەی هاتنی بارزانییەوە هەیە: لەسەر داخوازی بارزانی و ڕەزامەندیی عەبدولکەریم قاسم و وەزیرەکانی، بێجگە لە عەبدولسەلام عارف - لە ڕۆژی ۱۶ی تشرینی یەکەمی ۱۹۵۸دا، بارزانی و میر حاج و ئەسعەد خۆشناو گەییشتنە بەغدا ئەڵبەت پێشتر لە قاهیرە چاویان بە جەمال عەبدولناسر کەوتبوو کە عەبدولکەریم قاسم ئەوەی زۆر پێ خۆش نەبوو. ئێمە چووین و لەو ئاهەنگەدا خەڵکێکی زۆر بەشداریان کردبوو و دەوروبەری بارەگای ژەنەرال عەلادین مەحموود پڕ بوو و زۆر بە هەستەوە ئالایان هەڵکرد و بەخێرهاتنیان لە بارزانی کرد. ئەویش جارجار دەچووە گۆشەیەک و لێدوانێکی کورتی دەدا و سپاسی خۆی دەردەبڕیی. کوردەکانیش هەر ۷،۶ کەسێك لە دەوری مێزێك پڕ لە چای و کێك و بیسکویت دانیشتبوون و ئەویش دەهاتە لای هەمووان و بەخێرهاتنی لێدەکردن. ڕۆژی دوایی بارزانی گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان و بۆ لای براکەی واتە شێخ ئەحمەد. ساڵی ۱۹۵۸ کە عەبدولکەریم قاسم چوو بۆ بەغدا بەردەوام هەواڵی هاتنەوەی بارزانی بە کەشتی و فڕۆکە و قیتار و.... دەبسترا، بارزانی گەڕایەوە بۆ بەغدا و لە فڕینگەی موسەننا (مثنی) پیشوازیی لێکرا. بارزانی زۆر هۆگری دیمەنی یادگاریی نەبوو و لەو ڕۆژانە دیمەنێکی وەها بەجێ نەماوە. لە ۲۰ی تشرینی یەکەمی ۱۹۵۸دا، بارزانی لە فڕۆکە دابەزی و بە سەلامەتی بەرەو شاری سلێمانی وەڕێکەوت. ماندوویی لە ڕوخساریدا دیار بوو. لە ڕاستیدا هەستی بە مەترسی دەکرد. لە قەرەهەنجیر کە پێشوازییمان لێکرد، سوور هەڵگەڕا، مامۆستایەکی کورد دەستی ماچ کرد، ئەویش ڕاوەستا و شەپلاغەیەکی تێسرەواند و بە تووڕەییەوە گوتی "کوڕم، من کێم کە تۆ دەستی من ماچ دەکەی؟ من ئاوارە لە نیشتمان، لە خەویشدا شتی وام نەدەدی".

مـام جـەلال لـە ۱۹۵۸دا واتـە ئـەو كاتـەی بـارزانی لـە ڕوسـیا هاتـەوە، لـە هۆتێـل سەمیرامیسی بەغدا بوو. دەستەیەك كەسایەتی شاری كەركووك بریتی بـوون لـە پـارێزەر و نووسەر و.... لەگەڵ موكەڕەم تاڵەبانی چووین بۆ بەغدا كە بەخێرهاتنەوەی بارزانی بكەین، نزیكی عەسر دیم مام جـەلال لـە هۆتێلەكـەدا میوانـەكان وەردەگرێ بـە ڕوویـەكی خـۆش و بـەدەماخ و زۆر بـەتین. بـەڵام ئـەو ڕۆژە بارزانیمـان نـەدی و تـەنیا ناومـان لـە دەفتـەری هۆتێلەكە نووسی و چووینە هۆتێلێكی دیكە كە لـەوێ زۆر دوور نـەبوو. سـەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی میرحاج كە سكرتێری بارزانی بوو، تەلـەفونی كـرد بـۆ موكـەڕەم تاڵـەبانی و ئێمـەش ڕێكەوتین بەرەو هۆتێلەكە و لەوێ میرحاج چاوەڕوانمان بوو. چـووینە ژوورەكـەی بـارزانی و عـەزیز شـەریف و عـەونی یوسـفیش لـەوێ دانیـشتبوون. ئێمـە لای تەختەكـەی بـارزانی دانیشتین. پاش چەند خولەك ژنێك هـات كـە منـدااڵێكی ۱۰، ۱۱ سـاڵەی پـێ بـوو، بـارزانی منداڵەكەی لەباوەش گرت و دای لە پرمەی گریان. ئەوە ژنی مستەفا خۆشناو بـوو، ئـەو لـە ڕیزی ئەو ۴ ئەفسەرە بوو كە پاش ڕووخانی كۆماری مەهاباد هاتبوونەوە بـۆ عێـراق، نـاوی منداڵەكە ئازا بوو. لەو سـەردانەدا زۆرتـر باسـە گـشتییەكان هاتـە ئـاراوە و دیـارە نـەدەكرا شتێكی تایبەتی شی بكرێتەوە.

لە ۲۵ مانگدا كە هەواڵی گەڕانەوەكەی بە بانگەشـەی زۆرەوە زیـاتر گـەرم بـوو، شـاری كـەركووك پەڕێـشا ن تـر بـوو. دووبـارە بەڕپرسـی هێـزی سـەربازی شـار ون بـوو. بەهـەر شێوەیەك بوو. بارزانی بە خێرایی گەییشتە ناو شار، هەزاران كورد بە پیریەوە چـوون، بـەر لە گەییشتنی بە فڕینگە ئەفسەرێكی كورد بـۆمبێكی دۆزیبـووەوە و پووچـەڵی كردبـووەوە. كاتێك هەواڵەكە گەییشت هیدایەت ئەرسەلان، هەندێك دەڵێن لـە تـرس، هەندێك دەڵێن لـە شەرم، هەندێك دەڵێن لە خەفەت، جەڵدە لێی دا كـە بۆچـی بـارزانی نـەكوژرا. لـەو كاتـەدا پێشوازییكردن بوو بە خۆپیشاندان و پشێویی و هەراوهوریا. شار شڵەژا. ڕق و قین لـە هـەر نیگایەكدا بەدی دەكرا. لێپرسراوانی حیزبیش سەرقاڵی هێمنكردنەوەی خـەڵك بـوون بـەڵام دەرەقەت نەدەهاتن. تا ڕۆژئاوای ئـەو ڕۆژە ودۆخەكـە هـەر ناتـەواو و نائـارام بـوو، هـەواڵی كوشتنی بارزانی لە ئارادا بوو، بەڵام چندوچۆنیەكەی دەبێت مێژوو بیڵێت".

بارزانی دوای ماوەیەک هاتەوە بۆ کوردستان و میوانی فەرماندەری سەربازیی کەرکووک بوو. هەمزە عەبدوللا و سالح بەگی خۆشناوی لەگەڵدا بوو. بە بۆنەی هاتنەوەی ئەو، خەڵکێکی زۆر لە چین و تۆیژی جۆراوجۆر هاتن بۆ پێشوازیی و قوتابیان و لاوانیش کۆنترۆڵی ئاهەنگەکەیان بە ئەستۆ گرتبوو. بارزانی پێی خۆش نەبوو خەڵک دەستی ماچ بکەن و چەند جاریش ئەوەی ڕاگەیاند. پاشان خەڵک بە پیرییەوە چوون و لە چەند شوێندا ڕاوەستا و ئەمجار بەرەو بارزان ڕێکەوت. لە دوای ئەوانە سەردانی سلێمانی کرد و لە ڕێگەدا خەڵک پێشوازییان لێدەکرد. چوو بۆ فڕینگە کە بەرەو بەغدا بڕوات، ئەفسەرێکی تورکمان کە پێشتر بارزانییەکانی زۆر سەرکوت کردبوو، کاتێک ئەو پێشوازییەی بینی و خەڵک وەکوو قارەمانێک سەیری بارزانییان دەکرد، تێک چوو و چاوی بینینی کوردێکی نەبوو کە ئاوا ڕێزی لێ دەگیرێ، لە فڕینگە کە هاتە دەرەوە، چەڵدە لێی دا و لە خەستەخانە مرد. تورکمانەکانی کەرکووک ئەوەیان کردە بیانوو و بە تونديی ناڕەزایەتییان بەرانبەر بارزانی دەربڕیی، و تەنانەت پەلاماریان بردە سەر هەندێ دوکانی کوردەکان. ئەمەش بیانوویەکی بێ هۆ و بێ بنەما و بێ بنچینە بوو بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی تورکمانەکان و کوردەکان.[۵۲]

شێرکۆ بێکەس شاعیری کورد دەڵێت: بارزانی هات بۆ سلێمانی و میوانی شێخ لەتیفی حەفید بوو. چووە سەر بانی مالێکی بەرز و قسەی بۆ خەڵک کرد. لە نێوان لاوانی پارتی و شیوعی ناکۆکی سیاسی هەبوو، پارتی بۆ کورد هەوڵی دەدا و شیوعی بۆ عێراق. لە ساڵی ۱۹۵۹دا کە بارزانی هات بۆ سلێمانی، خەڵک کۆبوونەوە و ئەویش تووڕە بوو و گوتی: ئێمە هەموو سەرباز و گوێ لە مستی قاسمین و لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا‌ین. هەموو قوتابیان لە دەرەوەی شار ڕێزمان بەستبوو بۆ پێشوازیی لەو، دروشمێکم بەدەستەوە بوو کە لە سەری نووسرابوو (بژی کورد و کوردستان، و مەلای بارزان) ئەندامانی پارتی هاتن و دروشمەکەیان لێ سەندم و گوتیان ئێستا کاتی ئەو دروشمە تۆندانە نییە! بارزانی لە ڕیزی ئەو کەسایەتییانەیە کە لە ناو خەڵکی ئاساییدا کاریگەریی زۆری بووە. کاتێک بارزانیمانم دی، دیسان بۆ ئێمە هەر ئەو قارەمانە بوو، بەڵام کاتێک گوتی من سەربازی عەبدولکەریم قاسمم، لە زەینی ئێمەدا مەزنایەتی و گەورەیی ئەو قارەمانە ئەفسانەیی و ڕزگاریدەرە کەمڕەنگ بووەوە. دروشمی دەستی گەنجەکان هەموو پیاهەڵگوتن بە بالای

هەولێر کتێب

بارزانی بوو، بەڵام ئەو دڵگران ببوو و گوتبووی ئەو دروشمانە بێننە خوارەوە و ئێمە تەنیا یەك سەرۆکمان هەیە و ئەویش عەبدولکەریم قاسمە. کاتێك لە سلێمانی بارزانی قسەی بۆ خەڵك دەکرد، ئێمە گەنجەکان کۆ ببووینەوە و چەپڵەمان لێدەدا و هوتافمان دەکێشا و لە ناخی دڵەوە دروشممان دەدا و دووپاتمان دەکردەوە. ڕۆژ نەبوو لەسەر دیواری ماڵەکاندا دروشم نەنووسرێ. باسی خوێندن بە زمانی کوردیی هاتبووە پێشەوە و گەنجەکان دەستیان کردبوو بە فێربوون و فێرکردنی زمانی کوردی.

لەبارەی برایەتیی کورد و عەرەب و دڵسۆزیی کورد بەرانبەر سەرۆکایەتی شۆڕش دەبێ بڵێین، هەر لە ڕۆژانی یەکەمی کودەتای قاسم، پارتی بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و ویستەکانی پێشووی دووپات کردەوە. دوای ماوەیەك بەرجەستەترین حیزب لە کەرکووکدا شیوعی بوو، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە کێشەی نەتەوەیی لە کەرکووکدا هەبوو، پارتی دوهەمین حیزب بوو و زۆربەی کوردەکانی بەرەولای خۆی ڕاکێشابوو. بارزانی چوو بۆ بەغدا. وەزارەتی ناوخۆ چەند خانوویەکی بۆ بارزانییەکان بەکرێ گرتبوو کە لە نزیکی بەشی ناوخۆیی خوێندکاران بوو. کوڕەکانی، واتبێژ عوبەیدوڵڵا و لوقمان، هەروەها شێخ سادقی برازای کە زۆر وریا بوو، پەیوەندییان کرد بە خوێندکاران. لە سەرەتاوە کە عەبدولکەریم قاسم هاتبوو خەڵك زۆر دڵشاد بوون و خۆیان هاویەشی ئەو نیشتمانە هەست دەکرد، بەڵام دواجار گوتیان عێراق پەیوەندیی بە گەلی عەرەبەوە هەیە و کوردەکان ئیتر نایانەوێ خاکی خۆیان بە عەرەب بدەن. لە مانگی کانوونی یەکەمدا لەگەڵ چەند قوتابییەکی ۱۹، ۲۰ ساڵە لە هەولێرەوە چووین بۆ بەغدا کە سەردانی بارزانی بکەین، لە ماڵی سەباح نووری سەعید بوو و حکومەتیش پاسەوان و نۆبەداری بۆ دانابوو و برازاکەشی شێخ سادق بە میوانەکاندا ڕادەگەییشت. لەو کاتەدا چوبووە نەجەف یان کەربەلا، چاوەڕێی بووین تا گەڕایەوە و لە بینینی گەنجەکان شادمان بوو. ئێمە قوتابیانی ناوەندیی لەو کاتەدا کۆدەبووینەوە و باسمان دەکرد کە چی هەیە و چی نییە. کاتێك بارزانی هاتەوە بۆ کوردستان، وەکوو کوردەکانی دیکە چووین بۆ پێشوازیی وچاوپێکەوتنی لە ماڵی پێشووی نووری سەعید کە بەراستی ڕووداوێکی سەیر بوو.

له بەغدا لەگەڵ چەند کەس سەردانی مستەفا بارزانیمان کرد. پۆلیسێکی ئاسایش لەبەر درگاکە ڕاوەستابوو و پاشان بارزانی خۆی هات و بەخێرهاتنی کردین، وامان دەزانی تیشکێك لە ئاسمانەوە دەدرەوشێتەوە و هەموو ئاوات و ئامانجەکانمان لەودا دەدی، بە بینینی ڕووخساری ئەو و بیستنی قسەکانی، درۆم نەکردووە ئەگەر بڵێم لەوانە بوو لەخۆشیدا دیق بکەین. لە هەموومان بە جیا بەخێرهاتنی کرد. بە وشەی قارەمان و پاڵەوان و سالار و....ناومان دەبرد، کە ئەو تووڕە بوو و گوتی: من هیچ یەکەیان نیم و تەنیا بڵێن (مستۆ) کە ئێمەش گوێمان بەوە نەدەدا و و گوتمان "زمانمان لاڵ بێ ئەگەر وا بڵێین، قارەمان". پاشان سوور بووەوە و گوتی "من گلەییم لە خەڵکی هەولێر هەیە کە خۆیان دەخەنە سەر قاچ و پێڵاوەکانم، ئەمە عەبدایەتییە نەك مرۆڤایەتی".

بەڵام بەڕاستی بارزانی لە نیگای نەزانان و دەمارگیرانەی ئەو سەردەمەدا وەکوو خودایەك بۆیان دەڕوانی و ئامۆژگاریی خۆیش بێ سوود بوو. مستەفا بارزانی کاریزمایەکی هەبوو و ئەم مەبەستە حاشا ناکرێ. بە ڕاستی وەچەی ئێمە ڕەنگە نەزانێت چییە و تەنیا ئازایەتی کورد و زۆرلێکراویی ئەومان خۆش دەوێت کە ئێمە کوردین و خەڵکی کوردستان و گەلێکی زۆرلێکراوین. لە ساڵی ۱۹۵۸ەوە مستەفا بارزانی زۆر گوێی نەدەدایە ئیبراهیم ئەحمەد. مستەفا بارزانی مرۆڤێکی خۆڕاگر بوو و لەسەر قسەی خۆی ڕادەوەستا و زۆر نەدەگۆڕا و زۆر قسەی خەڵکیشی بەلاوە گرنگ نەبوو. کاتێك مستەفا بارزانی لە ڕوسیا گەڕایەوە، شەوێك ئێمەی لە بارەگای پارتی کۆکردەوە و قسەی بۆ کردین و هەموو شتێکی بۆ شی کردینەوە. لە خۆشی بیستنی قسەکانی خەریکبوو باڵ بگرینەوە، بارزانی هەمیشە کەم و بە کورتی قسەی دەکرد و زۆر دوورودرێژ نەدەدوا. لەبیرمە لە لێدوانێکدا لە (کانی سماق)ی ناوچەی چۆمان سەبارەت بە کاروباری سیاسی و سەربازیی زۆر بە کورتی قسەی کرد. بارزانی سیمبۆڵی خۆڕاگریی و خەبات بوو و ئێمە لاوانی ئەو سەردەمە لەو باوەڕەدا بووین کە ئەو لە عەبدولکەریم قاسم باڵاترە. بارزانی خاوەنی ڕوانگەی نەتەوەپەرەستی کلاسیك بوو، نەك ئایینی.

زۆربەی قوتابیان لە ڕیزی لایەنی چەپدا بوون. باوەڕییان بە مارکسیزم بوو، بەڵام لەگەڵ ئەو لایەنەدا نەبووین کە لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان بوون و

نوێنەرایەتی وردەبۆرژوازیی کوردیان دەکرد. چین کاریگەریی زۆری هەبوو. بیر و ئەندێشەی چەپیش لەناو کورددا زۆر بوو. ئەزموونی چینی تێکەڵێك بوو لە (چەپ و نەتەوە) و خەڵکێکی زۆر ئەو بیرەیان دەویست کە بە شێوازی چەپ سەیری ئەو چەمکە بکرێت، ئەڵبەت لەناو کوردەکاندا زۆرتر دانپێنان بە سۆڤێت باو بوو. لەو دەمەدا حیزبی شیوعیی عێراق دەیویست لە هاتنەوەی بارزانی سوود وەربگرێ و دەیانگوت: ئەو چەند ساڵە لە سۆڤێتە و دەبێتە هۆکاری پێشکەوتنی بیری مارکسیستی لە عێراقدا و باشترە زۆربەی خەڵکی کوردستان بێنە ژێر ئالای حیزبی شیوعیی عێراق، کە لە سەرەتاوە سەرنجی زۆر کەسیان بەرەولای خۆیان ڕاکێشا. دەستەی یەکەمی پارتی داواکاری نزیکبوونەوە لە شیوعی بوون، بەڵام دەستەی دووهەم واتە مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد و...خوازیاری نزیکبوونەوە لە کوردایەتی بوون. مەلا و شێخەکان کردارێکیان هەیە کە ئاوێتەی خۆبەکەمزانین و ئایینداریيە، و بە پێی نەریتی ناوچە و ئایینی کۆن، پەروەردەی ئایینییان بووە. بەڵام بارزانی بە ئەندێشە و بیروبۆچوونی نەتەوەیی چووبووە ڕوسیا و بەبێ هیچ گۆڕانکارییەك گەڕابووەوە و لە بارەی بیروباوەڕ و (Mentality) گۆڕانکاریی و پێشکەوتنێکی بەخۆوە نەدیبوو و لە ڕوسیاش هیچ بەهرەیەکی نەدیبوو و پەروەدەی هۆزایەتی و ئایینی بەسەر سیاسەتەکانیدا زاڵ بوو.

عیسا پەژمان دەڵێت: کۆمۆنیستەکانی عێراق، مستەفا بارزانییان بە کەسێکی لەخۆبایی و عەشایەر و هەلپەڕەست دەزانی، بەڵام بە هۆی ئەوە کە ستەمی لێ کرابوو، یاخود لەگەڵ دەوڵەتەکانی پێشووی عێراقدا بۆ بەرژەوەندیی خۆی و یان بەرژەوەندیی ئینگلیزەکان، لەگەڵ عەقید ئەدمۆنز پەیوەندیی هەبووبوو، لە نێوان چینی ئاسایی خەڵکی کوردستانی عێراقدا جێی خۆی کردبووەوە. لە لایەکی تریشەوە دەوڵەتی کودەتا و خودی عەبدولکەریم قاسم، بە ڕواڵەت خۆیان بە چەپ و لایەنگری دۆستایەتیی لەگەڵ سۆڤێت پیشان دەدا، بۆیە وا بیریان دەکردەوە کە مستەفا بارزانی دەتوانێ بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق باش بێ. بەڵام بارزانی دەیوت: من ئاغا یان کۆمۆنیست نیم و یان وابەستەی حکومەتێك، و بۆ گەیشتن بە ئارەزووی کوردستان تەنیا ڕووسیا بەرژەوەندی خۆی لە پاڵپشتی ئێمەدا

دەبینێت. تورکیا وئێران وعێراق بە لەدەستدانی کوردستان لاواز دەبن و هەر سێکیان نۆکەر و ئەڵقە لەگوێی ئەمریکا وئینگلتەران. بەڵام دەوڵەتی پووسیش زۆر مەرد نییە.[٥٨]

لە ساڵی ١٩٥٨دا دوو لایەن هەبوون، عەبدولکەریم قاسم لەگەڵ دیموکرات و لیبرالەکان بوو، عارفیش نەتەوەیی و ناسیۆنالیست بوو و بەعسییەکانیش لەگەڵ ئەو بوون. عەفلەق لە سووریا بوو و جۆرێک پەیوەندیی لەنێوان عێراق و سووریا بوو، لە هەموو لایەکەوە پەیوەندیی لەگەڵ کورددا لاواز بوو، بەڵام کوردەکان لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم پەیوەندییان بوو. کاتێک عەبدولکەریم قاسم کەوتە ڕێ، لە کوردستان پارتی دیموکرات لە ڕووی چەندیەتیەوە زۆر بوو. بەڵام لە ڕووی چۆنیەتیەوە وەها دۆخێکی باشی نەبوو. کوردە سۆشیالیستەکان (کاژیک)یان دامەزراندبوو کە پێیان خۆش بوو هەمزە لابراوە و دژی جەلال و ئیبراهیم بوون و بە بۆرژوایان دەزانین.

لە ١٤ی تەموز لە بەرنامەی جۆراوجۆردا، شەو و ڕۆژ هەڵبەست و وتار سەبارەت بە شتی جۆراوجۆر دەخوێندرایەوە و لەم بارەوە پارتی و شیوعی ڕکەبەریان هەبوو. بەرنامەی شەوی شیعر و لێدوان لە زۆر شوێندا بەردەوام بوو. بارزانی بە ماوەیەکی کورت بە بۆنەی جەژنی قوربان یان ڕەمەزانەوە چوو بۆ باکووری عێراق. لە شارەکانی سەر ڕێگەدا پێشوازییەکی بێ وێنەی لێکرا. بارزانی بە مەبەستی ئاشتکردنەوەی مەحموود ئاغای زێباریی و لەناو بردنی دوژمنایەتی و ڕق و قین، کچەکەی ئەوی وەکوو ژنی سێیەمی خۆی مارە کرد و مەسعود بارزانی ئاکامی ئەو وەسڵەتە بوو. گەرچی بارزانی ٣ هاوسەری هەبووە[٥٩] و لەهەرکامیان منداڵی جیاوازی هەبووە. شێخ ئەحمەد زۆر جار دەچوو بۆ ڕاوی مەڕەکێویی ئەگەر مەڕە کێویی دەست نەکەوتایە، بەچکە گورگی دەگرت، پاشان لە ژێر داربەڕووەکاندا دادەنیشت و خەڵکی زۆری لێ کۆدەبووەوە و ئەمجار سەگی هاریان تێبەر دەدان کە ئەو بەچکە گورگە بەستەزمانانە لەتوپەت بکەن، خەڵکیش ئەو دیمەنە ناحەزەیان دەبینی و شادمانییان دەردەبڕی. شێخ کردەوەی سەیری هەبوو، کەم قسە و هێمن و لەسەرخۆ بوو، وەکوو سەرۆکێک دەینواند، هەمیشە ڕێزی بۆ عەبدولکەریم قاسم پیشان دەدا و دەیگوت: ١٠، ١١ ساڵ چاوەڕوانی بەڕێوەچوونی حوکمی لەسێدارەدان بووم، بەڵام بە دەستی ئەو ڕزگار بووم. لە ژووری میوانخانەکەیدا پێستی پڵنگ هەڵواسرابوو و کاتێک

فوئاد عارف لەلایەن قاسمەوە سەردانی کرد، وەکوو دیاریی ناردبووی بۆ قاسم. شێخ هەوڵی دەدا کە سنووری سووریا تا ئێران بۆ عەبدولکەریم قاسم بپارێزێ. عەباس مامەند ئاغاش لەگەڵ بارزانی چووبوو بۆ بەغدا. بە منیان گوت کە وەکوو ئەفسەرێك لەگەڵ شێخ ئەحمەد و هاورێیانی، بچنە بارزان. شێخ سادق گوتی: لە بەغدا چاوپێکەوتنم لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم هەبوو، ماوەیەك بوو کە کێشەی شێخ ڕەشیدی لۆلان لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم کۆتایی هاتبوو و شێخ ئەحمەد تواناکانی خۆی دەرخستبوو کە سنووری حاجی هۆمەران تا زاخۆ بپارێزێ، بەو مەرجەی چەکی بۆ دابین بکات. ئەویش گوتبووی ئەفسەرێك دەبێ چاودێر و پەیوەندداری هەردوو لا بێ. لە ژوورەکەی قاسمدا ناوی منیان دابوو، بەو بۆنەوە من بوومە ئەفسەری نێوان بارزانی و حکومەت و بڕیار بوو لە ڕەواندزەوە چەکیان بۆ ببەم. چەکە کۆنەکانی بەرهەمی وڵاتی چیك، کە پاشماوەی جەنگی جیهانی دووهەم بوو، بە لۆریی بردم بۆ بارزان. شێخ ئەحمەد گلەیی هەبوو و دەیگوت: چەکی بێ فیشەك بە کەڵکی چی دێت؟ کە پاشان لە هەولێرەوە فیشەکم بۆ دابین کرد.

"لە ۱۹۵۹ دا دژی حکومەت هەستاین و بارزانی بۆ خزمەتکردنی لە حکومەت چەکی لە عەبدولکەریم قاسم وەرگرت و دژی ئێمە وەستا. دوای دەرکردنی فەرمانی لێخۆشبوون لە لایەن قاسمەوە، لە باوکمیان پرسی کە خواستی چییە؟ بڕیار بوو کە ناوچەکە لە هێزەکانی حکومەت پاك بکرێتەوە و سەرۆکی هۆزەکان لە زیندان ئازاد بکرێن، چونکە کێشەیەکی ترمان لەگەڵ حکومەت نەبوو. لە ساڵی ۱۹۵۹ ئەنجومەنی خوێندکارانی کوردمان لە ئەوروپا پێکهێنا کە ۱۹ ئەندامی هەبوو. لەو سەردەمەدا دوکتۆر کەمال فوئاد لێپرسراوی حیزبی لە ئەوروپا بوو و لە ئەڵمانیا دەژیا. ئێمەش لە بەریتانیا چالاك بووین و لەگەڵ خوێندکارانی کورددا تێکۆشانی حیزبیمان هەبوو. چالاکیی ئێمە بە باشی هەست دەکرا، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە لە ناو وڵاتی خۆماندا کاریگەرییەکمان نەبوو، زۆرتر ڕۆڵی نوێنەرایەتی و تریبۆنی حیزبیمان هەبوو، کە بە شێوەیەك بانگەشەمان بۆ ڕاپەڕینی کوردەکان هەبێ و پشتگیریی بکەین لە بزاڤی سیاسی و جەماوەریی خۆمان لەو وڵاتانەدا، ئەگەر لە هەر ناوچەیەکدا شتێك ڕووی بدایە، بە خێرایی ڕاماندەگەیاند بە ڕۆژنامە و میدیاکان و لێپرسراوان، و بەو ڕاگەیاندنانە پشتگیرییمان دەکرد و یارمەتی زیندانییە سیاسییەکانمان دەدا. چەند ساڵێك دەبوو کە

ڕەگەزپەرستە عەرەبەکانی وەک میسر و سوریا و عێراق خوازیاری عەرەبەکانی ئێران بوون و ناوی کەنداویشیان بە کەنداوی عەرەبی گۆڕی"[٦٢].

سەید عەزیز شەمزینی بە یارمەتی موحەممەد ئەمین دەربەندفەقەرەیی و میر حاج و....وازیان لە بارزانی هێنا و بارزانیش سەری لێ سوور مابوو. مام جەلالیش لەو کاتەدا بەراستی کۆڵەکەی بینای مەکتەبی سیاسی بوو و لەسەر ئەو ڕوانگەیە بەرانبەر کوردەکان و ناکۆکی لەسەر میللەت بوون یان نەبوونی کورد، لەگەڵ شیوعییەکاندا کێشەی کۆنی بوو. شیوعییەکان بێجگە لە هەزاران ئەندام و لایەنگر، لە ناو کەمایەتییەکانیشدا لایەنگری زۆریان هەبوو. ئیبراهیم ئەحمەد هەناسەی هەڵدەکێشا کە بۆ دەبێ کورد بچێتە لای شیوعی و نەیەتە لای گەلەکەی خۆی. ساڵی ١٩٥٨ هێشتا کۆتایی نەهاتبوو کە ئامانجی یەکێتی عەرەبی بە شێوەیەک لەناو عێراقدا تەقییەوە و بەعسییەکان و نەتەوەپەرەستانی عەرەب خوازیاری یەکگرتنی گشتی لەگەڵ میسر بوون. دژایەتی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم دەستی پێکرد. عەرەبەکان داوای یەکگرتنیان دەکرد، بەڵام شیوعییەکان نەیاری ئەو کارە بوون و دروشمی شیوعییەکانیان دەدڕاند. پارتی دەیگوت ئەگەر دەوڵەتە عەرەبەکان یەک بگرن دەبێ ئۆتۆنۆمی بە کوردستان بدەن. دەبێ هەرێمی کوردستان سەربەخۆ بێ. لە ٤ی نیسانی ١٩٥٩دا، ڕۆژنامەی خەبات ئەو داخوازەیەی دیسان دووپات کردەوە. ناوچەی کەرکووکیش لە ئاگری دووبەرەکی و کێشەی حیزبەکان دەسووتا.

"هەندێ لە لێپرسراوانی حیزبیش خۆیان لە ڕیزی ئاغاکاندا بوون وەکوو مام جەلال، عەلی عەسکەریی و ئاغاکانی دیکە کە بە هۆی ئاشنایەتی و خزمایەتی سەردانی مام جەلالیان دەکرد و دژی یاسای دابەشکردنی زەوییەکان بوون. بە کورتی زۆربەی لایەنەکان کارێکیان کرد کە عەبدولکەریم قاسم بە ناچاریی دیموکراسی وەلا نا و پەنای بردە بەر شێوازی دیکتاتۆریی. زۆربەی هۆزەکان لە لایەنی جەلال پشتگیرییان دەکرد. لە ساڵی ١٩٥٩دا، چوومە لای باڵی جەلال. مرۆڤێکی خەباتکار و کوردپەروەر بوو و ئامانجی ئەو، سەرۆکایەتیکردن بەسەر عەشیرەت و بارودۆخی تاکی خۆی نەبوو. هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بوو کە ناسنامەی کوردیی بناسێنی و کوردەکان بتوانن لە سیاسەتدا بەشدار بن و بە ئاکامێک بگەن، ئەگەرچی بارزانییش ئەو قسانەی دەکرد، بەڵام بە کردەوە شتی وا هەر

نەبوو. لە نێوان ڕۆشنبیرانیشدا ئامانجەکان جیاواز بوو. لەلایەکەوە ویستەکان بەجێ بوون و نیازیان بە بوونی بارزانی هەبوو، مرۆڤی بەرز بوون و بزاڤ و لایەنەکانی بارودۆخی جیهانییان شوێنگیریی دەکرد، بارزانییش خۆی بە سەرۆک عەشیرەت دەزانی و عەشیرەتە کۆنەکان لە دەوروبەریدا بوون، ئەو دەیزانی کە پێویستە خەڵکی ئاسایی لە دەوروبەریدا بن، بەڵام لە خەیانەتی عەشیرەتەکانیش هەستی بە مەترسی دەکرد و هەوڵی دەدا لە دەوروبەری خۆیدا ڕایانگرێ. لە کەرکووک نەخشەی کوردستانیان دەفرۆشت بەو شێوەیە پارە بۆ حیزب کۆ دەکرایەوە. نازم تەبەقچلی نەخشەکەی دەرهێنا و گوتی: کەرکووک بەشی کوردستانە؟ ئێمە یەکێتیمان هێناوەتە ئاراوە نەک جیاکردنەوە.

نەتەوەپەرەستان لەناو حکومەتدا دژی کوردەکان بوون. کاتێک بارزانی هاتەوە، من چووم بۆلای ئەڵبەت یەکەم جار لە ساڵی ۱۹۴۳ لە بەغدا دیبووم. ماڵی لە ساڵحیەی بەغدا بوو. لە ساڵی ۱۹۵۹ شێخ ئەحمەدیش لەوێ بوو . لە هەندێ بابەتەوە جیاوازیی لەنێوان شیوعی و پارتی بوو. شێخ ئەحمەد مەلا مستەفای بانگ کرد و گوتی: مستۆ باشترە لە ڕێگەی ئاشتییەوە ئەو جیاوازییانە چارەسەر بکرێنێ. پاشان گوتی: ئەوان ۱۲ ساڵ پشتی ئێوەیان گرتووە، بۆچی دژی ئەوان قسە دەکەن؟ لەگەڵ مەلا چووینە ژوورێکی دیکە و زۆر بە خێرایی کێشەکانمان چارەسەر کرد. پەیوەندیی لەنێوان کورد و عەرەبدا بوو و هۆز و ئایین دەورێکی ئەوتۆی نەدەبینی. لەنێوان ئێمەی خوێندکاردا پەیوەندییەکی باش هەبوو. پاش کودەتاکەی شواف بارانی تۆمەت دەست پێکرا و کێشەی سیاسی نەتەوەیی هاتە پێشەوە".[۶۳]

"بەڵام زۆری نەبرد کە دەرکەوت دروشمەکانیان و ئامانج و خواستەکانی ڕێبەری عەرەب هاوتا نییە و ئەم مەسەلەیە جۆرێک خەڵەفان بوو کە زیاتر و بەدڵێکی گەرمتر و پێداگری زیاترەوە کوردەکان کۆ بکەینەوە. خۆراکمان نەبوو. تا درەنگانێکی شەو کارو چالاکیمان هەبوو. بەردەوام جەنگی بۆچوون و بڕوای نێوان حیزب و سیاسیەکان دەستی پێکرد. حیزبی شیوعی لە هاوینی ۱۹۵۸دا، لە سەرانسەری کۆیە چەند گرووپی بچووکی هەبوو دەسەڵات و توانای ڕێکخستنی لاواز بوو. بەڵام کاتێک عەبدولکەریم قاسم هات دۆخی ئێمە باشتر بوو. بارزانی هاتەوە و بەردەوام کورد لە گۆڕەپانی سیاسەتدا ناوی دەرکرد و

لە قوتابخانەی ناوەندیدا سەبارەت بە مافی کورد لەگەڵ عەرەبی شۆڤێنی و بەعسییەکاندا باس و گفتوگۆمان دەکرد. ساڵی ١٩٥٨ لە دیمەشق خالید بەگداش بوو بە سکرتێری حیزبی شیوعی کە خۆی کورد بوو. ئێمە خوێنکارانی کورد چووین بۆلای. ئەو دەستی کرد بە کوتانی بیری ناسیۆنالیستی کە ئەوە بیری زایۆنیزم و ئەمپریالیزمە و ئەم ڕووانگە کوشندەی بوو. من لەبەر دۆخی سیاسی شاری کۆیە ببووم بەشیوعی بەڵام لەو دیدارەدا بۆم دەرکەوت کە هەڵخەڵەتاوم و پاش ئەوە بەتەواویی دەستم لێ داشۆری. دۆخی قاهیرەش لەو دەمەدا دۆخی ناسیۆنالیزمی گرژی عەرەبی بوو و ئێمە جۆرێك بۆچوون و ڕوانینی کوردیمان هەبوو. لە تەموز تا تشرینی دووەمی ١٩٥٨، بەرەبەرە پارتی و بزووتنەوەی کوردی بوونێکی ڕەسمییان وەرگرت و کۆمۆنیستەکانیش لە گەڵ کوردەکان ناکۆکییان هەبوو..

لەدواییدا د. کەمال فوئاد و سالح حەیدەریی و... هاتنە ناو پارتی و هەمزە عەبدوڵڵاش گەڕایەوە و ئەمجارە بە بیری نەتەوەیی، بەڵام لە ١٩٥٩دا دیسان دەرکرایەوە. ئەو هەمیشە لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەددا ناکۆك بوو. چوونم بۆ کۆلێژی داد و بینیم مام جەلال لە ژێر داڕێکدا دانیشتووە و دەرس دەخوێنێ. بابە تاهیری حەفیدیش لەوێ بوو و ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە. لە بەغدا بە یارمەتی بارزانی کۆبوونەوە پێکهات و بڕیاری لابردنی ٤، ٥ کەس درا و داوام لە مام جەلال کرد زوو واژۆی بکات، چونکە مەترسی ئەوە هەبوو کە باڵی لایەنگری شیوعی پەشیمانی بکەنەوە. چووین بۆ مەکتەبی سیاسی. نەژاد ئەحمەد عەزیز لە باڵیۆزخانەی چیك کاری دەکرد، ئاگادار بوو و تەلەفونی کرد کە بزانێ چی بووە. عەلی عەبدوڵڵا وەڵامی تەلەفونەکەی دایەوە و گوتی: ئەوانەی حیزبیان دروست کردووە دیسان دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە. ئیبراهیم بە سەفەر چووبوو بۆ ئەفریقا کە سەبارەت بە کورد لێدوان بدات. لە نەورۆزی ١٩٥٩دا، لە خانقین کۆبوونەوەیەکمان ساز کرد و چەند ئەفسەری کوردیش هاتن و بەشداربیان تێدا کرد. بەڵام ئەمە وەکوو خەباتێك لەسەر سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان سەیر دەکرا، بە جۆرێك کە بارزانی، ئیبراهیم ئەحمەدی لە ١٩٥٩ لەو پۆستە لابرد و هەمزە عەبدوڵڵای خستە جێگەی ئەو. بەڵام وەك هێرشکردنە سەر سەرۆکایەتیەکەی لە پارتی دیموکراتی کوردستان تەماشا دەکرا ، بە

چەشنێك كە بارزانی، ئیبراهیم ئەحمەدی لە ۱۹۵۹ دابڕاند و هەمزە عەبدوللای كردەجێنشینی خۆی". [۶۴]

عیسمەت شەریف وانلێش دەگێڕێتەوە "ئەڵبەت لە ساڵی ۱۹۶۰ لە بەغدا كۆنگرەی قوتابیانی زانكۆی سەربە پارتی بەسترا كە زۆرینەی قوتابیان كۆمۆنیست بوون و ئەوانەشی كە لە پراگ بوون بەم شێوە بوون. لەو كاتەدا من بەرپرسی قوتابیانی زانكۆی ئەوروپا بووم. پارتی وەك پاڵپشت و پارێزەری قوتابیانی كورد هەژمار دەكرا و بەم هۆیەوە من چووم بۆ بەغدا. چونكە دوای كودەتا، عەبدولكەریم قاسم وتبووی كە كوردەكان لە عێراقدا هاوبەشن و یاسای بنەڕەتی، مافی كوردەكان بە ڕەسمی دەناسێنێ و پێشكەوتنی ئەوانیش گەرەنتی دەكات و ئەمەش گوتەیەكی ئاقڵانە و لۆژیكی بوو كە لە یاسای بنەڕەتی وڵاتێكدا ئەم بابەتە هەست پێبكرێت كە مافی كوردان پارێزراوە و بە شێوەی فەرمیش ئەم بابەتە ڕابگەیەنێت و بەم هۆیەوە، ئێمە بە دیدی پۆزەتیڤانەوە لە مەسەلەكەمان دەڕوانین".

"بارزانی سەرەتا جەلالی وەك كوڕەكەی خۆی خۆش دەویست بەڵام كاتێك مام و ئەحمەد ماوەیەك لە خزمەتی مەكتەبی سیاسی ۱۹۵۳ دابڕان، ئەمە بووە هۆی كەمێك دووركەوتنەوەی ئەو دووانە لە یەكتر. لە كۆتایی ۱۹۵۹ لە نێو پارتیدا ئەو ڕوون بوو كە دووچاری جیابوونەوە و كەلێن تێكەوتن دەبێت و دژایەتیەكە بە تەواوی هەستی پێدەكرا. مام جەلال دوای سووریا هاتەوە عێراق و دوای كودەتا، بەخشرا و بۆ كۆلێژی ماف گەڕایەوە. لە ئۆتێلی تروكادرۆ ژوورێكی هەبوو مەسعوود محەمەدیش لە شارع ڕەشیدەوە ۴ كیلۆمەتردوور بوو و بە پێ بۆ زانكۆ دەچووین و زۆربەی بەیانیان قاسممان دەبینی كە دەچووەوە بۆ ماڵەوە و چەپڵەمان بۆ لێدەدا و دەستمان بۆ ڕادەوەشاند.

كاتێك كە مام جەلال لە بەغدا خوێندكار بوو، زۆر جار سەرم لێدەدا. لە هۆتێل (الكبیر) دادەنیشتین و قسەوباسمان دەكرد و شەو و ڕۆژانێكی خۆشمان ڕادەبوارد. لە ساڵی ۱۹۵۸دا مام جەلال بە تەواویی لە زانكۆ داد دەركرا، كە ئەڵبەت دوای ساڵی ۱۹۵۸ زۆربەی خوێندكاران وەرگیرانەوە و دەرسەكەیان تەواو كرد و بەڵگەی پارێزەریی دادگایان وەرگرت، بەڵام هیچكاتێك بەهرەیان لێ وەرنەگرت و دەبوو ساڵێك و ۹ مانگ بچوونایە بۆ

سەربازیی. مام جەلالیش ساڵێك سەربازیی کرد، ئەڵبەت ئەو بە ئاشکرا ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی نەبوو چونکە بە پێچەوانەی قانون بوو، بەڵام بێگومان لەو بوارەدا چالاك بوو. لەو سەردەمەدا کە مام جەلال سەرباز بوو، بە نهێنی کاروباری حیزبی ئەنجام دەدا، هەر لەو کاتەدا وەکوو نووسەر و سەرنووسەر بۆ ڕۆژنامەی خەبات کاری دەکرد و لە ڕاستیدا لێپرسراوی بەشی بانگەشەی پارتی بوو.

ناخوشی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد دەگەڕایەوە بۆ کاتی گەڕانەوەی بارزانی بۆ ناوچە ی کوردستان. لە ناو فرۆکەکەدا لە ئانوساتی گەڕانەوەکە ساردییەك کەتبووە نێوانیان. هەرکام بەرانبەرەکەیان بە هۆکاری ڕێگری لە بیرکردنەوە و کاری خۆی دەزانی. بەڵام دەستیان لە یەکتر نەدەشۆری، چونکە هەردوو پێویستیان بە یەکتر هەبوو. بنچینەی پارتی حەمزە عەبدوڵڵا بوو ـ کە خەڵکی تورکیایە و ناسنامەی عێراقی وەرگرتووە ـ پەیڕەوی بیری مارکسیستی بوو و لە دامەزرێنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی ئەژمار دەکرا ـ کە لەگەڵ فەهد هاوڕێیەتی هەبوو ـ و هەروەها دامەزرێنەری پارتیش بوو. پێشتر بەر لە کۆماری مەهاباد چووە ئێران و دوای گەڕانەوە، دامەزراندنی پارتی دەست پێکرد و لە ساڵی ١٩٥٩ لە حیزبیش هاتە دەرەوە و دووبارە گەڕایەوە بۆ هێڵی فیکری و قوتابخانەی کۆمۆنیستی. ڕوسەکان پۆستیان دایە و ناردبوویانە ناوچەکە کە لە کوردستانی عێراق پارتی دابمەزرێنێت".[٦٥]

مام جەلال لەگەڵ دەستەیەك لە ئەفسەرەکان دەنێرن بۆ فێرگەی تانگ، ئەگەرچی چەند کەسیان پێشتر لە ڕووسیا ئەو خولەیان تێپەڕ کردبوو. شەوێك مام نۆبەدار دەبێ و هەروا دەفتەرێك سەبارەت بە تانگ دەخوێنێتەوە کە کات بەسەر ببات و خەوی لێ نەکەوێ. بەیانی ڕۆژی دواتر لێپرسراوێك دێت و پرسیار دەکات کام ئەفسەر فێرگەی لە ڕووسیا تەواو کردووە؟ لە چەند کەسیان پرسیار دەکات مامەش گوێی لێ دەبێ و دەبینێ وەڵامەکان زۆر دروست نین. ئەگەچی ئەو دەفتەرەی بۆ تاقیکردنەوە نەخوێندبوو، بەڵام دەست بەرز دەکاتەوە و وەڵامە دروستەکەی دەڵێ. ئەفسەری چاودێر لە زیرەکی و وەڵامی دروستی ئەو، زۆر شاد دەبێ.

لـه کـاتی خەباتـدا مـام جـەلال زۆرتـر سـەرقالّی کاروبـاری پێـشمەرگایەتی بـووە و دەرفەتێکی ئەوتۆی بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی نەبووە و لە ساڵەکانی ۶۴ تا ۶۶ کـە لایـەنێك جیا بوونەوە، دیسان ڕۆژنامەی (خەبات)ی بـڵاو کـردەوە. ئـەزموونی کـاری ڕۆژنامەنووسـی مام جەلال لە ڕۆژنامەکانی خـەبات و النـور شـایانی سـەرنج بـوو. ئـەو لـە سـاڵی ۱۹۵۹دا، یەکێك لە لێپرسراوانی ڕۆژنامەی خەبات بوو و بە هۆی ئەوە کە ئەفسەر بوو نەیدەتوانی بـە ناوی خۆیەوە وتار بنووسێ، بۆیـە بـە نازناوی (پـێرۆت) وتـاری دەنووسـی و گۆشـەیەك لـە بارودۆخی خەڵکی کوردستانی ڕوون دەکردەوە و بیروڕای خۆیشی دەردەبڕی. لـە لاپـەڕەی ۳دا بەشێکی تایبەتی هەبوو کە زۆرترین خوێنەری لە نێوان عـەرەب زمانەکانـدا هـەبوو. لـە (طریق الشعب)یش بەشی ابوسعدی خوێنەری زۆری بوو کە ئەو بەشە ناوی (الیومیانی) بوو. ساڵی ۱۹۵۹ پاش کودەتای عەبدولکەریم قاسم لـە کـەرکووك لـە مـاڵی شـێخ حـەبیب مـام جەلالم بینی و نازناوی پـێرۆت بـوو واتـە ناوەکـەی مـن کـە ڕۆژنامەکانـدا بـەو نـاوە وتـاری دەنووسی و کێشەی زۆریشی بۆ من دروستدەکرد.

دەوری مام جەلال لە گۆڤاری ڕزگاریی لە ساڵی ۱۹۵۹دا ئەوە بـوو کـە لەگـەڵ حیلمـی عەلی شەریف کە نووسەرێکی هەڵکەوتە بوو، وتارێکیان بڵاو دەکردەوە کـە هـەم بۆچـوونی خۆیان دەردەبڕی و هەم بۆچوونی پارتی. لەو کاتەدا مەسعوود موحەمـەدیش لـە ڕۆژنامـەی (الحریة) چەند وتاری توندی سەبارەت بە پارتی و ڕۆژنامەی خـەبات بـڵاو کـردەوە کـە مـام جەلال لە زنجیرە وتارێکدا وەڵامی دایەوە. هەروەها وەڵامـی بۆچـوونەکانی بـەهادین نـووری دایەوە کە لە ڕۆژنامەکانی الاتحاد و الشعب و ئـازادیی بـڵاو ببوونـەوە، هـەروەها پـشتگیریی کرد لە هەڵوێستی حاجی قادری کۆیی لـە بەرانبـەر ئەرمەنییەکانـدا. و ئەڵبـەت لـە نیـسانی ۱۹۶۰ جەلال ڕۆڵێکی گەورەی لە ئاراستەکردنی هێزە سەربازییەکانی بارزانی هەبوو. مـام جلال لە ۱۹۵۹وەك ئەندامی کۆمیتـەی بـەرێوەبردنی یـەکێتی ڕۆژنامەنووسـانی عێـراق هەڵدەبژێردرێت و لە ۱۹۶۰ سەفەری بولگاریای کرد، هەمان شێوە کە دواتر مام جـلال بـۆ هاوڕێکـانی باسـکردبوو کـە ئەگـەر ڕێگـەی سیاسـەتی هەڵنەبـژاردبا، بـە تـەواوی دەبـووە ڕۆژنامەنووس، بەڵام وەك بڵێت جەلال تەنیا و تەنیا بۆ سیاسەتکردن لە دایك بووبوو.

لە سالآنی دواییدا مام جەلال لە فڕینگەی بەغدا هات بە دەنگمانەوە، بەلآم لەپڕ لە سالّی ١٩٦١دا، خۆی شاردەوە، واتە حەفتەیەك لە مالّی ئێمە خۆی شاردەوە. مێردەکەم ئەفسەر بوو، ڕۆژێك هاتەوە مالّ و گوتی: میوانمان هەیە. من لە دەموچاوی شاردراوە و چاویلکە هەتاوییەکانی نەمناسییەوە، سەلامی کرد و گوتی: نامناسیتەوە؟ ئەمجار لە ڕووی دەنگ و پێکەنینەکەیەوە تازە تێگەییشتم کە جەلالە. بەڕۆژدا من و مێردەکەم دەچووینە سەر کار و دلّناز کچە ٤ مانگەکەم لای ئەو بەجێ دەهێشت کە منداڵداریی بکات. لە مالّەوە گۆڤار و ڕۆژنامەی جۆراوجۆری دەخوێندەوە و بۆ ساتێکیش بیکار نەدەبوو. شەوانەش لەگەلّ مێردەکەم دەکەوتنە باس و گفتوگۆی گەرمی سیاسی و دەربارەی داهاتووی کوردستان زۆر پلانی هەبوو. لە فێربوونی وشەی ئینگلیزیی ئەستەمدا توانایەکی سەیری هەبوو کە جاری وابوو من و مێردەکەم سەرمان سووڕ دەما. مێشکێکی زۆر سەیری هەبوو. چون زاکیرەیەکی زۆر باشی هەبوو لە سالّی ١٩٦٠دا، جاربەجار کەسانی سیاسی وەکوو خالید سەعید دەهاتە بەغدا. بەلآم مام جەلال کاریزمای تایبەتی خۆی بوو و لە کۆیە و لە کوردستان و لە نێوان خوێندکاران و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەی بەغدا وەکوو نموونەیەك وابوو.[٦٧]

هەوالنامەی کێبڕکێ

****

بەیانیی ئەو ڕۆژە کە حکومەت ڕووخا، زۆر ماندوو بووم. چونکە قادر تەگرانی، خاوەن خانووەکەم تای هەبوو و سەراسەری ئەو شەوە پەرەستاریم لێکرد و تا درەنگانێك سەهۆڵم دەخستە سەر سەری و دەمەوبەیانی کە خەوی لێکەوت، منیش خەوتم. یەك دوو سەعاتی پێ نەچوو بوو کە قیژەقیژی قادر لە خەو بە ئاگای کردمەوە وەك شتێ توزێك باش تر بووبوو . بەوم گوتبوو کە ناوم کاك عەبدوللّایە و نەیدەزانی کە نیوی واقعیی من جەلالە. هاتەسەر سەرینەکەم و گوتی: کاك عەبدوللّا! کاك عەبدوللّا! هەستە کاکە گیان، حکومەتی بەغدا ڕووخا، مەلیك ڕۆی، بابەعەلی جێی ئەوی گرتووەتەوە! ئەلّبەت بابەعەلی بووبووە وەزیر و ئەو لە زمانی عەرەبی ڕادیۆکە وا تێگەییشتبوو، من لە سەرەتاوە وامزانی ئەم قسانە بە هۆی تاکەی شەوی ڕابوردووی بووە و وڕێنە دەکات، خۆیشی نازانێت چی دەلّێت، یان

گالّتەم لەگەلّ دەکات و ڕادەبوێریت. منیش لەژێر لێفەکەوە گوتم: واز بێنە تۆ زاتی خوا، لێم گەڕێ با تۆزێك بخەوم کاکە قادر. دیم واز ناهێنێ و سوێند بە خودا و قورئان دەخوات و پێی داگرتووە کە ڕادیۆکە هەلّکەم و گوێ لە دەنگوباس بگرم.

منیش ڕادیۆکەم هەلّکرد و گوێم لە دەنگوباس گرت، دیتم شتەکە ڕاستە و کودەتا کراوە و حکومەتی عێراق ڕووخاوە. خێرا هەستام و جلوبەرگەکانم لەبەر کرد و لە خۆشاردنەوە هاتمە دەرەوە و سەرەتا چووم بۆ مالّی کاك موحەممەد حاجی تاهیر خەلّکی کۆیە و لێپرسراوی پارتی لە سلێمانی و چەند کەسێکم کۆکردەوە کە خۆپیشاندان ڕێك بخەین بۆ دانپێدانان بە حکومەتی نوێ. چووین بۆ حامیە و سەربازخانە و هانماندان کە پشتگیریی لە حکومەت بکەن. بەڕاستی نازانم شێخ ئەحمەد ئینگلیزەکان بانگیان کردبوو یان نا، بەلّام ئەو سەرۆکی ڕۆحی و وتاپێی بارزان بوو و پێیان دەگوت خودانی بارزان و لە ڕێگەی تەریقەتی نەقشبەندیی خاوەنی بارزان بوو. بۆ خەلّك و موریدەکانی، قسەکانی وەکوو قورئان و وەحی وابوو، کاتێك ئەو دەدوا، مستەفا بارزانی متەقی لێ دەبڕا و هیچی نەدەگوت و تەنانەت نەیدەویست دانیشێ. هەموو پەیڕەوییان لێدەکرد. شێخ ئەحمەد لە کاتی خۆیدا ناوبانگی دەرکردبوو بە مرۆڤێکی ئاشتیخواز و هێمن، تەنانەت ئینگلیزەکانیش دەستگیران کردبوو، بەلّام ئازادیان کردبوو.

کاتێك لە ۱۴ی تەمووز ژەنەرالّ عەبدولکەریم قاسم[۶۸] ڕاپەڕی، شێخ ئەحمەد لە زیندانەدا بوو و دوای ئەوە لەوانەیە بۆ دامەزرانی ئاشتی و.....قسەیان لەگەلّدا کردبێ. بەم بۆنەوە پاش ژەنەرالّ عەبدولکەریم قاسم، من هەلّوێستم وەرگرت بەرانبەر موحەممەد ڕەزا پەهلەویی شای ئێران، چونکە هەندێ لە کوردەکانی ئێران وەکوو غەنی بلوریانی[۶۹] خستبووە زیندانەوە. ئێمەش لە نووسراوەکانماندا ناڕەزایەتی خۆمان دەربڕیبوو و هەموو ڕۆژێك لە ڕۆژنامەکاندا دەماننووسی و واژۆمان کۆدەکردەوە کە ئەوان ئازاد بکەن.

سەرهەنگ مەنسورپوور ئەندامی سەربازیی ئێران لە بالّیۆزخانەی ئێران لە بەغدا بوو کە لە ئاهەنگێکدا دیتم و بە شێوەیەکی دڵپەڕۆشانە گوتی بۆچی ئاوا بێ بەزییانە هێرش دەکەینە سەر موحەممەد ڕەزا پەهلەویی شای ئێران؟ "وەڵاّ موحەممەد ڕەزا پەهلەویی لایەنگر و دۆستی کوردانە" ...شا ئاوا دەڵێ و ئاوا دەکات و...زۆر بەباڵایدا هەڵی دا، ئێمەش لە وەڵامدا گوتمان: ئەی بۆ قازی موحەممەدی لە سێدارە دا؟ ئەویش بێ وچان گوتی: هەڵەی کرد. پاشان دەربارەی دەستگیریی کوردەکان پرسیارمان کرد، ئەویش گوتی: ئەوانە شیوعین و بە هۆی کورد و کوردستانەوە دەستگیر نەکراون و لەو جۆرە وردە فەرمایشتانە...

لە کاتی کودەتای عەبدولکەریم قاسم لە ۱۹۵۸دا، ئەندامی دەفتەری سیاسی بووم. ئێوارەی ئەو ڕۆژە بەیاننامەیەکمان بڵاّو کردەوە، کە لە کتێبەکەمدا بە ناوی (کوردستان و الحرکة القومیة و الکردیة)[۷۰] هاتووە و گوتم: گۆڕانکاریی ئازادیی عێراق لە پاشایەتی کۆنەپەرەست و کۆتوبەندی ئیمپریالیزم، کە هیوادارم سەرەتایەکّ بێ بۆ ئازادیی و دیموکراسی و ئێمەش بە هەموو هێزێکمانەوە بتوانین پشتگیریی لێبکەین و کۆماری تازەدامەزراوی عێراق بپارێزین. پاشان دەستەیەکمان دروست کرد و ناردمانن بۆ بە غدا، بە مەبەستی پیرۆزباییکردن لە عەبدولکەریم قاسم، سەرپەرستی ئەو گرووپە لە ئەستۆی ئیبراهیم ئەحمەددا بوو. ئەویش لە وتارێکی دوورودرێژدا لە ناوەڕاستی حەوشەی وەزارەتی بەرگریی، پیرۆزبایی لە عەبدولکەریم قاسم کرد و پشتگیریی گەلی کوردی ڕاگەیاند

پاشان ئاماژەی کرد بە مێژووی برایەتی کورد و عەرەب و گوتی: بۆ و چۆن بەریتانیا کوردستانی خستە ڕیزی عێراق و بڕیار وابوو کە ماف کوردەکان بدات، بەڵاّم نەیدا و ئێستا کە کۆماری نوێ دروست بووە هیوادارم ماف سەربەخۆیی کوردەکان بدەن و دیموکراسی سەقامگیر بکرێ. پاش ئەو بەرنامەیە بەغدا بوو بە گۆڕەپانی چالاکییەکانی ئێمە و داوای بڵاّوکردنەوەی

رۆژنامه و گۆڤاری ڕزگارییمان کرد و من له هەردووکیاندا کارم دەکرد و پشتگیرییمان له بزاڤی دیموکراتیی حکومەت دەکرد. له ۱۴ی تەمووزی ۱۹۵۸دا، هەوڵمان دا لێخۆشبوون بۆ مستەفا بارزانی وەربگرین و بڕیار درا شێخ ئەحمەدیش بگەڕێتەوە بۆ بارزان.

ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم بڕیاری دا زیندانییە سیاسییەکانی بارزانی ئازاد بکرێن، تەنانەت چەند خانوویەکیشیان بۆ ساز کردن و مووچەی مانگانەشیان بۆ دیاریی کردن. پاشان بڕیاری دا کە مستەفا بارزانی بگەڕێتەوە. دوو کەس لە پارتی دیموکرات، ئیبراهیم ئەحمەد و حاکم جەوهەر عەزیز دزەیی چوون کە پاسپۆرتی بۆ ساز بکەن، سەرەتا چوونە لای خوالێخۆشبوو تاهیر یەحیا بەڕێوبەری گشتی پۆلیسی ناوخۆ و ئەویش ناردنیە لای وەزیری ناوخۆ واتە عەبدولسەلام عارف و ئەویش کارەکەی جێبەجێ کرد و بڕیار درا شێخ سادق [۷۱] و عوبەیدوللا و ئیبراهیم ئەحمەد و نووری ئەحمەد تەها ببنە دەستەی گەڕاندنەوەی مستەفا بارزانی.

ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارف پێشنیازی کرد کە لە میسرەوە بگەڕێنەوە و لەوێ سەردانی جەمال عەبدولناسر بکەن و پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب دروست بکەن. دەستەی پێشوازیی چوون بۆ وڵاتی چیک پاشان لەگەڵ مەلا مستەفا و میرحاج و ئەسعەد خۆشەوی [۷۳] چوون بۆ میسر و سەردانی جەمال عەبدولناسریان کرد. ئەڵبەت لای جەمال عەبدولناسر شتێکی تایبەتی باس نەکرابوو و مەبەستە گشتییەکان ڕوون کرابوونەوە، دوای ئەوە گەڕانەوە بۆ بەغدا. ئێمە چووین بۆ فڕینگەی بەغدا. عەبدولکەریم قاسم خانووەکەی پێشووی نووری سەعیدی تەرخان کرد بۆ بارزانی و ۵۰۰ دینار پارەی مانگانەشی بۆ بڕییەوە و زۆریش ڕێزی لێگرت. ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم بە بارزانی گوت: ئێستا کە هاتوویتەوە، بەخێر بێیتەوە و سەرچاوم، بەڵام دەبێ کردارت وەکوو سەرۆکی گەورەی کورد بێ نەک وەکوو سەرۆک عەشیرەتێکی کۆن، تۆ دەبێ هەموو ناکۆکییەکانت لەگەڵ هۆزەکانی هەرکی و زێباریی و

هەولێر کتێب

سورچی و برادۆست و.....چارەسەر بکەی. برایەتی بکە و ئەم ناتەباییانە وەلا بنێ و خۆت بچۆ سەردانیان بکە و دڵیان بەدەست بێنەوە. بارزانی ئەو سیاسەتەی پەسەند کرد، بەڵام لەو کاتەدا شێخ ئەحمەد لە هەرێمی سیاسەتی مستەفا بارزانی بوو و لە ڕاستیدا گەورەی بنەماڵەش بوو و هەموو سەریان بۆ دادەنەواند. لە دەوروبەری شێخ ئەحمەد کەسانێك بوون کە چارەی مەلا مستەفایان نەدەویست و دوژمنایەتییان لەگەڵدا دەکرد. بەتایبەت شێخ سولەیمانی کوڕی عەبدولسەلامی بارزانی [۷۴] کە باوکی لە شەڕی جیهانی دووهەمدا لە موسڵ لەسێدارەدرا. بەرازای شیخ ئەحمەد بوو و زۆری خۆش دەویست و مرۆڤێکی زیرەك و وریا و زانا بوو. لە سۆڤێت پشتی لە مستەفا بارزانی کردبوو، ئەو لایەنگری باقرۆڤ بوو و ڕاگوێز نەکرا بۆ ئاسیای ناوەڕاست. ئەو دەیگوت: مەلا مستەفا لە سۆڤێت باش نەجوولاوەتە و بووەتە هۆی ناکۆکی لەگەڵ ڕوسەکان و ئێمەی تووشی گیروگرفت کردووە. لە سۆڤێت ئەو و بارزانی دژی یەکتر بوون.

هەوالنامەی کتێب

شێخ سولەیمان دەوروبەری شێخ ئەحمەدی هان دەدا کە مەلا مستەفا دەیەوێ لەگەڵ عەشیرەتەکانی دیکە وەکوو زێباریەکان ئاشتی بکات. دایکی مەسعوود بارزانی (حەمایل خانم) کە ژنێکی سالار و زانا و تێگەیشتوو بوو کچی مەحموود ئاغای زێباریی بوو، واتە باوکی هۆشیار زێباریی. مستەفا بارزانی بە پێی بەڵێنەکانی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم چوو بۆ لای هۆزەکانی سورچی و هەرکی و ئاشتی کردنەوە، تەنانەت مەحموود ئاغای هەرکی بانگهێشت کرد بۆ بەغدا، چونکە مەسعوود لە ساڵەکانی ۱۹۴۷ تا ۱۹۵۸ لە مانّی ئەوان گەورە ببوو و هەقی بە گەردنی مەلا مستەفاوە هەبوو. شێخ سولەیمان کە ئەمەی دی، بەردەوام بە گوێی شێخ ئەحمەدی دەخوێند و ئەویش باوەڕی کردبوو و هەر دەیکۆڵییەوە و دەیگوت: فەرموو، مەلا مستەفا لەگەڵ دوژمنی گەورەی بارزان یەککەوتووە. شێخ ئەحمەد بووبووە نەیاری بارزانی.

بەڵام بارزانی نەیدەویست دژایەتی بکات. لەلایەکیترەوە ئەو عەشیرەتانە لە دەرفەتێك دەگەڕان کە دەنگیان بەحکومەت بگات و ڕابگەیێنن کە نابێ مەلا مستەفا سەرۆکی کورد و پارتی دیموکرات بێ، چونکە ئەوان خۆیان لەو بە کەمتر نەدەزانی و بەڕاستی یارمەتی سیاسەتی ئاشتی بارزانییان نەدا. بەرەبەرە پەیوەندیی نێوان بارزانی و عەبدولکەریم قاسم تێکچوو کە عەشیرەتەکان لەمەدا دەستیان هەبوو و هەموو ڕوویان کردەوە قاسم، عەبدولکەریم قاسمی دژی کورد لەم دژایەتییە بەهرەی خۆی وەرگرت. عەشیرەتەکانی کوردستان دەورێکی گرنگیان بوو لە تێکچوونی پەیوەندیی بارزانی و قاسم. لە سەرەتاوە جەبارییەکان و چەند عەشیرەتی دیکە چوون بۆ لای عەبدولکەریم قاسم و باسی زۆرلێکراویی خۆیان کرد و ئەویش چەکی دانێ و ئەوانیش دوژمنایەتییان لەگەڵ بارزانی بوو، ئەمە هۆکاری تێکچوونی پەیوەندیی عەبدولکەریم قاسم و بارزانی بوو.

هەولێر کتێبخانەی

لە ساڵی ۱۹۵۸دا، من لە ڕۆژنامەی (خەبات)دا نووسەر بووم و هەروەها سەرنووسەری ڕۆژنامەی (کوردستان)یش بووم. ئەمە یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی بوو کە بە فەرمی بە زمانی کوردیی لە بەغدا بڵاو دەبووەوە. لە هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەنووسانی عێراقدا بوومە ئەندامی ئەو کۆمیتەیە و بەرپرسی کۆمیتەیش جەواهیری شاعیر بوو کە زۆر لێك نزیك بووینەوە و دۆستایەتییمان خۆش بوو، ڕۆژنامەی خەباتیش لە چاپخانەکەی ئەودا چاپ دەبوو. هەر کاتێك ڕۆژنامەکەم دەبرد بۆ چاپ، ئەگەر کاتی ببوایە پێکەوە دادەنیشتین و قسەمان دەکرد، ئەویش منی خۆش دەویست، چونکە هەستی دەروونم بەرانبەر شیعر و بیروباوەڕی ئازادیخوازانەی دەردەبڕی، تەنانەت زۆر لە شیعرەکانیم لەبەر کردبوو و زۆری پێ خۆش بوو، ئەگەر لە شوێنێکدا پرسیارم ببوایە لێم دەپرسی و ئەویش بەوپەڕی گەورەییەوە بۆی مانا دەکردمەوە. لەو کۆمیتەدا هەموو حەفتەیەك لە شوێنێك کە پێیان دەگوت هۆڵی نووسەران کۆببوونەوەمان دەکرد.

دۆستایەتی من لەگەڵ جەواهیریی پۆژبەرۆژ گەرمتر دەبوو. من ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووم و ئەویش پەنگە بە هۆی ئەوە کە من گەنجێکی کورد ئەویندارێ ئەوم، زۆر دڵشاد بوو. لە ساڵانی ۱۹۵۷ و ۱۹۵۸دا کە ئەو لە عێراق دەرکرا و چوو بۆ وڵاتی چیك و لە شاری پراگ نیشتەجێ بوو، هێشتا پەیوەندییمان بەردەوام بوو و نامەم بۆ دەنووسی. ئەو هەمیشە کڵاوی دەستچنی دەکردە سەری و من چەند کڵاوی دەستچنی کوردییم بۆ نارد کە لەسەر یەکیان نووسرابوو (بژی کورد و کوردستان و ئاشتی جیهانی) ئەو هەمیشە ئەو کڵاوەی دەکردە سەری. گەڵێ جار کە دەچووین بۆ ئەورووپا و بەرنامە و کۆبوونەوە حیزبییەکان سەرم لێدەدا. لە کۆمیتەی فریاگوزاریی گەلی عێراق لە ئەورووپا کە من و دوکتۆر کەمال فوئاد ئامادە بووین، جەواهیری بەرپرسایەتی ئەو کۆمیتەی بە ئەستۆ بوو، منی زۆر خۆشدەویست وەك حافزی شیرازیی دەڵێ دۆستی گیانی گیانی بووین، تەنانەت لە ساڵی ۱۹۶۴دا، شیعرێکی [۷۵] بەسەر منەوە هەڵدا.

لە ساڵی ۱۹۵۸دا، بەیاننامەیەك بڵاو بووەوە و هەموو خوێندکارە سیاسییە دەرکراوەکان بەربژارێکیان پێدرا کە ۲ تێرم بچنە سەرەوە بەڵام من وەرمنەگرت و نەمدەویست ببمە پارێزەرێکی لاواز و بە پەلە خوێندنەکەم کۆتایی بێنم، دیسان گەڕامەوە سەر قۆناغی خوێندنەکەم لە ساڵی ۱۹۵۹دا خوێندنەکەم تەواو کرد. من خۆم ئاشناییەکی ئەوتۆم لەگەڵ ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم نەبوو ۲۶،۲۵ ساڵ تەمەنم بوولە نزیکەوە نەمدەناسی. پێشتر ناوودەنگێکی نەبوو، بەڵام لە پڕ ناووبانگی دەرکرد کە ئەفسەرێکی ئازادیخواز و داوێنپاك و پیاوێکی کەم قسەیە، بەڵام دوایی دەرکەوت کە پیاوێکی کۆماریخوازە و دروشمی کۆماریی هەیە و دەیگوت: بژی کۆماری عێراق. ئەڵبەت لە کۆتایی ساڵی ۱۹۵۸دا، لەگەڵ دەستەیەك لە خوێندکاران چووینە لای ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم و هەژار و زەبیحییش بە ناوی کوردی سووریا لەگەڵ ئێمە هاتن، سەردانێکی زۆر گرنگ نەبوو، سەرەتا چووینە لای

سەرۆك وەزیران و پیرۆزباییمان لێکرد و گوتمان كە ئێمە هەموو سەربازی ئەم كۆمارەین و پشتگیریی خۆمان ڕاگەیاند و ژەنەراڵ عەبدولكەریم قاسم بە ناوی سەرۆكی دیموكراتی ئەم وڵاتە دەناسین و.....هیوادارین مۆڵەت بدات بە ئێمە خوێندكارانی كورد كە چالاكیمان ببێ. ئەمە یەكەمین و دوایین دیداری من لەگەڵ عەبدولكەریم قاسم بوو.

لەو سەردەمەدا ئێران و تورکیا و ئیسرائیل دەورێكیان لە عێراقدا نەبوو و ئێمە دژی ئێران بووین، چونكە لە ماوەی سااڵنی ۱۹۵۸ و ۱۹۵۹، زۆر لە كوردە چالاكەكان دەستگیر كرابوون وەكوو غەنی بلوریان و ... ئێمەش هەموو ڕۆژێك لە بارەی ئەوان دەماننووسی و بەرگرییمان لێدەكردن. لەو كاتەدا دروشمێكیان بوو كە بریتی بوو لە یەكێتی عەرەبەكان وەكوو سووریا و میسر و عێراق، بەاڵم ژەنەراڵ عەبدولكەریم قاسم نەیاری ئەو كارە بوو و دەیویست عێراق سەربەخۆ بمێنێتەوە، بەم بۆنەوە خەڵك زۆریان خۆش دەویست. ئێمە و حیزبی شیوعیی عێراقیش ئەومان بە زعیم الاحد ـ تەنیا سەرۆك ـ دەزانی و پشتگیرییمان لێدەكرد و دژی نەتەوەپەرەستەكانی عەرەب ڕادەوەستاین. لە باری سەربازییەوە الیەنی بەرانبەری، عەبدولسەاڵم عارف بوو، بەاڵم لە باری حیزبییەوە، حیزبی بەعس و سەرۆكایەتیی ئیشتراكی و سەربەخۆیی[۷۶] نەیاری ڕەوتی دیموكراتیی عەبدولكەریم قاسم بوون. لە سەرەتاوە ژەنەراڵ عەبدولكەریم قاسم بە شێوازێكی زۆر دیموكراتی هاتە پێشەوە و ڕۆژنامەكەی ئێمەی ئازاد كرد و تەنانەت ڕۆژنامەی خەبات و دوای ماوەیەك مۆڵەتی چاالكیی سیاسی حیزبی دا و لە مادەی ۳ی یاسای عێراقدا ئەوەیان چەسپاند كە كورد و عەرەب لە وڵاتی عێراقدا هاوبەشن و ئەم یاسایە ماف كوردەكان لە چوارچێوەی عێراقدا دەپارێزێ، كە ئەمە بەرهەمێكی گەورە بوو و دواجار بەڕێوبەرایەتیی مەعاریفی كوردستانیش دانرا.

شێوەی باڵوكردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری سیاسی بە زمانی كوردیی ئازاد بوو و لە ڕاستیدا ئاسۆیەكی نوێ بوو بۆ بزاڤی كوردیی و گەلی كوردیش بە

یەکجاریی گۆڕانکاریی بەسەردا هات و ئەم هەڵوێستانە بوو بە هۆی ئەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و حیزبی شیوعیی عێراق و نیشتمانی دیموکراتی و ... ببنە حیزبە بنەڕەتییەکان. ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم وەکوو سەرۆکێکی دیموکرات و ئازادیخواز ناوبانگی دەرکرد و خەڵک خۆشیان دەویست. نەتەوەپەرەستەکان پیلانگێڕییان دژی ئەو کرد و دەیانویست لە موسڵ بیخەنە داو، بەڵام زۆر زوو پیلانەکە ئاشکرا بوو و پووچەڵ بووەوە. هێزی سەربازیی و خەڵک و تا ڕادەیەک کوردەکانیش لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم بوون و خەڵک ئەو پیلانەیان بەتاڵ کردەوە. ئەوەی کە دەیانگوت بارزانی هەزار کەسی ناردووە بۆ یارمەتی عەبدولکەریم قاسم هیچ ڕاست نییە. لە مارتی ۱۹۵۹دا، لە موسڵ کودەتایەکی سەربازی لەلایەن عەبدولوەهاب شواف دژی عەبدولکەریم قاسم ڕووی دا و داواکاری جیایی لە بزاڤی عەبدولکەریم قاسم بوو، کوردەکان دژی ئەو کارە هەستان و شەریکبوون لەسەرکوتکردنیدا.

کاتێک مەسەلەی شەواف ڕووی دا، عەبدولکەریم قاسم داوای لە خەڵک کرد کە یارمەتی بدەن بۆ ئەوەی کێشەکە نەمێنێت، کوردەکانیش لە هەموو لایەکەوە هانتە پێشەوە و ژمارەیەکی زۆریش بەشداربیان کرد. بە یارمەتی حیزبی شیوعی ئەو بزاڤەیان سەرکوت کرد کە ئەمە پەیوەندیی بە پشتگیریی بارزانی نەبوو. ئێمە خوازیاری ئەوە نەبووین کە عێراق بچێتە ڕیزی کۆمەڵی یەکگرتووی وڵاتانی عەرەبی، ئەڵبەت ئەوە مافی ڕەوای گەلی عەرەبە کە چارەنووسی خۆی دیاریی بکات کە ئایا دەیانەوێ لەگەڵ وڵاتانی دیکە یەکبگرنەوە یان نا، ئێمەی کورد بۆمان نییە دەست بخەینە ئەو کارەوە، بەڵام بۆ ئێمە گرنگ ئەوە بوو کە تا چ ڕادەیەک مافی کورد دەستەبەر دەکرێت. گەلی عەرەب دەیانویست عێراق بەشێک لە کۆماری عەرەبەکان و میسر و سووریا بێ، بەڵام ئەگەر کوردستانیش لەگەڵ ئەواندا بێ، پێویستە مافی ئۆتۆنۆمی خۆی هەبێ. حیزبی شیوعی و نەتەوە عەرەبەکان نەیاری ئەو ویستەی ئێمە بوون.

هەواڵنامەی کتێب

نەتەوەپەرستەکان، یان ناسیۆنالیستە عەرەبەکان، دەیانویست ئێمە بڵێین لەگەڵ یەکێتیی عەرەبدا‌ین، حیزبی شیوعییش دەیویست ئێمە بڵێین دژی یەکێتیی عەرەبین. ئەڵبەت لە هیچ بارودۆخێکدا نەماندەتوانی بڵێین ئێمە لەگەڵتاندا نین، چونکە ئەوە ماف عەرەبەکان بوو، بەڵام ئەوەمان دەزانی کە عەرەبەکان هیچکاتێك یەکێتی فیدرالّی نەدەویست. لە بەرانبەر دروشمی نەتەوەیی عەرەبدا، ژمارەیەکی زۆر کورد و شیعە لەئارادا بوون.

دەستە حیزبییە جیاوازەکان لە هەموو لایەکەوە دەهاتن بۆ لای مستەفا بارزانی و دەیانگوت ئەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیە پێشتر هی حیزب بووە و ئێستا بووەتە بڵندگۆ و مینبەری حیزبی شیوعیی عێراق. هەموو ڕێکخراوە دیموکراتییەکانیان لابردووە و... ئەمەیان کردووە و ئەوەیان کردووە. منیش لەو کاتەدا سەرقاڵی دواین سااڵی خوێندنی کۆلێژی داد بووم و هەر ئەمەش هۆکاری ڕاستەقینەی مانەوەی من لە بەغدا بوو. داوایان لێکرد بە ناوی سەرۆکی حیزبەوە، یان کۆنگرەیەك سازبدات، یان کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرۆکایەتی... مستەفا بارزانی کە بینیی دۆخەکە شێواوە، داوای کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرۆکایەتیی کرد، بەڵام ئەو دەستەیە نەهاتن. دیارە بارزانی و زۆرینەی ئەندامانیش، وێستیان ئەو گرووپە وەلا بنێن و دیسان ڕۆژنامەکە بکەوێتەوە دەستی گرووپی پێشوو و ئیبراهیم ئەحمەد ببێت بە سەرنووسەر. تازە دەوامی زانکۆم تەواو بووبوو و ڕۆشتبووم بۆ کۆیە. بارزانی ناردی بەشوێنمدا کە دیسان بگەڕێمەوە، بچمەوە سەر شوێنەکەی پێشووم. گوتی: بڕیاری پێشوو دروست نەبووە. دیسان ڕۆژنامەکە کەوتەوە دەستی ئێمە و لە ڕۆژنامەکەدا چالاکیم دەستپێکردەوە. بەڵام مەرجم دانا، مەرجەکەیشم ئەوە بوو کە لە ڕاگەیەندراوێکدا بنووسن بڕیارەکەی پێشوو نابەجێ و نایاسایی بووە و تا ئەوە بڵاونەکەنەوە، من ناگەڕێمەوە بۆ کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، بەڵام هەر حیزبیم و حیزبییش دەبم. ئەو مەرجەم دانا کە

ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت، ناگەڕێمەوە. بەڵام لە ڕۆژنامەدا کارم دەکرد و ماوەیەک پارێزەرییشم دەکرد.

تا ئەوەی حیزب و بارزانی ڕایانگەیاند، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، کۆنگرەیەک سازبدەن و لەو کۆنگرەدا بڕیار بدرێت لەسەر (هەمزە عەبدوڵڵا و نەژاد ئەحمەد و خەسرەو تۆفیق و سالح حەیدەریی و... بۆ ئەوەی گومان نەکرێت، مستەفا بارزانی کۆمیتەیەکی بێلایەن و سەربەخۆی پێکهێنا، کە بریتیبوون لە: سەید عەزیز شەمزینی، دکتۆر موراد ڕەزمئاوەر، عەونی یوسف و دوو کەسی دیکە. بۆ ئەوەی داوەریی بکەن و هەڵبژاردن لە سەرانسەری حیزبدا بەڕێوەببەن، بە مەبەستی دیاریکردنی کۆنگرە و کۆمیتەکان. ئەوانیش ئەو کارەیان کرد و لە هەموو کوردستاندا دەنگدان بەڕێوەچوو و لایەنی ئێمە زۆرینەی دەنگەکانی هێنا. ئەوان، بێجگە لەو پانزە بۆ بیست دەنگەی لە ناوچەی سلێمانی هێنابوویان، هیچ کەسێک دەنگی پێ نەدان. تەنانەت دەتوانم بە پەنجە بیانژمێرم، بۆ نموونە: دکتۆر مەحموود عوسمان، شەهید شیهاب شێخ نووری، قادر حاجی تاهیر، موحەممەد کەریم فەتحوڵڵا، سەروەتوڵڵا. لە یەکەم کۆبوونەوەدا پرسیاریان کرد کە من لەکوێم، چونکە من ئەندامی حیزب بووم و دەبوو لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوومایە.

هەموو لەو کۆبوونەوەدا گوتبوویان کە لابردنی من کارێکی نابەجێ و پێچەوانەی هەموو بنەماکانی حیزب بووە. دوای ئەوە بۆ کۆنگرەی چواری حیزب لە بەغدا، هەر بە ناوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی پێشووی حیزبەوە بانگهێشت کرام. لەو کۆنگرەدا بەرنامەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات و ئەو چوار پێنج کەسەش دەرکران. بەپێی بڕیاری کۆنگرەی حیزبی، ئەوان لە یاساکانی حیزب لایان دابوو و بیروباوەڕی حیزبیان پێشێل کردبوو. دروشمی ئێمەش ئەوە بوو کە ئێمە پێشڕەوین و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، پارتی خەڵک و کرێکاران و زەحمەتکێشانە، بەڵام کەسانی

پێشوو کە لەناو حیزبدا دەسەڵاتیان هەبوو، زۆرتر حیزبیان بەرەو لای دەرەبەگ و سەرمایەدارەکاندا ڕاکێشابوو.

پاش کۆنگرەکە، بڕیار درا کە ڕێکخراوە دیموکراتییەکان دیسان چالاک بکرێنەوە و ئەم سیاسەتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. کۆمیتەیەکی نوێ پێکهات و منیش بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژاردرام. مستەفا بارزانیش وەکوو سەرۆکی حیزب هەڵبژاردرایەوە و دکتۆر عەزیز و دکتۆر موراد یش، هاتنە ڕیزی حیزبەوە و بوون بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. گۆڤارەکە سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە. لە سەرەتاوە حیزبی شیوعی و پارتی دیموکرات هەستیان بە نزیکی دەکرد. پاش ۱۴ی تەموزی ۱۹۵۸، ئێمە دۆست و برادەر بووین و تەنانەت ڕێکەوتننامەمان پێکەوە واژۆ کرد. بەڵام پاش پەرەسەندنی، حیزبی شیوعیی عێراق دەیویست حیزبەکانی دیکە قووت بدات و بیروباوەڕی خۆی بسەپێنێ. بە هیچ جۆرێک ئەیدەویست پارتی دیموکرات، حیزبی یەکەمی کوردستان بێ، بەڵکوو دەیویست هەر لە ئاستی حیزبی زەویدارەکاندا بمێنێتەوە. هەروەها دژایەتیی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانیش بکرێت، وەکوو ڕێکخراوەکانی یەکێتیی لاوان و ژنان و... سیاسەتی ئەوان پەیڕەویی لە حیزبی شیوعیی عێراق بوو و کاتێک ئەو چوار پێنج کەسە دەرکران، حیزبی شیوعی زۆر پێی ناخۆشبوو.

دەستەیەک چوونە لای حیزبی شیوعیی عێراق و گوتیان پارتی دیموکرات ئاوایە، جەمال حەیدەری پێشوازیی لێکردبوون و کاتێک باسی ڕووداوەکەی بیستبوو، گڕی گرتبوو و گوتبووی ئێمە ئەو کۆنگرەیە بە فەرمی ناناسین و هێشتا ئەو ۶،۵ کەسە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەزانین. ئەوەی کردوویانە زۆر کۆنەپەرەستانەیە. لەو کۆبوونەوەدا عەزیز موحەممەدیش لەوێ دەبێ و تێدەگات کە قسەکانی جەمال حەیدەری سیاسەتی حیزب نییە و بۆچوونی شەخسییە. خێرا دەچێتە ژوورەکەی سەلام عادل و ڕووداوەکەی بۆ

دەگێڕێتەوە. ئەویش خۆی دەگەیەنێتە لای کۆڕەکە و دیسان هەموو هەڤاڵانی ئێمە بانگ دەکات بۆ لەسەرخۆبوون و هەر لە ڕێوە دەڵێ قسەکانی حەیدەری کێشە دروستەدەکات و بە هۆی تووڕەبوونیەوەتی. ئەو قسانە پەیوەندیی بە ویستی حیزبەکەمانەوە نییە و سیاسەتی حیزبەکەمان نییە، ئەوە بڕیار و ڕایگشتیی پارتییە کە حیزبێکی یاساییە و کۆنگرەی بەستووە. ئێمە بەردەوامین لەسەر دۆستایەتی لەگەڵتان. هەرچەندە ئێمە ناڕەحەتین لەوەی ئەو چەند کەسە لە حیزبەکەتان دەرکراون، بەڵام بەهەرحاڵ، ئەوە بڕیاری فەرمیی ئێوەیە و ڕێزمان هەیە بۆ بڕیارەکانتان. سەرەنجام لەو ڕۆژەدا عەزیز موحەممەد بووە هۆی ئەوەی دووبارە دۆستایەتیمان بەردەوام بێ.

بەشێکی زۆری خەڵکی کەرکووک کوردن و پاشماوەیان تورک و کلدانی و یەهودیی و ئاشووریی و عەرەبن. کاتێک بەریتانیا کەرکووکی داگیرکرد، نزیکەی ۱۰۰ بنەماڵەی گەڕەکی موسەڵڵا، عەرەب بوون. لە ساڵی ۱۹۲۲ کە خوالێخۆشبوو شێخ مەحموود لەهیندستان گەڕایەوە، شێخەکانی العبید خوالێخۆشبوو حسێن عەلی و عاصی عەلی، بە ۵۰ سوارەوە چوون بۆ سلێمانی و بە شێخ مەحموودیان گوت: ئێمە عەرەبین، بەڵام بەشێکین لە کوردستان. کاتێک ئینگلیزەکان بەسەر ئەو شارەدا زاڵبوون، یەکەم سەرۆکی شارەوانی، مەجید یەعقوبی، لە ڕاپۆرتێکدا بۆ ئینگلیزەکانی نووسی: شاری کەرکووک ۳۰ هەزار کەس دانیشتووی هەیە، لە چوار بەش، سێ بەشیان کوردن. لە ساڵی ۱۹۲۴دا، لە ئەنجومەندا بەرگریی لە مافی کوردەکان کراوە و گوتراوە کە دەبێ بە زمانی خۆیان بنووسن و بخوێنن. مەلای گەورەی کۆیە و عیزەت پاشا و شێخ حەبیب تاڵەبانی، کە لە لایەن بەرەی کۆیە، هەولێر، کەرکووک لە ئەنجومەندا بوون و سەرۆکی یەکەمی ئەنجومەنیش خوالێخۆشبوو (محسن السعدون) بوو، یەکەم کەس بوو کە بڕیاری دا بە زمانی کوردیی دەرس بخوێندرێت. بەڕێوبەرایەتیی مەعاریف لە کوردستاندا دامەزرا. لە ساڵی ۱۹۳۰دا، شاری کەرکووک بوو بە ناوەندی مەعاریفی کوردستان. شاری

کەرکووك، شارێکی دێرین و مێژوویی کوردستانە و بەشێکە لە کوردستان. تا کورد لە ڕووی زەویدا بمێنێ، بە شارێکی کوردی دەمێنێتەوە. بەڵام لەو کاتەوەی بەعسییەکان لە شووباتی ۱۹۶۳ دەسەڵاتیان گرتەدەست، ئەم شارە کەوتە بەر سیاسەتی بەعەرەبکردن. ئەوان بە پێچەوانەی ڕاستییەکانی مێژوو و برایەتیی کورد و عەرەب، بە سیاسەتی زۆرداریی و دەرکردنی کورد و تورکمان، ویستیان دژی مێژووی مرۆڤایەتی بجوولێنەوە، بەڵام بێ سوود بوو.

ساڵی خوێندنی ۱۹۵۸_۱۹۵۹ بەردەوام بووم لەسەر خوێندن لە زانکۆ و عەسران دەچوومە لای مستەفا بارزانی و لە خانووەکەیدا کارم دەکرد. منی خۆشدەویست، چونکە لەبەر ئەو، ساڵێك وازم لە خوێندن هێنابوو و بۆ بینینی ئەو چوبوومە مۆسکۆ، ئەوەی لەبیر نەکردبوو و وەکوو کوڕی خۆی سەیری منی دەکرد. تەنانەت بەپێی دابونەریتی خێڵەکی، لە کوردستاندا کەس بۆی نەبوو بچێتە ناو خاووخێزان، بەڵام بۆ من وانەبوو، حەزم لە هەر خواردنێك بکردایە، بۆیان دروستەدەکردم. بۆ نموونە دەمگوت: ئەمڕۆ خۆمم دەعوەتی ساوەر کردووە...! هەزار ڕەحمەتی خودای لێ بێت، دەستی دەکرد بە پێکەنین و دەیگوت: خەڵك دەعوەت دەکرێن، بەڵام تۆ خۆت، خۆت دەعوەت دەکەی! هاا؟ دەمگوت: ئەزبەنی، من خۆم تەنیا لە ماڵی تۆدا دەعوەت دەکەم. بەڕاستی کاتێك دەچوو بۆ شوێنێك، من وەکوو پاسەوان لەگەڵی بووم و دەمپاراست و چاودێرییم دەکرد. ئەو کاتەی زانکۆم تەواو کرد، هەر لەو ساڵەدا کۆلێژەکان بوون بە یەکێك و زانکۆی بەغدا دامەزرا. منیش لە ڕیزی ئەوانەدا بووم کە خوێندنیان تەواو کردبوو و هەموو خوێندکاران لە ئاهەنگی تایبەتیدا بەشداریان دەکرد. منیش بە کڵاو و جلوبەرگی فەرمییەوە بەشداریم کرد و بووم بە پارێزەر. لە ڕۆژنامەکانی خەبات و ڕزگاریی، وەکوو نووسەر کارم دەکرد. دواتر بانگکرام بۆ سەربازیی.

چووم بۆ کۆلێژی سەربازی و خولی سێ مانگەم لە فێرگە تەواو کرد. پاش سێ مانگ، بووم بە مامۆستای یاسا لە کۆلێژی سەربازی، بەڵام ڕەتم کردەوە.

لەگەڵ چەند خوێندکارێك کە پێکەوە چووبووینە کۆلێژی سەربازی، ناردیانین بۆ بەشی فێرگەی تانك لە ئەبووغرێب، کە فێرگەی ئەفسەرانی تانك تێپەڕ بکەم. خولی بەکارهێنان و فەرماندەریی و پەیوەندییەکانی تانکم تەواو کرد و تەنانەت بە یەکەم دەرچووم. لە ڕووکنی ٤ی تیپی عێراق وەکوو ئەفسەر مامەوە کە تانکی ڕووسی بوو. چەند مانگێك خزمەتم کرد، ئەمجارە حیزب کاری بە من بوو کە گۆڤارەکەی هەڵسووڕێنم. بارزانی داوای لە ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم کرد کە من بگوێزێتەوە. تەنانەت گوتبووی: سوپای عێراق ٥ لەشکری هەیە و لەشکری کوردستانیش، لەشکری شەشەمە و باشترە بێتە لای ئێمە. عەبدولکەریم قاسمیش، پێنج بۆ شەش مانگی کۆتایی خزمەتەکەمی بەخشی، گەڕامەوە و لە ڕۆژنامەدا دەستم بە کار کرد.

کوردەکان دەترسان کە عێراق ببێتە ئەندامی یەکێتیی عەرەب. وا هەستیان دەکرد کە مافەکانیان لەدەستدەدەن و لە بەشێکی بچووکدا دەمێننەوە و ناسیۆنالیزمی کوردیی لەناو خۆیدا دەتوێنێتەوە. لەو کاتەدا پێشمەرگەشمان نەبوو. مستەفا بارزانی سەرۆکی حیزب بوو، ئیبراهیم ئەحمەدیش سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی بوو. لە ڕووی سیاسی و ڕێکخستنی کاروبارەوە، گەردوونەی ڕاستەقینەی بەڕێوەبەرایەتی بوو. هەرچەندە دەبێ بۆ مێژوو ئاماژە بەوە بکرێت کە بارزانی بڕوایەکی ئەوتۆی بە حیزب و ڕێکخستنی حیزبی نەبوو و گوێی بەو شتانە نەدەدا. زیاتر ڕۆڵی سەرۆکێکی هەبوو و کاری حیزبی لە ئەستۆی ئیبراهیم ئەحمەددا بوو. لەو کاتەدا منیش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بووم. دوای ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، کە عەبدولکەریم قاسم ڕێگەی دا بە چالاکیی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، وردە وردە دووبەرەکی کەوتە ناو کۆمیتەی ناوەندی و پەرەی سەند. سەرەنجام بووە هۆی جیابوونەوە. ئێمە لە مەکتەبی سیاسیدا بووین، بە یەکێتیی لاوان و خوێندکاران و ژنان و... سپێردرا کە تێکۆشانی

خۆیان دەستپێبکەن. نامەیەکمان نارد بۆ حکومەت کە ئیزنی چالاکیی ئەو ڕێکخراوانە بدرێت.

لە مەکتەبی سیاسیدا دوو باڵ هەبووین. باڵی ئەندامانی پێشووی حیزبی شیوعی، کە لە ساڵی ۱۹۵۷دا هاتبوونە حیزبەوە، وەکوو: حەمید عوسمان، سالح حەیدەری، نەژاد ئەحمەد عەزیز، خەسرەو تۆفیق. ئەوان بێ یەکودوو خوازیاری پەیڕەویی لە سیاسەتی حیزبی شیوعیی عێراق بوون. حیزبی شیوعی بڕوای بە چالاکیی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان نەبوو، ئەمانیش هەر وا بیریان دەکردەوە و داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێکخراوانەیان دەکرد. دەیانگوت نابێ سەربەخۆ و تەنیا بە ناوی کوردستانەوە کار بکەن، دەبێ بەشێك بن لە عێراق. سیاسەتی شۆڤێنکەوتنی حیزبی شیوعیی عێراق، وردە وردە پەرەیسەند. من یەکەم کەس بووم کە دژی ئەو سیاسەتە هەڵوێستم وەرگرت و زۆریش بە تووندیی بەرهەڵستیم کرد. ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابە و عەلی عەسکەریی و عەلی عەبدوللاش، دژی ئەو سیاسەتە بوون، بەڵام من ئاڵاهەڵگری ئەو دژایەتییە بووم و بە تووندیی ئەو سیاسەتەم ڕەتکردەوە.

بڕوام وا بوو کە بوونی ئەو ڕێکخراوە مەدەنییانە لە کوردستاندا پێویستە. دوای ماوەیەك کێشەکە گەورەتر بوو. پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و حیزبی شیوعیی عێراق، وردە وردە چالاکتر بوون و پەرەیان سەند و ناوبانگیان دەرکرد. لایەنی ئێمە دەیگوت: پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشڕەوە. بەڵام بە پێچەوانەوە، حیزبی شیوعی دەیگوت: حیزبی ئێمە بۆ هەموو عێراقە. ئەوە پارتیی دیموکراتی کوردستانی عێراقە کە تەنیا پارتییەکی بچووکی لایەنگری بۆرژوازی و سەرمایەدارییە، حیزبی کرێکار و جووتیار نییە. لەو بارەوە وتارێکیان نووسی و لە ڕۆژنامەدا بڵاویان کردەوە. بێگومان هەموومان دژی ئەو سیاسەتە بووین و من زیاتر لە هەموویان

دژایەتییم دەکرد. ئەو چوار پێنج کەسە چوونە لای بارزانی و گوتیان مام جەلال هەموو کارەکانی ئێمەی تێک داوە و گرفتمان بۆ دروستدەکات. پێشنیازیان دا کە من لابدەن. ئەڵبەت لابردنی من بەپێی پرۆگرامی حیزب نەبوو. نامەیەکیشیان نووسیبوو و بارزانییان ناچار کردبوو کە واژۆی بکات، کە من بکەومە ڕیزی ئەو ۶، ۷ کەسە و پێیشم ڕابگەیەنن.

ئێمە سەرجەم لە کۆمیتەی ناوەندیدا ۱۵ کەس بووین، بۆ لابردنی من، هەشت تا نۆ دەنگ پێویست بوو و بەپێی پلنیۆم و کۆنگرەی حیزبی و بڕیاری حیزبی دەکرا، بەڵام هەر بەو شێوازە منیان لە کۆمیتەی ناوەندی و تەنانەت لە مەکتەبی سیاسیش، لابرد. دیارە ئەو کاتە، حیزبی شیوعیی عێراقی لە لوتکەی چالاکیدا بوو. من ئەو بڕیارەم ڕەتکردەوە و گوتم: ئەوە بەپێی یاسا نییە و من هێشتا بە شەرعی و یاسایی و فەرمی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیم و تا سازدانی کۆبوونەوە و کۆنفرانسی حیزبی، بۆم هەیە لەم پۆستەدا بمێنمەوە. لە لایەکی دیکەوە ئێمەو چوار پێنج کەسە نەیاندەهێشت کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی سەربگرێ و هەموو جارێک بە بیانوویەکەوە پەکیان دەخست، چونکە ئێمە زۆرینەی دەنگ بووین. ئێمەش هەر کۆبوونەوەیەکمان هەبوایە، ئەوانمان بانگ نەدەکرد. ئەوان لە سەرجەمی ۱۵ ئەندام، چوار پێنج کەس بوون، بەڵام لەو کاتەدا بارزانی پشتی ئەو چوار پێنج کەسەی دەگرت، پێی وابوو کە ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم ئەو سیاسەتەی پێ باشە و نەیدەویست دڵی ئەو زوویر بکات. ئێمە خوازیاری سازدانی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بووین، بەڵام بەگوێی ئێمەیان نەدەکرد. ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان گرتبووەدەست و هەر ئەو وتارانەی حیزبی شیوعیی عێراقیان دەنووسییەوە، کە حیزبی شیوعیی عێراق پێشڕەوی کرێکاران و جوتیارانی عێراقە و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقیش نابێ لایەنگریی زەویدار بێت. یەکێتیی لاوان و خوێندکاران و ژنان و... ڕێکخراوە دیموکراتییەکانیان هەڵوەشاندەوە.

دوای ئەوە ناڕەزایەتیی گەورە لەناو حیزبدا سەریهەڵدا، چونکە پارتیی دیموکراتی کوردستان خۆی بە پێشڕەوی خەڵکی کوردستان دەزانی و خەڵکیش دژی ئەو سیاسەتەی ئەوان بوون، بۆیە ناڕەزایەتی لەناو حیزبدا گەورەتر بوو. من کە یەکەم کەس بووم بەتوندیی دژی ئەو سیاسەتە وەستابوومەوە، زۆربەی خەڵك لە دەوری من کۆبوونەوە و پشتگیرییان لێکردم. هەرچەندە بە ناو من لابرابووم، بەڵام لە هۆتێلێکی بەغدا ژوورێکم هەبوو، بە ڕۆژدا لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانەوە، خەڵك دەهاتن بۆ لای من و دەیانگوت: ئێمە لەگەڵ تۆین و گوێ بەو قسانە مەدە و ئەوانە هەمووی کاتین، لە یەکەم کۆنفرانسی حیزبدا هەموو شتێك باش دەبێ و ئێمە چارەسەری ئەم کێشەیە دەکەین. منیش دەمزانی کە هەر وا دەبێ، بۆیە مەسەلەکەم زۆر بە جیدی نەگرتبوو. هەر لە ساڵی ۱۹۵۹دا، ماوەیەك تێپەڕ بوو و بە هۆی کوشتارەکەی خەڵك لە موسڵ و کەرکووك و... هەروەها ئەوەی کە خەڵك لەو شارانەدا بە ئۆتۆمبێل ڕاکێشرابوون، ساردیی کەوتە نێوان حیزبی شیوعیی عێراق و ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم. لە ساڵی ۱۹۵۹دا من زیاتر لە ڕۆژنامە کارم دەکرد و لە دەنگدانی ڕۆژنامەوانانی عێراقدا هەڵبژێردرام بۆ کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی و بووم بە بەڕێوەبەری یەکێتیی ڕۆژنامەوانان، کە سەرپەرەشتەکەی موحەممەد جەواهیریی شاعیری ناوداری عەرەب بوو. لە ساڵی ۱۹۶۰ دەستەیەك لە ڕۆژنامەوانانی عێراق دەعوەتکران بۆ بولگاریا و ۵ کەس هەڵبژێردران بۆ ئەو سەفەرە، منیش لەبەرئەوەی ئەندامی بەڕێوەبەرایەتیی ئەنجومەنی ڕۆژنامەوانانی عێراقی بووم، وەکوو سەرۆکی ئەو گرووپە چووم بۆ بولگاریا. لەوێ ئێمەیان دەبرد بۆ سەردانی زۆر شوێن لە شارەکانی وارنا و سۆفیا و گۆڕانکارییەکانیان پێ پیشان دەدایین و سەبارەت بە مێژووی بزووتنەوەکان و شۆڕشەکان و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی، زۆر شتیان بۆ ڕوونکردینەوە. داوایان لە ئێمە کرد کە دەربارەی کوردستان و عێراق قسەیان بۆ بکەین.

لە ١٩٥٩دا، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ، شەڕێکی خوێناویی لە لایەن تاقمێک ئاژاوەچی لە کەرکووک، ڕووی دا، کە بە شێوەیەکی دڕندانە پەلاماریان بردە سەر برا تورکمانەکان و چەند تاوانێکی تیرۆریستیشیان بەرانبەر کردن.

تا ئەو کاتە مستەفا بارزانی لە دەروونی خۆیدا و بەپێی ئەزموونەکانی، دژی ڕووسیا بوو. لەبیرمە ساڵی ١٩٥٧ کاتێک لە ڕووسیا چووم بۆ لای، ئامۆژگاریی منی کرد و گوتی: هەوڵ بدەن پەیوەندی بە ئەمریکاوە بکەن. من وامدەزانی دەیەوێ ئاستی باوەڕی من بە سۆشیالیزم تاقیبکاتەوە، بەڵام لەڕاستیدا وانەبوو و مەبەستی ڕاستەقینەی ئەوە بوو کە پەیوەندی بە ئەمریکاوە بکات و ئیدی بڕوای بە ڕووسیا نەمابوو. باوەڕی وا بوو کە ئەگەر پەیوەندی بە ئەمریکاوە بکات، دەتوانێ بە جێگەیەک بگات، ئەگەرنا بە هیچ ناگات و هەوڵەکانی بەفیڕۆ دەچێ. ئەڵبەت زۆر کەس دەیانگوت کە ئەوە لە ڕێنماییەکانی شێخ ئەحمەد بۆوە کە گوتوویەتی: کوردەکان هەر تەنیا بە هاوکاریی ئەمریکا دەتوانن ئازادی بەدەستبهێنن، بڕۆن لە ئەمریکا نزیک ببنەوە. چونکە بەویان دەگوت خودانی بارزان و پەیڕەوانی لەو باوەڕەدا بوون کە ئەو ئاگاداری هەموو شتێکە، مەبەستێکی ئاوا شایانی سەرنج بوو و ئەم وتەیە وەکوو فەرمانێک وابوو، کە بە هەر شێوەیەک بووە پەیوەندیی لەگەڵ ئەمریکا دروستبکەن تا بەڵکوو کوردەکان بە ئازادی و ڕزگاری بگەن.

هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئێران و ئیسرائیلدا نەبوو، ئەوەی تا ئەو کاتە لەو بارەیەوە گوتوویانە، یان نووسیویانە، لەگەڵ ڕاستییەکانی میژوودا ناگونجێ، بەڵام بارزانی تا ساڵی ١٩٦١ پەیوەندیی باش و بەهێزی لەگەڵ سۆڤێتدا هەبوو. ئێمە کە لە بەغدا بووین، پاش کۆنگرە و بڵاوبوونەوەی دووبارەی ڕۆژنامە، ڕووسییەکان ئێمەیان بە ناوی سەرۆکانی حیزب بە فەرمی دەناسی و تەنانەت هاوکاریی ماددییان دەکردین و هەموو مانگێک ٥٠٠٠ دیناریان دەدایێ، کە من خۆم ڕاستەوخۆ لە باڵیۆزخانەی سۆڤێت وەرمدەگرت. هەر بەو ڕادەیەش پارەیان بە مستەفا بارزانی دەدا. دوای

ئەوەش، لە جەژنەکانی تشرینی یەکەمی ۱۹۶۰دا، مستەفا بارزانییان بانگ کردبوو بۆ سۆڤێت و زۆریش ڕێزیان لێگرتبوو، تەنانەت هاوکاریی ماددیی زۆریشیان کردبوو. لە ساڵی ۱۹۶۰دا، من بە ناوی یەکێتیی خوێندکارانەوە، جارێک چاوم بە ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم کەوت. عەبدولکەریم قاسم لەخۆیەوە دەیویست بڵێ بارزانی لەگەڵ بەریتانیایە، لەڕاستیدا شتی وا نەبوو. ئەو دەیگوت لە فایلی وەزارەتی بەرگریی عێراقدا چەند نامە هەیە کە لە کاتی خۆیدا بارزانی ناردوونی بۆ بەریتانیا و گوتوویێتی کە من دۆستی لەندەنم و دەمەوێ ئێوە یارمەتیمان بدەن و دوژمنایەتیتان لەگەڵ ئێمە نەبێ.

ئەو نامانەی دەرهێنابوو کە وەکوو بەڵگەیەک دژی بارزانی بەکاری بهێنێ. بەڵام ئەوە ڕوون و ئاشکرایە، ڕەنگە بارزانی ئەو نامانەی نووسیبێ، بەڵام ئەو دژی حکومەتێک بوو کە بەریتانیا پشتگیریی لێدەکرد. شۆڕشی بارزانی دژی حکومەتی مەلیکیی عێراق بوو، کە لە لایەن بەریتانیاوە پشتگیرێ لێدەکرا. چەندین جار سوپای بەریتانیا لەگەڵ سەربازانی عێراقی، دژی بارزانی شەڕیان کردبوو، ئەویش بە سەرکردایەتیی ژەنەراڵ ڕێنتێن.

***

پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم:

چیرۆک لە ناخی گێژاودا

١٩٥٨ـ١٩٦٠

١. نظام الیگارشی

٢. امن‌العام

٣. گفتگو با عیسی پژمان، داریوش همایون، سید کاکه، زین آغا(خان)، صابر ولی / هیکل: صص ٨۶ – ٩٩؛ النور، زیر نظر ارگان جلال طالبانی، ش ١۶٠، س ١، بغداد، ٢٩آوریل ١٩۶٩؛نیز به ز: ص١٢۶؛ ولدانی، اصغر جعفری: بررسی تاریخی اختلافات مرزی ایران و عراق، صص ٢٣۵- ٢٣١؛اورست، لاری، ص ۶٧؛ کلیولند، ١٨ - ٣١٧؛ فاروق اسلوگلت و اسلوگلت ٣۴، ٣۶، ٣١، ۴٠؛ ریچارد بکر، «آمریکا و عراق در چشم‌انداز تاریخی»، مرکز اقدام بین‌المللی، ٢٠٠٣؛ تریپ، ١٣٨، ١٢٨٧؛ بلر صص. ٨٩ – ٨٣، ص. ٣٠، اورست، لاری، ص ۶٨؛ نجاتی:ص ٩۴ ص. ١٣١؛ رویارویی مسلک‌ها: ص ١٩٩؛ اطلاعات (٧ شهریور، ١٣٣٩)؛ اطلاعات (۴ آذر ١٣٣٨). کمجیان، هرایرد : ص.١٩٢ ؛بانخیلانی : ص.١٥٧ ؛ انتصار: ص ٣٠ ؛ از تکریت تا کویت، جودیت میلر و میشل روا، ص ١١٢ ؛ کاکەمەم بوتانی : ص ١٣٩ ؛ سالح: ص۶ – ١٢۵؛ اورست، لاری، ص ٧٠.

Ramazani, Iran's Foreign Policy (1941 – 1973), (Virginia, The University Press of Virginia), 1975, P. 231, Ramazani, the Persian Gulf: Iran's Role, PP 33 – 34, Tripp pp. 133-138

۴. برگرفته از شعر هوشنگ ابتهاج (سایه) : از درون سیاهی برون تاز / پرچم روشنایی بر افراز.

5. Dr. Manuchehr Eqbal (1909-1977)

6. De Facto Recognition

اقدامی است که به موجب آن، یک کشور و یا حکومت نواستقلال، به عنوان یک کشور مستقل که قادر به اداره و اعمال مؤثر قدرت در قلمرو تحت کنترل خود می‌باشد، به رسمیّت شناخته می‌شود. ولی این شناسائی، هیچ گونه الزام و تعهّد بین‌المللی، در پی ندارد. از دیدگاه انگلیسی‌ها شناسایی دوفاکتو مناسبات دیپلماتیک کامل، به دنبال ندارد و نمایندگان اعزامی سیاسی، فاقد مصونیّت سیاسی می‌باشند .ایالات متّحده آمریکا چنین نمایندگانی را واحد مصونیّت سیاسی می‌داند.

هەولێری کتێب

۷. گفتگو با نوام چامسکی، عیسی پژمان، عزالدین مصطفی رسول، دکتر عطیه، صابر ولی سید کاکه، کریم خان برادوست / ابوریش ، صص. ۵۸ – ۵۴؛ اردلان، امان الله: زندگی در دوران ۶ پادشاه : تهران، نشر نامک، ۱۳۷۲، چ۲، ص ۳۵۳؛ اطلاعات : ۷ شهریور، ۱۳۳۹ و ۴ آذر ۱۳۳۸؛ انتصار: ص ۳۰؛ بانخیلانی : ص.۱۵۷؛ بکر، ریچارد: «آمریکا و عراق در چشم‌انداز تاریخی»، مرکز اقدام بین‌المللی، ۲۰۰۳؛ بلر صص. ۸۹ – ۸۱ و ۳۰؛ بلوم، کشتن امید، ص. ۹۷ و ۱۸۰؛ بلوم، ویلیام و راگ استیت: راهنمایی برای تنها ابر قدرت دنیا (مونرو: ME کامون کوریج، ۲۰۰۰)، صص ۳۴ – ۱۳۳؛ تانزر، ۲۶۳؛ تحولات داخلی عراق و امنیت ملی ایران به روایت اسناد ساواک/ تدوین مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات، تهران، وزارت اطلاعات مرکز بررسی اسناد تاریخی،۱۳۸۳، چ ۱، تهران، سند ص ۷، ص ۱۱؛ چامسکی : «پس از جنگ سرد» ۸۱؛ حمایت مالی آمریکا از اسرائیل: آمار، واقعیات و گزارش اثر گزارش واشنگتن در مورد روابط خاورمیانه، ۱۵ ژانویه ۲۰۰۳؛ الخلیل ۲۲۶؛ دشتی، علی : عوامل سقوط پهلوی : یادداشت ها/ مهدی ماحوزی – تهران : زوار ۱۳۸۳ چ.۱ صص : ۱۰۰ و ۱۰۳؛ سالح؛ صص. ۱۰۹ – ۱۱۱ و ۱۲۵–۸ و ۱۲۲ و ۱۳۱–۵؛ سعید ک ابوریش، صدام حسین: سیاست انتقام (نیویورک، بلوفربری، ۲۰۰۰)، ۷۱؛ فاروق اسلوگلت و اسلوگلت، صص. ۸۹ ، ۳۴، ۳۶ و ۴۰؛ فرانکل،ص ۱۹؛ کمجیان، هرایر : ص.۱۹۲؛ کاکه‌مم بوتانی : صص ۱۳۹ و ۱۳۸ و ۱۳۵؛ کلیولند،صص ۱۸ – ۳۱۷ و ۳۹۵، لافه‌بر، والتر، پنجاه سال جنگ سرد، از غائله آذربایجان تا سقوط گورباچف، ترجمه منوچهر شجاعی، حسن افشار، چاپ اول ۱۳۷۶، صص. ۴ – ۲۲۴ و ۱۳۱؛ لی اف دینسمور «تأسف برای نقش اندک آمریکا در شورش عمدهٔ کردها». گزارش واشنگتن درمورد رابطه خاورمیانه، مه / ژوئن ۱۹۹۱،ص ۹؛ مایکل ال سیفری « دخالت آمریکا در خاورمیانه: یک مطالعه فردی » مطالعه در باب جنگ خلیج فارس، صص :۲۷–۳۳؛ مایل مشبک، «عراق، سال های آشوب» در فراسوی توفان. ص. ۲۹؛مسلک‌ها: ص ۱۹۹؛ موریس راجر «ایجاد ظالم ۴۰ ساله» نیویورک تایمز، ۱۴ مارس ۲۰۰۳؛ میلر جودیت : از تکریت تا کویت، تألیف میلر و میشل روا، ترجمه حسن تقی‌زاده میلانی، انتشارات کویر، ص ۱۱۲؛ نجاتی:صص ۹۴ و ۱۳۱ و ۲۰۳؛ نشاشیبی، عبدالناصرالدین: در خاورمیانه چه گذشت؟ مترجم. م. ح. روحانی، صص ۵۹۳ و ۵۹۴؛ نیویورک تایمز،۲۶ آوریل ۱۹۵۹، نقل شده در بلوم، راگ استیت، ۱۳۳ { طبق نظرم بلوم، آمریکا ممکن است برنامه‌ای مخفی اشغال مشترک عراق به وسیلهٔ آمریکا – ترکیه در زمان کوتاهی پس از انقلاب ۱۹۵۸ کشیده باشد؛ ولدانی: صص ۲۵۲– ۲۲۹؛ هیکل : صص ۹۶–۱۰۸؛ یو، ظاهر، «تحولات سیاسی در عراق ۱۹۸۰ – ۱۹۶۳» در عراق دوران صدام، ۳۲، مشبک، ص ۲۶؛ اورست، لاری: نفت، قدرت، امپراتوری:عراق و برنامهٔ جهانی آمریکا ، مترجم اقبال طالقانی:تهران، نشر دیگر، ۱۳۸۴، چاپ اول، صص ۶۴ – ۷۸؛

Ismael, Tareq: Iraq & Iran, Roots of Conflict, Syracuse, Syracuse University. 1982, P. 19; Petter Avery, Modem Iran (New York, Praeger, 1965), P. 490 ; Ramazani, Iran's Foreign Policy (1941 – 1973), (Virginia, the University Press of Virginia), 1975, P. 23; Ramazani, the Persian Gulf : Iran's Role, PP 33 – 34 ; Wilber, Contemporary Iran, (New York: Praeger, 1963)pp. 198 – 99; Middle East Journal, (Spring 1969) P. 180 ; Walter Laqueur, The Struggle for the Middle East, P 29 ; Tripp : pp. 127-8, 138 , 153-5.

۸. گفتگو با عیسی پژمان، داریوش همایون، دکتر نوری طالبانی، عبداله کانی مارانی، پیروت طالبانی، مکرم طالبانی، کریم خان برادوست، دکتر کمال فواد، احمد دلزار، مجید ئاسنگر، کریم شاره زا، زیور خطاب، دکتر عطیه، کمال محی‌الدین، سید کاکه، عزیز محمد، محمود عثمان/ ئه رفه ع: صص. ۱۸۹ و ۲۰۰– ۱۹۱؛ الاتحاد الشعب ۱۱ مارس، الاهرام ۱۴ و ۱۲ مارس؛ جمال نه به ز: صص.۱۲۸–۱۳۲ و ۱۱۸– ۱۲۶؛ در خاورمیانه چه گذشت، ناصرالدین نشاشیبی، مترجم. م. ح. روحانی، صص ۵۹۳ و ۵۹۴. همان صص. ۱۹۳–۴ ؛ انتصار: ص ۳۱؛ کاکه‌مم بوتانی : صص ۱۲۳ و ۱۲۵ و ۱۴۵؛

عبدالفتاح: ص. ۶۶؛ بانخیلانی: صص ۱۶۴ -۱۶۹ و ۱۷۷ - ۱۷۳؛ جعفریان، رسول: تشیع در عراق و مرجعیت و ایران: تهران. چ ۱. موسسه مطالعات تاریخ معاصر ایران ۱۳۸۶ ص: ۸۶-۹ ؛ نگاهی به تاریخ سیاسی عراق، سرهنگ ع. الجمیلی، ترجمه محمدحسین زوار کعبه، صص ۷۷ و ۷۸؛ رویارویی مسلک‌ها: ص ۱۹۹؛ الاهرام ۹ مارس ۱۹۵۹؛ هیکل: صص ۱۱۱ و ۹۹-۱۰۸ ؛ سالح: صص ۱۷۲ – ۱۸۹ – ۱۹۹ – ۲۰۸ ؛ در خاورمیانه چه گذشت، صص ۵۹۳ و ۵۹۴؛ دشتی، علی : عوامل سقوط محمد رضا پهلوی : یادداشت هایی از دشتی / مهدی ماحوزی – تهران : زوار ۱۳۸۳ چ.۱ صص : ۱۰۰ و ۱۰۳؛ اردلان، امان الله: زندگی در دوران ۶ پادشاه : تهران، نشر نامک، ۱۳۷۲، چ۲. ص: ۳۵۳؛ ولدانی: ص ۲۲۹-۲۳۰ ؛ تحولات داخلی عراق و امنیت ملی ایران به روایت اسناد ساواک: تدوین مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات، تهران، وزارت اطلاعات مرکز بررسی اسناد تاریخی، ۱۳۸۳، چ ۱، تهران، سند ص ۷، ص ۱۱.

Ismael, Tareq: Iraq & Iran, Roots of Conflict, Cyracuse, Cyracuse Univ. 1982, P. 19 - Petter Avery, Modem Iran (New York, Praeger, 1965), P. 490; Ramazani, Iran's Foreign Policy (1941 – 1973), (Virginia, the University Press of Virginia), 1975, P.281.

۹. عباس فاضل مهداوی پسر عموی عبدالکریم قاسم و از اعضای شورای فرماندهی کودتای ۱۴ تموز ۱۹۵۸ بود که بعداً رئیس دادگاه خلق شد. این دادگاه دست به تسویه مقامات رژیم گذشته زد و مخالفان را به شدت سرکوب نمود. بعدها متهمین به شرکت در براندازی حکومت عبدالکریم قاسم و افرادی که در سوء قصد به جان وی در ۱۷اکتبر ۱۹۵۹ دست داشتند، در این دادگاه محاکمه شدند. سرهنگ فاضل مهداوی رئیس دادگاه بارها لطیفه‌هایی در مورد متهمین و یا دشمنان رژیم عبدالکریم قاسم نقل می‌کرد و صدای خنده حاضرین در سالن دادگاه خلق طنین‌انداز می‌شد و به همین خاطر مخالفین دولت قاسم محکمه خلق را مسخره می‌کردند و آن را «مضحکه خلق» می‌نامیدند. وی با وجود داشتن بذله‌گویی، از مهارت درخور توجهی در بازجویی از متهمین و بحث و مناقشه با شهود برخوردار بود و گاهی ذکری از احادیث رسول اکرم (ص) و اهل بیت (ع) به میان می‌آورد. بسیاری از احکام صادره از سوی این دادگاه از جمله اعدام و حبس ابد توسط عبدالکریم قاسم لغو و یا تخفیف داده می‌شد. مهداوی درکودتای ۱۴ رمضان ۱۹۶۳ به دست کودتاچیان به قتل رسید. { ر.ک: نگاهی به تاریخ سیاسی عراق، سرهنگ ع. الجمیلی، ترجمه محمدحسین زوار کعبه ص ۷۳ و ۷۴ و تاریخ سیاسی و اقتصادی عراق، دکتر علی بیگدلی، wص ۴۱ و ۴۲.}

۱۰. سند شماره ۶/۱۶/۱۰۶۵۹، تاریخ ۳۸/۷/۲۸

11. Baha-ed-din Nuri
12. Hadi Said
13. Balal Aziz
14. Abdullah Omar Mohi-adin

۱۵. گفتگو با احمد دلزار،انوشیروان مصطفی، داریوش همایون، دکتر نوری طالبانی، دکتر عطیه، سید کاکه، صابر ولی، عزالدین مصطفی رسول، عزیز محمد، عیسی پژمان، دکتر کمال فواد، کریم خان برادوست، کمال محی‌الدین، مجید تاسنگر، محمود عثمان، مکرم طالبانی، یوسف اردلان / بلر صص. ۸۹ – ۸۱ و ۳۰ و ۸۷ – ۸۶؛ بلوم: ص ۱۸۰ ؛ کمجیان، هرایر : ص.۱۹۲؛ کاکەمەم بوتانی: صص. ۱۷۶ و ۱۳۵- ۱۳۹ و ۱۸۷؛ کلیولند. ۱۸ – ۳۱۷ ۳۹۵؛ لافەبر، والتر، پنجاه سال جنگ سرد، از غائله آذربایجان تا سقوط گورباچف، ترجمه منوچهر شجاعی، حسن افشار، چاپ اول ۱۳۷۶، صص. ۶ و ۴ و ۲۲۴ ؛ مایل مشتک، «عراق، سالهای آشوب» در فراسوی توفان. صص. ۲۹ – ۲۶؛ موریس، راجر «ایجاد ظالم ۴۰ ساله» نیویورک تایمز، ۱۴ مارس ۲۰۰۳؛ میلر جودیت از تکریت تا کویت، تألیف و میشل روا، ترجمه حسن تقی‌زاده میلانی، انتشارات کویر، ص ۱۱۲؛ نجاتی:ص ۹۲ و ۱۳۱ و ۲۰۳؛ نشاشیبی، عبدالناصرالدین: در خاورمیانه چه

گذشت؟ مترجم. م. ح. روحانی، صص. ۵۹۳ و ۵۹۴؛ نگاهی به تاریخ سیاسی عراق، سرهنگ ع. الجمیلی، ترجمه محمدحسین زوار کعبه، صص ۷۷ و ۷۸؛ نه به ز: صص.۱۲۸ – ۱۳۲؛ ص ۱۱۸ – ۱۲۶؛ تانزر، ص. ۲۶۳؛ تحولات داخلی عراق و امنیت ملی ایران به روایت اسناد ساواک/ تدوین مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات، تهران، وزارت اطلاعات مرکز بررسی اسناد تاریخی، ۱۳۸۳، چ ۱، تهران، سند ص ۷، ص ۱۱؛ جعفریان، رسول: تشیع در عراق و مرجعیت و ایران: تهران. چ ۱. موسسه مطالعات تاریخ معاصر ایران ۱۳۸۶ صص: ۸۶-۹ ؛ الحرسان، صلاح: صفحات من التاریخ العراق السیاسی الحدیث،الحرکات المارکسیه؛ مؤسسه المعارف المطبوعات؛ حمایت مالی آمریکا از اسرائیل : آمار، واقعیات و گزارش اثر گزارش واشنگتن در مورد روابط خاورمیانه، ۱۵ ژانویه ۲۰۰۳؛الخلیل. ص. ۲۲۶؛ در خاورمیانه چه گذشت، ناصرالدین نشاشیبی، مترجم. م. ح. روحانی، صص ۵۹۳ و ۵۹۴ و ۱۹۳-۴؛ لی اف دینسمور «تأسف برای نقش اندک آمریکا در شورش عمدهٔ کردها». گزارش واشنگتن درمورد رابطه خاورمیانه، مه و ژوئن ۱۹۹۱، ص.۹؛ بلوم، راگو استیت، صص.۳۴ – ۱۳۳؛ بلوم، کشتن : «ایجاد ظالم ۴۰ ساله» نیویورک تایمز، ۱۴ مارس ۲۰۰۳؛ سالح:صص. ۱۰۹ – ۱۱۱ و ۱۲۲ و ۱۲۵-۱۳۴ و ۱۷۲ – ۱۸۹ و ۱۹۹ – ۲۰۹؛ سعید ک ابوریش، صدام حسین: سیاست انتقام (نیویورک، بلوفربری، ۲۰۰۰)، ص. ۷۱؛ السمان. ص. ۸۴ ؛ سیفری، مایکل ال « دخالت آمریکا در خاورمیانه: یک مطالعه فردی » مطالعه در باب جنگ خلیج فارس، صص :۲۷-۳۴؛ فاروق اسلوگلت و اسلوگلت، صص. ۸۹ و ۴۰ و ۳۴-۳۷؛ فرانکل، ص. ۱۹؛ دشتی، علی : عوامل سقوط محمد رضا پهلوی : یادداشت هایی از دشتی / مهدی ماحوزی – تهران : زوار ۱۳۸۳ چ.۱ صص : ۱۰۰ و ۱۰۳؛ رویارویی مسلک‌ها: ص ۱۹۹؛ابوریش: صص ۵۸ – ۵۴؛ الاتحاد و الشعب ۱۱ مارس؛ اردلان، امان الله: زندگی شش دوران ۶ پادشاه : تهران، نشر نامک، ۱۳۷۲، چ۲. ص: ۳۵۳؛اطلاعات ۷ شهریور، ۱۳۳۹ و ۴ آذر ۱۳۳۸؛ انتصار: صص ۲۳ ۳۰ ۳۵،۴۰-۶؛ اورست، لاری: نفت، قدرت، امپراتوری، عراق و برنامهٔ جهانی آمریکا، مترجم اقبال طالقانی، تهران، نشر دیگ، ۱۳۸۴، چاپ اول. صص ۶۴ – ۷۵، ۷۰، ۷۳، ۷۸ – ۶۷؛ چامسکی با «پس از جنگ سرد». ص.۸۱؛ الاهرام ۹ و ۱۲و ۱۳ مارس ۱۹۵۹؛ بانخیلانی: صص ۱۶۴ – ۱۶۹ و ۱۵۷ و ۱۷۷ – ۱۷۳؛ بررسی تاریخی اختلاف مرزی ایران وعراق، اصغر جعفری ولدانی، مؤسسه چاپ و انتشار وزارت خارجه، تهران، صص.۷۶ و ۲۵۲- ۲۲۹ و ۲۳۹ – ۲۵۰؛ بکر،ریچارد: آمریکا و عراق در چشم‌انداز تاریخی»، مرکز اقدام بین‌المللی، ۲۰۰۳؛ نیویورک تایمز، ۲۶ آ.ریل ۱۹۵۹، نقل شده در بلوم، راگ استیت، ۱۳۳؛ ویلیام بلوم، راگ استیت: راهنمایی برای تنها ابر قدرت دنیا (مونرو: ME کامون کوریج، ۲۰۰۰)،ص. ۱۳۴؛ هیکل : صص: ۹۶-۱۱۱؛ یو. ظاهر، «تحولات سیاسی در عراق ۱۹۸۰ – ۱۹۶۳» در عراق دوران صدام، ص. ۳۲؛ نه رفه ع: ص. ۱۸۹- ص. ۲۰۰- ۱۹۱؛

Ismael, Tareq: Iraq & Iran, Roots of Conflict, Syracuse, Syracuse University. 1982, P. 1 ; Petter Avery, Modem Iran (New York, Praeger, 1965), P. 490 ; Ramazani, Iran's Foreign Policy (1941 – 1973), (Virginia, the University Press of Virginia), 1975 , P. 231; Ramazani, The Persian Gulf : Iran's Role, PP 33 – 34; Wilber, Contemporary Iran, (New York: Praeger, 1963) pp. 198 – 99; Middle East Journal, (Spring 1969) P. 180; Walter Laqueur, The Struggle for the Middle East, P 29, Tripp. Pp.138, 153-154

۱۶. با حضور: حمزه عبداله، حلمی علی شریف، احمد غفور، جمال نه به ز و تعدادی کاسب و وکیل و انسان های دیگر مستقل.

۱۷. افراد گروه کردستان که نزد عبدالکریم قاسم بودند عبارتند از: کاکه زیاد، مسعود محمد، بکر حاجی محمد بنا، احمد دلزار، ملا مجید مفتی، سید عبدالله پولفروش، مولود رسول، عثمان عونی، بکر صدیق و...

هوالنامه‌ی کتاب

۱۸. گفتگو با نوام چامسکی، داریوش همایون، دکتر کمال فواد، دکتر نوری طالبانی، عیسی پژمان، احمد دلزار، پیروت طالبانی، زیور خطاب، سید کاکه، عزالدین مصطفی رسول، عزیز محمد، عیسی پژمان، کریم خان برادوست، کریم شاره زا، کمال محی‌الدین، مجید ئاسنگر، محمود عثمان/ چامسکی با «پس از جنگ سرد».ص. ۸۱؛ حمایت مالی آمریکا از اسرائیل: آمار، واقعیات و گزارش اثر گزارش واشنگتن در مورد روابط خاورمیانه، ۱۵ ژانویه ۲۰۰۳؛ حمید زمانیان – ویژه نامه خبرگزاری فارس – گروه ویژه نامه ها، حوزه دفاع مقدس، در هفته دفاع مقدس ۰۲ /۰۷/۸۷؛ الخلیل.ص. ۲۲۶؛ در خاورمیانه چه گذشت، ناصرالدین نشاشیبی، مترجم. م.ح.روحانی، صص ۵۹۳ و ۵۹۴ و ۱۹۳-۴؛ روزنامه ایران؛ رویارویی مسلک‌ها: ص ۱۹۹؛ سالح: صص ۱۷۹ – ۱۸۸ و ۲۰۸؛ السمان. ص. ۸۴؛ عبدالفتاح: ص.۶۶؛ فاروق اسلوگلت و اسلوگلت،ص.۸۹؛ کمجیان، هرایرد: ص.۱۹۲؛ کلاوسون، پاتریک: جهانی شدن سرمایه و انباشت آن در ایران و عراق؛ ترجمه پیروز الف، تهران، اوت ۱۳۵۹، ص ۱۵؛ کلولند،ص.۳۹۵؛ لی اف دینسمور «تأسف برای نقش اندک آمریکا در شورش عمدهٔ کردها». گزارش واشنگتن درمورد رابطه خاورمیانه، مه و ژوئن ۱۹۹۱،ص.۹؛ مشیک،ص.۲۶؛ موریس، نیویورک تایمز،۱۴ مارس ۲۰۰۳؛ نجاتی: ص. ۲۰۳؛ نگاهی به تاریخ سیاسی عراق، سرهنگ ع.الجمیلی، ترجمه محمدحسین زوار کعبه،صص ۷۷ – ۷۸؛ نه به ز: صص ۱۱۸ – ۱۲۹ و ۱۳۴؛ ولدانی: صص. ۲۳۵- ۲۳۲ و ۲۲۹-۲۳۰ و ۲۵۲- ۲۳۱؛ یو، ظاهر، تحولات سیاسی در عراق ۱۹۸۰ – ۱۹۶۳، دوران صدام،ص.۳۲؛ نه رفه ع: صص. ۱۸۹ و ۲۰۰-۱۹۱؛ ابوریش. صص ۵۸ – ۵۴؛ الاتحاد و الشعب ۱۱ مارس؛اردلان، امان الله: زندگی در دوران ۶ پادشاه : تهران، نشر نامک، ۱۳۷۲، چ۲. صص: ۳۵۳ و ۳۶۲-۳۵۹؛ از تکریت تا کویت، تألیف جودیت میلر و میشل روا، ترجمه حسن تقی‌زاده میلانی، انتشارات کویر، ص ۱۱۲؛ انصار: صص ۳۳ – ۳۰؛اورست، لاری، ص ۷۸ – ۶۷؛ الاهرام شماره های ۱۴ و ۱۲ و ۹ مارس؛ بانخیلانی: صص – ۱۶۹؛ ص. ۱۷۷ - ۱۷۳؛ بلر،صص. ۸۷ – ۸۶؛ بلوم، راگو اسنیت،صص. ۳۴ – ۱۳۳؛ بوتانی: صص ۱۲۳ و ۱۲۵ و ۱۴۵؛ تاریخ سیاسی عراق، شورای نویسندگان، ص ۸۷؛ تحولات داخلی عراق و امنیت ملی ایران به روایت اسناد ساواک/ پائزدهمین مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات، تهران، وزارت اطلاعات مرکز بررسی اسناد تاریخی، ۱۳۸۳، چ ۱، تهران، سند ص ۷، ص ۱۱؛ جعفریان، رسول: تشیع در عراق و مرجعیت و ایران: تهران. چ ۱. موسسه مطالعات تاریخ معاصر ایران ۱۳۸۶ صص: ۸۶-۹ ؛

Ismael, Tareq: Iraq & Iran, Roots of Conflict, Syracuse, Syracuse University. 1982, P. 19 ;Petter Avery, Modem Iran (New York, Praeger, 1965), P. 490; Tripp. Pp.153-4.

19. Leader in Exile

۲۰. اسعد خوشناو، مدحت احمد، شیخ سلیمانی بزاز، شیخ بابو و....

21. Ibrahim Kubah

۲۲. جمید عثمان و صالح حیدری و خسرو و توفیق نژاد و احمد آقا و صالح رشدی و...

۲۳. نوری شاه ویس و علی عبدالله و عمر مصطفی و نوری احمد طاها و عبدالله اسماعیل و جلال عبدالرحمن، زکیه اسماعیل حقی، احمد عبدالله ئامیدی، عونی یوسف، سید عزیز شمزینی، نوری احمد طاها، یدالله کریم، شمس مفتی، علی عسکری، حبیب محمد کریم.

۲۴. سرتیپ ستاد ناظم طبقچلی فرمانده مستقر در کرکوک هنگام شورش موصل بود که در روز ۲۵ مارس ۱۹۵۹ پس از شورش موصل و پس از بیان اعترافاتی از سوی متهمین علیه او در حین بازجویی و اثبات همکاریش با توطئه‌گران بازداشت و در جریان محاکمه متهمین این قیام در دادگاه خلق به اعدام محکوم شد. {ر.ک به: تاریخ سیاسی عراق، ع. الجملی، ترجمه محمدحسین زوار کعبه، ص ۷۷ و ۷۸}

۲۵. داود جاف، علی بگ(بیک) شرفبیانی ، شیخ نجم الدین طالبانی، شیخ حسین فرزند شیخ محمود، عزت و علی برادران محمد رشید خان بانه، بابه کر ئاغی پشدری، حاجی عباس آغا(خان)، شیخ علا الدین خه لان، علی حسن آغا(خان)ی منگور، شیخ عثمان نقشبندی بیاره (اورامی)، شیخ عبدالکریم برزنجی، شیخ محمد بهالدین نقشبندی، فتاح بگ(بیک) هرکی، محمود خلیفه برادوست، شیخ محمد امین خان، شیخ رشید لولان، شیخ محمد زیباری و...

۲۶. علی عبدالله، دکتر خالد سعید، فاتح رسول، احمد دلزار ؛ کاکه زیاد، عثمان عونی

۲۷. کلمه‌ای کردی به معنای کار و فعالیت / روزنامه خه بات (جریده یومیه سیاسیه) که شماره اول ان در ۵۹/۴/۴ به زبان کردی در بغداد منتشر شد که شماره های ۵-۱ کردی و ۷-۶ به عربی و شماره ۱۰ به دوزبان بود.

۲۸. اما در اواخر نوامبر ۱۹۶۰ حکومت این نشریه را تعطیل کرد

۲۹. برای نخستین بار بهالدین نوری و عبدالرحمن قاسملو و عزالدین مصطفی رسول و علا الدین سجادی و صالح قفتان و جگر خون و ماموستا هردی و دکتر صفا الحافظ و عزیزالشیخ و...

۳۰. ۲۷ کانونی دوم ۱۹۲۵

۳۱. من هی عصبه الامم – الموصل ترحب باللجنه الامميه

۳۲. دامه: یک نوع بازی محلی کردی شبیه شطرنج

۳۳. گفتگو با احمد دلزار، یوسف اردلان، پیروت طالبانی، جلال جوبار، داریوش همایون، دکتر کمال فؤاد، دکتر محمد علی مهرآسا، دکتر محمود عثمان، دکتر نوری طالبانی، زیور خطاب، سید کاکه، شیرکو بی‌کس، عبدالله احمد رسول پشده‌ری، عبدالله کانی مارانی، عزالدین مصطفی رسول، عمر محمد، عمر شیخ موس، عیسی پژمان، فاتح رسول، فه‌خری که‌ریم، کریم احمد، کریم خان برادوست، کریم شاره زا، کمال محی‌الدین، مجید ئاسنگر، مکرم طالبانی، نوشیروان مصطفی/ اتحاد والشعب : ۲۹ آوریل و ۱۱ مارس ۱۹۵۹؛ اردلان، امان الله: زندگی در دوران ۶ پادشاه : تهران، نشر نامک، ۱۳۷۲، چ۲. ص: ۳۵۳؛ نشریه لفین شماره ۶۰ ژانویه ۲۰۰۸؛ نشریه کمونیست شماره ۱۲ اوت ۱۹۵۹ ص ۱۰۴ تا ۱۹۹؛ نگاهی به تاریخ سیاسی عراق، سرهنگ ع. الجمیلی، ترجمه محمدحسین زوار کعبه، ص ۷۷ و ۷۸؛ نوری طالبانی، منطقه کرکوک و محاولات تغییر واقعها القومی، لندن ۱۹۹۵. ص ۵-۴۴ ؛ بانخیلانی: صص ۱۶۴ – ۱۶۹ و ۱۷۷ – ۱۷۳؛ بلر صص. ۸۹ – ۸۳ و ۳۰؛ پاکتاو کردنی ره گه زی کورد له کوردستانی عیراقیدا، فرمان عبدالرحمن، مکتب بیروهشیاری ۲۰۰۶ سلیمانی.ص. ۲۷ ؛ تحولات داخلی عراق و امنیت ملی ایران به روایت اسناد ساواک/ تدوین مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات، تهران، وزارت اطلاعات مرکز بررسی اسناد تاریخی، ۱۳۸۳، چ ۱، تهران، سند ص ۷، ص ۱۱ و ص ۱۳، سندهای ۲۰ تا ۲۳، ۳۳ و ۳۴؛ جعفریان، رسول: تشیع در عراق و مرجعیت و ایران: تهران. چ ۱، موسسه مطالعات تاریخ معاصر ایران ۱۳۸۶ ص: ۸۶-۹ ؛ چپ در ایران مورخ ۱۳۳۹/۵/۲۰؛ سند صص. ۲۹، ۳۹، ۵۴، ۶۶ تا ۶۸ و سند ص ۱۳، ؛ حسین، فاضل: مشکله موصل دراسه فی الدیبلوماسیه العراقیه و الانجلیزیه و الترکیه و فی رای العام، بغداد ۱۹۷۷، صص. ۱۲۰ و ۲۴۱ ؛ در خاورمیانه چه گذشت، ناصرالدین نشاشیبی، مترجم. م. ح. روحانی، صص ۵۹۳ و ۵۹۴ و ۱۹۳-۴؛ روزنامه اطلاعات، ۱۴ آذر ۱۳۴۰؛ رویارویی مسلک‌ها: صص ۱۹۹ و ۲۰۴ ؛ اسماعیل محمد، خلیل: موشرات سیاسیه التعریب و التجهیز فی اقلیم کردستان.اربیل ۲۰۰۱. ص. ۲۵؛ اسناد ساواک، پرونده‌های موضوعی؛ اطلاعات : ۷ شهریور، ۱۳۳۹– ۴ آذر ۱۳۳۸؛ نتصار: صص ۳۱ – ۳۹ و ۴۱؛ اورست، لاری، صص. ۶۷-۶۸؛ الاهرام شماره ۱۸ آوریل ۱۹۵۹؛ مصاحبه ای با سردبیر مجله هندی Blity در۱۷ آوریل ۱۹۵۹ و شماره اول مه ۱۹۵۹ و شماره های ۱۴ و ۱۲ و ۹ مارس ۱۹۵۹ ؛ فاروق – اسلوگلت و اسلوگلت، صص. ۴۰ و ۳۶ و ۳۴ و ۵۲؛ قادرمینه، نه مین: نه منی ستراتیجی و سیکوچکه ی به عسیان " نه رحیل، نه عریب، نه یعیس " چ. ۲ چ سلیمانی ص.۸۳ ؛ کاکه‌مم بوتانی : صص ۱۴۱- ۱۵۰ و ۱۲۱- ۱۳۳ و ۱۴۵ و ۱۵۷ و ۷ و ۱۴۱ و ۱۹۶ و ۱۴۹؛ کلیولند. ۱۸ – ۳۱۷؛ کومه له نازادی وژیانه وه یه کیتی کورد، روزنامه؛ بانگی کاژیک، ارگان لقی اروپای کاژیک. ژ.ا.له ۱۹۱۸/۴/۱۴؛ لافه‌بر، والتر،ص. ۶ – ۲۲۴؛

هه‌ولنامه‌ی کتێب

المجله العراقیه لحقوق الانسان ۲۴ الدستور الموقت العام ۱۹۵۸ ص. ۱۷۲؛ محه مه د، حوسین: پە یاننامە بە کی رە ش و روژیکی سوور: سلیمانی ۲۰۰۳ ص.۳۷ ؛ معما ی ایرانی، کنت پولاک، ترجمه عرفان قانعی فرد، ص ۱۸۴؛ نجاتی:ص ۹۴ ص. ۱۳۱ ؛ریچارد بکر، «آمریکا و عراق در چشم‌انداز تاریخی»، مرکز اقدام بین‌المللی، ۲۰۰۳؛ زرار سلیمان بگ(بیک) صص.۳-۲۲؛ سالح: ص ۱۶۳ – ۱۷۷ ص ۲۰۸؛ سیف قاضی، محمد رضا: نهیهیه کانی دادگاییکردنی قازی محه مه د، وزاره تی روشنبیری، سلیمانی ۲۰۰۷ چ.۱ ص.۷۰؛ طاهر شریف، الجمعیات و المنظمات و الحزاب الکردیه فی النصف قرن ۱۹۰۸-۱۹۵۸. ص.۱۱۸ ؛ عبدالفتاح: صص. ۶۶ و ۵۵؛ عریف سلیمان:.. ؛ نه به ز: ص ۱۱۷ – ۱۲۶ و ۱۳۵ – ۱۲۹؛ ولدانی،اصغر جعفری: بررسی تاریخی اختلاف مرزی ایران وعراق، ۷۶ ص ۲۲۹-۲۳۰؛ هاری مگداف: عصر امپریالیسم (نیویورک، مانتلی ریویو، ۱۹۶۹)، ص. ۴۳؛ یحیی البوتان، عبدالفتاح محمد علی: وثایق عن حرکه التحریریه الکوردیه، اربیل ۲۰۰۱ ص.۵۵؛ برگین، ۴۰۱؛ نه رفه ع: ص. 189- 186 و ۲۰۰- ۱۹۱ ؛ پروفایل ۲ صفحه ای درباره جلال طالبانی EQ ¼. National Archaive – London

David McDowell: A Modern History of the Kurds, London-Newyork. I.B.Tauris , p. 314 ; Gunter, Michael M., p.22-3; Edmund Ghareeb : p.155 ; Ismael, Tareq: Iraq & Iran, Roots of Conflict, Syracuse, Syracuse Univ. 1982, P. 19; Kreyenbrook , Philip G. Sperl , Stefan: the Kurds , a Contemporary Overview , Rutledge 1992 ,P.16-26; Michael M. Gunter, The Kurdish Predicament in Iraq: A Political Analysis, St. Martin's Press, New York (1999) 17 p ; Middle East Watch, Genocide in Iraq: The Anfal Campaign Against the Kurds, N.Y. Human Rights Watch , 1993 , p.41; Petter Avery, Modern Iran (New York, Praeger, 1965), P. 490; Ramazani, Iran's Foreign Policy (1941 – 1973), (Virginia, the University Press of Virginia), 1975, P. 231; Ramazani, The Persian Gulf: Iran's Role, PP 33 – 34; Romano, David: the Kurdish Nationalist Movement, Cambridge University Press , 2006 , p.188; Wigram, Edgar , T.A&W.A Wigram : The Cradle of Mankind : Life in Eastern Kurdistan , 2nd , London , A&C Black Ltd. , 1922 ; Mc dowel , P. 295-6 ;Tripp: 128-138 .

۳۴. عبداله اسحاقی (احمد توفیق) فرزند محمدامین در مهاباد متولد شد. در سال ۱۳۳۲ هنگام تحصیل در دبیرستان وارد حزب توده مهاباد شد. اسحاقی طی این سالها با حزب کمونیست عراق و رابطین آن در ایران نیز تماس داشته و مسئول حزب توده جوانان شهرستان نهاوند نیز بوده که پس از زیر ضربه رفتن حزب توده از محل متواری مدتی در منزل شوهر خواهرش در تبریز بسر می‌برد و سپس به تهران و به عراق عزیمت نموده است در عراق مورد حمایت ملامصطفی بارزانی قرار گرفته و با او همکاری می‌نماید لو به عنوان مسئول حزب دمکرات کردستان ایران مطرح بود و در سال ۴۳ پس از یک مسافرت جهت خوشگذرانی به بغداد به همراه نخوپاشایی از سوی مخابرات عراق دستگیر می‌شود. پس از عزیمت مجدد به کردستان عراق مورد بی‌مهری ملامصطفی قرار می‌گیرد و چندی بعد به دستور او بازداشت و به بارزان تبعید می‌شود. مطابق با گزارش ساواک «... چون عبداله اسحاقی پشت سر اغلب مسئولین حزب دمکرات کردستان عراق بدگوئی می‌کرد لذا اقلیت سیاسی آن حزب به هیچوجه نظر خوبی به او نداشت... از این گذشته تمام مردم شهر سلیمانیه به او با یک نظر کینه و نفرت نگاه می‌کردند و ناگفته نماند که اکثر ایرانیان فراری به عراق به غیر از چند نفر از این شخص متنفر و گریزان هستند زیرا وی فردی بسیار جاه طلب و مستبد می‌باشد و سعی دارد رقیبان خود را از صحنه دور کند.» (اسناد ساواک، پرونده‌های موضوعی)

۳۵. عبدالعلی منصورپور، فرزند عبدالکریم، در سال ۱۲۹۰ در سنندج به دنیا آمد. در سال ۱۳۱۲ وارد آموزشگاه ستوانی شد و در سال ۱۳۱۴ با درجه ستوان سوم فارغ‌التحصیل گردید. او در زمان دولت مصدق در زمره افسران وابسته به دربار قرار داشت. سرهنگ دوم منصورپور در عملیات کودتا از همکاران سرهنگ محمدحسن اخوی (سرلشگر) بود و از جمله افسران توطئه‌گری بود که در پی شکست کودتای ۲۵ مرداد ۱۳۳۲ به اتهام «شرکت در کودتا و قیام مسلحانه بر علیه حکومت ملی» توسط شعبه ۸ دادسرای فرمانداری و نظامی تهران دستگیر و در بادگان عشرت‌آباد زندانی شد. منصورپور پس از پیروزی کودتای ۲۸ مرداد، مانند سایر افسران کودتاچی، مورد عنایت محمدرضا پهلوی قرار گرفت و از تاریخ ۱۳۳۳/۲/۲۸ آجودان مخصوص شاه شد و به ریاست اصلاح‌نژاد و پرورش اسب منصوب گردید. او در تاریخ ۱۳۳۷/۱۱/۱۵ به فرمان شاه به جای سرهنگ ستاد محسن مبصر به عنوان وابسته نظامی به عراق رفت و ارتباطات پنهان خود را با اکراد آغاز کرد. وی در ۱۳۳۸/۷/۱ به درجه سرتیپی رسید و از ۱۳۴۰/۱/۱ به عنوان «مشاور عالی امور خاورمیانه ریاست ساواک» به این سازمان مأمور شد. منصورپور از نظر جایگاه سازمانی در ۱۳۴۵/۵/۱ از ارتش به ژاندارمری منتقل شد و با انتصاب به آجودانی ژاندارمری کماکان با عنوان فوق در ساواک به فعالیت ادامه داد. او در تاریخ ۱۳۴۶/۸/۲۱ به درجه سرلشکری رسید و تا ۱۳۵۷/۱۰/۲۰، که به علت توسعه امواج انقلاب برکنار شد، در این سازمان مأمور بود.

فردوست در کتاب ظهور و سقوط سلطنت پهلوی، ج ۱، ص ۵۰۱ تا ۵۰۳ درخصوص سرلشکر عبدالعلی منصورپور چنین می‌نویسد «زمانی که قائم مقام ساواک شدم، روزی فردی به نام سرتیپ منصورپور نزد من آمد و گفت که از طرف ساواک مأموریت تماس با بارزانی را دارد و لذا ممکن است گاهی روزها و حتی هفته‌ها در ساواک نباشد. پاسخ دادم که از نظر من بی‌اشکال است و وظیفه شما چنین حکم می‌کند. بدین ترتیب در جریان رابطه منصورپور با بارزانی قرار گرفتم. منصورپور خود کرد بود و در مسئله اکراد منطقه تسلط کافی، در حد شناخت شخصیتها و حتی جزئیات، داشت. وی با بسیاری از سران کرد و با شورای اکراد در اروپا آشنا بود و فرد کاملاً مناسبی برای این مسئولیت به شمار می‌رفت. از نظر خصوصیات فردی نیز منظم، باهوش، آرام، با سیاست و سر نگهدار بود. او ستاد کوچکی را در منطقه تحت تصرف بارزانی‌ها اداره می‌کرد و بهترین روابط را با بارزانی داشت و در واقع رابط محمدرضا با او به شمار می‌رفت. پس از قرارداد ۱۹۷۵ و ورود بارزانی به ایران، گویا منصورپور ملاقات با وی را ادامه داد و همان نقش سابق را به عهده داشت. او سالها در ساواک با درجه سرتیپی ماند و چون محمدرضا می‌خواست به وی ترفیع داده شود، به ژاندارمری منتقل شد و به درجه سرلشکری رسید و توسط ژاندارمری به ساواک مأمور گردید... در طول دورانی که جنگ بارزانی با دولت بغداد ادامه داشت، منصورپور به کردستان عراق می‌رفت و در ستاد فرماندهی بارزانی با او و سایر سران کرد ملاقات می‌کرد و پیغامها و خواسته‌های بارزانی‌ها را به تهران منتقل می‌نمود. این خواسته‌ها عموماً برآورده می‌شد و لذا منصورپور اکثراً رضایت بارزانی از محمدرضا رابیان می‌داشت... منصورپور هرگونه ساز و برگ و تجهیزات مورد لزوم کردها را از طریق ارتش تأمین می‌کرد و به آن ها می‌رساند. توسط ساواک یک فرستنده قوی نیز از خارج خریداری شده و در منطقه بارزانی‌ها نصب شده بود که از آن برای تبلیغات بارزانی استفاده می‌شد.» منصورپور پس از پیروزی انقلاب اسلامی دستگیر و به ۱۰ سال زندان و استرداد مبالغ دریافتی از ساواک محکوم گردید. وی در تاریخ ۱۳۶۲/۱/۲۱ مشمول عفو حضرت امام قرار گرفت و آزاد شد. منصورپور با زبان های انگلیسی و فرانسه و کردی و عربی آشناست. (ظهور و سقوط سلطنت پهلوی، ج ۱، ص۵۰۶).

۳۶. نوام چامسکی، داریوش همایون، دکتر کمال فؤاد، دکتر نوری طالبانی، دکتر عطیه، دکتر محمد علی مهرآسا، مجید ناسنگر، محمود عثمان، مکرم طالبانی، یوسف اردلان،انوشیروان مصطفی، زیاد آغا(خان)، سید کاکه، صابر ولی، عبدالله احمد رسول پشده‌ری، عیسی پژمان، کریم احمد، عزالدین مصطفی رسول، کریم خان برادوست، کریم شاره زا، کمال محی‌الدین / «حمایت مالی آمریکا از اسرائیل»: آمار، واقعیات و گزارش اثر گزارش واشنگتن در مورد روابط خاورمیانه،

۱۵ ژانویه ۲۰۰۳؛ ابوریش، صص. ۵۸ – ۵۴؛ اختلافات مرزی ایران و عراق، صص ۲۴۰ و ۲۴۱؛اردلان، امان الله: زندگی در دوران ۶ پادشاه : تهران، نشر نامک، ۱۳۷۲، چ۲. صص: ۳۵۳ و ۳۶۲-۳۵۹؛ اسلوگلت و اسلوگلت، صص. ۳۴ – ۳۱؛ اطلاعات ۷ شهریور، ۱۳۳۹- ۴ آذر ۱۳۳۸، ۱۴ آذر ۱۳۴۰؛ انتصار: صص ۳۰ و ۴۰ و ۳۹-۳۵؛ اورست، لاری: نفت، قدرت، امپراتوری:عراق و برنامهٔ جهانی آمریکا ؛مترجم اقبال طالقانی:تهران، نشر دیگر، ۱۳۸۴، چاپ اول، صص ۶۴ – ۷۸؛ بانخیلانی: ص.۱۵۷؛ بلر صص. ۸۹ – ۸۱ و ۳۰؛ بلوم، راگو استیت، ۳۴ – ۱۳۳؛ بلوم، کشتن امید، ۹۷ ص ۱۸۰؛ پولاک، کنت : معما ی ایرانی ص ۱۸۴؛ تانزر، ۲۶۳؛ تحولات داخلی عراق و امنیت ملی ایران به روایت اسناد ساواک/ تدوین مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات، تهران، وزارت اطلاعات مرکز بررسی اسناد تاریخی، ۱۳۸۳، چ ۱، تهران، سند ص ۷، ص ۱۱؛ چپ در ایران سند صفحات ۶۶ - ۶۸ مورخ ۱۳۳۸/۶/۲۰ ؛ سند ص ۱۸۰ و سند ص ۸۱ مورخ ۱۳۳۹/۵/۲۰؛ سند صفحات ۲۹، ۳۹، ۵۴،سند ص ۱۳؛ چامسکی با «پس از جنگ سرد». ص. ۸۱؛ الحرسان، صلاح: صفحات من التاریخ العراق السیاسی الحدیث،الحرکات الماركسیه؛ مؤسسه المعارف المطبوعات؛ حمید زمانیان: ویژه نامه خبرگزاری فارس – گروه ویژه نامه ها / حوزه دفاع مقدس« در هفته دفاع مقدس۲۰ /۸۷/۰۷ ؛ روزنامه ایران؛ الخلیل ۲۲۶؛ در خاورمیانه چه گذشت. صص ۵۹۳ و ۵۹۴؛ الدستور الموقت العام ۱۹۵۸ ص. ۱۷۲؛ رویارویی مسلک‌ها: ص ۱۹۹؛ ریچارد بکر، آمریکا و عراق در چشم‌انداز تاریخی، مرکز اقدام بین‌المللی، ۲۰۰۳؛ سالح: صص ۱۲۲ و ۱۳۴-۵ و ۸ – ۱۲۵ و ۱۳۱؛ سعید ک ابوریش، صدام حسین: سیاست انتقام (نیویورک، بلوفربری، ۲۰۰۰)،ص. ۷۱؛ سیف قاضی، محمد رضا: نهیهیه کانی دادگاییکردنی قازی محه مه د، وزاره تی روشنبیری، سلیمانی ۲۰۰۷ چ.۱ صص.۷۰؛ سیفری، صص. ۲۷-۳۴؛ طاهر شریف، الجمعیات و المنظمات و الحزاب الکردیه فی النصف قرن ۱۹۰۸-۱۹۵۸. ص.۱۱۸ ؛ فاروق – اسلوگلت و اسلوگلت، ۴۰؛ ۳۴، ۳۶ ۸۹؛ فیلکل، ۱۹؛ کمجیان، هرایرد: ص.۱۹۲؛ کاکەمەم بوتانی: صص ۱۷۶ و ۱۳۹ و ۱۸۷ و ۱۵۷ و ۱۹۱؛ کلاوسون، پاتریک: جهان شیان سرمایه و انباشت آن در ایران و عراق، ترجمه پیروز الف، تهران، اوت ۱۳۵۹، ص ۱۵؛ کلولند، صص. ۳۹۵ و ۳۸ – ۳۱۷؛ لافەبر، والتر، پنجاه سال جنگ سرد، از غائله آذربایجان تا سقوط گورباچف، ترجمه منوچهر شجاعی، حسن افشار، چاپ اول ۱۳۷۶، صص. ۶ – ۲۲۴ ؛ لی اف دینسمور «تأسف برای نقش اندک آمریکا در شورش عمدهٔ کردها». گزارش واشنگتن درمورد رابطه خاورمیانه، مه و ژوئن ۱۹۹۱،ص. ۹ ؛ مایل مشبک، «عراق، سالهای آشوب» در فراسوی توفان، ص. ۲۹؛ المجله العراقیه لحقوق الانسان ص.۲۴؛ موریس، راجر «ایجاد ظالم ۴۰ ساله» نیویورک تایمز، ۱۴ مارس ۲۰۰۳؛ میلر، جودیت: از نکریت تا کویت، تألیف میلر و میشل روا، ترجمه حسن تقی‌زاده میلانی، انتشارات کویر، ص ۱۱۲؛ نجاتی: ۲۰۳:ص ۹۴ ص. ۱۳۱ ؛ نشاشیبی، عبدالناصرالدین: در خاورمیانه چه گذشت؟ مترجم م. ح. روحانی، صص ۵۹۳ و ۵۹۴؛ نشریه لفین شماره ۶۰ ژانویه ۲۰۰۸ گفتگو با زرار سلیمان بگ(بیک) صص.۳-۲۲ ؛ نه به ز: صص ۱۱۷ و ۱۳۰و ۱۳۴؛ نیویورک تایمز، ۱۴ مارس ۲۰۰۳؛۲۶ آوریل ۱۹۵۹؛ ولدانی، اصغر جعفری : بررسی تاریخی اختلاف مرزی ایران وعراق، مؤسسه چاپ و انتشار وزارت خارجه، تهران، ص. ۷۶؛ ولدانی،اصغر جعفری روابط عراق و کویت، ص ۱۴۸ ولدانی: صص ۲۵۲- ۲۲۸؛ هیکل: صص: ۹۶-۹۹؛ یو، ظاهر، «تحولات سیاسی در عراق ۱۹۸۰ - ۱۹۶۳» در عراق دوران صدام، ۳۲، مشبک،.ص. ۲۶؛ نه رفه ع: صص. 189- 186 ؛ پروفایل ۲ صفحه ای درباره جلال طالبانی – National Archive :EQ ¼. London

Edmund Ghareeb : p.155 ; Tripp : pp.138,154-7 ; Ismael, Tareq: Iraq & Iran, Roots of Conflict, Syracuse, Syracuse Univ. 1982, P. 19 ; Khadduri, op.cit. P 183; Kising's Contemporary Archives P, 359. 647 ; Kreyenbrook , Philip G.,Sperl , Stefan: the Kurds ,a contemporary overview , Routledge 1992 ,P.16-26; Mc dowel , P. 295-6 ; Michael M. Gunter, The Kurdish Predicament in Iraq: A Political Analysis, St.

Martin's Press, New York (1999) p 17 .22-3 ; Middle East Journal, (Spring 1969) P. 180; Petter Avery, Modem Iran (New York, Praeger, 1965), P. 490 ; 479; Ramazani, Iran's Foreign Policy (1941 – 1973), (Virginia, the University Press of Virginia), 1975, P. 231; Ramazani, the Persian Gulf : Iran's Role, PP 33 – 34; Romano , David : the kurdish Nationalist Movement , Cambridge University press , 2006 , p.188; Walter Laqueur, The Struggle for the Middle East, P 29; Wigram, Edgar , T.A & W.A Wigram : the craddle of Mabkind : life in Eastern Kurdistan , 2nd , London , A&C Black Ltd. , 1922 ; Wilber, Contemporary Iran, (New York: Praeger, 1963)pp. 198 – 99 .

۳۷. مانند: کاظم فرهود، احمد بانخیلانی، دکتر فارس و حسن مصطفی و... از حزب های حزب کمونیست عراق و الوطنی الدیمیقراطی و پارتی و...

38. Zibari

39. Surchi

40. Martin van Bruinessen

۴۱. شیخ رشید لولان از شیوع دینی و متنفذ شمال شرقی عراق بود.وی پس از کودتای تموز ۱۹۵۸ عراق مدتی به ایران پناهنده شد و چندین بار با بارزانی‌ها که از دشمنان سرسخت وی بودند مبارزه کرد. ساواک باتوجه به خصومتی که بین نامبرده و ملامصطفی بارزانی وجود داشت طرح استفاده از وجود وی به منظور تضعیف ملامصطفی و عمالش را به عمل آورد. (اسناد ساواک، پرونده‌های موضوعی)

۴۲. علی عبدالله دایی خائم ابراهیم احمد (گلاویژ) بود.

43. David Dwight Eisenhower (Oct. 14, 1890 – March 28, 1969)

44. Adnan Menderes (1950-60)

45. OPEC

۴۶. گفتگو با توام چامسکی، داریوش همایون، دکتر فواد معصوم، دکتر کمال فواد، دکتر نوری طالبانی،احمد دلزار، پیروت طالبانی، جلال جوبار، دکتر شکر رسول، زیاد آغا(خان)، عبدالله پشده‌ری، دکتر عزالدین مصطفی رسول، عزیز محمد، عمر شیخ موس، عیسی پژمان، فەخری کەریم، کریم خان برادوست، عبدالله کانی مارانی، کریم شاره زا، محمد ملا قادر، دکتر محمود عثمان، مکرم طالبانی، ملازم عمر، ناظم عمر دباغ/ کاکەمەم بوتانی: صص ۱۴۱- ۱۶۱،۱۵۰، ۱۸۶، ۱۹۲، ۱۹۹؛ کلاوسون، پاتریک: جهانی شدن سرمایه و انباشت آن در ایران و عراق؛ ترجمه پیروز الف، تهران، اوت ۱۳۵۹، ص ۵؛ کلیولند،صص. ۱۸ – ۳۱۷؛ لاشایی: صص ۷۲ و ۸۷؛ مایل مشبّک، «عراق، سالهای آشوب» در فراسوی توفان، ص.۲۹؛ نیویورک تایمز، ۱۴ مارس ۲۰۰۳ ، ۲۶ آوریل ۱۹۵۹؛ نشریه کمونیست شماره ۱۲ اوت ۱۹۵۹ صص ۱۰۴ – ۱۹۹ ؛ نوری طالبانی، منطقه کرکوک و محاولات تغییر واقعها القومی، لندن ۱۹۹۵. صص ۵-۴۴ ؛ نه یه ز: ص ۱۳۴؛ ولدانی: ص ۲۲۹-۲۳۰ ؛ هاری مگداف: عصر امپریالیسم (نیویورک، مانتلی ریویو، ۱۹۶۹)، ص. ۴۳؛ الشعب ۲۹ آوریل ۱۹۵۹؛از تکریت تا کویت، تألیف جودیت میلر و میشل روا، ترجمه حسن تقی‌زاده میلانی، انتشارات کویر، ص ۱۱۲ ؛ اسلوگلت ، صص. ۳۴ – ۳۱؛ انتصار: ص ۴۲ – ۳۷؛ طاهر شریف، الجمعیات و المنظمات و الحزاب الکردیه فی النصف قرن ۱۹۰۸-۱۹۵۸. ص.۱۱۸؛ اورست، لاری، ص ۶۴ – ۷۵؛ الاهرام شماره ۱۸ آوریل ۱۹۵۹ و اول مه ۱۹۵۹؛ بانخیلانی صص: ۱۷۳- ۱۶۹ ؛ بررسی تاریخی اختلاف مرزی ایران وعراق، اصغر جعفری ولدانی،ص. ۷۶ ؛ نه رفه ع: ص. ۱۹۴؛ ولدانی: صص ۲۳۸ – ۲۵۰ ؛ بلر. صص. ۸۸-۸۱؛ بلوم، راگو استیت. ۳۴ – ۱۳۳ ؛ الخلیل ۲۲۶ ؛ تریب، ۵۴ – ۱۵۳؛ در

خاورمیانه چه گذشت. ص ۵۹۳ و ۵۹۴ ؛ روابط عراق و کویت، اصغر جعفری ولدانی، ص ۱۴۸ و اختلافات مرزی ایران و عراق، ص ۲۴۰؛ رویارویی مسلک‌ها: ص ۲۰۴؛ سعید ک ابوریش، صدام حسین: سیاست انتقام (نیویورک، بلوفربری، ۲۰۰۰)،ص ۷۱؛ سیفری ۳۵ – ۲۷؛عبدالفتاح ص.۷۱؛ عریف سلیمان:...

Ismael, Tareq: Iraq & Iran, Roots of Conflict, Cyracuse, Cyracuse Univ. 1982, P. 19 - Petter Avery, Modem Iran (New York, Praeger, 1965), P. 490; Wilber, Contemporary Iran, (New York: Praeger, 1963)pp. 198 – 99 ; Middle East Journal, (Spring 1969) P. 180 ; Walter Laqueur, The Struggle for the Middle East, P 29 ; Ramazani, Iran's Foreign Policy (1941 – 1973), (Virginia, the University Press of Virginia), 1975, P. 231 ; Ramazani, the Persian Gulf : Iran's Role, PP 33 – 34; Khadduri, op.cit. P 183 - Kising's Contemporary Archives, 1359. P 16479 ; Avery, op.cit. P 479.

۴۷. افراد گروه کردستان که نزد عبدالکریم قاسم بودند عبارتند از: کاکه زیاد، مسعود محمد، بکر حاجی محمد بنا، احمد دلزار، ملا مجید مفتی، سید عبدالله پولفروش، مولود رسول، عثمان عونی، بکر صدیق و...

۴۸. گفتگو با کمال محی‌الدین، احمد دلزار

۴۹. گفتگو با کریم خان برادوست، شیرکو بی‌کس / کاکه‌مم بوتانی : ص ۱۵۷

۵۰. گفتگو با دلزار، صابر ولی، محمد ملاقادر / بوتانی،ص ۱۵۸

۵۱. گفتگو با دکتر نوری طالبانی

۵۲. گفتگو با دکتر نوری طالبانی / کاکه‌مم بوتانی : ص ۱۵۸

۵۳. گفتگو با دکتر نوری طالبانی، دکتر عطیه، شیرکو بی‌کس، نوشیروان مصطفی، ملازم عمر، جلال جوبار، محمد ملاقادر / کاکه‌مم بوتانی : ص ۱۳۹ – ۱۳۱

۵۴. حمید عثمان، صالح حیدری، خسرو توفیق نژاد، احمد ئاغا، صالح روشدی و...

۵۵. نوری شاه ویس و علی عبدالله و عمر مصطفی و نوری احمد طاها و ملا عبدالله اسماعیل و جلال عبدالرحمن و..

56. Mentality

۵۷. گفتگو با مکرم طالبانی، دکتر عطیه، نوشیروان مصطفی، محمود عثمان، مجید ئاسنگر، محمد ملاقادر، جلال جوبار/ اسناد ساواک، پرونده‌های موضوعی؛ کاکه‌مم بوتانی: ص ۱۴۱

۵۸. گفتگو با عیسی پژمان/ بدلیسی: شەره فنامه، ترجمه: عبدالرحمن شرفکندی، (هه ژار- موخره مترجم)، چ.۲، تهران، چاپ جواهری، صص. ۸۶۹-۸۴۰

۵۹. زن اول: محبوبه از بارزان (با فرزندانی به نام عبیدالله، لقمان، صابر)؛ زن دوم: حفصه از بارزان (با فرزندانی به نام ادریس و دو دختر به نام‌های کمیلی و زکیه)؛ زن سوم: حمایل (با فرزندانی به نام مسعود، دلشاد، نهاد، سحاد، سعاد، ویژه) که البته زرار سلیمان یگ هم معتقد است بارزانی یک همسر روسی هم اختیار کرده است و از او نیز دختری به فرزندی دارد.

۶۰. گفتگو با عیسی پژمان، محمود عثمان، جلال جوبار / نه به ز: ص۱۲۶؛

Middle East Watch , Genocide in Iraq: the Anfal Campaign Against the Kurds , N.Y. Human Rights Watch , 1993 , p.41

۶۱. گفتگو با دکتر نوری طالبانی

هەولێر کتێب

۶۲. گفتگو با دکتر عصمت شریف وانلی، عمر شیخ موس، کریم خان برادوست/ دو چاوپیکه و تنی روژنامه نووسی له گه ل: د. عصمت شریف وانلی و د. اسماعیل بشیکچی.۱۹۹۲ آلمان.بن. ..Wasen Rewsen.ص.۶؛ بدلیسی: شەره فنامه، ترجمه: عبدالرحمن شرفکندی (موخره مترجم- هه ژار)، چ.۲، تهران، چاپ جواهری، صص. ۸۶۹-۸۴۰

۶۳. گفتگو با مکرم طالبانی، کمال محی‌الدین، کریم خان برادوست، زیور خطاب، سید کاکه / کاکەمەم بوتانی: ص ۱۴۹ ص ۷ - ۱۵۶

۶۴. گفتگو با دکتر فواد معصوم، دکتر عطیه، احمد دلزار، کمال محی‌الدین، کریم شاره زا، عبدالله کانی مارانی / انتصار: ص ۴۰؛ کاکەمەم بوتانی : ص ۱۳۹

۶۵. گفتگو با دکتر عصمت شریف وانلی، دکتر کمال فواد، عزالدین مصطفی رسول، کمال محی‌الدین، جلال جوبار، عبدالکریم شیخانی / کاکەمەم بوتانی: ص ۲۶۷ ؛ Ghareeb: 183 ،Gunter:25

66. Iraqi Journalist Union – Administration Commitee

۶۷. بخشی از آن را از شیخ عبدالله نهری تا شیخ سراج الدین بیاره از خلفای شیخ مولانا خالد نقشبندی به ارث گرفته‌اند. البته شیخ سعید پیران در ترکیه هم ازخلفای شیخ مولانا بودند.

۶۸. صلاح عبدالله، ۲۰۰۷-۱۹۳۰

۶۹. گفتگو با عبداله کانی مارانی، پیروت طالبانی ، سینم بدرخان، دکتر عطیه / احمد، کژال: گفت و گو با ماموستا عومه ر مارف به رزنجی. کوردستان نوی: Gunter:25

۷۰. قاسم در ژانویه ۱۹۴۰ به دانشکده ستاد قدم گذاشت و در ۱۹۵۵ به درجه سرتیپی ستاد و در ۶ ژانویه ۱۹۵۹ به درجه سپهبد ستاد و در ۶ ژانویه ۱۹۶۲ به درجه سرلشکری ستاد ارتقا یافت. ر.ک به: تاریخ سیاسی عراق

۷۱. از بازماندگان نسل اول رهبران حزب دمکرات کردستان ایران، در زمان حکومت محمد رضا پهلوی مدت ۲۰ سال به دلیل افکار و نظریات سیاسی، چپ و کردی که داشت زندانی شده بود وپس از آزاد شدن وبرگشتن به مهاباد از طرف مردم استقبال گرمی از ایشان به عمل آمده. عضو پلنوم چهارم حزب دموکرات کردستان / "حزب دمکرات کردستان ایران شاخه ای از حزب توده در کردستان بود واعضای حزب دمکرات کردستان در مهاباد که به تهران آمده بودند، در حزب توده نیز به صورت عضو مانده بودند. که می‌توان به عزیز یوسفی و غنی بلوریان اشاره کرد که همزمان جزو اعضای حزب دمکرات کردستان و حزب توده محسوب می‌شدند. حتّی غنی بلوریان به مقام عضویت در کمیته مرکزی حزب نیز رسید. در مورد او نورالدین کیانوری در خاطرآتش می‌گوید که:" کمیتهٔ کردستان حزب توده متشکل از عزیز یوسفی، غنی بلوریان، دکتر مولوی، حسن شریعت و اسماعیل قاسملو بودند. ". ر.ک: خاطرات نور الدین کیانوری؛ مؤسسه تحقیقاتی و انتشاراتی دیدگاه.. پیشین. ص.۳۵۲

۷۲. دارالطلیعه للطباعه و النشر بیروت – ۲ ازار ۱۹۷۱

۷۳. برادر زاده بارزانی. در سال ۱۹۶۰ در حادثه تصادف اتومبیل در بارزان درگذشت.

۷۴. افسری کرد نظامی و اهل سلیمانیه که به جمهوری کردستان در مهاباد پیوست. بعد از بازگشت محکوم به اعدام شد و بعدها به حبس ابد تخفیف گرفت و سپس شامل عفو شد و بعد به قیام سپتامبر پیوست

۷۵. میر حاج افسری کرد که در جمهوری مهاباد همراه بارزانی بود و به روسیه رفت و بعد از بازگشت به عراق تا روز وفات هم به بارزانی‌ها تعلق داشت و اسعد هم از سال ۱۹۴۵ مسئول نظامی گروه بارزانی بود.

۷۶. از سال ۱۹۱۵ توصی عثمانی‌ها در موصل به دار آویخته شد و جانشین وی برادرش – شیخ احمد – بود و سلیمان هم پسر بزرگ عبدالسلام بود.

۷۷. شعر: حمار و عیسی

۷۸. حزب استقلال در اواخر سال ۱۹۴۵ رسماً اجازه فعالیت دریافت کرده و به ریاست «محمد مهدی کبه» تشکیل گردید. افرادی چون صدیق شنشل، قاسم حمودی؛ خیرالله طلفاح تکریتیو خلیل کنه - که بعدها از حزب استقلال استعفا داده و به حزب نوری سعید ملحق شد – در کمیته عالی آن عضویت داشتند. این حزب که خواسته‌ها و نقطه نظرهای دانشجویان، استادان و نظامیان را مطرح می‌ساخت، دارای گرایشات ناسیونالیستی بود و قبل و بعد از کودتای ۱۴ تموز ۱۹۵۸ با بعثی‌ها و ناسیونالیست‌ها همکاری می‌کرد. (نگاهی به تاریخ سیاسی عراق، سرهنگ ع. الجمیلی، ترجمه محمدحسین زوار کعبه، ص ۴۵، ۴۶)

۷۹. از گروه چپ که در سال ۱۹۵۹ بارزانی با گروهی مسلح به تهدید ایشان پرداخت و از دفتر سیاسی اخراجشان کرد. صالح حیدری از کردها بادینی است که در ۱۹۷۵ در بغداد بود و حزب سوسیالیست کردستان را تاسیس کرد و مخابرات عراقی نامه ای حاوی بمب برایش فرستاد که موجب کشته شدنش شد. وی مدتی سردبیر روزنامه التاخی بود که در بغداد به زبان عربی منتشر می‌شد.

۸۰. شیخ شهاب؛ عضو موسس کومله زحمت کشان کردستان گروه مارکسیستی که در سالهای اولیه ۱۹۷۰ تاسیس شد و بعدها در حزب اتحادیه میهنی کردستان منحل شد. در قبل از انقلاب ۱۹۷۹ ایران،دستگیر شد و به عراق تحویل داده شد و وی هم او را به دار اویخت.

۸۱. حیدری از مسئولان حزب حزب کمونیست عراق که در سال ۱۹۶۳ توسط بعث دستگیر شد و اعدام شد.

۸۲. در اینجا به طور مشروح آمده است: سی وتاری گرنگی مام جلال. ۱۹۹۱ صص.۷-۵۶

۸۳. ازبنی: من بنده تو هستم! « از: من؛ بنی: بنده تو هستم »

۸۴. روزنامه ارگانیک حزب پارتی که مدتی به عربی منتشر می‌شد و همواره به زبان کردی انتشار یافته است و رزگاری بعد از حزب هیوا گروهی از اعضای قدیمی هیوا این نشریه را منتشر میکردند

85. Republic of Bulgaria

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

٦

دوارۆژی بارەگای راستی

١٩٦١-١٩٦٣

لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ئەمەریکا، کەنەدی[1] توانیی لە٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٦١دا بەسەر نیکسۆندا[2] سەرکەوێ و بە ناوی سی و پێنجەمین سەرۆک کۆماری ئەمەریکاوە سوێندی دەستووریی خوارد. ئەم سەرۆک کۆمارە گەنجە بە هەستی مرۆڤانەوە، دەیویست یارمەتی گەلانی هەژار و بندەستی دیکتاتۆریی بدات. بەڵام ئامانجی ئەو لە ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی ئابووریی وڵاتانی جیهانی سێیەم، لەڕاستیدا بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەڕەشەکانی کۆمۆنیزم و یەکێتی سۆڤیەت بوو. کەنەدی بە مەبەستی گەیشتن بەو ئامانجەی سوور و پیداگیر بوو لەسەر کەمکردنەوەی پشتگیریی چەکداریی و لەو باوەڕەدا بوو کە لە جێگەی ئەو پلانە، یارمەتی وڵاتانی هەژار بدرێت بۆ ئەوەی پەرەدان و پێشکەوتنی ئابووریی لەو وڵاتانەدا بەدی بێت. سیاسەتی دەرەکی کەنەدی لە بەرانبەر وڵاتانی جیهانی سێیەم، گۆڕانکاریی و ڕیفۆرم لە سەرەوە بۆ خوارەوە بوو، تا بەم شێوەیە کۆسپێك لە بەرانبەر سەرهەڵدانی شۆڕشە توندڕەوەکان ساز ببێ و ئەم پلانە بە ناوی (یەکێتی بۆ پێشکەوتن[3]) لە ١٣ی ئازاری ١٩٦١دا بە شێوەی فەرمی ڕاگەیاندرا و لە ١٠ی نیسان نیکیتا خرۆچۆڤ[4]، ئەگەرچی لەم سیاسەتەی کەنەدی زۆر دڵەند بوو، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوە کە ئێران حیزبی تودەی تێك شکاندبوو، ڕایگەیاند کە لە ئێراندا بواری شۆڕش[5] ڕەخساوە. پێشبینییە ڕاستەکەی ئەو، هاوکات لەگەڵ بێئاگایی کارناسانی بەریتانی و ئەمریکایی، پاش ١٨ ساڵ خۆی دەرخست و لە شوباتی ١٩٧٩ شۆڕشەکە سەرکەوت، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ٨ ساڵ لە مردنی خرۆچۆڤ تێپەڕ دەبوو.

لە کۆتایی ئازاری ١٩٦١، شای ئێران، موحەمەد ڕەزا پەهلەویی، دڵەڕاوکێی لە قەیرانی ئێران و هەڵوێستی توندی دەوڵەتی کەنەدی بەرانبەر بە حکومەتی ئێران هەبوو، هەر بەم

بۆنەیەوە سپەهبود (تەیمور بەختیار[٦])ی نارد بۆ ئەمەریکا کە لەگەڵ کاربەدەستانی ئەمەریکا سەبارەت بە دەوامی ڕەوتی یارمەتی مالّی و چەکداریی گفتوگۆ بکات. موحەمەد ڕەزا پەهلەوی متمانەی بە بەختیار دەکرد چونکە ئەو لە ڕیزی کاربەدەستانی ڕاستەقینەی حکومەتدا بوو. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لە سالّی ١٩٥٨دا بەختیار کاتێک چاوی کەوت بە ڕوزڤێلّت و ئالێن دالێس، سەرۆکی CIA، پێشنیازی کودەتا و لابردنی موحەمەد ڕەزا پەهلەوی دا. دالێس ئەو داخوازیەی ڕەتکردەوە و وەزیری کاری دەرەوەی ئەمەریکای ئاگادار کردەوە کە دەرفەت بە بەختیار نەدات ئەو باسانە بێنێتە ئاراوە. سەرەنجام تەیموور بەختیار لە کۆشکی سپی لەگەڵ کەنەدی کۆ بووەوە. لەڕاستیدا بە هەڵبژاردنی جۆن کەنەدی وەکوو سەرۆک کۆماری ئەمەریکا، بەختیار بە ناوی نوێنەری شا، پەیامەکەی بە کەنەدی گەیاند و لەگەڵ دین ڕاسك، وەزیری کاری دەرەوە، لەو بارەوە گفتوگۆی کرد.

دوایی لە نیسانی ١٩٦٢دا، موحەمەد ڕەزا پەهلەوی هەستی کرد کە بارودۆخ ڕەخساوە و سەردانی ئەمەریکای کرد و لە لێدوانەکانیدا لە کۆنگرێسی ئەمەریکادا ئاماژەی بە مەترسییەکانی کۆمۆنیزم کرد. ئەمە لە کاتێکدابوو کە لەلایەکەوە تۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەویان بە نوێنەری فیودالیزم و فەرمانبەری ئیمپریالیزم دەزانی و پلانی شۆڕشە سپییەکەی ئەویان بە شانۆیەکی سەرنەکەوتوو بە مەبەستی گۆڕانکاریی بەربلاّو و ڕاشکاوی سیاسی و کۆمەلاّیەتی دەزانی. لە لایەکی ترەوە هەندێ لە ڕووناکبیران، کرداری چەپ لە پێناوی یارمەتیدان بە ڕەوتی شۆڕشی ١٩٧٩یان دەخستە ژێر پرسیارەوە، کە تیشکی دەخستە سەر ڕاستی وتەکانی شا. لە سالّی ١٩٦١دا، شا نیازی بە یارمەتی هێزێکی گەورەی وەکوو ئەمەریکا هەبوو کە ئالۆزیی و کێشەکانی ناوخۆی ئێران چارەسەر بکات. لە مەودای نێوان کانوونی دووەمی ١٩٦٠ تا کانوونی دووەمی ١٩٦٣، لە تاران، پایتەختی ئێران، دەیان جار پشێویی و ئاژاوە لە شەقامەکاندا ڕووی دا. لەسەرەتای تشرینی یەکەمی ١٩٦١دا، زانکۆی تاران بووە گۆڕەپانی خوپیشاندان و ڕێپێوانی توند و ناکاو و بووە بەرەی خۆپیشاندانی خوێناویی، خوێندکاران بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر دروشمیان دەدا "بڕی موسەدیق، مەرگ و نەمان بۆ ئەمینی"، جارجاریش بەناچار دەیانگوت "مەرگ و نەمان بۆ شای ئێران". ئەم دروشمانە شای شڵەژاند و بە پەلە پۆلیسی نارد بۆ سەرکوتکردنیان،

تەنانەت تاقمێك چەتربازیشی نارد کە بڵاوە بە خۆپیشاندانەکە بکەن و سەربازانی چەکمەلەپێ بەوپەڕی دڵڕەقی و بێبەزەییانە شاڵاویان دەبردە سەر خەڵك و بینای زانکۆشیان شێواندبوو. شا لە بڕیاردانی دروست دامابوو ، بۆیە دواجار لە بەرانبەری هێزە شۆڕشگێڕەکان خۆی بەدەستەوە دا و دوای سەرکەوتنی شۆڕش خۆی لە گفتوگۆ لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان و میدیای ئەمەریکا ڕایگەیاند "من سیاسەتی خۆبەدەستەوەدانم هەڵبژارد". ئەڵبەت شا دوای ڕووداوەکانی ١٩٦٠ بەڕاستی دەیویست لە ئێراندا هەندێ ئازادیی دەستەبەر بکات، بەڵام پاش ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی لەخۆی بایی بوو.[٧]

موحەمەد ڕەزا شا، کەسایەتی و توانایەکی پتەو و بەهێزی نەبوو. بێ گومان دەروونناسان لە توێژینەوەیەکی زانستیدا دەتوانن سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئەو لەگەڵ باوکی، ئەو تایبەتمەندییانە کە لەودا خۆی دەنواند، باس و گفتوگۆ بکەن. موحەمەد ڕەزا، لە تاج و تەختی پاشایەتی خۆی دڵنیا نەبوو. لە هەموو شوێنێکدا هەستی بە پیلانێك دەکرد، لە هەمووی دەترسا، هەر کەسیاتییەکی سەربەخۆی بە لایەنی بەرانبەری خۆی دەزانی و لێی بێزار دەبوو. بەڵام بەو حاڵەش خۆی بە فەرمانڕەوای گشتی و وەکوو کەنەدی شایەکی گەنج و مۆدێرن دەزانی. ئەو زۆر زیاتر لە باوکی بیری لە مۆدێرنیتە دەکردەوە و وەکوو پادشایەك دەیویست سەرۆکایەتی گەلەکەی بکات کە داهاتوویەکی ڕووناکی ببێ. هەر بەم بۆنەوە لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە خۆی لە ڕۆشنبیرانی لیبڕاڵی ئێرانی نزیك بکاتەوە. بەڵام بە دەسەڵاتێکی باڵاتر لە باوکی، بڕوای بە سوپایەکی بەهێز و دەسەڵاتی خاوەنانی زەوی هەبوو. هاوکات لەگەڵ ئەوە، دەیویست وەکوو سەرۆکێکی پێشکەوتوو، ڕێگەیەك بۆ گەورەیی و شکۆمەندیی کۆمەڵگای ئێرانی بکاتەوە. هەوڵی زۆری دەدا کە پەرە بە پیشەسازیی بدات و ئاستی ئابووریی ئێران بەرز بکاتەوە.

بیری شا وەکوو باوکی، سەرقاڵی دامەزراندنی بناخەیەکی پیشەسازیی پێشکەوتوو بوو بە مەبەستی گەشەپێدانی ئابووریی ئێران، کە زۆرتر پشت بە بەرهەمهێنانی کارخانەکانی ناوخۆ ببەستێ. کاردانەوە و کرداری دەوڵەتی ئەمەریکا بەرانبەر شۆڕشە سپییەکەی شا زۆر گرنگ نەبوو، بەڵام لەو کاتەدا ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا ئەو کارەیان بە هەنگاوێکی باش

دەزانی و لەو باوەڕەدا بوون کە ئەمە دەتوانێ ئامانجەکەی دەوڵەتی کەنەدی بەرانبەر ئێران بپێکێ. هەر چەند لە واشنتۆن و باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تاران، بە دوودڵی و گومانەوە سەیری ئایندەی سەرکەوتووی ئەم بزاڤەدەکرا. ڕێکخراوی CIA ، بە پێی هەڵسەنگاندنی کارناسەکانی، بەردەوام هۆشداریی دەدا کە شۆڕشی سپی، لە پێشخستنی پەرگرتنی ئابووریی درێژماوەدا سەرکەوتوو نابێ. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە ئێران پارەی زۆری خەرجکردووە بۆ دابینکردنی چەک. شێوەی دابەشکردنی زەوییەکانیش مەترسی ئەوە بەدی دێنێ کە زەوییەکان بچووکتر ببنەوە و شایانی کشتوکاڵ نەبن و بەرهەمی باش بەدەست نەیەت. باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تاران بە مەبەستی سەلماندنی بۆچوونەکانی، زۆر بە وردیی شوێنگیریی ئەو مەبەستانەی دەکرد و بەردەوام باسی ئەوەی دەکرد کە ڕادەی زانست و ئابووریی لە سیستمی بەڕێوەبەرایەتیدا زۆر لاوازە. سەرەنجام سیستمی بەڕێوەبەرایەتی و حکومەت بۆیان دەرکەوت کە هەر لە سەرەتاوە زۆربەی پرۆژەکان دواکەوتوون و جێبەجێ نابن. بەڵام نەیدەویست کە ئەمری واقیع ببینێت. وەک هەموجارێک دەستەیەک ماستاوچی و تازە بە نان و ناکو گەیشتوو دەوری شایان دابوو و تەنانەت ڕاپۆرتەکان و توێژینەوەکان سەبارەت بەزۆر شت، لەژێر کونترۆڵ و سانسۆر دا بوو، ئینجا دەیاندا دەستی ئەو تا مێشکی مورتاح بێت و دڵی نەڕەنجێ و ڕەنگە بڕێک جار کە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسا، یان واشنتۆن پوستی ئەمریکایی لە قاوەتووندا دەخوێندەوە، ئاگاداری هەندێک هەواڵ و لێکۆڵینەوە و شتی وا دەبوو.

ڕێکخراوی سی ئای ئەی (CIA) لە سەرەتای دروستبوونیدا خوازیاری پاراستنی پەیوەندیی نزیکانەی خۆی بوو لەگەڵ ساواک، بە مەبەستی کۆنترۆڵی چالاکی ئێرانییەکان و بۆ ئەم مەبەستە دەستی بە دامەزراندنی کاتی ئەفسەرانی ئێرانی کرد. هەر چەند ساواک، پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوپادا پاراستبوو و زانیارییە پێویستییەکانی CIA ی پێشکەش دەکرد، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەدا فێرکردن و بارهێنانی کەمتر بوو. بێجگە لەوە، تاران هەر چەشنە دیداری ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتی شای ڕاگرت بوو و لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە ئەمەریکا دوور بکەوێتەوە لە بەدەستهێنانی هەر جۆرە زانیارییەکی تایبەتی سەبارەت بە ئێران. ئەم هەنگاوە بوو بە هۆی ئەوە کە هیچکاتێک لێکدانەوەیەکی ڕاست و

تەواو سەبارەت بەدۆخی ناوخۆی ئێران کۆنەکرێتەوە. ئەڵبەت ئەفسەران و کارگێڕانی CIAبە شێوەیەکی زۆر شێلگیرانە سەرنجیان دەدایە سۆڤیەت و کۆمۆنیستەکان و بەوپەڕی شادییەوە ئەو زانیارییانەی وەردەگرت کە ساواک لە ڕووی پێزانین و دڵاواییەوە پێشکەشی دەکرد. شاول بخاش لە کۆتایی نەوەدەکاندا کە هێشتا وەکوو ڕۆژنامەنووسێك لە ئێراندا چالاك بوو، شتێکی ئەوتۆی سەبارەت بە دیپلۆماتەکانی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا دەربارەی سیاسەتی ناوخۆی ئێران نەدۆزییەوە، چونکە ئەوان شتێکیان نەدەزانی و لە زۆر شت ئاگادار نەبوون، بەم بۆنەوە لە بەرانبەر مەترسی بارودۆخی ناوخۆی ئێران، واشنتۆن هیچ کارێکی نەکرد و دوور لە چاوی ساواك پەیوەندیی بە نەیارانی ڕژێمی شاوە کرد، وەك کەسایەتیە بەناوبانگەکانی مەلاکان و بەرەی میللی و نەهزەتی ئازادی و ئەوانی دی.

تیرۆری کەنەدی لە تشرینی دووەمی ١٩٦٠ تیشکی خستە سەر گرنگی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمەریکا. لیندۆن جۆنسۆن جێگری کەنەدی، سەرۆك کۆماری ئەمەریکا، بە تێڕوانینێکی ئادیالیستی و ئارمانگەریتی و بە ئامانجێکی تایبەتییەوە سەیری ئەم مەبەستەی دەکرد. ئەو لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە کێشەکانی ناوخۆی ئەمەریکا بکاتە گەردوونەی ڕاستەقینەی کارەکانی و پاشان ئاوڕ بداتەوە لە کێشە نێونەتەوەییەکان. جۆنسۆن بواریکی بەدی هێنا کە یارمەتی جۆراوجۆر ئاراستەی ئێران بکرێت، بەڵام ئیتر ئەو یارمەتییانە بە بزاڤێکی بەتوانا و ڕاستەقینە نەدەهاتنە هەژمار. شا هەستی دەکرد وەکوو جاران لەلایەن واشنتۆنەوە تەوژم و فشار ناخرێتە سەری بۆ ڕیفۆرمی سیاسی و کۆنترۆڵی خەرجی سەربازیی و لەناوبردنی گەندەڵی لەناو کۆمەڵگادا. جۆنسۆنیش نەیاری ئەو ڕاستییانە و بەرنامە ڕووالەتییەکان نەبوو. لە ڕاستیدا ئاستی یارمەتییەکانی ئەمەریکا بۆ ئێران وەکوو خۆی مایەوە و ئەو مەبەستانە لە ڕووی گرنگییەوە زۆر بەرچاو نەبوون. لەلایەکیترەوە بە هۆی تەنگژەی ڤیتنام، دەوڵەتی جۆنسۆن نەیدەویست کێشەی زۆرتر لەگەڵ وڵاتانی دیکە ساز بکات. بەم بۆنەیەوە وا دەردەکەوت کە شا دەتوانێ بە دڵی خۆی کاروباری وڵات بەڕێوە ببات، بە بێ ئەوەی بیانییەکان شتێکی بەسەردا بسەپێنن یان هۆشداریی پێبدەن کە بسڵەمێتەوە و هەندێك کار نەکات کە شکست بهێنێت تا گلۆڵەی نەکەوێتە لێژیی. بە گشتی سەرەتای ڕووخان و شکستی شا لەوێوە دەستی پێکرد و قۆناغ

به قۆناغ کەوتە لێژایی. لیندۆن جۆنسۆن خۆی بە براوەری نزیکی موحەمەد ڕەزا شای پەهلەویی دەزانی، بەڵام دەوڵەتی جۆنسۆن تیشکی خستبووە سەر کێشەی ڤیێتنام و کۆمەڵگای جیهانی و دۆستایەتی شا و جۆنسۆن کاری نەدەکردە سەر بارودۆخەکە. لە شەستەکاندا پەیوەندیی دەسەڵات لەنێوان ئێران و ئەمەریکادا بە سوودی ئێران تەواو بوو و دۆخۆکە گۆڕدرا. ئاستی یارمەتییەکانی ئەمەریکا بە ئێران بەرەبەرە کەمتر بووەوەو سامانی نەوتی ئێران سەرکەوت، بە جۆرێك کە نیازی ئەمەریکا بە شا زۆرتر بوو و ئەوەش بە هۆی نەوتی ئێران و دۆلارە نەوتییەکان و کڕینی بەرهەمەکانی ئەمەریکا لەلایەن شاوە بوو. لە ناوەڕاستی شەستەکاندا مەزەنەی نەوت سەرکەوت و مەیدانە نەوتییەکانی ئێرانیش توانای بەرهەمهێنانی نەوتی زۆرتریان بوو. بێجگە لەوانە تاران توانای ئەوەی بوو کە سەودای نەوت بە بژارێکی زۆر بباتە سەرەوە. سەرجەمی ئەوانە بە خێرایی پەرەدانی ئێرانی تا ڕادەیەکی زۆر بردە سەرەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوە کڕینی چەك بە پارەی نەوت بە شێوەیەکی یەکجار زۆر چووە سەرەوە. جۆنسۆن جێگری سەرۆك کۆماری ئەمەریکا، دوو هەڵەی گەورەی بەرانبەر ئێران کرد کە فشارەکانی ئەمەریکای لەسەر ئێران هەڵگرت و شا وازی هێنا لە گۆڕانکاریی سیاسی و ئابووریی، جۆنسۆن نەیدەویست شا ئاگادار بکاتەوە و ڕاستییەکانی بۆ ڕوون بکاتەوە، بێجگە لەوانە جۆنسۆن، شای بە قەڵغانی ڕۆژئاوا لە بەرانبەر کۆمۆنیزمدا دەزانی و بەردەوام هانی دەدا کە بە دەسەڵاتەوە حوکمرانی بکات و گیروگرفتی ناوخۆ بخاتە ژێر چاودێرییەوە.

شا لە دەورانی ۱۹۶۰ دا، ئیتر لە بەرانبەر عەرەبە ڕادیکاڵەکان هەستی بە مەترسی نەدەکرد. عێراقییەکان گیرۆدەی شەڕی پێشمەرگە کوردەکانی لایەنگری سۆڤیەت بووبوون و لە گۆڕەپانی نەو جەنگە کە شا پشتگیریی لێدەکرد، سەرقاڵ بووبوون. سۆڤیەت دەورێکی دوولایەنەی هەبوو لەگەڵ تاران پەیوەندیی باشی دامەزراندبوو گەلێ جاریش چەکی بە ئێران دەفرۆشت، تەنانەت ئەگەر ئەمەریکاش هەڕەشەی بکردایە یان ناڕەزایەتی دەربڕیبا. بە کورتی ئێران ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە نەدەبووەوە کە خەرجی سەربازیی بباتە سەرەوە. بە هۆی بەرزبوونەوەی دۆخی ئێران، کۆشکی سپی و پنتاگۆن لە کێشەدا بوون. لە ئاکامدا یارمەتییە مالییەکانی ئەمەریکا بۆ دابینکردنی خەرجی سەربازیی

ئێران لە ساڵی ١٩٦٣ دا لە ٦١ ملیۆن دۆلارەوە گەیشتە ١٣٠ ملیۆن دۆلار لەساڵی ١٩٧٠ دا. ئەم کردەوە لە ڕاستیدا دواین هەوڵی ئەمەریکا بوو، بە تایبەت کاتێک نرخی نەوت لەدوای شەری ٦ ڕۆژە، چووبووە ئاستێکی باڵا. توانا و دەسەڵاتی نەوتی ئێران ئیتر شایانی لێخۆشبوون نەبوو، بەتایبەت ئەو کاتەی کە شا دەیتوانی پارەی کاڵاکان ڕاستەوخۆ بدات و ئەمە دەبووە هۆی ئەوە کە کار و پیشەی نوێ لە ئەمەریکادا ساز ببێ. بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران گەشەی سەند و ئێرانی گەیاندە ئاستی گرنگترین بازاڕە نەوتییەکانی جیهان.

لەڕاستیدا پاش کارەساتی ١٩٥٢ لە ئێران، ئەمەریکا جێگەی بەریتانیای لە ئێراندا پڕ کردەوە و وردە وردە ئێران و ئیسرائیل، لەلایەن پسپۆڕانی ستراتیژیی ئەمەریکا، بەناوی گەورە هێزی دۆستی ئەمەریکا لەو ناچەکەدا لەبەرچاو گیران. پاش ئەو هەر بە پێی پلانی ئەمەریکا بواریّك بەدیهات کە وردە وردە (دێوە ناوچەییەکان) ساز ببن، وەکوو بەرازیل لە باشووری ئەمەریکا، ئەفریقای باشوور لە خواروو ئەفریقا، ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئێران لە کەنداوی فارس، هیندستان لە ئاسیا، ڤێتنامی باکوور لە هیند و چین. شا بەو توانا و دەسەڵاتەوە کە هەیبوو، تەنانەت دەیتوانی بەرەبەرزونزمکردنەوەی بەرهەمەکان کێشە و ئاڵۆزیی بەدی بێنێ، ئەمە بۆ شا ئامێری دەسەڵات و دەربڕینی توانا دەهاتە ئەژمار. جگە لەوە شا سیاسەتی دەرەوەی زۆر نەرم بوو ئەمە واشنتۆنی شادمان دەکرد و هەموو کاتێك وەکوو هاوپەیمانێك سەیری دەکرد. بەڵام لەو کاتەدا ئەمەریکا کەوتبووە گێژاوی ڤێتنماوە و توانای ئەوەی نەبوو لە شوێنکی دیکە دەسەڵات کۆبکاتەوە. شا یارمەتی پارتیزانە سەڵتەنەتخوازەکانی لە یەمەن دەدا کە بەرهەڵستی دەوڵەتی سەربازیی ناسرییەی سەنعایان[١٠] دەکرد، چەکی دەدا بە کوردەکانی عێراق دەدا کە دژی حکومەتی سەربازیی بەغدا خەباتیان دەکرد، لەلایەکیترەوە لە ئیسرائیل زۆر نزیك بووبوو کە تەنانەت بالێۆزخانەی ڕاستەقینە و ئاشکرای لە تاران هەبوو بەڵام پاش ڕاپەڕینی ١٩٧٩، مەلاکان کلیلەکەیان دایە دەستی یاسر عەرەفات.

هەر لەو سەردەمەدا یەکێتی سۆڤیەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا زۆر چالاك بوو. پارتە کۆمۆنیستەکانی پەروەردە کردبوو کە لەگەڵ هێزە نەتەوەییەکاندا پەیوەندیی و

هاوده‌نگییان ببێ پاشان مۆسکۆ داوای پێکهێنانی به‌ره‌ی نیشتمانی کرد. ئه‌م داخوازییانه هاوکات له‌گه‌ڵ جیابوونه‌وه‌ی سووریا و میسر که بووه هۆی چه‌ند کوده‌تایه‌ك له سووریا، به‌ڵام هه‌تا میسر و سووریا و عێراقیش پەره‌ی گرت. پاش قه‌یرانی کوبا، هه‌موو به‌شوێن به‌دیهێنانی ئامانجی ڕووسه‌کانه‌وه بوون. عه‌بدولناسر یه‌کێك له سه‌رۆکه‌کانی جیهانی سێیه‌م بوو که کاسترۆ[11] ئاگاداری کرده‌وه که‌وا ڕووسه‌کان به‌بێ ڕاوێژکاریی له‌گه‌ڵ ئه‌و، موشه‌که‌کانیان له کوبا لابردووه و ئه‌ویش یه‌که‌مجار ئه‌م هه‌واڵه‌ی له ڕادیۆ بیست.[12]

هه‌ندێك له پسپۆڕانی سیاسیی ده‌ڵێن: که دوا شای ئێران له گۆڕه‌پانی سیاسه‌تدا جوان ده‌جوڵایه‌وه‌و سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئێران له ڕاستیدا پێشگرتن بوو له ده‌سه‌ڵاتی عێراق و ڕوسیا له‌و ناوچه‌که‌دا. شا له پلانی سۆشیالیستی عێراق و ڕوو وه‌رگێڕانی ئه‌و وڵاته به‌لای سۆڤیه‌تدا زۆر دڵه‌ند بوو. له‌ڕاستیدا کێشه‌ی ئێران و عێراق له‌و خاڵه‌وه سه‌ریهه‌ڵدابوو. شا هه‌موو کاتێك دڵه‌ڕاوکه‌ی ئه‌وه‌ی بوو کاریگه‌ری عه‌بدولناسر نه‌که‌وێته ناو خوزستان و کوردستان. به‌ڵگه‌کانی ساواکی ئێران به‌شێك له ده‌ستێوه‌ردانی سۆڤیه‌ت و عێراق له کاروباری ناوخۆی ئێران پیشان ده‌ده‌ن. بۆ نموونه پەناهێنانی ژماریه‌ك له سه‌رۆك عه‌شیره‌تکانی عێراق بۆ ئێران (کرماشان). بانگه‌شه‌ی ڕادیۆکانی سۆڤیه‌ت و عێراق دژی ئێران[13]، به‌تایبه‌ت له‌و کاته‌دا که ئێران و عێراق له‌سه‌ر ئه‌روه‌ندرود (شه‌تولعه‌ره‌ب) کێشه‌یان بوو. موحه‌مه‌د ڕەزا شای پەهله‌ویی شای ئێران له ساڵی ۱۹۵۹دا له گفتوگۆ له‌گه‌ڵ میدیاکان ڕایگه‌یاند "سیاسه‌تی ئێستای عێراق وه‌کوو حکومه‌ته‌کانی پێشووه. ئه‌وه‌ی پەیوه‌ندیی به ئێرانه‌وه هه‌بێ، ئێمه هیچ جیاوازییه‌ك له‌نێوان سیاسه‌تی نووری سه‌عید و حکومه‌تی ئێستای عێراق نابینین و له‌وانه‌یه تا ڕاده‌یه‌ك خراپتریش بێ. ئێمه له ڕابوردوودا زۆر ڕێکه‌وتننامه‌مان پێکه‌وه واژۆ کردووه، به‌ڵام ده‌وڵه‌تی عێراق به‌رده‌وام پێشێلی کردووه. ئێمه هه‌میشه پێشنیازمان داوه که له‌و باره‌وه گفتوگۆ بکه‌ین، به‌ڵام به‌داخه‌وه به ئاکام نه‌گه‌ییشتووه، دیاره چه‌مێك که سنووری دوو وڵات بێ، له سه‌ده‌ی بیسته‌مدا ناکرێ ته‌نیا لایه‌نێك به‌هره‌ی لێ وه‌ربگرێ. ئێران ناچار به‌وه نابێ له ماف خۆی پاشگه‌ز بێته‌وه، مافێك که هه‌موو گه‌لانی جیهان داکۆکی له‌سه‌ر ده‌که‌ن. ئێمه سیاسه‌تی کۆڵۆنیانه‌ی عێراق قه‌بوڵ ناکه‌ین". ده‌وڵه‌تی عێراق پێی دادەگرت که سنووری ئاویی له‌گه‌ڵ

ئێران لە لێواری ڕۆژهەڵاتی ئەروەندروودە، بەڵام شای ئێران ئەوەی ڕەتدەکردەوە و دەیگوت ئەگەر وابێ هەر ئێرانییەک بیەوێ قاچی بخاتە ناو چەمەکە، دەبێ ڤیزا لە دەوڵەتی عێراق وەربگرێ. قاسم کە لە سیاسەتدا شارەزای شا نەبوو، بە بیستنی ئەو وتانە بۆ ئەو زۆر ئەستەم بوو، بۆیە زۆر بە توندیی کاردانەوەی پیشان دا و میدیاکانی عێراقیش ئاگرەکەیان خۆشتر کرد، عەباس ئارام وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران لە کانوونی یەکەمی ١٩٥٩دا، لە لێدوانێکدا لە پەرلەمانی ئێران بەرپەرچی کاربەدەستان و میدیاکانی عێراقی دایەوە و گوتی: بە پێویستی دەزانم ئەم خاڵە ڕوون بکەمەوە کە دەوڵەتی ئێران بێجگە لە هێڵی تالوگ نەبێ، هیچ بەڵگەیەکی دیکە بۆ دیاریکردنی سنووری ئەروەندرود نابینێ کە لەگەڵ یاسای نێونەتەوەییدا یەکبگرێ. بەوشێوەیە ئێران بۆ یەکەمجار هێڵی تالوگی بە بەردی بناغەی مافە نێونەتەوەییەکان دەربڕی و پێی لەسەر مافەکانی داگرت. پاش ئەوە قاسم بەرهەڵستی ئەو پلانەی ئێرانی کرد و بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە خوڕەمشەهر لە پارێزگای خوزستان بەشێکە لە عێراق.

هەواڵنامەی کێشە

لە مانگی کانووی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩، سەرۆک کۆماری عێراق ڕایگەیاند کە خوزستان بەشی عەرەبەکانە و پشتگیریی دەکات لە بزاڤی جودایخوازیی لەو بەشەی خاکی ئێراندا و بەمجۆرە ڕێگە لە چارەسەری کێشەی سەر سنوور بەسترا. دەوڵەتی عێراق دۆسێ کۆنەکانی پشتگیریی لە (بەرەی ڕزگاریبخوان)ی دەرهێنا و لە ساڵی ١٩٥٩دا، کۆنگرەیەکی بەناوی ڕێکخراوی سیاسی عەرەبستان (خوزستان) ڕێکخست. لەو کۆنگرەدا کارگێڕانی ئاسایشی عێرق و لایەنگرەکانیان لێدوانی سەیریان دا سەبارەت بە یارمەتی ماڵی ئەو ڕێکخراوە. سەرەڕای بانگەشەی دەسەڵاتدارێتی تەواو لەسەر ڕووباری ئەروەند، کەم تا زۆریش ئیدعای دەسەڵاتدارێتیان دەکرد بەسەر خوزستانیشدا لەلایەن عێراقەوە. لە ساڵی ١٩٦٣ دا جارێکی تر حکومەتی عێراق بە خستنەڕووی چەند مەسەلەیەک دەربارەی ناڕاستی ناونیشانی (عەرەبستان)، دووبارە ئاماژەی گەرایەوە بۆ ناوچەکە، لەگەڵ ئەوەی کە مەسەلە و وتەی ساڵح مەهدی سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتە، لە کۆبوونەوەی یەکێتی عەرەبدا خرایە ڕوو کە "خوزستان بەشێکە لە خاکی عێراق کە لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی دەرەکیدا بوو بە پاشکۆی ئێران و بە پێچەوانەی داواکانی خەڵکی عێراقەوە، ناویان نا

ئەهواز". بەڵام عێراق نەیتوانی لەم دروستکردنی قەیرانەدا دەرگای پەیوەندی ببەستێت. لەبەر ئەوەی عێراق لەگەڵ گرفتی ناوخۆیی زۆردا دەست وپەنجەی نەرم دەکرد بەهۆی کەمیی هێزی ئینسانی پسپۆڕ، بوونی درزی گەورەی کۆمەڵایەتی ـ نەتەوەیی ـ مەزهەبی، درەوشانەوەی گەندەڵییەکی لەبەرچاو لە نێوان زۆرێک لە فەرمانگەکانی دەسەڵاتداردا، گەشەکردنی بەرچاو و زووپێگەیشتووی چینی مامناوەندی پیشەیی، مەسەلەی قەیرانی جێنشینی و حوکمڕانی کردنی سیاسیی لە ئایندەداو ...

عەبدولکەریم قاسم لە لێدوانەکەیدا زۆر سەیر دەربارەی خوزستان و ئەروەندرود قسەی کرد کە ئاکامی تۆندی لە ئێران لێکەوتەوە. شا وتەکانی قاسمی بە نەزانین و ساویلکەیی دانا و ڕق و قینی لە قاسم هەڵگرت و حکومەتەکەی بە پێشێکاری بەرژەوەندیی و خاکی ئێران تاوانبار کرد. ئەندامانی پەرلەمانی ئێران و هەروەها میدیاکانیش هەڵوێستی تۆندیان گرتەبەر. ڕۆژنامەکانی ئێران قسەکانی قاسمیان بە وێستێکی شێتانە دانا و تەنانەت ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە سەروتارێکدا بە ناوی (شیرینکاری) نووسی: دەوڵەتی تازەی عێراق نازانێ کە ئەگەر ئێران بیەوێ بە مافی خۆی بگات و کێشە کۆنەکان بێنێتە ئاراوە، هەموو ناوچە کوردنشینەکانی عێراق کە پڕ لە نەوتە، بەشی ئێرانە. ئەرسەلان خەلعەتبەریی نوێنەری بەدەسەڵاتی پەرلەمان لەو بارەیەوە گوتی: ۱۵۰ سالّ لەمەوپێش بەسرە و بەغداش لەدەست ئێراندا بووە و ئێستا قاسم داوای ۵ کیلۆمەتر لە خاکی ئێرانمان لێدەکات. ئەردەشیر زاهیدی باڵیۆزی ئەو کاتەی ئێران لە ئەمەریکا گوتی: ئەوە داوایەکی پووچ و منداڵانەیە. لە سەرەتای شەستەکاندا شێوەیەکی نوێ بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەبەرچاو گیرا کە ناوی نرابوو (سیاسەتی سەربەخۆی نیشتمان).

عەبدولکەریم قاسم لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی "عێراق لە ساڵی ۱۹۳۷ دا لەژێر فشاردا ، ناچار بووە لە لێوارەکانی ئەروەندروددا ۵ کیلۆمەتر بە ئێران بدات و ئەم کردەوەی عێراق کاتیی و جۆرێک پێبەخشین بووە، نەک مافێک کە شایانی وەرگرتن بێ". ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لەکاتی گرێدانی پەیماننامەی ۱۹۳۷دا، عێراق لەلایەن بەریتانیاوە پشتگیریی هەمەلایەنەی لێدەکرا، چونکە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی کە ئیمپراتۆریی

عوسمانی لەناو چوو و دابەشکردنی کۆلۆنیالیستی لە لایەن بەریتانیاوە جێبەجێ کرا،

بەریتانیا دەسەلاتی خۆی بەسەر عێراقدا سەپاند و بۆ ئەوەی دەستی بگات بە دەریای ئازاد لەو ناوچەدا، پەیمانی ١٩٣٧ی بەسەر ئێراندا سەپاند. ئێران لە سەرەتاوە هەوڵی دا لە ڕێگەی دیپلۆماتییەوە کێشەکە چارەسەر بکات، بەڵام پێداگرتنی عێراقییەکان لەسەر داوا بێهودەکانیان، هەردوو لایەنی بەرەو گۆڕەپانی پێکدادان و مشتومڕی چەکداریی ڕاکێشا. ئەگەرچی بە دەستپێکردنی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەردوو وڵاتدا پەیوەندیی دیپلۆماتی دەستی پێکردەوە، بەڵام تا ئەو کاتەی ڕژێمی چەپی عەبدولکەریم قاسم لەسەر کار بوو، پەیوەندیی ئەم دوو وڵاتە زۆر باش نەبوو.

دوابەدوای ڕووخانی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم و هاتنە سەر کاری ڕژێمەکانی عەبدولسەلام عارف و عەبدولڕەحمان عارف، تا ڕادەیەک ئاستی کێشەکانی ئێران و عێراق کەم بووەوە، بەڵام ناتەبایی ئەم دوو وڵاتە لە بوارەکانی پێشوودا هەر بەردەوام بوو. هەڵسوکەوتی پەیوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە تا ئەو کاتەی حیزبی بەعس هاتە سەر دەسەلات، هەر درێژەی پێدرا، بەڵام کاتێک بەعسییەکان هاتنە سەر کار، خولێکی دیکەی ناکۆکییەکان دەستی پێکرد. لەو سەردەمەدا بێجگە لە کێشەکانی پێشوو، چەند کێشەیەکی دیکە سەریان هەڵدا و بارودۆخیان ئاڵۆزتر کرد وەکوو: جیاوازیی ئایدیۆلۆژیی هەردوو ڕژێم، بیری توندڕەویانەی پانعەرەبیزمی ڕژێمی بەعس و هەوڵدانی بۆ کۆنترۆڵی جیهانی عەرەب، پابەندبوونی هەردوو وڵات بە دوو گەورەهێزی جیهانی و دژایەتی عێراق بەرانبەر دەسەلاتی ئێران بەسەر ٣ دوورگەکەی کەنداودا. هەروەها نزیکبوونەوەی ئێران لە ئیسرایل و کاردانەوەی لەسەر بیری عەرەبەکان و سیاسەتوانانی ڕژێمی بەعس، بوو بە هۆی ئەوە کە ئێرانییەکانی دانیشتووی عێراق دەربکرێن و دوژمنایەتی دژی ئێرانی بوو بە سیاسەتی سەرەکی ئەوان. پەیوەندیی هەردوو وڵات لە کاتێکدا کەوتە ناو قەیرانەوە کە ڕژێمی ئەحمەد حەسەن بەکر بە کودەتا هاتبووە سەرکار و داوای دەسەلاتی گشتی بەسەر ئەروەندرووددا دەکرد و کاربەدەستانی بەعسی، بڕیاریان دا بەڵگەی ئەو وڵاتانە کۆنترۆڵ بکەن کە دێنە ناو ئاوەکانی ئەروەندرود.

لە ساڵی ١٩٦٠دا، بە دوای ئەو بڕیارەدا، وەزارەتی دەرەوەی عێراق، ڕایگەیاند شەتولعەرەب بەشی عێراقە و داوای لە ئێران کرد ئاڵاکانی لەسەر کەشتییەکان هەڵگرێ. پاش وتە و هەڵوێستەکانی کاربەدەستانی عێراق، دەوڵەتی ئێرانیش پەیماننامەی سەرسنووری ١٩٣٧ی ڕەت کردەوە و پێی داگرت لەسەر پەیماننامەیەکی نوێ بە گوێرەی هێڵی تالوگ[١٤]. ئەگەرچی دەوڵەتی عێراق پرسی خوزستانی لە ئەنجومەنی کۆمەڵی عەرەبی، بۆ گەرمکردنی چەمکی جیاکردنەوە لە ئێران، هێنایە ئاراوە، بەڵام هەندێ لە وڵاتانی کۆمەڵی عەرەبی دژایەتییان بەرانبەر ئەم مەبەستە دەربڕی. لە سەرەتاشەوە زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو کە مەبەست لەم کارە، یاریی دەسەڵات و وەرگرتنی بەربژار بوو. لە کۆنفرانسی یاساناسانی عەرەب لە بەغدا، خوزستان بە بەشێك لە نیشتمانی عەرەبی دانرا کە هیچکاتێك نابێ لەو کۆمەڵگایە دابڕێ. دواجار ڕژێمی بەعسی سووریا پشتگیریی لە داواکەی یاساناسانی بەغدا ڕاگەیاند کە بەرەوڕووی کاردانەوەی ناوەندی پارێزەرانی ئێران بووەوە و بەدوای ئەوەدا عەبدولڕەحمان عارف، سەرۆك کۆماری عێراق، بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ سەردانی ئێرانی کرد و پاشان تا ڕادەیەك هێمنایەتی لە نێوان دوو لایەندا دامەزرا و گەرموگوڕیی بەرەی ڕزگاری ئەهواز نیشتەوە.

هەواڵنامەی کێتێب

لەڕواڵەتدا، یەکێك لە بنەماکانی گۆڕینی ناوی (کەنداوی فارس) بە (کەنداوی عەرەبی) لە عێراقەوە دەستی پێکرد. پاش کودەتای عەبدولکەریم قاسم، ئەو ئەم وشەیەی بەکار هێنا کە ناڕەزایەتی دەوڵەتی ئێرانی لێکەوتەوە و ئەمە سەرەتای جەنگی بانگەشە لە نێوان هەردوو وڵاتدا بوو. عەبدولکەریم قاسم بەپێی بیری خۆی بەنیاز بوو ناوی کەنداوی فارس و خوزستان لە ئەتڵەسی جیهانی بسڕێتەوە، بەم بۆیەنەوە لە زۆر بەڵگە و نەخشە و تەنانەت کتێبی قوتابخانەکانی عێراقدا، ئەو ناوەی بە کەنداوی عەرەبی گۆڕیبوو. چەمکێکی شایانی سەرنج ئەوە بوو کە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە، ناڕەزایەتییان بەرانبەر ئەم کردەوەی قاسم دەربڕی و بڕیارەکەی ئەویان ڕەتکردەوە. بەڵام ئەمە سەرەتای کارەساتەکان بوو. لە ٢٣ی تەمووزی ١٩٦٠دا شای ئێران لە وتووێژێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیان "ئێران ماوەیەکی زۆرە ئیسرائیلی بە فەرمی ناسیوە". ئەمە بیانوویەکی دایە دەست جەمال عەبدولناسری سەرۆك کۆماری میسر. عەبدولناسریش لە ٢٥ی تەمووزی ١٩٦٠دا، لە ئەسکەندەریە، بە توندیی

بەرپەرچی وتەکانی شای دایەوە و کەنداوی فارسی بە کەنداوی عەرەبی ناو برد و کە شای ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە لە قەیرانی سوێسدا دەستی هەبووە. لە ئاکامی ئەو هەڵوێستانەدا بالێۆز و ئەندامانی بالێۆزخانەی ئێران لە قاهیرە دەرکران. عەبدولناسر کە سەرۆکایەتی یەکێتی عەرەبی بە ئەستۆ بوو، ڕایگەیاند "لەئێستاوە کەنداوی عەرەبی لەجێگەی کەنداوی فارس بەکار دەبرێ و خوزستانیش کە پێشتر عەرەبستانی پێ دەگوترا، بە بەشێك لە خاکی دانەبڕاوی زێدی عەرەب دێتە ئەژمار". ئەو ڕاگەیاندننامەیە لە چەمکێکی تاکییەوە بوو بە چەمکێکی گشتی و فەرمی و هەموو عەرەبەکان، چ ئەوانەی دراوسێی دەریایی ئێران بوون و چ ئەوانەی دوورتر بوون، هاتنە ناو ئەم مەبەستەوە. بەم شێوەیە وڵاتە عەرەبییەکان بە پێی هەڵوێستی یەکێتی عەرەب، ناوی ناڕاستی (کەنداوی عەرەبی) یان بەکار هێنا و بەرەوڕووی ئێرانییەکان بوونەوە.

پێشتر، دەوڵەتی ئێران سیاسەتی دەرەکی خۆی بە ناسیۆنالیزمی پۆزەتیڤ ڕاگەیاندبوو و هۆکاری ئەوەش بەرهەڵستی سیاسەتی هاوسەنگی نێگەتیڤی موحومەد موسەدیق و بێلایەنی پۆزەتیڤ ی جەمال عەبدولناسر، سەرۆك کۆماری میسر بوو. ئەو هۆکارانەی کە یارمەتی سیاسەتی نوێیان دا بریتی بوو لە سەرکوتکردنی نەیارانی ناوخۆ و سەقامگیریی بارودۆخی سیستمی پاشایەتی. هۆکارەکانی دەرەوە بریتی بوون لە کەمکردنەوەی ئالۆزیی نێوان دوو گەورەهێز و دەستپێکردنی سەردەمی هاوژینی هێمنانە. هاتنە سەرکاری خرۆچۆڤ و بەڕێوەچوونی کۆنگرەی بیستەمی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و لە لاکیترەوە هاتنە سەرکاری کەنەدی لە ئەمەریکا، لەو هۆکارە گرنگانە بوون کە کۆتایی هێنا بە جەنگی سارد و دەستپێکردنی سەردەمی هاوژینی هێمنانە. هەروەها سۆڤیەت هەوڵی دا بە شێوەیەك وڵاتانی دیکەی ناوچەش بخاتە ناو کێشە لەگەڵ ئێراندا. بۆ نموونە لە کێشەکانی ئێران و عێراق لە ساڵی ۱۹۵۹دا، ڕادیۆ مۆسکۆ ئێرانی تاوانبار کرد کە لە سەردەمی کەمبوونەوەی ئالۆزییەکانی جیهان، ئێران هەوڵ دەدات کێشەکانی لەگەڵ عێراقدا زۆرتر بکات. لە ئابی ۱۹۶۰دا، عەبدولناسر شای تاوانبار کرد بەوە کە دەستی هەیە لەگەڵ کۆڵۆنیالیستەکان، بۆ ئەوەی ڕێگەی میسر لەناو ببات، هەروەها شای تاوانبار کرد بەوەی کە لە قەیرانی نۆکەندی سوێسدا، دژی ئەو بووە و پاشان بە دەرکردنی بالێۆزی

ئێران له میسر، کۆتایی هێنا به پەیوەندییەکانی ئێران و میسر. به شوێن ئەوەدا بانگەوازی له وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچەی کەنداوی فارس کرد کە دژایەتی ئێران بکەن. هەر لەو سەردەمەدا ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی سووریا بانگەشەیان دژی ئێران دەستپێکرد. لە ساڵی ۱۹۶۰دا، کاتێک کۆتایی هات بە پەیوەندییەکانی ئێران و میسر، سۆڤیەت لایەنی میسری گرت و بەدوای ئەوەدا کە لە ساڵی ۱۹۵۹دا پەیمانی دوولایەنەی ئێران و ئەمەریکا واژۆ کرا، سۆڤیەت باڵیۆزی عێراقی لە میسر ئاگادار کردەوە کە بە هۆی ئەو پەیمانەوە ئاسایشی عێراق کەوتووەتە مەترسییەوە.

ئەو ڕۆژانە هاوکات بوو لەگەڵ ئەو ڕۆژانە کە شا لەگەڵ فەرەح دیبا زەماوەندی دەکرد. لەشکری خوزستانیش لە ئامادەیی گشتیدا بوو کە عێراق هێرش نەکاتە سەر ئێران. سەرەنجام ۲۰ ساڵ پاش ئەوە، واتە ساڵێک دوای شۆڕشی ۱۹۷۹، ئەم مەبەستە هاتە دی و عێراق هێرشی چەکداریی کردە سەر ئێران و پاشان وەکوو دەستدرێژکار ناسرا. بەڵام لە ئەیلووی ۱۹۶۱دا ڕادیۆی مۆسکۆ وازی هێنا لەبانگەشە دژی ئێران و ڕایگەیاند کە بەم زووانە باڵیۆزی سۆڤیەت بەرەو تاران دەچێت. ئەم ڕووداوەلە کاتێکدا بوو کە شا پێشنیازی دابوو بە مەبەستی پێکهێنانی کۆنفراسی وڵاتانی خاوەنی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوین، کە هەڵسوکەوتی نرخی نەوت کۆنترۆڵ بکەن، پاشان بووە هۆی پێکهاتنی ڕێکخراوی ئۆپێک. لەدوای ئەوە شا لە وتوێژکی ڕۆژنامەوانیدا باسی پەیوەندیی ئێران و سۆڤیەت و نرخی نەوت و چەمکی بەحرەین و بەفەرمی ناسینی ئیسرائیلی کرد. عەباس ئارام بوو بە باڵیۆزی ئێران لە عێراق. ئارام بەو ئامانجەوە چووە بەغدا کە خۆشبینی بخاتە بۆچوونەکانی عێراق بەرانبەر ئێران و عێراقیش ناتەبایی ئێران و میسر چارەسەر بکات. ئارام ئەو کەسە بوو کە لە تشرینی دووەمی ۱۹۵۹دا، بە ناوی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، لە پەرلەمانی ئێراندا هەموو داواکانی قاسمی ڕەتکردەوە و بەرپەرچی عەبدولناسری داوە.

ساواک بە مەبەستی هێمنکردنەوەی دڵەڕاوکێی شا و بە پێی پلانێک کە ڕاوێژکارانی تەیموور بەختیار دایانڕشتبوو، هەروەها لەسەر ڕەزامەندیی خودی شا، دەیویست هێزی کارامە بەکار بێنێ بۆ کودەتایەک لە عێراقدا و دەوڵەتی عەبدولکەریم قاسم بڕوخێنێ و

دیسان حکومەتی پاشایەتی لە عێراقدا دامەزرێنێتەوە. بەڕێوەبردنی ئەم پلانە گرنگە خرایە ئەستۆی سەرهەنگی ستاد عیسا پژمان، کە مەبەستەکە بە وردیی لێکبداتەوە و پاش پەسەندکردنی شا و وەرگرتنی یارمەتی لە ساواک، لە زووترین کاتدا پلانەکە جێبەجێ بکرێ. پژمان ئەندامی کوردی ساواک بوو کە کودەتای ١٩٥٨ی عێراقی پێشبینی کرد و تەیموور بەختیاریشی لەو ڕووداوە ئاگادار کردبووەوە بەڵام کارگێڕانی ساواک ئەو قسەی پژمانیان بە گاڵتە گرتبوو. پژمان ئەندامی سەربازیی ئێران بوو لە باڵیۆزخانەی ئێران لە بەغدا. بەختیاریش بەر لە ڕووخانی حکومەتی پاشایەتی عێراق، ئەمیر عەبدوڵا، جێگری شای لەو پلانە ئاگادار کردبووەوە. پژمان دەڵێ: بانگ کرام بۆ تاران و لە یەکەم کۆبوونەوەم لەگەڵ سەرۆکی ساواک، مەبەستێکی زۆر گرنگیان خستەڕوو کە لە لایەنی تەکنیکییەوە زۆر سەیر و سەرنجڕاکێش بوو ئەگەر سەری بگرتایە، گەورەترین سەرکەوتن بۆ ساواک لە دەرەوەی سنووری ئێران دەبوو. جارێک لەگەڵ سپەهبود تەیموور بەختیار سەردانی لوبنانمان کرد و چاومان کەوت بە ئەندامانی حکومەتی سەڵتەنەتی پێشووی عێراق و لایەنگرە باڵاکانیان، کە لە عێراق دەریان بووبوون و زۆربەیان لە لوبناندا دەژیان. تەیموور بەختیار گفتوگۆی زۆری لەگەڵ کردن و هێواداری کردن بە ئاوڕدانەوەی شای ئێران و هەوڵەکانی ساواک.[١٥]

عەبدولهادی چەلەبی ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند بۆ هەر چەشنە یارمەتی مالّی و هێزی پێویست، پاشان یەکێک لە کوڕەکانی خۆی وەکوو بەڕێوەبەری کارەکانی ساواک لە بەیروتدا ناساند. هەروەها یەکێک لە کوڕەکانی دیکەی نارد بۆ تاران کە لەو بوارەدا یارمەتی ساواک بدات. جاری دووەم وەفدی کاربەدەستانی ساواک، بریتی لە تەیموور بەختیار، سەرهەنگ پژمان و سەرهەنگ پاشایی، بە مەبەستی گفتوگۆ لەگەڵ مەلیک حسەین پاشای ئەردەنی هاشمی، سەبارەت بە چەندوچۆنی ڕزگارکردنی عێراق سەردانی عەمان پایتەختی ئەردەنیان کرد. پێشتر لە ئازاری ١٩٦٠دا کە مەلیک حسەین هاتبووە تاران، شای ئێران لەو بارەیەوە گفتوگۆی لەگەڵدا کردبوو. مەلیک حسەینیش دڵێکی خۆشی لەقاسم نەبوو و بە هۆی کوژرانی مەلیک فەیسەڵ لەلایەن قاسمەوە لە شۆڕشی ١٩٥٨ی عێراقدا، ماتەمبار بوو پاش کۆبوونەوەی لەگەڵ شای ئێران بڕیاریان دا کە ئەم کۆڕە سەردانی ئەردەن بکەن. لەسەر

مێزی نانی نیوەڕۆ مەلیك حەسەن وەزیری بارەگا (دەربار)ی شایش ئامادە بوو. گفتوگۆ دەربارەی شیکردنەوە و کۆڵینەوە لەسەر پلانی ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق و هەوڵەکان و ئەو کارانەی کە دواجار دەبێ بە نهێنی ئەنجام بدرێت، بە کورتی و بەبێ ئەوەی ناوی کەسێك ببرێت، بۆ مەلیك حسەین پاشای ئەردەن ڕوون کرایەوە. ئەویش زۆر شاد بوو بەو پلانە نهێنیە و بەڵێنی هەموو یارمەتییەکی دا بە مەبەستی پەیوەندیکردن بە عێراقییەکانی دانیشتووی عەمانی پایتەختی ئەردن و فەرماندەری بارەگای پاشایەتی دیاریی کرد کە لە بەرێوەبردنی ئەو پڕۆژەیە و پەیوەندییەکانی دواییدا هەموو هەنگاوێکمان بۆ هەڵگرێ. پاش نانی شێوان، مەلیك حسەین لە کاتی چوونەدەرەوە لە هۆڵی خواردن، ئاواتی سەرکەوتنی بۆ خواستین و داوای لە تەیموور بەختیار کرد کە سڵاوی خاوەن شکۆ پادشای ئێران بگەیێنێ.

لە ئازاری ۱۹۶۱دا تەیموور بەختیار جێگەی خۆی دا بە سەرلەشکر پاکڕەوان. شا لەناو سوپادا پاکسازییەکی ساز کرد کە دەنگۆی زۆری نایەوە و فەرماندەرانی پایەبەرزی سوپای لەسەر کار لابرد بێجگە لە بەختیار، هەموویانی خانەنشین کرد. بەڵام پلانی کودەتا لە عێراق وەکوو خۆی مابوو. تەیموور بەختیار لە ۱۹۵۷دا، لە کابینەکانی: ئیقبالّ، شەریف ئیمامی و ئەمینی، جێگری سەرۆك وەزیران و سەرۆکی ساواك بوو. ئەو جگە لەوە کە ئاگادار بوو لە دەسەڵاتی سیاسی و ئاسایشی ناوخۆی ئێران، ئاگاداری هەموو گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بوو. بەختیار پاشگەڕانەوەی بۆ ئێران، لە کابینەی ئەمینی، جێگری سەرۆك وەزیران و سەرۆکی ساواك بوو، بەڵام هەر لە سەرەتاوە بە ئاواتی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زۆرتر، بە ئاشکرا دژایەتی بەرنامە سیاسی و ئابووریەکانی ئەمینی کرد. حسەین عەلا، وەزیری ئەو کاتەی بارەگای شا، لە ڕۆژی چوارشەممە ۳۰ ئایاری ۱۹۶۱دا، نامەیەکی نارد بۆ مەحەمەد ڕەزا پەهلەوی و ئاگاداری کردەوە لەوە کە بەختیار بڕیاری داوە بۆ کودەتا و دەیەوێ دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ. پاش ئەوە ئەمینی داوای لە شا کرد کە بەختیار ڕاگوێز بکات و لە ئێران دوری بخاتەوە. سوپاسالار تەیموور بەختیار نمونەی بەرچاوی ئەو ئەفسەرانە بوو کە ئەندامی بنەماڵە ناودارەکانی ئێران بوون کە بە بەهرەوەرگرتن لە پشتیوانییەکانی پاش ئابی ۱۹۴۱، توانییان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. بەختیار لە کاتی خۆیدا بە بەهرەوەرگرتن لە گۆڕانکارییە سیاسیەکانی پاش

کودەتای ١٩٥٣، توانی خۆی بە بالاترین ئاستی ئاسایش و سەربازیی ولات بگەیێنێت. دۆستایەتی و دوژمنایەتی ئەو لەگەڵ ئەندامان و کاربەدەستانی دەوڵەت، لەڕاستیدا ئامانج و بەرژەوەندییەکانی دەپێکا. لە هیچ بنەمایەکی کرداریی و سیاسی پەیڕەویی نەدەکرد. ئەم شێوە کردەوانە هەر لەو کاتەدا کە بواری پێشکەوتنی ئەوی ڕەخساند، هەر لەو کاتەشدا بوو بە هۆی ئەوە کە بە بۆنەی کردەوەکانی پێشووی، هیچکەسێك هاوکاریی لەگەڵدا نەکات. کوژرانیشی بە دەستی ئەو ساواکەی کە خۆی دایمەزراندبوو، هاوکات لەگەڵ ئەوە کە بانگەشەیەکی گەورە بوو بۆ نواندی هێز و دەسەڵاتی ساواك، زیانێکی لە بزاڤەکانی دژی حکومەتی پەهلەویی نەدا. موحەمەد ڕەزا پەهلەویی دڵپەشێوی ئەوە بوو کە ئەگەر بەختیار بچێتە عێراق، لەگەڵ جەلال تاڵەبانی یەکدەگرن و دژی حکومەتی ئێران ڕادەوەستن. دواجار بەختیار بوو بە ناوبژیکاری تاڵەبانی و بارزانی و نامەکانی ئەوانی دەهێنا و دەبرد، و تا ڕادەیەك پێشبینییەکەی شا ڕاست بوو.

ساواك بە مەبەستی خۆشکردنی بواری کودەتا، سەرەتا هەوڵی دا بۆ ئەوەی شیعەکان بەرەولای خۆی ڕابکێشێ، چونکە شا خۆی شیعە بوو باوەڕی ئایینی بەهێزی بوو و زۆربەی مەلا شیعەکان لەو سەردەمەدا پشتگیرییان لێدەکرد، تەنانەت لە ئاهەنگی ماتەمینی کۆچی دوایی زۆربەی مەلا ناوادارەکانی شیعە وەکوو ئایەتوللا حسەینی بروجەردیی لە ئازاری ١٩٦١دا بەشداریی کرد.[١٦]

ساواکی ئێران بە پێچەوانەی حیزبی بەعسی عێراق، نەیتوانی دەسەلات لەناو شیعەکانی عێراقدا بەدەست بێنێ. پژمان لەو بارەوە ڕاپۆرتێکی زۆر گرنگی نهێنی دەنێرێ کە دەڵێ: شیعەکانی عێراق کە زۆرینەی جەماوەری ئەو وڵاتە پێك دێنن، هاوکات لەگەڵ ئەوە کەباوەڕێکی پتەویان بە ئایینەکەیان هەیە و هەر لەو کاتەدا هەستی تایبەتیان بەرانبەر هاودینەکانیان هەیە، بەڵام لە هیچ سەردەمێکدا خاوەنی ڕێکخراو و ڕێکخستنێك نەبوون، تەنیا لە یەك دوو شوێندا، کە ئەویش بریتی بووە لە چەند وەزیری شیعە لە ناو کابینەیەکدا، بێجگە لەوە دەسەلاتێکیان لە عێراقدا نەبووە، هاوکات لەگەڵ ئەو یەکگرتوویە کە بوویانە، نەیانتوانیوە سوودێکیان بۆ هاودینەکانی خۆیان ببێ. تەنیا ئەوە

نەبێت کە بە ڕووالەت خۆشەویستی خۆیان بەرانبەر شیعەکانی ئێران دەردەبڕن، دوو ئەوەندە دڵیان بە سوننەکانی وڵاتی خۆیان دەکرێتەوە کە لە هەموو سەردەمێك لەو وڵاتەدا خاوەنی دەسەڵات بوون. پژمان لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا تیشك دەخاتە سەر ئەو مەبەستە کە ئەم جەماوەرە خەڵکانێکی داماو و لەشبەبار و بێ کەڵکن. تەنیا لە کاتێکدا خۆیان دەخەنە مەترسییەوە کە بەرژەوەندیی تاکە کەسییان بکەوێتە مەترسییەوە. ئەگەر هۆگری ئایینەکەیانن بۆ ئەوەیە کە هەر لە کۆنەوە و لە لایەن دایك و باوکیانەوە بەسەریاندا سەپێنراوە، نەك ئەوە کە لە ڕووی توێژینەوە یان باوەڕیان بەوشتە بووبێ. زۆربەیان بەڕووالەت ڕێبازەکەیان ڕەچاو دەکەن و لە دڵەوە نییە. تەنانەت جاری وا هەیە کە بە هۆی ڕێبازەکەیان بەرژەوەندییان دەکەوێتە مەترسییەوە، ڕێبازەکەیان ئاشکرا ناکەن و بە واتای شیعەکان (تقیە) دەکەن.

پژمان، نوینەری ساواك، لە سوننەکانیش دەکۆڵێتەوە و دەڵێ: ناتوانم بڵێم هاوپەیمانێکی باش دەبن و ئامانجەکانی شای ئێران و پلانەکانی ساواك بەدی دێنن. لە ڕاپۆرتەکانی دوایی بۆ ساواك دەنووسێ: عەرەبە سوننەکانی عێراق لە ئایین و ڕێبازەکەیاندا زۆر تووندڕەون و بەرەنگاری شیعەکان و ئایینەکانی دیکە دەبنەوە و دوژمنایەتییان دەکەن. چیرۆکی ئەم دوژمنایەتییە زۆر دوورودرێژە و هێشتا ئەم بەسەرهاتانە بەردەوامن. مێژووی پڕ لە هەڵە و نادروست کە دوژمنانمان لە سەردەمانی جۆربەجۆردا دژی ئێمە نووسیویانە و پڕە لەم کێشانە، باشترین شایەتی و بەڵگەیە بۆ وتەکانم، تەنانەت ئەگەر کەموکورتیشییان هەبێ، لانی کەم کورتییەك لە بارودۆخی کێشەی شیعە و سوننەیە کە تا هەر ڕادەیەك بێ پایە و بەهۆی دوژمنایەتی بووبێ. سوننە تووندڕەوەکانیش هیچیان لەدەست نایەت و ناشیانەوێ بۆ حکومەتی ئێران و شای ئێران هەوڵێك بدەن. ئەمانە چارەی ئێرانی و شای شیعەیان ناوێ، کەوایە چۆن لەگەڵ ئێمە هاریکاریی دەکەن. پێم وابێ توانیومە تا ڕادەیەك ئاوی پاك بە دەستتاندا بڕێژم و دڵنیام کردبێتن لەو کارگێڕانە کە هیچ شتێك لە عێراق نازانن و خۆیان بە عێراقناس دادەنێن. هەر چەشنە چاوەڕوانی و پلان و بەرنامەیەك بۆ بەهرەوەرگرتن لەمانە بە مەبەستی دژایەتیکردنیان بەرانبەر دەوڵەتی ئێستای عێراق بێسوود و بێ ئاکامە و لەوانەیە بە خێرایی لەلایەن ئیستخباراتی عێراقەوە ئاشکرا ببین. من

که دەبێ بەڕێوبەری ئەم پلانانە بم لە عێراقدا، نەک هەر بڕوام بە پلانەکان نییە، بەڵکوو بڕوام بە بەڕێوەبردنیشیان نییە. [١٧]

لەو سەردەمەدا سەقامگیریی ڕاستەقینە لە عێراقدا نەبوو. کوردەکان وەکوو دەستوپێوەندی هەرە بەرچاوی ناسەقامگیریی لە عێراقدا لە قاسم وەرگەڕابوونەوە، هەرچەند عەبدولکەریم قاسم هەر بە خێرایی پاش هاتنە سەر کار بە مەبەستی سەقامگیریی و دامەزراندنی هێمنایەتی لە عێراقدا، لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند کە کورد و عەرەب بڕای یەکترن و لە دەستوری کاتیی ساڵی ١٩٥٨دا، ئەم چەمکەی خستە ناو (مادەی ٣) کە عێراق پێکهاتووە لە دوو گەلی عەرەب و کورد. هەروەها قاسم کوردێکی بە ناوی (خالید نەقشبەندی) وەکوو ئەندامی ٣ کەسەی سەرۆک کۆماریی و کوردێکی دیکەشی بە ناوی وەزیری کار دیاریی کرد. بەو حاڵەش زۆری پێ نەچوو کە هێمنایەتی تەنگی پێهەڵچنرا.

لەو باودۆخەدا نوێنەری ساواک کە هیوابڕاوکووبوو لە یارمەتی شیعە و سوننەکان، بیری لە دژایەتی کوردەکان بەرانبەر سیاسەتی قاسم کردەوە و ئەوەی بە باشترین هەل و دەرفەت زانی بە مەبەستی لاواز کردنی حکومەتی قاسم، بۆیە ئەم مەبەستەی بە لێپرسراوی ئەو کاتەی ساواک واتە پاکڕەوان ڕاگەیاند کە دەکرێ لە توانای کوردەکان بەهرە وەربگیردرێ. "شەوێك لە حەوشی خانووەکەم لە دەوروبەری بەغدا بە تەنیا دانیشتبووم، لەپڕ ئەم شتە هاتە مێشکمەوە بۆ لە کورد بەهرە وەرنەگرین کە بەڵکوو بتوانین بەربەرەکانێی ڕژێمی عێراق بکەین و بیروخێنین. سەردانی باکوری عێراقم کرد ئەڵبەت بە نازناوێکی دیکە و بە ناوی مامۆستای مێژوو و جوگرافیا کە دەمەوێ تۆێژینەوە لەسەر ئەو ناوچەیە بکەم. لە دادگای شاری کەرکووک چاوم کەوت بە ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەستمان بە گفتوگۆ کرد. ئیبراهیم ئەحمەد بە هۆی چالاکی سیاسییەوە لە سلێمانی، ڕاگوێز کرابوو بۆ کرکووک، لەو شارەدا وەکوو پارێزەر کاری دەکرد. پێشتر لەم جۆرە سەفەرانەم بۆ وڵاتانی دیکە زۆر کردبوو و زانیاریی زۆر باش و گشتی و سەیرم لە بارودۆخی کورد و کوردستان بەدەست هێنابوو کە دەیتوانی باشترین

سەرمایە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی دواییم بێ، بەم بۆنەیەوە دەمزانی چۆن دەبێ لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد بدوێم و بەرەولای خۆمان ڕابیکێشم".

ئەم شتە سەرچاوەکەی لەوەدا بوو کە پژمان لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس چاوی دەکەوێ بە دوکتۆر کامەران بەدرخان مامۆستای زمانی کوردیی ئەو زانکۆیە و بەدرخان ڕەخنە دەگرێ لە سیاسەتی دەوڵەتی ئێران بۆ ئەوەی لە هەر شوێنێکی جیهاندا پێش بە هەموو کوردێکی ئێرانی دەگرێ کە چالاکیی فەرهەنگییان هەیە و وا دەنوێنێ کە ئەم چالاکییانە پەیوەندیی بە ناسیۆنالیزمی ئێرانییەوە هەیە و شانازیی پێوە دەکەن، بەڵام زۆر جار دەستگیر دەکرێن و ئازار دەدرێن. "دوکتۆر کامەران بەدر خان زۆر لۆمەی دەوڵەتی ئێرانی کرد و داوای لە من کرد کە ئەگەر بەڕاستی دەوڵەتی ئێران نیازی باشی بەرانبەر بە کورد هەیە، با مۆڵەت بە بڵاکردنەوەی ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی بدات، هەروەها چوار کەسی کورد کە لە دادگا سەربازییەکانی ئێراندا چاوەڕوانی لەسێدارەدان دەکەن، لەلایەن شاوە بەر لێخۆشبوون بکەون و ئازاد بکرێن. منیش وتەکانی ئەوم بە ساواک گەیاند و پاش لێکۆڵینەوە، ڕۆژنامەیەک بە ناوی (کوردستان) بە سەرپەرشتی (بەدیعوزەمان) کە مامۆستای زانکۆ و خەڵکی کوردستان بوو، هەروەها بە یارمەتی دڵسۆزانەی موحەممەد سدیق موفتی زادە و چەند کەسێکی دیکە بڵاو بووەوە کە بودجەکەی لە لایەن ساواکەوە دابین دەکرا. ئەم ڕۆژنامەیە دەناردرا بۆ هەموو ئەو وڵاتانە کە کوردیان هەبوو، ناوەڕۆکی ئەم ڕۆژنامەیە تا ڕادەیەک جوان و پڕمانا بوو کە هەر ژمارەیەکی لە عێراقدا بە نرخی یەک دینار واتە ۲۰ تمەنی ئەو سەردەمە دەفرۆشرا و هەروەها بە مەبەستی بەرگریی لە بانگەشە و هاندانی کوردەکانی عێراق و کوردی ئەوروپا و وڵاتانی دیکە دژی دەوڵەتی ئێران، هەر لەسەر ڕەوتی ئەو سیاسەتە، دەزگای ساواک بەرنامەی کوردیی ڕادیۆی تارانی لە چارەکەسەعاتێکەوە گەیاندە یەک سەعات. لە شارەکانی مەهاباد، ورمێ، سنە و مەشهەد بەرنامەی کوردیی بەجیا دەستی پێکرد.[18] پاش دامەزرانی تەلەفزیۆن لە ئێران، هەفتەی جارێک و بۆ ماوەی سەعاتێک بەرنامەی هونەریی گۆرانی کوردی[19] و هەڵپەڕکێ بڵاو دەبووەوە. ئەم هەوڵانە شوێنەواری زۆر باشی لەسەر ناوچەکانی کوردستان و وڵاتانی دیکە دانا و بەراستی لێشاوی هاندان و بانگەشەی دژی دەوڵەتی ئێران کەم کردەوە.

ئەم چالاکییانە بوون بە هۆکارێك کە هەر کوردێکی عێراقی لە هەر شوێنکدا چاویان بە نوێنەری ساواك دەکەوت، باسی چاکەی دەوڵەتی ئێران بەرانبەر کوردەکانیان دەکرد. "تا ئەو جێگەی بۆم دەکرا گفتوگۆم دەکرد لەگەڵ سەرانی کوردی عێراق، یان کەسانێکی تر کە دەیانتوانی لە داهاتوودا یارمەتیدەری ساواك بن". ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕادەی چالاکی ساواك لە کوردستانی عێراقدا بەرینتر و سەرکەوتووتر دەبوو نوێنەری ساواك کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرتر دەبوو. لە سەرەتاوە کۆبوونەوەیەك لەگەڵ عەبدولڕەحمان زەبیحی لێپرسراوی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە بەغدا ساز دەدرێ. زەبیحی ئێرانییەکی خەڵکی مەهاباد کە خوێندنی بالای تەواو کردبوو، ئەو کەسەی کە ٢٠ ساڵ لەوەپێش واتە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان ئاوارەی وڵاتە عەرەبییەکان بووبوو لە ترسی دەستگیریی هێزەکانی ئاسایش و سوپای ئێران، بە نهێنی دەژیا، بوو بوو هاوکاری ساواکی ئێران، تەنانەت وەکوو مرۆڤێکی باوەڕپێکراو و جێگەی متمانە، بوو بە پەیکی نێوان هەردوو لامان و هەروەها کەسایەتی هەڵکەوتوو، عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار) کە لەگەڵ بارزانیدا مابووەوە و چارەنووسی وەکوو زەبیحی بوو، لەسەر داخوازی بارزانی، لەگەڵ خۆم هێنام بۆ ئێران و لە شوێنگیریی دادوەریی و ئاسایش ڕزگارم کرد و لە کەرەج سەقامگیرم کرد، ئەو هەمیشە زمانی بە ستایشی فریودەرانەی بارزانی دەجوڵاند.

لە دیداری نوێنەری ساواك لەگەڵ زەبیحی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان ، بۆچوون و سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئێران بەرانبەر کورد و هەوڵەکانی لە پێناوی پەرەپێدانی بواری فەرهەنگی و ئەدەبی پێ ڕادەگەیەندرێت و پێی ڕادەسپێردرێت کە ئەو زانیارییانە بگوێزێتەوە بۆ کاربەدەستانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی وەکوو: ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری گشتی، جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، هەمزە عەبدوڵڵا و هەروەها بارزانی کە ئەگەر لەو بارەوە بۆچوونێکیان هەیە، نوێنەری ساواك ئاگادار بکەنەوە. بەشوێن ئەوەدا دەروازەی دۆستایەتی و هاتوچۆی نێوان ساواك و پارتی دیموکراتی کوردستان کرایەوە و هەر لەو دەروازەوە نوێنەری ساواك هاتە مەیدانەوە. "ئەڵبەت عەبدولڕەحمان زەبیحی لێپرسراوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا، لە ڕیزی ئەو کەسانەدا بوو کە

لەو رێگەدا زۆر یارمەتی دام. ئەگەر بۆچوون و یارمەتی و تێگەیاندنەکانی پێشووی ئێمە نەبوویە، ڕەنگە گەیشتن بەو مەیدانە زۆر ئەستەم بووایە. بەر لە سەفەرەکەی عێراق، لە دیمەشق لەگەڵیدا ئاشنا بووبووم. ماوەیەک لەوەو بەر چەند جارێک لەلایەن پێشمەرگەکانی بارزانی تەقەی لێکرابوو بەڵام بەرنەکەوتبوو. بە هۆی ئەوە کە لە بنەماڵەیەکی ئایینی بوو، ئیتر بارزانی وازی لە کوشتنی هێنا."

نوێنەری ساواک خۆی زۆر بە بەختەوەر دەزانی کە توانیویەتی جێگەی خۆی بکاتەوە لەناو کوردەکانی عێراقدا، بەتایبەت کە بە هۆی شوێنی لەدایکبوونی، هاوزمانی ئەوان دەهاتە هەژمار، ئەو ساواکی لەم مەبەستە ئاگادار کردەوە و ڕایگەیاند: واز لە شیعە و سوننە بێنن و بە زووترین کات کورد وەکوو هاوپەیمان هەڵبژێرن چونکە لە نێوان ئەو ٣ گرووپەی عێراقدا تەنیا کوردەکان بە ئاسانی یارمەتیدەری حکومەتی ئێران دەبن، کە ئەم سیاسەتە هەتا ڕۆژانی دوای شایش هەروەکوو خۆی مایەوە. ئەڵبەتە کوردەکانی ئێران لە دەیەی ٤٠ کە نزیک بوونەوە لە ڕووسیاوە، لە ڕاستییدا بیریان لە ناوەڕاستی یارییەکە کردەوە و هەر هێزێک لە ناوچەیەکدا دەیتوانی یارمەتی بە ئەوان بکات. ئەم جارە دووبارە نۆبەی کوردەکان بوو، لە کۆماری عێراقی تازە دامەزراودا و لە ئێرانی بەهێزیشدا کە پارێزکاری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بوو، هەردوو وڵات کە دەیانویست لە دژی یەک لە کوردەکان سوود وەربگرن، لە پێش قاسمدا نووری سەعید لە خزمەتی سیاسەتەکانی ئینگلیزییەکاندا بوو. بەڵام ئەم ڕەوەندی سوودوەرگرتنە نابەجێیە بەردەوام درێژەی هەبوو و هەیە و هەمیشە کوردەکان داردەستی جیاوازییەکانی نێوان ئێران و بەغدا بوون".

ڕاپۆرتە پەنامەکی و نهێنییەکانی ساواک هەمیشە دوو بەشی تێدا بوو، بەشی یەکەم لەبارەی بارودۆخی وڵاتانی تر و بەشی دووەم لەبارەی باوردۆخی کوردستانەوە کە بوو هەمیشە لە لایەن پژمانەوە ئامادە دەکرا و هەموو کادیرەکانی ساواک خوویان بە خوێندنەوەی ئەوەوە گرتبوو". سەرلەشکر حەسەن پاکڕەوان سەرۆکی ساواک، لە وەڵامی نوێنەری ڕێکخراوەکەی لە بەغدا گوتی "چۆن خاوەن شکۆ موحەمەد ڕەزا پەهلەویی لەسەر ویستی ئێمە ناچار دەبێ کە هاوکاریی و پاشان پشتگیریی بارزانی و ئەندامەکانی بکات؟

بارزانی له سالّی ١٩٤٦دا، واته ئەو کاتەی سوپای ئێران بەرە و مەهاباد چوو، دژی سوپای ئێران چەکدارانە ڕاپەڕیبوو و ژمارەیەکی زۆر ئەفسەر و پلەدار و سەربازی ئێرانی لەخۆێن گەوزاند و پاشان پەنای بۆ سۆڤیەت برد. ئەو پێشتر بەبێ ئامادەبوونی خۆی لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە حوکمی لەسێدارەدانی پێدراوە." بەشوێن ئەوەدا پژمان له نامەیەکی زۆر نهێنی، لە وەڵامی دڵەڕاوکێی پاکڕەوان دەنووسێ "بارزانی ئێرانی نییە کە بەبێ ئامادەبوونی خۆی، له دادگاکانی ئێراندا مەحکومییەتی بدرێتێ. بێجگە لەوە، ئەگەر شتێکی ئاوا ڕاست بێ، تاوانەکەی (کوشتنی مرۆڤ)ە و پاش ئەو هەموو ساڵە دەکەوێتە بەر یاسای (تێپەڕبوونی کات) و ئیتر نابێ شوێنگیریی بکرێت. سەرەڕای ئەوانە، بە مەبەستی دابینکردنی بەرژەوەندیی وڵات و گەل، لەوانەیە کەسانێك کە حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا درابێ، له بەندیخانە ئازاد بکرێن و بەهرەی باشیان لێوەربگیردرێت".

پاکڕەوان بۆ ماوەیەك پرسەکە دەخاتە دواوە و نوێنەری ساواکیش هەروەسا له عێراقدا هەوڵ دەدات بۆ دەسەڵاتی زۆرتر له نێوان کوردەکاندا. "من لەگەڵ زۆربەی سەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشنایەتیم هەبوو، وەکوو جەلال تاڵەبانی و عەدولڕەحمان زەبیحی، و پێش لەدەستپێکردنی فەرمی سەفەرەکەم بۆ عێراق یەکترمان بە باشی دەناسی و لە ویست و ئامانجی یەکتر ئاگادار بووین". لە ٢١ی ئازاری ١٩٦١دا، بەرنامەی نەورۆز بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی له یانەیەکدا به شکۆیەکی زۆرەوە بەڕێوە چوو. چەند کەس له ئەندامانی باڵیۆزخانەی ئێران وەکوو عەباس ئارام که بە شێوەی کاتیی چووبووە تاران، جەعفەر ڕائید نوێنەری یەکەم و پژمان بانگهێشت کرابوون کە لەو بەرنامەدا بەشداریی بکەن. ئەمە یەکەم جار بوو که جەژنی نەورۆز لەلایەن کوردەکانەوە لە پایتەختی وڵاتێکی عەرەبیدا بەڕێوە بچێت. بەرنامەیەکی زۆر شکۆمەند کە چین و توێژەکانی خەڵکی عێراق بەتایبەت هونەرمەندانی کورد بە ژن و پیاو بە شێوەیەکی جوان و ڕازاوە بەشداریان تێدا کردبوو. ئەگەرچی دەوڵەت مۆڵەتی بەڕێوەبردنی ئەو پڕۆگرامەی دابوو بەڵام بێگومان هیچ یەکەی ئەندامانی دەوڵەت و ئەنجومەنی شۆڕش واتە ئەوانەی کە کورد نەبوون، لەدڵەوە پێیان خۆش نەبوو شتێکی ئاوا ڕوو بدات. پاش ئەم جێژن و شایی و هەڵپەڕکێ و شادمانییە پشێویی لە کوردستاندا دەستی پێکرد و سەرەنجام شۆڕش سەریهەڵدا و تا

سەردەمی سەدامیش جێژنێکی ئاوا نەبینرا و کوردەکانی دانیشتووی ناوچەکانی باکووری عێراق ڕووی ئاسایش و ئۆقرەیان بەخۆوە نەدی.

لە ڕاپۆرتەکانی نوێنەری ساواک کە دەینێرێ بۆ تاران، وردە وردە ناوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و کۆمیتەی سیاسی، دەچێتە ناو فایلی کەسیی و لێکۆڵینەوە سەبارەت بەوان دەست پێدەکات: بارزانی سەرۆکی پارتی، ئیبراهیم ئەحمەد (سکرتێری گشتی و عەقڵ و بیریمەندی حزب)، نووری سدیق شاوەیس لە ئەفسەرانی هەڵکەوتووی عێراق،

عومەر مستەفا دەبابە لە جەنگاوەران و فەرماندەرانی لەشکرەکانی پێشمەرگە کە دواجاریش یەکەم بەردی بناغەی دۆستایەتی و هاوکاریی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران دانا، جەلال تاڵەبانی گەنجێکی هۆشیار و خاوەنی داهاتوویەکی باش، عەلی عەبدوڵڵا عەسکەریی مرۆڤێکی وریا و لێهاتووی پارتی و فەرماندەری لەشکری پێشمەرگە و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و گومانلێکراو بەوە کە پەیوەندیی ڕێکخراوی بە ك گ ب[20] هەیە، دوکتۆر موراد عەزیز، سالح عەبدوڵڵا یوسفی، هاشم عەقراوی، سەید عەزیز شەمزینی (نەقیبی سوپای عێراق)، نووری ئەحمەد تەها ئەفسەری سوپای عێراق، عەبدولڕەحمان زەبیحی ئەندامی کۆنی پارتی و خەڵکی مەهاباد و لە یەکەم ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆماری مەهاباد، مرۆڤێکی هۆشیار و زۆر وریا و ...[21]

لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین ساڵی ۱۹۶۱، ساڵێکی چارەنووسساز بوو بۆ کوردستانی عێراق. قاسم لە سەرەتاوە بە بتشکێنی سەڵتەنەت ناوبانگی دەرکردبوو و گۆڕانکاریی سیاسی بەدی هێنا و بەڵێنی بە خەڵك دا کە ڕیفراندۆم بکات و حیزبەکانی ئازاد کرد، بەڵام دیمەنێکی دیکەی لەخۆی دەرخست. هەر لەو ساڵەدا ناسیۆنالیستەکانی عەرەب بە یارمەتی میسر و بەعس، پلانی تیرۆر و لەنا بردنی قاسمیان لە مێشکدا بوو. قاسم تووشی گومان بوو و جۆرێك هەستی تاکە کەسی لە دەروونیدا سەریهەڵدا و لەو کاتەوە سنوور و پاوانی بۆ حیزبەکان دانا و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەرەو دیکتاتۆریی و سەرەڕۆیی دەچوو کوردستانیش وەکو بەرمیلی بارووت ئامادەی تەقینەوە بوو. پەیوەندیی بارزانی و قاسم تێکچوو.

لە ساڵی ١٩٦١دا چەند ڕووداوێکی سەیر و سەمەرە بوو بە هۆی ئەوە کە پەیوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و حکومەتی قاسم بشێوێ و بارودۆخ بشلەژێ. بەرە بەرە کەسایەتییەکانی پارتی دیموکرات خۆیان لەبەرچاوی کارگێڕانی سەربازیی و ئاسایشی حکومەت دوور دەخستەوە، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە کوردەکان پاش کودەتای قاسم بەو بارودۆخە ڕەزامەند بوون و گەشبین بوون بەوە کە بارودۆخ باشتر دەبێ و لەگەڵ قاسمدا کێشەیەکیان نابێ. بە هاتنی قاسم گۆڕەپانی دەسەڵاتی سیاسی عێراق ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. ڕژێمی پاشایەتی بوو بە کۆماریی. لە سەرەتاوە دەستەیەکی گەورەی کوردەکان بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد سەردانی بەغدای کرد و پیرۆزباییان لە قاسم کرد بە هۆی ئەو سەرکەوتنەی کە بەدەستی هێناوە. ئیبراهیم ئەحمەد بە نوێنەرایەتی کوردەکان نووسراوێکی دوورودرێژی خوێندەوە. لە کابینەی دەوڵەتی عێراقدا وەزیری کورد دامەزرا و تەنانەت بۆ یەکەمجار لەو کابینەدا وەزیری ژن دانرا کە لایەنگری کۆمۆنیستەکان بوو. حکومەتی قاسم لە سەرەتاوە مۆڵەتی هەندێ لە حیزبەکانی دا کە بە ئازادانە چالاکییان هەبێ وەکوو پارتی دیموکراتی کوردستان. ڕووداوی گەورە و بەجووکی زۆر و گۆڕانکاریی بەرفراوان لە عێراقدا بەدی هات، بەڵام بەرە بەرە کێشەکان قوواڵتر و گەورەتر بوون. تا سەرەتای ساڵی ١٩٦١، تا ڕادەیەک هەموو شتێک بە باشی دەچووە پێش، بەڵام دواجار قاسم سیاسەت و تێڕوانینی خۆی بەرانبەر کوردەکان گۆڕی. ئەگەرچی لە سەرەتاوە زۆر بە نەرمی لەگەڵ کوردەکان دەجووڵایەوە و ئەمە زۆر بە سوودی کورد بوو. لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین پاش سەردەمی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ تا ناوەڕاستی ١٩٦١، بەرە بەرە دۆخەکە شێوا و بە شوێن ئەوەدا هەموو شتێک تووشی گۆڕانکاریی بوو پاشان فشار کەوتە سەر کۆمەڵگای کوردەواریی و هیچ هیوایەک بۆ دەرچوون لەو گێژاوە نەمایەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان چالاکییەکانی بە نهێنی ئەنجام دەدا و خەباتی چەکدارانەی دژی قاسم دەستپێکرد.[٢٢]

هێزی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٦ تا ١٩٥٨ لاواز بوو. بەڵام ئەم پارتییە وەکوو حیزبەکانی دیکە مۆڵەتی چالاکی سیاسی وەرگرتبوو و ڕۆژنامە و لق و ناوەندە حزبییەکانی بە ئازادانە لە هەموو شارەکاندا کردبووەوە، هەروەها ڕۆژنامەی (النور)ی بڵاو دەکردەوە. پاش ماوەیەک زانکۆی سلێمانی کرایەوە. بارزانی لەو سەردەمە

زێڕینەدا نەیدەویست دڵی قاسم بڕەنجێنێ. تەنانەت کاتێک قاسم تەقەی لێکرا، بارزانی سەردانی کرد. "هەموو کەسایەتییە سیاسییەکان، قاسممان لەکۆبوونەوە فەرمی و ئاساییەکاندا بینیوە، ئەو زۆر بە ساکاریی لەگەڵ کەسایەتی و سەرۆکایەتی کورددا دادەنیشت و هیچ مافێکی ڕەوای ڕەت نەدەکردەوە، بەڵام زانیاریی ئەو کەم بوو، ئەو ئاگای لەوە نەبوو کە کورد دەبێ مافی تایبەتی خۆی هەبێ و بەردەوام دەیگوت: هەموومان عێراقین". قاسم وەکوو ئەندامێکی سیاسی سەربازیی بوو و بڕوایەکی بە ناسنامەی کورد و تورک و عەرەب نەبوو و دەیگوت: ئێمە وڵاتێکمان هەیە بە ناوی عێراق و گەلێکیش بە ناوی عێراقی، ئەگەرچی خاوەنی چەند نەتەوەیە. ئەمە بیری قاسم بوو و بڕوای بە نەتەوە نەبوو. لەڕاستیدا عێراقییەکی تۆخ بوو ئەم وشەیە لە دڵ و میشک و دەروونیدا جێگیر بووبوو.

دەستووری نوێی عێراق پاش کودەتا، کوردی وەکوو عەرەب، بە مافێکی یەکسان بە فەرمی ناسی و مافی نەتەوایەتی و فەرهەنگیی کوردی لە ناوخۆی وڵاتدا مسۆگەر کرد. بێجگە لەوانە حکومەت چەند کەس کوردی خستە پلە و پایەی بەرزی حوکمییەوە. وتار و ڕۆژنامە و کتێبی کوردیی بڵاو بووەوە و لە قوتابخانەکاندا وانەی کوردیی دەستی پێکرد، بەڵام حکومەت هیچکاتێک قایل نەبوو بە ئۆتۆنۆمی سیاسیی بۆ کورد، چونکە ترسی لەوە هەبوو کە بشێوی سەرهەڵبدات و شیعەکانیش داوای مافی یەکسانی وەکوو کوردەکان بکەن و سەرەنجام ببێتە هۆی پارچەبوونی عێراق. هەروەها ناسیۆنالیستە عەرەبەکانیش نەیاری ئەو مافە بوون و نەیاندەویست کە ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان بدرێت. "ئەڵبەت ڕۆشنبیرانی کورد لە سەرەتاوە وتەکانی قاسمیان بە بوارێکی باش دەزانی بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئاواتەکانیان بەردەوام دەیانگوت کە لە مادەی ۳ی دەستووردا، ئەوە لەبەرچاو گیراوە کە کورد و عەرەب یەکسانن و دەبێ ئەو مادەیە بەڕێوە بچێ".

بەڵام لەواقیعدا، بەدی نەهاتنی ویستەکان بوو بە هۆی ئەوە کە پارتی، حکومەتی ناوەندیی عێراق تاوانبار بکات بەوە کە بووەتە ئامێری دەستی بیروباوەڕی پووچەڵی عەرەبە شۆڤێنییەکان و نایانەوێ ئامانجی کورد بەدی بێت. بەم شێوەیە ناکۆکی ئێمە دەستی پێکرد و چەندین کێشەی دیکەی لێکەوتەوە. عەرەبەکان بارزانییان تاوانبار دەکرد

بەوەی کە پیاوی کەمپی سۆسیالیزم و ڕوسیایە. تەنانەت ناویان نابوو (ملا الاحمر) واتە مەلای سوور. ئەمە خۆی لە خۆیدا کێشەیەک بوو و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەشبینی زۆرتر دەکرد. ئەڵبەت ئەمە لە کاتێکدا بوو کە بارزانی ئەمەگدار بە ڕوسیا بوو و تەنانەت کاتێک لە نزیکتر بوو بە ساواک و ئیسرائیل، هێشتا لە گۆشەی دەلاقەی چاو سەیری ڕوسیای دەکرد[۲۳]. بارزانی هەر لەو کاتەدا کە پەیوەندیی بە ڕوسیاوە هەبوو، دڵی پێوە بوو لەگەڵ لەندەنیش پەیوەندیی هەبێ و بواری ئەم ویستەش لە ئارادا بوو و دەیگوت "من ۱۲ ساڵ لە ڕوسیا بووم و هەوڵی زۆرم داوە، لە سەردەمی کۆماری مەهابادیش حەزم دەکرد ڕوسەکان لایەنگیریی کورد بکەن، بەڵام ئێستا دەمەوێ پاشماوەی تەمەنم تەرخان بکەم بەوە کە ڕۆژئاوا پشتگیریی کورد بکات". بارزانی دەستی کرد بە نامە نووسین بۆ ئینگلیزییەکان بەڵام لەندەن بە گەرمی پێشوازیی لێنەدەکرد و وەڵامێکی زۆر پۆزەتیڤ ی نەدەدایەوە، ئەویش بە هۆی ئەوە کە لەگەڵ شای ئێران پەیوەندیی باشیان هەبوو، نەیاندەویست لەبەر بارزانی دڵی شا بڕەنجێنن. هەروەها پەیوەندیی باشیان لەگەڵ حکومەتی قاسم هەبوو، بەو بۆنەیەوە مەلایان وەرنەدەگرت و لەسەری سوور نەبوون. پاشان بارزانی کەوتە بیری پەیوەندیی لەگەڵ ئەمەریکا و مەبەستیشی لەم کارە ئەوە بوو کە پاڵپشتێکی هەبێ.

بارزانی بەردەوام لە بیری ئەوەدا بوو کە لەگەڵ ئەمەریکا و ئیسرائیل و میسر پەیوەندیی دامەزرێنێ و بڕوای بەوە بوو کە ئەگەر کورد دەیەوێ بە ئامانجەکانی بگات، دەبێ پشت بە ئەمەریکا ببەستێ. کلیلی پەیوەندیی بارزانی و جیهانی ڕۆژئاوا، شای ئێران بوو، بەم بۆنەیەوە نزیکترین ڕێگەی هەڵبژارد و خۆی لە شا نزیک کردەوە و تا ڕێکەوتننامەی ۱۹۷۵ی جەزائیر، ئەو پەیوەندییە بەردەوام بوو. شا پەیوەندیی باشی لەگەڵ ئەمەریکا هەبوو دواجار بارزانی لە CIA نزیک کردەوە، بەڵام CIA زۆر بە گەرمی شوێنگیریی نەدەکرد و نەیدەتوانی وەکوو دۆستێک چاوی لێبکات. کارناسێکی CIA لەمەڕ بارزانی بڕوای ئەوە بوو کە "هیچکاتێک ناتوانێ وەکوو لایەنگرێکی ئەمەگدار بێ، چونکە ئەو هەر ڕۆژ لەگەڵ کەسێکدایە و دەیەوێ هاوکات، چەندین پاڵپشتی هەبێ و بڕیار و بەڵێنەکانی لەگەڵ دۆستی پێشووی زوو لەبیر دەباتەوە". پاش ڕێککەوتننامەی ۱۹۷۵ی جەزائیری "هەرچەند کاربەدەستانی ئێرانی دەیانگوت دەتوانن لە باشترین نەخۆشخانەی ئێراندا

چارەسەری نەخۆشییەکەی بکەن، بەڵام ئەو هەر پێی دادەگرت کە بچێتە ئەمەریکا. پاشان لەسەر ویستی شا و ساواک چوو بۆ ئەمەریکا. ڕۆژێک لە دەرفەتێک بەهرەی وەرگرت و لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی ئەمەریکی گفتوگۆی کرد و ئەوەی کە نەدەبوو بیگوتایە، لە پشت سەری شا گوتی، بەڵام لە ڕاستیدا بەم شێوەیە دەروون و ناوەڕۆکی خۆی ئاشکرا کرد و وتەکانیشی بێ ئاکام مایەوە. ئەوینی بارزانی ئەوە بوو کە لە نەخۆشخانەیەکی واشنتۆندا دواین کاتەکانی تەمەنی بەسەر ببات".[۲۴]

بارزانی لە کۆتایی ساڵی ۱۹۶۰دا بە گەشتێکی ۳ مانگە چوو بۆ مۆسکۆ. لە ڕاستیدا مەبەستی بارزانی ئەوە بوو کە کرملین[۲۵] فشار بخاتە سەر قاسم بەڵکوو گۆڕانکاریی لە سیاسەتەکانیدا بەدی بێنێ، بەڵام ئەو سەفەرە هیچ ئاکامێکی نەبوو تەنیا هەندێ یارمەتی مالّیی لەگەڵ خۆی هێنایەوە. لە جیهانی ئەمڕۆدا ئاشکرابوونی پەیوەندیی بارزانی لەگەڵ سۆڤیەت لە ڕووانگەی توێژەرانەوە شتێکی تازە و سەیر نییە و پەیوەندیی سیاسی و سەربازیی و وەرگرتنی یارمەتی مالّیی و چەک و با مانای سیخوڕی و دڵبەندبوون بە ڕوس نییە. قاسم لە دووەمین دیداری لەگەڵ بارزانی، تاوانباری کرد بەوەی کە لەگەڵ بەریتانیا خەریکی پیلانگێڕیی و پلاندانان دژی ئەون. بارزانیش دووپاتی ئەوەی کردەوە کە توانای لەناو بردنی هەر جۆرە ئاژاوەیەکی هەیە. لە ۱۳ی کانوونی دووەمی ۱۹۶۱دا، بارزانی لە مۆسکۆ گەڕایەوە بۆ بەغدا و پاشان بەرەو کوردستان ڕێکەوت، کە لەم بارەوە دوو بۆچوون هەیە کە یان لەلایەن کارگێڕی ساواکی ئێران، یان لەلایەن بالّیۆزخانەی سۆڤیەت لە بەغدا، ئاگادار بوو کە لەوانەیە دەستگیر بکرێت. بەڵام بەهەرحاڵ هەستی بە مەترسی کرد و بە بیانووی یەکێک لە جێژنەکان خۆی دەرباز کرد و بەم شێوەیە سەردەمانی مانگی هەنگوینی کوردەکان و قاسم کۆتایی پێ هات و تاکو ڕۆژانی لەناوچوونی حکومەتی قاسم، عێراق جەنگی بێڕەحمانەی بەخۆوە بینی لە نێوان کوردەکان و هێزەکانی حکومەتدا کە بە هۆی کورتی خولەکانەوە دەپچڕان.

لە عێراق، کۆمۆنیستەکان لەگەڵ قاسمدا هاوڕاو هاوهەنگاو بوون. لە لایەک دەیانویست کە دەسەڵاتی خۆیان بەرفراوان بکەن و لە لایەکی تریشەوە قاسمیش نەیدەویست کە

ڕەوەندی دەسەڵاتگەرایی خۆی لەگەڵ هیچ لەمپەر و بەربەستێك ڕووبەڕوو بکاتەوە. حیزبی کۆمۆنیستی عێراق بەپێوانە لەگەڵ حیزبە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی دراوسێ (تورکیا و سووریا و ئێران و...) لەپێشتر بوون و بە یەك شێواز و شێوە مانەوە و ڕووسیاش بەهۆی چالاکی توندی کۆمۆنیستەکان لەم وڵاتەدا، تێڕوانینێکی تایبەتی بۆ قاسم هەبوو لە لایەکی ترەوە بارزانیشی بەردەوام لە دەستی خۆیدا هێشتبووەوە. کۆمۆنیستەکان هەڵگیرسێنەری شەڕ بوون و بازرانی و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقیان بە دژی قاسمی دەزانی. کوردەکان دڵیان بە کۆمۆنیستەکان خۆش نەبوو تەنانەت باوەڕیان وابوو کە ئەوان لەگەڵ کوردەکاندا دژایەتی و دوژمنایەتییان هەیە. "حیزبی کۆمۆنیست لە دژی ئێمە چالاکییان دەکرد. واتە ئێمە لەهەردوو لاوە زیانمان کرد و نەماندەزانی لە کام خێمە دانیشتووین یان پەیوەندییمان بە کام ئۆردووگای سیاسییەوە هەیە. ئاڵاکان و تابلۆ جیاوازەکانی کۆمەڵە بچووك و گەورەکانی حیزبی ئەو کاتە ئێمەیان فەوتاند. هاوکاریی و کۆمەکی ئەمریکاش لەبەر ئەم سەرلێتێکچوونەمان لەدەست دا" [٢٦]

"بە واتایەکی تر قاسم لە سەرەتای حکومەتەکەی خۆیەوە بایەخی بە کۆمۆنیستەکان دەدا و نرخیان لای هەبوو، ئەوانیش تووشی جۆرێك لە غەڕابوون بووبوون، کە وایاندەزانی تەنیا حیزبی کۆمۆنیست خاوەنی حکومەت و هەموو عێراقە و تا ڕۆژی تەنگانە کەمترین بایەخ و گرنگییان بە ناسنامەی کورد نەدەدا. تەنانەت قاسم ڕایگەیاند کە با کوردەکان پشتگیری و پشتیوانی کۆمۆنیستەکانی عێراق بن و بەشێك بن لە کۆمۆنیستەکانی عێراق". لە ئابی ١٩٦٠ و شووباتی ١٩٦١ هەردوو ڕۆژنامەی (البغداد) و (الثورة) زنجیرە وتارێکیان بۆ پشتیوانی لە قسەکانی قاسم بڵاوکردەوە، چونکە بە پشتیوانێکی سەرسەختی ئەو دەژمێردران. "گومانی ئێمەی کوردی کۆمۆنیست لەسەر ئەوە بوو کە ئەگەربێتو عێراق بچێتە ناو سیستمی حکومەتی ئیشتراکییەوە لە ژێر ئاڵای عێراقدا، کوردەکان دەگەن بە ئارەزووی خۆیان ئەڵبەتە ئەمە بیردۆزەیەکی حەکیمانە و عاقڵانە نەبوو. دەرفەتەکان و باردۆخی زەمانی و توانی گۆڕانی هەبوو، بەڵام نەگەڕاین بۆ ئەو قازانجە. هەندێ جار بەشێوەیەکی نادروست خۆمان جیاکردەوە لە خەڵکانی تر و لەوانەیە لە بەخۆداچوونەوە و نوێگەری و گۆڕانکاری کەمێك دوور ڕۆیشتبین".

هەوالنامەی کێشە

لەواقیعدا، سالّی ۱۹٦۱، سالّی جیابوونەوەی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی بوو، بەلّام هەر لەو کاتەشدا گۆڕانکاریی پۆزەتیڤ لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بەدی هات. لە تەمووزی ۱۹٦۰دا، بەرنامەی پێنج ساڵە دەستی پێکرد و دوای ئەودا بڕیاری سۆشیالیستی لە ۱۹ و ۲۰ی تەمووزی ۱۹٦۱، پەسەند کرا و شێوازی کارەکان کەوتنە قۆناغی بەڕێوەبردن. لە ئێرانیشدا کۆمۆنیستەکانی حیزبی تودە کە شوێنگێڕیی سیاسەتەکانی سۆڤیەتیان دەکرد، سەبارەت بە کێشەی کورد، هەر ئەو ڕێبازەی کۆمۆنیستی عیراقیان گرتبووەبەر و حیزبی تودەش بڕوای بە کێشەی کورد نەبوو، دواجار هەر ئەو بیرە کاری کردە سەر سیاسەتی حکومەتی ناوەندیی ئێران و ژەنگاری ئەو هەلّوێستە هەروەکوو خۆی مایەوە. بەلّام هەندێ لە لایەنگرانی ئەو حیزبە لەو باوەڕەدان کە "بە پێکهاتنی حیزبی تودەی ئێران و نووسینی دروشمی (مافی گەلان و مافی دیاریکردنی چارەنووس) لەسەر ئالّاکەی، زۆربەی ڕۆشنبیران و چالاکانی سیاسی ئازەربایجان و کوردستان چوونە ڕیزی ئەو حیزبەوە. چونکە ئەو حیزبە یەکەم ڕێکخراوی سیاسی ئەو وڵاتە بوو کە بە فەرمی باسی مافی کەمایەتییەکانی دەکرد. زۆر کەسایەتی چالاکی ئەو سەردەمە وەکوو: خەلیل مەلیکی، حسێن جەودەت، حەمید سەفەری، بابەک ئەمیر خوسرەویی و ئەفسەرانی وەکوو: حەسەن ڕەزمی، عەباس سەقایی، ڕەفعەت مەحەمەدزادە ونموونەی ئەوان لە ئازەربایجانەوە ڕووبان کردە حیزبی تودە. لە کوردستانیش کەسانی وەکوو: حەسەنی قزڵچی، عەلی گەلاوێژ، ڕەحیمی قازی، غەنی بلووریان، کەریمی حیسامی، موحەمەدی عەلی عەمویی، ڕەزا شەلتوکی، ئیبراهیمی یونسی، موحەمەدی قازی، سارمەدینی سادق وەزیری، عەبدولڕەحمان قاسملووو و دەیان ڕۆشنبیر و چالاکی سیاسی ئەو سەردەمە چوونە لای حیزبی تودە. ئەم کەسانە بە پەیڕەویی لە ئامانجەکانی حەیدەر عەمو ئۆغلّی و دوکتۆر ئەرانی و ئەوانی دی، لە بازنەی ئەو حیزبەدا چالاکییان دەست پێکرد، تەنانەت هەندێکیان لە پێناوی ئامانجەکانیان، سالّانێکی دوورودرێژ چوونە بەندیخانەکانی حکومەتی پەهلەویی." عەزیز موحەمەد لە ئەندامە کوردەکانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لەگەلّ ئەندامانی هەلّکەوتەی حیزبی تودەی ئێران وەکوو کیانوری و ئەسکندری و... پەیوەندیی و هاتوچۆی هەبوو." زۆر جار هەر کە باسی بەرەی کوردستانی لە هەر چوار پارچەم دەکرد، قاسملووو دەهاتە بەر چاویان و ڕەنگیان سوور هەلّدەگیرسا".

حیزبی توده دروشمێکی هەبوو، کە حیزبی هەموو گەلانی ئێرانە و بەم بۆنەیەوە لە کوردێك دەگەڕان کە کومیتەی کوردستان (کاك) ڕێك بخات، بۆیە پاش هاتنە ئارای سارمەدینی سادق وەزیری، ناوی قاسملوو[۲۷] خۆی پیشان دا. کوڕی ئاغایەکی گەورە و بنەماڵەیەکی خانی کوردستان، بەڵام ئەو مرۆڤێك نەبوو کە لەگەڵ ڕێکخراوەیەك بێ، ئەگەرچی سیاسەتوان و دیپلۆمات بوو. "ئێمە لەگەڵ قاسملوو کێشەیەکمان نەبوو، بەڵکوو لەگەڵ کەریمی حسامی ناکۆکیمان هەبوو کە لەو باوەڕەدا بووین کە ئەو سیخوڕە. قاسملوو لە کاتێکدا کە ڕوسیا وڵاتی (چیك)ی داگیر کرد، دژی ڕوسیا هەڵوێستی توندی گرت". لەو سەردەمەشدا (ئیحسان نووری پاشا) جارجار سەردانی ئێرانی دەکرد و دەچووە ورمێ و مانی عەلی قاسملوو، برای عەبدولڕەحمان قاسملوو.

لەو کاتەدا، خوێندکارە کوردەکانیش لە ئەورووپا، زۆربەیان بیری چەپیان هەبوو. لە ئەڵمانیا ئەنجومەنی خوێندکارانی ئێرانی چەند گرووپی تایبەتی هەبوو: یەکیان بەرەی نەتەوایەتی بوو، ئەوی دیکەیان چەپ بوو، خوێندنی کتێبی شۆڕشی گەلانی ئۆرتگای گاست[۲۸] باو بوو، هەروەها خوێندنەوەی وێژەی ڕووس وەکوو: تۆڵستۆی[۲۹] و چخۆف[۳۰] و پۆشکین[۳۱] و دیستایۆڤسکی[۳۲] و... یەکەم کۆنفدراسیۆنی نێونەتەوەیی خوێندکارانی زانکۆ لە کانوونی دووەمی ۱۹۶۱دا، لە پاریس دامەزرا. لێپرسراوانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی توده لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بوون. سەرکردەکانی حیزبی توده لە لایپزیك بوون. کیانوری بوو بە نوێنەری لایەنی چەپی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودە. ژمارەیەك لە لاوان کە لە ڕۆژئاوادا دەیانخوێند، بیری چەپیان هەڵگرتبوو دوای شۆڕشەکانی جەزائیر و کوبا هاتبوونە سەر ئەو باوەڕەی کە تەنیا ڕێگەی ڕزگاریی وڵاتانی جیهانی سێیەم، خەباتی چەکدارانە و شۆڕشی بێ پسانەوە و توندوتیژە. هەندێ لە خوێندکارانی ئێرانی هەموو شتێکی ڕۆژئاوایان لە ڕوانگەی دیکتاتۆریی و بۆرژوازیی و گەندەڵی و سەرمایەداریی خوێنمژ و... دەدی. هەندێکیش لەسەر بەهەشتی سۆشیالیزم و دەستکەوتەکانی ڕۆژئاوا سوور بوون. بەشێکی کێشەی ئایدیۆلۆژی چین و سۆڤیەت لەسەر ئەوە بوو کە چینییەکان هەوڵیان دەدا سەربەخۆیی خۆیان بەرانبەر مۆسکۆ ڕابگرن کە بواریکی ناسیۆنالیستی تێدا بەدی دەکرا. چەمکی شۆڕشی توند و جەنگی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و شۆڕشی ڤێتنام زۆر

له بیری چینییه‌کان نزیك بوو. "که‌فوکولّی شۆڕشگێڕانه و له‌خۆبوردوویی و دوورکه‌وتنه‌وه له ژیانی بۆرژوازیی و... ئه‌مانه ئه‌و شتانه بوون که له کۆماری جه‌ماوه‌ریی چینه‌وه به‌ده‌ستمان ده‌گه‌یشت و به حه‌ز و تاسه‌یه‌کی زۆره‌وه ده‌مانخوێندنه‌وه. شتێك که چینییه‌کان زۆر له‌سه‌ری ده‌ڕۆشتن، چالاکی سیاسی هێمن بوو. ئه‌وان له‌و باوه‌ڕه‌دا بوون که به‌بێ هه‌راوهوریا و شلۆقی کاری شۆڕشگێڕانه بچێته پێشه‌وه، که ئه‌مه دژایه‌تی بوو له‌گه‌ڵ بڵاوکردنه‌وه‌ی ڕۆژنامه و گۆڤار، به‌ڵام له‌لایه‌کی تره‌وه گۆڤاره‌کان ده‌نگی بانگه‌شه‌ی بیرووباوه‌ڕه‌کان بوون. چالاکی بانگه‌شه بوویوو به گرفتی گه‌وره‌ی کاری سیاسی، وه‌ك چینییه‌کان ده‌ڵێن: له سه‌ختییه‌کانی مردن نه‌ترسان." خوێندکارانی کوردی زانکۆکانی تاران هه‌ر ئه‌و وره و بارودۆخه‌یان هه‌بوو.[۳۳]

له سه‌ره‌تای ساڵی ۱۹۶۱دا، هه‌ندێ له ئاغاکان و سه‌رۆك عه‌شیره‌تکانی کوردستان وه‌کوو سدیق میران[۳۴] و ته‌نانه‌ت نوێنه‌رانی نهێنی، له لایه‌ن بارزانییه‌وه به مه‌به‌ستی چاوپێکه‌وتن و نزیکبوونه‌وه له حکومه‌تی عێراق، سه‌ردانی کۆنگره‌ی به‌غدایان کرد که چاویان به عه‌بدولکه‌ریم قاسم بکه‌وێ. سدیق به‌گی میران هاوکار و هاوڕێی قاسم، به‌ڵێنی به قاسم دا که ده‌سته‌ی بارزانی چه‌ك بکات. ئه‌ڵبه‌ت حکومه‌ت ئه‌وانی وه‌کوو گرووپێکی کوردی عێراقی وه‌رده‌گرت. بارزانی له‌لایه‌که‌وه ڕاپۆرت ده‌ره‌کانی خۆی ناردبووه ناو کۆبوونه‌وه‌که، و له‌لایه‌کی تره‌وه لایه‌نگره‌کانی له‌ناو خه‌ڵکدا قاویان بڵاو کرده‌وه که ئه‌وانه‌ی له کۆنگره‌ی به‌غدا به‌شداربیان کردووه، تاقمێك ئه‌ڵقه‌له‌گوێی حکومه‌تن، یان به زمانی ئاسایی خه‌ڵك (جاش)ن. خه‌ڵکیش دڵمه‌ندیی و بێزاریی خۆیان ده‌رده‌بڕی و بارزانییان به پاك و بێگه‌رد و دڵسۆزی ڕاسته‌قینه‌ی خۆیان ده‌زانی. ئه‌ڵبه‌ت بارزانی دڵه‌ڕاوکێی ئه‌وه‌ی بوو که نه‌وه‌ك حکومه‌تی عێراق به مه‌به‌ستی که‌مکردنه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی ئه‌و، که‌سانێکی دیکه ڕاست بکاته‌وه و له‌و دۆخه دابه‌زێ. هه‌روه‌ها بیری له‌وه ده‌کرده‌وه که نه‌وه‌کو سدیق به‌گ، به پاڵپشتی مادیی ده‌وڵه‌ت، که به پشتگیریی حکومه‌ت به‌ده‌ستی خستووه پێگه‌یه‌کی باڵا بۆ خۆی به‌ده‌ست بێنێ.

"لـه مـانگی ئـازاری ۱۹٦۱دا سـدیق مـیران، خـاوەن زەوییـەکی گـەورە و پـشتیوانی حکومەتی قاسم بەپێچەوانەی مشتومڕەکەی پێشوو کە لەگەڵ نووری سەعید هەیبوو، دوای ئەوەی لە بەغدا دیداری قاسمی ئەنجام دا، لە لایەن کۆمەڵێک لـە ئەندامی حیزبـەوە کەوتـە بەر ڕێڕەنـەی گوللـە و هـەواڵی تیرۆرکردنـی سـدیق مـیران بـە خێرایـی لـەناو عەشـیرەتەکاندا بڵاوبووەوە، بەوپێیەی کە لە ناوچەی کاوان بەدەستی چـەند کەسێکی نەناسـراو کـوژراوە. بـەڵام لەڕاسـتیدا لـە جـادەی شـەقڵاوە لـە کـەمینێکی چـەکداریـدا، ئۆتۆمبیلەکـەی ئـەویان داوەتە بـەر دەسـتڕێژی گوللـە و جوتیـارانی ناحیـەی کـاوانیش لایـەنگری بـارزانی و پـارتی دیموکرات بوون". هێزەکانی نیزامی و ئەمنیەتی حکومەتی عێراق و خـودی قاسـم بـەڵێنیان دا کە ئەو کەسانەی دەستیان هەبووە لە تیرۆرکردنی ئەودا دەستگیر بکـەن و بـە تونـدترین شێوە سزایان بدەن، ئەڵبەتە ئـەو کەسـە تاوانبارانـە بـە هـیچ شـێوەیەک خۆیـان ڕادەسـتی حکومەت نەکرد. ئەمەش بوو بە بیانوویەک تا قاسم ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق وەک قاچاخی یاسایی بناسێت و حوکمی بەدواداگـەڕانی زۆرێـک لـە ئەنـدامانی پـارتی دیمـوکرات دەربکـات و تەنانـەت یـەکێک لـە ئەندامـە ناسـراو و دیارەکـانی پـارتی (عومـەر دەبابە)، لـە کوردسـتان دەسـتگیر کـرا. حکومـەت، پـارتی دیمـوکراتی بـە دەسـتبوونی لـە کوشتندا تاوانبار کـرد و لـەپێش هەمووشـیانەوە، پـەنجـەی تۆمـەتی بـەرەو ڕووی ئیـبراهیم ئەحمەد درێژ کرد، کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە کوشتنی ناوبراودا دەستی هەبووە و هۆکاری و هەڵنەری تیرۆکردنی میران بووە "ئیبراهیم ئەحمەد و شەمسەدین موفتییـان بـە تۆمـەتی دەرکردنی بڕیاری کوشتنی میران دەستگیرکرد".

ئەگەرچـەندە بـەهۆی نـەبوونی هۆکـار و بەڵگـەی بـەهێز ئیـبراهیم ئەحمـەد دواجـار لـە بەندیخانە ئازاد بوو، بەڵام ئەم دەستگیرییە پیشاندەری ئـەوە بـوو کـە قاسـم بڕیـاری داوە دەسـەڵاتی پارتی بەرتەسک بکاتەوە. ئیبراهیم ئەحمەد خۆی شاردەوە. قاسـم بێجگـە لـەوە کـە ئیـبراهیم ئەحمـەدی دەسـتگیر کـرد، بڕیـاری مۆڵـەتی چـالاکی ئاشـکرای پارتیـشی هەڵوەشاندەوە. لـە بەغدا دەزگای ئاسایش دەستەیەک لـە خوێندکارانی چـالاکی پـارتی دەستگیر کرد و دەستەیەکیشی شوێنگیریی کرد. بەردەبەرە شەپۆلی گرتنی خـەڵک دەسـتی پێکرد. ئەڵبـەت پـێش لـە تـیرۆری مـیران لـە لایـەن هێزەکـانی بـارزانی، ئیـبراهیم ئەحمـەد

وتاریکی نووسیبوو که "نابێ بڵێین عێراق لە ڕیزی گەلانی یەکگرتووی عەرەبە، چونکە عێراق هەم کوردی هەیە و هەم عەرەب، کوردەکان عەرەب نین و دەبێ بڵێین عەرەبەکانی عێراق لە ڕیزی گەلانی یەکگرتووی عەرەبن." بە هۆی دەربڕین و نووسینی ئەو بۆچوونە، بە تاوانبار ناسرا و بەبێ ئەوەی خۆی لەوێ بێ، دادگایی کرابوو. ئەڵبەت ناوەڕۆکی ئەو وتارە پێشتر لەلایەن عیسمەت شەریف وانلێ نووسرابوو و ئیبراهیم ئەحمەد بەردەوام دووپاتی دەکردەوە.

لە نەورۆزی ۱۹۶۱دا، فشاری حکومەتی عێراق لەسەر ڕۆژنامەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق (خەبات) زۆرتر بوو، ئەو ڕۆژنامەیە کە بەرپرسەکەی ئیبراهیم ئەحمەد بوو و دواجار بە هۆی وتاریکی مام جەلال کە بە بالای بارزانی هەڵیگوتبوو و بەرگریی لێکردبوو و نووسیبووی کە ئەو دژی دیکتاتۆرییە، لەسەرەتاوە ئەو ڕۆژنامەیە ڕاگیرا، بەڵام پاش چەند مانگ بەتەواویی مافی بڵاوکردنەوەی لێسەندرایەوە. تاڵەبانییش تا ماوەیەک خۆی لە جیهانی ڕۆژنامەوانی دوور خستەوە. کاردانەوەی وتارەکەی ئەو، تەنیا لە لایەن قاسمەوە نەبوو بەڵکوو لایەنگرەکانیشی بێدەنگ نەبوون. ڕۆژنامەی (الاهالي) ئۆرگانی حزبی (الوطن الديمقراطي) وتاریکی بڵاو کردەوە و وای بۆ چووبوو کە بزاڤی کوردیی بزاڤێکی گومانلێکراوە و دەستی ئیمپریالیزمی تێدایە. الاهالی لە ڕوانگەی خۆیەوە دەیویست کە بیروڕای گشتی کۆمەڵگا لە بارودۆخی باکووری عێراق ئاگادار بکاتەوە[۳۵]. "مام جەلال لەو ڕۆژانەدا ڕۆژنامەنووس بوو لە دەستەی ڕۆژنامەنووساندا ئەوم بینی کە جەواهیری سەرۆکایەتی لە ئەستۆدا بووە و لەنێوان ڕۆژنامەنووسانی بەغدادا کارەکانی و نووسینەکانی دەربارەی کوردەکان ناوبانگی تایبەتی هەبووە"

لە ۲۰ حوزەیرانی ۱۹۶۱دا، ڕێکەوتنامەی ساڵی ۱۸۹۹ی بەریتانیا و کوێت هەڵوەشایەوە و کوێت سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند و پاشان پەیماننامەی ۱۸۹۹ بۆ پەیمانی هاریکاریی و دۆستیایەتی ۱۹۶۱ گۆڕا. بێگومان چەند ڕووداوی وەکوو سەربەخۆیی نەوتی ئێران و شۆڕشی ساڵی ۱۹۵۲ی میسر و هاتنەسەرکاری جەمال عەبدولناسر و هێرشی سێ قۆڵیی ولاتانی فەرەنسا و بەریتانیا و ئیسرائیل بۆسەر کەنداوی سوێس لە ۱۹۵۷دا و

شۆڕشی عێراق، هەرکامیان بە شێوەیەک کاریگەریی بەرچاویان کردە سەر خەڵکی کوێت و بزاڤەکەیان دژی کۆڵۆنۆلیالیزمی بەریتانیا. لە کانوونی یەکەمی ١٩٦١دا، کوێت داواکاری ئەندامێتی بۆ نەتەوەیەکگرتووکان بەرزکردەوە، بەڵام سۆڤیەت ڤیتۆی کرد. دواجار ئەنجومەنی ئاسایشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ١٤ی ئایاری ١٩٦٣دا، کوێتی وەکوو ئەندامێک وەرگرت. پاش ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوێت، عەبدولکەریم قاسم سەرۆکی شۆڕشی عێراق لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٦١دا، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا دەنگی ناڕەزایەتی خۆی بەرانبەر ئەو کارە دەربڕیی و سەربەخۆیی کوێتی بە فەرمی نەناسی و ئەوەشی ڕاگەیاند کە کوێت بەشی دانەبڕاوی ویلایەتی بەسرە و بەشێک لە خاکی عێراقە و میری کوێتی بە فەرمانداری کوێت ناو برد و دانی بە سەربەخۆیی کوێتدا نەنا.

تەنانەت قاسم بەپێی بەڵگە مێژووییەکان، داوای کوێتی کردەوە و خۆی ئامادە کرد کە لە ڕێگەی چەکدارییەوە ئەو وڵاتە بستێنێتەوە، بەڵام زۆری پێ نەچوو بە هۆی کودەتای هاوبەشیی ئەفسەرانی ناسری - بەعسی - کۆژرا. دەوڵەتی کودەتاش دواجار بە هۆی کودەتای حیزبی بەعس لەسەرکار لاچوو و لەو کاتەوە تا نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ حکومەتی عێراق لە ژێر دەسەڵاتی ئەو حیزبەدا بوو. پشتبەستنی قاسم بە مێژوو، دوور لە ڕاستییەکانی مێژووی ئێران نەبوو. قاسم یەکەم سەرۆکی عێراق بوو کە ڕایگەیاند کوێت بەشێک لە ویلایەتی بەسرەیە. پشتبەستنی ژەنەڕاڵ قاسم بە مێژوو، دەوڵەتی ئەو کاتەی تارانی دڵنیا کردبوو کە ئەمە هاندانی سۆڤیەتی لەگەڵ نییە و لەوە ناچێ داخوازی دیکەی بەدواوە بێ. بەو حاڵەش بۆ پێشگرتن لە داخوازی دیکە، ڕۆژنامەکانی تاران ئاماژەیان بەو مەسەلە کرد کە "وەرن لاپەڕەکانی مێژوو ی ئێران سەیر بکەن تاکوو بۆ هەموو جیهان ڕوون ببێتەوە کە عێراق لە نیوەی سەدەی شەشەمی پێش زایین تا نیوەی سەدەی حەوتەمی زایین بە ماوەی هەزار و ١٨٧ ساڵ بەشێک لە ئیمپراتۆریی ئێران بووە و شاری تیسفۆن بە ماوەی ٧٧٠ ساڵ پایتەختی ئێران بووە".

لە سەردەمی شا ئیسماعیلی سەفەویی تا کەریم خانی زەند، لەسەر کێشەی عێراق، جەنگ لە نێوان ئێران و عوسمانیدا هەبووە و هەر جارەی یەکێکیان سەردەکەوت. لە

نیوەی سەدەی نۆزدەهەم (زستانی ١٨٤٦) رێکەوتنامەکە کۆتایی هات. تیسفۆن بۆ ماوەی هەشت سەدە پایتەختی ئێران بوو، وەکوو ناوەندی پارێزگای خاوەران بوونی هەبوو ئەو پارێزگایە لەو سەردەمەدا جگە لە باشووری ناوچە کوردنشینەکانی عێراقی ئەمرۆ، بریتی بوو لە کوێت، لێوارەکانی ڕۆژهەلاتی سعودی، بەحرەین، قەتەر، لێوارەکانی باشووری کەنداوی فارس، کە خەلکی ئەو ناوچەیە پێیان دەگوت (ئەڕاک)، پاشان لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا کردیان بە عراق و جێگەی واژەی مێزۆپۆتامیا (بین النهرین)ی گرتووەتەوە. دەوڵەتی بەعس وازی نەهێنا لە داواکانی ژەنەڕاڵ قاسم بەرانبەر بە کوێت، بەڵام بەبێ ئاماژە بە ناوی ئێران، بەم شێوەیە دەربڕی کە بەر لە ئیسلام، کوێت لە ماوەی ٩٠٠ ساڵدا، ویلایەتێك بووە کە ویلایەتێك بووە لە حیرە و ڕۆژهەلاتی نەجد و پاشان باشووری مێزۆپۆتامیا و لە سەدەمی حکومەتی ئیسلامی و پاشان عوسمانییەکان گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە و ئینگلیزییەکان ئەو ولاتەیان داوە بە شێخەکانی هۆزی العتوب. ئەم هۆزە لە سەدەی حەڤدەدا لە نەجد (ولاتی سعودیە) کۆچیان کردووە بۆ ئەو شوێنە، بەڵام ئەوان هەر بە بەشێك لە خاکی عێراقیان ئەژمار دەکرد. ئینگلیزەکان لە سەرەتای ١٩٣٠دا دەیانزانی کە لەژێر زیخەکانی کوێت دەریایەك نەوت هەیە، هاوکات لەگەڵ ناڕەزایەتی عێراق، جۆرێك سەربەخۆییان پێدا و دواجار دەوڵەتی بەعس پاش جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران، تووشی چەند هەڵەی سیاسی بوو و کوێتی داگیر کرد.

پاش ئەو داوایانە، قاسم بە مەبەستی داگیرکردنی کوێت هێزە چەکدارەکانی بردە نزیکی سنووری ئەو ولاتە و ئامادە بوو کە بچێتە ناو خاکی کوێتەوە. شێخ عەبدوڵڵا بە خێرایی داوای یارمەتی سەربازیی لە بەریتانیا کرد. قاسم بە هۆی پشتگیریی بەریتانیا و هەندێ ولاتی عەرەبی وەکوو میسر لە داگیرکردنی کوێت خۆی پاراست و لە هێرشبردن بۆ ناو خاکی ئەو ولاتە و وازیهێنا لە بانگەشەکانی سەبارەت بە کوێت و پاشان هێزەکانی لە بەسرەوە گواستەوە. قاسم سەودای دەسەلات بەسەر کوێتی لە میشکدا بوو. بە ڕادەیەکیش بەڵگەی لە دەستدا بوو کە دەیتوانی بیسەلمێنێ کوێت بەشێکە لە عێراق. بەسەرهاتی کوێت و داواکانی قاسم، گیروگرفتی زۆری لەمەڕ پەیوەندییە بیانییەکانی عێراق لێکەوتەوە. قاسم کە هاوکات لەژێر فشاری کۆمۆنیستەکان و ناسرییەکاندا بوو، وای پێ

باش بوو کە بۆ پاراستنی دەسەلاتی خۆی، ڕوو بکاتە سیاسەتی دژایەتی لەگەڵ ئیمپریالیزم، بەو بۆنەیەوە چەمکی کوێتی گەورە کردەوە، ئەو کوێتەی کە لە سەردەمی مەلیك غازی لە عێراق جیا بووبووەوە. بۆ ئەم مەبەستەش بە پێویستی دەزانی کە هێزی چەکداری زۆر لە بەسرە سەقامگیر بکات، ئەم کارەش دەبووە هۆی ئەوە کە هێزەکانی لە کوردستاندا کەمتر ببێتەوە. داواکانی دەسەلات لە کوێت دوابەدوای کۆژرانی عەبدولکەریم قاسم، هێمن بووەوە و لە ساڵی ۱۹۹۱، لەلایەن سەدام حسێن دیسان سەری هەڵدایەوە.

لە بواری نەوتدا قاسم ڕایگەیاند کۆمپانیا نەوتییەکانی عێراق و کۆمپانیا بچووکەکانی سەر بەوان، دەبێ واز بێنن لە ٦٠ ٪ی ناوچە نەوتییەکان و دەوڵەتی عێراق دەبێ دەسەلاتی ئەوەی هەبێ کە خۆی ئەو شوێنانە دیاریی بکات. دەسەلاتی کۆمپانیاکان بەسەر هەموو عێراقدا هەبوو. لە ساڵی ۱۹۵۸دا، نەوتی خانەقین چەند شوێنی گەڕاندەوە بۆ دەوڵەت، کۆمپانیای نەوتی بەسرەش وازی هێنا لە ماف هەڵێنجانی نەوت لە لێواری ئاوەکانی عێراق کە یەکلایەنە تا ١٢ مایلی ئەو وڵاتەی ڕاگەیاندبوو. ئەمەریکایی و ئینگلیزەکان دەیانویست قاسم واز لە دەسەلات بێنێ. ناسیۆنالیستەکانی عەرەبیش کێشەیان لەگەڵ قاسم هەبوو. قاسم لە ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦١دا، بە پێی مادەی ٨٠ی دەستوور، زیانێکی زۆری لە شەریکە نەوتییەکانی ئیمپریالیزم دا و نەوتی عێراقی خستە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عێراق.[٣٦]

قاسم ڕێکخراوی ئاوەدانی هەڵوەشاندەوە و کۆمیتەیەکی دامەزراند کە لە ژێر چاودێریی سەرۆك وەزیراندا بوو و ڕایگەیاند کە ٥٠ ٪ی داهاتە نەوتییەکان دەبێ بکەوێتە بازنەی دەستەی نوێ. هەروەها ڕایگەیاند کە ئەرکی ئەو دەستەیە بریتییە لە چاکسازیی عێراق وەکوو وڵاتێکی ساماندار و بە گوێرەی سۆشیالیزمی زانستی دەبێ بەڕێوە بچێ. لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٩دا، قاسم بەرنامەی ١٤ ساڵە ئابووریی کەی خۆی ڕاگەیاند. لەو بەرنامەدا بە گشتی ١/١ میلیارد دۆلار تەرخان کرابوو بۆ گۆڕانکاریی لە دیمەنی عێراقدا. هەروەها لەو بەرنامەدا پڕۆژەی کارخانەی پۆڵای نزیکی کازمەینی داڕشتبوو. پارەیەکی زۆر تەخان کرابوو بۆ سازکردنی خانوو، خۆشگوزەرانی گشتی، ئاوەدانی، کشتوکاڵ، هاتوچۆ و گواستنەوە و پەیوەندییە تایبەتییەکان.

له بەرنامەیەکی پێنج ساڵەی دیکەدا کە لە ساڵی ۱۹٦۱دا داڕێژڕابوو، یەک میلیارد و ۵۹۰ ملیۆن دۆلار لەبەرچاو گیرابوو. سۆڤیەت بەڵێنی یارمەتی عێراقی دا سەبارەت بە سازکردنی بەبەندا، هێڵی نوێی ئاسنین، بەهرەوەرگرتن لە کانەکانی فۆسفات و سولفور. ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بەڵێنی دا سەبارەت بە سازکردنی پرد و ئامێرەکانی ئاو لە چەمەکاندا. وڵاتی سوید چاکسازیی بەندەرەکانی دەستپێکرد. بەریتانیا، چیکۆسلۆفاکیا، مەجەرستان، یۆگۆسلاڤیا، پۆڵۆنیا، ژاپۆن و... هەر یەکەیان بە شێوەیەک لە پرۆژەکانی عێراقدا بەشداریان کرد. پتر لە ۱۵۰ پرۆژەی نوێی پیشەسازی و کشتوکاڵ لە ساڵی ۱۹٦۱دا دەستپێکرا. هەر لەو ساڵەدا ۶۰٪ی زەوییەکانی کشتوکاڵ دابەشکران. دەسەڵاتی خان و بەگەکان بەتەواویی تێکشکا و هەنگاوی خێرایی هەڵگیرا بۆ پەرەپێدانی پیشەسازیی لە عێراقدا.

ڕەوتێکی بەهێز کە بە هێمنی لە عێراقدا کرابووەوە و دەیویست گەردەلوولی گۆڕانکاریی دەیان ساڵەی ئەو وڵاتە بوژێنێ، حیزبی بەعس بوو. حیزبی بەعسی عێراق لقێك بوو لە حیزبی بەعسی سووریا و بۆ یەکەم جار لە ساڵی ۱۹۴۹دا، لەلایەن ژمارەیەك لە خوێندکارانی سووریایی کە لە زانکۆکانی عێراقدا سەرگەرمی خوێندن بوون، دامەزرا و پاش سێ ساڵ چالاکتر بوو لە زانکۆکاندا و هەروەها لە نێوان ئەفسەراندا پەرەی سەند و تا ساڵی ۱۹۵۹، سەرۆکایەتی ئەم ڕێکخراوە بە ئەستۆی فوئاد ڕکابی بوو، لەو ساڵەدا هەوڵیاندا بۆ تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و پاشان هەڵاتن یان کەوتنە بەندیخانەوە. لەو کاتەدا شیعە و سوننە لەناو حیزبی بەعسدا بوون و بۆچوونی گشتی حیزب، جۆرێك ناسیۆنالیزمی بەهێزی عەرەبی هاوڕێ لەگەڵ سۆشیالیزم بوو، کە کاری کردبووە سەر هۆزەکانی ئێران. "لە سەرەتای مانگی شووبات یان ئازاری ۱۹٦۱دا بوو کە هەواڵی کوژرانی پۆلیسێکی شاری سلێمانی بە دەستی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و چەککردنی بنکەیەکی ژاندارمرییم بیست. دەنگۆی نەگەڕانەوەی بارزانی بۆ بەغدا کە بە مەبەستی ئاهەنگی جێژن چووبووە باکوور بووبووە قسەی سەرزاری هەموو خەڵك و دڵەڕاوکێی ئەوەیان بوو کە جەنگ دەست پێبکات. لێپرسراوێکی پارتی لە بەغدا ڕایگەیاند کە لە ماوەت[۳۷] سەر بە پارێزگای سلێمانی ناوەندێکی چالاکی جەنگ ساز دراوە. ئەو ناوەندە لە باری جوواڵەی جەنگییەوە خاوەنی بارودۆخێکی پتەو بوو.

بارزانی که له ترسی دەستگیرکردن، بەغدای بەجێ هێشتبوو، گەڕابووەوە بۆ ناوچەی بارزان و دووراودوور سەرپەرەشتی هۆزەکانی دەکرد و دژی دەوڵەتی قاسم هانی دەدان. دژی ئەو کەسەی که پاش هاتنەوەی له ڕوسیا له ۱۹۵۸دا، خۆی به سەربازی ئەو ناساند. هەندێ له ئاغاکانی زێباریی وەکوو شێخ ئەحمەدی زێباریی له لایەن بارزانییەکانەوە له موسڵ کوژران و قاسمیش لەم کارە زۆر ناڕەحەت و زوێر بوو و ڕقی له بارزانی هەڵگرت و بەو بۆنەیەوە هەندێ له فەرماندەرانی ڕۆژئاوای عێراق کەوتنە هاندانی زێبارییەکان که هێرش بەرنە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانی. ئەگەرچی زێبارییەکان ناوبانگیان بە دۆستایەتی لەگەڵ دەوڵەتەکانی عێراق و دژی بارزانی دەرکردبوو، بەڵام بە ڕووداوی تیرۆرێکی دیکە بارودۆخ بەرەو ئاڵۆزیی ڕۆشت.

بزاڤ و چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و دەرکەوتنی خۆبەزلزانینی بارزانی و دژایەتی لەگەڵ هۆزەکان، ئەو مەترسییەی خستە دڵی قاسم کە نەوەک بارزانی لەژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی ئەو بێتە دەرەوە و نەتوانێ چاوەدێریی بکات. قاسم ئاگاداری ئەوە بوو کە لەوانەیە عەشیرەتتە بەهێزەکان جۆرێک لەترسی بەدی بێنن، بەو بۆنەیەوە بڕیاری دا بە شێوەیەک هاوسەنگی لە ناوچە کوردنشینەکاندا ساز بکات و لەگەڵ هەندێ لە هۆزەکان پەیوەندیی دامەزرێنێ. چونکە کوردستان بریتی بوو لە چەند هۆز و سەرۆک عەشیرەتێ گەورە وەکوو: هەرکی، زێباریی، دۆسکی، برادۆست و خۆشناو و.....کە دواجار زۆربەیان کەوتنە دژایەتی لەگەڵ بارزانی و بوونە لایەنگری حکومەت.

قاسم هێزێکی چەکداری چەپی[۳۸] بە یارمەتی شێخ ڕەشیدی لۆلان[۳۹] دروست کرد. بەڵام لایەنگری نەبوو و دژی هەڵوێستەکانی ناسیۆنالیزمی کوردیی و پارتی دیموکرات بانگەشەی دەکرد. سەرۆکی هۆزی کوردیی کێشەی بۆ پێش هات و مانگێک پاش هاتنەوەی، واتە لە شووباتی ۱۹۶۱دا، عەباس ئاغای مامەند (ئاکۆ) لە ڕانیە، ڕاپەڕی و هۆکارەکەشی دژایەتی لەگەڵ ڕیفۆرمی زەویی بوو. زۆربەی ڕاپەڕینی هۆزەکان بەم هۆکارە بوو کە دژی یاسای ڕیفۆرمی زەویی بوون. قاسم هێزی جاشی سلێمانی ڕێک خست و مەحموود هەمەوەند لەگەڵ هۆزەکەی، هێزی چەکداری حکومەتی هێنایە ڕانیە کە پشتگیریی حکومەت بکەن. هێشتا لە

سلێمانی دەرباز نەبووبوون کە مەحموود هەمەوەند کوژرا. ئەوانەش کە هاتبوونە ڕانیە، بە بیستنی هەواڵی کوژرانی مەحموود هەمەوەند، لە ڕانیە هەڵاتن. لە ڕانیە چەند بەرهەمی باش بەدەست هات، مام جەلال و عومەر دەبابە و عەلی عەبدوڵڵا چوونە لای بارزانی و هەوڵیان دا کە بە شێوەیەک کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی شاری ڕانیە بەدەستەوە بگرن، بەڵام عەباسی مامەند ئاغا نەیاری ئەو کارە بوو، چونکە لەو باوەڕەدا بوو کە ئەگەر شتێکی ئەوتۆ بکرێت، لەوانەیە قاسم بە فرۆکە شاری ڕانیە و دەوروبەری بۆردومان و کاول بکات کە خۆی خاوەنی زۆربەی زەوییەکانی ئەو ناوچەیە بوو. لە لایەکیترەوە دەیبینی کە زۆربەی سەرۆک عەشیرەتکان ڕوویان کردووەتە قاسم و چوونەتە ڕیزی ئەو، کەوایە بۆ دەبێ ئەو بە تەنیا دژی قاسم بێ و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بخاتە بەر ئاگری تۆپخانەکانی قاسم. پاشان بڕیار درا کە جەنگی پارتیزانی دەست پێبکات.[٤٠]

لە هاوینی ١٩٦١دا، کە بارودۆخی وڵات زۆر باش نەبوو و حکومەت فشارێکی زۆری خستبووە سەر کورد و پارتییە کوردییەکان، هەندێ لە سەرۆک هۆزەکانی ناوچەی کوردستان کە هەستی نەتەوەپەرەستییان هەبوو، بەپێی پەیمانی هاوکاری بارزانی، هەوڵیان دا لە دەسەڵاتی هۆزەکەیان دژی حکومەت بەهرە وەربگرن و ناوی خۆیان نابوو (تجمع المسلحة). بەڵام کۆکردنەوەی ئەم هۆزانەی کوردستان لە دەربەندیخان و ئەزمر و.....دوور لە بەرنامەی حیزب بوو و دانی پێدا نەدەنرا، چونکە حیزب داواکاری چالاکی سیاسی هەبوو و لە پێنجی ئابی ساڵی ١٩٦١دا، لەو بارەوە ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە. لەو کاتەدا حکومەت حساباتی جیاخوازی بۆ بارزانی دانابوو. پاش ئەوە، دەستەیەک لە پێشمەرگەکان چوون بۆ چیاکان.

پاش دوو حەفتە کە بارودۆخی کوردستان هەر بەو شێوەیە چووە پێشەوە، قاسم بێدەنگ بووبوو و پاشان بە پارێزگاری سلێمانی واتە (عەبدولهادوی سالح)ی ڕاگەیاند کەلایەن حکومەتەوە بچێتە لای سەرۆک عەشیرەتکان و گوێ ڕابگرێ بۆ ویستەکانیان. لە ئەیلوولی ١٩٦١دا، چوو بۆ ناوچەی خەلەکان و کۆبوونەوەیەکی گەورەی پێکهێنا و گوتی "گەورەم زۆر دڵپەشێوە بەرانبەر بە هەڵوێستی توندی ئێوە و حەز دەکات بە خێرایی هێزە

چەکدارەکانی بلاو بکاتەوە و ئەگەر ئێوە ویستێکی بەجێتان هەیە، بیڵێن با من پێی ڕابگەیێنم". ئەوانیش بەتایبەت عەباسی مامەند ئاغا و شێخ حسێنی بۆسکێن گوتیان: هەروا بە سانایی ڕوومان نەکردووەتە چیاکان و چەکمان هەڵنەگرتووە کە ویستەکانمان نەیەتە دی، پەیامەکەی تۆش هیچ سوودێکی نییە. قسەی زۆر کرا کە مەحموود خەفاف ئەرکی وەرگێڕانی گفتوگۆ کوردییەکانی بە عەرەبی لە ئەستۆ بوو، کاتێک کۆبوونەوەکە کۆتایی هات، بڕیاری دا هەموو ئەو شتانە بۆ قاسم بگێڕێتەوە و ئەگەر قاسم ئەوانەی جێبەجێ نەکرد، ئەوا واز لە پارێزگاری سلێمانی دێنێ و دەست لە کار هەڵدەگرێ. عومەر دەبابە هەستا و گوتی: ئێمە بەرانبەر بە ویستی هۆزەکان ڕەزامەند نین، چونکە ئەو ویستە بێ ناوەڕۆک و بێپایانە، هیچ سوودێکیان بۆ گەلی کورد نییە، تەنیا سوودی تاکە کەسی تێدایە و بەس. پارێزگار لە خەفاف پرسیار کرد ئەمە کێیە؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی: من تەنیا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ هۆزەکانی هەرێمی دەسەڵاتی خۆم هاتووم، نەک گفتوگۆ لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق. ئێوە لە ڕێگەی پارێزگاری کەرکووکەوە دەتوانن هەوڵی خۆتان بدەن.

هۆڵانامەی کتێب

لەڕاستیدا نە بارزانی و نە ئەندامانی پارتی نەیاندەویست کە هۆزەکان ئاڵاهەڵگری خەباتی کوردستان بن. بارزانی توانی بە سیاسەتەکانی خۆی، هۆزەکان لە بەرەی سیاسەت بسڕێتەوە تاکوو خۆی وەکوو سەرۆکێک لە شۆڕشی کورددا بناسرێت، سەرۆکێک کە وەکوو نەیاری حکومەت لە ۱۱ی ئەیلوولی ۱۹۶۱دا، دژی حکومەتی ناوەندیی ڕاپەڕی و ڕوسیاش دژ بە ولاتانی ڕۆژئاوا وەکوو بەریتانیا بە مەبەستی فشار و زۆر دژی دەوڵەتی عێراق پشتگیریی لێکرد کە بەم شێوەیە جۆرێک ئاڵۆزیی لە حکومەتی عێراقدا پێک بێنێ و زیان بە ولاتانی لایەنگری عێراق بگەیێنێ. ئەم مەبەستە لە نامەی لێپرسراوی ئەو کاتەی ک.گ.ب لە شەستەکاندا واتە ئەلیکساندەر شەلپین[41] دەردەکەوێ کە بۆ خروچۆفی نووسیوە کە داوا دەکات سۆفیەت بەردەوام بێ لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ بارزانی و هانی چالاککردنی بزاڤی کوردیی لە عێراقدا. بارزانی لە کوردستاندا لە جیاتی سیستمی دیموکراتی، جۆرێک لە سیستمی دەرەبەگایەتی و عەشایەریی دامەزراندبوو، لە زێدێکی وەکوو کوردستان کە دروشم و ئامانجەکانی: خۆڕاگریی تا ئازادیی و سەرکەوتن بوو، ئازادیی لەبەرچاو گرتبوو

نەك دەسەلآت، بەلآم بارزانی هەروا مانەوە لە بەرەی دەسەلآتی دەویست. لە ١٦ی ئابی ١٩٦١دا، خەباتی چەکدارانە دەستی پێکرد.[٤٢]

هۆزەکانی کوردستان لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١دا، دژی قاسم چەکیان هەلگرت و جەنگی نێوان هۆزەکانی کورد و سوپای عێراق دەستی پێکرد. هەزار کەس لە ئەندامانی مامەند هێرشیان کردە سەر سوپای عێراق لە نێوان کەرکووک و سلێمانیدا. لە سەرەتاوە بیرێکی سیاسی و ئامانجێکی تایبەتی و بیرمەندییەکی دروست نەکەوتبووە سەر ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٦١. هێشتا پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەشکر و ڕێکخستنی چەکداریی و... نەبوو و تەنیا تیپ و دەستەی بەربلاوی پێشمەرگە لە بەردا ئامادە بوون. لە ناوچەکانی دەربەندیخان و خەلەکان و بازیان ڕاپەڕین دەستی پێکرد و پاشان حیزبی کۆمۆنیست ئاگادارییەکی بلاو کردەوە و ڕایگەیانی کە جیاوازیی هەیە لە نێوان ڕاپەڕینەکەی بارزانی و بەرگریی ئەوان. هێزەکانی حکومەت بەرەوڕووی شکست بوونەوە و ناچار بوون پاشگەز ببنەوە، بەم بۆنەیەوە قاسم لە سەرەتاوە بەڵێنی لێخۆشبوونی گشتی زیندانییەکانی دا.

بەر لە هەموو شتێك قاسم داوای لە بارزانی کرد ئەو جمووجوڵەی خەڵك بە پیلانی ئەمپریالیزم دابنێ و و دژی ئەو کارە ڕابوەستێ، بەلآم بارزانی قایل بەو کارە نەبوو. لە تەموزی ساڵی ١٩٦١دا، کاتێك بارزانی داوای ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەی بۆ کوردەکان کرد، پەیوەندیی ئەو و قاسم زۆرتر تێکچوو. کەسانی وەکوو مەحموودی فەقێ موحەمەدی هەمەوەند پشتگیریی قاسمیان دەکرد. لە سەرەتاوە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە بەغدا پشتی ئەم ڕاپەڕینەیان نەگرت، بەلآم زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی لە ئەیلوولی ١٩٦١دا، بڕیاریان لەسەر ئەوە دا کە دژی قاسم چەك بەکار نەهێنن. کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکرات زۆر دڵمەند بوو لەوە کە باوەڕ بە هۆزەکان بکرێت و دەیانگوت: لە شۆڕشی ١٩٦١دا ئەمانە سەر ناکەون، بەلآم هۆزەکان دەیانگوت: تا نان و نەوت نەخۆین ناگەڕێینەوە. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦١دا، جەنگی نێوان بارزانی و دوو هۆزی دوژمنی کۆنیان واتە هۆزەکانی سوورچی و هەرکی[٤٣] دەستی پێکردەوە.

لە مانگی ئەیلوولدا، هێزەکانی بارزانی ناوچەکانی زاخۆ کە دوور لە دەسەلاتی ئەوان بوو، داگیریان کرد و لە ئاکامدا لە هاوینی ١٩٦١دا، لێپرسراوانی عێراق گرووپێکی ئاسایشیان بە نهێنی نارده کوردستان کە هەوڵ بدەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی گیروگرفتەکان گەڕانەوەی باری ئاسایش و کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان، هەر بەو بۆنەیەوە لە ٢ی ئابی ١٩٦١دا ڕاپۆرتێکی دوورودرێژیان پێشکەشی قاسم کرد و پێشنیاز کرابوو کە گوندەکانی ژێر دەسەلاتی بارزانی و لایەنگرەکانی دەبێ تۆپباران و موشەکباران بکرێ.[٤٤] ڕۆژی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١، سوپای قاسم لە کەرکووکەوە بەرەو کۆیە و سلێمانی وەڕێ کەوت و ڕۆژی پێش لەوە، حکومەت هەندێ لە ناوچەکانی بازیان و دەربەندیخانی بۆردومان کردبوو. لە ساڵی ١٩٦١دا، جەنگ لە کوردستان دەستی پێکرد، هۆکاری ڕاستەقینەی ئەم جەنگە ئەوە بوو کە کوردەکان داواکاری سەربەخۆیی لە چوارچێوەی فدراسیۆنی عێراقدا بوون. ئەوان هەروەها خوازیاری ئەوە بوون کە لە بەشە نەوتی کەرکووک و موسڵدا بەشیان هەبێ، بەڵام عەبدولکەریم قاسم هەر لەو کاتەدا کە ئامادە بوو ئۆتۆنۆمی بدات، بەڵام نەیدەویست ئەو ناوچانە بخاتە ژێر دەسەلاتی ئەوان. بە دەستپێکردنی جەنگی کوردەکان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، دەوڵەتی ئێرانیش ڕاستەوخۆ کەوتە ناو کێشەکەوە. لە ساڵی ١٩٥٩دا، ئەفسەرێکی عێراقی بە ناوی کۆڵۆنێل بارناری، ئێران و تورکیای تاوانبار کرد بەوە کە دەستیان هەیە لە شۆڕشی کوردەکاندا. زۆربەی کوردەکانی عێراق لەو کاتەدا پەنایان بردبووە ئێران. هەروەها لە مانگی سەرماوەزی ١٩٦١دا، کاتێك شۆڕشی کوردەکان بەهێزتر بوو و کۆتایی هات بە گفتوگۆی قاسم و کوردەکان، زۆربەی کوردەکان پەنایان برد بۆ ئێران. ساڵی دوایی لە کاتێکدا جەنگ دژی کوردەکان بەردەوام بوو، فڕۆکەکانی عێراق چەندین گوندی سەر سنووری تورکیایان بۆردومان کرد و بە هۆی کاردانەوەی تورکەکان فڕۆکەیەکی عێراقی کەوتە خوارەوە. دەوڵەتی سۆفیەت، ئێران و تورکیا و سووریای تاوانبارکرد بەوە کە دەستیان هەبووە لە هێرشی چەکداریی کوردەکان لە باکووری عێراقدا. ئەگەرچی لە هاوینی ساڵی ١٩٦١دا، کوردەکانی ئێران و سووریا بە مەبەستی یارمەتیدانی کوردەکانی عێراق، چوونە ڕیزی کوردەکانی عێراق، بەڵام سەبارەت بە دەستێوەردانی دەوڵەتی ئێران لە سەردەمی قاسم،

ناتوانرێت به تەواوی بۆچوونێك لەو بارەیەوە دەربېڕدرێ. پشتگیریی کوردەکانی ئێرانیش لە کوردەکانی عێراق، زیاتر لە ڕووی هاودەردیی و بەرژەوەندیی هاوبەش بوو.

بارزانی لە بارزان بوو و لە ڕۆژانی یەکەمەوە هێرشێك نەکرایە سەری، پاشان بۆردومانی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی ئەو دەستی پێکرد. قاسم بە بۆردومانکردنی گوندەکانی بارزان و دەستپێکردنی یەکەم جەنگی ئامانجداری کوردستانی عێراق، تۆڵەی دەستپێکردەوە. چونکە حکومەت چاوی لە هەموو شکستەکان بوو و هەوڵی دەدا وانەیەك بە کوردەکان بدات و چاوترسێنیان بکات. بۆیە هێرشی کردە سەر گوندەکانی بارزان. لە ١٦ی ئەیلوولدا هێزی ئاسمانی عێراق ناوچەکانی بارزانی بۆردومان کرد. بارزانییش ئامادەیی ڕاگەیاند و جەنگی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند. ١٢٠ فڕۆکە سەدان گوندیان سووتاند و هەزاران کەسیان کوشت. لەپڕ حکومەتی قاسم لە ڕۆژانی ١ تا ١١ی ئەیلوول هێرشیان کردە سەر کوردستان و بۆردومانی هەوایی دەستی پێکرد و تا ڕۆژی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ بە هۆی هێرشی فڕۆکە جەنگییەکان سەدان چەکداری کورد لە ناوچەکانی زاخۆ و دەربەندیخان و بازیان کۆژران. خەڵکی ئاسایی زۆر کۆژران . بێ مزگەوتەوە بە خەڵك ڕاگەیاندرا کە شارەکان چۆڵ بکەن. شاری کۆیە کەسی تێدا نەما، خەڵك پەنایان بردە بەر شاخ و کێوەکان و باخەکانی دەوروبەری شار، بەڵام حکومەت دەوروبەری شاریشی بۆردومان دەکرد. هێزە چەکدارەکانی کوردیش دەیانزانی کە ناتوانن بەری هێرشی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەت بۆ ناو شارەکان بگرن بەڵام جارجار کۆسپیان دەخستە سەر ڕێگەیان، بۆ ئەوەی خەڵك دەرفەتیان ببێ شارەکە چۆڵ بکەن و کەمتر زیانیان پێ بگات.[٤٥]

دوای پاشگەزبوونەوەی هۆزەکان، هێزەچەکدارەکانی حکومەت هەڵمەتی چەکداریان دەبرد، بە شوێن ئەوەدا ڕانیە دیسان ئاگری خەباتی هەڵگیرساندەوە و دەستەی سەرهەنگ کاف تێك شکا، ئەگەرچی خۆی کورد بوو. لەسەر فەرمانی قاسم بۆردومانی هەموو ناوچە کوردنشینەکان و دەوروبەری شارەکانیش دەستی پێکرد. خەڵکی ئاسایی کەوتنە بەر هێرشی بۆردومانی فڕۆکەکانی عێراق. ژن و منداڵ و پیر و گەنج و تەنانەت مەڕ و ماڵاتیش پەنایان بردە دارستانەکان. وردە وردە بە هۆی شاخاویبوونی ناوچەکە، بۆردومان کۆتایی

هـات. خـەڵك زیـانێکی زۆریـان لێکـەوتبوو و تەنانـەت مـەڕومالاّتی زۆریـان لەدەسـتدابوو. دارستانەکان لە ئاگری بۆردومان دەسووتان و ژیانی ئەو خەڵکە تێك چـووبوو، لـە چـیاکاندا جەنگ دژی حکومەت بەردەوام بوو، پارتی دیموکراتی کوردسـتان هـەوڵی دەدا کـە کۆتـایی نەهێنێ بـە هـەموو پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ حکومەتـدا، پارتییـە چـەپەکان بـەردەوامبوون لەسەر چالاکی و بەڵێنییان دابوو کە لە ماوەی ۷ ڕۆژدا ئەو ڕاپەڕینـە سـەرکوت بکـەن، ئـەو بەڵێنەی کە هیچکاتێك بەدی نـەهات، چـونکە ئـەوان باوەڕیـان نـەدەکرد کـە کوردەکـان لـە یارمەتی دەرەکی بەهرە وەربگرن. کاتێك ئەم بارودۆخە هاتە پێشەوە، زۆربـەی خـەڵك کـە لایەنگری سیاسەت بوون دۆست و پەناگایـەکیان باشـتر لـە شـاخەکان نـەدەدی و هـەوڵیان دەدا بـە هـەر شـێوەیەك بـووە چـەکیان دەسـت کـەوێ و دژی قاسـم خـەباتی چـەکدارانە دەستپێبکەن. بارزانی لە بارزان تووشی ئاوارەیی بووبوو و لە دۆخێکـی زۆر شـڵەژاودا بـوو، هەموو شوێنێك ئاگری تێبەر بووبوو و هێزەکانی حکومـەت گونـدەکانیان سـووتاندبوو، یـان خاپووریان کردبـوو. بـەڵام خـەڵك بـە هـەوای داهـاتوو، نـاڕازی نـەبوون و بـە نـان و چـایەك ڕۆژگاریان تێپەڕ دەکرد، جارجار لە کۆیە نان و خواردەمەنی و یارمەتی مالّیی دەهات.

مام جەلال بەڕ لە بۆردومانەکە ڕۆشتبوو. لە ڕاستیدا قاسم وا بیری دەکردەوە کە بزاڤـی هۆزەکان لەلایەن بارزانییەوە ڕێکخـراوە، بۆیـە دەسـتی دایـە بۆردومـانی ناوچـەی بـارزان و زیانێکی زۆری لێدان. شێخ ئەحمەد بە ناچاریی نامەیـەکی نـارد بـۆ قاسـم و داوای یارمـەتی کرد، مەلا مستەفای لەو ناوچەیە دەرکرد کرد، بۆ ئـەوەی هـەموو شـتێك ئاسـایی ببێتـەوە. پاشان بەڵێنی بە قاسم دا کە تەنانـەت مۆڵـەتی تەقاندنی یـەك گوللـەش لـەو ناوچـەیە دژی قاسم و حکومەتەکەی نادات. بارزانی و هێزەکانی بەرەو بادینان وەڕێ کەوتن. ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە بارزانی دەیویست دیسان پـەنا ببـاتـەوە بـۆ سـووریا، بـەڵام خـەڵکێکی زۆر لـە ناوچەکانی (بەروار و مزوور) ئەمەگداریی خۆیان بەرانبەر بەو دەربڕی و ڕایانگەیانـد کـە لـەو ڕاپەڕینەدا بەشداریی دەکەن، بۆیە بارزانی پەشیمان بووەوە و نەچوو بۆ سـووریا و پاشـان دەستی کرد بە قەڵاچۆکردنی هۆزەکانی لایەنگری قاسم. لـە ڕادیـۆ و میـدیاکانی قاسـم ئـەم هەواڵە بڵاو بووەوە کە بارزانی کوژراوە، جارجاریش دەیانگوت بریندارە و زۆر شپرزەیە. بە دوای بڵاّبوونەوەی ئەو هەواڵە و هەروەها نامەکەی شێخ ئەحمەد، خـەڵك کەوتنـە دووڵـی و

سەرۆك عەشیرەتکان نامەی ئەمەگداریيان نارد بۆ قاسم و پاشان قاسمیش لێبووردنی گشتی دا بۆ ئەو کەسانە کە هەڵخەڵەتاون. بەم شێوەیە بارودۆخ هێمن بووەوە.[٤٦]

پاش ئەوەی لە یەکەمی ئەیلوولی ١٩٦١دا، سوپای عێراق و هۆزە چەکدارەکان بەرەوروویی یەکتر بوونەوە، سوپای عێراق پەلاماری بردە سەر گوندەکان و زۆربەی ئەو گوندانەی سووتاند و سەدان بنەماڵەی ئاوارە کرد. ئەفسەرانی خوێنڕێژی وەکوو خەلیل جاسم، عیسا ڕەحیمی و.... کۆمۆنیستەکان چەند هەڵوێستی جیاوازیان بوو. لەو کاتەدا هاوڕێ و هاندەری ئەفسەر و فڕۆکەوانان بوون کە کوردەکان قەڵاچۆ بکەن. لە بەغداش خۆپیشاندانیان ڕێ دەخست و دروشمیان دەدا (یا شعب طفي النيران، السلم في الكردستان). کۆمۆنیستەکانی سلێمانیش کەوتبوونە جموجۆڵ و ئەو ڕاپەڕینەیان بە بزاڤێکی کۆنە پەرەستانە و گومانلێکراو دەزانی. کۆمۆنیستەکانی هەولێریش ئەو کارەیان بە بزاڤێکی نەتەوایەتی و دژی شۆڤێنیزمی عەرەب و دیکتاتۆریی دەزانی. بەشێك لە چالاکیی کۆمۆنیستەکان، کۆبوونەوەی ڕۆشنبیران و نیشتمانپەروەرانی عەرەب بوو کە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە هۆتێل ئەبونەواس بەڕێوەچوو و ناڕەزایەتی فەرمییان دژی ئەو کارەی قاسم دەربڕی. دوای ئەوە چەندین کەس دەستگیر کران. پێویستە بەم چالاکییانەش ئاماژە بکەین: کامیل چادرچی، عەزیز شەریف و ...، بە مەبەستی دژایەتی لەگەڵ قاسم نامەیەکیان بۆ نارد و دژایەتییان بەرانبەر ناردنی هێز بۆ کوردستان دەربڕی، عەبدولفەتاح ئیبراهیم داواکاری ئاشتی بوو، لەلایەکیترەوە تەنیا بەعسییەکان و عەرەبە شۆڤێنییەکان لەم کارە خۆشحاڵ بوون و ئەم کردەوەی قاسمیان بە بزاڤێکی دیموکراتی دەزانی. چالاکی نهێنی ڕۆژبەڕۆژ زۆرتر دەبوو. ڕادیۆی بەغدا لە بانگەشەکانیدا بارزانی و بزاڤی کوردیی و پارتی دیموکراتی کوردستانی بە نۆکەری کۆلۆنیالیستەکان دادەنا.

دەیان نامە و پەیام و ڕاپۆرتی پڕ لە جنێو و قسەی ناشایستەیان بڵاو کردەوە. دەستەیەك لە ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیست دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی ٥٠ تا ١٠٠ هەزار واژۆ دژی حکومەت و داواکاری ماف گەلی کورد و ئۆتۆنۆمی بوون و یادداشتەکانیان دا بە

قاسم. ئەڵبەت کامیل چادرچی و عەزیز شەریف و عەلی چەند یادداشتیان لەم بارەیەوە نووسی و دایان بە قاسم، بەڵام ئەو ئاوڕێکی لەو یادداشتانە نەدایەوە و ڕۆژبەڕۆژ لاوازتر دەبوو. لەسەر دیواری شارەکان سەدان دروشمیان دەنووسی کە ئەو خەڵکە بە گوللەی پۆلیس بریندار بوون. پاشان خەڵك دەنگی ناڕەزایەتییان بەرزتر کردەوە و دژایەتییان دەربڕی بەرانبەر بە هێرشەکەی بارزان. بە شوێن ئەوەدا هێزەکانی حکومەت بەرەبەرە پشتگیرییان کرد لە زێبارییەکان و تا ئەو شوێنە کە هەندێ جار گیروگرفتیان ساز دەکرد بۆ هاتوچۆی هێزەکانی حکومەت. ئەم بارودۆخە تا مانگی ئازار و نیسانی ١٩٦١ بەردەوام بوو و لە کۆتایی مانگی یازدەدا ئەو کاتە ئیتر هێزی چەکداری زۆر کۆبووبوونەوە.[٤٧]

عەشیرەتەکان وایانـدەزانی کـە شـەڕی چـەکدارانە دژی حکومـەت جۆرێـك یـاریی بـە تەقەمەنییە، هیچ چەشنە ئامادەییەك لەئارادا نەبوو. هەر سەرۆك عەشیرەتێك بە یەك یان چەند ئۆتۆمبێلی پڕ لە چەکدار لە چایخانەی ناوچەی کانی وەتمان کۆ بووبوونەوە کە نانی نیوەڕۆ بخۆن، لەپڕ ٤ فڕۆکەی میگی ١٧ی ڕووسی هاتنـە سـەرمان. نزیکـەی ٥٠ ئۆتۆمبێـل لەبەر چایخانەکە ئاگریان تێبەر بوو، زۆربەی خاوەنەکانی دەوروبەریش سووتان. خـەڵکێکی زۆر کوژراون و بریندار بوون. ڕیزی تەقەی فڕۆکەکانیش کۆتایی نەدەهات. بە مـاوەی چـەند خولەکێك ترس و دڵەڕاوکێ بەسەر ئەو ناوچەیەدا سەپا. ئـەوەی چـەکی بـە دەستەوە بـوو هـەر یـەکی بـۆ قوژبنێـك هەڵـدەهات لـە ترسـدا نەیـدەزانی بـۆ کـوێ دەچـێ. لـە مـاوەی نیوسەعاتدا ئەو هەموو چەکدارە کە بە ئەندازەی گـەلای دارەکـانی ئـەو ناوچـەیە دەبـوون، بڵاوەیان کرد و ئیتر ئەو پاڵەوانبازییە نەما. چەکدار وەکوو بەفری بەهار تووانـەوە و چـوونە ژێر زەوییـ. چەند سەرۆك عەشیرەتێ وەکوو عەباسی مانەند ئاغا و شێخ حسێنی بۆسکێن و چوار - پێنج کەسی پشدەریی و حەفتا - هەشتا چەکدار مانەوە.عەشیرەتەکانی سۆرانیش مانۆڕی سەربازیی و پیشاندانی دەسەڵاستیان لـە ناوچـەکانی بتـوێن و ڕانیـە دژی قاسـم لـە مانگی تەموزدا دەستپێکرد. لە کۆبوونەوەی گەورەی هۆزەکان لە ناوچەی بتوێن لـە مـاڵی شێخ حسێنی بۆسکێن، کە هەموو خاوەن زەوییە گەورەکانی ڕانیە و پشدەر کۆبووبوونەوە، بڕیار درا ڕێگەکانی ڕانیە و سلێمانی و کۆیە ببەستن و مۆڵەتی هاتوچۆی هێزەکانی دەوڵـەت نەدەن. لەو ڕۆژەدا مـام جـەلالیش هاتـە نـاو کـۆڕی هۆزەکـان، کـە ماوەیـەك بـوو فـەرمانی

دەستگیرکردنی بۆ دەرچووبوو. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە نابێ ڕێگە بە هێزەکانی دەوڵەت بگیردرێت و بە کارێکی باشی نەدەزانی. بەڵام سەرۆک عەشیرەتکان زۆر گوێیان نەدایە قسەکانی مام جەلال و پێیان لەسەر بۆچوونی خۆیان ڕاگرتبوو، تەنانەت دەیانویست لە ناوچەکانی قەڵادزێ و ڕانیە دەسەڵاتی خۆیان پەرە پێ بدەن. هەموو هەوڵێکی مام جەلال بۆ ئەوەبوو کە سەرۆک عەشیرەتەکان ناچار بکات، چەند ڕۆژێک دەست ڕابگرن تاکوو بە ماوەی چەند ڕۆژ دەچێتە بارزان و لەگەڵ مستەفای بارزانی ڕاوێژکاریی بکات و بۆچوونی ئەو بزانێ و تێبگات کە ئایا ئەو ڕازییە یان نا؟

مام جەلال هەر ئەو ڕۆژە لە بۆسکێنەوە بەرەو بارزان ڕۆیشت بۆ ماوەی ۱۰ - ۱۲ڕۆژ ئارامی بااڵی بەسەر ناوشەکەدا کێشا. عەشیرەتەکانی: هەمەوەند، شوان، شێخ بزێنی، ئیسماعیل عوزەیری و دۆڵی جافایەتیش هەموو شتێکیان دەستپێکردبوو. هۆزەکان وایاندەزانی کە ئیتر خۆیان دەسەڵاتدار و سەرۆکی گشتی کوردستانن و جاری واش بوو دەیانگوت ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان گوێ بە ویستەکانی ئێمە نەدات، چ ئەوانەی خۆیان دەرباز کردووە و چ ئەوانەی هاتوونەوە ناوچەی کوردستان، دەبێ بەپێی ویستی ئێمە بجوڵێنەوە، ئەگەر وا نەبێ لە بەرانبەریاندا ڕادەوەستین. هاوکات لەگەڵ ئەو دەنگە دژانە پارتی دیموکراتی کوردستان نەیدەویست خۆی لە بزاڤ و بزووتنەوەی هۆزەکان و گەلی کورد دوور بکاتەوە و دووبەرەکیی بکەوێتە ڕێزی گەلی کوردەوە. هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی لە ترسی دەستگیربوون لە شارەکان هاتبوونە دەرەوە، و خۆیان گەیاندبووە لایەنی جۆراوجۆری بزووتنەوە و لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان هاودەنگ بووبوون و ئیتر هیچ ڕێگەچارەیەک نەمابوو. پاش ۱۰ - ۱۲ ڕۆژ مام جەلال لە بارزان گەڕایەوە و بە عەشیرەتەکانی گوت: بارزانی بە هیچ جۆرێک ڕەزامەند نییە کە عەشیرەتەکان ڕاپەڕینی چەکدارانەیان هەبێ و ئەمە کارێکی ژیرانە نییە و مەترسی زۆری لێدەکەوێتەوە. چوون ئێمەی کورد لە بارودۆخێکی باشدا نین و باشترە هەر کامیان چەند هێزی چەکدار بنێرنە ڕاپەڕینی بارزان با بارزانی خۆی دژی قاسم خەبات بکات. بەڵام عەباسی مامەند ئاغا و شێخ حسێنی بۆسکێن و ئاغاکانی پشدەر بڕوایان بە قسەکانی مام جەلال نەکرد و گوتیان: ئەو قسانە مام جەلال لە بارزانی نەبیستووە و ئەمە قسەی

خۆیەتی. ئێمە هیچ کاتێک هێزەکانمان پەرتەوازە ناکەین، هەتا قاسم وەلامی داخوازییەکانمان نەداتەوە و ڕێز لە داواکانمان نەگرێ. حکومەتی شای ئێران کاتێک زانی هۆزە کوردەکانی عێراق بە یارمەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دژی قاسم هەستاون و لە گۆڕەپانی سیاسەتی کوردستاندا چالاکییان دەستپێکردووە، هەستی بە مەترسی دەکرد کە نەوەکو ئەم بزاڤە ڕوو بکاتە کوردستانی ئێرانیش و بارودۆخێکی ئەوتۆ لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێرانیشدا سەرهەڵبدات. هەر بەو بۆنەیەوە چەند ئاغای پشدەرییان بە سەرۆکایەتی بایزی بابەکر ئاغا کە لە ئێراندا وەکوو پەنابەر دەژیا، هان دا کە پەلامار بباتە سەر چەند ناوچەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی جوولانەوەی عەشیرەتەکان تێک بشکێنێ.

لە سەرەتاوە سەرۆک هۆزەکانی ناوچەی سۆران ئامادەییان بۆ خەباتی چەکدارانە دژی قاسم ڕاگەیاند، بەڵام دواجار پەشیمان بوونەوە و وازیان لێ هێنا و خەڵکیان هان دەدا ڕێگەی چەکدارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ناوچەکانیان نەدەن. ئەندامانی پارتی پرژوبڵاو بووبوون و لەم لاشەوە عەشیرەتەکان ڕاپەڕینیان دەستپێکردبوو. پارتی دەیویست کەلێنێک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی دەست بە سەر ڕاپەڕینی عەشیرەتەکاندا بگرێ. قاسم هێرشەکەی لە ١١ی ئەیلوولدا دەستپێکرد و هۆزەکانیش چەکدار بوون. بارزانی وایدەزانی ئەگەر جاشەکان لەناو بزاڤی کوردییدا بن، دەبنە خەنیمی ئەو و ئەگەر ڕوو بکەنە حکومەت، خەڵک دژایەتییان لەگەڵدا دەکەن. کردەوەی بارزانی بووە هۆی ئەوە کە زۆربەی سەرۆک عەشیرەتەکان ببنە جاش و نەیاری خەباتی کورد. بە کردەوە و هەڵەکانی ئەوانی بەرەولای حکومەت پاڵ پێوە نا و خۆی دەسەلاتی بە دەستەوە گرت و ئاکامەکەیشیمان بینی. بارزانی لەڕاستیدا بوو بە هێڵێک لە نێوان خەڵک و حکومەتدا و بەو هۆیەوە لە گۆڕەپانی سیاسی ناوچەکەدا ناوی دەرکرد. بۆ نموونە ناوچەی باڵەکایەتی لە سەرەتاوە لەگەڵ بارزانی بوون، پاشان لە حکومەت نزیک بوونەوە و بە شوێن ئەواندا هەرکی و سوورچی و برادۆست و زێباریش هەر ئەو ڕێگەیان پێوا.[٤٨]

لە کاتێکدا ڕاپەڕینی ئەیلوولی ٦١ دەستپێدەکات، سۆڤیەت بە پێی بڕیاری ئاسایش و سیاسی کرملین، هەوڵ دەدات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە کوردستاندا، هەر بەم

بۆنەیەوە پیتر ئیوا شوتین[۴۹] جێگری لێپرسراوی ک.گ.ب لە ۲۱ی تەمووزی ۱۹۶۱دا لە سێ بوارەوە لەسەر ئەم بڕیارە دەکۆڵێتەوە: بەهرە وەرگرتن لە ڕێکخستنی کوردەکان و ڕاگەیاندنی پشتگیریی کاتیی لە کوردستان و پێکهێنانی دۆخێکی باش، هاندانی بارزانی بە مەبەستی دەوامی ڕاپەڕین و سەرۆکایەتی بارزانی دوور لە چاوی ڕۆژئاواییەکان، پەروەردەی سەربازیی هێزەکانی بارزانی ئەگەر پێویست بێ و هەروەها ناردنی کارناسی هونەری و تەکنیکی و سەربازی و بێسیمچی و ئۆپێڕاتۆر و ... بە مەبەستی پشتگیریی لە خەباتی کوردەکان. ڕەنگە ئەم کارە بەو هۆکارە بووبێ کە پریماکۆڤ[۵۰] بە ناوی ڕۆژنامەنووسێکەوە بە سەفەر چوو بۆ کوردستان. بەڵام ئەفسەرانی ئەمریکی لە دووڕەوە چاودێریی بارودۆخیان دەکرد و دەیانزانی کە سۆڤیەت خەریکە وەکوو ئامێرێك لە بارزانی بەهرە وەردەگرێ. والمێر گالمێن[۵۱] باڵیۆزی ئەو کاتەی ئەمەریکا لە بەغدا، نامەیەك دەنووسێ بۆ وەزارەتی کاری دەرەوەی ئەمەریکا و هەواڵی تەشەنەی سۆڤیەت لە عێراقدا ڕادەگەیێنێ. لە مانگی شووباتی ۱۹۶۲دا، پەیوەندیی لە نێوان بارزانی و ساواکی ئێراندا دامەزرا، کە ئەڵبەت لەگەڵ سۆڤیەتیش پەیوەندیی هەبوو. ئەڵبەت بە بڕوای من ئەمە جۆرێك بیانوو بوو، سۆڤیەت ئەو جۆرەی کە دەیانگوت، لەو ناوەدا نەبوو. پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق کاتێك هەستی کرد کە پشتگیریی ئێرانی لەگەڵە، بڕیاری دا کە خەبات دەستپێبکات و لە کانوونی یەکەمی ۱۹۶۱دا، ئەم کارەی دەستپێکرد. لە نێوان کوردەکان و بەعسییەکاندا پەیماننامەیەکی نووسراوە نەبوو، ئەگەرچی پێشتر واتە پێش لە کودەتا دان نرابوو بە ئۆتۆنۆمی و مافی کوردەکان. خەڵکی هەژار و دۆڕاو، لە هەموو لایەکەوە هاتنە ڕیزی شۆڕشەوە و ئامادەیی خۆیان ڕاگەیاند و چەکیان هەڵگرت. ئەو خەڵکە بێجگە لە چەکەکانی خۆیان، هیچ چەکێکی دیکەیان نەبوو. سەدان کەسیش لە ناوەندە سەربازییەکاندا چاوەڕوانی چەك بوون. دواجاریش کە ئێران بە نهێنی چەکی دەنارد، وەکوو دڵۆپێك ئاو لە دەریایەك بوو. چونکە بەو یارمەتییە تەنیا ۲۰۰ پێشمەرگە چەکدار دەبوون. گیروگرفتی گەورەی ئێمە نەبوونی خواردەمەنی نەبوو، چونکە بە تۆزێك نانە ڕەق و چای کۆنە ڕازیی بووین، گرفتی گەورەی ئێمە نەبوونی چەك بوو.[۵۲]

ساڵی ۱۹۶۱ که ڕاپەڕینەکە دەستپێکرد، چەکی ئێمە تەنیا لە دەستکەوتەکانی جەنگ دابین دەبوو و لە باری چەک و تەقەمەنییەوە کەموکوڕییمان زۆر بوو، تاکوو هێدی هێدی شای ئێران پشتی گرتین و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکرات باشتر بوو. قاچاخچی چەکیش زۆر بوون و چەکەکانیش ساکار و سووک بوون و پارتیش هەندێ پارەی هەبوو لە کاتی خۆیدا قاسمیش هەندێ چەکی بۆ دابین کردبووین. لە سەرەتای ڕاپەڕینی ئەیلوولی ۱۹۶۱دا، کاتێک پشتگیریی ساواک هاتە ئاراوە و سەرۆک هۆزەکان جموجۆڵیان دەستپێکرد، بارزانی پێی خۆش نەبوو ئەوان چەکدار ببن، بەڵام دواجار بە ئامادەبوونی مام جەلال و عومەر دەبابە لە عەوالآن بڕیاری شەڕ درا. ئەم خاڵە کە مام جەلال هانی بارزانی دابێ بۆ جەنگ، جێگەی گومانە.

کوردەکان بە مەبەستی خەباتی چەکدارانە دژی حکومەتی ناوەند، پێویستیان بە چەک و یارمەتی هەبوو پەیوەندیی لێپرسراوی ساواکی ئێران لە بەغداش جۆرێک هاندەر بوو. مام جەلال دەچێتە لای عیسا پژمان و داوای چەکی لێدەکات. "ڕۆژێک جەلال تاڵەبانی هاتە لای من و گوتی چی بکەین، چەکمان نییە تەنانەت ناتوانین پێشکێکیشی پێ بکوژین. پژمان ئەوە بە هەلێکی باش دەزانێ و دەچێتەوە بۆ تاران کە شا و ساواک ناچار بەو کارە بکات. لە ۱۹۶۱دا، ئیبراهیم ئەحمەد شکستەکەی مهابادی هەر لە مێشکدا بوو و خوازیاری دواخستنی شەڕەکە بوو، بەڵام لایەنی تاڵەبانی و عومەر دەبابە لایەنگری شەڕ بوون. ئەگەرچی بارزانی لە ساڵی ۱۹۶۱دا، دڵشاد بوو بە چوونی تاڵەبانی بۆلای پژمان کە داوای چەک و پارەی کردبوو، خۆیشی بڕنەوی ئێرانی بە شانەوە بوو، بەڵام هەستی بە مەترسیش دەکرد کە نەوەک پەیوەندیی مام جەلال و پژمان ببێتە هۆی دەسەڵاتی زۆرتری مام جەلال. هەر بۆیە پەیوەندیی ئەو دوو کەسە کە جارجار ئەنجامی دەبوو، بارزانی دەیکردە کراسەکەی عوسمان و بۆ ئەوەی سووکی بکات، بە جەلالی دەگوت ئەمە کارمەندی هەموو کەسێکە[۵۳]. مام جەلال سەرۆکی بەشی چەکداریی بوو یەک لەو سێ هێزی پێشمەرگە لەژێر دەسەڵاتی گشتی ئەودا بوو و دەرفەتی بە هیچکەسێک نەدەدا کە بەرپرسایەتی بە ئەستۆ بگرێ. مام جەلال سەرپەرشتی هێزی (ڕزگاری) بوو. هێزی (خەبات)یش عومەر دەبابە سەرۆکایەتی دەکرد و هێزەکەی دیکەش لەژێر دەسەڵاتی عەلی عەسکەرییدا بوو. ئەم سێ دەستەیە

هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان پێکهێنابوو، بێجگە لەوانە بارزانییش هێزی تایبەتی خۆی هەبوو و مام جەلالیش یەکێك لە سەرۆکانی هێزی پێشمەرگە بوو.

نوێنەری ساواکی ئێران، کاتێك دڵنیا بوو لەوە کە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا نین، کەوتە هەوڵی یارمەتیدانی شۆڕشی کوردەکان. سەرەتا لە بۆچوونی بارزانی پرس و جۆ دەکات. "پاش چەند ڕۆژ ئاگادار بووم کە بارزانی بە بیانووی جەژنی قوربان چۆتەوە بۆ ناوچەی بارزان، لێپرسراوانی دیکەی پارتی، هەر بەم بیانووە یان بە بیانووی دیکە چوونەتە ڕەشمالەکان و یان لە بەغدا خۆیان شاردۆتەوە. داوام لە لێپرسراوانی پارتی کرد کە ۲ ـ ۳ کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی سیاسیی پارتیی وەکوو جەلال تاڵەبانی و عومەر دەبابە دیاریی بکەن کە بە نهێنی بچنە ئێران و لەگەڵ لێپرسراوانی ساواك گفتوگۆ بکەن. لە کۆبوونەوەکانی دواییدا ڕاگەیاندرا کە دوو کەس بە ناوەکانی عومەر دەبابە و عەلی عەسکەریی کە ئەندامی کۆمیتەی سیاسی و ئازا و نەترس و ناوداری حیزبی بوون، هەڵبژاردراون. عومەر دەبابە کە وەکوو دەستبەسەرێك دوورخرابووەوە، بە شێوەیەك خۆی ڕزگار کرد و گەڕایەوە بۆ کوردستان و چووە ڕیزی خەباتەوە. لە کاتی دەستپێکردنی شۆڕشەکە، مام جەلال لە کوردستان نەبوو. بڕیار درا بە وەکو مەسەلەیەکی گرنگ کە بۆ سەرەتای قۆناغەکە من لە بەغدا چاوم بە لێپرسراوێکی باڵای پارتی دیموکرات بکەوێ کە لە ڕێگەی لێپرسراوانی دیکە و ڕەزامەندیی ئەوان، بارزانییش لەو مەبەستە ئاگادار بکرێتەوە. چونکە ئەگەر هەموو لێپرسراوانی حیزب لەسەر شتێك یەکدەنگ بوونایە و بەڵام بارزانی دژی ئەو کارە بووایە، سەری نەدەگرت. ئەمە مانای ئازادیی و دیموکراسی بوو لە پارتییەك بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان. سەرانی دیکەی پارتی کە خاوەنی خوێندنی باڵا و ئەزموونی زۆر و دژی ئەو بیر و کردارەی بارزانی بوون، هیچ چارەیەکیان نەبوو و ناچاری وێست و بۆچوونەکانی ئەو دەبوون و پەیڕەوییان لێدەکرد. ئەو بتێك بوو کە خۆیان دروستیان کردبوو و نەیاندەوێرا بە جۆرێك سەیری بکەن.

ئیبراهیم ئەحمەد لە هاوینی ۱۹۶۱دا هاتە کۆیە و لە چایخانەیەکی ناو شاردا لێدوانێکی گرنگی دا و پاشان وەڵامی پرسیارەکانی هەموومانی دایەوە کە سەبارەت بەو تۆمەت و

تاوانانە بوو کە خرابوونە سەر پارتی. یەکێک لەو تۆمەتانە ئەوە بوو کە پارتی ئەمریکییە و دەیەوێ دیکتاتۆریی دامەزرێنێ و خۆی بەستووەتەوە بەم وڵات و ئەو وڵات و... هەرچەندە ئیبراهیم ئەحمەد شکستی مهابادی لە خەیاڵدا مابووەوە و خوازیاری دواخستنی شەڕ بوو، بەڵام گرووپی جەلال تاڵەبانی و عومەر مستەفا (دەبابە) لایەنگری هلگیرساندنی شەڕ بوون. سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان واتە ئیبراهیم ئەحمەد، مرۆڤێکی یاساناس و پارێزەری دادگا بوو کە خۆی بە کەسێکی لیبراڵ و دیموکرات ناساندبوو، بەڵام هەندێ لە هاوڕێیانی، ئەویان بە کۆمۆنیستێکی وەکوو فیدڵ کاسترۆ دەزانی کە زۆرتر لە قاسم و عەبدولناسر و بارزانی لەسەر کۆمۆنیزم پێدادەگرێ وهەروەها بۆچوونەکانی خۆی دەشارێتەوە، بەڵکوو نەبێتە هۆی تەکانەوەی هەندێ لە سەرۆک عەشیرەتەکان، خۆیشی باش دەیزانی کە ئەگەر وەکوو ویستی جیهانی کۆمۆنیزم بجووڵێتەوە، لە پشتگیریی زۆربەی ناسیۆنالیستەکان بێبەریی دەبێ. بەو هۆیەوە بارزانی وەکوو قارەمانێکی شۆڕشی نەتەوایەتی کورد دەمێنێتەوە و پارتی دیموکراتیش ڕووبەری نەتەوەیی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە بەشێک لە حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، پاشان بارزانی دەتوانێ پارتییەکی ناسیۆنالیستی نوێ دامەزرێنێ و زۆربەی عەشیرەتەکان و ناوچەکانی شاریش و تەنانەت ژمارەیەک لە کرێکارانی پیشەسازیی نەوتیش دەچنە ڕیزی ئەو. "پاش چەند ڕۆژێک عەبدولڕەحمان زەبیحی لێپرسراوی لقی پارتی لە بەغدا کە زۆربەی ئەرکی ئەم لقە بەدەستهێنانی زانیاری لە بەڕێوبەرایەتییەکانی دەوڵەت و سوپا و هەروەها کاری پشتیوانی و بانگەشە بوو، لەگەڵ پەیوەندکارەکەی هاتنە لای من. بە پێی ناوونیشان و کۆدێک کە بە عومەر دەبابەم دابوو، ڕایگەیاند کە لەسەر ویستی بارزانی و سەرانی پارتی، ئامادەیە بۆ گفتگۆ کردن. سەرم سووڕ مابوو. لە خۆشیدا ئاگام لەخۆم نەبوو، چونکە هەستم دەکرد پلانەکەم خەریکە سەردەکەوێ".[٥٤]

ئەڵبەت لە سەردەمی پەهلەوییدا هەر کوردێک دژایەتی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بکردایە، پشتگیریی لێدەکرا. عێراقیش بە پێچەوانە، هەر ئەو کارەی دەکرد. ئێران یارمەتی بارزانییەکانی دەدا و هێزی تۆپخانەی دەدایە، لەو لاشەوە عێراق یارمەتی مالّیی و چەکی بە هەندێ لە کوردەکانی ئێران دەدا. لە کوردستاندا هەردەم جەنگ و خەبات بوو

کوردەکان لەم یارییە دەرباز نەدەبوون. لە قازی موحەمەد بەولاوە پتر لە نیو سەدە بوونە ئامێری دەستی هێزی جۆراوجۆر. بۆ نموونە وەزارەتی ڕێگەوبان و سەرکردایەتی سوپای ئێران لە کوردستاندا، جادەی زۆری ساز کردبوو کە زۆربەیان ئامانجی ستراتژیی دەپێکا، نەک ئاوەدانی و چاکسازیی و گەشەی ئابووریی. لە سەردەمی هوەیدا بەدواوە، لە کوردستانی ئێراندا سەردەمی گەییشتن بە پیشەسازیی دەستی پێکرد.

پاکڕەوان، سەرۆکی ئەو کاتەی ساواک پاش لێکۆڵینەوەی پلان و دڵنیابوون لە شێوەی سەرکەوتنی پلانەکە، داوا لە سەرهەنگ پژمان دەکا "هەموو شتێك بە ئاگاداریی خاوەن شکۆ شاهەنشا بگەیەنن، تاکوو من لەو بارەوە هەوڵ بدەم". پژمانیس سەردانی موحومەد ڕەزا پەهلەویی دەکات و سەبارەت بە یارمەتی شا بە بارزانی گفتوگۆ دەکات، ئەو کەسەی کە لە کۆماری مەهابادا تەقەی لە سەربازان و ئەفسەرانی کرد و لە ناو ئەرتەشدا بە لۆمەکردنی قازی موحەمەد، ئەوی ناردەپێی لەسێدارەدان و پاشان خۆی هەڵات بۆ ڕوسیا. ئەو کەسەی کە بەڵێنییەکانی لە هەمبەر سوپای ئێراندا کە بە ڕەزم ئارای دابوو بەجێ نەهێنا. بە هەر حاڵ ڕەزامەندیی شا لە سەرەتاوە زۆر ئەستەم بوو، مەگەر ئەوە کە شا تێبگەییشتایە کە لەو ڕێگەوە نزیکتر ببوایە لە ئاواتەکانی، واتە ڕووخانی قاسم و هێنانەوەی سیستمی پاشایەتی لە عێراقدا، هەرچەند ئەمرۆکە گەڕاندنەوەی دووبارەی سیستمی کۆماریی بە پاشایەتی زۆر ئەستەمە. "چەند خولەك لە دانیشتنەکەم تێپەڕ نەبووبوو کە خزمەتکارەکە چای هێنا و هێشتا خواردنەوەی چاکەم دەستپێنەکردبوو کە سەرلەشکر هاشمی نەژادم بینی کە لە نهۆمی یەکەمدا بە فۆرمی سەربازیی و ڕوو لە ئەو بالکۆنە کە شا ڕاوەستابوو، کەوتە قسەکردن. شا پرسیاری کرد کێ هاتۆتە ئێرە بۆ چاوپێکەوتنی ئێمە؟ پاشان گوتی: سەرگورد پژمان ئامادەیە بێتە خزمەتی خاوەن شکۆ. منیان بردە نهۆمی سەرەوە. چوومە ناو یانەیەك کە ڕازابووەوە وێنە و چەکی سووکی سوپا و خەنجەر و شمشێر و دەمانچە. ڕێزی فەرمیم گرت و شا تەوقەی لەگەڵدا کردم منیش دەستیم ماچ کرد. چەند هەنگاوێك لە ناو یانەکەدا هەنگاوی هەڵێنا و پاشان گوتی: سەبارەت بە یارمەتیدانی کوردەکانی عێراق لەگەڵ ئێمەدا چیتان کردووە؟ بۆم بڵێ. منیش گوتم: بەڕێزت لەو باوەڕەدای کە بە تێروتەسەلی بۆت بگێڕمەوە یان بە کورتی؟ گوتی: دەست پێ بکە.

هەموو شتێکم بۆ بگێڕەوە. منیش دەستمپێکرد. بەڕێزیان تێگەییشت کە بەسەرهاتەکە ئاوا بە زووبی کۆتایی نایێت و بەو سەرەتایە کە من گوتوومە بەم زووانە بە ئاکام ناگات. لەسەر کورسییەک لە یانەی کۆبوونەوەکان دانیشت و گوتی: دانیشە، بزانم چی دەڵێی. منیش خێرا لەسەر کورسی بەرانبەر ئەو دانیشتم. چایان بۆ شا هێنا. دیتم تەنیا یەک پیالەیە. هەر کە چاکەی هەڵگرت خزمەتکارەکە ڕۆیشت و فەرمانی هێنانی چای بۆ من نەدا. لێرەدا تێگەییشتم کە چاخواردن لە بەرانبەر شادا بە پێی دابونەریت، شتێکی وەها ساکار نییە.

پاشان پلانەکەی خۆم لە سەرەتای بیسمیللاوە تا کۆتایی و باشتر و تێروتەسەلتر لەوەی کە بە پاکڕەوانیان ڕاگەیاندبوو، بۆ شام گێڕایەوە. لە تەواوی درێژەی قسەکانمدا تەنانەت پرسیارێکی نەکرد و هەر گوێی لێدەگرتم. هەموو خاڵە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی سیاسەتی دەوڵەتی ئێرانم بەرانبەر کوردەکان شیکردەوە. ئیتر هیچم بۆ گوتن نەمابوو، پاشان بێدەنگ مام. پرسیاری کرد: تا چ ڕادەیەک دەکرێ متمانەمان بە بارزانی هەبێ و لەسەری حسێب بکەین؟ لە وەڵامدا گوتم: بە هیچ جۆرێک شایانی بڕوا نییە، بەڵام بە مەبەستی بەڕێوەبردنی پلانەکانمان، سەبارەت بەم کەسە کە لە ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥)دا، دژی سوپای ئێران چەند کردەوەیەکی ئەنجام داوە، پرسیاریان لێکردم: ئەم کەسە بەو پێشینە کە هەیەتی و شایانی متمانە نییە، بە چ دڵنیاییەکەوە دەتوانین لەگەڵیدا بسازێین؟ گوتم : لە سەدا سەد، دەتوانین ئەوپەڕی بەهرەی لێوەربگرین و ئەمە بە سوودی ئێمەیە. گوتم ئەگەر ئەو و سەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئێمەدا بن، ئێمە سەودایان لەگەڵدا دەکەین نەک هاریکاریی. خاوەنشکۆ و لێپرسراوانی دیکە پێکەوە دەربارەی کاروباری وڵات گفتوگۆ ناکەن. پاشان گوتی: دەتانەوێ بە بارزانی قاتڵی ئەفسەرانی ئێرانی چەک بدەم؟ پاشان منیش گوتم: قوربان ئەو شتە لەبیر ببەرەوە.

ئێمە لە سەرەتاوە یارمەتییەکی بچووکیان دەدەین و ڕێگە و شوێنیان بۆ دیاریی دەکەین. ئەگەر لەو ماوەدا ئەرکەکانیان بەجێ هێنا، ئەوا ئێمەش بەردەوام دەبین لەسەر یارمەتیدانیان، و ئەگەر بەجێیان نەهێنا، ئیتر یارمەتییان نادەین. ئێمە هەزاران تفەنگی بڕنەومان هەیە کە لە عەمبارەکاندا بێکەڵک کەوتوون و هیچ سوودێکیان بۆ ئێمە نییە، ئەگەر بێتو سەدان بڕنەو و چەند ملیۆن فیشەک و هەندێ پارەیان بدەینێ، هیچ زیانێک لە ئێمە

ناکەوێ. ئەمە جۆرێك تاقیکردنەوەیە، ئەگەر سەرکەوتوو بووین، ئێمەش بەردەوام دەبین لەسەر یارمەتیدان و ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو، وازیان لێدێنین. شا کەوتە بیرکردنەوە و پاشان سەیری منی کرد و چەند پرسیاری دەربارەی بارودۆخی عێراق و عەبدولکەریم قاسم و تەشەنەی بیری ناسر لە عێراقدا ئاراستەی من کرد و منیش وەلامی پێویستم دایەوە. شا بە شێوەیەکی زۆر پڕ لە هیوا گوتی: باشە برۆن زۆر بە وردیی لەسەر ئەم پلانە ئیش بکەن و بڵێن بە سەرلەشکر پاکڕەوان بێت و فەرمانمان لێ وەربگرێت.

لە بارەی کۆنترۆڵی پلانەکە، پێویست بوو زانیاریی دەربارەی پێداویستییەکانی پێشمەرگە و بۆچوونی لێپرسراوانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە کەسایەتییەکی سەربازیی بدرێت. لە نێوان ئەفسەرانی ساواکدا سەرهەنگی کوردزمان ئیرەج مەنسوور بۆ ئەم کارە گرنگە هەڵبژاردرا. بە پێی ڕێکەوتنێك، بڕیار درا دەزگایەکی بێسیمی گەورە لە بنکەی سەرانی پارتی دابندرێ کە بەردەوام لەگەڵ تاراندا پەیوەندییان هەبێ. ئەم بێسیمە و لێپرسراوەکەی و هەموو ئەو ئامێرانەی کە پێویست بوون، ناردران بۆ ئەو ناوچەیە. ئەو سەردەمە هاوکات بوو لەگەڵ ئەوەی کە ئەمەریکا یارمەتی زۆری ئێرانی دابوو و تەیموور بەختیاریش لە ئێران چووبووە دەرەوە و لە ڕۆم بوو و دەوڵەت تاوانباری کردبوو بەوە کە بەشداریی دەکات لە ئاژاوەنان دژی دەوڵەت و هاندانی خوێندکاران لە دەرەوەی وڵاتدا. ئەڵبەت لە فڕینگەی ڕۆمدا گوتبووی: دژی یاسای دابەشکردنی زەوییم و لە ئێراندا ئازادیی نییە. ئەو کەڵکەڵەی دەسەڵاتی زۆرتری لە ئێراندا لە مێشکدا بوو، بەڵام شا بە یارمەتی ئەمینی، کۆشکی ئاواتەکانی کاول کردبوو.

"پێویست بوو ئەندامانی پارتی لە ڕەزامەندیی شا و ساواك ئاگادار بکرێنەوە. بەم بۆنەیەوە پژمان دەیەوێ دوور لە چاوی ئەرتەش، دوو کەس لە ئەندامانی پارتی بێنێتە تاران". لە سەرەتاوە دەمویست لە کات و شوێنی دیاریکراودا، ئەم دوو کەسە لە شوێنێکی سنووری سەردەشتدا ئامادە ببن و لەگەڵ نوێنەری ساواك، بەبێ ئاگاداریی سوپا و ڕێکخراوە سەربازییەکان، ڕەوانەی تاران بکرێن. منیش بە خێرایی چووم بۆ تاران و کارەکانم جێبەجێ کرد، بەڵام پاکڕەوان گوتی: شا فەرمانی داوە من خۆت بچیتە

سەردەشت و بە ڕەچاوکردنی هەموو بارودۆخی ئاسایش، ئەو دوو کەسە بێنیت بۆ تاران. منیش هەر ئەو کارەم کرد و کاتێك گەییشتمە سەردەشت، هەر ئەو شەوە لە گوندێکی نزیك بە قەڵادزێ کە لەژێر دەسەڵاتی سەرۆك عەشیرەتی پشدەرییەکان بوو، چاوم بەو دوو کەسە کەوت و بێوچان بە ئەسپ و لە ڕێگەیەکی تڕەوە و بە یارمەتی دوو کەس لە خەڵکی ئەو گوندە کە ناوچەکەیان باش دەناسی، گەییشتینە سەردەشت و پاشان لەوێوە سوار جیبێك بووین بەرەو تاران و ماڵی خۆم وەڕێکەوتین. لە ماوەی ئەو پێنج ڕۆژەدا کە ئەو دوو کەسە لە تاراندا بوون، سەبارەت بە هەموو شتێك یەککەوتین و هەروەها بڕیار درا لە سەفەرێکدا کە من لە داهاتوودا ئەنجامی دەدەم، چاوم بە بارزانی و لێپرسراوانی دیکەی پارتی بکەوێ. هەروها چەك و تەقەمەنی و پارەیان پێ بدرێت. من زۆر پێم دادەگرت کە یەکێك لەو دوو کەسە ڕاستەوخۆ چاوی بە شا بکەوێ، بەڵام شا ڕەتی کردەوە و بڕیاری دا لە داهاتوودا ئەو کۆبوونەوە ساز بدرێت، بەڵام هیچکاتێك ئەو کارە جێبەجێ نەبوو.

لەگەڵ لێپرسراوانی پارتی بڕیارمان دا وردە وردە داخوازییەکانیان دابین بکەین و پاشان دەست بکەن بە شۆڕشی چەکدارانە دژی دەوڵەتی عێراق. لەو سەفەرەدا بوو کە چاوم کەوت بە ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری گشتی پارتی و جەلال تاڵەبانی و لێپرسراوانی دیکەی کۆمیتەی سیاسی. لەوێدا داکۆکیم کرد کە ئەگەر لەم قۆناغەی شۆڕشدا بتوانن ڕاستی و دڵاوایی پیشان بدەن، دەتوانن هیوادار بن بە وەرگرتنی دووبارەی چەك و تەقەمەنی و پارە و... ئەگەر وانەبێ دەوڵەتی ئێران ئیتر یارمەتیتان نادات. من لەو باوەڕەدام ڕێز دەگیردرێ لە بڕیارەکانی ئێوە و لێپرسراوانی ساواك و هەوڵ دەدرێت بە جوانی بەڕێوە بچێت.

من و عومەر دەبابە فەرماندەری لەشکری پێشمەرگە و چەند پێشمەرگەی دیکە خۆمان گەیاندە ناوچەیەکی تووش و سەختی بەرزاییەکانی شیرین، کە بارزانی لەوێ بوو. فڕۆکەکانی لەشکری دووی کەرکووك جارجار دەهاتنە ناوچەکە. چەند ڕۆژێك دوای ئەوە، ئێمە هاتینە سەنگەرێکی گەورە و قایم کە شوێنی حەوانەوەی بارزانی بوو. بارزانی داوای لە من کرد کە لە ڕاپۆرتەکەمدا زۆرتر لەو ڕادەی کە پێویستیان هەیە بۆیان بنووسم، بۆ ئەوەی نیازەکانی پێشمەرگە دابین ببێت. ئەو پێی دادەگرت کە ڕێژەی پێشمەرگەکان تا ۱۰ هەزار

كەس بنووسم و تا ئەو ڕادەيە چەكمان بدەنێ. بەڵام من هيچكاتێك سەرم شۆڕ نەكرد بۆ داخوازييەكانى ئەو و پێم گوت: نابێ بە يەكەم پياڵە سەرخۆش ببى. من كارمەندى دەوڵەتى ئێرانم و لەو دەوڵەتە موچە وەردەگرم. من دەبێ ئەوپەڕى بێلايەنى لەبەرچاو بگرم و ڕاستييەكان ڕابگەيێنم. ئێستا كە شا و سەرۆكى ساواك و لێپرسراوانى ديكە بڕوا و متمانەيان بە من كردووە، نابێ منيش لە بەرانبەر ويستەكانى بارزانى خۆ بەدەستەوە بدەم. سەرلەئێوارە ئامادە بووين بۆ گەڕانەوە.

دوو ڕۆژ پاش ئەوە لە سنوور تێپەڕ بووم و گەييشتمەوە تاران. لە ڕاپۆرتێكدا ژمارەى پێشمەرگەكانم بە ۲۵۰۰ كەس نووسى، لەوانە بوو كەمتريش بووبێ، لەڕاستيدا بژاردنى ئەو پێشمەرگانە ئەويش لەو شاخ و دۆڵە كارێكى ئەستەم بوو و كاتى ئەوەشم نەبوو سەرژمێرييان بكەم. لەو سەفەرەدا بۆ دڵنيايى زۆرتر داوام لە بارزانى كرد لە پشت قورئانێكەوە سوێندى ئەمەگداريى و ڕاستى بنووسێ و واژۆى بكات كە شاى ئێران و لێپرسراوانى دەوڵەت زۆرتر متمانەى پێبكەن. بارزانى گوتى: من پياوم و بەڵێنى زارەكى من دەيان جار بەهێزتر لە بەڵگە و تاپۆيە. بەڵام ئەگەر پێويستيش دەكات من دەينووسم. قورئانێكم لە جانتاكەم دەرهێنا و چەند ڕستەيەكم نووسى و بارزانى واژۆى كرد. دواجار لەگەڵ ڕاپۆرتەكانم سپاردم بە خوالێخۆشبوو سەرلەشكر پاكڕەوان و وەكوو ديارييى پێشكەشى شاى بكات. بارزانى پاكەتێك پڕ لە دينارى عێراقى دايە دەستم كە ڕۆژى پێشووى خۆم چەند هەزار بەرابەرى ئەوەم بۆ هێنابوو. پرسيارم كرد ئەمە چيە؟ گوتى: شايانى نييە. لەناو ڕێگەدا ديارييى بۆ منداڵەكانت دەكڕى، با پێت بێ. لێم وەرنەگرت. بارزانى دەيويست بە بەرتيل من تێوەگلێنێ.

سەرئەنجام جارێكيان دەمانچەيكى دا بە من و منيش دەمانچەيەكى زێڕم لە سەردار جاف كڕى (كە پێشتر شاى ئەردەن بە دياري دابووى بەئەو) بە خەڵات بردم بارزانى. كاروانەكەمان بەرەو كوردستانى ئێران ڕێكەوت و چووينە سەردەشت و پاشان گەييشتينە بنكەى پارتى ديموكرات. هەر بە خێرايى سەرهەنگ مەنسوورم وەكوو نوێنەرى ساواك بە دەسەڵاتى گشتييەوە، بە سەرانى پارتى بە تايبەت ئيبراهيم ئەحمەد ناساند. لە كۆتايى

تشرینی یەکەمی ۱۹٦۲دا ئێران لە ڕێگەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بەڵێنی دا کە یارمەتییان بدات وەکوو دەرمان و چەک و... عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری ئەم هەواڵەیان بە بارزانی ڕاگەیاند و داواشیان لێکرابوو هەردووکیان بچن بۆ تاران. شای ئێران نەیدەویست ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە بارزانییەوە بکات، چونکە تا ئەو کاتە وەکوو دوژمنێک سەیری دەکرد و هەروەها بارزانیی بە لایەنگری ڕوسیا دەزانی کە خاوەنی بیروباوەڕی کۆمۆنیستییە. بارزانیی ئەم پەیوەندییەی بە سەرکەوتنێکی گەورە دەزانی چونکە شۆڕش ئیتر فیشەک و تەقەمەنی و خۆراکی نەمابوو، پارە و دەرمان نەمابوو. تەنیا یەک دکتۆری لێبوو بە ناوی خالید سەعید کە دەرمانکردنی ئەو هەموو بریندارە لە توانای ئەودا نەبوو. بارزانیی ڕووی کردە من و گوتی "دەزانی ئەو دوو کەسە چ هەواڵێکیان بۆ هێناوین؟". منیش گوتم: نەخێر، دوێنێ شەو لای من بوون بەڵام هیچیان بە من نەگوتووە. بارزانی گوتی: دیارە حیزبیبوونی ئێوەش درۆیە و بڕواتان بە یەکتر نییە، بەڵام من هیچ شتێک لە هاوڕێکەم ناشارمەوە، پاشان هەمووی گێڕایەوە. لە ڕێگەی ئێرانەوە لە سنووری بانە خواردن و دەرمان و تەقەمەنی دەهات و دۆخی سیاسی و ئابووریی پارتی گۆڕانکاریی باشی بەسەردا هات".

هەواڵنامەی کێتێب

لە بەغدا لەگەڵ عەبدولڕەحمان زەبیحی لێپرسراوی لقی بەغدا و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و هەروەها یەدوڵاّ فەیلی لە ئەندامانی هەڵکەوتووی لقی بەغدا کۆبوونەوە و تێگەیشتین کە ئاگادارییەکانی حزب لە ناوچەکانی باکوور و بە هەزاران کێشە و بە نهێنی لە بەغدا بڵاّو دەبنەوە، لەبارەی بانگەشەوە زۆر لاوازن. بۆیە بڕیارمان دا ئێران ئیزگەیەکی ڕادیۆیی لە شوێنێک دامەزرێنێ و شوێنەکە متمانەی پێکرێت. پەیوەندیی عێراق و پارتی بە تەواویی تێکچوو و شەڕی گەورە لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق دەستیپێکرد. عەبدولکەریم قاسم بە ناردنی هێزی تازە و چەک و تەقەمەنی و فڕۆکەی میگی ڕوسی بە هیچ جۆرێک نەیتوانی لە بەرەی جۆراوجۆری پێشمەرگەدا سەرکەوتن بە دەست بێنێ.

ئاگادارینامەکانی پارتی بە هۆی نوێنەرایەتی ساواک لە بەغدا بە ڕێژەیەکی زۆر لە سەرانسەری باکوور و لە بەغدا بڵاّو دەبوونەوە، کە ڕێکخراوە ئەمنییەکانی سوپا و ناوخۆی

تووشـی سەرسـووڕمان کردبـوو. بـە مەبەسـتی پتـەوکردنی بانگەشـەکانی پێـشمەرگە، ئیزگەیەکی ڕادیۆیی لە دەرەوەی ئێران کـردرا و بـە ئێستر گواسترایەوە بـۆ ئەشکەوتێکی گەورە کە لە جەرگەی چیا بەرزەکانی ئـەو ناوچـەدا بـوو. دەنگی زۆلاڵـی ئـەو ڕادیۆیـە کـە دەنگـی چـەند ملیـۆن کـوردی دانیـشتووی کوردسـتانی عێـراق بـوو، بـە گـوێی هـەموو عێراقییەکان و وڵاتانی دەوروبەر واتە ئێران و تورکیا و سووریا گەییشت. لـە سـەرەتاوە تـا کۆتایی ئەو کارە لەگەڵ لێپرسراوانی حیزبیدا بەتایبەت ئەوانەیان کـە ئاگادارییـان لـە کـاری بانگەشە هەبوو پێشتر لە میدیاکانی عێراقـدا کاریـان کردبـوو، لێکدرایـەوە. یـەک دوو کـەس لەوانـە کـە لـە ئـەڵمانیا دەرسـیان خوێنـدبوو، جـۆری ئیزگەکـە و کارخانەکـەی و بڕسـتی دەزگاکەیان بۆ ڕوون کرایەوە. ئەدرەس و ناونیشانی ئەو کەسانە کە لە ئەڵمانیا خوێندنیان کۆتـایی هێنـابوو و لـەو بـارەوە دەیـانتوانی بـە کـەڵکمان بـێن، نووسـیم و بـە دەسـتی پـڕ گەڕامەوە بۆ تاران. ڕاپۆرتێکی دوورودرێژ لە هـەموو بابەتێکـەوە کـە وێستبوویان ئامـادەم کرد و دام بە شا. فەرمان درا بەبێ ئەوەی بچووکترین پەیوەندیی بە باڵیۆزخانەی ئێـران لـە بۆن بکرێت، ئەو ئیزگەیە بکڕن و ڕەوانەی ئێرانی بکەن. کاتێک ئامێرەکـە گەییشتە ئێـران، لەگەڵ پسپۆرێکی ئەڵمانی و نوێنەری کارخانەکە تێکنزیکی سنوور گواستمانەوە. پێشتر کاك عەبدوڵڵای جڵدیان کە یەکێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەکە و لـە هاوڕێیـانی مـن بـوو، خانوویەکی جیاوازی بۆ براکانی دروست کردبوو، ئەو خانووە وەکـوو مـاڵی مـنی لێهـاتبوو و شوێنی حەوانەوەی من بوو. دەزگای ئیزگەکەمان بردە ئەو ماڵە. شەوی دوایی بە ئێستر لـە سنوور تێپەڕ بووین. شمیتی ئەڵمانی کە ئەندازیاری ئیزگەکە بوو نەیدەتوانی سـوار ئێـستر ببێ، هەر زوو گوتی: من بە پێ دێم. گەییشتینە نزیکی بنکەکە، واتە بنکەی پێشمەرگە. بـۆ لێپرسراوان شتەکەمان ڕوون کردەوە. لـە سـەفەری پێـشوودا ئەشـکەوتێکی گـەورەمان لـە بەرزایی شاخێك دۆزیبووەوە کە لەبەرچاومان گرتبـوو بـۆ دامەزراندنی ئیزگەکـە. یـەک دوو کەسی بە ئەزموون لە ئامێر و تەکنیك، بۆ سەرپەرشتی بانگەشەی ڕادیۆیی لەگەڵمان هاتن و کاروانەکەمان بەرەو ئەشکەوتەکە ڕێکەوت.

شمیت کاتێك چاوی بە ئەشکەوتەکە کـەوت، زۆری پـێ سـەیر بـوو کـە ئەشـکەوتێکی بـەو گەورەییـە لـە دڵـی ئـەو شـاخەدا هەیـە. هـیچ کەسـێك نەیدەتوانی ئـەو شـوێنە بدۆزێتـەوە و

بۆردومانیش نەدەکرا. دوو ڕۆژ لە ئەشکەوتەکە ماینەوە کە ئامێرەکە بکەوێتە کارکردن و شێوەی بەهرەوەرگرتن لە هەموو بەشەکانی لە لایەن ئەندازیار شمیت بەو کەسانە فێر بکرێت. بڕیار وا بوو کە ناوی ڕادیۆکە (دەنگی کوردستان) بێ، بەڵام هەم پاکڕەوان و هەم شا دژی ئەو ناوە بوون، ڕەنگە هۆکارەکەی تورکەکان بوون کە لەو ناوانە سڵیان دەکردەوە و دڵیان زوێر دەبوو. هەر بۆیە یەکەم پەیامی بە ناوی (دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق) بڵاو بووەوە. لە ئێراندا بە هەموو سنووری ڕۆژئاوا دەستوور درا زانیاریی کۆبکرێتەوە کە ئایا دەنگی ڕادیۆکە دەبیسترێ یان نا؟ لە هەموو ناوچەیەکەوە وەڵام پۆزەتیڤ بوو. جاری دوایی کە چوومەوە بۆعێراق دەربارەی مەودای پەخشی ڕادیۆکە پرسیارم کرد، گوتیان: تەنانەت لە سنووری سووریاش دەنگی ئەم ڕادیۆیە بیستراوە.

هۆمەری دزەیی ئەو ڕۆژە دێنێتەوە یاد و دەڵێت "کەمال فوئاد و سەعدی دزەیی گوتیان: ئامێرێکی ڕادیۆمان کڕیوە و ڕادیۆی دەنگی ڕاپەڕینی کوردە. ئیبراهیم ئەحمەدیش گوتی: دوو ئەندازیار لە ئەڵمانەوە دێن و لە ناوچەی (بەردەڕەش) دەمێننەوە، باشترە لای هەمووان بڵێی ئەوانە پەیامنێرن، نابێ کەس بزانێ کە بۆ دامەزراندنی ڕادیۆکە هاتوون. ئەیلوولی ۱۹٦۳ بوو. من بە هۆی ئەوەوە کە زمانی ئەڵمانیم دەزانی، بەردەوام لەگەڵیاندا بووم. لە ڕۆژی دیاریکراودا چووین بۆ (گردە ڕەش)، شاخێکی چڕوپڕ و ئەستەم کە پڕ بوو لە گورگ و بەراز و ورچ. بە ئێستر ڕۆشتین و لە داوێنی شاخەکەدا سندووقی ئامێرەکانی ڕادیۆمان کردەوە و بردمانە سەرەوە. سەرەنجام بە هەزار کێشە ڕادیۆی دەنگی کوردستان دامەزرا عوسمان عوزەیریی و جەلال ئەتروشی و حەبیب موحەمەد کەریم و من بووینە بێژەری ڕادیۆکە. خەڵک ناویان نابوو ڕادیۆی ماوەت، چونکە کەمبڕست بوو. لە دەوروبەری شارباژێر و سلێمانی و... زۆر بە ئەستەم دەنگی دەبیسترا و تەنیا ئاگادارینامەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و دەنگوباس و مۆسیقا و.... بڵاو دەبووەوە. ئەو شەوە هاوکات لەگەڵ ئەوە کە گوێمان بۆ هەواڵەکان ڕادەگرت، تێر پێکەنین و باسی دیموکراسی و.... دەکرد و لە ماوەی چەند خولەکدا دنیامان کردبوو بە مەدینەی فازیلە. دەنگی گوللە و تەقە لە هەموو لایەکەوە دەبیسترا. بەردەوام نامەی پیرۆزبایی و پشتگیریی لە سوپا و جەنگ و چەکدارەکان دەخوێندرایەوە. ڕادیۆی دەنگی کوردستانیش لە بڵاوکردنەوەی دەنگوباس و

چالاکییەکان بۆ جیهانی دەرەوە گیروگرفتی زۆری هەبوو، بەتایبەت بۆ دەولەتە سۆشیالیستەکان، بە سەرۆکایەتی سۆڤیەت کە بە باوکی فەقیر و هەژارمان دەزانی و بەڵکوو بتوانین پشتگیریمان لێبکەن.[۵۵]

چالاکی ئێمە لە باکووری عێراق و بەو هێزە کە چەکی بەدەستەوە بوو، هەموو ڕۆژێک تەنگوچەڵەمەی زۆری بۆ سوپا بەدی دەهێنا. زۆربەی دیپلۆماتە بیانییەکان لەو بارەیەوە پرسیاریان لە باڵیۆزخانەی ئێران دەکرد. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە باڵیۆزخانەی ئێران هەر لە باڵیۆزەوە بگرە تا نۆبەداری بەر دەرگا، ئاگایان لە هیچ شتێک نەبوو، باسی دەستێوەردانی ئێرانیان بەدرۆ دەخستەوە. هەوڵە دیپلۆماتیکەکانی عەباس ئارام لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم و پاشان عەبدولسەلام عارف بە ئاکام نەگەیشت، چونکە ئەرکی ئەو کۆتایی هاتبوو. گەڕایەوە بۆ تاران و پۆستی وەزارەتی دەرەوەی بە ئەستۆ گرت. بەڕیز دوکتۆر موحەمەد حسێن مۆشایخ فەریدەنی لە جێگەی ئەو بوو بە جێگر و پاشان باڵیۆزی ئێران. لە سەردەمی ئەو باڵیۆزە زانایە، بچووکترین هەنگاوێک لە بارەی سیاسی یان گۆڕانکاریی ئیداریی و کونسوڵی بەدی نەهات و پاشان جێگەی خۆی سپارد بە دوکتۆر مەهدی پیراستە کە خاوەنی پلەوپایەی بەرجەستە لە دادگادا بوو. وردە وردە دەستە و گرووپی هێزی چەکداری حیزبی دامەزرا. بە ڕێژەیەکی زۆر لە هێزەکانی پۆلیس هەڵاتن و چوونە ڕیزی شۆڕشەوە. حکومەت گوندەکانی کوردستانی دەسووتاند و تاڵانی دەکردن، بەڵام تا دەهات شۆڕش بەهێزتر دەبوو. پێشمەرگە دەچوونە ناو شارەکان و خەڵکی خۆفرۆشیان دەکوشت. ئەفسەرەکانیش دەهاتنە ڕیزی شۆڕشی بارزانی و لەشکری سەربازیی ئەویان ڕێکدەخست".

ئەلبەت لە نێوان کوردەکاندا بەسەرهاتی جۆراجۆر هەیە "لە کانوونی یەکەمی ۱۹۶۱دا، بارزانی و سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان داخوازییەکیان ئاراستەی دەولەتی عێراق کرد و داوای ئۆتۆنۆمیان بۆ کوردستانی عێراق کرد، بەڵام ئەو داخوازییە لە لایەن ئەنجومەنی باڵای عێراقەوە وەرنەگیرا، چونکە بە باوەڕی ئەوان لەوانە بوو یەکپارچەبوون و سەربەخۆیی سیاسی عێراق بکەوێتە مەترسییەوە و لە لایەکیترەوە شیعەکانیش ویستێکی ئەوتۆیان ببێ.

جارێکی دیکە پارتی دیموکراتی کوردستان داواکەی هێنایەوە ئاراوە لەو کاتەدا ژمارەیەک لە کرێکارانی بەغدا لە بەردەم نووسینگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانێکیان ڕێخست و دەیانویست بە زۆر بچنە ناو بارەگاکەی پارتی دیموکراتی کوردستان و شتەکانیان تاڵان بکەن، بە ناچاریی پارێزەرانی بارزانی تەقەیان کرد و هەندێ لەو خەڵکەیان کوشت. کاتێك بارزانی شۆڕشەکەی دەستپێکرد، زۆر بەهێز بوو ئیتر عەشیرەتەکان زۆر دەربەستی پاراستنی پلەوپایە و سەرۆکایەتی خۆیان نەبوون و تەنیا لە بیری پاراستنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەتدا بوون و کاریان بەسەر خەڵکەوە نەبوو. لە پاییزی ساڵی ١٩٦١دا، دیسان جەنگی نێوان پێشمەرگەکانی بارزانی و هێزەکانی عێراق دەستی پێکردەوە. بەردەوام تا ساڵی ١٩٦٣ کە ڕێکەوتنامەی ئاگربەست واژۆ کرا، ئەم پێکدادانە بەردەوام بوو. لە کانوونی یەکەمی ١٩٦١دا بە هۆی بۆردومانی دڕندانەی کوردستان لە لایەن هێزەکانی حکومەتەوە و دۆخی نالەباری کوردەکان، دەرکەوت کە پارتی دیموکراتی کوردستان ناتوانێ بەردەوام بێ لەسەر گفتوگۆی بێئاکام لەگەڵ حکومەت و حیزبە چەپەکان، بەو بۆنەیەوە ئیبراهیم ئەحمەد و سەرکردەکانی پارتی بە نهێنی لە بەغدا دەرچوون و هەوڵیان دا بۆ ڕێکخستنی هێزە چەکدارەکانی بارزانی. بانگەشەی حیزبی لە کوردستاندا زۆرتر بوو، بۆ ئەوەی توانای سیاسی و سەربازیی خۆیان پەرە پێ بدەن. بەڵام هەر لەو کاتەدا بە مەبەستی ڕەزامەندیی سەرۆك عەشیرەتەکان، خۆیان پاراست لە شێوەی بانگەشەی سۆشیالیستی و دابەشکردنی زەویی، بۆ ئەوەی کە جەنگ بە سەرکەوتوویی کۆتایی بێنن و پاشان ڕوو بکەنە چارەسەری ئەو کێشانە.

لە ٢٠ی نیسانی ١٩٦٢دا، بارزانی بانگهێشتی ڕۆژنامەنووسانی ئەوروپای کرد کە بێن بۆ کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی گیانی ئەوانی بە ئەستۆ گرت. لە لایەن ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی وەکوو دەیلی تەلەگراف، نیویۆرك تایمز، لۆمۆند، هێرالد تریبیۆن [٥٦] و.... زۆر کەس بەشداریان کرد و لەو ڕێگەیەوە دەنگی شۆڕشی کورد بە جیهان ڕاگەیاندا. قاسم بە بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵانە زۆر قەڵس و شڵەژاو بووبوو و زۆرجار لێخۆشبوونی گشتی دەدا، بەڵام هیچ کەس بڕوای بەو یاریانە نەبوو. کوردەکان بە پێچەوانەی ئەو دەجوڵانەوە و زۆرتر لە بەرانبەریدا ڕادەوەستان. بەرەبەرە قاسم لە کوردستاندا دەسەڵاتی نەما.

زۆربەی سەرباز و ئەفسەر و لێپرسراوانی سەربازیی کورد چوونە ڕیزی شۆڕشەوە. ڕۆژنامەکانی نیویۆرک تایمز و هێرالد تریبیۆن نووسییان "شۆڕشی کوردەکان کۆتایی هات، بەڵام جەنگ هێشتا بەردەوامە". لەڕاستیدا لە خەباتی چەکدارانەی ساڵی ١٩٦١دا، هەموو لەسەر ئەو مەبەستە یەکدەنگ بوون کە حکومەتی قاسم گوێی نەداوەتە مافی کوردەکان و دژی ماف و پێشکەوتنی ئەوانە. لە ئەوروپا ڕۆژنامەیەک (لێکدانەوەی ماکسیزمی جیهان[٥٧]) ڕەخنەی لە قاسم دەگرت و خوازیاری ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بوو. لە فەرەنساش ڕێکخراوێکی کوردیی بوو کە خوێندکارانی کورد هاتوچۆیان دەکرد و لەگەڵ مامۆستایان و خوێندکاران و ڕێکخراوە فەرەنسایییەکان و... پەیوەندییان هەبوو. "ژن پیرۆمینو[٥٨]" کومیتەی کورد و فەرەنسای دامەزراندبوو و لە ڕووداوێک کە کوردستاندا سەریهەڵدایە، کاردانەوەی پیشان دەدا. تەنانەت خوێندکارانی کورد وەکوو کەمال فوئاد بواریکیان پێکهێنا و دەستەیەک لە خوێندکارانی سویسرا و ئەڵمانیا لە هاوینی ١٩٦٢دا هاتنە کوردستان و فیلمێکی ١٢ سەعاتەیان لە کوردستان دروست کرد و ٥ سەعات لەو ڕاپۆرتانەیان لە تەلەڤزیۆنەکانی ئەوروپا بڵاو کردەوە. بۆ نموونە ڕاپەڕینی ڕانیەی پیشان دەدا کە سەربازی حکومەت و پێشمەرگەی کورد لە چایخانە دوور لە بارودۆخی جەنگ، پێکەوە یاریی تاوڵەیان دەکرد، هەر وەکوو ئەوە کە هیچ نەقەوماوە. دۆخێکی سەیر بوو. پارتی دیموکراتی کوردستان تەنانەت لە تشرینی دووەمی ١٩٦٢دا، پێشنیازی بە حیزبی کۆمۆنیستی عێراق دا سەبارەت بە پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش بە مەبەستی ڕووخاندنی ڕژێمی قاسم، بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی عێراق ئەو داخوازییەی ڕەت کردەوە. کۆمۆنیستەکان وا بیریان دەکردەوە کە یەکگرتن و یەکێتی حیزبی کۆمۆنیست و پارتی دیموکرات بە مەبەستی خەباتێکی بەنرخ و بنەڕەتی دژی حکومەتی قاسم زۆر بەهێز بێ، ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی لایەنگری حیزبی کۆمۆنیست و لایەنگرانی دیکەی، لە لایەن قاسمەوە دەرکرابوون.

هەندێ لە کۆمۆنیستەکان لە سەرەتاوە دەیانویست دڵی قاسم ڕابگرن، بەڵام قاسم گوێی نەدانێ. پاشان کەوتنە هەوڵدان بە مەبەستی ئاشتی لەگەڵ کوردەکاندا و خوازیاری پەیوەندیی و هاتوچۆ لەگەڵ کوردستان بوون. لە خۆپیشاندانی ٢٧ی نیسانی ١٩٦٢ لە

بەغدا، دروشمیان[۵۹] دەدا لەناکاو بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ سەرکوتی هێزەکانی ئاسایش و سەربازیی عێراق.[۶۰] حیزبی کۆمۆنیست هەروەها پیرۆزبایی کرد بە بۆنەی ڕووخانی دەوڵەتی یەکگرتووی عەرەب. عەبدولکەریم قاسم زۆر پشتی بەستبوو بە هەلپەرستان، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو، میسر نەیاری جیابوونەوە و دەستبەسەراگرتنی مالّ و شتومەکی دەرەبەگەکان بوو. پارتی دیموکراتی کوردستانیش پاش ئەوە کە لە قاسم دوور کەوتەوە، هەوڵێکی زۆری دا بە مەبەستی یەکگرتن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن لە عێراقدا. لایەنگرانی پێشووی ئەوان واتە کۆمۆنیستەکان، ئیتر جێی متمانە نەبوون و لەوە دەچوو کە بەعسییەکان و ناسیۆنالیستەکان تەنیا جێگر بن.

"خەباتی کوردەکان بەرفراوان بووبوو و میدیاکانی ڕۆژئاوا کەمتر لەسەر ئەم مەبەستە کاریان دەکرد کە شای ئێران و ساواک ئاگری ئەم خەباتەیان خۆشتر دەکرد. "لە سەرەتای دەستپێکردنی هاریکاریی لەگەڵ کوردەکانی عێراق تا ڕووخانی ڕژێمی عەبدولسەلام و هاتنە سەرکاری عەبدولڕەحمان عارف، گۆڕانکاریی زۆر لە هەوڵە سەربازییەکان بەدی هاتبوو. کاروانی ناردنی چەک و تەقەمەنی و جلوبەرگ و دەرمان و شتی دیکە بە چەند لۆریی و جێپ و ئێستر گەییشتبوو. سەرێکی کاروانەکە لە تاران و سەرێکی دیکەی لە بنکەی پارتی دیموکراتی کوردستان یان بە واتایەکی تر لە ناوەندی سەرکردایەتی پێشمەرگەدا بوو. ڕێژەی کەسەکان بریتی لە ئەفسەر و پلەدار و سڤیل، گەییشتبووە زیاتر لە ۱۰۰ کەس. هەر بەو ڕێژەیە کە ژمارەی پێشمەرگە زیاد دەبوو، ژمارەی جاشیش زۆرتر دەبوو، بە ناچاری دەبوو هێزی کوردی دژی دەوڵەت زۆرتر ببن. تا کۆتایی یەک دوو ساڵ بە ناچاریی چەکی قورس دەخرایە بەردەستیان، پێشمەرگەکان لە تفەنگی برنەو و سیستمی جۆراوجۆری دیکە و شەستیری سووک و قورس بەهرەیان وەردەگرت.

ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لەشکری ۲ی کەرکووک و ٥ی بەعقووبە بە یارمەتی هێزی ئاسمانی کەرکووک و جارجار لە موسڵ و بەغداوە یارمەتی دەدران و لە چەکی سووک و قورس واتە هەر لە دەمانچەوە بگرە هەتا فڕۆکە و تانک و تۆپی کالیبری جۆراوجۆر بە بڕی زۆرەوە سوودمەند دەبوون. تەنیا هۆکاری ڕاوەستان و خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگە کە لە

لایەن ئێرانەوە پشتگیرییان لێدەکرا، دارستان و ئەشکەوت و سەرچاوەسروشتییەکان بوو. لە لایەکیترەوە پشتگیریی جەماوەری کوردستانیش زۆر گرنگ بوو. ئەم هۆکارانە لە جەنگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا شوێنەوارێکی زۆر گرنگی لە جموجووڵ و خەباتی ئەواندا هەبوو. یەکێك لە زیرەکییەکانی پارتی ئەوە بوو کە ئەندامانی پارتی لەناو دەوڵەتدا بە نهێنی جێگەی خۆیان کردبووەوە و بەشێکی زۆری فیشەك و نارنجۆکیان، بە خۆڕایی یان بە نرخێکی هەرزان دەدرا بە پێشمەرگەکانی پارتی.

کاروان کە لە تارانەوە ڕێدەکەوت، بریتی بوو لە چەك و تەقەمەنی و خواردەمەنی و دەرمان و لەم جۆرە شتانە، و لەولاشەوە نەخۆش و بریندارەکان دەگواسترانەوە بۆ ئەو بارەگایانە کە نەخۆشی تێدا دەرمان دەکرا. گەلێ جار دۆخی بریندارەکان وەها شپرزە دەبوو کە دەناردران بۆ تاران و لە نەخۆشخانەی تایبەتییدا تیمار دەکران.

ساواك بێجگە لەوە کە خوازیاری بەردەوامی پەیوەندیی لەگەڵ ئەندامانی پارتی بوو، دەیویست لەگەڵ خودی بارزانیشدا بەردەوام پەیوەندیی هەبێ و بەبێ ویستی بارزانی، پارتی هیچ دەسەلاتێکی نەبوو و هەموو شتێك لە بارزانی خۆی دەچووە دەرەوە. ڕێکخراوە ئەمنییەکان هەمیشە هەوڵ دەدەن لەناو پارتییەکاندا و بەتایبەت دەستەی سەرۆکایەتی یان کۆمیتەی ناوەندیی و بە گشتی ڕێبەرایەتی ئەو ڕێکخراوەدا تەشەنە بکەن و بیانخەنە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە. ولاتی ئێمە، ولاتێکی خێڵایەتییە، کەوایە پێش لە دامەزرانی ساواکیش، هەمیشە ئەم باوەڕە هەبووە کە سەرۆك عەشیرەتەکان بکەونە ژێر ڕکێفەوە و شتێك بەناوی ڕێکخراوی سیاسی بە واتایەکی ڕاستەقینە هیچکاتێك نەبووە، ئەگەر شوێنەوار یان چالاکیی و کاری سیاسی لە سەردەمێکدا بیندراوە، بنەمایەکی ڕاستەقینەی نەبووە، بە پێی خووی ئێمەی ئێرانی، نەمانتوانیوە ئەو جۆرە ڕێکخراوانە پێکبێنین و بە ئامانجی بگەیەنین. لە عێراق و ولاتانی دیکەی ڕۆژهەلاتی ناوین بە گشتی سیاسەت و سیاسەتوانیی، حیزب و حیزبایەتی، تەنیا ئەفسانەیە و بەس، ناتوانی متمانەی پێ بکەی. بەڵام من لەو باوەڕەدام کە هەمیشە دەبێ چاوەڕوانی توێژی خوێندەوار و بە ئەزموون و لێهاتوو بی. پارتی دیموکراتی کوردستان بە ناچاریی دەستی خستە ناو دەستی بارزانی و

ئەوی کرد بە سەرۆکی پارتی و ئێمەش ناچار بووین لە بۆچوون و ڕەوتی سیاسەتی ئەو، پەیڕەویی بکەین. سەرلەشکر پاکڕەوان و سەرهەنگ پاشایی، سەبارەت بە بارزانی لەگەڵ بۆچوونەکانی مندا بوون، بەڵام شای ئێران لەو باوەڕەدا نەبوو".

بارزانی باش دەیزانی کە ئەگەر یارمەتی مالّیی و چەکی شای ئێران و ساواک نەبوایە، هیچکاتێك نەیدەتوانی خەباتی چەکدارانە بکات. لەبڕ کەوتە بیری ئەوە کە لە وڵاتێکی دیکە یارمەتی وەربگرێ و دژی شا بەکاری بێنێ. هەر بەو جۆرە کە کارناسێکی CIA گوتی: ئەم کابرا بە هیچکەسێك ئەمەگدار نییە و قەت جێگەی بڕوا نییە. بۆیە لەبڕ کەوتە بیری ئەوەوە کە یارمەتی مالّیی و چەك لە میسر وەربگرێ. ئەوەبوو هەژار موکریانی دوور لە چاوی ساواك نارده بالّیۆزخانەی میسر. " لە بەهاری ۱۹٦۲دا، بەپێی فەرمانی بارزانی لە بەغدا سەردانی بالّیۆزی میسرم کرد و پەیامی بارزانیم پێگەیاند، بەو مەرجە کە جەمال عەبدولناسر هەولّ بدات جەنگی دژی کوردەکان ڕابگرێ و بە واتەیەکی تر پێش بە شەڕی دژی کوردەکان بگرێ و میسریش هەندێ چەك و چەند فڕۆکە و تانگ بخاتە بەردەستی بارزانی کە ئاگری شەڕەکە بخاتە ناو خاکی ئێرانەوە، کە ئەندامی پەیمانی سنتۆ بوو و جەمال عەبدولناسر دەیویست شا بڕووخێ و یان لاواز ببێ و پەیمانەکە هەڵبوەشێتەوە". بەڵام ناسر وەڵامی ئەو خواستەی بارزانی نەدایەوە و لەڕاستیدا نیازێك نەبوو کە وەڵامی ئەو پێشنیازە بداتەوە.

پڕمان لە سەرەتاوە ناتوانێ بەم شتە بڕوا بکات "مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی ڕۆژئێکیان بەپەلە و هەڵەداوان هات بۆ مالّی من و گوتی: شتێکی زۆر گرنگ هەیە کە دەمەوێ بۆت بڵێم. گوتی: هەژار موکریانی بە منی گوتووە کاتێك لە کوردستانی عێراق بووە لەسەر داخوازی مەلا مستەفا چووەتە بەغدا و بە نوێنەرایەتی مەلا مستەفا لەگەڵ بالّیۆزی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی کۆبووەتەوە و داوای چەك و پارە و تەقەمەنی کردووە. عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار) هەروەها گوتبووی جەمال عەبدولناسر هەر شتێکی بوێ دژی شای ئێران ئەنجام بدرێت، بارزانی ئامادەیە بە دلّ و گیان جیبەجێی بکات. بالّیۆزی میسر گوتبووی دەبێ چەند ڕۆژێك ڕاوەستن.

له کۆبوونەوەی دواییدا بالیۆز گوتبووی که عەبدولناسر لە سەفەردایە و لەڕاستیدا نە ناسر و نە دەولەتەکەی ئامادەی شتێکی ئەوتۆ نین. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ئەو شتەکە بەلامەوە زۆر سەیر نەبوو، بەڵام لەو کردەوەی خۆم پەشیمان بوومەوە. بڕوام بە مەلا جەمیل نەدەکرد، چونکە هیچ کەسێك بڕوای بە قسەکانی ئەو نەبوو. بیرم لەوە کردەوە، ئەگەر مەلا جەمیل ڕاست دەکا، ئەو شتە کاتی زۆری بەسەر بردووە و ئەگەر درۆش بێ، شایانی لێکۆڵینەوە نییە. زۆر سپاسم لێکرد و پاشان ڕۆشت. کاتێك ئەو شتەم بە سەرۆکی ساواك گوت، ئەویش زۆر گوێی نەدایە و گوتی لەم قسانە زۆرن و نابێ کاتی خۆمان زۆر بەو قسانە بەفیڕۆ بدەین ئەویش لە لایەن کەسانێکی ئەوتۆ. باشترە لە بیری ببەینەوە. چونکە قسەکە لە لایەن مەلا جەمیلەوە بوو، زۆر گوێمان نەدایە و بە درۆمان زانی. بەڵام کاتێك بەڵگەی ڕاست گەییشتە دەستمان، ئیتر هیچی لەگەڵ نەدەکرا و تەنیا ئەم ڕستەی ئەمریکییەکانم دەهاتەوە بیر کە بارزانی جێگەی باوەڕ نییە. ئەڵبەت دەنگۆی بەربڵاو ئەوەیە کە "بارزانی چەند جار خیانەتی بە شا کرد، هەژاری نارده بالیۆزخانەی میسر کە بە یارمەتی مالیی و چەك، دژی شا پلانێك بگێڕێ".

هەولێر کتێب

لە ٦ی ئازاری ١٩٦٢دا، پارتی دیموکراتی کوردستان، داوای لە هەموو حیزبە عێراقییەکان کرد کە بەرەیەکی گشتی دژی قاسم پێك بێنن. بەڵام کۆمۆنیستەکان دژی ئەم کارە بوون. دەرەبەگەکانی کوردستانیش ڕۆژبەڕۆژ لە قاسم نزیکتر دەبوونەوە بۆ ئەوەی بەرژەوەندییان نەکەوێتە مەترسییەوە. لە ١٨ی ئایاری ١٩٦٢دا، یەکێك لە بەناوبانگترین دەرەبەگەکانی کوردستان، واتە مەحموود ئاغای زێباریی بە ئاشکرا پشتگیریی کرد لە حکومەتی قاسم و هەوڵی دا بۆ کۆکردنەوەی چەکداری ناوچەکە. لە لایەکی ترەوە وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە نەیاری خەباتی چەکدارانەی کوردەکان بوون. ڕادیۆی مەککە لە سعوودیە، ڕەخنەیەکی زۆری لە لە بزاڤی کوردەکان گرت و عەبدولناسری بە هاندەری ڕاستەقینەی ئەم کارە ناساند.

"لە جەژنی ڕەمەزان یان قوربانی سالی ١٩٦٢، عەبدولکەریم قاسم، سەرەڕۆیانە و بەبێ ئاگاداریی پێشوو، سەردانی بەندیخانەکانی کرد و هاوڕێ و هاوکاری شۆڕشگێڕی خۆی واتە

ژەنەڕاڵ عەبدولسەلام عارفی برد بۆ مالّی خۆیان. لەو کاتەدا سەرتیپ عەبدولڕەحمان عارفی برای عەبدولسەلام عارف، فەرماندەری لەشکری ٥ی بەعقوبە بوو. ئەگەرچی عەبدولسەلام عارف دەیزانی لە سەردەمی ئازادیدا لەژێر چاودێریی و کۆنترۆڵی دەزگای ئەمنی عێراقدایە، بەڵام لە بەندیخانەشدا بەردەوام پەیوەندیی هەبوو لەگەڵ نەیارانی قاسم وەکوو لایەنگرانی عەبدولناسر و بەعسییەکان کە پاش تەقەکردن لە قاسم بە نهێنی هەر چالاک بوون. ڕێکخراو و ڕێکخستنی ڕێکوپێک کە بەردەوام بوون لەسەر چالاکی و ئەفسەرانی خانەنشین و بەردەوام لەسەرکار، کە نەیاری حکومەت بوون، ئاکامەکەی لە سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی لە ١٩٦٣دا دەستی پێکرد و تا ئێوارە بە ئاکام گەیشت. قاسم کە هەر لە سەرەتای بۆردومانی وەزارەتی بەرگری لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە بەرگریی دەکرد، بە هۆی یەکێک لە بەڕێوبەرانی ڕۆژنامەکان لەگەڵ عەبدولسەلام عارف گفتوگۆی کرد و بڕیار ئەوە بوو کە ئەگەر بە تەواویی خۆی بەدەستەوە بدات، ناکوژرێت و ڕاگوێز دەکرێت بۆ دەرەوەی وڵات.

قاسم شلّەژابوو و بارودۆخی عێراقیش ئەو ڕەوشییەی پێوە دیار بوو. " لە زستان دا لە کەربەلاوە چووم بۆ کوفە کە چاوم بە ئایەتوللا حەکیم بکەوێ. مامۆستایەکی بەتەواو مانا زانا و تێگەییشتوو و شایانی پلەوپایەی بالای مامۆستایەکی ئایینی بوو. کاتێک لە بەغدا تێپەڕ بووم، لەبەردەم وەزارەتی بەرگری، شوێنی مانەوەی قاسم، دۆخی ئەوێم زۆر بە نائاسایی بینی. لە دەوروبەری وەزارەتی بەرگری ڕەشمالّیان لێدابوو و پڕ بوو لە تۆپی دژە فڕۆکە و چەکداری زۆریشی لێبوو، لەو کاتەدا کە من بالّیۆز بووم شتی وام نەدیبوو. ئەو ئۆتۆمبێلەی قاسمیش کە پێشتر تەقەی لێکرابوو لەسەر سەکۆیەک دانرابوو. لەڕوانگەی خۆمەوە بە هۆی ئەوە کە لەگەڵ کوردەکان کێشەیان بووە ڕەنگە لە ترسی هێرشی ئەوان شتێکی ئاوایان کردبێ و تۆپ و شەستیر و سەربازی زۆریان ڕاگرتبێ. بەڵام ماوەیەک پاش ئەوە کە ڕێکەوتم، لە بەغدا کودەتا جێبەجێ کرا و عارف دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. [٦١]

لە حوزەیرانی سالّی ١٩٦٢دا قاسم شێخ ئەحمەدی بانگ کرد بۆ بەغدا. ئەلّبەت شێخ خوازیاری جەنگ نەبوو، مرۆڤێکی ئاشتیخواز و هێمن و دادپەروەر بوو و دەیگوت "ئێمە لە مێژوودا شەڕی زۆرمان کردووە و بە هیچ کوێ نەگەییشتووین". ئەگەرچی بارزانی زۆر لەژێر کاریگەریی شێخدا بوو، بەڵام شێخیش بەزۆر هیچ شتێکی بەسەر بارزانییدا نەدەسەپاند.

بەڵام جارجار بە بارزانی دەگوت "تۆ دەست مەخەرە ناو سیاسەتەوە، با سیاسەت بۆ پارتی بێ". ئەو لەو بارەیەوە گوێی نەدەدایە. لەڕاستیدا بارزانی دەیویست لە ناوچەی بارزان شەڕێك سەر نەگرێ، ئەڵبەت حکومەتیش ئەمەی دەویست و لەسەر ئەم مەبەستەش یەکگرتن و بارزانی و چەکدارەکانی ماوەیەك لە بارزان دوور کەوتنەوە و ماوەیەك جەنگ کۆتایی هات.

کاتێك شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێکرد، حکومەت داوای لە عەشیرەتی برادۆست کرد کە هاوکاریی بکات و ئەوانیش بۆ قەرەبووکردنەوەی دژایەتییەکانی بارزانی، ناچاری خواستەکەی حکومەت بوون و دژی بارزانی چەك و تەقەمەنییان لە حکومەت وەرگرت و کوردیان ڕووبەڕووی کورد کردەوە. دەوڵەتی عێراق لەپاڵ سوپاکەیدا، هێزی جاشی عەشیرەتەکانی شەرفانی، زێباریی، برادۆست، لۆلان، برانی و.....لەخۆی کۆکردەوە و بە ناوی سوپای سەڵاحەدین کە ژمارەیان دەگەییشتە ١٤ هەزار کەس، هەروەها لە ناو عەرەبەکانیشدا هێزێکی بە ناوی (سوارەی فۆرسانی خالید کوڕی وەلید) چەکدار کرد و ناردنی بۆ شەڕ دژی کورد. زۆربەی ئەو کوردانەی کە دژی بارزانی شەڕیان دەکرد و لەگەڵ حکومەتدا بوون، ئەوانە بوون کە پێشتر دوژمنایەتییان لەگەڵیدا هەبوو. هەندێك لەوانە لەبەر هەستی نەتەوایەتی، لە ترسی ئەوە کە نەوەك بکەونە بەر پەلاماری هێزە چەکدارەکانی ناوچەکە، لەگەڵ هێزەکانی شۆڕشدا هاریکارییان دەکرد. ئەو عەشیرەتانەی لە شەڕەکانی ساڵی ١٩٦١دا هاوکاریی دەوڵەتی عێراقیان دەکرد بریتیبوون لە: لۆلان، هەرکی، برادۆست، زێباریی و ڕێکانی و... قاسم لە سەرەتاوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانی بۆردومان کرد و بارزانییش چوو بۆ ناوچەی بادینان. لە ساڵی ١٩٦٢دا هەر کەسێك چەکی لە قاسم وەرگرت، پێیان دەگوت جاش. بەرەبەرە عەشیرەتەکان بڕوایان بە قاسم نەدەکرد و هەر کاتێك بۆچوونێکی تایبەتی دەبوو، زۆر پێیان بە ڕاست نەبوو. بارزانیش تاوانی دەخستە سەر عەشیرەتەکان کە خۆیان بەستووەتەوە بە قاسمەوە، بەڵام زۆر واتایەکی دروستی نەبوو. "هەندێ لە عەشیرەتەکان وەکوو ئێمە پەیوەندیمان بە لەندەن و مۆسکۆ نەبوو، بەڵام جارجار چەند نوێنەرێك لە ئێرانەوە دەهاتن کە خۆیان لە ئێمە نزیك بکەنەوە. بۆ ئێمەش ئامانجی ئێران ڕوون بوو. چونکە شۆڕشی ١٩٥٨ی عێراق دژی شای

ئێران بوو و دەیانویست سوپا و ساواک چەک بە عەشیرەتەکانی ناوچە بدەن کە دژی حکومەتی عێراق شەڕ بکەن". ئەم وتەیە لەو سەردەمەشدا بە ئاشکرا لە زمانی کاربەدەستانی ئێرانییەوە دەبیسترا، بەڵام ساواک باشتر لە بازرانی نەیدەتوانی هاوپەیمانێکی هەبێت لەبەر ئەوەی ئەگەری ئەوە نەبوو کە عەشایەر لەگەڵ حکومەتی ناوەندی سەرەنجام بگەنە ڕێکەوتن.

لەو سەردەمەدا حکومەتی عێراق بەردەوام بوو لەسەرشۆڕیی و دەستگیریی کۆمۆنیستەکان و سەدان کەسی لێ تیرباران کردن، بە تایبەت ئەوانەی کەتاوانبار بوون بە بەشداریی لە ڕاپەڕینی شەواڤدا. لەو حاڵەدا ڕوسیا بە بیانووی بۆردومانی ناوچە کوردنشینەکان، یادداشتێکی ئاراستەی حکومەتی عێراق کرد و ناڕەزایەتی خۆی دەربڕی و حکومەتەکانی ئێران و تورکیای ئاگادار کردەوە کە خۆیان بپارێزن لە دەستێوەردان لە بارودۆخی ناوخۆی عێراق. هەر دوو حکومەتی ئێران و تورکیاش ئەم هۆشداریەیان لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردەوە و ڕایانگەیاند کە سنووری کانیان داخستووە. هەر لەو کاتەدا کوردەکان ڕایانگەیاند کە بەسەر سوپای عێراقیدا سەرکەوتوون و سنووری کانیان تێکشکاندووە و سەربازی زۆرییان بە دیل گرتووە. بە هەر حاڵ لە ساڵی ۱۹٦۲دا دەوڵەتی ئێران ڕایگەیاند کە مۆڵەت بە هیچ دەوڵەتێك مۆڵەت نادات کە خاکی ئێران بکاتە بنکەی موشەکی و ئەتۆمی دژی دەوڵەتەکانی دیکە. ساڵێك پاش ئەوە برژنێف هاتە ئێران و ئەم ڕێککەوتننامەیە لە نێوان هەر دوو دەوڵەتدا واژۆ کرا. ئەو دانی بەوەدا نا کە ئێران و سۆڤیەت دەتوانن نمونەیەکی باش بن لە بواری هاریکاریی وڵاتانی دیکەدا. ئەڵبەت لەو کاتەدا سەهۆڵی شەڕی سارد شکا و ئەمە تا ڕادەیەك مۆڵەتی مانۆڕی بە ئێران دەدا.

پاش شکستی سوپای عێراق لە ۱۹٦۲دا، عەشیرەتەکانی لایەنگری حکومەت شکستیان هێنا و لە ترسی هێرشی بارزانی، پەنایان بردە بەر ئێران و تورکیا. بەڵام دوای ماوەیەك شێخ ئەحمەد ناوبژی کرد و هەندێکیان گەڕانەوە بۆ کوردستان و لە هەولێر نیشتەجێ بوون. قاسم بەڵێنی دا کە لە شەڕی دژی کوردەکان، لەوان بەهرە وەرنەگرێ. بارزانییش

بەڵێنی دا کە ئەوان هان نەدات، یان زۆریان بۆ نەهێنێ کە بچنە ناو سوپای کورد، هەروەها گوتی ئەوان بۆیان نییە بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان.

بۆ ماوەی دوو ساڵ بارودۆخ هەر بەو شێوەیە بەردەوام بوو. هێزە چەکدارەکانی عێراق لە باکوور هیچ سەرکەوتنێکیان بەدەست نەدەهێنا، ئەمە و چەند هۆیەکی دیکە دڵمەندیی و ناڕەزایەتی جەماوەری عێراقی دژی دەوڵەتی قاسم لێدەکەوتەوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەگەری گۆڕانکارییەک زۆرتر خۆی دەنواند. شا و عەبدولناسر لایەنگری کورد نەبوون. هەردوکیان دەیانتوانی بەر بە کاولبوونی کوردستان بگرن، بەڵام هیچیان بۆ کورد نەکرد. ئێران هەر وەکوو ڕابوردوو بە چاوی گومان و مەسەلەی ئاسایش سەیری کوردستانی دەکرد و بە هیچ شێوەیەک بڕوای بە یەککەوتن لەگەڵ کوردی نەبوو. تورکیاش بە ڕوانگەیەکی ناڕێرانە سەیری کێشەی کوردی دەکرد و بێجگە لە نکۆڵی ناسنامەی کوردیی، ڕەوتێکی دیکەی لەبەر نەگرتبوو. تورکیا و عێراق نێوانیان خۆش نەبوو و تەنانەت لە ١٦ی ئابی ١٩٦٢دا، هێزی ئاسمانی تورکیا فڕۆکەیەکی جەنگی عێراقی خستە خوارەوە، بە شوێن ئەوەشدا پشتی کوردەکانی نەگرت و هەر لەو کاتەشدا کوردەکانی تورکیای زۆرتر لە جاران خستبووە ژێر چاودێریی و کۆنترۆڵەوە. لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦٢دا ڕۆژنامەی جمهوریەتی تورکیا، لێدوانەکەی سەرۆک کۆمار جەمال گیورسیلی[٦٢] بڵاوکردەوە کە گوتبووی شۆڕشی کوردەکانی بارزانی، پلان و هەوڵی بیانییەکانە. لە لایەکیترەوە قاسم تورکیای تاوانبار دەکرد کە یارمەتی بارزانی دەدات. ئێران بە گومان و ڕەشبینییەوە سەیری بارزانی دەکرد و هەر لەو کاتەشدا شا، دژی قاسم بوو. ئیسرائیل لەو باوەڕەدا بوو کە ئەم پشێوییە بەرژەوەندیی ئەوی تێدا نییە. ئەمەریکاش ڕایگەیاند کە هیچ چەشنە یارمەتییەکی مالیی و تەنانەت مەعنەوی لەو شۆڕشە ناکات و بە کێشەی ناوخۆی عێراقی دەزانێ. بی بی سی (BBCـەوە) دەنگۆی سۆڤیەتی بە بەرپرسیاری قەیرانی کوردستان دەزانی.

لە ساڵی ١٩٦٢دا، بیرێکی سەرنجڕاکێش لە ناو ئەندامانی پارتی دیموکراتدا پەرەی سەند، ئەویش ئەوە بوو کە یەکگرتنێك لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و ئێران و سووریا بەدی بێت و یارمەتی یەکتر بدەن و ناوی یەکتر بنێن پارتی برا، هەر لەو

کاتەشدا هەر لایەنێك سەربەخۆیی و پێناسەی خۆی بپارێزێ. هەندێ لە تۆێژەران لەو باوەڕەدا بوون کە بارزانی ئامانجی ئەوەیە بیروباوەڕی سەرۆکایەتی و ناو و دەسەلاتی خۆی بگوێزێتەوە بۆ لایەنەکانی دیکە. ئەو بڕوایەکی ئەوتۆی بە کەسانی دیکە نەبوو، تەنانەت قاسملووش، بەڵام لە قسە و باسی ئەحمەد تۆفیق خۆشحاڵ دەبوو چونکە زۆر بە باڵای بارزانیدا هەڵێدەگوت. ساڵی ١٩٦٣ سەودای قاسم و شەریکە نەوتییەکان گەیشتە قۆناغێك کە ناچار بوو لە بەرانبەر ئەواندا سیاسەتێکی دیکە بگرێتە بەر. ئەویش ئەوە بوو کە یاسای ٨٠ی ڕاگەیاند و ٥٪ی بەشی کۆمپانیای نەوتی عێراقی دا بە دەوڵەت، بەڵام نەیدەزانی ئەو سیاسەتە پەلەیە ڕووخانی خۆی و دەوڵەتەکەی لێدەکەوێتەوە. ئەمریکاییەکان بە تۆندی دژی ئەم کردارە ڕاست بوونەوە و قاسمیان ئاگادار کردەوە کە ئەگەر ئەم یاسایە بەکار بێنێ، ئەوا لەوانەیە ڕووخانی خۆی بەدواوە بێ. بەڵام قاسم ئاوڕی لەو هۆشدارییە نەدایەوە و بڕوای بەوە نەبوو کە لە شووباتی ١٩٦٣دا، بە دەستی عەبدولسەلام عارف دەڕووخێ و کوشتارێکی زۆریشی لێدەکەوێتەوە. بە پێی لێکۆڵینەوەی سەنای ئەمەریکا و ڕاپۆرتی یەکێك لە کۆمیتەکان[٦٣]، دەرکەوت کە دەزگای گشتی بەڕێوەبەرایەتی (CIA) پیلانی زۆری بۆ کوشتنی قاسم هەبووە، هەر بۆیە (راجیر موریس[٦٤]) ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا[٦٥] ئاشکرای کرد کە کۆسیتەی گۆڕانکاریی تەندروستی CIA ، بارێکی ژەهراویی لە ولاتێکی ئاسیاییەوە بۆ قاسم نارد، بەڵام ئەو پلانە سەری نەگرت، دوای ماوەیەك کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی (CIA)[٦٦] ڕایگەیاند کە ئەو بارە هەرگیز بە دەستی قاسم نەگەییشتووە. ساواکی ئێرانیش تا ڕادەیەك ئاگادار بوو لە هەوڵەکانی کارناسانی CIA لە عێراقدا و بە وردیی چاوەدێریی دەکرد. ئەوانیش لەگەڵ کوردەکاندا بە شێوەی دوولایەنە بەرەوڕوو دەبوونەوە. هێزەکانی ئەمەریکاش کوردەکانیان وەکوو تاقمێکی سیاسی یاخی و بێ بایەخ ناو دەبرد و وایان پێ باشتر بوو کە یارمەتی بەعسییەکان بدەن بۆ ئەوەی حکومەت بە دەستەوە بگرن. ئەم پشتگیرییە وەها بوو کە عەلی ساڵح سەعدی بە هەستێکی بەتینەوە دەیگوت "بە شەمەندەفەری ئەمەریکا دەچینە سەر کارەکەمان". لە کوردستانیش بارزانی، بڵێسەی ئاگری جەنگەکەی ئەهوەنتر کردبووەوە کە لە ئاگربەست دەچوو، ئەگەرچی لەژێر کاریگەریی ساواك، ئاگری شەڕەکەی بە تەواویی نەدەکوژاندەوە، بەڵام لەبەر چاوی خەڵکدا

وای دەنواند که بڕوایەکی ئەوتۆی بە ئاگربەست و ئاشتی لەگەڵ حکومەتدا نییە چونکە ئەوان جێگەی متمانە نین، بەڵام بەردەوام دەبێ لەسەر گفتوگۆ و دانیشتن لەگەڵ حکومەتدا. هەر لەو کاتەشدا واتە سەردەمی بێبایەخبوونی جەنگ، چاوی هیوای بڕیبووە پشتگیریی دەوڵەتەکانی دیکە.

"هەر لەو ماوەیەدا بوو کە بەشێک لە سوپای عێراق لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان بەرەو پێش دەچوو و لەپڕ ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی بەغدا، واتەواتیان دەست پێکرد و هەواڵی شکستی کوردەکان و داگیرکردنی ناوچەی بارزانییان دەدا. بەڵام هێزە چەکدارەکانی کورد ئەو ناوچە شاخاوییەیان ئابڵۆقە دابوو و بەری هەموو جموجۆڵی سوپای عێراقیان گرتبوو و خستبوویانە ناو داوێکی خوێناوی، تەنانەت ڕێگەی پاشگەزبوونەشیان لێگرتبوون. کاتێک حکومەت ئەو بارودۆخەی بینی و ئاگادار بوو کە هەموو ڕێگەکان بەستراون، بە فڕۆکە خواردەمەنی بۆ دەخستنە خوارەوە. سەرەنجام پاش زیان و کوشتارێکی زۆر توانی باشگەز ببێتەوە. ئەم جەنگ و پێکادانە هەتا ڕووخانی قاسم لە شووباتی ۱۹۶۳ بەردەوام بوو. شۆڕشەکە هێمنتر بووەوە و خەڵک لە ژێر گوشاری بۆردومان و هێرشی چەکداریی و... ڕزگاریان بوو و پشوویەکیان دا. هەر لەو دۆخەدا بوو کە کێشەی نێوان بارزانی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، بەرەبەرە پەرەی زۆرتری دەسەند. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هێزە چەکدارەنی کورد، ئەو ماوەیان بە پشوودان دەزانی و لەو باوەڕەدا بوون کە سەرۆکایەتی شۆڕشی چەکدارانە سەرگەرمی ئامادەکارییە و دەیەوێ ئامێرەکان بە جوانی ڕێک بخاتەوە و هێزی زۆرتر دابین بکات. ئەندامانی پارتی پەیوەندییان کردبوو بە ئەفسەرانی قاسم و کۆمۆنیستەکان، بەڵکوو بتوانن جۆرێک یەکگرتن و سەودا لەنێوانیاندا سەر بگرێ و بە دەوڵەتی ئێرانیش چراسەوزێک پیشان بدەن بۆ ئەوەی زۆرتر یارمەتییان بدات. لەو ماوەدا عەبدولڕەحمان ڕووتە بەردەوام لە هاتوچۆی نێوان کوردستانی عێراق و ساواک و تاران و سەردەشتدا بوو. عومەر دەبابەش چەند جار سەردانی ئێرانی کرد. ناوەندی ساواکیش لە سنە و مەریوان، هێڵی سەرسنووری خستبووە ژێر چاوەدێرییەوە، بۆ ئەوەی بزاڤی کوردەکانی عێراق کاریگەریی لە سەر کوردەکانی ئێران نەبێ.

پێش ڕووخانی قاسم، ژەنەڕاڵ عەبدولسەلام عارف، تاکە هاوکاری کودەتای ۱۹۵۸ی قاسم، لە بەندیخانە ئازاد بووبوو و بە هێمنی دانیشتبوو، بەڵام بە نهێنی دەستی کرد بە چالاکی لەگەڵ بەعسییەکان بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر، بەعسییەکان ئامادە بوون لە ئەزموونی ئەم کودەتاچییە بلیمەتە بەهرە وەربگرن. حیزبی بەعس کە لەگەڵ CIAیەکگەوتبوو، بە دڵنیایی و گەشبینییەوە چاوەڕوانی سەرکەوتنی ئەو کودەتایەبوو، ئەگەرچی لە سەرەتای شەستەکاندا بەختی خۆی تاقی کردبووەوە. لە بەغدا پەیوەندییەک لە نێوان بەعسییەکان و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرابوو و بە نهێنی چوونە لای ئیبراهیم ئەحمەد و پەیوەندیی ساز بوو. ئەوان داواکاری ئەوە بوون کە کوردەکان پشتگیرییان بکەن و بە هاوەدەنگی پێشوو لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا، دەیانویست لە ئوزموون و هێزی کوردە چەکدارەکان بەهرە وەربگرن.

لەو کاتەدا شەوکەت عەقراوی ئەندامی پارتی لە بەغدا بوو. ئەو بەردەوام بوو لەسەر نێوانگیری پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی بەعس. سالح یوسفی لەلایەن پارتییەوە بەردەوام سەردانی بەعسییەکانی دەکرد و لە گۆڕبوونەوە نهێنییەکاندا بەشداریی دەکرد. سەرەنجام لەسەر ئەوە یەک کەوتن کە لە ڕووخانی قاسم، گومانێک نەبێ. ئەمریکییەکانیش ڕۆڵێکی بەرچاویان لەم پلانەدا دەبینی. ئەفسەرانی باڵی ڕاست و بەعسییەکان، پەیوەندییەکی دیاریکراویان لەگەڵ پارتی دیموکرات نەبوو تەنیا دەیانویست ڕێگەچارەیەک بدۆزنەوە. بەعسییەکان هەر لە سەرەتاوە ئەم بەڵێنەیان بە پارتی دیموکرات دابوو کە لە حکومەتی بەعسدا، سیستمی لامەرکەزی دادەمەزرێ و دەدرێت بە کوردەکان، کۆمیتەی ناوەندی پارتییش ئەوەی پێ باش بوو، بەڵام بارزانی نەیدەویست و پێی زوێر دەبوو، بەم بۆنەیەوە ئیبراهیم ئەحمەد دەیویست بە نهێنی هاریکاریی بەعسییەکان بکات و بارزانی ئاگاداری ئەو پەیوەندییانە نەبێ. دواجار بارزانی، ئیبراهیم ئەحمەدی تاوانبار دەکرد بە ئەڵقەلەگوێی بەریتانیا و تەنانەت ڕووخانی قاسم و کودەتای بەعسی بە ئینگلیزیی دادەنا.

کۆمۆنیستەکان بە مەبەستی دژایەتیکردن لەگەڵ عەبدولناسر، پشتگیرییان لە قاسم دەکرد. ئەڵبەت ناسر خۆی پەیوەندیی لەگەڵ سۆڤیەتدا دامەزراندبوو، بەڵام سۆڤیەت

نەیدەویست کە میسر و سووریا لەیەک نزیک ببنەوە و کۆماری یەککگرتووی عەرەبی دامەزرێنن. بۆیە خوازیاری ئەوە بوو کە سووریا وەکوو ولاتێکی سەربەخۆ، لایەنگری کۆمۆنیزم بێ و کەسانی وەکوو خالید بەگداش و ... کاربەدەست بن. دەربارەی عێراقیش کە بچێتە رێزی کۆماری یەککگرتووی عەرەبی، بە دڵی سۆڤیەت نەبوو. کارمەندانی باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە بەغدا، لەو باوەڕەدا بوون کە دۆخی حکومەتی قاسم باش نییە. ساواکی ئێران و CIA ی ئەمەریکا، پەیوەندیی ئیبراهیم ئەحمەد و حیزبی بەعسیان بۆ دەرکەوتبوو. بە هۆی ئەوە کە زۆر لە ئیبراهیم ئەحمەد بێزار بوون، ژنێک دەنێرن بۆ باڵیۆزخانەی سۆڤیەت و لە هەموو شتێک ئاگاداریان دەکەنەوە.

نوێنەری ساواک لە بەغدا دەڵێ "ئەو کەسەی نێوانی پارتی بوو هاتە لای من و گوتی: لایەنگرانی ئێمە لەگەڵ چەند کەسێکدا ڕووبەڕوو بوونەتەوە کە بارزانین و خۆیان و خانەوادەیان لە ڕوس دەژین. ئەم کەسانە کە لەڕاستیدا چەک بەدەستن و دەبێ ئێستا لەشاخ و کێو و بەرەکانی جەنگدا بن، بۆ ئێمە زۆر سەیر بوو کە ئەمانە لە بەغدا چی دەکەن، چونکە هەموو جوولانەوەیەکی ئەوان لە لایەن نوێنەری سەربازیی حکومەتی ئێران لەو ناوچەدا بە ئێمە ڕادەگەیاندرا و پێویست بە سەفەرکردن بۆ شارێکی وەکوو بەغدا نەبوو. پاش بەدواچوونی نهێنی زۆر، بۆمان دەرکەوت کە خێزانی یەکێک لەوانە کە ڕوسی بوو، لە بەغدا پەیوەندیی کردووە بە ئەندامێکی باڵیۆزخانەی ڕوسیا. بەشوێن ئەوەدا لەگەڵ ئەندامێکی سەربازیی پارتی قسەمان کرد کە لە باکوور بوو و ئەو ژنەی دەناسی، ئاگادار بووینەوە کە مانگی جارێک ئەو ژنە دێ بۆ بەغدا و پارەیەکی زۆر لە باڵیۆزخانە وەردەگرێ و لە ڕێگەی مێردەکەیەوە دەیگەیێنێتە دەست بارزانی. منیش زۆر پێم سەیر بوو و پرسیارم کرد ئەم شتە تا چ ڕادەیەک ڕاستە؟ لەڕاستیدا دەمویست بزانم کە ئەم وتانە بەبۆنەی دوژمنایەتی لەگەڵ بارزانی دەگوترێ، یان ڕاستە؟ ئەویش گوتی: ئەو پێشمەرگەیە کە زانیاریی لە ژنەکە بەدەست هێناوە، زۆر ڕاستگۆیە و جێگەی گومان نییە، هەروەها بە سوێندخواردن پێی لەسەر ئەو شتە داگرت. منیش گوتم: جارێکی دیکە بە شوێنیدا بچۆ و لە ئاکامەکەی ئاگادارم بکەرەوە. لە وەڵامی منیدا گوتی: ئەو ژنە مانگی جارێک دێت بۆ بەغدا، و تا ئەیەتەوە ناتوانین دیسان شوێنگیریی بکەین. ماوەی ۲۰ ڕۆژ تێپەڕ بوو بوو

دیسان هاتەوە بۆ لای من و هەر ئەو چیرۆکەی پێشووی گێڕایەوە و پێی لەسەر داگرت. منیش بە پەژارەیەکی زۆرەوە کەوتمە ناو بیرکردنەوە و گوتم دەبێ چی بکەین. ئەگەر ئەم ڕووداوە بە وڵاتەکەم ڕانەگەیێنم، دیارە خیانەتم کردووە، ئەگەریش ڕایبگەیێنم، ئەی باشە کێ دەبێ وەڵامی قورئانە واژۆکراوەکە بە شای ئێران بداتەوە. ئەڵبەت لە کۆبوونەوەی یەکەمدا کە پرۆژەکەم بە شای ئێران دا، داکۆکیم لەسەر ئەوەش کردبوو کە بارزانی بە هیچ شێوەیەک جێگەی بڕوا نییە، بەڵام بۆ ئەوە دەبێ کە بەهرەی لێ وەربگیردرێت. بە خێرایی چووم بۆ باکووری عێراق و سەردانی بارزانییم کرد و سەبارەت بەو مەسەلەیە گفتوگۆم لەگەڵ کرد و ئەوەشم بۆ ڕوونکردەوە کە هیچکەسێك ئاگای لەم شتە نییە و تارانیشم ئاگادار نەکردووەتەوە. بارزانی سەری لێ شێوا و گوتی: چەند کەس لە بارزانییەکان کە لەگەڵ من هاتبوون بۆ سۆڤیەت، ژنی ڕووسییان هەیە. ئەم کەسانە لە ڕێگەی پۆستی ئاساییەوە ناتوانن پەیوەندیی بە کەسوکاریانەوە بکەن. جارجار لە ڕێگەی باڵیۆزخانەوە دیاریی یان پارەیان بۆ دێت و یەکێکیان بە نوێنەرایەتی هەموویان دەچێ بۆ باڵیۆزخانە و ئەو شتانە وەردەگرێ. پاشان بەردەوام سوێندی دەخوارد و نکۆڵی لە وەرگرتنی پارە لە سۆڤیەت دەکرد. بەڵام کام سوێند و کام ئایەت؟ کێ بڕوای دەکرد؟ لە بەغدا ئاگادار بووم کە بارزانی لەگەڵ کاربەدەستانی باڵیۆزخانە و کۆنسولگەریی پەیوەندیی هەیە. لێکۆڵینەوەی زۆرترم کرد و بۆم ڕوون بووەوە کە ئەمە ڕاستە و پاشان کە چووم بۆ تاران، سەرۆکی ساواکم ئاگادار کردەوە.

ئەو دانی بەوەدا نا چەند کەس لەو بارزانییانەکە کاتی خۆی لەگەڵیدا چوونەتە سۆڤیەت، ژنی ڕووسییان هێناوە و بە هۆی کۆنترۆڵی ڕێکخراوە ئاسایشەکانی عێراق لەسەر وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، هەموو مانگێك یەکێك لە ژنە ڕووسەکان دەچێتە کۆنسولگەریی سۆڤیەت و نامە و پارە و شتەکان وەردەگرێ و دەیدات بە خاوەنەکانیان. کاتێك ئەمەم بیست، لە تاران پاکڕەوانم ئاگادار کردەوە. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە بە گشتی سااڵنێك لە هاریکاریی بارزانی و دەوڵەتی ئێران تێپەڕ نەبووبوو. لەو ماوەدا دەوڵەتی ئێران یارمەتی زۆری بارزانی و پێشمەرگەکانی دابوو. چەند مانگێك بوو کە بارزانی قورئانەکەی مۆر کردبوو

و ئەمەگداریی خۆی بە شا و دەوڵەتی ئێران ڕاگەیاندبوو. ئەمەیە واتای پیاوەتی و بەڵێن و وەفای مرۆڤانە؟

بیرم لە وتەکانی دەکردەوە کە زۆرینەی ئەوانە چەند ساڵە کەسوکاریان نەبینیوە، کە ڕەنگە بیانەوێت دەرفەتێکیان بەدەستبێنن تا سەرێك لە مالّ و کەسوکاریان بدەن و بە ڕۆحیەتێکی باشتر و چالاکتر ئامادەکاریی بکەن، من ناچاربووم نەمدەتوانی پێچەوانەی ئەسڵی داخوازییەکە و خواستەکەیان ببمەوە، بە بیانووی ئەوەی کە چۆن و بۆچی بەبێ ئاگاداریی پێشتری دەوڵەتی ئێران ئەم کارە و ئەو دەستپێخەرییەیان کردووە و سەبارەت بە ئاگربەست و دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، ناڕەزایەتی خۆم دەربڕی و گوتم: ئەمە بە پێچەوانەی یاسای برایەتی و وەفای دۆستییە، کە تۆ بەبێ ئاگاداریی دەوڵەت و شای ئێران ئاگربەست دەکەیت و لەگەڵ دەوڵەتی عێراق گفتوگۆت دەستپێکردووە. لە وەڵامدا گوتی: هەر بەو جۆرە کە قورئانەکەم واژۆ کردووە، بە زمانیش بەڵێنی دەدەم کە هیچ کاتێك کردەوەیەك ئەنجام نەدەم پێچەوانەی بەرژەوەندیی ئێران بێ. من بۆ ئەوە کە هیچ شتێك ئاشکرا نەبێ، لەگەڵ لێپرسراوانی پارتیش قسەم نەکردووە. هیچ گۆڕانکارییەك لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی من بەرانبەر دەوڵەتی ئێران بەدی نەهاتووە، بەڵام بە هۆی باری ئاسایش نەمتوانیووە تاران ئاگادار بکەمەوە. گوتم: لێپرسراوانی پارتییش دەربارەی ئاگربەست ناڕازین. گوتی: پارتی بە واتای منە. من سەرۆکم. سەرۆکایەتی بە ئەستۆی منە. عەشیرەت و سەرۆك عەشیرەت منم. ئەوەی خەبات دەکات لە ژێر فەرمانی منە. لێپرسراوانی پارتیش هەر غەڵەتێك پێیان خۆشە با بیکەن. لە کۆتاییدا گوتی: ڕێز و سڵاوی من بە پادشا و لێپرسراوانی ئێران ڕابگەیەنە و دڵنیایان بکە بەبێ بۆچوون و بەرژەوەندیی ئەوان هیچ کارێك ناکەم.

بەبێ ئەوە کە بڕوا بە قسەکانی بکەم لەوێ هاتمە دەرەوە. تەنیا شتێك کە داوام لێ کرد ئەوە بوو کە لانی کەم لە ڕێگەی سەرتیپ مەنسوور تاران ئاگادار بکاتەوە لە ئاکامی گفتوگۆکانی هەردوو لایەن. کاتێك گەڕامەوە بۆ بارەگای پارتی، لێپرسراوانم ئاگادار کردەوە لەو بارودۆخە و ئەوانیش لەو دۆخە زۆر ناڕازیی و زویر بوون، بەتایبەت کە بارزانی خۆی بە

تەنیا و سەرەڕۆیانە و بەبێ پرسی پارتی تاوی دابووە ئەو کارانە. عومەر دەبابە گوتی: عەبدولسەلام عارف جانتایەکی پەشی پڕ لە دیناری عێراقی بە نهێنی بۆ بارزانی ناردووە. دوای ماوەیەک شوێنگیریی و شوێنکەوتن، بۆمان دەرکەوت ئەو ژنە ڕووسە کە دەچوو بۆ باڵیۆزخانەی ڕووسیا، ئیتر ناچێت و کەسێکی دیکەیان لە جێگەی ئەو داناوە و لە ڕێگەیەکی دیکەوە دەچوو.

لە ڕاستیدا بارزانی پێویستی بەو پارەیە نەبوو و هەموو مانگێک مووچەی خۆی لە باڵیۆزخانەی سۆڤیەت وەردەگرت. هەروەها ساواکی ئێرانیش بە مەبەستی یارمەتیدانی مالّیی بە بزاڤی چەکدارانەی کوردستانی عێراق، پارەیەکی زۆری بە بارزانی دەدا و بەردەوامیش پێی دەدا. نوێنەری ساواک و ڕاپۆرتەکانی CIA ئەم مەبەستە پشتڕاست دەکەنەوە کە شای ئێران یارمەتی مالّیی زۆری بە بارزانی داوە. "خۆم لە سویسرا ژمارە حسابی بانکم بۆ کردەوە. هەر کە پارەیەکی لە شا وەردەگرت، واتە یارمەتی مالّی بۆ شۆڕشی کوردەکان، نیوەی دەخستە ناو ئەو ژمارە حسابە و بیانووشی ئەوە بوو کە دەیگوت: ئەگەر شتێک ڕوو بدات و ئێوە نەبن، بانکەم ژمارە لەبەر دەستی ئێمەدا بێ.. "کلیلی سندووقی هەموو پارەکان بە دەستی بارزانی بوو بە دڵی خۆی و زۆر بێبەزەییانە بەشێکی زۆری دەنارد بانکی سویسرا. دواجار پاش مەرگی خۆی، یەک سەنت لەو پارانە بە کوردەکان نەگەییشت بێجگە لە خۆی و بنەماڵەکەی نەبێ. کارناسی CIA لە تاران، هۆشداریی بە ساواک دابوو دەربارەی پشتگیریی زۆری مالّی بە بارزانی و ئەوەی بە باش نەزانیبوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە فەرمانی ڕاستەوخۆی شا بوو، کەس نەیدەتوانی دژایەتی دەربڕێ.

باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لێپرسراوانی باڵای حیزبی کۆمۆنیستی لە ڕووداوێکی دڵتەزێن ئاگادار کردەوە و حیزبی کۆمۆنیستی عێراقیش هەستی بە مەترسی دەکرد کە لەوانەیە بەم زوانە کودەتایەکی سەرکەوتوو ڕوو بدات. بەم بۆنەیەوە ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە و هۆشداریی بە قاسم دا کە خۆی باشتر ئامادە بکات بۆ بەرگریی و وریای سوپا و فەرمانگە حکومەتییەکان بێ. ئەوان هەروەها داوایان لە قاسم کرد کە بە خێرایی لە ناو سوپادا

پاکسازییەك بکات و ئەوانەی گومانیان لێدەکرێ، لەسەر کار لایان بدات. ئەگەرچی کۆمۆنیستەکان ئاگادارییەکی وردبینانەیان لەو کودەتایە نەبوو، بەڵام داوایان لە خەڵك کرد کە وریا و ئاگاداری بارودۆخ بن و بەرپەرچی ئەو هەڕەشانە بدەنەوە. بەڵام ئەمجارەش قاسم سوار گای هار بووبوو و گوێڕایەڵی ئەو هۆشدارییانە نەبوو، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لە ساڵی ١٩٦٣دا پەیوەندیی قاسم و ڕوسیا سەرلەنوێ دەستی پێکردبووەوە.

لە ٨ی شووباتی ١٩٦٣دا پیلان و ئاژاوەی کودەتا لە بەغدا بەئاکام گەییشت. کۆمەڵێك دەبابە هێرشیان کردە سەر وەزارەتی بەرگریی لە (ئەبوو غرێب). لە سەرەتاوە قاسم خۆڕاگریی کرد، بەڵام پاشان خۆی بەدەستەوە دا. قاسم لە خانووەکەی خۆیدا بوو کە دەستبەسەر کرا و پاشان لە دادگایەکی نیوسەعاتەی شۆڕشدا بە سەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ عەبدولسەلام عارف، حوکمی لەسێدارەدانی پێدرا. حوکمەکە لە بینای دارماوی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا بەڕێوە چوو. ئەو کەسەی کە پێنج ساڵ لەوەپێش بە تیر و خوێن دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو و ڕەنگە ئەم وتەی شای ئێران لە گوێدا پەنگی خواردبێتەوە "تاج لەسەر خوێن بەردەوام نابێت". هەواڵ و دیمەنی لەسێدارەدان، لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی بەغدا بڵاو بووەوە و هەموو خەڵکی جیهان لەو ڕووداوە ئاگادار بوونەوە. کاتێك دیمەنی تەرمی تیربارانکراوی قاسم لە تەلەڤزیۆنی عێراقدا بڵاو بووەوە، واشنتۆن بەخێرایی خۆی وەکوو هاوڕێی ڕژێمی نوێ ناساند، ئەگەرچی ئەمەریکا بڕوایەکی ئەوتۆی بە ئەندامانی حیزبی بەعس نەبوو. (ڕۆبەرت کۆمێر) هاوکاری ئەنجومەنی نەتەوەیی ئاسایش، ڕۆژێك پاش کودەتاکە نامەیەکی بۆ جۆن کەنەدی سەرۆکی ئەمەریکا نووسی و تێیدا ئەم مەبەستەی دەستنیشان کرد "بێگومان بە سوودی ئێمەیە". کاتێك قاسم کوژرا ١٤ دینار لە گیرفانیدا بوو، ئەمە پیشاندەری ئەوە بوو کە ئەو مرۆڤێکی دز و لایەنگری گەندەڵی نەبوو[٦٨].

کوردەکان شاد بوون بە بینینی ڕووخانی ڕژێمی قاسم و دیمەنی لەسێدارەدان و تەرمە خوێناوییەکەی کە لە تەلەڤزیۆندا بڵاو دەبووەوە. چونکە ئەوبوو کە زێدی کوردەکانی کردە گۆمی خوێن. ڕەنگە جێگەی بڕوا نەبێ و هیچ کاتێك پێش بینی نەکرابێت ئەو دیمەنە پاش ٤٠ ساڵ لە ڕۆژی ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠٠٦ بۆ پیاوی ژمارە یەکی حیزبی بەعس (سەدام حسێن)

دووپات ببێتەوە و چەند ملیۆن کەس لە عێراقدا دیمەنی هەڵواسین و لەسێدارەدانی ئەو بە تاسەیەکی سەیرەوە ببینن. ئەمە نەریتێکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین کە هەندێ کەس دیمەنی لەسێدارەدان، بۆیان هەستبزوێنە. لە هەموو کودەتاکاندا، سەرۆکانی نوێ بە مەبەستی دامرکاندنەوەی بڵێسەی ئاگری ڕق و تووڕەیی، سەیری لەسێدارەدانی نەیارانیان دەکرد.

حیزبی بەعس لە ٨ی شووباتی ١٩٦٣دا، بە یارمەتی ئەفسەرانی لایەنگری یەکێتی عەرەب و ناسریست، بە کودەتایەک دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. بە واتایەکی تر حکومەتی عەبدولکەریم قاسم لە شووباتی ١٩٦٣دا، بە هۆی کودەتای ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارف لەناو چوو، هەر ئەو کەسەی کە ماوەیەک لەوەپێش قاسم لێی خۆش بووبوو و لە زیندان ئازادی کردبوو. لەڕاستیدا عارف، خوێنی هاوڕێی پێشووی خۆی ڕشت و سەلماندی کە ئەوکەسەی هەوڵ دەدات بۆ دانیشتن لەسەر تەختی هێز و دەسەڵات، برادەر ناناسێ. ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارف خاوەنی بیرێی پان عەرەبیسم و لایەنگری بەتینی میسر و جەمال عەبدولناسر و بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی بوو. لەوەبەدواوە ڕەوتی کودەتا لە عێراقدا وەکوو نەریتێك خۆی دەنواند و بەردەوام بوو. لە پشتی پەردەی ئەم کودەتا تازەیە، سێبەری بەعسییەکان و نەتەوەپەرەستانی عەرەب بەدی دەکرا، چونکە ئەوانی دیکە واتە کۆمۆنیستەکان و تەنانەت لایەنگرانی ناسر، لەو ئاستەدا نەبوون. عارف سوار شەپۆلێك بوو کە بەعسییەکان دژی قاسم سازیان کردبوو. ئەو بە یارمەتی ئەفسەرانی بەعسی وەکوو ژەنەراڵ حەسەن بەکر، کودەتایان بە سەرکەوتن گەیاند و عەبدولکەریم قاسمیان لەسێدارە دا.

لە سەرەتاوە عارف کە بەعسی نەبوو، گەییشتە پلەی (فیلد مارشاڵ) و لەسەر کورسی سەرۆك کۆماریی پاڵی لێدایەوە و ئەحمەد حەسەن بەکریش بوو بە سەرۆك وەزیران. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین تۆندڕەوترین حیزبی ناسیۆنالیستی عەرەب واتە حیزبی بەعسی سوسیالیستی عەرەب بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر هاتە ناو دەسەڵاتەوە. بەڵام تەمەنی حیزبی بەعس کورت بوو. حکومەتی سەربازیی یان خونتای بەعسی[٧١]، ناوی خۆی کرد بە ئەنجومەنی نەتەوەیی سەرۆکایەتی شۆڕش[٧٢]، بەڵام عارف و هیچ کەس و گرووپێك

توانا و دەسەلاتیان نەبوو. بارودۆخی سیاسی شلەژاو بوو کە ڕووخانی ڕژێمی لە مانگی ترشینی دووەم لێکەوتەوە و پاش کودەتای خوێناوی دژی قاسم، ڕژێمێکی بێسەروبەرە هاتە سەر کار. لە سەرەتاوە عارف هەتا نۆ مانگی یەکەمی دەسەلات، هاوکار و یاریدەری بەعسییەکان بوو، بەڵام دوای ماوەیەک لێیان هەڵگەڕایەوە و دووبەرەکی کەوتە نێوان عارف و حەسەن بەکر. کێشەی نێوان عارف و ئەفسەرانی لایەنگری ناسر بوو بە هۆکارێک کە ئەحمەد حەسەن بەکر لەسەر کار لابچێ. هاوکات لەگەڵ ئەوە، عارف زۆربەی ناودارانی بەعسی لەسەر کار لابرد و پاشان دەستی کرد بە چەکداماڵینی کادیرەکانی حیزب و تەنانەت هەندێکیشیان کەوتنە زیندانەوە. بەعسییەکان نەیانتوانی بە گشتی دەست بەسەر بارودۆخدا بگرن و هەر لەو کاتەشدا ژەنەڕاڵ عارف لە یارمەتی براکەی واتە ژەنەڕاڵ عەبدولڕەحمان عارف بەهرەمەند بوو و لە ۱۸ی تشرینی دووەمی ۱۹۶۳دا، کۆنترۆڵی عێراقی بەدەستەوە گرت. ئەگەرچی دواجار لە ۱۷ی تەمووزی ۱۹۶۸دا، دیسان بەعس و حەسەن بەکر دەسەلاتیان بەدەستەوەگرت و لە قوتابخانەی ئەواندا سەدام پەروەردە بوو.

کاتێک حکومەتی سەربازیی عەبدولسەلام عارف دەسەلاتی بەدەستەوە گرت، هیچ پلان و پرۆژەیەکی پۆزەتیڤی نەبوو و سیاسەتەکانی دەتوان بە هۆی تێپەڕبوونی کات و سات گۆڕانکاریی بەسەردا دەهات. لە سەرەتاوە حیزبی بەعس لە پشت سەری عارفەوە حکومەتی دەکرد و زۆر بە توندی بەرەنگاری نەیاران دەبووەوە. حیزبی بەعس لە سەردەمی نۆ مانگ دەسەلاتدا، واتە هەتا ۱۸ی تشرینی دووەم، چەند سیاسەتی بنەڕەتی و ستراتژی لەبەرچاو گرتبوو کە بریتی بوون لە: کوشتنی کۆمۆنیستەکان، پاکتاوکردنی کوردەکان، بەعەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکان، و پاشان کوشتاری شیعەکان. هەر ئەو سیاسەتە کە دواجار لە هەندێ لە وڵاتانی ئەو ناوچەدا دووپات بووەوە.

لەڕاستیدا عەبدولسەلام عارف یەکەم کەسێک بوو کە چەمکی تایفەگەریی بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بەرجەستە کرد. پاش وەلانانی بەعسییەکان کە جادەیان بۆ ڕێککردبوو و نەیارانیان بۆ سەرکوتکردبوو و هەموو لایەکیان چاوترسێن کردبوو، گوتی: ئامانجی ڕاستەقینەی شۆڕشی ۱۹۵۸ شوێنگیریی دەکات. "ئێمە دەبوو شۆڕشەکەمان ڕزگار بکردایە و سێ گرووپی شیعە و کورد و مەسیحی دەستەوسان بکەین". لە ڕوانگەی ئەو، دەوڵەتی

نوێ دەبوو هەر لە ژێر دەسەلاتی عەرەبی سوننەدا بووایە. بەڵام زۆری پێ نەچوو کە دیکتاتۆریی سەربازیی دامەزرا و هەموو ڕێکخراوە کرێکارییەکان و پارتە سیاسییەکان و بەتایبەت حیزبی بەعسی هەڵوەشاندەوە و لە جێگەی ئەوانە تەنیا یەک حیزبی لایەنگری میسری دامەزراند بە ناوی (یەکێتی سۆشیالیستی عەرەب). بەم شێوەیە دەسەلات کەوتە دەست هێزێکی یەکگرتوو کە لە لایەنگرانی ناسر و حیزبی بەعس پێکهاتبوو. سەردەمی دەسەلاتی لایەنگرانی ناسر کە ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارفیش خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەقینە پشتگیریی لێدەکردن، لەو کاتەوە دەستی پێکرد و چالاکییەکانیان پەرەی سەند. بە یارمەتی CIA پەیوەندییەکانی عێراق و میسر بەرەو باشی چوو، ئەگەرچی پێشتر میسر و سووریا یەکیان گرتبوو. هەر کە شۆڕشی ١٩٦٣ ڕووی دا، ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارف چوو بۆ قاهیرە و یەکێتییەکی نیوە چڵی لەگەڵ پێکهێنا. CIA هیچ کاتێک دانی نەنا بە دەوری خۆی لەو کودەتایەدا، بەڵام دواجار ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نەتەوەیی ئاسایشی ئەمەریکا لە سەردەمی کارتەر لە فلۆریدا ئەم مەبەستەی ئاشکرا کرد، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هەندێ لە ئەندامانی ساواک لەو باوەڕەدا بوون عەبدولناسر دەستی بالای هەبووە لە ئامادەکاریی و جێبەجێکردنی کودەتاکە.

بەعسییەکان ڕێکخراوێکی نیوە سەربازییان پێکهێنابوو بە ناوی (گاردی نەتەوەیی) کە دوای ماوەیەک بوو بە ئامێرێك بۆ تیرۆری کۆمۆنیستەکان. هەروەها دادگایەکی سەربازییان ساز دابوو و ژمارەیەکی زۆری کۆمۆنیستەکانیان لەسێدارە دا. کوشتوبڕی لەڕادەبەدەری کۆمۆنیستەکانی عێراق لەو سەردەمەی مێژووی هاوچەرخی عێراقدا زۆر بەناوبانگە. پێشبینییەکانی ئەوان دەربارەی کودەتای سەربازیی ڕاستبوو و سەردەمێکی تاریك و شەوەزەنگی بۆ کۆمۆنیستەکان بەدی هێنا. هەندێ کەس بەبۆنەی ئەوەوە کە ئەوان دژی بەعسییەکان بوون، کوشتاری بێبەزەییانەی خۆیان دەست پێکرد. ئەگەرچی لە ساڵی ١٩٦٣دا پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕوسیا دیسان دامەزرابووەوە، بەڵام پاش کوشتنی قاسم و هاتنی عارف، دۆخەکە گۆڕانکاریی بەسەردا هات. خاڵێکی سەرنجڕاکێش لەو بارودۆخەدا ئەوەبوو کە یەکێتی سۆڤیەت پەیامی پیرۆزبایی و پشتگیریی بۆ سەرۆکایەتی کودەتا لە بەغدا نارد، هەر ئەو بەغدایە کە ناوبانگی بە قەڵای کۆمۆنیستەکان دەرکردبوو. ڕوسیا

نەیدەزانی کە ئەمەریکا چ سیاسەتێکی بۆ بەعسییەکان داڕشتووە. بەڵام پەیوەندییەکانی بەغدا و مۆسکۆ دوای کودەتاکە و لە سەردەمی دەوڵەتی بەعسییەکاندا واتە لە سەردەمی ژەنەڕاڵ عەبدولسەلام باشتر بووبوو. چونکە عارف ئەگەرچی دژی کۆمۆنیستەکان بوو، بەڵام هەڵوێستی دژەکۆمۆنیستی ئەو، وەکوو بەعسییەکان ڕقاویی و پڕ لە قین نەبوو. ئەنجومەنی شۆڕش بریتیبوو لە نەتەوەپەرەستان، دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت و بە شێوەیەکی خوێناویی تۆڵەسەندنەوە لە کۆمۆنیستەکان دەستی پێکرد. کاتێک حیزبی بەعس هەموو دەسەڵاتێکی خستە پاوانی خۆی و قاسمی لەسێدارە دا، حکومەتێکی پڕ لە ترس و تۆقاندنی دژی نەیاران، بەتایبەت حیزبی کۆمۆنیست و لایەنگرانی، دامەزراند و تیرۆری دەستپێکرد. کارگێڕانی CIA لە بەغدا ناوی ئەوکەسانەی بە پۆلیسی عێراق دەدا کە گومانیان لێدەکرا چەپ و کۆمۆنیست بن. لە ساڵی ١٩٦٤دا، سەدام بواری ئەوەی بۆ ڕەخسابوو کە بگەڕێتەوە بۆ بەغدا. پاشان گەڕایەوە بۆ بەغدا و هاتنەوەیشی هاوکات بوو لەگەڵ چەند ڕووداوی تازە کە یەکیان کودەتای ١٤ی تەمووزی ١٩٦٣ لە لایەن عەبدولسەلام عارفەوە دژی هاوڕێی دێرینی خۆی عەبدولکەریم قاسم بوو، لەم ناوەدا نابێ دژایەتی ڕۆژئاوا لەگەڵ دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم لەبەرچاو نەگرین. لە ساڵی ١٩٦٣دا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەستی بە مەترسی کرد کە قاسم لە مۆسکۆ نزیک ببێتەوە و نەوتی عێراقیش خۆمالّی بکات، هەر بۆیە بڕیاری دا دەست بخاتە ناو کاروباری عێراقەوە. بەم بۆنەیەوە لە ٨ی شووباتی هەر ئەو ساڵەدا پشتگیریی لە حیزبی بەعس کرد، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە هیچ لایەنێک بە ڕادەی بەعسییەکان دژی کۆمۆنیست نەبوو. (جەیمز ئاکینز) کە دوای کودەتاکەی ١٤ی تەمووز، بێ وچان خۆی گەیاندە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا دەڵێ "ئێمە پارە و ئامێری زۆرمان بە بەعسییەکان دابوو، بەڵام دیار نەبوو و دەرنەکەوتبوو؛ زۆربەی ئێمە بەو کارەمان دەزانی". پاش لەسێدارەدانی قاسم هەر بە خێرایی کوشتوبڕی چەپ و کۆمۆنیستەکانی عێراق دەستی پێکرد. لەم ناوەدا هەڵکەوتەکانی بڵۆکی ڕۆژهەڵات هەر لە پزیشک و ئەندازیار و مامۆستای زانکۆوە بگرە هەتا کرێکار و وەرزێر و... دەستگیر کران یان کوژران. یەکێک لەو کەسانە کە دەستی بالآیەبوو لە کوشتارەکاندا، عەبدوڵڵا هاتف بوو کە دواجار گوتی "ئێمە تەنیا یەک فەرمانمان پێدرابوو: کۆمۆنیستەکان بە تێکڕایی بکوژن! لەم ناوەدا سەدام حسێنی گەنج زۆر بەتاو

بوو. ئەو بەرپرسیاری ئەشکەنجەی کرێکاران بوو. سکی ئەوانی پڕ لە ئاو دەکرد تا لەشیان بماسێ، ئێسکەکانیانی ورد دەکرد و یان بە کارەبا ئەشکەنجەی دەدان".

دیاربوو بەعسییەکان بەر لەوەی دەسەلآت بگرنەدەست، لیستێکی دوورودرێژیان لە ناوی کۆمۆنیستەکان و لایەنگرانیان بەدەستەوە بوو. شاحسێنی پاشای ئوردن، لەگەڵ موحەممەد حەسەنەین هەیکەل[۷۳]، سەرنووسەری رۆژنامەی بەناوبانگی ئەلئەهرامی قاهیرە، گفتوگۆیەکی وردژێنەری کرد و CIAی ئەمریکای تاوانبار کرد بەوەی لەگەڵ ئەندامە بەناوبانگەکان و سەرکردە بەتواناکانی حیزبی بەعسدا پەیوەندیی هەبووە و ناو و ناونیشانی هەموو ئەو کەسانەی بە کودەتاچییەکان داوە کە تاوانبار بوون بە کۆمۆنیستبوون. بەعسییەکان بە هۆی ئەو لیستەوە زۆر کەسیان تیرۆر کردووە. سەدام حسێنیش ئەفسەری تایبەتی ئەشکەنجە و لەسێدارەدان بوو. سەدان مامۆستا و دکتۆر و پارێزەر و ئەندازیار و... بە ناوی کەسایەتی سیاسی پڕمەترسی ناسێندران. ئەمریکا چەک و ئامێری سەربازیی بۆ حکومەتی نوێی عێراق نارد، بۆ ئەوەی بێجگە لە ڕووخاندنی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم، خۆشیانی پێ جێگیر و دامەزراو بکەن. ئەو چەکانە پاش سەرکوتکردنی کۆمۆنیستەکان، دژی کوردەکان بەکار هێندران. ئەمریکا و بەریتانیا بە هۆی نەوت و سەرچاوەکانی دیکەوە لە عێراقدا بەرژەوەندیی ئابووریی چاکیان دەستکەوتبوو. کودەتاچییەکان داوای ئامێری پێشکەوتووی جاسوسییان لە ئەمریکا دەکرد و هەروەها خوازیاری فڕۆکەی جەنگی میگ و دەبابەی ڕووسی بوون. یەکێک لە لێپرسراوە دیبلۆماسییەکانی پێشووی ئەمریکا، گوتی "بەڕاستی ئێمە دڵخۆشین کە لەدەست کۆمۆنیستەکان ڕزگار دەبین! بە بڕوای ئێوە، ئایا ئەوان شایستەی دادپەروەرییەکی بالآ بوون؟ گالتە دەکەی. پرسەکە زۆر گرنگتر لەو قسانەبوو". ڕاپۆرتێکی بلاوننەکراوی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی نێوان ئەمریکییەکان و بەعسییەکان لە ۹ی حوزەیرانی ۱۹۶۳ لە بەغدا، باس لە ئامانجی هاوبەشی "نەهێشتنی کۆمۆنیزم لەم ناوچەدا" دەکات و ئەم بەلگەیە ڕاستیی پرسەکە دەسەلمێنێ.

لەو سەردەمەی کوشتاری کۆمۆنیستەکان، سیاسەتی دژەکۆمۆنیستیی بەعسییەکان بە پادەیەک زۆر توند گەیشت کە ئەمجارەیان مۆسکۆ کاردانەوەی پیشان دا و لە ئاکامدا پەیوەندییەکانی مۆسکۆ و بەغدا تێکچوو. پێشتر و لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم، کاتێک کۆمۆنیستەکان دەکەوتنە ژێر فشارەوە، مۆسکۆ بێدەنگ دەبوو، بەڵام ئەمجارە بەرهەڵستیی پیشان دا و عێراقی لە چەک بێبەش کرد. پەیوەندیی زۆر وڵاتی بلۆکی ڕۆژهەڵات، وەکوو بولگاریا و ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا، بەرەو ئاڵۆزیی چوو. میشێل عەفلەق، ناڕەزایی و نیگەرانی خۆی لە کردەوەی بەعسییەکان دژی کۆمۆنیستەکان دەربڕی و تاوانباری کردن بە خوێنڕشتن و تیرۆر. کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ۱۹۵۸دا، ڕێگەی خۆش کردبوو بۆ پێشخستنی هەڵوێستەکانی سۆڤێت لەو ناوچەدا. دیارە چالاکیی کۆمۆنیستەکان بەرفراوانتر بووبوو، ئەمەش بەرژەوەندیی ڕۆژئاوای خستبووە مەترسییەوە. بەڵام ئەمریکا هەوڵی دەدا شای ئێران و دەوڵەتی ئەردەن بەهێزتر بکات، هەر لەو کاتەشدا لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە بەرەبەرە تەشەنە بکاتە ناو سوپای عێراق و ئەو لایەنانە کە دڵیان بە لای سۆڤێتدا دەچێ، واتە ناسیۆنالیستە عەرەبەکان، پاشگەز بکاتەوە و عەبدولکەریم قاسم لە دەسەڵات بکەوێ. باڵیۆزی سۆڤێت لە عێراق ڕایگەیاند: دەوڵەتی سۆڤێت ئامادەیە هەر چەشنە یارمەتییەک پێشکەش بە دەوڵەتی عێراق لە چوارچێوەی پەیماننامەکاندا، بکات. بەم بۆیەنەوە عەبدولڕەحمان عارفی بۆ سەرۆک کۆماری عێراق، لە مانگی حوزەیرانی ۱۹٦٤دا، لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە لە کارناسانی سوپای عێراق، سەردانی سۆڤێتیان کرد.

لەو سەفەرەدا، سۆڤێت ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی ئەفسەران و پلەدارانی عێراقی. بێجگە لە میسرییەکان، نزیکەی ۲۵۰۰ کادیری سەربازیی سۆڤێت چوونە عێراق و کەوتنە بەهێزکردنی سوپای ئەو وڵاتە و هەروەها پێکهێنانی ڕێکخراوە گرنگە سەربازییەکانی عێراق. لە لایەکی ترەوە، لە ڕووانگەی مۆسکۆوە: بەغدا ڕەوتی گەشەپێدانی پێچەوانەی سەرمایەداریی گرتبووەبەر. سیاسەتی عارف کە پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ میسر دامەزراندبوو، لە لایەن سۆڤێتەوە پێشوازیی لێدەکرا و بە مامەڵەیەکی دیموکراتییانە و پێشکەوتووی دەزانی. عارف لە ڕووی ئابوورییەوە پەیڕەویی لە میسر

دەکرد. لە تەموزی ١٩٦٤دا، هەموو بانک و رێکخراوەکانی بیمە و ٣٠ رێکخراوی پیشەسازی و سەودای خۆمالّیی راگەیاند. بەراوردی ئەوە کراوە کە تا ناوەڕاستی سالّی ١٩٦٥، نزیکەی ٥٥٪ی بازرگانیی دەرەکی لە ٧٥٪ی پیشەسازیی عێراق لەدەستی دەوڵەتدا بووە. لە سالّی ١٩٦٣دا، پەیوەندیی میسر و یەکێتیی سۆڤێت ئارامتر بووەوە. سۆڤێت زۆر پازیبوو لە (پەیمانی بەرنامەی نەتەوەیی) کە جەمال عەبدولناسر لە کۆنگرەی یەکێتیی سۆشیالیستی عەرەب و لە لێدوانێکی پێنج سەعاتیی پۆژی ٣١ی مانگی ئایار، هێنایە ئاراوە. هاوکات لەگەلّ ئەوەی سۆڤێت هێشتا بڕوای بەوە نەبوو کە میسر لە چ ڕیز و ئاستێکدا دابنێت، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا ڕێزێکی تایبەتییان بۆ ئەو ولاّتە هەبوو. لەو پایزەدا قەیرانی کوبا دەستی پێکرد و تا ماوەیەک پەیوەندییەکان پچڕابوون. پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک و لەبیرچوونەوەی قەیرانی کوبا، ڕووسییەکان جارێکی دیکە ئاوڕیان لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست دایەوە و لەگەلّ کێشەیەکی تازەدا ڕووبەڕووی کێشەیەکی تازە بوونەوە، واتە کێشەی (یەمەن). شۆڕشێک کە لە یەمەن ڕووی دابوو، ڕژێمی پاشایەتیی لە دەسەلاّت خستبوو. لە ئەیلوولی ١٩٦٢دا، گەیشتە ڕادەی شەڕی ماڵ بەماڵ. کاتێک مانگی تشرینی یەکەم هاتە پێشەوە، تا ڕادەیەک میسر گیرۆدەی جەنگی یەمەن بوو و چووە پاڵ کۆماریخوازەکان.

لە ڕووی سیاسەتی دەرەکییەوە، پەیوەندیی ئێران و عێراق لە سەردەمی بەعسدا باشتر بوو. لە لایەکەوە ئێران پێشوازیی لە ڕووخانی عەبدولکەریم قاسم کرد و بە بۆچوونی ساواک ڕژێمی نوێ، لانی کەم دژی کۆمۆنیستە و خوازیاری دۆستایەتی لەگەلّ ڕۆژئاوا و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەتی و لەگەلّ ئێران و تورکیادایە، لە لایەکی تەرەوە سیاسەتی دژەکۆمۆنیستی و دژە جەمال عەبدولناسریی حیزبی بەعس، لە سوودی تاران بوو. ئەم سیاسەتە بە شێوەیەک پەرەی سەند کە تاران هاوکاریی بەعسی دەکرد بۆ دەستگیرکردن و شوێنگیریی ئەو کۆمۆنیستانەی عێراق کە خۆیان دەرباز دەکرد بۆ سۆڤێت. پاش ڕووخانی دەسەلاّتەکەی عەبدولکەریم قاسم، سەردەمی ئارامیی نێوان هەردوو ولاّتدا دەستی پێکرد، کە پێنج سالّ بەردەوام بوو. لەو سەردەمەدا کەفوکوڵی هەستی ناسیۆنالیستی لە عێراقدا نیشتەوە و بەربەستێک لەبەردەم ڕادیکالیزمی ڕژێمی پێشوودا دروستبوو. عەبدولسەلام عارف و عەبدولڕەحمان عارف، کە بە دوای یەکدا لە ساڵەکانی ١٩٦٣ و ١٩٦٦ لە عێراقدا

دەسەلاتیان گرتەدەست، سیاسەتێکی میانڕەوانە و مامناوەندییان گرتە بەر، ئەمەش وای کرد ئێران و عێراق لەسەر زۆر مەبەست ڕێککەون. ئەگەرچی لەو سەردەمەدا دیسان کێشەی (ئەروەندرووود) یان شەتولعەرەب سەرهەڵدابووەوە و بۆ یەکەم جار عێراق ناوی کەنداوی فارسی[۷۵] کرد بە کەنداوی عەرەب. ئێران نەیتوانی لەگەڵ ڕژێمی عارفدا ئەو کێشانە چارەسەر بکات و چەمکی خوزستان و کەنداوی فارس، شێوازێکی تازەی بەخۆوە بینی. عارف ئێرانی تاوانبار دەکرد بەوەی دەستی هەیە لە هاندان و یارمەتیدانی شۆڕشی چەکدارانەی کوردەکانی عێراقدا. پاشان عێراق میسری هان دا ئازاری ئێرانییەکانی دانیشتووی میسر بدات و تۆمەتی سیخوڕییان بداتە پاڵ، هەروەها گەشتیارە ئێرانییەکان لە عێراق، وەکوو سیخوڕ سەیر بکات و بە کۆڵەکەی پێنجەمی دوژمنیان دابنێت. عارف لە لایەکەوە گیرۆدەی کێشە بوو لەگەڵ حوزەی نەجەف و لەم لایشەوە بەرەنگاری کوردەکان بووبووەوە. بێجگە لەوەی لەگەڵ میسر و سووریاش کێشەی تایبەتی هەبوو، خۆیشی خستە ناو زۆنگاوی ئێرانەوە.

هەوڵنامەی کتێب

عەبدولسەلام عارف لایەنگری یەکێتیی عەرەبەکان بوو. هەر بۆیە لە ساڵی ۱۹۶۳دا، بە مەبەستی پێکهێنانی فدراسیۆنێك، چەند گفتوگۆیەکی لەگەڵ کۆماری یەکگرتووی عەرەبی (میسر) ئەنجام دا. لەو قۆناغەدا پرسی سیاسیی زۆر گرنگ و ستراتیژی تاوتوێ کران کە پەیوەندییان بە ڕەوتی بەعەرەبکردنەوە هەبوو و بۆ ولاتانی ئەندامی یەکێتیی عەرەب، کە بریتیبوون لە: میسر و سووریا و عێراق. دوای ماوەیەك حیزبی بەعس لە سووریا دەسەلاتی گرتەدەست. لە ساڵی ۱۹٦٤دا ڕێکەوتننامەیەکی واژۆ کرد بە مەبەستی هاوەدەنگیی سەربازی و ئابووری لە نێوان هەردوو ولاتدا. بە هۆی ئەو کێشە و دەستوەردانی میسر لە هەموو کاروبارێکی عێراق، دژایەتی و ناڕەزایەتییەکی زۆر لەناو خەڵکی عێراقدا سەریهەڵدا. شیعەکان کە گەورەترین گرووپی نەیاری ڕژێمی عارف بوون، چەند جارێك نیگەرانی و ناڕەزایەتیی خۆیان بەرانبەر ئەو ڕێکەوتننامەیە دەربڕی. فەرمانبەرانی میسری پاش مسۆگەرکردنی پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، دەستیان دایە بانگەشە و کاولکاریی لە ئێراندا. جەمال عەبدولناسریش پێشنیازی هەر چەشنە یارمەتی و هاوکارییەکی بۆ بارزانی کربوو، بە مەبەستی داگیرکردنی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و سەربەخۆیی کوردستان.

جەمال عەبدولناسر تا ئەو کاتەی کە عارف لە ڕەوتی بەرژەوەندییەکانیدا بوو، داوای لە کوردەکان دەکرد کە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراقدا بسازێن و ڕێکبکەون، بەڵام کاتێک عارف لە میسر هەلگەڕایەوە، پشتگیریی لە سەربەخۆیی کوردستان کرد.[٧٦]

لە ١٠ی شووباتی ١٩٦٤دا، ڕێکەوتنێک لە نێوان پارتیی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی ناوەنددا کرا، بەڵام نە بەعسییەکان و نە ناسیۆنالیستەکانی دیکە، هیچ گرنتییەکیان بە کورد نەدابوو. ئەوان تەنیا لەبیری یەککگرتن و ئامانجەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبدا بوون. پارتیی دیموکراتی کوردستان پەیوەندیی کرد بە دەستەیەک لە ئەفسەرانی ئازادەوە کە نەیاری عەبدولکەریم قاسم بوون و بەڵێنی ئاگربەستی پێدان ئەگەر بێتوو بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا سەربکەون. بەڵام کوشتار و جەنگ لە لایەن حکومەتەوە هەروەها بەسەر کوردەکاندا داسەپا و دەستی پێکردەوە. لە ساڵی ١٩٦٢دا، بەعسییەکان بەر لە کودەتاکە، پەیوەندییان بە کوردەکانەوە کرد. پارتیی دیموکراتی کوردستان گۆڕانکاریی لە هەڵوێستەکانیدا کرد و داوای لە ئەندامان و لایەنگرانی خۆی کرد کە بە مەبەستی ڕووخاندنی حکومەت، یارمەتیی بەعسییەکان بدەن. کۆمۆنیستە کوردەکانی نەیاری شۆڕش و بەشێک لە ئەفسەرە عەرەبەکانیش، لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا، دەستە دەستە بەرەو کوردستان دەرباز بوون و چوونە ڕیزی شۆڕشەوە، ئەڵبەت بە شەرم و ترسەوە، چونکە پێشتر دژایەتیی کورد و خەباتی پێشمەرگەیان دەکرد. دەربارەی کۆمۆنیستەکانیش، بۆچوونی کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکراتی کوردستان و بارزانی، جیاوازیی هەبوو. بارزانی لێیان خۆش بوو و ناوەند و بارەگای بۆ دروستکردن. پاش ڕووخانی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم، بەرەبەرە کوردەکان هەستیان بە مەترسی لە دەسەڵاتی بەعسییەکان دەکرد، هەر ئەو کوردانەی کە چەند ڕۆژ لەوەو پێش، لە دۆخێکی وەکوو ئاگربەستدا بوون.

لە شەوی دووەمدا، تەلەگرافی سالح یوسفی لە ڕادیۆدا خوێندرایەوە، کە ڕووخانی عەبدولکەریم قاسم و حکومەتی نوێی پشتڕاست کردەوە. دەتوانین بڵێین ئەمە جۆرێک لە دانپێدانان بوو بە کودەتادا لە لایەن پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە، کە هێشتا تیشکی

هیوا به رێککەوتن لەگەڵ بەعسییەکان بەدی دەکرا. چەند وەزیرێکی کورد دیاری کران و وەفدێك لە لایەن پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە ـ واتە لە لایەن خودی بارزانییەوە ـ بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەت، بەرەو بەغدا بەڕێخران، کە سەرۆکایەتیی ئەو وەفدە لە ئەستۆی مام جەلالدا بوو. ئەوان لە سلێمانییەوە بە فڕۆکە چوونە بەغدا و لە هۆتێل (سەمیرامیس) نیشتەجێ بوون. ئەو وەفدە بە گرووپێکی ئاسایی ئەژمار دەکران. لەو بارودۆخەدا پێشمەرگەکان ژیانێکی زۆر نالەباریان هەبوو. حکومەت رایگەیاندبوو کە هەموو داخوازییەکی کوردەکان جێبەجێ دەکات. هیوای رێکەوتن لەگەڵ حکومەتی بەغدا زۆرتر بووبوو و بە ناچاری وەفدەکە ماوەیەکی زۆر لە بەغدا مایەوە. کاتێك بەعسییەکان هەر لە سەرەتاوە بە حکومەتی سەربازیی دەسەلاتیان گرتەدەست، ئامادەیی و بوارێکی ئەوتۆی بۆ کوردەکان نەبوو. حکومەت هەوڵی دا لە قۆناغی نوێی گفتوگۆ و مامەڵە لەگەڵ سەرکردەکانی کورد تێپەڕ ببێ. پاش چەند هەفتەیەك، یاسای نوێ ڕاگەیاندرا و بڕیار درا کە کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت. کاتێك حکومەتی نوێی عارف دەسەلاتی گرتەدەست، بارودۆخ گۆڕانکاریی بەسەردا دەهات. پێشبینی دەکرا بە هۆی پەیوەندیی دۆستانەی حکومەتەکانی عێراق و میسرەوە، دەوڵەتی نوێ ئامادە بێت مافی ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان بدات. شێخ ئەحمەد، ڕۆڵی ناوبژیوانی لە نێوان حکومەت و بارزانیدا بینی و وەفدێك بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی بە مەبەستی گفتوگۆکردن، گەیشتە بەغدا. لە سەرەتاوە وتووێژەکان بەرەوپێشچوونی باشیان بەخۆیانەوە بینی، بەڵام کاتێك کودەتای بەعسییەکان لە سووریا سەرکەوتوو بوو، ئەگەری دامەزراندنی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی، دیسان سەریهەڵداوە.

دەوڵەت بە بیانووی جۆراوجۆر، دەیویست بەڵێنەکانی پێشێل بکات و مافی ئۆتۆنۆمیی کوردەکانی بە جیابوونەوە دەزانی. بەم شێوەیە گفتوگۆکان بێ ئاکام مانەوە و چارەسەری ئەم پرسەیان خستە گرەوی دامەزراندنی کۆماری یەکگرتووی عەرەبییەوە. هەر لەو کاتەشدا حکومەتی عێراق ڕایگەیاند دەبێ ڕەگ و ڕیشەی ئەو کۆمۆنیستانە هەڵبکەندرێت کە لایەنگری عەبدولکەریم قاسم بوون و دژی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی بوون. شۆڕشی کوردەکانیش بەو ئاکامە گەیشت کە ببێتە پەناگایەك بۆ کۆمۆنیستەکان، بەڵام پاش ئەوەی

که چەند شوێنێکی نیشتەجێبوونی کۆمۆنیستەکان بۆردومان کران، بە ناچاری بەرەبەرە شێوازێکی سەربەخۆیان گرتە بەر، لە کاتێکدا کە چەند هەفتەیەک لەوەو پێش، دژی دوژمنی هاوبەش خەباتیان دەکرد. دوای کودەتای سەربازیی مانگی شووباتی ۱۹٦۳، حیزبی کۆمۆنیست کەوتە دۆخێکی شڵەژاو و نالەبار لە عێراقدا و بەتایبەت لە بەغدا تووشی کوشتاری بەکۆمەڵ بوون. کۆمۆنیستەکان پەنایان بردە بەر کوردستان و خۆیان گەیاندە ڕیزی شۆڕش، لەڕاستیدا ئەوان لە دەستی حکومەت خۆیان ڕزگارکردبوو و لە چەند ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی کوردەکان نیشتەجێ بووبوون. ئەوان تا ئەو کاتەی لە بارودۆخێکی باشدا بوون، بە دەیان جار ڕووپاگەندە و بانگەشەیان دژی شۆڕش دەکرد. بەعسییەکان سوودیان لە هەموو جۆرە چەکێك بۆ سەرکەوتن وەردەگرت. دوای ماوەیەك گرتن و لێدان و کوشتن دەستی پێکرد. سەربازخانەکان بۆردومان کران. وەزارەتی بەرگری کە شوێنی حەوانەوەی عەبدولکەریم قاسم بوو، ئەگەرچی لەژێر دەستی کۆمۆنیستەکاندا بوو، بە شوێن بەدەستهێنانی چەکەوە بوون. عەبدولکەریم قاسم وەها لەخۆبایی بووبوو کە نەك هەر چەکی نەدا، بەڵکوو داوای کرد بڵاوەبکەن. بەعسییەکانیش هیچ شوێنێکیان بۆ سەقامگیربوون نەهێشتبووەوە و تا دەمەو ئێوارە زۆر شوێنیان بۆردومان کرد.

کودەتای شووبات، ڕووداوێکی شۆڤێنی و پڕ لە ڕق و قین بوو. هەڵوێستی ۱۳ سەرکردەی کودەتا لە بەیاننامەیەکدا، سەبارەت بە لەناوبردنی هەموو کۆمۆنیستەکان، لە مێژووی سیاسیی عێراقدا شتێکی تایبەتی و سەرسووڕهێنەر بوو و ئەم کارەساتە دەستی پێکردبوو. دەیان تەرمی کۆمنیستەکان لە شەقامەکاندا کەوتبوون. دەیان کەس لە بەندیخانەکاندا لە سێدارە درابوون. زۆر زووتر لەوەی پێشبینی دەکرا، هەواڵی قەدەغەکردنی هاتوچۆی شەوانە بڵاوبووەوە، بەڵام ئەمەیان سەری نەگرت و خەڵك هەر هاتوچۆیان دەکرد. ئەگەر عەبدولکەریم قاسم هەڵەی نەدەکرد، کوردەکان توانای جەنگیان نەبوو. عەبدولکەریم قاسم هەموو پەیوەندییەکانی لەگەڵ نەتەوە و حیزب و سیاسییەکان هەڵوەشاندەوە و بەرەبەرە توانا و دەسەڵاتی بەرەو لاوازیی چوو. بازاڕ و دوکانەکان داخرابوون. نان نەبوو، ئەو ژنە عەرەبانەی کە لەبەردەم سینەماکاندا نان و ماستیان دەفرۆشت، لە ماوەیەکی کەمدا شتەکانیان تەواو دەبوو. شەقام و کوچە و دار و دیوار

خوێناوی بووبوون. بەرەبەرە بەغدا بەرەو هێمنی چوو. دەنگی تەقە بڕا، بەڵام دەستگیرکردن و لێدان و داگیرکردنی مالّ و هەڵکوتانەسەریان و... هەر بەردەوام بوون. بەندیخانەکان، بنکەی پۆلیس، شوێنە تایبەتییەکان و ناوەندە سەربازییەکان و... پڕ بووبوون لە بەندکراوانی چالاک. ئەگەرچی لەژێر فشار و ئازار دانیان بە هەموو شتێکدا دەنا و دەیاننووسی، بەڵام ئازاد نەدەکران. لە ڕۆژانی ئاساییدا، شەش تا حەوت جار فڕۆکەجەنگییەکان لە کەرکووک و موسڵ هەڵدەستان و بە ئاسمانی ناوچەئازادکراوەکاندا دەگەڕان. هەر جوولّە یان کاروانێکیان بدیبایە، دەیاندایە بەر دەستڕێژی شەستیر. زیانێکی زۆریان لە خەڵك دەدا و بۆمبی (ناپاڵم)یان بۆ دەخستنە خوارەوە. ئەگەر بریندارێکیان ببردایە بۆ نەخۆشخانەحکومییەکان، هەر لەسەر تەختەی ئەو نەخۆشخانەیە دەیانخستە ژێر لێپرسینەوەوە. لە ساڵی ۱۹٦۳دا، پێشمەرگەکانی بارزانی زیانێکی گەورەیان لە هێزەکانی عێراق دا، هەروەها لە بەربەستکردنی دوژمنانی کوردزمان کە لایەنگری بەغدا بوون، زۆر سەرکەوتوو بوون. تاکتیکەکانی بارزانی لە ناوچەشاخاوییەکانی کوردستان، تەنگی بە هێزەکانی عەبدولکەریم قاسم هەڵچنیبوو و بە تەواوی ماندووی کردبوون. لە ئەنجامی ئەو چالاکییانەدا بوو کە لە کانوونی دووەمی ۱۹٦۳دا، هێزەکانی بارزانی بەردوولا پەیمانێکی ئاگربەستیان واژۆ کرد. ئەو ئاگربەستەی کە زیاتر کەمکردنەوەی گوشار لەسەر هێزەکانی عەبدولکەریم قاسمی لێدەکەوتەوە. حەسانەوەیەك بوو بۆ سوپای عێراق تا لە زۆنگاوی کوردستان ڕزگاری ببێ و عەبدولکەریم قاسم تێشك بخاتە سەر خاڵی لاوازکردنی دوژمنەکانی، واتە بەعسییەکان و ناسرییەکان و گرووپە ناسیۆنالیستەکان.

لە ۸ی شووباتی ۱۹٦۳دا، دەستە چەکدارەکانی حیزبی کۆمۆنیست لە عێراقدا دەستیان دایە چالاکیی چەکداری دژی کودەتاکەی عبدولسەلام عارف و بەرگرییان لە حکومەتێك دەکرد کە بووبووە حکومەتی تاکەکەسی. دوای ماوەیەك بە پەیڕەوی لە بیرێکی هەڵە و بەڵام هەر لەو کاتەشدا شێلگیرانە، کودەتاکەی سووریا بە کودەتایەکی شۆڕشگێڕانە دەزانن، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە کودەتاکە دژی ڕژێمێك بوو کە هەموو یاساکۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی یەکێتیی میسر و سووریای لەگەڵ خۆیدا بە دیاری هێنابوو. ئەم لادانە لە کاتێکدا گەیشتە لووتکە کە بە هۆی گفتوگۆکانی نێوان سووریا و

عێراق و میسرەوە، ئەزموونێکی نوێ بە مەبەستی یەکگرتن بەدەستهاتبوو. لەو کاتەدا کۆمۆنیستەکان پێشنیازی مەرجێکی نابەجێیان بۆ یەکگرتن گەلاڵە کرد بەم شێوەی خوارەوە "جەمال عەبدولناسر بەر لەوەی لە بیری گەڕانەوە بۆ سووریا بێ، پێویستە وەلامی ئەرێنییانەی هەندێ داخوازی بداتەوە. ئەو دەبێ دەروازەی کەنداوی عەقەبە بەسەر ئیسرائیلدا دابخات. داوا بکات هێزەکانی پۆلیسی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لەو شوێنە بچنە دەرەوە. ئازادی بۆ حیزب و ڕۆژنامە و سەندیکاکان دەستەبەر بکات. دەزگای پۆلیسی سیاسی هەڵوەشێنێتەوە. کەرەستەی بانگەشەی حیزب و سەندیکاکان بداتەوە. دەنگدانی پەرلەمانی لە میسردا ساز بدات و بواری ئەوە بۆ پەرلەمان بڕەخسێنێ کە دەسەڵاتی بشکێ بەسەر پێکهێنان و لابردنی حکومەتەکاندا و هەروەها هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار".

بەعسییەکان ڕازیبوون بە پێشنیازەکانی بارزانی بۆ ڕاگرتنی جەنگ بەشێوەیەکی کاتی. مەبەست لەو کارە سوودوەرگرتن بوو لە پرسی کورد، کە وەکوو دواین ئامێر[۷۷]، کاریگەریی خێرای هەبێ لەسەر سیاسەتەکانیان، بە مەبەستی وەلانانی فیزیکیی خەنیمەکانیان. نزیکەی پێنج تا حەوت هەزار کۆمۆنیست، بە هۆی کێشەی ڕۆژانی یەکەمی شووباتی ۱۹۶۳وە، لە لایەن ڕژێمی تازەوە لە سێدارە دران. تەنیا لە بەغدا، ڕێژەی کوژراوەکان گەیشتە ۱۵۰۰ کەس. زۆرینەی ئەم کارانە لە لایەن گاردی نەتەوەییەوە، یان لەژێر چاودێریی ئەواندا جێبەجێ دەکرا، واتە ئەو هێزە نیوەسەربازییەی لە بەعسییەکان پێکهاتبوو. کۆمۆنیستەکان پێشتر ئاگاداری پیلانی کودەتا دژی عەبدولکەریم قاسم بوون، بەڵام نەیانتوانی هەنگاوێك هەڵگرن بۆ پاراستنی خۆیان، یەکێك لە هۆکارەکانیشی، دەستوبرد و هێز و توانای بەعسییەکان بوو، چونکە پێشتر ئامادەکارییان بۆ کردبوو، کۆمۆنیستەکان توانای ئەوەیان نەبوو ببنە ڕێگر لەبەردەمیاندا. لە شووباتی ۱۹۶۳دا و لە شاری کەرکووك، ۲۷ چالاکوانی سیاسی لە سێدارە دران.

لەو ماوەدا، بەرەبەرە جیاوازیی بۆچوونی ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ ئێمەدا زیاتر بوو. ئەو سکرتێری پارتی بوو و دەیویست لە ڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵ بەعسییەکان، کێشەی کورد

چارەسەر بکات. ئێمە دەمانگوت ئەوان شۆڤێنین و گفتوگۆیان لەگەڵ ناکرێ و بە تێڕوانینی شۆڤێنی، مافی دیاریکردنی چارەنووس هیچ واتایەک نابەخشێ، چونکە خوازیاری سەرکوتکردنی گەلانی دیکەیە. کوردەکان لەگەڵ حکومەتدا گفتوگۆ دەکەن و حکومەتیش تا ئێستا خوێنی هەزاران ئازادیخوازی ڕشتووە، هیچ کاتێکیش دان بە مافی کوردەکاندا نانێ و بڕوای پێی نییە. لە مانگی شووبات و ئایاری ساڵی ۱۹٦۳دا، جەلال تاڵەبانی توانیی سەردانی جەمال عەبدولناسر بکات و لەگەڵیدا بکەوێتە گفتوگۆ. بە ڕواڵەت وەها دەهاتە بەرچاو کە جەمال عەبدولناسر پشتگیریی لە مافی کوردەکان دەکات، ئەڵبەت ڕەنگە بە هۆی ناتەبایی لەگەڵ حیزبی بەعسدا بووبێت کە ئەو هەڵوێستەی پیشان دەدا و دەیویست لە جیهانی عەرەبدا دەسەڵاتی گشتیی خۆی هەبێ. جەمال عەبدولناسر پێشتر چەند نیشانەیەکی ئامانجە ناڕەواکانی سەرۆکەکانی ئەو کاتەی عێراقی بینیبوو، بۆیە بەر لەوەی جەلال تاڵەبانی لە میسر بڕوات، داوای لێدەکات نەچێتەوە بۆ عێراق، چونکە بێگومان دەستگیریان دەکرد. حکومەت وێنەی ڕاستەقینەی خۆی پیشاندا و بەرەبەرە جەنگ سەریهەڵدایەوە. مام جەلال دیسان سەردانی جەمال عەبدولناسری کرد. لە ساڵی ۱۹٦۳دا کە وتووێژی لەگەڵ حکومەتدا هەبوو، ناوبانگی مام جەلال لە ڕێگەی ڕۆژنامە و میدیاکانی عێراقەوە زیاتر بوو.

کاتێک گفتوگۆکان لەگەڵ حکومەتدا نەگەیشتە ئەنجام و وەڵامی داخوازییەکانی کورد نەدرایەوە، بە تاڵەبانی ڕاگەیەندرا بچێتە میسر و لەگەڵ جەمال عەبدولناسر ڕاوێژ بکات، چونکە هەمیشە خۆی بە پاڵپشتی ئەم مەسەلەیەدەزانی و دڵسۆزیی خۆی ڕاگەیاندبوو. ڕادیۆی قاهیرەش هەمیشە سەرکۆنەی عەبدولکەریم قاسمی دەکرد کە ئازاری کوردەکان دەدا و مافەکانیان پێشێل دەکات. لە قاهیرە، جەمال عەبدولناسر هەستی دڵسۆزانەی خۆی بەرانبەر کێشەی کوردەکان دەربڕی، بەڵام ئەوەی ڕوونەکردەوە تا چ ڕادەیەک پابەندی چارەسەرکردنی پرسی کورد. هەر لەو کاتەشدا و لە بەرانبەر جەلال تاڵەبانی، تیشکی خستە سەر ئەوەی بیری جیاوازیی لەبیر ببەنەوە. جەمال عەبدولناسر داوای لە مام جەلال کرد خواستی ئۆتۆنۆمی دوابخەن تا کاتی دامەزراندنی کۆماری یەکگرتووی عەرەب و لە

جاران پشوودرێژتر بن. لەو دەمەدا ڕادیۆی (صوت العرب)، وەکوو جاران، واتە وەکوو سەردەمی عەبدولکەریم قاسم، کوردەکانی بۆ شەڕکردن هاننەدا.

کاتێک پەیوەندیی عێراق و کۆماری یەکگرتووی عەرەب دیسانەوە گرژیی تێکەوت، مامەڵەی جەمال عەبدولناسریش گۆڕانکاریی بەسەردا هات و دووبارە پشتگیریی کوردەکانی کردەوە. سۆفێت بە شێوەیەکی ئاشکرا دژایەتیی بەرانبەر سەربەخۆیی کوردەکان دەردەبڕی، بەڵام میسرییەکان لە ڕووی بەرژەوەندی و ئایندەی سیاسییەوە لەگەڵیدا ڕووبەڕووەبوونەوە. جەمال عەبدولناسر لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند سوود لە هەموو ڕێگەیەک وەردەگرێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و بەر بە جەنگ دەگرێ، هەر بەو شێوەیەی جەلال تاڵەبانی گوتوویەتی: کێشەکانی گەلی کورد لە ڕێگەی عەقڵ و گفتوگۆوە چارەسەر دەکرێن. لەو ماوەدا چالاکیی کوردەکانی عێراق کاریگەریی زۆری لەسەر کوردەکانی تورکیا هەبوو، بۆ نموونە پارتی کۆماریخوازی (عیسمەت ئینیۆنۆ)، پارتی دادی (ژەنەراڵ کورش پالا)، کاریان کردە سەر گۆڕانکاریی هێمنایەتی سیاسی لە تورکیادا و بووە هۆی سەرهەڵدانی چەند ڕاپەڕینێک لە ناوچەکانی کوردستانی تورکیا. بەڵام تورکیا بەخێرایی کەوتە هەوڵی دەستگیرکردنی سەرکردەکانی کورد و زۆر بە تووندی سنووری تورکیای لەگەڵ کوردستانی عێراقدا، خستە ژێر چاودێرییەوە، چونکە تورکەکان هێشتا شۆڕشی سالەکانی ۱۹۲۵ و ۱۹۳۱ و ۱۹۳۷یان لەبیرنەچووبووەوە و نەیاندەویست دیسان گیرۆدەی ئەو ڕووداوانە ببنەوە و تووشی گێچەڵ ببن، ئەمە ویست و ئاواتەکانی ڕووسیای بەدیدەهێنا.

جەمال عەبدولناسر، لەناو جیهانی عەرەبدا کەسایەتییەکی هەڵکەوتوو و گەورە بوو. لێپرسراوانی عێراقی دەیانگوت: ئێمە ئامادەین مافی ئۆتۆنۆمی بە ئێوەی کورد بدەین، بەڵام لە ترسی جەمال عەبدولناسر ناوێرین ئەو کارە بکەین، چونکە ئەو پێشەوای هەموو عەرەبەکانە و بەبێ ڕەزامەندیی ئەو ناتوانین ئەو کارە بکەین. دەستەیەک لە کوردەکان چوون بۆ لای جەمال عەبدولناسر تا ڕازی بەو کارەی بکەن و ئیتر بیانووی بەرپرسانی عێراق ببڕن. جەمال عەبدولناسر سەبارەت بە کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق دەدوا،

دەربارەی چۆنێتیی هەوڵدان بۆ شۆڕشێکی کوردی و دامەزراندنی نووسینگەی پارتی لە میسر بە شێوەیەك کە عەقراوی لەوێ بمێنێتەوە. "لە کێشەی نێوان عەرەب و فارس و حکومەتەکانی ئێران و تورکیا، بۆ دەبێ ئێمە کوردەکان بکەینە دوژمنی خۆمان؟ لەڕاستیدا ئێمە دەبێ وەکوو دۆست مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، تا بە هاوکاریکردنی کوردەکان لەپێناوی ئامانجەکانمان و دژایەتی لەگەڵ شا و تورکیا، بەرەو پێش بچین، چونکە هەردوو وڵات ئەندامی پەیمانی (سنتۆ)ن". لە سەردەمی عارفدا، زۆربەی هەڵوێستەکانی حکومەتەکانی عێراق لەسەر بناغەی بیری ناسیۆنالیستی عەرەبی بوو، نەیاندەویست ڕازی بە پێدانی مافی کوردەکان بن و تاوانی زۆر ناڕەوایان دەدایە پاڵ سەرکردەکانی کورد و بە بوونی پەیوەندی لەگەڵ دوژمن تۆمەتباریان دەکردن. مەبەستیان لەم کارانە ئەوە بوو کە پاکانەیەکیان بۆ بەرپرسایێتیی خۆیان هەبێ و کێشە و گرفتەکانیان بخەنە ئەستۆی هێزەدەرەکییەکان و وڵاتانی دراوسێ.

لە گفتوگۆکانی نێوان کورد و حکومەتدا، هەردوولا بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان لەبەرچاو دەگرت، هەر بۆیە کوردەکان پێیان دادەگرت لەسەر ویستەکانیان و تا ڕادەیەك دەوڵەتیش نەرمیی پیشان دەدا، بەڵام سەرەنجام گفتوگۆکان کەوتنە بەر لەمپەر و بە ئەنجام نەگەیشتن، تاڵەبانی و هاوڕێیانی گەڕانەوە و بەغدایان بەجێهێشت. پاشان بە تەواوی پەیوەندیی کورد لەگەڵ حکومەتدا پچڕا و دەوڵەت هۆشیاریی بە بارزانی دا. ئەگەری جەنگێکی دیکە لە ئارادا بوو. لە مانگی حوزەیراندا، دەوڵەتی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە دا: بەدیهاتنی داخوازیی کوردەکان ئەستەمە. ماوەیەکی دیاریکراوی دانا بۆ خۆبەدەستەوەدانی هێزەکانی شۆڕش، هەروەها بەڵێنی لێخۆشبوونی گشتی درا، تا هەموو بچنەوە سەر کار و ژیانی خۆیان. پاش ۳۰ ڕۆژ ماوەی ئاگادارییەکە دووپات کرایەوە و تا چەند هەفتەی دیکەش بەردەوام بوو. فەرمانبەران و ئەندامانی سوپا خۆیان پاراست لە گەڕانەوە و بەردەوام خۆڕاگرییان کرد. کوردەکانیش چەکەکانیان تەسلیمنەکرد. دوای ئەوە دەوڵەت ڕایگەیاند کە بەم زووانە هێرش دەکاتە سەریان و ئیتر لێخۆشبوون کاتی بەسەر چووە و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا هەموویان تەفروتونا دەکات.

مام جەلال لە حوزەیرانی ۱۹٦۳دا چوو بۆ ئەڵمانیا، لەڕاستیدا ئەو لێپرسراوی گرووپی دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی عێراق بوو، بەڵام حکومەتی عێراق لە مانگی شووبات تا حوزەیران، پەلاماری کوردەکانی دا و تەنانەت گرووپی دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی دەستگیر کرد. کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکراتی کوردستان، جەلال تاڵەبانیی بە ناوی وتبێژی ڕاستەقینەی گفتوگۆکان دیاریی کرد کە لە ۱۹ی شووباتی ۱۹٦۳دا دەستپێکرا. دوو ڕۆژ دوای ئەوە، تاڵەبانی و لایەنی بەرانبەری لە حکومەتی عێراق، بە مەبەستی بەشداریکردن لە ئاهەنگی ساڵیادی پێکهێنانی کۆماری یەککگرتووی عەرەبی، بەرەو قاهیرە بەڕێکەوتن. لە میسر، جەمال عەبدولناسر بەڵێنی بە جەلال تاڵەبانی دا کە فشار بخاتە سەر عێراق تا قایل بە ماف و بەربژاری کولتووریی کوردەکان ببێ. بەڵام گوتی ناتوانێ پشتگیری لە ئۆتۆنۆمیی هەمەلایەنەی کوردەکان بکات. کاتێک هەردوولا لە قاهیرە گەڕانەوە، بە تاسەیەکی زۆرەوە گفتوگۆکانیان دەستپێکردەوە. بەڵام سەبارەت بە پرسی ئۆتۆنۆمی و واتای وردبینانەی لامەرکەزی کێشە و گرفت سەریهەڵدا. تاڵەبانی لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا، بەوپەڕی پەرۆشی و دڵمەندییەوە، تیشکی خستە سەر ئەوەی کە سەرکەوتنی ئاگربەست و ئاشتیی نێوان حکومەت و پارتیی دیموکرات، گرێ دراوە بە پێدانی ئۆتۆنۆمیی گشتی بە کوردەکان لە هەموو بواڕێکدا، بێجگە لە سیاسەتی دەرەکی و پرسی بەرگریی وڵات. لە ۱۰ی مانگی ئازار، ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش ڕایگەیاند کە ڕێکەوتنێک ئەنجامدراوە و حکومەت ئامادەی پێدانی ئۆتۆنۆمییە بە کوردەکان لە چوارچێوەی عێراقدا. عەلی ساڵح سەعدی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، گوتی: ئەم ڕێکەوتنە دەرفەتێک بە کوردەکان دەدات کە حکومەتەکەیان لەسەر بناغەی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ناوخۆی وڵات دروستبکەن و لە هەمان کاتدا لە ڕووی کاروباری دەرەوەی وڵات و ئابووری و سەربازییەوە، سەر بە حکومەتی ناوەند دەبن. کۆمیتەیەکی هاوبەش لە نوێنەران و کاربەدەستانی کورد و حکومەتی ناوەند پێک دێت کە چۆنێتیی جێبەجێکردنی چەندوچۆنی کارەکان ڕوونبکاتەوە.

لە کاتی گفتوگۆکاندا، هەواڵی پلانی پێشنیازکراوی فیدراسیۆنی عێراق و سووریا، کوردی نیگەران کرد. ترسی کورد ئەوە بوو کە لە وەها فدراسیۆنێکدا، دەبنە

کەمایەتییەکی بچووک و لە کاتی مامەڵەکردندا لاواز دەبن. ئەگەرچی یەکپارچەبوونی عێراق و سووریا هەرگیز بەدی نەهات، بەڵام کوردەکان داخوازییەکانیان گەیاندە ئاستێکی بەرزتر. بۆ نموونە پێیان داگرت لەسەر ئەوەی پارێزگای سەربەخۆی کوردستان بریتی بێ لە: هەولێر، سلێمانی، کەرکووک و چەند بەشێك لە موسڵ و دیالە، واتە ئەو شوێنانەی دانیشتووانی کوردی زیاترە. ئەم داخوازییە بە لای حکومەتەوە زۆر ئەستەم بوو و نەیدەتوانی لەبارەیەوە وەڵامی ئەرێنی بداتەوە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە ناوچە نەوتییەکان دەکەوتە ژێر کۆنترۆڵی کوردەکانەوە و ئابووریی عێراقی لەناودەبرد. هەروەها کوردەکان داوایان کرد جێگری سەرۆك کۆمار و جێگری سەرکردایەتیی گشتیی هێزە چەکدارەکان بدرێت بە کورد. هەروەها یەك لەسەر سێی پۆستەکانی حکومەتی ناوەند بدرێن بە کورد. لە وەزارەتەکانی بەرگری و دەرەوەیش بەربژاریان هەبێت. عارف کوردەکانی بەوە تاوانبار کرد کە لە گفتوگۆکاندا دوای ئامانجی ناپەوا دەکەون. پاشان هەڵوێستی خۆی توندوتۆڵتر کردەوە. نوێنەرانی حکومەت دەیانگوت ئەوان ئامادەن تەنیا بەربژاری زمانی کوردی مسۆگەر بکەن و دەربارەی پرسەکانی دیکە، لەگەڵ پارتیی دیموکراتی کوردستاندا رێکناکەون. ئەم دۆخە بووژەوی ئەوەی هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینانە نەکرێت و ئەگەری دەستپێکردنەوەی جەنگ بێتەئاراوە.

جەمال عەبدولناسر، یەکێك بوو لەو کەسانەی جیهانی عەرەب کە پێداگریی دەکرد لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا و هەمیشە نەیاری سەرکوتکردن و ڕێگەچارەی سەربازی دژی کورد بوو، تەنانەت لەو کاتەشدا کە کاربەدەستانی عێراق لایەنگری خۆی بوون. هێشتا بە باشی لەبیرم ماوە کە لە ساڵی ۱۹۶۳دا، داوای لە بەعسییەکانی عێراق کرد سوود لە ئەزموونەکانی وەکوو ڕووسیا و یۆگۆسلاڤیا وەربگرن. ئەمەش بەو مانایە بوو کە ئەو بە شێوازی فیدراڵی سەیری چارەسەرکردنی کێشەی کوردی دەکرد. ئەم بۆچوونەی من وەکوو بۆچوونێکی (ئەمین هوەیدا) وایە کە لە کتێبەکەیدا[۷۹] دەڵێ: جەمال عەبدولناسر بەعسییەکانی هان دەدا کە هەردوو شێوازی یوگسلاڤیا و ڕووسیا فێرببن و ئنجا بەرەو چارەسەری کێشەی کورد بڕۆن. بەدرێژایی مانگی ئازاری ۱۹۶۳، بیانووی شۆڕش زۆرتر بوو. لە شارەکانی کوردستانیشدا،

بە بیانووی جۆراوجۆر چاودێریی خەڵکیان دەکرد و دەستگیریان دەکردن. ئەفسەران و هێزە چەکدارەکانی عێراقیان گۆڕی، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هێشتا گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتدا بەردەوام بوو. بەڵام بەرە بەرە پەیوەندییەکان بەرەو ساردبوونەوە چوون. حکومەتی بەعس لە سەرەتاوە کە هاتە سەر دەسەڵات، نەک هەر بڕوای بە یەک حیزب و داگیرکردنی هەموو شتێک و دەسەڵاتی تاکڕەوانەی خۆی بەسەر هەموو شوێنێکدا هەبوو، بەڵکوو دەیویست لێپرسراوانی کورد بە کەمترین ماف لەگەڵ هێزە چەکدارەکاندا بن، ئەو هێزەی کە ماندوو بووبوون، یان چەکیان بکات و خۆیان بەدەستەوە بدەن. بەم بۆنەیەوە هەندێ هێزی ئاسایش و تاقمێک ڕۆشنبیر و سیاسەتوانی کورد و عەرەبی هان دا کە سەرۆکایەتیی شۆڕشی بارزانی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکرات ناچار بکەن بەوەی کە لامەرکەزی بکەن. ڕاگەیەندراوی ئاگربەستی نێوان خەباتکارانی باکوور و سوپای عێراق، لە ڕادیۆی بەغدا بڵاوبووەوە. ڕۆژنامەکانیش ئەم مەبەستەیان شرۆڤە کرد و زۆربەیان هێرشیان کردە سەر ئێران. ئەوەی لەو ڕاگەیەندراوەدا جەختی لەسەر کرابووەوە، هەبوونی دوو وەفدی گفتوگۆکان لە هەردوولا بوو، کە ئامانج لێی دەستەبەرکردنی بۆچوون و خواستەکانی بارزانیی سەرۆکی پێشمەرگەکانی کوردستان بوو. لە ڕاگەیەندراو و بەیاننامەکاندا ناوی پارتی نەهێنرابوو و هیچ شوێنگەیەکیان بۆ دانەنابوو.[۸۰]

دوو سێ مانگێ بەسەر حکومەتەکەی عەبدولسەلام عارفدا تێنەپەڕیبوو کە جانتایەکی ڕەشی پڕ لە دیناری عێراقی، لە ڕێگای نوێنەرانی عەبدولسەلام عارفەوە بۆ بارزانی نێردرا و ئەویش بەبێ وەستان ئاگربەستی لە هەموو ناوچەکانی باکوور ڕاگەیاند. لەبەرئەوەی بەرپرسانی حیزب ئاگاداری وەها ڕێکەوتنێک نەبوون، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی لەوبارەیەوە ناڕازی بوون، ئەو ناڕەزایەتییەش لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە و لە ڕێگای منەوە، گەیەندرایە بارزانی. بە خێرایی بانگ کرام بۆ ناوەند. لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژ و بەردەوام لەسەر زنجیرە ڕووداوەکانی عێراق کرا و بووە هۆی ئەوەی من سەردانی باکووری عێراق بکەم و لەگەڵ بارزانی دابنیشم. بەر لەوەی چاوم بە بارزانی بکەوێ، لە بارەگای پارتی چاوم بە سەران و لێپرسراوانی پارتی کەوت و پرسیارم لێکردن کە بۆچی بەبێ ئاگاداری و ڕاوێژ لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، کارێکی لەو شێوەیان ئەنجامداوە؟

تەنانەت ئیبراهیم ئەحمەد بەرهەڵستیی ئەو کارەی کردبوو و داوای کردبوو لە کۆمیتەی ناوەندی گفتوگۆی لەسەر بکرێت. بەڵام تا ئەو چەند ڕۆژە کە من لە بارەگا بووم، بارزانی ڕێگریی لە کۆبوونەوەی کۆمیتە و وتووێژکردن و وەرگرتنی بۆچوونەکان کردبوو. بە ناچاری بەرەو ئەو ناوچەیە بەڕێکەوتم کە بارزانی لەوێ نیشتەجێ بوو. هۆکاری ئەو بابەتەم لە بارزانی پرسی، لە وەڵامدا گوتی: ئێمە هیچ جوولەیەکمان بە پێچەوانەی بەرژەوەندیی ئێران ئەنجام نەداوە. لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، دژی ئێران ڕێکنەکەوتووین. ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارف و زۆرینەی لێپرسراوانی دیکەی دەوڵەت کە زۆربەیان دۆستی کوردانن (مەبەستی ژەنەراڵ فوئاد عارف بوو، کە کورد و خەڵکی سلێمانی و وەزیری ڕاوێژکاری ئەو کاتە بوو)، دەیانویست دەربارەی داواکانمان گفتوگۆ بکەین. ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە داخوازییەکانمان بەدەستبهێنین. ئەگەر ئەمانە بەڕاستیان بێ کە هەرگیز ڕاستیشیان نەگوتووە، چی لەوە باشتر. ئەگەریش بەڕاستیان نەبوو، ئەوا ئێمە هەر ئەو برادەر و هاوکار و هاودەنگەی پێشووین و هیچ جیاوازییەک ڕوونادات. هەر سەرکەوتنێک کە تا ئێستا بەدەستمان هێناوە، بە هۆی دڵاوایی و پیاوەتیی پادشا و لێپرسراوانی ئێرانەوە بووە. لە ١٥ی شوباتی ١٩٦٣دا، عەقید عەبدولسەلام عارف خۆی گەیاندە پلەی ئەرتەشبەد و داوای لە کوردەکان کرد کە پشتگیریی حکومەتەکەی بکەن. لە کابینەی نوێدا کە بریتی بوو لە ٢١ کورسی، بەعسییەکان ١٢ کورسی و کوردەکانیش ٢ کورسییان بەدەستهێنا. وەزارەتی کشتووکاڵ سپێردرا بە باباعەلی، کە خۆی زەویدار و ئەندامی هۆزی بەرزنجی و کوڕی شێخ مەحموودی حەفید بوو. وەزارەتی ناوخۆ سپێردرا بە نەقیب فوئاد عارف. هاوکات لەگەڵ خۆڕاگری و پشوودرێژی و تێڕوانینی بارزانی بۆ حکومەتی نوێ، چەندین دەستە هەبوون کە بۆچوونیان وا بوو ئەگەر بەخێرایی بەربژاری بەربلاو لە بەعسییەکان وەربگیردرێت، پیشاندەری ئەوەیە کە ئەوان جێگەی بڕوا و متمانەی کوردن. بۆ نموونە: کۆمیتەی پاراستنی مافەکانی گەلی کورد کە بارەگاکەی لە لۆزانی سویسرابوو، لە ١٢ی شوباتی ١٩٦٣دا، لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەم بۆچوونەی دەربڕی "پەیوەندیی کورد و عەرەب لە عێراقدا، پێویستە لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی بۆ کورد و چۆڵکردنی زێدی کوردەکان لە لایەن هێزەکانی عێراقەوە و دابەشکردنی یەکسانی داهاتەکانی ئەو وڵاتە بێت، بە تایبەت داهاتی نەوت، لە نێوان کورد و عەرەبدا".

کاتێك گەڕامەوە بۆ تاران، هەموو ئەو هەواڵانەم بە بەرپرسان ڕاگەیاند. پاشان شای ئێران بانگی کردم و گوتی: ئێوەش لە بەرانبەر ئەو کردەوە نابەجێیەی بارزانی، یارمەتی و پشتگیریی لێببڕن و فەرمان بکەن کەسانی خۆمان کە لەوێن، بەرەبەرە بگەڕێنەوە. گوتم: لەم کارەدا نابێ پەلە بکەین. ئەگەرچی من بڕوام بە وتەکانی بارزانی نییە، بەڵام دەزانم ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارف و دەوڵەتەکەی بە سەرۆکایەتیی عەبدولڕەحمان بەزاز، کە مامۆستای زانکۆ و مرۆڤێکی زیرەك و تێگەیشتووە، بە هیچ جۆرێك سەردانانەوێنن بۆ ویست و داوای کوردەکان و ئەمە خۆی لە خۆیدا جێگەی هیوایە. بێجگە لەوانە، لەناو پارتیی دیموکراتدا دەستمان دەڕوات و سەرانی پارتی زۆر هۆگری ئێمەن و ئەمەشیان سەلماندووە، بۆیە نابێ ئێمە نیگەران بین. ئەگەرچی بارزانی خۆی سەرەڕۆیانە ئەو کارەی کردووە و وا دەزانێ سەرکەوتن بەدەستدێنێ، بەڵام ئەو لە هەڵەدایە، چونکە زۆربەی سەرانی پارتی بۆچوونێکی باشیان دەربارەی ئەو نییە، مەگەر بارزانییەکان کە لە ٥٠٠ کەس زیاتر نابن و زۆربەیان لە دەوروبەری خۆیدان و هیچ توانا و دەسەڵاتێکیان نییە. سەرانی پارتی نایانەوێ لەم کاتەدا کێشەکانیان لەگەڵ بارزانی ئاشکرا بکەن، چونکە دەبێتە هۆی جەنگ و ناتەبایی ناوخۆ و لێکترازانی هەردوو لا. تکام ئەوەیە کە ئێزن بدەن سوود لە کات وەربگرین و لەم کاتەدا کاردانەوەمان نەبێ. لە هەمان کاتدا زۆر هۆشیار بین و سوود لە سەرانی پارتی بە باشی وەربگرین. ئەگەر بارزانی سەرکەوتنێك بەدەستبهێنێ و ئێمەش سەرانی پارتیمان لەگەڵدا بێ، هەر بە دەستی ئەوان بەر بە سەرکەوتنەکانی دەگرین، تەنانەت ئەگەر بە دروستکردنی شەڕیش بێت لە ناوخۆی خۆیاندا. شا بە دەم بیرکردنەوەوە چەند هەنگاوێك ڕۆیشت و پاشان ڕووی کردە من و گوتی: باشە، هەر وا بکەن. پەیوەندیتان لەگەڵ سەرانی پارتی هەبێ، تا بزانین چی ڕووەدا. هەروەها نەقیب مەنسوور دەبێ وەڵام بداتەوە کە بۆچی ئاگاداری بارودۆخ نییە؟ ئەگەر وایە، ئەو لەوێ چی دەکات؟ دەربارەی چەند شتێکی دیکەش فەرمانی دا کە لێرەدا جێی باسکردن نین، چونکە پەیوەندییان بەم باسەوە نییە. گەڕامەوە بۆ بەغدا. جارجار بەیانیان زوو یان لە کۆتایی شەودا، ژەنەراڵ فوئاد عارف، وەزیری ڕاوێژکار لە کاروباری باکوورم دەدی و لە هەموو ڕووداوەکان ئاگادار دەبووم و ڕاپۆرتەکەیم بە تاران دەدا. بەرەبەرە هەواڵی سەرنەکەوتنی گفتوگۆکانی دەوڵەتی عێراق و بارزانی دەکەوتە بەرگوێ و زۆری نەخایاند کە ئاگری جەنگی باکوور داگیرسایەوە. لە

لایەکی تەرەوە، رژێمی شا لەو سەردەمەدا بارودۆخی ناوخۆی سەقامگیر کردبوو و بە کڕینی چەک و ئامێری جەنگی، خۆی بەهێز کرد، تا ڕادەیەک توانیی لەو ڕووەوە دواکەوتنی خۆی بەرانبەر عێراق قەرەبوو بکاتەوە. لە ڕووی سیاسەتی دەرەوە، پەیوەندیی لەگەڵ سۆڤێت پتەوتر کرد و لەگەڵ ئەمریکاش پەیوەندیی نزیکی دامەزراند.

هەروەها دەوڵەتی ئێران دەستی کرد بە جێبەجێکردنی سیاسەتێکی چالاک لەو ناوچەدا. بە گشتی، دەوڵەتی ئێران لەو سەردەمەدا بە پێچەوانەی ڕابوردووەوە، سەقامگیرتر بووبوو. لە مەودای سالانی ١٩٦٤ تا ١٩٦٦، دەوڵەتی ئێران تا ڕادەیەک لە ئاسایش سوودمەندبوو. لە جەنگی جیهانیی دووەمەوە تا ساڵی ١٩٦٣، گرنگترین کێشەی دەوڵەتی ئێران، ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارانی ناوخۆ بوو، کە وەکوو مەترسییەک دەردەکەوتن لەسەر ڕێگەی دەسەڵاتی پاشایەتیی ئێران. لەو سەردەمەدا دەسەڵاتی پاشایەتیی ئێران چەند قەیرانی تێپەڕاند. سەرەتا لە سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەمدا، پاشان حکومەتی موسەدیق و... لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٦٣دا، شۆڕشی سپیی موحەممەد ڕەزا پەهلەوی ڕاگەیاندرا و خرایە ڕیفراندۆمەوە، کە ئەمریکاش پشتگیریی لێدەکرد. بە مەبەستی چاکسازی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سۆڤێتدا، لە ئەیلوولی ١٩٦٢دا بەڵێنی بەو وڵاتە دا کە ڕێگە بە ڕۆژئاوا نادات بنکە و سەکۆی موشەکی لە ئێراندا دابمەزرێنن. نەیارانی ناوخۆی خستبووە بەندیخانە. حیزبی تودەش لە ئێراندا دەسەڵات و ناوبانگێکی ئەوتۆی نەمابوو. هەموو نەیارانی تاوانبار کردبوو بە "کۆنە پەرەستی ڕەش" ، "پیلانی دەرەبەگەکان" ، "ناسیۆنالیزمی نیگەتیڤ". بەڵام هەر لەو ماوەدا و لە مانگی ئایاری ١٩٦٣، مامۆستایانی ئایینی بە سەرۆکایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی، لە بەرانبەر حکومەتی پەهلەویدا، چالاکی و دژایەتیی خۆیان ئاشکرا کرد. پەهلەویش لە لێدوانێکدا، هەموویان و هەروەها جەمال عەبدولناسر و حکومەتەکەیشی، خستە ژێر پرسیارە و ڕەخنەی توندی لێگرتن. نەیارانی بە گرووپێکی خائینی چارەڕەش و ئەڵقەلەگوێی میسر ناوبرد. هەرچەندە موحەممەد ڕەزا پەهلەوی نەیاران و ئۆپۆزسیۆنی دەستەوسان کردبوو، بەڵام شکستی سیاسی و ئابووریی حکومەتی ئێران، بووە هۆی پشێویی لە ئێراندا و گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە عێراق و تورکیا، هەروەها ئاڵوگۆڕ لە ڕێبازی سیاسیی ئەمریکا بەرانبەر بە حکومەتە سەرەڕۆکان، کە ئەمە

پاشگەزبوونەوەی موحەممەد ڕەزا پەهلەویی لێکەوتەوە. پاش مردنی جۆن کەنەدی، موحەممەد ڕەزا پەهلەوی لە لێدوانێکدا گلەیی لە جۆن کەنەدی کرد و پێی وابوو کە ویستوویەتی دیموکراسی بەسەر ئەودا بسەپێنێ، چونکە جۆن کەنەدی موحەممەد ڕەزا پەهلەویی بە دیکتاتۆر دەزانی.

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٣دا، مام جەلال چوو بۆ فەرەنسا. سەرەتا ڕۆیشتبووە بەغدا و پاشان لەگەڵ فوئاد عارف چووبوونە لای جەمال عەبدولناسر. مامە دەیگێڕایەوە: لەسەر ڕێگەی بەیروتدا چەند کتێبێکم کڕی و کاتێک لە میسر هاتینەوە و ویستم لە بەیروت کتێبەکانم هەلگرم و بگەڕێمەوە بۆ بەغدا، سالح یوسفی تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: نەگەڕێیتەوە بۆ بەغدا. ئەو گرووپەی کە چووبوون بۆ گفتوگۆ، هەموویان دەستگیرکران و تەنانەت سالح یوسفییان بردبوو تا لە ڕێگەی تەلفیزیۆنەوە دژی مەلا مستەفا و شۆڕشی کورد قسە بکات. ئیتر مامە نەگەڕایەوە بۆ بەغدا. لە کۆنگرەی خوێندکاران لە ساڵی ١٩٦٣دا، بەشداریی کرد و کوردی هەموو پارچەکانی دیکەش بەشداریان کردبوو. هەموو ساڵێک ٢٠٠ تا ٥٠٠ خوێندکاری کورد لە سەرانسەری ئەورووپا، دەچوون بۆ ئەو کۆنگرەیە. لەو کۆنگرەیەدا مامە وەکوو نوێنەری شۆڕشی کوردەکان ئامادەبووبوو. لەو کاتەدا هێشتا لەگەڵ بارزانیدا بوو و زۆر ناوبانگی دەرکردبوو، لە هەموو میدیاکانی جیهاندا دەنگوباسەکەی بڵاوبووبووەوە. وەکوو مرۆڤێکی زیرەک و دیبلۆماتێکی گەنج و هۆشیار، سەرنجی هەمووانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشابوو، بە جۆرێک کە لە بەیروت و میسریشدا، هەموو گوێگری وتەکانی بوون. بە گشتی لەگەڵ میدیاکاندا پەیوەندییەکی نزیک و باشی هەبوو. زۆربەی پەیامنێرانی ڕۆژنامەکان کە دەچوونە عێراق بە مەبەستی وەرگرتنی دوایین دەنگوباس، یەکەم جار دەچوونە لای مام جەلال. لە کۆنگرەکەدا شاعیری بەناوبانگی عەرەب، واتە جەواهیری، بەشداریی کردبوو و ئەو قەسیدە ناوداڕەی خوێندەوە کە بۆ کوردستانی هۆنیبووەوە. سەفەرەکانی مام جەلال بۆ بەغدا و هەندەران، کاریگەریی گەورە و گرنگی هەبوو. مەلا مستەفا پێی خۆشنەبوو مام جەلال ئاوای دەکرد و کار بکاتە سەر شوێنەکانی دیکە.

کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکراتی کوردستان، لەسەر داخوازیی ئێران دەبێتە نەیاری رێکەوتنی بارزانی و حکومەت. ئەڵبەت ڕەخنەی تاڵەبانی لە مەلا مستەفا، دەربارەی شکستەکەی بارزانی بەرانبەر حکومەتی ناوەند، پەیوەندییەکانی ئاڵۆزتر کرد. کاتی وەستانی شەڕ دژی عەبدولسەلام عارف، کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکرات ـ لایەنی ئیبراهیم ـ دژی ئاگربەست بوون و مەلا مستەفاش دەیگوت جەماوەر پێویستیان بە ڕاگرتنی جەنگ هەیە. دووبەرەکیی ڕاستەقینە لێرەوە دەستی پێکرد. کاتێک عارف سەرۆک کۆمار بوو و بەعسییەکانی سەرکوت کردبوو، چووە لای بارزانی و پەیماننامەی عەبدولسەلام عارف و کورد بڵاوبووەوە. کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکرات ئەو کارەی بە جۆرێک لە پاشگەزبوونەوە و خۆبەدەستەوەدان دەزانی. دۆخی کوردستان زۆر ناڵەبار بوو. بەعسییەکان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە کوردیان سەرکوت کردبوو. ئەمە خووی بارزانی بوو کە بە مەبەستی پشوودان و ڕێکخستنەوەی دووبارە، جارجار لەگەڵ حکومەتدا گفتوگۆی دەکرد. لە ساڵی ۱۹٦۳دا، ناکۆکی کەوتەنێوان بەعسییەکان و لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا نێوانیان تێکچووبوو. کۆمۆنیستەکان و ناسیۆنالیستەکان و... دەستەیەک لە ئەفسەرانی ناسیۆنالیستی عەرەب و لقێک لە بەعسییەکان، دەرفەتیان دەستکەوت و کودەتایان کرد. لە ساڵی ۱۹٦۳دا عەبدولسەلام عارف هات بۆ کۆیە و خەڵکی کۆیە پێیان خۆشبوو ببینن. پۆل پۆل خەڵک هاتبوون بۆ پێشوازی و لە قەراخ شەقامەکاندا ڕاوەستابوون. لە ساڵی ۱۹٦۳دا، وتووێژ لەگەڵ بەعسییەکاندا دەستی پێکرد. مامە چوو بۆ لوبنان و دەستەی گفتوگۆی پارتیی دیموکراتی کوردستانیش چوون بۆ بەغدا، کە هەموویان دەستگیرکران و تەنیا مام جەلال لەو کارەساتە ڕزگاری بوو.

لە ساڵی ۱۹٦۳دا، ڕووسییەکان پرسی یەکێتیی نێوان کورد و ڕووسیایان بە پرسێکی دوورودرێژ باس دەکرد. ئەوان بە هۆی هەستیاربوونی پرسەکە لە لایەن وڵاتانی دەوروبەرەوە، نەیاندەویست سیاسەتێکی تایبەتییان هەبێ و گێچەڵ دروستبکات. خالید بەگداشی سکرتێری حیزبی بەعسی سووریا کە خۆی کورد بوو، بە کوردی قسەی دەکرد و دەیگوت: گیروگرفتی کورد ئەوەیە کە نزیک لە سنووری ڕووسیا دەژی و ڕووسیاش نایەوێ دڵی عەرەب و فارس و کورد، لەبەر کورد بڕەنجێنێ و کورتەبەرگرییەک دەکات. بەڵام ئەگەر

کوردەکان لە ئەفریقادا بوونایە، حکومەتی بۆ دروستدەکردن. سیاسەتی ڕووسییەکان لە بەرانبەر کورددا، هەمیشە سیاسەتی بەرژەوەندیی دوور و نزیك بوو.

لە ٥ی ئازاری ١٩٦٣دا، گفتوگۆی فەرمی لە نێوان شۆڕش و ڕژێمی بەعسی عەبدولسەلام عارف، بە نێوانگیریی تاهیر یەحیا دەستی پێکرد. بارزانی هەر زوو گومانی لە بەعسییەکان کرد. گفتوگۆی بێ ئەنجام، لە ئازاری ١٩٦٣دا کۆتایی پێ هات. حکومەت لێخۆشبوونی گشتیی بۆ ئەو کەسانە دەرکرد کە لە خەباتی چەکدارانەی ٩ی ئەیلوولی ١٩٦١دا بەشداربیان کردبوو. لە سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٦٣دا، عێراق و سووریا و میسر وتووێژەکانیان دەربارەی یەکێتیی عەرەب دەستپێکرد. هەندێ لە کوردەکانیش بەشداربیان تێدا کرد. جەلال تاڵەبانی لە ٨ی نیسانی ١٩٦٣دا گوتی "لە حاڵەتێکدا کە عێراق لەم دۆخەی ئێستادا بمێنێتەوە، کورد زیاتر لەو مافانەی کە داوای کردووە، هیچی دیکەی ناوێ، کە حکومەتی عێراق لە ١٤ی ئازاری ١٩٦٣دا دیاریی کردوون. ئەگەر عێراق بچێتە ناو فدراسیۆنی عەرەب، دەبێ کوردیش ئۆتۆنۆمیی هەبێ، بەڵام ئەگەر عێراق لەگەڵ دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێکی دیکەی عەرەب بەرتەواویی یەکبگرێ و تێکەڵ بن، پێویستە جەماوەری کوردی عێراقیش پێناسەی پارێزگای دیاریکراوی خۆی هەبێ، بیری جیابوونەوەی نییە". لە ١٧ی نیسانی ١٩٦٣دا، کوردەکان بە مەبەستی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی بەغدا، داخوازییەنوێکانیان ئاراستە کرد. ئەوان خوازیاری ئۆتۆنۆمی بوون. ناسرییەکان نەیاندەویست بەعس دەست بداتە چارەسەرکردنی کێشەی کورد. بەعسیش ئەزموونێکی ئەوتۆی سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد و هەروەها ستراتیژێکی دروستی لەوبارەیەوە نەبوو.

هەر لە ٩ی ئەو مانگەدا، گرۆمیکۆ[٨٢]، وەزیری دەرەوەی سۆڤێت، نامەیەکی نارد بۆ باڵیۆزی عێراق لە سۆڤێت و ناڕەزایەتیی دەربڕی بەرانبەر کوشتاری کوردەکان لە عێراقدا. هەروەها ئێران و تورکیا و سووریای تاوانبار کرد بەوەی دەست دەخەنە ناو کاروباری ناوخۆی عێراق. بەڵام تێکۆشانی میسر، کاری مەنگۆلیای پووچەڵکردەوە و هاوکات لە سێ لاوە لەشکرکێشییان دژی کوردەکان دەستپێکرد، واتە لە ناوچەکانی (ئامێدی، ئاکرێ ،

رانیه)وه. سوپای عێراقیش له ناوچه‌کانی (رانیه، کۆیه، قه‌ڵادزێ، چوارتا، سلێمانی، خانه‌قین) هێرشی هه‌مه‌لایه‌نه‌ی کرده سه‌ر کورده‌کان. ئه‌م په‌لامارانه هاوکات بوون له‌گه‌ڵ بۆردومانی هێزی ئاسمانیی عێراق و ده‌توانین بڵێین له سێ به‌ش، دوو به‌شی سوپای عێراق له‌و هێرشه‌دا به‌شداربیان کرد. له زۆربه‌ی ناوچه‌شاخاوییه‌کاندا تۆپ و ده‌بابه و بنکه‌یان دامه‌زراندبوو، بۆ ئه‌وه‌ی له کاتی ئابڵۆقه‌دا توانای پاشه‌کشه‌یان هه‌بێ. هێزه‌کانی عێراق زووتر له‌و کاته‌ی پێشبینییان کردبوو، دزه‌یان کرده ناو کوردستان و چوونه ناو شاره‌کان و داگیریان کردن. به‌ڵام شاخه‌کانی ده‌وروبه‌ر هه‌روها له‌ژێر کۆنترۆڵی پێشمه‌رگه‌دا بوون. کورده‌کان هه‌ندێ چه‌کی قورسی وه‌کوو دژه‌فڕۆکه‌یان ده‌ستکه‌وت، بۆیه فڕۆکه‌جه‌نگییه‌کانی عێراق نه‌یانتوانی به جوانی مانۆڕ ئه‌نجام بده‌ن. جه‌لال تاڵه‌بانی پاش ئه‌وه‌ی له قاهیره سه‌ردانی جه‌مال عه‌بدولناسری کرد، له تشرینی یه‌که‌می ۱۹٦۳دا له‌گه‌ڵ چه‌ند پێشمه‌رگه‌یه‌کی دیکه‌ی یه‌کێتی نیشتمانی کوردستان گه‌ڕایه‌وه بۆ کوردستان. له‌و کاته‌دا ژه‌نه‌رال دۆگۆڵ، سه‌رۆک کۆماری فه‌ره‌نسا، به سه‌ردانێکی چواردۆزه له تاران بوو و توانی له‌گه‌ڵ زۆر که‌سدا کۆببێته‌وه و گفتوگۆ بکات. له‌و سه‌رده‌مه‌دا ئه‌سه‌دوڵڵا عه‌له‌م سه‌رۆک وه‌زیران بوو و جه‌عفه‌ر شه‌ریف ئیمامی سه‌رۆکایه‌تی په‌رله‌مانی له ئه‌ستۆدا بوو. ئه‌مه له کاتێکدا بوو که تازه شاژنه جولیانای هۆڵه‌ندا له‌گه‌ڵ پرەنس بێرنارد و پره‌نسێس بیاتریس له ئێران ڕۆیشتبوون. چه‌ند ڕۆژێك پاش سه‌ردانه‌که‌ی دۆگۆڵ، هانریس لۆبکه، سه‌رۆك کۆماری ئه‌ڵمانیا گه‌یشته ئێران. ئه‌و کاته گه‌رمه‌ی هه‌ولّه‌کانی خومه‌ینی بوو له ئێراندا و ساواك و فه‌رمانبه‌رانی ئاسایش گیرۆده‌ی کێشه و ڕووداوه‌کانی ۱۵ی جۆزه‌ردان (خرداد) بوون. له‌و نێوه‌نده‌دا شێخ ئه‌حمه‌د بۆ ماوه‌یه‌کی کورت هاته گۆڕه‌پانی سیاسییه‌وه و ده‌یویست نێوانی بارزانی و ئیبراهیم ئه‌حمه‌د هێور بکاته‌وه.

له ۱۹ی شووباتی ۱۹٦۳دا، مام جه‌لال ئه‌ندامی وه‌فدی گفتوگۆکردن له‌گه‌ڵ حکومه‌ت بوو و جه‌مال عه‌بدولناسر پێی گوتبوو ده‌توانێ ڕه‌زامه‌ندی له‌سه‌ر ئۆتۆنۆمیی کورده‌کان ده‌ربڕێ، به‌ڵام ناتوانێ پشتگیریی سه‌ربه‌خۆیی گشتیی کورده‌کان بکات. په‌یوه‌ندییه‌کانی ئه‌مریکاش هه‌ر ئه‌و وه‌ڵامه‌ی به تاڵه‌بانی دابووه‌وه. له‌و سه‌فه‌ره‌دا مام جه‌لال چه‌ند سه‌رکه‌وتنی به‌ده‌ستهێنا. شا نه‌یده‌ویست دراوسێیه‌کی به‌هێزی وه‌کوو عێراقی هه‌بێ. له

٥ی حوزەیراندا و لە ڕانیە، گفتوگۆی نێوان بارزانی و سەرۆك وەزیرانی عێراق دەستی پێکرد. ناکرێ سەردەمی عەبدولسەلام عارف و عەبدولکەریم قاسم پێکەوە هەڵسەنگێنین، چونکە هاوکات لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ مەلا مستەفا تێکچووبوو، بەڵام لە سەردەمی عەبدولسەلام عارفدا باشتر بوو. لە کۆتایی حوزەیرانی ١٩٦٤دا، ٢٠٠٠ کەس لە هێزەکانی بارزانی بە سەرپەرشتیی لوقمان بارزانی، هێرشیان کردە سەر ماوەت کە بارەگای سەرکردایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد بوو. ئیبراهیم ئەحمەد لە ڕێگەی سەردەشتەوە چوو بۆ تاران و گفتوگۆی دەستپێکرد.

لە ڕۆژی ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا، دیسان جەنگ دەستی پێکردەوە. لە مانگی ئازاری ١٩٦٣دا، خەڵکی کوردستان لە کۆیە کۆبوونەوەیەکیان کرد، بۆ ئەوەی بزانن داخوازییەکانیان لە حکومەتی عێراق چی بێ. کاروباری پارتیی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە لایەن پێنج کەسەوە بەڕێوەدەبرا کە هەرکامیان لێپرسراو و چاودێری بەشی خۆی بوو. ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری گشتی، چاودێری بارودۆخی ناوخۆی پارتیی دیموکرات بوو و بارزانی وەکوو کەسایەتیی دووەمی پارتی دەناسرا، هەرچەند لە ڕووی سەرکردایەتیی سەربازییەوە لە ئیبراهیم ئەحمەد چالاکتر و بەتواناتر بوو. دەسەڵات و توانای ئیبراهیم ئەحمەد وەکوو سەرۆك وەزیران بوو. پارتیی دیموکراتی کوردستان خۆی بە مارکسی - لینینی دەزانی، بەڵام بە ئاشکرا ئەو دروشمەی بەکارنەدەهێنا، لەڕووەوە حیزبی شیوعی گەلیی و گازەندەی لە پارتی هەبوو. لەو ماوەیەدا دەوڵەتی عێراق ئامادەیی نیشاندا بۆ پێدانی مافی (لامەرکەزی) بە کوردەکان. هەواڵی ئاگربەست بە شادی و خۆشی لە ناوچە عەرەبنشینەکاندا بڵاوبووەوە، بە تایبەت لە موسڵ و بەغدا لە لایەن خەڵکەوە پێشوازیی لێکرا و کوردەکانیش دڵەڕاوکێی بۆردومان و جەنگیان لە کۆڵ بووەوە، بەڵام هەندێك بە هۆشیارییەوە سەیری ڕووداوەکانی داهاتوویان دەکرد. سەرۆکایەتیی پارتیی دیموکراتی کوردستان هیچ کاتێك پەیوەندییەکی باش و بەجێیان لەگەڵ مەلا مستەفا نەبوو. لە ڕووی ناچارییەوە، بارزانییان وەکوو تەنیا سەرۆکی خەباتی کورد قبوولبوو، کە دەیتوانی وەکوو باوەڕپێکراوی عەشیرەتەکان لە شۆڕشدا بمێنێتەوە. لەو کاتەدا بارزانی ڕازی بە ئاگربەست

بووبوو، ئەوان دژایەتییان دەردەبڕی، ئەمەش بڕوای نێوان بارزانی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکراتی لاواز کردبوو.

کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکرات، لە ڕاگەیەندراوێکی فەرمیدا کە هەشتاوسێ کەس واژۆیان کردبوو، هۆشداریی دایە مەلا مستەفا کە خۆی لە ئاگربەست بپارێزێ و لەسەر جەنگ بەردەوام بێ تاکوو حکومەتی عێراق بەچۆکدا دێت. ئەم ئاگربەستە دەتوانێ پشوویەک بێت بۆ دەوڵەت و دیسان هێزەکانی ڕێکبخاتەوە و دووبارە هێرش بکاتەوە سەر کوردستان. بەڵام بارزانی وەکوو سەرکردایەتیی گشتی هێزەچەکدارەکانی کوردستان، باشتر لەوان بارودۆخی هەڵدەسەنگاند و دەیزانی کە دەوامی جەنگ مەیسەر نابێ، هەروەها زۆربەی ناوچە کوردنشینەکان بە هۆی بۆردومانەوە کاول بوون و ئاژەڵ و زەویی کشتوکاڵ لەناوچوون، لەوانەش گرنگتر ئەوەیە کە خەڵک وەڕیان بەرداوە. یەکێک لەو هۆکارانەی بووە هۆی وازهێنانی کۆماری یەککرتووی عەرەبی لە پشتگیریکردنی، هەر ئەم کێشەیە بوو. هەندێ لە لایەنگرانی تاڵەبانی کە ئەندامی ئەنجومەنی خوێندکارانی ئەوروپا بوون، ئەوانیان بە نۆکەری حکومەت و دوژمنی کورد دەزانی. بۆ سەدەمەدا مەبەست لە گرتنەوەی دووبارەی کوردستان، پێشبڕکێ لەگەڵ هێزەکانی حکومەت بوو. ئەوان چەند بەشێکی کوردستانیان ئازاد کردبوو و خەڵکیش بەم دۆخە هیوادار و دڵشاد بوون. ئەگەرچی گیروگرفتەکان زۆر بوون، بەڵام خەڵک ئەوەیان بەلاوە گرنگ نەبوو، چونکە لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵگا و گوند و شارەکاندا، بە گەرمی پێشوازی لە شۆڕش و خەبات دەکرا، بەڵام کاتێک دووبەرەکی سەریهەڵدا، ئیتر وەرە و کەفوکوڵی خەڵک نیشتەوە. کاتێک حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم ڕووخا، مام جەلال چوو بۆ میسر و جەزائیر. هۆکاری سەفەرەکەی ئەوە بوو کە باشتر ئەو مەبەستانە ڕوون ببێتەوە و ئەو وڵاتانە تێبگەن کە کوردەکان کەڵکەڵەی جیابوونەوەیان نییە و ئامانجی ڕاستەقینەیان بەدیهێنانی داخوازییە سەرەکییەکانە. مام جەلال چاوی بە جەمال عەبدولناسر کەوت. ئێمە لەو کاتەدا دەمانویست هەموو جیهان تێبگەیەنین کە خوازیاری مافی خۆمانین و نامانەوێ دژی عەرەب و عێراق و... بین و عێراق پارچە پارچە ببێ. سەفەرەکانی مام جەلال و چالاکیی

کوردەکانی لایەنگری پارتیی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە ئەورووپا و دەرەوە و ناوخۆی کوردستان، بۆ ئەوە بوو ڕاستی و دروستیی ویستی کوردەکان بە هەمووان ڕوونبکەنەوە.

بەپێی فەرمانی پارتی، هەرکام لە ئەندامان کە هەستی بە مەترسی دەکرد، یان هەر لێپرسراوێ لە دەستەی جۆراوجۆر کە لەوانە بوو دەستگیر بکرێت، نێردران بۆ دەرەوەی شارەکان و ئەو شوێنانەی پێشتر دیاریکرابوون. هەر گرووپێک بە سەرۆکایەتیی لێپرسراوێکی پارتی، فۆرمی سەربازیی بەخۆ گرتبوو و لە شوێنێکدا بە ناوی بارەگای فیداییان و پێشمەرگە، نیشتەجێ بوون. ئەوان بە مەبەستی پاراستنی خۆیان، ناچاربوون بنکەسەربازییەکانی سەرسنوور چەک بکەن و زیاتر پەلاماری ژاندارمرییان دەدا و چەکیان دەکردن. ئەندامانی زۆربەی بنکەسەربازییەکان، کورد بوون و بە داخوازیی خۆیان دەچوونە ڕیزی شۆڕشەوە. لەشکری دووی کەرکووک، بە سەرۆکایەتیی سەرلەشکر فەیسەڵ ئەنساریی کە ئەفسەرێکی هەڵکەوتووی عێراق بوو، سەرەتا لە چەند ناوچەیەکدا بە ناوی پتەوکردنی هێزەکانی سەرسنوورەوە، دەستی دایە چالاکیی چەکداری. ئەگەرچی پێکدادان هێشتا لە ئاستێکی بەربڵاودا نەبوو، بەڵام هەموو هەفتەیەک هەواڵی سەرکەوتنی لایەنێک و شکست یان لەناوچوونی لایەنێکی دیکە، دەگەیشتە بەغدا. دەوڵەتی عێراق هێشتا دەستپێکردنی جەنگی دژی کوردەکان ڕانەگەیاندبوو، بەڵام بەرەبەرە ڕووی لەو کێشەیە کرد. لە ۳ی تەمووزی ۱۹٦۲دا، وڵاتی جەزائیر پاش ۱۳۲ سال لە ژێردەستەیی فەرەنسا، سەربەخۆیی وەرگرت. لە ۸ی تشرینی یەکەمدا، کۆماری دیموکراتی ئەلجەزائیر بوو بە ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکان. ئەنجومەنی شۆڕشی جەزائیر، لە ۲۹ی ئەیلوولی ۱۹٦۲دا (ئەحمەد بن بیللا[۸٦])ی بۆ سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە - دەوڵەتی کاتی - هەڵبژارد. ئەحمەد بن بیللا لە یەکەم لێدوانیدا ڕایگەیاند کە جەزائیر دەبێتە کۆماری سۆشیالیستی. عەبدولسەلام عارفیش کەڵکەڵەی جێگریی جەمال عەبدولناسری لە مێشکدا بوو و بەعسییەکانیش خوازیاری پێکهێنانی ناسیۆنالیزمی نەژادیی - نەتەوەیی عەرەب بوون.

تاڵەبانی گەڕایەوە بۆ بەغدا و باسوخواسی خۆی و گفتوگۆکانی بۆ بارزانی و پارتیی دیموکراتی کوردستان گێڕایەوە. بەڵام کوردەکان دەستیان لە داخوازییەکانی خۆیان هەڵنەگرت، ئەگەرچی تا ڕادەیەکی زۆریش هیوابڕاو بوون. لەو کاتەدا هێشتا گفتوگۆکانی

پارتیی دیموکراتی کوردستان و حکومەت بەردەوام بوو. دەوڵەتی عێراق ئامادە بوو بەرانبەر مافی کوردەکان نەرمی پیشان بدات، ئەو مافانەی لە سەردەمی نووری سەعید بەڵێنیان لەسەر درابوو. لەو نێوەندەدا، کوردەکان لە ڕێگەی ئەو کوردانەوە کە ئەندامی سوپای عێراق بوون، چەکە نوێکانیان دەهێنا بۆ پارتی. وڵاتانی سۆشیالیستیش بە هۆی ئەوەی حیزبی بەعس کردەوەی دڕندانەی بەرانبەر کۆمۆنیستەکان ئەنجام دابوو، پشتگیرییان لە کوردەکان کرد. ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانیان، بەتایبەت لە مۆسکۆ و ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا، دەوڵەتی عێراقیان خستە بەر پلاری ڕەخنە و بانگەشە، تاوانباریان کرد بەوەی ئازادیخوازان و پێشڕەوان و خەڵکی سڤیل و چالاکوانی کۆمەڵایەتی دەکوژێ و مافی مرۆڤ و مافی ڕەوای کوردەکان پێشێل دەکات. عەبدولڕەحمان بەزاز، دەورێکی باشی بینی و بڕوای بە جەنگ نەبوو، دەیویست لەگەڵ هەموو لایەنەکانی کورددا پەیوەندیی هەبێ. لە ئاکامدا بەیاننامەی ۲۹ی حوزەیران بڵاوکرایەوە. حکومەت سیستمی لامەرکەزی ڕەتکردبووەوە و هەردوو لایەنی کوردەکانیش لەگەڵ ئەو پلانەدا بوون، بەڵام هێزە سەربازییەکانی بەغدا و ژەنەرالەکان، ئەوەیان بەدڵ نەبوو و لایەنگری جەنگ بوون. پاشان (بەزان)یان وەلا نا و (ناجی تالب)یان لە جێگەی ئەو دانا. بەم جۆرە بوارێکی دیکە بۆ هەڵگیرساندنەوەی جەنگ ڕەخسا.

ئەڵبەت ناسیۆنالیستە عەرەبەکان پێیان خۆش نەبوو کوردەکان داوای مافەکانیان بکەن. حکومەتەکەی عەبدولسەلام کاتێك دژایەتی بەرانبەر بەعسییەکان دەربڕی، بەرەو لاوازی چوو. بۆیە بە خێرایی پەیوەندیی بە بارزانییەوە کرد و جەنگی ڕاوەستاند. ئەڵبەت کوردەکانیش پێویستیان بە ڕاوەستانی جەنگ هەبوو، چونکە دیوارێکی ئابووریی کوشندە لەسەر خەڵك بوو کە هۆکارەکەی جەنگی ساڵی ۱۹۶۱ بوو. هێزە سەربازییەکانی پەیوەست بە ڕەگەزپەرەستانی عەرەب، هوروژمیان بردە سەر ناوچەی کەرکووك و ئاگریان تێبەردا و مالّ و سامانی کوردەکانیان تاڵان کرد، چونکە ئەو کارەیان بە حەڵاڵ دەزانی.

لە ۹ی حوزەیرانی ۱۹۶۳دا جەنگ دەستی پێکرد. لەو کاتەدا مامە لە ئەورووپا بوو. مامە لە بەیروت بوو کە ناسرییەکان و نەیارانی بەعس و کۆمۆنیستەکان و زۆربەی هێزەکانی چەپ، کوژران. ناسرییەکان لە بەیروت بە مام جەلالیان گوت کە لە بەغدا جەنگ

ڕاگەیاندراوە. پاشان لە یانەی یونسکۆ کۆنفرانسێکی گەورەی ڕۆژنامەنووسی ڕێکخرا. چەند کەسێك بە ناوی ڕۆژنامەنووسەوە دزەیان کردبووە ناو یانەکە، بەڵام ناسرییەکان و کۆمۆنیستەکان پێیان زانین و دەریان کردن. بە گشتی ئەو کۆنفرانس و پرسیار و وەڵامە، بە باشی بەڕێوەچوو.

مام جەلال پاش ئەوە لەسەر ئیزنی بارزانی چوو بۆ ڤیەننا و لەوێش کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیی بەست. دوای کۆتایی کۆنفرانسەکە، پەیامنێری ڕۆژنامەی پراڤدای ڕووسیا لە لایەن ئاژانسی دەنگوباسی ڕووسیاوە، نامەیەکی دا بە مامە، کە ناوەڕۆکەکەی دەربڕینی پەشێویی و نیگەرانی بوو لە کوشتاری کۆمۆنیستەکان، هەروەها داوا لە مامە کرابوو بچێتە مۆسکۆ. مامەش گوتی: با سەرەتا بچم بۆ ڕۆژئاوا، ڕووسیا مالّی خۆمانە. دکتۆر کامەران بەدرخان لە پاریس پێشوازییەکی گەرمی لە مامە کرد و خانووەکەیشی بوو بە ناوەندی چالاکیی سیاسی و دەنگوباس. لە هۆتێلێکی دوو ئەستێرەی سادە مایەوە. چالاکییەکانی لە پاریسدا دەنگی دایەوە و بەڕاستی تا ئەو کاتەی لە فەرەنسا بوو، بەردەوام کۆبوونەوە و گفتوگۆی ڕێکدەخست. (لۆمۆند) و (ئێریك ڕۆڵۆی نووسەر و ڕۆژنامەوانی فەرەنسی)، زۆر جار سەبارەت بە مامە وتاریان دەنووسی، چونکە ساڵی ۱۹٦۳ ڕۆڵۆ لە ئاهەنگی کۆنفرانسی کۆیە ڕاپۆرتی ئامادە کردبوو، کە لەگەڵ زاهیر یەحیا بە هێلیکۆپتەر هاتبوو. زاهیر یەحیا دەیویست بە جوانی لە داخوازیی کوردەکان ئاگادار بێ. ئەو کاتێك کۆمەڵەوتارێکی دەربارەی کورد بڵاوکردەوە، ئاماژەی بە خاڵێك کرد: کاتێك مامە هات بۆ کۆیە و گەنج و بەسالاچوو پێشوازییان لێکرد، قاڵییەکی بچووکی شێوە کۆن و دەستچنی پێشکەش بە ڕۆڵۆ کرد. لە فەرەنسا مام جەلال هەر لەسەر ئەو قاڵییە دانیشت و وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆڵۆی دایەوە.

هەر لەو کاتەدا بوو مەنگۆلیا پرسی کوردی هێنایە ئاراوە لە نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڵام لەژێر فشاری عەرەب و ڕووسییەکاندا وازی لێهێنا. لە سەرەتاشەوە ڕووسییەکان هاندەری ئەوان بوون. مامە لە فەرەنسا بوو کە مەنگۆلییەکان وازیان لە پرسەکە هێنا و بەم بۆنەوە ڕاپۆرتێکی بە ڕۆڵۆ دا کە لە لۆمۆنددا بڵاوبووەوە. مام جەلال گوتبووی "کورد لە گۆڕەپانی جەنگدا سەردەکەوێ نەك لە یانەی نەتەوەیەکگرتووەکان". ڕۆڵۆ زۆر هۆگری

مامه بوو. ئێریك نووسیبووی "مەنگۆلییەکان قەرزداری کوردن، کاتێك ئەوان هێرشیان کردە سەر کوردستان، سووتاندیان و خەڵکیان کوشت و هەموو شوێنێکیان کاول کرد و کەلاوەیەکیان بەجێهێشت، ئەمڕۆ کاتی ئەوە بوو کە قەرزەکەیان بە کوردەکان بدەنەوە، بەڵام نەیاندایەوە". پلەوپایەی مامە لای چەپەکانی فەرەنسا زۆر بەرز بوو. پەیامنێرەکانی ئومانیتە و شەرقولئەوسەتیش وتوویژیان لەگەڵ مامە کرد. تەنانەت لەگەڵ ڤالریك ڕوشەی کۆمۆنیستی بەناوبانگی فەرەنسا کۆبووەوە، هەر ئەو کەسەی کە دواتر بوو بە بەرپرسی یەکەمی حیزبەکەی. لەو کاتەدا مەلیك حسێن هات بۆ پاریس و لە هۆتێل کۆنکۆرد مایەوە. ناوەڕاستی ساڵی ۱۹٦۳ بوو. (موحەممەد حەسەنەین هەیکەل)یش هاتبووە ئەو هۆتێلە. من و زۆزك ڕەواندزی و مامە، چووین بۆ ئەو هۆتێلە. جاری یەکەم لەگەڵ مەلیك حسێن دیداری کرد. ڕۆژی دواتریش هەیکەل لە یانەی کۆنفرانسی هۆتێلەکە چاوەڕوانی بوو و پاشان پێکەوە چوونە نهۆمێکی دیکەی هۆتێلەکە. مام جەلال کاربەدەستانی ئیسرائیلی بینیبوو، بەڵام ڕووسییەکان پێیان گوتبوو بڵێ نەمدیون، بۆئەوەی عەرەبەکان بیانووییان نەکەوێتەدەست. گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتدا نەگەیشتە ئەنجام و لە مانگی حوزەیراندا جەنگ دەستی پێکرد. زۆرێك لە پەیامنێرانی ڕۆژنامەکان دەهاتنە ناو پێشمەرگەکان و ڕاپۆرتیان ئامادە دەکرد. لە ساڵی ۱۹٦۳شدا عەبدولکەریم قاسم هەندێ لە ئەندامانی پارتیی دەستگیر کرد، هەرچەند بارزانی خۆی بە سەربازی عەبدولکەریم قاسم دەزانی. هەندێ لە کوردەکان داوای لێخۆشبوونیان دەکرد و ئازاد دەبوون، هەندێکیش بە هیچ جۆرێك داوای لێخۆشبوونیان نەدەکرد و بێبەزەییانە ئازار و ئەشکەنجە دەدران. سەرەنجام بەو مەرجەی کە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان، ئازاد دەکران. دووبەرەکیی نێوان بارزانی و تاڵەبانی، هەر لێرەوە دەستی پێکرد.

لە کۆتایی مانگی ئایاردا، عەبدولسەلام عارف بەشێکی زۆری سوپای عێراقی ڕەوانەی ناوچە جۆراوجۆرەکانی عێراق کرد، چونکە پێشبینیی کردبوو جەنگێکی گرنگ لەگەڵ کوردەکاندا ڕوو دەدات. بەر لە دەستپێکردنی جەنگێکی هەمەلایەنە لە مانگی حوزەیراندا، عەبدولسەلام عارف هۆشیاری دا و پارتیی دیموکراتی کوردستانی بەوە تاوانبار کرد کە داخوازیی وای هەیە لە هیچ شوێنێکدا شایانی جێبەجێ کردن نییە و بە زۆر دەیانەوێ

ڕامانبکێشنە ناو جەنگەوە. هەروەها یەکێتیی سۆڤێتی تاوانبار کرد بەوەی هاندەری پارتیی دیموکراتە، چونکە ئەو حیزبە لایەنگری کۆمۆنیزمە. لە لایەکی ترەوە ئەمریکا و کۆماری یەکگرتووی عەرەبی و ئیسرائیل و کۆماری گەلی چینی تاوانبار کرد بەوەی چەک بە کوردەکان دەدەن و پشتگیرییان دەکەن. کوردەکان جارێکی دیکە شارەزایی و توانای خۆیان لە جەنگی دژی هێزەکانی عێراقدا سەلماند و زیانێکی قورسیان لێدا. ئەمە و دۆخی نالەباری ئابووری و سیاسی لە عێراقدا، پیلانی عارف و دەستەیەک لە ئەفسەرەکان کە بەعسی نەبوون، بە مەبەستی ڕووخاندنی حکومەت لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ی لێکەوتەوە. بارزانی لە شاخی مەتین و کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکراتیش لە دۆلّی عەوالان بوون، کە دواجار چوون بۆ ماوەت و بانگەوازیان بۆ هێزە سەربازی و پۆلیسییەکان کرد کە بێنە ڕیزی شۆڕشی کوردەوە. ژمارەیەکی زۆر هاتنە ڕیزی شۆڕشەوە و دوای ئەوە پۆلیسیش ناوبانگی پەیداکرد. بەڵام پارتی و سەرۆکی پارتی لێک جیابوونەوە و ڕۆژبەڕۆژ مەودای نێوانیان گەورەتر دەبوو. هەریەکەیان بە شێوەی تایبەتی خۆیان کاریان دەکرد. لە مانگی شووباتی ١٩٦٣دا، حکومەت فەرمانی لەناوبردنی حیزبی کۆمۆنیستی دا و ئەوانیش بە ناچاری پەنایان بردە ژێر پەڕوبالّی بارزانی. لە لایەکی ترەوە دەرەبەگەکانی پەیوەست بە پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە، سکاڵایان بردە لای بارزانی و ڕایانگەیاند کە بە دەست ئەندامانی پارتییەوە، تەنگیان پێهەڵچندراوە. کۆمۆنیستەکانیش دەستیان کرد بە نامەنووسین بۆ بارزانی و زەمی ئەندامانی پارتییان دەکرد. بارزانی فەرمانی دەستگیرکردنی چەند کادرێکی پارتیی[٩١] دا و کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکرات بەم کارە زۆر زوێر بوو، چونکە دەیانزانی کە ئەمە پیلان و ئامانجێکی تایبەتییە و پێشتر دیاریکراوە. بەڵام دەسەڵاتی کۆنترۆڵی بارزانییان نەبوو. سەرەنجام بارزانی عەلی حەمدی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، بەبێ ئاگاداریی کۆمیتەی ناوەندی و بەبێ دادگاییکردن، هەڵواسی و لە سێدارەی دا. ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی هەردوولا بڕوا و متمانەیان بە یەکتر نەمێنێ. بارزانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا باش بوو و دەستی کرد بە چاودێریی و گرتنی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە ئەمەش خۆی جۆرێک لە دووبەرەکیی خستە ناو ئەو حزبەوە و بووە هۆی جیابوونەوەی عەبدوڵڵا ئیسحاقی و چەند ڕاگەیەندراو و بەیانامەیەکی لەژێر ناو و ئاڵای بارزانی دژی کۆمیتەی ناوەندیی حیبزی دیموکراتی کوردستان بڵاو کردەوە. هەروەها چەند وتارێکی

نووسی بە مەبەستی ڕاکێشانی بارزانی دژی سەرۆکایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و عێراق. لەو بێنە و بگرەدا (شڤان و سەعید ئەلچی) لە کوردستانی تورکیا و لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی بارزانی، بە شێوەیەکی نادیار کوژران. ئەم هەواڵە جارێکی دیکە کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکراتی شڵەژاند. بارزانی جارجار نامەیەکی دەنووسی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکرات و دەیگوت فلانکەسم بۆ دەستگیر بکەن و بە دەستبەستراوی بۆم بنێرنە ئێرە، بەڵام کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ئەو کارەی نەدەکرد. دیسان نامەی دەنووسییەوە کە ئەگەر من بە سەرۆکی پارتیی دیموکراتی کوردستانی عێراق و شۆڕش دەزانن، دەبێ فەرمانەکانی من جێبەجێ بکەن، دیسان کۆمیتەی ناوەندی کاردانەوەی پیشان نەدەدا. ئەویش وا گومانی دەبرد کە ئیبراهیم ئەحمەد ڕێگرە لە فەرمانەکانی. داوای لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کرد کە مام جەلال بخەنە جێگەکەی ئیبراهیم ئەحمەد، بەڵام کۆمیتەی ناوەندی خۆی لەو کارەش پاراست. پاشان بارزانی زۆر پێی تێکچوو، چونکە هیچ کارێك بە دڵی ئەو جێبەجێ نەدەکرا.

هەواڵنامەی کتێب

لە لایەکی ترەوە زۆر یاسایی بوو کە بارزانی لەگەڵ شا و ئەمریکا و ئیسرائیل نزیك ببێتەوە و چارەیەکی دیکەی نەبوو، چونکە دەیویست لەو ناوچەدا شتێك بە ئەنجام بگەیەنێ. ئیسرائیلییەکانیش یارییەکی سەرسوورهێنەریان دەکرد. هەستیان بە مەترسی لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەکرد، بۆیە لە هەر بزاڤێك کە عەرەبەکانی لاواز دەکرد، سوودیان وەردەگرت، لەو ڕووەشەوە چ لایەنێك لە کوردەکان باشتر هەبوو. لە بازنەی دوژمنایەتیی ئەوان لەگەڵ عەرەبەکاندا، ئەم جۆرە پشتگیرییە لە کوردەکان شایانی لێکدانەوە و وردبوونەوەیە. بارزانی لەگەڵ بۆچوونی ئێمەدا بوو، بەڵام لەسەر شێوازی سەرۆکایەتی، لە ساڵی ۱۹۶۱دا کێشە سەریهەڵدا. ئەڵبەت کۆمۆنیستەکان لەگەڵ مەلا مستەفا ڕێکەوتن، بەڵام لایەنی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئێمەدا نەبوون. بەعسییەکان لە ئوردن و قەتەر و یەمەن و تونس و عێراق و... لە هەر وڵاتێکدا سەرۆکێکی نەتەوەییان هەبوو. لە تشرینی دووەمی ۱۹۶۳دا، دەوڵەتی سۆڤێت ۱۰ فڕۆکەی جەنگیی لە جۆری TU-16ی بە دەوڵەتی عێراق دا. کێشەی بەعس و ناسرییەکان لە گفتوگۆی سێلایەنەی ۱۹۶۳دا بەم بۆنەوە گرنگ بوو کە بۆ یەکەم جار هەر سێ وڵاتی میسر و عێراق و سووریا،

پێکەوە ئامادەکاری پلانی یەککگرتن بوون. گرنگیی دووەم لەوەدا بوو کە وەفدی نوێنەرایەتیی سووریا ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا بۆچوونی خۆی دەربارەی دەوڵەت و حیزب و شکستی ئەزموونی یەکگرتنی سووریا و میسر لە ساڵانی ١٩٥٨ تا ١٩٦١ی، دەربڕی. گرنگیی سێهەم دەربارەی ئەو پێکدادانە خوێناوییە بوو کە دوای شکستی گفتوگۆکانی ١٤ی ئازار تا ١٧ی نیسانی ١٩٦٣ لە نێوان بەعسییەکان و لایەنگرانی ناسریزم پێش هات.

پەیوەندییەکانی نێوان ناسریزم و بەعس، خولی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیوە، کە لە هاریکاریی سیاسییەوە دەستپێدەکات تا بەگژداچوونی تووندوتیژانە. پاش جەنگی سوێس و بەرفراوانیی خۆشەویستیی حکومەتەکەی جەمال عەبدولناسر لە سووریا و بزاوتنی دووبارەی کۆمۆنیستەکان لەو ولاتەدا کە، حیزبی بەعس هەوڵی دا بۆ نزیکییەکی ڕێکوپێک لەگەڵ میسر، بەرەبەرە کە گفتوگۆکان دەربارەی یەککگرتن بەرەو پێش دەچوون. بەعسییەکان نەیاندەتوانی پشتگیریی میانڕەوەکان بەدەستبهێنن، بۆیە خۆیان لە بارودۆخێکدا دەبینی کە لەوانەیە لایەنی چەپ لەناو حیزبدا بوروژێت. ئەم دۆخە بووە هۆکارێك لەناو دەستەی سەرۆکایەتی لە دیمەشقدا کە بەڕەچی یەکتر بدەنەوە. بە ناچاری قۆناغی ناوبژیکاریی پێویست وەلانرا و پەلە کرا لە یەککگرتندا، بە جۆرێك کە چەند ڕۆژێك بەر لە ڕاگەیاندنی کۆماری یەککگرتووی عەرەبی، وەفدێك کە لە سەرکردە سەربازی و سیاسییەکانی بەعس پێکهاتبوو، بە خێرایی چووە قاهیرە و داوای لە سەرۆکی دەوڵەتی میسر کرد هەرچی زووە زەمینەسازی بۆ یەککگرتنی سووریا و میسر بکات. دیارە لە سووریا ئاوات و ئامانجی یەککگرتن زۆر بەتین بوو. دڵ و دەروون و خۆشەویستی و ئامادەیی جەماوەر بۆ یەککگرتن، زۆر جار لە درێژەی مێژوودا سەلماوە، بە جۆرێك کە گڕوتینی هەستیارانەی ئەم ئەرکە لەناو خەڵکی سووریادا، وا لە چاودێران دەکات بڵێن سووریا کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی نایابە و داهاتووی خۆی تەنیا لە تەنیشت گەلێکی مەزنتر، واتە گەلی عەرەبەوە دەبینێ.

لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا، سوپای عێراق و بەعسییەکان پەلاماری کوردستانیان دا و ٢٦٧ کەس لە سلێمانی، ٢٥ کەس لە کۆیە و ٧٣ کەسیان لە ناوچەی بیتواتە دەستگیر

کرد، بەبێ هیچ هۆکارێك و بەبێ هیچ دادگاییکردنێك، تیربارانیان کردن. لە ۱۰ی تەمووزی ۱۹٦۳دا، ڕادیۆی بەغدا تاوانی جودابیخواز و لایەنگری کۆمۆنیزمی دایە پاڵ کوردەکان. عەلی سالّح سەعدی کە یەکێك بوو لە بەرپرسانی بەعس، خۆی لە هیچ تاوانێك دژی کوردەکان نەبوارد و زۆربەی خانوو و مالّی کوردەکانی بە بیلدۆزەر خاپوور کرد. خوێندن و نووسینی کوردی قەدەغە کران. ناوی کوردیی دوکانەکان گۆڕدران. ئاژەڵەکانیان کوشتن و باخەکانیان سووتاندن. عەبدولسەلام عارف گوتی "بەم زووانە ئاژاوەی کوردەکان کۆتایی دێت. کاتی دانبەخۆگرتن و پشوودرێژیی و گفتوگۆ لەگەڵ کوردەکان، بەسەرچووە".

حیزبی بەعس سیاسەتی دژایەتیی ڕووسیای گرتەبەر. ڕووسیاش گوتی "کوردەکان تەنیا بۆ پاراستنی خۆیان خەبات دەکەن". لە ۱۸ی حوزەیرانی ۱۹٦۳دا، کوردەکان ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی نەوتی کۆمپانیای IPCی بەریتانیایان لە نزیکی کەرکووك تەقاندەوە و پێنج فەرمانبەری ئەو کۆمپانیایە کوژران. ڕۆژنامەکانی لەندەن ڕایانگەیاند کە زیان لە نەوت و دارایی بەریتانیا کەوتووە. بەریتانیا پشتگیریی سەربازیی خۆی بە عێراق ڕاگەیاند. جەلال تالّەبانی هەڕەشەی زیاتری کرد و گوتی: جەنگی بەعس دژی کوردەکان، هاوشێوەی کارە پیس و درندانەکەی هیتلەرە دژی یەهوودییە بێتاوانەکانە. بۆ ئەوەی لەناونەچین، هاوکارییی هەموو لایەك دەکەین، تەنانەت هاریکارییی شەیتانیش. لە ۲۳ی حوزەیرانی ۱۹٦۳دا، ۲۸ کۆمۆنیست لە لایەن بەعسەوە لە سێدارە دران، کە دەستیان لە ڕووداوەکەی کەرکووکی سالّی ۱۹۵۹دا هەبوو. لە ۲ی تەمووزی ۱۹٦۳دا، دەوڵەتی مەنگۆلیا داوای لە نەتەوەیەکگرتووەکان کرد کە پرسی کوشتاری کوردەکان لەبەرچاو ون نەکات. بەوهۆیەوە دەوڵەتی عێراق پەیوەندییەکانی لەگەڵ مەنگۆلیا پچڕاند. لە مانگی ئازاردا، کۆماری مەنگۆلیا داوای لە نەتەوەیەکگرتووەکان کرد لە پرسی کوردەکان بکۆڵێتەوە و لە کۆبوونەوەی داهاتوودا لەوبارەیەوە گفتوگۆ بکرێت. بەم شێوەیە وڵاتانی سۆشیالیست دەیانویست خۆیان بدەنە پاڵ ئەم پرسە.

هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاواش لەم پرسەدا زۆر توند بوو. لە لایەکەوە بیروڕای گشتیی وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکا پشتی شۆڕشی کوردەکانیان دەگرت و کوردیان بە نەتەوەیەك

دەزانی کە دەبێ مافەکانی وەربگرێ، چونکە لە نێوان سێ وڵاتدا دابەش کراوە، وەکوو پۆلۆنیا کە نزیکەی ١٢٣ سالّ لەمەوپێش گیرۆدەی هەمان دەرد بوو. لە لایەکی تـرەوە ئەمریکا و بەریتانیا بە هۆی پەیوەندیی نزیکیان لەگەلّ ئێران و تورکیا و بەشداری لە چالاکیی سەربازیی هاوبەش و پەیمانی سنتۆ، هەوڵیان دەدا دڵی ئەم دوو وڵاتـە نەڕەنجێنن. کاتێک ڕووسیا ناردنی چەکی بۆ عێراق ڕاگرت، بەریتانیا وەکوو سالّی ١٩٥٨، دەستی کردەوە بە ناردنی چەک و ئامێری جەنگی بۆ ئەو وڵاتە و پاشان ئەمریکاش هەمان کاری دەستپێکرد. لەو کاتەدا ڕووسیا ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوای تاوانبار کرد بەوەی دەستیان هەیە لە کوشتاری گەلی کـورد و بەرهەڵستیکردنی شۆڕشـی ئازادیخوازانـەی کوردسـتان. هۆشـیاریی حکومـەت بـە مەبەسـتی خۆبەدەسـتەوەدانی شۆڕشـگێڕان کۆتـایی هـات و هێـزی چـەکداریی کـورد خـۆی بەدەستەوە نـەدا. ڕۆژنامـە و میـدیاکانی شـۆڕش بـە مەبەسـتی بـەهێزکردنی وڕەی خـەڵک، ڕایانگەیاند کـە بێجگـە لـە کۆمۆنیستەکان، چـین و ئیسرائیل و ئـەمریکا و تەنانـەت کۆمـاری یەکگرتووی عەرەبی _میسر_ لـە کـاتی جەنگدا پـشتگیرییان کـردووین. ئـەم بانگەشـەیە لـە ئاستێکی بالّادا سەرنجی کوردەکانی عێراق و تورکیا و ئێرانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا.

هەوڵنامەی کتێب

چەند ڕۆژێک بەر لە کۆبوونـەوەی فـەرمیی نەتەوەیـەکگرتووەکان، وەزارەتـی دەرەوەی مەنگۆلیا سکالاّیەکی نەتەوەیەکگرتووەکانی وەرگرت کە بووە هـۆی نائومێـدیی کوردەکـان، چـونکە مـەنگۆلیا پـەیڕەوی سیاسـەتەکانی ڕووسـیا بـوو و بێگومـان بـەبێ ڕەزامەنـدیی و ئاگاداریی ئەو، ئەو هەنگاوەی هەڵگرتبوو. جەمال عەبدولناسریش ڕایگەیاند هێشتا لەگەلّ ئەوەدایە کە مافی کوردەکان بدرێت، بەڵام دژی هەر چەشنە جیابوونەوەی کوردەکانـە. لـەو نێوەندەدا بارزانی بە مەبەسـتی کۆتـایی هێنـان بـەو بارودۆخـە، پـەلاماری جاشـەکانی دا و ئەوانیش هـەڵاتن بـۆ نـاو خـاکی تورکیـا. دەوڵـەتی تورکیـاش سـەرەڕای چـەککردنیان، لـە شوێنی جۆراوجۆردا نیشتەجێی کردن. بەم شێوەیە بەشێک لە هێزەکانی عێراق دووبارە پەرێز بوون. کە جەنگ بەردەوام بوو و پاش ڕێکەوتنی عێراق و سووریا، ٥٠٠٠ سـەربازی سـووریی چوون بۆ یارمەتیی سوپای عێراق و لەژێر سەرکردایەتییەکی هاوبەشدا لـە بەغدا هێرشیان کردە سەر کوردەکان. مۆسکۆ، نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمریکای تاوانبار کرد بە کوشتاری کوردەکان، چـونکە پاڵپشتی حیزبـی بـەعس بـوون. وەزیـری دەرەوەی سـۆڤێت، ئەندری

گرۆمیکۆ، له ٩ی تەمووزی ١٩٦٣دا ناڕەزایەتیی فەرمیی ولاتەکەی بە بالیۆزی عێراق لە مۆسکۆ، ڕاگەیاند. لە ١١ی تەمووزی ١٩٦٣دا، نوێنەری سۆڤێت لە ئەنجومەنی کۆمەڵایەتی_کولتووریی نەتەوەیەکگرتووەکان، داوای لێکۆڵینەوە لەم سیاسەتەی عێراق کرد، بەڵام نوێنەرانی فەرەنسا و ئەمریکا و بەریتانیا و ئوردن، دژایەتییان بەرانبەر ئەم پێشنیازە دەربڕی. ڕۆژنامەی بەعس کوردستانی وەکوو ئیسرائیلی دووەم ناو برد. مەنگۆلیا لە هەژدەیەمین کۆبوونەوە، واتە لە ١٧ی ئابی ١٩٦٣دا، پەشیمانیی لە سکاڵاکەی دەربڕی و لە هەڵوێستەکانی پاشگەز بووەوە. چین و ماوتستۆنگیش ڕایانگەیاند کە شۆڕشی کوردەکان کۆنەپەرەستانەیە و ئامادەیی نیشاندا بۆ پشتگیریی عێراق، چونکە ڕووسییەکان پاڵپشتی کوردەکان بوون. پارتیی دیموکراتی کوردستانی عێراق و حیزبی کۆمۆنیست، دژایەتییان بەرانبەر وتەکانی سەرۆکی چین دەربڕی. تورکیا سنوورەکانی بەسەر کوردەکانی عێراقدا داخست. لە ١٤ی ئابی ١٩٦٣دا، پاکستان لە ڕێگەی کەشتییەک کە گەیشتە بەندەری بەسرە، ٩ هەزار کڵاشی تۆپی وەکوو دیاری پێشکەشی عێراق کرد. بەریتانیاش هەر وەکوو جاران چەکی بە عێراق دەدا و فڕۆکەوانی بۆ دەنارد. ڕۆیتێریش(Reuters) لە ٢٦ی تەمووزی ١٩٦٣دا ڕایگەیاند حکومەتی ڕۆژئاوای ئەڵمانیا ١٥ ملیۆن مارك وەکوو یارمەتی بە عێراق دەدات و ئامادەیە پەیوەندیی کولتووری لە نێوان ئەوان و کوردەکاندا دابمەزرێنێ. ئەمریکاش لە ٢ی تەمووزی ١٩٦٣دا، ئامادەیی خۆی بۆ یارمەتیدانی عێراق ڕاگەیاند. لە ٢٢ و ٢٤ی ١٩٦٣دا، جەمال عەبدولناسر گوتی "دۆستایەتی لەگەڵ بەعسی فاشیستدا دانامەزرێ". بەڵام ڕاستەوخۆش پشتگیریی لە خەباتی کوردەکان نەکرد و هەڵوێستی بێلایەنیی نیشاندا. بەعسییەکان نەیاندەویست یەکێتیی عەرەب بە سەرۆکایەتیی جەمال عەبدولناسر، سەر بگرێ. لە ١١ی تەمووزی ١٩٦٣ تا ٢٣ی تەمووزی ١٩٦٣، ٨٧٥ گوند و ناوچەی کوردەکان خاپوور کران. لە ٢٤ی ئابی ١٩٦٣دا، حکومەت خوازیاری گفتوگۆ بوو لەگەڵ مەلا مستەفا. لە کانوونی یەکەمی ١٩٦٣دا، کوردەکان زۆربەی ئەو ناوچانەیان گرتەوە کە لەژێر دەسەڵاتی بەعسییەکاندا بوون.

ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵا ئیسحاقی) لە بارزانییەوە نزیک بوو. پەیامنێری گۆڤارێکی سویسرای بە قاچاخی بردە لای بارزانی و وتارێکی بە ناوی (دیسان بارزانی) بڵاوکردەوە،

لەڕاستیدا ئاگری جەنگی ناوخۆی خۆشتر کرد. بەرژەوەندیی ئەو لە پشتیوی و هەڵگیرسانی ئاگری دووبەرەکیدا بوو. مەلا مستەفا ئەوەی کە نەیدەویست، بە ئاسانی ملی بۆ نەدەدا. کەسایەتییەکی بەهێز بوو. بەلایەوە زۆر گرنگ بوو کە لێپرسراوانی حکومەت بچنە لای.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پشتی حیزبی بەعسی لە بەرانبەر کوردەکاندا بەرنەدا. کوردەکانی باکووری عێراق، بە هاوکاریی سۆڤێت، چەکیان هەڵگرتبوو و خەباتیان دەکرد. بێدەنگیی میسر لە بەرانبەر ئەم شۆڕشەدا، باجێك بوو کە سۆڤێت بێدەنگ بێ و عێراق بە هێمنی بچێتە ڕیزی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی. سوبحی عەبدولحەمیدی فەرماندەری ئەو کاتەی سوپای عێراق، ڕاستەوخۆ لەگەڵ کارگێڕی سەربازیی ئەمریکا گفتوگۆی کرد و ڕێکەوتن کە پێنج هەزار بۆمبی ناپاڵم بە عێراق بدات. ئەو بۆمبانە هەموو گوند و ئاژەڵی کوردستانیان ئاگر تێبەردا و کردنیان بە خۆڵەمێش. کوردەکان وا تێگەیشتن کە سۆڤێت ئەو بۆمبانەی بە عێراق داوە، بۆیە لە پاڵپشتەکەیان ساردبوونەوە. بەمەش ئەمریکا لە هەمان کاتدا چەند ئامانجێکی پێکا. کوردستان بە ئاگری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دەسووتا. سەدامیش ئاواتی بەرزکردنەوەی پلەوپایەی خۆیی هەبوو، بۆیە خۆی لە ژەنەراڵ ئەحمەد حەسەن بەکر نزیك کردەوە کە لە بازنەی هاوڕێیانی عەبدولسەلام عارف و کەسایەتییە ناودارەکانی عێراقدا بوو. بەم جۆرە دەسەڵاتی لە حیزبی بەعسدا گەشەی کرد. ئەم نزیکبوونەوەیە تا ئەو ئاستە چووە پێشەوە کە لە حوکمێکی نەنووسراودا، هەموویان سەدامیان وەکوو جێگری ئەحمەد حەسەن بەکر، یان لانی کەم ڕاوێژکاری بااڵی ئەو، دەبینی. هاریکاریی تاکتیکیی نێوان عەبدولسەلام عارف و ئەحمەد حەسەن بەکر کە هەر لە سەرەتاوە بناغەیەکی پتەوی نەبوو، زۆری نەخایاند و ئەحمەد حەسەن بەکر لە بەرانبەر بەعسییەکاندا هەستی بە مەترسی کرد. لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا، هەموو ئەندامانی حیزبی بەعسی لە کابینەکەی دەرکرد و کۆتایی بەم هاوکارییە هێنا. سەدام حسێنیش بە تاوانی پیلانگێڕیی دژی دەوڵەت، دەستگیر کرا و خستیانە گرتووخانەیەك لە بەغدا کە لە ڕووی ئەمنییەوە بە وردی چاودێری دەکرا. سەدام نزیکەی دوو ساڵ مەینەتیی بەندیخانەی کێشا. لەبەرئەوەی خرابووە ژێر چاودێریی وردەوە، نەیدەتوانی لەگەڵ دەرەوە پەیوەندی دابمەزرێنێ، بەاڵم لە هەوڵێکی سەرسووڕهێنەرانەدا، سەرۆکایەتیی حیزبی

بەعسی پێ سپێردرا. زۆری نەخایاند کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر، لە بەندیخانەی ئەمنیی بەغدا دەرباز بوو.[۹۲]

مامەڵەی توندوتیژانەی بەعسییەکان لە عێراقدا دژی کوردەکان، بە جۆرێک لە ڕەگەزکوژیی و جینۆساید ئەژمار دەکرا. لە ساڵی ۱۹۶۳دا، لە ڕێگەی پارێزگار (حاجی عەبدولڕەزاق)ەوە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتدا دەستی پێکرد. هەر لەو ساڵەدا دەستەیەک کە لە بەغدا بوون، لەگەڵ گرووپێکی عێراقی، بە شێوەیەکی فەرمی و وەکوو وەفدی حکومەتی عێراق، چوونە لای جەمال عەبدولناسر، کە فوئاد عارف وەزیری کوردیشیان لەگەڵدا بوو.

کاتێک بەزاز هات، گۆڕانکارییەک لە حکومەتی ناوەندی عێراقدا ڕوویدا. ئەو مرۆڤێکی مەدەنی بوو، دەیزانی کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەبێتە هۆکارێک بۆ لەناوبردنی کێشە ناوخۆییەکانی عێراق. دۆخی کۆمەڵایەتی بەراورد بە ساڵی ۱۹۶۳، باشتر و هێمنتر بوو. لە ساڵی ۱۹۶۳دا، هێشتا شوێنەواری بڕستێتی و هەژاری بەهۆی شۆڕشەکەی ساڵی ۱۹۶۱ەوە، هەست پێدەکرا. لە ١٤ی ڕەمەزانی ساڵی ۱۹۶۳دا کە عەبدولسەلام عارف دەسەڵاتی گرتەدەست، شۆڕشی کوردەکان هەر بەردەوام بوو. پاشان سەرۆکایەتیی شۆڕش هاتە سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتدا. لە ساڵی ۱۹۶۳دا، ناوچەکە جۆرێک لە ئازادیی تێدابوو و وتووێژ لەگەڵ حکومەتدا هاتە ئاراوە. لێرەدا دوو جۆر بۆچوون هەبوو کە ئایا ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتدا لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە، یان ڕزگاربوون لە جەنگ؟ حیزبی بەعس لە ساڵی ۱۹۶۳ بەدواوە، بەگشتی بوو بە ڕێکخراوێکی سوننی، ئەم وەرچەرخانە گرفتی هۆزایەتیی عێراقی پەرەپێدا. لەو کاتەدا حیزبی بەعس ڕووبەڕووی دوو گرفتی گەورە بووەوە: کورد و شیعەکان(لە ناوەندی نەجەفدا). بەعسییەکان شێلگیرانەتر لە جاران سیاسەتی دوژمنانەیان لەگەڵ کوردەکان گرتەبەر. بەرهەڵستیی شیعەکانیشیان کرد و لە یەکەم کاردانەوەدا ئێرانییەکانی حەوزەی نەجەفیان دەرکرد. عەبدولکەریم قاسم نەیدەویست کە جەژنی نەورۆز وەکوو ئاهەنگێکیی فەرمی بۆ چالاکیی نەتەوایەتی و سیاسیی کوردەکان بناسرێت. لە ۷ی نیسانی ۱۹۶۳دا، هەرسێ وڵات ڕێکەوتنامەی خۆیان واژۆ کرد و کوردەکانیش لە ڕۆژی ٢٤ی نیسانی ۱۹۶۳، یاداشتێکیان ئاراستەی حکومەتی

عێراق کرد کە بریتی بوو لە ١٦ بەند. لە نەورۆزی ١٩٦٣دا، دامودەزگای حکومەت لە هەولێر و ڕانیە و قەڵادزێدا نەبوون. لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا، جەنگی خوێناویی و بۆردومان دەستی پێکرد و هەزاران ژن و پیاو و پیر و گەنج لە ترسی گیانیان پەنایان بردە بەر شاخ و چیا و دارستانەکان و.... سوپای عێراق گەیشتبووە کۆیە. تەنانەت لە ٧ی تەمووزی ١٩٦٣دا، لە شەقامەکانی کۆیە چەند کەسێکیان تیرباران کرد و تا چەند ڕۆژێك تەرمەکانیان بە دارەکانەوە هەڵواسرابوون، دوای ئەوەش هەموو ڕۆژێك چەند کەسێکیان لە سێدارە دەدا. لە ڕۆژی ٣ی تەمووزی ١٩٦٣دا، حەسەن سەریعی، لە ئۆردوگای ڕەشیددا ڕاپەڕینێکی سەرنەکەوتووی دژی حکومەت ئەنجامدا.

لە کۆتایی هاوینی ١٩٦٣دا، بەشێك لە جاشەکانی کۆیە، ئاگریان لە چەند شوێنێك بەردا و پاشان عەبدولڕەحمان حاجی ئەسعەد (چەلەبی) و کوڕە لاوەکەیان، بە دەستبەستراوی و بە زیندوویی، بەسەر زەویدا ڕاکێشا، بۆ ئەوەی بە ئازارێکی زۆرەوە بمرن. دوای کۆتاییهاتنی ئەو کوشتارە زۆرە و جەنگی کوردستان، ڕژێم لە هەموو جیهاندا دووڕوویەڕێز کەوتبوو. دووبەرەکی کەوتبووە نێوان لایەنەکانی چەپ و ڕاست لەناو حیزبی بەعسدا. ئەفسەرانی نەتەوەپەرەست و نیشتمانپەروەر بە سەرۆکایەتیی عەبدولسەلام عارف، هەڵێکیان بۆ هەڵکەوت و لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا، بەعسییەکانیان لە دامودەزگای حکومەت دەرکرد. بەرپرسانی حکومەتەکەی عەبدولسەلام عارفیش وەکوو تاهیر یەحیا، تێڕوانین و بۆچوونێکی باشیان بەرانبەر کورد نەبوو، بەڵام پێویستیان بە ماوەیەك هەبوو تا سەقامگیر ببن، بۆیە لە ١٠ی شووباتی ١٩٦٤دا، ئاگربەستیان بە سەرۆکایەتیی شۆڕش ڕاگەیاند. ئەڵبەت لە ڕووانگەی جیهانی عەرەب و وڵاتانی پێشکەوتووەوە، ئەم هەنگاوە عاقڵانەتر بوو لە جەنگی مانۆێرانکەر و نابەجێ، بەڵام حکومەتەکەی عەبدولسەلام عارف و تاهیر یەحیا، جگە لە دروشمی بێ ناوەڕۆك و هەڵخەڵەتاندن، هیچ هەنگاوێکی بەڕەو پێشی نەنا. لە بازنەی گفتوگۆی نێوانی حکومەت و لایەنی کورد، وتوێژی زۆر لەسەر کوردستانیبوونی شاری کەرکووك کرا و عێراقییەکان زۆر بە تونديی نکوڵییان لە کوردستانیبوونی شاری کەرکووك دەکرد و بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوون دان بەو ڕاستییەدا بنێن، لە بەرانبەریشدا کوردەکان پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کەرکووك شار و

زێدی کوردانه. بەوهۆیەوە لە مانگی ئایاری ۱۹٦۳دا گفتوگۆکان گەیشتنە بنبەست و لە مانگی حوزەیراندا جەنگی نێوان هەردوو لا هەڵگیرسایەوە. دیسان کوردستان کەوتە بەر شاڵاوی سوپای عێراق. سوپای عێراق و لەشکری سەربازیی کوردستان کەوتە بەر پەلامار، گوندەکان کاول بوون و زەوییە کشتوکاڵییەکان سووتێندران و سەدان کەس تیرباران کران و گۆمی خوێن هەستا. ۲۸۰ کەسیش لە سێدارە دران. ولاتی مەنگۆلیا لە ۳ی تەموزی ۱۹٦۳دا، داوای لە نەتەوەیەکگرتووەکان کرد باس لە کارەساتی ڕەگەزکوژیی لە لایەن سوپای عێراقەوە بکرێت. حکومەتی بەعس پاش ئەو بەرنامەیە، بەرنامەڕێژیی بۆ سڕینەوەی ڕەگەزیی کوردەکان کرد و سەدان کوردی ئاوارە کرد، لە جێگەی ئەوان، لە هەولێر و کەرکووکدا عەرەبی نیشتەجێ کرد.

پاش ئەوەی گفتوگۆی[۹۳] نێوان کورد و حکومەت نەگەیشتە ئەنجام، ناکۆکیی نێوان باڵەکانی پارتیی دیموکراتی کوردستان ئاشکراتر بوو، بەتایبەت لە هەڵوێستی سیاسیدا، بۆ نموونە لە بەیاننامەی ژمارە سیانزەدا. حکومەتی عێراق خوازیاری بەربەستکردنی چالاکیی پارتی و حیزبی کۆمۆنیست بوو لە کوردستاندا، لێرەم لایشەوە کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکرات لە ڕاگەیەندراوێکدا دانی نا بەو بەیاننامەیەدا و دەیویست لەو ڕێگەیەوە فشاری زیاتر بخاتە سەر حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، هەرچەندە کەسانی وەکوو جەلال تاڵەبانی و نووری شاوەیس، نەیاری ئەو کارە بوون. لەو کاتەدا بارزانی پشتگیریی لە حیزبی کۆمۆنیست دەکرد و لەو بارەیەوە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکرات نەیاری گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتدا بوو، بەڵام بارزانی هەروها خوازیاری گفتوگۆکردن بوو لەگەڵ حکومەتدا. بارزانی دەیگوت "من هیچ هیوایەکم بە گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولسەلامی شۆڤێنی نییە و لەو باوەڕەدا نیم کە ئەمانە دان بە مافی کورددا بنێن، بەڵام ئێمە لە دۆخێکی نالەباردایین و هێزەکانمان ماندوون، فیشەکیشمان کەمە و چەکی باشمان نییە و پێویستمان بە پشوودانێك هەیە". یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی ئاگری دووبەرەکیی زێدەتر دەکرد، پەیوەندیی نهێنیی کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکرات بوو لەگەڵ ئێران، کە بارزانی لەو پەیوەندییە ئاگادار نەبوو. بارزانی بۆچوونی وابوو ئەگەر ئەو پەیوەندییە بە سوودی شۆڕشی کوردە، پێویستە ئەویش لێی

ئاگادار بێت. ئەو پەیوەندییە دەبێ بۆ پتەوکردنی هێزەکانمان بێ نەك لاوازکردنی حکومەتی عێراق. هۆکارێکی تر کە زۆر دیار بوو، پرسی دەسەلات و فەرمانڕەوایی بوو لە کاتی شۆڕش و دوای شۆڕش لە کوردستاندا. لە ساڵی ١٩٦٣دا، دوو کەس لە ئەندامانی حیزبی تودەی ئێران، لە پاریس چاویان بە مام جەلال کەوت. یەکیان ئەفسەرکێی فڕۆکەوان بوو و دواین جار لە ساڵی ١٩٥٨دا لە ماڵی دکتۆر قاسملوو دیبووم، کە لە ڕادیۆی دەنگی ئێران کاری دەکرد. لاوێکی جوان چاکی باڵابەرز بوو، کە دەیویست مامە بە هاوکاریی پێشمەرگە ڕەوانەی ئێرانی بکات. ئەڵبەت هاوکاریی کرا، بەڵام لە ئێران دەستگیر کرا و پاشان لەسێدارە درا.

پاش سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی چوارشەممە ٥ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لە ئێران، موحەممەد ڕەزا پەهلەوی ئەو کارەی بە پیلانی دەستوپێوەندی حیزبی تودە و کۆنەپەرەستان دانا و لە ڕۆژنامەکانی تاراندا ڕایگەیاند، جەمال عەبدولناسری ناسیۆنالیست، ئالاهەلگری پانعەرەبیزمە و یارمەتیی دارایی کەسانێکی داوە کە لە ئێراندا کاری لەم شێوەیە بکەن. ڕۆژنامەکانی فەرەنسا ئەو داوایەی ئەویان خستە ژێر پرسیارەوە. عەلی شەریعەتی و ئیبراهیم یەزدی و قوتبزادە و چالاکوانانی دیکەی بزووتنەوەی ئازادی لە دەرەوەی ئێران، گەییشتنە ئەو ئەنجامەی کە دەبێ گۆڕانکاریی لە شێوەی خەبات دژی حکومەتەکەی موحوممەد ڕەزا پەهلەوی بکەن و خەباتی چەکدارانە دەستپێبکەن. شۆڕشی جەزائیر و کوبا و سەرکەوتنی شۆڕشگێڕانی ئەو وڵاتانە، کاریگەریی هەبوو لەسەر ئەو گەنجە ئێرانییانەی لایەنگری خەباتی شێلگیرانە و بێ ئەمان بوون. ئەوان کەوتنە بیری بەدەستهێنانی چەك و فێربوونی خەباتی پێشمەرگایەتی. پاشان عەلی شەریعەتی ڕێگەی بۆ ئەو کارە خۆش کرد. سەرانی شۆڕشگێڕانی جەزائیر لەگەڵ دەوڵەتی میسردا گفتوگۆیان کرد و عەبدولناسر بەڵێنی دا گرووپێك لە ئەندامانی بزووتنەوەی ئازادی بچنە میسر. ئەوان یەکەم خولی فێربوونی جەنگی پارتیزانییان لە ١٩ی ئابی ١٩٦٤دا و بە ماوەی ٨٤ ڕۆژ، لە فێرگەکانی قاهیرە کۆتایی پێ هێنا. ئەم ڕێکخستنە نهێنییە لە لایەن ساواکەوە هەستی پێنەکرا. لەو کاتەدا خەسرەو قەشقایی لەو فێرگەی میسردا بوو. میسر دژی ئێران بانگەشەی دەکرد. ڕادیۆ (صوت

العرب)یش له قاهیره زۆر چالاك بوو. كۆماری یەككرتووی عەرەبی (میسر) لە بانگەشەی دەرەكیدا بە سوود و بەرژەوەندیی ولاتانی عەرەب و دژی ئێران، چالاكیی دەكرد.

لە كاتژمێر ٤ی بەیانیی ڕۆژی ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣، حكومەتی سەربازی و قەدەغەكردنی هاتوچۆ ڕاگەیاندرا. دەنگی تیر و هاوەن و تەقەكردن دەهات. زۆر كەس دەستگیر كران. هێزەكانی حكومەت دزەیان كردبووە زۆر شوێنی كوردستان و ناوچەكە بووبووە گۆڕەپانی چالاكیی سەربازی. دەوروبەری شار، بە سەرباز و دەبابە و تۆپ و جێبەسەربازییەكانی سوپای عێراق ئابڵوقە درابوو. لەو كاتەدا، واتە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣، لە باشووری ئێراندا عەشیرەتی قەشقایی ڕاپەڕیبوون. پاش ڕووداوەكانی شووباتی ١٩٦٣، دۆخی سیاسی بەغدا، سەردەمێكی تایبەتی تێدەپەڕاند و بزاڤە سیاسییەكان زەقتر بووبوونەوە. كوردیش زۆر دیار و لەئارادا بوو. دەسەلاتی سیاسی و گەردوونەی سیاسیی عێراق، لە گۆڕانكاریدا بوو. ئەگەرچی هێشتا كۆسپێكی زۆر لەسەر ڕێگەی حیزبە سیاسییەكان و لایەنگرانی دیموكراسی هەبوو، هەوڵەكانی جەماڵ عەبدولناسر بۆ گۆڕانی ڕێڕەوی سیاسیی ناوچەكە بەردەوام بوو، كە بجارجار بە دڵی ئەو و جارجاریش بە پێچەوانەی ویستیەوە بوو. بارزانی زیاتر هۆگری ئەوە بوو قوتابخانە و شەقام و شارەكان كە لە جەنگدا كاول بووبوون، چاكبكرێنەوە. ئەو پێی وابوو كە خواستی ئۆتۆنۆمیی كوردەكان دەبێ نەرمتر بێ، بەڵكوو ژێرخانی ئابووری و كۆمەڵایەتیی كوردستان سەرلەنوێ بنیاتبنرێتەوە. پاش بەزاز، ناجی تاڵب هات، كە مرۆڤێكی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز بوو. ئێستا دەركەوتووە كاتێك قەیرانی كابینەی عێراق كە بە پێكهاتنی كابینەی نوێ بە سەرۆكایەتیی ژەنەراڵ ناجی تاڵب كۆتایی هاتووە، لە عێراقدا زۆر ڕووداو سەریانهەڵداوە. ڕەجەب عەبدولمەجید، جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوخۆی عێراق، بە ڕۆژنامەی (العرب)ی ڕاگەیاندووە: پاش دەستلەكاركێشانەوەی بەزاز، دەستەیەك لە خەڵك كە بە پاسكیل دەگەڕان، دەیانویست لە شەقامی ڕەشید و گەڕەكەكانی بەغدا ئاژاوە بنێننەوە. ئەم پاسكیلسوارانە داوایان لە كاسبكاران و دووكاندارەكان كردووە كە دەست بدەنە مانگرتن. هەوڵەكانی ئەم گرووپە واتەواتی هەڵەی لێكەوتووەتەوە.

بارزانی، مرۆڤێکی سیاسی نەبوو. هەروەها خاوەنی عەقڵ و بیرێکی سیاسی نەبوو و زیاتر کەسایەتییەکی پارتیزانی و عەشایەری و سەبازی بوو، کە ئەمە گرفتی زۆری دروستکردبوو. یەکەم جار خودی بارزانی داوای لە مامە کرد کە بچێتە بەیروت و قاهیرە. زۆر جار تووندوتیژ بوو. خەڵکێکی زۆری بێتاوانی کوشت. شەوانە لە زانکۆی پزشکی و زانکۆکانی دیکەوە، چەند کەسێك کۆدەبوونەوە و دادەنیشتین، دەربارەی شۆڕشی ۱۹۶۱ گفتوگۆ و ڕاوێژمان دەکرد. هەر کەسێك هەواڵێکی تازەی پێبوایە، بە تاسەیەکی زۆرەوە و دوور لە چاوی کەسانی دیکە، دەیگێڕایەوە. دەستنووسە حیزبییەکان دەگەیشتنە دەستمان و لە نێوان خوێندکاراندا هەواڵەکانی پەیوەست بە چالاکیی پێشمەرگە و دژایەتیی حکومەت و... مان بڵاودەکردەوە، سڵەمینەوە و خۆپارێزیی بەرانبەر ئەم نووسراوە قاچاخ و قەدەغەکراوانە، لەئارادا نەبوو. بە هێزی پێشمەرگە زۆر شادومان دەبووین و خەڵکیش زۆر شانازییان بەوەوە دەکرد کە ئەندامێکی بنەماڵەکەیان پێشمەرگەیە.

لە ساڵی ۱۹۶۱دا، پارتیی دیموکراتی کوردستانی عێراق داوای لە پێشمەرگە و لایەنگرانی کرد کە دژی حکومەت ڕاپەڕن، چونکە دەوڵەت پشتی گەلی کوردی بەردابوو و بە هیچ جۆرێك پشتگیریی نەدەکرد. بۆ یەکەم جار لە هەشتی بەیانییەوە تا چواری عەسر، جادەی نێوان هەولێر و کەرکووك داخرا. زۆربەی وەرزێر و کرێکارەکانی هەولێر، لایەنگری حیزبی کۆمۆنیست بوون و عەبدولکەریم قاسمیان خۆشدەویست، بەڵام هەندێ لە دەرەبەگەکان دژی ئەوان دەستیان دایە چەك و ناوبانگیان بە جاش دەرکرد. وەرزێر و کرێکارەکانیش بە مەبەستی پاراستنی خۆیان، چەکیان هەڵگرت. ئەم دۆخە تا ساڵی ۱۹۶۲ بەردەوام بوو. جارجار پێکدادان ڕووی دەدا و تاقمێك دەکوژران، یان خانووەکانیان دەسووتێندرا. کۆنفرانسی (۳) زیانێکی زۆری لە حیزبەکەمان دا، چونکە دەمانگوت ئێمە مارکسیین. ڕۆژئاوا و ئەمریکا لە ئێمە دوورکەوتبوونەوە و ڕووسییەکانیش بە ئێمەیان دەگوت "ئێوە خزمەتکاری ڕۆژئاوا و ئەمریکان". لە ساڵی ۱۹۶۱دا، مالّی ئێمە لە نزیکی بارەگای پارتیی دیموکراتی کوردستان بوو و هەمیشە دەچووینە ئەوێ. جارجاریش بە نازناوی (السیده دلنار)ەوە لە ڕۆژنامەی خەباتدا وتارم دەنووسی، هەندێ جاریش وتاری ڕۆژنامە فەرانسییەکانیان دەدا بە من کە وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی. لە ساڵی

۱۹۶۱دا، ناکۆکی زیاتر بووبوو. دەستەیەک دڵبەندیی بە کۆمۆنیزمیان پێ باش بوو، وەکوو: هەمزە عەبدوڵڵا، حەمید عوسمان، سالح حەیدەریی و سالح پوشدیی و... لەو باوەڕەدا بوون کە پێویستە حیزب بچێتە ناو کۆمۆنیستەوە. دەستەیەکیش بڕوایان بە بزاڤی نیشتمانی و نەتەوایەتی هەبوو، وەکوو: ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال و... ئەم جیاوازیی بیروباوەڕە هەر بەردەوام بوو. کۆمەڵێک ئاژاوەچیش لەم نێوەندەدا ئاگری دووبەرەکییان خۆشدەکرد، بەڵام کۆمەڵێکیش سەربەخۆ مانەوە تا ئەو کاتەی تەقە لە عەبدولکەریم قاسم کرا، پاشان لە بەغدا کۆنگرەیەک بەسترا و پەنجەی تاوانیان خستە سەر لقی هەولێر، گوایە لە پارتیی دیموکراتی کوردستان هەڵگەڕاونەتەوە و دیسپلینی حیزبیان پێشێل کردووە.

لە بەغدا، سالح یوسفی لێپرسراوی کوردەکان بوو. کاتێک بارزانی چووبووە لای بەرپرسانی ناوچەی قەڵادزێ، ئەو شوێنە بووبووە ناوەندی ڕاستەقینەی چالاکیی سیاسی و سەربازی، زۆربەی پەرپرسانی کۆمەڵایەتی و سەربازی و... هاتوچۆی ئەو ناوچەیان دەکرد. کاتێک ناکۆکی سەری هەڵدا، کۆنفرانسێک لە(قەڵادزێ) بەسترا. نووری شاوەیس و مام جەلال لەگەڵ بارزانی دانیشتن و کۆمەڵێک لە ئەندامان، وەکوو سەلیم فەخری و... لە لایەن حیزبی کۆمۆنیست و هەروەها عەشیرتەکانیش، لەوێ بوون. لە ساڵی ۱۹۶۳دا کە عەبدولکەریم قاسمیان کوشت، بەعسییەکان هاتبوونە سەر دەسەڵات و دەرفەتێک بوو تا گفتوگۆیەک لە نێوان کوردەکان و حکومەتدا ئەنجام بدرێ. بەم بۆنەیەوە کۆبوونەوەیەکی گەورە بە بەشداریی عەشیرەت و حیزبەکان پێکهات و ئاغا و کەسایەتییە کوردەکان بەشداریان کرد، لەوانە: عەباس مامەندئاغا، ئیبراهیم ئەحمەد، مام جەلال، مستەفا بارزانی، مەلا مەعسوم، حەمە ڕەشید خانی بانە، کاکە زیادی کۆیە، عەلی حەسەن ئاغای مەنگوور و... ئەوان بڕیاریان دا کە وەفدێکی پێکهاتوو لە عەشایەر و حیزبەکان، بچنە لای حکومەت و پێشنیازیان کرد کە نوێنەری خوێندکارانیشیان لەگەڵدا بێت، بەڵام سەری نەگرت. مەسعوود موحەممەد و مامە و موحەممەد خانەقا و... چوون بۆ بەغدا. لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکرات عەزیز شەمزینی و نووری شاوەیس و زەبیحی و سالح یوسفی و...بوون، و لەگەڵ عومەر دەبابە و مام جەلال هاتوچۆیان بوو و بە مەبەستی بانگەشە، بەردەوام لەگەڵ دەرەوەی وڵات پەیوەندییان هەبوو و هاتوچۆیان دەکرد.

لە ۱۷ی ئازاری ۱۹٦۳دا، کۆنگرەی گەورەی کۆیە بەڕێوەچوو، کە چارەنووسی شۆڕش و داخوازییەکانی کوردی ئاشکراتر کرد و بە تەواویی کۆتایی هێنا بە پەیوەندیی سەرۆکایەتی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکرات. بە بڕوای من، ئەم کۆنگرە نەك تەنیا یەکڕیزیی لە نێوان کوردەکاندا دروستنەکرد، بەڵکوو بووە هۆی زیندووبوونەوەی کێشەی دوولایەن، کە دواجار براکوژیی لێکەوتەوە و خوێنی هەزاران ڕۆڵەی ئازای ئەم خاکە ڕژا. ئەو کەسانەی کە لە کۆنگرەکە هاتبوونەوە، زۆر ماندوو بوون، بەڵام هەریەکەیان بە کارێکەوە سەرقاڵ بوون. مام جەلال، یوسفی، پشدەریی، مەسعوود موحەممەد، شێخ حسێن خانەقا، موحەممەد سەعید خەفاف، عارف، سەمەد موحەممەد، مستەفا عەزیز و...کۆنگرە بە خوێندنی چەند ئایەتێك لە قورئان و پاشان سروودی (ئەی ڕەقیب) دەستی پێکرد. تەنانەت میوانەکانی ئەو شەوە، ناچار بوون لەگەڵ خەڵکەکە یەك خولەك بۆ گیانی پاکی شەهیدان هەستنە سەر پێ. سروودەکانی (پێشمەرگەین) و (دروود بۆ پارتیی دیموکراتی کوردستانی عێراق) و... یانەکەی هەژاندبوو. ژن و پیاو فرمێسك لە چاوانیان دەڕژا. مام جەلال بە گەشبینی و وریایەکی بەرزەوە لێدوانی پێشکەش کرد و خەڵك چەپڵەیان بۆ لێدا. لەو کاتەدا عەلی عەسکەری جێگری مام جەلال بوو. لە لێواری چەمی ڕێزان، کە بە بووکی ناوچەی گەرمیان بەناوبانگە، دۆڵێکی تژی لە ڕووبار و شاخ و باخ و... هەیە. کە لە سەرەتای شۆڕشدا ئەو ناوچەیە ناوبانگی دەرکرد، لەشکری عەشایەر تێکشکا. پارتیی دیموکراتی کوردستان بە خێرایی کۆنفرانسێکی لە ناوچەی عەوالان بەست و پلانی ئاشتیخوازانەی چارەسەری کێشەی کوردی گۆڕی و بڕیار درا کە شۆڕش هەر بەردەوام بێ. نووسینگەی ناوەندی هەر لەو دۆڵەدا دامەزرا. تاوان و دەستدرێژیی بەرپرسانی شەو و ئەفسەرانی سوپا، زۆرتر دەبوو و تەنانەت دۆزینەوەی لاپەڕەیەك بە زمانی کوردی، بە تاوان ئەژمار دەکرا. بە مەبەستی پاراستنی نەوت، دەیان گوندیان چۆڵ کرد و بەزەییان بە گیان و ماڵی خەڵکدا نەهات.

جارجار مام جەلال خەڵکی بانگ دەکرد و بارودۆخی بۆ شیدەکردنەوە. وەی خەڵکی بەرزدەکردەوە و دەیگوت بەرپرسایەتی بگرنە ئەستۆ. ڕاوێژکاری سەربازیی هەبوو و زۆر بە دروستی پێشبینیی دەکرد. ئەگەرچی هێزی پێشمەرگە هەستی بە برسێتی و ماندوویی و نەبوونی چەك دەکرد، بەڵام خەباتی خۆیی دەکرد. تا عەبدولسەلام عارف لە ۱۸ی تشرینی

دووەمی ۱۹٦۳دا، دژی بەعس کودەتای کرد و لەپڕ دەروازەیەکی نوێ کرایەوە. بارزانی نەهات بۆ کۆنگرە. کۆنگرەکە لە گەڕەکی وەزیریەیەی بەغدا پێکهات. لە دوایین شەویشدا نەیدەویست بێت، ئەڵبەت هەندێ ڕەخنەی ئاشکرا و بێ پەردەی لە کۆنگرە هەبوو. بۆ هاتنی، مەرجی تایبەتی دانا و گوتی: من سەرۆکایەتیی پارتیم ناوێ. من دوژمن و نەیارم زۆرە و ئەگەر بیمە سەرۆکی پارتی، ئەوان دوژمنی ڕاستەقینەی منن و دواجار دەبنە دوژمنی پارتیی دیموکراتی کوردستان، لەو نێوەندەشدا زیان بە پارتی دەگات. بەڵام دیسان ئەندامان پێداگریان کرد و هەڵیانبژاردەوە بە سەرۆک. سەرۆکایەتیی پارتیی دیموکراتی کوردستان، دەیویست پارتی حیزبێکی مۆدێرن بێت و هەموو شتێك لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بێت، نەك دیاریکردن لە لایەن کەسانێکەوە. بەڵام بارزانی نەیاری هەندێ کەس بوو لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتیدا. پێچەوانەی ئەو پرسەش لەئارادا بوو و لە ڕووی شێواز و پرنسیپی حیزبییەوە، پارتیش نەیاری ئەو چەمکانە بوو و لەو سەردەمەدا جۆرێك ڕێکەوتن و پاشگەزبوونەوە هەبوو و نەیهێشت بە تەواویی پەیوەندییەکانی بپچڕێ. کاتێك شۆڕش دەستی پێکرد، لە دۆخی گشتیدا ئەو باسانە نەهاتنە پێشەوە. لەو کاتەدا کە شۆڕشەکە بە سەرۆکایەتیی پارتیی دیموکراتی کوردستان و بارزانی بوو، کێشەیەك سەری هەڵنەدا. بەڵام ئەم ناکۆکییانە ئاشکرا دەبوون و پێکهاتەکانی پارتی دەیانویست بە شێوەی سیاسی و حیزبی چارەسەر بکرێت، ئەمەش بە دڵی دەرەبەگەکان و دەسەڵاتدارانی کوردستان نەبوو، بۆیە دەرەبەگەکان خۆیان لە بارزانی نزیککردەوە. بارزانیش نەیاری ئەو شێوە دەسەڵاتەی پارتی بوو. بۆ نموونە کۆمیتەی ناوەندی لێپرسراوێکی بۆ شوێنێك دیاری دەکرد، بارزانیش دەچوو لە هەمان شوێندا کەسێکی بە ناوی نوێنەری خۆی دیاری دەکرد، ئەمەش هۆکاری زیادبوونی ناکۆکییەکان بوو. ئەم بارودۆخە هەتا ڕووخانی عەبدولکەریم قاسم و هاتنی عەبدولسەلام عارف و بەعسییەکان بۆ سەر دەسەڵات، بەردەوام بوو.

بارزانی بەپێی شێوازی کارەکانی، لە شێوەی مامەڵەی پارتیی دیموکراتی کوردستان ڕازی نەبوو، لەولایشەوە لێپرسراوانی پارتی، لە مامەڵەی بارزانی ڕازی نەبوون و دەیانویست کاروبار و فەرمانەکانی لێپرسراوانی پارتی جێبەجێ بکرێن، نەك ئەو لێپرسراوانەی مەلا مستەفا دیاریی کردبوون و لە خێڵی مەلا و ئاغا و دەرەبەگەکان بوون، هیچ پەیوەندییەکیان

بە پارتییەوە نەبوو. ئەم ناکۆکییانە بەرەبەرە زەقتر بوون. بەڵام کاتێک لە ۹ی حوزەیرانی ۱۹٦۳دا حکومەتی بەعس و عەبدولسەلام عارف و سوپای عێراق بە هەموو هێزێکەوە هێرشیان کردە سەر کوردستان، دەرفەتێک نەما و سەرکردەکانی پارتیی دیموکراتی کوردستان و بارزانی، لێک نزیک بوونەوە. هەتا تشرینی دووەمی ۱۹٦۳ ئەم دۆخە بەردەوام بوو. هەفتەیەک لەوێ ماینەوە و بارزانییش لەوێ بوو. لە کۆتایی مانگی شووبات و سەرەتای ئازاردا بوو. وەفدی عێراقیش هاتبوون بۆ بینینی بارزانی و مام جەلالیش لەگەڵ ئەواندا گەڕایەوە و لەگەڵ ئێریک ڕۆڵۆی ڕۆژنامەوانی فەرەنسی، چوویتە تەکیەی شێخی حسامەدین لە کۆیە. ئەوان سێ مانگی تەواو لە گفتوگۆدا بوون و هەوڵیان دەدا بارزانی و سەرۆکایەتیی پارتی ئاسایی ببێتەوە، بەتایبەت کە حیزبەکانی پەیوەست بە حکومەتی ناوەند، لە ۹ی حوزەیرانی ۱۹٦۳دا، زۆر دڕندانە هێرشیان کردە سەر کوردستان و سەدان کەس زیندەبەچاڵ کران و کوژران. هەر لە پارکی ئازادیی ئێستای سلێمانی، نزیکەی ۳۰۰ خوێندکاری کورد تیرباران کران. ئەو دۆخە جۆرێک لە نزیکبوونەوەی لە نێوان خەڵکدا دروستکرد. جەلال تاڵەبانی لەو کاتەدا، بە جانتایەکی پڕ لە نووسراو و کاغەز و دوو دەست جلوبەرگ و گیرفانی خاڵی لە پارە و چوار پێشمەرگەوە، سەردانی هەموو ناوچە شاخاوییەکانی دەکرد. پاش دوو مانگ، دەیان کەسی لە دەوری خۆیدا کۆکردەوە. زمان شیرین و ڕووخۆش بوو و هەمووی ئومێدەوار دەکرد و وردەیانی بەرزدەکردەوە، بەڵێنی سەرکەوتنی دەدا بە مەرجی خۆڕاگری و باوەڕبەخۆبوون. خۆی چەکێکی لە شان دەکرد و پێش ڕیزی پێشمەرگەکان دەکەوت، ئەمە لە کاتێکدا، بوو بۆ نموونە، دوو ڕۆژ بەر لەوە لای کەسایەتییەکی سیاسیی بەناوبانگ بوو. ئەم خاکیبوونەی کاری دەکردە سەر پێشمەرگە و خەڵکی ئاسایی و پێی شادومان دەبوون. مام جەلال، چرایەکی داگیرساو بوو لە بڵندایی چیاکاندا، ئەو کێو و شاخانەی کە لەژێر پێی پێشمەرگەدا بوون.

بەڵام بارزانی وایدەزانی ئەو داخوازییانە ڕادیکاڵن و ڕووانگەی نێوان پارتیی دیموکراتی کوردستان و حکومەت دەخەنە مەترسییەوە و پێویستە لەو بەیاننامەیە دووربکەونەوە. پایزی ساڵی ۱۹٦۳، لە زیندانـدا بووم. لەناو بەندیخانەدا بەرەبەرە دەنگی ناکۆکی و جیاوازیی ناو پارتی دەبیسترا و دیاربوو کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکراتی کوردستان،

ڕوو له توێژی گەنج بوو و لەناو خوێندکاران و پێکهاتەکاندا لایەنگریان زیاتربوو. لەناو خوێندکاران و زانکۆکاندا، کەسانی وەکوو دکتۆر فوئاد بابان، تەیب بەرواری و... زۆر چالاک بوون. ساڵی ١٩٦٣ له هۆتێلێکی بەغدا کە گەورەترین هۆتێل بوو چاوم بە مام جەلال کەوت. له کۆلێژی داد، کوردەکان ڕێکوپێک بوون. ئێمەی خوێندکارانی ئەو سەردەمە، ئەندامی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان بووین کە مامە دایمەزراندبوو. چالاکیی زۆرمان ئەنجامدەدا و زۆرینەشمان خاوەنی بیری چەپ بووین. ڕۆژێك یەکێك له ڕۆژنامەوانان هات بۆ هۆتێل و لەگەڵ ئەو و مامە چووین بۆ سلێمانی. بارزانی پەیوەندیی نامە و سەردانی لەگەڵ حکومەتدا هەبوو و بەردەبەرە بواری دوولایەنە سەریهەڵدا. بارزانی مرۆڤێکی ڕاستبین بوو و ئەزموونی ژیانی ئەوەی فێر کردبوو کە ئەگەر شەقی پێی ئەمریکا لەو نێوەندەدا نەبێ، ئەوا کورد ناتوانێ له کۆت و زنجیر ڕزگاری ببێ. ئەوان له پارتیی دیموکراتی کوردستان، پارتی شۆڕشی کوردیان دامەزراند و ئەمە بە پێچەوانەی ویستی ئێمەوە بوو. لەو کاتەدا مام جەلال زۆر له ئیبراهیم ئەحمەدەوە نزیك بوو. بەنووری ئێران، بۆ هاتوچۆی لێپرسراوانی کورد زۆر باش بوو. شەمس موفتی، بە ناوی نوێنەری شۆڕشەوە له تاران و هەندێ له لێپرسراوانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و کوردستان، له ڕێگەی سنووروەوە ڕۆڵێکی باشیان هەبوو له گەیاندنی دەنگی شۆڕشی کوردەکان بە جیهانی دەرەوە. له ٣ی تەموزی ١٩٦٣دا، دەوڵەتی مەنگۆلیا _ لەسەر داخوازیی ڕووسیا _ داوای له UN کرد له کۆنووسی گشتیدا باس له کارەساتی کوشتاری کوردەکان و کاولکردنی کوردستان بکەن.

له بەغدا، سالح یوسفی بەرپرسی پارتیی دیموکراتی کوردستان بوو. خوێندکاران خۆپیشاندانێکی گەورەیان ڕێکخست و بەعسی و کۆمۆنیست و نەتەوەییەکان و... بەشداریان تێدا کرد. بۆرژوازیی شاریی و چەپەکان بە سەرۆکایەتیی پارتیی دیموکراتی کوردستان، دەستیان دەرۆیشت و پەیوەندییەکی بەپەرۆشی لەگەڵ عەشیرەتەکان و فیودالی وەکوو بارزانی دامەزراندبوو. ئەوان سەرۆکایەتیی ئەویان بە هۆی سازگاریی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیی لەبەرچاو نەگرتبوو، بەڵکوو بە هۆی باوەڕ و ئەمەگداریی زۆربەی عەشیرتە کوردەکانەوە بوو، کە خۆیشی ناودارترین کەسایەتیی لەو چەشنە بوو لەناو کوردەکاندا.

لەو کاتەدا هەولێکی زۆرمان دا کە دووبەرەکیی نێوان بارزانی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکرات ئاشکرا نەبێ. ڕۆیشتنی دەستەیەک بۆ ئێران، نیشاندەری ئەوە بوو کە کار لە کار ترازاوە. مام جەلال داوای لە من کرد کە بچمە ناوچەی (پشدەر) و سەردانی باپیرئاغای سپییان بکەم و پێی بڵێم مام جەلال ئامادەیە لە لایەن پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە هەموو جۆرە یارمەتییەکتان بدات، لە پێناوی ڕزگارکردنی ناوچەداگیرکراوەکان. ئەڵبەت مامە دەیویست لەم ڕێگەیەوە هاوکارییی چەکدارەکانی ناوچەی پشدەر بەدەستبهێنێ و بەم شێوەیە هێزی چەکداریی شۆڕش و ناوچەکانی دیکە پتەوتر بکات، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو. پاشان مامە چوو بۆ کۆیە. مامە لە ڕێگەی هێزەکانی پارتییەوە ئاگادار بوو کە موچەی مانگانەی هەموو فەرمانبەرانی حکومەت لە ناوچەی کۆیە، لە هەولێرەوە بە ئۆتۆمبێلێک دەگوێزرێتەوە و تەنیا چەند پۆلیسێک لەو ئۆتۆمبێلەدان. پاشان خۆی و چەند پێشمەرگەیەک ڕێگەیان بە ئۆتۆمبێلەکە گرت. لە پلانێکی دروستدا و بە خێرایی، ٣٠ هەزار دینار و چەند چەکێکیان دەستکەوت. ئەو پارەیەی حکومەت، بوو بە بەردی بناغەی دارایی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٦١دا. دۆخی ئابووریی پارتیی دیموکراتی کوردستان لەو شەڕەدەمەدا زۆر خراپ بوو و زۆرینەی پێشمەرگەکان بە خەرجیی خۆیان دەژیان. مامە پارەیەکی باشی بە پێشمەرگەکان دا، تا بەتانی و جلوبەرگ و پێڵاو و خواردن بۆ خۆیان دابین بکەن. من و مام جەلال چووینە پێنجوێن و شارەزوور کە عەشایەر ڕابکێشین بەرەو شۆڕشی کوردی بە سەرۆکایەتیی بارزانی، چونکە ئەوان هیچ جموجۆڵێکیان دژی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم نەبوو، دیارە حیزبی کۆمۆنیستیش نەیاری ئەو کارە بوو. شەو بە نهێنی چووینە ناو سلێمانی. لە پێنجوێن بڕیار بوو لەگەڵ شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود قسە بکەین، کە ئەو ماوەیە پەیوەندیی لەگەڵ پارتیدا باش بوو. لەبەرئەوەی ئەویان بە پاڵپشتی حیزبی کۆمۆنیست دەزانی، ئەو شەوە مام جەلال لەگەڵمدا نەهات. لە ناوچەی شارەزووریش، هەزاران چەکداری پەیوەست بە حاجی برایمی چەرمەگا، سەرگەرمی دەهۆڵکوتین و زورنالێدان بوون و دەنگی تەقەی تفەنگیشی تێکەڵ بووبوو و گوێی فەلەکی کەڕ دەکرد. حاجی برایم دەینەڕاند و دەیگوت "بەس مادەی ٣ی یاسام لە عەبدولکەریم قاسم دەوێ و بە فیشەکی ئەم تفەنگە، لێی دەستێنم". کورد و عەرەبە هاوبەشن لەم نیشتمانەدا.

مام جەلال لەو خۆپیشاندانە مەزنەدا، وەکوو نوێنەری پارتیی دیموکراتی کوردستان لێدوانێکی دا و لە (خۆڕاگرییەوە تا سەرکەوتن و ئازادی) قسەی کرد. مامە بەو لێدوانە هیوا و کەفوکوڵ و ورەیەکی بەرز و قارەمانانەی بە خەڵکەکە بەخشی. پاش گەڕانەوە، هەواڵەکانمان بە تێکڕایی بە سەرۆک عەشیرەتەکان ڕاگەیاند. ئیتر بەرەبەرە و لە هەموو لایەکەوە، ئەندامانی پارتیی دیموکراتی کوردستان چالاکیی خۆیان دەستپێکردبوو. بۆ نموونە: لە شەقلاوە، هێزی چەکداری گەورە بە سەرۆکایەتیی مەحموود کاوانی و شەمسەدین موفتی و مەلا عەبدوڵڵا (مەلا ماتۆڕ) و... هاتنە گۆڕەپانی خەباتەوە. لە سەردەمی هەمزە عەبدوڵڵا، ڕێگەیان نەدەدا مام جەلال زۆر چالاکی بنوێنێ. لە ساڵی ۱۹۶۱دا، مامە خۆی لە ڕانیە بوو کە هەموو پێشمەرگەکان کۆبوونەوە و ڕانیە و کۆیە کەوتنە دەستی هێزی عەشایەر و هەموو ڕێگەکانیان داخست. عومەر مستەفا (دەبابە)ش لەوێ بوو. لەو ساڵەدا بارزانی تەنیا خۆی ناوبانگی هەبوو، ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەی ناوبانگێکی ئەوتۆیان نەبوو.

شێوەی نووسینی ئەو، تایبەت بە خۆیەتی و جۆرووی ئەو بەو جۆرەیە کە بەر لە نووسین، چەمکەکانی لە زەینیدا ئامادە دەکات و زۆر بە دەگمەن پێش دێت کە چەمکەکان بگۆڕێ، یان دیسان بیاننووسێتەوە. بەسەر زمانی عەرەبیدا زۆر زاڵە و بە شێوازێکی قوول دەنووسێ. بەداخەوە ئەو وتارانەی ئەو کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوبوونەتەوە، کۆنەکراونەتەوە. ئەگەر ئەو کارە بکرایە، لەڕاستیدا وەکوو ئاوێنەیەک ڕووداوەکانی کوردستانیان پیشاندەدا، چونکە ئەو ڕۆژنامەوانێکی ئاسایی نەبووە و زۆربەی وتارەکانی، بیرووباوەڕی حیزبی و سیاسی و بۆچوونی کوردانە بوون. لەو کاتەدا کە ئەندامی ئەنجومەنی ڕۆژنامەوانانیی عێراق بوو، توانیی پەیوەندیی باش و تایبەتی لەگەڵ ڕۆژنامەوانانی عەرەب و ئەمریکی و واشنتۆن پۆست[۹۸] و نیویۆرک تایمز[۹۹] و لەندەن تایمز[۱۰۰] دابمەزرێنێ.

ئیبراهیم ئەحمەد، چەکی کۆمۆنیستەکانی وەرگرت و لەڕاستیدا چەکیکردن. بارزانی بە پێنووسی من، هەشت نامەی بۆ ئیبراهیم ئەحمەد نارد، بەڵام هەر خۆی پاراست لە دانەوەی چەکەکان، وەکوو ئەوەی دەیویست بە تەواویی بارزانی بڕەنجێنێ و ئەویش فەرمانی

لابردنی بدات. لەو ناوەدا بوو کە نامەی عومەر دەبابە و مامە و ئیبراهیم ئەحمەد گەیشتنە دەستم و نووسیبوویان پێویستە بچمە رێزی شۆڕشەوە. مام جەلال خولی سێ مانگەی بەشی ئەفسەریی دەبابەی[١٠١] تەواوکردبوو.

عێراق، وەکوو دەڵەوتێکی عەرەبی وایە و بەشە عەرەبییەکەی دەتوانێ لە رێزی کۆماری عەرەبیدا بێ، بەڵام کوردستانی عێراق ناکرێ لە رێزی کۆماری عەرەبیدا بێ، چونکە لە لایەن داگیرکەرەوە پارچە پارچە کراوە و کوردستان، بەشێکە لە کوردستانی گەورە. ئەم وتارە لە چەند شوێن و بە زمانەکانی فەرانسی و عەرەبی و کوردی بڵاوبووەوە. من وەرگێڕدراوە عەرەبییەکەیم دا بە ئیبراهیم ئەحمەد و ئەویش سەرەتایەکی لەسەر نووسی و لە رۆژنامەی (خەبات)دا بە زمانی عەرەبی بڵاوی کردەوە. کاتێک من ئەو هەڵوێستەم هێنایە ئاراوە، ئاوڕم نەدایەوە لە هەستیار بوونی حکومەتی ناوەند. من لە رێزی نیشتمانی بەرگریم دەکرد و هیچ پێویست نەبوو کە بیری من وەکوو بیروباوەڕی حکومەت بێ، چونکە من کەسێکی سەربەخۆ بووم و ئەگەرچی مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد برادەری من بوون، هیچ پێویست نەبوو کە وەکوو من بیربکەنەوە. من بیرم لە کوردستانی گەورە دەکردەوە و بۆ بەدیهاتنی ئەو ئامانجە چ تواناییەک و چ بوار و دەسەڵاتێک هەیە، و لەڕاستیدا بیرمان لەوە نەدەکردەوە کە ئێمە گەنج و خوێندەکارمان. لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، ڕێکخستن و بازنەیەکی بەربڵاومان نەبوو و تەنیا خوێندکارێکی ساکاری لایەنگری پارتیی دیموکراتی کوردستان بووین. وەرەیەکی چالاکیی حیزبیمان لەبەرچاودا بوو و بەو دیمەنە خەیاڵییە دڵخۆش بووین، ڕەنگە ڕاستییەک لەوناوەدا نەبووبێت، بەڵام کۆسپ ناخرێتە بەردەم کەڵکەڵە و بیری مرۆڤ، تەنیا پارتیی دیموکراتی کوردستان و بارزانیمان دەبینی.

مام جەلال، ڕۆیشت بۆ چیاکان و جەنگی پارتیزانیی دەستپێکرد و تا چەند ساڵێک لە جیهانی رۆژنامەوانی دوورکەوتەوە. لە ساڵی ١٩٦٣دا، خەڵک مام جەلالیان بە هۆی وەبەرزیی و هەستی کوردایەتیی و تێڕوانینی ناسیۆنالیستییەوە خۆشدەویست. جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال نەبوو و ئەگەریش شتێکی ئەوتۆ هەبوایە، ئێمە لێی تێنەدەگەیشتین. لە پایزی ١٩٦٣دا کە ئاگربەست ڕاگەیاندرا، لە

(دۆڵە ڕەقە) جەلالم بینی کە هاتبوو بۆ پێشوازیی بارزانی و دەیویست لەگەڵ بارزانی سەبارەت بە چالاکیی پارتیی دیموکراتی کوردستان گفتوگۆ بکات. منیش نافەرمانی و گوێڕایەڵنەبوونی ئیبراهیم ئەحمەدم بۆ گێڕایەوە و "ئەویش بەڵێنی دا کە ئەم ناکۆکییانە چارەسەر بکات و لە ئیبراهیم ئەحمەد دووربکەوێتەوە و خۆی ببێتە سکرتێری گشتیی پارتی". ئەگەرچی بارزانی بەو شتە ڕەزامەند بوو، بەڵام لەو کاتەدا جەلال دڵی دابووە کچە گەنجەکەی ئیبراهیم ئەحمەد و بەرژەوەندیی کوردستانی فیدای دڵداری و ئەویندارییی خۆی کرد، ئیبراهیم ئەحمەد بەو کارەی خەیانەتێکی گەورەی پێکرد. لەو دەمەدا، لای ئیبراهیم ئەحمەد، بێگومان جەلال مرۆڤێکی بەتوانا و هەڵکەوتووی دیار و وێنەی ڕاستەقینەی میژووی ئەندێشەی ئەو حیزبە بوو. بەهۆی سەروزمان و زەینی ڕوونناک و لێزانینی لەرادەبەدەر، نەک هەر توانیی گۆڕانکاری لە بیری کۆن و خێڵگەری لە بارزانیدا بکات، بەڵکوو بە ئامادەبوون و وەرەی بەرز و نوێگەرییی لەناو پارتیدا، ڕۆڵێکی باشی بینی لە بەرزکردنەوەی پێگەی پارتی و جێگیرکردنی بیر و ئەندێشەی نوێ لە پارتیی دیموکراتی کوردستانی عێراقدا، بە واتایەکی تر، داهێنەری بیروباوەڕی نوێی پارتی و بزوێنەری بیری پێشکەوتووەکان بوو.

هەوالنامەی کێتێب

پێشمەرگەکان، لە عەسری ڕۆژی کودەتاکە، لە (حاجی قەڵا)وە هاتنە ناو کۆیە و چوونە مزگەوتی مەحموود ئاغا، مام جەلال و عەلی مام ڕەشیدیش لەگەڵیاندا بوون. ئەو ڕۆژە، واتە ٨ی شووباتی ١٩٦٣، ئێمە کە تازەپێگەیشتوو بووین، مامەمان بینی کە لەگەڵ شەوکەت عەقراویی هاتبوو. ڕۆژانێکی زۆر لەگەڵی دانیشتین. بە یارمەتیی ئەو، چوومە ڕیزی شۆڕشی کوردی و جۆرێک لە هەستی نەتەوەپەرەستی لە دەروونمدا گەشەی کرد. خێزانەکەی ئێمە، بە هۆی چالاکییە سیاسییەکانی مام جەلالەوە زیانی زۆری بەخۆیەوە بینی. ئێمە خاوەنی دوو گوند بووین کە کەوتنە بەر یاسای تەعزیری حکومەتی و ٢٠٠ هەزار دیناری ئەو کاتە، زیانمان پێگەیشت. بەڕەبەڕە گوندەکانی دیکەمان لەدەستدا و حکومەت بە هیچ جۆرێك یارمەتیی بنەماڵەی تاڵەبانیی نەدەدا. کاتێک مام جەلال هاتە ناو بزاڤی سیاسی عێراقەوە، پێشینەی میژوویی زۆری هەبوو. ئەو لە تاقی لاویدا چووبووە ناو سیاسەتەوە و بە تاقیکردنەوە و بە هەڵە، ئەزموونێکی زۆری پاشەکەوت کردبوو. کاتێک

لەگەڵ لایەنە سیاسییەکاندا قسەی دەکرد، لە ئامانجەکەی خۆی ئاگادار بوو و دەیزانی چۆن بدوێ و چۆن بەرهەمێکی باش بەدەستبهێنێ. جەلال لە شۆڕش و سیاسەت ماندوونەبووبوو و لە ماوەی پێش و دوای ١٩٦١، کە شۆڕشەکە تان و پۆی تایبەت و ڕاست و دروستی چندرابوو، ئیتر باوکم کاریگەریی لەسەر بیروباوەڕی جەلال نەبوو، بەپێی دڵسۆزی و ڕەحمی باوک و کوڕ، گلەیی دەکرد و دەیگوت: جەلال ئاگاداری بارودۆخی خۆی نییە. مامە لە سەرەتاوە یەکێك لە کارامەترین و چالاکترین ئەندامانی پارتیی دیموکراتی کوردستان بوو. لە ساڵی ١٩٤٨ەوە، واتە لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە، کەوتە هێڵی یەکەمی پارتییەوە. لە ساڵی ١٩٦٣دا کە شۆڕش دەستی پێکرد، پەیوەندیی باشی لەگەڵ بارزانیدا هەبوو. لە مانگی ئاداری ١٩٦٣دا، لە کۆیە کۆنگرەیەك بەسترا و جەنگی نێوان کورد و حکومەتی بەعس ئەهوەنبووەوە. لەو کۆنگرەیەدا وەفدی گفتوگۆ دیاری کرا و مام جەلال بوو بە لێپرسراوی وەفدی گفتوگۆ. چەند کۆبوونەوەیەکیان لە بەغدا کرد و نەگەیشتنە ئەنجام. عێراق بڕوای بە کوردەکان نەدەکرد و دەیویست کات بەهەدەر بدات و هەموو شتێك بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، کە ئەمەش تێڕوانینێکی شۆڤێنی بوو. مام جەلال دیسان ڕۆیشتەوە بۆ میسر. بارزانی مام جەلالی زۆر خۆشدەوێست.

مام جەلال، مرۆڤێکی لێهاتوو و تژی لە زانیاری بوو. لە ناو کۆمەڵگادا پێگەیەکی تایبەتی هەبوو. ساڵی ١٩٥٨ کە مەلا مستەفا هاتەوە، مام جەلال سۆفیی خانەقای بارزانی بوو و بەڕاستی لە کانگای دڵەوە خۆشیدەویست. بەڵام کاتێك ناکۆکی سەریهەڵدا، کۆمەڵی ڕۆشنبیرانی پارتیی دیموکراتی کوردستان کە دەسەڵاتیان لە بارزانی زیاتر بوو، زۆربەیان لە دەوری مام جەلال کۆبوونەوە. بارزانییش، مام جەلالی لە دڵەوە خۆشدەویست و حەزی دەکرد زۆرتر لێی نزیك ببێتەوە، بەڵام سەرەنجام لەجیاتیی ڕۆشنبیران و ئەندامانی سیاسی، عەشایەری لە دەوری خۆی کۆکردەوە. بە هۆی پەیوەندیی بەربڵاو و دیالۆگەوە، لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازی عەرەبی و بزاڤی ڕزگاریخواز پەیوەندیی دروستکرد، تا لێهاتووتر ببێ. لە پەیوەندییەکانی حکومەت لەگەڵ میسر و لوبنان و وڵاتانی عەرەبی و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆن، لەم ئەزموونەی زۆر جار ڕاهێنانی کردبوو و هەوڵ و تێکۆشانی سیاسی بە شێوەیەکی جددی دەگرت. لە ڕێگەی ڕاوێژەوە لەگەڵ کەسێك یان کۆمەڵێك لە

خەڵك، رێگەچارەی باشتری دەدۆزییەوە، لەڕاستیدا ئەمە ڕەچاوکردنی پرەنسیپی حیزبی بوو. سەربەخۆیی دەنگ و بیروباوەڕی خۆی پاراستبوو، بەڵام هەوڵی دەدا لەناو کۆڕ و کۆمەڵدا دەنگی خۆی بقۆزێتەوە و زۆر جار قسەی ئەو کاری دەکردە سەر کۆمەڵێك، جاری وایش هەبوو قسەی خۆی زوو دەردەبڕی کە ئەمە خاڵێکی لاواز بوو و لە ڕووی دیموکراتییەوە وەکوو گرفتێك ئەژمار دەکرا. بەڵام بە خۆڕاگری و پشوودرێژیی، تا گەیشتن بە وەڵامی دڵخوازی خۆی، شوێن بابەتەکە دەکەوت.

لە کۆیە، کەسانی وەکوو جەمال تاهیر و کەریم مەلا سەدر و عەلی حەوێز و نامیق عەبدوڵڵا و حەسەن عەلی و ستار و حەمید کەریم شانە و... لە تێکۆشاندا بوون. پێشمەرگەکان ڕێزێکی تایبەتیان لەناو خەڵکدا هەبوو و لە ڕووانگەی حیزبییەوە سەیری پرسی لاوانیان دەکرد، حیزبیش لەناو چین و توێژەکانی جەماوەردا دەستڕۆشتوو بوو. گەنجەکانیش بە تێڕوانینی حیزبییەوە بەرەوەردە دەکران. پارتی، سەرچاوەی زانیاری و بەرەوەردە و بیروباوەڕی ئێمە بوو. هەر ئەو شەوق و زەوقەی بزاڤی لاوان، کاری دەکردە سەر کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکرات و خودێ بارزانی. مام جەلال کەسێکی چالاك و هەڵکەوتووی ناو کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکرات بوو؛ هەربەوشێوەیە سیاسەتی دەرەوەی پارتیی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی کورددەخستە چوارچێوەوە.

ئێمەی گەنج، لایەنگری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بووین و بارزانیشمان بە سەرۆکێکی ئەفسانەیی دەبینی. کە ڕێکەوتنی ۲۹ی حوزەیران کرا، ئەم کەسانە بە ئاشکرا لە شارەکاندا چالاکییان دەستپێکرد. هەندێ لە مامۆستایانی قۆناغی ناوەندی لە لایەن هێزەکانی حکومەتەوە دەستگیرکران و مامۆستایانی سەرەتایی وانەیان بە ئێمە دەگوتەوە. ساڵی ۱۹۶۱ کە شۆڕشی کوردستان دەستی پێکرد، حەمید دەرۆیش و خالید مەشایەخ چوون بۆ کوردستان کە لە نزیکەوە شۆڕشەکە ببینن و لێی بکۆڵینەوە، تا پلانێك دابڕێژن بۆ شۆڕشی کوردستانی سووریا و بزانن لە داهاتوودا چۆن دەستپێبکەن. لە کوردستان گەڕانەوە و کاتێك باسی ڕووداوەکانیان دەکرد، باسیان لەوە کرد کە بارزانی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکرات، تێڕوانین و بیروبۆچوونیان وەکوو یەك نییە و ناکۆکییان هەیە. ئەگەرچی هەوڵمان

دەدا کە خەڵك تێنەگەن و گیانی شۆڕشگێڕی لەناو کۆمەڵگادا بەرانبەر شۆڕشی کوردستان کاڵنەبێتەوە، بەڵام ئیتر کار لە کار ترازابوو. بارزانی کوردێکی خەباتکار نەبوو بە عەقڵیەت و سیاسەتی ئەو سەردەمەوە، زیاتر پارتیزانێك بوو نەك کەسێکی سیاسیی حیزبی، بەڵام ئەندامانی دیکە، چەپ و حیزبی بوون. ئەم جیاوازییە لە ڕۆژی یەکەمی گەڕانەوەیدا هەر وەکوو خۆی مابوو. بەردەبەرە وەکوو دومەڵێکی کێماوی خۆی ئاشکرا دەکرد. ئێمە لە سووریا لەگەڵ هەردوو لا پەیوەندیمان هەبوو و دەمانزانی کە ئەمانە دوو بیری جیاوازن. زیاتر لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیی پارتیدا بووین، چونکە خەڵکانێکی خوێندەوار و ئەهلی موتالاّ بوون و زانیارییان زیاتر بوو. هەروەها لەو باوەڕەدا بووین کە ئەم کێشەیە شۆڕشەکە بەرەو لاوازی دەبات. خەڵکی ئاساییش زیاتر لایەنگری بارزانی بوون.

مام جەلال هاتبوو بۆ کوردستان و لە چیای (ئەزمەر) نیشتەجێ بووبوو. هەندێ هێزی چەکدار لە دەوروبەریدا بوون. شۆڕشی کوردەکان لە ساڵی ١٩٦٠–١٩٦١دا دەستی پێکردبوو. لە بەغدا کۆنگرەی خوێندکاران ئەنجام درابوو و ئاهەنگیان لە زانکۆ بەڕێوەدەبرد، مام جەلال بەشداریی دەکرد و پێشوازیی لە خوێندکارە کان دەکرد. خوێندکاران لە پشت میزەوە دانیشتبوون و لەو کۆبوونەوەیەدا مامە زۆر لە حکومەت تووڕە بوو. باسی ئەفریقای دەکرد کە پاڵپشتی کوردەکان بوو. دەیگوت گەلی کورد بێجگە لە ئەفریقای باشوور، هیچ دەوڵەتێك دۆست و لایەنگری نییە، گەلی ئەفریقاش وەکو کورد مافیان پێشێل کراوە. بیروڕای خوێندکاران بەرەو بزاڤێکی نوێ دەچوو. کاتێك خوێندکاران قسەیان دەکرد، بە خێرایی دەچووە پشت مەنەسەکە و بۆچوونی ئەوانی ڕاستەکردەوە، یان دانی پێدا دەنا و تێڕوانینی خۆی دەردەبڕی. لە دەرەوەی کۆبوونەوەکە، بەرانبەر ئێمە، واتە خوێندکارانی کچ، خۆشحاڵیی خۆی دەردەبڕی کە هاتووینەتە زانکۆ و داوای لێدەکردین سەردانی بارەگای پارتی لە بەغدا بکەین. ڕۆژنامەی (خەبات)ی دەدایێ و بەردەوام لەبارەی هەموو بابەتێکەوە دەدوا. (لە داهاتووی کوردستان و ئەوەی کە کوردستان بەرەو کوێ دەچێ و...) ڕێنمایی دەکردین کە چی بکەین و چ ڕێگەیەك بۆ داهاتووی ولاتەکەمان هەڵبژێرین. بەردەوام قسەی دەکرد و بەلگە و نووسراو و گۆڤاری دەدایێ کە بیخوێنینەوە و فێربین. لەڕاستیدا لەو کۆبوونەوانەدا ئەو ڕۆڵی مامۆستایەکی

دەبینی بۆ ئێمە. جۆرێك پەیوەندیی هەستیارانە لەگەڵ پارتیدا هەبوو، خوێندکاران بەرانبەر سەرۆکی پارتی، واتە بارزانی، ڕووانگەی هەستیارانەیان هەبوو. زانیاریی ئێمە سەبارەت بە بارزانی، هەر ئەو شتانە بوو کە بە نهێنی لە لایەن مامە و ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابەوە پێمان گەیشتبوون، بێجگە لەوە، شتێکی ترمان لەبارەی مەلا مستەفاوە نەدەزانی. خوێندکاران زیاتر بە تێکۆشانی مامە ئاشنابوون.

بەیاننامەکانی پارتیمان بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە بڵاودەکردەوە و زیاتر ڕۆڵی پەیامنێرمان دەبینی. لە ساڵی ۱۹۶۱دا، مامە بەر لە دەستپێکردنی شۆڕش، سەرپەرەشتیی سیاسی_سەربازیی لە سلێمانی پێ سپێردرابوو، کە کارێکی زۆر ئەستەم و تاقەتپڕووکێن بوو. شەو و ڕۆژ لەگەڵ پێشمەرگەکانی دەوروبەریدا دەژیا. بەرەبەرە مام جەلال ناو و ناوبانگی تایبەتی بەدەستدەهێنا. لە ڕووداوی پێنجوێندا کە ئابڵۆقە درابوو، خۆی سەرۆکایەتیی شۆڕشەکەی لە ئەستۆ گرتبوو. سەرەنجام لە نێوان کۆیە و کەرکووکدا، بەبێ هیچ ترسێك، لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگەیارەی حکومەتی بەدەستهێنا و خەرجی شۆڕشەکەی کرد. کاتێك لە ناوچەی (ئاغجەلەر) جەنگێکی گەورە ڕووی دا، کە لەشکرێکی عێراقی دەیویست تێپەڕ ببێ، ئەو لە دۆڵی (بافڵ) و لە دەشتی لێواری (چەمی ڕێزان) بوو، بەرەنگاریان بووەوە و لە سەنگەرەکاندا هێرشی دوژمنی تێکشکاند و پاشەکشەی پێکردن. بارزانی داوای کرد مامە بچێتە بەیروت و قاهیرە. ئەو لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیی بەیروتدا بەشداریی کرد و یەکدوو هەفتەش لەوێ مایەوە و پاشان هاتەوە . کاتێك هاتەوە من لە ڕانیە بووم. ئێران و شای ئێران، نیگەران بوون لەوەی کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بە کوردەکان بدرێت. بەعسیش بڕوای بە کوردەکان نەدەکرد و هەمیشە چاوەڕوانی هەلێك بوو کە هەموو ڕێکەوتنەکان هەلۆەشێنێتەوە.[۱۰۲]

من و مام جەلال لە ناوچەی شارباژێڕ بووین و ئەوانی دیکەش لە شوێنانی تر خەریکی ڕێکخستنی بارودۆخ بوون. لە کاتی ڕۆیشتنمان بۆ شارباژێڕ، من و مامە هەولّماندا لە ناوچەی قەڵادزێ زەبرێکی پارتیزانی لە هێزەکانی حکومەت بوەشێنین، بەڵکوو هەندێ چەك و ئامێری جەنگیمان دەستبکەوێ و لەگەڵ خۆماندا بیانبەین. لە سەرەتاوە من و ئەو

بە نهێنی چووینە ناو شارەوە و لەگەڵ ئەندامانی ناو شاری پارتی پێکەوە قسەمان کرد. ئەوانیش گوتیان لەناو سەربازخانەکاندا چەند دۆست و ئاشنایەکمان هەیە. لە ڕۆژی دیاریکراودا لە سەربازخانەکە نزیکبوونەوە و چاوەڕوان بووین لە کاتی خۆیدا پەلامارەکە دەستپێبکەین. یەکێك لە سەربازە کوردەکان هاتە دەرەوە و گوتی "عەلی، لێپرسراوی یەکەم، دەڵێ ئێمە ناتوانین کارەکەمان دەستپێبکەین، چونکە عەقید حەمید چەلەبی، بەرپرسی سەربازخانە، هەستی بە جۆرێك جوولەی گوماناوی کردووە". هەر کە ئەو قسانەی کرد، تێگەیشتین کە خەڵکی کۆیەیە و ئەو شەوە نۆبەتی پاسەوانی نییە و دەرواتەوە ماڵەوە پشووودەدات، هەروەها زۆر ترساوە و درۆ دەکات. مام جەلال بە سەربازەکەی گوت: با عەلی خۆی بێتەدەرەوە و قسەمان لەگەڵدا بکات. چەند خولەکێك دوای ئەوە عەلی خۆی هات و ڕەنگی وەکوو گەچ سپی بووبوو، لە ترساندا قسەی بۆ نەدەکراو و وەکوو بیی ناو ئاو دەلەرزی. مام جەلالیش بە شێوازی خۆی قسەی زۆری بۆ کرد و ورەی پێدا. بە زمانی شیرین شکووتیی خستە ژێر باخەڵی، بەڵام بێ سوود بوو. ئەمجار دەستی کرد بە جنێودان، دیسان کەڵکی نەبوو. تا ئەو کارانە جێبەجێ بوو، کەوتینە درەنگ. کاتژمێر چواری بەیانی بوو و دنیا وردەورده ڕووندەبووەوە. بە ناچاری دەبوو کارەکەمان شەوێك درەنگ بخستایە. بەیانیی ڕۆژی دواتر کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەربازەکاندا کرد و گوتیان هەموومان ئامادەییمان تێدابووە، هەموو هەڵەکانیان خستە سەر شانی عەلی کە ترسەنۆك و... پاشان بڕیارمان دا کە شەوی داهاتوو بە هەر شێوەیەك بووە، کارەکەمان جێبەجێ بکەین، بەڵام ئەو شەوە حاڵەتی ئامادەباشی لە هەموو سەربازخانەدا ڕاگەیەندرا. ئیتر هیچمان پێ نەدەکرا و ڕیسەکەمان بووەوە بە خوری. ڕێك ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١ بوو کە هەستمان کرد پلانەکەمان ئاشکرا بووە.

بارزانی مرۆڤێکی کوردپەروەر بوو، بەڵام جارجار وەهایان لێدەکرد، ئەویان وەکوو پێغەمبەر و خودا دەپەرەست. ڕەخنە گرتن لەو، بە گوناهێکی گەورە دادەنرا، کە ئەمە شتێکی باش نەبوو، چونکە کەسایەتی و کردەوەکانی شایانی ڕەخنەلێگرتن بوو. بەڵام لەڕووی زیهنییەوە، کەسێکی ڕۆشنبیر نەبوو و تەنیا بڕوای بە قارەمانێتی و ڕاپەڕین و ئازایەتی هەبوو. کتێبی نەخوێندبووەوە و لە ژیانی هیچ قارەمانێك ئاگادار نەبوو. ئەو

سیاسەتی هەر بە جەنگ دەزانی و کرداری هەر بە زیرەکیی پارتیزانی بوو، دەیویست لەو رێگەوە بە ئامانج بگات. شێخ ئەحمەد لەژێر سێبەری دەسەلاتدا بوو، بەڵام لەژێر سێبەری مەلا مستەفادا نەبوو. زۆر دەستی نەدەدایە کاروباری سیاسەت و بەرەنگاربوونەوەی حکومەت. کاروباری عەشیرەتیی مەلا مستەفاش لەژێر دەستی شێخدا بوو و هەریەکەیان لە کارێکدا هەڵکەوتوو بوون. لەڕاستیدا کاروباری سیاسەت لە دەستی مەلا مستەفادا بوو و بەوهۆیەوە مەلا مستەفا لە گۆڕەپانی سیاسەتدا ناسراوتر بوو

مام جەلال لە سەرەتای مانگی شووباتی ١٩٦٢دا نامەیەکی بۆ من نووسی کە ٤٠ ـ ٥٠ پێشمەرگەی زیرەک و چالاک هەڵبژێرم و بەشی سێ رۆژ خواردەمەنی و پێداویستی دابین بکەین و بچینە لای ئەو. ئێمەش ئەو کارەمان کرد و چووینە لێواری (چەمی ڕێزان). مامەش ٧٠ ـ ٨٠ پێشمەرگەی لەگەڵدا بوو، کە هەموویان بە جلوبەرگی ڕێکوپێکی کوردی و چەکی ڕووسیی کلاشینکۆف و دیکتاریۆفەوە هاتنە شوێنی دیاریکراو. هەموومانی کۆکردەوە و گوتی: لقی پارتی داوای کردووە کە سەرتەری سەربازیی_ ئیداریی سلێمانی بگرین. پۆلیسەکانی ئەوێش هەموویان لایەنگری شۆڕشی گێڕدن. حەوت سەعات بەڕێوەبووین هەتا گەیشتینە شوێنی دیاریکراو. شەوێکی سارد بوو و بایەکی توند دەهات، ناوەڕاستی مانگی شووبات بوو. دەبوو ناوەندی ناحیە و شوێنە گرنگەکانی حکومەتمان یەک لەدوای یەک بگرتایە. لاوانی ئەو سەردەمە لەبەر خێزانەکانیان، زیاتر لەگەڵ بارزانیدا بوون. ئێمە ناوبانگی مامەمان بیستبوو. لە سالّی ١٩٦٣دا گفتوگۆی زۆری لەگەڵ ڕۆژنامەکاندا ئەنجامدابوو، بۆیە بووبووە ناوێکی دیار. لە لای ئێمە، مرۆڤێکی زیرەک و وریا بوو.

لە لایەکی ترەوە، بارزانی لە شووباتی ١٩٦٢ لە زاخۆوە دەستی کرد بە گرتنی ناوەندە سەربازییەکان و پەرەپێدانی دەسەلاتی سەربازیی کوردستان. لە ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٢دا، خەڵکی کۆیە لەسەر داخوازیی یەکێک لە حیزبە کوردییەکان، کۆبوونەوەیان ئەنجامدا و داوای ئەوەیان کرد جەنگ ڕابگیرێ و کێشەی کورد لە ڕێگەی ئاشتی و دیموکراسییەوە چارەسەر بکرێت. سێ مانگ پاش ئەوە و لە ٨ی شووباتی ١٩٦٣دا، هەواڵی کودەتای خوێناویمان بیست. لە ١ و ٢ی ئازاری ١٩٦٣دا، لەگەڵ کەریم ئەحمەد

چووینە لای بارزانی و لەگەڵ سەدان چەکدار چووینە ناوچەی (کانی ماران)، کە نووری شاوەیس و کەمال فوئاد و مەلا عومەر لەوێ بوون. مام جەلال و ڕۆژنامەوانێکی فەرەنسی لە بەغداوە هاتبوون. مام جەلال باسی سەردانەکەی میسری دەکرد. هەروەها گوتی: بە مەبەستی چەند کارێك و هەروەها گەیاندنی پەیامی بارزانی، چوومە بەغدا. لەوێ دوو گرووپی فەرمی و گرووپێکی نەتەوەیی دامەزران.

من لەگەڵ گرووپی دووەمدا بووم و فوئاد عارفیش لەگەڵ گرووپی فەرمیدا بوو. لە قاهیرە لەگەڵ فوئاد عارف سەردانی جەمال عەبدولناسرمان کرد، بەڵام لە گفتگۆ فەرمییەکاندا شتێکی تایبەتی ڕووی نەدا. جاری دووەم کە لەگەڵ فوئاد عارف چووین، هەوڵمان دا هەندێ بیدوێنین، بەڵکوو قسەیەکی خێر لە وتەکانیدا بۆ کورد هەڵگرێنین. لە بەینی وتەکانمدا گوتم "ئێمە ئەمڕۆ لەجێگەی سەلاحەدین ئەیوبی هاتووین، کە مایەی شانازیی ئیسلام و عەرەبە. ٣_٤ چیامان هەیە کە حکومەتی عێراق دەیەوێ لە چنگمانی دەربهێنێ و خودا ڕابەردار نییە، جێگەی خۆیەتی دڵسۆزیمان بۆ بکەیت ئەم کێشەیەمان لەسەر هەڵبگری". جەمال عەبدولناسریش گوتی "ئێمە با چاوی ڕێزەوە سەیرتان دەکەین و هەوڵ و تێکۆشانی ئێوە بە ڕەوا و دروست دەزانین. هیچکاتێك دوژمنایەتی و دژایەتیمان لەگەڵ ئێوەدا نەبووە و نییە. ئەگەر کارێکی تایبەتتان بە ئێمە هەبوو، لە ڕێگەی حکومەتی عێراق، یان باڵیۆزخانەکەمانەوە لە بەغدا، پەیوەندیمان پێوە بکەن و... ". زۆر بە وردی ناوەرۆکی سەردانەکەی بۆ ئێمە گێڕایەوە و گوتی: میسرییەکان زۆر لەگەڵ شۆڕشگێڕانی بەغدا نین و دەڵێن: ئەوانە گەنج و بێ ئەزموونن و تەنیا سالّح مەهدی عەماش جێگای سەرنجە. هەروەها گوتی: زۆر پرسیاریان لە من کرد و دەیانگوت ئەم بزاڤەی ئێوە چ پەیوەندییەکی بە کۆمۆنیستەکانەوە هەیە؟ منیش گوتم: هیچ! لەگەڵ هیچ دەستە و گرووپێکدا پەیوەندیمان نییە و تەنیا خوازیاری ژیانێکی سەربەرزانەین لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا و... بە هیچ شێوەیەك باسی کۆمۆنیستەکانم نەکرد و ئێستا سەیری ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بکەن کە بۆچوونەکانی منیان بڵاوکردووەتەوە و.... پاشان مام جەلال چووە لای بارزانی بۆ گفتوگۆ. مەلا مستەفا بە ئێمەی گوت: ئێستا کە حیزبی کۆمۆنیست بووەتە دوژمنی حکومەت، ئەرکی سەرشانی ئێمە قورستر بووە. پێشتر خوازیاری ژیانێکی

سەربەرزانە و دیموکراتییانە بووین بۆ کوردەکانی عێراق، بەڵام ئێستا دەبێ هەوڵ بدەین بۆ ئازادی و دیموکراسی و مافی ڕەوای خۆمان لەناو جەماوەری عێراقدا. پاشان ئاماژەی بە بەیاننامەی ئەم دواییەی خۆی کرد و گوتی: پێویستە ڕێز لە کۆمۆنیستەکان بگرین. ئێمە گوتمان ئەم بزاڤە مێژوویی_سیاسییە و هێشتا ئەندامانی ئێمە لە کۆیە، لە لایەن پێشمەرگەکانی پارتییەوە لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێریدان. ڕۆژی ۹ی ئازار، ڕادیۆی بەغدا هەواڵی لامەرکەزی بڵاوکردەوە و لەو کاتەدا عەزیز موحەممەد و مام جەلالیش لە کۆیە بوون. چووین بۆ تەکیەی تاڵەبانی و لێشاوی خەڵک لەوێدا پەنگی دەخواردبووەوە و هەموو لە دەوری مام جەلال کۆبووبوونەوە. سەرەنجام ڕۆژی دواتر کۆبوونەوەکەمان سەرێگرت. مام جەلال بڕوایەکی ئەوتۆی بە لامەرکەزی نەبوو و سەبارەت بە کەمتەرخەمی بەرانبەر کەرکووك هۆشداریی دەدا. پارتی نێوانی لەگەڵ ئێمەدا خۆشبوو، بەڵام لە لایەکی تر وە نەیاندەویست لەبەر ئێمە نێوانیان لەگەڵ حکومەتدا تێکبچێ.

جەمال عەبدولناسر لە ڕووی بیروباوەڕەوە، کاریگەریی ئەوتۆی لەسەر مام جەلال نەبوو، بەڵام لە ڕووی کەسایەتییەوە، جەمال عەبدولناسر نموونەیەك بوو بۆ مام جەلال، چونکە جەمال عەبدولناسر مرۆڤێکی زمانشیرین و ڕاستبین و دڵاوا بوو و ئاسۆی ڕووانگەکانی ڕووناك بوو. دەیگوت "بۆچی دەبێ ئێمە نەیاری کوردەکان بین، پێویستە ئەوان بەرەو لای خۆمان ڕابکێشین". هاوکات لەگەڵ ئەم بانگەشانەیەدا، لێپرسراوی لقی بەغدای پارتیی دیموکراتی کوردستان، منی ئاگادارکردەوە کە دەستەیەك لەژێر چاودێریی فوئاد عارفی وەزیری ڕاوێژکار لە کێشەی باکوور، سەرگەرمی چەند چالاکییەکن و دەیانەوێ چەند کەسێك بنێرنە باکوور و لەگەڵ بارزانیدا گفتوگۆ بکەن. من دڵنیا بووم کە بە وادە و بەڵێنییەکان، یارمەتی و پشتگیریی چەند ساڵە و پەیوەندییەکانی بارزانی و سەرانی پارتی سەرناگرێ، چونکە ئەوان بەبێ ڕاوێژ لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، هیچ کارێکیان پێ ناکرێ. ئەڵبەت ئەم دڵنیاییە لە لای سەرانی پارتی، زۆرتر لە بارزانی بوو.

لە ساڵی ۱۹۶۲دا، ناوبانگی مام جەلالمان دەبیست کە پێشمەرگەیەکی سەرکەوتوو و زیرەکە لە نزیکی چەمی ڕێزاندا. مامە سەفەرێکی کورتی بۆ کۆیە کرد و لە کۆبوونەوەیەکی

کۆیسەنجەقدا بەشداریی کرد. کاتێک لە شەقامی شانزەلیزە چاومان بە یەک کەوت، پیاسەمان کرد و سەیری ئێوارەی پاریسمان دەکرد، تەنانەت وشەیەک سەبارەت بە سەردانەکانی نەدوا و هیچ شتێکی دەرنەبڕی. لە مالّی کامەران بەدرخان پیاوێکی چەپی میسری - یەهودیی کە لە میسر دەرکرابوو و پەیوەندیی تایبەتی لەگەڵ جەزائیرییەکان هەبوو، هات بۆ لای مامە. بن بیللا تازە بووبووە سەرۆک کۆمار و داوای لە مامە کرد کە وەکوو نوێنەری شۆڕشی کورد، نامەیەکی بۆ بنووسێ. ئەویش نامەیەکی نووسی و دواجار وەڵامەکەی گەیشتە مالّی کامەران بەدرخان. مامە نزیکەی مانگێک لە پاریس مایەوە و پاشان فەرەنسای جێهێشت. سەرۆکی پارتی، چۆن مامەڵەی لەگەڵ عەشیرەتەکاندا دەکرد، بەو شێوەیەش مامەڵەی لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا دەکرد. ئەوانی هاندابوو کە چەک هەڵگرن و لە شوێنێکدا نیشتەجێ ببن، بەڵام هەمیشە لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی بەرپرسانی بارزانیدا بوون. کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بە گشتی، نەک بە هۆی حیزبایەتی و ڕابوردووی کۆمۆنیستەکان و ڕۆڵی ئەفسەرانی کۆمۆنیست کە لە شۆڕشی کوردەکاندا گوندەکانیان کاول کرد، بەڵکوو بە هۆی پێکهێنانی دەستە چەکدارەکانی ئەوان، دژی ئەو سیاسەتە و کۆبوونەوەی چەکدارانەی ئەوان بوون، بەتایبەت کە سنووری ئەوان نزیک بە سوپا و هێزە چەکدارەکانی حکومەت بوو.

کۆمیتەی ناوەندیی پارتی باوەڕی وابوو کە دەتوانێ لە نێوان هێزەکانی خۆی و لقە جۆراوجۆرەکانیدا بەرجەستە بێ و بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، لە خەبات بەردەوام بێت، بەڵام کۆمۆنیستەکان بەوە ڕازی نەبوون و لە کاتی ئاشتیدا هەندێ جموجۆڵیان هەبوو کە بەرەبەرە ناکۆکیی خستە نێوان کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و حیزبی کۆمۆنیست. لەوانە ئەستەمتر، جەنگی ناوچەی (قەرەداغ و شێخانی) بوو، کە عەلی عەسکەریی و حیلمی عەلی شەریف دەورێکی سەرەکییان لەو جەنگەدا هەبوو. بە مەبەستی ڕێگری لە تەشەنەکردنی کێشەی ئەو ناوچەیە و کێشەی ناوخۆ، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، گۆڕانکاریی لە بەرنامەکانیدا کرد و لە هەڵوێستەکانی بارزانی نزیکتربووەوە، کە لە پاڵ لقی سەربازیدا، دەستەی چەکداریی حیزبی کۆمۆنیستیش بوونیان هەبێ. کۆمۆنیستەکانیش زۆربەی ئەندامانی چەکداری خۆیان لەژێر سەرکردایەتیی

پارتیدا، نارد بۆ چەند ناوچەی دیکەی سۆران. بەرەبەرە گرۆتینی پەلاماری چەکدارییە ئەوەنتر بووەوە و هاتوچۆ لە ناوچە رزگارکراوەکاندا بە ئاشکرا هەبوو. کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دەیویست سوود لەو دەرفەتە وەربگرێ و چەند ناوچەیەکی دیکە ئازاد بکات، بەڵام بارزانی دەیویست تا ماوەیەک ئاگری جەنگ بکوژێنێتەوە و هێزی پێشمەرگە هەندێک بحەسێتەوە و وزەی باشتر بەدەستبهێنێ.

زۆربەی پێشمەرگە و سەرکردەکان، بە شێوەیەکی یەکگرتوو و پێکەوە گونجاو و دڵاوایی خەباتیان دەکرد و لە ۱۸ی تشرینی دووەمی ۱۹۶۳دا، ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارف لە بەعسییەکان هەڵگەڕایەوە و زۆر کەسیانی دەستگیر کرد و دەستی کرد بە قەڵاچۆکردنیان. هەر لەو کاتانەدا و بە هۆی کاریگەریی سۆڤێتەوە، عەبدولسەلام عارف بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند کە ئێمە جەنگی دژی کوردەکان ڕادەوەستێنین و ئامادەین لەگەڵ کوردەکاندا گفتوگۆ بکەین. ئەو کارە لە مانگی شووباتی ۱۹۶۳دا دەستی پێکرد. پاش عەبدولکەریم قاسم و بەر لە عەبدولسەلام عارف، واتە لە مەودای نێوان ساڵانی ۱۹۶۲ تا ۱۹۶۳، سەرکردەکانی پارتی و کۆمیتەی ناوەندیی و بارزانی و... کە لە خەباتی چەکدارانەدا بەشداربیان هەبوو، لەو باوەڕەدا بوون کە نابێ ناوچەئازادکراوەکان بکەوێتەوە دەست دەوڵەت و پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ خەڵکدا هەبوو. ئەو، لە ۱ی حوزەیرانی ۱۹۶۳دا پێشوازیی لە ئێمە کرد و گوتی: ئێمە ناتوانین نکوڵی لە هەبوونی کوردەکان بکەین و دەبێ ژیانێکی سەربەرزانەیان لە ناوخۆی کۆماری عێراقدا هەبێ. نابێ کوردەکان بکەونە ناو تەڵەکانی موحەممەد ڕەزا پەهلەویی ئێران. ئەمە ئامۆژگارییەک بوو بۆ کوردەکان و پەیامێک بوو بۆ ڕایگشتیی جیهانی عەرەب، کە کوردەکان گەلێکی موسڵمانن و بۆ عەرەبەکانن و ئەویندارن بزاڤی ئازادیخوازانەی عەرەبن لە پێناوی یەکێتیی کورد و عەرەبدا. هەروەها خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەکانن بە ڕێگەی دیبلۆماسی، نەک ڕێگەچارەی سەربازی. جەمال عەبدولناسر و چەند بەرپرسێکی سەربازیی لایەنگری، وەکوو جەمال الاتاسی، ڕێزیان لە ڕێکەوتنی کوردەکان و دەوڵەتی عێراق گرت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئۆتۆنۆمی. ئەو کارەیان بە (هەنگاوی یەکەم) دانا. خوێندکاران پێیان خۆشبوو کودەتایەک دژی عەبدولکەریم قاسم ڕووبدات.

میسریش دەستی لەو کودەتایەدا هەبوو. کوردەکانیش دانیان نا بە ڕووخانی ئەو حکومەتەدا، چونکە لەو باوەڕەدا بوون بە سوودی کوردەکان تەواو دەبێ. خوێندکارانی کورد بەیاننامەیان بڵاوەکردەوە و شەوانە نەدەچوونەوە بەشەناوخۆییەکانیان و تەنانەت ماوەیەک زانکۆ داخرا.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢ و سەرەتای ساڵی ١٩٦٣، دووبەرەکی و جیاوازیی نێوان دوو باڵی پارتی ئاشکراتر بوو. سەرۆکایەتیی بارزانی لە لایەک، ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و عومەر دەبابە و نووری شاوەیس و عەلی عەبدوڵڵا و عەلی عەسکەریی و حیلمی شەریف و نووری ئەحمەد تەها و... لە لایەکی دیکە. بەرەبەرە ئەم ناکۆکییانە قوواڵتر بوون. ئەڵبەت کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دەیگوت: بارزانی گوێ ناداتە ڕاپۆرت و بەڵێنەکانی کۆمیتەی ناوەندی، لەڕاستیدا سەرۆکایەتیی شۆڕش لە ئەستۆی پارتیدایە و دەبێ هەردوو لایەن گوێڕایەڵی بڕیارەکانی پارتی بن. هەندێکیش دەیانگوت: بارزانی زیاتر ڕووی لە خەڵکی ناوچەی بارزانە و پشتی لە خەڵکی ناوچەی شۆڕان هەڵکردووە. بە بیری عەشیرەتگەرییەوە هەرچی بە دڵی خۆی بێ، دەیکات. ئەم ناتەباییانە بەردەوام بوون هەتا کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و کادیرەکانیان، بڕیاریان دا کە سەرۆکایەتیی پارتی لە بارزانی بستێننەوە. ئەم چەقۆیەیان گەیاندە سەر ئێسکی بارزانی گەیاند و داوای کرد کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لە کوردستان دووربکەونەوە. عەزیز موحەممەد هەوڵێکی زۆری دا کە ئەم کێشانە خوێنڕشتنی لێنەکەوێتەوە و هەرچۆنێک بووە بە ڕێگەی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکرێت. بەو بۆنەیەوە چەند جارێک لە قەڵادزێ و ماوەت سەردانی بارزانی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی کرد.

بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد لەو باوەڕەدا بوو کە ٧٠٠٠ پێشمەرگەی ئایدیۆلۆژییان هەیە و بارزانی توانای شەڕی لەگەڵ ئەواندا نییە. پاشان بارزانی هێزێکی بە سەرۆکایەتیی نووری مەعروف و مستەفا، ڕەوانەی ناوچەکەی ئەوان کرد، ئەوانیش لە سنوور تێپەڕ بوون و لە شاری هەمەدان نیشتەجێ بوون. لە ساڵی ١٩٦٣دا، گفتوگۆی نێوان حکومەت و کوردەکان دەستی پێکرد، بەڵام حکومەت دیسان دەستی کردەوە بە کوشتاری کوردەکان. بۆ نموونە: بەرپرسێک بە ناوی (تیمسار خەلیل) دەچووە ناو خەڵک و ئازاری دەدان، یان دەیکوشتن.

ئەم زەخت و فشارانە بوونە هۆی ئەوەی خەڵك چەك هەڵگرن. بۆ نموونە: لە ناوچەی ئێمەدا و لە ماوەی دوو مانگدا، ژمارەی پێشمەرگەکان لە ٥٠ کەسەوە گەیشتە ٦٠٠ کەس. لەپڕ حکومەت وازی لە گفتوگۆکان هێنا و ئەندامانی وەفدەکەی دەستگیر کرد، تەنیا مام جەلال دەرباز بوو کە نازانم چۆن ئەو دەستگیر نەکرا. ڕۆژ بە ڕۆژ مامەڵەی حکومەت بەرانبەر کوردەکان خراپتر دەبوو. جارجار کە جاشەکان دەکەوتنە بەر پەلاماری پێشمەرگە و بریندار دەبوون، خۆیان بەدەستەوە دەدا و دەچوونە پیزی پێشمەرگەوە. ئەو جاشانەی لەناو شەڕەکەدا چەکەکانیان لەدەست دەچوو و هەڵدەهاتن، لە لایەن حکومەتەوە دەستگیر دەکران و زۆر جار سالێك زیندانی دەکران. جاری وا هەبوو بە شەودا جاشەکانی حکومەت دەکەوتنە بەر هەڵمەتی پێشمەرگە و دەکوژران. دەستپێکردنی ئاگربەست لە نێوان بارزانی و عەبدولسەلام عارفدا، بۆ زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتی کوردستان چاوەڕواننەکراو بوو و بووە هۆکارێك بۆ دووبەرەکی لە نێوان سەرکردایەتیی پارتی. ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی ناڕەزایەتییان بەرانبەر گفتوگۆکانی بارزانی و عەبدولسەلام عارف دەردەبڕی، چونکە بەبێ بڕیاری پارتیی دیموکرات ئەنجامدرابوو. ئەوان پێیان وابوو کە بارزانی خیانەتی لە ئامانجی نۆتۆنۆمیی کوردستان کردووە. لە ئەنجامدا مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتی کوردستان کە لە لایەن ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و نووری ئەحمەد تەها و عومەر مستەفاوە[١٠٦] بەڕیوەدەبرا، لە بەیاننامەیەکدا ڕەخنەیان لە بارزانی گرت و ڕایانگەیاند شۆڕشی چەکداریی دژی حکومەت تا بەدەستهێنانی نۆتۆنۆمی، بەردەوام دەبێ. بەبێ بوونی بارزانی، لەوە نەدەچوو کە پارتیی دیموکراتی کوردستان بتوانێ بەرەنگاری هێرشە سەختەکانی سوپای عێراق ببێتەوە. خاڵی لاوازی سیاسەتی عێراق بریتی بوو لە تاکڕەوی و سەرەڕۆیی تاکەکەس، کە بەڕاستی ئەمە بوو بە تایبەتمەندیی کۆمەڵگای ئێمە.

"من لە لایەن شایان ساواکەوە، هیچ بەڵێنێکم بە بارزانی نەدابوو. خەڵك ڕەنگی ئاسایش و هێمنایەتییان بەخۆوە نەدەدی. بە هۆی هێرشی بەعسییەکانەوە مااڵ و سامانی خەڵك کاول و ڕاووڕووت کرابوو. ڕووسیا و مەنگۆلیا لەسەر پرسی کوردەکان بەردەوام بوون، ئەمە جەمال عەبدولناسری هان دەدا کە چاودێری ئەم کێشەیە بکات. دوای

ماوەیەك، مامە هاتەوە. پارتیی دیموکراتی کوردستان کە سکرتێرەکەی ئیبراهیم ئەحمەد و سەرۆکەکەی بارزانی بوو، لەو کاتەی کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسمیش سەرکەوت، دۆخی ناو پارتی هەر بەو شێوەیە بوو و هەر بارزانی سەرۆك بوو. ئەو ڕێبەرایەتیی گشتیی خەباتی چەکدارانەی کوردەکانی دەکرد، کە دواجار لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١دا، ڕۆڵ و نەخشەکان بە تەواوی دەرکەوتن. مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد لەو کاتەدا کۆبوونەوەیان هەبوو. ئیبراهیم ئەحمەد زۆر دڵی بە جەنگەوە نەبوو و دەیگوت با سەبارەت بە جەنگ زۆر پەلە نەکەین. مامە شەش مانگ بەر لە جەنگ، لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا لە چیاکاندا بوو و بۆ دەستپێکردنی جەنگ پەلەی دەکرد، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد دەیگوت ئەگەر شەڕ دەستپێبکەین، دیار نییە چ ئەنجامێك بەدەست دێنین. کوردەکانیش گەرم بووبوون، هەر کەسێك تووندڕەوانە و هەستیارانە قسەی بکردایە، خۆشەویستتر بوو".

لەو کاتەدا سەعد جەوادیش لە مەیداندا بوو، تێڕوانینی ئەو بە شێوەیەکی دیکە بوو. پێشمەرگەکانی بارزانی لە گۆڕەپانی جەنگدا لێهاتوویی و دەستوبردی تایبەتییان هەبوو. هاتنی ئەفسەرانی سوپا بۆ ناو ڕیزی پێشمەرگە، یارمەتیی باشی ئەوانی دەدا. پاش کودەتای سەربازی، کۆمۆنیستەکان لەبەرچاو ونبوون، یان باشترە بڵێین ئیتر دەستەوسان مابوونەوە. لە هاوینی ١٩٦٤دا، بە تەواوی مردبوون و هیچ جموجۆڵێکیان نەمابوو. زۆربەی بەرپرسان و لێپرسراوانی کۆمۆنیست، یان کوژرابوون، یان لەسێدارە درابوون. ئیبراهیم ئەحمەد و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، کۆمۆنیستەکانیان ئیتر وەرنەگرت، عەلی عەسکەریی لە دەربەندیخان تەقەی لێکردن و چەند کەسی لێکوشتن. بەڵام مەلا مستەفا بۆچوونێکی زۆر جیاوازی هەبوو. ڕووسیاش بەم کارە زۆر دڵخۆشبوو و لە ڕێگەی باڵیۆزخانەکەیەوە پارەی بۆ بارزانی نارد. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٢دا، هەواڵی مانگرتن هات و قوتابیانی بەعسی و نەتەوەیی عەرەب و... بە هۆی چەند داخوازییەکی وانە و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە خۆپیشاندانیان ڕێکخست و دروشمیان دەوتەوە. کۆمۆنیستەکان لە لایەکەوە و حیزبەکانی دیکە لە لایەکی ترەوە و خەڵکی سەربەخۆش، بەشداریییان کردبوو. کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و حیزبی کۆمۆنیست پەیوەندییەکی خراپیان نەبوو. کاتێك کۆمۆنیستەکان و ئەفسەرانی سوپا هاتنە ڕیزی شۆڕشەوە، دوو سیاسەت ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە،

کاتێکیش ئاگربەست ڕاگەیەندرا، بارزانی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی هەر یەکەیان دەیویست سیاسەتی خۆی ببات پێشەوە و ناکۆکی نێوانیان گەیشتبووە ئاستێکی پڕمەترسی. بەڵام خەڵك و پێشمەرگە تا ڕادەیەکی زۆر لەم ڕووداوانە بەدووربوون. ئێوارەیەك کە لە نووسینگەی خۆمدا بووم، بەڕێرسی تەلەفۆنی باڵێۆزخانە کە ئێرانییەك بوو، هاتە لام و گوتی: لێرپرساوی تەلەفۆنی سەربازخانەی ڕەشید کە خوشکەزامە، تەلەفۆنی بۆ کردووم و دەڵێ: هێلیکۆپتەرێك لە قورنە ـ ئەو شوێنەی کە دیجلە و فورات بە یەك دەگەن و شەتولعەرەب پێکدەهێنن ـ کەوتووەتە خوارەوە و ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارف و وەزیری پەروەردە و خوێندن و پارێزەرەکانیان و فرۆکەوانەکەی، کوژراون. بە خێرایی هەواڵەکەم بە تاران ڕاگەیاند. لە کۆڕی جۆراوجۆری عێراق و لەناو کورددا، هەواڵی دانانی عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆك وەزیران بۆ سەرۆك کۆماریی، لەئارادا بوو. لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی سەرۆك کۆماری نوێ، چەند ڕۆژێکی خایاند. لەپڕ ڕادیۆی بەغدا هەواڵی دیاریکردنی عەبدولڕەحمان عارف، فەرماندەری لەشکری پێنجی بەعقوبە و بۆ عەبدولسەلام عارفی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماریی ڕاگەیاند. عەبدولڕەحمان عارف، بڕیاری دا کە عەبدولڕەحمان بەزاز لە پۆستی سەرۆك وەزیراندا بهێڵێتەوە".

هەرچی من لە سەرانی پارتی نزیکتر دەبوومەوە، بارزانی زیاتر زوێر دەبوو. هەر جارێك کە من سەردانم دەکرد، زۆرتر لە جاری پێشوو زەمی ئەوانی دەکرد. تاوانی وای دەدایە پاڵیان کە لەگەڵ عەقڵ و ئاوەزدا یەکی نەدەگرتەوە و ڕاست نەبوو. ئەوان هەڵبژاردراوی خەڵك بوون و خوێندکار و تێگەیشتوو و پاك و بێگەرد بوون، کەمترینی ئەوان لە بارزانی بەناوبانگتربوو. لە هەموو بەشەکانی پێشمەرگەدا، تۆڕی زانیارییان پێکهێنابوو. لە پچووکترین جوواڵانەوە و کرداری هەموان ئاگاداربوون و دژایەتیی ئەو کەسانەیان دەکرد کە هەڵەیان دەکرد. ناتەبایی بارزانی و سەرانی پارتی تادەهات و زیاتر دەبوو. یوسف عەونی لە بەغدا، لەو باوەڕەدا بوو تا بارزانی لەو پلەیەدا بێ، پارتی هەر لە جێگەی خۆیدا دەبێ و هیچ پێشکەوتنێك بەخۆیەوە نابینێ، ئەمە خاڵێکی زۆر سەیر بوو، بەم بۆنەوە بارزانی، بە زۆر، لە هەموو کۆبوونەوەکانی پارتی لە بەغدا، بەشداریی دەکرد. لە ساڵی ١٩٦١دا کە سووریا و میسر لێك جیابوونەوە و زیندانییەکان ئازاد بوون، تا ڕادەیەك پارتەکەی نورەدین

زازا بەهێزتر بوو و لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا بەشداریی کرد. ئەڵبەت ڕۆڵێکی زۆر بەرچاویان هەبوو بەڵام حکومەت دەستی خستە ناو کارەکان و نەیهێشت ئەو نوێنەرانە هەڵبژێردرێن. بەرەبەرە ناکۆکییەکانی ناو بەندیخانە ئاشکرا بوون و ناتەباییەکان لە بازنەی (چەپ یان ڕاست)دا خۆی دەنواند و پرسەکان لەسەر ئەو میحوەرە شیی دەکرانەوە، یان تانەی ڕاست و ڕادیکاڵی بەردەکەوت. بە گشتی بوونە دوو لایەنی چەپ و ڕاست. کۆمۆنیستەکان لە هەوڵ و تێکۆشاندا بوون، لە تەنیشتی ئەم پرسانەدا ناکۆکیی تاڵەبانی و بارزانی بۆ ئێمە ڕوونتر دەبوو، تەنیا دەمانویست سوود لە کوردەکانی عێراق بۆ ئامانجەکانی خۆمان وەربگرین. دووڵەتبوونی ئەوان، پەیوەندیی بە ئێمەوە نەبوو و گوێمان نەدەدایە کێشەی هۆزایەتی و خێڵەکی. یەکێک لەو پرسانەی دەبووە هۆی تووڕەیی بارزانی، ئەوە بوو کە دەیگوت "من سەرۆکی پارتیم و دەبێ هەموان گوێڕایەڵی من بن". بەڵام کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکرات دەستێوەردانەکانی ئەوی بە ڕاست نەدەگێڕا. لەڕاستیدا بێجگە لە جیاوازیی بیر و تێڕوانین، لە ڕووی شوێن و جێگەی نیشتەجێبوونیشەوە، لە یەک دوور بوون و هەر یەکەیان لە ناوچەیەکدا بوون.

هەوڵنامەی کتێب

عەبدولڕەحمان عارف، لەو کاتەوەی منیان نارد بۆ عێراق، سەرکردایەتیی لەشکری پێنجی بەعقوبەی پێ سپێردرابوو. لە زۆربەی میوانییە فەرمییەکانی دەوڵەت و لە ڕۆژانی تایبەت بە سوپا و ئاهەنگی وڵاتانی بیانی کە لە بالیۆزخانەکاندا بەڕێوەدەچوون، عەبدولڕەحمان عارف بەشداریی دەکرد و لەو شوێنانەدا دەمدی. دەمویست پێی ئاشنا ببم. فوئاد عارف، کە کورد بوو و برادەریشم بوو، داوام لێکرد کە لە میوانی یان جێژنێکدا، بارودۆخێک بسازێنێ کە ئێمە بە یەکتر ئاشنا ببین. زۆر خۆپارێز و هێمن و خۆبەکەمزان بوو. لەناو ئەندامانی سوپادا زۆر خۆشەویست بوو. هەرچی عەبدولسەلام عارفە، واتە براکەی، گرژ و دەمارزل و نوزەدرێژ بوو، بە پێچەوانەوە، عەبدولڕەحمان مرۆڤێکی هێمن و ئاشتیخواز و دوورەپەرێز لە خۆنواندن بوو. لە ساڵی ١٩٦٢دا، پلەی سەرلەشکری وەرگرت و ساڵی دوایی پاش کوژرانی براکەی، پلەی موشیری وەرگرت، دوای ئەوە بوو بە سەرۆک کۆمار. کاتێک بەڕێز دکتۆر مەهدی پیراستە بوو بە بالیۆزی ئێران لە عێراقدا، لە هەموو بواریکدا گۆڕانکاری ڕوویدا و پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق چاکسازییان تێدا کرا و

پته‌و بوون. عەبدولڕەحمان عارف بە مەبەستی ڕزگاربوون لە کێشەی کوردەکانی باکووری عێراق، سەردانی ئێرانی کرد و پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. گفتوگۆی زۆر کرابوو بە مەبەستی چارەسەر کردنی ناتەباییەکانی هەر دوو وڵات، بەڵام بەعسییەکان دەرفەتێکی ئەوتۆیان بە عەبدولڕەحمان عارف نەدا کە لەو بوارانەدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێ.[۱۰۷]

لە ساڵی ۱۹۵۸ من نوێنەری قوتابیان بووم و لە کۆنگرەی وڵاتە گەورەکاندا بەشداریم کرد. هەندێ کات بەناوی ئەنجومەنی قوتابیانی کوردەوە لە یەکێتیی قوتابیانی جیهان بەشداریم دەکرد. هەندێ کات لەناو ئێمەی قوتابیاندا باسی ئەوە دەکرا کە عێراقییەکان بەتایبەت کۆمۆنیستەکان، دژی وەرگرتنی ئێمە بوون لە یەکێتیی قوتابیانی جیهان. لەو کۆنگرەیەدا من تێڕوانینی خۆم لەسەر پەیوەندیی نێوان بەندەکانی دووەم و سێیەمی دەستووری عێراقی خستەڕوو، لەبەرئەوەی لە بەندی (سێ)دا هاتووە کە "نەتەوەکانی کورد و عەرەب بەشدارن لە نەتەوەدا". بەڵام لە بەندی (دوو)دا هاتووە کە "عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب و ئەو نەتەوانەی کە لە عێراقدا دەژین، بەشێکن لە نەتەوەی عەرەب".[۱۰۸] منیش دژی ئەو بەندە بووم و وتم کە جیاوازیی ئاشکرا لە نێوان ئەم دوو بەندەدا بوونی هەیە. ئەگەر عەرەب ماف کورد بە ڕەوا دەزانن، دەبێت بزانن کە کورد، عەرەب نییە، لەبەرئەوە تەنها عێراقی عەرەبی بەشێکە لە میللەتی عەرەب، کورد نە عەرەبە و نە عێراق نیشتمانی ئەوە، بەڵکو نیشتمانی ئەو کوردستانە و کوردستانیش کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی چوار وڵاتی جیاوازەوە و دابەش بووە بەسەر ئێران و سووریا و تورکیا و عێراقدا"[۱۰۹]

هاوکات بە پەرەپێدانی پەیوەندیی نێوان عێراق لەگەڵ ڕووسیا و وڵاتانی بلۆکی کۆمۆنیستی، حکومەتی عێراق شێوازی توندی لە بەرانبەر کۆمپانیا نەوتییەکانی ڕۆژئاوادا گرتەبەر. حکومەتی کودەتایی عێراق، بەردەوام دەیویست کە مامەڵەی نەوتی بە سیاسەتەوە ببەستێتەوە و تەنها ئیمتیازی نەوت بەو کۆمپانیایانە بدات کە وڵاتەکانیان پشتیوانی لە سیاسەتی دەرەوەی عێراق دەکەن، بەتایبەت سەبارەت بە ئیسرائیل. لە هەمانکاتدا، عێراق پشتی بە داهاتی نەوت بەستووە لە ڕێگەی فرۆشتنیەوە بە ڕۆژئاوا، تاکو

پێویستییەکانی دانیشتووانەکەی دابین بکات، ئەم وابەستەبوونە ئابوورییە بە ڕۆژئاواوە، وای کردووە کە سیاسەتی خۆمالێکردنی نەوت لە عێراقدا، بە گشتی سەرکەوتوو نەبێت. عێراق باوەڕای وابوو کە یەدەگی پێویستی نەوتی بۆ نەوەی دواهاتوو نییە و گلەیی عێراق لە کۆمپانیای نەوتی عێراق ئەوەبوو کە بۆچی نەوتی پێویست بەپێی بڕیارنامەکە دەرناهێنێت. لە سەردەمی دەسەڵاتداریتی عەبدولکەریم قاسمدا، نەوتی عێراق خۆمالّی کرا. عێراق دواتر بە هاوکاریی ڕووسیا[١١٠] دەستی کرد بە دەرهێنانی نەوت.[١١١]

***

بە تێڕوانینی من، هۆکارە ڕاستەقینەکانی ناکۆکیی ئیبراهیم ئەحمەد و ژەنەراڵ بارزانی، دەتوانین لە دوو ڕووەوە لێکبدەینەوە: پێشەکی (دەستکەوتی هەردووکەسایەتی) و پاشان (ڕووداوەکان) کە بوونە هۆی جیاوازی. ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانی، بە گشتی دوو کەسایەتی تەواو جیاواز لە یەکتر بوون. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کەسێك بوو کە کەسێك بوو خوێندنی تەواو کردبوو، هەواداری خوێندن و موتاڵا بوو. لە سەردەمی خوێندکاریدا چالاکیی سیاسی و کولتووریی دەستپێکردبوو و پاشان بوو بە پارێزەر. لە سەرانسەری ژیانیدا بیروباوەڕی چەپی هەبوو و تا ڕادەیەك مارکسیزمی بە زانستێکی بەرز دەزانی. لەناو پارتیشدا، هەوڵی زۆری دا کە لە مارکسیزم سوودوەربگرێ و لەناو بەرنامە حیزبییەکاندا جێبیکاتەوە تاکو ئێمەیش سوودی لێ وەربگرین. بێجگە لەوانە، زانیاریی تایبەتی دەربارەی چین هەبوو و تا ڕادەیەکی زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەریی (چین)ەوە. تەنانەت گەلێ جار دەیگوت: ئەگەر مارکسیزم لە چینەوە بگوازرایەتەوە بۆ کوردستان، باشتر دەگونجا لەگەڵ بارودۆخی ئێمە، وەك لەوەی کە لە ڕووسیاوە بۆمان هاتووە. سەبارەت بە خەبات و شۆڕشەکانی چین، زانیاریی زۆری هەبوو. تەنانەت لەو کاتەدا کە گۆڤاڕێکی بە ناوی گەلاوێژ[١١٢] بڵاودەکردەوە، واتە لە چلەکاندا، زنجیرە

وتارێکی سەبارەت بە چین وەرگێڕابوو، بۆ ئەوەی هەستی دژایەتیی کەسانی دیکە نەبزوێنێ و گۆڤارەکە دانەخرێت، زۆر زیرەکانە ئەو وتارانەی گەلاڵە دەکرد. باسی چین چانگی دەکرد و چەمکی (مایۆ)شی دەهێنایە پێشەوە. زۆربەی وەرگێڕدراوەکانی لە وتاری ئەمریکییەکان بوو، وەکوو کتێبێکی (ئێدگار سنۆ) بە ناوی ئەستێرەیەک لە ئاسمانی چیندا[۱۱۳]. پرسی دیموکراسیی نوێ و بزووتنەوەی نیشتمانی و ئەوەی کە گوندییەکان و وەرزێرەکان هێزی ڕاستەقینەی خەبات بن و کرێکاران هێزی بنچینە و خوێندکاران ڕۆڵی مۆتۆڕی ڕێکەوتن ببینن. بەڵام بارزانی سەدوهەشتا پلە بە پێچەوانەی ئەوەوە بوو، لەڕاستیدا جۆرێکی دیکە بوو. بارزانی سەرکردەی توێژی ڕۆشنبیر و خوێندکار نەبوو و زانیارییەکانی بە شێوەی ئەکادیمی و لە ڕێگەی خوێندنەوە بەدەستنەهێنابوو. نەچووبووە قوتابخانە و زانکۆ. لەڕاستیدا خوێندەواریی نەبوو، تەنیا کەسایەتییەکی خێڵەکیی کوردستان و خاوەنی حەماوەر و خەباتکار بوو.

هەولێر کتێب

ڕووانگە و بیری ئەو، لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد جیاوازیی هەبوو و لەڕاستیدا دوو بیری نامۆ بە یەکتر بوون. هەرچەندە بارزانی ماوەیەکی زۆر لە سۆڤێتدا ژیابوو، بەڵام بە توندی دژی کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی عێراق بوو، ڕەنگە ئەزموونی ژیان لە سۆڤێت ئەوی ڕەشبین کردبێت. پاش هاتنەوەی بۆ عێراقیش، ڕووسییەکان بەردەوام پشتگیرییان لێدەکرد، بەڵام ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە تا دەستی بە ئەمریکا نەگات و سەرنجی ئەوان بەرەو لای خۆی ڕانەکێشێ، ناتوانێ سەرکەوتن بەدەستبهێنێ. تەنانەت لە ڕووسیاش داوای لە من کرد کە بە هەر شێوەیەک بووە، ڕێگەیەک بۆ دروستکردنی پەیوەندیی تایبەتی لەگەڵ ئەمریکادا بدۆزینەوە. لەو کاتەدا من وام بیردەکردەوە کە ئەو دەیەوێ تاقیم بکاتەوە کە ئایا ڕادەی چەپبوونم، یان دژایەتیم لەگەڵ چەپ و ئیمپریالیزمدا لە چ ئاستێکدایە، هەروەها بۆی دەربکەوێ کە من تا چ ڕادەیەک پابەندی

بیروباوەڕی خۆمم. منیش کە بە تووندی لایەنگری چەپ بووم، گوتم: بیروباوەڕی من چەپە و هێشتا لەسەر بەڵێن و پەیمانەکانی خۆم سوورم. بەم شێوەیە دژایەتیی خۆمم دەربڕی، بەڵام ئەو لە ناخی دڵەوە دەدوا. کاتێك گەڕامەوە بۆ کوردستان، ئەو هەوڵێکی زۆری دا کە لەگەڵ ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا، بواری پەیوەندی بڕەخسێنێ.

سەبارەت بە پەیوەندیی بارزانی لەگەڵ ئیسرائیل، کتێب و لێکدانەوە و وتاری زۆر بڵاوبوونەتەوە و پێویست ناکات من دووپاتی بکەمەوە، ئەمە لە مێژووی هاوچەرخدا ناشاردرێتەوە. بەڵام من لەو باوەڕەدام مەبەستی ئەوە بوو کە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا دروستبکات. زۆر پێی دادەگرت لەسەر پشتگیریی ئەمریکا و لەو باوەڕەدا بوو کە ئەگەر کورد دەستی بە ئەمریکا بگات و ئەمریکاش پشتگیریی لێبکات، ئەوا سەرکەوتن بەدەستدێنێ و بەبێ ئەوە، هیچی پێ ناکرێت. دوای شکستی قازی موحەممەد و کۆماری کوردستان لە مهاباد، بارزانی چوو بۆ تاران و دەڵێن چاوی بە موحەممەد ڕەزا پەهلەوی_شای ئێران_ کەوتووە و داوای کردووە کە لە ئێراندا جێگەی بکاتەوە. لەو سەفەرەدا لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکاش دیدار و گفتوگۆی کرد و داوای کرد خۆی و هاوڕێیانی لە ئەمریکا وەربگیردرێن. پاش ئەم پرسە، دووەمین جیاوازیی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد، پرسی ڕەسەنبوونی بنەماڵە و بنچینەی خێزانی بوو. بارزانی ئەندامی بنەماڵەیەکی ڕەسەنی بارزان بوو، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد ئەندامی بنەماڵەیەکی ئاسایی بوو کە لە نێوان چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگادا پێگەیەکی تایبەتی نەبوو. تەنیا مامی ئەفسەری سوپا بوو، پاشماوەی ئەندامانی بنەماڵەکەی کاسبکار و دووکاندار و خاوەنی پیشەیەکی ئاسایی بوون. ئەو هەمیشە خۆی بە کوڕی هەژارێك دەزانی و خۆی بە بلەڕەش[١١٤] دەناساند، شانازیی بەو ناونیشانە پرۆلتاریاییەوە دەکرد. ئەم جیاوازییە بنەماڵەییە، زۆر بەرچاو بوو. لە ڕووانگەی

سیاسیشەوە، کاتێك پارتی بە نهێنی لە کوردستاندا چالاکیی دەکرد و ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری گشتی بوو، بەڕاستی هیچکاتێك بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئەگەر پێشنیازی سەرۆکایەتی بە بارزانی بدەن، ئەو بەخێرایی بیقۆزێتەوە. پێشبینییەکەی ئیبراهیم ئەحمەد ڕاست دەرنەچوو و بارزانی سەرۆکایەتیی پارتیی وەرگرت، کە لە دووڕەوە_لە یەکێتیی سۆڤێت_ ببێتە سەرۆکی سیمبۆلیی پارتی. ئەو دەیویست باشتر بیناسین و ببیبنین کە ئایا ڕازی دەبێ یان نا. بەر لە سەفەرەکەم بۆ سۆڤێت، داوایان لە من کرد کە پرسیاری لێبکەم: ئایا دەیەوێ وەکوو سەرۆك ناوی بهێنین یان نا؟ ئەویش کە ئەو پۆستەی زۆر پێخۆشبوو، بەبێ وەستان گوتی: بەڵێ دەمەوێ.

بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد، بۆ یەکەم جار کاتێك لە سۆڤێت گەڕایەوە، لە چیکۆسلۆڤاکیا یەکتریان بینی. هەر لەو ڕۆژەدا دیار بوو کە ئەمانە جیاوازییان زۆرە و لە هیڵێکدا پێکناوەستێن. لە کاتی گەڕانەوەدا، ئیبراهیم ئەحمەد ڕاپۆرتێکی بۆ پارتی نووسی و بە مەکتەبی سیاسیی ڕاگەیاند کە بارزانی مرۆڤێکی هۆشیار و سیاسی نییە، لەو ماوەیەی لە سۆڤێتدا ماوەتەوە، هیچ سوودێکی وەرنەگرتووە و ئێشتاش لەسەر باوەڕە کۆنەکانی سووڕە و مرۆڤێکی دووربین نییە. بە کورتی ڕووانگەیەکی باشی بەرانبەر بارزانی نەبوو. بارزانیش بۆچوونێکی باشی بەرانبەر ئیبراهیم ئەحمەد نەبوو و هەر لە ڕۆژی یەکەمدا جیاوازییەکان ئاشکرا بوون. کاتێك ئیبراهیم ئەحمەد بە سکرتێری گشتی هەڵبژاردرا، بارزانی پێی قەڵس بوو، بەڵام چارەیەکی نەبوو، چونکە ئەو بە دەنگی زۆرینە هەڵبژاردرابوو. کاتێك بارزانی هاتەوە بۆ کوردستان، باوەڕێکی ئەوتۆی بە حیزبایەتی نەبوو، کۆنگرە و بەشداریکردن لە کۆبوونەوە و بەرنامەی حیزبی و... بەلایەوە گرنگ نەبوو. ئەو کەسایەتییەکی گەورەی نەتەوەپەرەستی کورد بوو، بەڵام بەڕاستی مرۆڤێکی حیزبی نەبوو و

تەنانەت گەلێ جار بە شێوەیەکی ڕاستەقینە نەدەدوا و لە بەرانبەر زۆر پرسدا کردەوەکانی شێلگیرانە نەبوون. ڕەنگە ئەم جۆرە تێڕوانینە هۆکارێکی گەورەی ناکۆکییەکان بووبێت.

کاتێک بارزانی لە سۆڤێت گەڕایەوە، سەرەتا چوو بۆ لای عەبدولکەریم قاسم و ئەویش گوتبووی ئیبراهیم ئەحمەد و عەبدولسەلام عارف پەیوەندیی نهێنییان پێکەوە هەیە و ئێمە _کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و ئیبراهیم ئەحمەد_ لەگەڵ ناسیۆنالیستەکانی عەرەب ڕێککەوتووین و دەمانەوێ عێراق بەرەو کۆماری یەککگرتووی عەرەب _میسر و سووریا_ ببەین و کوردستانیش کۆمارێکی سەربەخۆ بێ. بارزانی لەوبارەیەوە پرسیاری لە ئێمە کرد، واتە ئەوەی کە لە دەمی عەبدولکەریم قاسم بیستبووی. بەڵام ئەوە هیچ بنەمایەکی نەبوو و درۆیەکی ئاشکرا بوو کە لەو کاتەدا بە عەبدولکەریم قاسمیان گوتبوو. ئێمەش بۆمان ڕوونکردەوە کە ئەو شتە ڕاست نییە. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا ئیبراهیم ئەحمەد دەستی کرد بە لێکدانەوەیەکی فەرمیی سیاسی و ڕایگەیاند کە ئێمە بەیاننامەمان بڵاوکردووەتەوە و دەرەوە و هەموو شتێکمان ڕوونکردووەتەوە. بەم شێوەیە چەند خولەکێک قسەی کرد و کاتێک وتەکانی کۆتایی هات، بارزانی ڕووی لە من کرد و گوتی: جەلال! تۆ چی دەڵێی؟ گوتم: ئەزبەنی! وەڵڵا قوربان وانییە! بریا وا بووایە! بەداخەوە کە وەها ڕووی نەداوە و بریا بەو جۆرە بووایە. ئەگەر خێڵی ناسیۆنالیستی عەرەب ڕەزامەند بێ کە بەشی عەرەبی و خاکی عەرەبەکان ببێتە کۆمارێک و کوردستانیش ببێتە کۆمارێکی سەربەخۆ، سوپاسگوزاریان دەبین... منیش گوتم: بە گیانی تۆ ئەوە ڕاستییەکەیە. خۆزگە وەها دەبوو، بەداخەوە و ئەفسوس کە وا نییە. لەڕاستیدا وتەکانی من هەر ئەو ٢_٣ ڕستەیە بوون و بەس. لەو کاتەدا کە لە بەغدا بووین، دوو ڕووداو لە نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و بارزانی سەریان هەڵدا، کە کێشەکانیان قوواڵتر کرد.

لەسەرەتاوە ئەوە بوو کە سەرۆکی عەشیرەتەکانی کوردستان کۆبوونەوە و هاتنە بەغدا و دەیانویست ڕێگریی لە وەرزێرەکان بکەن و هەروەها ڕایبگەیێنن کە ڕیفۆرمی زەویوزار سوودێکی بۆ ئەوان نییە و زیانی هەیە و هیچ بەوان ناگات. ڕیفۆرمی زەویوزار بووەتە هۆی ئەوەی سووکایەتییان پێ بکرێت و باخەکان لەناوبچن. بارزانی چوو سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردستانی کۆکردەوە و گفتوگۆی لەگەڵ کردن و دڵخۆشیی دانەوە. ئیبراهیم ئەحمەدیش لە ڕۆژنامەی (خەبات)دا وتارێکی درێژی ئەو مەسەلەیە نووسی، کە ئەمانە تاقمێک دەرەبەگی کوردن و... خۆشەویست نین و پێشینەیەکی باشیان نییە، هەندێکیان نۆکەری حکومەتی ئەو سەردەمەی بەریتانیا بوون و هەندێکیشیان جاشن و... تاد. ئەم وتارە ناکۆکیی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەدی بە نووسین تۆمار کرد و ئاشکراتر بوو.

خاڵیکی تر ئەوە بوو کە خۆمان ئامادە دەکرد دیسان ناڕەزایەتی درێژی عەبدولکەریم قاسم دەربڕین، بێگومان هۆکاری ڕاستەقینەی سەرهەڵدانی ناتەبایی نێوان عەبدولکەریم قاسم و بارزانی، ئەوە بوو کە ئەحمەد ئاغای زێباریی - باپیری ئەرشەد زێباری کە ماوەیەک وەزیری سەدام بوو دواجار لەگەڵ عەرەبە شۆڤێنییەکان درێژی کورد هەستا لە موسڵ - لەڕاستیدا دوو کەس لە بارزانییەکان ئەویان کوشت، هۆکاری ئەمەش ئەوەبوو کە ئەحمەد ئاغای زێباریی[۱۱۵] لە کاتی ئاوارەیی بارزانییەکاندا دوایان دەکەوت و هەر کەسێکی ئەوانی بدیبا بە خێرایی دەیکوشت. یەکێک لە کوژراوەکان، کوڕە چواردەساڵە تاقانەکەی ئورو بەگ بوو، کە بە یەکێک لە قارەمانەکانی بارزان دەهاتە ئەژمار کە لە یەکێک لە جەنگەکانی بارزاندا شەهید بووبوو ئەو گەنجەش تاقە یادگاریی ئەوبوو کە لەدوای خۆی بەجێمابوو ئەحمەد ئاغا هیچ بەزەییەکی بەو گەنجە پاکە نەکرد و خوێنی

هەواڵنامەی کێبڕکێ

ڕشت، ئەمەش ڕق و قینی خستە دڵی بارزانییەکانەوە. هەر بەو جۆرە کە پێشتر گوتم، (دارودەستەی شێخ سلێمان لەلای شێخ ئەحمەد بەردەوام شۆڤارییان دەکرد کە دیسان بارزانی لەگەڵ مەحموود ئاغا پەیوەندیی دامەزراندووە، دیارە ئەو بۆ ئەحمەد ئاغا بوو و کچەکەیشی دایکی مەسعوود بارزانییە، ئەمەش کاریگەریی خۆی هەیە). ئەو دوو بارزانییە کە لە موسڵ ئەویان کوشتبوو، دوای ماوەیەک دەستگیرکران و بارزانی چووە لای عەبدولکەریم قاسم و گوتی: بە فەرمانی ئەو ئەحمەد ئاغا کوژراوە. عەبدولکەریم قاسم لەو کارە پاکتاوی شەخسییە زۆر زوێر بوو و گوتی: بۆچی دەبێ تۆ بە پێچەوانەی یاساوە بجوولێیتەوە لەکاتێکدا من سەرۆک؟ بارزانییش گوتی: تۆ ئاگات لە هیچ شتێك نییە.

لەو کاتەدا عەبدولکەریم قاسم نەیدەویست بارزانی دەستگیربکات و بەپێی یاسا لەگەڵیدا بجوولێتەوە، ئەمە بووە هۆی ناتەبایی لە نێوانیاندا. پاش ئەو ڕووداوانە، عەبدولکەریم قاسم هەوڵی دا عەشیرەتەکانی نەیاری بارزانی بەرەو لای خۆی ڕابکێشێ، وەکوو: سوورچی، زێباریی، هەرکی، برادۆست و.... و چەکی پێدان. ئەو عەشیرەتانە بارزانییان بە دوژمنی یەکەمی خۆیان دەزانی. ئێمەش وەکوو پارتی، لەم ڕووداوانە زۆر نیگەران بووین، چونکە زۆربەی لێپرسراوەکانیان کۆنەجاش بوون و داردەستی بیانی و دەرەبەگەکان بوون. لە ڕووانگەی ئێمەوە دانی چەك بەو کەسانە، کارێکی کۆنەپەرستانە و دژی دیموکراتی بوو و بێگومان ئاگری ناکۆکییەکانی خۆشتر دەکرد. ئەڵبەت هەر کەسێك کە لەگەڵ حکومەت بوو و چەکی وەردەگرت و دژی ئێمە بەکاری دەهێنا، لە ڕووانگەی ئێمەوە جاش بوو، تەنانەت بە حیزبی کۆمۆنیستی عێراقیشەوە. پاش ئەوە عەبدولکەریم قاسم کارێکی دیکەی ئەنجامدا. لە لێدوانێك لەناو ئەفسەرەکاندا، دژی بارزانی قسەی کردبوو و ئەوەی دووپاتکردبووەوە کە خزمەتی زۆری بە بارزانی کردووە و کەلوپەلی زۆری داوەتێ و پشتگیریی

زۆری لێکردووه و له سۆڤێت هێناویەتیەوه، بەڵام ئەو نامەی بۆ لەندەن و ئینگلیزەکان نووسیوه، که ئەگەر بڵاوی بکەمەوه، دەبێته هۆی شکست و ئابڕووچوونی ئەو. ئەڵبەت ناوی بارزانیی نەبردبوو. ئێمەش لە ڕۆژنامەدا وتارێکمان دژی ئەو قسانە نووسی و گوتمان: ئەوە عەرز و ئەوە گەز، حکومەت هەرچییەکی هەیە با بڵاوی بکاتەوه.

لەڕاستیدا وتارێکی توند بوو و خۆم نووسیبووم. نووسیبووم بارزانی مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ و خەباتکاره و دژی داگیرکەری بەریتانیایە. ئەو کاتەی ئەو دژی بەریتانیا دەجەنگا، کەسانێك هەبوون کە سەرۆکایەتیی جاشە کوردەکانیان دەکرد تا دژی بارزانی ڕابوەستن _مەبەستم عەبدولکەریم قاسم بوو_ بە واتایەکی دیکە، ئەوم ترساندبوو. ئاگری ناکۆکییەکان ئاستی بڵێسەی تێپەڕاند و گەیشته تەقینەوه. بەرەبەرە عەبدولکەریم قاسم دەستی دایە دژایەتیی بارزانی و پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست تێکچووبوو. بە ئاشکرا لە هەڵوێستی دیموکراسی و ئازادی پاشگەز بووەوه و دەستی دەدایە هەندێ کار کە مرۆڤی دیموکراسیخواز و لایەنگرانی ئازادی لێی بێزار دەبوون. دژایەتیی ئەو لەگەڵ پارتی، گەیشته ئەو ئاستەی کە هەندێ لە ئەندامان و لایەنگرانی پارتیی بە تاوانی جۆراوجۆر خستە زیندانەوه. ئەم توندڕەوییە گەیشته ئەو ئاستەی کە سدیق میران[۱۱۶]، لە نزیکی شەقڵاوه کوژرا. ئەوانەی کە کوشتیان لە ئەندامانی پارتی و خەڵکی کاوانی[۱۱۷] بوون، کە ئەڵبەت بە فەرمانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی نەبوو، بەڵکوو گلۆپی سەوزیان لای بارزانییەوه بۆ هەڵکرابوو. کاتێك ئەمە ڕووی دا، عەبدولکەریم قاسم بڕیاری دەستگیرکردنی ئیبراهیم ئەحمەدی دا و وایدەزانی ئەو وەکوو سکرتێری گشتیی پارتی ئەو فەرمانەی داوه. ئیبراهیم ئەحمەد خۆی شاردەوه و نەیانتوانی دەستگیری بکەن. بە شێوەیەکی نهێنی بەردەوامیی بە چالاکییەکانی دا. بەربەرە بازنەی گەمارۆ پچووکتر بووەوه و ڕادەی کار و تێکۆشانی ئێمەش بەرتەسکتر بوو و تەنانەت ۱۰۰

کەس لە ئەندامانی ئێمە لە سەرانسەری کوردستاندا دەستگیرکران. بارزانی لە ترسی دەستگیرکردنی گەرابووەوە بۆ بارزان و لە بەغدا نەمابوو. خۆی لەبەرچاوی حکومەت ونکردبوو کە نەکا پیلانێك دژی ئەو بگێڕن. من بە ئاشکرا لە بەغدا مابوومەوە. دوای ماوەیەك ڕۆژنامەی خەباتیان داخست. پاشان لەجیاتیی خەبات ڕۆژنامەی (کوردستان)مان بڵاوکردەوە، کە من سەرنووسەری بووم. من و زەبیحی و هەژار پێکەوە وتارمان دەنووسی. دوای ٣ ـ ٤ ژمارە، ئەویشیان داخست.

لە نەورۆزی ساڵی ١٩٦١دا، جارێکی دیکە کێشەکان ئاشکراتر بوو. هەموو ساڵێك ئێمە ئاهەنگی نەورۆزمان دەگێڕا و لە بەغدا جەژنێکی گەورەمان بەرپا دەکرد و منیش لێدوانی تایبەتم دەدا. لە جەژنی ئەو ساڵەدا من دژی عەبدولکەریم قاسم قسەم کرد و وەکوو سەرۆکێکی گەورە ناوی بارزانیم برد، عەبدولکەریم قاسم ئەوەی زۆر پێ ناخۆشبوو و دەبوو لە سەرانسەری عێراقدا هەر بەوشێوەیە سەرۆکی گەورە. تەنانەت وتەیەکی بەناوبانگی بارزانیم گێڕایەوە کە لە ڕۆژی دامەزرانی پارتی و بەیاننامەی یەکەمدا، گوتبووی: من دژی خەڵکی عێراق جەنگم نەکردووە، جەنگی من دژی یەکێتیی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانیا و داگیرکەرانی کۆنەپەرست بووە، کە خوێنی گەلەکەمیان کردووەتە کاسە و خوێنی نەتەوەکەمیان مژیوە. لەڕاستیدا من وەڵامی عەبدولکەریم قاسمم دایەوە کە گوتبووی بارزانی سەر بە لەندەنە و بەو جۆرە هێرشی کردبووە سەری. لە وتەکانی نەورۆزی ١٩٦١دا، دڵی عەبدولکەریم قاسمم داخورپاند و زۆر بارزانیم بەرز کردەوە. عەبدولکەریم قاسم زۆر نیگەران بوو لەوەی بارزانیم بە سەرۆکی گەورە ناوبردووە _ زعیم الشعب الکردیة الکبیر_ چونکە هەمیشە بەویان دەگوت: الزعیم الکبیر و... وتارەکەی ئەو شەوەی من زۆر توند بوو، پاش کۆتاییهاتنی وتارەکەم، لە دەرگای ئەوبەری یانەکەوە چوومە دەرەوە و خۆم کرد بەناو ئاپۆڕەی خەڵکدا. گەڕامەوە بۆ کوردستان، چونکە

دەمزانی دەزگای ئاسایش چاودێریم دەکات. کاتێک دەرباز بووم، ڕۆژی دواتر فەرمانی دەستگیرکردنم درا و لەو ڕۆژەوە ئیتر خۆم لەبەرچاوی حکومەت ونکرد. چوومەوە سلێمانی، پاشان خۆم گەیاندە شاخ و کاری سەربازی و ڕێکخستنی هێزە چەکدارەکانم دەستپێکرد. من لە ناوچەی سلێمانی و کەرکووک فەرماندەری هێزە چەکدارەکانی پارتیی دیموکراتی کوردستان بووم، بەڵام بە گشتی هەموو هێزەکانی ئێمە ٣٠_٤٠ کەس بوون و وەرە و ئامانجێکی گەورەمان هەبوو. نوکتەیەکی خۆشم لەبیرە: لای چەمی ڕێزان بووین و تەنیا دوو تفەنگمان هەبوو، یەکێکیان بە دەستی مامۆستا جەلال ڕەحمان و ئەوی دیکەش بە دەستی سەربازێکەوە بوو بە ناوی شەهید حەسەن، کە هەڵاتبوو. منیش تاپڕێکم پێ بوو. هاوڕێیەکیش بە ناوی ڕەمەزان، خاکەنازێکی گەورە و گۆپاڵێکی پێ بوو و بەس. بەو سێ چەک و نیوەوە جەنگی پارتیزانیمان دەستپێکرد.

ڕۆژێک پلەدارێکی سوپای عێراق هەڵاتبوو، هاتە لامان و دەیویست بێتە ڕیزی ئێمەوە. شەوانە وانەی سیاسیمان هەبوو و من قسەم بۆ ئەندامان دەکرد کە (ڕۆژی یەکەم وەهایە و ڕەنگە ئاگری دەنکە شقارتەیەک مەزرایەک بسووتێنێ و...) زۆرتر وتەکانی ماوم دووپاتەدەکردەوە، ئەوەی کە ڕۆژێک دێت کە ژمارەمان زۆر ببێ و هەموو جۆرە چەکێکیشمان دەستبکەوێ و ئەو حکومەتەش کە بە ناحەق هاتووەتە سەر دەسەڵات، دەڕووخێ و دەیڕووخێنین. ئەو پلەدارە بە جوانی گوێی لە قسەکانم گرتبوو و بە هێواشی سەری لەقاند و گاڵتەی بەو قسانە دەهات. کاتێک وتەکانم کۆتایی هات، ئەڵبەت پێشتر منی نەدەناسی، گوتی: کاکە! ئەوە ئەو قسانە بە عەقڵی خۆت دەیڵێی؟ گوتم: ئەرێ وەڵڵا. گوتی: کاکە تۆ هێزی چەکداریی عێراقت نەدیوە، من عەریف بووم لە سوپادا و دەزانم چ چەکێکیان هەیە. منیش گوتم: عەریفی کام بەشی سوپا بوویت؟ گوتی: بەشی پیادە. منیش گوتم: کوڕم من خۆم ئەفسەری دەبابە بووم. لەپڕ تەزوولیەکی پێدا هات و

گوتی: تۆ لە دەبابەش دەزانی و ئەم فەرمایشتانە دەفەرموویی؟! وەڵڵاهی یان شێتی، یان سەرلێشێواوی. گوتم: وەڵڵا نە شێتم و نە سەرلێشێواو، ئەمە ڕاستییەکە و هەر وایش دەبێ. دوای چەند ڕۆژێك دیسان هەڵات و لای حکومەت خۆی بەدەستەوە دا. ڕۆژانێکی زۆر تێپەڕ بوون و بەرەبەرە ژمارەمان زۆر بوو. پاش ٢_٣ ساڵ و کە عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٦٣ دا ڕووخا، ناچار بووبوو لە سوپا هەڵبێت. کاتێك هاتەوە لای ئێمە، بینیی کە ئێمە هەر لای چەمی ڕێزانین، بەڵام ژمارەی پێشمەرگە گەیشتووەتە سەدان کەس و لەجیاتیی خاکەناز و گۆپاڵەکەی کاك ڕەمەزان، هاوەن و چەندان جۆر چەکی قورسمان هەیە. هەر کە لە دوورەوە منی بینی، گوتی: مامۆستا پەشیمانم. بە خودا هەموو قسەکانی تۆ ڕاست بوون.

شۆڕشی کوردەکان لەساڵی ١٩٦١دا لە دژی عەبدولکەریم قاسم، بەرنامەیەکی تایبەتی نەبوو و من داوای ئەوەم کرد کە لە لایەن پارتییەوە سەرکردایەتیی بکرێت، ئیبراهیم ئەحمەدیش هاوڕا بوو لەگەڵمدا. بەر لە دەستپێکردنی شۆڕش لە کۆڕبەستاندا، چەند کۆبوونەوەیەك کران. عەشیرەتەکانیش کەوتنە جموجۆڵ، کە ئیبراهیم ئەحمەد دژی کۆبوونەوەی عەشیرەتەکان بوو. بە ناوی سکرتێری گشتیی پارتیی دیموکراتەوە لە بەیاننامەیەکێکدا ڕایگەیاند کە ئەم کۆبوونەوانە دەبنە هۆی دووبارە زیندووکردنەوەی کولتووری کۆن و دواکەوتووی خێڵەکی و عەشیرەتی، پێویستە ڕاپەڕین و شۆڕشی کورد کە چەند ساڵە لە گوندەکانەوە چووەتە شاخەکان، بیهێنینە شارەکان و لە شارەوە دەستپێبکەین. هەروەها داوای کرد کە ڕۆژی ٦ی ئەیلوول لە هەموو کوردستاندا مانگرتن دەستپێبکات و شۆڕشەکە لەژێر کۆنترۆڵی خێڵەکاندا نەمێنێت. جموجۆڵی زیندووکردنەوەی عەشایەر، هیچ سوودێکی بۆ کورد نەبوو و خۆیشی بە هیچ کوێ نەگەیشت. پاشان عەبدولکەریم قاسم جەنگی دەستپێکرد. خەڵکی عەشایەر هەموو خۆیان دەرباز کرد و ئێمەیان بە تەنیایی لە بەرەکانی جەنگدا بەجێهێشت. سەبارەت بە

ناکۆکیی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد، دەبێ بڵێم کە ئەوان لە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی عەبدولکەریم قاسمیشدا جیاوازیی زۆریان هەبوو. کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکرات، بەتایبەت ئیبراهیم ئەحمەد و سەید عەزیز شەمزینی و دکتۆر موراد و خوالێخۆشبوو نووری شاوەیس، بۆچوونیان وابوون کە لە ڕێگەی سیاسی و خەباتی سیاسییەوە لەسەر ئەم ئامانجە بەردەوام بن. لەگەڵ هێزە دیموکرات و ئازادیخوازەکانی عێراق بتوانن عەبدولکەریم قاسم بگەڕێننەوە سەر ڕێبازی سەرەتای خۆی و گۆڕانکارییەك لە بازنەی حکومەتیدا بکەن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەرانبەر گۆڕانکاریی بارودۆخ، کەمتەرخەم نەبن. بۆچوونی بارزانی ئەوە بوو کە حکومەت چاوترسێن بکەن، وەکوو کوشتنی ئەو بەگانە _کە پێشتر نموونەیەکم گێڕایەوە_ و تەقاندنەوەی پرد و تێکدانی شەقام و بڕینی تەلی کارەبا و تەلەفۆن و.... بە کورتی تێکدانی کاروباری حکومەت. بەو ئاڕاوەیە حکومەت ناچار بە گفتوگۆ بکەن و لەگەڵماندا ڕێکبکەوێ. ئەم دوو ڕێگەچارەیە زۆر لێك جیاواز بوون.

لەناو پارتیدا بەدی دەکرا و بەڕاستی زۆر جیاوازییان پێکەوە هەبوو. لەو کاتەدا عەشیرەتەکانی کوردستان لە دەوری یەك کۆبوونەوە و لە هەموو شوێنێکدا و تەنانەت لە شاخ و کێوەکاندا، بە ئاشکرا کۆ دەبوونەوە. لە هەندێ شوێنی وەکوو دەربەندی بازیان و... کۆدەبوونەوە و لەگەڵ بارزانیدا بوون. کۆمیتەی ناوەندیی پارتی نەیاری ئەو کارە بوو و دەیگوت ئەمە زیندووکردنەوەی دەرەبەگایەتی و سیستمی فەرمانڕەوایی بەگەکانە و دیسان کێشەی کورد بە سەرۆك عەشیرەتەکان دەسپێردرێت، بەم شێوەیە عەشیرەتەکانی کوردستان دووبارە دەچنەوە هێڵی یەکەمی دەسەڵات، کە ئەمە خۆی جۆرێك لە پاشگەزبوونەوەیە. بۆیە پارتی پەنای بردە بەر شۆڕشی جەماوەری و لە ٦ی ئەیلوولدا داوای کرد لە هەموو کوردستاندا مانگرتن دەستپێبکات و خەڵکی شارەکان داوای مافەکانیان

بکەن. دوای ئەوە یاداشتیکی دوور و درێژیان نارد بۆ عەبدولکەریم قاسم و ڕێوشوێنی خۆیان دیاری کرد. لای خەڵك ڕوون بوو کە دوو ڕێگەچارە لەبەردەستدایە: یەکەمیان خەباتی سیاسی ـ دیموکراتی بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد. ئەوی دیکەیان ئاژاوە و نافەرمانیی مەدەنی بە سەرۆکایەتیی بارزانی. بارزانی لەم پرسە زۆر ناڕازی و زوێر بوو و کاریگەریی خراپیشی هەبوو. هۆکاری دووەم بوونی کوردێکی ئێرانی بە ناوی عەبدوڵڵا ئیسحاقی، ناسراو بە ئەحمەد تۆفیق[118] بوو، کە بەر لە دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو سەرۆکایەتیی پارتیی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لەئەستۆدا بوو. ئەم کابرایە، بەڕاستی مرۆڤێکی ئاژاوەچی و دەمپیس و فیتنە بوو، ئیرەیی بە هەموو شتێك و هەموو کەسێك دەبرد. بە بیانووی ئەوەی ئەویندارێ بارزانییە، هەرچی هەواڵی خراپ و قسەی خراپ بوو بۆی دەگێڕایەوە، تا دژی ئێمە ڕابوەستێ. ئەو پێی دەگوت: ئەوانە دژی تۆن، ئیبراهیم ئەحمەد و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی نەیاری تۆن و بە هیچ شێوەیەك نایەنە سەر ڕێگەی ڕاست. تەنانەت لە گۆڤاڕێکدا کە بڵاوی دەکردەوە، نووسیبووی: شۆڕش تەنیا بە بارزانییەوە زیندوو ماوە و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، هەر ناویشی نییە و کۆمەڵێك مرۆڤی سازشکارن. بەڕاستی ئەم کارانە شوێنەواری زۆر خراپی لەسەر پەیوەندیی هەردوو لا دانا. ئەمانە تا ساڵی ١٩٦٤، هۆکاری بنەڕەتی بوون. بێگومان لە درێژەی خەباتیشدا ناتەبایی هەر هەبوو و بە تایبەت لە شێوازی سەرۆکایەتی و ڕێبەرایەتیشدا ئەم کێشە و جیاوازییە دەردەکەوت. بارزانی سەرۆکایەتیی لقی سەربازیی لەئەستۆدا بوو و کۆمیتەی ناوەندیی پارتیش پەنای بردبووە چیاکان و لە مالوومە سەرۆکایەتی سیاسیی لەئەستۆدا بوو.

لە ساڵی ١٩٦٤دا، لەسەر پرسی گفتوگۆ و شێوەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حکومەتیش، ناکۆکییەکان گەیشتنە ڕادەی تەقینەوە و کۆمیتەی

ناوەندیی پارتی لەو بڕوایەدا بوو کە دەتوانێ حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم بڕووخێنێ. ئەوان دەیانگوت: ئێمە لە کوردستان خەبات دەستپێدەکەین و هەموو شار و گوندەکان ئازاد دەکەین. هەرچی چەکمان دەستدەکەوێ، کۆیان دەکەینەوە و لەگەڵ خەڵک و ئەفسەرانی نەیاری عەبدولکەریم قاسم، هێزێکی چەکداریی گەورە دروستدەکەین و مەرجی خۆمان بۆ حکومەتی داهاتووی عێراق دیاری دەکەین. بارزانی دەیویست ئەم کودەتایە دوابخرێت، دەرفەتێك بە حکومەت بدرێت هەتا بزانین چی دەکات. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هیچ بڕوایەکی بە عەبدولکەریم قاسم و حکومەتەکەی نەبوو. ئەم دوو ئەگەرەیش هاتنە کایەوە. لەو لایشەوەئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقیش ئاوارە بووبوون و پەنایان بردبووە بەر شاخەکان. نزیکبووبوونەوە لەو ناوچانەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لێی نیشتەجێ بووبوون.

کۆمیتەی ناوەندیی پارتیش بۆیدەهێشت ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیست بە چەکەوە هاتوچۆ بکەن، چونکە تەنیا یەك هێزی سەربازی لە ناوچەکەدا هەبوو، ئەویش هێزی چەکداری پێشمەرگە بوو، دەیانگوت ئەگەر دەیانەوێ چەك هەڵگرن، دەبێ بێنە ڕیزی پێشمەرگەوە. بەڵام بارزانی ڕێگەی دابوو کە چەك هەڵگرن و بە ئازادی هاتوچۆ بکەن. بەڕاستی بارزانی باشتر لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بە حیزبی کۆمۆنیست ڕادەگەیشت، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دەیویست سووکایەتی بە حیزبی کۆمۆنیست بکات، چونکە لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا، کۆمۆنیستەکان لایەنگری حکومەت بوون و لەو کاتەدا ڕایگەیاندبوو کە بزووتنەوەی کوردەکان کۆنەپەرستانەیە و لە ڕووی مێشك پووتییەوە ئەنجام دەدرێت. بۆیە پارتی دەیویست بە خەڵکی کوردستانی پیشان بدات کە چارەنووسی سیاسەتی هەڵە، ئەمەیە کە دەیبینن.

لە ساڵی ١٩٦٣دا، وردەوردە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتدا دەستی پێکرد. من لێپرسراوی گفتوگۆکان بووم و بارزانی ئەو بەرپرسایەتییەی بە من دابوو. پاشان لە کۆبە کۆنفرانسێك بەسترا و لەسەر داخوازیی بارزانی دیسان من بوومە سەرپەرشتیاری گفتوگۆکان. دوای ئەوە چووین بۆ بەغدا کە بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆکانمان، بەڵام سەری نەگرت و سەرلەنوێ جەنگ دەستی پێکردەوە. بەعسییەکان شاڵاوێکی چەکداریی گەورەیان ڕێکخست و ئێمەش خۆڕاگر بووین. پاشان کودەتایەك دژی بەعس جێبەجێ کرا. دەستەیەك لە ئەفسەرانی ناسیۆنالیستی لایەنگری جەمال عەبدولناسر، بە سەرۆکایەتیی عەبدولسەلام عارف، شکستیان بە حکومەتی عسییەکانیان هێنا. دەوڵەتی تازەدامەزراو بڕیاری دا لەگەڵ بارزانی گفتوگۆ بکات و بارزانییش بەوە ڕازی بوو، بەڵام کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دژی ئەو کارە بوو، لەو باوەڕەدا بوو کە ئەم حکومەتە درێژەپێدەری سیاسەتەکانی حکومەتی پێشوو دەبێت. ئێستا کە لاواز بووە و نیوەیان لە دەسەڵاتدا نەماون، پێویستە لە خەبات بەردەوام بین هەتا وەڵامی داواکارییەکانمان دەدەنەوە. چونکە بەڕاستی پێشتر دەستکەوتێکی نەبووە و ئەو هێزانەی کە لە لایەن حکومەتەوە نێردرابوون، داوایان لە کوردەکان دەکرد بە هێمنی دامرکێن و خۆ بەدەستەوە بدەن، کە ئەمە هیچ مافێکی تێدا بەدی نەدەکرا.

بارزانی وایدەزانی کە ئەمریکا[١١٩] لە ژێرەوە پاڵپشتی لە عەبدولسەلام عارف دەکات. خوالێخۆشبوو باباعەلی شێخ مەحموود، کە لەناو کوردەکاندا بەناوبانگ بوو، دۆستی ئەمریکا و باوەڕپێکراوی ئەوان بوو. لەم پرسەدا دەستی هەبوو، ئەوی ڕازی کردبوو لەگەڵ حکومەتدا ئاگربەست ڕابگەیەنێ و ئاشتەوایی بکات. بارزانی وای بە باش دەزانی کە ئەگەر ئەمریکا لەم یارییەدا بەشداریی هەبێت، باشترە دژایەتی نەکات. لە لایەکی دیکەوە

یەکێتیی سۆڤێتیش لەبەر جەمال عەبدولناسر، ئاگربەست و ئاشتیی پێ خۆشبوو. تەنانەت خروچۆڤ بە هۆی ئەو ئاگربەستەوە، پەیامی پیرۆزبایی بۆ عەبدولسەلام نارد. گوتبووی کارێکی باشتان کردووە لەگەڵ کوردەکاندا رێکدەکەون. ئێمە، واتە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، نەیاری ئەم کارە بووین. ناکۆکییەکان رۆژبەرۆژ زۆرتر دەبوون. بابەتی جددی و قبوولنەکراو لەم نێوەندەدا ئەوە بوو کە حکومەت داوای هەڵوەشاندنەوەی پارتیی دەکرد. بڕوای ئەوە بوو کە هەموو حیزبەکان هەڵوەشێنەوە و تەنیا حیزبێک لە عێراقدا بمێنێتەوە، واتە حیزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی عەرەبی. بارزانییش وەڵامی دایەوە و گوتی: بەڵێ ڕاستە، باشترە وەها بکرێت و هەموو حیزبەکان هەڵوەشێنەوە. ئەم وتەیە بەو مانایە بوو کە حیزبەکەی ئێمەش تووشی وەها چارەنووسێک ببێ.

بارزانی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە - ئەڵبەت حکومەت بۆی نووسیبوو - وتارەکە ئاراستەی هەموو خەڵک و پێشمەرگەکان بوو کە "بگەڕێنەوە سەر جێگە و شوێنی خۆتان و واز لە خەباتی چەکدارانە بهێنن و لەسەر ژیانی ئاسایی خۆتان بەردەوام بن. عەبدولسەلام باوەڕدارە و مرۆڤی باوەڕداریش جێگەی بڕوا و متمانەیە". ئەم نووسراوە بێگومان ناڕەزایەتیی زۆر گەورەی لێکەوتەوە. منیش هەتا ئەو کاتە زۆر لە بارزانییەوە نزیک بووم، بەڵام بە بڵاوبوونەوەی ئەو بەیاننامەیە و شێوازی دەربڕینی، ڕۆیشتم و پێم گوت: ئەزبەنی! دووسێ پرسیارم هەیە: بەڕاستی بڕوات بەو شتە هەیە کە نووسیوتە؟ گوتی: بەڵێ! گوتم: باشە ئەو شتانە تاکتیکی سیاسین و ئێمە دەمانەوێ بزانین ناوەڕۆکەکەی چییە. گوتی: وەڵڵا نا، شتێکی وا نییە. گوتم: ئەزبەنی، لەمشەوەوە خوداحافیز. من هەموو تەمەنم داناوە لەپێناوی ژیانی حیزبیدا! کە وایە، خوداحافیز

برادەرانی دیکەش لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، وتاری تۆندیان دژی بارزانی بڵاوکردەوە. ڕەخنەی تۆندیان دژی ڕێکەوتن و خۆبەدەستەوەدانی بارزانی لە بەرانبەر حکومەتدا نووسی، کە ئایا باوەڕی بارزانی سازان و خۆبەدەستەوەدانە، یان ئاشتی و... تاد. بەڕاستی نووسراوەکان زۆر تۆند بوون و خوالێخۆشبوو نووری شاوەیسیش جنێوی دەدا. بەڵام هەر لەو کاتەدا نەیاری ئەو جنێو و وتە ناشیرینانە بووم. نە سیاسەتی کۆمیتەی ناوەندیی پارتیم پێ باشبوو، نە سیاسەتی بارزانیم بە دروست دەزانی. لەو باوەڕەدا بووم کە بارزانی سەرۆکی ئێمەیە و نابێ سووکایەتی بە سەرۆکی پارتی بکرێت. ڕاستە کە قسەکانی ئەو پەسەند نییە، بەڵام ئەوەش دروست نییە کە ئاوا ڕووبەڕووی ببنەوە. با ماوەیەک دەرفەت بدەین و بە جارێک هەموو شتێک لەناو نەبەین. بۆچوونم وابوو ماوەیەک بێ دەربەست بین تا ئەو ئەنجامی وتە و بەڵێنەکانی حکومەت بە چاوی خۆی ببینێ و لێکی بداتەوە. دڵنیا بووم کە دیسان هەموو شتێک لەگەڵ حکومەتدا تێکدەچێتەوە و هێشتا چەقۆ نەگەیشتووەتە سەر ئێسک. بەڵام ئەوان دەیانگوت: نا، ئەمە خۆبەدەستەوەدانە، ئێمە دەبێ لەسەر خەباتمان بەردەوام بین. ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی بارزانی کودەتایەک ڕێکبخات، چونکە هەموو هێزی پێشمەرگە لەژێر دەستی ئەودا بوو. هەموو ئەمانە هۆکار بوون کە پەیوەندیی بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد تێک بچێت و دووبەرەکی بکەوێتە نێوانیان.

من وەکوو نوێنەری بارزانی چووم بۆ میسر. لە ساڵی ١٩٦٣دا ، کاتێک عەبدولکەریم قاسم لابرا، بارزانی منی دیاریکردبوو بە سەرۆکی وەفدی گفتوگۆکان، کۆمیتەی ناوەندیش پشتڕاستی کردەوە کە من و سالح یوسفی بە مەبەستی گفتوگۆ کردن بچینە بەغدا. من سەرۆکی وەفدەکە بووم. حکومەتی عێراق دەستەیەکی دەنارد بۆ میسر کە لە ئاهەنگی یەکێتیی سووریا و میسردا بەشداریی بکەن. حکومەتی عێراق داوای لە من

کرد که لەگەڵ گرووپی دووەمدا بچم، منیش هەر بەو جلوبەرگە کوردییەوە چووم. لە جەژنیریش چووینە لای ئەحمەد بن بیللا. لە هەردوو شوێنەکەدا باسی کوردمان کرد و ئەوەمان ڕوونکردەوە کە کورد دژی عەرەب نییە و دژی خەباتی عەرەبەکان نییە و دۆستی جەماڵ عەبدولناسر و ئەحمەد بن بیللایە. تەنیا داواکاری ئۆتۆنۆمی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیەتی لە چوارچێوەی عێراقدا. هەروەها چۆنێتیی جێبەجێکردنی ئەو داواکارییەم شیکردەوە. پاش بینینی جەماڵ عەبدولناسر، ئەویش لەگەڵ لۆمۆند گفتوگۆی کرد و گوتی: من بیرورای تاڵەبانیم پێ باشە و لە ڕووانگەی منەوە زۆر بەجێ و ڕەوایە، ئەو جۆرە ئۆتۆنۆمییەم بەلاوە دروستە. بە کورتی، ئێمە بووینە دۆستی جەماڵ عەبدولناسر. پاشان ئەحمەد بن بیللا لەو شێلگیرتر بوو و بە گرووپی عێراقییەکانی گوت: برایان ئێمە لە ڕابوردوودا داوای ئۆتۆنۆمیمان لە فەرەنسا کرد، بەڵام فەرەنسا گوێی خستە سەر ڕێگەمان و لە کۆتاییدا کار گەیشتە زۆرگوتن و لە فەرەنسا جیابووینەوە. ئێوەش باشترە لەگەڵ ئەماندا ڕێکبکەون، دەنا ڕۆژێک لێتان جیادەبنەوە. لەوە بەدواوە ئەو پەیوەندییە باشەی پاراست. کتێبێک هەیە کە بریتییە لە گفتوگۆی ئەو لەگەڵ تالب شوبەیب. لەو کتێبەدا باسی من دەکات و دەڵێ: تاڵەبانی نموونەی گەنجێکی خەباتکار و ڕووناکبیرە.

لە ساڵی ١٩٦٣دا، لە پاریس چاوم بە مەلیک حسێن کەوت. کاتێک چووین بۆ قاهیرە، جارێک لەگەڵ وەفدێکدا بوو. جارێکی دیکە لە بەغدا ماینەوە و حکومەت گوتی: ئێمە دەترسین لەوەی ئەو مافە بە ئێوە بدەین، چونکە لەوانەیە جەماڵ عەبدولناسر دژی ئێمە بوەستێتەوە. تەنانەت ئەحمەد حەسەن بەکر گوتی: ئەگەر ئەو مافە بە ئێوە بدەین، لەوانەیە ملمان بە شکاندن بدات.

دواتر و لە ساڵی ١٩٦٤، لە کۆبوونەوەیەکدا باس لە شێوازی چالاکی و کردەوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق کرا، ڕەنگە هۆکارێک بووبێت بۆ سەرنەگرتنی کۆبوونەوەکانی دواتر، ڕەنگە بەو هۆیەوە بووبێت کە لە کۆبوونەوەکانی دواتردا هیچ بەرەوپێشچوونێک بەدەستنەهات. لە ڕۆژی دووەمی کۆبوونەوەکاندا، دیسان ئەحمەد حەسەن بەکر و ساڵح مەهدی عەماش و چەند کەسی دیکە ئامادە بوون. گوتیان ئێمە ئامادەین بەڵێنەکانی خۆمان بەجێبکەین. ئەڵبەت بۆچوونی باشیان دەربڕی و بەڕاستی ساڵح مەهدی عەماش بە پێچەوانەی ئەو وتارەی کە دواجار سەبارەت بە هێرش بۆ سەر باکوور - کوردستان - دەربڕی، گوتی "گەلی کورد هیچکاتێک لەناو ناچێ. ئەگەر کەسێک مرۆڤێک بکوژێ، هەتا کۆتایی ژیانی دەڵێن پیاوکوژ بووە، جا ئێستا چۆن دەتوانین ڕق و قین لە نەتەوەیەک هەڵبگرین! کەوایە دەبێ ئێمە بیسەلمێنین کە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ و خواستەکانی کوردەکاندا نییە دەبێ مافی خۆیان بەدەستبهێنن، تەنانەت هیوادارین ڕۆژگارێک بێتە پێشەوە هەموو کوردستان ببێتە وڵاتێکی سەربەست و سەربەخۆ و کۆماری کوردستانی هاوبەش پێک بێت". لەو کۆبوونەوەدا بێجگە لە گەڵالەکردنی ئەو پرسانە، باسی جۆراوجۆری دیکە کران. حازم جەواد کە یەکێک لە کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانی پارتی بوو، گوتی "وەڵاهی من دەربارەی مافی پێکهێنانی حکومەت هیچ دژایەتییەکم نییە، چونکە من لەو کەسانە چاوەڕوانیی زیاترم هەیە، بەڵام پرسیارێکم هەیە کە هێشتا بێ وەڵام ماوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە چ کەسێک و بە چ شێوەیەک، بە کردەوە ئەم داخوازییانە دێنێتە دی؟". پاشان باس و گفتگۆ لەسەر ئەوە کرا کە لەسەر بنەمای ئەم پرسە و بەدیهاتنی، پەلە بکرێت یان نا.

پاش پێداگرتنی من لەسەر داخوازییەکان، گوتیان: پشتڕاستکردنەوەی ئەو کارە گرنگانە بە بێ پرسکردن بە جەماڵ عەبدولناسر، ناکرێت. ئێمە

تەنیا فەرمانبەرین و بەس، هیچ شتێك لەو ناشارینەوە. بێگومان ئەو لە هەموو شتێك ئاگادار دەكەینەوە و راوێژی لەگەڵدا دەكەین. ئەحمەد حەسەن بەكر گوتی: دواجار ئەو دەڵێ عێراقیان پارچە پارچە كرد و ئەمەیان كرد و ئەوەیان كرد. لەبەر ئەوە ئێمە دەبێ بچینە لای جەمال عەبدولناسر.

پێم وابێ ئەو رۆژە ۱۷ی نیسانی ۱۹۶۳ بوو. ناوی ئاهەنگەكەیان نابوو بیرەوەریی یەكێتیی سووریا و میسر. پاشان رایگشتی ئەوە بوو كە بچینە میسر. داوایان لە منیش كرد كە لەگەڵیان بچم و لە سەرەتاوە پرسەكە لەگەڵ جەمال عەبدولناسر بخەینە بەر باس، پاش ئەوە بچینە جەزائیر و لەگەڵ (ئەحمەد بن بیللا)یش راوێژ بكەین. ئەگەر كۆمەڵگای عەرەبی پشتیان گرتین، ئینجا راگەیەندراو و بەیاننامە دەدەینە دەرەوە و بە شێوەیەكی فەرمی بابەتەكە رادەگەیەنین. لەو كاتەدا من تەلەفۆن و بێسیم و هۆكاری پەیوەندیی راستەوخۆم لەگەڵ بارزانیدا نەبوو، كاتیش زۆر كورت بوو و بەبێ پرس و رای ئەو یان كۆمیتەی ناوەندیی پارتی، نەمدەویست لەگەڵ ئەواندا بم، بەڵام پێویستبوونی سەفەرەكەم هەستپێدەكرد. لەراستیدا ئەو سەفەرەم بە دەرفەتێك دەزانی كە هاتووەتە پێش.

لەو سەفەرەدا دەمانتوانی جەمال عەبدولناسر و ئەحمەد بن بیللا ببینین و بۆچوونەكانی خۆمانیان پێ بگەیەنین. لە لایەكی ترەوە ئەوان بە تەنیایی قسەیەكی زۆریان بۆ گوتن نییە. هەروەها بێجگە لەوانە، من هەمیشە لەو باوەڕەدا بووم كە گواستنەوەی كێشەی كورد لە ناوخۆی عێراقەوە بۆ گۆڕەپانی عەرەبەكان و پاشان بەرزكردنەوەی بۆ ئاستی جیهانی، خۆی لە خۆیدا دەسكەوتێكی تۆی لە سەركەوتن و شایانی سەرنجە. ئادەم شمیدت لە كتێبەكەیدا بە ناوی (گەشتێك بۆ لای پیاوە

ئازاکان)، ئاماژە بەوە دەکات کە کێشەی کورد دوو کەس گەورەیان کردەوە و ناساندوویانە: مەلا مستەفا و جەلال تالەبانی. بەڵام لە لایەکەوە بارزانی نەیاری ڕۆشتن بۆ لای جەمال عەبدولناسر بوو و کاتێک بیستی تالەبانی ڕۆیشتووە، تووڕەیی خۆی نەشاردەوە و گوتی: ئێمە چ کارێکمان بە جەمال عەبدولناسر هەیە؟ هیچ پێویست ناکات ئێمە و عەرەبەکان پەیوەندیمان هەبێ. بۆ دەبێ جەلال ئەم سەفەرە بکات؟ لە لایەکی ترەوە تالەبانی کێشەی کوردی بە عەرەبەکان ناساند و پشتگیریی کەسانی وەکوو جەمال عەبدولناسر و ئەحمەد بن بیللای بەدەستهێنا، کە ئەمە پیشاندەری جۆرێک دووربینی و هۆشیارییی ئەو بوو. "کاتێک جەلال تالەبانی گەڕایەوە بۆ عێراق، لە فڕۆکەخانەی بەغدا چاوم پێی کەوت و باسی تووڕەبوونی بارزانیم بۆ کرد، ئەویش بە بیستنی ئەو قسانە ڕەنگی هەڵبزڕکا".

هەولێر کتێب

ئەگەرچی ڕاستییەکەی هەر ئەوە بوو و پاش گەڕانەوەم بەجۆرێك دڵەڕاوکێم هەبوو، چونکە بارزانی گلەیی لە من هەبوو و تووڕەیی خۆی دەربڕیبوو. ترسی من لەوە بوو کە نەکا لای ڕۆژنامەوانەکان بیدرکێنێ و بڵێ کە من نوێنەری ئەو نیم، لەو دۆخەدا ڕووداوێکی پرسەکە دەسڕایەوە. ئەگەرچی لە لای ئادەم شمیدت و یەکدوو ڕۆژنامەوانی دیکەی فەرەنسی بە شێوەیەکی داخراو ئەوەی گوتبوو، بەڵام من لەسەر دووڕیاندا بووم: لە لایەکەوە بچم بۆ ئەو سەفەرە گرنگە و لە لایەکی ترەوە نیگەران بووم، چونکە بەعسییەکان پێداگرییان دەکرد. بابە عەلی[۱۲۱] و فوئاد عارفم بینی و لەگەڵ ئەواندا ڕاوێژم کرد کە ئایا بچم بۆ ئەو سەفەرە یا نا؟ چونکە من پرسوڕام لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، یاخود بارزانی نەکردووە. ئەوانیش لە وەڵامدا گوتیان: ڕۆیشتنت بۆ ئەوێ زۆر باشە. منیش باسی ڕووبەڕووبوونەوەی بارزانیم کرد، ئەوان گوتیان ئێمە بۆ بارزانیی ڕوونەدەکەینەوە. من دەمزانی کە بارزانی زۆر ڕێز لە بابە عەلی و فوئاد

عارف دەگرێ. کاتێك ئەو ئەرکەیان گرتەئەستۆ و بەڵێنیان دا کە تەنانەت بڵێن (ئێمە ئەومان ناردووە)، منیش بە ئاسوودەیی و لەسەر ئەو بەڵێن و پەیمانە سەفەرەکەم دەستپێکرد. کاتێك ئێوارە گەیشتمە قاهیرە، هێشتا جلوبەرگی کوردیم لەبەردا بوو و تەنانەت ئەو دوو ڕۆژەی لە بەغدا بووم، دەرفەتی ئەوەم نەبوو کۆت و شەڕوالێك و بیجامەیەك و گوێزانێکی ڕیشتاشین بکڕم، یان لەگەڵ خۆمدا بهێنم. شتێك کە دەیهێنامە پێکەنین ئەوە بوو کە کاتێك چوویە هۆتێل، من و حسێن جەمیل لە ژوورێکدا بووین، منیش چونکە بیجامەم لە پێدا نەبوو، چاوەڕوان مامەوە کە ئەو بخەوێ و پاشان جلەکانم دابکەنم و بچمە ژێر بەتانییەکە. ڕۆژی دواتر حەمەئەمین دزەییم[۱۲۲] نارد کە لە دووکانێکدا پێداویستیی ڕیشتاشین و... بۆ بکڕێ. منیش چوومە لای جەمال عەبدولناسر تا بزانم چی بووە و ئەویش ڕاشکاوانە گوتی: درۆیە و ڕاست نییە، لەگەڵ ئێوەدا پاك و بێگەرد نین. من ئامادەم ڕێکەوتننامەکەتان واژۆ بکەم و لێرەدا بە فەرمی ڕایبگەیەنم و بڵێم کورد و عەرەب لە عێراقدا پێکەوە ڕێککەوتوون و پێرۆزبایی خۆیشم بە فەرمی ڕابگەیەنم و دانی پێدا بنێم. ماوەیەك لە میسردا مامەوە و میسرییەکان ئامۆژگارییان کردم کە نەچمەوە بۆ بەغدا. منیان ئاگادارکردەوە کە حکومەتی عێراق نیەتێکی باشی نییە و ئەگەر بچنەوە هەمووتان دەستگیر دەکات. من نەچوومەوە، بەڵام ئەوانی دیکە گەڕانەوە و هەموویان دەستگیرکران و خرانە زیندانەوە. منیش بە یارمەتیی میسر چووم بۆ لوبنان. جەمال عەبدولناسر _ هەزار ڕەحمەتی خودای لێ بێت_ گوتی بڕۆ و بۆ ئەوەی بیرووڕای گشتیی عەرەب باشتر لەگەڵتدا ئاشنا ببن، دوو کار ئەنجام بدە، یەکەم: ئەوە ڕوونبکەرەوە کە ئێوە ناتانەوێ جیابینەوە و تەنیا ئۆتۆنۆمیتان دەوێ و جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو دوو شتەدا. دووەم: ئێوە نەیار و کۆسپی سەر ڕێگەی بزاڤی ئازادیخوازانەی عەرەب نین و بە پێچەوانەوە، پاڵپشتی ئەو بزاڤەن.

چووم بۆ لوبنان و بە یارمەتیی ئەوان، واتە ناسرییەکان، کە لە لوبناندا کاریگەری و دەسەلاتی زۆریان هەبوو، کۆنگرەیەکی گەورەی ڕۆژنامەوانییان بۆ پێکهێنام و هەموو پرسەکانم ڕوونکردەوە. پاشان چووم بۆ ئەورووپا و نەمدەویرا بگەڕێمەوە بۆ عێراق، چونکە دەکوژرام. لە ئەورووپا هەر بەو جۆرە کە پێشتر ئاماژەم پێکرد، پەیوەندییەکی باش لە نێوان ئێمە و سۆفێتدا هەبوو، دەچوومە هەر شارێک کەسێکیان وەکوو ڕێنموونیکەر بۆ دیاری دەکردم، کە چی بکەم و چی نەکەم و... بە کورتی، بمویستایە هەر شتێک بکەم، پرس و ڕام بەوان دەکرد.

لە پاریس، کامەران بەدرخان[١٢٣] ـ هەزار ڕەحمەتی لێ بێت ـ گوتی: جێگری وەزیری بەرگریی لەندەن دەیەوێ تۆ و مەلیک حسێن[١٢٤] پێکەوە ببینێ. لە مۆسکۆ پرسیارم کرد، گوتیان زۆر باشە. بەڵام کاتێک بیستم ئەم بەڕێز شیمۆن پیرێزە بەریتانیایی نییە و ئیسرائیلییە، دیسان پرسم بە مۆسکۆ کرد، ئەوان گوتیان نا، ئەو کارە مەکە، چونکە تۆ پەیوەندیی باشت لەگەڵ عەرەبەکان و جەمال عەبدولناسر هەیە و بە زیانی تۆیە. منیش داوای لێبووردنم لە کامەران بەدرخان[١٢٥] کرد و گوتم: جەنابی ئەمیر! قوربان! برایانمان لە نیشتمان ـ کوردستان ـ دژی ئەو کارەن و دەڵێن لەم بارودۆخەی کورددا، باش نییە. بەم شێوەیە دیدارم لەگەڵ شیمۆن پیرێز ڕەتکردەوە. هەرچەندە هەندێ کەس دەڵێن کە ئەو دیدارەم ئەنجام داوە، بەڵام بەڕاستی شتی وا نەبووە، هێشتا هەردووکمان زیندووین و دەتوانن لە خۆی بپرسن. لەسەر داخوازیی ڕووسییەکان، لەگەڵ ئەودا کۆنەبوومەوە. تەها محێدین[١٢٦]، گەنجێکی کورد بوو و لەو سەردەمەدا لە باڵیۆزخانەی عێراق کاری دەکرد، لە خزمەت دوورخرابووەوە و لە لەندەن مابووەوە، پەیوەندیی باشی لەگەڵ ئوردنییەکاندا هەبوو. هاتە پاریس بۆ لای من و گوتی مەلیک حسێن دەیەوێ تۆ ببینێ. دیسان پرسیارم لە سۆفێت کرد و ئەوانیش گوتیان دەتوانی ببینی و گرفتێکی نییە. ئەو عەرەبە و پەیوەندیکردن بەوەوە گرفت دروستناکات. لە

پاریس مەلیك حسێنم بینی، كه له هۆتێلێكدا نیشتەجێ بووبوو. لەگەڵ تەها محێدین چووینه لای و لەوێوه پەیوەندیی كورد و مەلیك حسێن دامەزرا. بارزانی تا سالّی ١٩٦١، لەگەڵ شای ئێران، موحەممەد رەزا پەهلەوی، پەیوەندیی نزیك و باشی نەبوو. لە سالّی ١٩٦١ تا سالّ ١٩٦٤، ئیبراهیم ئەحمەد، سكرتێری گشتیی پارتی بوو. دواجار كه ناكۆكی دروستبوو، بە هۆی جیابوونەوەوە ئێمە و ١٥ كەس لە ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی، چووین بۆ هەمەدان. بارزانی و یەك كەسی دیكه پێكەوە مانەوە.

لە سالّی ١٩٦٤دا، لە پراگ، لەگەڵ دكتۆر كەمال فوئاد لە مالّی جەواهیریی بووین. سەركردەكانی حیزبی كۆمۆنیستی عێراقیش لەوێ بوون. باس لە وتارێك دەكرا دەربارەی (سلمیة و الاشتراكیة) كه لە گۆڤاری حیزبی كۆمۆنیستی عێراق لە لایەن مامۆستا بەهادین نووریيەوە[١٢٧] نووسرابوو. لە عێراقدا بە تازەیی (اتحاد الاشتراكیة) دروستبووبوو، ئەویش نووسیبووی (اتحاد الاشتراكیة) دامەزراوە و بووەتە ناوەندی كۆبوونەوەی هێزە پێشڕەوەكانی چەپی عێراق و سەرۆكایەتیی پێشڕەوی بزووتنەوەی گەلانی پێشكەوتووخواز. بێگومان ئەم وتارە و ئەم چەمكە، بە رادەی ئەندامانی ئامادەی ئەو كۆبوونەوەیە، ناڕەزایەتیی لەسەر دەربڕدرابوو. باسەكەش لەو بارەیەوە بوو و هەموو بۆچوونی خۆیان دەردەبڕی. من تەنیا گوێم ڕاگرتبوو. پاشان بە منیان گوت بۆ هیچ نالّێی؟ منیش گوتم ئەو قسەی بەهادین نووری منی خستە بیری چیرۆكێك، ئەویش چیرۆكی كوردێك كه كەرێكی هەبوو و دەیویست بیفرۆشێ. بە هاوڕێكەی گوت: كەرەكەم دەبەمە بازاڕی هەڕاجی ئاژەڵ و بەیانی وەرە و بە بالّای كەرەكەی منداهەڵبدە، بەڵكوو بە نرخێكی باش بیفرۆشم. ئەویش گوتی باشە. بۆ ڕۆژی دواتر كابرا كەرەكەی برد بۆ فرۆش، بەو هیوایەی بە نرخێكی باش بیفرۆشێ. هاوڕێكەی لە دوورەوە هات و هاواری كرد: موحەممەد! ئەوە تۆ لێرە چ دەكەی؟ ئەگەر كەرەكەت بفرۆشی، ئەی چۆن كەرووشك دەگری؟! ئەویش

لە وەڵامدا گوتی: ڕاوەستە، توند مەڕۆ. نامەوێ بە پەلە وەسفی کەرەکەم بکەی _ وەکوو ئەوەی لە کەرۆشک خێراترە_. منیش گوتم بەهادین نووری بەم وتارەیەوە کەرۆشکی گرتووە. چەند ساڵ پاش ئەوە، لە عێراقدا حکومەتێکی دیکە هات و وەزارەتی ناجی تالب دەستبەکار بوو، کە مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و ئەفسەرێکی ئازادیخواز بوو. لە سەردەمی خەبات دژی عەبدولکەریم قاسم، هەمیشە دۆستایەتیم لەگەڵ جەواهیری هەبووە. جارێك لە لێواری دەریای سپی لە بەیروت دانیشتبووین کە پۆلێك کچی جوان و پەریووخساری ئەسمەر تێپەڕ بوون و گوتی: ماشەللا لەو هەمووە جوانییە! پاشان دەستەیەك کچی قژڕەشی چاو و برۆ ڕەش هاتن و تێپەڕ بوون و دیسان گوتی: فتبارك الله احسن الخالقین.

بە کورتی، هەر چەند جارێك کە دەستە دەستە کچی ڕووخسار جوان و لەشولار جوان تێپەڕدەبوون، ئەو لە ژێرەوە وێردی دەخوێند. سەرەنجام من گوتم: من تێناگەم لەم هەموو پیاهەڵگوتنە، تۆ هەموو جۆرێکیانت پێ جوان بوو. لە شیعرەکانتدا جارێك دەڵێی چاوی جوانە و سەوزە وەکوو کۆساران، جارێکی دیکە دەڵێی شینە وەکوو دەریا، یان سەوزە وەکوو عەقیق و... ئەمە بەڕاست چییە؟ گوتی: دەتەوێ تا کۆتایی تەمەنت بە کوردی بمێنیتەوە؟ منیش گوتم: وەڵاڵا چی بکەم، خودا منی ئاوا خوڵقاندووە و دەستی خۆمی تێدا نەبوو. گوتی: ئەوانە چەپکە گوڵن! منیش بە وشەی بەناوبانگی فارسیم وەڵاممدایەوە ـ ئەو زمانی فارسیشی بە باشی دەزانی ـ "مەگەر من بوومەتە عەرەب"؟ چی بکەم؟ لە حازرجوابیی من پێکەنی و گوتی: لامەزهەب! ئەو مرۆڤێکی ئەهلی دڵ و خاوەنی تەبع و خۆشمەشرەب بوو.

کاتێك گەیشتینە میسر، جەمال عەبدولناسر هات بە پیرمانەوە و من کە جلوبەرگی کوردیم لەبەردا بوو، عەبدولڕەحمان بەزاز منی پێناساند و

گـوتی: جـەلال، پـارێزەری دادگایـە و ئەمەیـە و ئەوەیـە، جلوبەرگـە کوردییەکەیتان پێ سەیر نەبێ، چونکە ڕاستەوخۆ لـە ڕێگـەی سـەفەرێکی دوورودرێـژەوە هـاتووە و منـیش هانـدەری بـووم کـە بێـت، تەنانـەت لـە کۆلێژی داد خوێندکاری خۆم بووە و... منیش بـە خێرایـی گـوتم: قوربـان لەبەر تۆ منی لە دەوامی خوێندن بێبەش کرد! جـەمال عەبدولناسـر بـە سەرسووڕمانەوە گوتی: لەبەر من؟! پاشان گوتم: بەڵێ، لەو کاتەدا کە من لـە کۆلێـژی داد خوێنـدکار بـووم، بـە مەبەسـتی دەربـڕینی نـارەزایی دژی پەیمانی سێلایەنە، خۆپیشاندانمان ڕێکخست و منـیش لەوێدا وتـارێکم بـۆ خوێندکاران و خۆپێشاندەران خوێندەوە، بـە هـۆی ئـەو کـارە و هـەروەها بەشداریکردن لە خۆپیشاندان، سالێك لە خوێندن بێبەشیان کـردم. کاتێـك کۆبوونەوەکە بە شێوەی فەرمی دەسـتی پێکـرد، عەبـدولڕەزاق ئـەلزاهیر، لێپرسراوی پارێزەرەکـان کـە لـە دەنگدانێکدا بـە نوێنـەری نەتەوییـەکان هەڵبژاردرابوو، لە لێدوانێکدا گوتی: بـەڕێز سـەرۆك کۆمـار، ئەگەرچـی مـن بەعسی نیم و لەگەڵ نەتەوییەکانم، بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی عێراق زوڵمـی زۆری لـە ئێمـە کـردووە و بـە شـێوەیەکی نالـەبار بەرانبـەر بـە ئێمـە جووڵاوەتەوە. بە بڕوای من دەبێ بەرپەرچیان بدرێتـەوە و وەکـوو خۆیـان لەگەڵیانـدا ڕووبەڕووببینـەوە، تەنانـەت دەبـێ لێپرسـراوانی ئـەو حیزبـە لەبەرچاوی ئەندامانی حیزبدا، لـە سـێدارە بدرێن، تـا ئـەو بـیرە هەڵـە و چـەوتانە لـە زیهنیانـدا بسڕێتەوە. هـەروەها ئەندامانی دیکـەیان زیندانی بکرێن. منیش لەو کۆبوونەوەدا گوتم: بەڕێز سەرۆك کۆمار، ئەم قسانە لـە زمانی کەسێك دێتە دەر کە خۆی پـارێزەری دادگایـە و کـاری پـارێزەریش ئەوەیە کە بەرگری لە تاوانبار بکات! لەڕاستیدا بـەو قسانە، پلارێکـم بـۆ هاوێشت... جـەمال عەبدولناسـریش بـە قسـەکانی مـن پێکـەنینی هـات و گـوتی: مـن لەگـەڵ ئـەم جـۆرە گوفتـار و ڕووبەڕووبوونەوانـە نـیم. لـەو کۆبوونەوەیەدا جەمال عەبدولناسر چەند پرسێکی گرنگی وەبیر هێنایەوە. گـوتی: نارەزایـەتیم هەیـە بەرانبـەر کوشـتاری کوردەکـان لـە عێراقـدا و

تەنانەت ناڕەزایەتیم هەیە بەرانبەر کوشتنی عەبدولکەریم قاسم، چونکە مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ بوو و هەوڵی بۆ ئازادی و سەقامگیرکردنی ئازادی دەدا. ئەڵبەت من لە کردەوەکانی ئەو و کوشتنی کەسانێکی زۆر و دوژمنایەتی لەگەڵ ئێمە، دڵخۆش نیم، بەڵام بەڕاستی لە کوشتنی ئەو زۆر نیگەرانم. دوای ئەوە، من نەیاری کوشتنی ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقم و کارێکی ئەوتۆ دەبێتە هۆی ناڕەزایەتیی وڵاتانی سۆشیالیستی جیهان و بەرهەڵستیکردنی ئێمە. لە بەرانبەر گەلانی جیهاندا ئێمە بە کۆنەپەرست و دواکەوتوو ناودەبەن. لە کۆمەڵگادا هیچ کەسێك لە نان و ژیان و مافەکانی بێبەش مەکەن و ڕێگە بۆ دوژمنایەتی خۆش مەکەن، چونکە مایەی شەرمەزارییە.

لەو کۆبوونەوەدا سەبارەت بە کورد بۆچوونیان دەربڕی. دەربارەی کورد، گوتیان تاڵەبانی هاتووە کە لەبارەی کوردەوە بدوێ و پاشان دەمانەوێ بیروڕای ئێوەش بزانین. ئەویش بڕیاری دا لە دانیشتنێکی سێ کەسیدا و بە ئامادەبوونی فوئاد عارف، پێکەوە ڕاوێژ بکەین. منیش سەلام و سوپاسی بارزانیم پێگەیاند و ئەوەم دووپاتکردەوە کە ئێمەی کورد هیوایەکی زۆرمان بە ئێوە هەیە و وەکوو لێپرسراوێکی گەورەی عەرەب پێناسەیەکی دروستتان بۆ کێشەی کورد هەبێ و دادپەروەرانە لەسەر کێشەی کورد دادوەریی بکەن و یارمەتیمان بدەن. ئێمە وەکوو برای بچووك، مافمان پێشێلکراوە. لەڕاستیدا ئێمە دەمانویست بەبێ هیچ دەمارگیری و لایەنگرییەك، لە نێوان کورد و حکومەتدا داوەریی بکەن و مافەکان بەدی بێت. ئەویش لە وەڵامدا بە گوتنی "دەتانبینین" بابەتەکەی خستە کۆبوونەوەی دواتر. ڕۆژی دواتر من و دکتۆر فوئاد عارف بانگ کرد، کە یەکێك لە ڕاوێژکارانی بە ناوی زەکەریا محێدین و سەرۆك وەزیران عەلی سەبری لەوێ بوون. پێشەکی دکتۆر فوئاد هەندێ قسەی کرد، بەڵام پێم وابێ جەمال عەبدولناسر هیچی دەستنەکەوت،

چونکه دکتۆر فوئاد بەسەر وردەکارییەکانی زمانی عەرەبیدا زاڵ نەبوو، بە خێرایی قسەکانم لە دەمی وەرگرت و سەبارەت بە کورد و مافی دیاریکردنی چارەنووس و پەیمانەکانی نێوان پارتی قسەم کرد. ئەویش دەربارەی چۆنێتیی ڕێککەوتن و ئەوەی کە ئایا پەیوەندییەکانی دەرەوە و هێزی چەکداریش دەگرێتەوە یان نا؟ پرسیاری کرد. لە وەڵامیدا گوتم: نەخێر، سەرپەرشتیی حکومەت و هێزی چەکدار و پەیوەندییەکانی دەرەوە و کاروباری دارایی و... تاد، لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی بەغدا دەبێ، ئێمە دەمانەوێ لە کاروباری ناوخۆدا دەستمان هەبێ. پاشان پرسیاری کرد: وەکوو یوگسلاڤیا؟ منیش لە وەڵامدا گوتم: بەڵێ. تەنانەت کەمتر لە یوگسلاڤیاش بێ، ئێمە پێی ڕازین.

لەڕاستیدا ئێمە پێشبینی سێ سیستم، یان نموونەمان هەیە، کە هەر یەکێکیان جێبەجێ بکرێ، ئێمەی کورد پێی ڕەزامەندین. ۱_ یوگسلاڤیا ۲_ هندستان ۳_ لیبیا. چونکە لیبیا خاوەنی سێ ویلایەت، یان ئەیالەتی جیاواز بوو. کاتێک من ئەو قسانەم کرد، لە ڕووخساری جەمال عەبدولناسردا دیار بوو کە ڕازییە، بەڵام هیچی دەرنەبڕی و قسەیەکی نەکرد، بێجگە لەوەی گوتی: من لێی دەکۆڵمەوە و پاشان دەنگی خۆمی لەسەر دەدەم. دوای ئەوە، سەبارەت بە پەنادانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، چەند پرسیارێکی کرد و هەروەها لەبارەی وتارێک کە عیسمەت شەریف وانلی[۱۲۸] نووسیبووی و ئەو زۆر پێی خۆشنەبوو، گوتی: ئەو بیر و لێدوانانە زیان لە کورد دەدات و باش نین. منیش لە وەڵامی ئەو پرسەدا، گوتم: عیسمەت شەریف وانلی، لە حیزبەکەی ئێمەدا هیچ پەرپرسایێتییەکی نییە و ئەوەی کە نووسیویەتی بۆچوونی خۆیەتی. بە قسەکانی من، کەمێک هێمنبووەوە.

تەنانەت سەبارەت بە پەیوەندیی برایانەی کورد و عەرەب لە مێژوودا، زۆر مەسەلەم بە دوورودرێژی بۆ شیکردەوە. پاشان، دیسان ئاماژەم کرد بە پێویستیی دیاریکردنی مافی چارەنووس و بەدیهێنانی مافی کوردەکان، کە ئەم هەوڵە دەبێتە هۆی پتەوبوونی زیاتری پەیوەندیی عەرەب و کورد و بیری جیابوونەوە لەناوەچێ. ئەگەر وانەبێ، کوردەکان بە چاوی داگیرکەر سەیری عەرەبەکان دەکەن و بڕیار دەدەن کە خۆیان ڕزگار بکەن. تەنانەت پێم گوت: هیوادارم ببێتە سەلاحەدینی ئەیوبیی ئەم سەردەمە. دیاربوو قسەکانی منی زۆر بەدڵ بوو، مافی دیاریکردنی چارەنووس و پەیوەندیی کورد و عەرەبی پەسەند کردبوو، کە دواجار ئەوەی دەربڕیبوو... جەمال عەبدولناسر لە وتەکانی تاڵەبانی زۆر دڵشاد بوو، چونکە ئەو هەڵوێستانەی بە پێچەوانەی ڕووانگە و ستراتژی خۆی نەدەبینی و بە جۆرێك لاوەدەنگی و بێروباوەڕی خۆیی دەزانی.

ئێمەش بە دڵخۆشیی جەمال عەبدولناسر، خۆشحاڵ بووین، بەڵام وەڵامێکی دروست و ڕاستەوخۆمان وەرنەگرت. ئەو و میسرییەکان بەردەوام دەیانگوت کە سەرگەرمی لێکدانەوە و ڕاوێژین. جەمال عەبدولناسر بە گەرمی و دڵاوایی پێشوازیی لە ئێمە کرد و دەیگوت: ئەگەرچی ئێمە وەکوو بزاڤێکی نەتەوەیی عەرەب، زۆر باسی سۆشیالیزم و بەیاننامەی نەتەوەیی دەکەین، بەڵام هێشتا لە مێشکی ئێمەدا جێگیر نەبووە. بۆ نموونە ئەگەر ئێستا لە مارکسیستێك بپرسی سەبارەت بە چەمکی نەتەوەیی بیروڕاتان چییە؟ بێگومان کتێبێکی لینین یان ستالین بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێ لێرە و لەوێ ئاوایان گوتووە. بەهەرحاڵ، وەڵامێکی تەواویان بە ئێمە نەدایەوە و دەیانگوت: هێشتا بەرنامە و سەرچاوەیەکی شایاومان نییە کە بەپێی ئەوە کێشەی ئێوە چارەسەر بکەین، پێویستە زیاتر لێی بکۆڵینەوە. پاشان بۆ نانی نیوەڕۆ بانگیان کردین بۆ دوورگە. وەزیرانی بەرگریی میسر و عێراق، واتە عەلی سالح

سەعدی و سالّح مەهدی عەماشیش لەگەلّماندا هاتن. فریك بالّحەمامیش بانگهێشت کرابوو. لە ئەمین هوەیدای بالّیۆزی ئەو کاتەی عێراقم پرسی: ئەوە ناوی (فریك)ە، یان فەریکە؟ چونکە لە کوردستاندا واتایەکی دیکەی هەیە. دیار بوو جەمال عەبدولناسر تێگەیشت و گوتی: جەلال، ڕەنگە ئەمە دیاری و یادگاری سەلاحەدینی ئەیوبی بێ کە لەگەلّ خۆیدا بۆ ئەم ولاتەی هێنابێ. پاشان فەرمانی کرد و گوتی: جەلال ببەن بۆ شوێنە میژوویییەکان، با یادگاریی باووباپیرانی لە نزیکەوە ببینێ. منیش لە وەلامیدا گوتم: هیوادارم یادگاریی باشمان بەجێهێشتبێ. ئەویش گوتی: بەلێ، بەلێ! شوێنەواری باشتان بەجێهێشتووە. بە واتایەکی تر، جۆرێك زێدەڕۆیی دەکرد و پلاریشی دەهاویشت. پاش سەفەرەکەی قاهیرە، بەرەو جەزائیر بەڕێکەوتین و لەوێیش لەگەلّ ئەحمەد بن بیللا گفتوگۆمان کرد. پێموابێ ٢٤ و ٢٥ی نیسانی ١٩٦٣ بوو. بەلّام ئەوندە دەزانم کە ڕۆژی یەکەمی جەژنی ڕەمەزان بوو. ئەوەشم لەبیرە کە ئێمەیان بردە شارێك بە ناوی (بەلەدیە) تا لە نوێژی جەژنی ڕەمەزاندا بەشداریی بکەین. کاتێك لەوێ هاتینەوە، ئەحمەد بن بیللای سەرۆك کۆماری ئەو کاتەی جەزائیر، زۆر ساکار و خۆبەکەمزان ئامادەی دیداری ئێمە بوو. لەو کاتەدا سەردەمی پێشمەرگایەتیم وەبیرهاتەوە.

دانیشتین و گفتوگۆکانمان دەستی پێکرد. سەرەتا دەربارەی من پرسیاری کرد و منیان پێناساند. پاشان سەبارەت بە کورد و کێشەی کورد، زۆر شتم بۆ ڕوونکردەوە. بەڕاستی لە جەمال عەبدولناسر هۆشیارتر بوو، هەر زوو بنچینەی ڕووداوەکانی بۆ دەرکەوت و زۆریش بە ڕوونی دەدوا. بەبێ ڕاوەستان، زووتر دەچووە سەر باسەکان. پاشان گوتی: کوردەکان نەتەوەیەکی موسڵمانن و زۆر دەمێکەیە دۆستی ئێمەن، یان لەگەلّ ئیمەدا بوون. بە بڕوای من، دەبێ هەرچی زووە مافەکانیان وەربگرن و مافی دیاریکردنی چارەنووسیان هەبێ، ئەگەر ئەو مافەیان پێ

نەدرێت، جەنگ بەردەوام دەبێ، ئەوکاتە موحەممەد ڕەزا پەهلەویی شای ئێران، یان ولاتێکی دیکە خۆی دەخاتە ناو ئەو یارییە و دوای ئەوە بە مافی دیاریکردنی چارەنووس ڕازی نابن و داوای سەربەخۆیی گشتی دەکەن. ئێمە لە جەزائیر، بە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە فەرەنسا ڕازی بووین و پاش جەنگی جیهانیی دووەمیش ئەم مافەیان نەداینێ، ئێمەش لەسەر ڕێبازەکەمان بەردەوام بووین و تا سەربەخۆیی گشتی وازمان نەهێنا. بە بڕوای من، باشترە هەرچی زووە ئەو مافەیان بدرێتێ. لەڕاستیدا زۆر بێپەردە و ڕاستەوخۆ قسەی کرد و ئێمەش بەو قسانە زۆر دڵخۆش بووین، لەڕاستیدا ئەم شێوە قسەکردنە بە دڵی ئێمە بوو. منیش زۆر سوپاسیم کرد، کە بەو شێواز و ڕووانگەیەوە دەربارەی کورد دەدوێ. دوای کۆتایی سەفەرەکە، گەڕاینەوە بۆ قاهیرە و دیسان سەردانی جەمال عەبدولناسرمان کرد و گوتی: من لەبارەی قسەکانی ئێوەوە بیرم کردووەتەوە و بۆچوونی من ئەوەیە:

١ـ عێراق دەبێ مافی دیاریکردنی چارەنووستان بداتێ، ئەڵبەت بەو ناوەڕۆکەی جەلال باسی کرد. ٢ـ ئێوەی کورد، دەبێ بە هەر شێوەیەک بووە بایەخی برایەتیی کورد و عەرەب و تێکۆشانی هەردوو لایەن بۆ پاراستنی هەموو چواردەوری عێراق، لەبەرچاو بگرن. ٣ـ پێویستە هەردوو لا بە ئاشتی و ڕێکەوتن و گفتوگۆ و شێوازێکی دیبلۆماسییانە کێشەکان چارەسەر بکەن، نەک ئەوەی کوردەکان بە جەنگ و حکومەتیش بە هێرشی سەربازی، هەوڵی چارەسەری پرسەکان بدەن. ئێوەی کورد و هەروەها دەوڵەتی عێراق، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرن کە هەر کەسێک ئاگری جەنگ هەڵگیرسێنێ، لە پشتگیریی و یارمەتیی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی بێبەش دەبێ. ٤ـ ئەمە داخوازیی برایانە و دۆستانەی منە بۆ هەردوو لاتان و بە هیچ جۆرێک وەکوو سەرۆک کۆماری وڵاتێکی عەرەبی دەرینابڕم، بەڵام هۆشیار و ئاگادار بن کە موحەممەد ڕەزا پەهلەویی شای ئێران، دوژمنی کوردە و بەشێکی زۆری کوردەکانی لەگەڵە، جا لەوانەیە

دژی ئێوه بەکاریان بهێنێ. ئێستا کە هەوڵ دەدات پەیوەندیی لەگەڵ ئێوەدا هەبێ، یان کۆمەڵێك یارمەتیتان بداتێ، مەبەستی ئەوەیە کە ئێوە بە گژ عەرەبەکاندا بکات و بە ئامانجەکانی خۆی بگات. کەوایە لەو پەیوەندییانەدا دەبێ زۆر هۆشیار بن، کە بەڕاستی بە هیچ جۆرێك بەرژەوەندیی ئێوەی تێدا نییە. منیش لە وەڵامدا گوتم: تا ئەمڕۆ ئەوەی کە دەرکەوتووە، ئەوەیە کە حکومەتی عێراق بە یارمەتیی ئێران و تورکیا، دژی کورد ڕاوەستاوە، ئێستا ڕووندەبێتەوە کە حکومەتی عێراق یاریی مشك و پشیلە دەکات و مەکر و ناز دەکات کە لەگەڵ ئێران و تورکیا دژی کورد ڕێککەون. ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ ئێراندا نییە و تا ئەمڕۆش پەیوەندیی ئێمە لە بازنەی گفتوگۆ تێپەڕنەبووە، ئەڵبەت ئەوەش تا ئێستا هیچ دەسکەوتێکی نەبووە _ لەڕاستیشدا هەر وابوو_ بەڵام وتەکانت لەسەر چاوم و ئێم ئامۆژگارییە دڵسۆزانە لە گوێ دەگرین و وەکوو دیارییەك دەیبەینەوە بۆ ڕایانمان لە عێراق.

کاریگەریی فیکری و کەسایەتی زۆرم لە جەمال عەبدولناسر وەرگرتووە، لەگەڵ منداڵی زۆر دڵۆڤان و دۆست بوو و ڕووانگە و هەڵوێستی باشی بەرانبەر کورد هەبوو. کاریگەریی زۆری لەسەر من هەبوو. ئەوم بە پیاوێکی گەورەی خەباتکار و سەرۆکێکی ئازا و نەبەز دەزانی. هێشتا ئەو داخوازییەکانی ئێمەی بە کەم دەزانی و باوەڕی وابوو کە ڕێگەچارەی یوگسلافیا بۆ عێراق باشترە. هەمیشە نەیاری جەنگی عێراق دژی کوردەکان بوو. لەسەر داخوازیی من، بەڵێنی دا کە نووسینگەی خۆمان لە قاهیرە بکەینەوە. پێشنیازم کرد کە هاشم عەقراوی نوێنەری کوردەکان بێ، بەڵام نێردراوانی حکومەتی عێراق هەوڵیان دەدا بەر بەو کارە بگرن و ئەو شتە سەرنەگرێت. تەنانەت ناسرییەکانی ناو حکومەتیش نەیاندەویست دان بەو ڕاستییەدا بنێن، بەڵام جەمال عەبدولناسر لەسەر ئەوە سوور بوو کە ئەو نووسینگە و ناوەندە بکرێتەوە. من خۆم

هەڵوێستەکانی ئەوم زۆر پێ باش بوو. هەمیشەش جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە کێشەی کورد تەنیا بە گفتوگۆ چارەسەر دەکرێ. من سەرۆکی وەفدی کورد بووم و حکومەتی عێراق بەو بۆنەیەوە منی نارد و هیچ پەیوەندییەکی تایبەتی لە ئارادا نەبوو. دەیانویست ئێمە ببەن بۆ میسر تا پیشانی بدەن لە عێراقدا کورد کێشەیەکی نییە و کوردەکانیش هاوکاریی وەفدە عێراقییەکان دەکەن و بڵێن: تەنانەت تاڵەبانیشمان لەگەڵ خۆمان بردووە بۆ میسر کە پیرۆزبایی لە میسرییەکان بکات.

یەکێتیی سۆڤێت لەناو ئێمەدا دەسەڵاتی زۆر بوو. لە ڕووی سیاسی و دارایییەوە یارمەتیی دەداین و زۆر پشتی دەگرتین. لە ساڵی ١٩٦٣دا کە عەبدولسەلام عارف هاتە سەر دەسەڵات، لە ڕووی سیاسییەوە، لە هەموو شوێنێکی جیهاندا پشتی ئێمەی گرت. تەنانەت جارێک چیکۆسلۆڤاکیا پرسی کوردی لە ڕێکخراوی جیهانیی مافی مرۆڤدا باس کرد. مەنگۆلیاش لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا دژی تورکیا و ئێران بەیاننامەی دەرکرد، کە لە کاروباری کوردستانی عێراقدا خۆیان تێوەنەگلێنن. پشتگیریی زۆریان لە ئێمەش کرد و خەباتەکەی ئێمەشیان بە خەباتێکی ڕەوای گەلێکی چەوساوە دەزانی و لە سەرانسەری جیهاندا حیزبە کۆمۆنیستییەکانی سەر بە سۆڤێت، جیهانیان لەو پرسە ئاگادار کردەوە. من خۆم پەیکی گەیاندنی یارمەتییە دارایییەکانی سۆڤێت بووم بە بارزانی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی.

کاتێک لە میسرەوە بەرەو ئەورووپا چووم، بانگهێشت کرام بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا. پاشان چووم بۆ مۆسکۆ و دیسان دانیان نا بە شۆڕشەکەی ئێمەدا و پشتگیرییان کردین. گوتیان ئێمە هەموو شتێکتان دەدەینێ، تەنانەت چەکیش، ئەگەر بتوانن خۆتان بیانگوێزنەوە بۆ کوردستان. تەنانەت گوتیان لە ڕووانگەی ئێمەوە هیچ گرفتێک لەئارادا نییە ئەگەر ئێوە پەیوەندی بە

شای ئێرانەوە بکەن، ئێوە ناچارن، چونکە سنووری هاوبەشتان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئیسرائیل ڕێکمەکەون. لەسەر داخوازیی ئەوان، چووم بۆ چیک، کە سۆفیێت ئەو دیدارەی ڕێکخستبوو. لە چیک، گوتیان هەرچەند چەکتان دەوێ، وەرن بیبەن، بەڵام بەداخەوە نەماندەتوانی بیبەینە ناو خاکی کوردستان. ڕووسیا، بە پارە و سیاسەت و چەک، بە هەموو شێوەیەک ئامادە بوو یارمەتیی ئێمە بدات، کە ئەمە لە سەردەمی قازی موحەممەد نەدەچوو. ئێمە دژی ئەوە بووین کە قازی خۆی تەسلیمی شای ئێران بکات و نەدەبوو لە مهاباد بمایەتەوە، بەڵکوو دەبوو بچێتە دەرەوە، یان بۆ سۆفیێت، یان شاخەکانی کوردستان.

لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیدا زویر بووم، کە تەنانەت هەندێ لە ڕۆژنامەکان ئەوەیان نووسیبوو. ڕاستە من زویر بووم، بەڵام نەک لە جەمال عەبدولناسر، بەڵکو لەو عێراقییانەی لەگەڵمدا بوون. ئەوان دەیانویست پرسی ئۆتۆنۆمی لە ناوەند بسڕنەوە. عەبدولسەلام عارفیش چەند وەزارەتێکی بە کوردەکان دابوو، بەڵام بەعسییەکان سێ وەزیری کوردیان هەبوو، کە دوانیان بابە عەلی و فوئاد عارف بوون. لە سەردەمی عەبدولسەلام عارفدا، بە پێچەوانەی عەبدولکەریم قاسمەوە، پەیوەندییەکی باش لەگەڵ کوردەکاندا نەبوو. تەنانەت دەتوانم بە ئاشکرا بڵێم، لە بەرانبەر کوردەکاندا، عەبدولسەلام عارف و عەبدولکەریم قاسم، دوو تێڕوانینی تەواو جیاوازیان هەبوو. ئەگەرچی ئێمە دژی عەبدولکەریم قاسم بووین و جەنگمان لەگەڵدا دەکرد، بەڵام ئەو دژی کورد نەبوو و بەرەوای بە مافی ڕۆشنبیری و هونەری و ئیداری و سیاسی و حیزبیی کوردەکان هەبوو، بەڵام ناکۆکییەکانی ئێمە لەگەڵ ئەودا، بەرهەڵستیی لێکەوتەوە و لێمان هەڵگەڕایەوە. لەڕاستیدا ئەو بیری شۆفێنیی نەبوو و تەنیا عێراقی بوو. بەڵام عەبدولسەلام عارف، دژی کورد بوو و ڕووانگەیەکی شۆفێنییانەی هەبوو. پێی وابوو کە کوردەکان بە ڕەچەڵەک

عـەرەبن. ئـەو تیۆرییـەکی پـڕ لـە قەشمـەجارپی هـەبوو کـە دەیگـوت: کوردەکان لە بناغەوە عەرەبن، بە هۆی ئەوەی چوونەتە چیاکان، زمانیان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و ئەم زمانەی ئێستای لێ دروستبووە.

جەنگی بارزانی و عەبدولسەلام عارف کاتێك دەستی پێکرد کە بـارزانی چـاوەڕوانیی زۆر شـتی لـە عەبدولـسەلام عـارف دەکـرد، بـەڵام ئـەو هـیچ یـەکێکیانی جێبـەجێ نـەکرد و بـە پێـچەوانەی داخوازییـەکانی بـارزانی دەجوولایـەوە. سـەرەنجام پێـشمەرگە و هێزەکـانی حکومـەت گرفتێکیـان دروستکرد و سەرلەنوێ جـەنگ دەسـتی پێکـردەوە. عەبدولـسەلام عـارف وایدەزانی بە ئاسانی دەتوانێ بارزانی لەناو ببات، بەڵام نەیتوانی. بـەر لـە ١٩٦٤یـش، نێـوانی کۆمیتـەی ناوەنـدیی پـارتی و بـارزانی، تێکـچووبوو. بـارزانی بـە خـۆی وەپێـشمەرگەکانیەوە پـەلاماری کۆمیتـەی ناوەنـدیی پارتییـان دا. ئـەوە یەکـەمجـار بـوو لـە مێـژووی کوردسـتاندا کـە بـۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوخۆی حیزب، پەنا بۆ چـەك و هێـزی سـەربازی ببرێـت. کۆمیتـەی ناوەنـدیی پـارتی _کـە ئەڵبـەت ٨٥٪ی پـارتی لەگـەڵ ئێمەدا بوو_ لە ماوەت بوو، دەبوو بچووبایە بۆ عێراق و خۆی بەدەستەوە بدایە، یان بەرەو ئێران خۆی دەرباز بکردایە، کە لە کۆتاییدا بەرەو ئێـران چـوو. موحەممـەد ڕەزا پەهلـەویی شـای ئێـران، بۆیـە جێگـەی ئیـبراهیم ئەحمەدی کردەوە، کە پیشانی بدات کوردەکـانی خۆشـدەوێ و پاڵپـشتی کوردەکانـە و دژی خـەباتی کوردەکـان نییـە. ئەڵبـەت بـەر لـە لابردنـی عەبدولکـەریم قاسـم، پەیوەنـدیی لەگـەڵ بارزانییـشدا دروسـتکردبوو. لـەو سەردەمەی کە عەبدولکەریم قاسم ڕووخا، شای ئێران ئاوڕی لە کوردەکان دەدایەوە. شای ئێران هیچکاتێك ئیبراهیم ئەحمەدی نەدی.

گومانی بارزانی بەرانبەر خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ئەحمەد، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی پێشوو، کە لە ڕۆژی یەکەمەوە هەر لە گۆڕێدا بوون. لـە

کۆبوونەوەکەدا باس لەوە کرا کە ئەگەر یەکێتیی عەرەب لە نێوان قاهیرە و دیمەشق و بەغدا سەریگرت و ئەم یەکێتییە لە نێوان سێ وڵاتی عەرەبیی میسر و سووریا و عێراق سەقامگیر بوو، چۆن دەپەڕێنە سەر داخوازیی کوردەکان و ئەوانیش چ هەڵوێستێکیان دەبێت؟ منیش بە گاڵتەوە گوتم: قوربان، بەڕێز سەرۆک کۆمار، ئەمانە عەرەبن و ئێمەیش کوردین، ئەوان بەشێک لە عەرەبەکانن و ئێمەش بەشێک لە گەلی کوردین. ئەگەر برایانی عەرەب بە ئامانجیان بگەن، کورد پێی دڵخۆش دەبێ. عەرەبی عێراقی تا چ ڕادەیەک زەمانەتی دەوێ بۆ بەدیهێنانی یەکێتیی عەرەبی، ئێمە بە نیوەی ئەوان ڕازین. هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین. کاتێک لە میسرەوە گەڕامەوە بۆ بەغدا، هەواڵێکی زۆرم دا کە بە خێرایی بگەڕێمەوە بۆ کوردستان. حکومەتی عێراق هۆکاری پەلەکردنی منی نەدەزانی، کە خێرا وەلامی مۆڵەتی ڕۆیشتنی من ڕابگەیەنن.

هەواڵنامەی کێبڕکێ

لە دەوری یەک کۆبوونەوەی من و سالح یوسفی و مستەفا عەزیز و موحەممەد سەعید خەفاف - لە ڕۆشنبیرانی کورد - لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بووین، کە بزوێنەری ئەو کۆبوونەوەیە، سالح مەهدی عەماش بوو. بابە عەلی و فوئاد عارف و چەند کەسێکی دیکەش هاتبوون. سالح مەهدی عەماش گوتی: ئێمە ئامادەین بۆ قبوولکردنی خواستەکانی ئێوە و دیارییکردنی ماف چارەی خۆنووسین، بەڵام پێویستمان بە ماوەیەک هەیە تاکو لێی بکۆڵینەوە، هیوادارین لەو ڕووەوە هاوکاریمان بکەن. پاشان گوتی: ئێوە پڕۆژەیەک بۆ دیاریکردنی ماف چارەنووس لەسەر کاغەز بنووسن تاکو من بۆتان واژۆ بکەم و ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی کۆماریش واژۆی بکات، بەڵام ئێستا ئەو ڕێککەوتننامەیە ڕاناگەیەنین، شەش مانگ لەسەری ڕادەوەستین و پاشان چوار مانگ بۆ ڕاگەیاندنی دەرفەت هەیە. لەڕاستیدا من لەگەڵ ئەو پێشنیازەدا گرفتێکم نەبوو، چونکە دەبووە بەڵگەیەکی مێژوویی و لە دەستی کوردەکاندا دەبوو، لە لایەکی تریشەوە

داخوازیی دیاریکردنی ماف چارەنووسیش شوێنگەی خۆی دەدۆزییەوە، چونکە هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی کۆمار، واژۆیان دەکرد. بەڵام من گوتم باشترە لەگەڵ بارزانیدا ڕاوێژ بکەم، چونکە بەبێ دەنگ و بۆچوونی ئەو، ناتوانم هیچ بڕیارێك واژۆ بکەم. کاتێك گەڕامەوە، بارزانی پەیامی ناردبوو کە بە خێرایی ڕاپبگەیەنن، یان بە پەلە بگەڕێمەوە بۆ لای ئەو و هیچ بڕیارێك نەدەم. کاتێك گەڕامەوە بۆ لای ئەو، هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە، ئەو هێندە تووڕە و زویر نەبوو کە دەیانگوت. دەنگوباس و ڕووداوەکانی جەزائیرم بۆ گێڕایەوە و ئەویش زۆر دڵخۆش و ڕەزامەند بوو. ناڕەزایەتییەکی ئەوتۆی نەبوو، بەو شێوەیەی کە دانا اسمیت (Schmidit)دەیگوت.

کاتێك من گەڕامەوە بۆ لای مەلا مستەفا، حکومەتی عێراق هیچ شتێکی ڕانەگەیاند و جۆرێك ساردی لە نێوان کورد و حکومەتدا دروستبوو. کۆمیتەی ناوەندیی پارتیش یاداشتێکی بڵاوکردەوە، ئاماژەی بەوە کرد پێویستە حکومەت ماف کورد بدات، بەڵام گوایە حکومەت ئەوەی نەدیوە. لەپڕ حکومەت وەفدێکی بە سەرۆکایەتیی تاهیر یەحیا نارد بۆ لای مەلا مستەفا و لە کانی ماران کۆبوونەوە، لە هەموو ڕوویکەوە گفتوگۆیان کرد. دەستکەوتەکەی تەنیا ئەوە بوو کە گوتیان دەگەڕێینەوە بۆ بەغدا و وەفدێکی تر دەنێرینە لای ئێوە. دوای ماوەیەك، دەستەیەك بەرپرسی پێکهاتوو لە کەسایەتییە دیارەکانی عێراقیان نارد، کە یەکێکیان ئەفسەرێکی دیاری کورد بوو بە ناوی ئەحمەد عوسمان. ئەم وەفدە هاتنە ڕانیە و چوارقورنە تاکو چاویان بە مەلا مستەفا بکەوێ و گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن. وتوویژەکان دەستی پێکرد و مەلا مستەفایش بە جوانی هەموو داخوازییەکانی ئاراستە کردن. لەڕاستیدا داخوازیمان جۆرێك حوکمی فدرالی بوو کە لە لایەن ئەندامانی دەوروبەری مەلا مستەفاوە، وەکوو من و عەقید کافی نەبەویی و عومەر دەبابە و... ئامادەکرابوو.

کاتێك ئەو داخوازییانە خوێندرانەوە، وەفدی حکومەت تێدا مابووەوە، چونکە داخوازییەکان بالاتر لە ئاستی مافی دیاریکردنی چارەنووس بوون. ئەو وەفدە گەڕایەوە بۆ بەغدا و داوایان کرد کە وەفدێکی کورد بێتە بەغدا. ئێمەش بڕیارمان دا کە وەفدێك بەرەو بەغدا بنێرین. لە ۱۸ی ئازاردا، کۆبوونەوەیەکی گەورە بە بەشداریی عەشایەر و کەسایەتییەکان و ئەندامانی پارتی و لێپرسراوانی پێشمەرگە کرا.

لەو کۆبوونەوە گەورەیەدا بارزانی پێشنیازی کرد کە جەلال بەرپرسیارێتیی کۆبوونەوەکە بگرێتە ئەستۆ، منیش ئەو کارەم کرد. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا وەفدێك بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتدا، بەرەو بەغدا بچێت. دیسان بارزانی دەستی خستەوە ناوی و گوتی: بە بۆچوونی من، باشترە بە سەرۆکایەتیی جەلال، حەوت کەسیش بۆ گفتوگۆکردن دیاری بکرێن. کە پێکهاتبوون لە: سالح یوسفی، مستەفا عەزیز، حسێن سەید ئەحمەد خانەقا، موحەممەد سەعید خەفاف، ڕەشید عارف، مەسعوود موحەممەد، بابەکر مەحموود حاجی ئاغا، یەدوڵاڵا فەیلی و حەبیب کەریم. سەرەتای بەهار بوو. من پاش کۆتایی نەورۆز، سەرۆکایەتیی وەفدەکەم گرتەئەستۆ و بەرەو بەغدا ڕۆیشتین. لەو کاتەدا کۆبوونەوەیەك لە کۆیە کرا، کە عەزیز موحەممەدی وتەبێژی شیوعییش بەشداریی تێدا کرد. پەیامێکی بۆ ناردم کە دەیەوێ بمبینێ. خۆم چووم بۆ لای. لەو سەردەمەدا حیزبی شیوعیمان بە ئاوارە دەزانی، کە ئەڵبەت من گوتبووم باشترە پشتگیرییان بکەین و گوێ لە وتەکانیان بگرین. ئەڵبەت لەویارەیەوە، بۆچوونی من لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و بارزانی، جیاواز بوو. کاتێك من چوومە لای، زۆر خۆشحاڵ بوو. پێم گوت: کاك عەزیز، لەمەولا هەر پێویستییەکتان هەبوو، خۆم بۆتان جێبەجێ دەکەم و من بە کەسی نزیکی خۆتان بزانن. ئەم هەڵوێستە جۆرێك لە هاودڵییە لە بەرانبەر ئێوەدا و تا ئەو کاتەی بە دەسەڵات دەگەن، من

دۆستی ڕاستەقینەی ئێوەم. بڕواشم وایە کە دیسان دەسەڵات بەدەستدێننەوە و بارودۆخ دەگۆڕدرێ. دەستی کرد بە پێکەنین و گوتی: کوڕە پیاوی چاك بە، وا نییە! بەڕاستیش دۆخی ئەوان سامانی بە خۆوە گرت و زۆریش سوپاسگوزاریی کرد.

ئەمجارەیان کە وەفدەکە چوو بۆ بەغدا، لە سەرەتاوە ئەوان بە ساردی ڕووبەڕوومان بوونەوە و تەنانەت لە هۆتێلێکی مامناوەندا بە ناوی (سەمیرامیس) ئێمەیان نیشتەجێ کرد. بەڵام جاری پێشوو لە هۆتێل بەغدا بووین. ئەوانیش وەفدێکیان بۆ گفتوگۆ هێنابوو کە بریتی بوون لە: موحومەد ڕەزا شەیبی، فایەق سامەڕایی، حسێن جەمیل، دکتۆر عەبدولعەزیز ئەلدەوریی، فەیسەڵ حەبیب ئەلخەیزەران و... کاتێك دانیشتین بۆ وتووێژ پرسیارم لێکردن: ئێوە کێن؟ پێگەی فەرمی و جێگەی ئێوە لە لای حکومەت چییە و کوێیە؟ نوێنەری فەرمین یان نا؟ تا چ ئاستێك لەناو حکومەتدا دەسەڵتتان هەیە؟ ئەگەر ئێمە لەگەڵ ئێوە ڕێکبکەوین، ئایا مسۆگەر دەکرێت؟ ئایا ئەم ڕێکەوتنە لە لای حکومەت بایەخی هەیە؟ ئەوان زۆر ڕاستەوخۆ گوتیان: نەخێر، ئێمە توانا و بەرپرسیارێتییەکی ئەوتۆمان نییە، بەڵکوو شتێك ئامادە دەکەین و دەیخەینە بەردەستی حکومەت. گوتمان ئەگەر وابێ کارەکەی ئێمە دوادەکەوێتە و کاتەکان بەفیڕۆ دەچن. چۆن دەبێ لەگەڵ ئێوەدا هەموو ئەو باسانە بکەی، پاشان بچینەوە لای حکومەت و سەرلەنوێ گفتوگۆ بکەین و دوای ئەوە حکومەت بیباتە لای ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و دەنگی خۆی لەسەر بدات. دیمان بەربەرە ئاستی پرسەکەیان هێنایە خوارەوە، بەڵام گوتمان بەو شێوەیەش گفتوگۆتان لەگەڵدا دەکەین. کاتێك دیدارەکە بوو بە فەرمی، سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس، وتووێژ دەکەین. سەرۆك و وتەبێژی ئەو وەفدە، فایەق سامەڕایی بوو. منیش گوتم: ئەوە شتێکی ئاساییە، مادام ئێوە مامۆستا فایەق سامەڕایی

بـۆ پرسـی کوردسـتان بـه دادوەر قبـوولّ دەکـەن، منـیش لـه لایـەن وەفدەکەمـەوە بـه داوەر و دادوەر قبـوولّی دەکـەم و پێویـستە لـه نێـوان هەردوو لادا، داوەریی بکات. کە ئەو ویستی قسە بکات، مـن گـوتم: ئـەو وتـەکانی دەربڕیـوە. چـونکە فوئـاد ڕکـابی[132] و فایـەق سـامەڕایی و کەسایەتییەکانی دیکەی عەرەب، سەبارەت بە کوردەکان بۆچوونی خۆیان لە قاهیرە بە جـەمال عەبدولناسـر وتبـوو. وتیـان: سـادە و ئاسـایی نییـە، بەڵکو کێشەیەکی جدییە.

هەروەها لەولام دا گـوتم: نـەخێر! هـیچ کێشەیەکی بنـەڕەتی نییـە و بـەڵکوو پرسـێکی ئاسـایی و ئاشـکرایە. بـە کـورتی، قـسەیەك لـە مـن و قسەیەك لەو، گفتوگۆکە بەتین بوو. منیش گوتم: کەوایە ئێوە ناتانەوێ بـە ئاشـتی و تـەبایی پرسـی کـورد چارەسـەر بکـەن و لەوەدەچـێ مەبەسـتی خراپتـان هـەبێ. ناتانـەوێ لـە ڕێگـەی سیاسـییەوە کۆتـایی بـەم کێشەیە بهێنن، بەڵام ئێوە لە هەڵەدان و پرسی نەتەوایەتیی کورد بە شـەڕ و چـەك چارەسەر ناکرێ. گەلی کـورد وەکـوو خـەڵکی بەغـدا نـین کـە هـەر کاتێـك بتانەوێ و بەو جـۆرەی کـە پێتـان خۆشـە، بیکێشنە نـاو جەنگـەوە. ئـەو هـەموو شـاخ و دەشـت و سروشـتی کوێـستانە لەبەردەسـتی ئێمەدایـە، مێژووش پیشانی داوە کە بە جەنگ و لەشکرکێشی و... ئێمە لەناوناچین.

دیار بوو (عەلی سالّح سەعدی)یش دەیویست قسە بکات، بـەڵام سـالّح مەهدی عەماش دەستپێشخەریی کرد و دەستی کرد بە قسەی زۆر بـاش و هـەموویانی هـێمن کـردەوە. گـوتی: بـرای بـەڕێز، ئێمـە مەبەسـت و ئامانجێکمان لەوشێوەیەمان نییە. سـەرنج بـدەن، ئێمـە جارێـك ویستمان عەبدولکەریم قاسم لەناو ببەین، ئێستا بووەتە خاڵێکی لاواز لەسـەر ئێمـە. دەڵـێن ئێـوە هـەر ئـەو کەسـانەن کـە دەتانویـست خـەڵك بکـوژن و... ئەگەریش بمانەوێ گەلی کورد سەرکوت بکەین و کوشـتار دەسـتپێبکەین،

ئەو کاتە دیار نییە چیمان پێ دەڵێن! ئێمە بیر و ئەندێشە و ئامانجی مرۆڤ ناکۆژین و ئەمە کاری ئێمە نییە. ئەم جۆرە کارانە لە بیروڕای ئێمە بە دوورە و ئێمە تەنیا دەمانەوێ کێشەکە چارەسەر بکەین. پاشان ڕووی کردە من و گوتی: لەبیرتە ڕۆژەکە خۆم پێم گوتی ئێمە مافی دیاریکردنی چارەنووسی ئێوە لەبەرچاو دەگرین و ئێوە بەرنامە و بڕیارنامەیەک بنووسن و ئێمە واژۆی دەکەین، بەڵام شەش مانگ دەرفەت بە ئێمە بدەن، چونکە چارەسەری ئەم کێشەیە پێویستی بە کات هەیە؟ ئەو قسانەی سالّح مەهدی بارودۆخەکەی هێمن کردەوە و دیسان دەستمان کردەوە بە گفتوگۆ. گوتیان بەیانی وەفدێکی دیکە دێنین بۆ گفتوگۆ، ئەڵبەت ئەگەر ئێوە ناتوانن لەگەڵ مامۆستا عەلی سالّح ڕێکبکەون. ڕۆژی دواتر وەفدێك بە سەرۆکایەتیی حازم جەواد وەکیلی، کە لە بەرپرسانی حیزبی بەعس و وەزیری دەرەوەی عێراق بوو، هاتن. بەڵام ئەو وتوویژەیش دەستکەوتێکی ئەوتۆی نەبوو.

ئێمە سەرۆکی دەستەی نوێنەران بینی و گوتی: برا، وەڵڵا دەنگی من هەر هەمان دەنگی پێشووە و منیش لەگەڵ کۆماری کوردستانی سۆشیالیستم و هیچ گرفتێکم لەگەڵ ئۆتۆنۆمی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورددا نییە، بەڵام کێشەی ڕاستەقینە لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنیەتی. ئێوە باش دەزانن کە من دەمەوێ بەرنامەی کۆماری کوردستانی سۆشیالیست بێتە ئاراوە و من پشتگیریی لێدەکەم، بەڵام بەداخەوە، حیزبەکەمان و دەوڵەت و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەگەڵیدا نین، هۆکارەکەشی ئەو ناوەرۆکەیەکە مەلا مستەفا باسی کردووە و ئەوانیش ناچنە ژێر باری. ئێمە دەرفەتمان لێتان دەوێ، تا بتوانین هەنگاو بە هەنگاو شێواز و ڕێگە چارەیەك بدۆزینەوە. منیش ڕازی بووم و داکۆکیم کرد کە چۆن و لە چ ڕێگەیەکەوە پێویستمان بە شەش مانگ کات هەیە؟ ئێوە ئێستا بڵێن کە کام قسەی بارزانیتان پێ باش نییە و کام قسەیتان

پێ باشه؟ تاکو ئێمه لەو ڕووانگەیەوه بارودۆخی خۆمان لێکبدەینەوه. ئەویش پێی باش بوو و گوتی: ئەمە زۆر ژیرانە و بەجێیە. ئەوان وەفدێکیان پێکهێنا و کەسانێکیان دیاری کرد کە بەرنامەی جێبەجێکردن ئامادە بکەن و وەڵامی ئێمەش بدەنەوە. لەو کاتەدا کە ئێمە لە بەغدا بووین، هەوڵمان دا لەگەڵ کەسایەتییەکانی دیکەی عێراقدا پەیوەندی و گفتوگۆمان هەبێ. یەکێك لەو کەسانە کە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین، کەمال چادرچی ڕەشید بوو، کە ئێمە زۆر ڕێزمان لێدەگرت و سڵاوی تایبەتی مەلا مستەفا و ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی پارتیمان پێگەیاند.

لەگەڵ محەمەد مەهدی کوبە، کۆبوونەوە. لە هۆتێل (سەمیرامیس) چاومان پێی کەوت. هەروەها بە یارمەتیی کوڕەکەی، واتە سەید مەهدی دیدارێکی گرنگی دیکەشمان لەگەڵ ئایەتوڵڵا عوزما سەید موحسین حەکیم ئەنجام دا، ڕێکخرا. سەید موحسین حەکیم، لەو کاتەدا مەرجەع و موقەللیدی هەموو شیعەکانی جیهان بوو. دواجار بەعسییەکان لە سودان سەید مەهدییان شەهید کرد. ئێمە لە نەجەف لەگەڵیدا کۆبوونەوە. من و دووسێ کەسی دیکە_ حسێن خانەقا و مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی و ئەحمەد عوسمان_ چووینە لای ئایەتوڵڵا حەکیم و زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێکردین. ئەم کەسایەتییانە لە کۆبوونەوە فەرمی و گشتییەکاندا کەمتر دەدوان، بەڵام بەهەرحاڵ، دوعایان بۆ سەرکەوتنی ئێمە کرد و گوتیان خودا سەرکەوتووتان دەکات و مافی ڕەوای خۆتانە، چونکە ئێوە گەلێکی لێقەوماون و بە یارمەتیی خودا لەژێر کۆتوبەندی دیکتاتۆری و زوڵم و زۆر، ڕزگار دەبن و ئێوە شایانی ئەو مافەن. جەنگ دژی ئێوە ڕەوا نییە و هەمیشە من دژایەتیم بەرانبەر ئەو شەڕانە دەربڕیوە. ئێمەش زۆر سوپاسی ئەومان کرد و سەلامی بارزانی و کوردەکانمان بەوان گەیاند. گوتمان، هیوامان بە کورد و شیعەیە و هەمیشە دۆستی یەکتر بووین. ئێمە لە باکوور و ئێوەش لە باشوور، لەژێر زوڵم و ستەمدا بووین و مافمان

پێشێل کراوە، کەوایە هاوکاریی و دۆستایەتیمان پێویستە. ئەویش وتەکانی منی وەرگرت و گوتی: پێویستە پەیوەندییەکانمان پتەوتر بکەین. ئەڵبەت ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە پەیوەندیی نزیکی بارزانی و سەید موحسین حەکیم، هەتا ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو، کە ئەوەش بەرهەمی ئەو چاوپێکەوتنە بوو. بە بڕوای من، ئەو کۆبوونەوەیە زۆر گرنگ و باش بوو و بە هەنگاوێك بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی هەردوو لا ئەژمار دەکرا. پاش ئەوانە، تا ماوەیەك لە بەغدا چاوەڕوانی وەڵام و کاردانەوەی حکومەت بووین، بەڵام هیچمان نەبیست. حکومەت وەفدێکی پێکهێنا و چوون بۆ قاهیرە. لەو کاتەدا پرسی یەکگرتنی عێراق و سووریا و میسر لە گۆڕێدا بوو.

لەناو ئەو وەفدە عێراقییەدا کە چوون بۆ میسر، کوردێك نەدەبیندرا، بەوبۆنەیەوە یاداشتێکمان بۆ ناردن و بیر و بۆچوونی خۆمان لەو بارەیەوە دەربڕیبوو، کە دەقەکەی مەسعوود موحەممەد نووسیبووی. وەفدەکەی ئێمە لە هۆتێل سمیرامیس کۆبوونەوەیەکی کرد و باس و گفتوگۆمان لەسەر ئەوە کرد کە چی بڵێین و چ داخوازییەك پێشکەش بکەین. بەو جۆرە داواکارییەکانمان ڕێکخست. لە کتێبەکەی منداً بە ناوی _ الحرکة القومیة الکردیة _ باسم لەو داخوازییانە کردووە، کە ئەگەر حکومەت و کاربەدەستانی عێراق لەسەر بڕیارەکەی خۆیان مابێتنەوە، ئێمەش مافی دیاریکردنی چارەنووسمان دەوێ و لەسەر ئەو ویستە ڕەزامەندین کە ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی کۆمار دەنگی لەسەر داوە. چونکە پێشتر ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی کۆمار، پاش گەڕانەوەی من لە قاهیرە، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە بەم ناوەڕۆکە: کورد و عەرەب بران. گەلی کورد زۆڵمی لێکراوە و لە کۆنەوە تا ئێستا، لەژێر کۆتوبەندی دەسەڵات و حکومەتەکاندا بووە و ئێمە دان دەنێین بە مافی کوردەکاندا، بە گوێرەی سیستمێك کە دوور بێت لە لامەرکەزی.

لەو کاتەدا لە میسر، باسی ئەو سیستمە دەکرا. لە سەردەمی عوسمانییەوە ئەو سیستمە لە رێزی مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئۆتۆنۆمیدا بوو، بەڵام نەیاندەویست وشەی ئۆتۆنۆمی بهێننە سەر زمان، بەڵام واتای ڕاستەقینەی هەر ئەوە بوو. ئێمە گوتمان ئەگەر عێراق وەکوو خۆی بمێنێتەوە، ئەوا ئێمە ئۆتۆنۆمیمان دەوێ، ئەگەر عێراق چووە ڕێزی یەکێتیی فیدراڵی عەرەب، ئەوا ئێمە سیستمی لامەرکەزی و ئۆتۆنۆمی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بەبێ دەستتێوەردان و بە شێوەی ڕاستەقینە، داوا دەکەین. ئەگەر عێراق بەشێك لە کۆماری یەکگرتووی عەرەبی بێ، ئێمەش لە رێزی هەرێمی چوارەمدا دەبین، واتە هەرێمەکانی میسر و سووریا و عێراق و کوردستان. هەر بەو شێوەی کە پێشتر پیشانمان داوە، ئێمە دژی داخوازییەکانی گەلی عەرەب نەبووین و هەمشە پشتگیریمان لێکردووە و لەو باوەڕەدا بووین کە عەرەبەکان دەبێ مافی خۆیان بەدەستبهێنن و یەك بگرن، هەموو کاتێکیش بە مەبەستی ئاساییکردنەوەی بزاڤی ئازادیخوازیی گەلی عەرەب، داهاتوومان لەبەرچاو گرتووە. ئەو نووسراوەشمان بۆ میسر و کوردستان ناردووە کە ئەم کارە یەکێك لە دەستکەوتەکانی سەفەرەکەمان بۆ بەغدا بوو.

سەبارەت بە هەوڵی ئەمریکییەکان بۆ یارمەتیدانی بەعسییەکان و هاتنە سەر دەسەڵاتیان، دەبێ بڵێم کە ئەم هەوڵدانە هەر هەبووە، تاکو ئەوەی کە لەو بارەیەوە پەیوەندییان بە ئێمەوە کردووە. ڕۆژێك لە هۆتێل دانیشتبووین، عەلی حەیدەر سلێمان هاتە لای من. ڕۆشنبیرێك کە بە هۆی لێهاتوویی و توانایەوە ناوبانگی دەرکردبوو و پلەوپایەی بەدەستهێنابوو. گوتی: کاك جەلال، ئەمریکییەکان بە شێوەیەکی فەرمی یاداشتێکیان بە حکومەتی عێراق داوە و پێیان خۆشە تۆش ببینن. منیش گوتم: باشە پێم خۆشە! پاشان ڕۆژێکمان دیاری کرد و لەو ڕۆژەدا عەلی حەیدەر سلێمان و دوو ئەمریکی هاتن، یەکێکیان ویلیام ئیگلتن و ئەوی دیکەیان جەیمز هیکس

سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانە بوو، کە داخوازیی دانیشتنی تایبەتییان کرد و منیش لەگەڵیان دانیشتم. گوتیان: ئەمریکا یاداشتی فەرمیی بۆ وەزارەتی دەرەوەی عێراق ناردووە و ئێستا دەقەکەی بۆ تۆ دەخوێنینەوە، کۆپیی ئەوەت نادەینێ، بەڵام دەتوانی بۆچوونی خۆت لەو بارەیەوە بە سەرۆکی حیزبەکەتان ڕابگەیێنی. ناوەرۆکی دەقی یاداشتەکە بەم شێوەیە بوو: حکومەتی ئەمریکا خۆشحاڵیی خۆی پیشان دەدات بەرانبەر سەرکەوتنی مانگی شووبات و حکومەتی عێراق بە حکومەتێکی باش و دۆست دەزانێ. هیواداره ئەو حکومەته له کاروباری خۆیدا سەرکەوتوو بێت و لە پێگەی تایبەتی خۆیدا دەوام بکات. بە مەبستی بەدیهاتنی ئەو ئامانجانە، پێوستە کێشەی کوردەکان بە شێوەیەکی بەجێ و ژیرانە چارەسەر بکرێت و حکومەتی عێراقیش لەوبارەیەوە هەوڵی خۆی بدات.

ئەو ڕۆژە نەمدەزانی کە ماتای ئەوە چییە و لەبەرئەوەی هیچکاتێك لەبیری نەبەمەوە، پرسیارم لێکردن. لەو کاتەوە تا ئێستاش، دۆستایەتیی خۆمم لەگەڵ ئەو دوو کەسە پاراستووە و هەر جارێك دەچم بۆ ئەمریکا، سەریان لێدەدەم. یەکێکیان بوو بە باڵیۆز لە سعودیە و سووریا و پاشان بوو بە ڕاوێژکاری نیکسۆن لە کۆشکی سپیدا، ئەوی دیکەیان خانەنشین بوو و مامۆستای زانکۆیە. مەبەست لەو هەڵوێستەی ئەمریکا سەبارەت بە ئاگربەستی حکومەت لەگەڵ کوردەکان، ئەوە بوو کە کوردەکان بیری شەڕکردن لە میشکی حکومەتدا بسڕنەوە، چونکە ئەگەر حکومەت دەست بداتە جەنگ کردن، ئەمریکا بە هیچ سێوەیەك پشتگیریی ناکات. بە واتایەکی دیکە، نامەکەی ئەوان پیشاندەری ئەوە بوو کە هەردوو لا بە ئاشتی و تەبایی لەگەڵ یەکتردا ڕێکبکەون و بەو عەقڵییەتەوە گرفتەکان چارەسەر بکەن.

من بە هۆی ئەو زانیارییانەی کە دایانمێ، سوپاسم کردن و گوتم ئێمە وەکوو واتای دۆستی لێکی دەدەینەوە و هیوادارین ئەمریکا فشار بخاتە سەر

عێراق، که به ڕێگەی ئاشتی و به هێمنانه خواستەکانی ئێمه جێبەجێ بکات، چونکه ئێستا ئێوه کاریگەریی زۆرتان لەسەر عێراق هەیە و خەڵکیش ئەم حکومەته به دۆستی نزیکی ئێوه دەزانن. پێکەنی و گوتی: نەوەڵڵا! سەیره خەڵك وادەڵێن! گوتم: به هەر شیوەیەك بووه، هەوڵی خۆتان بدەن. ئێمه بەڵێن دەدەین که یەکەم تەقە لە لایەن ئێمەوه ناکرێت، بەڵام هەست به مەترسیی ئەوه دەکەین عێراق دەستبکاتەوه به جەنگ. باسی ئەوەم بۆ کرد که حکومەتی عێراق ماوەیەکە گوێ ناداته داواکانی ئێمه و من و هاوڕێیانم که هاتووینەتە بەغدا، کارێکی تایبەتیمان نییە و هەموو ڕۆژێك بەڵێنی ڕۆژی دواترمان پێدەدەن. ئەوان چۆن یەکێتیی سێڵایەنە پێکدێنن، له کاتێکدا یەك کەس لە ئێمەیان لەگەڵ خۆیاندا نەبردووه؟! دیاره ئێمەش دەبێ لەو وتووێژانەدا بەشدار بین و ڕای خۆمان دەربڕین. هەموو ئەو شتانەم بۆ ڕوون کردەوه و پیشانم دا که کوردەکان خوازیاری ڕێگەچارەی سیاسی و ژیرانەن، نەك شەڕ و ئاژاوه، بەڵام ئەگەر زۆرمان لەگەڵدا بکەن، واته به ڕووالەت ئاشتی و تەبایی، بەڵام له پشتەوه خەنجەرمان لێبدەن، کەوایە ناچارین بەرگری له خۆمان بکەین و مافی بەرگریکردن، مافێکی پیرۆز و ڕەوایە. ئەوەش بزانن که گەلی کورد بە دەستی حکومەتی عێراق لەناوناچێ. دوای ئەو وەفدە، عێراقییەکان چوون بۆ میسر و نوێنەری ئێمەیان لەگەڵدا نەبوو. ئەوان چوون بۆ قاهیره و منیش گەڕامەوه بۆ کوردستان. کاتێك ئەوان هاتنەوه، دیسان من چوومەوه بۆ بەغدا، ئەمجاره ئەحمەد حەسەن بەکر و سالح مەهدی عەماش پێشوازییان لێکردین.

لەوکاتەدا ئەوان زۆر بە نەرمی و هێمنانە لەگەڵمان ڕووبەڕووبوونەوه و توندوتیژ نەبوون. لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکر کەوتینە گفتوگۆ، کە زۆربەی ئەو وتووێژانە له کتێبەکەی (ئادام شمیدت)دا ئاماژەی پێکراوه. شەوکەت عەقراوی لە کوردەکانی ئاکرێ، لەگەڵ منیدا بوو. ئەحمەد حەسەن بەکر قورئانێکی پێبوو و دەستی خسته سەری و گوتی "بەم قورئانە سوێند

دەخـۆم کـە ئێمـە نیـەتێکی خراپمـان بەرانبـەر ئێـوە نییـە و دەمانـەوێت ڕێگەچارەی ئاشتییانە بۆ کێشەکان بدۆزینەوە". منیش دەستم خستە سەر قورئانەکە و گوتم "سوێند دەخـۆم بـەم قورئانـە کـە ئێوە نیـەتێکی باشتان بەرانبەر ئێمە نییە و خەریکن خۆتان ئامادە دەکەن بۆ جەنگ دژی ئێمە".

ئەوەی کە نەچووین بۆ قاهیرە، بەسەرهاتەکەی بەم شێوەیە بـوو کـە لـەو کۆبوونەوەیەدا گلەییم لێکرد، بۆچی نەتانهێشتووە لەو کۆبوونەوە سێلایەنەدا لە قاهیرە بەشداریی بکەین؟ گوتی "باشـە فـەرموون، ڕێگـە کراوەیـە و کـەس ڕێی لە ئێوە نـەگرتووە". منـیش گـوتم "پاسـپۆرتم نییـە". بـە خێرایـی پـاش چـەند ڕۆژ پاسـپۆرتیان بـۆ ئامـادە کـردم و گوتیـان بـڕۆ لەگـەڵ جـەمال عەبدولناسر قسەکانی خۆت بکە، ئێمە گرفتێکمان نییـە. منـیش سـوودم لـەو دەرفەتە وەرگرت و خۆم بۆ سەردانی جـەمال عەبدولناسـر ئامـادە کـرد، بـۆ ئـەوەی بـزانم پێشکەوتنی کارەکان بـە کـوێ گەیشتووە، چـونکە لـە بەغـدا هیـوابڕاو بووبـووم. گـوتم خـودا بکـات بـە هـۆی جـەمال عەبدولناسـرەوە جوولّەیـەکی پـۆزەتیڤ یـان هـەنگاوێکی گـرنگ بـۆ ئێمـە بـەدیبێت. خـاڵێکی مێژوویی گرنگ ئەوە بوو کە تاهیر یەحیا، بلیت و پاسپۆرتەکەی مـنی هێنـا و تەنانەت خەرجیی چوونەدەرەوەشی ئامادە کردبوو، هەزار دینـاری خستبووە نـاو زەرفەکـەوە. منـیش تەلـەفۆنم بـۆ کـرد و گـوتم ئـەبو زوهێـر پـێم خۆشـە سەرۆکی نووسینگەکەت بنێریتە لای من. ئەویش ئەو کارەی کرد و پاکەتەکەم بۆ نـاردەوە و لەبـەر بلیـت و خـەرجیی چـوونەدەرەوە، سوپاسـی خـۆمم پـێ ڕاگەیاند. پاشان تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی "دەمەوێت بـێم بـۆ لات". پاشـان هات بۆ ئوتێل و چووینە شوێنێکی چۆڵ و گوتی "مـن وەکـو دۆستێك لەگـەڵ تۆدا دەجوولّێمەوە و سوێند بە شەرەفم تـۆ بـە بـرای خـۆم دەزانم. مـن خـۆم کوردم. منیش لەگەڵ حکومـەت و مـەرام و بەرنامـەی دەوڵـەتی عێراقـدا نـیم. چونکە متمانەت پێدەکەم، ئەم کاغەزەی من بیە بۆ لای جەمال عەبدولناسر". منیش گوتم "بەسەرچاو". گوتی "ئەم ڕستانە بە جـەمال عەبدولناسـر بڵـێ".

منیش ڕستەکانم لەبەر کرد و بۆم گوتەوە. واتاکەی ئەوە بوو کە ئەو لەگەڵ حکومەتدا نییە و خۆیان ئامادە دەکەن کە ڕۆژێک ڕزگاریان بێت و ئەوان هەردووکیان دۆست و دڵسۆزی جەمال عەبدولناسرن.

دەقی قسەکانم بە جوانی لەبیر نییە. کاتێک چووینە قاهیرە، شەوکەت عەقراویی لەگەڵ منداڵ هات، لە لوبنان بە یەک گەیشتین و لەوێدا بە زۆر شوێنم کەوت. کاتێک گەیشتمە قاهیرە، ڕۆژی یەکەمی مانگی ئازار بوو و جەمال عەبدولناسر زۆر سەری شلۆق بوو. پەیامی نارد کە کارم زۆرە و دەچم بۆ ئەسکەندەریە و کۆنگرەی گەلانی عەرەب لەوێ بەڕێوەدەچێت، پاشان دەچم بۆ ئەدیس ئابەبا و لە کۆنگرەی عەرەبی - ئەمەریکی بەشداریی دەکەم. ئەگەر زۆر بە پەلەن، دەتوانن لەگەڵ عەبدولحەکیم عامر گفتوگۆ بکەن و ئەگەر کاتیشتان هەیە، بمێننەوە و لە مانگی ئابدا یەکتر دەبینین و ئەم ماوەیەش ئێوە لە قاهیرە پشوو بدەن. عەبدولمەجید فەرید ئەو هەواڵەی بۆ ناردم، لەو کاتەدا سکرتێری جەمال عەبدولناسر بوو، هەر کە هەواڵەکەی پێگوتم، منیش پێم گوت "برا گیان لە کابرایەکی کوردیان پرسی خورما دەخۆیت یان مێوژ؟ گوتی خۆرمژ دەخۆم، واتە هەردووکیان". جا منیش دەمەوێت هەم عەبدولحەکیم عامر ببینم و گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم، هەم چاوەڕوان دەمێنمەوە تا جەمال عەبدولناسر بگەڕێتەوە. ئەویش ڕازی بوو و چووین بۆ مااڵی عەبدولحەکیم عامر و زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێکردین. زۆر بە هەست و سۆزەوە بەرەو ڕووی کێشەی کورد بووەوە و گوتی "ئەو بەعسییە ساختەچییانە درۆ دەکەن و هیچتان نادەنێ، بەاڵم ئێوە دیسان دەستەکەنەوە بە جەنگ، ئاشتیخواز بن و بە لەسەرخۆیی لەگەڵ عەرەبەکاندا بجوواڵێنەوە، چونکە من بەو ئاکامە گەیشتووم کە هیچتان نادەنێ و نیەتێکی باشیان بەرانبەر ئێوە نییە". من لە قاهیرە مامەوە و لەو ماوەیەدا دوو شتی گرنگ لە ژیانی منداڵ ڕووی دا: یەکەم ئەوە بوو کە (موحەممەد حیلمی)ی کەسایەتی بەناوبانگی کوردی تورکیام بینی، کە سەردەمێک

وەزیـــری عوسمـــانی بـــوو. لـــە ســـاڵی ۱۹٤۷دا نامەیـــەکی دا بـــە نەتەوەیـــەکگرتووەکان و داوای مـــافی کوردەکـــانی کـــرد. هـــەروەها نوێنـــەری خانەوادەی مەلیك بوو و ماوەیەك لە میسر ماوەتەوە و زۆر کتێب و نووسـراوی هـەبوو کـە دای بـە مـن. پاشـان چـاوم بـە موحەممـەد عـەونی و سـەلاحەدین عوسامە و خوشکەکەیان، دەوروبیە، کەوت. ۱۰ کتێبی وەکو دیـاری دا بـە مـن، بەداخـــەوە لای شـــەوکەت عـــەقراوی مایـــەوە و ئـــەویش ڕۆیـــشت و هـــەر نەماندییەوە. ئەوانە باشترین بەڵگەی مێژوویی بـوون. دوای ماوەیـەك دەسـتم کـرد بـە نووسـینی کتێبێـك کـە دواجـار بـە نـاوی (کوردسـتان و بزاڤـی ڕزگاریـیخوازیی گەلی کورد) بڵاوبووەوە. مـن دەمزانـی کـە زانسـت و زانیـاریی عەرەبەکان دەربارەی کـورد زۆر کەمـە، بەتایبـەت کاتێـك کـە خوالێخۆشـبوو (فوئاد ڕوکابی)م بینی و باس لەوە کرا کە کتێبێك سەبارەت بە کێشەی کـورد بنووسرێت، تاکو عەرەبەکان لە کێشەی کورد تێبگەن و بە شـێوەیەکی ڕاسـت و دروست و ڕەوا و بێلایەنانە چەمکەکان شیبکاتەوە. لەو ماوەیەدا کە مـن لـە قاهیرە بووم، وەفدی کورد لە بەغدا مانەوە و حکومەتیش کارەکانی جێبەجێ نەدەکردن.

لایەنی حکومەت پڕۆژەیەکی دابوو بەوان، کە ناوەڕۆکەکەی زۆر پووچەڵ و بێ کەڵك بوو، سـەبارەت بـە مـافی گـەلی کـورد هـیچی تێـدا نـەبوو و دانـی بـە ناسنامەی کوردیدا نەدەنا. زیاتر باسی لە سیستمی ئیداریی کردبـوو کـە دوور لە ناوەند بێت. بەم بۆنەیەوە هاوڕێیان لەوێ هیوابڕاو بووبوون و بەرەبەرە لـە بەغـدا دوورکەوتنـەوە، چـونکە ترسـی ئـەوەیان هـەبوو کـە حکومـەت جـەنگ دەسـتپێبکاتەوە و هـەموویان دەسـتگیر بکـرێن. زۆریـان ڕۆشـتبوون و چـەند کەسێکیان مابوونەوە.

سـەرەنجام جـەمال عەبدولناسـر هاتـەوە بـۆ قـاهیرە و مـنی بـانگ کـرد، شـەوکەت عەقراویـشم لەگەڵـدا بـوو. پـێم وابێـت ۲۹–۳۰ی ئـازار بـوو. لەوێـدا

تێڕوانین و بۆچوونی خۆم بۆ جەمال عەبدولناسر شی کردەوە،سەبارەت بەوەی کە حکومەت دەیەوێت شەڕ دەستپێبکاتەوە. کاتێک قسەکانم کۆتایی هات، جەمال عەبدولناسر گوتی "هەموو قسەکانی تۆ بە لای منەوە ڕاستە و دەزانم کە ئەوان هەڵوێستیکی نالەباریان بەرانبەر ئێوە هەیە و لەگەڵتان ناسازێن". پاشان گوتی "ئەوکاتە کە هاتیتە لای من و گوتت ئەوان بیانوو دێننەوە و دەڵێن ناوێرین مافی کوردەکان بدەین، چونکە جەمال عەبدولناسر تاوانبارمان دەکات و دژی ئێمە هەڵوێست وەردەگرێت، منیش بە تۆم گوت برۆ گفتوگۆیان لەگەڵدا بکە و شتەکانیان بۆ ڕوونبکەرەوە، ئایا ئەو کارەت کرد؟". منیش گوتم "بەڵێ، چووم و قسەکانم کرد و گوتم پێشنیاز و پێشمەرجی جەمال عەبدولناسر ئەوە بوو کە با ئەوان پرسی حکومەت و ئۆتۆنۆمی لەگەڵ ئێوە بە ئەنجام بگەیەنن و هەردوو لا واژۆی بکەن، بەڵام هیچ کارێکی لەسەر مەکەن و دیسان وەرنەوە بۆ قاهیرە کە من واژۆی بکەم و بە فەرمی ڕایبگەیەنم و ئیتر ئەوان بیانوویەکیان نەمێنێت". گوتم "هەموو ئەو شتانەم پێ گوتوون، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو". جەمال عەبدولناسر گوتی "ئەوان ڕاست ناکەن، نە لە پرسی یەکێتیی عەرەبدا ڕاستبێژن و نە لە چارەسەری کێشەی کورد. بەداخەوە ئەوان لە ڕووانگەی تایبەت و بەرتەسکی حیزبییەوە سەیری پرسەکان دەکەن و دەیانەوێت سووریا و عێراق و میسر بکێشنە ژێر کۆنترۆڵ و ڕکێفی خۆیان. من لەوە دەترسم کە دیسان جەنگ هەڵگیرسێننەوە. بەڵام داوا لە ئێوە دەکەم کە دەستپێشخەری شەڕ نەبن، با ئەوان یەکەم فیشەک بتەقێنن".

"هەندێک داوا و ئامۆژگاریم بۆ تۆ هەیە. من پشتگیریتان لێدەکەم و ئۆتۆنۆمی مافی ڕەوای ئێوەیە و گەلی کورد ڕاستییەکی مێژوویییە". شەوکەت عەقراوی (هەزار ڕەحمەتی لێ بێت) هەمیشە ئەو ڕستانەی دووپات دەکردەوە کە جەمال عەبدولناسر گوتی "وەک چۆن ڕووباری نیل ڕاستییەکی جوگرافیاییە و ناتوانی نکۆڵی لێ بکەیت، گەلی کوردیش ڕاستییەکی

مێژوویيە و ناتوانی نکوڵیی لێ بکەیت". گوتی "بە باوەڕی من، چارەسەری کێشەی کورد، بە مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکرێت". نموونەی یوگسلاڤیای گێڕایەوە و گوتی "یوگسلاڤیا نموونەیەکە کە کۆماری یەکگرتوویان هەیە و پێکەوە ژیانی ئاسایی دەبەنەسەر، ئێستا کاتی ئەوە گەیشتووە. باشترە تۆ سەردانی بەیروت بکەیت و کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی پێکبهێنیت. پێکەوە بوارێك دەڕەخسێنین کە ڕاستییەکان بۆ خەڵکی عەرەب ڕوونببێتەوە و پیشانی بدەیت کە: یەکەم: ئێوە دەتانەوێت بە ڕێگەی ئاشتی کێشەکان چارەسەر بکەن و ناتانەوێت دیسان شەڕ دەستپێبکاتەوە، ئێوە ئاگربەستتان کردووە و ناتانەوێت فیشەکی یەکەم بتەقێنن. دووەم: ئێوە نەیاری عەرەبەکان نین و پشتگیری لە بەهێزبوونی عەرەبەکان دەکەن. سێهەم: ئێوە هیچ کۆسپێکتان نەخستووەتە سەر ڕێگەی یەکگرتنی عەرەب و کوردەکان و لایەنگری یەکێتیی عەرەبەکانن. چوارەم: بە شێوەیەك هەوڵ بدە کە جیاوازیی نێوان خۆتان و ئیسرائیل ڕوونبکەیتەوە. ئێوە گەلێکی موسڵمانن، ئێوە لە زێدی باووباپیرانتان دەژین و ڕیشەتان لەناو ئەو خاکەدا هەیە و هەزاران ساڵە لەو خاکەدا دەژین، بەڵام ئەوان خاکێکیان داگیرکردووە. ئێوە دۆست و هاوڕێی عەرەبن، بەڵام ئەوان نەیار و دوژمنی عەرەبن". جەمال عەبدولناسر ئەو ئامۆژگارییانەی منی کرد و منیش زۆر سوپاسم کرد و گوتم "پەندەکانی تۆ زۆر جوان و باش بوون و دیسان سوپاست دەکەم". پاشان لە ژوورەکەی هاتمە دەرەوە. لەو کاتانەدا بوو کە یەکێتیی میسر و سووریا و عێراق ڕاگەیەندرا.

هەر لەو ڕۆژانەدا کە من لە میسر بووم، سووریا هێزی سەربازیی بە سەرۆکایەتیی فەهد شاعیر، ئەفسەری پایەبەرزی سوورییی، ڕەوانەی عێراق کرد، تاکو لە سەرکوتکردنی کوردستاندا بەشداریی بکات. ئەوان بۆ سەرکوتکردنی کوردستان پێکەوە هاوکارییان دەکرد. ئەڵبەت دۆستایەتیی میسر و دوژمنایەتیی سووریا، پیشاندەری جۆرێك لە دووبەرەکی بوو. میسر

تا ئەو ڕادەیە دۆستی کورد بوو کە لەبەر کورد نەیدەویست عەرەبەکان بە تەنیا بهێڵێتەوە. میسر لەو باوەڕەدا بوو کە کورد نابێت لە چوارچێوەی یەکێتیی عەرەب بچێتە دەرەوە. میسر نەیاری جەنگ دژی کورد بوو و نەیدەویست بەعسییەکان دژی کورد ئاگری شەڕ هەڵگیرسێنن. هەروەها زۆر نیگەران بوو کە سووریا هێزی سەربازیی دژی کوردەکان ناردووەتە عێراق. چەند نموونەیەکی ئاشکرا هەن کە شایەتی وتەکانی منن. لە ١ی حوزەیرانی ئەو ساڵەدا، من و شەوکەت عەقراویی پێکەوە جەمال عەبدولناسرمان بینی و گرفتەکانمان بە وردی بۆ ڕوونکردەوە.

جەمال عەبدولناسر خۆی گوتی مەچۆ بۆ بەغدا، چونکە هەواڵمان بەدەست گەیشتووە کە وەفدەکەتان دەستگیر دەکەن، ئەگەر تۆیش بچی دەستگیرت دەکەن و خۆت مەکە بە گۆشتی دەمی تۆپ. ئەگەر ئەو ئامۆژگارییەی جەمال عەبدولناسر نەبووایە، لەوانە بوو بگەڕێمەوە بۆ بەغدا و تووشی چەرمەسەریی دەبووم. لە سەفەری یەکەمدا کە فوئاد عارفم لەگەڵدا بوو (فوئاد کەسایەتی هەڵکەوتووی کورد و ئەفسەری سەردەمی پاشایەتی بوو، کە چەند جارێك بوو بە وەزیر)، جەمال عەبدولناسر گوتی "من پشتگیریی لە ئێوە و مافەکانتان دەکەم". هەروەها لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیدا پشتگیریی خۆی لە مافی کوردەکان دەربڕی. من نەگەڕامەوە بۆ بەغدا، بەڵام چووم بۆ بەیروت و لە ڕۆژی دووەمدا ئەمین هوەیدا باڵیۆزی میسر لە بەغدا، هاتە لای من و گوتم "سەرۆك جەمال عەبدولناسر داوای کردووە کە من نەچمەوە بۆ بەغدا، چونکە هەر بگەمە ئەوێ دەمگرن و لە سێدارەم دەدەن". لە١ی حوزەیراندا گەیشتمە بەیروت. لەسەر داخوازیی جەمال عەبدولناسر، لە هۆتێل بریستێل، هیشام ئەبو فەهد کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیی بۆ من ئامادە کردبوو. نزیکەی ٨٠ کەس لە ڕۆژنامەی جۆراوجۆرەوە هاتبوون. منیش بۆم باس کردن و دەقی قسەکانی جەمال عەبدولناسرم ئاڕاستە کردن و سەبارەت بە مافی کورد و دیاریکردنی مافی چارەنووس و زۆرلێکراویی و خەباتی کورد قسەم کرد و

وەلامی پرسیارەکانم دایەوە. بۆچی کورد خەبات دەکات و ڕادەپەڕێت و ئەگەر دان بە مافی کورددا بنێن، دۆستایەتیی کورد و عەرەب پتەوتر دەبێت و یەکێتیی وڵات و نیشتمانیش بەهێزتر دەبێت. لە میسر، جەمال عەبدولناسر بە منی گوتبوو کە باشترە مەلا مستەفا واز لە ئێران بهێنێت و گوێ نەداتە بەڵێنەکانی شای ئێران، چونکە ئاکامەکەی باش نابێت.

من لە بەیروتیش ئاگادار بووم کە نابێت بگەڕێمەوە بۆ بەغدا، هەروەها لە بەغداشەوە ئەو هەواڵەیان پێگەیاندم، بۆیە ماوەیەک لە بەیروت مامەوە. ڕۆژێک لە بەیروت پیاسەم دەکرد، دکتۆر نورەدین بابان لەوێ کاری پزیشکیی دەکرد، لە هاوڕێیانی کۆنی من بوو و مرۆڤێکی بەڕێز و چالاک بوو. هاتە لام و گوتی "ژەنەراڵ تەیمور بەختیار بەدواتدا دەگەڕێت". لەو کاتەدا بەختیار لە کاریەدەستە گەورەکان بوو، کە لەگەڵ زاهیدی، دژی موسەدیق هەستابوون و بەختیار بووبوو بە سەرۆکی ساواکی ئێران. دواجار شا دەریکرد، بە هۆی ئەوەی کە نەکا دژی شا کودەتا بکات، ئەویش هەڵاتبوو و وەکو ئەندامی ئۆپۆزسیۆن لە لوبنان دەژیا. لەوێوە چووبووە بەغدا و زیارەتی نەجەف و کەربەلا، پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لوبنان، لە بەغدا سالح یوسفی بینیبوو. کاک سالحیش نامەیەکی بەودا بۆ من ناردبوو. ڕۆژگارێکی سەیرە... لێپرسراوی ساواکی ئێران، بەڕێز ژەنەراڵ تەیمور بەختیار، بووبووە پۆستەچیی پارتی و نامەی سالح یوسفیی بۆ جەلال تاڵەبانی دەهێنا.

منیش چاوم پێی کەوت و نامەکەم لێوەرگرت و لەگەڵیدا ئاشنا بووم. سالح یوسفی لە نامەکەیدا نووسیبووی: ئێمە لە بەغدا لە مەترسیداین. تۆیش بە هیچ جۆرێک نەگەڕێیتەوە. بە ناچاری لە بەیروت ڕامگەیاند کە دەچم بۆ ئەورووپا. پێشەکی چووم بۆ ڤیەننا و لە نەمسا بووم کە حکومەتی عێراق جەنگی دژی کوردەکان ڕاگەیاند و شەڕ دەستپێکرد. ئیتر گفتوگۆ لەگەڵ بەعسییەکان بە ئەنجام نەگەیشت. بە دەستپێکردنی جەنگ لە کوردستان،

کێشەی کورد لە ئاستی جیهانیدا دەنگی دایەوە و ولاتانی سۆشیالیست بە ئاشکرا بەرگریان لە مافی کورد دەکرد و کۆمۆنیستەکانیش هاتنە کوردستان. بە شوێن ئەوانەدا، مەنگۆلیا کێشەی کوردی لە نیۆیۆرك و نەتەوەیەکگرتووەکاندا باس کرد. یەکەم جار من و سالح یوسفی چووین بۆ بەغدا و بەشێکی زۆر لە پەیامنێرانی عێراق و عەرەب و بیانی هاتنە لای من و هەموو دەیانویست بزانن هەڵوێستی شۆڕشی کوردستان چییە؟ هەروەها تێڕوانینی ئێمە بەرانبەر حکومەتی نوێ چۆنە و گفتوگۆکانمان بە چ ئاکامێك دەگات؟ بەم بۆنەیەوە هەموو ڕۆژێك دەیان ڕۆژنامەوان و پەیامنێرمان دەبینی و زۆربەشیان مۆڵەتیان لە حکومەت وەرگرتبوو کە بارزانی ببینن. لە ڕێگەی قەڵادزێ توانییان بارزانی ببینن.

هەموو ڕۆژێك ڕۆژنامەوانان دەچوونە لای بارزانی و هەواڵەکان لە ئاستی جیهانیدا بڵاودەبووەوە و کێشەی کورد بە ئاشکرا لە جیهاندا دەنگیدایەوە. هۆکاری دووەم کە کاردانەوەی هەبوو لەسەر کێشەی کورد، کۆشتاری کۆمۆنیستەکان بوو کە بە هۆی ولاتانی کۆمۆنیستی لە جیهاندا و حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، زۆربەی ئاژانسەکانی دەنگوباس و ڕۆژنامەکان دەبوو ئاوڕیان بدایەتەوە لە شۆڕشی کوردەکان و بە تووندیی ڕەخنە لە حکومەتی عێراق بگرن. زۆربەی میدیا جیهانییەکانی کۆمۆنیستەکان، هەموو ڕۆژێك باسی عێراقیان دەکرد. بۆیە کوشتنی کۆمۆنیستەکان و جەنگ دژی کوردەکان و شۆڕشی کوردی، هەواڵی ڕۆژانەی ڕۆژنامەکانی جیهان بوو. بێگومان جەنگ دژی کوردەکان و بەتایبەت کوشتاری کۆمۆنیستەکان لە عێراقدا، هەراوهوریای زۆری لە جیهاندا بەرپا کردبوو. سەرنج دەدرایە کێشەی کورد و لێکدانەوەی زۆر لە لایەن حیزبی کۆمۆنیستەوە بڵاودەبووەوە. ڕۆژنامەکانی ئەوروپا و ولاتانی کۆمۆنیستی و ڕێکخراوەکانی لایەنگریان، وەکو لاوان و ژنان و کرێکاران و خوێندکاران و.. ڕەخنەی تووندیان لە عێراق دەگرت.

ئەم پرسە لە جیهاندا زۆر دەنگی دایەوە. ڕۆژنامەکان بایەخی زۆریان بە پرسی کورد دەدا. بۆ نموونە: نیۆیۆرك تایمز پێشتر پەیامنێرەکەی واتە (ئادەم شمیدت)ی ناردبوو کە تۆێژینەوەیەکی باش لەسەر کورد و ڕووخانی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بکات. ڕۆژنامەی فەرەنسیی لۆمۆند، پەیامنێری تایبەتی خۆی (ئێریك ڕۆلۆ)ی ناردبوو. کە لە سەرەتاوە بە شێوەی قاچاخی و نایاسایی هاتبوو، ئێمە لەگەڵ خۆمان بردمان بۆ بەغدا. هەروەها پەیامنێرێکی دیکەی فەرەنسیی لە (فیگارۆ) هاتبوو. زۆر ڕۆژنامە و گۆڤاری بەناوبانگ و گەورە و بچووك نوێنەر و پەیامنێری تایبەتی خۆیان ناردبووە ئەو ناوچەیە. بەرەبەرە پرسی کوردیان وەکو چەمکێکی بەنرخ و گرنگ بۆ وڵاتانی جیهان دەردەخست و بە شێوەیەکی دیبلۆماسی و زیرەکانە کێشەکانیان ئاشکرا دەکرد، کە ڕایگشتیی ئەورووپا و ئەمریکا لێی بکۆڵنەوە. تەنانەت لای عەرەب و وڵاتانی کۆمۆنیستی و دیموکراتیش، بە شێوەیەك پرسێکە هاتبووە ئاراوە کە سەرنجی هەموو خەڵکی، لە هەر تۆێژێك، وەکو عەرەب و کۆمۆنیست و دیموکرات و... بەرەو لای خۆی ڕاکێشابوو. لەو کاتەدا ئێمە گفتوگۆمان پێ باش بوو و ئەمریکا و سۆڤێتیش پەسەندیان دەکرد. لە کاتی وتووێژدا من هەموو ڕۆژێك لە بەغدا لەگەڵ کارگێڕێکی ڕووسی دیدار و پەیوەندیم هەبوو. ئەو دەوری ناوبژیکاری منی هەبوو و ماوەیەك لە عێراقدا مایەوە. دواجار لە لوبنان دیسان بینیمەوە، کە ئەمجارە سکرتێری بالیۆزخانەی ڕووسیا بوو. لەڕاستیدا ڕووسیا بە چاکی پشتگیریی لە داخوازیی کوردەکان دەکرد و پێیان خۆش بوو کە ئێمە لە ڕێگەی وتووێژەوە کێشەکانمان چارەسەر بکەین و شتێکمان دەستبکەوێت و لە تیاچوون ڕزگارمان بێت، چونکە هەستی بە مەترسی لە ئێران و عێراق و تورکیا دەکرد، کە نەکا یەکبگرن و کوردەکان لەناوببەن.

حکومەتی بەعسیش بەڕاستی زۆر دڕندانە لەگەڵ کوردەکاندا دەجوولایەوە. ڕووسیا خوازیاری مانەوەی ئێمە و خەباتی چەکدارانەی ئێمە بوو. نوێنەری ئەمریکییەکانیش هەر بەو جۆرەی کە پێشتر گوتم، لە لایەن بالیۆزخانەوە هاتن

و بـه ئێمـه‌یان گـوت کـه ده‌بێـت بـه ڕێگـه‌ی ئاشـتیخوازانه کێـشه‌که چاره‌سـه‌ر بکه‌ین. هه‌ر له‌و کاته‌شدا زۆر جار له‌گه‌ڵ باڵیۆزی فه‌ره‌نسا و کارمه‌ندی ئـه‌مریکا و نوێنه‌رانی ئـه‌ڵمانیا و وڵاتـانی کۆمۆنیـستی، کۆبوونـه‌وه و گفتوگۆمـان هـه‌بوو، ته‌نانه‌ت باڵیۆزی چین، که به‌گژ یه‌کتردا چـووین و ڕووانگه‌یـه‌کی باشـی به‌رانبـه‌ر کـورد نـه‌بوو و پـشتی حکومـه‌تی عێراقـی ده‌گـرت. پـاش ئـه‌و وتووێژانـه، لـه ئاهـه‌نگێکی باڵیۆزخانـه‌ی چـین، بـاڵیۆزی چـین دیـسان هاتـه‌وه بـۆ لام. گـوتم "چییه؟ دیسان دوژمن و نه‌یاری مافی چاره‌نووسـی کورده‌کـانی؟". گـوتی "نـا! تـۆ لـه مه‌به‌سـته‌که‌ی مـن تێنه‌گه‌یـشتووی". گـوتم "زۆر بـاش تێگه‌یـشتووم. هه‌ڵوێستی تۆ هه‌ڵوێستێکی سلبییه و دژی مـافی چاره‌نووسـی گـه‌لانی دیکه‌یـه و جۆرێك پشتگیریی له حکومه‌تی دیکتاتۆریی عێراقه که خـوێنی کۆمۆنیـسته‌کانی ڕشتووه". گوتی "ئه‌وان حیزبی کۆمۆنیستی عێراق بوون. ڕیفۆرمخوازن". گـوتم "گیانه‌که‌م! ئه‌وان به هۆی کۆمۆنیـستبوونیانه‌وه ده‌کـوژرێن. حکومـه‌تی عێـراق مارکسیست ـ لینینیست نییه که تۆ بڵێیت ئه‌وان ڕیفۆرمخوازن و له هێڵی حیزبی لایانداوه". لـه‌و کاتـه‌دا بـاڵیۆزی فه‌ڕه‌نسا پـه‌یوه‌نـدیی زۆر دۆسـتانه‌ی له‌گـه‌ڵ ئێمه‌دا هه‌بوو. پـه‌یامێکم پێدا که بیدات به ژه‌نه‌ڕاڵ دۆگـۆڵ، ئـه‌ویش وه‌ریگـرت و داکۆکیی کرد که بێگومان ده‌یداتێ و وه‌ڵامه‌که‌شی دێنێته‌وه. ئامـاژه‌ی بـه‌وه‌ش کرد که ژه‌نه‌ڕاڵ دۆگـۆڵ ڕووانگه‌یه‌کی تایبه‌تی به‌رانبـه‌ر کـورد هه‌یـه و خوازیـاری ئه‌وه‌یه که گرفتی ئێوه سه‌رکه‌وتووانه کۆتایی بێت. له‌و ڕۆژانه‌دا، هـه‌موو ڕۆژێـك ڕۆژنامه‌نووسه‌کان ده‌هاتنه لای ئێمه و ده‌رباره‌ی کورد باس و ڕاوێـژیان ده‌کـرد. ته‌نانه‌ت ڕۆژنامه‌وانێکی تورك هات و وێنه‌ی من و وتاری زۆری ده‌رباره‌ی کـورد و شۆڕشه‌که‌ی بڵاوکردبـووه‌وه. دۆسـتایه‌تیی ئێمـه و میـسر و ئاشـکرابوونی دۆزی کـورد لـه‌ناو ڕۆژنامـه عه‌ره‌بییه‌کانـدا بـه گـشتی و لایـه‌نگرانیان به‌تایبـه‌تی، کاریگه‌ریی زۆری له‌سه‌ر پـه‌یوه‌ندیی ئێمه و عێراق و جیهانی عه‌ره‌ب هه‌بوو.

ته‌نانه‌ت جارێکیـان حکومـه‌تی عێـراق بـه فـه‌رمی کاردانـه‌وه‌ی پیـشان دا، چـونکه ڕۆژنامـه‌ی (الاهـرام) نووسـیبووی: (الثـوار الاکـراد)، واتـه کـورده

شۆڕشگێڕەکان، ئەم واژەیە ئاڵۆزی و گێرە و کێشەی زۆری دروستکرد. حەسەنەین هەیکەل سەرۆتارێکی تایبەتی لەوبارەوە نووسی و وەڵامی دایەوە، کە هەراوهوریای زۆری دروستکرد. بە گشتی لێدوان لەسەر کێشەی کورد لە ئەورووپاشدا، کاردانەوەیەکی سەیری هەبوو، بەم بۆنەیەوە کاتێک من هاتمە ئەورووپا، بەردەبەرە بوار ئامادە بوو و بەڕاستی خودی خوێندکارانی کورد لەو بارەیەوە هەوڵێکی زۆریان دابوو و دەورێکی تایبەتییان هەبوو. بۆ نموونە کاتێک گەیشتمە فیەننای پایتەختی نەمسا، دکتۆر ئەمین ڕەواندزی و هەندێک لە هاوڕێیان و کوردەکان هاتنە پێشوازیی من و لەگەڵ خۆشیاندا پەیامنێر و ڕۆژنامەوانیان هێنابوو. هەر لەو فڕۆکەخانەدا لەگەڵ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ئاژانسەکانی دەنگوباس گفتوگۆم کرد و هەموویان لەو ڕۆژەوە سەبارەت بە کێشەی کورد دەیاننووسی و دەیانخوێندەوە. لەو سەفەرەدا لەگەڵ زۆربەی حیزبەکانی نەمسادا ئاشنا بووم و گفتوگۆم لەگەڵدا کردن. دوای ئاگربەست، چووم بۆ پاریس و لەوێش زۆربەپەیامنێر و ڕۆژنامەوان هاتبوونە فڕۆکەخانە و ڕاپۆرت و لێکدانەوە و هەواڵی زۆردەربارەی کورد بڵاوبووەوە. تەنانەت بەرپرسانی زۆربەی ڕۆژنامە بەناوبانگەکان بانگهێشتی منیان کرد، چونکە زۆربەیان پەیامنێرەکانیان ناردبووە کوردستان.

بۆ نموونە: لەبیرمە کە یەکێکیان سەرنووسەری ڕۆژنامەی فیگارۆ بوو کە سەر بە لایەنی ڕاستە، بەڵام ڕۆژنامەیەکی گرنگە لە فەرەنسادا و بە شانازیی منەوە ئێوارەخوانیان ڕێکخستبوو و دەیان کەسایەتیی دیار و گرنگ و ڕۆژنامەوانی فەرەنسا هاتبوون. بانگهێشتی دواتر لە لایەن ڕۆژنامەی ئومانیتە بە سەرپەرشتیی ئیکیا فاجۆن بوو، کە منی وەکو میوانێکی تایبەتی ناو برد، بەو بۆنەیەوە شامپانیای تایبەتییان هێنابوو. لەڕاستیدا ئومانیتە وەکو ڕۆژنامەی ئێمە وابوو، چونکە هەموو شتێکی دەربارەی ئێمە بڵاودەکردەوە. سەرنووسەری ڕۆژنامەی لۆمۆند پێشوازیی لێکردم و پەیامنێر و ڕۆژنامەوانی زۆریشی بانگ کردبوو. بە واتایەکی تر، زۆر ئاوڕیان لێدامەوە و بەڕاستی

فەرەنسییەکان بە هەموو شێوەیەک پێماندا ڕاگەیشتن. بەڵام لەو کاتەدا ئینگلیزەکان قیزەیان نەدامێ و گوتیان کە من گرفتیان بۆ دروستدەکەم و شوێنەواری خراپی لەسەر پەیوەندیی ئەوان و عێراق دەبێت.

بەڵام خاڵێك کە پێویستە دەربارەی سەفەرەکەی پاریس بیڵێم، ئەوەیە کە من لەو سەفەرەدا، واتە لە حوزەیرانی ١٩٦٣دا، (شیمۆن پیرێز)م نەدی، لە پاریس لێپرسراوی گرووپی کوردەکان بووم و لە هەر وڵاتێکدا لەگەڵ نوێنەرێکی ڕووسیدا کۆدەبوومەوە و پێکەوە ڕاوێژمان دەکرد و ڕێنمایی دەکردم. لە پاریسیش یەکێك لە نوێنەرانی ڕووسیا لەوێ بوو. ڕۆژێك کامەران بەدرخان هات و گوتی "ڕاوێژکاری وەزیری بەرگریی بەریتانیا و مەلیك حسێن دەیانەوێت تۆ ببینن". منیش گوتم "زۆر باشە". پاشان لەگەڵ ڕووسییەکان ڕاوێژم کرد، ئەوان دژی ئەو کۆبوونەوەیە بوون. دوای ماوەیەك کامەران بەدرخان هاتەوە و گوتی "من بە هەڵە تێگەیشتبووم، وەزیری بەرگریی بەریتانیا نییە، بەڵکو وەزیری بەرگریی ئیسرائیلە". منیش گوتم "بەڕێز! لەگەڵ هاوڕێیانی ناو کوردستان ڕاوتەگبێرم کردووە و ئەوان پێیان باش نییە کە لەگەڵ ئەوانەدا کۆببمەوە". من نەك بۆ ئیسرائیل نەچووم، بەڵکو لەگەڵ شیمۆن پیرێزیش دیدارم نەبووە. هەروەها ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابەش کاربەدەستان و وڵاتی ئیسرائیلیان نەدیوە. تەنیا شەمسەدین موفتی و دکتۆر مەحموود عوسمان سەفەریان بۆ ئیسرائیل کردووە.

لەو کاتەدا پەیوەندیی ئێمە و بارزانی باش نەبوو. بەڵام خاڵێکی سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە من نامەیەکم بۆ (ویڵسۆن) لە بەریتانیا نووسی. ئەو لەو کاتەدا لێپرسراوی حیزبی کرێکارانی ئۆپۆزیسیۆن بوو و سەبارەت بە کورد زۆر شتم بۆ نووسیبوو. ئەویش وەڵامێکی جوانی بۆ نووسیبووم، هەروەها نووسیبووی کە لە پەرلەماندا دەربارەی کورد قسەمان کردووە. ئەوە ڕاست بوو، چونکە لە پەرلەماندا باسی ئەوە کرابوو کە بۆچی لەندەن چەك بە

عێراق دەدات و بۆچی ڤیزەیان بە تالەبانی نەداوە. پاش سالێك پارتی کرێکاران لە بەریتانیا دەسەلاتی گرتەدەست. من لەو کاتەدا لە بەرلین بووم و جارێکی دیکە داوای ڤیزەی بەریتانیام کرد. کونسولێ بە منی گوت "بەو مەرجە ڤیزەت دەدەمێ کە بەڵێن بدەی زۆر شت لەبەرچاو بگریت و کاریگەریی خراپت لەسەر پەیوەندیی ئێمە و عێراق نەبێت". منیش گوتم "هیچ مەرجێك قەبوولێ ناکەم، یان ڤیزە دەدەی یان پێویستم بە ڤیزەی ئێوە نییە". ئەویش ڤیزەی نەدامێ. دیسان نامەیەکم بۆ ویلسۆن نووسی کە لەو کاتەدا بووبوو بە سەرۆك وەزیران. نووسیم لە حکومەتی خۆپارێزاندا ڤیزەیان بە من نەدا، تۆش دژایەتیت بەرانبەر ئەو کارە دەربڕی و وەلامی نامەکەت نووسی. ئەویش دوای ۲-۳ ڕۆژ نامەکەمی وەرگرتبوو. ڕۆژێك کونسولێ پەیوەندیی بە منەوە کرد و بە پێکەنینەوە گوتی "وادیارە سکالات کردووە، فەرمانم پێکراوە کە ڤیزەت بدەمێ". ڤیزەکەم وەرگرت و بەرەو لەندەن بەڕێکەوتم. لە لەندەن چالاکیی زۆرمان هەبوو. نوێنەرانی پەرلەمان کۆبوونەوەیان پێکهێنا و تەنانەت لە یەکێك لە کۆمیسیۆنەکاندا چاوم بە ویلسۆن کەوت. ئەویش منی ناساند، چونکە بەڕاستی کێشەی کورد لەو کاتەدا زۆر گرنگ بوو. لە سەرانسەری جیهاندا کێشەی کورد ناوبانگی هەبوو. منیش لە ئەوروپادا بەپێی عەقڵ و ئاوەز و شێوازێکی پەسەندکراو و ژیرانە و بەبێ هیچ سەمەرەبوونێك، دەربارەی کێشەی کورد قسەم کرد. بەڕاستی جەماڵ عەبدولناسریش لەو بارەیەوە هاریکاریی باشی کردین، تا لە جیهانی عەرەبدا کێشەی کورد بێنینە گۆڕێوە. تەنانەت بەرەی خۆپارێزی عەرەب، وەکو مەلیك حسێن، لەگەڵ ئێمە بوو. لەو کاتەدا مەلیك فەیسەڵ ئەمیر بوو و لەگەڵ براکەیدا نێوانیان خۆش نەبوو و هاتبووە ئەوروپا. بە یارمەتیی باڵێۆزەکەی لە (ڕۆم) پەیوەندیمان لەگەڵدا گرت و لە ڤیەننا کۆبوونەوە و گفتوگۆمان کرد. گرنگبوونی پرسی کورد لەو سەردەمە، لە هەموو شوێنێکدا بەرچاو بوو. ڕۆژنامە و میدیاکان بەردەوام گرنگیی ئەو پرسەیان دووپات دەکردەوە.

داوای ڤیزەی ئەمریکام کرد و بە خێرایی پێیان دام. لە ئێوارەیەکی جوان و هەستبزوێندا، خوێندکاران ئاهەنگێکیان ساز کردبوو، لە گەرمەی ئاهەنگەکەدا دوو کەس لە باڵیۆزخانەی ئەمریکاوە هاتن کە لەو کۆبوونەوەدا بەشداریی بکەن. لەگەڵ سەعدی دزەیی گفتوگۆیان کردبوو و دەیانویست کەمال فوئاد ببینن. گوتبوویان جەلال داوای ڤیزەی ئەمریکای کردووە، بەیانی یان خۆی پاسپۆرتەکەی بهێنێت، یان بەو ناونیشانە بینێریت کە ڤیزەی بدەنێ. دوایی هاتن و لەگەڵ منیشدا دانیشتن، ئێمەش بانگهێشتمان کردن بۆ سەر مێزەکەی خۆمان و پێکەوە وتوویژمان کرد و لەوێ دەریانخست کە ڤیزە هاتووە. وتیان کاتێکیش چووی بۆ ئەمریکا، لە وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی داد، (رۆبێرت) چاوی بە تۆ دەکەوێت، بەڵام سەردانی کۆشکی سپی و سەرۆک کۆمار جێبەجێ نابێت.

ئەڵبەت ئەم سەردان و پەیوەندیی و سەفەرەی من، بە ئاگاداریی ڕووسیا بوو. ئێمە لەو سەردەمەدا بۆ هەر مەبەستێك، لەگەڵ ڕووسیا ڕاوێژمان دەکرد. من چووم بۆ ڕۆژهەلاتی ئەڵمانیا و لەوێش پێشوازیی باشیان لێکردم. لە چانخانەی میوانانی دەرەکیی بەرلین بووم و ئەندامانی نووسینگەی سیاسیی حیزبەکانم بینی، تەنانەت ١٠٠ هەزار مارك پارەیان دایێ کە مەسرەفی کاروباری خۆمانی پێبکەین، بەڵام بەو مەرجە کە لە ڕۆژئاوای ئەڵمانیا خەرجی نەکەین. چێکۆسلۆڤاکیا و ڕۆژهەلاتی ئەڵمانیا، گوتیان "هەرچەندە چەکتان پێویستە، ئێمە بۆتان دابین دەکەین، بەڵام دەبێت خۆتان بەرپرسایێتیی گواستنەوەی لەئەستۆ بگرن". پاشان چووم بۆ مۆسکۆ، ئەڵبەت پێش ڕۆشتنم، نووسینگەی نوێنەرایەتیی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی مۆسکۆ لە پاریس گفتوگۆیان لەگەڵ منداکرد و لە سۆڤێت بڵاویان کردبووەوە. لەوێ لەگەڵ چەند لێپرسراوێك کۆبوومەوە و گفتوگۆمان کرد. هەر لەو سەفەرەدا بوو کە تێگەیشتم داواکەی مەنگۆلیا بەدی نایەت. گوتیان هیچ کەسێك پشتگیریی ناکات لەو مەسەلەیە کە مەنگۆلیا لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا هێناویەتە ئاراوە.

بەداخەوە منیش سەفەرەکەی ئەمریکام پەکخستەوە، یەکێك لە هۆکارەکانی مەنگۆلیا بوو و هۆکاری دووهەمیشی ئەوە بوو کە لە کوردستانەوە منیان بانگ کردەوە، گوتیان بارودۆخ زۆر شڵەژاوە و مەکتەبی سیاسیشیان گرتووە. ئەو جێگەیەی کە منی ڕەوانە کردبوو، پەیتا پەیتا پەلاماریان دەکردە سەری. هاوڕێیان منیان ئاگادار کردەوە کە باشترە بگەڕێمەوە، بەڵام ئێستا بیری لێدەکەمەوە کە بریا دەچووم و ئەگەر وەها بووایە، زۆر بە سوودی بارودۆخی کورد بوو و لە گۆڕەپانی ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکاندا کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لەبەرچاو دەگیرا.

یەکێك لەو هۆکارانەی کە پرسی کوردی ڕووبەڕووی کاردانەوەیەکی باش کردەوە، هەوڵ و تێکۆشانی خوێندکارانی کورد بوو لە ئەورووپا و لەناو ڕۆژنامە و میدیاکاندا دەستیان باش دەڕۆیشت. ئەمە بووە هۆی ئەوە کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٦١ تا ١٩٦٣، کێشەی کورد دەنگبداتەوە، جەنگ دژی کورد و خەڵکەکەی. زۆری نەخایاند کە بەعسییەکان لەناو حکومەتدا دەستیان کورتبووەوە و عەبدولسەلام عارف دەسەڵاتی گرتەدەست. ئەمە سەرەتایەك بوو کە گفتوگۆی نێوان خەباتکارانی کورد و حکومەتی عێراق دەستپێبکات. بەڵام حکومەتی بەعس لە ڕۆژانی ٨ و ٩ و ١٠ی حوزەیران، بە شێوەیەکی دڕندانە بەرەو ڕووی کوردەکان بووەوە و تا مانگی تشرینی یەکەم شاڵاوی دوژمنانە و دڕندانەی ئەوان بەردەوام بوو. لەو سەردەمەدا بوو کە بەعسییەکان زمانی هەڕەشەیان کرایەوە و بە تووندوتیژی لەگەڵ کوردستان جوواڵانەوە. بۆ یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخی عێراقی مۆدێرندا، بەعس سیاسەتی سەرکوت و کاولکردنی گوندەکان و گواستنەوە و ڕاگوێزی کوردی لە زێدی باووباپیرانیان پەیڕەو کرد و بۆ یەکەم جار گوند و ناوچەکانی دەوروبەری کەرکووك و شوێنە نەوتییەکانی لە خەڵکی کورد چۆڵ کرد. لەڕاستیدا ساڵی ١٩٦٣، دەستپێکی سیاسەتی سەرکوت و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستانی عێراق و ڕاگوێزی خەڵك بوو بۆ دەرەوەی هەرێمی

کوردستان. ئەمە کارنامەی حیزبی بەعسە، لەوە دەچوو کە ئەم کارەساتە بەشێك لە بیروباوەڕی میشێل عەفلەق بوو کە لە مادە سەربازییەکانی حیزبی بەعسدا ئامادەی پێکردووە و دەڵێت "ئەگەر کەمایەتییەکی نەتەوەیی (ئەڵبەت لە ڕووانگەی ئەوانەوە) ڕازی نەبوون بۆ بەعەرەبببوون، نەیانویست لەناو کۆمەڵگای عەرەبیدا بتوێنەوە و تێکەڵ ببن، بۆمان هەیە لەو خاکە دەریان بکەین و لەو شوێنانە دووڕەپەڕێزیان بکەین، چونکە ئەمە خاکی عەرەبە". ئەم تێڕوانینە شۆڤێنییە، لە بناغەوە بەپێی بیروباوەڕێکی هەڵە جێگیر بووە. بۆ نموونە خاك و زەویوزاری کوردستانی عێراق هیچ پەیوەندییەکی بە عەرەبەوە نییە و بەشێك لە زێدی باووباپیرانی کورد و کوردستانە و خاکی گەلی کوردە، هەر بەو جۆرە کە خاکی عەرەبەکانی عێراق پەیوەندیی بە عەرەبەوە هەیە.

بەڵام بەداخەوە ئەم ڕووانگە شۆڤێنییە بۆ یەکەم جار هەر لەو ساڵەدا هاتە کایەوە. هەندێك لە عەشیرەتەکانی کوردستان، عەرەبەکانیان هان دا کە ماڵی کوردەکان تاڵان بکەن و تەفروتونایان بکەن. سەیر ئەوە بوو کە هەر بەو ڕادەیەش بەعسییەکان هەڕەشەیان دەکرد. دیسان لە ناوچە گرنگەکانی کوردەکان ئامادە بوون و ناوچەی ڕزگارکراو هەر وەکو خۆی مایەوە. پێشمەرگەکان بە گشتی دەورێکی زۆر جوامێرانە و کۆڵنەدەرانەیان هەبوو، هەرچەند هەندێك لە لێپرسراوانی پێشمەرگە کە بارزانی دیاریی کردبوون، زۆر کەمبڕست و لاواز بوون و لێوەشاوەییەکی ئەوتۆیان نەبوو، بۆ نموونە: عەزیز عەقراویی کە لێپرسراوی لق بوو، لاف و گەزافی ئازایەتی و زیرەکی و بوێریی لێدەدا، هەموو شوێنێکی پڕ کردبوو لە باسکردنی خۆی، بە ناوی بەرپرسی هەولێر هەڵیانبژاردبوو، هەر لە سەرەتای شەڕەکەوە شکستی هێنا و لە شوێنێکی شاخاویی و ئەستەمدا جێگیر بووبوو کە هیچ سوپایەك نەیدەتوانی ئەو شوێنە داگیر بکات، بەڵام دوژمن بە ئاسانی ئەو هەموو پێشمەرگەیەی ڕاو ناو و ئەوێی داگیر کرد. عەزیز عەقراویی بە پەلە هەڵات بۆ ناوچەی سەڵاحەدین

و حاجی ئۆمەران و هێزەکانی پەرش و بڵاو بوونەوە. هەڵاتنی ئەو بووە هۆی ئەوەی کە ئەو ناوچانە داگیر بکرێن، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە دوژمن هیچ خۆی پێوە ماندوو نەکردبوو. ئەو بەڕاستی بەرپرسێکی بێ توانا بوو کە دواجار بە تەوسەوە ناویان نابوو ژەنەڕاڵی هەڵاتوو. بەڵام لە ناوچەکانی دیکە کە لێپرسراوانی حیزبی لەوێ بوون، زۆر قارەمانانە شەڕیان کرد و لە هیچ شوێنێکی ئەو ناوچانەدا دوژمن نەیتوانی پێش بکەوێت. لە وەرزی پایزدا دەوروبەری چەمی ڕێزان گیرا، هەرچەند کە ئەو ناوچەیە شیو و دۆڵە، بەڵام لە پشتیەوە تا ئاغجەلەر دەشت و سەحرایە و تۆپ و دەبابە بە ئاسانی بەسەریدا زاڵ دەبن.

لەو ناوچەدا ٢–٣ هەفتە شەڕ و پێکدادان هەبوو، بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر لە کورد و پێشمەرگەکان لەلایەن بەعسییەکانەوە کوژران، بەڵام کاتی بوو و بە زووبی ناچار بوون پاشەکشە بکەن و نەیانتوانی زیاتر لەوە پێشبکەون و شوێنە ستراتژییەکان داگیر بکەن، بەتایبەت ناوچەکانی قەرەداغ و بەمۆ و شارباژێر و ماوەت و... ڕەنگە زیاتر بەو هۆیە بووبێت کە کۆمیتەی ناوەندیی لەو شوێنانەدا نیشتەجێ بووبوو. ئەوان تەنیا بەشێکی کەم لە بارزانیان داگیر کردبوو، چونکە لەو ناوچەیەدا هیچ کەسێك بەرەنگاریان نەبووەوە و عەزیز عەقراویش لەو ناوچەیە هەڵاتبوو. دوای ماوەیەك کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ دژی حکومەت ڕووی دا، کە بەعس شکستی هێنا و ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ئێمەوە کرد. لەوە دەچوو کە لەژێر کاریگەریی جەمال عەبدولناسردا بووبێت، چونکە عەبدولسەلام عارف خۆی بە ناسریی و لایەنگری ئەو دەزانی، بەڵام وەکو زۆربەی ئەفسەرەکان بە ڕووالەت لایەنگری جەمال عەبدولناسر بوو و کاتێك دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، جەمال عەبدولناسر پێی گوت کە دژی جەنگە. کاتێك بەعسییەکان دژی ئێمە شەڕیان دەکرد، ڕۆژنامەکانی میسر و تەنانەت خودی جەمال عەبدولناسریش، دژایەتییان بەرانبەر جەنگ دژی کوردەکان و سەرکوتکردنیان دەربڕی. عەبدولسەلام و ئەفسەرانی باڵا و خاوەن دەسەڵاتی حکومەتی بەعس،

ناڕەزایەتی و دژایەتیی جەماڵ عەبدولناسریان بەرانبەر جەنگی پێشووش بە باشی دەزانی، بەڵام هەر خۆیان بە لایەنگری جەماڵ عەبدواناسر دەزانی. دیسان گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتدا دەستیپێکردەوە. لە سەرەتاوە حکومەت نوێنەرێکی نارد لای ئێمە و خوازیاری گفتوگۆی دووبارە بوون. لەو کاتەدا من لە ناوچەی شەدەڵە و سوورداش بووم. بە شێوەیەکی ناڕاست و بە تەوسەوە گوتم "باشە! دەستەی نوێنەرایەتیی ئێمە لە بەغدا لە زیندانەکانی ئێوەدان، دەتوانن برۆن و لەگەڵیاندا گفتوگۆ بکەن".

کاتێک من لە بەغدا ڕۆشتبووم، بە جێگەی گفتوگۆکردن، هەموو ئەندامانیان دەستگیرکردبوو، وەکو (سالح یوسفی، بابەکر مەحمودی، حاجی ئاغا، مەسعوود موحەممەد، حەسەن خانەقا، ڕەشید عارف و...) کە من مەکتەبی سیاسی و بارزانیم لەو هەواڵە ئاگادار کردبووەوە. من و نووری شاوەیس بە نوێنەرایەتی لە لایەن مەکتەبی سیاسییەوە بە مەبەستی ڕاوێژ سەبارەت بەوەی کە لە بەرانبەر داواکانی حکومەت چی بکەین، چوونە لای بارزانی کە لەو کاتەدا لە دۆڵەڕەق بوو. لە کۆبوونەوەکاندا سەلیم فەخرییش ئامادە بوو، هەروەها خوالێخۆشبوو سدیق ئەتروشی لەو ٣-٤ ڕۆژەدا لەوێ بوو، لەڕاستیدا پێکەوە دەژیاین. ڕۆژێک لەپڕ پەیامدەرێک کە لە ناوچەی ڕەواندزەوە ناردبوویان، هات و هەواڵێکی پەیوەست بە حکومەتی پێبوو. بارزانی هەموومانی کۆکردەوە کە ڕاوێژ بکەین و بزانین دەبێت چی بکەین. سەلیم فەخری گوتی "باشترە تۆ پەیامدەرەکە نەبینیت، کەسێکی دیکە بڕوات و بزانێت چی بە دیاری بۆ هێناوین". بارزانیش پرس و ڕای بە ئێمە کرد و ئێمەش پێشنیازەکەی ئەومان پێ باش بوو. بارزانی گوتی "نەخێر! من مرۆڤێکی ساکار و هەژارم، لەڕاستیدا شوانم، گاوانم، سەرۆک نیم و خۆیشم بە سەرۆک نازانم. من چاوم بە هەموو کەسێک دەکەوێت و بۆ من هیچ جیاوازییەکی نییە". بەم جۆرە بە پێچەوانەی بۆچوونی هەموان، خۆی چاوی بەو هەواڵدەرە سادەکان کەوت! دوایی دەرکەوت کە دەیانەوێت

کاربەدەستێك و لێپرسراوێکی شاری سلێمانی بنێرن بۆ گفتوگۆکردن. ئەڵبەت پێش هاتنی ئەو پەیامدەرە، دەستەیەك لە بەغداوە هاتبوونە ناوچەی دەرگەڵە، بەڵام نێردراوی حکومەت نەبوون، یەکیان ئەسکەندەری ئەجزاچی ئەرمەنی بوو، دەرمانساز و شەریك و هاوکاری بابە عەلی بوو. لە لایەن خودی بابە عەلی و ئەمریکاوە قسەی بۆ بارزانی دەکرد، کە بۆ نموونە "ئاوا بێت باشترە و ئەگەر وابێت عاقڵانەترە". بارزانیش زۆر سەیر ئەو قسانە کاری تێکردبوو کە لەسەر جەنگ دژی حکومەت بەردەوام نەبێت و لەگەڵیدا بسازێت". بەڵام بەداخەوە بارزانی تووشی خەیاڵی خاو بوو و نێردراوی بابە عەلی و ئەمریکای لە جەمال عەبدولناسر پێ گرنگتر بوو و چاوەڕوانی نێردراوی جەمال عەبدولناسر، واتە شەوکەت نەبوو، کە پەیامەکەی بە باشی ببیستێت. حکومەتی عێراق شەیتانییەکی تایبەتی ئەنجام دا و چوونە لای شێخ ئەحمەد و گوتیان ئێو لەگەڵ ئێمەی! ئەویش دانی پێدا نا کە بەڵێ من لەگەڵ حکومەتی عێراقم!.

هەوالنامەی کێبڕ

ئەمە بوو بە هۆکارێك کە ئەو قایل بە بەیاننامەی حکومەت ببێت کە لە لایەن خودی حکومەتەوە نووسرابوو، هێشتا ئەو بەیانە لەناو خەڵکدا ناوبانگی هەیە. سەیر ئەوە بوو کە ئەو بەیننامەیە بە دەنگی خودی ئەو تۆمار کرابوو و لە ڕادیۆدا بڵاوبووەوە. ناوەرۆکەکەی بەم شێوەیە بوو "جەنگاوەرانی شاخەکان و پێشمەرگە خەباتکارەکان، بگەڕێنەوە ناو بنەماڵە و کەسوکارتان و واز لەو هەراوهوریا و ئاژاوەیە بێنن و لەناو چواردیواریی خانووەکانتان دامرکێن". بەیاننامەیەکی زۆر ناحەز و بێ ناوەرۆك، کە مرۆڤی پەشێو و دڵسارد دەکردەوە. هەموو شەو و ڕۆژێك چەند جار لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا بڵاودەبووەوە. بەوەش وازیان نەهێنا و شێخ ئەحمەدیان بردە بەغدا، ئێمەش واتای هاتنی شێخ ئەحمەدمان بۆ بەغدا دەزانی، بەتایبەت من کە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بارزانم باش دەناسی و بە پەیوەندییەکانی نێوان هۆز و عەشیرەتەکانی ناو کوردستان ئاشنا بووم، دەمزانی کە شێخ ئەحمەد

هاتووەتە بەغدا، ئیتر بارزانی قسەیەکی بۆ گوتن نییە. بارزانی لە کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا کە شێخ ئامادەبوو، دانەدەنیشت و بە نیشانەی ڕێزگرتن بە پێوە دەوەستا. هەر بەم نەریتە بارزانی هەمیشە دەیگوت "من لە هەموو تەمەنمدا بۆ دوو کەس سەرم دانەواندووە، شێخ ئەحمەد و عەبدولکەریم قاسم، ئیتر سەرم بۆ هیچ کەسێکی دیکە دانەنواندووە".

لە ساڵی ١٩٦٤دا، ئەنجومەنی یەکگرتووی ئابووری بە مەبەستی پێشخستن و هاوسەنگیی گشتیی ئابووریی لە نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکاندا، دامەزرا. یەکەم هەوڵدانی ئەو ئەنجومەنە پێکهێنانی بازارێکی هاوبەشی عەرەبی بوو لە ساڵی ١٩٦٥دا، کە پێکهاتبوو لە وڵاتانی ئوردن و سووریا و عێراق. ئەڵبەت لە نێوان هەموو وڵاتانی وەبەرهێنەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، عێراق بە مەبەستی ناردنی نەوت، زۆرترین پێویستیی بە هێڵی بۆریی نێودەوڵەتی هەیە، چونکە لە ڕووی لێواری دەریاییەوە سنووری بەرتەسکی هەیە و هەروەها ناوچە گەورە نەوتییەکانی کەرکووک بە ئەندازەی دەریای سپیی ناوەڕاست لە کەنداوی فارسەوە دوورن. یەکەم هێڵی کورتی بۆریی عێراق کە لە ساڵی ١٩٣٤دا دروستکرا، لە کەرکووکەوە ڕاکێشرا بۆ (حەدیسە) و لەوێدا دوو لقی لێبووەوە، یەکێکیان چوو بۆ حەیفا لە فەلەستین و ئەوی دیکەیان چووبۆ تەرابلووس لە لوبنان. دوای جەنگی جیهانیی دووەم، بە خێرایی هێڵێکی دیکە دروستکران. ئەو هێڵەی کە بڕیار بوو بچێتە حەیفا، بە هۆی جەنگی ١٩٤٨ی نێوان عەرەبەکان و ئیسرائیلەوە، هەرگیز تەواو نەبوو. بێجگە لەوانە، هەموو ناردەنیی نەوتی عەرەبەکان بۆ حەیفا، پاش سەقامگیربوونی ئیسرائیل کۆتایی هات و لە ئاکامدا عێراق ناچار بوو بە چاکسازی لە هێڵی تەرابلووس و دروستکردنی هێڵێك بۆ بانیاس لە سووریا، خۆی ڕازی بکات. تا چەند ساڵێك عێراق هەموو ناردەنییەکانی لە ڕێگەی ئەم بۆرییانەوە بۆ تەرابلووس و بانیاس دەنارد. سووریاش کە نەوتێکی ئەوتۆی نییە، باشترین سوودی لەم ڕێگەیە وەرگرت.

هێڵەکانی نێوان کەرکووک و دەریای سپیی ناوەڕاست، زیاتر لە هەر هێڵێکی دیکە داخرا. یەکەم جار بە ماوەی چەند مانگێك لە قەیرانی ١٩٥٦ی سوێسدا بوو کە لە ئاکامدا دەرکەوت سووریا ئەم کارەی کردووە و ئەمە بەرپەرچدانەوەی هێرشی وڵاتانی بەریتانیا و

فەرەنسا و ئیسرائیل بۆ سەر میسر بوو. دەوڵەتی سووریا دیسان لە ساڵی ۱۹۶۶دا بە هۆی ئەوەی نەیتوانی مافی تێپەڕکردنی زیاتر وەربگرێ، ئەو هێڵەی داخست.

جیابوونەوەی سووریا لە کۆماری یەکگرتووی عەرەبی، هاوکارییەکی گرنگ بوو. پاش ئەو جیابوونەوەیە هێزی کۆنەپەرەست لە سووریا دەسەڵاتی گرتەدەست. بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی سووریا کە هەمیشە نەیاری یەکگرتنی میسر و سووریا بوو، دەستی خستە ناو دەستی جودابیخوازان و شایەتی دیمەنێکی سەیر و نامۆ بووین، کە خالید بەگداشی سەرۆکی حیزبی کۆمۆنیستی سووریا، دەستی خستە ناو دەستی کەسانێکی وەکوو (مامون الکزبری)ی دەرەبەگی بەناوبانگ، بەڵام بە بڕوای حەنابەتاتو[۳]، سەلماندنی ڕاستیی وتەکانی شاحسێن، یان ئەوەی شای بە ئەمەگ و لایەنگری ئەمریکا، ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا گێرۆدەی حەمامی خوێنی عێراق دەکا، زۆر ئەستەمە. ڕەنگە ئەو ویستبێتی ڕەخنە لە ڕژێمەکەی لەبیر ببایتەوە کە دەگوترا لە ساڵی ۱۹۵۷ەوە، لە لیستی مووچەخۆرانی (CIA)دا بووە. ئەڵبەتە هەندێ لە سەرکردەکان لە لیستی مووچەخۆرانی سۆڤێتدا بوون. حیزبی سەرلێشێواوی کۆمۆنیست کە بەردەوام ڕژایەتیی دەردەبڕی بەرانبەر کۆماری یەکگرتووی عەرەبی، ئەویش لە کاتێکدا کە بیریارانی سۆڤێت سەرقاڵی هەڵسەنگاندنی دووبارەی (شۆڕشی نەتەوایەتی) لە وڵاتانی گەشەسەندوودا بوون، هیچ ڕێگەچارەیەکیان نەبوو بێجگە لەوەی بەردەوام بن لەسەر پشتگیریکردن لە حکومەتی ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم، تەنانەت لەو کاتەشدا کە ئەم حکومەتە گێرۆدەی خراپترین کردەوەی ناڕەبار بووبوو. حیزبی بەعس بووە هۆی شکستی گفتوگۆی سێڵایەنەی (کۆماری یەکگرتووی عەرەبی و سووریا و عێراق) کە لە ۱۸ی ئازار هەتا ۱۷ی نیسان لە قاهیرە ئەنجام درا، بەعس دەیویست خۆی تەنیا لایەنی گفتوگۆی فەرمی لەگەڵ جەمال عەبدولناسر بێ. ئێستا کە مەترسیی یەکگرتن نەماوە، کۆمۆنیستەکان پرسی هەڵسەنگاندنی دووبارەی ڕێبازی جەمال عەبدولناسر دەخەنە بڕیاری کارەکانیانەوە. وەرچەرخانی گەورەی ساڵی ۱۹۶۴، دەبوو ببێتە هۆی دەرکەوتنی ڕۆڵی ئەرێنیی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە لایەن حیزبە کۆمۆنیستەکانی سووریا و عێراق و ئوردن و شوێنەکانی دیکەوە و هەروەها هەڵوەشاندنەوەی ئازادانەی حیزبی کۆمۆنیست. بەم جۆرە میسر لەسەر ئاستی ناوخۆ و

دەرەوە، هەنگاوی ئازادیخوازانەی نا. ئەڵبەت وەکوو هەمیشە، کۆمەڵێك لە ڕووی زانایی یان نەزانییەوە، ئەو هەنگاوە بەرزەیان وا لێکدایەوە کە میسر کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی سۆڤێتەوە، یان کەوتووەتە ئامێزی یەکێتیی سۆڤێتەوە.

ڕووسییەکان هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەبارەت بە داهاتوو ڕووانگەیەکی گەشبینانەیان هەبوو. خرۆچۆڤ لە لێدوانی بیستەمین کۆنگرەی کۆمۆنیستیی سۆڤێت لە مانگی شووباتی هەمان ساڵدا، گوتی: ئێستا کەوتووینەتە سەردەمێکی نوێ لە جیهاندا کە لینین پێشبینیی کردبوو. وتەکەی ئەمە بوو "ڕۆژێك دێتە پێشەوە کە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆڵێکی باشیان دەبێ لە دیاریکردنی چارەنووسی جیهاندا و دەبنە هێزیکی بەتوانا لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا. ئەگەرچی ئەو وڵاتانە بە بڵۆکی سۆشیالیزمەوە نەبەستراونەتەوە، بەڵام دەتوانن لە بواری پێکهاتەی ئابووریی نەتەوەیی داهاتوویانەوە، پشت بە بلۆکی سۆشیالیزم ببەستن و ئاستی ژیانی گەلانی خۆیان بەرز بکەنەوە. بۆ ئەوان، ئیتر پێویست ناکات بە مەبەستی دابینکردنی ئامێری نوێ، دەستی سوالکردن بەرەو کۆڵۆنیالیستەکانی پێشوو درێژ بکەنەوە، بەڵکوو دەتوانن هەرچییەکیان پێویستە، بە ئازادی و بەبێ هیچ مەرجێك کە لایەنی سیاسی و سەربازیی هەبێ، لە وڵاتانی سۆشیالیستی وەری بگرن. ئەڵبەت دوای لێکترازانی یەکێتیی سۆڤێتیش، ڕووسیا هەر بەردەوامبوو لەسەر ئەو سیاسەتە بەرانبەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئەنجامێکی خراپی بۆ ئەمریکا هەبوو و کاریگەریی زۆری لەسەر ماف و بەرژەوەندیی ئەمریکا لەو ناوچەدا هەبوو.

بارودۆخ بە شێوەیەك بوو کە ڕووداوەکانی ڕۆژگاریش یارمەتیی میسریان دەدا ببێتە پایتەختی جیهانی سێیەم، ئەوەش هەر لەو کاتەدا بوو کە لە کانوونی دووەمی ١٩٦٤دا، کۆنفرانسی سەرانی عەرەب لە قاهیرە بەڕێوەچوو و هەروەها کۆنفرانسی سەرانی ئەفریقا لە مانگی تەموز و دوای ئەوە کۆبوونەوەی سەرانی وڵاتانی بێلایەن لە قاهیرە پێك بێت. ڕووسییەکان هەوڵێکیان بڵاوکردەوە کە وەفدێکی باڵا دەنێردرێت بۆ میسر تا لە ئاهەنگی کردنەوەی قۆناغی یەکەمی بەنداوی ئەسوان بەشداریی بکەن. یەکێك لەو کەسانە کە

بانگهێشت کرابوو بۆ بەشداریکردن لە جەژنی کرێکاران، ئەحمەد بن بیللای سەرۆکی بالای شۆڕشی جەزائیر بوو. بەڵام لەڕاستیدا دووبەرەکییەکی سەیر لەو شوێنەدا بەدی دەکرا لە نێوان پێشوازیکردن لە ئەحمەد بن بیللا و هەروەها تێکۆشان بۆ ڕێزگرتن لە شۆڕشی جەزائیر لەو ماوەدا کە پەیوەندیی لەگەڵ ڕووسییەکاندا هەبوو. حەسەنەین هەیکەل باسێکی نوێی لەگەڵ خرۆچۆڤ خستە بەر لێکۆڵینەوە، بەو ئامانجەی ئەو دەبێ لە پرسەکە بە جوانی تێبگات. گوتم: ئیسرائیل بێجگە لە وڵاتێکی کۆنەپەرست، شتێکی دیکە نییە و تەنیا بە هۆی پەیوەندییە تایبەتییەکانی لەگەڵ ئیمپریالیزم و ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاوەیە کە دەتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ.

پاش ئەوە و بەر لە خواردنی نانی نیوەڕۆ، هەموومان لە کابینەی کاپیتان بووین و خواردنەوەی بەر لە نانخواردنمان دەنۆشی، خرۆچۆڤ جارێکی دیکە قسەکانی هێنایەوە گۆڕێ "ئەمریکا هەمیشە پێی خۆشە لە وڵاتانی دیکەدا جەنگ بکات. بەڕێز سەرۆک وەزیران، تکایە هەر کاتێک ویستت سەبارەت بە جەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدوێی، ئاگادار بە کە ئەم ناوچەیە لە یەکێتی سۆفیێتەوە زۆر نزیکە و ئەگەر جەنگێک لەوێ دەستپێبکات، ئێمە ناتوانین وەکوو بینەرێک سەیری بکەین. ڕۆژێک کە ئێمە هەر لە هەمان ساڵدا هۆشداریمان بە ئایدن دا، زۆر بەلایەوە سەیر بوو، لەو کاتەدا زۆر هۆکار دەستیان خستبووە ناو دەستی یەکتر و شتێکی تایبەتی دروستبووبوو. سام و شان وشکۆ و خۆشەویستیی جەمال عەبدولناسر لە ترۆپکی بەرزایی سەردەمدا بوو. خرۆچۆڤ بووبووە قارەمانێکی ئەفسانەیی. بە مەبەستی بەشداریکردن لە ئاهەنگی کردنەوەی قۆناغی یەکەمی بەنداوی ئەسوان، کۆمەڵێک لە کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانی وەکوو ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارفی سەرۆک کۆماری عێراق و ئەحمەد بن بیللای سەرۆک کۆماری جەزائیر کە لەگەڵ میسردا بووبوونە سێکوچکەی یەکێتیی عەرەب، بانگهێشتکرابوون. دیار بوو ئاهەنگەکانی ئەسوان ئەزموونیکی بەنرخ بوو بۆ خرۆچۆڤ. پێشەکی جەمال عەبدولناسر لێدوانێکی کورتی ئاراستە کرد. دوای ئەو ئەحمەد بن بیللا قسەی کرد و پاشان ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارف لە لێدوانەکەیدا چەند ئایەت لە قورئانی پیرۆزی بۆ نموونە هێنایەوە کە لە لایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. وتەکانی خرۆچۆڤیش چەپڵەلێدان و هەستی گەرمی خەڵکی

بەدواوە بوو. خرۆچۆڤ رۆژی ٢٥ی ئایار میسری بەجێ هێشت. لە مانگی نیسانی ١٩٦٤دا، حکومەتی میسر فەرمانی دا هەموو جێگە تایبەتییەکانی ماسۆنییەکان ببەسترێن. ماسۆنیەت لە سەردەمی عەبباسییەکاندا لە بەغدا زۆر لە گەشەدا بوو و بە فەلسەفەی خۆی گواستراپەوە بۆ سووریا و وڵاتانی دیکەی عەرەبی و هەر بەو بیرەوە هەوڵیان دا کە لە وڵاتانی عەرەبیدا پێشکەوتن بەدەستبهێنێ. ئەڵبەت ئەم جێگایانە لە میسردا، لە ڕووی شوێنگەی کۆمەڵایەتییەوە، لەگەڵ وڵاتانی دیکەی عەرەبیدا جیاوازیی هەبوو. لە لای خەڵك پلە و پایەی خاوەن ڕێزی هەبوو و تەنانەت زۆربەی شاکان و پاشازادەکان و مامۆستایانی ئایینیش، ڕوویان تێکردبوو.

ئێوارەی ڕۆژی ١٨ی نیسانی ١٩٦٤، جەمال عەبدولناسر کەوتە بیری ئەوەی کە بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە مامەڵە لەگەڵ ڕووسییەکان، بکاتە نووسراوەیەك. بەم بۆنەیەوە، بەیانیی ڕۆژی ١٥ی مانگی ئایار، خرۆچۆڤ گەیشتە بەندەر و کاتێك عەبدولسەلام عارف دەستی برد کە تەوقەی لەگەڵ بکات، خرۆچۆڤ پاشگەز بووەوە و ڕووی وەرگێڕا و بە دەنگی بەرز گوتی: من لەگەڵ ئەو کەسانە کە دەستیان خوێنی کۆمۆنیستەکانی پێوەیە، تەوقە ناکەم. تا کەی جەمال عەبدولناسر دەیەوێ ئەم (بزنە) بەسەر هاورێیاندا بسەپێنێ؟ ئەمە هەر ئەو کەسەیە کە کۆمۆنیستەکان دەخاتە بەندیخانە، بینێرە با لە ڕێگەدا هەموو پەراسووەکانی تێکبشکێنم. خرۆچۆڤ زۆر لەوە تورەبوو کە چەند ڕۆژێك لەوەو پێش ڕادیۆی بەغدا ڕایگەیاندبوو ژمارەیەکی زۆر لە کۆمۆنیستەکان لە عێراقدا تیرباران کراون. سیاسەتێکی ترسێنەر کە ڕەنگە دڵی هەر بیسەرێك بلەرزێنێ. ئەگەرچی بەرەوڕووبوونەوەی عەبدولسەلام عارف، خرۆچۆڤی ئاڵۆز و پەشێو کرد، بەڵام جەمال عەبدولناسر هەوڵی دا هێمنی بکاتەوە، بەڵام میواندارییەکە لەجیاتیی ڕابواردن، بووە شوێنێکی وشك و بێ شەوق. وتووێژ سەبارەت بە چەمکی کۆنی نەتەوەیی و کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم و... دەستپێکرا. سەرەنجام ڕووسییەکان ڕازی بوون کە بەنداوی ئەسوان لە میسردا دروستبکەن. سااڵی پڕ ئاشووبی ١٩٦٤، لە کوردستانیشدا گۆڕانکارییەکی زۆری بەدواوە بوو، کە زیاد لە خەڵکی کورد، مێژوونووسانی مێژووی هاوچەرخیش کەوتنە بیرکردنەوە لێی. پەیوەندیی ساردی نێوان کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و بارزانی و ڕووبەڕووبوونەوەی ساردی حکومەت لەگەڵ

کورد، ساردیی زستانی دووبەرانبەر کردبوو. گەلێ جار بێهیوایی و دڵەڕاوکێی لەگەڵدا بوو و کەس نەیدەزانی بارزانی چ بڕیارێك دەدات. کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و بارزانی، هەردوولا بەڕێوەبەری سیاسەتی شا و ساواك بوون و بە پارێزگاریی ئەوان، لە دژی حکومەتی ناوەندی خۆیان هەستابوون بە شۆڕشی چەکدارانە.

بارزانی بووبوو بە ئەفسانە، چونکە لە سااڵنی دوورخستنەوەیدا وێنەیەکی ئەفسانەییان بۆ دروستکردبوو و تێکشکاندنی ئەو بتە لە کۆمەڵگایەکی کۆنەپارێزی کوردەواریدا ئاسان نەبوو، بارزانی ئیمتیازی سەرۆکێکی دەربەدەری[۶] بەدەستهێنابوو، بەاڵم هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە سااڵنێکی دوور و درێژ لە سۆفێت ژیابوو، هیچ سوودێکی لە سیاسەتی مۆدێرن و مامەڵەکردن و دیبلۆماسیەتی نوێ وەرنەگرتبوو، تەنانەت جارێکیش لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئەو وڵاتەدا دەرنەکەوتبوو. تەنیا دڵی بەو پلە ژەنەرااڵییە خۆشبوو. گەنجەکانی دەوروبەری، وەکوو جەاڵل تاڵەبانی و عیسمەت شەریف وانلی و ئیبراهیم ئەحمەد و ڕۆشنبیرانی چااڵك، بە گفتوگۆی پەیتا پەیتای ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی، وێنەیەکی وەهای ئەویان کێشابوو کە لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینەدا جیاوازییەکی زۆری هەبوو، گەلێ جار قوواڵکردنەوەی ئەو پێداهەڵگوتنانە، لە ڕاپۆرتەکانی ساواك و CIA وM ۱۶دا دەردەکەوت.

بارزانی کە چێژی هاوکاریی مااڵی ئێران و ڕووسیای چەشتبوو، چاوی لە هاوکاریی مااڵی حکومەتی ناوەندی عێراقیش بوو، ئەگەر نەیارانی ئامادەی ئاشتی نەبوون، ئەو پێی لەسەر ئاشتی دادەگرت و بە پێچەوانەی ڕێڕەوی ئاوەوە مەلەی دەکرد. زۆرینەی توێژەران لەو باوەڕەدان کە ئەو پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لەبەرئەوەی لە ڕووی سیاسییەوە بەرنامە و پلانێکی ژیرانەی نەبوو و هەروەها ئامێزی کردبووەوە بۆ نوێنەری ساواك و بچووکترین ئاوڕی لە بڕیارەکانی پارتی نەدەدایەوە، بەڕەوڕووی نەیارانێکی توند لەناو پارتیدا بووەوە کە ئێتر بێجگە لە تیرۆر، ڕێگەیەکی دیکەی بۆ ئەهوەندکردنەوەی ئەوان نەدەدی و ڕەنگە هەر بەو هۆیەوە بووبێت کە دەیویست یەکێك لە بەرەکانی نەیار، واتە حکومەتی ناوەندی عێراق، بکێشێتە سەر مێزی گفتوگۆ، بۆ ئەوەی بە تێپەڕبوونی کات،

دەرفەتێکی بۆ بڕەخسێ و نەیارانی ناوخۆ قەڵاچۆ بکات، خۆی وەکوو تاکەکەسی سەرۆکی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بمێنێتەوە.

عێراق لەو ڕۆژانەدا، هەر لە کەرکووکەوە هەتا بەغدا، بە بارودۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕی. کەسایەتییە سیاسییەکان و چالاکوانانی فەرهەنگی، لە جیابوونەوە بێزار بوون و خۆیان لێ دوورەخستەوە، چونکە هەموو لەسەر ئەو بۆچوونە بوون کە شۆڕشی چەکدارانەی کوردەکان لە کۆتاییدا مافی چارەی خۆنووسینیان بۆ فەراهەم دەکات، بەڵام شا و ساواک هەرگیز وەها بەڵێنێکیان بە کورد نەدابوو. لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین ساڵەکانی ١٩٦٣ و ١٩٦٤، گرنگترین سەردەمی شۆڕشی کوردەکانی عێراق بوو. لە سەرەتای ساڵی نوێی ١٩٦٤دا، بارزانی فەرمانی ئاگربەستی بە هێزەکانی دابوو. لە هەمان کاتدا بێبڕوایی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و ساواک بەو کارەی ئەو هەبوو، کەچی لە دوای دەستپێکردنی ساڵی نوێی ١٩٦٤، بارزانی فەرمانی ئاگربەستی بە هێزەکانی دابوو.

لە ڕۆژی ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٤دا نامەیەکم بەدەستگەیشت کە دەبێ ئاگربەست بکەین و تەقە نەکەین، چونکە حکومەت دەیەوێ لەگەڵماندا بسازێ. بارزانی بە وەرگرتنی پەیامی ڕووسییەکان، ڕەنگە ویستبێتی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ حکومەتی ناوەندا باشتر بکات. خۆی دەیگوت فشاری ڕووسییەکان و ڕۆژئاوام لەسەرە کە لەگەڵ حکومەتدا بسازێم. حکومەتیش لەسەر پێداگرتنی ڕووسیا، ئامادەی گفتوگۆ بوو، دەنا بڕوایەکی بە ناسنامەی کوردی نەبوو. ناردنی وەفدی ئاشتی لە لایەن حکومەتی ناوەندەوە، بە واتای کرپینی کات بوو بۆ ئەوەی باشتر بەسەر بارودۆخدا زاڵ ببێت. ئێران بەم ڕێکەوتنانە خۆشحاڵ نەبوو و بەڵگەکانی ساواک ئەوە ئاشکرا دەکەن کە ساواک کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی هان داوە کە دژایەتیی ڕێکەوتنی بارزانی و حکومەت بکات. هەمان سیاسەت لە ساڵی ١٩٨٠ لە کوردستانی ئێرانیشدا لە لایەن عێراقەوە گیرایەبەر و بە هاندانی کۆمەڵە تەقە دەستی پێکرد. پاشان گوللە جێگەی خۆی دا بە مێزی گفتوگۆی وەفدی ئاشتیی نوێنەرانی کورد. لەو ڕۆژگارەدا بوو کە بارزانی بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە لە نەخۆشخانە کەوتبوو و چاوەڕوانی مردن بوو.

ڕووسیا، پاش ڕووخانی بەعس، پێی داگرت لەسەر ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە کێشەی کورد چارەسەر بکرێت. لەو پرسەشدا، جەمال عەبدولناسر دژی بەعس بوو. کاتێک گفتوگۆ لە نێوان حکومەتی بەغدا و سەرۆکی پارتی، واتە بارزانی دەستی پێکرد، بە هێلی کۆپتەر کەسانێک هاتنە لای بارزانی و شەو و ڕۆژ کۆبوونەوەیان هەبوو. خەڵک هیوادار بوون ئاشتی لە کوردستاندا بەرقەرار ببێ. ناوی عەبدولڕەزاق عەبدولڕەزاق سەید مەحموودیان هاتە ئاراوە، کە ئەفسەرێکی عەرەب و دۆستی عەبدولسەلام عارف بوو، کردبوویان بە فەرماندەری هێزەکانی سلێمانی. لە کۆتایی کانوونی دووەمی ۱۹۶۴دا، گفتوگۆی بارزانی و عەبدولڕەزاق سەید مەحموود دەستی پێکرد. ئیبراهیم ئەحمەد و دکتۆر عەزیز شەمزینی لە ئەورووپا بوون، عومەر دەبابەش لە تاران بوو. مام جەلال و نووری شاوەیس لە سەرەتاوە لەو وتووێژانەدا بەشدار بوون. لەناو کادرەکانی پارتیدا، کەس نەیدەزانی لە کۆبوونەوەکاندا چی دەگوترێ و چی دەقەومێ، دیارە بۆ خەڵکیش هیچ شتێک ڕوونەبوو. "تەنیا ئەوەمان دەزانی کە کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن و گفتوگۆ هەیە و بەس". بارزانی ڕاوێژێکی ئەوتۆی لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیی پارتی نەکرد، بە واتایەکی دیکە بێجگە لەو چەند کەسەی کە لەگەڵیدا بوون، لەگەڵ ئەندامانی پارتیدا هیچ ڕاوێژێکی نەکردبوو. لە کۆتاییدا بارزانی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ڕێکەوتنی کرد و لەوبارەیەوە بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە کە بێجگە لە لێخۆشبوونێکی گشتی نەبێ، هیچ دەستکەوتێکی بۆ کورد تێدا بەدی نەدەکرا.

ڕێکەوتنی بارزانی و حکومەت، ئاگری دووڕوویی و بوغزی لە ناوخۆی حیزبدا هەڵگیرساند و شەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد. وردە وردە هەواڵی خەماوی کێشەی بارزانی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لە زاری ئەو کەسانەوە گەیشتە ناو خەڵکی کووچە و بازاڕ. زستان ئەگەرچی سارد و ئەستەم بوو و پاشەکەوتی کەمی زستان و گەرمایش، بە ئاستەم سەری ناو خانووەکانیان دەدا، بەڵام لەوانە ناخۆشتر بارودۆخی ناوخۆی پارتی بوو، ساردیی نێوان ئەو دوو لایەنە دەم بە دەم لەناو خەڵکدا دەگەڕا و بێگومان دەنگۆی دوور لە ڕاستیشی پێوە دەلکا، بە جۆرێک کە قسەی هەستیارانەی خەڵکی ئاسایی، بۆنی خوێنی لێدەهات. بارزانی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتییش، هەر یەکەیان گەلێ جار دوو فەرمانی

جیاوازیان بە پێشمەرگە دەدا و ئەوانیش سەریان لێدەشێوا و نەیاندەزانی کام فەرمانیان جێبەجێ بکەن؟ کێ ڕاستە و کێ ناڕاستە؟! پاش کودەتاکە، لە مانگەکانی سەرەتای ساڵی ۱۹۶۴دا لە زیندان ئازاد بووین و تازە تێگەیشتین کە لەناو پارتیدا چی ڕوویداوە. ڕووانگەی خوێندکارانی عەرەب و لاوان دوو جۆر بوو: تێڕوانینی ناسیۆنالیستی و تێڕوانینی شۆڤێنی. ئەڵبەت جاری وایش هەبوو کە دروستی لە لایەن کوردەکانەوە نەبوو. تەنانەت بەعسییەکانیش باوەڕیان وابوو کە عێراق زێدی عەرەبە و ناسنامەی کوردی بە فەرمی ناناسێ. بەڵام نەتەوەییەکان ڕووانگەیەکی باشتریان هەبوو و لەو باوەڕەدا بوون کە کورد مافی تایبەتی خۆی هەیە.

ئێمەی خوێندکار لە ئەوروپادا پێکەوە پەیوەندیمان هەبوو، هەر لەو ڕۆژانەدا بوو کە گفتوگۆی دوورودرێژی ئێریك ڕۆلۆ لەگەڵ مام جەلال دەربارەی بزاڤی کوردی و بارودۆخی کوردستان لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسیدا بڵاوبووەوە. لەو وتووێژەدا ئاماژەی بە ناکۆکیی بارزانی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کردبوو و بە توندیی شەرمەزاری دەکرد. لە ڕادیۆی مۆسکۆشدا مام جەلال چەند جارێك گفتوگۆی کردبوو. بەرەبەرە جیاوازیی نێوان بارزانی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ئاشکرا بوو. لەو کاتەدا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی هەوڵیان نەدا کە بارودۆخەکە هێمنتر بکەنەوە و چارەسەری ئەو ناتەباییانە بکەن. جۆری تێڕوانین و سەرەڕۆیی ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانی، دۆخەکەی بەرەو ئاڵۆزی و کێشمەکێش برد. پاش قووڵبوونەوەی ناکۆکی، بارزانی کەوتە بەرهەڵستیکردنی کۆمیتەی ناوەندی و ڕۆژبەڕۆژ خراپتر دەبوو.

زستانی ۱۹۶۴ سەرمایەکی لەڕادەبەدەری هەبوو. دەیڤد ئادامسۆن لە زوریخەوە دەچێ بۆ کوردستان و نامەیەکی بۆ عیسمەت شەرف وانلی پێدەبێ کە ئەگەر چاوی پێبکەوت، بیداتێ، بەڵکوو لە گفتوگۆکاندا یارمەتیی بدات. من وام بیردەکردەوە کە ئەو و بارزانی پێکەوە دەژین، بەڵام بۆم دەرکەوت کە نزیکەی پێنج سەعات لە یەك دوورن. ئەویش لە (ماوەت)ە. ئەوم نەدەناسی، بێجگە لەوەی کە دەمزانی ئیبراهیم ئەحمەد سیاسییەکی کۆمۆنیستە. بەرەو لای ئیبراهیم ئەحمەد کەوتمەڕێ. لە کاتی تێپەڕبوون بەو

ڕێگەیەدا، وردە وردە شاخەکەی ماوەت دەردەکەوێ، دەوروبەری بە خانووی سەر بەرزاییەکانی قەڵاچوالان[۷] ئابڵۆقە دراوە. بەرپرسیارێتیی کۆمیتەی محەلی[۸] لە ئەستۆی عەلی عەسکەریدا بوو، کاتێك چاوم پێیکەوت، بە وشەی (کاك) بانگی کردم و لەبەر ئەو ئەشکەوتەی کە تێیدا دەژیان، بڵێسەی ئاگر دیوارە بەردییەکانی دەلستەوە و دارە وشکەکان دەسووتان، تەنیا بە تیشکی ئاگرەکە دەمتوانی دیمەنەکان ببینم. لەنێو ئەشکەوتەکەدا چرایەك ڕووناکییەکی کزی هەبوو. لەسەر مێزەکان کە وەکوو بۆری وابوون و کورسیی ئاسن، کۆڕێکی بازنەییان دروستکردبوو. چایەکی خەستیان بۆ من هێنا.

لە لای پارتی، هەندێ دەستکەوتی جەنگ لەگەڵ سوپای عێراق لەو ناوەدا دەبیندرا. دەنگی ویزەویزی بێسیم (لاسلکی) دەبیسترا. لە پشتی پەردەیەکەوە کە بەتانییەك بوو، وا دەردەکەوت کە کەسێك پەیامی بێسیمەکان کۆنترۆڵ دەکات و لە پاڵ دەستیشیەوە دەزگایەك نەدەبینرا. پاش چەند دەقیقەیەك، چوومە ناو ژوورەکەی ئیبراهیم ئەحمەد و بە زمانی ئینگلیزی بەخێرهاتنی کردم. منی ناسیەوە بە دوو کەس کە یەکێکیان نووری شاوەیس بوو و ئەوی دیکەیان کە ناوەکەیم لەبیر نییە، پێکڕابێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بوو. دەوروبەری ژوورەکەی بە ڕۆژنامە و نەخشە داپۆشیبوو. لە دەوری مێزێك دانیشتین و سەرچڵی گفتوگۆکان لە دەستی ئیبراهیم ئەحمەددا بوو و بە شێوەی نیوەفەرمی دەدوا. ئەو لە ساڵی ۱۹۳۷دا، سەرەتا دژایەتیی سیاسەتی حکومەتی ڕابوردووی عێراقی کردبوو و گۆڤاری (گەلاوێژ)[۹]ی بڵاودەکردەوە، لە ساڵی ۱۹۵۲یش دوای ۳ ساڵ زیندان، بووبوو بە سکرتێری گشتیی پارتی. کتێبی زۆری دەربارەی قوتابخانەی سۆشیالیست و نووسەرانی وەکوو مارکس و بێرتێڕاندڕاسێڵ[۱۰] و شکسپیر[۱۱] و هاڕۆڵد لاسکی[۱۲]، هەروەها شیعرەکانی شاعیری ناوداری ئێران حافزی خوێندبووەوە.

ئیبراهیم ئەحمەد کڵاوێکی کوردیی لەسەردا بوو. بەڵام بە بڕوای من بیروباوەڕی زۆریش کۆمۆنیستی نەبوو، تەنانەت زۆر جاریش جیاوازیی لەگەڵ ئەواندا هەبوو و شێوازی ناسیۆنالیستی لە زەینیدا هەبوو. کۆمۆنیستەکان ئەویان بە بۆرژوایەك دەبینی کە دەیەوێ بەشێك لە کێشەی نێوان عەرەب و کورد بێ و حکومەتی سەربەخۆی کورد پێکبهێنێ.

سەربازە کوردەکانی بە (پارتیزان) ناو دەبرد، وەکوو ئەوەی دەیویست لەگەڵ پارتیزانە شۆڕشگێڕەکانی پیوریتان[۱۳] و یوگسلاڤیای دژی فاشیستی[۱۴] لایەنگری تیتۆ[۱۵] لە سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەمدا، هەڵیانبسەنگێنێ. گیانبازانی کوردیش لەو شاخانەدا جەنگیان دەکرد، کە کاتی خۆی بەشێك بوو ئیمپراتۆریی عوسمانی. ئەم هێزە چەکدارانە هیچکاتێك پەیکەرێکی بەهێز و پتەویان نەبوو. لە سەرەتای ساڵی ۱۹۶۲دا ژمارەیان نزیکەی پێنج هەزار کەس دەبوو.

سیاسەتی ئەوان جۆرێك بێلایەنی بوو[۱۶]، هەر بەو شێوەی ئیبراهیم ئەحمەد دەیگوت، بە هیوای ڕۆژی سەرکەوتن بوون. هاوپەیمان، یان دوژمنیان نەدەویست. دوو شتیان لە کۆماری مهاباد لە بیر مابوو، یان وەکوو وانەیەك فێربووبوون: ۱- پشتنەبەستن بە هێزی عەشایەری. ۲- هیوایان بە هاوکاریی دەرەکی نەبێ. ئەڵبەت دواجار لە ناوەڕاستی ساڵی دواییدا ئەم ڕەوتەیان گۆڕی و چاویان بڕیبە دیبلۆماسیەتی ڕۆژئاوا.

لە بەرانبەر پرسیارەکەی من لە ئیبراهیم ئەحمەد سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی و هەڵوێستیان، زۆر شارەزایانە گوتی "لێکدانەوەیەکی تایبەتیمان بۆ ئۆتۆنۆمی نییە، ئێمە هیچکاتێك لێکدانەوەیەکی دیاریکراومان نەبووە و ئەمە بەستراوەتەوە بە جۆری دوژمنمانەوە، بەڵام سیستمێکی وەکوو سویسرامان پێ خۆشە. ئێمە بۆ ئەوەی کە دەمانەوێ، ناچینە خەیاڵەوە، دەجەنگین". لە هاوینی ۱۹۶۳دا حکومەت دانی نا بە سیاسەتی لامەرکەزی. ئیبراهیم ئەحمەد خۆی دووردەخستەوە لەوەی بڵێ ئێمە سۆشیالیستین، بەڵام لە درێژەی وتەکانیدا گوتی "ئەگەر کوردەکانی ئێران و تورکیاش بیانەوێ شۆڕش بکەن، ئەوە پرسی ناوخۆی ئەوانە و داوای یارمەتییان لە ئێمە نەکردووە و نامانەوێ لەگەڵ ئێران و تورکیا بکەوینە کێشە و پێکدادان، چونکە پاش ۲-۳ ساڵ وڵاتەکەمان بە تەواوی لەناودەچێ و ناچار دەبین هەموو هەوڵەکانمان لە پێناوی سازکردنەوە و چاکسازیدا بێت. ئێمە دەزانین سەرکەوتنی شۆڕشەکەمان کاریگەریی دەبێ لەسەر کوردی وڵاتانی دیکە و ناتوانین نکوولی لەو ڕاستییە بکەین". پاشان هەندێ دەربارەی میکانیزمی شۆڕش گفتوگۆمان کرد. پێنج کەس لە کۆمیتەی ناوەندی -

نووسینگه یان مەکتەبی سیاسی [۱۷] _ بوون که بریتی بوون لە: ئیبراهیم ئەحمەد، نووری شاوەیس، عومەر مستەفا(دەبابە)، مام جەلال و عەلی عەبدوللا، کە لەژێر چاودێریی کۆمیتەی [۲۱] کەسیی کۆمیتەی ناوەندیی پارتیدا بوون.

خالێکی گرنگ لە پەیوەندیی لەگەڵ مستەفا بارزانی ئەوە بوو کە ئەو ئەندامی عەشیرەتێکی جەنگاوەری وەکوو بارزان بوو لە باکووری کوردستانی عێراقدا، کە دوو ئەرکیان بۆ پارتی لەبەرچاو گرتبوو: سەرکەوتن لە جەنگدا لە پێناوی کوردایەتی و ڕیفۆرم لەناو کۆمەڵگای کوردی، هەروەها کۆتاییهێنان بە فێئۆدالیزم و لەناوبردنی بازنەی خێڵگەری. لێرەدا بە خێرایی کێشەی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەدم بۆ دەرکەوت، بەتایبەت کاتێک ئیبراهیم ئەحمەد منی ئاگادارکردەوە و گوتی: کاتێک سوود لە بۆچوونەکانی بارزانی سەبارەت بە ئامانج و گیروگرفتی کوردەکان وەردەگرین، دەبێ وریا بین، چونکە ئەو خوازیاری هاوکاریی ئەمریکایە و دەیەوێ دیسان بچێتەوە سەر پەیمانی سنتۆ، کە دوژمنان دەڵێن دەیەوێ ببەستێتەوە بە ئیمپریالیزمەوە. دیسان دەربارەی یارمەتیدانی عەبدولکەریم قاسم پرسیارم لە ئیبراهیم ئەحمەد کرد و ئەویش گوتی: ئێمە لە گەمارۆی سێ ولاتی ئێران و تورکیا و عێراقداین کە هەرسێکیان ئەندامی پەیمانی سنتۆن. بێگومان ئێمە پشتی عەبدولکەریم قاسممان دەگرت، چونکە ئەو پەیمانە دژی کورد بوو و ئێمە لەو بیرەدا بووین کە هیچ شتێک ڕەشتر و خراپتر لە نووری سەعید بۆ ئێمە نابێتەوە، بۆیە کاتێک ئێمە لە زیندانداا بووین، بڕیارمان دا یارمەتیی عەبدولکەریم قاسم بدەین و هەوڵمان دا کە بێتە گۆڕەپانی دەسەڵاتەوە. عەبدولکەریم قاسم بە هۆی دایکیەوە، خوێنی کوردی لە لەشیدا دەگەڕا و هەمان سەرۆکی کوردی عێراق خاوەنی بیری چەپ و مرۆڤێکی مەینەتکێش بوو. کە سەبارەت بە مافی کورد دەدوا و وامانەدەزانی ئۆتۆنۆمیمان دەداتێ. هەر ئەو بوو مۆڵەتی چالاکیی ئاشکرای بە پارتی دیموکرات دا، ناوەندی سەرکردایەتی لە بەغدا بوو، جێگایەك کە لەژێر چاودێریی عەبدولکەریم قاسمدا بوو. ئێمە ڕۆژنامەی کوردیی خەباتمان بڵاودەکردەوە کە پێشتر بە نهێنی بڵاودەبووەوە. مەلا مستەفا لە ڕووسیا هاتەوە و ئەو کورده سیاسییانە کە نووری سەعید زیندانیی کردبوون، ئازاد بوون. کوردەکان بە ئاشکرا لەناو خۆیان و یان لەگەڵ حیزبە سۆشیالیستەکانی عەرەبدا، گفتوگۆی سیاسییان

دەکرد. ئەڵبەت جارێك کۆمۆنیستەکان تەشەنەیان کردە ناو پارتی، لە ساڵانی ۱۹۵۹–۱۹۶۰ پەیوەندیی کورد و عەبدولکەریم قاسم تا دەهات خراپتر دەبوو. عەرەبەکان پەلاماری کوردە ناسیۆنالیستەکانیان دەدا، مەلا مستەفای لە سۆڤێت هێنایەوە بۆ عێراق کە بە هەراوهوریا و نمایشی ئاشکرا برایەتیی کورد و عەرەب پیشان بدات، بەڵام بارزانی ئیتر لە گەورەی خۆی دوورکەوتەوە. عەبدولکەریم قاسم لەگەڵ ناوی پارتی دیموکراتی (کوردی) کێشەی هەبوو، بەڵام هیچکاتێك بە دەمارگیرییەوە نەدوا و بەردەوام باسی برایەتیی کورد و عەرەبی دەکرد. عەبدولکەریم قاسم، بە یارمەتیی کورد و کۆمۆنیستەکان (عەبدولوەهاب شەواف)ی سەرکوت کرد.

دوای دیدار لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد، چەند سەعاتێك بەڕێوەبووم تاکو توانیم بارزانی ببینم. سەردانی بارزانیم کرد. قسەکردنی کورت و پچڕ پچڕ بوو. چاوەکانی سەوز و هەندێ بەلای زەردیدا دەچوون. دەیگوت "من سەرۆکی پارتی نیم! بە پێداگرتنی عەبدولکەریم قاسم بوومە سەرۆکی پارتی". من وامزانی وەرگێڕ هەڵەی کردووە، دووبارە جەختم کردەوە، بارزانی پاش کەمێك گوتی "ئەوان (کۆمیتەی ناوەندی حزب) تەمەڵن و نایانەوێ بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆ. دژی سیاسەتی پارتی نین، بەڵکوو دژی ئەو حیزبانەن کە پارێزەری مافی جەماوەرن، منیش دژی ئەو کەسانەم کە زیان لە بەرژەوەندیی کورد دەدەن". بۆم ئاشکرا بوو کە ئیبراهیم ئەحمەد و سەرکردەکانی دیکەی پارتی لە ڕیزی ئەم بەشەی ئاخیردا بوون– وەرگێڕانەکە زۆر ڕوون نەبوو و دەقی ڕستە کوردییەکەی بارزانیم بۆ ڕوون نەبووەوە. دەبێ پارتی بسپێردرێتە دەست ویست و توانای خەڵك - وەرگێڕان زۆر ڕەوان نەبوو- سەرۆکی شۆڕشی کورد نیم و لە ڕیزی شۆڕشیشدا نیم، پەیکەر و کاکڵی شۆڕشەکە خەڵکن، خوێنی ئەوانە لە شاخەکاندا دەڕژێ!

پاشان بارزانی بە کورتی بانگهێشتی کردین بۆ شێو، بە پەلە نانی دەخوارد، دەستی نەشۆری و بە ئاوی قاپەکە دەمی خاوێن کردەوە، کە هێشتا میوانەکان لە سێ بەش دوو بەشیان لە خواردنەکە نەخواردبوو. وەکوو مرۆڤێکی ماندوو و شەکەت دەهاتە بەرچاو. ئەو لەناو چوارچێوەی ڕەوشت و فیکری خۆیدا دەخولایەوە. سەبارەت بەو دەرسانەی لە قازی

موحەمەدەوە فێر بووبوو، وەڵامی دایەوە: مرۆڤی ترسنۆک و لاواز و ناپیاو، لەم جیهانەدا زۆرن! پاشان بە هۆی ئەوەی سااڵنێکی زۆر دوای ڕووخانی کۆماری مهاباد لە ڕووسیا ژیاوە، سەبارەت بە کۆمۆنیستبوونی پرسیارم کرد، کە ئەو قسە لەناو خەڵکدا بڵاوبوو. زەردەخەنەیەکی تاڵ هاتە سەر لێوی و گوتی: ئەوانە بەدوای تەشەرلێدان و تاوانبارکردنەوەن! من دەعوەتنامەی بەڕێز (چەرچڵ[18])م بۆ هات کە بچمە بەریتانیا، بەاڵم چووم بۆ ڕووسیا. من وامزانی گاڵتە دەکات، چونکە لەو سەردەمەدا سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا (ئاتلی[19]) بوو و بارزانی بەر لە ڕووخانی کۆماری مەهاباد پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ باڵیۆزخانەی بەریتانیا هەبوو. لە دڵی خۆمدا بە شوێن گاڵتەبوون یان گاڵتەنەبوونی قسەکەدا دەگەڕام. سەیرێکی منی کرد و بە زەردەخەنەیەك تێی گەیاندم کە زۆر لەسەری نەڕۆم. سەبارەت بە دەستپێکی شۆڕش و ئەوەی کە کامە عەشیرەت یارمەتیی داوە، پرسیارم لێکرد. ئەویش زۆر ناشییانە خۆی لێ دەشاردەوە، لە دڵی خۆمدا گوتم ڕەنگە ماندوو بێ. بە وەرگێڕەکەم گوت با بڕۆین بەاڵم ئەو گوتی: کاتی ڕۆیشتن نییە. دوای ئەوە بارزانی دەربارەی جەنگ و بەرەوپێشچوونی، هەنگاو بە هەنگاو قسەی دەستپێکرد و نزیکەی دوو سەعات پێکەوە قسەمان کرد. هاوکات لەگەڵ ئەوە چەقۆ گیرفانییەکەی تیژ دەکرد کە ڕەنگە واتایەکی تایبەتی هەبووبێ. زیاتر نووکی چەقۆکەی تیژ دەکرد.

بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد هیچکاتیك پێکەوە نەدەسازان و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی پێشتر. ناکۆکیی ئەو و ئیبراهیم ئەحمەد لە ساڵی ۱۹۵۸ەوە دەستی پێکردبوو، واتە لەو کاتەوە کە بارزانی لە سۆڤێت گەڕایەوە. لەم نێوەدا ۲–۳ پرس هەبوو یەکێکیان خودی حیزب بوو و جۆری تێڕوانینی خەڵك بەو حیزبە، ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێر بوو و حیزبەکە بەاڵیەوە گرنگ بوو، بارزانیش سەرۆکی یەکەم و هەمیشەیی پارتی بوو. ئیبراهیم و حیزب دەیانویست کە بارزانییان لەگەڵدا بێت و پەیڕەوی بڕیارەکانی حیزب بێت و لەڕاستیدا لە ژێر کۆنترۆڵی پارتیدا بێت، بەاڵم بارزانی زیاتر خۆی بە سەرۆکی شۆڕشی کوردی دەزانی و پارتیشی بە بەشێك لە دەسەاڵتی کوردی دەزانی و هەروەها پەیوەندیی بە شێخ و مەاڵ و خەڵکی ئاسایی دەزانی.

گیروگرفت و ڕق و تووڕەیی و نەفرەتی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد، تەشەنەی کردە ناو پارتی، هەرچەند ئەمڕۆ دەتوانین بڵێین ئیبراهیم ئەحمەد هەڵەیەکی تاکتیکی و نابەجێی کرد. لە ڕووانگەی ئەوەوە سەرۆکایەتیی پارتی گرنگتر بوو و بارزانییش ئەو ڕووانگەی پەسەند نەدەکرد. بە شێوەیەك وەری عەشایەریی و مێشکی ڕەق و وشك لەو بارودۆخەدا زاڵ بوو، کە بووبووە کۆسپێك لەسەر ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشە و ڕووداوەکان. بارزانی خوازیاری ئەوە بوو کە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بە چاوی نووقاوەوە هەموو بیر و ویستەکانی ئەو جێبەجێ بکات، بەڵام ڕۆشنبیران و ئەندامانی پارتی و ڕۆشنبیران دەیانویست هەموو شتێك بە شێوەیەکی دیموکراسییانە و پەرەنسیپی حزبی بڕیار بدرێت. ئیبراهیم ئەحمەد دەیگوت "بارزانی نابێ زۆر بڕوای بە حکومەت هەبێ". بارزانییش دژی ئەوانە بوو و ئەندامانی پارتیی بە مرۆڤگەلێکی ژیر و سیاسیی نەدەزانی. ئەم پرسە بچووك و تێڕوانینە عەشایەرییانە، کێشەکانی گەورەتر دەکرد. ڕۆژبەڕۆژ ساردیی نێوانیان زیاتر دەردەکەوت و جارجاریش دادەپۆشرا، بەڵام دوای هەر ماوەیەك ناڕەزایەتی ئاشکراتر دەبوو.

"بارزانی مرۆڤێکی خێڵەکی بوو، بەڵام مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد حیزبی بوون و بە دیدێکی بواری حیزبیی بەهێزەوە ئەندامانی پارتییان ڕێکدەخست و پێکهاتەیەکی ڕێکوپێکیان هەبوو. دەستەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ڕەوتی بیروباوەڕی تایبەتیان هەبوو و لە ڕووی دەمارگیریی و بە چاوی نووقاوەوە هەموو شتێکیان پەسەند نەدەکرد. بەڵام لە ماوەت[٢٠] پێم گوتن: بە چ هێز و توانایەك دەتانەوێ بارزانی وەلا بنێن؟ کەس وەڵامێکی ژیرانەی پێنەبوو، هەموو گرژ بووبوون و گوێیان بە هیچ شتێك نەدەدا و بەدوای تەمێکردنی باڵی بەرانبەر بوون. هەروەها گوتم: هەر لە سەرەتاوە ئێوەی حیزبی ئەوتان کرد بە سەرۆکی ڕاستەقینەی بێ ڕکابەر و هەتاهەتایی پارتی، بۆ ئەوەی کە حیزبەکەتان لە پاڵ ناو و ناوبانگی ئەودا بەردەوام بێ و پێگەی خۆی بدۆزێتەوە، ئێستا دەتانەوێ ئەو هەموو ئەفسانەسازیی و قارەمان بازییە بە تەنیا شەوێك پووچەڵ بکەنەوە و دەری بکەن؟ چونکە بارزانی لناو خەڵکییدا بەڕاستی بووبووە قارەمان و هێزێکی مەعنەویی. هەر خودی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی دەورێکی گرنگیان هەبوو لە بە کاریزماکردنی بارزانی و ئەویش گۆڕەپانی دەسەڵاتی بۆ تاکڕەوی ئامادە کرد. بارزانی بڕوایەکی بە حیزب و

پڕۆگرامی حیزبی نەبوو. خەڵکانی دوور لە حیزب و بێئاگا لە سیاسەتی دەهێنا و دەیکردن بە ئەندامی پارتی. دیارە هەموو کەسێك شایانی ئەوە نییە ببێتە ئەندامی حیزب. بارزانییش ئەگەر کەسێك گوێڕایەڵی تەواوی نەبوایە و کوێرانەی فەرمانەکانی بەجێ نەهێنابایە، خۆشی نەدەویست و وەری نەدەگرت.

ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لە گۆڤاری (نوور)ی ئەو سەردەمەدا، ئاماژەیان بەو شتانە کردووە". لایەنگران و موریدانی بارزانی، وەکوو هەژار و ئەندامانی پارتی، لەو باوەڕەدا بوون کە "ئیبراهیم ئەحمەد نەیدەویست کەس لە بەرانبەریدا ڕاوەستێ، ئەو وەرەی سەرەڕۆیی هەبوو و نەیدەوێرا ئاشکرای بکات، بۆیە هەوڵی دەدا بارزانی لە سەرۆکایەتی بخات، بەڵام نەیدەتوانی ئامانجی دەروونی دەربخات. بارزانی ئەگەر بیزانیبایە کە بەرژەوەندیی کورد لە ئارادایە، ئامادە بوو هەرخۆبەکەمزانینێك پیشان بدات. بەگوێرەی بەرژەوەندی، چارەسەری کێشەکان بەلایەوە زۆر گرنگ بوو، ناو و ناوبانگ و قارەمانبوون، بە هیچ جۆرێك بەلایەوە گرنگ نەبوو". دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵی دوورودرێژ لەم ڕووداوە، جارێکی تر هەردوو لا ئۆباڵەکەیان دەخستەوە ملی یەکتر و "کەسێك نایەوێت ئەوە وەربگرێت کە شێتی وەرگرتنی دەسەڵات و پلەی ئەو دووانە کوردستانی چەندان ساڵ دواخستووە و نەریتی پیس و چەپەڵی براکوژی ڕیسوا بکات".

بنچینە و بناغەی ناکۆکی، بەهۆی جیاوازیی ڕا و تێڕوانین و تەجروبەی دوو جیلەوە بوو. سروشتی کەسایەتیی بارزانی و ڕۆحییەتی عەشایەریی ئەو و چاولێکەریی کۆن و ناوخۆیی ئەو، جیاوازییەکانی تۆختر کرد و دواتر مەسەلەی ئایدۆلۆژی خرایەڕوو. چەسپاندنی بنەمای پێشکەوتووی حیزبی لە لایەك و گیانی خێڵەکی کوردی لە لایەکی تر نەیاندەتوانی پێکەوە بگونجێن. بارزانی کرداری ئێستای دەبینی، ئەوانیش ئامانجی حیزبی و داهاتوویان دەبینی. ئەم دوانە زۆر جار پێکەوە نەیاندەکرا و بێگومان دژی یەکتر دەوەستان، لەڕاستیدا دەبوونە کۆسپێك لەسەر ڕێگەی یەکگرتن. پرسەکە پێشینەی ئایدیۆلۆژی هەبوو و وەکوو هەنگاوێك دژی بنەماڵەی بارزانی دەردەکەوت. کەسانێك لەم بەینەدا تێدامابوونەوە، وەکوو: مەحموود عوسمان، سالح یوسفی و سەید کاکە و... بەڵام مام جەلال بە مەبەستی پێکهێنانی

هاوسەنگی، دەنگی نەیاری هێنایە ئاراوە. ئەو دووبەرەکییە دەستی ئێران و تورکیا و عێراق و شیوعیی تێدا نەبوو. دژایەتی و جیاوازییەکی زوون و ئاشکرا هەبوو. بنچینەی جیاوازییەکان ئەوە بوو کە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، بیروباوەڕی ڕادیکاڵی و چەپی هەبوو و لەڕاستیدا تیۆریی مارکس سەرچاوەی ئەو بیرانە بوو، بەڵام بارزانی سەرۆکایەتیی جەماوەر و خەڵکی ئاسایی دەکرد و قسەکانی ساکار بوون و خەڵکی ئاسایی باش لێیان تێدەگەیشتن، خەڵکیش ئەو جۆرە گوتارانەیان پێخۆشبوو. لەو کاتەدا پرسی ئایین، یان (ئیسلامەتی)، بە هیچ جۆرێك لە ئارادا نەبوو. لە هەندێ شوێنی بچووکی کۆمەڵگادا ڕەنگە ئەم پرسە گۆشەنیگایەکی ئاسایی هەبووبێ[۲۱].

لە و کاتەدا مام جەلال، فەرماندەری گشتیی هێزی پێشمەرگە بوو، لەڕاستیدا کۆنترۆڵی هێزی سەربازی لە دەستی ئەودا بوو. مام جەلال لە ئەوروپا وتەبێژی کوردەکان بوو. کەسایەتییەکی نوێ بوو و هاتبووە پێشەوە، بەڵام لە ناوخۆی حیزبدا هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر بیرکردنەوە و ڕای ئەوانی تردا نەبوو. لایەنگرانی کۆمیتەی ناوەندی باوەڕیان وابوو کە لەوانەیە ناوبانگ پەیداکردنی تاڵەبانی بەهۆی چالاکراوەکانەوە، بووبێتە هۆکارێك کە هەستی ئێرەیی بارزانی هان بدرێت. بە ناوی کوردەوە لە هەموو شوێنێکدا قسەی دەکرد. بەڵام لایەنگرانی بارزانی باوەڕیان وایە کە "بارزانی بەپێی ئەو زەمینانەی کە فەراهەمی دەکرد بۆی، توانای وتوویژ و دیبلۆماسیەتی لە تاڵەبانیدا پەرەپێدەدا".

لەو کاتەدا لە دەرەوەی وڵاتیش هەستی ناسیۆنالیزمی کوردی زۆر بەهێز بوو. ڕاپۆرتە نهێنییەکانیM ۱۶ی بەریتانیا ئەوە ڕوونەدەکەنەوە کە بە هۆی پڕوپاگەندەی ڕووسییەکانەوە مام جەلال ناوبانگێکی باشی لە پرسی کورددا بەدەستهێناوە. بەریتانیا لە ڕاپۆرتە نهێنییەکەیدا دەنووسێ "مام جەلال هەتا ساڵی ۱۹۶۶ لەگەڵ کەمایەتیی دەوروبەریدا لەناو پارتیدا ڕۆڵێکی گرنگی لە شۆڕشی کوردیدا نەبووە، بەڵام هاوکات ڕێز لە بارزانی دەنێ و پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە مام جەلال بە پێچەوانەی وەچەی پێشووی کوردەکانەوە، چالاکییەکانی بە کێشەیەکی ساکار بۆ بەدیهێنانی مافی کورد بەربەست

نەکردووە و بە کۆمۆنیستی نازانێ، ئەگەرچی بیری چەپی هەیە، بەڵام لەو بیرە سوودوەردەگرێ بۆ ئەوەی لەسەر چالاکییەکانی بەردەوام بێ.

دەستەیەک لە پیاوانی ڕیشسپی و سەربەخۆ، هەستان بە ناوبژیکردن و چارەسەرکردنی گرفتی نادیاری نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد و ڕێگەچارەی جۆراوجۆریان پێشنیاز کرد، بەڵام ئاگری ڕق و قینی نێوان ئەو دوو کەسە بە ئاسانی چارەسەر نەدەکرا. ئەگەر ئەم جیابوونەوەیە ڕووی نەدایە، ڕق و قین بەردەوام نەدەبوو و لە ۱۹۹۵دا هەزاران کورد نەدەکوژران و تاڵەبانی و کۆڕی بارزانی لە جەنگی دەسەڵاتدا بەرانبەر یەک ڕانەدەوەستان. ئەگەرچی مەسعوود بارزانی لەو باوەڕەدایە کە "مام جەلال گەلێ جار نزیکترین کەس بووە لە بارزانییەوە و جاری وایش بوو لێی دەتۆڕا، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا مرۆڤێکی زیرەک و تێگەیشتوو و زۆر شایانی ڕێز بوو. بۆیە حەز ناکەم ئاماژە بە لایەنە نەرێنییەکانی نێوان ئەو دوو کەسە بکەم، تا نەوەکانی من و ئەو لە داهاتوودا گیرۆدەی ئەو کێشانە نەبن و باشترە لەبیری ببەنەوە و ئەو لاپەڕەیە لە مێژوودا بسڕینەوە". بەڵام نە خۆێن بە خۆێن دەشۆردرێتەوە و نە دەتوانین لە دەستی مەحکەمەی مێژوو خۆمان دەرباز بکەین. لێرەدایە کە مەسعوود بارزانی بە من دەڵێ "ئەگەر دەزانی من و مام جەلال لە مێژوودا تاوانبارین، کەوایە لە مەحکەمەی ئێمەدا کەمترین گومان مەکە". مام جەلال جارجارێک سەیری دەموچاوی بارزانیی دەکرد و دەیگوت "ئەزبەنی، تۆ بڕوات بە حزب نییە".

تاڵەبانی لە بەرانبەر هەڵەکانی بارزانیدا، شێوازێکی نەرمتری هەبوو، هەرچەند لەو کاتەدا لەناو پارتیدا پلە و پایەیەکی نەبوو و ئیبراهیم ئەحمەد کەسی باڵا و یەکەمی پارتی بوو. بەڵام لە لایەکی تردوە مام جەلال هەمیشە ڕێز و حورمەتی لەبەرچاو بوو و هەموو کاتێک ڕێزی لە بارزانی دەگرت و هیچکاتێک بە کەم سەیری نەدەکرد. "مام جەلال هێمن بوو و دەسەڵاتێکی ئەوتۆی لەناو پارتیدا نەبوو، ئەگەر دەسەڵاتی هەبوایە، ڕەنگە هیچکاتێک پارتی تووشی ناکۆکی و جیابوونەوە نەبووایە. ئەڵبەت ئێمە هەوڵێکی زۆرمان دا کە مام جەلال ببێتە سکرتێر، بەڵام هەر نەبوو و نەکرا، چونکە لە لایەکی تردوە ڕێزی ئیبراهیم ئەحمەدی لەلا بوو".

لقی ئەوروپای پارتی بە سەرۆکایەتیی کەمال فوئاد، پشتگیریی خۆی لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ڕاگەیاند. لە ۲۴ی نیسانی ۱۹۶۳دا، چەند کوردێک[۲۲] وەکوو ناوبژیکار چوونە لای بارزانی، بەڵام سوودی نەبوو. بارزانی لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانیدا، ئەوانی بە ناپاک، خوێنڕێژ، خائین بە کورد، دزی مالّ و کەرەستەی کورد، هەلپەرست و... ناو برد. جنێوەکانیش بریتی بوون لە: جاشی عێراق، خائین، دزی شۆڕشی کورد، جاسووس و... کە ئەم جۆرە تۆمەتانە لە کۆمەڵگای کوردیدا، ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە. هێشتا لە بەرانبەر چالاکوانانی فەرهەنگی و سیاسیش ئەم ڕەفارە ئازاردەرانە لە جیهانی سێیەمدا بوونی هەیە و بەداخەوە بارزانی لە دیدارەکانیدا لەگەڵ نوێنەرانی دەرەوەدا، ئەم باسانەی بەشێوەیەکی شەفافانە و چەند بارە بووەوە، دەکرد. تەنانەت بارزانی لەو باوەڕەدا بوو کە ئیبراهیم ئەحمەد بەبێ ئاگاداریی ئەو، پەیوەندیی بە ئێرانەوە کردووە، بەڵام بەپێی گوفتار و بەڵگەکانی ساواک، شتێکی وەها ڕاست نییە. بارزانی لە دەسپێکی کێشەکاندا نامەیەکی بۆ مام جەلال نووسی و داوای لێکرد کە ببێتە سکرتێری پارتی، بەڵام مام جەلال نەیویست و گوتی "من لە جێگەی ئیبراهیم ئەحمەددا دانانیشم".

هەندێ لە ڕەخنەگران باوەڕیان وایە کە ئیبراهیم ئەحمەد "خۆی بە گەورە دەبینی و وایدەزانی کە سکرتێری حیزب لە کۆمەڵگایەکی وەکو کوردستاندا کاربەدەستی هەموو حیزبە و سەرۆکی حیزبیش واتە بارزانی تەنیا بە ڕووالەت کاربەدەستە و شایانی ڕێزە. بە گشتی، ئەو لە خۆی بایی بووبوو و ئەو پۆست و پلە و پایەیەی پێخۆشبوو". بارزانی لە ۱۹۶۴دا بە تەواوی ئەندامانی لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لەخۆی داڕنی. "پێشتر چەند کەسێک کەوتنە بەینەوە، بارزانی پێشنیازی ئەوە بوو کە مام جەلال ببێتە جێگرەوەی ئیبراهیم ئەحمەد، بەڵام جەلال تاڵەبانی دەیگوت: من ناتوانم کارێکی لەو شێوەیە قبوڵ بکەم، ئەوە پێچەوانەی بنەماکانی پارتییە و ناتوانین بڵێین یان من یان ئەو". پێشنیاز کرا بۆ ئیبراهیم ئەحمەد کە ماوەیەک بچێتە دەرەوەی وڵات و مام جەلال لە جێگەی دانیشێ، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد لە بەرانبەر ئەو پێشنیازەدا گرژ بوو و ڕەتی کردەوە. زیاتر ڕکەبەریی نێوان ئەو دوو کەسە و پێداگرتن لەسەر دەنگی تاکە کەسی، هۆکاری

ڕاستەقینەی کێشەکان بوو، هیچ دیالۆگێك لە نێوان ئەو دوو کەسەدا نەبوو، بارزانی و عەشیرەتەکەیشی نەدەکرا لەو بەرەیەدا دووبارە پەرێز بخرێن.

ئەگەر ئەم جیابوونەوەیە ڕووی نەدەدا، لەوانەیە ڕەوتی ڕووداوەکانی مێژوو لە کوردستاندا گۆڕانکاریی بەسەردا بهاتایە. بارزانی قسەکانی جەلالی وەردەگرت و هەمیشە دەیگوت "جەلالە شێت". مام جەلالیش هەموو جارێك لە وەڵامدا دەیگوت "من هاوڕێی تۆم، بەو حیسابە بێت، واتە تۆش شێتی". جەلال زۆر قسەی لەبەردەم بارزانیدا دەکرد، ئەویش هیچکاتێك لێی زوێر نەدەبوو و ئەو قسانەی بە ئاسایی وەردەگرت. مام جەلال ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بوو و ئەگەر لەگەڵ بارزانییشدا بڕۆشتایە، بە هەڵپەرست ناوبانگی دەردەکرد. ئەو دەبوو ئەمەگدار بێت بۆ پارتی. لە کاتێکدا ئیبراهیم ئەحمەد دەیتوانی ماوەیەك دووربکەوێتەوە هەتا هەموو شتێك هێور دەبووەوە، بەڵام ئامادە نەبوو پێشنیازێکی لەو شێوەیە قبوڵ بکات. من نازانم ئیبراهیم ئەحمەد کاریگەریی لەسەر جەلال هەبوو یان نا. هەر کەسە بە گومانی خۆی، لە هەر دەرفەتێکدا، هەوڵیان دەدا کە پێکەوە ئاشتببنەوە. دیار بوو ڕۆژێك یەك دەگرنەوە، چونکە ناکۆکییەکان زۆر قوڵ نەبوون و هەمووی لەسەر کێشەی تایبەتیی خۆیان بوو و گرنگ نەدەهاتە بەرچاو. کاتێك مامە و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی جیابوونەوە، لەڕاستیدا ڕەنگی ئەو جودایییە تۆختر بوو، چونکە ئەو بەڕاستی مرۆڤێکی تێکۆشەر بوو و لەناو پارتیدا زۆر دیار بوو.

هاوینی ۱۹٦٤، د. فوئاد جەلال و جەمال شاکەلی[۲۳] و حەبیب موحەمەد کەریم و یەدوڵڵا فەیلی و... هەوڵیان دا کە بە هەر شێوەیەك بووە ئاشتیان بکەینەوە، بەڵکوو پارتی تێکنەشکێ، تەنانەت نامەی شێخ ئەحمەدیشمان وەرگرت کە بەڵکو لە نێوان ئەواندا جەنگ هەڵنەگیرسێ، شێخ ئەحمەد نووسیبووی "ئەم دوژمنایەتییە چ سوودێکی هەیە؟ باشترە بارزانی سیاسەت بسپێرێ بە کەسە حیزبییەکان، چونکە ئەوان سیاسەت باشتر دەزانن". بەڵام بارزانی نەیدەتوانی دڵ لە دەسەڵات هەڵکەنێ و وازی لێ بهێنێ، بۆیە بە هیچ شێوەیەك داواکارییەکی لەو شێوەیە قبوڵ ناکات. "لە (دوکان و ماوەت) چووینە لای مام جەلال و گوتمان "بارزانی تۆی پێ باشە و وەرە لەم ڕێگەچارەیەدا یارمەتیی بدە، با

ئیبراهیم ئەحمەد ماوەیەك بچێتە دەرەوەی ولآت و تۆ ببە بە سکرتێر. ئەڵبەت مام جەلال دژی ئەوە نەبوو، دەیگوت ئێوە سەرەتا کۆمیتەی ناوەندی سەبارەت بەم پرسە ڕازی بکەن، چونکە من بە تەنیا هیچم پێناکرێت. لەڕاستییدا نەیدەویست نە بەرانبەر بارزانی بوێربی بنوێنێت و نەیشی دەویست هاوڕێکانی وەکو ئیبراهم ئەحمەد وعومەر دەبابە بەتەنای بەجێبهێڵێت". ئەگەرچی لەو کاتەدا ڕێکەوتن لەگەڵ بارزانییان بە جۆرێك لە خۆبەدەستەوەدان دەزانی، بەڵآم مام جەلال نەیاری کۆنفرانسی ماوەت بوو و دەیگوت "ئێستا کاتی ئەو کارانە نییە". لەوڵاوە کەسانێکی وەکوو نووری شاوەیس و عەلی عەبدوڵڵا پێیان داگرتبوو، تەنانەت نووری شاوەیس بە چەند یەدەکی فیشەك و ڕەشاشێکەوە دەیویست بە تەنیا بچێت بۆ جەنگی بارزانی و تووشی هەڵچوون و لاساریی بووبوو.

هەندێ لە میانگیرەکان ئەو ڕۆژانە دێننەوە بیر و دەڵێن "ئیبراهیم ئەحمەد زۆر توند و تووڕە بوو. لە ڕووانگەی ئێمەوە ئەو پێشنیازە زۆر ژیرانە و باش بوو و بە شێوەیەك کۆتایی بە پرسەکە دەهێنا، بەڵآم بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد بە هیچ جۆرێك پێکەوە قسەیان نەدەکرد، چونکە بێجگە لە جنێو و قسەی ناشیرین، هیچی دیکەیان پێ نەبوو". بارزانی دەیگوت "من هەرگیز لەگەڵ ئیبراهیم کار ناکەم، یان من یان ئەو". کەسیش نەیدەزانی ئەو هەمووە ڕکەبەرییە لەسەر چییە؟ چووینە لای ئیبراهیم ئەحمەد، بە ڕادەیەك دوژمنی بارزانی بوو کە لەوانە بوو ئێمەش دەستگیر بکات. تەنانەت چەند سەعاتێك فوئاد جەلالی زیندانی کرد و دەیگوت "بارزانی چکارەیە؟ چۆن دەبێ؟ئەم قسە بریق و باقانە چین، بۆ دەبێ ئەو نەڕوات، من بۆ دەبێ بڕۆم؟ و...". کاغەزەکەی دڕاند و هیچ نەرمییەکی پیشان نەدا. ئیتر لەسەر ئەو پرسە هیچ قسەیەکی لەگەڵ ئێمەدا نەکرد. مام جەلالیش نەهات بۆ کۆبوونەوەکە و گوتی: باشترە بە هێمنی کێشەکە چارەسەر بکرێت. دوژمنی دووبەرەکی بوو و نەیدەویست بە سکرتێر ناوی ببەن. کەسانی دیکەش لەو بەینەدا لە هەولێ ئاشتکردنەوەدا بوون. گەڕانەوە بۆ ڕانیە و بۆ لای بارزانی و ڕۆژی یەکەم نەچووینە لای.

ئەڵبەت بەر لە ڕۆیشتن، بە ئێمەی گوتبوو "بڕۆن، بەڵآم ئیبراهیم واناکات و سەرەنجام قسەکەی من دەبێت. جەلالیش لەژێر کاریگەریی حیزبی و دەوروبەرەکەیەتی". دوای

ڕۆژێك، بارزانی خۆی بانگی کردین و گوتی: بۆ نایەن؟ لەبەرئەوەی شکستتان هێناوە؟ پاشان بڕیارە بڕمەترسییەکەی دا و گوتی "هێرش دەکەینە سەریان". مام جەلال لەگەڵ جیابوونەوە و جەنگ نەبوو و وازیشی لە حیزبایەتی نەدەهێنا. کاتێك جەنگ دەستی پێکرد لە ساڵی ۱۹۶۱دا، سەرکردایەتیی هێزی سەربازیی لە ئەستۆدا بوو. بارزانی بوو بە دوژمنی مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد و ئەم دوژمنایەتییە تا ڕۆژی مردن هەر بەردەوام بوو. لە کۆنفرانسی (۳)دا گوتیان: ئێمە پەیڕەوی بیروباوەڕی مارکسیەت دەکەین. مام جەلالیش بە توندی لایەنگری مارکسیزم بوو، بەڵام ڕووانگە و باوەڕی کوردانە بوو. بارزانییش لە کۆنگرەی (۳)دا گوتی: من دەبمە سەرۆکی قەحبەکان، بەڵام سەرۆکایەتی حزب قبوڵ ناکەم. بەو حاڵەشەوە، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دەیویست بارزانی هەر وەکوو جاران سەرۆکی پارتی بێ و کەسیش ناڕەزایەتیی دەرنەبڕێ. پلە و پایەی ئیبراهیم ئەحمەد کەوتبووە ژێر پرسیارەوە، ئەو کاتەی هەمزە عەبدوڵڵا و دارا تۆفیق و سالح حەیدەریی و خەسرەو تۆفیق و... دەرکران.

کاتێك بارزانی داوای لێکرد بچێتە جێگەی هەمزە عەبدوڵڵا، بۆچی وەڕیگرت، لە کاتێکدا بەپێی یاسا و پەیڕەوی حیزبی نەبوو. بە یەك شەو نەدەکرا ئەو زەمینە و بارودۆخە خەتی ڕەشی بەسەردا بکێشرێ و دۆخی دامەزراوی بارزانی لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بکەوێتە مەترسییەوە، ئەویش ئەو دۆخەی خۆیان لە دامەزراندنیدا دەوری ڕاستەقینەیان هەبووە. ئێمە تایبەتمەندییەکانی بارزانیمان دەزانی، چ بمانەوێ و چ نەمانەوێ، بوویوو بە ئەفسانەیەکی بەناوبانگ و کەسایەتییەکی ناسراو و قارەمانێکی میژووویی، تەنانەت ئەو ئەفسانە خەیاڵییە بەهۆی زمان و پێنووس و وتار و هەڵبەست و پەخشان و هونەری ڕۆشنبیران و چالاکوانانەوە دووپات دەبووەوە و لە دەریای کۆمەڵگادا پەنگی دەخواردەوە".

"لە کۆنگرەی هانۆڤەری ئەڵمانیا لە ساڵی ۱۹۶۴دا، (کەمال فوئاد و عیسمەت شەریف وانلی)مان هەڵبژارد، وەکوو نوێنەری خوێندکارانی کورد، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کوردەکان سەردانی کوردستان بکەن. ڕۆژێکیان کۆنگرەکانی ئێمە لە مانگی ئابدا

بـووون". ئـەوان لـە ئـەیلوول تـا تـشرینی یەکـەمی ۱۹۶۴ چـوون بـۆ کوردسـتان، لـە ئەورووپایشەوە عیسمەت شەریف وانلیّ و د. کەمال فوئـاد هـاتبوون. ئەڵبـەت عیـسمەت زۆر خۆی لە پرسەکان تێوەرنەدەدا و کەمالیش بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بەرەنگاری پرسـەکان نەدەبووەوە. "کەمال فوئاد لـە بـەرلین بـە منـی وت پێویستە بـە مەبەسـتی یەکخستنەوە بگەڕێینەوە، ساڵی ۱۹۶۴ ڕۆشتین. بەڵای منەوە، هۆکاری ڕاستەقینە ئیبراهیم ئەحمـەدە. ئەو دەیویست وەکوو سکرتێر بمێنێتـەوە و بـارزانیش وەکـوو سـەرۆک پلـە و پایـەی خـۆی بپارێزێ. هیچکامیان نەرمییان پیشان نەدەدا و نەیاندەویست کـەمێک لـە هەڵوێـستەکانیان پاشگەز ببنەوە، هەر بۆیە قسەکردن سوودی نەبوو. ئـەوان بڕیـاری خۆیانیـان دابـوو و ئـەو ئاڕاوەیە سەری هەڵدابوو. بـە بـارزانیم گـوت باشـترە ئـەم ناکۆکییانـە نـەمێنن و چارەسـەر بکرێن، لە وەڵامی منـدا گوتی "دەتـەوێ دووپـشک بخەمـە گیرفـانم کـە هـەر کاتێـک ویـستی، پێمەوە بدات؟". دەوڵەتی عێراق و ئێرانیش لەو کێشانە ناڕازی نـەبوون. لەسـەر داخـوازیی حکومەت، عێراقم بەجێهێشت". گرووپێکی دیکە لـە سـووریاوە، بـە سـەرۆکایەتیی حەمید دەرووێش، بە مەبەسـتی ناوبـژیکردن چـوونەلای بـارزانی و کۆمیتـەی ناوەنـدیی پـارتی. تـا ڕادەیەک کاریگەرییان هـەبوو لەسـەر پێکهێنـانی بـواری ئاشـتی، بـەڵام بەداخـەوە بـە هـۆی پێداگریی هەردوو لا، ئەم ئامانجە بەدی نەهات.

لە ساڵی ۱۹۶۴دا کە کێشەی عێراق سەریهەڵدا، ناتەبایی کوردەکانی سـووریاش زیـاتر بوو، هەر لایەنێک دەیویست زیاتر خۆی بە پارێزەری شۆڕش و بزاڤی کـورد پیـشان بـدات و لایەنەکەی دیکە بکەنە لایەنگری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی. حەمید دەرووێش زیاتر پرنسیپی حیزبیی هەبوو و جۆرێک وتوونژ لەنێوان ئەواندا دەسـتی پێکردبـوو، بـەڵام کەسـانی وەکـوو سەڵاح بـەدرەدین، بـە ئاشـکرا سـووکایەتییان بـە کۆمیتـەی ناوەنـدی دەکـرد و خۆیـان بـە لایەنگری سەرسەختی بارزانی پیشان دەدا، بـارزانییش پـشتگیریی لـە بـەدرەدین دەکـرد و کێشەکان پەرەیسەند. ئەگەرچی حەمید دەرووێش نەچـووە ژێـر بـاری ناتـەبایی و هەمیـشە بارزانی و شۆڕشەکەیی پێ باشبوو، لە هەمان کاتـدا سـووکایەتیی بـە هیـچکەس نـەدەکرد. "ڕۆیشتم بۆ کوردستان تا بینیم بارزانی تەنها بیر لە لابردنی ئەوان دەکاتەوە؟ کەسێک بـوو ئەهلی مامەڵەکردن نەبوو. زۆر ڕقیشی لە قاسملوو هەڵگرتبوو. پـاش سـەرهەڵدانی ناتـەبایی

لەنێوان بارزانی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، ئەوان ڕۆڵێکی نەرێنییان لە قوولبوونەوەی کێشەکاندا هەبوو، ئازارێکی زۆریان بە هاوڕێیان و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی گەیاند. تەنانەت لە سەرهەڵدانی کێشەی نێوان ئێران و عێراقیشدا دەوریان هەبوو و هەردوو لایەنی بارزانی و کۆمیتەی ناوەندی دەکەوتنە بەر کاریگەریی هەڵوێستەکانی ئێران و عێراق".

هەندێ کەسانی هەڵکەوتووش، وەکوو شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود، دەیانویست ببنە ناوبژیکار، بەڵام هەمیشە دەیگوت "تا ئەو ڕۆژەی ئەحمەد تۆفیق خاوەنی بارزانی بێ، من هەزار زوڕنایش لێبدەم، بارزانی ناییسێ و وەڵامم ناداتەوە. تا ئەحمەد تۆفیق وەستابێ، قسەی کەسی بە گوێدا ناچێ. تا ئەم سۆمای چاوەی لێ دوورنەخەینەوە، بە هیچ کوێ ناگەین". سالح میران ـ میری ناوچەی خۆشناوەتی ـ لە بارزانییەوە زۆر نزیک بوو و ئەویش بەردەوام ئاگرەکەی خۆش دەکرد. هەموو هەوڵی بارزانی بۆ ئەوە بوو کە ئیبراهیم ئەحمەد لەو پۆستەدا نەمێنێت، بەڵام کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بە هیچ شێوەیەک نەیدەویست ئیبراهیم ئەحمەد لەدەست بدات. ئەحمەد تۆفیقیش لای بارزانی، بێجگە لە هەڵەکەسەما و ڕیاکاریی و ماستاوچێتی، هیچ کارێکی دیکەی نەبوو و دەیگوت "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پەیوەندیی بە جەنابتەوە هەیە و بەڕێزت سەرۆکی ئێمەیشی". بارزانییش لەو پیاهەڵگوتنە بێ بنەما و منداڵانەیە، خۆشی لێ دەهات. عەباس ئاغای مامەند و ئاغایانی تریش لەوێ بوون. بە ناچاری من قسەم کرد و دیسان بارزانی تووڕە بوو و دەستی کرد بە جنێو و قسەی ناشیرین: ئێوە گەنجن و نەزانن، ئەوان ئەمەن و ئەوەن. مرۆڤی دەمپیس و فیتنە لە دەوروبەریدا زۆربوون و کاریگەریی زۆریان لەسەری هەبوو، وەکوو ئەحمەد تۆفیق، کە لە هەڵگیرساندنی ئاگری فیتنە و شەڕوشۆڕدا، خەڵاتی نۆبڵی هەبوو. ئەحمەد تۆفیق، مرۆڤێکی ئاژاوەچی بوو و حەزی دەکرد هەمیشە ناوبانگی هەبێ و سەری لەناو سەراندا بێ. هەوڵی زۆری دەدا کە لە بارزانی نزیک ببێتەوە و بەسەر دەوروبەریدا هەمیشە زاڵ بێ، بۆ ئەو مەبەستە سوودی لەناو و دەسەڵاتی بارزانی وەردەگرت. ئەڵبەت خزمەتی زۆری بە بارزانی کرد، بەڵام بە خراپی سوودی لەوەوە وەردەگرت تا دەستی نەیارانی خۆی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا کورتبکاتەوە، هەر بۆیە نەیاری زۆر هەبوو و کەس خۆشینەدەویست. بۆ نموونە لە ساڵی ۱۹۵۹دا کە

عەبدولڕەحمان قاسملوو لە عێراق دەرکرا، بە هۆی دووزمانیی ئەحمەد تۆفیقەوە بوو، کە زەینی بارزانیی ژاراویی کرد و ئەویش لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی عێراقدا هەماهەنگیی کرد و لە ماوەی ۴۸ سەعاتدا بە دەرکردنی دا. دواتر کە قاسملوو لەو حیزبەدا گەیشتە دەسەڵات، تا ئەوپەڕی توانای هەوڵی دەدا کە پێشینەی ئەو لەبەرچاو نەگرێت و تەنانەت لە گێڕانەوەکانیشدا باسی نەکرێت، تاکو لەبیر بچێتەوە. لە ساڵی ۱۹۶۲دا، عەبدوڵڵا ئیسحاقیی (ئەحمەد تۆفیق) دامەزرێنەری کۆمیتەی مهاباد، بۆ پۆستی بەرپرسی تۆڕی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرا. لە ساڵی ۱۹۶۴ کۆنگرەی دووەمیش لە گوندی سووتەی کوردستانی عێراق بەڕێوەچوو. سلێمانی موعینی و عەبدوڵڵا موعینی تێیدا ئامادەبوون. ئیسحاقی، قازی موحەممەدی وەک خیانەتکار و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی لە ساڵی ۱۹۵۴ بە لادەر، تۆمەتبار کرد. لە ئازاری ۱۹۶۰، کاتێک کە عەبدولکەریم قاسم ڕابەرانی حیزبی بە تۆمەتی کۆمۆنیستبوون لە عێراق دەردەکرد، قاسملوو هۆشداری دەداتە بارزانی کە "عەبدولکەریم قاسم یاری بە تۆ دەکات، ئەمڕۆ هێرش دەکاتە سەر کۆمۆنیستەکان، بەڵام سبەینێ هێرش دەکاتە سەر خودی تۆش". قاسملوو دەڕوات بۆ پراگ. پاشان لە ۱۹۷۰ دەگەڕێتەوە بۆ عێراق و لە حکومەتی عێراق دەستبەکار دەبێت و دەبێتە بەرپرسی گشتیی حیزبەکەی خۆی".

بارزانی، قاسملووی خۆشنەدەویست و بەو و کەسانی دیکەی دەگوت "دارودەستەی جانتابەدەست" و بەو شێوەیە گاڵتەی پێدەکردن. دواتر و لە دوای شۆڕشی ئێران لە ۱۹۷۹، ئیدریس بارزانی قیادەی موەقەتەی دروستکرد. ناکۆکیی قاسملوو لەگەڵ کوڕەکانی بارزانی، لەوانە ئیدریس، بەردەوامیی هەبوو، مەسعوود بارزانی لە مانگی ئایاری ۱۹۷۹، دوای دیداری لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی، ڕەجایی، خامنەیی و ڕەفسەنجانی، ڕێکەوتننامەیەک لەگەڵ مستەفا چەمران دەبەستێت و لە بەرانبەر پشتیوانیی ئێراندا، بەڵێن دەدات لەژێر ناونیشانی قیادە موەقەتەدا، بەشداریی شەڕ لە دژی حیزبی دیموکرات بە ڕابەرایەتیی قاسملوو، بکات. ڕووبەڕووبوونەوەی توند لە پاوە، مەهاباد، شنۆ، لە مانگەکانی ئاب و ئەیلوولی ۱۹۷۹دا ڕوویدا، ئەمەش قاسملووی ناچارکرد کوڕەکانی بارزانی بە جاشی حکومەتی ئێران ناوزەد بکات. مستەفا بارزانی لە ۱۹۷۹ کۆچی دوایی کرد و

دواتر چەند کەسێك لە ئەندامانی سەر بە پارتی، هەستان بە هەڵکەندی قەبری بارزانی. ئەڵبەت دەبێ ئەوەیش بڵێین یەکەم کەس کە بیری سۆشیال دیموکراتی هێنایە ناو کوردەکان، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو، کە لە وڵاتی چیك دەژیا و لەگەڵ دەستەی دوبچك پەیوەندیی نزیکی هەبوو، لە دوبچکەوە ئەو فیکرەیەی وەرگرتبوو. هەرچەندە تووده‌ییەکانی ئێران هاتوچۆی کوردستانی عێراقیان دەکرد و قاسملوویش تودەیی بوو و سارمەدینی سادق وەزیری ئەوی لە حیزبی تووده‌ی ئێران هێنابووە لقی کوردستان، دواجار هەردووکیان لە تووده‌ییەکان جیابوونەوە.

کاریگەریی قاسملوو و کێشەی سۆشیال دیموکرات و کۆمۆنیستەکان، بووە هۆی ئەوەی مام جەلال بۆی ڕوون ببێتەوە ئەگەر بڵێ مارکسیستم، زۆر کەس لایەنگریی ناکەن، بۆیە بوو بە لایەنگری سۆشیال دیموکرات، ئەڵبەت لەو بارەیشەوە پرسیاری لە خالید بەگداش کردبوو. قاسملوو باوەڕی وابوو: ئەوەی ئێمە دەمانەوێت، سۆسالیستی دیموکراتییە. ئێمە سۆسیال دیموکرات نین، ئێمە داوای سۆسیالیستی جێگیرکراو لە چیکین، بەڵام هاوڕێ بێت لەگەڵ دیموکراتی".

هەرچەندە شێخ ئەحمەد هەوڵی زۆری دا کێشەی نێوان بارزانی و پارتی چارەسەر بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. دەڵێن شێخ ئەحمەد مرۆڤێکی ئاشتیخواز بووە و بارزانییش بە ڕووالەت لەگەڵ شێخ ئەحمەددا بووە، بەڵام لە دڵەوە دەیویست هەموو سەری بۆ دانەوێنن. لەولایشەوە ڕۆشنبیرانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و ئەو ئەندامانەی خاوەنی بیروباوەڕی جۆراوجۆر بوون، ملیان نەدەدا بە چاوی بەستراوەوە پەیڕەویی بکەن و سەری بۆ دانەوێنن. شێخ ئەحمەد بە مەبەستی ئاشتکردنەوە هەوڵی زۆری دا، بەڵام بە ئاکام نەگەیشت و جەنگی نێوان کوردەکان پەرەیسەند. شێخ ئەحمەد دەیویست بارزانی بەدوای کاری سەربازیی خۆیەوە بێ و سیاسەت بسپێرێ بە سیاسییەکان و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، بەڵام چێژی دەسەڵات کۆسپی سەر ڕێگەی بیستنی ئامۆژگاریی براگەورەکەی بارزانی بوو. بارزانی بێجگە لە شێخ بابۆ و شێخ ئەحمەد، لەبەر هیچکەسێکی تر هەڵنەدەستا[۲۴].

لەو رۆژانەدا و لە کوردستانی ئێران، چیرۆکێکی تر لە نێوان خەڵکی سنە و مەریواندا دەماودەم بڵاودەبووەوە. "ساواک پاڵپشتی مەزهەر نەقشبەندی - بۆ شێخ عوسمان - بوو. مەزهەر نێوانی لەگەڵ ئەشرەف پەهلەویی خوشکی شا، خۆشبوو، بە پارە و هاوکاریی دارایی ئەو، حیزبی ڕزگاریی دامەزراند و ناویان نابوو بزووتنەوە و ڕاپەڕینی کوردەکان لە کوردستاندا، بەڵام هیچ ڕێکخستن و پلانێکی جەنگییان نەبوو. تەنیا تاقمێك سۆفیی ساکار و لەخۆبوردووی لەگەڵدا بوو کە خاوەنی هیچ بەرنامە و دامەزراوەیەك نەبوون. ئەڵبەتە سیاسەتی حکومەتی ناوەندی ئێران دوای ڕووداوەکانی قازی موحەممەد، بە تەواوەتی سیاسەتێکی ئەمنیەتییانە بوو بۆ کوردستان و بە ئارامی هێشتنەوەی ناوچەکە و پاراستنی بوو لە یاخیبوون و جوواڵانەوە. هاوکات کۆمەك و هاوکاریی هێزەکانی ناوخۆ و تەنانەت چالاکوانانی سیاسی و مەزهەبیی سەر بە حکومەت سوودی نەبوو. هیچ کاتێك ناسنامەی کوردی بە فەرمی نەناساند. بەردەوام ئەم دوودڵی و بێ متمانەییە لە بەرانبەر کوردستاندا بوونی هەبوو". ئەڵبەت لە مێژووی ئێراندا، لە سەردەمی سمکۆ و قازی موحەمەد بەدواوە، هەمیشە هاندان و سەرهەڵدان هەبووە، بەڵام لەو کاتەدا ئەم بارودۆخە لە لایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵ کرابوو.

هێوانامۆق کێتێب

پارتی دیموکرات و بە وتەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە پەیوەندییان بە ئێمەوە هەبوو ئەوانیش ناچار کرابوون کە هەر چەشنە چالاکییەك لە ئێراندا بە زیانی ئەوان دەشکێتەوە، ئێمە یارمەتیمان دەدان کە ئەوان لە عێراقدا بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن. ئەگەرچی دووبەرەکی و جیابوونەوەی حیزبیمان دەبینی، بەڵام ئێمە بەرژەوەندیی ئێرانمان لەبەر چاو بوو و لەو پرسە ناوخۆییە نزیك نەدەبووینەوە. سیاسەتی گشتیی ئێران پاراستنی پەیوەندی لەگەڵ کوردەکاندا بوو. بۆ ئێران زۆر گرنگ بوو کە سەر لە سیاسەتی کوردەکان دەربهێنێت، چونکە ئێران خاوەنی ناوچەیەکی بەربڵاوی کوردی بوو، هەر لە سەردەشت و ورمێوە تا باشووری دەبوو کۆنترۆڵ بکردایە. ساڵانێکی زۆر بوو کە قازی موحەمەد لەسێدارە درابوو و ساواک دەیویست لە مهاباد ڕادیۆی کوردی دابمەزرێنێ. پێشنیازم بۆ ژەنەرال (وەرەهرام) کرد که ژنەکەی قازی موحەمەد ڕادیۆکە بکاتەوە. لەپڕ ژنەکەی قازی هاتە لای من و گوتی: لە دەورت گەڕێم، ئەگەر من کارێکی لەو شێوەیە بکەم،

له لای خەڵکی شارەکە ئابڕووم دەچێ. منیش تەیمور بەختیارم ئاگادارکردەوە و ئەویش گوتی: با فەرماندەری لەشکر ئەو کارە بکات.

دەنگی ناڕەزایەتی و دژایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کە زۆربەیان ڕۆشنبیر و خوێندەواری باڵا بوون، بەرەبەرە بە گوێی جەماوەر گەیشت و ئەم بڵێسەیە ئیتر کوژاندنەوەی نەبوو.

ڕۆژ بە ڕۆژ ئاگری ڕەخنە بڵێسەی دەسەند، جاری وایش هەبوو کە بە بیدەنگی یان هەڕەشە، لەرزەیەک دەکەوتە گیانی ئاگر، بەڵام کوژانەوە لە مەزهەبی ئەم ئاگرەدا نەبوو. ئەگەرچی بارزانی دڵی بەستبوو، بەڵام ئەو لە ڕەخنە و ئاشکرابوونی کەموکوڕییەکان ئۆقرەی لێبڕابوو و تاکە مەرهەمێک بۆ ئەم بریانە بەلای ئەوەوە، گوللە، یان تاوانبارکردن، یان تیرۆری کەسایەتی بوو، تا ئەو ڕادەیەی کە جنێودان و قسەی ناڕەوا و ناشیرین، جێگەی هەموو وشەیەکی پڕکردبووەوە و چاڵی ناتەبایی قوواڵتر و پەیوەندییەکانی ڕەشتر کردبوو. ئیتر دۆخەکە گەیشتبووە قۆناغێکی ناسک و هەستیار، نە بارزانی و نە ئیبراهیم ئەحمەد، نەرمییان پیشان نەدەدا و هەر کەسێک ناوبڕێی بکردایە، لەجیاتیی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە، تەغارێک جنێو و قسەی ناڕەوای دەبیست. ساواکیش ئاگاداری هەموو شتێک بوو. لەڕاستیدا دەزگا ئاسایشییەکانی تورکیا و ئێران پێشوازییان لە کێشەی نێوان ڕۆشنبیران و چالاکوانانی سیاسی و کولتووری دەکرد، کە نەکا لەم نێوەندەدا کەسێک دەوری بنەڕەتی و سەرۆکایەتی ببینێ و هەموو گوێلەمشتی ئەو بن، کەوایە باشترە لەناو خودی کوردەکاندا، بۆ کاولکاریی هەزاران کەموکوڕی قنج بکەنەوە و کەس ئەوی دیکەی بەلاوە باش نەبێ. ئەمە خاڵێکی لاواز و کەمبڕستی کەلتووریی کوردەکان بوو، دەنا دەکرێ کێشەی نێوان دوو مرۆڤ بە زمان و دیالۆگ چارەسەر بکرێت. جاری وا هەبوو ناوبژیکارانی هەلپەرست، ئاوی گۆمی کێشەکەیان لێڵتر دەکرد، تا خۆیان ماسیی زۆرتر بگرن.

دەوڵەتی ئێران دەیویست هەردوو لای لەژێر دەستدا بێ، بەڵام بەبێ جیاوازی سەیری پرسەکەی دەکرد و لەڕاستیدا پەیڕەوکەری سیاسەتی بەریتانیا بوو. "ئەوەی کە دەڵێن لە سەردەمی پەهلەوی لە ئێراندا، نەیاندەهێشت کوردەکان بگەنە پلەیەکی بەرزی سووپا، زۆر

دروست و بەجێ نییە. سەرتیپ موحەمەد ئەمین بیگلەربی، سپەهبود فەرەیدون فەڕوخ نیا، سەرلەشکر موعتەمیدی کوردستانی، لە سووپادا بوون. ڕاستە کوردەکان زۆر جێگای متمانەی حکومەتی ناوەند نەبوون، بەڵام ئەمە بەو مانایە نەبوو کە کەس نەچێتە پلەی بالای سووپا، ئەمە زیاتر بانگەشەی چەپەکان بوو. سوپا بڕوای بە ئۆتۆنۆمیی کوردەکان نەبوو و دەیگوت ئەمە بناغەی جیابوونەوەیە. لەم لایشەوە زۆربەی کوردەکان خاوەنی بیروباوەڕی چەپ بوون و کوردەکانی ئێرانیش پاش ڕووداوی قازی موحەمەد، بزاڤێکی ئەوتۆیان نەبوو. لە نێوان ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، قاسملوو لە دەرەوەی وڵات خوێندکار بوو و حەسەنزادەش لە بەغدا و نزیک لە حکومەتی عێراق بوو. بارزانی دژی چەپ بوو، بەو هۆیەوە جەلال تاڵەبانی ڕەخنەی لێدەگرت".

پاش ئەوەی لە ئێراندا پرسی دەستبەسەرداگرتنی کوردستانی عێراق شێوازێکی دیکەی بەخۆوە گرت. "یارمەتیدانی ئێمە لایەنی مرۆڤدۆستانەی نەبوو، بەڵکوو بۆ ئێمە ئەوە گرنگ بوو کە لەو ناوچەدا دەسەڵات بەدەستبهێنین، چونکە حکومەتی عێراق هەموو کاتێک هاندەری گەلانی ناوخۆی ئێران بووە، وەکوو کوردەکان و عەرەبەکان. ئەڵبەت ئێرانیش هیچ کاتێک نەیدەویست سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان بدرێت، تەنانەت زمانی کوردیشی بە زمانێکی ناوچەیی، یان زاراوە دەزانی و هەرگیز نە بارزانی و نە بە کۆمیتەی ناوەندی پارتی بەڵێنی کۆمەکی بەدەستخستنی ئۆتۆنۆمیی نەدەدا". لەو بارودۆخەدا، بارزانی پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئێراندا هەبوو و فشاری دەخستە سەر ئێران، بەڵام شا بڕوای پێی نەبوو و تەنیا یارمەتیی سەربازیی دەدا. سووپا و ڕووکنی دوو، پەیوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ بارزانیدا نەبوو، یارمەتییەکانیش لە ئاستێکدا نەبوو کە تەواو بەهێزی بکات، بەڵکوو تا ئەو ڕادەیە بوو کە لە بەرانبەر سوپای عێراقدا خۆی ڕابگرێ. تۆپخانەی دابووبێ، ئەڵبەت ئەندامانی سوپای ئێران تۆپخانەیان ڕێدەخست و لە هێرشەکاندا بەشداریان دەکرد، پاشان لە ڕێگەی کوردستانەوە دەگەڕانەوە بۆ ئێران.

ئامانجی نزیکیی مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانی و لە ساواک، ئەوە بوو کە لە عێراقدا دۆخێکی باش بۆ خۆیان فەراهەم بکەن. ئەوان لەناو عێراقدا پێکەوە کێشەیان هەبوو و ئەمە پەیوەندیی بە ئێرانەوە نەبوو. "ئێمە هەم لەگەڵ بارزانی و هەم لەگەڵ

تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەدیش پەیوەندیمان هەبوو و دەمانویست هەردوو لا لەژێر کۆنترۆڵی ئێمەدا بن. ناکۆکیی ئەوان، بۆ ئێمە گرنگ نەبوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا یارمەتیمان نەدان دژی یەکتر شەڕ بکەن و نەشکەوتینە نێوانیان کە ناشتیان بکەینەوە. ئەوان لە پشتی یەکترەوە قسەیان دەکرد، بەڵام ئێمە گوێمان پێ نەدەدا. بنەمای سیاسەتی ئێمە ئەوە بوو کە لەگەڵ هەردوو لایاندا بسازێین. ئامانجی ئێمە ئەوە بوو لە دژی حکومەتی عێراق کودەتا بکەین. ئەم پشتگیرییە هەتا ۱۰-۱۲ ساڵ، واتە تا ساڵی ۱۹۷۵ یان ۳ ساڵ پێش شۆڕشی ئێران بەردەوام بوو. بارزانی زیاتر لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی خۆی لە ئێران و ساواک نزیککردەوە، بۆیە لە ناوچەی بارزان دەسەڵاتمان زیاتر بوو. باڵی ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال، لە سلێمانی دەسەڵاتیان زیاتر بوو و لە ئێمەوە دوور بوون. لەم بەینەدا لەگەڵ جاشەکاندا پەیوەندییەکی باشمان نەبوو. مام جەلال یارمەتیی ئێرانییەکانی دەدا و کورد بەلایەوە زۆر گرنگ بوو، بۆیە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئێران و کێشەی کوردەکانی تێکەڵ نەکرد. وڵاتی یۆژئاواش ـ وەکوو ئەمریکا ـ دەیانویست لە کاتی پێویستدا سوود لەوان وەربگرن و ئامانجەکانیان بۆ ئێمە ڕوونەبوو، ئەگەرچی لەم لاوە ئەمریکا دۆستی ئێران بوو و سیاسەتی ئێرانیش یۆژئاوایی بوو. ئێران دەویست تەنیا لە عێراقدا چاودێریی پرسی کوردەکان بکات و کوردستانی ئێران نەگرێتەوە، چونکە پاش ڕووداوی قازی موحەممەد، گیروگرفتی کوردەکان کۆتایی هاتبوو، کێشەی ناوچەیی و سەرسنوور چارەسەر دەکرا[۲۵].

لە ۱۰ی شووباتی ۱۹۶۴دا، بارزانی گفتوگۆی لەگەڵ عارف دەستپێکرد، بە واتایەکی دیکە، خولی گفتوگۆی نێوان بزاڤی کوردی و حکومەتی عێراق دەستی پێکرد. ئەم وتووێژانە بە ئاکام نەگەیشت و حکومەت دەستی کرد بە هەڕەشەکردن لە پێشمەرگە. بۆ ئەوەی دڵەڕاوکێ لەناو خەڵکدا بڵاونەبێتەوە، لە ۲۸ی شووباتدا بارزانی لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە ناردنی وەفدەکان لە لایەن هەردوو لاوە دەستی پێکردووە. پەیامنێرانی ئەوروپی دەیانزانی کە ڕووسیا پەیوەندیی تایبەتی لەگەڵ بارزانیدا هەیە، بریماکۆڤ دەهاتە بەغدا و لەگەڵ بەعسییەکان و بارزانییش هاتوچۆی هەبوو. بارزانی ڕووسیای بە وڵاتی دووەمی خۆی دەزانی و بەو بۆنەیەوە هاوکاریی زۆری دەکردن. لەو

ماوەیەدا سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی کورد بووبوونە دوو لایەن: لقی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، کە حکومەتی عێراقی بە لاواز دەزانی و هەوڵی دەدا دەستکەوتی زۆرتر بۆ کورد بەدەستبهێنێ. لقی بارزانییش ڕێکەوتنی لەگەڵ حکومەتی عێراقی پێ باشتر بوو. لە ئازاری ۱۹۶۴دا، جەلال تاڵەبانی دیسانەوە بێلایەنی هەڵبژاردبوو، "بەوبۆنیەوە لە سەرپەرشتیکردنی یاداشتانەمە خۆی بەرکەنار نەکربوو". جەلال تاڵەبانی و شەوکەت عەقراویی، بە نوێنەرایەتیی بارزانی بە مەبەستی دیدار لەگەڵ جەمال عەبدولناسر گەیشتنە قاهیرە، بەڵکوو پشتگیریی ئەو لە داخوازییەکانیان بەدەستبهێنن و پاشان بەسەر حکومەتی عێراقدا بیسەپێنن، بەڵام ئەو وەڵامێکی ڕوونی نەدانەوە و گوتی: هەوڵێك دەدەم تا عەبدولسەلام عارف باشتر مامەڵە لەگەڵ کوردەکاندا بکات.

لە دیرۆکی هاوچەرخی کوردستانی عێراقدا، دەتوانین مانگی نیسانی ۱۹۶۴ بە بەهاری شوومی کوردستان ناو ببەین. ئەگەرچی پاش ئەو زستانە تووش و سەختە، ڕووبارەکانی کوردستان پڕ لە ئاو بوون و هاژەیان دەهاتەوە دارەکان بەبەر بوون، بەڵام خەڵکی شار و گوندەکان شاهیدی جەنگی دەسەڵات و دەمارگیریی کەسایەتییە سیاسییەکانی خۆیان بوون و هیچ کەسێك ئەوی دیکەی نەدەویست. یەکێك پەنای بردبووە بەر تیرۆری فیزیکی و ئەوی دیکە تیرۆری کەسایەتی بە ڕێگەچارە دەزانی. "لە ۱۰ی نیسانی ۱۹۶۴دا، دیسان بارزانی و حکومەت ڕێکەوتن و هەتا ساڵی ۱۹۶۵ بەدەوامیی هەبوو. کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ڕایگەیاند کە ڕێکەوتن لەگەڵ عەبدولسەلام عارف بێ سوودە و بارودۆخیشیان شێواندبوو. حیزبی شیوعی لە ۱۲ی نیسانی ۱۹۶۴دا ڕایگەیاند ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق زۆر پێویستە. شیوعییەکان کە ڕۆژگارێك وایان دەزانی کە نووسین و خوێندن بە کوردی بەشێکە لە بیروڕای جیابوونەوە و سەربەخۆیی". بە هەر شێوەیەك بوو شۆڕشی کوردەکان بۆ ماوەیەك دامرکایەوە. ئەم دۆخە لە سەردەمی سەرۆك کۆمار عەبدولڕەحمان عارفدا بەردەوام بوو. هێمنایەتی لە کوردستاندا، تا چەندین ساڵ بواڕەکانی پێکدادانی نێوان عێراق و ئێرانی ئەهوەندتر کردەوە. جەنگی نێوان کوردەکان و هێزەکانی عێراق کە لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمەوە دەستی پێکردبوو، پاش ڕووخانی ئەویش هەر بەردەوام بوو.

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش، بارزانی پەیامێکی بۆ عەبدولسەلام عارف نارد سەبارەت بە ئاگربەست، عەبدولسەلام عارفیش بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی پێویستی بە کات هەبوو، دەیویست باشتر ڕکابەرە بەعسییەکانی سەرکوت بکات، زۆر بە ئارەزوو و تاسەوە وەڵامی ئەرێنیی بارزانیی دایەوە. لە ١٠ی شووباتی ١٩٦٤دا ئاگربەست[٢٦] دەستی پێکرد. پاشان عەبدولسەلام عارف فەرمانی دا پێنج هەزار سەربازی سووریی کە هاتبوون بۆ یارمەتیی سوپای عێراق، خاکی ئەم وڵاتە بەجێبهێڵن. پاشان هەڵوەشاندنەوەی چەکدارە کوردەکانی نەیاری بارزانیی ڕاگەیاند کە لە دوو مانگی کۆتاییدا کۆکرابوونەوە. پاشان حکومەت کۆتایی هێنا بە گەمارۆی ناوچەی کوردستان. عەبدولسەلام عارف بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە جەنگ، لە ١١ی شووباتی ١٩٦٤دا پەیمانێکی ئاگربەستی لەگەڵ بارزانی واژۆ کرد و بڕیاری دا کە ئازادیی کوردەکان بە فەرمی بناسێ و ئەوان لە کاروباری سەربازی و ئیداری بەشداریی پێ بکات، هەروەها هەوڵ بدات بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە لەماوەی جەنگدا لێیان کەوتبوو. بەڵام سوپا بەو ئیمتیازانە قایل نەبوو و لە ئاکامدا جەنگ دەستی پێکردەوە. ئاگربەستی مانگی شووباتی ١٩٦٤ لە نێوان بارزانی و عەبدولسەلام عارف، هەتا نیسانی ١٩٦٥ بەردەوام بوو، بەڵام بە هۆی گوشاری ناوخۆی پارتی دیموکرات و هەروەها بە هۆی ئەوەی دەستووری بنەڕەتیی ١٩٦٤ی عێراق یەکسانی کورد و عەرەبی بە فەرمی نەناسی، ئاگربەست کۆتایی هات. لە ١٠ی شووباتی ١٩٦٤دا، بەیاننامەی عەبدولسەلام عارف لە ڕادیۆدا خوێندرایەوە، بەو ناوەڕۆکەی کە لەگەڵ کوردەکاندا گفتوگۆ کراوە و ئاشتی بەدی هاتووە و سەبارەت بە سیستمی لامەرکەزی ڕێکەوتووین و مافی نەتەوایەتیی کوردەکان لە چوارچێوەی عێراقدا لەبەرچاو دەگیردرێت.

عەبدولسەلام عارف لەو بەیاننامەیەدا ڕایگەیاند کە دەیەوێ لەگەڵ کوردەکاندا ئاشتی بەرپا بکات و کوردەکانیش دەتوانن لە بەیاننامەیەکدا ویستەکانی خۆیان ڕابگەیەنن. بە مەبەستی بێبەهانەکردنی داخوازی کورد، حکومەتی عێراق دانی نا بە چەند خاڵێکی سەرەتایی لە داخوازیی کوردەکان، وەکوو خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی و دانانی هەندێ لێپرسراوی کورد لەو ناوچەدا، ئەویش کەسانێک کە پەروەردەی دەستی سیستمی

حکومەتی ناوەند بوون، نەک ئەوەی کوردەکان خۆیان ئەو کەسانە هەڵبژێرن. ئەگەر ئەمە بەراورد بکەین لەگەڵ داخوازیی ڕاستەقینەی کوردەکان، زۆر بێ بایەخ و کەم بەهایە. تەنانەت ئەو باسەش لەئارادا بوو کە هێزی پێشمەرگە بگەڕێنەوە سەر ژیان و کار و پیشەی خۆیان و کارمەندە دەرکراوەکانیش بانگبکرێنەوە بۆ سەر کارەکانی خۆیان، بەڵام خەڵک هەر بەوانە ڕازی نەبوون و بەپێی دەنگی کۆمیتەی ناوەندیی پارتیش، ئەو بڕیارانە لە ئاستێکی زۆر نزمدا بوون. بەڵام بارزانی بەبێ ئاوڕدانەوە لە پارتی و بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەوان، بەو کارە ڕازی بوو و لەو بارەیەوە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە. پاشان بروسکەیەک لە لایەن خودی بارزانییەوە، بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، خوێندرایەوە، کە کوردەکانیش ئاگربەستیان ڕاگەیاندووە. بارزانی داوای لە پارتی و خەڵک کرد بەبێ هیچ دەستکەوتێک بگەڕێنەوە ناو ماڵەکانیان. ئەم بارودۆخە بە هیچ جۆرێک لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی پارتییەوە پەسەند نەدەکرا، ئەگەرچی جەمال عەبدولناسر و خروچۆڤ پەیامی پیرۆزباییان بۆ عەبدولسەلام عارف نارد. ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە لەو ڕێککەوتنە لەگەڵ عەبدولسەلام عارفدا، ئامانجێ بە هیچ مافێکی بنەڕەتی و ڕاستەقینەی کورد نەدرابوو، کوردەکان خۆیان مافی زۆرتر لەو ڕێکەوتنەیان لەدەستدا بوو و ڕاگەیاندنی ئەو ڕێکەوتنە هیچ پێویست نەبوو. بەڕەبەرە کێشەکان سەریان هەڵدا. پاش ئەوەی حکومەتەکەی عەبدولسەلام عارف گوێی نەدایە داخوازییەکان، دیسان پەیوەندیی عەبدولسەلام عارف و بارزانی تێکچوو و ڕاستیی پێشبینیی نوێنەری ساواک لە بەغدا، دەرکەوت، بارزانی لەگەڵ کەسدا ناسازێ[۲۷]!

بارزانی تێگەیشت هەندێ لە هێزە چەکدارەکانی عەشیرەتەکان هاوکاریی دەکەن، بەڵام هەندێک کەسی دیکە کە ئەوان بە یاخییان دەزانی بەشێک بوون لە هێزی چەکداریی شۆڕش. بارزانی پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی نارد بۆ عەبدولسەلام عارف و ئەویش بەڵێنی دا کە لە ماوەی دوو بۆ سێ مانگدا داخوازیی کوردەکان جێبەجێ بکات و هەروەها ڕایگەیاند ئەگەر گرووپێکی ناو پارتی یان هەمان کۆمیتەی ناوەندیی دژی بارزانی ڕاوەستێ، ئەو سوپاکەی بۆ پشتگیریی لە بارزانی دێنە مەیدانەوە. بە شوێن ئەوەدا کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لە ماوەت بانگەشەیەکی بەربڵاوی دژی بارزانی دەستپێکرد و ئەوی تاوانبار کرد

بەوەی خیانەتی لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد کردووە. لەو کاتەدا جەلال تالەبانی لە فەرەنسا بوو و بە فڕۆکەی فەرەنسیی ژەنەرالێ دوگڵ ڕۆیشت بۆ تاران. لەگەڵ چەند کەسایەتییەکدا گفتوگۆی کرد و پاشان گەڕایەوە بۆ عێراق. کۆمیتەی ناوەندیی پارتی نەیاری ڕێکەوتنی بارزانی و حکومەت بوو و دەیانگوت "ئێمە شۆڕشمان کردووە و بۆچی دەبێ ڕاپبگرین؟ ئەم جۆرە ڕاوەستانە بە سوودمان نییە، ئێستا حکومەتی عێراق لاوازە و دەبێ واز لە شۆڕش نەهێنین. بەردەوام بە بارزانییان دەگوت تۆ لە بەرانبەر ئەم ڕێکەوتنەدا هیچ مەرجێکت دانەناوە". لە کۆیە هەوالّی دیکە بڵاوبووبووەوە، وەکوو ئەوەی ڕێکەوتنی بارزانی و حکومەت کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نەبووە. کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی بەیاننامەکە، چوونە لای بارزانی تا پێی ڕابگەیەنن ئەو ڕێکەوتنە بایەخێکی ئەوتۆی نییە و بۆ دەبێ کارێکی لەو شێوەیە بکرێت؟! بارزانیش وەڵامی تایبەتی خۆی پێبوو و دەیگوت "خەڵکەکەمان ماندوون و پێویستیان بە پشوودانە. نابێ شۆڕش و بزاڤی ئێمە بەردەوام بێ و جارجار دەبێ ماندووبیی دەربکەین، تا خەڵکی کاروباری ئاسایی و ژیانی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و ئابووریییان بگرێتەوە شوێنی خۆی. بە هۆی گەمارۆی ئابووریی سەر کوردستانەوە، خەڵک لە دۆخێکی باشدا نین، ماندووبیی خەڵک و فشاری سەر کۆمەڵگا پێویستی بە پشوودان هەیە. حکومەتێکی ناوەند، حکومەتێکی باشە و ویستەکانی ئێمە جێبەجێ دەکات. ئێوە هەر مەبەست و بۆچوونێکتان هەیە، بینووسن و بیدەن بە حکومەت".

بارزانی بیانووی دەهێنایەوە و لە جەنگ تووڕە بوو، لەڕاستیدا تواناکانی پارتی دەستەبەر نەبوون. چەند خوێندکارێك دەستگیرکرابوون و کوردە سیاسییەکان و تەنانەت خەڵکی ئاساییش، لە دۆخێکی ناهەمواردا بوون. لە واقیعدا بارزانییش ئەمانەی کردبووە بیانوو، کە گوایە تەنیا لەبەر خەڵك و پاراستنی خەڵك و لە پێناوی بەرژەوەندیی گەلی کورددا بەو ڕێکەوتنامەیە ڕازی بووە. تەنانەت ڕستەی "گفتوگۆ سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی لەگەڵ حکومەتدا دەستی پێکردووە"ی دووپات دەکردەوە، تا نەیارانی تاوانبار بکات بەوەی کە نەیاری ئۆتۆنۆمیین. لە سەرەتاوە حەق بە کۆمیتەی ناوەندی بوو و ڕێکەوتنی مەلا مستەفا لەگەڵ حکومەت زۆر بەهێز نەبوو، بەڵام ئەوانیش هەراوهوریای زۆریان نایەوە

و ئیبراهیم ئەحمەد لە تووڕەییدا ئەم دروشمەی خستە سەر دەمی خەڵك "بارزانی کوردستانی بە پرتەقاڵ و پارە فرۆشت". چونکە لۆریی پڕ لە باری حکومەت لە جادەکانی کوردستاندا دەبیندران". تەنانەت نەیارانی بارزانی دەیانگوت: بارزانی لەسەر بابەتگەلێکی زۆر بێبایەخ لەگەڵ حکومەتدا ڕێککەوتووە. لە ڕووانگەی مێژووییەوە، وا دەردەکەوت کە سازشی لەگەڵ حکومەتدا کردووە کە لە لای حکومەتەوە دڵنیابێ و پاشان هێرشی چەکدارانە بکاتە سەر کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، دیسان دڵی شا بهێنێتەوە سەر جێگەی خۆی و هەر وەکوو جاران سەرۆکایەتیی هەمیشەیی بەدەستەوە بێ. بارزانی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، هەریەکەیان دەیانویست پەیوەندی لەگەڵ ئێران بۆخۆیان پاوان بکەن.

کەسانێکی زۆر چوونە لای بارزانی و ڕایانگەیاند کە ئەو ڕێککەوتننامەیە لە ئاستێکی زۆر نزم و کەمبایەخدایە و داخوازیی ڕاستەقینەی کوردی تێدا بەدی ناکرێت. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال، هەوڵێکی زۆریان دا و بەردەوام لە هاتوچۆدا بوون، بەڵام ئەو وتوێژانە بە ئەنجام نەگەیشت و پارتی و خەڵك ئەوەیان بە پێشێلکاریی مافی کورد و سیاسەتێکی ناڕەوا دەزانی، دەیانگوت "داخوازییەکانی ئێمە لەوانە زیاترن، ئێمە ئۆتۆنۆمیمان دەوێ و حکومەتی عێراقیش نایەوێ ئەو مافەمان پێ بدات".

کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و بارزانی، هیچ باوەڕێکیان بە یەکتر نەبوو. ئەڵبەت ناتوانین "بڵێین کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لە ئەستەمبوونی درێژەدان بە جەنگ بێئاگابوون، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەوان لە بیانوویەك دەگەڕان تا لە دەستی بارزانی ڕزگاریان ببێت و لەناو خەڵکدا وەکوو خیانەتکار بیناسێنن، بەو تاوانەی کە بووەتە داردەستی حکومەتی عێراق. پاش ڕزگاربوون و لەو، خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا گفتوگۆ دەستپێبکەن". بەڕاستی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ڕێگە و ڕێباز و بزاڤی خۆی باشتر دەزانی. مەوداکان زۆرتر بوون و جیابوونەوە دەستی پێکرد. کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بوونە دوژمنی بارزانی و بەو هۆیەوە گفتوگۆیان لەگەڵ حکومەتدا نەبوو، ئەمە بووە بیانوویەك بۆ بارزانی، لەو هەڵە تاکتیکییەی کۆمیتەی ناوەندی سوودی وەرگرت و ڕایگەیاند "ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کەوتوونەتە ژێر پەیمانی سنتۆ و دەیانەوێ

شۆڕشی کورد بخەنە خزمەتی ئەربابانی ئەو پەیمانە". جیابوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، بارزانیی ناچار کرد لەگەڵ هەندێ سەرۆک عەشیرەت کە دۆستانە مامەڵەیان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا دەکرد، ڕێکبکەوێ و هانی دان تا هاوکاریی بکەن. لەناو ئەو کەسانەدا شێخ لەتیفی حەفیدی کوڕی شێخ مەحموود و حەمەڕەشیدخان و سەرۆک عەشیرەتەکانی پشدەر[۲۸] دەبیندران.

لە سەرەتای پەیوەندیی شا لەگەڵ شۆڕشی کورددا، بارزانی دەیویست بە شێوەی سەربەخۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ شادا بپارێزێ، بەڵام شا ئەوەی نەکرد و لە ڕێگەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتییەوە یارمەتیی شۆڕشی دەدا، بیانووشیان ئەوە بوو کە بارزانی لە ئێراندا حوکمی لەسێدارەدانی هەیە. یارمەتییەکانیان دەنارد بۆ ماوەت لەوێ دابەش دەکران و بەشی بارزانییشیان دەنارد. پاش ڕێکەوتن، شا عاجز بوو و سنوورەکانی داخست و تا ماوەیەک یارمەتییەکانی ڕاگرت. نۆێنەری ساواک، عیسا پژمان، چوو بۆ لای بارزانی و ئەویش لە وەڵامدا گوتی "زۆربەی پێشمەرگەکان چەند ساڵە خانەوادەی خۆیان نەدیوە، ڕەنگە ئەمە دەرفەتێکی باش بێ کە سەرێکیان لە بنەماڵەکانیان بدەن و بە وردەیەکی باشترەوە بێنەوە ناو چالاکیی پێشمەرگایەتی".

نۆێنەری ساواک دەربارەی ئەم کارە گوماناوییەی بارزانی، گوتی "من بە ناچاری، نەمدەتوانی بەرانبەر بنەمای پرس و داخوازییەکانی ئەوان دژایەتی دەربڕم، بەڵام بە بیانووی ئەوەی چۆن بەبێ ئاگاداریی دەوڵەتی ئێران ئەم کارەی کردووە، ناڕەزایەتیم بەرانبەر ئاگربەست و دەستپێکردنی وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی عێراق دەربڕی. گوتم: ئەم کارە بە پێچەوانەی ئەدەب و بنەمای دۆستی و برایەتییەوەیە، چ شای ئێران و چ لێپرسراوانی دیکە، لە هەنگاوێکی ئاوا زوبر و ناڕەحەتن و بەرانبەر کردەوەکانی ئێوە زۆر نیگەرانن. ئەویش گوتی: هەر بەو جۆرەی قورئانەکەم واژۆ کردووە، بە زمانیش بەڵێن دەدەم هیچ کاتێک کارێک ناکەم کە بەرژەوەندیی دەوڵەتی ئێران پێشێل بکات. من بۆ ئەوەی شتەکە ئاشکرا نەبێ، تەنانەت لەو بارەیەوە لەگەڵ لێپرسراوانی پارتیش قسەم نەکردووە. بۆیە هیچ گۆڕانکارییەک لە بیر و سیاسەت و ڕێبازمدا بەرانبەر ئێران ڕووی

نەداوە، هەروەها بە هۆی پاراستنی باری ئاسایشەوە، تارانم ئاگادارنەکردووە. گوتم: سەرانی پارتیش لەم بارەیەوە ناڕازین و لەڕاستیدا ئاگربەست بە باش نازانن. گوتی: حیزب یانی من، سەر و سەران یانی من، عەشیرەت و سەرۆک عەشیرەت یانی من. هەر کەسێک سەرقاڵی شۆڕشە، لەژێر فەرمانی منداید. سەرانی پارتیش هەر غەڵەتێکیان پێخۆشە با بیکەن". لە کۆتاییدا گوتی "سەلام و ڕێزی من بە پادشا و لێپرسراوانی دیکەی ئێران بگەیەنە و لە لایەن منەوە بەڵێن بدە کە من هیچ کارێک بەبێ بۆچوون و بەرژەوەندیی ئەوان جێبەجێ ناکەم". هاوکات لەگەڵ ئەوەی هیچ بڕوایەکم بە قسەکانی نەبوو، لەوێ هاتمە دەرەوە. تەنیا شتێک کە توانیم لەوی داوا بکەم، ئەوە بوو کە لانی کەم ڕەوتی گفتوگۆکانی هەردوو لا، یان هەر وتووێژێک کە لەگەڵ ئەودا دەکرێ، لە ڕێگەی سەرتیپ مەنسوورپوورەوە بە تاران بدرێت. کاتێک گەڕامەوە بۆ بارەگای پارتی، لێپرسراوانم ئاگادارکردەوە و ئەوانیش لەو ڕووداوانە زۆر نیگەران و ناڕازی بوون، بەتایبەت لەوەی کە مەلا مستەفا بەبێ پرسی ئەوان کارێکی لەو شێوەیەی کردبوو. عومەر دەبابە بە منی گوت: ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارف جانتایەکی ڕەشی پڕ لە دیناری عێراقیی بە نهێنی و لە ڕێگەی باوەڕپێکراوانی خۆیەوە، بۆ بارزانی ناردووە.

بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، شوێنەواری نەرێنیی لەسەر ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بارزانی هەبوو. بەڵام پرسی دەسەڵات چارەسەر نەکرابوو و جارجار لەگەڵ ئەندامانی حکومەتدا کۆبوونەوە و بڕیار دەهاتە پێش. کێشە ناوخۆییەکان مەترسییەک بوو بۆ ئەو حیزبە و تەنانەت بووە هۆی پێکدادانی نێوان لایەنگرانی بارزانی و هێزەکانی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی. حکومەتیش هێزێکی تایبەتی بە مەبەستی یارمەتیدانی بارزانی ڕەوانەی کوردستان کرد. پارتی دیموکراتیش لە بەرانبەر ئەوەدا نکۆڵیی لە سەرۆکایەتیی بارزانی کرد و تاوانباری کردن بەوەی خیانەتیان لە کورد کردووە و لە بەرانبەر ڕژێمی عێراقدا خۆفرۆشییان کردووە. ئەم ناکۆکییە ئەوەی پیشان دەدا کە نەخۆشییەکی بێ ئامان کەوتووەتە ناو بزووتنەوەی کوردەوە. "هەبوونی کێشە لەنێوان بارزانی و سەرانی پارتی، پێشمەرگەکانی بەسەر دوو لایەندا دابەش کردبوو. بارزانی بە هۆی لەخۆباییبوون و دیکتاتۆری و تاکڕەوییەوە، لەناو زۆرینەی شۆڕشگێڕاندا لایەنگریی نەدەکرا. هەندێ

پێشمەرگەی هەڵاتوو لە بەغدا و شارەکانی دیکە کە حیزبی نەبوون، لە دەوروبەری بارزانی کۆبووبوونەوە.

بارزانی پارەی هەبوو، ناو و ناوبانگ و دەسەڵاتی هەبوو، بەڵام بەو حاڵەشەوە بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو. بەو ۵۰۰، ۶۰۰ پێشمەرگەیەوە کە لە دەوروبەریدا و لەژێر فەرمانی خۆیدا بوون، باش پادەگەیشت. سەرانی پارتیش بۆ ئەوەی زانیارییان لەسەر بارودۆخی ئەو هەبێ، ئەندامانی پارتییان لە بەشەکانی تایبەتی ئەودا دانابوو. بەو جۆرە تۆڕی زانیاریی ئەوان، ئاگاداری هەموو جموجوڵێکیان بوون. مارگەستە لە گوریسی ڕەش و سپی سڵ دەکاتەوە. جارێك بڕوایان پێکرد، ئەویش بە گفتوگۆی نهێنی و ئاگریەست لەگەڵ دەوڵەتی عێراق وەڵامی دانەوە. ئیتر نەیاندەویست لەوە زیاتر هەڵخەڵەتێن. ئەفسەران و پلەدارانی ئێمەش سوودیان لەو بارودۆخە وەرگرت و بێجگە لە زانیاریی پەیوەست بە جەنگ هەموو ڕۆژێك دەدرا بە نوێنەری ساواك لە بارودۆخی ناوخۆی بارزانییش ئاگادار دەبوون. منیش لە بەغدا بە هۆی عەبدولڕەحمان زەبێحی و یەدوڵاّ فەیلییەوە، چ لە پرسی کورد و چ لە پرسەکانی پەیوەست بە عێراق، ئەوپەڕی سوودم وەردەگرت. ئەو دوو کەسە لە سەرکردەکان و لێپرسراوانی لقی بەغدا بوون". ئیبراهیم ئەحمەد لە سەنگەرگرتنی خۆی لە دژی ڕێکەوتنی بارزانی لەگەڵ حکومەتدا، ڕوونیکردەوە کە ئەو ڕێکەوتنە وەکو ئەوە وایە کە بارزانی کوردەکانی بە مۆز و پرتەقاڵ فرۆشتبێت، هەروەها خائین بە ئامانجی کورد و کوردستانە و بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆی لە هەموو شتێك لەپێشترە بۆی، کوردی کردووە بە پەیژە و بۆ ئامانجەکانی خۆی پێیدا هەڵدەگەڕێ. کاتێك ئەم شتانە بە گوێی بارزانی گەیشتەوە، بەڵێنی دا کە ئیمپراتۆریەتی ماوەت بڕووخێنێ. بارزانی گوتی "من ئیمپراتۆریەتییەکەی ئیبراهیم ئەحمەد تێکدەشکێنم و دەکێشم بە دەمی ئەم حەرامزادەی ئینگلیزەدا". لە ۱۹۶۴دا، بارزانی مەکتەبی سیاسیی پارتیی لە ماوەت بە (ئیمپراتۆریی ماوەت[۲۹]) ناو برد.

بارزانی بیرێکی کۆن و عەشایەریی هەبوو، ڕەنگە بەو هۆیەوە بووبێت کە زۆربەی لاوان و گەنجەکان بەرەو لای کۆمیتەی ناوەندی دەچوون. بەڵام سروشتێکی کرداریی بوو، واتە بە

کردەوە زۆر شێلگیر بوو، لە هەمان کاتیشدا پرەنسیپی پارتیی ڕەچاو نەدەکرد و لە کاتی تووڕەییدا جنێوی دەدا. کوردبوونی لە حیزبیبوون پێ باشتر بوو. ئەو شتەی کە بڕوای پێی هەبوو، لەناو کۆمەڵدا دەریدەبڕی و دەیگوت. دیارە ئەو جۆرە بیر و گوفتارە، لەناو خەڵکی ئاسایی و گوندنشیندا کڕیاری زۆرتر بوو. بارزانی بیر و ویستی کۆمەڵگای کۆنی کوردیی باشتر لە ڕۆشنبیران و خوێندکاران دەناسی و حیزبیش ئاگای لەوە هەبوو. لە ۱۹ی نیسانی ۱۹۶۴دا، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لە کۆنفرانسی ماوەتدا لە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەییدا لەژێر ناونیشانی (ئاشتی یان خۆبەدەستەوەدان[۳۰])، بەیاننامەیەکی بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە و ڕەخنەی لە ڕێکەوتنی بارزانی و حکومەت گرت و بە تووندیی هێرشی کردە سەر بارزانی و بە خائین ناوی برد. ئیبراهیم ئەحمەد هەراوهوریای دەستپێکرد و لەو ڕادیۆدا کە لەژێر چاودێریی خۆیدا بوو، خوێندیەوە. هەروەها بەیاننامەی دەرکردنی بارزانیشی خوێندەوە. کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لە ماوەت، لەگەڵ ۶۰ کەس لە کادرە بااڵکانی پارتی، لەو کۆبوونەوەدا بەشداریان کرد و بەرپرسیارێتییان لە بارزانی سەندەوە، بەوپاساوەی بارزانی دژی پارتییە. کۆنفرانسی (ماوەت) دەستەیەکی نارد لای بارزانی تا داوای لێبکەن لەو کۆنفرانسەدا بەشداریی بکات، بەاڵم ئەو داوای کردبوو کە "بێنە ئێرە و لای من کۆنفرانسەکە بەڕێوەببەن" بەاڵم کەس نەچوو. هەواڵی تیرۆریان لە الیەن کادرەکانی بارزانییەوە بەر گوێ کەوت. لە کۆنفرانسەکەدا ئاگادارییەنامەیەک دژی بارزانی نووسرا. بە خێرایی کۆنفرانسی ماوەت لە ۴ی نیسانی ۱۹۶۴دا ڕێکخرا.

بە ئاشکرا هەردوو لا دژی یەکتر هەڵوێستیان وەرگرت. پاش کۆنفرانسی ماوەت کە لە زستانێکی سەخت و پڕ لە بەفردا بوو، بەر لە ڕاگەیاندنی بەیاننامەکەی عەبدولسەالم عارف، مام جەالل گوتی "ئەمشەو بەیاننامەی حکومەت بڵاودەبێتەوە و دەبێ حیساب و کیتابی خۆمان بزانین و ئامادەبین". شەو کە بەیاننامەکە بڵاوبووەوە، پارتی بەو ئەنجامە گەیشت کە دژایەتیی فەرمیی خۆی ڕابگەیەنێ، لەبەرئەوەی مافی کورد بە تەواوی لەبەرچاو نەگیردراوە و ئەمە دەبێتە هۆی دواکەوتنی شۆڕشەکەمان. کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بڕیاری دا لە ۴ی نیسانی ۱۹۶۴دا ئەو هەڵوێستە ڕابگەیەنێ. لە کۆبوونەوەکەدا ۱۷۰

کەس ئامادە بوون. مام جەلال لە ناوچەی قەرەداغ فەرماندەری سەربازی بوو و جەوهەر نامیق جێگری بوو. ئەو دوانە بەشداریی کۆبوونەوەکەیان نەکرد.

عومەر دەبابە لە ناوچەی کانی ماسی - پشتی ئەزمر- بوو و دەستەیەکیش لە ناوچەی بێتواتە بوون. لە نێوان ئەندامانداباسێکی زۆر کرا و هەندێ کەس دەیانگوت بارزانی هەر ئێستا دەبێ دەربکرێت، چونکە بەبێ پرسی کۆمیتەی ناوەندی ئەو رێکەوتنەی کردووە و پێویستە ئەو بەیاننامەیە بە خێرایی ڕەتبکرێتەوە. هەندێ کەسیش دەیانگوت دەبێ چەند کەسێك بنێرینە لای بارزانی و باسی کۆنفرانسەکەی بۆ بکەن. لە ماوەت پاش کۆبوونەوەکە، بڕیار درا کە بارزانی لابەن و بە خۆیشی ڕابگەیەنن، بەڵام کەس نەیوێرا ئەو کارە بکات. سەرەنجام دەستەیەك کە بریتی بوون لە: حەبیب، یەدوڵڵا، ئەسعەد، ئیبراهیم میرانی، فوئاد جەلال، عەلی عەبدوڵڵا، نووری شاوەیس و چەند کەسێکی دیکە لە کادرە پێشکەوتووەکانی پارتی، چوونە لای بارزانی تا ڕایگشتیی کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی پێ ڕابگەیەنن. کاتێك پێیان ڕاگەیاند، بارزانی بە تووندی و تووڕەیی، دژایەتیی خۆی بەرانبەر کۆمیتەی ناوەندی دەربڕی و پاشان داوای لەوان کرد لای ئەو بمێننەوە و نەگەڕێنەوە لای کۆمیتەی ناوەندی. عەلی عەبدوڵڵا و نووری شاوەیس ئەگەرچی لە کۆنفرانسی ماوەت بەشداریان کردبوو، لای بارزانی مانەوە و ئەویش لێیان خۆشبوو. تەنانەت بارزانی هەندێ لە ئەندامانی بەشداربووی کۆنفرانسەکەی زیندانی کرد.

لە ۲۹ی حوزەیرانی ۱۹۶۴دا، بەیاننامەیەك بڵاوبووەوە و کێشەی نێوان بارزانی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بە شێوەیەکی فەرمی ئاشکرا بوو و بارزانی لەشکرکێشیی دەستپێکرد. کۆنفرانسەکە کۆتایی هات و لێپرسراوان هەریەکەیان چوونە شارێك و لە شوێنێکی دیکە نیشتەجێ بوون. دوو تا سێ هەفتە پاش ئەوە، عەلی عەبدوڵڵا و دکتۆر خالید هاتن بۆ هەولێر و چوونە لای میرزا عەلی عەبدولکەریم و منیشیان بینی. شەو هاتن و گوتیان "کەمال! ئەگەر واز نەهێنی بارزانی دەتکوژێ". بەڵام من مامەوە، لە قەڵای هەولێر خۆم شاردبووەوە. لەپڕ داروودەستەی بارزانی هاتن و چوارپەلیان بەستم و خستمیانە ناو جێبێك. ئیبراهیم ئەفەندی بەرپرسی دەستەی چەکدارەکە بوو. زۆریان ئازار دام و نۆ مانگ

زیندانییان کردم. چەند کەسێکی دیکە لەو زیندانەدا بوون کە دواجار بە فەرمانی بارزانی لە سێدارە دران، یاخود بە فیشەک کوشتنیان، وەکوو: مەحموودی حاجی تۆفیق، عەلی حەمدی و... منیش وام بیردەکردەوە کە کارم تەواوە و کوشتنم نزیکە.

عیسمەت شەریف وانلی و د. کەمال فوئاد گەڕانەوە بۆ کوردستان. وەکو دەستەی ئاشتی، لە ئەوروپاوە هاتبوونەوە. نیوەشەبوو کە منیان خەبەرکردەوە و هێنامیانە دەرەوە. عەبدوللاش هات، کافی نەبەوی و شێخ ڕەزا لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردم و دەیانگوت بۆچی ئەمەت کردووە و ئەوەت کردووە؟ بارزانی فەرمانی کردووە ئازادت بکەین، تۆش دەبێ دەستنووسێکمان بدەیتێ تا ئازاد ببی. بەڵام من ڕەتم کردەوە. هەندێ لە زیندانییەکان کە دژی بارزانی بوون، دەکوژران، بەڵام من بەلامەوە گرنگ نەبوو.

لە کۆنگرەی پارتیدا لە (ماوەت) کێشەکان ئاشکراتر بوو و جیاوازیی تێڕوانینەکانیش زیاتر دەرکەوتن، ئەمەش بووە هۆکار تا بەیاننامەیەک بڵاوبکەنەوە و دژایەتییان دەبڕن بەرانبەر بارزانی و ڕێکەوتنەکەی لەگەڵ حکومەتدا، هەروەها ئەوەش پیشان بدەن کە بارزانی نە ڕێز لە پارتی دەگرێ و نە لەگەڵ پرنسیپی حیزبیدایە و بەبێ ئاگادارکردنەوە و ڕاوێژکردن، کارێکی لەو شێوەیەی کردووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم ڕێکەوتنە، بە پێچەوانەی داخوازییەکانی پێشوویە. لە لایەکی ترەوە هەڵوێستی دوژمنکارانەی بەرانبەر هێزەکانی پارتی وەگرتووە و بەبێ هیچ هۆکارێک، چەند بەرپرسێکی سەربازیی لە پۆستەکانیان دوورخستووەتەوە، یان گواستوونیەتیەوە بۆ شوێنەکانی دیکە. بنەمای کێشەکان، بە هۆی جیاوازیی بۆچوون و ڕووانگە و ئەزموونی دوو نەوەی جیاوازەوە بوو. ئەم ناڕەزایەتی و گێرەوکێشانە وەها تەنگیان بە بارزانی هەڵچنی کە بڕیاری دا قەڵاچۆکردنی سەرانی پارتی و پێشمەرگەکانی لایەنگری ئەوان دەستپێبکات.

ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری، عەزیز عەقراوی و ئەفسەرانی هەڵاتووی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، سووربوون لەسەر خۆبەدوورگرتن لە ڕووبەڕووبوونەوەی بارزانی بۆ ئەوەی ڕووداوێک لە نێوان مەلا و ئەو دەستەیەدا

ڕوونـەدات و کێـشەکان زەقـتر نەبنـەوە و ڕیزەکـانی شـۆڕش لێکنـەترازێ و زیـان لـە شۆڕشـەکەیان نەکـەوێ. ئـەوان نەیاندەویـست دەوڵەتـەکانی ئێـران و عێـراق پـەی بـە کێشەکانیان ببەن و بارودۆخیان بکەوێتە بشێوێ. سەرانی پـارتی کەسانێکیان بـۆ گفتوگۆ لەگەڵ بارزانی نارد و داوایان لێکرد کارێك نەکات کە هێزی پێشمەرگە لـە بەرانبـەر سوپای عێراقدا لاواز ببێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون و گوێی بـارزانی توانـای بیـستنی ئـەو شـتانەی نەبوو. بارزانی دەستی دایـە تیرۆرکردنـی چـەند کەسایەتییەکی پـارتی و فـەرمانی لابردنـی ئەندامانی کۆن و بە ئـەزموونی حیزبـی دا. "بـەڵام سـەرانی پـارتی بـەبێ بڕیـاری کۆمیتـەی ناوەنـدی، فـەرمانی نابـەجێی ئـەویان جێبـەجێ نـەدەکرد. بەیاننامـەی ئـەو کۆنفرانـسە سەبارەت بە ڕێکەوتنی بارزانی و عەبدولسەلام عـارف، ئاکامێکی تـاڵی لێکەوتـەوە. دەکـرا کۆنفرانسێکی ئـاوا بەڕێوەنەچـێ و ڕاگەیاندراوێکی لـەو جـۆرەش بڵاونەبێتـەوە. لەڕاستیدا کۆمیتـەی ناوەنـدیی پـارتی بـە هەڵـە شتەکانی لێکـدابووەوە و وایـان بیرکردبـووەوە کـە بەیاننامەیەکی لەو شێوەیە بـارزانی سـووك دەکـات، بـەڵام بیریـان لـەوە نـەکردبووەوە کـە هەموو دامودەزگای ڕاگەیاندنی پـارتی و ئەندامانی دیـاری حیـزب، لـە مـاوەی ۱۸ سـاڵی ڕابـوردوودا ستایـشی بارزانییـان کـردووە و بـە باڵایـدا هەڵیانـداوە، چـۆن دەتـوانرێ بـە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك لە شەوێکدا کاری ۱۸ سـاڵ بەتاڵ بکرێتـەوە؟! لـە ناوچـەیەکی نیوەعەشایەریی و شەخس پەرستیی وەکوو کوردستان، بارزانی شایانی ڕێز بوو. لە مـاوەی ۲۰ سـاڵی ڕابـوردوودا تاکـە سـەرۆکی کـورد بـوو و هـیچ کەسێك بـڕوای بـە خیانـەتی ئـەو نـەدەکرد. ئەگـەر ئـەوان ئاوڕیـان بدایەتـەوە لـە پێـشینە و پلـە و پایـەی لـەناو خەڵکـدا، بەیاننامەیەکی ئـەوتۆیان بڵاونـەدەکردەوە، کـە سـەرەنجام ۷۵٪ی پێشمەرگە چـوونە لای بارزانی و لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی جیابوونەوە. بـارزانی خـۆی لـە هـاوینی ۱۹۶۴، لـە قەڵادزێ کۆنگرەی شەشەمی پارتیی بەڕێوەبرد و دوو بۆچوون لەنێو خەڵکدا هاتـە کایـەوە:

۱- بارزانی سەرۆکی پارتییە و ئەرکی سەر شانی ئەوەیە کە شۆڕشەکە بە ئەنجام بگەیەنێ، هیچ کەسێك بۆی نییە کۆسپ بخاتە سەر ڕێگەی. ئەویش پێویستە لە بەرانبەر بەڵێنەکانیدا ئەمەگدار بێ و خۆی لە براکوژی بپارێزێ. (پارتی دەیتوانی بەو هەڵوێستوەگرتنە ئەو ناچار بکات بەرپرسایێتیی مێژوویی و کۆمەڵایـەتی خـۆی بپـارێزێ و لـە نـاو خەڵکییـدا قبـوولتر

بویایە). [٢] - بارزانی لەگەڵ ئێراندا هاودەست بوو و لەگەڵ عێراقدا ڕێکەوتبوو و لەگەڵ تورکیاش پەیوەندیی دامەزراندبوو".

بارزانی لە سەرەتاوە پلانی تیرۆر و کوشتنی ئیبراهیم ئەحمەدی داڕشت و داوای لە عەبدولڕەحمانە ڕووتە کرد کە ئیبراهیم ئەحمەد بکوژێ. ئەویش بە دەمانچە و پارەوە هاتە لای ئیبراهیم ئەحمەد و لە نووکەوە هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە و دانی پێدا نا. کاتێک بارزانی زانیی ئیبراهیم ئەحمەد لە هەموو شتێك ئاگاداره، خەریکبوو شێت ببێ. ئەڵبەت ئیبراهیم ئەحمەد هەموو جارێک لە کۆبوونەوە تایبەتییەکاندا جەختی لەو خاڵە دەکردەوە کە لە ڕووانگەی بارزانییەوە، ئەو پیاوی بەریتانیایە و سەر بەو ولاتەیە، لەبەر ئەوە هەنگاوی هەڵنەهێنا بۆ تیرۆرکردنی من. پاشان بارزانی داوا دەکات لە عەزیز موحەممەد، کەسایەتیی دیاری کورد لە حیزبی کۆمۆنیست، ئەو کارەی بۆ بکات. ڕۆژێک ئیدریس بارزانی بە پەلە منی بانگ کرد و گوتی: باوکم داوا دەکاتەیە هۆی پەیوەندیی حیزبەکەتانەوە لەگەڵ بەغدا، ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی بانگ بکەن بۆ شوێنێک و سەریان بکەن بە ژێر ئاودا و لە لاپەڕەی ڕۆژگاردا بیانسڕنەوە. منیش لە وەڵامدا گوتم: حیزبێکی ئێمە حیزبێکی ژێرزەمینییە و توانای کەمە، کارێکی ناڕەخلاقیی وەک ئەوە، لە ئێمە ناوەشێتەوە. خۆتان ئەو هەموو توانەیەتان هەیە، ئەی خۆتان بۆ نایکەن؟! ئەویش لە وەڵامدا گوتی: مەگەر لە سیاسەتدا ئەخلاق هەیە؟ منیش گوتم: حیزبەکەی ئێمە لە سیاسەتدا پابەندە بە ئەخلاقەوە. زستان بوو، دوای ماوەیەک بارزانی خۆی بانگی کردم و چووم بۆ لای. بایزی عەباسی مامەندئاغایش دانیشتبوو. ڕووی لە من کرد و گوتی: دەبێ ئەو دوو کەسە تیرۆر بکەن. منیش گوتم: پێشتر گوتوومە، ئەو شتە بە ئێمە ناکرێت. لە وەڵامدا گوتی: [٤٠] ڕۆژ دەرفەتتان دەدەمێ کە ئەو کارەم بۆ جێبەجێ بکەن، ئەگینا دەبێ خاکی کوردستان جێبهێڵن. منیش گوتم: حیزبی ئێمە لە هەموو شارەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتدا بە شێوەیەکی نهێنی چالاکی دەکات، لە کوردستانیش هەر وا دەکەین. ئێمە واماندەزانی کە بایز ئاغا و کەسانی دیکە لەو کۆڕەدا هەر بۆ ئەو مەبەستە دانیشتوون، بەڵام وانەبوو و بایز لەگەڵ حکومەت و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی پەیوەندیی هەبوو. ناکۆکی دەستی پێکرد، هەردوو لایانم لە بارەگای حیزبدا کۆکردەوە. کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بەڵگەی خیانەتی بارزانییان پێ بوو. کاتێک کێشە سەری هەڵدا،

یەکێك لە نامەکانی بارزانی لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی پارتییەوە سێ جار لە رۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە، کە تێیدا ئەوانی بە خائین بە کورد ناو بردبوو و گوتبووی "بیانگرن و بیانکوژن". ئێمە واماندەزانی کە دەسەڵات لە کوردستاندایە و ئەوانمان بە جۆرێك لە دەسەڵاتی سەربازی دەزانی. بەڵام ئێمە قەرزداری بارزانی بووین، ئەو لە کاتی تەنگژە و تەنگەتاویدا فرمێسکی چاوانی ئێمەی سڕیبوو.

بارزانی بڕوایەکی تایبەتی بە مام جەلال هەبوو. ڕەنگە ویستبێتی بە دڵاواییکردن بەرانبەر جەلال، جۆرێك دووبەرەکی بخاتە ناو پارتییەوە. مام جەلالیش لەناو کۆمیتەی ناوەندیی پارتیدا لایەنگری زۆری هەبوو. ڕەنگە ئەگەر مام جەلال گوێڕایەڵی وتەکانی بارزانی بووایە، بەڕاستی دەستەیەکی زۆر لێی جیادەبوونەوە. ئێمە زۆرتر لەگەڵ بارزانیدا پەیوەندیمان هەبوو و هێندە لە کۆمیتەی ناوەندییەوە نزیك نەبووین. لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیدا کۆبوونەوە، بەڵام وەڵامێکمان دەستنەکەوت. بە کورتی، هەوڵی خۆمم دا و بە بارزانیم گوت "ئەزبەنی، نابێ شەڕ دژی ئەوان بکەی". لە وەڵامدا گوتی "شێتی؟". لە ساڵی ۱۹۶۴دا کە کێشەی نێوان کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و بارزانی ئاشکرا بوو و لێك جیابوونەوە، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لە ماوەت بەیاننامەیەکی دژی بارزانی بڵاوکردەوە، کە ئەو لە پارتی و شۆڕشی کوردەکان و... جیابکەنەوە. بەڵام ژمارەیەکی کەم لە پێشمەرگەکان چوونە لای ئەوان. پاش ئەو بەیاننامەیە، هێزێکی پێشمەرگە بە سەرۆکایەتیی لوقمان بارزانی، دژی ئەوان هێرشیان دەستپێکرد و ئەوانیش چوونە ناو خاکی ئێرانەوە. ئەڵبەتە هەژار موکریانی باوەڕی وابوو "پاش ئەوەی بەعسییەکان لە بەغدا دەسەڵاتیان گرتەدەست، مام جەلالم بینی و گوتی "حیزب دەڵێ باشترە هەژار بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و ئێمە و بارزانی ئاشت بکاتەوە. بارزانی گوێ ناداتە حیزب و حیزبیش ناتوانێ ئەوە قبوول بکات". پێشنیازی ناوبژیکاران بۆ ئاشتی، یان هاتنی مام جەلال، ڕەتکرایەوە و بارزانی پێی داگرتبوو لەسەر ڕای خۆی و بەرانبەر ئیبراهیم کەتووە ڕقئەستووری. تەنانەت سوودی لە هێزی چەکداریش بۆ سەرکوتکردنیان وەرگرت. هەندێ لە عەشیرەتەکان و خەڵکی ئاسایی لەگەڵ بارزانیدا بوون

چەندان جار بارزانی جنێو و قسەی ناشیرینی بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دابوو و تۆمەتی ناپەوای دابووە پاڵیان. گرووپی ناوبژیکار لە لە سووریاوە چوون بۆ کوردستان و خالید مەشایخ و حەمید دەرویش و حەسەن بەشار، چوونە لای بارزانی، بەڵام سوودی نەبوو. وردە وردە ناکۆکییەکان پەرەیان سەند و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بەیاننامەیەکی دژی ئەو رێکەوتنە بڵاوکردەوە، ئەمەش بووە هۆی تووڕەبوونی بارزانی و داوای بەستنی کۆنگرەی کرد. کۆنگرەکە لە حوزەیرانی ۱۹۶۴دا لە قەڵادزێ بەڕێوەچوو. سەرۆکایەتیی پارتی لەو کۆبوونەوەیە ڕازی نەبوو، چونکە شێوازی کارەکە بەپێی پەیڕەوی حیزب نەبوو، دەبوو خەڵک کۆببنەوە و خۆیان هەموو شتێك دیاری بکەن و بچنە ناو کۆنگرەکە. ئەوان ڕایانگەیاند کە ئەو کۆنگرەیە بە فەرمی نازانن و بەشداریی تێدا ناکەن. بارزانی خوازیاری ئامادەکاریی کۆنگرەی شەشەم دەبێ و هەوڵ دەدەن کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بەشداریی تێدا بکات، بەڵام ئەوان خۆیان لە بەشداریکردن پاراست. لە بارزانی ناڕازی بوون و دژایەتییان دەربڕی بەرانبەر ئەوەی کۆنگرەکە فەرمی نەبووە.

هەولێر کتێب

لە ۱ی تەموزی ۱۹۶۴دا کۆنگرەی قەڵادزێ دەستی پێکرد و ۶۰۰ کەس بەشداربیان تێدا کرد. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆن لابران و دەستەیەکی دیکە هەڵبژێردران. یەك دوو کەسی وەکوو سالح یوسفی مانەوە. لێپرسراوانی پارتی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانی، دەستگیرکران، ئەمەش بارودۆخەکەی ئاڵۆز کرد. بارزانی بەوانەشەوە نەوەستا و هێرشی کردە سەر نووسینگەی پارتی و گوتی "کێ کۆبوونەوەی پێکهێناوە و ئەمەش بڕیاری کۆبوونەوەکەیە و دەبێ بەڕێوە بچێ". بێ گوێدانە ئەوەی کە بەپێی ئایینی حیزبی ئەوە دروست نییە، دەیگوت "ئەم کەسانەش دەرکراون و لەگەڵ پارتی نین، دەبێ هەموو شتێك بگەڕێننەوە". بێگومان ئەوانیش ڕەتیان کردەوە، بە دوای ئەوەدا لەشکرکێشی دەستی پێکرد و حکومەتی عێراقیش هاوکاریی بارزانیی کرد، ئەمەش خەڵکی زۆر نیگەران کرد.

لە مانگی تەموزدا، پاش کۆبوونەوە لەگەڵ ژەنەراڵ تاهیر یەحیای سەرۆك وەزیرانی عێراق و ژەنەراڵ عەبدولڕەحمان عارف - بۆ سەرۆك کۆمار - کە لە ڕانیە سەردانی بارزانییان کردبوو، بارزانی داوای لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کرد کە لە ناوچەی

ماوەت کۆببنەوە بۆئەوەی چەکبکرێن و فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ بکەن، بەڵام ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بەرهەڵستییان کرد. لە ئەنجامدا بارزانی فەرمانی کرد بە لوقمانی کوڕی کە بە دوو هەزار چەکداری عەشیرەتی پشدەرەوە بەرەو ماوەت بکەوێتەڕێ، کۆمیتەی ناوەندیی پارتیش لەوێ، بە ۶۵۰ چەکدارەوە توانای خۆڕاگریی لە بەرانبەر ئەو هێرشەدا نەبوو. بارزانی بە مەبەستی سەلماندنی وتەکەی، هێرشی کردە سەر کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و بۆ یەکەم جار جەنگی براکوژیی لە کوردستاندا ڕووی دا و هێزی چەکداریی دژی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی وەڕێخست. لە مانگی تەموزی ۱۹۶۴دا، لوقمان بارزانی، ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی بەرەو سنووری ئێران ڕاونا و کتێبەخانەکەی ئیبراهیم ئەحمەدی ئاگر تێبەردا. "لەپڕ هێرشی کردە سەر ماوەت و بە شێوەیەکی فەرمی هەردوو لا لێك جیابوونەوە. بارودۆخی مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد و ئەوانی دیکە تێکچوو و نەیانتوانی بەرگریی بکەن. هەرچییان هەبوو ڕشتیانە ناو چەمی ماوەتەوە بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست هێزەکانی بارزانی، پاشان ڕۆیان بە چەکەوە بەرەو ئێران ڕۆشتن".

وردە وردە جەنگی نێوان هەردوو لا دەستی پێکرد و خەڵك لەم کارەساتە زۆر نیگەران بوون. ئەو هێزانەی لە نزیکی سنوورەکاندا بوون، نەیانتوانی، یان نەیاندەویست لەگەڵ بارزانی شەڕ بکەن، چونکە حکومەتی عێراق پشتگیریی دەکردن. خەڵکیش نەیاندەویست جەنگی براکوژیی دەستپێبکات. بەهۆی ئەو کارەساتە شوومەوە چەند کەس لەناو چوون و بە ناچاریی پەنایان بردە بەر ئێران. پاشان ئەو ناوچانە کەوتنە ژێر دەستی بارزانی، بەڵام خەڵك هەر لەگەڵ داخوازییەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا بوون. بەو بەیاننامانەی بڵاوبوونەوە، بارودۆخ تێکچوو و بەرەبەرە کێشە و دووبەرەکیی باڵی بارزانی و باڵی کۆمیتەی ناوەندی پەرەیسەند و تا ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو. بێگومان جەنگێکی یەکسان و هاوسەنگ نەبوو و بەدەوامیدان بەو شەڕەش کارێکی ژیرانە نەبوو، بۆیە باڵی کۆمیتەی ناوەندی چوون بۆ ئێران. بەڵام کۆمەڵێك دەڵێن بەداخەوە، بۆچی بەرگرییان نەکرد؟! "ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی هەستیان بە مەترسی دەکرد و لە دڵڕەقیی بارزانی دەترسان کە نەکا تیرۆریان بکات.

دواخستنی کۆنگرەش بیانوو بوو، چونکە بارزانیش بڕوای بەو شتە نەبوو. لەو دۆخەدا کە پڕ بوو لە بێمتمانەیی و دیالۆگیش لەئارادا نەبوو، بەپێی نەریتی کوردانە، هەموو کاتێک دەستبەخەنجێر بوون. لە نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەددا، هیچ کاتێک دیالۆگێکی هێمن و شیاو دروستنەبوو، هەردوو لا تاوانبار بوون و بە تونـدی و دوژمنانە ڕووبەڕووی یەکتر دەبوونەوە. هەوادارانی بارزانی باوەڕیان وایە کە مەبەست لە چوونی بارزانی بۆ ماوەت ئەوە بوو کە چاپخانە و ڕادیۆی دەنگی کوردستان وەربگرێتەوە. ئەم شەڕە چەند ڕۆژێکی خایاند و پاشان خۆڕاگریی کۆتایی هات و بەرەو ئێران ڕۆیشتن. بارزانی دەیگوت "ئەمانە ئەو مردووانەن کە بە ئێرانەوە وابەستەن. ئەوان لەسەر فەرمانی ئێران ئەم کارانەیان کردووە. شا پارە و پێداویستیی پێداون و پشتگیرییان دەکات". ئەڵبەت دیار بوو هەندێ یارمەتییان وەرگرتبوو [٣١].

"گفتوگۆ و ڕێکەوتن و پاشان ئاگربەست لە ناوچەکانی کوردستاندا، ناوبانگی بە (جانتاڕەش) دەرکردبوو، چونکە دەوڵەتی عێراق و بارزانی بە کۆتایی ڕێکەوتنەکان نەگەیشتن و دووبارە جەنگ دەستی پێکردەوە. بارزانی بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە لە سەرانی پارتی، لە سەرەتاوە بڕیاری کوشتنی ئەوانی دا و عەلی حەمدی و ئەحمەد عەبدوڵڵا، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و مەحموودی حاجی تۆفیق، لێپرسراوی کاروباری حیزبی لە سلێمانی کوشت. ئەم ڕووداوە، لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕووبەڕووی نیگەرانی و بێزاریی خەڵک بووەوە. بارزانی وازی لە تیرۆرکردنی ئەوان هێنا، بەڵام هێزێکی ئەندامانی لایەنگری بارزانیی تەیار کرد بە مەبەستی دەستگیرکردن، یان کوشتنی پاشماوەی سەرانی حیزب لە ناوچەی ماوەت لە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی، کە ناوەندی حیزب و بزووتنەوە بوو. سەرانی پارتی بە ٥٠٠ پێشمەرگەوە ڕووبەڕووی ئەوان بوونەوە. لەوانەبوو ئەو کێشەیە ببێتە هۆی تێکشکانی شۆڕش و لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە بە خراپ سوودی لێوەربگیرێت. من پەیامی شای ئێرانم ڕاستەوخۆ بە بارزانی ڕاگەیاند. داوام لە سەرانی پارتی کرد کە ئێتر بەرەنگاری یەکتر نەبنەوە و بۆ ماوەیەک بچنە ئێران. بەم شێوەیە کێشەکە کۆتایی هات. چەند کەسێک لە سەرانی پارتی لایەنگیریی بارزانییان کرد و نەچوونە ئێران، وەکوو: نووری سدیق شاوەیس. پاشماوەی سەرانی پارتی وەکوو: ئیبراهیم

ئەحمەد، جەلال تالەبانی و ئەندامانی دیکە، چوونە ئێران. هێزەکانی بارزانی بە سەرکردایەتیی لوقمان بارزانی، کە کەسایەتییەکی ناسراوی ناو بارزانییەکان بوو، چوو بۆ ناوچەی ماوەت لە رۆژئاوای سلێمانی. دیسان سەرانی پارتی و پێشمەرگەکانیان لە هەولێ ئەوەدا بوون کە پێکدادان ڕوو نەدات و پاش جەنگێکی کورت بەرەو سنووری سەردەشت پاشەکشەیان کرد. بە مەبەستی ڕێگریکردن لە براکوژیی و پەرەنەسەندنی جەنگ و بەربەرەکانێ، سەرۆکی ساواکی سەردەشت لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ تاراندا، داوای لە کاربەدەستانی ئێران کرد کە نێوانگیری بکەن و کۆتایی بە جەنگی براکوژیی بهێنن، بەڵام بەداخەوە ئاوڕێك لە ویستەکەی ئەو نەدرایەوە و بە ناچاریی نزیکەی ۵۰۰ کەس هاتنە ناو سەردەشتەوە". یەکێك لە یارانی ئیبراهیم ئەحمەد، دەڵێت: ئێمە لە پشت چیایەکی ناوچەی ماوەتەوە بووین کاتێك هەواڵی هێرشی هێزەکانی بارزانیمان بیست، لەبەر ئەوەی کوشتار لە نێوان کوردەکاندا ڕوونەدات، بەرەبەرە جیابوونەوە سەریهەڵدا و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بەرەو ئێران چوون و هێزەکانیش خۆیان دایە دەست حکومەتی عێراق. دارودەستەی بارزانی بەوانیان دەگوت خاش، بەڵام بەڕاستی جاش نەبوون و تەنیا بە مەبەستی ڕێگریکردن لە کوشتار و خوێنڕشتن ئەو کارەیان کرد. زۆر بە ناڕەحاتی چەمەکەمان بڕی. سوپای ئێران هاتنە لای ئێمە و لەو لایشەوە کە خاکی عێراق بوو، هێزەکانی بارزانی نیشتەجێ بووبوون. کاتێك چووینە ئێران، ئیبراهیم ئەحمەد لە پێشمەرگە جیابووەوە و چوو بۆ شوێنێکی دیکە. چەند سەفەرێکیشی بۆ تاران کرد. بارزانی نامەیەکی هۆشدارانەی بۆ سوپای ئێران نووسی کە ئەمانە پارەی خەڵکیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە و بۆیە دەبێ ڕادەستی ئێمەیان بکەنەوە، ئەگەر ئەو کارە نەکەن، ناچارین شەڕەکە بکێشینە ناو خاکی ئێران. پاش سەفەرەکەی ئیبراهیم ئەحمەد، دەستەیەك لە ئێرانییەکان هاتنە لای ئێمە و گفتوگۆمان کرد. لە ناوچەی بێتووش ماینەوە. مام جەلال و حیلمی عەلی شەریف لەوێ بوون. بەرپرسێکی سەربازیی ئێران گوتی "بوونی ئێوە بۆ ڕێگری لە تەشەنەکردنی عەبدولناسر و کۆسپی سەر ڕێگەی ئەوان، لێرەدا پێویستە. ئێمە کەمپتان بۆ دروستدەکەین و فێرگەی چەکداربیتان بۆ دادەمەزرێنین. ئەڵبەت بارزانی لەگەڵ ئێراندا ڕێککەوتووە و...". بەڵێنی زۆریان دا کە پشتمان بگرن. ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلالیش سوپاسی خەڵك و حکومەتی ئێرانیان کرد. پاش چەند ڕۆژێك، نامەیەك هات کە

"چەکەکانتان دابنێن". مام جەلال دژایەتیی بەرانبەر ئەم کارە دەربڕی و پاشان گەڕاینەوە بۆ عێراق. لە یەکەم پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی بارزانی کە کەمینیان دانابوو، ئەحمەد حاجی عەبدوڵڵا کوژرا. ئێمەش ئیتر خۆمان پێ ڕانەگیرا و دیسان گەڕاینەوە بۆ ناو خاکی ئێران. ئەمجارە ئۆتۆمبێلی سوپا ئامادە بوو، سواربووین و ئێمەیان بردە دەوروبەری گوندەکانی سەقز و هەموو چەکەکانیان لێوەرگرتین. دوای ماوەیەکی کورت، ئێمەیان بردە هەمەدان، کە مانگی ئایاری ١٩٦٤ بوو.

مام جەلال زۆر جار دەچوو بۆ تاران، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد مااڵی هەر لە تاران بوو. ئەوان لە سنوور تێپەڕ بوون و گەیشتنە سەردەشت لەناو خاکی ئێران و ئیزنی چەککردنیان بە لێپرسراوانی ئێرانی نەدا، وتیان ماوەیەکی دیکە دەگەڕێنەوە بۆ ناو خاکی عێراق. ئیبراهیم ئەحمەد چوو بۆ تاران، بەڵام جەلال تاڵەبانی و عومەر دەبابە لەگەڵ هاوڕێیانیان، لە (دەرەکانی) دەوروبەری سەردەشت و ١٢ میلی سنووری عێراقدا مانەوە. هاوینی ١٩٦٤ بوو، شەوێك لە سوپای سەردەشتەوە ئامادەباشی ڕاگەیەندرا. ئێمە نزیکەی سێ هەزار کەس بووین و سەرتیپ شەهریاری فەرماندەری چالاکی بوو و منیش فەرماندەری گروهان بووم. بە منیان گوت: گروهانەکەت بەجێبهێڵە، چونکە پێکدادانی چەکداری لە نێوان باڵی تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ بارزانیدا ڕوویداوە و هاتوونەتە بێتووش، بڕۆن کاری وەرگێڕان ئەنجام بدەن. لەگەڵ تیپی ٢٠ی پیادەی هەمەدان چووینە شاخەکانی ئەو ناوچەیە و پاش دامەزرانی سەربازی، مەتەرێزمان لێدا و بەسەر بارودۆخدا زاڵ بووین. لەو کاتەدا گوردانی بانەیش هاتە ناو کایەوە و لەشکری سنەش لە ئامادەباشیدا بوو. ئیبراهیم ئەحمەد پەیوەندیی باشی لەگەڵ ساواکدا هەبوو، بەڵام هەمیشە گلەیی دەکرد و دەیگوت "ئێرانییەکان هەمیشە دەڵێن بەیانی! بە پشتیوانیی خودا بەیانی! بەڵام هیچ کارێکیش ناکەن!" من بە ناوی وەرگێڕی کوردیی سۆڤیەتەوە لە کۆبوونەوەکەدا بەشداریم کرد. لە کۆبوونەوەی دووەمدا کە بۆ ئاشنایەتیی زیاتر ڕێکخرابوو، تیمسار شەهریاری کە لە بنچینەوە زەردەشتی بوو، سەبارەت بە هۆکاری هاتنیان بۆ ناو خاکی ئێران پرسیاری لە مام جەلال کرد، مام جەلالیش وەڵامی دایەوە "کە ئێمە ئێران بە نیشتمانی خۆمان دەزانین و پێویست بوو بێین".

هۆکـاری جیابوونـەوە و هاتنمـان، نـەریتی دیکتـاتۆریی و سـەرەڕۆیی و بیروبـاوەڕی دەرەبەگایەتی و عەشایەریی بارزانی بوو. جار جاریش باسی سیفاتە باشەکانی بارزانیی دەکرد و ڕێزی لێدەگرت. مام جەلال زیاتر بیرێکی کوردانەی هەبوو و دەیگوت ئێمە هەقمان بەسەر کوردستانی ئێرانەوە نییە و تەنیا کوردستانی خۆمانمان دەوێ. ئەم ڕستەیە بەلای ژەنەرالەکانەوە مانای (کوردستانی گەورە)ی دەبەخشی و بیستنی ئەو ناوەیان بەلاوە خۆش نەبوو. بەڕپرسیارێتی من وەرگێڕان بوو، بەڵام ئاگاداری زانیارییەکانی ئاسایش نەبووم. جارجار لەگەڵ ژەنەراڵ شەهریاری سەردانی مام جەلالمان دەکرد و ئەویش بە ڕێزەوە پێشوازیی لێدەکردین. جارێک مام جەلال هاتە پێشوازیمان، ژەنەراڵ ڕووی ئەسپەکەی وەرگێڕا، مام جەلالیش زویر بوو و ڕۆیشت. لەو بارودۆخی ئابڵوقە و تەنگژەیەدا ئەوەی بە سووکایەتی دەزانی! من ئەو هەڵوێستەی مام جەلالم زۆر بە مەردانە زانی. دواجار ژەنەراڵ هات و ئاشتبوونەوە. شەهریاری خێرا گوتی: ئێوە دەبێ بڕۆن و خاکی ئێران بەجێبهێڵن. مام جەلال کەمێک ڕاوەستا و گوتی: کەی؟ شەهریاری لە وەڵامدا بە ئینگلیزی گوتی: tomorrow is too late!. مام جەلال خێرا هاتە ناو قسەکەی و گوتی "ئێمە ناتوانین بەیانی بڕۆین، دەبێ سەرەتا ناوچەکە بناسین. باشترە ئێوە فەرمان لە تاران وەربگرن. ئێمە بەبێ هەماهەنگی نەهاتووین و پێشتر لەگەڵ تاران پەیوەندیمان هەبووە".

کۆبوونەوەکە کۆتایی هات و ژەنەراڵ تارانی ئاگادارکردەوە و ئەوانیش گوتیان: کێشە نییە، با بمێننەوە، تەنیا ئاگاداری بارودۆخەکە بن و هەقتان بەسەریانەوە نەبێ. هەتا دوو مانگ لەو ناوچەیەدا پەیوەندیمان لەگەڵیاندا هەبوو. ئەوان تەنیا لەسەر مۆڵەتی ئێمە هاتوچۆی سەردەشتیان دەکرد. ساواکیش ئیبراهیم ئەحمەدی بردبووە تاران و مالیان بۆ بەکرێ گرتبوو، لەگەڵ خێزانەکەیدا لەوێ دەژیان. سنوورەکانی ڕووبەڕوومان لەژێر دەستی هێزەکانی بارزانیدا بوو. دەستوپێوەندەکانی مام جەلال هەموو ڕۆژێک لە کوردستانی عێراقەوە پەیام و دەنگوباسیان دەهێنا. دوو بێسیمچیی لێهاتوو و شارەزای هەبوو کە نهێنییەکانی بێسیمیان دەدۆزییەوە، بە گشتی ڕێکخراوێکی پارتیزانیی ڕێکوپێکی هەبوو. لە دواییین ڕۆژەکاندا پیاوێکی بالآبەرز هاتە لای مام جەلال و ئەویش زۆر ڕێزی گرت. پرسیارم کرد ئەوە کێیە؟ گوتی "جاشە و هەواڵەکانم بۆ دەهێنێ". مام جەلال کەنالی پەیوەندیی

بەربلاوی هەبوو. من لە شوێنێکدا کە بەسەر ئەواندا دەیڕوانی، خێوەتم هەڵدابوو و جارجار دەچوومە ناو گروهانەکەی خۆم، گەلێ جاریش مام جەلال پەیامی دەنارد و دەیگوت "سەرێکمان لێ بدە". هەمیشە نیگەرانی ئەوە بوو کە ئێران لەگەڵ بارزانی ڕێکبکەوێ و شەوێك پەلاماریان بدەن. بەرەبەرە (فەروخ نیا)ش پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ مام جەلال دامەزراند.

لەو دوو مانگەدا کە ئێمە پەیوەندیی نزیکمان هەبوو، هەندێ لە هەواڵەکانی بێسیمم دەدا بەوان. مام جەلالم خۆشدەویست. کوردە ئێرانییەکان کە لە عێراقدا بوون، زۆر باسیان دەکرد. پێشنیازگەلێکم بۆ ئەوم خستەڕوو کە زۆربەیان دەربارەی دەنگوباس و بارودۆخ بوون، هەواڵێکی خراپی بۆ ئەوان تێدا نەبوو. هەتا لە دواین ڕۆژەکاندا گوتیان: دەبێ لە خاکی ئێران بڕۆن. کاتێك دەگەڕانەوە بۆ عێراق، لە بانەوە هەتا سنوور بەڕێم کردن. گەنجێکی هەستیار بووم، فرمێسك بەخۆمڵە چاوانم دەبارین. ئەم گریانە دواجار لەناو سوپادا بوو بە دۆسیە و باجەکەیم زۆر بە قورسی دا. ئاسایشی سوپا زۆر هەستیار بوو. سەرگورد بورجیان بە هۆی پەیوەندیی هەستیارانەی من لەگەڵ عومەر دەبابە، زۆر جار کاردانەوەی پیشان دابوو. (ئووەیسی)ش گلەیی لێم هەبوو کە بۆچی دۆستایەتیم لەگەڵ مام جەلال هەیە. ژەنەراڵ شەهریاری مام جەلالی ماچ کرد و گوتی "ئەمە ڕێگەی خەباتە و پێچ و پەنای زۆرە".

"پاش چەند ڕۆژێك، هێزەکانی کۆمیتەی ناوەندیی کە ۲۰۰ چەکداری ناوچەی خانەقین پشتگیرییان لێدەکردن، چوونەوە ناو خاکی عێراق و دەیانویست خۆیان بگەیەننە چوارتا، بەڵام هێزەکانی بارزانی بەرەنگاریان بوونەوە و بە ناچاری دیسان بەرەو خاکی ئێران پاشگەزبوونەوە. ئەمجارە بە تەواوی چەککران و خرانە ژێر چاودێری و گوازرانەوە بۆ هەمەدان، بەڵام دواجار ئاگادار بووین کە لەوێ سەربەست نین و تا ڕادەیەکی زۆر بەربەست کراون. ماوەیەك دوای ئەوە، دیسان گەڕایەوە بۆ ئارمیدە و ۴۸ سەعات لە ماڵی حاجی قادرخان مایەوە. دووبارە فەروخ نیا هات و گفتوگۆیان کرد و ئەمجارە مام جەلال چوو بۆ تاران. عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری و... چوون بۆ هەمەدان و لە کارگەیەکی

لەکارکەوتووی کۆنەی شقارتەدا نیشتەجێ بوون و لەژێر چاودێریی نهێنییەدا بوون. بەڵام ئێتر وەکوو دیل سەیریان نەدەکرا، تەنیا هاتوچۆیان لەژێر چاودێریدا بوو، لەناو شاری هەمەداندا بەبێ مۆڵەت دەیانتوانی هاتوچۆ بکەن. جاری یەکەم ئەوانمان چەک نەکرد و چەکەکانیان پێبوو، بەڵام جاری دووەم بە فەرمانی تاران، لە سەقز چەکمان کردن. لە ساڵی ۱۹۶۴دا، سوڵتانپوور لە ساواکی سەردەشت، چەکەکانی لێوەرگرتن.

هەموویان بە هێمنی دانیشتن و چەکەکانیان تەسلیمی سوپا کرد. جاری یەکەم لە ڕێگەی سەردەشت و بانەوە گەڕانەوە بۆ عێراق و پاشان لە ڕێگەی بانە و سەقزەوە، ئینجا لە پاڵ سنەوە گواستراندیانەوە بۆ هەمەدان و کەرەستە و خواردەمەنییان لە لایەن سوپاوەوە دابین کرابوو و لە ژێر ڕێزی سەربازیی ئێمەدابوون، چونکە بەڕاستی ڕێکوپێک و خاوەنی دیسیپلین بوون. ڕاپۆرتی ڕۆژانەی ڕووکنی دووی سوپا، سەبارەت بە کۆبوونەوەکان و هەروەها بانگکردنی من بۆ خواردنەوە بوو؛ ژەنەرالێش سەبارەت بە ڕاپۆرتەکانی من بۆ ڕووکنی دووی سوپا، لێکدانەوەی دەنووسی و دەینارد بۆ سوپا. هیچ کامیان لەگەڵ نوێژ و تاعەتدا نەبوون، بەڵام دژی نوێژیش نەبوون، تەنیا جارجار قاڵەسوور و حەمە هیجرانی، گاڵتەیان بە ئیسلام دەکرد. لە سەرەتاوە لێکدانەوەی سوپای ئێران ئەوە بوو کە ئەم پرسە، کەین و بەینی بارزانی و مام جەلاڵە، مام جەلاڵ هاتووەتە ئێران کە لە کوردستانی ئێراندا شۆڕشێك ڕێکبخات. هیچ بڕوایەکیان بەم ناتەباییە نەبوو. لەگەڵ فەرماندەری لەشکری زرێبار کرماشان ـ سەرلەشکر فەرەیدوون فەڕوخ نیا ـ چووین بۆ بێتووش و بینیمان کە پێشمەرگە جلوبەرگی یەکڕەنگ و ڕێکوپێکیان لەبەر کردووە، لە سەربازانی سوپای شا باشتر بوون. لەسەر کلاوەکانیان نووسیبوویان (کوردستان یان نەمان)، بەو شێوەیە ڕێکخراو بوون. مام جەلاڵ و عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری دانیشتبوون و ساواکیش ئیبراهیم ئەحمەدی بردبووە تاران. (نەسیری)ش پەیوەندیی لەگەڵ سوپادا باش بوو. لە کۆبوونەوەکاندا لە مام جەلالیان دەپرسی کە بەڕاستی ڕادەی کێشەکانیان لەگەڵ بارزانیدا چەندە و گەلۆ ئەمە یارییەکی سیاسییە یان نا؟ مام جەلالیش وەڵامی پرسیارەکانی دەدانەوە. لە لایەکی ترەوە لەو سەردەمەدا، ئێمە وەکوو ڕووکنی دووی سوپا دەمانزانی کە تەیمور بەختیار بەپێی فەرمانی KGB دەیەوێ لە عێراقدا

لەگەڵ مام جەلال و سڵێمانی موعینی (فایەق) ـ بە ناوی هێزی چەپ ـ هوە پەیوەندی دروستبکات. ئێمەی ئەفسەرانی کوردی ناو سوپای ئێران، لە دڵەوە بە شۆڕشی ئەوان خۆشحاڵ بووین و تەنانەت ناوچەی (خرێ ناوزەنگ)مان ناونابوو هێلانەی هەڵۆ، کە ئەو پێشمەرگە و گەریلایانە، قارەمانی کوردستانن و لەوێ هەناسە هەڵدەکێشن، بارزانی دژی چەپ بوو مام جەلالیش بەو هۆیەوە ڕەخنەی لێی هەبوو.

پەیوەندیی ئیداریی ئێمە لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد دەستی پێکرد. ئەو لە تاران میوانی ئێمە بوو و ژیان و مانی لە لایەن ساواکەوە بەڕێوەدەبرا. پەیوەندیی من و ئیبراهیم ئەحمەد لە لایەن سەرهەنگ عیسا پژمانەوە دامەزرا. ئیبراهیم ئەحمەد عەقڵی فیکری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بوو و پرسی کوردی بە جوانی شی دەکردەوە. هیچ کاتێك نەدەچووە ژێر باری وتەی نەیاران و پشتی بە خۆی دەبەست و زانیاریەکی وردی سەبارەت بە کورد هەبوو. بۆچوونەکانی سەربەخۆ بوون و تەنانەت سەبارەت بە کوردەکانی ئێرانیش بە ڕاشکاوی ڕای خۆی دەردەبڕی. هەموو هەوڵ و کۆششیان بۆ کوردەکانی عێراق بوو و بە ئاشکرا دەیانگوت ئێمە هەقمان بەسەر کوردەکانی ئێرانەوە نییە. عیسی پژمان دەڵێت: لە لایەن تارانەوە بانگ کرام. لە کاری بارزانی سەرم دەرکرد و خوالێخۆشبوو سەرلەشکر پاکڕەوان گوتی: بە بڕوای من باشتر وایە سەرانی پارتی و پێشمەرگەکانیان، ماوەیەك لەم ناوچەیەدا نەبن. شای ئێران فەرمانی کردووە هەموو ئەو کەسانەی هاتوونەتە ناو سەردەشت، بە شێوەیەکی کاتی چەکەکانیان بدەنە کاربەدەستانی سوپای سەردەشت و بچنە هەمەدان (لەو کاتەدا سەرهەنگ هوشمەند بەڕپرسی سوپا بوو لە هەمەدان). لە ڕێگەدا پەیوەندیی کرا بە سەرۆکی ساواکی هەمەدانەوە کە جێگە و ڕێگە و پێداویستیی ئەم کەسانە دابین بکات. ئەگەر سەرانی پارتی و پێشمەرگەکان چەکیان دانەنا، ئەوا دەوڵەتی ئێران ناتوانێ وەکوو پەنابەر وەریانبگرێ و دەبێ لە سنووری ئێران بچنە دەرەوە. پاش جێبەجێکردنی ئەو کارانە، سەرلەشکر (فەڕوخ نیا)ی فەرماندەری سوپای کرماشانیش، چوو بۆ بارزان و داوای لە بارزانییەکان کرد کە هۆکاری ئەم کێشە و دووبەرەکی و ئاڵۆزییە ڕوونبکەنەوە. فەرمانی شای ئێران ئەوەبوو: ئەگەر دەیانەوێ هێزەکانی باکوور لاواز بکەن و

گیروگرفت بۆ خۆیان و ئێمەش دروست بکەن، ناچارین وازبهێنین لە بەدەوامیدان بە یارمەتیدانتان.

من بەو پایەمەوە کە پێمبوو، چووم بۆ سەردەشت. لە مهاباد ئاگادار کرام کە سەرلەشکر فەڕوخ نیای فەرماندەری سوپای کرماشان لە مالّی فەرماندەری تیپ پێکەوە چووینە سەردەشت. بەشە سەربازییەکانی نزیک بە سەردەشت، چووبوونە ناو شارەوە. هێزی پێشمەرگە و سەرکردەکانی پارتیش هەر لە سەردەشت بوون. خەڵکی سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەری، لانی کەم بە مەبەستی سەیرکردن و دەربڕینی هاودەردی بەرانبەر ئەو کارەساتەی ڕووی دابوو، هێرشیان هێنابووە ناو شاری سەردەشت. چەند و چۆنی ئەم کارە و لەولایشەوە فەرمانی پاشای ئێران کە بە دڵی لێپرسراوانی پارتی نەبوو، پاش سێ ڕۆژ گفتوگۆ، بەو ئەنجامە گەیشت کە چەکەکان دابنێنن و بە لۆری سوپایی بەرەو هەمەدان بەڕێبکەون. لە هەمەدان بەردەوام هەوالّ بۆ خەڵک و لایەنگرانی کۆمیتەی ناوەندیی پێشوو دەهات. ئەم جارەیان لە چەک دامالّران و کەوتنە ژێر چاودێرییەوە. لە هەمەدانەوە هەوالّمان پێگەیشت کە لەوێ ئازادی بەکردار نەهاتووەتە ئاراوە. لەو کاتەدا پەیوەندیی بارزانی لەگەڵ ئێران و ساواک باش بوو و ڕەنگە تەنیا کۆسپی سەر ڕێگە ئیبراهیم ئەحمەد بووبێت، کە ئەویش لە بەرەی عێراقدا نەمابوو. پەیوەندیی ئێران و کۆمیتەی ناوەندیی نوێ ئاسانتر بوو. سەرۆک کۆماری عێراقیش شۆڤێنییەکی عەرەب بوو و بە هیچ جۆرێک ئامادە نەبوو لە بەرانبەر کوردەکاندا نەرمتر مامەڵە بکات. عەبدولسەلام عارف هیچ بڕوایەکی بە پرسی کورد نەبوو.

ڕێکخراوی ئاسایشی بەریتانیا ڕایگەیاند کە مام جەلال و ۲۰۰ پێشمەرگە هەڵاتوون بۆ ئێران و تارانی وەکوو ناوەندێک بەکارهێناوە کە لێهاتوویی و بارودۆخی ڕاگەیاندن و بڕوپاگەندەی خۆی ئاشکرا بکات. باڵی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بێجگە لە ئەندامانی سەرکردایەتی و لێپرسراوانی پایەبەرزی ئەو حیزبە، بەبێ مۆڵەتی دەوڵەت بۆیان نەبوو لەو شوێنەدا دەرکەون و لە سەربازخانە و ئۆردووگایەکی کۆن نیشتەجێ کرابوون، وەکوو دیلی جەنگ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردن. زۆربەیان خەریکی خوێندنەوە و فێربوونی زمانی فارسی بوون. ئیبراهیم ئەحمەد و چەند کەسێکی دیکە، لە تاران سەرقاڵی کار و دروستکردنی

پەیوەندی بوون. تا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی نەچووبوونە ئێران، ساواک نەچووە هەرێمی کوردستانی ژێر دەسەلاتی بارزانی. سەرەنجام ساواک ڕۆیشت و بە بارزانیی گوت "ئەوان لە بازنەکە هاتنەدەرەوە، بەڵام ئێوە دەسەلاتی زیاترتان هەیە". هەر بەو ڕستەیە پەیوەندیی بارزانی و ساواک دەستی پێکرد. حکومەتی ئێران درۆی دەکرد و تەنیا لە کاتێکدا پشتگیرییان دەکرد کە بەرژەوەندییان دەپارێزرا. چوار ڕۆژ دوای ئەوەی باڵی کۆمیتەی ناوەندی گەیشتنە هەمەدان، پاکڕەوان سەردانی بارزانیی کرد. ئەوان لە ئێراندا دەوری پەنابەریان هەبوو. عیسا پژمان پەیوەندیی باشی لەگەڵ پاکڕەوان هەبوو و شایش لە هەموو ڕووداوەکان ئاگادار بوو. تەنانەت شا گوتبووی: مام جەلال ببەنە تاران و بزانن چیی دەوێ و داخوازییەکانی چین؟ پاکڕەوان مرۆڤێکی هۆشمەند بوو و لە کۆنفرانسی جۆراوجۆری دژی کۆمۆنیزم بەشداریی دەکرد. زۆر حەزی بە خەباتکردن لە دژی ئەو گرووپانە بوو کە لە کۆمۆنیزم نزیکدەبوونەوە. خودی پاکڕەوان ئەگەرچی بیرووباوەڕی پارتیی باش دەناسی، بەڵام بۆچوونی وابوو کە دەبێ هەردوو باڵی پارتی لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێرییدا بن. باڵی کۆمیتەی ناوەندی داوایان لە ئێران کرد کە یارمەتییان بدات لە ئامانج و بەرنامەکانیاندا، تا سەرکەوتوو بن لە لاوازکردنی بەعسییەکان لە عێراقدا. بارزانییش هەر وەکوو مام جەلال ئەو باسانەی دەهێنایە ئاراوە، بەڵام جیاوازیی لەوەدا بوو کە باڵی کۆمیتەی ناوەندی لە ڕووی تێڕوانینی پارتییەوە داواکاری یارمەتی بوون و بارزانییەکانیش بەپێی کرداری کۆنینەی هۆزایەتی و بەرژەوەندیی مادیی یارمەتییان دەویست.

عیسا پژمان دوور لە چاوی فەرماندەکانی سوپا لە کوردستان، پاکڕەوان دەبات بۆ کوردستانی عێراق، کە لەوانەیە لە مێژووی ساواکدا بێوێنە بووبێ. "من پاکڕەوانم بردە لای بارزانی. لە بارەگای سەربازیی سەردەشت جلوبەرگی کوردیی لەبەر کرد و بە جێب بەرەو عێراق بەڕێکەوتین. ئەم سەفەرە زۆر نهێنی بوو و هیچ کەسێك ئاگاداری نەبوو. بەڵام لەپڕ جێبەکەمان لە قوڕدا چەقی و بە پێ پاشماوەی ڕێگەکەمان بڕی تا گەیشتینە سەلاحەدین، کە لەو سەردەمەدا کۆشك و تەلاری وەکوو ئێستای تێدا نەبوو. سەرەنجام جێبەکەمان بەخشییە بارزانی. هەر لەو ڕێگەیەوە لەگەڵ چەند ڕێنیشاندەر و پێشمەرگەیەك لە سنوور تێپەڕ بووین و چووینە لای پێشمەرگەکانی بارزانی لە قەلادزێ و گوندەکانی دەوروبەری.

داوام له سەرکردەکەیان کرد کە هەرچی زووە بمبەنە لای بارزانی. ئێوارەی ڕۆژی دواتر سواری ئەسپە تایبەتییەکەی بارزانی بووم. تەنیا من بووم کە بە سواریی ئەو ئەسپە لەسەرخۆ و ڕێناسە بەو ڕێگەیەدا بڕۆم. ئەمە دڵاوایی بەڕێز بارزانی بەرانبەر من بوو. پێکەوە هەموو پرسەکانمان خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە و چاکی و خراپیی پرسەکانمان ڕوونکردەوە. کاردانەوەی ئەو پرسانەم لەناو کاربەدەستانی ئێرانی و سوپای عێراقدا، خستەڕوو. لە وەڵامدا بەردەوام کەموکوڕیی و تاوانی وای دەدایە پاڵ سەران و لێپرسراوانی پارتی، کە بە هیچ شێوەیەک ئەو تاوانانە لەوان نەدەوەشایەوە. فەرمانی شای ئێرانم بۆ گێڕایەوە: کە ئەگەر ئەم کردەوانە بەردەوام بن، ئێمە واز لە پشتگیریتان دێنین. بارزانی گوتی: من بەرپرسیارێتیی ئەم کارەم لە ئەستۆ گرتووە و دەزانم ئەگەر لێپرسراوان و کارگێڕانی ئێستای پارتی لەم ناوچەیەدا بن، نەک هەر سەرکەوتن بەدەستناهێنین، بەڵکوو لە لایەن سوپای عێراق و هێزەکانی دیکەوە تەفروتونا دەکرێین. داخوازیی من لە ئەعلاحەزرەت ئەوەیە کە ئەوان دوور لە سنووورەکان ڕابگرن و ئاگادار بن کە خیانەت لە شۆڕش نەکەن. دوای چەند ڕۆژێک، بە هۆی ناڕەزایەتیی دەوڵەتی عێراق لە بەرانبەر کێشەی سنووورەکان، دەوڵەتی ئێران جەماعەتی باڵی کۆمیتەی ناوەندیی ناردە سەقز و پاشان گواستراندەوە بۆ هەمەدان. بەڵام لایەنگرانیان لە سووریا و لوبنان و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، پشتگیرییان لەو پەنابەرانە کرد و ناڕەزایەتییان بەرانبەر بارزانی دەربڕی.

هەندێ پارەم لەگەڵ خۆم بردبوو، دام بە بارزانی، ئەویش کارەکەی پێشووی دووپاتکردەوە و داوای لێکردم دیاری بۆ ژن و منداڵەکانم بکڕم، ئەمەش وەک بەرتیل وابوو. منیش هەر وەڵامەکەی پێشووم دایەوە و گوتم من شایانی کڕین و فرۆش نیم و هەڕەشەم کرد کە ئەگەر جارێکی دیکە دووپات ببێتەوە، هەرگیز یەکتر نابینینەوە. چوومە ناوەند و بارەگای پارتی لە ماوەت. کەسانی دیکە لە ئەندامانی پارتی لە لایەن بارزانییەوە بەرپرسیارێتییان پێ سپێردرابوو. پاش کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی خۆمان کە پێکهاتبوون لە ئەفسەر و پلەدار و دکتۆر و... بەڕەو ئێران گەڕامەوە. لە هەمەدان سەردانی ئەو ئۆردووگایەم کرد کە بۆ میوانە تازەکان دروستکرابوو. دوای سەردانەکەم بە سەیارەیەک گەڕامەوە بۆ تاران و بە دوو سەیارەش لە سەرانی پارتیم لەگەڵ خۆمدا برد لە خانوویێک

نیشتەجێمکردن کە پێشتر لە لایەن جەمشید ئەمانی دروستکرابوو. ڕاپۆرتی دوورودرێژی کارەکانم دا بە سەرۆکی خۆم ژەنەرالێ پاکڕەوان، پاشان گەڕامەوە بۆ بەغدا. لەو کاتەدا بوو کە جەنگ لە یەمەن دەستی پێکرد.

پاش ئەوەی باڵی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی چوو بۆ هەمەدان، باڵی بارزانی کۆنگرەی شەشەمی لە هاوینی ١٩٦٤دا ڕێکخست و تێیدا هەواڵی دەرکردنی دەستەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ڕاگەیەندرا. هەر لەو کۆنگرەیەدا حەبیب محەمەد کەریم بە سکرتێری پارتی هەڵبژێردرا. ئەنجومەنی شۆڕش بە ئامادەبوونی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و چەند کادرێکی سەربازیی و هەندێ ئاغا و سەرۆک عەشیرەتەکان پێکهات، کە هەندێکیان بریتی بوون لە: عەباسی مامەند ئاغا، شێخ حسێنی بۆسکێنی، کاکە زیاد کۆیە، مستەفا بەگی جاف، کوێخا سمایلی تەلان و چەند کەسێکی دیکە. بارزانی لەو باوەڕەدا بوو کە ئەمانە ئەندامانی حکومەتین. زۆر جار بارزانی گلەیی لە حیزبی کۆمۆنیستی عێراق دەکرد کە بۆچی هەڵوێستێکی وەهایان دەربارەی عەبدولسەلام عارف هەیە و لە یەکێتیی سۆشیالیستی (الاتحاد الاشتراکی) نزیکبوونەتەوە. بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی عێراق ڕایگەیاند کە بە هەموو توانایەکیەوە پشتگیریی خەباتی کورد دەکات. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٤ و سەرەتای ساڵی ١٩٦٥دا، حیزبی کۆمۆنیستی عێراق پێداچوونەوەیەکی بە سیاسەتەکانی خۆیدا کردەوە. لە ٢٤ی ئابی ١٩٦٤دا، حکومەتەکەی عەبدولسەلام عارف، نوێنەرانی خۆی نارد بۆ ناوچەی (چوارتا) و لەگەڵ نوێنەرانی شۆڕشی کورددا کۆبوونەوە. بەڵێنی مافەکانی کوردیان دا، ئەگەر بێتوو چەکدامالێن دەستپێبکەن. لەو کاتەدا سەردار جاف لە تاران بوو و مام جەلالیش پەیوەندیی لەگەڵیدا باش بوو. ڕووکنی دووی سوپا و ساواکیش بە تەواوی لەم پرسە ئاگادار بوون. مام جەلال نیازی بە پەیوەندی لەگەڵ جاف هەبوو، ئەگینا کاری بەسەر بیروباوەڕی ئەوەوە نەبوو. لە لایەکی ترەوە ئەویش پێویستی بە مام جەلال هەبوو و ئەمە بە هۆی عەشیرەتەکەیەوە بوو کە لە عێراقدا دەژیان. جاف بۆ ڕۆژی تەنگانە، لەگەڵ بارزانییەکانیشدا پەیوەندیی باشی هەبوو. سەردار جاف لە لایەن کارگێڕەکانیەوە دەنگوباسی پەیوەست بە تەیموور بەختیاری بۆ شا دەهێنا، هەر بۆیە لای

شا زۆر خۆشەویست بوو. لەو سەردەمەدا سەردار لە ئوردنی هاشمی، بالیۆزی تایبەتی ئێران بوو.

دوای ۱۹۶۴، بارزانی لەو ناوچەدا دەسەلاتی فراوانتر بوو و ڕکابەرەکانی لە کوردستاندا نەمابوون. "مام جەلال لەنێو خوێندکاراندا خاوەنی ڕێز بوو و وەکوو سەرۆکێکی نەتەوەیی پێناسە کرابوو. کاتێک کە جیابوونەوەی ۱۹۶۴ ڕوویدا، ۹۰٪ی جەماوەر لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیی پارتیدا بوون و بارزانییان نەدەویست. ئەو بزاڤە بە چەپی ناسیۆنالیستی مۆدێرن ناسرابوو و دەیانزانی کە لە وڵاتێکی جیهانی سێیەم کە بەرنامەی نەتەوەیی ڕادیکاڵی هەبوو، ئیتر پێشوازییان لە بیری عەشایەریی بارزانی نەدەکرد. هەرچەندە لەم بارەیەوە بۆچوونی جیاواز هەیە". لایەنگرانی تاڵەبانی باوەڕیان وابوو کە لە کاتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و بارزانی، لە نێو خەڵک و تەنانەت قوتابیان و لاواندا، خۆشەویستی زیاتر بۆ بارزانی دەبێت تا کۆمیتەی ناوەندیی حیزب. لەناو خوێندکارانی ئەوروپاشدا، هۆکاری ڕێبازی ئایین بە هیچ شێوەیەک لە گۆڕێدا نەبوو، گرنگترین خاڵی پەیوەست بە کێشەکان لەسەر ڕێکەوتنی بارزانی و حکومەت بوو. لە نێوان ساڵانی ۱۹۶۰ هەتا ۱۹۶۴، دەستەیەک لە خوێندکارانی کوردی ئەوروپا لە ناو حیزبەکاندا پەرتەوازە بووبوون و چالاکیی کوردەکان لەو قۆناغەدا لاواز بوو. خوێندکاران و ڕۆشنبیرانیش نەیاری ڕێکەوتنی بارزانی و حکومەت بوون. کاتێک جەنگ ڕاگیرا، بارزانی بە هەموو شتێک ڕازی بوو و بەبێ هیچ مەرجێک شەڕی ڕاگرت. لە سەروبەندی باسی جیابوونەوەی حیزبیدا بوو کە هەندێ لە لاوەکان مالئاواییان لە سیاسەت و باسی سیاسی کرد. کێشەی ناوخۆی پارتی، لاوە سیاسییەکانی هان دا کە ئیتر شوێن کاریزما و کەسایەتی و قارەمان و هێمای شۆڕش نەکەون. ئێمەی لاو لەو باوەڕەدا بووین کە بە زۆری بیری عەشایەری و تفەنگ و فیشەک، کۆمیتەی ناوەندیی پارتییان ڕاو ناوە.

بەردەوام حکومەتی عێراق پەیوەندیی لەگەڵ ئەواندا دروستکرد و ڕایگەیاند ئەگەر ناتوانن لەگەڵ بارزانیدا ڕێکبکەون، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ عێراق. تەنانەت بەو ئەنجامە گەیشتبوون کە لە بەرانبەر بارزانیدا شۆڕشێکی چەکداریی دەستپێبکەن. نوێنەری

حکومەتی عێراق، لە مالّی جاف لەگەڵ جەلال تالّەبانی دیدار و گفتوگۆ دەکات و ئەوان قەناعەت پێدەکات کە دووبارە بگەڕێنەوە بۆ عێراق. کەمێك کاغەزی دا بە من تاکو بیبەم بۆ هەمەدان، ئیتر ئاگام لە کارەکان و پەیوەندییەکانی نەما. جارێکی دیکە لە بۆکان مام جەلال و عومەر دەبابە و نووری شاوەیسم بینی کە دەچوون بۆ بەغدا و گوتیان سەردانی بارزانی دەکەین. ئەوان بەردەوام هاتوچۆی ئێرانیان دەکرد و بە ئازادی دەهاتن و دەچوون. ئەڵبەت لەوانەیە دووبارە گەڕانەوەی ئەوان بۆ عێراق بووبێتە هۆی دووبارە چالاکبوونەوەی بارزانی. "بارزانی لە هەمان سالّی ۱۹۶۴دا دەیویست بڵێت کە هەموو شتێك کۆتایی هات. بەڵام ناکۆکییەکانی ناوخۆی حیزب، وەك: (پێداگری و ئینکاری لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد)، ئەم کارەی ۱۱ سالّ دواخست و سەرەنجام لە سالّی ۱۹۷۵ وتی: "کاری من تەواو بوو!". لە ناوەڕاستی ئەیلوولدا کۆنگرەیەك بە سەرۆکایەتیی بارزانی لە ڕانیە بەسترا. ئەو کۆنگرەیە دەسەلاّتی گشتیی سەرۆکایەتیی شۆڕشی بە بارزانی سپارد و هەر لەو کاتەدا داوای لەو کەسانە کرد کە چووبوونە ئێران، بە زوویی بگەڕێنەوە. موحەممەد ڕەشید ئەو پەیامەی لەگەڵ خۆیدا برد و لە ئەنجامدا عومەر دەبابە گەڕایەوە بۆ عێراق و لەگەڵ سالّح یوسفی کۆبووەوە و گفتوگۆی کرد، پاشان گەڕایەوە بۆ ئێران. ئەمجارە جەلال تالّەبانی سەردانی بارزانیی لە ڕانیە کرد و سەرەنجام بارزانی ڕازی بوو بەوەی هەموو بگەڕێنەوە بۆ عێراق بێجگە لە ئیبراهیم ئەحمەد و سەید عەزیز شەمزینی. بە شوێن ئەوەدا کۆنگرە بڕیاری دا کە بەپێی یاساکانی عێراق، چالاکیی خۆی دیاری بکات و بەرپرسیارێتیی گشتیی هێزە چەکدارەکانیش هەر لەژێر دەسەلاّتی بارزانیدا بێت"[۳۳].

"ئەوان تا هاوینی ۱۹۶۵ لە هەمەدان مانەوە و نزیکەی سالّێك بەسەر ڕۆیشتن و پەنابردن بۆ ئێراندا تێپەڕیبوو. دوژمنایەتیی ئەوان لەگەڵ بارزانی لەسەر ئەوە بوو کە دەیانگوت: بارزانی کوردی بە عەبدولسەلام عارف فرۆشتووە و خۆی بەدەستەوە داوە، یان بارزانی وازی لە کێشەی کورد هێناوە و لەگەڵ عەبدولسەلام عارف ڕێکەوتووە". لە سالّی ۱۹۶۵دا بارزانی لە مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانیان خۆش بوو و ئەوانیش لە هەمەدان گەڕانەوە. ئەڵبەتە کۆمەڵێك باوەڕیان وابوو کە لە مانگی حوزەیرانی ۱۹۶۵دا، لەسەر داخوازیی ئێران گەڕاونەتەوە لای بارزانی. "لە ناوچەکانی دۆڵەڕەقە و گەلاّلەی سەر

بـه ناحیـه‌ی باڵه‌کایـه‌تی، بـه‌بێ هـیچ کـار و به‌رپرسـیارێتییه‌ك مانـه‌وه و نیـشته‌جێ بـوون. خه‌ڵکیش به‌م لێخۆشبوون و هاتنه‌وه‌ی ئه‌وان، زۆر دڵشاد بوون. پـاش گه‌ڕانـه‌وه، وه‌ك دیـل وابوون. کاتێك ده‌رکه‌وت که بارزانی ده‌یه‌وێت تیرۆریان بکـات، بـه‌ره‌و شـاره‌کان ڕۆیـشتن". کۆمه‌ڵێك باوه‌ڕیان وایه که "بارزانی کاری پێدان و بڕیاری دا که ڕاستیی خۆی پیشان بـدات و پاشماوه‌ی کاره‌کانی دانا بۆ دوای کۆنگره. ئه‌وانیش بـه‌رده‌وام مانـه‌وه. ته‌نانـه‌ت عومـه‌ر ده‌بابه و عه‌لی عه‌سکه‌ری و مام، جارجار بارزانییان ده‌بینی. ئیبراهیم ئه‌حمه‌دیش له تـاران بوو. ئیتر ئه‌وان هیوایـان بـه کـۆنگره‌ی حـه‌وت نـه‌مابوو و ماوه‌یـه‌کی زۆری به‌سـه‌ردا تێپـه‌ڕ بووبوو. عه‌لی عه‌سکه‌ری و نووری شاوه‌یس و حیلمی عه‌لی شه‌ریف و مام جه‌لال، چوونه‌وه ناو شاره‌کان. هه‌ردوو لا سه‌رگه‌رمی ڕاکێشانی سه‌رنجی خه‌ڵك و پێشمه‌رگه بوون. کۆمیته‌ی ناوه‌ندیی پارتیش دژی ڕێکه‌وتنی بارزانی بوو".

ده‌سته‌یه‌ك له لایه‌نگرانی کۆمیتـه‌ی ناوه‌نـدیی پـارتی، خۆیـان شـارده‌وه، به‌شێکیان ده‌ستگیر کـران و گـرووپێکیش بووبوونـه نێوبـژیکار. "بـارزانی لـه بێتواتـه، ڕه‌شـید ئاغـای دۆسـکیی ده‌سـتگیرکردبوو، بـه‌وبیانووه‌ی کـه لایـه‌نگری مـام جه‌لالـه و یارمـه‌تیی زۆری نفوزییه‌کانی داوه و هه‌ڵاتووه بـۆ کۆیـه. لـه کۆیـه ئه‌ندامانی چالاکی پـارتی دیـار بـوون". ئه‌ڵبه‌ته لایه‌نگرانی بارزانی باوه‌ڕیـان وایـه کـه "پاشـان و لـه سـاڵی ۱۹۶۵دا، گه‌ڕانـه‌وه و دابـه‌ش کـران به‌سـه‌ر شـوێنی جۆراوجـۆردا و هه‌ندێکیـشیان به‌رپرسـیارێتییان پـێ درا، بـۆ نمونـه ئه‌نـدامانی سـه‌ربازی چـوونه‌وه سـه‌ر کاروبـاری خۆیـان، کـه‌مال مـوفتی بـوو بـه لێپرسراوی قه‌ره‌داغ، موحه‌مه‌د ئه‌مین فه‌ره‌جیش هه‌ر به‌و شێوه‌یه. ته‌نیا کادری دائیره‌کـان بێکـار مانـه‌وه. له‌ڕاستیدا بـارزانی بـه گومانـه‌وه سـه‌یری ده‌کـردن و نه‌یـده‌توانی بڕوایـان پێبکات. پاش حه‌وت مانگ، دیسان جه‌نگ له‌گـه‌ڵ حکومه‌تـدا ده‌سـتی پێکـرده‌وه. بـارزانی شـه‌پووری جـه‌نگی لێـدا و وتـه‌کانی کۆمیتـه‌ی ناوه‌نـدیی پێـشووی پـارتی بـه‌دی نـه‌هات و هه‌ڵوێستی ئه‌وان لاوازتر بـوو. ئـه‌مجار ڕازی بـوون بـه‌وه‌ی بگه‌ڕێنـه‌وه و بـارزانییش ئـه‌وه‌ی پێخۆش بوو. که‌سانی وه‌کوو عه‌لی عه‌بدوڵڵا و نـووری شـاوه‌یس و سـالار حه‌مـه ئاغـا و... چوون بۆ ئێران و پێیـان ڕاگه‌یانـدن کـه بـارزانی ده‌یـه‌وێ ئێـوه بگه‌ڕێنـه‌وه و ناکۆکییـه‌کان چاره‌سه‌ر بکرێن. ئه‌وانیش دوو سێ جار هاتوچۆی عێراقیان کرد و سه‌ره‌نجام بـه‌و ئه‌نجامـه

گەیشتن کە هەموویان بێجگە لە ئیبراهیم ئەحمەد، دەتوانن بگەڕێنەوە. ئەڵبەت خۆی پێی خۆش بوو بگەڕێتەوە، بەڵام بارزانی ڕووی خۆشی پیشان نەدا و حەزیان بە بینینی یەکتر نەبوو، ڕقەبەرایی لە جێگەی عەقڵانیەت حوکمی دەکرد. لە هەمەداندا نزیکەی مانگێک مانەوە، نزیکەی ۶۰۰ تا ۷۰۰ کەس دەبوون. ئەڵبەت پاشماوەیان گەڕانەوە کە نزیکەی ۴۰۰ تا ۵۰۰ کەس بوون. ئەوان گەڕابوونەوە بۆ کوردستان و "زۆرێک لە خەڵکی دڵسۆز و هاوسۆزی شۆڕشی کورد، ئامۆژگاریی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانییان دەکرد کە یەکگرتوو بن، تاکو لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانیاندا سەرکەوتوو بن". ڕەوشەن بەدرخان لە مانگی بورهان جاف[۳۴] داوای لە مام جەلال کرد کە جیانەبێتەوە و بە هەر شێوەیەک بووە، بواری ئاشتی بڕەخسێنێ، بەڵام بەداخەوە بارزانی خاوەنی بیرێکی عەشایەری و دوور لە سۆز بوو و کاریشی کردبووە سەر چینی ئاسایی کۆمەڵ، ئێستاش پاش سالانێکی زۆر، هێشتا شوێنەواری هەر ماوە. ئەوان گەڕانەوە بۆ کوردستان و ئەم جارە ساواک ئامۆژگاریی بارزانی دەکات کە شۆڕشی کورد لە دژی حکومەتی ناوەندی عێراق دەستپێبکات. باشتر وایە کە ئێتر تەنگ بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵنەچنێت و هەقی بەسەریانەوە نەبێت. "لە دیدار لەگەڵ بارزانیدا، بۆم دەرکەوت کە ئەو لە بارودۆخی خۆی و شۆڕشەکە دڵەڕاوکێی هەیە. شێوەی یارمەتیدان و تا ڕادەیەک گوێنەدان بە ویستەکانی سەرانی شۆڕش، بەسترابووەوە بە ڕێکەوتنەکانی نێوان سەرۆکانی هەردوو حکومەت. منیش بە هۆی ئەوەی ئاگاداری ڕاستییەکان نەبووم، بە ناچاری دۆخەکەم بە شتێکی ئاسایی دەزانی و هەر ئەوەشم بە زۆر بۆ ئەوان دەسەلماند. چونکە من و بارزانی بڕوامان بە یەکتر نەبوو. نە ئەو باوەڕی بە قسەکانی من هەبوو و نە من ئاوڕم لە قسەکانی ئەو دەدایەوە. ئەو چاوەڕوان بوو من درۆ لەگەڵ ئەو حکومەتەدا بکەم، کە کارمەند و دەستپەروەردەی بووم و خزمەتکاری خاک و گەل بم.

من چاوەڕوان بووم کە ئەو ڕاستگۆ بێت لە بەرانبەر ئەو کارەی کە دەوڵەتی ئێران پێی سپاردبوو، ئەو کارەی لەسەر پێشنیازی من پەسەند کرابوو. زیاد لە ئاستی تەسەوریش بە ئەنجامی داواکاری ئەو و هاوکارەکانیشی کاری کرد". سەرەنجام بارزانی تەپڵی شەڕی لێدا. ساواک لە کوردستانی عێراقدا عیسا پژمان هەبوو. عیسا پژمان نوێنەری فەرمیی ڕووکنی

دووی ساواك و سوپابوو سەرلەشكر مودەڕڕیسییش هەبوو بە نازناوی (عەباس) لەناو هێزی پێشمەرگەدا بوو، كە بەردەوام هەواڵەكانی ڕۆژانەی بە ساواك دەدا و ئاماژەی بەوە دەدا كە ناتەبایی ئەوان لەسەر بیروباوەڕیانە. زۆر جار ئیبراهیم ئەحمەد نامەیەكی بە من دەدا كە بیدەمە دەست پیاوێك بە ناوی مامۆستا عەباس، كە دەڕۆشتمە لای بە جووڵەی دەست هێمای بۆ دەكردم كە نامەكە دابنێم دواجار تێگەیشتم ئەو كەسە یەك وشەی كوردی نازانێ و نوێنەری فەرمیی ساواكە". بەڵام بارزانی سەودایەكی دیكەی لەسەردا بوو و ئامۆژگارییەكانی ساواكی بە جددی وەرنەگرت. "ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی گەڕانەوە و لە سەرەتاوە لەڕووی چەكداریيەوە تێكەڵبوون، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە هێشتا مەودایەكی زۆر لە نێوانیاندا هەبوو و بڕوایان بە یەكتر نەبوو. گومانیان لە یەكتر هەبوو و چاوەڕوانی كۆنگرە بوون. لە بەرانبەر یەكتردا نەرمییان دەنواند و بارزانییش ئاوڕی لەوان نەدەدایەوە. لەو نێوەندەدا داوای لە مام جەلال و حیلمی عەلی شەریف كرد كە بچنە لای ئیدریس، خۆی لە پێجوێن بوو. ئەوان بەگوێرەی ئەو سەیری ئەم داوایەیان دەكرد و هەستیان بە پیلانێك دەكرد، كە بۆچی ئێمە ئەم سێ كەسە دەبێ بڕۆین؟! لەبەرئەوەی بڕوایان بە بارزانی نەبوو، خۆیان لەو كارە پاراست. دواجار خەبەرێك دەیانگوت كە بارزانی ئامانجێكی خراپی هەبووە و ویستوویەتی بیانكوژێت. بەڵام هەرچی بوو، نەزانرا كە چ چارەنووسێكی خراپ لە چاوەڕوانیی ئەواندا بووە".

نامەی نهێنیی بارزانی سەبارەت بە پێویستیی كوشتن و لابردنی ئەوان ئاشكرا بوو، عەباسی ئاغای مامەندیش لەم مەبەستە ئاگادار بوو، بۆیە دەیانویست خۆیان دەربباز بكەن، چونكە بارزانییش مەبەستی باشی نەبوو و دەیویست كەس لە بەرانبەریدا نەبێ. "پیلانی كوشتنی هەموو لایەكمان بوو. [۲۳] كەسی ئێمەیان كوشت، بەو هیوایەی كۆمیتەی ناوەندیی پارتی بە تەواوی بتوێتەوە. بە لای مستەفا بارزانییەوە پیاوكوژی و كوشتنی خەڵك، وەكوو ئاوخواردنەوە وابوو. بۆ نموونە: حەمە ئاغای مێرگەسووری شیروانی، كە خاڵی خۆی بوو، بەبێ هیچ هۆكارێك كوشت. هەروەها كورەكانیشی كوشت، بێ ئەوەی لە دادگاییەكدا تاوانباریی ئەوان سەلمێنرابێ، ئەمە لە كاتێكدا بوو كە كۆتایی بە شۆڕش دەهێنا (ساڵی ۱۹۷۵). بەڵام كۆمەڵگایەكی نەخوێندەوار و بێ ئاگا، بەردەوام ئەویان بە ڕابەر و

خزمەتکاری کورد و کوردستان دەزانی، سالانێکی زۆر درێژە دەکێشێت تا کوردەکان چاکتر و قوولتر مێژووی خۆیان بزانن. ئەوەی کە کەسانی غەیری کورد نووسیویانەتەوە، بە تاسەوە دەیخوێنەوە، بەڵام هەر کاتێک کوردە ڕۆشنبیرەکان پەنجە بخەنە سەر کەموکوڕییەکان، لە بازنە دەیکەنە دەرەوە. ئەمە سیاسەتی بارزانییەکان بوو، کە هێشتا پانتایی ئاکامەکانی ئەوە بەردەوامە". لە شەوی سەری ساڵی ۱۹۶۶، لە ناوچەی ژێر نفوزی عەباسی مامەند ئاغای ئاکۆ ڕایانکرد. "بڕیار وابوو کە بارزانی لەگەڵ مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد هاوژینی دەستپێبکات، بەڵام سەری نەگرت. کاتێک گەڕانەوە لای بارزانی، کۆمیتەی ناوەندیی پارتیش ژیانێکی زۆر نالەباری هەبوو و بارودۆخی خۆراک و پێداویستییان باش نەبوو. چەند جارێک ویستم شتومەکیان بۆ بنێرم، تاکوو ڕۆژێک مام جەلال و ۱۵۰ کەس هاتنە لام و ۴۰ ڕۆژ مانەوە. کاتێک ڕۆیشتن، مووڵک و مااڵ و زەوی و زەراعەتم، هەرچیم هەبوو لە دەستم دا، ئەڵبەت بە هۆی هێزەکانی بارزانییەوە بوو، نەک حکومەت. کاتێک دەنگۆ سەبارەت بە جاشبوونی مام جەلال لە نێوان خەڵکی ئاساییدا دروست دەبوو، بێگومان بە ویژدانەوە سەیری ئەو پروپاگاندەیان دەکرد. ئەگەر لە لای بارزانی بمانایەتەوە، یان دەبوو گوێڕایەڵی قسەی بارزانی بن، یان لە سەدا سەد دەکوژران و دەفەوتان. کەسێکی وەکوو (فاخر حەمە ئاغای میرگەسوور) کە لە گۆڕەپانی جەنگدا زۆر زیرەک و ئازا و وریا بوو، پێشمەرگەیەکی لێهاتوو و بەجەرگ بوو، بە فەرمانی بارزانی باوک و براکەییان دایە بەر گوللە و خۆیشیان زیندەبەچاڵ کرد. بارزانی بە هیچ جۆرێک نەیدەویست کەسێک لە بەرانبەر ئەودا گەورە و خۆشەویست بێ، ئەو جۆرە نموونانە ترس و دڵەڕاوکێی خستبووە دڵی خەڵکەوە و دەیانزانی کە چارەنووسێکی شووم و تاڵ لەسەر ڕێگەیاندایە. دوو کەس لە لایەنگرانی کۆمیتەی ناوەندی لە لایەن بارزانییەوە کوژران، لەوانە: عەلی حەمدی. پاشماوەی ئەندامان توانای خۆڕاگرییان لە بەرانبەر تیرۆردا نەبوو و هەڵاتن و لە ژێرزەمینی شارەکاندا دەژیان. بەپێی دیدگای دابەشکردنی دەسەاڵت یان هەڵکردنی دوو بۆچوونی جیاواز پێکەوە (پێکهاتەی ناهاوئاهەنگ و دژیەک) ڕەنگە گرنگترین هۆکاری قەیرانەکان بووبێت. دەسەاڵتی تاکڕەویی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، شتێکی باش نییە، لەوەها حاڵەتێکدا بەکارهێنانی ترس و کۆنترۆڵکردن شتێکی چاوەڕوانکراوە. هەرچەندە ترساندن و کۆنترۆڵکردن ناتوانێت چارەسەری قەیرانەکە بکات،

تەنیا دەرکەوتنی قەیرانەکە دوادەخات، بەڵام لە هەمانکاتدا قەیرانەکە قوڵتر دەکات. لە نیسانی ۱۹۶۵دا، دیسان بە مەبەستی جەنگی دووبارە دژی عێراق، تاڵەبانی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، چوونەوە ڕیزی بارزانی. تاڵەبانیش دەستی کرد بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی عێراق، لەم ڕووەوە لە لایەن نەیارانیەوە ڕەخنەی لێگیرا.

لەو کاتەدا، واتە لە ساڵەکانی ۱۹۶۴ و ۱۹۶۵، هاوکات لەگەڵ هۆگریی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و پێشینە و تێکۆشانی سیاسیی ئەوان، ئەم پرسیارە دەهاتە پێش: هۆکاری ڕاستەقینەی ئەم دووبەرەکییە چییە؟ زۆربەی خەڵکی کۆیە و پێکهاتە حیزبییەکان، لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیدا بوون، چونکە هەستمان دەکرد بارزانی ئێمە لە شۆڕشەکە دوورەدەخاتەوە. دەستەی مام جەلال ڕەزامەندیی بارزانییان بەدەستهێنابوو و لە ئێرانەوە گەڕابوونەوە بۆ کوردستان و لە دۆڵەڕەقە نیشتەجێ بووبوون، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد لە ڕێگەی قەسری شیرین و خانەقینەوە، لەسەر ڕەزامەندیی حکومەتی عێراق گەڕابووەوە بۆ بەغدا. پەیوەندیی نێوان مام جەلال و حیزبی کۆمۆنیست باش بوو. هەرچەندە ئەو لە بەرانبەر ئێمەدا دەربارەی سەرۆکایەتیی بارزانی بۆچوونی جیاوازی هەبوو، بەڵام کەسانێکی وەکوو عەباس ئاغا، لەو باوەڕەدا بوون کە کێشەی ئەوان لەسەر دەسەڵاتە و پەیوەندیی بە کوردەوە نییە. لە لایەن سەرۆکایەتیی پارتییەوە نامەیەکمان بەدەستگەیشت کە نووسیبوویان بە هاوڕێیانی لایەنگری کۆمیتەی ناوەندی بڵێن: ئێمە سەبارەت بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەت، ئاگادارین و داوا دەکەین واز لەو کارە بهێنن و لەگەڵ بارزانیدا هاوڕێ بن، یان بچنە بەغدا، بەو مەرجەی دژایەتیی شۆڕشی کورد نەکەن.

دوای چەندان خول لە وتووێژ لە نێوان هەردوو لا ، سەرەنجام لە ساڵی ۱۹۶۵دا گەڕانەوە بۆ باکوور و لە شوێنەکانی پێشوودا نیشتەجێبوون، لەگەڵ بارزانیدا بەردەواميیان بە جەنگ دژی عێراق دا. ناوچەی کوردنشینی عێراق و شۆڕشی باکوور، شوێنێکی هێمن بوو بۆ ئەو پەنابەرە کوردانەی لە ئێران و تورکیا و سووریاوە دەهاتن و لە ناوچەکانی خۆیان دەرفەتی چالاکیی سیاسییان بۆ نەدەڕەخسا، یاخود بە چەند هۆیەک چاودێریی دەکران، یان لە زیندان ئازاد بووبوون بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشی کوردستانی عێراق بۆ یاریدەدەری

برایانی کورد لە وڵاتانی دراوسێی عێراقدا بوون. ژمارەیەکی زۆری کوردەکانی دانیشتووی ئەو سێ وڵاتە، چوونە ڕیزی شۆڕشەوە. ئەوانەی بە هۆی گیروگرفتی تایبەتییەوە نەیاندەتوانی بچنە ڕیزی شۆڕشەوە، لەڕووی دارایی و بانگەشەوە، کە هەرچەند کەمیش بووایە، خزمەتی خۆیان دەکرد. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، وەکوو مام جەلال و نووری شاوەیس و عەلی عەبدوڵڵا و عەلی عەسکەری و حیلمی عەلی شەریف و هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، لەو دەستبەسەرییە ڕزگار بوون. بە هۆی فشارەکانی بارزانییەوە، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بە جیا گەڕانەوە بۆ ناو شارەکان. حیلمی عەلی شەریف چوو بۆ بەغدا و عەلی عەسکەری بۆ کەرکووک و مام جەلال بۆ سلێمانی. بە شێوەیەک پەیوەندییان بە حکومەتەوە کرد. دواتر مام جەلال چوو بۆ بەغدا و حیلمی عەلی شەریف پەیوەندیی کرد بە سەرۆک کۆمارەوە و گفتوگۆی تازە دەستی پێکرد.

بارودۆخی کوردستانی عێراق لە بەرای چوونەدەرەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە کوردستان، ڕەوتێکی نائاسایی گرتەبەر. لە ۱۱ی تشرینی یەکەمی ۱۹۶۴دا، نوێنەرانی شۆڕش (سالح یوسفی و شەوکەت عەقراوی)، بە یاداشتێکەوە چوونە بەغدا و لەگەڵ تاهیر یەحیای سەرۆک وەزیرانی عێراق کۆبوونەوە، بەڵام ئەنجامی نەبوو. لە یاداشتێکدا کە بارزانی بۆ سەرۆک کۆماری عێراقی نارد، نووسیبی: هاوکات لەگەڵ ئەو هەموو کوشتار و مالوێرانییە، لە ناوچە کوردنشینەکاندا پرۆسەیەکی دوورودرێژ بەڕێوەدەچێ کە بریتییە لە گواستنەوەی کوردەکان و نیشتەجێکردنی عەرەبەکان لە ناوچە کوردنشینەکاندا. تەنانەت لە هەولێردا ۲۷ گەڕەک بە زەبری چەک چۆڵ کراون و عەرەبیان خستووەتە جێگەیان، چەکیشیان پێدراوە و پارەیەکی زۆریشیان بۆ خەرج کراوە. لە ۱۱ی تشرینی دووەمی ۱۹۶۴دا، بارزانی نامەیەکی نارد بۆ عەبدولسەلام عارف و تاهیر یەحیا و داوای ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردستان کرد. لە ۳ی کانوونی یەکەمی ۱۹۶۴دا، سوبحی عەبدولحەمیدی وەزیری ناوخۆ، نامەیەکی بۆ سەرۆکایەتیی شۆڕش نارد و تێیدا دووپاتکردەوە کە دەوڵەتی عێراق تێڕوانینێکی ئەرێنییانەی بۆ مافی کوردەکان و پەیماننامەکان هەیە و بە مەبەستی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، پێویستە ئاگربەست ڕەچاو بکات. سوبحی عەبدولحەمیی وەزیری ناوخۆی عێراق، لە ۳ی کانوونی یەکەمی ۱۹۶۴دا، نامەیەکی بۆ بارزانی نارد و

خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی هێزەچەکدارەکانی کوردستان بوو. لە ۵ی کانوونی یەکەمی ۱۹۶۴دا، گرووپی جێگرەوی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، نامەیەکی بۆ حکومەتەکەی عەبدولسەلام عارف نارد و خۆی بە نوێنەری ڕاستەقینەی شۆڕش ناساند و هەوڵی دا خۆی لە حکومەت نزیك بکاتەوە. لە کانوونی دووەمی ۱۹۶۵دا، سوبحی عەبدولحەمیدی وەزیری ناوخۆ، گوتی "حکومەت بیر لەوە ناکاتەوە کە مافی ئۆتۆنۆمی بە هیچ بەشێکی عێراق بدات". بارزانییش لە ۱۰ی کانوونی دووەمی ۱۹۶۵دا، حەبیب موحەممەد کەریم و کەسێکی دیکەی نارد بۆ بەغدا، بەڵام بە هیچ ئاکامێك نەگەیشت. لە ۱۰ تا ۲۴ی کانوونی دووەمی ۱۹۶۵، وەفدێك بە سەرۆکایەتیی حەبیب موحەمەد کەریم، سکرتێری نوێی پارتی، لەگەڵ عەبدولسەلام عارف گفتوگۆیان کرد، مەبەست لەو کۆبوونەوەیە گۆڕانکاریکردن لە دەستووری عێراقدا بوو، بەڵام بە ئاکام نەگەیشت. لە ۱۰ی شووباتی ۱۹۶۵دا، لە سالۆوەگەڕی ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتدا، سەرۆکایەتیی پارتی مانگرتنی لە کوردستان ڕاگەیاند و چەندین وتار و بەڵگەنامە و شیعر و... خوێنرانەوە.

گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت هیچ ئەنجامێکی نەبوو بۆ بە هۆی ئاوڕنەدانەوەی حکومەت لە داواکارییەکانی کورد. حکومەت نەیاری دامەزراندنی کاروباری تایبەت بە کوردستان بوو و بارزانیش خۆی دەپاراست لە هەڵوەشاندنەوەی هێزی چەکداریی کوردستان. نوێنەری بارزانی لە بەغدا ڕایگەیاند کە حەز بە جەنگی عەرەب و کورد ناکات، بەڵام حکومەت هێرشێکی هەمەلایەنە و بەربڵاوی دەستپێکرد و دەستگیرکردنیش بەردەوام بوو. بارزانی بە ناردنی نامە و بانگهێشتکردنی کەسایەتییەکانی کورد، وەکوو: شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود، عەباسی مامەند ئاغا، حاجی برایمی چەرمەگا، کوێخا سمایلی تەلان، زیاد ئاغا کۆیی و... خوازیاری پێکهێنانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی شۆڕش بوو. کاتێك جەنگ دەستی پێکرد، ئەنجومەنی نەتەوەیی سەرۆکایەتیی شۆڕش، هەوڵی دا سوود لە خزمەتی عەشیرەتەکانی دژی بارزانی وەربگرێ. لە تشرینی یەکەمی ۱۹۶۴دا، عەشیرەتەکانی شەرەڤ، زێباریی، برادۆست، بەراتی و هەرکی، چەند هەزار جەنگاوەرێکیان بۆ پشتگیریی هێزەکانی حکومەت ئامادەکردبوو، چونکە بارزانی لە ساڵی ۱۹۶۱ هەموو ئەوانەی بانگ کرد بۆ ژێر ئاڵای خۆی و بەپێی پێشنیازەکانی ساواکی ئێران ڕابەرایەتیی ڕاپەڕینەکەی لە

ئەستۆ گرت. ئەم جارەیان عەشایەرەکان دەیانویست لە حکومەتی ناوەندی خۆی نزیک ببێتەوە، تاکو داخوازیی ڕابەرایەتیی ئەو لەناو ببەن و ناوچەکانی خۆشیان لە وێرانیی جەنگ بپارێزن. کوردە زێبارییەکانیش لە دژی بارزانی ڕاپەڕین. بێجگە لەوانە، عێراق تیپێکی ناڕێکخراوی بە ناوی سەلاحەدینی ئەیوبی ڕێکخست، تا لە چیاکان و ڕێگە تووش و ئەستەمەکاندا، بەرەنگاری هێزەکانی بارزانی ببنەوە. بڕیار وابوو کە ئەم تیپە کۆمەڵێك بێ لە کوردەپەراگەندەکانی عەشیرەتەکان و عەرەبی موسڵ و ناوچەی جەبەل حەمرین، بەڵام بەشداریی کوردەکان زۆر بەرچاو نەبوو. عەبدولسەلام عارف لە ساڵی ۱۹۶۴دا، بەپێی خوڕەوشتی دەرەبەگایەتی و خێڵایەتی، هێرشی دژی کوردەکان دەستپێکرد. تەنانەت لە بەغدا کۆمەڵێك لە ژانایانی سوننە وەکوو شێخی ئەزهەر کۆکردەوە تاکو فەتوای ڕەوایەتی شەڕ بە ژدی کوردان دەربکەن، بەڵام ئیمام موحەمەد باقر سەدر[۳۵]، ئەو شتە قبوڵ ناکات و ئایەتوڵڵا سەید مەحموود هاشمی شاهرودیی[۳۶] و ئایەتوڵڵا حەکیم[۳۷] - مەرجەعی شیعە - خۆیان لەو فتوایە دەپارێزن. تەنانەت حەکیم ئەو فتوایەی دەرکرد کە جەنگ دژی کوردەکان کە هاوواڵاتیی خۆمانن، دروست نییە. ئەم فتوایە بووە هۆی ئەوەی زۆر گەنجی شیعە کە لەناو سوپادا بوون، کاتێك جەنگ دژی کوردەکان دەستی پێکرد، لە سوپا هەڵبێن. زستانی ۱۹۶۵ بە جەنگکردن کۆتایی هات و لە هاوینی هەمان ساڵدا، دوژمن پەلاماردانی بەهێزتر کرد. لەو هەڵمەتەدا جاشەکانی زێباریی و سوورچی و هەرکی و ڕێکانی و خۆشناو و... بەشداریان کرد و هەتا زستانی ۱۹۶۶ بەردەوام بوو. "بارزانی لە نزیکبوونەوەی ئیبراهیم ئەحمەد لە ساواکی ئێران و نیشتەجێبوونی لە تاران، دەترسا. حکومەتی عێراق بەرژەوەندیی خۆیی لەبەرچاو گرت و پەیوەندیی بەوانەوە کرد، ئەوانیش چوونە بەغدا و بە تەواویی لە بارزانی دوورکەوتنەوە و جیابوونەوەیەکی چوار ساڵە ڕوویدا. لەو ماوەیەدا ئیبراهیم ئەحمەدیش گەڕایەوە بۆ بەغدا . خەڵکی ئاسایی وتەی (جاشی ۶۶)یان بەکاردەهێنا، کە مەبەستیان هاریکاریی بوو لەگەڵ حکومەتدا. بەعسییەکانیش پێیان خۆشبوو بەپێی پەیوەندیی حیزبی، لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیشدا پەیوەندییان هەبێ، ئەگەرچی دواجار هەموو بەڵێنەکانیان پێشێل کرد".

لـه ۴ی نیسانی ۱۹۶۵دا، دەبابـەکانی عێـراق چـایخانەیەکی کـۆن و [۳۸] بـەناوبانگی سلێمانییان دایە بەر تۆپ و خـەڵکێکی زۆری تێـدا کـوژرا. مەسـعوود موحەممـەدی وەزیـری کار، بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی دەستی لە کار کێشایەوە. کەمال چادرچی، سـەرۆکی حیزبـی نیـشتمانی دیمـوکرات، ڕژێمـی عەبدولسـەلام عـارفی ئاگـادارکردەوە کـە بـە شـێوەیەکی ئاشـتیخوازانە و هـێمن، کێـشەی کـورد چارەسـەر بکـات. لـە کـاتی شـەڕی سـەردەمی عەبدولسەلام عارفدا، جەمال عەبدولناسر هیچ هەڵوێستێکی دەرنەبڕی. جـەمال عەبدولناسـر ڕەزامەنـدیی لەسـەر هێرشـی عەبدولسـەلام عـارف لـە بـەهاری ۱۹۶۵ دژی کوردەکـان، دەرنـەبڕیبوو. چـەکی نـەنارد بـۆ عێـراق کـە دژی کوردەکـان بـەکاری بهێنێـت. جـەمال عەبدولناسر و ڕژێمی بەعسی عێراق و سووریا، نێوانیان تێکچوو و پێشوازیی لە دەستەیەکی کورد کرد. لە سەردەمی جەنگی عەبدولسەلام عارف، جەمال عەبدولناسر خۆی پاراست لـە دەربڕینی هەرچەشنە بۆچوونێك. لە نیسانی ۱۹۶۵دا، لە نامەیەکدا داوای لـە کوردەکـان و عێراق کرد کە ئاگربەست ڕابگەیەنن و شۆڕشی عێراق بە یەکگرتوویی دژی ئیسرائیل خـەبات بکات. کاتێك ئاگری جەنگ خەریك بوو هەڵدەگیرسا، کۆمیتـەی ناوەنـدی هـەوڵی دا دیسان ئاشتی بهێنێتە ئاراوە. لە ۱۶ی ئازاری ۱۹۶۵دا، ئیبراهیم ئەحمـەد نامەیـەکی بـۆ بـارزانی نارد و تێیدا نووسیی "شـۆڕش پێویستی بەوەیـە کێـشەی ناوخۆ چارەسـەر بکرێـت". زۆر کەس وێستیان نێوانگیری بکەن، بەڵام ئەو پێی دادەگرت لەسەر ئەوەی کۆمیتەی ناوەنـدی دان بنێت بەوەدا کە خیانەتیان لە کورد و پارتی کردووە. لە سەرەتای نیسانی ۱۹۶۵دا، گرووپی مەکتەبی سیاسی سەعدی ئەمین دزەییان نارد بۆ ئەمەریکا تا بانگەشە بۆ شۆڕشی کورد بکات، لە ۹ی ئەیلوولی ۱۹۶۵ حکومەتی عێراق گۆڕانکاریی لـە دەستووردا کـرد و مافی نەوەیی کوردی لەچوارچێوەی عێراقدا ناساند. تاڵەبانی و عـەزیز شـەمزینی لـە ۲۰ی ئایاری ۱۹۶۵دا، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەشداریان کرد و دەربارەی شۆڕشی کورد قسەیان کرد و وەکوو سەرۆك ناوی بارزانییان هێنا. لـە ۳ی حـوزەیرانی ۱۹۶۵دا، مـام جـەلال لـە ڤیـەننا دژایـەتیی بەرانبـەر وتـەکانی یـەحیا و عەبدولسـەلام عـارف دەربـڕی. عەبدولسەلام عارف پارێزگاکانی ئیسکەندەروونەی تورکیا و خوزستانی ئێرانی بە بەشێك لە جیهانی عەرەبی ناساندبوو، ئەمەش بووە هۆی توڕەبوونی ئێران و تورکیـا. عەبدولڕەحمان بەزاز لە ۲۱ی ئەیلوولی ۱۹۶۵دا، بوو بە سەرۆك وەزیران و بەرنامەکەی خـۆی ڕاگەیاند و

داواکاریی کوردەکانی بە ڕەوا ناوبرد. موحەممەد ڕەزا ئەلشەبیبی، عەبدولڕەحمان بەزازی ئاگادارکردەوە کە کێشەی کوردەکان لە ڕووی سیستمی (لامەرکەزی) چارەسەر بکات. ئەڵبەتە کۆمەڵێك بە گومانەوە لەم بابەتە دەڕوانن و مەسەلەکە بەشێوەیەکی تر دەخەنەڕوو کە "بارزانی لەو باوەڕەدا بوو کە جەلال تاڵەبانی ڕکابەری ئەو و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانە و لەوانەیە خۆی بە تەنیا گفتوگۆی ئاشتی لەگەڵ عەبدولڕەحمان عارف دەستپێبکات، هەر بۆیە گەیشتە ئەو بڕوایەی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتدا بکات. کاتێك عەبدولڕەحمان بەزاز [٣٩] سەرۆك وەزیرانی عێراق پڕۆژەیەکی ئاشتیی ١٢ مادەیی لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٤دا ئاراستە کرد، بارزانی ئەگەرچی متمانەی پێی نەبوو و بێ بڕوایی بەسەریدا زاڵ بوو، پڕۆژەکەی وەرگرت".

عەبدولڕەحمان بەزاز، سەرۆك وەزیران و یەکێك لە کاربەدەستە باڵاکانی عێراق بوو و هۆگری چارەسەری کێشەی کورد بوو. لەو باوەڕەدا بوو کە هەتا کێشەی کورد چارەسەر نەکرێ، عێراق ناتوانێ وەکوو وڵاتێکی سەقامگرتوو و سەرکەوتوو دەربکەوێ. هەرچەند عەبدولڕەحمان بەزاز هێندە لەسەر دەسەڵات نەمایەوە تا پلانەکەی سەبارەت بە کوردەکان جێبەجێ بکات، بەڵام ئەو پلانە چوارچێوەیەکی پێکهێنا کە لە ناویدا بەشێکی زۆر لە داهێنانی ئاشتی کوردستان دیاری کرابوو. عەبدولڕەحمان بەزاز کە سەرۆك وەزیرانێکی زانا و زیرەك بوو، پێی خۆشبوو کاریگەریی لەناو خەڵکدا هەبێ و لە ڕێگەی دیالۆگەوە دەسەڵات بەسەر کورددا پەیدا بکات، بەڵام سوپاییەکانی ناو حکومەت دژی ئەو بۆچوونە بوون.

عەبدولڕەحمان بەزاز لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٥دا، نامەیەکی بۆ سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتەی ئێران نارد و داوای کرد ئێران بە مەبەستی سەرکوتکردنی کوردەکان یارمەتییان بدات، بەڵام وەڵامەکەی ئێران بە دڵی عێراق نەبوو، چونکە شا نەیدەویست کە تەنانەت وەکوو سووریا، لە جەنگی دژی کورددا یارمەتیی عێراق بدات. ڕووسیاش بەردەوام داوای لە عێراق دەکرد کە بە شێوەیەکی دیموکراتییانە کێشەی کورد چارەسەر بکات. بەهۆی شەڕەوە، دەیان گوند وێران بوون. لە ٤ی نیسانی ١٩٦٥ەوە هەتا ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٦٦، نزیکەی ٦٠٠٠ سەربازی عێراقی کوژران. ئەم شەڕە هەموو ڕۆژێك نزیکەی نیو ملیۆن دینار تێچوونەکەی بوو. بێجگە لەوانە، بەهۆی دووبەرەکیی ناو پارتی

دیموکراتی کوردستانەوە، عەبدولسەلام عارف هەستی بەوە کرد کە پێویست ناکات هیچ مافێك بە بارزانی بدات. لە نیسانی ۱۹۶۵دا، بە مەبەستی دەسەڵاتی زیاتری حکومەت لە ناوچەی کوردستاندا، سوپای عێراقی نارد‌ەوە بەرەو باکوور، بارزانییش چارەیەکی نەمابوو، دەبوو شەڕی دەستپێبکردایە. لە ۳ی ئەیلوولی ۱۹۶۵دا، تاهیر یەحیا دەستی لە کار کێشایەوە. عەبدولسەلام داوای لە عارف عەبدولڕەزاق کرد کە حکومەتی نوێ پێکبهێنێ. لە ۱۵ی ئەیلوولدا، سەرۆك کۆماری عێراق سەردانی (ڕەبات)ی پایتەختی مەغریبی کرد و کودەتایەکی بێ ئەنجام لەوێدا ڕووی دا. پاش هەفتەیەك، عەبدولڕەحمان بەزاز حکومەتی نوێی پێکهێنا. بەزاز سیاسەتمەدارێکبوو کە بڕوای بە یاسا هەبوو و دەیویست بە هێمنی کێشەی کورد چارەسەر بکات. عەبدولڕەحمان بەزاز بە مەرجێك ئامادەی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کورد بوو، کە بە تەواوی خۆیان لە چەك دابماڵن. ئەو پرسەی بە مردن و ژیان دەزانی و گوتی "چارەسەری ئەم پرسە بە ڕێگەی دیموکراسییانە، پووچەڵکردنەوەی پیلانی داگیرکەرانە". عەبدولعەزیز ئەلعەقیلی بوو بە وەزیری بەرگری. ئەویش ئەفسەرێکی دیاری سوپای عێراق بوو، هەر کە بوو بە وەزیر، دەیویست شۆڕشی کورد سەرکوت بکات و جێدەستی لە میژووودا دیار بێ. تا توانیی، چەك و تەقەمەنی و تۆپ و دەبابە و فڕۆکەی بۆ بەرەی سۆشیالیست نارد کە سوودی لێوەربگرن. پەیامی ئاراستەی هێزە سەربازییە هەڵهاتووەکان کرد و داوای لێکردن لە زووترین کاتدا بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان. لە ساڵی ۱۹۶۵دا، پارتی خۆی بە حیزبێکی مارکسیستی دەزانی، بەڵام کێشە و ناکۆکییان لەگەڵ شیوعیدا لەوەدا بوو کە کامیان زیاتر کۆمۆنیستن. ئیبراهیم ئەحمەد دەیگوت: ئێمە خۆمان کۆمۆنیستین، بۆچی دەبێ لەم گۆڕەپانەدا حیزبێکی دیکەی کۆمۆنیست هەبێ؟! کەوایە من ناهێڵم ئەوان لە کوردستاندا چالاکییان هەبێ. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کورد ئەوەیە کە پێکەوە ڕێناکەون، چونکە هەر عەشیرەتێك خۆی بە باڵاتر دەزانێ، لەم نێوەندەدا کەس ئەوی دیکەی بە بەرزتر نەدەزانی. پارتی خۆی بە مارکسی لینینیست دەزانی و لەگەڵ شیوعییەکانیشدا گرفتی هەبوو. ئەوە بیری ستالینی بوو کە لە وڵاتێکدا ناکرێ دوو بیری جیاوازی کۆمۆنیستی هەبێ، ئەگەریش هەبێ، ئەوا یەکێکیان هەڵپەرستە. لەو کاتەدا ناوەڕۆکی بزاڤی پارتی، لە خزمەت و بەرژەوەندیی شیوعیدا بوو. حیزبی شیوعی دەربارەی پرسە کۆمەڵایەتییەکان، بەرنامە و پلانی تایبەتی هەبوو. کۆمیتەی ناوەندیی پارتی

دەیویست ئەوە پیشان بدات کە تۆندرەو نین و دەتوانن لەگەڵ عەرەبەکاندا پەیوەندیی باشیان هەبێ. کاتێك جەنگی عەرەب و ئیسرائیل دەستی پێکرد، بارزانی شەڕی ڕاگرت. بارزانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای هەڵدەسەنگاند، ئەگەرچی بزووتنەوەکەی ئەو لە بەرەی ڕووسیادا بوو، بەڵام هەموو کاتێك لە دەلاقەی چاوەکانیەوە سەرنجی ئەمەریکای دەدا و بەرژەوەندیی خۆی لە نزیکبوونەوە لە ئەمەریکا دەبینی.

بەیاننامەی ڕێکەوتنی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و عەبدولڕەحمان بەزاز، لە ڕادیۆدا خوێندرایەوە. پاشان بەیاننامەی ڕێککەوتن لەگەڵ بارزانی لە لایەن حەبیب موحەمەد کەریمەوە خوێندرایەوە. هەردوو لا سەریان سووڕمابوو! کۆمیتەی ناوەندیی پارتی چوونە لای عەبدولڕەحمان بەزاز و گوتیان: ئەمە چییە؟! عەبدولڕەحمان بەزازیش گوتی: ئەمە کاری سیاسییە و دەبێ هەموو پێکەوە ڕێکبکەوین. مام جەلال لە بیستنی ئەو وتەیە زۆر بووبوو، بەڵام دەبوو دانی پێدا بنایە. "منیش ئەوانم ئاگادار کردەوە، بەڵام ئەو ڕۆژە مام جەلال لەوێ نەبوو و لەگەڵ نووری شاوەیس و نووری ئەحمەد تەها و حیلمی شەریف و عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری دانیشتم و ناوەڕۆکی نامەکەم پێ گوتن. ئەوانیش گوتیان: ئێمە بەبێ پەیوەندی لەگەڵ حکومەتدا چۆن دەتوانین لە بەغدا بڕۆین و سەبارەت بە بارزانی بۆچوونی خۆمان دەرنەبڕین. لەپڕ نووری ئەحمەد گوتی "ئێمە ئیتر تەنیا دڵ بە خەڵك نابەستین. ئێمە ۷۰۰۰ پێشمەرگەی مووچەخۆرمان هەبوو، بەڵام کاتێك بارزانی لەگەڵ عەبدولسەلام دەستی بە گفتگۆ کرد و ڕێگەی شارەکان بۆ هاتوچۆ کرانەوە، هەموو ئێمەیان بە تەنیا بەجێهێشت و تەنیا خۆمان و پاسەوانەکانمان ماینەوە کە نزیکەی ۳۷۰ کەس بووین". لەڕاستیدا بە یارمەتیی عەباسی مامەند ئاغا و پەیوەندییکردن بە ئیبراهیم ئەحمەدەوە گەڕانەوە بۆ شارەکان. هەرچەند بارزانی لەو کارە ئاگادار بوو، بەڵام بێدەنگ بوو و ویستی دیسانەوە هێزەکانی خۆیان چاکسازیی بکەنەوە و لە شۆڕش و خەبات دوور بن، چونکە بارزانی بڕوای بەوان نەمابوو. بارزانی لەم ڕووداوانە زۆر نیگەران بوو، ئەوانیش ڕووداوی ساڵی ۱۹۶۴یان کردە بیانوویەك کە ئیتر بارزانی بۆی نەبێت ناڕەزایەتی دەربڕێ، چونکە لەو کاتەدا بارزانی پرس و ڕای بە کۆمیتەی ناوەندی نەکردووە و ئێستاش نابێ لەو بارەیەوە هیچ چاوەڕوانییەکی لەوان هەبێ. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی

دەیانگوت: ئەو لە ۱۹۶۴دا ئەم ئەزموونەی تاقیکردەوە و ئێمەش بۆمان هەیە ئەزموون و هەڵە بکەین. بەڵام مستەفا بارزانی گوێی بەو قسانە نەدا و وتەی بێ ناوەرۆك و بێ مانای (جاشی ۶۶)یان لەناو خەڵکدا بڵاوکردەوە".

لە ۱۸ی ئازاری ۱۹۶۶دا، رۆژنامەکانی عێراق نووسییان: جەلال تاڵەبانی ئامادەیە لەسەر هەندێ خاڵ لەگەڵ حکومەتدا رێکبکەوێ، بۆ ئەوەی ئاشتی و ئاسایش و هێمنایەتی بگەڕێتەوە بۆ باکووری نیشتمان. لە ئازاری ۱۹۶۶دا، (حیلمی عەلی شەریف)یان نارد قاهیرە تا بزانن بۆچوونی جەمال عەبدولناسر چییە. ناسریش بۆچوونی وابوو کە ئەو بارودۆخە نالەبارە لە کوردستاندا نەمێنێ، ئەمە وای کرد عەبدولسەلام عارف پێشوازی لە داخوازیی کوردەکان بکات. بەزاز لە جیاتی عەبدولڕەحمان عارف، کە مرۆڤێکی لەسەرخۆ و دژی جەنگ بوو، بەردەوام بوو لەسەر گفتوگۆی حکومەتی ناوەندی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی. عەبدولڕەحمان عارف، لە ۲۳ی جوزەیرانی ۱۹۶۶دا، لە بەیاننامەیەکدا ڕازی بە دابینکردنی بەشێکی زۆری مافی کوردەکان بوو. دەستەیەك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی چوونە بەغدا. ئەوان کە تا ئەو کاتە چالاکیپەکانیان بە نهێنی بوو، بە ئاشکرا چوونە بەغدا و دەستیان کرد بە گفتوگۆ. بەڵام دەیانگوت ئێمە ناتوانین لەگەڵ هەردوو لا پەیوەندیمان هەبێ، ئێمە دەتوانین تەنیا لەگەڵ باڵی بارزانی پەیوەندیمان هەبێ. ئەم دۆخە تا ساڵی گۆڕینی حکومەت و هاتنە سەر دەسەڵاتی ئەحمەد حەسەن بەکر لە ۱۷ی تەمووزی ۱۹۶۸، بەردەوام بوو.

حکومەت دەیویست بە هەر شێوەیەك بووە ڕێگەیەك بۆ لەناوبردنی ویستی کوردەکان بدۆزێتەوە و بە ئاسانی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکاندا وتووێژ بکات و دژی سیستمی لامەرکەزی نەبێ کە کوردەکان داوایان دەکرد، کە مافی سیاسی لەئارادا نەبوو و تەنیا دیمەنێکی ئیداریی هەبوو، بەڵام بارزانی بەوە ڕازی بوو، چونکە واپێدەچوو کە حکومەت لەگەڵ گرووپی نزیك لە خۆی، واتە مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد، ڕێکبکەون و دژی ئەو بوەستنەوە. پێشتر ڕێگەچارەیەکی ئاسایی خستەڕوو کە دەرفەتێك بڕەخسێ هەتا جێپێی لایەنەکەی دیکە، واتە ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال، بسڕێتەوە. جەنگ لە ساڵی

۱۹۶۶دا دەستپێکرد. " بارودۆخی خەڵک لە ساڵی ۱۹۶۶دا زۆر خراپ بوو. لە بەغداوە چەند کەسێک پەیوەندییان بە مام جەلالەوە کرد و بارزانی و حەمید عوسمانیش چوونە بەغدا کە بتوانن دیسان لەگەڵ حیزبدا گفتوگۆ دەستپێبکەنەوە. ئەندامان هاتبوونەوە ناو ڕیزی شۆڕش، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد هەر لە تاران مایەوە. لە سەرەتاوە بڕیار وابوو کە ئەوانەی گەڕاونەتەوە، بەرپرسیارێتییان بدەنێ، بەڵام بارزانی بەو کارە ڕازی نەبوو. لەو ماوەیەدا فرۆکەکەی عەبدولسەلام عارف کەوتە خوارەوە و سووتا، ئیتر براکەی، واتە عەبدولڕەحمان عارف، جێگەی ئەوی گرتەوە و کاروباری حیزبی بەهێزتر بووبوو. باڵی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بە (جەلالی) و باڵی بارزانییش بە (مەلایی) ناوبانگیان دەرکردبوو. حکومەتی عێراقیش دەیویست سەبارەت بە کێشەی کورد، بە نهێنی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال ڕێکبکەوێت، چونکە ئەوان لە بنەڕەتدا ئامادەیی ڕێکەوتنیان ڕاگەیاندبوو.

"مام جەلال و حیلمی عەلی شەریف لە بەغدا بوون و ترسی کوژرانیش لەئارادا بوو. بارودۆخێکی ئەستەم بوو و ئەوانیش لە حکومەت نزیک بووبوونەوە". بە بۆنەی موحەمەد مەولوود - بەرپرسی حکومی - لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێیانی کە لە وەزارەتی ناوخۆدا بەڕێوەبەری گشتی بوو، بەڵێنی دیدارێک لەگەڵ عەبدوللەتیف دوڕاجی - وەزیری ناوخۆ - یان دا. بە مەحموودم گوت "کاتێک کۆبوونەوەکە کۆتایی هات، چاویلکەکەت بەجێبهێڵە و کە گەڕایتەوە بۆ ناو ژوورەکە بۆی، بێ یەک و دوو داوای لێبکە لەگەڵ تۆدا بە تەنیا کۆببێتەوە". پاشان ئەویش بۆ کاتژمێر ۱۰ی بەیانی بەڵێنی دابوو. لە کۆبوونەوەی بەیانیدا گوتبووی "من کوردم و خوازیاری سەقامگیریی عێراقم، بەڵام تا ئەو جێگەی من بزانم، ڕۆشنبیرانی کورد لەگەڵ مام جەلالدان. لەبەرئەوەی کە عێراقیم، ویستم ئەم خەڵکە ببینی و تەنیا لەگەڵ بارزانی کۆنەبیتەوە". ئەویش بەو کارە ڕازی بوو. لەو کاتەدا عەبدولڕەحمان زەبیحیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لە بەغدا خۆی شاردبووەوە و حکومەتیش بڕەپارەیەکی بۆ دەستگیرکردنی تەرخان دابوو. وەزیری ناوخۆیش ئەمانناممەیەکی بۆ زەبیحی نووسیبوو و ئەویش بەبێ ترس وەریگرت و چوو بۆ سەردانی وەزیری ناوخۆ. پاش ئەو سەرکەوتنە، هەواڵەکەمان بە مام جەلال ڕاگەیاند و گفتوگۆی

کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ بەغدا دەستی پێکرد. هەژار دەڵێت گوایا "ئیبراهیم ئەحمەد لە تارانەوە بە فڕۆکە هات بۆ بەغدا. لە بەغدا ڕۆژنامە و پارە و چەکیان وەرگرت و بوون بە دوژمنی بارزانی".

لە ۱۲ی حوزەیرانی ۱۹۶۶دا، حیزبی کۆمۆنیستی عێراق بە تۆپبارانکردنی بەرەی حکومەتیی، پلانی هێرشی چەکدارانەی دەستپێکرد. هەر لەو کاتانەدا بە سەرۆکایەتیی مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی چاکسازیی کرابوو و وەها دەهاتە بەرچاو کە لە سەنگەری پاراستنی حکومەتدان و دژی خەباتی چەکدارانەن. لەبەر ناوەندەکانیان لە سلێمانی و بەکرەجۆ و کەلار، کۆسپیان خستبووە سەر ڕێگەی پەرەسەندنی خەباتی چەکدارانە دژی حکومەت لەو ناوچانەدا. پەیوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و بارزانی، تا ساڵی ۱۹۶۶ بەردەوام باش بووە، بەڵام ساڵی ۱۹۶۶ بە هۆی جیابوونەوەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی لە پارتی و هەڵوێستی ئێمە بەرانبەر ئەوان و هەندێ کێشەی دیکە[۴۰] کە دەرکەوتن گلەیی بارزانی لێکەوتەوە. بارزانی لایەنی بەرانبەری بە هۆی نزیکبوونەوە لە حکومەت، بە خائین و خۆفرۆش و جاش ناو برد. ئەندامانی ئێمەش لە بەغدا بە ئاشکرا بە جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەدیان دەگوت: ئێوە ناتوانن جێگری گشتی بارزانی و پارتی و شۆڕش بن، باشترە بە ناوێکی دیکەوە لەسەر بەرنامەی سیاسی و چالاکیی خۆتان لە کوردستاندا بەردەوام بن. دوای ماوەیەک ناوی خۆیان بە پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان گۆڕی و ڕۆژنامەیەکیشیان بە ناوی (النوور) بڵاوکردەوە. لە ڕووی بیروباوەڕەوە، زیاتر لە ماویزم و کەسایەتیی کیم سۆنگەوە نزیک بوون. لەو سەردەمەدا هێشتا بۆردومانی ناوچە کوردنشینەکان لە لایەن حکومەتەوە بەردەوام بوو. ڕێکەوتنەکانی ساڵی ۱۹۶۶ لە نێوان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و حکومەت، هەندێک بەهێزتر دەردەکەوت. لە لایەکی ترەوە حکومەت بە نهێنی لەگەڵ زۆرینەی عەشیرەتەکان و بارزانی پەیوەندیی دامەزراندبوو.

ئیبراهیم ئەحمەد گەڕایەوە بۆ بەغدا. لە ۲۹ی حوزەیرانی ۱۹۶۶دا ئاگربەست ڕاگەیەندرا. کاتێک عەبدولڕەحمان بەزاز بوو بە سەرۆک وەزیران و عەبدولڕەحمان عارفیش

بوو بە سەرۆك كۆمار، بۆیان دەركەوت كە لەگەڵ شۆڕشی كوردەكاندا هیچیان پێناكرێ. پاشان بەپێی بەیاننامەی ۲۹ی حوزەیرانی ۱۹۶۶، دانیان بە مافی كوردەكاندا نا. لە كۆتایی ئەو مانگەدا و بە شێوەیەكی فەرمی، ئاگربەست ڕاگەیەندرا[۴۱].

عەبدولسەلام عارف لە ڕۆژانەدا، بە هۆی ڕووداوی كەوتنەخوارەوەی فڕۆكەكەیەوە كۆچی دوایی كرد و براكەی، واتە عەبدولڕەحمان عارف، جێگەی ئەوی گرتەوە. ڕێكخستنەكان و ئامادەكارییەكانی حیزب، هێزی زیاتری بەدەستهێنا. لە هاوینی ۱۹۶۶دا، ژەنەرالّ عەبدولسەلام عارف و هاوڕێیانی، بە مەبەستی سەردان و پاشان بەسەركردنەوەی ئاهەنگێكی وەرزشی لە (قورنە)، ئەو شوێنەی دیجلە و فورات یەكدەگرن، واتە ئەو شوێنەی كە شەتولعەرەب (ئەروەندرود) پێك دێت، بە دوو هێلیكۆپتەر چوونە ئەوێ. عەسر لە كاتی گەڕانەوەدا، هێلیكۆپتەری یەكەم كە عەبدولسەلام عارف و پاسەوانەكەی و فڕۆكەوانەكەی تێدا بوو، پاش بڕینی چەند كیلۆمەترێك، تووشی گەردەلوول دەبێ و فڕۆكەوانەكە چەند هەوڵ دەدات سەركەوتوو نابێت و هەلیكۆپتەرەكەی دەحەوێتە خوارەوە، هەلیكۆپتەری دووەم كە شایەتحاڵی ڕووداوەكەیە و گەردەلوولەكە دەبینێ بە پەلە دەگەڕێتەوە مەیدانی وەرزشیی قورنە و لە شوێنێكدا دەنیشێتەوە. ئۆتۆمبێلی پارێزگاری دیوانیە و كاربەدەستانی دیكە و ئامبۆلانس و پزشك، بە هەموو ئامێرێكەوە دەگەنە سەریان. بەڵام هەرسێكیان، دەتگوت سێ ساڵە مردوون و جەستەیان سووتابوو.

"لە بەغدا ئاگاداركراینەوە كە بارزانی لەگەڵ كاربەدەستانی باڵیۆزخانە و كونسوڵگەریی سۆڤێتدا پەیوەندیی هەیە. زیاتر لێكۆڵینەوەم لەسەر كرد و كاتێك زانیاریەكانم بە ڕاستی دەستكەوت لە سەفەرەكەمدا بۆ تاران، سەرۆكی ساواكم ئاگاداركردەوە". ڕۆژی ۱۳ی نیسانی ۱۹۶۶، سەرۆك كۆمار لەناو فڕۆكەكەیدا سووتا. لە ڕۆژی ۱۳ی نیسانی ۱۹۶۶دا، عەبدولسەلام عارف لە گەشتێكی ئاسمانی لە نێوان قورنە و بەسرە، واتە لە ناوچەی (نەشوە)، هێلیكۆپتەرەكەی ئاگری تێبەربوو و كەوتە خوارەوە و لەناو بڵێسەی ئاگردا سووتا. هەرچەندە دەوڵەتی ڕووسیا چەك و ئامێری سەربازیی بە دەوڵەتی عێراق دەفرۆشت، جارجار دەرمان و ئامێری پزشكیشی دەنارد بۆ بارزانی و وازی

لەو دۆستایەتییە نەهێنا. وەک چۆن بە تیری ئەوان بریندار دەبووین، بە دەرمانەکانیشیان برینەکانمان ساڕێژ دەکران.

هێشتا جەنگ بەردەوام بوو و کوردەکان توانییان چەند فڕۆکەیەکی عێراقی بخەنە خوارەوە. لە ۲۹ی کانوونی یەکەمی ۱۹۶۵دا، هێرشی سەربازیی بەربڵاو لە ناوچەی پێنجوێن دەستی پێکرد و چەند فڕۆکەیەکی جەنگیش ناوچەکانی کوردستانی ئێرانیان بۆردومان کرد. لە ۳ی کانوونی دووەمی ۱۹۶۶دا، عەبدولعەزیز ئەلعەقیلی ڕایگەیاند کە ولاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هەوڵ دەدەن لە باکووری عێراقدا ئیسرائیلێکی نوێ دابمەزرێنن، هەر وەک چۆن لە ۱۹۴۸دا ئیسرائیلیان دروستکرد. ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانیا، سووتاندنی زەوی بە بۆمبا و گازی کوشندەی قەدەغە کراو و ڕێگرییکردن لە ناردنی دەرمان بۆ کوردستان و پەلامار بۆ سەر خەڵکی سڤیل و بێپەنایانی بە تۆندیی شەرمەزار کرد. عێراق وایدەزانی کە لە پێنجوێن - هێنووری ئێران و عێراق - ئێران یارمەتیی پێشمەرگە کوردەکان دەدات. لە ۴ی کانوونی دووەمی ۱۹۶۶دا، عەبدولسەلام عارف ئێرانی بە هاوکارییکردنی شۆڕشگێڕانی کورد تاوانبار کرد. بەڵام ئەمریکا ڕەزامەندیی لەسەر ئەو کارە هەبوو و ڕیمۆند هەیر[۴۲]، ڕاوێژکاری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە نیسانی ۱۹۶۶دا سەردانی تارانی کرد و توانیی شایش بەو کارە ڕازی بکات. ئێران لە لایەن خۆیەوە و بە شێوەیەکی یەکلایەنە، ڕێکەوتنامەی ۱۹۳۷ی شەتولعەرەبی هەڵوەشاندەوە و عەبدولڕەحمان بەزازیش نەیاری ئەم کارە بوو. کێشەیەکی دیبلۆماسی هاتە پێشەوە و عێراق لە ۱۹۶۶دا، چەند جارێک خاکی ئێرانی بۆردومان کرد. عەباس ئارامی وەزیری دەرەوەش ڕایگەیاند کە ئێران وەڵامی هەر چەشنە پەلامارێک بە تۆندی دەداتەوە. لە ۲۳ی شووباتی ۱۹۶۶دا، قەیرانێکی پڕمەترسی حیزبی بەعسی هەژاند. سەرۆکانی پێشوو، واتە عەفلەق و بەیتار، لە سەرکردایەتیی نەتەوەیی حیزب و سوپا، هەروەها گرووپی لاوانی (تورک) لە سەرۆکایەتیی ناوچەیی حیزب، لاچوون. دروشمی دیکەی وەکوو سۆشیالیزم و قۆناغی ئاشکرا و واقیعی شۆڕشگێڕانە هاتنە پێشەوە. پاش چەند مانگێک، سەرکردە تازەکانی بەعس چوون بۆ قاهیرە و جارێکی دیکە مەسەلەی یەکگرتن سەرلەنوێ هێنایەوە. کوردەکانی عێراقیش لە بێلایەنی لەگەڵ عێراقدا ڕەزامەند بوون.

لە ۴ی شووباتی ۱۹۶۶دا، سۆڤێت نامەیەکی نارد بۆ عەبدولڕەحمان بەزاز و داوای کرد کە بە یارمەتیی ئاشتیخوازان مۆڵەت بدرێت بە قوربانییانی جەنگ لەو ناوچەیە تێپەڕ ببن. حەمید مەلا تۆفیق، لە ۸ی شووباتی ۱۹۶۶دا، لە گفتوگۆ لەگەڵ بارزانیدا سەرکەوتوو نەبوو. عەبدولسەلام عارف، بارزانیی بە دەستوپێوەندی ئیمپریالیزم دەزانی. لە ۱۱ و ۱۲ی ئازاری ۱۹۶۶دا، لە کرێتەی نزیکی ناوچەی دەرگەڵە، کۆنفرانسی یەکەمی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو. لە عەسری ڕۆژی ۱۲ی ئایاری ۱۹۶۶دا، جەنگی هەندرێن ڕووی دا. ڕادیۆی بەغدا ڕایگەیاند سەربازانی ئازادیخواز، هێزەکانی بارزانییان تێکشکاندووە و ئیدریس بارزانی کوژراوە و چیای هەندرێن و حاجی هۆمەران لەژێر کۆنترۆڵی ئێمەدایە. بەڵام لەڕاستیدا حکومەتەکەی عەبدولڕەحمان عارف، دەسەڵات و توانایەکی زۆری بەسەر شۆڕشی کوردیدا نەبوو. عەبدولسەلام عارف و عەبدولڕەحمان بەزاز، سوودیان لە گازی کوشندە و ژەهراوی دژی کوردەکان وەرگرت. لە ۱۸ی ئازاری ۱۹۶۶دا، سکرتێری خوێندکارانی جیهان لە پراگ، سوودوەرگرتن لەو گازە ژەهراوییەی بە تووندی شەرمەزار کرد. لەو کاتەدا عەبدولسەلام عارف هەوڵی دەدا بۆ پشتگیریی وڵاتانی عەرەب و میسریش ئامادەی هەر چەشنە هاوکارییەک بوو. کامیل چادرچی، سەرۆکی حیزبی نیشتمانی دیموکرات، هەوڵی دا هەنگاوێك بنێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و شەڕەکە ڕابگرێت. تەنانەت ڕایگەیاند کە لوقمانی کوڕی بارزانی کوژراوە، بەڵام هەر لەو کاتەدا (رنێ مائۆرە [۴۳]) گفتوگۆی لەگەڵ لوقمان کرد. تورکیا بوو بە لایەنگری عەبدولڕەحمان بەزاز و لە ۲۳ی ئازاری ۱۹۶۶دا، وەزیری دەرەوەی تورکیا [۴۴] سەردانی عێراقی کرد، سەبارەت بە کورد، هەمان هەڵوێستی عێراقی هەبوو. لە نیسانی ۱۹۶۶دا، کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیستی وڵاتانی عەرەب داوای لە عێراق کرد کە کێشەکە بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکات. عەبدولڕەحمان بەزاز دیسان داوای هاوکاریی لە جەمال عەبدولناسر کرد، بەڵام ئەم جارەیان بێ سوود بوو. بەڵام تورکیا ڕەزامەندیی دەربڕی و سنووورەکانی داخست و ۱۱ پەنابەری کوردیشی کوشت. عەبدولڕەحمان بەزاز لە هاوکاری و پشتگیریی وڵاتانی دیکە هیوابڕاو بوو و لە ۲ی نیسانی ۱۹۶۶دا کوردێکی بە ناوی موحەممەد حەسەن دزەیی نارده لای بارزانی بۆ گفتوگۆ. لە ۲۸ی نیسانی ۱۹۶۶دا، کوردێکی دیکەی بە ناوی (زەید ئەحمەد عوسمان) نارده لای بارزانی. بارزانی خوازیاری چەکداماڵینی جاشەکان و

هاتنـەوەیان لـە خێوەتگـای سـەربازیی عێـراق بـۆ کوردسـتان بـوو، هـەروەها داوای ڕێکەوتننامەیەکی بە مۆر و واژۆی ولاتێکی سێیەمی - وەکوو میسر - ی دەکرد، بەڵام عێراق لەگەڵ ئەوەدا نەبوو. عەبدولڕەحمان بەزاز و عەبدولسەلام عـارف، دوو ملیـۆن دینـاریان بـە ژەنـەرالێ عـەزیز چـەلەبی دا کـە بـە هـەر شـێوەیەک بـووە بـارزانی تـیرۆر بکـات، بـەڵام سەرکەوتوونەبوو.

لە ۱۳ی نیسانی ۱۹۶۶دا، فڕۆکەکەی عەبدولسەلام عارف کەوتـە خـوارەوە و لەگـەڵ چـەند کەسـێک لـە دەوروبـەرەکانی مـرد. پـاش مردنـی ئـەو، لـە ۱۷ی نیـسانی ۱۹۶۶دا، عەبدولڕەحمان بەزاز بە سەرۆک کۆمار هەڵبژاردرا. هەر ئەو ڕۆژە بارزانی لە ڕێگـەی ڕادیـۆی کوردستانەوە ڕایگەیاند کە بۆ ماوەی مانگێک شەڕ ڕادەگرێ. هەموو ڕۆژنامەکانی عێـراق لـە ۱۹ی نیسانی ۱۹۶۶دا، وتەکانی عەبدولسەلام عارفیان بـەم شـێوەیە بڵاوکـردەوە "گـەلی کورد، ڕاستییەکی بێ چەند و چوونە. وکـومەت ئامادەیـە مـافی کوردەکـان لـە چوارچـێوەی عێراقدا ڕابگەیەنێت. کوردەکان خۆیان خوازیاری ڕێکەوتنن لەگەڵ برایانی عەرەب. تەنیا کوردێـک کـە ئەڵقەلـەگوێی ئیمپریـالیزم و خـۆفڕۆش و داواکـاری جـودایی لـە نیـشتمانە، بارزانییە. هەتا ئەو سەرکردەی پشێویی نێوان کودەکـان بێـت، کێـشەی کـورد لـە ڕێگـەی ئاشـتی و دیموکراسـییەوە چارەسـەر ناکرێـت". لـەو ڕۆژەدا عەبدولعـەزیز ئەلعـەقیلی بـە سەرۆکی سوپای عێراق هەڵبژێردرا و هەر چەشنە گفتوگۆیەک قەدەغە کرا. عـارف لـە ۱۹ی نیسانی ۱۹۶۶دا، گوتی: بە یارمەتیی خـودا، پـشێویی باکوور بـەم زووانـە کۆتـایی دێـت. یاخیبووەکان وادەزانن دەوڵەتێک بەم هەموو هێزەوە چـۆک دادەدات! بـە یارمـەتیی خـودا، ئێمـە توانـای زۆرمـان هەیـە، برایـانی عـەرەب یارمـەتیمان دەدەن، سـوپایەکی ئـازا و لـەخۆبووردوومان هەیـە و دەتـوانین جـەنگێکی درێژخایـەن بکـەین. عەبـدولڕەحمان بـەزاز جاشی زۆری لە دەوری خـۆی کـۆکردەوە. لـە ۲۳ی نیسانی ۱۹۶۶دا، چاوی بـە حـاجی برایمی چەرمەگا کەوت. لە ۲۸ی نیسانی ۱۹۶۶دا، عارف گوتی: ڕژێم مـافی ئۆتۆنـۆمی بـە کورد نـادات. لـە ۱ی ئایـاری ۱۹۶۶دا، عەبدولعـەزیز ئەلعـەقیلی جـەنگی دەستپێکرد. لـە ۱۲ی ئایاری ۱۹۶۶دا، سوپای عێراق بە سێ هـەزار سـەربازی تیپـی شـەش و زرێپـۆش و تانک و تۆپ و فڕۆکەوە، تێکشکا. ڕنـە مـانۆرە لەوبارەیـەوە دەنووسـێ "سـەربازانی عێـراق

بەردەوام دەڵێن ڕۆژی (پەسڵانە، جەهەننەمە). کوردەکان لەو جەنگەدا دەستکەوتی زۆریان هەبوو، لەوانە هەشت تۆپی قورس، بەڵام سەدان پێشمەرگە کوژران و بەدیل گیران".

لە ٢٥ی ئایاری ساڵی ١٩٦٦دا، لە ناوچەی بیتوێن ٧٣ کورد کوژران کە زۆربەیان ژن بوون. کوردەکانیش چەند بۆرییەکی نەوتی کەرکووکیان تەقاندەوە، کە ڕۆژی دواتر بوو بە مانشێتی هەواڵەکانی جیهان. لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا، زەید ئەحمەد عوسمان لە لایەن عەبدوڵڕەحمان بەزازەوە دیسان هاتەوە بۆ کوردستان، هەر ئەو ڕۆژە عەبدوڵڕەحمان بەزاز لە تەلەفزیۆنی عێراقەوە ڕایگەیاند کە بەرنامەیەکی نوێمان بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەیە. کورد میللەتە و دەکرێ زمانی کوردی زمانی فەرمی و ئیداریی و خوێندگەکان بێ. لێخۆشبوونی گشتی بۆ ئەو کەسانە دەردەکرێ کە چەکەکانیان دادەنێن. بەڵام لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا بۆچوونێکی بە تەواوی پێچەوانە و دژی هەبوو و کوردەکانی بە یاخی و سەرپێچیکار ناوبرد. لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا، بارزانی لەگەڵ دەستەیەک لە کاربەدەستانی حکومەت بە شێوەی فەرمی کۆبوونەوە. لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا، عەبدوڵڕەحمان بەزاز لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و حیلمی عەلی شەریف گفتوگۆی کرد. عەبدوڵڕەحمان بەزاز لەگەڵ عەشیرەتەکانی زێباری و هەرکی و سوورچی، پەیوەندیی باشی هەبوو. لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا، عەبدوڵڕەحمان بەزاز ڕێکەوتننامەی ١٢ مادەیی خۆی ڕاگەیاند. هەندێ لە ئەفسەرانی باڵای سوپای عێراق ئەو ڕێکەوتننامە ١٢ مادەییەیان بە سەرشۆڕی بەرانبەر کورد دەزانی و عەبدوڵڕەحمان بەزازیان تاوانبار کرد بەوەی کە بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ هێزە سەربازییەکان ئەو کارەی کردووە. لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا، ٣٦ کەس لە ئەفسەرانی فڕۆکەوانیی دانیشتووی موسڵ، بە سەرۆکایەتیی ژەنەراڵی فڕۆکەوان، عارف عەبدوڵڕەزاق، کودەتایەکی سەرنەکەوتوویان دژی عارف دووەم و عەبدوڵڕەحمان بەزاز ئەنجام دا. لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا، عەبدوڵڕەحمان بەزاز چوو بۆ تورکیا. لەو کاتەدا شای ئێران زیاتر لە سیاسەتی پانعەرەبیزمی ناسریی هەستی بە مەترسی دەکرد، وەک لە بەردەوامیی کێشەی کوردەکان. جەمال عەبدولناسریش شای تاوانبار کرد بەوەی کە دەستی هەیە لە پرسی کوردستاندا. عەبدوڵڕەحمان بەزاز کە بەهۆی ئەو ١٢ مادەیەوە ئیتر خۆی بە فریشتەی ئاشتیی عێراق دەزانی، لە ٢٧ی حوزەیرانی

۱۹۶۶دا چوو بۆ ڕووسیا تا دەربارەی چۆنێتیی پشتگیریی سەربازی و پێدانی چەک گفتوگۆ بکات. لە ۲۶ی تشرینی یەکەمی ۱۹۶۶دا، عەبدلوڕەحمان عارف چوو بۆ کوردستان کە بڕیارەتی کورد و عەرەب بە ڕوالەت ڕابگەیەنێ. بارزانی ئاواتەخوازی ئاشتی و هێمنی بوو لە عێراقدا. لە ۱۵ی تشرینی دووەمی ۱۹۶۶دا، کۆنگرەی پارتی لە (گەلاڵە) بە سەرۆکایەتیی بارزانی دەستی پێکرد. کۆنگرەی پارتی ڕەزامەندیی دەربڕی لەسەر بەرنامەکەی عەبدولڕەحمان بەزاز، ئەگەرچی ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردستان تێدا نەبوو، بەڵام پارتی خوازیاری پاراستنی ئاشتی بوو. لە ۲۸ی تشرینی دووەمی ۱۹۶۶دا، بارزانی داوای جێبەجێکردنی پڕۆگرامەکەی کرد. لە هەمان کاتدا، سۆفێت ۲۰ ملیۆن مارکی تەرخان کرد بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستانی عێراق.

لە ۲۵ی تشرینی یەکەمی ۱۹۶۶دا. ئەدمۆنز لە سیمینارێکی [۴۵] لەندەندا ڕایگەیاند "ئەگەر عێراق بەڕێوەبردنی کەرکووک بۆ کوردەکان بسپێرێ، دەسەڵاتی خۆی لەدەست دەدات". لە کۆنگرەی حەوتەمی پارتییدا بووکە گرووپی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی و ئەوان لە ۱۹۶۶دا، لە بەغدا نزیکبوونەوە. بارزانی [۴۶] بە مەبەستی جەنگ لە بەرانبەر هێزێکی بەرفراوانی ۵۰ هەزار کەسیدا، چەکی زۆری لە دەوڵەتی ئێران وەرگرت. ئەمە بووە هۆی ئەوەی عەبدولڕەحمان عارف بارزانی تاوانبار بکات بەوەی کە داردەست و بووکەشووشەی دەستی شای ئێرانە و دوژمنی عێراقە. نەیارانیشی لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان، سوودیان لەم دەرفەتە وەرگرت و جۆرێك سازشی کاتییان لەگەڵ عەبدولسەلام عارف بەدیهێنا. هەروەها ئەوان لە جەنگی عەشایەری دژی بارزانی لەگەڵ هێزەکانی حکومەتدا ڕێکەوتن. شەڕێکی قورس هەتا ناوەڕاستی نیسانی ۱۹۶۶ بەردەوام بوو.

لە ساڵی ۱۹۶۶دا کە جەنگ دژی کوردەکان چڕتر بووەوە، هێرشی هێزە ئاسمانی و زەمینییەکانی عێراق بەرفراوانتر بوو و ڕووی کردبووە سنوورەکانی ئێران. لە یەکێك لەو پەلامارانەدا، دوو پلەداری ئێرانی کوژران. دەوڵەتی ئێران ئەو دەستدرێژییانەی شەرمەزار کرد. هەر لەو کاتەدا بارزانی ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراقی بە دیفاکتۆ ڕاگەیاند و لە دەستووری کوردستانی عێراقدا بەم شێوەیە بڵاوی کردەوە "عێراق وڵاتێکی فیدراڵییە و لە

عەرەب و کورد پێکهاتووە". هەروەها بارزانی پەرلەمانێك و ئەنجومەنێکی باڵای شۆڕشی بە ۴۳ ئەندام پێکهێنا. کاتێك عەبدولڕەحمان بەزاز بوو بە سەرۆك وەزیرانی عێراق، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، دوو ڕێگەی گرتەبەر: سەرەتا لە بەهاری ساڵی ۱۹۶۶دا، هێرشێکی بەربڵاوی بۆ سەرکوتکردنی کورد دەستپێکرد. پاشان هەوڵی دا لەگەڵ ئێراندا دانوستان بکات. گەلاڵەی ئاشتیی عەبدولڕەحمان بەزاز، لە ڕووی ناوەرۆك و بازنەی ڕادیکاڵەوە ئۆتۆنۆمیی کوردەکانی دەگرتەوە. بەشێکی دیکەی پلانەکە بریتیبوو لە سوودوەرگرتن لە زمانی کوردی وەکوو زمانی فەرمیی حکومەتی ناوچەیی و خوێندگەکان، ئازادکردنی هەموو زیندانییە سیاسییەکانی کورد و لێخۆشبوونی گشتی بۆ ئەوانەی دژی حکومەتی ناوەند خەباتی چەکدارانەیان کردووە. هەڵبژاردنی ئازاد بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی یاسادانانی کوردەکان و سوودوەرگرتن لە هێزی کورد بە مەبەستی ڕەچاوکردنی یاسای ناوخۆ و ئاسایش.

ڕۆژی دووشەممە، ۲۳ی مانگی ئاباری ۱۹۶۶، بە هۆی لاوازیی سوپای ئێرانەوە، فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق گوندێکی سەر سنوور و بارەگای ژاندارمرییان بۆردومان و کاول کرد. وەزارەتی دەرەوەی ئێران بە توندی ناڕەزایەتیی خۆی بەرانبەر بەو دەستدرێژییەی عێراق دەربڕی. لەو کاتەدا موحەممەد ڕەزا پەهلەوی شای ئێران بە مەبەستی سەردانکردنی وڵاتانی ڕۆمانیا و یوگسلاڤیا و مەغریب، لە ئێران چووبووە دەرەوە. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە: موحەممەد ڕەزا پەهلەوی شای ئێران و لێپرسراوی حکومەت، لە کاتێکی وا هەستیاردا کە تێیدا وڵاتەکەی دەکەوێتە بەر دەستدرێژی، چۆن دەبێ هەست بە بەرپرسیارێتی نەکات و لە ڕێگەی سەفەردا بێ؟ پاشان لە مانگی حوزەیراندا، جارێکی دیکە فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق، ناوچە سنوورییەکان بۆردومان دەکەن. هەر لەو کاتەدا کە جەنگ بە توندی لە کوردستانی عێراقدا بەردەوام بوو، ڕووداوە سنوورییەکان لە نێوان عێراق و ئێراندا پەرەیسەند و چەند جارێك فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق سنووری ئێرانیان بەزاند و چەند گوندێکی سەر سنووری ئێرانیان بۆردومان کرد. عەبدولڕەحمان بەزاز بە مەبەستی ڕێگریکردن لە تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق، ڕایگەیاند کە دەیەوێ داوا بکات لە مەلیك فەیسەڵی پاشای سعوودیە کە پەیوەندیی باشی لەگەڵ شای ئێراندا

هەیە، ببێتە ناوبژیکارێك لە نێوان ئەو دوو ولاتەدا. تا پشتگیریی سیاسیی کۆمەڵگای عەرەبی لە عێراق، بەدەستبهێنێ و بەر بە تۆڵەسەندنەوەی ئێران بگرێت. سەرەنجام هەردوو ولات لەسەر ئەم خاڵانە ڕێکەوتن: (پاشگەزبوونەوەی ئێران لە ناوچە سەرسنوورییەکان. کۆتاییهێنان بە تاوانبارکردن و جەنگی پڕوپاگەندە. پێکهێنانی کۆمیتەی هاوبەش دەربارەی ئەو مەسەلانەی کێشەیان لەسەرە). لە لایەکی دیکەوە هێرشەکانی دەوڵەتی عێراق بەرەوڕووی شکست بووەوە و هێزی کوردەکان سەرکەوتنێکی گەورەیان بەسەر سوپای عێراقدا بەدەستهێنا. لە ئاکامدا عەبدولڕەحمان بەزاز سیاسەتێکی نەرمتری لە بەرانبەر کوردەکاندا گرتەبەر و ڕایگەیاند دەوڵەت ئامادەیە نەتەوە و زمان کولتووری کوردەکان بە فەرمی بناسێ. دانوستانی نێوان کوردەکان و وەفدی دەوڵەت لە بەغدا دەستی پێکرد. (۲۹ حوزەیرانی ۱۹۶۶) عەبدولڕەحمان بەزاز بەرنامەیەکی ۱۲ مادەیی بۆ کوردەکان ڕاگەیاند. لەو پڕۆگرامەدا بەڵێن درابوو بە لێبوردن لەهەموو خەباتکارانی کورد، ئۆتۆنۆمیی سیاسی، پێناسەی کولتووریی کورد، بەری نکردنی باری ئیداریی، بەشداربوونی کوردەکان لە کابینە و سەرکردایەتیی سوپا و پۆستە سیاسییەکان و دامەزراندنی ئەفسەرانی کورد لە ناوچە کوردنشینەکان و پەرەپێدانی ناوچەکانی باکوور.

بارزانی ئەو پلانەی پێ باشبوو، بەڵام سوپا و پانتەرەبیستەکان دژایەتییان دەربڕی. ڕۆژی دواتر ژەنەراڵ عارف عەبدولڕەزاق، بەرپرسی هێزی ئاسمانی و لایەنگری جەمال عەبدواناسر و سەرۆك وەزیرانی پێشوو، کودەتایەکی سەرنەکەوتووی دژی عەبدولڕەحمان بەزاز ئەنجام دا. کێشەی کورد بەبێ چارەسەرکردن مایەوە، بەڵام ڕێکەوتننامەی ۸ی پووشپەڕ ئەنجامێکی هەبوو، ئەویش پێناسەکردنی دوفاکتۆی (ئەنجومەنی شۆڕشی کوردستان) بوو کە بەشێکی گەورەی کوردستانی عێراقی لەژێر کۆنترۆڵدا بوو. لە ۱۳ی نیساندا ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارف بە هۆی کەوتنەخوارەوەی هێلیکۆپتەرەکەیەوە مرد و براکەی، واتە ژەنەراڵ عەبدولڕەحمان عارف، بوو بە فەرماندەری گشتی هێزەکان و جێگەی ئەوی گرتەوە [۴۷]. عەبدولڕەحمان عارف پۆستی سەرۆك کۆماریی پێ سپێردرا و لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە بە دەستبەکاربوونی، ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان دەدات. ئەگەرچی ئەو ڕاستەوخۆ ناوی ئۆتۆنۆمیی نەبرد، بەڵام گوتی: پێناسەی نەتەوایەتیی ئەوان

دەپارێزرێت و زمان و کولتووریان مسۆگەر دەکرێ. "سەردەمی عارف دووەم، پەنگە خراپترین سەردەمی ئازار و فشار لەسەر کۆمۆنیستەکان بووبێت، هەروەها وەرچەرخانێکی گەورە بوو بەرەو خۆپارێزیی و میانەڕەوی لە ڕووی سیاسی و ئابووریییەوە". عەبدولڕەحمان عارف، عەبدولڕەحمان بەزازی کرد بە سەرۆک وەزیران، کە لەو دوانزە ساڵەی کۆتاییدا، تەنیا کەسێک بوو کە لەناو هێزی سەربازیدا نەبوو. عەبدولڕەحمان بەزاز بڕوای بە دیموکراسیی پەرلەمانی و حکومەتی یاسا و دەستگرتنەوەی بەشی تایبەتی لە ئابووریدا هەبوو. ئەو هەوڵی دا بۆ سڕینەوەی بەربەستەکان لە سەرمایەدانانی بەشی تایبەتی و هەموو لایەکی هان دا کە لە سەرمایەدانانی هاوبەشدا، لەگەڵ سەرمایەی دەرەکی، پڕۆژەی بەهرەوەرگرتن چالاک بکات. عەبدولڕەحمان بەزاز، ناوی سیاسەتی ئابووریی خۆی نا: (سۆشیالیزمی دووربینانە[۴۸]). هەروەها ڕایگەیاند: سۆشیالیزمی دووربینانە ئامانج نییە، بەڵکوو ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە چەمکی بنەڕەتی، واتە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و ڕێبەشکردنی دادپەروەرانەی داهاتەکان لە نێوان خەڵکدا. هەر لەو کاتەدا سەقامگیریی سیاسی لە ناوخۆی وڵاتدا نەبوو و جەنگ دژی کوردەکان بەردەوام بوو. لە ۳۰ی حوزەیرانی ۱۹۶۶دا، ژەنەراڵ عەبدولڕەزاق، بەرپرسی هێزی ئاسمانی و سەرۆک وەزیرانی پێشوو، دەستی دایە کودەتایەک دژی عەبدولڕەحمان عارف، بەڵام شکستی هێنا. پەیوەندییەکانی عێراق و سۆڤێت لە سەردەمی عارف دووەمدا زۆر باش بوو، چونکە پاش شکستی عەرەبەکان لە جەنگی شەش ڕۆژەی ۱۹۶۷دا دەوڵەتی عێراق سیاسەتێکی دژی ڕۆژئاوای گرتەبەر و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیا و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، دابڕی و ئەم هەنگاوە لە لایەن سۆڤێتەوە پێشوازیی لێکرا. لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا (پادگورنی) سەردانی بەغدای کرد و چەند گرێبەستێکی لە بوارەکانی سەربازی و ئابووری و تەکنۆلۆژیدا واژۆ کرد. بەر لەوەش سیاسەتی عەبدولڕەحمان عارف بەرانبەر بە کوردەکان، لە لایەن سۆڤێتەوە پێشوازیی لێکرابوو. لە ڕووی پەیوەندییە ناوچەییەکانەوە، عارف دووەم پشتگیریی لە سیاسەتێکی مامناوەندی لە نێوان ڕادیکاڵەکان و پارێزکان لە جیهانی عەرەبدا، دەکرد.

لە سەردەمی عارف دووەمدا، هاوکات لەگەڵ ئەهوەنبوونەوەی هەستی توندوتیژی ناسیۆنالیستی و پاشان شکستی عەرەبەکان لە جەنگی حوزەیرانی سالّی ۱۹۶۷، کە هەڵوێستی لایەنی پێشکەوتووخوازی عەرەب تووشی لاوازی بوو، پەیوەندیی ئێران و عێراق تا ڕادەیەک ئاسایی بووەوە. دانانی عەبدولڕەحمان بەزاز بە سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە پێشوازیی لێکرا. سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ئەو، لە لایەن ئێرانەوە پشتگیریی کرا. لە ناوخۆی عێراقیشدا، خاوەن پیشە و بازرگانانی عێراق، خوازیاری ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق بوون، چونکە لەو ڕێگەیەوە دەیانتوانی سوودێکی زۆر بەدەستبهێنن. لە کاتێکدا لیبراڵەکان پشتگیریان لە سیاسەتەکانی عەبدولڕەحمان بەزاز دەکرد دەربارەی پەیوەندیی باشتر لەگەڵ ئێراندا، گرووپە سەربازییەکانی دەسەڵاتداری عێراق، دژی ئەو سیاسەتە بوون. سەرەنجام هەر ئەوە بووە هۆی لابردنی عەبدولڕەحمان بەزاز و تەنانەت دوای ئەوەش لاچوونی عەبدولڕەحمان عارف.

هێزەکانی شۆڕش لە ڕووی ژمارەی ئەندامان و هەروەها فێربوون و چەک و ئامێری جەنگییەوە، لە پێشکەوتندا بوو. ئەوان لە ناوچەکاندا، لە بەرزایی ۳۰۰ تا ۵۰۰ مەتر بەرزایی لە ئاستی دەریا، ئامادەی بەرەنگاربوونەوەی سوپای عێراق بوون. سوپای عێراق کە بریتیبوو لە پێنج لەشکر، لانی کەم سێ، جاری وایش هەبوو چوار لەشکری لە جەنگی باکووری عێراقدا بوون. سەربازانی سوپای عێراق لەبەرئەوەی ئاشنای ناوچەکە نەبوون، هەندێ جار سوودیان لە خەڵکی ناوچەکە دژی شۆڕشەکە و بارزانی وەردەگرت، بەڵام زۆر جار تووشی هەڵە دەبوون و زیانێکی زۆریان لێدەکەوت. هەروەها هێزە چەکدارەکانی عێراق زۆربەیان خەڵکی دەشتەکان بوون و توانا و بڕستی ئەوەیان نەبوو بە خێرایی بە چیاکاندا سەرکەون، بەڵام کوردەکان هەر لە منداڵییەوە ئەم جۆرە خەباتە بەلایانەوە ئاساییبوو. لە وەرزی زستاندا کوردەکان بە گشتی بەسەر ناوچەکەدا زاڵبوون و سوپای عێراق توانای هیچ چەشنە چالاکییەکی نەبوو.

هەر لەشکرێك خاوەنی دوو تا سێ هەزار ئەندام بوو، کە بە گشتی هەتا کاتی ئاگربەست، ژمارەیان گەیشتبێتە بیست تا بیستوپێنج هەزار کەس. سوپا توانای بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێزانەی نەبوو و زیاتر ڕووی کردبووە چالاکیی فڕۆکە جەنگییەکانی جۆری میکی ۲۱ و ۲۳ و ۲۵، باشترینیان تۆپۆلۆف بوو کە لە بەرزاییەکی زۆرەوە ئامانجەکانی دەپێکا. لەکاتێکدا پێشمەرگە بێجگە لە تفەنگ و فیشەکی برنەو، هیچ شتێکی دیکەی لەبەردەستدا نەبوو، ئەویش بە ژمارەکی کەم. فڕۆکەکان بەردەوام گوندە کوردنشینەکانیان بۆردومان دەکرد و زیانێکی زۆریان لە مالّ و سامان و گیانی خەڵکەکە دەدا. کاتێك بەلای گوندەکانی ناوچەی بارزاندا تێپەڕ دەبوویت، دەتبینی زۆربەیان سووتابوون و کەس لەو شوێنانەدا نەدەژیا. ئەم زیانانە نەدەبووە هۆی دوورکەوتنەوەی خەڵك لە شۆڕش، بەڵکوو بە پێچەوانەوە خەڵك هەمیشە تا ئەوپەڕی توانایان هەوڵیان دەدا بۆ سەرکەوتنی برایانی شۆڕشگێڕیان. چەندین سالّ ئەو شەڕە خەباتکارانەیە، پشتی سوپای عێراقی شکاندبوو، دەوڵەتی بەعس بەو ئەنجامە گەیشت کە دەبێ سەردانەوێنێ بۆ ویست و مافی کوردەکان، بەڵام هێشتا زوو بوو وریە تەواوی تەنگیان پێ هەڵنەچندرابوو. لاچوونی عەبدولڕەحمان بەزاز و جێگیربوونی ناجی تالیب[۴۸]، لە ئابی ۱۹۶۶دا، زەبرێکی قورسی دا لە پلانی ئاشتیی عێراق و کوردستان. ناجی تالیبی سەرۆك وەزیران، بە پێچەوانەی ئەوانی دیکەوە، ڕووانگەیەکی باشی بەرانبەر بە بارزانی نەبوو و لەو باوەڕەدا بوو کە دانی ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان دەبێتە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگای عێراق. بە دوای ئەوەشدا بارزانی و عەبدولڕەحمان عارف لە تشرینی یەکەمی ۱۹۶۶دا، بە مەبەستی دەستپێکردنەوەی دووبارەی وتوێژەکان، هەوڵێکی زۆریان دا، بەڵام دژایەتیی بەرپرسانی حکومەت بەرانبەر بە پلانی ئاشتیی عەبدولڕەحمان بەزاز، بەتایبەت ئەوانەی کە لەناو سوپادا بوون، هەوڵەکانی عەبدولڕەحمان عارف بێئاکام کرد. لەو ماوەیەدا بارزانی بە هاوکاریی ئێران و هەروەها ئەو هاوکارییانەی ئیسرائیل بۆی دەنارد و لە ڕێگەی ئێرانەوە پێی دەگەیشت، بارودۆخی خۆی قایم کرد.

لەو کاتەدا لە کوردستان، "پرسی ئیسلام لە گۆڕێدا نەبوو و پۆشتەی ژنانیش ئیسلامی نەبوو. لەو کاتەدا حیزبی شۆڕشگێڕان زۆر گرنگ نەبوو و لەڕاستیدا دەست پەروەردەی

حکومەت بوو. بزاڤێکی نیشتمانیی کورد بە ناوی (کاژیک) سەریهەڵدابوو، کە لەژێر دروشمی ئازادیی هەموو کوردستانەکان و دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی نیشتمانی خەباتیان دەکرد. لە سەرەتای دامەزرانیەوە لە بارزانی نزیک بووبوونەوە و هەندێکیان لای بارزانی خاوەنی کار و پلە و پایەی بەرز بوون". شێخ جەنگی ئەو کاتەی لەبیرە زەعیم سدیق دەستڕێژی لە خەڵکی کۆیە کرد و کوشتارێکی خوێناویی ڕێکخست. "باوکم و بنەماڵەی ئێمە پەنامان بردە گوندێک. ئەوانم بردە کەلکان لە ناوچەی دووکان. باوکم نامەیەکی بە نهێنی لە ڕێگەی پەیکەوە بۆ جەلال نارد و نووسیی: لە ڕەوشێکی باشدا نین و دەبێ چی بکەین؟ جەلال لە وەڵامدا نووسیی: بابە دەتوانێ ببێتە ئاشەوان و وەکوو خەڵکی دیکەی کۆمەڵگا کرێکاری بکات. لەڕاستیدا هاوکات لەگەڵ ئەوەی جەلال لەناو پارتیدا خاوەنی دەسەڵات بوو، بەڵام هیچی بۆ باوکم نەکرد".

لە ساڵی ۱۹۶۵دا، بە هۆی کودەتای بومدیەن[۴۹]، بن بیللا لە دەسەڵات دوورخرایەوە. ئەو چاودێریی سیاسەتی نەتەوەیی عەرەبی دەکرد و لەگەڵ سۆفێتدا پەیوەندیی سارد بوو، سەرەنجام بە هۆی کودەتای بێ خوێنڕشتنی هەواری بۆمدیەنەوە دەسەڵاتی لەدەست دا. لە شۆڕشی ۲۶ی تەمووزی ۱۹۵۹دا، ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ بە سەرۆکایەتیی فیدڵ کاسترۆ، حکومەتەکەی ژەنەراڵ باتیستای لە کووبا ڕووخاند. ناوی ئەم ڕێکخراوە لەڕاستیدا لە هێرشی بێئاکام بۆ سەر سەربازخانەیەک لە سانتیاگۆی کووباوە هاتووە، کە لە ۲۶ی تەمووزی[۵۰] ۱۹۵۹دا ڕوویداوە. ئەم شۆڕشە لە ساڵی ۱۹۵۵دا لە مەکسیک لە لایەن ۸۱ شۆڕشگێڕی دوورخراوەی وەکوو فیدڵ کاسترۆ[۵۱] و ڕائول کاسترۆی بۆ ڕووخاندنی باتیستا[۵۲] دیسان ڕێکخرابوو. ئامانجی ئەوان پێکهێنانی دەسەڵاتێکی بەتوانا بۆ ڕووخاندنی باتیستا بوو. هەندێک لە ئەندامانی ئەو شۆڕشە کە نیشتەجێی کووبا بوون، بە دروستکردنی پشێویی جۆراوجۆر، هەوڵی دەربڕینی ناڕەزایەتییان دەدا بەرانبەر بارودۆخی سیاسیی کووبا. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی کووبا، کەسانی دیکە چوونە ڕیزی بزووتنەوەی ۲۶ی تەموز و پارتی یەکگرتووی شۆڕشی سۆشیالیستی کووبایان پێکهێنا، کە لە ئەنجامدا دوای ساڵی ۱۹۶۵ بوو بە پارتی کۆمۆنیستی کووبا. لە سەرەتاوە کە فیدڵ کاسترۆ سەرکەوتووانە گەیشتە کووبا، هیچ کەس بڕوای نەدەکرد کە سەردەمێک کووبا ببێتە پاشکۆی وڵاتانی باڵی

سۆشیالیزم و خۆی لە دەسەڵاتی ئەمریکا دەرباز بکات. لە شۆڕشی کووبای ١٩٥٩دا، بە هۆی دۆخی تایبەتی ئەو وڵاتەوە، گرووپێک لە ڕۆشنبیرانی گەنج بە سەرۆکایەتیی فیدڵ کاسترۆ و چێ جیڤارا، توانییان لە ماوەیەکی کورتی جەنگ لە چیاکاندا، حکومەتی دیکتاتۆریی باتیستا بڕووخێنن و حکومەتی شۆڕشگێڕیی خۆیان دابمەزرێنن.

لە ساڵی ١٩٦٤دا، ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تودەی ئێران دروستکرا. حیزبی تودە پارێزەر و لایەنگری ڕووسیا بوو و بەو بۆنەیەوە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕ لێی جیابووەوە. لە ساڵی ١٩٦٤دا، کۆمەڵەی قوتابیان ئەڵمانیایان کردبووە ناوەندی چالاکیی خۆیان و حکومەتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ئەوانی دەجووڵاند و پشتیوانیی دەکردن، قوتابیانی کۆمۆنیستیش لە ئازادییەکانی ئەڵمانیای فیدراڵ بە خراپی سوودیان وەردەگرت و لە ئەنجامدا حەوت کەس لە قوتابیان دەستگیرکران و دادگایی کران. عەلی قازی کە بە پارەی شا دەیخوێند و چووبووە ناو ساواکەوە، لە دادگاییکردنی قوتابیاندا هاوکاریی دەکرد. یەکێک لە چەپە کوردەکان - ئەندامی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی تودەی ئێران، کە لە حیزب جیابوونەوە - لەوبارەیەوە دەبێژێ: سەرەتا میوانی حیزبی کار بووم لە کۆشکی زۆغۆ - ئەلبانیای پێشوو[٥٥] - و چاوم کەوت بە ڕەمزی عالیا[٥٦]ی جێگری ئەنوەر خۆجە[٥٧]، گوتی بەدوای نموونە هەڵگرتن و ئەزموونی وڵاتانی دیکە و حیزبە کۆمۆنیستەکانەوە نەبم. لە کوردستاندا گرووپی چەکداری سماییلی شەریفزادە[٥٨] چالاک بوون. لە ڕۆژی سێ شەممەی ١٣ی ئەیلوولی ١٩٦٦، لە پشت گوندی ئالان - نزیکی خەلان - کۆمیتەیەکی حیزبییان پێکهێنا[٥٩]. کوروش لاشایی لە کوردستانی عێراق گەڕابووەوە و بارودۆخی ئەوێی بۆ ئێمە شیکردەوە. گرنگترین خاڵی ڕاپۆرتەکەی ئەو، پێشنیازی شەریفزادە و بارزانی و ئاوارە بوو کە بانگهێشتی ئێمەی کردبوو بە مەبەستی پێشخستنی خەباتی چەکدارانەی کوردستان، هێزەکانمان بنێرین. ئەندامانی ڕێکخراوی ئێمەش[٦٠] چوون بۆ کوردستان تا بچنە ڕیزی دەستەی شەریفزادەوە... ئەڵبەت ڕێکخراوی شۆڕشگێڕ هەر لە کۆنەوە پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ کوردستاندا هەبوو و من هەر زوو پەیوەندیی زۆر دۆستانەم لەگەڵ تاڵەبانیدا هەبوو. کورش چوو بۆ عێراق و بەپێی ڕێنمایی شەریفزادە لە سلێمانی پەیوەندیی بە جەلال تاڵەبانییەوە کرد و ڕێگەی سەفەرکردنی کورشی بۆ کوردستانی ئێران

هـەموار کـرد، تـا لەگـەڵ ئـاوارەی شەڵماشـی (مـەلا ئـاوارە) پەیوەنـدی دابمـەزرێنن. لـە ئاهەنگێکی ولاتی چین لە (سن میدان تیان)، منیان بە (ماو) ناساند، بـۆ گرووپەکـەی ئێمـە مایەی شانازی بـوو کـە بتـوانین لەگـەڵ مـاو کۆببینـەوە و تەوقـەی لەگەڵدا بکـەین. دڵۆپـە فرمێسکی شادی لە چاوانمان دەڕژا.

ماو زۆر پیر بووبوو. لە کوردستان وانەی تیۆرییمان هەبوو و ئەندێشەی مـاو و تیـۆریی شۆڕشی فەرهەنگیمان دەخوێند و بەرنامەی فێرکردن و پرسی بەردەوامیی خەبات لە نێوان دوو هێڵـی پڕۆلیتاریـا و بـۆرژوازی لـەناو حیزبـی کۆمۆنیـستدا هـەبوو. ئـەو گرووپـە کـە جیابوونەوە، چوون بۆ وڵاتی چین تا لە فێرگەی سەربازیدا ڕاهێنانی سەربازییان پـێ دەکـرا و پێشتریش لە کووبا ئاشنای خەباتی چەکدارانە بووبوون، بڕوایان بە ڕێبازی ماو هەبوو کـە پێـی وایـە دەبێـت لـە ڕێگـەی گوندەکانـەوە شـارەکان گـەمارۆ بـدرێن. ئێمـە بـە هەڵـە تێگەیشتبووین و نەماندەزانی کە گوندەکانی ئێران بارودۆخێکی لەو شێوەیەیان نییە و لـەو باوەڕەدا بووین کە هەنگاو بە هەنگاو لـە ئامانجەکانمان نزیك دەبینـەوە. لـەو سـەردەمەدا کوردستان بۆ ئێمە تەوەرەیەك بـوو و بـە لای ئێمەوە بـە شـۆڕشێکی گـرنگ ئـەژمار دەکـرا. ئەڵبەت چینییەکان گوتیان خـەباتی چـەکدارانە دژی ئێـران هەڵەیـە و سـوودی نییـە، بـەڵام ئێمە گوێمان بەو قسانە نەدا. تەنانـەت دەیانگوت کوردسـتان بـە هەڵـەدا چـووە. مـاو لـەو باوەڕەدا بوو کە کوردستان لـە ڕیـزی ئـەو شـۆڕشانەدایە کـە جیهـانی سـێیەم بـەرەو لاوازی دەبـەن و جەنگی دژی دەوڵەتی بە نەریتێکی کۆنەپەرەستانە دەزانی. ئەمە لە کاتێکدا بـوو کە فەلسەفەی چینییەکان لە نێوان هێزە چەپەکانی ئێران و عێراق و کـوردە چـەکدارەکانی سەرسـنوور، لـە گەشـەکردندا بـوو. چـینییەکان داکۆکییـان لەسـەر چـوار خـاڵ دەکـرد: پشتبەستن بە هێزی ناوخۆ، خۆپاراستن لە دەستتێوەردان لە کاروباری یەکتر، یارمەتیـدانی یەکتر لە بارودۆخی تایبەتیدا و فێربوون بە گوێرەی ئەزموونەکانی شۆڕشی چین. ئەڵبەت بە ڕووالەت پێیان دادەگرت لەسەر ئەوەی کە مەبەست ئاشنابوون بـە ئـەزموونی چـینە، نـەك نموونە هەڵگرتن. لایەنگرانی چین هەموو شوێنی ئەو بۆچوونە کەوتن کـە مـاو تـسی تـۆنگ، مارکسیزمی ئەم چەرخەی نێستایە، ئێمە لەژێر ئالای مارکسیزم ـ لینینیزم، ئەندێشەی مـاو تسی تۆنگ پێش دەکەوین. بۆچوونی چین بەرانبەر مام جەلال شاردراوە نەبوو، ئـەویان بـە

سیاسەتمەدارێکی بۆرژوا و ئاوێتەی ساختەکاری و کەڵەک نەدەزانی. چینییەکان مام جەلالیان باش دەناسی، بەڵام ئامادە نەبوون لەگەڵیدا کۆببنەوە، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە دانیان دەنا بە دۆستایەتی لەگەڵ ئەودا، تەنانەت یارمەتییان دا لە بەغدا کتێبخانەیەک بۆ چاپەمەنییەکانی چین دابمەزرێنێ. بەڵام چینییەکان لەگەڵ شۆڕشی کوردستاندا نەبوون و بە ئاشکرا دەیانگوت: هەمیشە بیانییەکان دەستیان لەناو شۆڕشی کوردەکاندایە و سۆڤێتیش بە هەڵە سوودی لێوەردەگرێ. هەر جارێک کە لەگەڵ ئەوان دەربارەی کوردستان گفتوگۆمان دەکرد، یان بێدەنگ دەبوون، یان دەیانگوت ئێمە لەگەڵیاندا نین. تەنانەت چەند جارێک هەوڵمان دا ڕێکخراوە کوردییەکان بەوانەوە ببەستینەوە و گوتمان لە بزووتنەوەی کوردستاندا چەند گرووپێکی مارکسیست- لینینیست هەن و لایەنگری فیکرەی ماون، بەڵام ڕوویەکی خۆشیان پیشان نەدا.

لەو سەردەمەدا چین و ڕووسیا هەر یەکەیان لەسەر تایەکی تەرازووەکە جێگیر بووبوون. چین دەیویست هەمیشە خۆی بە دەسەڵاتداری جیهانی کۆمۆنیزم ئەژمار بکات. بەردەوام دەیانگوت ئێتر ڕووسیا ناوەندی کۆمۆنیزمی جیهانی نییە و پاش گۆڕانکاریی ناوەڕۆک و هاتنی خرۆچۆڤ، چین ناوەندی کۆمۆنیزمی جیهانە و سەرۆکیش ماو تسی تۆنگە. چینییەکان لەگەڵ ئیسرائیلدا دۆژمنایەتییان نەبوو، بەڵام لەگەڵ عەرەبەکانیشدا گونجابوون و جەمال عەبدولناسریان پێ باش بوو. جەمال عەبدولناسر هاوڕێی نزیکی (چون لای) بوو و بزووتنەوەی وڵاتانی بێلایەنیان لەسەر پێشنیازی نەهرۆ و جەمال عەبدولناسر و سوکارنۆ پێکهێنا. لە ساڵی ١٩٦٤دا کە هەندێ لە ئەندامانی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە چوون بۆ وڵاتی چین، حیزبی کۆمۆنیست خوازیاری ئەوە بوو لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە پەروەردەیان بکات، بەم بۆنەیەوە لەگەڵ ئەواندا سەبارەت بە بزووتنەوەی کرێکاریی و کۆمۆنیستی گفتوگۆی دەکرد. دەربارەی ڕێکخستن و کاری ناو توێژەکانی خەڵک و چۆنێتیی چالاکی لەناو کرێکاراندا، چینییەکان زۆرتر پەنجەیان دەخستە سەر وتار و نووسراوەکانی ماو تسی تۆنگ و جارجاریش ئاماژەیان دەکرد بە بیروبۆچوونی مارکس و لینین. بۆچوونەکانی ماو زۆر ساکار و دڵنشین بوون و لە ڕووی فەلسەفییەوە قوڵ و بێبن بوون. بۆ نموونە کاتێک ماو دەیگوت: (بۆ چەشتنی چێژی هەرمێ، دەبێ گازی لێبگری)، ئەنگڵزیش بەپێی پەندێکی ئەڵمانی گوتبووی:

(پودینگ، به خواردنی دەتوانی لە چێژەکەی تێبگەی)، بنەڕەتی فەلسەفیی ئەم وتەیە ڕەوتی گۆڕانکاری و ناسینیشی هەیە، بە کردەوە دەتوانی ناوەڕۆکی شتەکانت بۆ دەرکەوێ و پاشان ئاڵوگۆڕی تێدا بکەی. بەبێ هەڵکۆڵین، ناتوانی کاکڵە دەربخەی. کردەوە بە واتای بەشداریی چالاکانە، لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی مێژووی شۆڕشە. لە ڕووانگەی چینییەکانەوە، پاش مردنی ستالین، حیزب و دەوڵەتی سۆڤێت لە ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی مارکسیزم – لینینیزم لایان داوە. چینییەکان دەستیان دابووە پێداچوونەوەی بنەماکان و پشتبەستن بە وزە و توانای خۆیان، لە پێناوی ڕەتکردنەوە و بەرپەچدانەوەی تیۆرییەکان و وەکارخستنی ڕەوڕەوەی تیۆریی نوێ، بە شێوازێکی هێمن و ژیرانە. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی چین، جڵەوی هەموو هێز و دەسەڵاتەکان کەوتە دەست حیزب و پاشان توێژێکی مومتاز لەناو حیزب و کۆمەڵگادا گەشەی کرد، کە دەبوو بە شێوەیەک چاودێری و کۆنترۆڵ بکرێت، تا لە ئەنجامدا ئەوەی لە سۆڤێت ڕووید، دووپات نەبێتەوە. میکانیزمی ئەم کۆنترۆڵکردنە، شۆڕشی فەرهەنگی و کەلتووریی بوو. ماو دەیویست بە هێز و توانای دەروونی و ویستی مرۆڤ، هەوڵ بدات بۆ ئافراندنی جیهانێکی نوێ. ئەم بۆچوونەوەیە، ئەوی بردە ئاستی گەورەترین کەسایەتییەکانی سەدەی بیستەم. لە سەردەمێکدا کە ئیسماعیل شەریفزادە و مەلا ئاوارەی شەڵماشی لە کوردستاندا خەباتی چەکدارانەیان دەستپێکرد، بە واتایەکی تر، لە کۆتایی ساڵی ۱۹۶۴دا چەند کەسێك لە چالاکوانانی سیاسیی کوردستانی ئێران، وەکوو ئیسماعیل شەریفزادە، ئەمیری قازی، سالار سدیق، برایانی موعینی، ڕەحیمی قازی، مەلا ئاوارە و... لە ڕانیە و قەڵادزێ بوون. کورشی لاشایی پەیوەندی دەکات بە دکتۆر کەمال فوئادەوە وهەوڵ دەدات بچنە کوردستان. مام جەلال لە کێشەی نێوان چین و سۆڤێت ئاگادار بوو.

شۆڕشی ڤێتنام و جەزائیر، کاریگەریی زۆری لەسەر بیروباوەڕی خوێندکاران هەبوو. هەندێ لە کوردەکانی زانکۆ کە بەدوای بیر و ئەندێشەی چەپ و سۆشیالیزمەوە بوون و نوێبوونەوە و دادپەروەریی و ئازادیخوازییان لە چەپدا دەبینی، جۆرێك دوژمنایەتیی هیستریایی حکومەتیش بەرانبەر بە چەپ، هاندەری خوێندکاران بوو و ئاوڕدانەوە لە چەپ، واتای دژایەتی بەرانبەر حکومەتی لێدەکەوتەوە و بە مانای بەدیهاتنی دیموکراسی بوو. لە ساڵی ۱۹۶۵دا، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین _فەتح_ دەسپێکی شۆڕشی

فەلەستینی ڕاگەیاند و حکومەتی بەعسی سووریاش ڕێگەی بەو ڕێکخراوە دا کە لە خاکی سووریاوە شۆڕشی چەکداری دژی ئیسرائیل دەستپێبکەن. کاتێک لە ساڵی ١٩٦٥دا کۆنفرانسی سەرانی عەرەب لە مەغریب سازدرا، فەتح بە تاکە نوێنەری یاسایی فەلەستین بە فەرمی ناسێنرا، دواتر کە نرخی نەوت بەرزبووەوە، لێشاوی هاوکاریی دارایی ڕووی لەو ڕێکخراوە کرد. ئەوان، لە بزووتنەوە ناسراوە شۆڕشگێڕییەکانی جیهانەوە چەند وانەیەک فێربووبوون: پابەندبوون بە جەماوەرەوە (ڕاکێشانی بەربڵاوترین تووێژ و بەشەکانی کۆمەڵگا و گرشەدارکردنی هەستی نەتەوایەتی لە جەرگەی حیزبدا بە ناوی سمبوولی هەستیار و هیوای ڕزگاریی نیشتمان). ناوەڕۆکی ڕێکخراوە و ڕێکخستنەکان بە شێوازێکی هەمەلایەنە (ناساندنی لە ئاستی بیروباوەڕی گشتی). ناوەڕۆکی بەرەکان (ڕاکێشانی زۆربەی گرووپ و لایەنەکان و ئایدیۆلۆژیی جۆراوجۆر). بیری دیموکراتی، توانای ڕاکێشان و داکۆکی لەخۆکردن و بڕوا بە لێهاتوویی‌یەکان، ئاوڕدانەوە لە پاڵپشتیکردنی عەرەبی و نێونەتەوەیی هاوکات لەگەڵ ناوەڕۆکی نەتەوەپەرستانە، مەسەلەی ئافرەت و لاوان و... لە ساڵی ١٩٦٦دا، هاوکات لەگەڵ مایۆنیزم، قەیرانی نێونەتەوەیی مارکسیزم لە بزاڤێکی هەراو و پڕ لە ئاڵۆزدا خۆی دەرخستەوە، کە چەپی کۆنینە، ڕاتە مارکسیزم– لینینیزم و پارتییەکانی کۆمۆنیستی دابووە بەر پەلامار. ئەم بزاڤە کە ناوبانگی بە چەپی نوێ[٤١] دەرکردبوو، بەشێکبوو لە بنەماکانی مارکسیزم. سەرکەوتنی شۆڕشی مارکسیستی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم، وەکوو چین، کاریگەریی زۆری لەسەر وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقایی هەبوو، نموونەی شۆڕشی چین، بە شۆڕشی نوێخوازی و ڕزگاریی حیساب کرا.

"لە کوردستاندا، خەباتی چەکدارانە بە سەرکردایەتیی شەریفزادە و مەلا ئاوارەی شەڵماشی دەستی پێکردبوو. هاوڕێیەکی کوردمان لە نەمسا بوو کە پەیوەندیی لەگەڵ شەریفزادە هەبوو و لە پەیامێکدا ڕایگەیاندبوو ئەگەر هەڵاڵانی چەپ بیانەوێ خەباتی چەکدارانە بکەن، دەتوانن بێن بۆ کوردستان و ئێمە ئامێزیان بۆ ئاوەڵا دەکەین". لە کوردستاندا هێڵێکی ماویی هەبوو کە لەڕاستیدا ڕووالەتێک لە بیری ماویی بوو و دەتوانین ناوی بنێین ماویی کوردی. لە ساڵی ١٩٦٦دا، کۆمەڵێک گەنجی چەپی لایەنگری مام جەلال، پەیوەندییان بە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی تودەوە کرد. ئێمە –حیزبی تودە– لە

ڕۆژئاوای ئەڵمانیا لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی عێراقدا پەیوەندیی باشمان نەبوو. مام جەلال پشتی ئێمەی دەگرت و دژایەتیی ئەوانی دەکرد. پەیوەندیی نزیکی ئێمە لەگەڵ حیزبی شیوعی و تودەی ئێران، بە هۆی تێڕوانینێکی هاوبەشەوە بوو، ئەویش دوژمنایەتی لەگەڵ شا و ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاتە بوو. هەردوو لا ئەو ویستەمان هەبوو، بۆیە هەندێ جار کوردەکانی ئێرانیان بە ئاوێزەی عێراق دەزانی کە لە پاڵپشتی ئەو ڕژێمەن و پێچەوانەی ئەو شتەش دەگوترا و کوردەکانی عێراقیان بە ئاوێتەبوون بە ئێران دەزانی، بەداخەوە هەندێ جار کوردەکان باوەڕیان بە بەعس و شا دەکرد و پرسی کێشەی کورد دەبووە وەرەقەی یارییەکانی شا و بەعس، ڕاستی و دروستی لەو نێوەندەدا نەبوو و هەموو شتێك لە پێناوی پەیوەندییەکی هاکەزایی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان بوو[٦٢].

"بارزانییش دەیویست بەرەبەرە لەگەڵ ئیسرائیلدا پەیوەندی دابمەزرێنێ، تا ڕەزامەندی لەسەر دەوڵەتی کوردی دەربڕێت و ئیسرائیل دڵنیا بکات کە دەوڵەتی کوردی بۆ ئەوان زۆر باش و گرنگە و لەو ڕێگەیەشەوە خۆی لە ئەمریکا نزیك بکاتەوە. لەم ڕووەوە هۆکاری زۆر نهێنی و شاردراوە لە گۆڕێدان، کە زۆر زیاترن لەو شتانەیەی تا ئێستا ئاشکرا بوون. سەبارەت بە کورد و ئیسرائیل، ناتوانین بە ئاسانی ڕووالەت و ڕاستییە نهێنییەکان ڕوونبکەینەوە. تەنانەت ئیسرائیلییەکان و کارناسانی مۆساد وەکوو سەرۆك عەشیرەتێك ناوی ئەویان دەبرد، کە لە بەرانبەر سیاسەتی حکومەتی ناوەندی عێراقدا، توانای شێواندنی ناوچەکەی هەیە، ئەگەرچی پاش مردنی بە مارشی سەربازی و ڕێزی تایبەتییەوە ئەسپەردەیان کرد. نەسیری فەرمانی بە من کرد کە ئەفسەرانی ئیسرائیل ببەمە لای بارزانی".

لە شووباتی ۱۹۶۵دا، بارزانی هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی جیهاندا دەدا و نامەیەکی ئاراستەی وڵاتانی جیهان کرد. هەروەها نامەیەکی نارد بۆ سەرۆك وەزیرانی چەند وڵاتی عەرەبی و ئاسیایی[٦٣] و جەمال عەبدولناسر، بەڵام بێجگە لە ناسر، هیچ کەسێك وەڵامی نەدایەوە. بارزانی لە ساڵەکانی ۱۹۶۵–۱۹۶۶دا، وایدەزانی کە سەرەنجام چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەدەست ئەمریکایە، نەك ڕووسیا و لەندەن، هەمیشە وایدەزانی ڕووسیا لە گیرفانیدایە. بارزانی دەستی کرد بە نامەنووسین بۆ

بەریتانییاییەکان، بەڵام ئەوان زۆر ئاوڕیان لە بارزانی نەدایەوە و بەلایانەوە گرنگ نەبوو، ئامانجی نزیکبوونەوەشی لە ئەمریکا، تەنیا بۆ بەدەستهێنانی خاڵێکی بەهێز بوو.

لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٥دا، ئیمام خومەینی لە تورکیاوە چوو بۆ عێراق، تا سەردەمی ڕاگوێزرانی خۆی لەوێ تێبپەڕێنێ. ناوی ئایەتوللا خومەینی وەک ڕابەر، لە ساڵی ١٩٦٣ لە بیردا ڕێچکەی گرتبوو. ئەو بە وتەی بزوێنەر لە دژی سازشی شا لەگەڵ ئەمریکا ڕەخنەی گرت و لە ١٩٦٤ دوورخرایەوە بۆ تورکیا. "ئێمە خومەینییمان بە دوژمنی جددی سەیر نەدەکرد و پێویستمان بە تیرۆرکردنی ئەو نەبوو". بارودۆخ تێکچوو و هەڵئاوسانی ئابووری جارێکی تر لە کانوونی دووەمی ١٩٦٥دا دروستبوو. سەرۆک وەزیران، حسەین عەلی مەنسوور، بە دەستی یەکێک لە ئەندامانی توندڕەوی مەزهەبی کە پەیوەندیی لەگەڵ بازاڕیان هەبوو، تیرۆر کرا. سەیرتر لەوە، لە نیسانی ١٩٦٥ یەکێک لە سەربازەکانی گاردی شاهەنشاهی، هەوڵی تیرۆرکردنی (شا)ی دا لە کۆشکی مەڕمەڕە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

لە کانوونی یەکەمی ١٩٦٥دا، چەند ڕێکەوتنێک لە نێوان هوەیدای سەرۆک وەزیرانی ئێران و عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆک وەزیرانی عێراقدا کران، بەڵام هیچ پێشکەوتنێک لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکاندا نەبیندرا. لە مانگی سەرماوەزی هەمان ساڵدا، عەباس ئارام، وەزیری دەرەوەی ئێران، لە (ئەنجومەنی سەنا)ی ئێراندا سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق ڕایگەیاند: ئەوان دەزانن ڕێکەوتنامەی ١٩٣٧، دەربارەی کێشە سنوورییەکانی ئەو دوو وڵاتە و ئەروەند ڕوود (شەتلوعەرەب) لەچ بارودۆخێکدا بەستراوە، دەوڵەتی ئێران هەموو کاتێک هەوڵی داوە و هەروەها لە هەوڵدایە کە ئەم نادەگەرییە لە ڕێگەی گفتوگۆوە لەگەڵ عێراقدا، قەرەبوو بکاتەوە. هەروەها گوتی: زۆر جار گوتوومانە ئەم ڕێکەوتنە دادپەروەرانە نییە و بەرژەوەندیی ئێران دابین ناکات. لە جیهاندا شتی وا نەبووە کە ڕووبارێک لە سنووری دوو وڵاتدا بێ و تەنیا یەک وڵاتیان سوودی لێوەربگرێ! هاوکات لەگەڵ ئەوانە، عێراق بەڵێنەکانی خۆی بەجێنەهێناوە و لەسەر بڕیارەکانی سوور نەبووە. پاشان وەزیری دەرەوەی ئێران سەرەڕای ئاماژە بە پێشێلکارییەکانی عێراق بەرانبەر بە ئێران، گوتی: دەوڵەتی عێراق بەو کارانەی، بە شێوەیەکی یەکلایەنە ڕێکەوتنامەکەی پێشێل کردووە، دەڵەتی ئێرانیش مافی خۆیەتی کە ڕایبگەیەنێت ئەو

ڕێکەوتنە پێشێڵ کراوە. هەروەها وەزیری دەرەوەی ئێران گوتی: دەوڵەتی ئێران ئامادەیە ڕێکەوتننامەیەکی دیکە واژۆ بکات کە دادپەروەرانە بێت و مافی هەردوو وڵاتی تێدا بێت. عەباس ئارام هەروەها ڕایگەیاند: ئەگەر جارێکی دیکە ئەم دەستدرێژییانە بکرێتە سەر ئێران، دەوڵەتی ئێرانیش ئامادەیە بەرپەرچی بداتەوە و ئەو چەکانە بێدەنگ بکات.

عەباس ئارامی وەزیری دەرەوەی ئێران، لە سەردەمی عەبدولڕەحمان عارف و لەسەر بانگهێشتی عەدنان پاچەچیی وەزیری دەرەوەی عێراق، لە تشرینی دووەمی ۱۹۶۶دا سەردانی عێراقی کرد و دەربارەی کێشەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە گفتوگۆیان کرد. ئەو وتووێژانە سەبارەت بە هەموو ناکۆکییەکانی ئێران و عێراق بوو. سێ مانگ پاش دانوستانی بەغدا، عەبدولڕەحمان عارف لەسەر بانگهێشتی شا، سەردانی تارانی کرد و لە ۱۴ تا ۱۹ی ئازاری ۱۹۶۷ لەگەڵ کاربەدەستانی ئێراندا گفتوگۆی کرد. سەرۆکانی ئەم دوو وڵاتە بڕیارەکانی وەزیرانی دەرەوەی هەردوو وڵاتیان پشتڕاست کردەوە و بەڵێنیان دا لەسەر ئەم مەسەلانە درێژە بە وتووێژەکانیان بدەن: هاوکاریی دەربارەی دەرهێنانی نەوت لە (نەفت خانە و نەفت شار) و سەرچاوەکانی دیکە، شێتوازی سوودوەرگرتن لە ڕووبار و ئاوە هاوبەشەکان لەسەر بنەمای مافە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها هەردوو وڵات بڕیاریان دا سەبارەت بە نیشتەجێکردنی خەڵکی دوو وڵات و کار و مافی ترانزیت، لە ماوەیەکی نزیدا ڕێکەوتننامە واژۆ بکەن. لەو کۆبوونەوانەدا، قسە سەبارەت بە کێشەی ئەو دوو وڵاتە لەسەر ئەروەندرود (شەتولعەرەب) نەکرا، مەبەستیش ئەوە بوو ئاڵۆزی لە وتووێژەکاندا سەرهەڵنەدات.

لە پرسی شەتولعەرەب (ئەروەندرود)دا، تەنیا باس لەسەر سوودوەرگرتن لە ئاوەکە نەبوو، بەڵکوو هێڵی سنووری ئاوەکە و ئازادیی هاتوچۆی کەشتی زۆر گرنگ بوون. لە بەیاننامەی هاوبەشی هەردوو وڵاتدا، ئێران بە سوودی عێراق، ڕایگەیاند: کێشەی فەڵەستین تەنیا پەیوەندیی بە وڵاتانی عەرەبییەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندیی بە هەموو گەلانی موسڵمانی جیهانەوە هەیە. لەو کۆبوونەوەدا عێراقیش بە سوودی ئێران بڕیاری خۆی ڕاگەیاند وەکوو: بەربەستکردنی هەرێمی ناوچەکانی بیابانی دوو وڵات، هەماهەنگی سەبارەت بە سوودوەرگرتن

و دەرهێنانی نەوت لە سەرچاوە سنووری و هاوبەشەکاندا، سوودوەرگرتن لە پووبارەکانی سەرسنوور بە گوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکان. دوو هەفتە پاش سەفەرەکەی عەبدولڕەحمان عارف بۆ تاران، کازم عەبدولمەجیدی وەزیری ئابووریی عێراق، بە سەرۆکایەتیی وەفدێك سەردانی تارانی کرد. یەکەم گرێبەستی بازرگانی لە بواری ئالوگۆڕی کالا لە نێوان ئێران و عێراقدا، لە ١٠ی مانگی گوڵاندا واژۆ کرا. لە مانگی سەرماوەزی هەمان ساڵدا، گرێبەستێکی ترانزێت لە نێوان ئێران و عێراقدا، لە بەغدا واژۆ کرا.

کاتێك ژەنەراڵ تاهیر یەحیا بوو بە سەرۆك وەزیرانی عێراق، دەربارەی کێشەکانی هەردوو وڵات، خوازیاری گفتوگۆ و سەردانی ئێران بوو. ئەم سەفەرە لە ١٩٦٨دا سەری گرت. لە کۆتایی وتووێژەکاندا بەیاننامەی هاوبەشی هەردوو وڵات، نیشاندەری ئەوە بوو کە لەسەر گفتوگۆکان بەردەوام دەبن. نوێنەری ساواك لە عێراق، هاوکات لەگەڵ شۆڕشی کوردستان، لە هەوڵی پلانەکەیدا بوو بۆ گێڕانەوەی ڕژێمی پاشایەتی بۆ عێراق، بۆ ئەو مەبەستە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا ڕێکخستنەکانی بەرەو پێش دەبرد. بەبێ ئەوەی بچمە ناو ئەو باسانەوە، دەبێ بڵێم "جیاوازییەکی زۆر لە نێوان نەریتی خەڵکی ئێران و عێراقدا هەیە، کە بەرهەمی تێکەڵبوونی دەیان ڕەگەز و میللەت و ئایینە. بەپێی لێکۆڵینەوەیەك، دەرکەوت کە دەبێ سوود لە دەستوپێوەندەکانی بەعسی نەیاری جەمال عەبدولناسر وەربگیرێت. بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ زۆر کەسیان لە ئاستی جیاوازدا، پەیوەندی دروستکرا، بەڵام بە هۆی ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەر و مردنی ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارفەوە، شێوازی کارکردنەکە گۆڕانکاریی بەسەردا هات، بەڵام لە بنەڕەتی پلانەکە و پەیوەندی لەگەڵ سەرانی بەعس و پێشخستنی ڕێکخستنەکان، ئالوگۆڕێك ڕووی نەدا. بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە، پێویست بوو یارمەتیی کوردەکان و لایەنگرانی سەڵتەنەت بدەین و سوود لە حیزبی بەعسیش وەربگرین، بە مەبەستی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی ئێران. لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە دیبلۆماسی و حکومی و شوێنانی دیکەشدا، باس لە بوون بە سەرۆك وەزیرانی عەبدولڕەحمان بەزاز دەکرا. بەو بەربژارە ئەرێنییانەی کە هەیبوو، باشتربوو بکرایە بە سەرۆك کۆمار. بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونی هەموان، سەرلەشکر عەبدولڕەحمان عارف کە هێشتا بەرپرسی

لەشکری پێنجی بەعقوبە بوو و سالّی ۱۹۶۶ لە لایەن ئەنجومەنی شۆڕشەوە پلەی (موشیر)ی پێدرا، وەکوو سەرۆك کۆمار دیاری کرا، بە پلەی موشیری یا سوپەهبوو دیاری کراو و بوو بە بەرپرسی ئەم کارە.

عەبدولڕەحمان عارف، ئەفسەرێکی هێمن و لەسەرخۆ و بوو و خەڵك بە کەسێکی باش ناویان دەبرد و لەناو هاوکاران و کارمەندەکانیدا خۆشەویست بوو. هاوسەرەکەی مامۆستای ناوەندیی یەکێك لە قوتابخانەکانی بەغدا بوو. لەگەڵ هاوسەرەکەی و منداڵەکانیدا، زۆر بە سادەیی دەژیان. زۆر جار لە میوانییەکاندا پێکەوە دانیشتووین و قسەمان کردووە، بێجگە لە قسەی ئاسایی، نەچووینەتە ناو بابەتی سیاسی و لەو چەشنە. زۆر خۆپارێز بوو و ڕووالّەت و دەروونی یەکێك بوون. چ ئەو کاتەی کە براکەی کاربەدەستێکی شۆڕشی ۱۹۵۸ بوو، چ ئەو کاتەی لە بەندیخانەدا بوو و چ لە کاتی سەرۆکایەتیی کۆماردا، گۆڕانکارییەك لە دۆخی کۆمەلایەتیی ئەمدا بەدی نەهات. جارێکیان کودەتایەك بە سەرۆکایەتیی ژەنەرالّ عەبدولڕەزاق، بەرپرسی هێزی ئاسمانی و هاوڕێیانی کە لایەنگری جەمال عەبدولناسر بوون، دژی عەبدولڕەحمان عارف ئەنجام درا، ئێمە زانیارییەکی باشمان لە بەردەستدا بوو کە دامان بە دکتۆر پیراستەی باڵیۆزی ئەوکاتەی ئێران، ئەویش بە خێرایی بە تەلەفۆن سەرۆك کۆماری ئاگادارکردەوە، عەبدولڕەحمان عارفیش سوپاسی نیەتباشیی دەوڵەتی ئێرانی کرد. لەو کاتەدا، من پاش پێنج سالّ خزمەت لە عێراق، گەڕابوومەوە بۆ تاران.

عەبدولڕەحمان عارف بە پێچەوانەی براکەی واتە عەبدولسەلام عارف، سیاسەتێکی نەرمتر و هێمنی بەرانبەر ئێران هەبوو و نیەتباشیی خۆیی ئاشکرا کرد. ڕەوتی عەبدولڕەحمان عارف جارێکی دیکە هیواکانی زیاتر کردەوە کە کێشەی نێوان ئەم دوو وڵاتە چارەسەر بکرێت. بارزانی چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کاربەدەستانی پایەبەرزی هەردوو وڵاتدا کرد. دکتۆر مەهدی پیراستەی باڵیۆزی ئەو کاتەی ئێران لە بەغدا، کاریگەریی زۆری لەسەر پەیوەندییەکانی هەردوو لا هەبوو، بە جۆرێك کە داواکانی بارزانی لە سەرۆك کۆمار، لە زووترین کاتدا جێبەجێ دەکران. عەباس ئارامی وەزیری دەرەوەی ئێران، لە

کانوونی یەکەمی ١٩٦٦دا، بە سەرۆکایەتیی وەفدێك چووە بەغدا و پاشان لە ١٣ی ئازاری ١٩٦٧دا، عەبدولڕەحمان عارف سەردانی ئێرانی کرد و بە گەرمی پێشوازیی لێکرا. جەعفەر ڕائید، زانا و دیبلۆماتی دیاری ئێرانی، لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ: لە تاراندا بێجگە لە ئاهەنگی فەرمی و تایبەت، عەبدولڕەحمان عارف داوای لە شا کرد سەرەتا کۆبوونەوەی تایبەت لەگەڵ ئەودا بکات و هیچ یەکێك لە وەزیر و باڵێۆزەکانی ئێران و عێراق بەشداری نەکەن، بەڵام چونکە سەرۆك کۆماری عێراق تەنیا زمانی عەرەبیی دەزانی، وەرگێڕان خرایە ئەستۆی من. ئەم کۆبوونەوە تایبەتییە لە نووسینگەی بچووکی سەڵتەنەتی، لە نهۆمی سەرەوەی کۆشکی نیاوەران کرا و نزیکەی دوو سەعات شا و عەبدولڕەحمان عارف پێکەوە گفتوگۆیان کرد. بەڵێنی دا کە کێشەی شەتولعەرەب بە دڵی شا چارەسەر بکرێت، بەو مەرجەی کە شا بەڵێن بدات کێشەکانی دیکە بە سوودی عێراق چارەسەر بکرێن، بەتایبەت کێشەی کوردستانی عێراق. شا بەوە ڕازی بوو و هەردوو سەرۆك بڕیاریان دا لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا پێکەوە بن. بەیاننامەیەکی هاوبەش بڵاوکرایەوە و ڕاگەیەندرا سوودوەرگرتن لە ئاوی چەمەکانی سەرسنوور، بەپێی مافی نێودەوڵەتی دەبێت.

عەبدولڕەحمان عارف بە پێچەوانەی براکەیەوە، مرۆڤێکی بێلایەن بوو و نەیدەویست لە دامودەزگای جەمال عەبدولناسر نزیك ببێتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کەسایەتییەکی لاوازی هەبوو، هەمیشە لەژێر فشاری ئەو هەڕەشانەدا بوو کە ئەنجامەکەی ڕووخانی حکومەتەکەیی لێدەکەوتەوە. ئەم هۆکارە و هەروەها دەستپێکردنی جەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧ لە نێوان وڵاتە عەرەبییەکان و ئیسرائیلدا، شای ئێرانی خستە گومانەوە سەبارەت بەو بەڵێنانەی پێی دابوو. دڵەڕاوکێی شا لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە گرووپێکی لایەنگری ناسر لە عێراقدا دەسەڵات بگرنەدەست و بارودۆخێکی خراپتر لە سەردەمی ژەنەراڵ عارف بێتە پێشەوە. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو لایەنێك، پەیوەندیی و یارمەتیی بۆ کوردەکان لە ئاستێکی کەمتردا بەردەوام بوو و بێجگە لەمە هیچ چارەیەکی دیکە نەبوو. شا لەسەر دوو خاڵ سووربوو: یەکێکان شۆڕشی باکووری عێراق، ئەوی دیکە سەرۆك کۆمارێك کە نەتەوەیی نەبێ و ئەگەر نەیاری جەمال عەبدولناسریش نەبێ، لانی کەم لەگەڵ ئەودا نەبێ. ئاشکرا بوو کە پێگە و پایەی سەرۆك کۆماری عێراق کز و لاوازە و ناکرێ لەو دۆخەدا

بنەمایەکی دیکە لەبەرچاو بگیردرێت. عەبدولڕەحمان عارف بەڵێنەکانی خۆی بەجێهێنا و بەیاننامەکەی بڵاوکردەوە. بەڵام شای ئێران دەیویست سوود لە کات وەربگرێ بۆ بەراوردکردنی دۆخی ڕاستەقینەی سەرۆک کۆمار و دەوڵەتی عێراق، هەر بۆیە لەگەڵ هەموو کەموکورتییەکان، وازی لەو پشتیوانییە نەهێنا.

"ئێمەش بە هۆشیارییەوە پەیوەندیمان لەگەڵ بەعسییەکان دانەبڕی. ئەوە ڕوون و ئاشکرا بوو کە شای ئێران دەیویست لایەنێك یان ڕێکخراوێکی نەیاری جەمال عەبدولناسر لە عێراقدا دەسەڵات بگرێتەدەست. شا، سەبارەت بە پتەوبوونی ئەو پەیوەندی و دۆستایەتییەی کە عەبدولڕەحمان عارف سوێندی لەسەر خواردبوو، تووشی گومان بوو، چونکە عەبدولڕەحمان عارف نەك توانای هێشتنەوە و پاراستنی ئەو دۆستایەتییەی نەبوو، بەڵکوو توانای پاراستنی پلەوپایە و دەسەڵاتەکەی خۆییشی نەبوو".

لە بواری توێژینەوەی کۆمەڵناسیی میژووییدا و لە بازنەی کاکڵی ڕێکخستنەکانی ناو ڕژێمەکاندا، بیریاران لەو باوەڕەدان کە سێ هۆکار دەتوانن ناوەندەکانی قەیرانی ناوچەیی بەدی بهێنن: [1] ـ هۆکاری کۆن و پێشینەیی (کە بریتییە لە کێشەی نەتەوەیی و هۆزایەتی) [2] ـ هۆکاری ڕێکخستن (کە بریتییە لە کێشەی خاك و زەوی، ڕکابەریی ئابووری، گرفتی دەسەڵات و...) [3] ـ ڕووبەڕووبوونەوەی دوو هۆکاری پێشوو کە باسمان لێکرد. ئەڵبەت ڕەنگە لە کوردستانی ساڵی ۱۹۶۶دا، نەتوانین ڕێکخستنی سیاسیی تایبەت ڕوونبکەینەوە، کە بەپێی ئەوە لە چوارچێوەی سیستمێکی ناوچەییدا، ئەو ناوەندی قەیرانانە بەپێی هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ڕوون بکەینەوە. ئەگەرچی دەستنیشانکردنی هۆکاری گشتیی کێشەکان زۆر ئاسان نییە. لەوانەشە ڕکابەریی وێرانکەری نێوان دوو بیری جیاواز، بە ئاشکرا کێشەکان ئاڵۆزتر بکات و بێجگە لەوانە، سەرهەڵدانی ئایدیالۆژیی نوێی سیاسی و سۆشیالیستی، دیاردەیەکی نوێ بە مەبەستی زیادکردنی کێشە ناوخۆییەکان، لە دەرەوە بە دیاری بهێنێ. لە ئاستی نێودەوڵەتیشیدا، کێشەی نێوان ئێران و عێراق پێشینەیەکی میژوویی هەیە و هەردوو وڵات لەم سەدەیەدا گیرۆدەی گیروگرفتی بەرفراوان بوون. هەردوو وڵات بە گوێرەی ئەو هەڕەشە ئاسایشییانەی لە یەکتریان کردووە، هەوڵی ئەوەشیان داوە کە لە بەرانبەر یەکتردا،

ئاستی زیانەکانی خۆیان کەمبکەنەوە و زیانی لایەنی بەرانبەر زیاتر بکەن. لە ڕووی ئایینییەوە، زیانی ئێران لە عێراق کەمتر بووە. ئێران بە هۆی زۆرینەبوونی شیعەوە، توانیویەتی شوێنەواری وێرانکاری سیاسەتەکانی عێراق بەسەر کەمایەتیی سوننە واتە عەرەبی سوننە، کۆنترۆڵ بکات.

لە ساڵی ١٩٦٥دا، مام جەلال هات بۆ پاریس سەردانی نووسینگەی حیزبی کۆمۆنیستی کرد والدیك ڕوشە - جێگری مۆریس تۆریس - مان کرد، گفتوگۆمان کرد و من قسەکانی ئەوم وەردەگێڕا. بەر لەوەی بچینە لای ئەو، لەگەڵ ڕۆژنامەکانی لۆمۆند و لیبراسیۆن و ئۆمانیتە گفتوگۆی کردبوو. ڕوشە بە گاڵتەوە دەیگوت: لە هەموو شوێنێك قسەکانت کردووە و ئێستا هاتووی ئێمە بۆت بڵاوبکەینەوە؟! مام جەلالیش لە وەڵامدا گوتی: پادارەکان بگرە و واز لە بێپێکان بهێنە، چونکە هی خۆمانە. ئەمانە پێیان هەیە و ئیتر ناتوانین بیانبینینەوە، بەڵام ئێرە ماڵی خۆمانە و هەر کاتێك بمانەوێ دەتوانین بتانبینین. لەو کاتەدا سەرۆك کۆماری فەرەنسا ژەنەراڵ دۆگۆڵ بوو. مام جەلال لەو سەفەرەدا، ناوبانگێکی گەورەی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئەورووپادا پەیدا کرد. میر کامەران بەدرخانیش مامۆستای زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسا بوو، لە لوبنان و سووریادا، بنەماڵەکەی پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ فەرەنسییەکاندا هەبوو. بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، کورسیی زمانی کوردیی لە زانکۆی سوربۆن دامەزراندبوو. لەگەڵ پاکڕەوان لە ساواکدا، پەیوەندییەکی باشی هەبوو، ئەم پەیوەندییە واتەواتی زۆری دەربارەی ئەو ساز کردبوو، بۆ نموونە: دەیانگوت جاسووسی فەرەنسییەکان و (شا)یە. لەو کاتەدا موحەممەد موکری لە پاریس بوو، ئەو دوژمنایەتییەکی زۆری لەگەڵ کامەراندا هەبوو و دەیگوت سەر بە ئەم شوێن و ئەو شوێنە. موکری بیری چەپ و کۆمۆنیستیی هەبوو. ڕێکخراوی ئاسایشی بەریتانیا وەها ڕاپۆرتی دابوو کە مام جەلال لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٥دا دێتە لەندەن و لە تەلڤزیۆنی ئەو وڵاتەدا دەردەکەوێ و سەبارەت بە کوردەکان قسە دەکات. لە هاوینی ساڵی ١٩٦٥دا مام جەلال لە پاریس بوو. ڕۆژێك لە کاتی پیاسەکردن لە شەقامەکاندا، گوتی: دوێنێشەو لە خەونمدا دایکم بینی و هەرچەند دەستمان بۆ یەکتر ڕاکێشا، بەڵام بە

یەک نەگەیشتین. بەوپەڕی پەرۆشییەوە لە خەو ڕاپەڕیم و ئەو خەونەم بۆ هاوڕێکانم گێڕایەوە. کاتێک تەلەفۆنمان کرد بۆ کۆیە، گوتیان ئەمشەو دایکم کۆچی دوایی کردووە.

بیری مامە لەسەر لایەنگریی لە یەکیەتی عەرەبەکان بوو و لە وڵاتەکانی سعوودیە و سووریا و لوبنان و میسر، هاوڕێ و لایەنگری زۆری هەبوو. بۆ نموونە (هەیکەل) هاوڕێی مام جەلال بوو. هەتا ۱۹۶۶ و دوای ئەو ساڵەش، چەندین جار مام جەلال سەفەری میسری کرد. خوێندکاران زۆر خۆشیان دەویست و وزەیان لە ژیان و کەسایەتی و شۆڕشی ئەوەوە وەردەگرت[۶۴]. عەبدولناسر دۆخی عەرەبەکانی شێواند، بەڵام بە گشتی ئامانجێکی باشی هەبوو. مرۆڤێکی باش و نیشتمانپەروەر بوو، بەڵام دەسەڵاتی لە ڕادەی بەدەری بە هەمووشت دەزانی وپێی لە سنووری خۆی زیاتر ڕادەکیشا. بیر و کەڵکەڵەی تایبەتی هەبوو و خوازیاری ڕزگاری و ئازادیی هەموو عەرەبەکان بوو، بەڵام دەتوانین بڵێین کە واقیع بین نەبوو. مام جەلال مرۆڤێکی وردبین بوو و کاریگەریی زۆری جەمال عەبدولناسری لەسەر بوو، ناسریش زۆر ڕێزی لە مام جەلال دەگرت. زۆربەی وڵاتانی عەرەبی لایەنگیریی ناسریان دەکرد، بەڵام لەڕاستیدا توانای بەدیهێنانی ئاماژە ئاواتەکانی خۆیی نەبوو. نوێنەری ساواک دەڵێت "مام جەلال لەو ماوەیەدا کە لە ئێران مایەوە، زمانی فەرەنسی فێربوو. بە خۆشناویی و خۆشەفتاریی و خۆشکرداریی ناوبانگی دەرکردووە. سروشت و دەروون خاوێن و داوێن پاکی بووە. لەگەڵ زۆر کاربەدەستی دیاری وڵاتانی جۆراوجۆری جیهاندا گفتوگۆ و پەیوەندیی هەبووە. لە دۆستایەتیدا بەردەوام بووە و ڕاستگۆیی و پابەندبوون بە بەڵێن و بڕیارەکانیەوە، ئەوی خستووەتە ڕیزی پیاوانی نایابی سەردەم. لە ئەستەمترین و ناڵەبارترین بارودۆخدا هەمیشە ئامادە و چالاک بووە. هەرگیز لە بیری مالّ و سامان و پلەوپایە و ناوبانگدا نەبووە. ئەویندارێ خاکی ئێرانە و هۆگری نەتەوەی گەورەی ئێرانە".

لە ڕووداوی ئاوارەیی ماوەت و ڕۆیشتن بۆ ئێران، مام جەلال ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ئاوێتەی بنەماڵەی ئیبراهیم ئەحمەد دەبوو و پاشان ئاشنا بوو بە کچەکەی، واتە (هێرۆ). "ئیبراهیم ئەحمەد کاریگەریی زۆری لەسەر جەلال هەبوو، بارزانییش جەلالی بۆ جێنشینیی ئیبراهیم ئەحمەد لەبەرچاو گرتبوو، بەڵام جەلال زیاتر لەژێر کاریگەریی بیری ئیبراهیم ئەحمەددا

بوو. هەژار، بۆ بەرژەوەندی، یان گوزەرانی ژیان، پێویستیی زۆری بە پارە هەبوو، هەر بۆیە لەبەر دابینکردنی خەرجیی ڕۆژانە، بە پێداهەڵگوتن شوێنی بارزانی کەوتبوو. بەڵام زەبیحی سەربەخۆیی خۆی پاراست و بەکەسیدا هەڵنگوت. هەژار لە وەرگێڕانی شەرەفنامەدا، زۆر شتی پووچ و بێبنەمای سەبارەت بە مام جەلال نووسیبوو، وەکوو "جەلال لەبەرئەوەی لەگەڵ کچەکەی ئیبراهیم ئەحمەددا ژیانی هاوبەش پێکبهێنێ، دوای ئیبراهیم ئەحمەد کەوت و شۆڕشی کوردیی کردە قوربانی دڵداری". ئەم قسەیە زۆر درۆ و دواکەوتووانە بوو. لە ساڵی ۱۹۵۲دا، بۆ یەکەم جار ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال یەکتریان بینی و جەلال گوتی ئەو مرۆڤێکی گەورەیە و خاوەنی بیروباوەڕی خۆیەتی. ئیبراهیمیش ڕۆشنبیرێکی ڕاستەقینە بوو و قسەکانی کاری دەکردە سەر هەموو کەسێك. هەروەها لە کاتێکدا لە ساڵی ۱۹۶۴ و پاشان لە ۱۹۶۶دا، کە جەلال لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەددا بوو، هێشتا هاوسەرگیریی نەکردبوو و هیچ باسێك لە هاوسەرگیریی جەلال و هێرۆ نەبوو".

سەرئەنجام لە تەموزی ۱۹۶۸ حیزبی بەعس سەرۆکایەتیی ئەحمەد حەسەن بەکر، دەسەڵاتی گرتەدەست. ئەحمەد حەسەن بەکر هەتا ساڵی ۱۹۷۹ بە سەرۆك کۆمار و سەرۆکی حیزب مایەوە. پاش ئەویش سەدام حسێن کە جێگری سەرۆکایەتیی کۆمار و حیزبیش بوو، جێگەی ئەحمەد حەسەن بەکری گرتەوە.

***

کاتێك پرسی قبوولکردن هاتە پێشەوە، من و نووری شاوەیس دژایەتیمان دەربڕی. بۆ مێژوو باشترە بڵێم: لەو سەردەمەدا لقی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لە کوردستاندا، یان سەرکردەکانی ئەو حیزبە، وەکوو عەزیز موحەممەد و کەریم ئەحمەد و عومەر عەلی و مامە شێخە و...هتد، کە لە قەڵادزێ بوون، هەموو ڕۆژێك دەمدین. هەموو ڕۆژێك لە قەڵادزێوە دەهاتینە ڕانیە تا لە کۆبوونەوەکاندا بەشداری بکەین. شەوانەش دیسان ئەو کەسانەمان دەبینی، سەلیم فەخری و دکتۆر سدیق ئەتروشی لەوێ بوون. لەو کاتەدا، واتە لە سەردەمی عەزیز موحەممەد و ئەوانی دیکە، هەموو

بۆچوونیان وەکوو ئێمە بوو و دژی بارزانی بوون، تەنانەت بەیاننامەیەکی ناڕەزایەتییان بڵاوکردەوە، کە تێیدا ئاماژەیان بەوە کردبوو ئەم ڕێکەوتنانە هیچ شتێکی بۆ کورد تێدا نییە و کورد هیچی لە لایەن حکومەتەوە دەستنەکەوتووە. هێشتا بەیاننامەی ڕێکەوتنی بارزانی و حکومەت بە تەواوی بڵاونەبووبووەوە، پەیامی پیرۆزبایی خرۆچۆڤ گەیشتە دەستی عەبدولسەلام عارف. نووسیبووی "ڕێکەوتنی ئێوە و کوردەکان و شۆڕشی کوردی، ڕێکەوتنی چارەسەری هێمنانە و سیاسی، پیشاندەری پێشکەوتن و پەرەسەندنی بیروباوەڕی سیاسیی ئێوەیە". کاتێک ئەو نامەیەی خرۆچۆڤ گەیشت، بە خێرایی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق کەوتە گومانەوە و بەیاننامەیەکی دیکەی بڵاوکردەوە و لە هەڵوێستی پێشوویان پاشگەزبوونەوە، بە گەرمی بوونە لایەنگری ڕێکەوتنی بارزانی و حکومەت. دەستیان کرد بە پاکانەکردن بۆ کارەکەی پێشوویان و باسیان لەوە دەکرد کە لەوانەیە دژایەتیی نێونەتەوەیی دەستپێبکات.

هەولێر بۆ کتێب

لە شووباتی ۱۹۶۴دا، ئەمریکا و سۆفیەت دوو فاکتەری بنەڕەتیی بوون. لەو کاتەدا بیری خرۆچۆڤ لە ڕووسیادا هاتبووە گۆڕەپانەوە و شایانی سەرنج بوو، کە بڕوای بە خەباتی چەکدارانە نەبوو، پێی وابوو لە هەر شوێنێکدا ئاگری جەنگ هەبێ، بڵێسەی ئەو ئاگرە شوێنەکانی دیکەی جیهان دەگرێتەوە و ڕەنگە ئەو ڕاپەڕینە بڵێسەدارتر ببێ، کەوایە هەرچی زووە دەبێ لەناوبچن و بکوژێنەوە. لەو کاتەدا، ئێمە وکوو کۆمیتەی ناوەندی بڕوامان بە خەباتی چەکدارانە هەبوو، دەمانگوت خەباتی چەکدارانە و ڕاپەڕینی جەماوەر، تەنیا ڕێگەی ڕزگاربیە. لەو ڕووەوە، ئێمە لەگەڵ یەکێتیی سۆفێتدا دژ بووین. لەو کاتەدا سۆفێت و چین دژایەتیی یەکتریان دەکرد. ڕووسییەکان بەبێ ئاگاداریی خۆمان، بیروباوەڕی ئێمەیان خستبووە ڕیزی چینییەکانەوە، تەنانەت ڕۆژنامەی پراڤدا، وتارێکی بڵاوکردەوە دەربارەی دژایەتی و نەگونجانی حیزب و بارزانی، نووسیی: گرووپی مەکتەبی سیاسی چەند

کەسێکی سەرکێش و چەپن و تەنیا بڕوایان بە چەك هەیە و ئاگاداری سەردەم نین. وایاندەزانی ئێمە لەژێر کاریگەریی چیندایە و سەر بە هێڵی بیروباوەڕی ئەوانین. هەروەها حزبی کۆمۆنیستی عێراق لەژێر هەمان بۆچوونی نزیك لە رووسەکانەوە بوو، لەکەاتێکدا بیروبۆچوونی ئەوان و ئێمە لێکەوە نزیك بوو. بەڵام لەژێر کاریگەریی هێڵی ڕووس و ئاشتیدا، تاقمێك هەبوون کە لە ساڵی ١٩٦٤دا ئامادەبوون یەکێتییەکی هاوبەش پێکبهێنن وحزبەکەیان هەڵبوەشێننەوەو هێزە پێشڕەوەکان لەژێر ئالای خرۆچۆڤدا کۆبکەنەوە. شێوازی گوفتار و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، لە بۆچوونەکانی بارزانییەوە نزیك بوو، هەر بۆیە ئێمە لەوانەوە دوور بووین.

دانا ئادام شمیدت لە کتێبەکەیدا، سەبارەت بەم مەبەستە بە دوور و درێژی قسە دەکات و وەکوو چیاوازییەکی ئاشکرا باسی لێوە دەکات، چونکە لەو کاتەدا خۆی لە ڕانیە بوو وڵەگەڵ دەستەیەك لە ڕۆژنامەوانان هاتبووە ئەوێ. بارزانییش چووبوو بۆ ڕاوە بەزێ. منیش پێشوازیم لە هەموویان کرد و شەو و ڕۆژێك لەگەڵیاندا بووم و بۆچوونەکانی منیان بە گشتی بڵاوکردەوە. بەم جۆرە دەبینین کە دەرفەتێکی مێژووییمان لەدەستچوو. لەڕاستیدا هەڵێك بوو کە عەبدولناسر ببێتە داوەرێك لە نێوان کورد و حکومەتی بەغدا، تەنانەت ببێتە بەرپرسی چارەسەری کێشەی کورد و بەدیهاتنی ئامانجەکانی لە بواری مافی دیاریکردنی چارەنووس و تەنانەت ئۆتۆنۆمیی کورد. ڕێکەوتننامەی نێوان بارزانی و حکومەتی موشیر عەبدولسەلام عارف، لە ١٠ی شووباتی ١٩٦٤دا، هیچ مافێکی بۆ کوردەکان دەستەبەر نەکرد. تەنانەت ئەو کاتەی موشیر عەبدولسەلام عارف بەرپرسیارێتیی ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی کۆماری لە ئەستۆدا بوو، وشەی کوردی لە بەیاننامەکەدا سڕییەوە و لەجیاتیی ئەوە وشەی برایانی کوردی بەکار هێنا، بۆ ئەوەی ئیتر باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس لەئارادا نەبێ و پارتیش هەڵوەشێتەوە، تەنیا لە بواری پڕۆژەی گەلێکی هاوبەش دانووستاندن بکرێت.

بۆ مێژوو، دەبێ بڵێین کە ڕێکەوتنی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لەگەڵ حکومەتی عێراق لە ۱۹۶۶دا، ئەگەرچی ئاگری براکوژیی لە کوردستاندا هەلگیرساند و زیانێکی زۆری بە ئەندامانی باڵای کۆمیتەی ناوەندیی پارتی گەیاند، بەڵام چەند دەستکەوتێکی هەبوو، وەکوو: دانپێدانانی ماف ڕەوای کوردەکان لە لایەن حکومەتی ناوەندی عێراقەوە، دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی، بە پارێزگابوونی دهۆک، بە فەرمی جەژنی نەورۆز بوو بە جەژنێکی نیشتمانی، دەیان گەنجی کورد لە کۆلێژی ئەفسەری وەرگیران، لێخۆشبوونی گشتی بۆ هەموو بەندکراوە کوردەکان دەرکرا. ڕۆژنامەی (النوور) بە زمانی عەرەبی مۆڵەتی بڵاوبوونەوەی وەرگرت، کە کاریگەریی زۆری لەسەر بیروباوەڕی عەرەبەکان بەرانبەر بە کورد دانا.

مستەفا بارزانی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، لەو بەیاننامەیەدا هەڵوێستێك هەبوو کە لە هەڵوێستی حکومەتی دەچوو، واپێدەچوو کە حکومەت ئەوەی نووسیبێت، بە جۆرێك سووکایەتی بێ پێشمەرگە کرابوو، نووسرابوو هەر کەسێك سەرگەرمی ژیان و کار و کاسپیی خۆی بێ، بۆچی دەبێ چەك هەڵبگرێ؟ ئەمە نیشانەی ئازایەتی و گەورەیی و سەربەرزی نییە. ئێمە دەمانویست ئاگاداری بکەینەوە کە ئەم شێوە هەڵوێستە ژیرانە نییە، بەڵام ئەو لەسەر بۆچوونی خۆی سووربوو. منیش بۆچوونی خۆم ئاشکرا کرد و تەنانەت لای ڕۆژنامەنووسە بیانییەکان بۆچوونی خۆم دووپاتکردەوە. جارێکیش لە ڕانیە، ئادام شمیدت نووسەری پەرتووکی (گەشتێك بۆ نیشتمانی پیاوە ئازاکان لە کوردستان)، لە گفتوگۆکەیدا ئاماژەی بە من کردبوو، بێجگە لەوەی لە ئاژانسەکانی دەنگوباسی (ئیتارتاس[۶۵])، ڕۆیتەرز[۶۶] و ڕۆژنامەکانی وەکوو الشرق الاوسط[۶۷]، زۆر سەربەخۆیانە ڕامگەیاند کە "هیچ دڵنیایی و بڕوایەکم بە حکومەتەکەی عەبدولسەلام عارف نییە و ئەوان تاقمێك دیکتاتۆرن کە هیچ مافێکیان بۆ کورد لەبەرچاو نەگرتووە".

پێداگریی ئێمە لەسەر خەباتی چەکدارانە پێویست بوو، هەتا ئەو کاتەی بە مافەکانمان دەگەیشتین، دەمانگوت بە هیچ شتێك کەمتر لە ئۆتۆنۆمی و مافی ئازادی، ڕازی نابین. هەروەها ئاشکرامان کرد کە ئێمە نەیاری هەڵوەشانەوەی هەموو حیزبەکانین و پارتی دیموکراتی کوردستان دەپارێزین، هەروەها ناچینە حیزبێکی دیکە و هێزی چەکداریشمان وەکوو خۆی دەمێنێتەوە. بە پێچەوانەی ئەوەوە دەجوولێینەوە کە لەو کتێبەدا هاتووە و نووسراوە. ئەڵبەت لەو کاتەدا کە ئەو شتانەم ڕاگەیاند، نوێنەرانی ئاژانسەکانی دەنگوباسی سۆڤێت قسەکانی منیان بەدڵ نەبوو، چونکە ئەوان لایەنگری بیر و هزری خرۆچۆڤ بوون و لە پرسی ئاشتی و چارەسەری هێمنانەی کێشەکاندا هەستیان بە مەترسی دەکرد، لەوانە بوو بەرژەوەندییەکانیان بکەوێتە مەترسییەوە و تەنانەت جیهانیش گیرۆدەی سووتمانێکی گەورە ببێ. هەر بۆیە لە ڕووی سیاسی و بنەڕەتی و تیۆرییەوە، پشتی بارزانییان دەگرت و بە کردەوەش یارمەتییان دەدا. ئەمە سەرەتای ئاشکرابوونی کێشەکانی نێوان بارزانی و کۆمیتەی ناوەندی بوو، بەردەوام و ڕۆژبەڕۆژ کێشەکانی نێوان بارزانی و کۆمیتەی ناوەندی پەرەیدەسەند. تا گەیشتە ئەوەی ناوچە ئازادکراوەکان کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی حکومەتدا بوون، دیسان بخرێتەوە بەردەستی حکومەتی ناوەند، وەکوو شارەکانی: ڕانیە، قەڵادزێ، چوارتا، پێنجوێن، قەرەداخ، سەنگاو و... زۆر ناوچەی دیکە. حکومەت بەرەبەرە داوای لە بارزانی کرد کە ناوەرۆکی ڕێکەوتنەکان جێبەجێ بکات. کۆمیتەی ناوەندیی پارتیش بڕیاری دا کە ناوچە ئازادکراوەکان بە حکومەت نەداتەوە و بۆ خۆیان تەرخانی بکات، ئەم خاڵە بووە هۆی کێشە لە نێوان هەردوو لا. بارزانی لەم کاتەدا تێگەیشت کە ئەم هەڵوێستانە بووەتە هۆی بەدیهاتنی دوو جۆر سەرۆکایەتی، یەکێکیان چۆکدادان بە خۆبەدەستەوەدان و پاشگەزبوونەوە، ئەوی تریان دەنگدان بە پاراستن و خۆڕاگری. یەکێك دەڵێت: هێزی پۆلیس و سەربازیی خۆی بەدەستەوە بدات. ئەویتر دەڵێ: وا نەکەن و هەر وەکوو جاران لەژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا

بمێننەوە. لەو ڕۆژانەدا بوو کە بارزانی هەندێ لە ئەفسەر و پۆلیسەکانی کرد بە لێپرسراوی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان.

بارزانی هەر زوو کاروباری خۆی لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی جیاکردبووەوە و هێزی چەکداری پێکهێنابوو و ئەو کەسانە لە پارتییەوە هاتبوون کە بە چالاکی خۆیانەوە پارتی بە زیندوویی بهێڵنەوە، هەر کەسێک بەپێی ئەرک و توانای خۆی هەوڵی دەدا، بەڵام ئەوانەی کە مەلا مستەفا هێنابوونی، دەیانویست بە هەر شێوەیەک بووە دەسەڵات بەسەر هەموو لایەنەکانی پارتیدا بەدەستبهێنن، مەلا مستەفاش یارمەتیی دان، کودەتایەکی ڕێکخست و فەرمانی کرد هەموو لێپرسراوان و ئەفسەرانی حیزبی، ئاڵۆگۆڕ بکەن. بۆ نموونە: عەلی عەسکەریی لابرد و عەبدولوەهاب ئەتروشیی خستە جێگەکەی، کەمال موفتییاڵ لابرد و مەلا مەعرووف (مەلا مارف[۶۸])یان خستە جێگەی ئەو، عومەر دەبابەیان لابرد و عەزیز عەقراوییان لە جێگەی ئەو دانا.

گۆڕانکاریی پەیتاپەیتا لە ساڵی ۱۹۶۴دا، هەر لە کودەتا دەچوو. تەنانەت من کە ئەو هەمووە لەوانەوە نزیک بووم، لە سەرکردایەتیی هێزی ڕزگاری لایانبردم و ئەفسەری کوردی بادینی، واتە ڕەشید سەندییان لە جێگەی من دانا. یەکەم جار نەقیب (نامیق عەبدوڵڵا حەوێزیی)یان هەڵبژاردبوو، بەڵام ئەو ڕەتی کردبووەوە، چونکە پێشتر ئەو جێگری من بوو. بە کورتی، زۆربەی بەرپرسان و ئەفسەرانی بااڵی لابرد و ئەندامانی پلەی خوارتری لە جێگەی ئەوان دانا.

بارزانی زۆربەی ئەو کەسانەی بۆ پۆستە گرنگەکان دیاری کرد کە لە خۆیەوە نزیک بوون. ئەگەر کەسێکیش دژایەتیی بکردایە، بە زۆر و دەسەڵاتی خۆی دەیسەپاندن. ئەمە سەرەتای کودەتایەک بوو لەناو هێزی چەکداریی پێشمەرگەدا، بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و کۆمیتەی ناوەندی،

هەوڵنامەی کتێب

ئەو کارانەی جێبەجێ دەکرد. بەم شێوەیە بارزانی دەستی دایە تێکدانی بازنەی هێزی پێشمەرگە و کەسانێکی دەستنیشان کرد کە لەڕاستیدا نەیاری پارتی بوون. ئەو کەسانە تەنیا لەو نزیک بوون و دەیویست هەموو شتێك بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و لە پارتیی بستێنێتەوە. خاڵێکی دیکە ئەوە بوو کە مەلا مستەفا لە هەموو شوێنێکدا ڕایدەگەیاند پارتی باش نییە و دەبێ هەڵوەشێتەوە، ئێمە لەگەڵ حکومەتدا ڕێکەوتووین و هەموو شتێك بڕاوەتەوە. لە بەرانبەر ئەوەدا، بە بڕوای من لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی پارتیشەوە هەڵوێست و هەڵسوکەوتی لەو شێوەیە هەبوو. ئەگەر بە ویژدانەوە قسە بکەم، لای هیچ لایەکیانەوە نەرمی نواندن و لێبووردن نەبوو.

توندوتیژی لە لایەن ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییەوە هەبوو، بەتایبەت ئیبراهیم ئەحمەد، سەید عەزیز شەمزینی، نووری شاوەیس، عەلی عەبدوڵڵا و کەسانی دیکەی وەکوو نووری ئەحمەد تەها و مەلا عەبدوڵڵا دزەیی، هەڵوێستێکی گرژیان بەرانبەر بەمەلا مستەفا هەبوو. تەنانەت نووری شاوەیس لە زۆر شوێندا بە ئاشکرا جنێوی بە بارزانی دەدا و ئەو قسانە لە ماوەی چەند خولەکێکدا بە گوێی مەلا مستەفا دەگەیشت. عەلی عەبدوڵڵا و نووری شاوەیس و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، وایاندەزانی کاتی ئەوە هاتووە کە سنووریك بۆ بارزانی دابنرێت و فێری دیسپلین ببێ. جارێکیان موناقەشەیەك لە نێوان من و عەلی عەبدوڵڵادا ڕووی دا، من دەمگوت: سیستمی ناوخۆ لەگەڵ مەلا مستەفا یەکانگیر نابێت، چونکە بارزانی نە بڕوای بەو سیستمە هەیە و نە بڕوای بە حیزبایەتی هەیە، ئەو کەسایەتییەکی مێژوویی کوردە و ڕەوش و بارودۆخی تایبەتی ئەوی لەو گۆڕەپانەدا هەڵاویشتووە و سەرۆکایەتیی لە ئەستۆ گرتووە. کەوایە ئەو ئەندامێکی پارتی، یان سەرۆکێك نییە کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە سەرکردایەتیی بەدەستهێنابێت. عەلی عەبدوڵڵاش دەیگوت: تۆ زۆر بەپرییەوە دەچی و دەتەوێ لە دڵیدا جێی خۆت بکەیتەوە، ئەگینا ئێمە دەمانەوێ دنەی بدەین

که سیستمی ناوخۆی پارتی پەیڕەو بکات، سنووردێکی بۆ دیاری بکەین و کار و چالاکییەکانی بە گوێرەی پرنسیپی پارتی بێ. سەبارەت بە بارزانی، بیروباوەڕی من لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیی پارتیدا جیاوازیی هەبوو. من دەنگی سێیەم بووم. بۆچوونم وابوو کە هەڵوێستەکانی بارزانی دروست نین و بە گشتی پێچەوانەی بازنەی پارتی و هەروەها شۆڕشی کوردن، بەڵام دەبێ گوێڕایەڵی وتەکانی ئەو بین و داخوازییەکانی جێبەجێ بکەین، ئەگەر وا نەبێ، شۆڕش و خەبات و پارتی و... هەمووی کۆتایی دێت. لە لایەکی ترەوە شێوازی هەڕەشە و تووڕەیی و بەرەنگاربوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتیش، جۆرێك بەرپەرچدانەوەی چەپڕەوانەیە.

یەکەم: من بڕوام وابوو کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دەبێ بزانێ هەبوونی مەلا مستەفا بۆ خەبات و شۆڕشی کورد، لەم قۆناغە مێژوویییەدا زۆر پێویستە. لەو سەردەمەدا کە کاروباری ئێمە بەسترابووەوە بە عەشیرەت و کوێخاوە، دیارە زۆر پێویستیمان بە پێداویستی گەورەی وەکوو بارزانی هەبوو. ئێمە نەماندەتوانی بارزانی وەلابنێین و بڵێین ئیتر پێویستیمان بەو نییە، ئەوە کارێکی ژیرانە نەبوو. دووەم: بە بڕوای من کێشە و ناکۆکیی نێوان بارزانی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، لەسەر دەسەڵات بوو، نەك خەڵك و لایەنگرانی شۆڕش و پارتی. ئێستاش ئەو کەسانەی ئارمگرتنیان لەپووی مرۆڤایەتی و تێکۆشانەوە نییە با دەست هەڵبگرن هەتا خەڵك خۆیان بۆیان دەرکەوێ کە بارزانی دەیەوێت کۆتایی بە شۆڕشەکە بێنێ و پارتی هەڵوەشێنێتەوە و دیسان ناوچە ئازادکراوەکان بە حکومەت بسپێرێتەوە. با خەڵك خۆیان دڕایەتی بەرانبەر ئەو سیاسەتە هەڵەیە دەربڕن و بچنە لای مستەفا بارزانی و بڵێن واز لە سەرۆکایەتی بێنێ. ئەوان ئەو هەڕەشە و تووڕەییەیان بە پشتبەستن بە ئەندامان و لایەنگرانی پارتی بوو، کە ۹۰٪ی دەوروبەری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، بە هەڵە وایاندەزانی کە دەتوانن سەرۆکایەتیی سیاسەتی بارزانی بگرنەئەستۆ. سێیەم: بە بڕوای من هەڵەکە

لەوێدا بوو کە لەجیاتیی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی سیاسی لەگەڵ بارزانی، دووبەرەکی و ناتەبایی دروستبوو. چوارەم: هۆکاری کوشندە کە بووە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکە، نووری شاوەیس بوو، کە بەڕاستی بە تاکڕەوی و سەرەڕۆیی، ئاگری کێشەکانی بڵێسەدار کرد.

پاش ئەوەی چەند کەسێك لە ڕیشسپی و پیاوانی ڕێزداری ناوچەکە بوونە ناوبژیکاری پارتی و مەلا مستەفا، ئیبراهیم ئەحمەد لە ماوەتەوە هات بۆ سەردانی بارزانی لە ڕانیە و ئێمەشی لەگەڵدا بووین. دەستمان کرد بە دەردەدڵکردن و گلەیی و بناشت، توانیمان ڕازیی بکەین بە ڕێگەچارەی سێیەم کە من پێشنیارم کردبوو. پێشنیازی من ئەوە بوو کە کۆمیتەیەکی سەربەخۆ دابمەزرێ و لە پێناوی کۆنگرە ڕاستەقینەکانی پارتیدا، بەرپرسیارێتیی هەڵبژاردنی بگرێتە ئەستۆ و لەو کۆنگرەدا جیاوازیی بارزانی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، کە ئەنجامی ڕاوێژکردن و لێکدانەوەدا ڕوون ببێتەوە. بەڵام هەڵوێستوەگرتن بەرانبەر حکومەت، یان ڕێکەوتن لەگەڵی، دەبێت بە ڕاوێژکردن و ڕاگۆڕینەوە بێت. ئیتر بارزانی یان قبوولی دەکات، یان ڕەتی دەکاتەوە، ئالێرەدایە کە کێشەکان بە هەر شێوەیەك بووە باری یاسایی لەخۆ دەگرێ. لەڕاستیدا ئیبراهیم ئەحمەد و عەلی عەبدوڵڵاش بەو هەنگاوە ڕازی بوون. مەلا مستەفایش دەیویست من چەند کەسێك بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرێم و ئەویش لە دیاریکردنی ناوی ئەندامان ڕازی بوو. زۆربەی ئەو کەسانەش ئەوانە بوون کە بڕوایان بە کاروباری پارتی هەبوو، نەك تەنیا بارزانی. لەوانە: جەمال شالّی، حەبیب محەمەد کەریم، یەدوڵڵای عەباس حسێن، جەلال عەبدولڕەحمان، عومەر بامڕنی و کەسێکی دیکە کە ناوەکەیم بیرنەماوە. ئەم کەسانە هەڵبژێردران کە سەرپەرشتیی دەنگدانی کۆنگرە بگرنە ئەستۆ. سەرلەبەیانیی ڕۆژی دواتر، دەقی کۆبوونەوەکەمان نووسی و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد چاوی پێدا خشاندەوە و ڕێکوپێکی کرد و چووینە لای بارزانی. ئەویش بەپێی بۆچوونی خۆی،

گۆڕانکاریی تێدا کرد و پاشان وەکوو بەیاننامەیەکی فەرمی، ئەو و ئیبراهیم ئەحمەد واژۆیان کرد. دەقی کۆبوونەوەکە لە لایەن حەبیب محەمەد کەریم و یەدوللا و کەسانی دیکەوە، نێردرا بۆ نووری شاوەیس کە لە بارەگای کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بوو. لەشوێنێك بەناوی خەزێنە لە نزیکی ماوەتدا تاکو وەکوو بەیاننامەیەك بڵاوببێتەوە.

نووری شاوەیس، بە پەلە و کەمێك تووڕەیی و دەمارگرژییەوە، ئیتر نازانم کێ ئەوەی بەسەردا سەپاندبوو، یان لەژێر کاریگەری کێدا ئەو هەڵوێستەی نواندبوو، یان ئامانجی چی، یاخود نیازی چی هەبوو، بە جنێو و سووکایەتیکردنەوە بەیاننامەکەیان لێوەردەگرێ و لەتوپەتی دەکات. ئەوانیش دەستگیر دەکات و دەیانخاتە زیندانەوە. بارزانی لە سەرەتاوە دڵی بە کۆنگرەوە نەبوو و کاتێك ئەو هەواڵەی بیست، گوتی "فەرموون، پارتی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی نایانەوێ کۆنگرە ببەستین". ئینجا خۆی دەستی کرد بە هەوڵدانی ئەوەی کۆنگرەکە بخاتە ژێردەستی خۆیەوە و نامەنووسین بۆ ئەم و ئەو. تەنانەت بەر لەوەی بەڵایەك بەسەر حەبیب موحەممەد کەریمدا بێت و نووری شاوەیس ئەو کارە ناڕەوا و ناشیرینە بەرانبەر ئەوان بکات و زیان بە پارتی و گەلی کورد بگەیەنێ، مەلا مستەفا نامەی بۆ هەمووان نووسی و داوای کرد کە هەوڵ بدەن کۆنگرەی دارودەستەی ئیبراهیم ئەحمەد بەڕێوە نەچێ. یەکێك لەو نامانە کەوتە دەستی ئێمە کە بۆ نەقیب کافیی نووسیبوو لە ناوچەی باڵەکایەتی. ئێمەش کۆپیی نامەکەمان لەگەڵ دواین نامەی خۆمان بۆ نارد. بە کورتی، ئەگەر ڕێکەوتنی ئیبراهیم ئەحمەد و من و عەلی عەبدوللا و مەلا مستەفا لە ڕانیە، بە ئەنجام بگەیشتایە، ڕەنگە ڕەوتی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی دیکە بوونایە.

هەموو ئەو ڕووداوانە لە مانگی ئازاری ۱۹۶۴دا بوون. ئەگەر ئەو ڕێکەوتنە سەری بگرتایە، بەڕاستی کۆنگرە دەبەسترا و لەوێدا کێشەی نێوان

مەلا مستەفا و کۆمیتەی ناوەندی چارەسەر دەبوو، بڕوام وایە کە ٩٥٪ی ئەندامان لایەنگری هەڵوێستەکانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بوون و بەرگرییان لێدەکرد. هەروەها سەرپێیی لە بۆچوونەکانی بارزانی قەیرانی پرسی کوردی بەم شێوەیە دەگەیاند. من لای ئیبراهیم ئەحمەد، دژی ئەو کارەی نووری شاوەیس سکاڵام کرد و گوتم پێویستبوو ئەم کۆنگرەیە سەربگرێ. بەڕاستی ئەو کارێکی زۆر نەشیاوی کرد، بۆیە لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستە تووندانەدا، لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیی پارتیدا بووم. نە هەڵوێستی نووری شاوەیسم پێ باش بوو، نە لایەنگری جیابوونەوەی دوو باڵەکەی پارتیش بووم. ئێستاش پەیوەندیم لەگەڵ بارزانیدا باشە. من دیسان کەوتمە شوێن کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و لەگەڵ ڕێبازی ئەواندا بووم، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە لەو باوەڕەدام کەمینە پەیڕەویی لە زۆرینە دەکات و ئێمەش لەناو کۆمیتەی ناوەندیدا ١ بە ٤ بووین. هەروەها عەلی عەبدوڵڵاش کاریگەریی لەسەر من هەبوو، ڕەخنەم لە خۆم ئەوەیە کە بۆچی کەوتمە ژێر کاریگەریی ئەو؟ نەدەبوو ئەوە ڕوو بدات. عەلی عەبدوڵڵا بە منی گوت: جەلاله شێت و گەمژە! بۆچی ئێستا بوویت بە حەکیم دەتەوێ بە ئاشتی و هێمنی کێشەکە لەگەڵ مەلا مستەفا چارەسەر بکەیت؟ لەو کاتەدا من و کاک حیلمی عەلی شەریف لە باڵکۆنێک پێکەوە دانیشتبووین. پاشان گوتی: حیلمیش وایە، بەڵام ئەو هەر لە کۆنەوە ئاوا هێمن بووە، بەڵام تۆ بۆچی؟ منیش لە مەبەستەکەی وا تێگەیشتم کە لەبەرئەوەی مستەفا بارزانی گوتوویەتی دەیەوێ من بکاتە سکرتێری پارتی، هەڵوێستێکی وەهام وەرگرتووە. لەڕاستیدا جۆرێك پلار بوو هاویشتی، بەڵام لەڕاستیدا مەبەستی من ئەوە نەبوو ببمە سکرتێری پارتی. بۆ ئەوەی بەرپەرچی ئەوە بدەمەوە و بیسەلمێنم کە ئامانجێکی لەو شێوەیەم نەبووە، بڕیام دا لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیی پارتیدا بم، ئەگەرچی بڕوام بە هەڵوێستەکانیشیان نەبوو. هۆکاری سێیەم پەیوەندیی بە بۆچوونی تاکەکەسییەوە هەبوو و بارزانی کاریگەریی زۆری لەسەر من هەبوو. بارزانی شۆڕشێکی چەکدارانەی کرد و منی لەبەرچاو

گرتبوو که جێگری فەماندەری گشتی هێزە چەکدارەکانی پارتی بم، چونکە خۆی فەرماندەری گشتی بوو. بەڵام منی لە بەرپرسیارێتیی فەرماندەریی ڕزگاریدا بەرکەنار کرد (من ئەوەم وەکوو شۆڕشەکەی ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارف ئەو شتەم دەبینی، کە دژی بەعسییەکان کودەتای کرد و ئەحمەد حەسەن بەکری کردە جێگری سەرۆک کۆمار و دەیویست وەلای بنێ، پاشان حەردان تکریتی کردە جێگری فەرماندەری گشتی هێزەکان و لە شوێنی خۆی لایبرد). منیش شتێکی وەهام پێ باش نەبوو، بەڵام ترسم لەوە هەبوو تاوانبارم بکەن بەوەی من بەرژەوەندیی خۆم لەبەرچاو دەگرم و لە تەنگانەدا هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بەجێ دەهێڵم و خۆم لە سەرۆکایەتی نزیکدەکەمەوە. هۆکاری چوارەم: ئەوە بوو لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوەیەکی تایبەتیم کرد، دەتوانم بڵێم کاریگەریی لەسەر بۆچوونەکانی من هەبوو، پێش ئەو دیدارە، دوودڵ و بەگومان بووم. بەڕاستی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بوو (هەزار ڕەحمەتی لێ بێ و ڕۆحی شاد بێ). هەتا ئەو کاتە تێڕوانینێکی دیکەی بۆ من هەبوو و دەرفەتی ئەوەی بە من دەدا لە هەموو بوارێکدا ڕاوێژی لەگەڵدا بکەم. دڵاوایی بۆ من زۆر بوو، ئەگەرچی لە ساڵی ۱۹۶۴ەوە کەمێک کاڵبووەوە، چونکە پاش ساڵی ۱۹۶۳، ناوبانگم زیاتر بووبوو و لێپرسراوی گرووپی گفتوگۆ بووم و هەموو ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان ناوی منیان دەبرد، کە فلانە کەس ئەمەی گوتووە و ئەوەی کردووە، بۆ نموونە دەیان گوت چاوی بە جەمال عەبدولناسر کەوتووە و لە ئەورووپا چووەتە لای فلانە کەس. تەنانەت جارێکیان ڕۆژنامەیەکی ئەورووپی منی بە ژەنەراڵ ناوبردبوو، منیش گوتم قوڕ بە سەرم! خۆ ناکرێ لە شۆڕشێکدا دوو ژەنەراڵ هەبن. بەڕاستی ئەمەش کاریگەریی هەبوو لەسەر ساردبوونەوەی پەیوەندییەکان.

هۆکارێکی دیکە ئەوە بوو کە جیاوازیی بۆچوون و تێڕوانینمان هەبوو و لە ئەنجامدا ناتەبایی لێکەوتەوە. ئەو کۆبوونەوەیە کاریگەریی دیکەی هەبوو. لە سەنگەسەر چوومە مالّی بارزانی و گوتم: من هاتووم ئەمشەو هەندێ قوڵتر

بدوێم، لەگەڵ بەڕێزتدا قسەیەکی تایبەتیم هەیە و هیوادارم هەر وەکوو جاران دەرفەتم بدەیتێ بە ئازادی و شەفافانە، وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرا ببیستم. ئەویش گوتی: بەسەرچاو، دڵنیا بە. لە زۆر ڕووەوە قسەی کرد و پاشان گوتی: تۆ لای من زۆر ڕێزت هەیە و خۆشمدەوێیت و لە کوڕەکانم بۆ من نزیکتری. ئەوەی کە تۆ گوتت، هەتا ئێستا کەس نەیوێراوە بە منی بڵێت. منیش زۆر سوپاسم کرد و گوتم: بۆ من مایەی شانازییە. تا ئەو کاتە، ئەو بێجگە لە سەرۆکی پارتی و شۆڕش، لای من وەکوو مامۆستایەکی ئایینی وابوو، بەڵام ئێستا وەکوو باوکێکی فەرماندەر ـ الاب القائد ـ سەیرم دەکرد. بەڵام ئەو پەیوەندییە هێدی هێدی ڕووەو ئاڵۆزی چوو، کە بە هۆی هەڵوێستوەرگرتن بەرانبەر ئەو ڕێکەوتنە بوو، ئەگەرچی شایانی ڕێککردن بوو. پرسیارم لێ کرد: پلانەکەت چییە، ئەو هەڵوێستە بەرەو کوێمان دەبات و پلانەکەت دەمانگەیەنێتە کوێ و ئایا ڕاستە یان تاکتیکە؟ بە مەبەستی کاتبەفیڕۆدانە یان ڕاستییە؟ دەتەوێ کات بکوژیت یان بیروباوەڕی تۆ ئەوەیە؟ ئێمە لەکوێ و ئەم ڕێکەوتنە لەکوێ؟! گوتی "نەوەڵڵا! ئەوە بۆچوونی خۆمە و باشترە بە ئاشکرا بیڵێم. هەر بەو شێوەیەی کە خۆت دەیزانی، من لە ڕۆژی یەکەمەوە لەناو ئەم شۆڕشەدا نەبووم و حکومەت ناچاری کردم، ئێستاش دەرفەتێك هاتووەتە پێش کە خەڵك بچنەوە سەر کار و ژیانی خۆیان، ئێمەش دانیشتووین و ناوچەی دوکانمان بۆ چۆڵ دەکەن و سەرگەرمی گوزەران و دەستەبەرکردنی ژیانمان دەبین، تا بزانین خودا چی دەکات". منیش گوتم: ئەی باشە پرسی دیاریکردنی چارەنووس و ئوتۆنۆمی و ڕۆڵی پارتی چییە؟ گوتی "وەڵا جەلال تۆ خۆت لە ڕای من ئاگاداریت، بەڵای منەوە ئەوانە خەون و خەیاڵن. دەربارەی پارتیش، وەڵڵا ئێوە بە زۆر منتان کردە سەرۆك، عەبدولکەریم قاسم و ئێوەش، بە زۆر منتان کردە حیزبی، دەنا من نە حیزبایەتیم پێدەکرا و نە بڕوام بە حیزب هەبووە و هەیە. سیاسەتی من ئەوەیە کە ئەم ڕێکەوتنە بە باش دەزانم". ئەمە کورتەی قسەکانی بوو. ئەم قسانە وای پیشان دەدا کە مستەفا بارزانی دەیەوێ

کۆتایی شۆڕشەکە ڕابگەیەنێ. بە بۆچوونی من، بارزانی کۆتایی شۆڕشەکەی ڕاگەیاند. جاری یەکەم: سالّی ۱۹۶۴ و پاشان ۱۹۷۵.

لە سالّی ۱۹۶۴دا، دوو شتی تێکەل کرد. دژایەتی و خۆڕاگریی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، هەروەها هەڵەی حکومەتی عێراق و لەخۆبایبوونیان، دەنا هەر سالّی ۱۹۶۴، کۆتاییهێنان بە شۆڕشی ڕاگەیاندبوو. هەر ئەو شەوە هاتمە دەرەوە و ڕاشکاوانە بڕیاری خۆم دا.

شتێکی تر کە سەبارەت بەو شەوە لە بیرمە، ئەمە بوو: مسعوود بارزانی کوڕێکی گەنج بوو، هاتە لای باوکی و بارزانی پێی گوت: کوڕم، دایکت نابەیتە لای دکتۆر؟ تێگەیشتم (حەمایل خان) دایکی مەسعوود نەخۆشە. ڕێزێکی تایبەتیم بۆ دایکی مەسعوود هەبوو و ئێستاش ئەو ڕێزەم بۆی هەیە، بەڕاستی ژنێکی سەلاربوو شایانی ڕێز و حورمەت بوو. هەر ئەو شەوە کە تاڵترین شەوی ژیانی من بوو، زۆر بە داخەوەبووم و بە ئەرکی خۆمم دەزانی کە بڕیارێکی ڕاشکاوانە بدەم و کارەکە یەکلایی بکەمەوە، گوتم: من لەگەڵ پارتیدا دەمێنمەوە. هەرچەندە دەمزانی پارتی دەتوانێ لەگەڵ بارزانیدا ڕێکبکەوێ، بەڵام بەهەرحاڵ، من دوای زۆرینە کەوتبووم.

لە ئەنجومەنی ناوەندی یاخود کۆمیتەی ناوەندیی پارتیدا کەسانێك هەبوون وەکوو من بیریان دەکردەوە، دەیانزانی کە دەبێ وەکوو من هەڵوێست وەربگرن. حیلمی عەلی شەریف و ئەحمەد عەبدوڵڵا وەکوو من وابوون. لەو باوەڕەدا بووم کە کاتی ئەوە نییە دژی بارزانی هەڵوێست وەربگرین، تەنانەت حیلمی عەلی شەریف بە هۆی ئەوەی ڕابەری سیاسیی هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، لەو باوەڕەدا بوو کە بە کردار، بە هیچ جۆرێك ناتوانین دژی بارزانی شەڕ بکەین و خەڵکیش لەو ڕووە یارمەتیمان نادەن. نووری شاوەیس لەو بارەیەوە قسەیەکی مەشهووری هەیە

"شەستێرێك لەسەر پردی ماوەت دادەنێم، یان دەبێ تەرمەکەم هەڵگرن، یان ناهێڵم هیچ کەسێك لەو پردەوە بپەڕێتەوە. دەیان و سەدان کەسیان دەکوژم". لەڕاستییدا ئێمە باوەڕمان وا نەبوو کە سەرپێچی سەربازیی و سیاسیی لە بەرانبەر مستەفا بارزانییدا کارێکی شیاوە، بەڵکو ئەوەمان بە کارێکی نابەجێ دەزانی، لەبەر ئەوە بوارمان نەدا هیچ ڕووداوێك ڕوو بدات، چونکە هەم پارتی ئامانجێکی مێژوویی هەبوو و هەم بارزانییش پێویستییەکی مێژوویی بوو، دەبوو هەردوو لا لە ڕێگەی گفتوگۆوە کێشەکان چارەسەر بکەن و ڕێگە بڕمەترسییەکان بخەنە لاوە.

بەڕاستی دەبێ بڵێم کە دەستێك لە پشتی پەردەوە هەبوو کە پەیوەندیی پارتی و کۆمیتەی ناوەندیی تێك بدات. شیوعییەکانیش دەورێکی نەرێنییان لەو کێشانەدا هەبوو. لەو ڕۆژەوە ئێرانییەکانیش ڕۆڵێکی خراپیان هەبوو، دەیانویست پارتی لە مەیدانی سیاسی و خەباتی کورد و کوردستاندا لە دەرەوە ڕۆڵی نەمێنێ. هەرچەندە بە شێوەیەکی فێڵزانانە هەوڵیان دەدا، هەروەها خاڵێکی دیکە ئەوەبوو لەو کاتەدا پێویست بوو حسابی بۆ بکرێت ئەویش بریتی بوو لە هەموو عەشیرەتەکانی کوردستان و ئاغا و بەگەکان کە پارتی لەناویاندا ئاژاوەیان دەنایەوە، ئەوان لە دوو شت نیگەران بوون: یەکەم: دەسەڵاتی ئەوانی لەناو پارتیدا لەق بووبوو و ڕێکخراو و پێکهاتەکان و ئەندامانی پارتی، بەرەبەرە گەشەیان سەندبوو و هێزی چەکداریی پێشمەرگەیان لەدەستدا بوو. دووەم: پێکهێنانی ئەنجومەنی گوندەکان بوو کە دەسەڵاتی دابوو بەجووتیار و وەرزێران. سەرئەنجام ئەو کەسانەی لەگەڵ ئاغاکانی کوردستاندا هاوڕێ بوون. ڕوویان کردە بارزانی و تەنانەت هەندێکیان هاوبیری ئێمەبوون ڕۆشتن بۆ لای بارزانی و لە هێرشی چەکدارانیش دژی کۆمیتەی ناوەندی بەشداریان کرد.

هەندێ لە ئەندامانی هۆشیار و ئاگادار لە باڵی بارزانیدا، پەلەیان بوو و دەیانویست بەخێرایی ڕۆڵیان هەبێ و بێنە مەیدانەوە. لەو کاتەدا کە هێشتا ناوبانگیان دەرنەکردبوو، لە دەوری مەلا مستەفا کۆبووبوونەوە و هانیان دەدا. بە تایبەتی ئەفسەرەکان دەیانگوت: پارتی بەجێمەهێڵە و لێی دوورمەکەرەوە، چونکە بارزانی هەموو گەورەیی و مەزنایەتی و ناوبانگی پارتیی لە کۆمیتەی ناوەندیدا دەبینی. مستەفا بارزانی گەیشتە ئەو ڕایەی کە دیسان لەگەڵ پارتی پێکبێتەوە و دەیویست ناوی پارتی بگۆڕێ، چونکە پێی وابوو پارتی ناوی بە خراپە دەرچووە و دەبێ ناوێکی دیکەی لێ بنرێ. مستەفا قەرەداغی کە یەکێك بوو لە کەسە نزیکەکانی ئەو پێشنیاری کردبوو ناوی بنرێ (پارتی گەلی کورد)، سەرەتا بارزانی ئەو ناوەی پەسەند کردبوو و دەیویست ئەو ناوە ڕابگەیەنێت، بەڵام نەمزانی چی ڕووی دا کە هەر ئەو ناوە کۆنە بەکارهێندرایەوە. پێچ وابێ هۆکاری ڕاستەقینە، کاریگەریی هاشم عەقراویی و عەزیز عەقراویی بووە ئەوان گرووپێکی هاندەر بوون کە داوایان لێدەکرد وەکوو سەرۆکی پارتی، کۆنگرە ببەستێ.

کۆنگرە لە ۱ی تەموزی ۱۹۶۴دا، لە قەڵادزێ بەستڕا و لە هەموو شوێنێکەوە خەڵك بەشداربیان تێدا کر، تەنانەت هەندێکیان ئەندامی پارتی نەبوون و چالاکیی حیزبیشیان نەبوو. نزیکەی ۴۰۰ کەسیان کۆکردبووەوە بە ناوی ئەوەی کە کۆنگرەی گەلە و لەگەڵ کۆنگرەی پارتیدا جیاوازییەکی نییە و هەموو کوردێك دەتوانێ بەشداریی تێدا بکات، حیزبیش بەشی هەموو کوردانە. لەو کۆنگرەیەدا بڕیار درا کە کۆمیتەی ناوەندی ۱۷ ئەندامی هەبێ، ۱۵ ئەندام لابران و تەنیا ۲ کەس مانەوە، خۆی و هاشم عەقراویی. کۆنگرە بڕیاری دا کە پشتگیری لە سیاسەتەکانی بارزانی بکات و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی هەڵوەشێتەوە، هێزەکانی کۆبکاتەوە و پەلاماری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بدەن. تا ئەو ڕادەیەی کە پێی کرا خەڵکی کۆکردەوە، تەنانەت عەشیرەتەکانی دوور و نزیکی بە سەرۆکایەتیی عەبدولوەهاب ئەتروشی و

فەتاح ئاغا و هەروەها هێزێکی بە سەرۆکایەتیی ڕەشید سندی ئامادە کرد، حکومەتیش مۆڵەتی هاتوچۆ و چەکیشی پێدان و هاندەری ئەو پەلامارە بوو. حکومەتی عێراق دەورێکی باڵای لەو پلانەدا هەبوو، پێی وابوو کە کۆمیتەی ناوەندی ناهێڵێ مەلا مستەفا لەگەڵ حکومەتدا ڕێکبکەوێ. ئەگەر کۆمیتەی ناوەندیی پارتی نەبێ، بارزانی کاری بەسەر کوردەوە نییە و تەنیا دەیپەرژێتە سەر کاروباری تایبەتی خۆی.

پرسی حکومەتی عێراق بووە هۆی هاندانی مەلا مستەفا، کە ئەویش سوودێك ببینێ. لەو بڕگەدا ئەندامانی حکومەتی عێراق وەکوو تاهیر یەحیای سەرۆك وەزیران و سەرکردایەتیی گشتیی هێزە چەکدارەکان، واتە ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساریی، سەردانی بارزانییان کرد، ئەویش خەڵکی کۆکردەوە و ئیبراهیم ئەحمەد و من و چەند کەسێکی دیکە و گوتی: دەی فەرموون گفتوگۆ بکەن. بارزانی بە تاهیر یەحیای گوت: من هیچم ناوێ، ئەوانەی کە خوازیاری ماف گەلی کوردن، داروودەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و کەسانی دیکەن. ئیبراهیم ئەحمەد زۆر سوورببوو لەسەر پرسی ئۆتۆنۆمی و ماف پارتی و دژایەتیی تاکە حیزبی لە عێراق و گوێ نەدان بە کورد. تاهیر یەحیا گوتی: بۆمان دەرکەوتووە کە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی نەیاری ڕێکەوتنە و بارزانی خوازیاری ئەو ئامانجەیە.

لەوێدا مەلا مستەفا، سیاسەتێکی زیرەکانەی بەکارهێنا و ئاگری کێشەی نێوان پارتی و حکومەتی گەشاندەوە و بە حکومەتی سەلماند کە ئەو مرۆڤێکی باشە و هیچی ناوێ، ئەوانەی کە ئاژاوە دەنێنەوە، ئیبراهیم ئەحمەد و داروودەستەی پارتین. هەر بۆیە گوتی: فەرموون لەگەڵ حکومەتدا قسەکانتان بکەن، ئەمە ئێوە و ئەوەش حکومەت، هەرچیتان پێخۆشە بیڵێن و قسەی دڵتان بکەن. لەو کاتەوە مەلا مستەفا دەستی کرد بە هێرشکردنە سەر کۆمیتەی ناوەندی، واتە لە ۱۳ی تەمووزی ۱۹۶۴ەوە لە ماوەت. من

لەو باوەڕەدام کە ئەو کارەساتە تاوانێکی مێژووییە. لە مێژووی کورددا ئەوە یەکەم جار بوو کە لە کێشەی سیاسیدا، لەجیاتیی ڕێگەچارەی سیاسی، پەنا بۆ جەنگ و چەک دەبرا. یەکەم جار بوو لە مێژووی کورددا لەجیاتیی گفتوگۆ و ڕێکەوتن، چەک گرفتی نێوان حیزبێک چارەسەر دەکات و پالاماری چەکداری دەبێتە چارەسەری ناکۆکییەکان. یەکەم جارە سەرۆکی حیزبێک، هەرچی ئاغا و بەگ و سەرباز و ئەفسەری هەڵاتووی دوور لە حیزب هەیە، کۆدەکاتەوە و دژی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی حیزبەکەی خۆی دەوەستێ. ئەمە سەرەتای دەستپێکێکی ناخۆش و ناشیرین و داخێکی جەرگبڕ بوو کە داوێنی کوردی گرت و دواجار پێی دەڵێین شەڕی براکوژی. پاش ئەو پەلامارە بۆسەر کۆمیتەی ناوەندی، بەیاننامەیەک لە ڕادیۆی پارتیدا بڵاوبووەوە (ئەو ڕادیۆیە لە کاتی خۆیدا سۆڤێت بەهۆی سەید عەزیزەوە پێشکەشی کۆمیتەی ناوەندیی کردبوو، کۆمیتەی ناوەندیش لە ڕێگەی بەغداوە وەریگرت). ئیبراهیم ئەحمەدیش بەیاننامەکەی خوێندەوە و مەترسی و دڵەڕاوکێی خۆی لە کارەساتێکی زیانبار و پڕمەترسی لە لایەن مەلا مستەفاوە ڕاگەیاند و داوای لە گوێگران کرد کە بەر بەو ڕووداوانە بگرن و لەو بارەوە خۆڕاگریی بکەن. دواجار ئێمە زیانێکی زۆرمان لێدرا و پاشان ڕۆیشتین بۆ ئێران. هیچ ڕێگەیەکی دیکەمان لەبەردەستدا نەبوو، یان مردن، یان ڕاگوێز و دوورەپەرێزبوون.

کاتێک کە ڕێکەوتین بەرەو ئێران، هیچ کەسێک لەسەر سنوور نەبوو، لە بەرانبەر ئێمەدا هیچ هێزێکی چەکدار نەبوو، دواجار ئێران هات و گەمارۆی ئێمەی دا و ئێمەش ڕۆشتین. نزیکەی ۴۰ - ۵۰ کەس بووین. ئێمە خۆمان بە پارتی دەزانی و بارەگا و ناوەند و هێزی چەکدارمان هەبوو، هیچ کەس بیری لەو حاڵ و ڕۆژە نەدەکردەوە. ئێمە بارزانیمان جیا لە خۆمان دەزانی و زۆربەی ئەندامانی پارتی و ۹۰٪ کادری شار و ناوچەکان لەگەڵ ئێمەدا بوون. ئێمە بەڕاستی پارتی بووین و لە ۱۷ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، ۱۵

ئەندامیان لەگەڵ ئێمەدا بوون، ئەو و هاشم عەقراوی پێکەوە بوون. ئەو شکستە سەربازییەش بە هۆی تاووتینی هێرشەکەوە بوو. بارزانی بەر لە هەموو شتێك، کودەتا یان شۆڕشی چەکداریی کرد، پاشان هەموو هێزەکانی خستە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە و عەشیرەتەکانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە. ئەو کەسانەی لای کۆمیتەی ناوەندی مابوونەوە، هەزار پێشمەرگە بوون، دیارە هەزار کەس توانای بەرەنگاربوونەوەی پێنج هەزار کەسیان نییە. لەڕاستیدا ئەوە شکستی سەربازی بوو نەك شکستی سیاسی. هەتا ئەو ڕۆژەش کە هێرشیان کردە سەرمان، بڕوامان نەدەکرد شتێکی وەها ڕووبدات و دەمانگوت ئەوە تەنیا هەڕەشەیەکە و بەس، نەماندەزانی کە مەلا مستەفا بە چەك و هێز و جەنگ و عەشیرەتی چەکدار و... دەیەوێ کێشەکان چارەسەر بکات.

دەمانگوت لەوانەیە "کێشەکانمان زیاد بکات و حیزبێکی دیکە دروست ببێت. بۆی هەیە ئەو ببێتە حیزبێکی دیکە و ئێمەش دەبینە لایەنێکی بەرانبەر و ڕکابەری ئەو، هەریەکەمان لە شوێنێك و ناوچەیەك دادەنیشین و لەسەر چالاکییەکانمان بەردەوام دەبین". تەنانەت کاتێك دەمانبیست کە دەیەوێ پارتی گەل دروستبکات، نەك هەر نەیاری ئەو کارە نەبووین، بەڵکوو پشتگیریشمان دەکرد. ئەگەر ئەو حیزبەی دروستبکردایە، پەیامی پیرۆزباییشمان بۆ دەنارد. بەڵام ئەو هەر بە ناوی پارتییەوە بەدەوام بوو و ئێمەش نەیاری ئەو کارە بووین و دەمانگوت ئەو پارتی نییە. بەر لەوەی ئەو کۆنگرە ببەستێ، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لە ماوەت، لە ۴ هەتا ۹ی نیسانی ۱۹۶۴، کۆنفرانسێکی بەڕێوەبرد و هەموو ئەندامانی لقەکان لە سەرانسەری کوردستاندا بەشداربیان تێدا کرد و لەسەر دەنگی زۆرینەی ئەندامان بڕیار درا کە بارزانی هەموو دەسەلاتێکی وەربگرێتەوە. تەنانەت ئەوانەشی گەڕابوونەوە لای بارزانی، دەنگی ئەرێنییان دا، وەکوو عەلی سەنجاری و حەبیب موحەممەد کەریم و یەدوللا و... هتد. من لەو

کۆنفرانسەی ماوەتدا بەشداریم نەکرد و پێم باش نەبوو. لە لایەکی ترەوە سەرگەرمی ڕێکخستنی کاروباری پێشمەرگە بووم و دەمزانی کە بڕیارێکی ئەستەم و توند دەردەکرێ، منیش دژی ئەو کارە بووم.

لە کۆنفرانسەکەدا بڕیار درا دەستەیەک بچنە لای بارزانی، ئەویش ڕازی نەبوو و گوتی: من خۆم پارتیم و بە تەخمین زۆربەی ئەوانەم دەرکردووە، مەبەستی لە تەخمین هێزی چەکدار بوو، نەک هێزی سیاسی. ئێمە واماندەزانی ئەو شەڕ ناکات، بەتایبەتی شەڕی براکوژیی و قەت هێرش ناکاتە سەر کۆمیتەی ناوەندی. بەڕاستی بۆچوونێکی وا سەبارەت بە بارزانی هەبوو، بەڵام ئەو وای کرد و سەرنجی نەدایە بیر و تەخمین و ئاکامەکانی. کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لەو باوەڕەدا بوو کە بارزانی بە هێزی پێشمەرگەوە پەلاماریان نادات، بەڵامئەو دوو تا سێ هەزار ئەندامی عەشیرەتەکان و سەدان بارزانی و پێشمەرگەی هێنا، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە بەشێکی زۆریان بەو کارە ڕازی نەبوون. هەندێکیان باڵێەیان بۆ ئێمە دەنارد و نووسیبوویان کە بە زۆری چەک ئێمەیان هێناوە و حەز ناکەین دژی ئێوە چەک هەڵبگرین. لە زۆر شوێندا تەقەیان دەکرد، بەڵام شاڵاوەکە وەها بەربڵاو بوو کە کۆنترۆڵ نەدەکرا. کاتێک هەڵمەتەکە دەستی پێکرد، هیچ چارەیەکمان نەبوو، یان دەبوو شەڕمان بکردایە، ئەویش شەڕێکی خوێناوی، یان دەبوو بەرەو ئێران بڕۆین، کە چەمەکە لە زستاندا زۆر پڕئاوە و هاوینانیش کەم ئاو.

لە ناوچەیەکی سەر سنوور، واتە هەر ئەو چەمە، تێپەڕ بووین و ڕێگەی کوێستانمان گرتەبەر و لە ناوچەی بێتووش و لە بەرزاییەکاندا نیشتەجێ بووین. ئەگەر بارزانی بیویستایە هێرش بکاتە سەرمان، دەبوو هەموو هێزەکانی بەجارێک بچوونایەتە سلێمانی و لە ڕێگەی قەڵادزێوە بێنە سەرمان. کاتێک ئێمە گەیشتینە خاکی ئێران، لەپڕ ئێرانییەکان کەوتنە جموجوڵ و لە سەرەتاوە پەیامیان نارد کە بۆچی هاتوون؟ ڕۆژی دواتر کە لە خەو هەستام،

بینیم سەرهەنگێکی ئێرانی لە نزیکی ئێمەوە ڕەشمالّی هەڵداوە. ناوی (سمکۆ عەلی یار) بوو و گوتی: ئێوە چواردەورتان گیراوە. بینیمان ئەوە ڕاستە و ئابڵۆقە دراوین. دەستەیەک ئێرانیی دیکە هاتن و پرسیاریان لە ئێمە کرد کە بۆچی هاتووین و مەبەستمان چی بووە؟ لەڕاستیدا ئێمە سنووری ولاّتێکی دراوسێی وەکوو ئێرانمان بە شێوەی نایاسایی بڕیبوو. کۆتایی مانگی حوزەیران و سەرەتای تەموز بوو. گوتمان بە ناچاری هاتووین.

من و عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری، لەگەڵ ئەواندا گفتوگۆمان دەستپێکرد. یەکەم جار من و پاشان عومەر دەبابە، گوتمان: ئێمە بێجگە لەوە، هیچ چارەیەکمان نەبووە. ئەگەر وامان نەکردایە، ئەم ٦٠٠ ـ ٧٠٠ کەسە، یان دەکوژراین، یان دەبوو بمانکوشتنایە و کوردکوژیمان بکردایە، هەر بۆیە باشترین ڕێگەمان هەڵبژارد و بەرەو ئێران هاتین. ئەوانیش دەرفەتێکی ٤٨ سەعاتییان پێدراین کە لەخاکی ئێراندا نەمێنین. ئێمەش گوتمان ئەو ماوەیە زۆر کەمە و زۆر ماندووین و پێویستمان بە پشوودانی زیاتر هەیە. بە هەزار ئەمسەراوسەر توانیمان ڕازییان بکەین کە هەفتەیەک دەرفەتمان بدەنێ و لەوێ بمێنینەوە. هەموو ڕێگەیەکیشیان لە ئێمە داخستبوو. لە گەمارۆی گشتیدا بووین کە نەکا پەیوەندی بە شۆڕشێکەوە بکەین، یان بچینە شۆڕشێکی دیکە، بە کورتی جوولّەیەک لە خۆمان پیشان بدەین. هەر لەو ڕۆژانەدا وەفدێک بە سەرۆکایەتیی سالّح یوسفی، بە مەبەستی ئاشتبوونەوە چوونە لای بارزانی، بەلاّم ئەندامانی سەرۆکایەتی هیچ کەسێکیان بەشداریپیان نەکردبوو. تەنانەت حەبیب موحەممەد کەریمیش نەچوو.

عەبدولڕەحمان زەبیحی کە مرۆڤێکی توند و تووڕە بوو، بەلاّم زۆر دلّپاک و ڕاستگۆ بوو، لێپرسراوی دارایی پارتی بوو. کاتێک حەبیب چوو بۆ بەغدا، عەبدولڕەحمان زەبیحی موچەکەی ئەوی بڕی و ئەویش ناڕەزایەتیی دەربڕی و گوتی: بۆچی موچەی منتان بڕیوە؟ دەبێ تا من دەچمەوە سەر ئیشی

کارمەندیی خۆم لە بەغدا، مووچەی من بدەن، بەڵام عەبدولڕەحمان زەبیحی یارمەتیی ئەوی نەدا. لەو کاتەدا مەلا مستەفا داوای کردبوو کە ئەو ببێتە سکرتێری پارتی، ئەویش لە ڕووی ڕقەوە ئەو بەرپرسیارێتییەی وەرگرت کە ئێتر پێویستیی بە عەبدولڕەحمان زەبیحی نەبێ، دەنا حەبیب خۆی نەیاری بارزانی بوو. حەبیب موحەممەد بۆچوونی وابوو کە بارزانی پیاوێکی عەشایەرە و دوژمنی پارتییە. لە ماوەت، لای عومەر دزەیی کاری دەکرد. خەڵک کێشەکانی ئێمەیان بە ناکۆکیی نێوان بارزانی و پارتی لێکدەدایەوە، دواجار بوو بە کێشەی جەلالی و مەلایی. کاتێک وەفدەکە لای مەلا مستەفا هاتنەوە بۆ لای ئێمە لە ئێران، ئێمە دوو مەرجمان گەلاڵە کرد: [1] ـ بارزانی ڕێگەمان بدات بچینە بارزان و بۆ لای شێخ ئەحمەد و لەگەڵ ئەودا بمێنینەوە، ئەگەر ئەو دژی حکومەت خەبات بکات، ئەوا دیسان ئێمە لەگەڵ ئەوین، ئەگەر دژی حکومەت ڕێگەوتین، ئێمە خۆمان سەربەخۆ خەبات دەکەین. (بارزانی ئەو مەرجەی ڕەتکردەوە). [2] ـ لە ناوچەیەکی سەربەخۆدا بین و دەسەلاتی تایبەتی خۆمان هەبێ. بۆنموونە ئەگەر لە ناوچەی (بەمۆ) یان (قەرەداغ) یان هەر شوێنێکی دیکە بووین، هەر لایەکمان سەرقاڵی کاروباری خۆی بێ و هەردوو لا ناوی حیزبەکەی خۆیان بگۆڕن. (بارزانی بەو مەرجەش ڕازی نەبوو).

دڕێژەدان بە گفتوگۆ لەگەڵ بارزانی، هیچ سوودێکی نەبوو. ئەو پێداگرییی لەسەر بۆچوونی خۆی دەکرد و نەیدەویست بە هیچ شێوەیەک لە هەڵوێستەکانی خۆی پاشگەز ببێتەوە. لەڕاستیدا ئەو جۆرێک لە خۆبەدەستەوەدانی دەویست، کە بچێن دابنیشین و لە هەر شوێنێکدا پێی خۆش بوو، ئێمە نیشتەجێ بکات و دەنگ هەڵنەبڕین. کاتێک ماوەی دیاریکراو کۆتایی هات، ئێرانییەکان مۆڵەتی گەڕانەوە بۆ کوردستانیان بە ئێمە دا. بەمجۆرە گەڕاینەوە بۆ ناو خاکی کوردستان و چوونە چیاکان. پاش هەفتەیەک، دیسان مەلا مستەفا تاقمێک چەکداری کۆکردەوە و ڕەوانەی

ناوچەکانی ئێمەی کردن تا شەڕمان لەگەڵدا بکەن. شەڕ دەستی پێکردەوە، دوای چەند ڕۆژێك بەو ئاکامە گەیشتین کە بەردەوامبوونی شەڕ و پێکدادان و کوشتن، سوودی نییە. بە ناچاری دیسان پەیوەندیمان بە ئێرانییەکانەوە کرد و داوای گەڕانەوەمان بۆ ئێران کرد. ئەوانیش قبوولیان کرد. پرسیمان لەکوێ نیشتەجێمان دەکەن؟ لە وەڵامدا گوتیان لە ناوچە سنوورییەکان. گەڕاینەوە بۆ ناو ئێران و دووبارە گەمارۆ دراین. سەرلەبەیانیی ڕۆژی دواتر گوتیان: دەتانبەینە شوێنێکی دوور لە سنوور، واتە (شنۆ)، من ئەوەم زۆر پێخۆشبوو، لەڕاستیدا من لەو باوەڕەدا بووم ئەگەر لەو شوێنەدا بووینایە، پاش هێرشی بارزانی، دەمانتوانی پەنا بۆ شێخ ئەحمەد بارزانی ببەین، نەك ئێران. دواجار لەجیاتیی شنۆ، ئێمەیان بردە ناوچەی سەقز، لەوێش هەستمان دەکرد وەکوو دیل وایین. لەو کاتەدا بارزانی پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ ئێراندا هەبوو. پاکڕەوانی سەرۆکی گشتیی ساواکیش لە بارزانییەوە زۆر نزیك بوو و هاتوچۆیان هەبوو. بارزانی بە پاکڕەوانی گوتبوو: من دۆستی ئێرانم و ئەو لایەنەی دیکە چەپ و مارکسیستن. ئەگەر ئێوە یارمەتیم بدەن، دژی عێراق هاوکاریتان دەکەم. ئەوانیش بەڵێنیان دابوو و دواجار کەسێك بە ئێمەی گوت کە بە هۆی گێڕانەوەی هەواڵەکان لێیان داوە و دەریان کردووە.

دوای ئەوە کەسێك بە ناوی عیسا پژمان - سەرهەنگی ساواك و خەڵکی سنە - و هەروەها کەسێکی دیکە بە ناوی سمکۆ عەلی یار، لە لایەن ساواکەوە وەکوو لێپرسراوی ئێمە دیاری کران. بە هۆی کوردبوونیانەوە، هەستێکی باشیان بەرانبەر بە ئێمە هەبوو و دەیانگوت: ئێمە گەنجن و مەلا مستەفاش کابرایەکی عەشایەرە، لەو باوەڕەداین کە بزووتنەوەی عەشایەریی هەرگیز سەرناکەوێ.

ڕۆژێك سەرهەنگ عیسا پژمان هات و بە نهێنی گوتی: من شتێکتان پێ دەڵێم، بەڵام ئەگەر ئەو شتە ئاشکرا ببێ، لەسێدارەم دەدەن. ئێمەش بەڵێنیمان دا کە لە بەینی خۆماندا بمێنێتەوە. قسەکەی ئەمە بوو: شا، وا

بیردەکاتەوە کە بارزانی تاکە مرۆڤێکە و ڕێکەوتن لەگەڵ ئەودا زۆر ئاسانترە لە ڕێکەوتن لەگەڵ پارتی و من خۆم لە کۆبوونەکەدابووم و ئەوەم لێ بیستووە. بۆیە وایە ئەوە بکەن، ئێوە ئەمڕۆ لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەددا ڕێکدەکەون، کە بەیانی پارتی هەوڵ دەدات لەناوخۆیدا گۆڕانکاریی ئەنجام بدات، بەیاننامەیەک بڵاوبکەنەوە و ڕایبگەیەنن کە ئێمە ئیبراهیم ئەحمەدمان لابردووە و لەجێی ئەو نووری ئەحمەد تەها کراوەتە سکرتێری پارتی. ئەو دەڵێت ئەوانە حزبیین نە دەتوانین بە ئاسانی بیانخەینە ناو تەڵەوە، نە دەتوانین هەڵیانخەڵەتێنین و لەگەڵ کوردستاندا ڕێکبکەون. هەروەها ئەوانە بیری چەپیان هەیە و کار بۆ بڵاوکردنەوەی چەپڕەویی لەناو کورددا دەکەن. مەلا مستەفاش گوتبووی نابێت لە کوردستانی ئێران بمێننەوە. ئەوانیش بە زۆر بردینیان بۆ هەمەدان و ۴۰۰، ۵۰۰ کەس دەبووین و لە خێوەتگایەکدا ئێمەیان نیشتەجێ کردو گوتیان ئێوە لێرە پەنابەرن. چەکەکانیان لێوەرگرتین و بە تەواوی کەوتینە داوای ئێرانەوە و لەوێ ماینەوە. بە دوای چارەسەرێکدا دەگەڕاین، دەمان گوت چی بکەین باشە. من و حیلمی عەلی شەریف و چەند کەسێکی دیکە، بڕیارمان دا بگەڕێینەوە بۆ کوردستانی عێراق و کاری حیزبی بکەین، عەلی عەبدوڵڵا و عەلی عەسکەری و عومەر دەبابە، لەگەڵ پێشمەرگەدا بمێننەوە. کەمال موفتی و ئەفسەرێک بە ناوی محەمەدئەمین فەرەج و چەند کەسێکی دیکە لای ئیبراهیم ئەحمەد، لە تاران بمێننەوە و سەید عەزیز لەوێوە بڕوات بۆ لای باوکی.

ڕووداوێکی گرنگ دوای ئەو ڕووداوەی نووری شاوەیس ڕووی دا. کاتێک کە ڕۆیشتین بۆ ماوەت (لە پارێزگای سلێمانی و نزیک لە سنووری ئێران)، لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کۆبوونەوەمان کرد، بڕیارمان دا وەفدێک بنێرین بۆ لای مەلا مستەفا. مانگی حوزەیرانی ۱۹۶۴ بوو، ئەندامانی وەفدەکەمان دیاری کرد، دکتۆر سەید عەزیز. بەو بڕوایەی کە هاوڕێی بارزانین و لە ڕووی ئایینییەوە دۆستی بارزانین و سەر بەوانن. ئەوان هەموو کاتێک بارزانییان بە

(مەلا مستەفا) بانگ دەکرد. هەموو دەمانگوت: (ئەزبەنی) یان (جەناب) و... بەڵام ئەو وەکوو هاوڕێیەک بانگی دەکرد و هەمیشە دەیگوت دەبێ وەکوو سنووردێک بۆ ئەو دابنێین و وەکوو یاسا حیزبییەکان لەگەڵیدا مامەڵە نەکەین. هەروەها عەلی عەبدوڵڵا هەم نزیکی بارزانی بوو، هەمیشە جەختی لەو خاڵە دەکردەوە کە با ئێمە لەگەڵ مەلا مستەفا ڕێکبکەوین و لەگەڵ ئەودا پرنسیپە حزبییەکان نەخوێنینەوە. کەمال محێدینیشمان لەتەک ئەواندا نارد.

کاتێک هەرسێ کەسە لەگەڵ مەلا مستەفا ڕێکنەکەوتن، بارزانی تووڕە بوو و عەلی عەبدوڵڵا و کەمال محێدینی خستە بەندیخانەوە، سەید عەزیزیش لەبەرئەوەی ئەندامی بنەماڵەی نەهریی بوو، ئازادی کرد، سواری جێبەکەی کرد و ناردی بۆ حاجی ئۆمەران و دایە دەست ئێرانییەکان.

باوکی سەید عەزیز دانیشتووی ورمێ بوو و گوتی ئەم کوڕەت لای خۆت ڕابگرە و بەم شێوەیە سەید عەزیزی لێ عێراق دەرکرد. بارزانی ئیتر هیچ ڕێگەچارەیەکی نەهێشتبووەوە، عەلی عەبدوڵڵای بە دەستبەسەرکراوی هێشتەوە و تا ماوەیەک لەوێ مایەوە، پاشان بە کەفالەت ئازادی کرد و چووە هەولێر و کۆیە و لەوێ نیشتەجێ بوو. ئەمە دواین هەوڵ بوو بۆ ڕێکەوتن و جیانەبوونەوە. بەڵام کاتێک من و حیلمی عەلی شەریف وێستمان بگەڕێینەوە بۆ کوردستانی عێراق، ئێرانییەکان ڕێگەیان لێگرتین، منیش لە تاران مانگرتنی نەخواردنم دەستپێکرد و ڕامگەیاند تەنیا مردن کۆتایی بە مانگرتنەکەم دێنێ. یان بمگرن، یان ئازادم بکەن و با بە ئازادی بڕۆم. ڕۆژی یەکەم گوێیان پێ نەدام، ڕۆژانی دووەم و سێیەمیش هەر بەو شێوەیە بوون. لە ڕۆژی چوارەمدا شپرزە بووم و ئەندامانی خۆیشمان لەو بارودۆخە تێکچوون و گلەییان هەبوو. حکومەتم ئاگادارکردەوە کە ئەوەی پێتان خۆشە بیکەن، یان بمدەنەوە بە عێراق تا بچمە زیندانەو و ئەوە لە ژیانی ئێرە بۆ من باشترە، یان دەچمە ئەورووپا.

رۆژی حەوتەم ڕەوش و حاڵم زۆر خراپتر بوو. لەپڕ هاتن و گوتیان شا ڕەزامەندیی دەربڕیوە و بەڵێنی شەرەفی داوە، بەڵام بە مەرجێك كە واز لە مانگرتنەكەت بهێنی، هەروەها دەبێ خۆت پاسپۆرتەكەت دابین بكەی، منیش قبوولم كرد و مانگرتنەكەم شكاند. جەلال بەگی جاف[۶۹] لە كابوولّ كونسوولّی عێراق بوو و سەردار جافیش لە ئێران بوو، بە خەرجیی خۆمان سەردار جافمان نارد لای جەلال و ئەویش دوو پاسپۆرتی بۆ ناردین.

بە یارمەتیی جەلال بەگی جاف، من بوومە خاوەنی پاسپۆرت. لەو بەینەدا ئێرانییەكان هاتن بۆ لام و بە مەبەستی سڕینەوەی دڵنیشان، منیان بردە باكووری ئێران تا هەندێ گەشت و سەیران بكەم. لە باشترین هۆتێلەكان و لە شوێنێكی زۆر دڵڕفێن ماینەوە. بەم جۆرە مۆڵەتی چوونەدەرەوەیان بە من و سەید عەزیز دا، بەڵام بۆ حیلمی عەلی شەریف ئەوەیان نەكرد. بەم جۆرە من لە ئێران چوومە دەرەوە. بۆ ڕاستیی مێژوو دەبێ بڵێم: كۆمەڵێك بە ناوی كۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموكراتی كوردستانەوە دژی عەبدولكەریم قاسم خەباتی كرد، ناسراو بوو و پەیوەندیی لەگەڵ ئێراندا نەبوو، بە پێچەوانەی هەڵوێستەكانی ئیبراهیم ئەحمەد و نووری شاوەیس و حیلمی عەلی شەریفەوە، زۆریش دژی ئێران بوو و لە نووسراوەكاندا زۆر بە تونديی باسی كۆیلەداریی و حكومەتی ئێرانی دەكرد.

بارزانی بەر دەستپێكردنەوەی شەڕ لەگەڵ عەشیرەتەكانی پشدەر و عەباسی مامەندئاغا لەگەڵ ئێراندا پەیوەندیی دامەزراندبوو و سوودی وەرگرتبوو لە یارمەتییەكانی فەرماندەری سوپای ورمێ و ژەنەرال وەرهرام ـ كە دواجار بوو بە سیناتۆر ـ و لەو كاتەدا لە مهاباد بوو. بارزانی كەسێكی بە ناوی عەبدولڕەحمانە ڕووتە نارد لای ئەو، خالۆزای عەلی عەبدولڵا بوو كە كادری پارتی بوو، ئەویش عەلی عەبدولڵای ئاگادار كردەوە كە ناوەرۆكی ڕووداوەكە چییە. ئێمەش لەناو پارتیدا بە بیستنی ئەو هەواڵە هەوڵمان دا بە

نهێنی بمێنێتەوە، کە ئەمە لەڕاستیدا بەر لە دەستپێکردنی شەڕ بوو. کاتێک شەڕ دەستی پێکردەوە و بارزانی پەیوەندیی بە ئێرانەوە کرد، من نەمزانی ئامانج لەو کارە چییە. یەکێک دەیگوت بە هۆی ئاغاکانی هەرکییەوە بووە، بە تایبەتی لەو کاتەدا کە بارزانی لە ناوچەی حاجی ئۆمەران بووە، لە نزیکی سنوورەوە پەیوەندیی دامەزراندووە، بەڵام نازانین ئاکامەکەی چی بووە.

لەپڕ دوو ڕووداو سەریهەڵدا. [1] ــ سالح یوسفی لە بەغداوە نامەیەکی نووسی کە دەڵێ: من لە مالی بورهان بەگی جاف، ئەندامێکی سەربازیی ئێرانم دیوە کە ناوی عیسا پژمانە و کوردی خەڵکی شاری سنەیە، باسی شای دەکرد و دەیگوت ئێمە دەتوانین ڕادیۆتان بدەینێ و پشتگیریتان بکەین. کاتێک ئەو باسە هاتە ئاراوە، حیلمی عەلی شەریف لەو کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتیدا ئامادە بوو. ئیبراهیم ئەحمەد و نووری شاوەیس و عەلی عەبدوڵڵا و نووری ئەحمەد تەها، دژی ئەو کارە بوون و گوتیان بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە ئێرانەوە ناکەین، بۆیە لەم من ئەو کارەم پێ باش بوو. ئەوان مەرجیان ئەوە بوو کە لەگەڵ ڕووسیا ڕاوێژ بکەین و بزانین ڕای ئەوان چییە. لەو کاتەدا پەیوەندیمان لەگەڵ ڕووسیادا باش بوو و یارمەتیی داراییشمان لێوەردەگرتن. منیش چوومە سەر ڕای ئەوان و گوتم: باشە با لەگەڵ ئەوان ڕاوێژ بکەین، بەڵام با بزانین دەتوانین پەیوەندی بە ڕووسیاوە بکەین. بێگومان من بۆچوونی مەلا مستەفام دەزانی و ئەوەشم دەزانی کە ئەوان پەیوەندییەکی وەهایان لەگەڵ ئێراندا هەیە. پەیامێکم نارد بۆ سالح یوسفی کە کۆمیتەی ناوەندی نایەوێ ئەو پەیوەندییە دابمەزرێنێ، ڕادەوەستین تا کۆبوونەوەی دواتر و دواجار لە بۆچوونی خۆمان ئاگادارتان دەکەینەوە.

لەڕاستیدا بارزانی هەر لە ساڵی ۱۹۶۲ەوە لەگەڵ ئێران پەیوەندیی دامەزراندبوو و هەوڵی دابوو نوێنەری خۆی ـ عەلی عەسکەری ـ بنێرێتە ئەوێ، بەڵام ئێرانییەکان گوتبوویان کە عومەر دەبابە وەکوو نوێنەری کۆمیتەی

ناوەندیی پارتی بڕوات، بە مەرجێك کە پارتی لەگەڵ ئەوەدا بێ. ئیبراهیم ئەحمەد وەڵامی دابووەوە کە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ڕازی نییە نوێنەر بنێرێ، ئەگەر بارزانییش نوێنەرێك دەنێرێ، وەکوو بەرپرسیارێتیی تاکی خۆی ئەو کارە دەکات. بارزانی وایدەزانی کە ئیبراهیم ئەحمەد بەبێ ئاگاداریی ڕووسییەکان دەست بە ئاودا ناکات، بۆیە نامەیەکی بۆ نارد و نووسیبووی: بۆ خۆشەویستم ئیبراهیم، تۆ لەپای من عومەر بنێرە بۆ ئێران. پێم وابێ بارزانی هەر زوو بۆچوونی ڕووسییەکانی دەزانی و ئەوان بەم کارە ڕازی بوون، چونکە لە ساڵی ۱۹۶۳دا کە من سەردانی مۆسکۆم کرد، دەربارەی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکە پرسیارم کرد، گوتیان: بێجگە لە ئیسرائیل، دەتوانن لەگەڵ هەموو وڵاتانی دیکەدا پەیوەندیتان هەبێ و لە هەمان کاتدا ئێمەش ئاگاداریکەنەوە. ئەو سەفەرە بۆ تاران لە کۆتایی ۱۹۶۲دا، هیچ ئەنجامێکی نەبوو، تەنانەت گوتبوویان: هەموو شتێك بەستراوەتەوە بە هاتنی ئیبراهیم ئەحمەدەوە بۆ تاران، چونکە ئەو سکرتێری یەکەمی پارتییە و شا دەیەوێ ئەو یان مەلا مستەفا ببینێ. ئێمە کۆبوونەوەمان کرد، بێگومان بارزانی نەیتوانی بڕوات. دیسان پرسیاریان لێکردەوە و گوتی: ئیبراهیم ئەحمەد بڕوات، چونکە ئەو هەنگاوە لەپێناوی بەرژەوەندیی کورددایە. خستمانە دەنگدانەوە، لەسەر دەنگی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، ڕەزامەندی بەو کارە درا، بەڵام تەنیا سێ کەس نەیاری ئەوە بوون کە ئیبراهیم ئەحمەد بچێتە تاران: خودی ئیبراهیم ئەحمەد، نووری شاوەیس، حیلمی عەلی شەریف.

بەم جۆرە زۆرینەی دەنگ ئەوە بوو کە ئیبراهیم ئەحمەد سەردانی تاران بکات. لەو سەفەرەدا ئەو چاوی بە شا نەکەوتبوو، بەڵام دیمانەی لەگەڵ چەند بەرپرسێکی باڵا کردبوو و ئەوانیش بەڵێنی هاوکارییان دابوو. بەڵام لەبەرئەوەی شا ئاگادار بوو لە کودەتایەك کە بڕیاربوو دژی عەبدولکەریم قاسم بکرێت، هیچ یەکێك لە بەڵێنەکانی بەجێنەهێنا. تەنیا ۱۰۰ تفەنگی

برنەویان وەکوو دیاری ناردبوو، کە ئەوانەمان دابەش کرد و ٥٠ دانەمان پێشکەشی بارزانی کرد، کە ٣٥ دانەیان بنێرێت بۆ شێخ ئەحمەد. ئەمە هەموو پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ ئێران بوو. مانگی شووبات کە عەبدولکەریم قاسم لابرا و کودەتای بەعسییەکان پووید‌ا، حکومەتی ئێران هەڵوێستی خۆی گۆڕی، چونکە لایەنگیری کودەتا بوو، بەتایبەت کە دەیویست لایەنی بەعس بەسەر لایەنی عەبدولناسردا سەرکەوێ. ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا و هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەت کوەیت، پشتگیریی کودەتایان کرد، پێیان باشبوو کە عەبدولکەریم قاسم لابچێ و کۆتایی بە کێشەی نەوت بێ و وەکوو کوێت ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ و بە فەرمی بناسرێت.

ئێران هەموو بەڵێنەکانی پشتگوێ خست و ناڕەزایەتیی زۆری بەرانبەر عەبدولناسر پیشان دا. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی بارزانی نەیدەویست من بچمە لای عەبدولناسر و چاوم بە بن بیللا بکەوێ، ئەوە بوو کە لەو باوەڕەدا بوو ئێران دژی ئەو کارەیە و لەگەڵ ئێراندا تووشی گرفت دەبین. بارزانی بە ئاشکرا دژی سەفەرەکەی من بوو و بۆچوونی خۆیشی دەربڕی. مەبەستی ئەوە بوو کە ببیستێ ئەو لە ئاکارەکانی من ناڕازییە و ڕەنگە بەرژەوەندیی ئێران لەوەدا بووبێت کە لەجیاتیی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، لەگەڵ بارزانیدا پەیوەندی دروستبکات. دوای ئەوە بارزانی سەربەخۆ و ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ئێرانەوە کرد و ئێرانیش لێی قبوڵ کرد و ئێمەی وەکوو پەنابەر وەرگرت. ئێران، ڕووانگە و بۆچوونێکی باشی بەرانبەر من نەبوو و منی بە گەنجێکی تووندڕەو و چەپ دەزانی، ئەگەرچی لەو کاتەدا من وەکوو سۆفی وابووم و دەمم لە خواردنەوە نەدەدا و نەدەچوومە سینەماش. تەنیا کاری من، چوونە خوێندەوە و کتێبخانە بوو، بەڵام سڵیان لێدەکردمەوە و هەمیشە لەژێر چاودێریدا بووم، بە هۆی ئەوەی ناوم لە پەیوەندییەکانی نووسینەوەی فەرمانگەی ئاسایشدا هەبوو، ناوی منیان خستبووە ڕیزی تووندڕەوەکانی چەپەوە.

پاش ئێمه، پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ بارزانیدا هەر بەردەوام بوو و پەرەی سەند و پتەوتر بوو. ئێمە چووینە ئێران و ئەو کردەوە ناڕەوایەمان لەوان بینی، ئەم شیعرە کوردییەم لەبەربوو و لەژێر لێوەوە دەمگوتەوە:

لەگەڵ دڵ شەرتە (سالم) گەر نەجاتم بوو لە تاران
بەهەشت ئەر بێتە دەشتی (ڕەی)، بە ئێرانا گوزەر ناکەم

کاتێک لە ئێران دەرباز بووم، بەو ئەنجامە گەیشتم کە پەیوەندیکردن بە عێراقەوە زۆر باشترە لە ئێران. زۆربەمان بڕوامان بەو شتە هەبوو. هەرچی بێ، حکومەتی وڵاتی خۆمان باشتر لەوانە و لانی کەم لایەنگری عەبدولناسر و نیشتمانییە و بڕوای بە جۆرێک دیموکراسی هەیە، دژی کۆیلەداریی ڕادەوەستێ و لە سەنگەری بەرەی گەلدایە و دۆستی سۆڤێتە، بەڵام ئێرانی شاهەنشایی کۆنەپەرست، چەوسێنەرە و شایش خوێنی قازی موحەممەدی ڕشتووە. ئەو بۆچوونە لەناو ئێمەدا پەرەی سەند کە باشترە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا گفتوگۆ دەستپێبکەین. کاتێک کە هێشتا من لە تاراندا بووم، نوێنەری سەربازیی عێراق هاتە لای سەردار جاف و داوای کۆبوونەوەی لەگەڵ منداکرد. برادەرانی منیش ئەوەیان پێ باش بوو. ئەو خەڵکی سامەڕا بوو و منیش پێم گوت: ئێوە ئاگاداری بارودۆخی ئێمەن و ئەم دۆخەش ئێوە دروستتان کردووە. کارێکی باشتان نەکردووە و هەڵەیەکی گەورەیە و سەئەنجام تاهیر یەحیا پەشیمان دەبێتەوە، ئەوکارەتان شایانی قەرەبووکردنەوە نییە. من خۆم بەندیخانەی عێراقم زۆر لە مانەوەی ئێران پێ باشترە. وتەکانی من کاری کردە سەر کونسوولّی عێراق و گوتی: ئەمە ئەوپەڕی نیشتمانپەروەریی ئێوەیە و من ئەم شتانە دەنووسم.

لەو سەردەمەدا لە تاران، ئێمە بۆچوونێکی وەهامان هەبوو، کە دواجار کاری کردە سەر پەیوەندیی دووبارە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا. هەموو ئەندامانی ئێمە کە لە ئێران هاتبوونەوە، لەو بارودۆخەی ئێران دڵیان خوێن

بوو، هەرچەندە عێراق خاوەنی حکومەتێکی دیکتاتۆری بوو بەڵام میوان نەواز بوو هەروەها دۆستی عەبدولناسر بوو و وەها دەهاتە بەرچاو کە لە ڕێزی ولاتانی ئازادیخوازدایە. منیش پاسپۆرتم وەرگرت و ڕاستەوخۆ چووم بۆ ئەڵمانیا. لە شەقامێکی بەرلیندا[۷۰] نیشتەجێ بووین و تا ساڵی ۱۹۶۵ لەوێدا ماینەوە. لە بەهاری ئەو ساڵەدا پەیوەندییەکانی حکومەت و بارزانی تێکچوون و جەنگ ڕاگەیەندرا. تیروشیریان لەیەکتر دەکێشا، ئێمە وەفدێکمان نارد لای بارزانی و ڕامانگەیاند ئامادەین بێینە ژێر ئاڵای سەرۆکایەتیی پارتی و ئێوە و خەبات بکەین. ئەویش گوتبووی: زۆر باشە، بەخێربێن.

ئێمە دوو مەرجمان دیاری کرد، ئەویش گوتی: ئێوە وەرنەوە، دوای ۶ مانگ یان پێکەوە ڕێکدەکەوین و پارتی دەکەینە یەکێک و بەرپرسیارێتی بە ئێوە دەدەم، یان خۆتان حیزبێک بە دڵی خۆتان دروستبکەن. هەموو ڕۆیشتن و هاتن و پەیامەکانیان بۆ من نارد، لەو کاتەدا من لە لەندەن بووم، بەمجۆرە گوتیان کە ئێمە ئیتر لە ئێران نین و هاتووینەتەوە عێراق و لای مەلا مستەفاین. بەر لە دەستپێکردنی جەنگی نێوان حکومەت و بارزانی، شەڕەکە لەسەر ئەوە بوو کە حکومەت داوای خۆبەدەستەوەدانی ڕەهای بارزانی دەکرد و ئەویش بەو کارە ڕازی نەبوو، پاشان حکومەت هێرشەکانی دەستپێکرد و ئاگری جەنگ بڵێسەی سەند. دیسان حکومەت وەکوو جارانی پێشوو، پێشەکی تەقەی کرد. کاتێک جەنگ دەستپێکرا، هاوڕێیان پەیوەندییان بە بارزانییەوە کرد و گوتیان: ئێستا هۆکارێکی ڕاستەقینە هەیە و جیاوازییەکانی ئێمە وەلا نراوە، ئێمە ئامادەین هێزە چەکدارەکانمان بهێنینەوە و هاوکارییەکی جدیمان بکەین. دەستەیەک لەگەڵ عەلی عەسکەری و عومەر دەبابە چوون. پێکەوە ڕێکەوتن کە ئەندامان بگەڕێنەوە و هەموو زەمانەت بکرێن و بارزانی کەسیان نەکوژێ، یان دەستگیریان نەکات و ئازار بە هیچ کەسێک نەگات.

به ئەم مەرجەوە تا سێ مانگ لەوێ بمێننەوە و هەوڵ بدەن کە لە بازنەی پارتیدا چالاکی بنوێنن وەکوو حیزبی شیوعی عێراق کە لەوێدا بوو. بارزانی بۆچوونی وابوو ئێمە بگەڕێینەوە و کێشەکان چارەسەر بکەین، ئەو پێشمەرگانەی کە دێنەوە، بەسەر ناوچە جیاوازەکاندا دابەش بکرێن ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییش بەگوێرەی توانا و لێهاتوویی لەناو هێزەکاندا بەرپرسیارێتیان پێ بسپێردرێت، لەو کاتەدا ڕادیۆیش لای ئێمە بوو، دەبوو ئەویش بەوان بسپێرین تا سوودی لێوەربگیرێت. پاش ئەوەی ئێمە بارودۆخی خۆمان ڕاگەیاند و کارەکانمان جێبەجێ کرد و هەرچی چەکمان هەبوو بەوانمان دا، ئەندامانی ئێمە بەسەر ناوچە جیاوازەکاندا دابەش بوون و هەر کەسێك کارێکی پێ سپێردرا، زۆر بە ڕێکوپێکی دەوری خۆیان گێڕا و لە شەڕەکاندا چالاکیی باشیان نواند. من کەمێك درەنگتر هاتمەوە، چونکە لەگەڵ هاوڕێیاندا لە ئەوروپا بووین. کاتێك لە لەندەن گەڕامەوە، ئەگەرچی پەیوەندیمان لەگەڵ بارزانیدا هێشتا باش نەبوو، بەڵام لە لەندەن هیچ شتێکم دژی ئەو نەگوت، لەڕاستیدا گوتم ئەمە کێشەی نێوان خۆمانە و وەکوو ناکۆکیی ناو بنەماڵە وایە و شایانی چارەسەر کردنە، حکومەتی عێراق ئاژاوەچییە و شەڕ هەڵدەگیرسێنێ. کاتێکیش شەڕ دەستی پێکرد، من دیسان لەوێ گوتم کە کێشەی کورد ئەمەیە و ئەوەیە، لە گفتگۆ لەگەڵ میدیاکاندا، هیچم دژی بارزانی نەگوت. لە حیزبی کرێکار و حیزبەکانی دیکەی بەریتانیادا چاوپێکەوتنم لەگەڵ زۆر کەسدا هەبوو، لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاشدا[71] زۆر کەسی سیاسی و ڕۆژنامەنووسم بینی و گفتوگۆم لەگەڵدا کردن، دەربارەی پەیوەندیی من و بارزانی، ڕامگەیاند کە پەیوەندیمان زۆر دۆستانەیە.

کاتێك گەڕامەوە بۆ ئێران، لەگەڵ هاوڕێیان چووینە لای بارزانی، کە لەو ماوەیەدا لەدەستی من زۆر تووڕە نەبوو. گوتی جارێ ۲–۳ مانگ دابنیشن، دواتر قسەکانمان دەکەین. بارزانی، شوێنێکی نزیك لە خۆیی بۆ ئێمە دیاری

کرد، واتە ناوچەی (باڵەکایەتی)ی سەر بە ڕەواندز. ۲-۳ مانگ لەوێ بووین و پاش کۆتایی هاتنی کاتی دیاریکراو، چوویینە لای بارزانی و گوتمان: ئەوا ماوەیەکە بێ کار و بێ بەرپرسیارێتی دانیشتووین، بڕیار وابوو کە یان جیابینەوە، یان ڕێگەچارەیەک بۆ گیروگرفتەکانمان بدۆزینەوە. ئەویش گوتی: باشە، ئێوە بچنە (دۆڵەڕەقە) و بارەگا و ناوەندی خۆتان دروستبکەن، دوای ماوەیەک من دێم و سەبارەت بەو کێشانە گفتوگۆ دەکەین. زۆری پێنەچوو بارزانی هات و چەند جارێك کۆبوونەوەمان کرد، وردە وردە بۆمان دەرکەوت کە مانەوەمان سوودی نییە. بەتایبەت لەو ماوەیەدا حەمید عوسمان، کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی حیزبی شیوعی، کاربەدەستی دەوڵەت بوو و دەهات بۆ لای ئێمە، پارە و پێداویستییان دەدایە و ڕایانسپاردبوو کە نەهێڵێ ئێمە و بارزانی ڕێکبکەوین. زۆر قسەی لای بارزانی کردبوو، بووە هۆی ئەوەی ئێشەکەی ئێمە هەڵبوەشێتە وە. لای بارزانی شتی وەهای گوتبوو کە بە ڕاستی کاری کردبووە سەری. کابرایەکی فێڵزان و زیرەك بوو وەکوو ڕێوی، بەڵام خۆی بە سادە و بەستەزمان پیشان دەدا و بە لۆکە سەری هەمووانی دەبڕی. فێڵباز و ئاژاوەچییەکی سەیر بوو. لای بارزانی گوتبووی ئەگەر خۆیان یەکبگرن، بە واتای ئەوەیە بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ دەبن و خەڵکێکی زۆر شوێنیان دەکەوێ و پێکەوە دەبنە ناوەندی دەسەڵات و لە ماوەیەکی کەمدا زۆر پێشدەکەون. بارزانی لە هەموو قسە و بەڵێنەکانی پەشیمان بووەوە. ئێمەش گوتمان کوا ئەو بەڵێنانەی دابووتن؟ بڕیار وابوو عەلی حەمەدی و مەحمودی حاجی تۆفیق کە دەستگیرکرابوون، ئازاد بکرێن، خۆت بەڵێنی ئەوەت دابوو خۆت گوتت کە چوومە ناوچەی ماوەت و هاتمەوە، ئازادیان دەکەم. لەڕاستیدا نەیشچوو بۆ ئەوێ، نەك هەر ئەوانیشی ئازاد نەکرد، بەڵکوو ماوەی زیندانییەکەشیانی زیاتر کرد.

ئەندامانی ئێمە لەناو ئەواندا بوون، لەناو هەموو پێکهاتەکانی ژێردەستی بارزانیدا بوون و ئێمە پێکهاتەیەکی تایبەتیمان نەبوو. مستەفا

قەرەداغی هاوڕێی من بوو و کەسێکی زۆر وریا و زیرەک بوو، هەواڵەکانی بۆ من دەنارد و لە زۆر شت ئاگاداری دەکردمەوە. ٦-٧ مانگ تێپەڕ بوو و هیچ شتێك دەرنەکەوت. واتە هیچ هەواڵێك لە بەڵێنەکانی بارزانی نەبوو و ئێمەش لەوێدا دەستەوسان مابووینەوە. بڕیار ئەوە بوو ئەگەر پاش ٦-٧ مانگ بارزانی پۆست و بەرپرسیارێتی بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی نەدات و پێکەوە ڕێکنەکەوین، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بچنە دەرەوە و بەرەو شارەکان بڕۆن، دیسان چاکسازی لە کار و بەرنامەی خۆیاندا بکەن، خەباتی نهێنی دەستپێبکەنەوە و لەژێر دەسەلاتی بارزانیدا نەبن.

لەو ماوەیەدا ئێمە بێکار ماینەوە و وەکوو دیلێك هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکردین. دوای ٦-٧ مانگ، هەواڵێکی زۆر ناخۆشمان پێگەیشت، کە هاوکات لەگەڵ ناتەبایی و بارودۆخی ناوخۆی پارتی، (عەلی حەمدی)یان لە بەندیخانە هێناوەتە دەرەوە و بردوویانەتە شوێنێك و بە شێوەیەکی گوماناوی کوشتوویانە. یەکەم جار بڕوامان بەو هەواڵە نەکرد، بەڵام پاش لێکۆڵینەوەی زیاتر، بۆمان دەرکەوت کە عەلی ئیبراهیم دەرویش زۆر زیرەکانە ئەو کارەی ئەنجام داوە. داوایان لە عەلی ئیبراهیم دەرویش کردبوو کە کاری عەلی حەمدی تەواو بکات و سەری بکات بەژێر ئاودا. ئەویش گوتبووی هەتا نامەی دەستنووسی بارزانیم پێنەگات، کاری وەها ناکەم و دەبێ بە دەسخەتی خۆی فەرمان بە من بکات. ئەویش نووسیبووی عەلی حەمدی خائینە و کوشتنی پێویستە. کوشتنی عەلی حەمدی مەبەستێکی زۆر خراپی تێدا بەدی دەکرا، چونکە ئێمە بە ڕووالەت ڕێکەوتبووین، ئەویش لەناو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیدا، هێمنترین و بێزیانترین کەس بوو. مرۆڤێکی تێکۆشەر و کادرێکی پێشکەوتوو بوو لە شۆڕش و خەباتی کوردیدا. دەورێکی باڵای هەبوو لە ڕاپەڕینی بادینان و لەو ڕووە هەوڵی زۆری دابوو. کوشتنی کەسێکی وەکوو ئەو، زۆر ڕەخنەی نێگەتیڤی بەدواوە بوو. دوای ماوەیەك، زۆر ڕوونداوی دیکە ڕوویان دا. یەکێك لە بەرپرسانی باڵی بارزانی بە ناوی

نەوشیروان فوئاد مەستی، لایەنگری ئێمە بوو و ئەوان نەیاندەزانی، نامەیەکی دەستنووسی بارزانیی بۆ ئێمە نارد، کە فەرمانی بە لێپرسراوانی پێشمەرگە کردبوو هەموو لایەنگران و کەسانی سەر بە برایم و جەلال بە ئاشکرا بکوژن، ئەگەر بێتوو ئەو شتە دەرکەوێ و ڕوون ببێتەوە. ئەو نامەیە پشێوییەکی زۆری لەناو هێزی پێشمەرگەدا دروستکرد، لەبەرئەوەی سەدان کەسی سەر بە ئێمە لەناو هێزەکانی ئەواندا بوون، ترسی ئەوەمان هەبوو کە بکوژرێن. ئەو نامەیە لە کاتی خۆیدا لە گۆڤاری ڕزگاری و ڕۆژنامەی خەباتدا بڵاوبووەوە.

ئێمە بیرمان لە ڕۆیشتن دەکردەوە، لەپڕ مستەفا قەرەداغی هەواڵێکی داخی نارد و گوتی "مام جەلال زۆر وریای دەوروبەری خۆت بە". ئێمەش پاراستنمان زیاتر کرد. هەتا ڕۆژێك برادەران: نووری ئەحمەد تەها و عەلی عەبدوڵڵا و عەلی عەسکەری—کە هەموو ژن و منداڵیان هەبوو و تەنیا من و حیلمی عەلی شەریف ژنمان نەهێنابوو، داوای مۆڵەتی پشووداننیان کرد تا سەردانی خێزانەکانیان بکەن. هەروێیە عەبدولڕەحمانە ڕووتەمان نارده لای مەلا مستەفا کە مۆڵەت بدات و ئەوانەی ژنیان هەیە سەردانی خێزانەکانیان بکەن. ئەو ئێوارەیە دەگەڕاین و لە شوێنێکدا پیاسەمان دەکرد، کە عەبدولڕەحمانە ڕووتە هاتەوە و پێمان وابوو هەواڵێکی خۆشی پێیە. سەرەتا عەلی عەسکەری بینی و لێی پرسی: ها، ماندوو نەبی، شێری یان ڕێوی؟ مستەفا بارزانی چی گوت؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی: وەڵا ڕێویم. مستەفا بارزانی بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نادات و جنێوێکیشی دا! ئەویش گوتی: باشە جنێوەکەی چی بوو؟ لە وەڵامدا گوتی: باشترە لەسەری نەڕۆین، شتی دیکەی لێ دەکەوێتەوە. بە کورتی، پاش پێداگرییەکی زۆر، ڕازی بوو و زمانی هەڵبڕی و لەوکاتەدا بوو کە دەنگی قاقای پێکەنینی عەلی عەسکەری بەرزبووەوە و ئەو داماوەش لەژێر لێوەوە هەر دەیگوت: تۆ سەیرکە چەند کابرایەکی دەمپیسە! کەمێك لە ئێمەوە دوور بوون. عەلی عەبدوڵڵاش هەر تەزبیحی بە دەدا و هاتوچۆی دەکرد. نووری شاوەیس لەبەر هەتاوەکەدا ڕاکشابوو و

خۆی دەدا بەر خۆر. کاتێک ڕووداوەکەی بیست، لەژێر لێوەوە بۆڵەبۆڵی دەهات و دەستی کرد بە دوعای خێر کردن بۆ مستەفا بارزانی! من و نووری ئەحمەد تەها و حیلم یەلی شەریف، پێکەوە قسەمان دەکرد و ئاگاداری ڕووداوەکە بووین.

کوشتنی عەلی حەمدی و پرسی مۆڵەت نەدان بە ڕۆیشتنی هەڤاڵان و نامەی هەڕەشە دەربارەی کوشتنی پێشمەرگەکانی لایەنگری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، هەموو کەڵەکە بوون. لەو کاتەدا زستان بوو و لە کانوونی دووەمی ۱۹۶۶دا، ڕۆژێک هەشت کەسی بارزانی لە دوورەوە هاتن و سەلامیان کرد و نامەیەکی کاك ئیدریسیان بە من و حیلمی عەلی شەریف دا، لە نامەکەدا نووسیبووی: لەسەر فەرمانی بارزانی، دەبێ هەردووکتان بێنە لای ئێمە و لە ناوچەی زێر دەسەلاتی ئێمەدا بن. ئێمە واتە (من و حیلمی) هەردووکمان لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی جیابینەوە و بارەگای کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ببەینە ئەوێ. بۆڕپرسی ئەوانەی هاتبوون، کەسێک بوو بەناوی محەمەدئەمین حەسۆ میرخان کە لەگەڵ بارزانیدا ماوەیەک لە ڕووسیا بووبوو و لەوێش خوێندنی تەواوکردبوو و ئەندامی پارتی بوو. منیش لێم پرسی: ئایا بڕۆین؟ ئەویش گوتی: وەڵڵا ئیتر ئەوە بە دڵی خۆتان، یەک دوو ڕۆژ مۆڵەتتان هەیە کە خۆتان ئامادە بکەن. ئێمەش ئەوەمان قبوول کرد. ئەو ئێوارەیە میرخان، عەلی عەسکەریی بردبووە گۆشەیەک و سوێندی دابوو کە لە هیچ شوێنێک ناوی ئاشکرا نەکات و پاشان گوتبووی: بە ئێمەیان گوتووە حیلمی و مام جەلال ببەین و لە نیوەی ڕێگەدا بیانکوژین، ئەگەر ناوی ئێمە ئاشکرا بوو، بڵێین لەبەرئەوەی هەڵاتوون تەقەمان لێکردوون و بە ناچاری کوشتوومانن. ئەوەش بزانن ئەگەر ناوی ئێمە ئاشکرا ببێ، خودا دەیزانێ چیمان بەسەر دێ. من دڵنیام خۆم و هەموو کەسوکارم لە سێدارە دەدرێین. ئێمە هەموومان لە شوێنێکدا نەبووین، هەر یەکەمان لە دۆڵ و ناوچەیەکدا بووین و لە یەکتر دوور بووین.

من بە تەنیا لە شوێنێکدا بووم و لە هاوڕێیانم دوور بووم. خەریکی نووسینی کتێبەکەم بووم (الکردستان و الحرکة القومیة الکردیة). هەر بۆیە بە تەنیا لە ژوورێکدا دانیشتبووم و هەندێ بەڵگە و نامە و... هتدم کۆکردبووەوە و کتێبخانەیەکی خنجیلە و بچووکم هەبوو. شەوێك ناردیان بەدوامدا و گوتیان کۆبوونەوەمان هەیە. من و هەردوو نووری و هەردوو عەلی و عومەر دەبابە و حیلمی عەلی شەریف، واتە ٧ کەس، لە کۆبوونەوەکەدا بووین. ئیبراهیم ئەحمەد لە تاران بوو. سەید عەزیزیش کە لە ئێران بوو، هاتبووەوە. هەندێ لە ئەندامانی دیکەشمان خۆیان شاردبووەوە. عەلی عەسکەری مەسەلەکەی گێڕایەوە و ڕووداوەکەی ئاشکرا کرد. باس و ڕاوێژکارییەکی دەستی پێکرد، کە دەبێ چی بکەین و چی نەکەین. پاش وتووێژێکی زۆر، بڕیارمان دا کە نەڕۆین و هەر ٧ کەسەکەمان نەچینە لایی مستەفا بارزانی چونکە بڕیار وابوو ئەگەر پاش ٦-٧ مانگ ئەرك و بەرپرسیارێتییان بە ئێمە نەدا، بچینەوە شارەکان و لەوێ بە خەباتی ژێرزەمینی بکەین. ڕۆژی واتر چووینە لای عەباسی مامەندئاغا[٧٢] و هەموو شتێکمان بۆ گێڕایەوە، وتمان کە هاتوون بەشوێنماندا و مەبەستێکی ئاوایان هەبووە و ئێمە بۆچوونمان وایە کە نەچین. بەڵام ئەو پێشنیاری ئەوەبوو نامەیەك بۆ بارزانی بنێرێ و پێی بڵێ لەجیاتیی ئەوەی مام جەلال و عەلی عەسکەری بە خزمەت بگەن، هەموومان دێین و لەوێ دەمێنینەوە و پاشان بەرژەوەندی لە چێدا بوو، ئەوە دەکەین. بڕیارمان دا لە ڕێگەی سیتەك - ناوچەی شێخ مەحمودی حەفید - ەوە بڕۆین و شێخ لەتیفیش لەگەڵ خۆماندا ببەین، هەروەها کاکە زیاد ئاغای کۆیەش ئاگاداربکەینەوە، کە بە مەبەستی ڕێگرتن لە هەر ڕووداوێك، ئاسایشی پێویستمان مسۆگەر بکات.

ڕۆژی دواتر عەباسی مامەندئاغا نامەیەکی بۆ ناردبوو. بارزانییش لە وەڵامدا نووسیبووی: نەخێر، پێویست ناکات ئێوە بێن. با ئەوان فەرمانەکە جێبەجێ بکەن و بچنە لای ئیدریس، منیش کە هاتمەوە چاوم پێیان

هەولێر

